هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان
# 64

سالّی/ 2011 – بەرگی شەست وچوار

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2011

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 64
چاپی یەكەم: 2011
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە

2011/2/23 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2011/3/6 ل 311

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – هەینی 2011/3/4 ل

121

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2011/3/6

ل321

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/3/7 ل

325

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/3/8 ل

329

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/3/9 ل

333

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/3/17

ل 471



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) ی نائاسایی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 23\2\2011**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی

## چوارشەممە رێكەوتی 2011/2/23

كاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/2/23 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (12)ی نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/2/23 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەرچاوخستن و گفتوگۆ كردنی رووداوە نەخوازراوەكانی ئەم دواییەی هەرێم و دۆزینەوەی رێگا چارە بۆیان، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی ئەزموونە دیموكراسیەكەمان وسەروەری یاسا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (1)ی نائاسایی، رۆژی دانیشتن 2011/2/23، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی برگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی

ژمـارە (1)ی نائاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (12)ی نیـوەڕۆ ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکەوتی 23/2/ 2011دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنـی ڕووداوە نـەخوازراوەکانی ئـەم دواییـەی هـەرێم و دۆزینـەوەی ڕێگا چارە بۆیان، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی ئەزموونە دیموکراسیەکەمان وسەروەری یاسا.

بەڕێزان، پێش دەست پێ کردن بە کارەکەمان، دەقیقەیەك ڕادەوەستین بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی کە لەم ڕووداوانەدا گیانی پاکیان لە دەستدا، زۆر سوپاس.

بەڕێزان، دانیشتنی نائاسایی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبارێکی هەستیاردا بەڕێوە دەچێت، بۆ باسکردن و گفتوگۆکردن لەبارەی ڕووداوە نەخوازراوەکانی هەفتەی ڕابردووی هەرێمی کوردستان و، دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان، کە هێشتا بەردەوامە.

بەرێزان، بەستنی ئەم دانیشتنە نائاساییەی پەرلەمانی کوردستان تایبەتە بەو ڕووداوانەی کە لە پارێزگای سلێمانی وهەولێر ڕوویاندا لەئەنجامی خۆپیشاندانێکی ئاسایی و یاسایی، کە لە ڕۆژی 17ی شوباتی 2011 لە سلێمانی ئەنجامدراو، لە کۆتاییەکەیدا کەسانێ هەوڵیاندا خۆپیشاندانەکە لە ڕێڕەوی ئاسایی و ئسولی خۆی دەربکەن.

دیارە خۆپیشاندان بەپێی یاسا مافێکی سروشتییەو، مافی هەموو کەسێکە خۆپیشاندانی هێمنانەو ئاشتیانە ئەنجام بدات، مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە، بەپێی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2010(یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان) لە هەرێمی کوردستان گردبوونەوەی جەماوەری و خۆپیشاندان ڕێکبخەن، هەروەها مافێکی دەستووری دانیشتوانی ئەم هەرێمەیە. لەم ڕوانگەیەشەوە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان مافی خۆیانە بەو پەڕی ئازادی و ڕێزەوە داخوازی و ناڕەزایی و ئەو کێشانەی هەیانەو خۆیان بەمەغدور دەزانن بخەنەڕوو و، داوای چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکەن ولایەنەکانی دەسەلاَت و خەڵکی کوردستانی لێ ئاگاداربکەنەوە.

دیارە ئەنجامدانی ئەم کارانەش لەسنووری یاساو پابەندبوون بە یاسای خۆپیشاندان لە هەرێم کارێکی دروست و ڕەوایە. چونکە یاساکە زۆر بە ڕوونی ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان بەشێوەیەکی هێمنانەو پاراستنی مافی خۆپیشاندەران دیاریکردووە.

خۆپیشاندەرانیش ئەوانەی کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتیەکان بۆماوەیەکی دیاریکراو کۆدەبنەوەو ئامانجیان دروستکردنی ڕایەکی یەکگرتووی گشتییە، بۆ وەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراوو خستنەڕووی داخوازیەکانیان، مافی خۆیانە بەخۆپیشاندەر ناو ببردرێن، نەك بە ئاژاوەگێڕ، چونکە ئەوانە خۆپیشاندەرن و بەکاری ئسوولی خۆیان هەڵدەستن، داوا دەکەن داخوازیەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێت، لە شوێنێکی دیاریکراو خۆپیشاندانەکە ئەنجام دەدەن و داخوازیەکانیان بەنووسراو پێشکەش بە لایەنی بەرپرس دەکەن لە هەرێمی کوردستان وپابەندی ئەو حەقیقەتەن کەخۆپیشاندان مافێکی دەستوورییەو بەپێی یاسا پیادە دەکرێت.

بۆیە ئەرکی حکومەتیشە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، بەپێی یاسا، لەهەمان کاتدا ئەو لایەنانەش بپارێزێت، کە خۆپیشاندانیان لەدژ دەکرێت، هەروەها ئەرکی

حکومەتیشە گیان وموڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی وئارامی هاووڵاتیان و شارەکان لەکاری توندو تیژی بپارێزێ.

خوشك و برایانی بەرێز.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

بەداخەوە لەخۆپیشاندانی ئاسایی وئسولی 17ی شوبات کەسانێك بێ رەچاو کردنی باری یاسایی وماف هاووڵاتیان وگوێنەدان بەئاکامی رەفتاری نامەسئوولانە هەوڵی تێکدانی ئامانجی خۆپیشاندانەکەو سەقامگیری وئارامی ناوچەکەیاندا. کە بەداخەوە ئەو رووداوە دڵتەزێنە نەخوازراوەی لەشاری سلێمانی روویدا، شەهیدو برایندراری لێکەوتەوەو بووە هۆی تێکچوونی باری ئارامی شارەکەو دڵەڕاوکێی خەڵك وکاریگەری خراپی کردە سەر ژیانی رۆژانەو کاروکاسبی هاووڵاتیان و زەرەرو زیانی زۆری پێگەیاندن.

ئەم ئەزموونەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، بەئاسانی نەهاتۆتە بەرهەم، بەڵکو وەك ئاشکرایە لە ئەنجامی خەبات وفیداکاری گەلی کوردستان وخوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان وگیان فیدایی پێشمەرگەو گیانی پیرۆزی ئەنفالکراوەکانمان و کیمیابارانی کوردستان و سووتاندنی ماڵ وموڵکی هاووڵاتیان و بێسەروشوێن کردنی بێ ژمار لەرۆڵەکانی گەلەکەمان هاتۆتەدی.

ئەمرۆ لەهەموو رۆژێك زیاتر پێویستیمان بەیەك ریزی و هاوخەباتی هێزە سیاسیەکان و کۆمەڵانی خەڵك هەیە، بۆ درێژەدان بەخەبات تا بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانمان بەتایبەتی گێڕانەوەی ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوە کێشە لەسەرەکان وجێبەجێکردنی ماددەی 140، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە بەگشتی بارێکی تایبەت هاتۆتە پێشەوە، ئەگەر یەك هەڵوێستی خۆمان بپارێزین، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بە تەواوی خواست ومافە نەتەوەیەکانمان بگەین. چونکە نەبوونی یەك هەڵوێستی دەمانگێڕێتەوە چوارگۆشەی سفر، کە ئەمەش خواستی هیچ کەسێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر نییە لە کوردستاندا.

پەرلەمانی کوردستان شوێنێکی پیرۆزەو مەرجەعی بڕیارە چارنووسازەکانی گەلەکەمانە، هەروەها بۆ بەداواداچوونی کێشەکانی ناو هەرێمی کوردستان، پێویستە پەرلەمان وەك چاودێری حکومەت بکەینە مینبەری خستنەڕووی دیدو بۆچوونە جیاوازەکان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ گرفتەکان.

بۆیە لەپێناو چەسپاندنی یاساو دابینکردنی دادپەروەری، ئەرکی ئێوەی پەرلەمانتارو لیژنەکانتانە، کە بە وردی لەباری کوردستان و داخوازیەکانی خەڵك ئاگاداربن و راپۆرتی خۆتان لەبارەی هەموو مەسەلەکان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی زۆر بەوردی و بەجددی وەك پەرلەمان بەداواداچوون لەسەر رووداوەکان بکەین، تا بگەینە راستیەکان و خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی ئەوبارە نەخوازراوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە پێشەوە، حەقیقەتی رووداوەکان چ ئەوانەی زیانیان پێگەیشت، چ ئەوانەی کە بریندارن، چ ئەوانەی کە شەهید بوون، چ ئەوانەی کە هێرش کرایە سەریان بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و بۆ عەدالەت دەربچێت، هەرکەسێك بەپێی کەمتەرخەمی خۆی ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت و بە سزا بگەیەندرێت.

زۆر بەداخەوە رووداوەکانی هەفتەی رابردوو 3 شەهیدی گەنج و چەند بریندارێکی لێکەوتەوە، کە مایەی نیگەرانی و ئەسەفی هەموو لایەکمانە، لێرەوە جارێکی تر پرسەو سەرخۆشی خۆمان

بەخانەوادەی سەربەرزی شەهیدەکان رادەگەینین و هاوبەشی خەم و ئازارەکانیان دەکەین، هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین، چونکە ئەمانە هەموویان کوڕو براو کەسوکاری ئێمەن. لەگەڵ ئەوەی تێ دەگەین کە لە دەستدانی جگەر گۆشەکانمان و کەسە نزیك وخۆشەویستەکانمان چ حاڵەتێکی ناخۆش و پڕ لە ئازارەو چەند کاریگەری هەیە لەسەرمان، بەتایبەتی بۆ دایك وباوك وخوشك وبراو هاورێیانی نزیکی، بەلاّم جێی خۆیەتی لێرەوە ئاماژە بە هەڵوێستی پیرۆزو نەتەوەیی خانەوادەی ئەو شەهیدە سەربەرزانەو ئەو بریندارە بەڕێزانە بکەین، کە لە خۆبووردوانە داوایانکرد شەهید بوونی جگەر سۆزەکانیان ببێتە هەوێنی ئاشتی و برایەتی و ئارامی لە کوردستان، کار بکرێت بۆ دەرخستنی راستیەکان و سزادانی ئەوانەی کە بوونە هۆی لە دەستدانی ئەو جوانەمەرگانە.

بەرێزان، لێرەوە جارێکی تر پشتیوانی خۆمان بۆئازادی کاری راگەیاندن و رۆژنامەنووسان دووپات دەکەینەوە، داوا لە هەموو لایەك دەکەین، کە سەلامەتی گیان و کاری رۆژنامەنووسان بپارێزن و، هەروەك ئیدانەی توندی سووتاندنی کەناڵی ئاسمانی (نالیا) دەکەین و، هەر کارێکی توندوتیژی تری کە لە هەولێرو سلێمانی بەسووتاندنی ئەم بارەگاو بەردبارانی ئەو بارەگا بەتوندی ئیدانە دەکەین، کە دژی رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن لە هەر شوێنێك کارێك ئەنجام بدرێت، ئێمە لێرەوە ئەمرۆ ئیدانەی دەکەین، چونکە پاراستنی ئازادی رۆژنامەکان و کەناڵەکانی ئاسمانی و رادیۆکان ئەرکی پیرۆزی گشت خەڵکی کوردستانەو لەپێشیانەوەش پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستانەو، داوای لێکۆلینەوەی وردیش دەکەین لە هۆکارەکانی سووتاندنی کەناڵی نالیاو حەقیقەتەکەشی بۆ خەڵکی کوردستان دەربکەوێت و تاوانکارانیش بەسزای یاسایی خۆیان بگەن. جێگای وتنە کە سوپاسی لایەنی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی و سەنتەرەکان بکەین، کە هەوڵی هێوربوونەوەی وەزع و پاراستنی ئارامی لە هەرێمی کوردستان ئەدەن و بە بەرزییەوە سەیریان ئەکەین و دەستخۆشیان لێ ئەکەین، دەستخۆشی لەکۆمیتەی پەرژینی ئاشتی ئەکەین، کە هەوڵ ئەدەن ئەو وەزعە ئارام بێتەوەو توندوتیژی نەکەوێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، کێشەکان بە هێمنی لەگەڵ لایەنی دەسەلاّت چارەسەر بکرێت. سوپاسی زیندانیانی سیاسی، پێشمەرگەکان ئەکەین، ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەیەو، سوپاسی ئەو پەرلەمانتارانەش ئەکەین چوون بۆ ئەوەی بتوانن دەنگی جەماوەری خۆپێشاندەر وەربگرن و بیگەیەننەوە پەرلەمانی کوردستان و، بۆ ئەوەی بتوانین بەدواداچوون بۆ حەقیقەتەکان بە وردی بکەین، هەر سەربەرز و سەرفراز بن.

خوشکان و برایانی بەڕێز.

ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی کارمان، کە تایبەتە بە بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی رووداوە نەخوازراوەکانی ئەم دواییەی هەرێم و دۆزینەوەی رێگا چارە بۆیان، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی ئەزموونە دیموکراسیەکەمان وسەروەری یاسا، بۆیە داوا لە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، بۆ خوێندنەوەی ئەو راپۆرتەی کە ئامادەیان کردووە دەربارەی ئەو وەزعە، ئێستا لیژنەی ناوخۆ فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ بەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ب/ پیشوازی کردن**

کات ژمێر (10:00)ی بەیانی سێ شەممە 2011/2/22 لیژنەی ناوخۆ کۆبوونەوەی سێیەمی نائاسایی ئەنجامدا بە مەبەستی گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر دواهەمین رووداو و پێشهات ودەرکەوتە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانی هەرێمی کوردستان، کە لە 17/شوبات روویاندا.

سەرەتا بەڕێز وەزیری ناوخۆ تیشکی خێرای خستە سەر بارودۆخەکەو، کە ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەتی:

1- تەقە کردن وکوشتن خواستی کەس نەبوو.

2- لە هەولێر ودهۆك حیمایەمان بۆ بارەگای ئەحزاب دانا.

3- هەستمان کرد کە بزووتنەوەی گۆڕان موستەهدەفە.

4- لە دهۆك هیچ نەبووە.

5- لە هەولێر دوو بارەگای گۆڕان هەیە، یەکێکیان سەلامەتە.

6- لە هەولێر وسۆران کەمتەرخەمی بووە، خەڵکەکە پەلاماری بارەگای گۆڕانیان داوە.

7- لە شەقلاوە ژوورێکی بارەگاکە سووتاوە بەهۆی سۆبای کارەباییەوە.

8- هێزی زێرەڤانی بەتەنسیق وبڕیاری حکومەت نێردراوە بۆ سلێمانی بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی هێزەکانی ناوخۆ لەوێ وخراونەتە ژێر فەرمانی وەزیری پێشمەرگە.

9- هێزەکە هێدی هێدی دەگەڕێتەوە.

10- بارودۆخەکە لە سلێمانی باش نییە.

11- لیژنەی لێکۆڵینەوەمان دروست کردووە دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکان ئیجرائات دەکەین.

12- بەڵێنی دا بەرامبەر کەمتەرخەمیەکانی دام ودەزگا ئەمنیەکان ئیجرائات بکات.

13- هەر کەسێ لەسەری ساغ بێتەوە کە پێشێلکاری یاسایی کردووە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ دەکرێ، پاشان ئەندامانی لیژنە بیرو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەبارودۆخەکە خستەڕوو، کە ئەمانەی خوارەوە پوختەکەیەتی:

1- ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە ئەرکی هەموومانە.

2- هێور کردنەوەی گوتاری راگەیاندنەکان.

3- خۆپیشاندان مافێکی یاسایی هەموو هاووڵاتیانە لە چوار چێوەی رێکارە یاساییەکاندا.

4- پاراستنی دام دەزگاو بارەگا فەرمیە حکومی وحزبیەکان ئەرکی حکومەتە.

5- مامەڵە کردن لەگەڵ خۆپیشاندەران بەشێوەیەکی هێمن وشارستانیانە ودوور لە توندوتیژی.

6- جووڵاندنی هێزی سەربازی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر نابێت بکرێت، مەگەر لە حاڵەتی مەترسی دەرەکی.

7- کەمتەرخەمی لە دام ودەزگاکانی پۆلیس وئاسایشدا هەبووە لە مامەڵە کردن لەگەڵ دۆخەکەداو دوای تەحقیق لایەنی کەمتەرخەم دەبێ سزابدرێت، هەروەها بەرپرسە دەزگا ئەمنیەکانی کەمتەر خەم بگۆڕدرێن و، بەپێی کەمتەرخەمیان ئەگەر پێویستی کرد دەریش بکرێت.

8- ئەرکی هێزەکانی پۆلیس وئاسایش پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان وخۆپیشاندەرانیشە.

9- شوناس (ناو، باج، شوێنی کار) هێزە پارێزگارەکان ئاشکرا بێت و نەهێڵدرێت بە دەمامك و ئوتومبێلی بێ ژمارە وجام رەش هاتوچۆ بکرێت.

10- نابێ هێزە حزبیەکان بەشداری لەڕووداوەکاندا بکەن.

11- تەنها هێزەکانی چالاکی مەدەنی وپۆلیسی ناوخۆ ئەرکی هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆپیشاندەرانیان لە ئەستۆدایە.

12- دەبێ ئیجرائات بەرامبەر هەموو رووداوو تاوانەکان لەلایەن دادوەرو داواکاری گشتی یەکلایی بکرێتەوە.

13- پشتگیری لە داوا رەواکانی خەڵکی کوردستان وخۆپیشاندەران دەکەین و داوا دەکەین هەموو لایەك بەگیانی بەرپرسیاریەتی وبێ توندوتیژی وهێمنانە داواکەیان بخرێتە بەردەم حکومەت و داوا لە حکومەتی هەرێمیش دەکەین بەخێرایی بەدەم داخوازیەکانی خۆپیشاندەرانەوە بچن.

14- خۆپیشاندان نەبێتە هۆی پەکخستنی کارو کەسابەت وژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان.

15- دەبێ سەرجەم داموو دەزگاو هێزە ئەمنیەکان و هەواڵگریەکان لەکاتی خۆپیشاندا لە ژیر دەسەڵات وفەرمانی سەرۆکی یەکە ئیداریەکاندا بێت (پارێزگار، قایمقام، ومدیر ناحیە).

16- پاساوەکانی ئامادە نەبوونی وەزیری پێشمەرگە لەلایەن لیژنەکەمانەوە پەسند نییە، دەبوایە ئامادە بێت.

هەرچەندە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بە وەکالەتی ئەویش هاتبوو، خۆشم پەیوەندیم پێوە کردو لەبەر ئەوەی مەسئوولیەتی ئەمنی شاری سلێمانی پێ سپێردرا بوو نەیتوانی لە کۆبوونەوەکە بەشداری بکات، بەلأم گوتی لەکاتێکی تردا ئامادەم پەرلەمانی کوردستان داوام بکات، بێمە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، ئەوە هەروەکو روون کردنەوەیەك بوو، بۆ ئەوەی پێی ئاگادار بن.

پێشنیازەکانمان لە لیژنەی ناوخۆ:

1- هەمووولایەك هەوڵبدات بۆ هێورکردنەوەی ئەو بارو دۆخە ناهەموارە و راگرتنی هێرشی ئیعلامی.

2- گەڕاندنەوەی هێزە جووڵێندراوەکان (زێرەڤانی) بۆ شوێنی خۆیان.

3- دەست پێکردنی گفتوگۆیەکی نیشتمانی لە نێوان هەموو هێزە سیاسیەکان (کە لە پەرلەمان نوێنەریان هەیە) لە ژێر چەترو چاودێری پەرلەماندا.

4- پێشنیاز دەکەین پێداچوونەوەو دارشتنەوەی هەیکەل و ئەرکی سازدانەوەی هەموو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هێزە چەکدارو هەواڵگەریەکان بگرێتەوەو لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتمانی رێك بخرێتەوە، هەروەها چەك دەبێ لەدەستی یاساو حکومەتدا بێت و بەپێی یاساش بەکار بێت.

5- پرۆژەیەکی چاکسازی گشتی (سیاسی، ئیداری، کومەلآیەتی، دادوەری، مالی، ئەمنی) ئامادە بکرێت بەبەشداری لەگەڵ هەموو لایەنەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی و مامۆستایانی زانکۆو پسپۆران و خەڵکانی بی لایەن و دڵسۆز.

6- پێشنیار دەکەین سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەریم بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

7- قەربووکردنەوەی (کەس و لایەن و دەزگا) زیان لێکەوتووەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەریمی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە.

8- بانگێشت کردنی وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ بۆ پەرلەمان، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەو لێ پرسینەوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو خوشك و برایانەی کە ئێستا دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیار بوو سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسە بکەن، ئینجا ئەوانی تر قسە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی فراکسیۆن و لیستەکان یەکە یەکە دەست پێ دەکەن، سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دوای ئەو خۆپیشاندانەی لە 17ی مانگەوە لەناو شاری سلێمانی دەستی پێ کردو چەند ڕۆژێکە لێرەو لەوێ درێژەیان هەیە، پێشهات و ڕووداوی نەخوازراو و خوێناویان لێ کەوتەوە، فراکسیۆنی کوردستانی وێڕای خەم دەربڕین لەگەڵ کەسو کاری شەهیدانی ئەم ڕووداوانە، هیوای چاك بوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان دەکات و جەخت لەسەر ئەم خالآنەی خوارەوە دەکات:

1- پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان دەکەین، کە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، سەبارەت بە بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا.

2- سوپاس و پشتگیری تەواوی هەوڵ و کۆشش و تەقەلآی سەرجەم مامۆستایانی ئاینی و مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین لە هەر لایەنێك و گروپێك، کە تاکو ئێستا بەردراو و بەردەوامە بۆ چەسپاندنی ئارامی و سەقامگیری و هێور کردنەوەی بارودۆخەکەو پاراستی شەرعیەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

3- خۆپیشاندانی هێمنانەو ئاشتیانە، مافێکی دەستووری و قانونی هەر کەس و کۆمەڵێکە.

4- حکومەت دەبێت بەزوویی بە دەم داخوازی هاوولآتیانەوە بچێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە حکومەت لیژنەیەکی بالآ پێك بهێنێت، کە ڕاستەوخۆ گوێ لە خواست و ویستە ڕەواکانی خەڵك بگرێت،

پاشان لەسەر بنەمای راسپاردەکانی ئەو لیژنەیە، حکومەت بەرنامەیەکی کردەیی لە ماوەیەکی دیاری کراودا بۆ جێ بەجێ کردنی داخوازیەکان دابنێت و، پەرلەمانیش چاودێری جێ بەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە بکات.

5- توندوتیژی و پەنا بردن بۆ چەك، جا لە هەر لایەکەوە بێت، هەڵکوتانە سەر شوێنە گشتیەکان و ماڵ و موڵکی خەڵك و هاووڵاتیان، تاوانبار دەکەین و دەبێ سەبەبکاران و ئەنجامدەرانیان لە ڕێگەی ڕێکاری یاسایی بەگوێرەی قانون مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

6- دەبێت هێزەکانی چالاکی مەدەنی و هێزەکانی پۆلیس سەرو گیانی خۆپیشاندەران و سیستەم و ماڵ و موڵك و گیانی هاووڵاتیان بەپێی ئەو میکانیزمەی لە قانون بۆیان دیاری کراوە بپارێزن و، زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی هێزدا نەکەن، دەنا دەکەونە بەر بەرپرسیاریەتی قانونییەوە.

7- ئەو لیژنە باڵایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان پێکی هێناوە، بۆ ئەوەی بێ لایەنانە کاری خۆی بکات، داواکارین ئەندامێکی دادگای تەمییز سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە بکات و، بەزووترین کات ئەنجامەکان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێن و، لیژنەی کاروباری ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمان موتابەعەی لیژنەی ناوبراو بکات و پەرلەمانی لێ ئاگادار بکاتەوە.

8- هەموو ئەو کەسانەی لە ئاکامی خۆپیشاندانەکان گیراون و هەتاکو ئێستا ئازاد نەکراون، ئازاد بکرێن.

9- پێویستە حکومەت قەرەبووی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بکاتەوە، کە لەم ڕووداوەی دواییدا زەرەرمەند بوون.

10- کەناڵەکانی میدیا ڕەوش و بارودۆخی کوردستان لەبەرچاو بگرن بە ئاراستەی هێور کردنەوەو خۆش کردنی زەمینەی دیالۆگ و لێك حاڵی بوون و بەرەودان بە خەباتی مەدەنی و ئاشتیانەی هاووڵاتیان کاری پیشەیی خۆیان بکەن و دوور لە زمانی هاندان و وروژاندن بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و تەبایی و بەرچاو گرتنی ئیتیکی رۆژنامەوانی، هەروەها ئێمەش بە توندی ئیدانەی هێرش و هەڵکوتانە سەرو سووتاندنی کەناڵی ئاسمانی نالیا دەکەین و، داواکارین لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ببەسترێت و ئەنجامەکانی بڵاو بکرێتەوە.

11- دەستەی داواکاری گشتی دیوانی چاودێری دارایی دەبێت تەفعیل بکرێن، بۆ بەگژ داچوونەوەی گەندەڵی، دەستەی نەزاهەش وەك میکانیزمێکی گونجاو بۆ هاوکاری کردنی ئەو دوو دەزگایە دابمەزرێ، بەزوویی پاش پەسند کردنی یاسای دەستەی نەبراو لە پەرلەماندا.

12- حکومەت هەرچی زووە بەرنامەیەکی روون و ئاشکرای هەبێت سەبارەت بە چاکسازی سیاسی، ئیداری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێشکەشی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاستان دەکەم.

فراکسیۆنی کوردستانی

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**ڕووداوەکانی حەوت ڕۆژی رابردووی هەرێمی کوردستان، تەقەکردنی ڕەمەکی لە خۆپیشاندەرانی بێ دیفاع لەبەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند گەڕەك و ناوچەیەکی تری شاری سلێمانی، شەهید کردن و بریندار کردنی دەیان هاووڵاتی سڤیل، ڕەشبگیری و ڕاوەدوونان و بیسەرو شوێن کردنی هاووڵاتیان، داگیر کردن و سووتاندن و تاڵان کردنی بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر، دهۆك، قەزای سۆران، بنەسڵاوەو شەقڵاوە، جووڵاندنی هێزی چەکدار بەرەو شاری سلێمانی و بڵاو کردنەوەی بەشێوەیەکی ناشارستانی لە سەر ڕێگەوبان و لە چەندین ناوچەی پڕ دانیشتواندا، داگیر کردن و سووتاندنی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی نالیا (N. R. T) بە زەبری چەك و بریندار کردن و لێدان و دەست درێژی کردنە سەر ڕۆژنامەنووسان، زنجیرەیەك کاری دڕاندنە بوون کە ویژدانی هەموومانی لە ناخەوە هەژاندو لەکەیەکی ڕەشی خستە سەر ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.**

**فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لەکاتێکدا بەتوندی ئیدانەی ئەو زنجیرە تاوان و هەموو توندو تیژیەك دەکات، خۆپیشاندان بە مافێکی بنچینەی هەموو هاووڵاتیەك دەزانێ، بەرپرسیارێتی یەکەمی ئەم ڕووداوانە، پێشهات و پاشهاتەکانی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا ئەمنییە پەیوەندیدارەکان، کە نەیانتوانی گیانی هاووڵاتیانی کوردستان بپارێزن، نەیانتوانی بەرگری لە بارەگای هێزە سیاسیەکان بکەن و لە سووتان و تاڵان کردن بیانپارێزن، نەیانتوانی وەڵامێکی ڕۆشنی هاووڵاتیان بدەنەوە، کە ئایا ئەو هێزە چەکدارانەی لە 2011/2/17ـەوە جووڵەیان پێ کرا بە فەرمانی کێ و بە چ مەبەستێك جووڵەیان پێ کراوە؟ نەیانتوانی بەرگری لە میدیاو دەنگی ئازاد بکەن و ڕۆژنامەنووس و کەناڵە ئەهلییەکان لە دەست درێژی چەکدارەکان و سووتاندن بپارێزن.**

**بەڕای ئێمە ئەم شکستەی حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان دەرەنجامی شکستێکی پێشووتری حکومەت و فەرمانڕەوایەتی هەرێمە بەگشتی لەوەی کە نەیتوانی کۆتایی بە دیاردەی حزبی چەکدارو حزبی خاوەن دەزگای ئەمنی موخابەڕاتی بێنێ ولە بڕی ئەوە هێزی چەکدارو دەزگای ئەمنی نیشتمانی دابمەزرێنێ، کە تاکە وەلایان بۆ نیشتمان هەبێت، نەك بۆ حزب و دەسەڵاتداران.**

**ئێمە بڕوامان وایە پەرلەمانی کوردستانیش بێبەری نییە لەو بەرپرسیارێتییە، چونکە دەزگای پەرلەمان نەیتوانیوە حکومەت ناچار بکات مەنزومەیەکی ئەمنی و بەرگریی نیشتمانی ئەوتۆ دروست بکات، کە بەبێ مەرج ئازادییەکان و گیانی هاووڵاتیان بپارێزێ، ئەڵبەتە ئەم کێماسییەی پەرلەمان بەشێکە لە قەیرانێکی گەورەتر، کە پەیوەندیی بە لاوازیی ڕۆڵی ڕەقابی و تەشریعی ئەم دەزگایەی ئێمەوە هەیە.**

**بۆ چارەسەر کردنی ئەم پەرەسەندنە مەترسیدارەو ئەم شکستەی حکومەت و پەرلەمان، ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیاری دوو چارەسەر دەکەین:**

**چارەی یەکەم: چارەیەکی هونووکەییە، کە قابیلی دواخستن نییە، بەوەی هەر ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکات بە:**

1- کشاندنەوەی دەست بەجێی هەموو ئەو هێزانەی کە لە رۆژی 2/17ـەوە جووڵەیان پێ کراوە بۆ بارەگاکانیان.

2- راگرتنی دەست بە جێی راوەدوونانی هاووڵاتیان و ئازاد کردن و ئاشکرا کردنی هەموو ئەوانەی زیندان، یان بێسەرو شوێن کراون.

3- دادگایی کردن و سزادانی هەموو ئەو چەکدارانەی کە تەقەیان لە هاووڵاتیان کردووەو شەهیدو بریندداریان کردوون، هەروەها ئەو بەرپرس و فەرماندانەی فەرمانی تەقەکردنیان داوە.

4- دادگایی کردن و سزادانی هەموو ئەو چەکدارو فەرماندەو تۆمەتبارانەی کە تێوەگلاون لە سووتاندن و دەست درێژی کردن بۆ سەر کەناڵی تەلەفزیۆنی نالیاو بارەگا حزبیەکان لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

چارەی دووەم: کە فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیاری دەکات چارەیەکی ریشەیی ئەو قەیرانە سیاسییە، کە سەرچاوەی پەرەسەندنی لەم جۆرەیە، بەرپرسیاری یەکەمیش تیایدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمە، ئەویش لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبێت:

1- سەندنەوەی متمانە لەم کابینەیەی ئێستای حکومەت و پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی تەکتنۆکرات، کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بکات.

2- ئەو حکومەتە ئینتیقالییە ئەرکی رێکخستنەوەو بەنیشتمانی کردن و گۆڕینی وەزیفەی هێزە چەکدارەکان و دەزگا موخابەڕاتیەکان جێ بەجێ بکات، واتە وەزیفەی (پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش، هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاری، بگۆڕێ لە وەزیفەی بەرگری کردن لە ئەمنی حزبەوە بۆ بەرگری کردن لە ئەمنی نیشتمان و هاووڵاتیان، هەروەها گۆڕینی بەڕێوەبەرو بەرپرسی ئەو هێزو دەزگایانە لە کەسی حزبییەوە بۆ کەسی پیشەیی و بێ لایەن.

3- ئاشت بوونەوەیەکی گشتی لەنێوان دەسەلاَت و گەلدا، لەرێی گرێبەستێکی سیاسی کۆمەلاَیەتییەوە، کە لە دەستوورێکی دیموکراتی و هاوچەرخدا بەرجەستە دەبێت.

4- کۆتایی هێنان بە دیاردەی گەندەڵی و پاوان کردنی موڵك و ماڵی گشتی و تایبەت لە رێگەی دەرکردنی یاسایەکی تایبەتەوە.

5- هەموار کردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە سیستمی سیاسییەوە هەیەو دوور لە رێکەوتنی نیشتمانی تێپەڕێندراون، یان هەوڵ لە ئارادایە بۆ تێپەڕاندنیان.

لە کۆتاییدا هیوادارین هەمووان لە ئاست بەرپرسیارێتی قۆناغەکەدا بین و ئەم هەڵوێستەی ئێمە وەك نەخشەرێی چارەسەر کردنی قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان لێك بدەنەوە. لەگەڵ ئەو پەڕی رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك عومەر عبدالعزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**فراكسيۆنی يەكگرتووی ئيسلامی.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان.**

بەو پێيەی كە ڕووداوەكان بە لای هەموومانەوە نەخوازراو بوو و، بوونە جێگای نيگەرانی هەموومان بەڕاستی، بەتايبەتی كە سەری لە توندوتيژی و شەهيد بوونی چەندين هاووڵاتی و، بريندار بوونی سەدان هاووڵاتی و زەرەرو زيان كەوتووی دامودەزگاكانی لێكەوتەوە، من وا دەزانم ئەمڕۆ پێويستە پەرلەمانی كوردستان قسەی جددی خۆی هەبێت و بيسەلمێنێ كە دەزگايەكی چاودێری فيعلی و نوێنەری توێژەكانی خەڵكی كوردستانە، من سەرەتا سڵاو دەنێرم بۆ گيانی پاكی ئەو شەهيدانەی لەو ڕووداوە شەهيد بوون و، هيوای شيفای خێراو چاك بوونەوەی خێرا بۆ بريندارەكان دەخوازم، وا دەزانم ئێمە نەچينە تەفاصيل، دەبێت بچينە سەر خاڵی جددی، كە لەم هەلومەرجە بێ بە زەينی هەموومان، ئەويش چەند خاڵێكە، هەموومان مەتەفيقين كە خۆپيشاندانی هاووڵاتيان مافێكی دەستوورييە، خۆمان لێرە ياسامان بۆ دەركردووە، ياسايەكی كەموكورت، كە هەمووتان دەزانم چەندها مشتومڕی لێكەوتەوە، نە دەبوو بە توندوتيژی وەڵامی هاووڵاتيان بدرێتەوە، دەبوايە سومعەو موصداقيەتی دامودەزگا تەنفيزيەكان نەخرێتە ژێر پرسيار بەو شێوەيە ڕووبەڕوو بوونەوەيە بێت، ئێمە چەندين كێشەو گرفتی كەڵكە بوومان هەيە، ساڵانێكی زۆرە باس لە گەندەڵی و باس لە كەموكورتی دەكرێت، هاووڵاتيانی كوردستان ئێستاشی لەگەڵدا بێت داوای مافی خۆيان دەكەن، خەريجێكی زۆر هەيە تەعين نەبووە، داوای تەعين بوون دەكات، برسێتی زۆرە، خەڵك داوای تێری دەكات، داوای ئەمنيەت و مەعيشەت دەكات، ڕەنگە ئێمەی بەرپرسان، دامودەزگاكان، پەرلەمانتاران، وەزيران، بەرپرسە حزبيەكان ئاگامان لە كێشەو خەم و خەفەتەكانی هاووڵاتيان نەبێت، لێرەوە دەردەسەری و گرفتی گەورە بۆ هەموو وڵاتێك، لە هەموو شوێنەكان دروست دەبێت، كە ناچينەوە ناو واقيعی خەڵكی خۆمان، سەرەڕای ئەوە ئەو خەڵكەی داوای مافی خۆی دەكات ئيتيهام دەكەين، هەر جارێك بە شتێك و هەر جارەی بە دەستەواژەيەك، بۆيە من وا دەزانم جەماوەرو توێژەكانی خەڵكی كوردستان كار لە ڕەش و ڕووت و برسيەكانەوە دەستی پێ كرد، كار گەيشتە ياساناس و تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان و مامۆستايانی زانكۆ، دڵنياشم دەگاتە وەزيرەكان، كە بێزاری دەردەبڕن لەم وەزعەی ئێستای كوردستان هەيە، هەمووی لە نەتيجەی كەڵەكە بوونی گيروگرفتەكان و، لە نەتيجەی هەنگاو نەنانی جددی بۆ ئيصلاحيات و چاكسازی، كە ساڵانێكی زۆرە دروشمی ئيصلاح لەلايەن زۆرێك لە دڵسۆزانی ئەم وڵاتەوە بەرز دەكرێتەوە، بەڵام تەنها بە بەڵێن كات دەبەينە سەر، دڵنيام، كەس نيگەران نەبێت لەم پەرلەمانە بەڕێزە، كە بڵێم دەركەوت كە ئێمە لە متمانەدان بەكابينەی تازە بە هەڵە چووين، چونكە نەيتوانی بە ئەركی خزمەت كردن و جێ بەجێ كردنی ئەركەكانی خۆی هەڵبستێت و، كەس دڵگران نەبێت لەوەی كە بڵێم پەرلەمانيش كەوتە ژێر پرسيار كە نەيتوانی بۆ تاكە جارێك ئيستيجوابی وەزيرێك بكات، لەبەر ئەو وەزعەی لە كوردستاندا زاڵ بووە، كە تەدەخولاتی حزبی و لە كێشە كەڵەكە بووەكان، بۆيە ئەمڕۆ پەرلەمانی كوردستان دەتوانێت بيسەلمێنێت بەلای كەمی ئيستيدراكی هەندێ لەو حاڵەتەی

کەموکورتیانە بکات، بەوەی کە ئێستا عەرزی دەکەم، سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە لەسەر داوای موعارەزە ئەم کۆبوونەوەی گرێدا، حەتمەن خۆشیان هەر بە تەما بوون، چاوەڕێی دەرفەتێکی وایان دەکرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، رێزم بۆ موعارەزە هەیە، سەرۆکی پەرلەمان بەپێی صەلاًحیەتی خۆی داوای کرد، چونکە موعارەزە لیستێکیان تەقدیم کرد بوو، هەندێك لەو بەڕێزانەی کە ئیمزایان کرد بوو لێرە نەبوون، ژمارەکە نەدەگەیشتە حەددی قانونی خۆی، لەبەر ئەوە ئێمە نەماندەویست ئیسارەی بکەین، ئیمزاکان بەڕێزێکی تر بۆی کرد بوون، نەمان بردە باری قانونییەوە، بەلاًم سەرۆکی پەرلەمان داوای کرد کە ئەو دانیشتنە ببێت، بەپێی ئەو راگەیاندراوەی کە ئەو دەسەلاًتەی هەمانە ئەو راگەیاندراوەی بلاًو کردەوە، کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی بزانم (37) پەرلەمانتار ئیمزای کردووە بە فراکسیۆنی موعارەزەشەوەو چەند بەڕێزێکی تریش بۆ کۆبوونەوە.

ئەمە وەرەقەی ئێمەیە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە داواکارین بخرێتە بەلاغی خیتامی ئەمڕۆی پەرلەمان، لە ئەگەری ئەوە کە داواکارییەکانی ئێمە بەتایبەتی تەرەفی موعارەزە لەبەرچاو نەگیرێت، دەبێت قسە لەسەر ئەو حەدەسە، هەندێ قسەی تر بکەین، کە دوایی ئاماژەی پێ دەکەم

1- پاراستنی ماف ئازادی خۆپیشاندانی هاوولاًتیان.

2- ئیدانەو تەحریم و تەجریم کردنی توندوتیژی و تەقە کردن لە هاوولاًتیان و هەلکوتانە سەر بارەگا فەرمیەکان و بارەگا حزبیەکان و، زیانگەیاندن بە مالًی گشتی و تایبەت لە هەر لایەکەوە بێت.

3- پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نوێنەرانی حکومەت و موعارەزەو خەلًك، بۆ لێکۆلًینەوە لەسەبەبکارانی توندوتیژی و تەقە کردن لە هاوولاًتیان و شەهیدو بریندار کردنی هاوولاًتیان.

4- تەئکید کردن لەسەر یاسا سەروەریی و ئیحتکام بۆ یاسا لە هەموو کێشەکاندا.

5- قەرەبوو کردنەوەی ماددی و مەعنەوی شەهیدان و برینداران و زیان لێکەوتووانی رووداوەکانی 2/17ی دواتر.

6- بانگهێشتی هەردوو وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگە، بۆ پرسینەوە لە رووداوەکانی ئەم دواییە.

7- گوێزانەوەو دوورخستنەوەی هێزە چەکدارەکان لە نزیکترین کاتدا.

8- داوای لێبوردن لە هاوولاًتیان لەلایەنی حکومەتەوە لەسەر رووداوەکانی ئەم دواییەو کەم تەرخەمیەکان.

9- هەنگاونانی عەمەلی حکومەت بۆ ئیسلاًحات لەبەر رۆشنایی داواکاری هاوولاًتیان و پرۆژە ئیصلاًحیە بنەڕەتیەکان و، بنبڕ کردنی گەندەلًی و دیاری کردن و سزادانی گەندەلًکاران.

10- ئـازاد کردنــی گیراوانــی 2/17 و رۆژانــی دواتــرو، کۆتــایی هێنــان بــە چــاودێری و مولاحەقــەو بەدواداچوونی هاوولاٌتیان و ئەندام و کادیری حزبەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن.

11- خــاڵی کۆتــایی لەچــەند تەوەرێکــدا گــرنگترین چارەســەرە هەنووکەییــەکان لــە کێشــە هەڵپەسێردراوەکان، پەرلەمانیش زۆربەیان قسەیان لەسەر کردووە بخەینە روو:

1-هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە نزیکترین وادەی گونجاودا.

2- چارەسەرێکی خێراو بنەڕەتی کێشەی کارەبا.

3- یەکلا کردنەوەی کەیسی بێسەرو شوێنەکان.

4- خستنەڕووی داهاتی بەرهەمە نەوتیەکان و مینحەی گرێبەستە نەوتیەکان.

5- چارەسەری کێشەی بێکارو دانەمەزراوەکان.

6- قەرەبوو کردنەوەی مووچەی فەوتاوی فەرمانبەران و، جیاوازی مووچەی ساڵانی رابردووی دەڤـەری سلێمانی.

7- چارەســەری کێشــە خزمەتگوزاریــەکانی تــاپۆو، ئــاوەڕۆو، رێگاوبــان و........هتــد، کــە هــەمووتان لێــی ئاگادارن.

8- تەواو کردن و بەدواداچوونی پرۆژە ئەنجام نەدراوەکان لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە.

9- چارەسەری گرانی بازاڕو، دیاردەی قۆرخکردن لەلایەن هەندێ بەرپرسی حزبیەوە.

10- چارەسەری گرفتی کۆنترۆڵی نەوعی لە هاوردەکانی خۆراك و دەرمان.

11- لێکۆڵینەوە لە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی کە زیاتر لە 2500 راپۆرتە.

ئێمە لێرە رادەگەیـەنین ئەگـەر ئـەم هەنگاوانـە نـەنرێن، دەبـێ پەرلـەمان بـە ئـەرکی خـۆی هەسـتێ لـە پێداچوونەوەی هەڵوێستی خۆی لەمتمانە بە حکومەت و کابینەی ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەجیاتی من کاك سەباح قسە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە کاك سەباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

"ان الله یأمر بالعدل والاحسان وایتاء ذي القربی وینهی عن الفحشاء والمنكر"

سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیانی سەربەرزی خۆپیشاندانەکان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی خێراو بەزوویی بۆ بریندارارن دەخوازین، هەروەها ئیدانەی سووتاندنی کەناڵی ئاسمانی نالیاو هەموو بارەگاو بنکەیەکی حزبی و شوێنی گشتی دەکەین.

بڕوای تەواومان هەیە بەوەی پێویستە هەموومان لە بیری چارەسەری مەوزوعی و ریشەیی بۆ کێشەکانی ئێستادا بین و رێ بگرین لە کێشە ئیحتیمالییەکانی ئاینده، چونکە چاوپۆشی و سپاردنی چارەسەر لە داهاتوو کێشەکان زیاتر قووڵ دەکاتەوە، ئەم دانیشتنەی پەرلەمان دەکرێت ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە رەوت و رەوشی سیاسی کوردستان، ئەگەر بتوانین پارێزەرو وەڵامدەرەوەی خواست و داخوازیەکانی خەڵك بین و هەنگاوی عەمەلی و جددی و فەوری بنێین، وێڕای دەست خۆشی لە لیژنەی ناوخۆو پشت راستکردنەوەی زۆرێك لەو پێشنیارانەی کردوویانە، هەرچەند هەندێك تێبینی لەسەر هەندێکیان هەیە، بەڵام دەستخۆشیان لێ دەکەین، پێشنیارەکانی لیستی کۆمەڵەی ئیسلامی لە چەند خاڵێکدا دەخەمە رووی بەڕێزتان و هەموو هاوکارانی بەڕێزو خۆشەویستمان لە پەرلەمانی کوردستان.

1- تەئکید کردنەوە لەسەر لایەنگری پەرلەمان بۆ جەماوەری کوردستان و ئیلزام کردنی حکومەت بە گوێ گرتن لە داخوازییە رەواکانیان.

2- تەئکید لەسەر پاراستنی ئەمنیەتی خەڵك و گێڕانەوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی.

3- تەئکید لەسەر ماڧی ئازادی رادەربڕین بۆ هەموو هاووڵاتیان بەبێ بایکۆت و سانسۆر کردن.

4- رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی ریشەیی و بە پلانێکی زانستیانە لە هەموو ئاستەکاندا لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

5- زەروورەتی ئیصلاحی سیاسی هەمە لایەنەو بە پەلەو نەهێشتنی دەست تێوەردانی حزبی لە دەزگاکانی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس و فەرمانگەکان بەتایبەت کەرتە گشتیەکانی پەروەردەو تەندروستی.

6- پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی لە هەموو فراکسیۆنەکان، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە خۆپیشاندەران بە زووترین کات.

7- گۆڕینی زمانی زبری راگەیاندنەکان بە زمانی نەرمی و وتووێژو دیالۆگ.

8- تەحریمی توندوتیژی و تەقەو بەکارهێنانی هێز لەسەر هەموو لایەك، بەتایبەتی رێ گرتن لە توندوتیژی پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان بەپێی یاسا.

9- تەحریمی پەلاماری بنکەو شوێنە حکومی و حزبی و شوێنە گشتیەکان، ئەمە ببێت بە کەلتورێك بۆ هەموو خەڵك.

10- سەبارەت بەو زیانە گیانی و ماددیانەی کەوتوونەتەوە، پێویستە یاساو دەسەڵاتی دادوەری رۆڵی خۆیان ببینن، ئەنجامەکەشی بۆ رای گشتی بڵاو بکرێتەوە.

11- هەموو ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە حکومەتەوە، ئەگەر لە ماوەی دیاری کراودا، یەعنی رەنگە ئەو کاتە پەرلەمان بڕیار بداتن چەند مانگ، نەیتوانی جێ بەجێی بکات، ئەوا داوا دەکەین متمانە لە حکومەت بسەنرێتەوەو حکومەتێکی تەکنۆکرات پێك بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاك سالم کەرەم بکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لیستی رافیدەین بەس ئەوە ئاگادار دەکەمەوە، کە ئێمە ئیمزامان کرد بوو لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە نائاساییەی ئێستا، هەرچەندە ئێمە نە دەسەلاتین، نە ئۆپۆسیۆنیشین، بەس بۆ زانینی جەنابتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامی پەرلەمانن، نوێنەری خەڵکن، نوێنەری لایەنێکی نەتەوەیین، کەرەم بکەن.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدەکانی هەفتەی رابردوو دەکەین وهیوای چاك بوونەوە بۆ بریندارەکانی هەفتەی رابردوو لە شاری سلێمانی و هەولێر دەکەین.

هەر لە یەکەم رۆژی رووداوەکانی ئەم دواییەی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان، کە جێگای نیگەرانی هەموومانەو دژی بەرژەوەندی گشت خەڵکی کوردستانە، خوا نەخواستە ببێتە هۆی رووخاندنی ئەو پێشکەوتنەی هەرێم، کە لە رووی ئەمنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی هاتۆتەکایەوە، هەوڵماندا بەکار کردن لەگەڵ هاوکارەکانمان لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە لەلایەن پەرلەمانەوە.

راستە مومکینە چەندین تێبینیمان هەبێت لەسەر ئەدای حکومەت و بێ متمانەیی نێوان جەماوەرو حکومەت لەلایەك و پەیوەندی حکومەت و پەرلەمان لەلایەکی ترەوەو، باس کردن لە گەندەڵی و کەموکوڕی لێرەو لەوێ، بەلام بە قەناعەتی ئێمە قەت ئەم بارودۆخە بە توندڕەوی و قبول نەکردنی یەکترو پەنابردنە بەر توندوتیژی چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەست بەجێ دەبێ هەنگاوی عەمەلی بۆی بهاوێژرێت و بارودۆخەکە هێور بکرێتەوەو ئارامی سەقامگیر بکرێت و رووداوەکان لە چوارچێوەی هەستیاری موعامەلەی لەگەڵ بکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەبعەن من زۆر سوپاسی هەردوو لیستی بەڕێز لیستی ئەنجومەنی میللی کلدانی و ئاشووری و لیستی ئەرمەن دەکەم، کە منیان تەخویل کرد بەناوی هەرسێ لیستەوە ئەو راپۆرتەمان ئامادە کردووەو بیخوێنمەوە:

1-پەلە کردن لە جێ بەجێ کردنی کاری لیژنەی حکومەت و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە دیاری کردنی هۆیەکانی رووداوەکەو راگەیاندنی و پێداچوونی تەواوی بۆ بکرێت بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکەو بە دادگایی کردنی سەبەبکاران بەپێی حەقیقەتەکان.

2- لەسەر حکومەت و دەزگا رەسمییەکانی کوردستان، ئەو دەوری خۆی پڕ بە مسئوولیەتەوە ببینێت لە دەست پێ کردنی چاکسازی ئیداری و هەنگاوی دیارو بە پەلە هاوێشتن بۆ ئەم مەبەستە چارەسەر کردنی زێدەڕۆیی و گەندەڵی.

3- بێ لایەنی دەزگا ئەمنیەکانی کوردستان بەگشت جۆرەکانییەوەو موعامەلە کردن لەگەڵ هەر رووداوێك لە چوارچێوەی یاساو بەبێ جیاوازی لە کاتی روودانی هەر گرژییەك.

4- مومارەسە کردنی خۆپیشاندان و هەر مافێکی هاوولاتیان بە تاك و بە کۆمەڵ لە چوارچێوەی یاساو پەنا نەبردنە بەر توندوتیژی و چ لەلایەن دەزگا حکومی و حزبیەکانەوە، چ لەلایەن هاوولاتیانەوەو هەڵ نەکوتانە سەر دەزگا رەسمی و نارەسمیەکان و، دەرنەچوون لە چوارچێوەی یاسایی خۆی و ئامانجەکانی.

5- لەسەر دەزگا حکومی و حزبیەکان، کە گوێ لە داواکاری خەڵك بگیرێ و دیالۆك و گفتوگۆ چارەسەر کردنی بۆ بدۆزرێتەوە.

6- موعامەلە کردنی دەزگاکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی مەسئوولانە لەگەڵ هەر رووداوێك و هەوڵدان بە هێور کردنەوەی هەر گرژییەك لە هەر شوێنێك بێت، نەك تاودانیان.

7- لەسەر سیاسەتمەدارو بەرپرسانی حزبی، دەبێ راگەیاندنی توندو قسەی وا نەکرێت، کە ببێتە مایەی پەرەسەندنی هەر کێشەیەك و بوونە هۆی دروست بوونی فتنە لەناو خەڵکی کوردستان.

8- پێداچوونەوەی حکومەت بە سیاسەتی جێ بەجێ کردن و ئەرکەکانی و پابەند بوون بە یاساو رێنماییەکان و توجیهاتی پەرلەمان و فەرامۆش نەکردنیان و مامەڵە کردن لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت بەو پەڕی مەسئوولیەتەوە، بەپێی پلان و رێنماییەکان و بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان وەزارەتەکان و بەرپرسەکان و چارەسەر کردنی کێشە هەڵواسراوەکان.

9- نەهێشتنی هەنگاوی زیادو بازدان لەسەر رۆتین لە جێ بەجێ کردنی کاری هاوولاتیان و کەم کردنەوەی قۆناغەکانی موعامەلات، بە مەبەستی زووترو زیاتر خزمەت کردنی هاوولاتیان.

10- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانیەکان بەشێوەیەکی پاك و عادیلانە بە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کۆمەڵ بە ئەمانەت، لەگەڵ رێزماندا.

لیستی ئەرمەن، لیستی کلدانی سریانی ئاشووری، لیستی رافیدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، برایانی تورکمان کەرەم بکەن.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی شەهیدانی رووداوەکانی ئەم دواییە دەکەین، هیوای چاك بوونی بە پەلە بۆ بریندارەکان دەخوازین، ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان نیگەرانین لەم چەند رۆژەی رابردوودا بارودۆخێکی نائارام هاتۆتە ئاراوە، بۆتە مایەی پشێوی جەماوەری کوردستان بە گشتی دۆست و یارانی ئەزموونەکەمان بەتایبەتی، دەبێت بەرژەوەندی کوردستان لە سەرووی گشت بەرژەوەندییەکان سەیر بکرێت و هیچ بۆچوون و کێشەیەك ناکرێت ببێت بە بیانووی لەناوبردنی ئەزموونەکەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە چەند خاڵێکمان ئامادە کرد بوو بۆ خستنەڕوو، بەڵام ئەو خاڵانەی کە ئێمە ئامادەمان کردووە زۆر نزیکن لە پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ، بە پێویستی دەزانم لێرەدا پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ بکەین و پێویست ناکات خاڵەکان بخوێنمەوە، هەمان ئەو خاڵانەن کە لیژنەی ناوخۆ خستۆتیە روو، سوپاستان دەکەم، لیستی هەولێری تورکمان، لیستی چاکسازی تورکمان، لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بێگومان گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆ لە جیهان و بەتایبەتی لە ناوچەکەدا کاریگەریان لەسەر هەرێمەکەی ئێمەشەوە هەیە، ئەگەر ئێمە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا نەکەین، بێگومان بە خراپ لەسەر ئێمە دەشکێتەوە، ئێمە وەك فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی بە نیگەرانییەوە دەڕوانینە رووداوەکانی ئەم دواییە لە هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە چەند قوربانی و بە دەیان برینداری لێکەوتەوەو، هێرش کردن و پەلامار دانی بارەگاو دامودەزگا حزبی و حکومیەکانی لێکەوتەوە، هەروەها سووتاندنیان و سووتاندنی چەند کەناڵێکی راگەیاندن، ئێمە لێرەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە دەکەین، هەروەها داوای شیفای بە پەلەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

بەڕێزان، فەرموون لەگەڵ پێشنیارەکانی ئێمە بۆ چارەسەری بارودۆخەکەو بەیانی کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان.

1- ئێمە بەنیگەرانییەوە دەڕوانینە ئەم بارودۆخەو داوا دەکەین کە بە هەستیاری و بەرپرسیارێتیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەموو لایەك هەوڵ بدات بۆ هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخەو ئارامی و سەقامگیری هەرێمەکەمان بپارێزێت و هێرشی ئیعلامی رابگیرێت، لێرەشەوە سوپاسی هەموو ئەو کەس ولایەنانە دەکەین، کە هەستاون بە هەوڵدانی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستایانی ئاینی و هەموو ئەو کەس لایەنانەی تر لە رۆشنبیران و هەروەها دەستخۆشیش لە لیژنەی ناوخۆ دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و ماندوو بوونانەی ئەنجامیانداوە، ئەو راپۆرتەی کە خستوویانەتە روو.

2- خۆپیشاندان مافێکی دەستووریی و یاساییە، پێویستە لەچوارچێوەی یاسادا دوور لە توندوتیژی و بەشێوەیەکی هێمنانەو شارستانیانە ئەنجام بدرێت و هەروەها مامەڵەی شارستانیانە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکرێت.

3- لێ پرسینەوە لە کەمتەرخەمیەکان و دامودەزگا پەیوەندارەکان، وەك ئاسایش و پۆلیس بکرێت.

4- پاراستنی دامودەزگا حکومی و حزبیەکان و ئیدانە کردنی پەلاماردانی هەر دامودەزگایەکی حکومی و حزبی، چونکە هەموو ئەو دامودەزگایانە بە موڵکی ئەم میللەتە دەزانین، هەروەها قەدەغە کردنی تەقە کردن لە خۆپیشاندەران بە هەر بیانوویەکەوە بێت.

5- گەڕاندنــەوەی هێــزە جووڵێنراوەکــانی زێرەڤــانی بــۆ شــوێنەکانی خۆیــان و نەجووڵانــدنی هێــزی سەربازی وەك لە راپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆدا هاتووە لەنێوان شارەکاندا، مەگەر لـە حاڵـەتی مەترسـی دەرەکی لە چوارچێوەی یاسادا.

6- پێکهێنــانی لیژنەیــەکی تایبەتمەنــد لــە هــەموو لایەنــەکان و پەرلــەمان و حکومــەت و نوێنــەری خۆپیشاندەران، بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی سلێمانی و هەولێر.

7- ئازاد کردنی گیراوەکان و قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان و زیان لێکەوتووانی ئەم رووداوەی هەرێم.

8- پشتگیری داوا رەواکانی خەڵکی کوردستان و خۆپیشاندەران دەکـەین، خۆپیشـاندەرانیش کـوڕی ئـەو میللەتەن و کوڕی ئەو خاکەن، هەموومان کوڕی ئـەم خاکـەین و، پێویسـتە هـەموومان لـە چوارچـێوەی یاسادا مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەین.

9- تـەنیا هێزەکـانی پۆلیسـی نـاوخۆ و پۆلیسـی چـالاکیە مەدەنیـەکان مامەڵـە لەگـەڵ خۆپیشـاندەراندا دەکەن و هێزە حزبیەکان دەبێت دوور بن لـە رووداوەکـان و تـەدەخول نەکـەن لـە کاروبـاری دامـەزراوە حکومیەکان و کاروباری سیاسی.

10- لە پێناو دروست کردنـی متمانـەو دڵنیـایی، پێویسـتە چاکسازی هەمەلایەنـەو راسـتەقینە ئـەنجام بدرێت و کەموکوڕیەکان چارەسەر بکرێن و گوێ لە رەخنەو ناڕەزاییەکانی خەڵك بگیرێت.

ئەم چاکسازییە لە ئەنجامی دیالۆگێکی تەندروست وگشـتی لـە هـەموو ئەسـتەکاندا بێتـەدی، کـە ببێتـە پرۆژەیـەکی نیشـتمانی و هـەموو بوارەکـانی سیاسـی و کـارگێڕی و ئـابووری و دادوەری............ هتـد بگرێتــەوەو، هــەموو حــزب و لایەنــە سیاســیەکان و مامۆســتایانی زانکــۆو مامۆســتایانی ئــاینی و رێکخراوەکــانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی و پســپۆڕان تیایــدا بەشــدار بــن و ئەنجامەکــەی چارەســەرێکی راستەقینەی لێ بکەوێتەوە، کـە کـۆی جیاوازەکـانی تـر تێـدا بەشـدار بوونـە لـە نەخشـە رێگاکـەی، ئـەو لیژنەیەش کـە بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان بڕیـاری لێـداوە، لیژنـەی بـاڵای بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵی بە زوویی دەست بەکار بێت.

11- نەهێشتنی هیچ دیاردەیەکی دوو ئیـدارەیی و یەکخسـتنی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسـایش و دەزگـا ئەمنیەکان.

12- پاراستنی یـەکێتی و یـەك بـوونی نیشـتمانی و بەرقـەرار کردنـی عەدالـەت و یەکسانی و پاراسـتنی یـەك ریـزی گەلەکـەمان و رێگـا گـرتن لـە پـەرت بـوون و دابڕدابـڕ بـوون، هەوڵـدان بـۆ دەربـاز بـوونی ئەزموونەکـەمان و ئاسـایش و سـەقامگیری هـەرێمی کوردسـتان بـە سـەلامەتی لـەم قەیرانـە، کـە ئەمـە ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی هەموو لایەکمانە.

13- بـوونی دەسـتوور بـۆ هـەرێمی کوردسـتان بـەگرنگ دەزانـین، کـە پەلـەی لـێ بکرێـت و کـە هـەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان رێك دەخات لەچوارچێوەی دەستووردا.

14- راگەیاندن دەوری ئیجابی و بێ لایەنی بگێڕێ و خۆی لە زمانی زبرو ورووژاندن و تـەخوین کـردن بپارێزێت.

لەکۆتاییدا تەئکید دەکەمـەوە، کـە ئێمـە پێویسـتە بـە ژیرانـە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو رووداوانـەدا بکـەین، چونکە هەموومان لە یەك کەشتی داین، ئەگەر ئەم کەشتیە نـەغرۆ بێـت، بێگومـان هـەموومان لەگـەڵی

نـەغرۆ دەبـین و دەخنکـێین، ئەگـەر ئەزموونەکـە لـەبار بچـێت، بێگومـان هـەمووما‌ن بەرپرسـیاری تێکچوونەکە دەبین و ژیانی سیاسی شیرازەی سەقامگیری کوردستان دەکەوێتـە بـەر هەرەشـەو مەترسـی جددییەوە، بۆیە جارێکی تـر داوا لـە هـەموو لایـەن و حزبـە سیاسـیەکان دەکـەین، کـەوا لەسـەر مێـزی گفتوگۆ دابنیشن و چارەسەری هەموو کێشەکان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك عبدالله حاجی محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتەی فراکسیۆنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەفرین خان پێشکەشی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سـەرەتا نیگـەرانی خۆمـان دەردەبـڕین بەرامبـەر بـەو رووداوانـەی کـە چـەند رۆژی رابـردوو لـە شـاری سلێمانی روویانداو، بەداخەوە گەیشتە توندوتیژی و لەئەنجامیشدا شەهیدبوونی ژمارەیەك هـاوولاَتی و بریندار بوونی ژمارەیەکی تری لێکەوتـەوە، هـەر لێرەشـەوە پرسـەو سەرەخۆشـی ئاراسـتەی کەسـوکاری خانەوادەی شەهیدان دەکەین و ئومێدی بە پەلە بۆ چاك بوونەوەی بریندارەکان دەخوازین.

ئێمە پێمانوایە خۆپیشاندان لە چوارچێوەی یاسادا مافێکی یاسایی و ئاسایی هاوولاَتیانەو پشـتیوانی لـە هەر رێگایەکی مەدەنییانـەی رادەبـڕین دەکـەین، تـا مـانگرتنی مەدەنییانـەو خۆپیشـاندانیش، هـەروەك ئەرکی حکومەت و دامودەزگا تایبەتەکان لە پاراستنی گیـانی خۆپیشـاندەران و هاوولاَتیـان و دەسـتەبەر کردنی ئەو مافـە یاساییانە بۆیـان، لـە هـەمان کاتـدا نیگـەرانین بەرامبـەر بـە هـەر لادانێـك لـە رەوتـی خۆپیشاندانەکان و هێرش کردنە سەر دامودەزگاو دامەزراوەکانی حکومەت و بارەگاکانی حزبی و موڵك و ماڵی گشتی و تایبـەت، ئەمـەش خۆشـبەختانە هەڵوێسـتی سـەرجەم لایەنـە سیاسـیەکان بـوو هـەر لـە سەرەتاوە تا ئێستاش.

دواکاریشـین وەزارەتـی نـاوخۆ و لایـەنی پەیوەندیـدار هەسـتن بـە ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان لـە بـە دواداچوونی یاسایی بۆ رووداوەکان و دەرخستنی ئەنجامەکان، داواکاری و داخـوازی جـەماوەری هـەرێمی کوردسـتان بـۆ چاکسـازی و دژایـەتی کردنـی گەنـدەڵی، بـە داواکارییـەکی رەوا دەزانـین، هـەر لـەم پەرلەمانەشەوە هەمان داواکاری کراوە لەسەر هەردوو ئاستی تەشریعی و بەدواداچوون بـۆ ئـەو کارانـە کراوە، کە وەکو دوو ئەرکی سەرەکی پەرلەمانن، لە ئێستاشـدا بـە دەنگـەوە چوونی جـەماوەرو بەهەنـد

وەرگرتنی داواکاری و (خواستەکانیان) ئەنجامدانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بەڕەوا دەزانین ، وە چارەسەر کردنی هەر کێشەو قەیرانێك بە تایبەت لە ئێستادا کە شەپۆلێکی گەورەی گۆڕانکاری ڕووی لە ناوچەکە کردووە، پێویستە دەزگا نیشتیمانیەکانی هەرێمی کوردستان، جەماوەرو لایەنە سیاسیەکان، بە هەستیاری و بەو پەڕی مەسئولیەت و بەر پرسیاریەتیەوە مامەڵە لەگەڵ وەزعەکە بکەن و، هەوڵ نەدرێت بۆ گواستنەوەی ئەجێنداو ئەزموونی جیاواز بۆ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ئەجێندای ڕاپەڕینی جەماوەری لە ولاتان، کەوا دەوڵەتی ئازادو خاوەن سەربەخۆیی و بێ هەڕەشە و مەترسی دەرەکین و، لە ژێر ڕژێمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا حوکم دراون، جا بۆ چارەسەری گرفتەکان ئێمە لە فراکسیۆنی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بە گرنگی دەزانین، وە بەڵکو بە ئەرکێکی هەمەلایەنەی نیشتیمانی بۆ ئەو قۆناغەی جەماوەرو دەسەلآت و هەموو لایەنەکانی دەزانین:

1-دەبێت بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نەدرێت بە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ میللەتی خۆمان، هێزی ئەم ئەزموونەو سەرکردایەتی سیاسی و قورسایی ئەم هەرێمە، لە ناوخۆو لە بەغداو لە دەرەوە، لەم میللەتەوە سەرچاوەی گرتووە و، هەر تێك چوونێك لە پەیوەندی نێوان خەڵك و نوێنەرانیان، لە ناوەندە نیشتیمانی و عێراقیەکانی دەسەلآت، بە گرفت و مەترسی دەزانین و پێویستی بە پەلە چارەسەرکردن هەیە.

2-پاراستنی گیانی هاوولآتیان و دەزگا نیشتیمانیەکان و ڕێز و شکۆیان بە ئەرکی هاوبەشی جەماوەر و دەسەلآت و لایەنەکان دەزانین، پێویستە هەنگاوی گەورەترو فرەوانتر بنرێت، بۆ چاکسازیەکی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستان و، هێنانە کایەی میساقێکی نیشتیمانی، کە سەروەری و ڕەمزە نیشتیمانی و چارەنووس سازەکانی نەتەوەکەمان، وەك خاڵی هاوبەش و کۆ کەرەوە بپارێزێت.

3-بەدوور گرتنی پێشمەرگە لە هەر ململانێیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و پاراستنی ئەرکە نیشتیمانیەکان، وەکو هێزێکی نیشتیمانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان.

4-داواکارین کەوا بە گفتوگۆو دانیشتنی هەمەلایەنە و پڕۆژەی کردارەکی و بە هەقیقی هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە وگرفتەکان بدرێت و هەمووانیش بە گوێرەی ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆمان، بتوانین لەو ڕۆڵەدا دەورمان هەبێت، وە دوور لە هەموو حەساسیەتێك و گیانی بێ متمانەیی و تۆڵە سێنی.

جارێکی تر داوا لە جەماوەر و دەسەلآت و لایەنە کان دەکەین، هیچ کێشەیەك نەکرێت بە بەهانە، بۆ گرتنەبەری و بە کارهێنانی توندو تیژی و سەرەنجامیش ڕەوشێکی مەترسیدار بۆ سەر هەرێمی کوردستان بخولقێت و، چارەنوسی گەلەکەمان و هەرێمەکەمان، بەرەو هەڵدێر بچێت و، ئاسۆی ڕوونیشمان بەرەو نادیار بچێت، بەلآم هیچ کاتێکیش پاراستنی کوردستان نەکرێتە بیانوو، لەبەردەم چاکسازی و بە دەنگەوە نەچوونی داوا ڕەواکانی جەماوەری کوردستان، فراکسیۆنی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان:**

ئێمە بە پەرۆشەوە لە ڕووداوەکانی ئەمجارەی چەند ڕۆژەی دوایی شاری سلێمانی دەڕوانین، کە لە 17ی شوباتی 2011، وە دواتر ڕوویاندا و بووە هۆی گیان لە دەستدان و بریندار بوونی ژمارەیەك هاووڵاتی، وە تا ئەمڕۆش بارێکی نا ئارامی خولقاندووە لەم شارەدا، کە جێگای نیگەرانی و خەمی هەموو لایەن و کەسێکی نیشتیمان پەروەر و دڵسۆزی ئەم گەلەیە، کە لە پاش ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی خەڵکی کوردستان لە پێناو ڕزگاری و زامن کردنی دیموکراسی و ژیانێکی ئارام، هەرگیز نەدەبوو ڕەوتی ناوخۆی کوردستان بەو ئاقارەدا بڕوات، لە کاتێکدا ئێمە پێمان وایە، پاش کەڵەکە بوونی ئەو هەموو کەم و کوڕیە سیاسی و حیزبی و ئیداریانەی کوردستان، مافی هەموو کەس و هاووڵاتی و حیزب و لایەنێك و ڕێکخراوێکی سیاسیە کە بە ئازادانە، تێڕوانینی خۆیان دەربڕن، بەشداری کارا بکەن لە دروست کردنی ڕای گشتی و، بڕیاری سیاسی و ژیانی ناوخۆی ئەم هەرێمەدا، بە شێوەیەکی هێمنانەو شارستانیانە، دوور لە هەرچی توندو تیژی و هێرش و تاوانبار کردنی پێش وەختانەو، بە مەبەست، بە تایبەتی هێرش کردنە سەر بارەگاو بنکەی حیزب و لایەنەکان، لە هەمان کاتدا دژی هەر بەرپەرچدانەوەیەکی چەکدارانەین، لە بری گفتوگۆ و گوێ گرتن لە داخوازیەکان، کە ببێتە مایەی زیان گەیاندن و گیان لە دەستدانی هاووڵاتیان و، لەکە دارکردنی ئەزموون و دەستکەوتەکانی ئەم گەلە، کەبە خوێن و تێکۆشانی خەڵك و، هەموو لایەنە سیاسیەکان و پێشمەرگەی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بۆیە ڕووی داواکاریمان دەکەینە خەڵکی کوردستان، کە هێمنی و ئاسایشی ئەم کوردستانە بپارێزن و دووربن لە هەڵسوکەوتی ناشارستانیانە و، دوور لە عورفی نادیموکراسیانەو توندو تیژانە، لە هەمان کاتدا داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و، تەواوی حیزب و لایەنە سیاسیەکان، بە تایبەتی حیزبەکانی خاوەن دەسەڵات دەکەین، بە خێرایی و بە دڵسۆزیەوە، لە هەستیاری دۆخەکە بڕوانن، وە ڕێگە نەدەن زمانی تفەنگ و هەڕەشە جێگای هەڵوێست و نیشتیمان پەروەرانەیان بگرێتەوەو، بە سینگێکی فرەوانەوە بە تەنگ داخوازی و خواستەکانی ئەو خەڵکەوە بچن، با زمانی لەیەك تێگەیشتن و گفتوگۆی شارستانیانە بکەینە چەکی ململانێ و، وە هەنگاو بەرەو چاکسازی و پێشکەوتن بنێین، لێرەشەوە ئەو پەڕی خەم و دڵتەنگی خۆمان ئاراستەی کەس و کاری ئەو شەهیدانە دەکەین، هیوای چاك بوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، لە کۆتایدا ئێمە پێشنیارەکانمان بەدوو تەوەر دەخەینە ڕووتان، یەکێکیان، لە خاڵە هەنووکەییەکان خۆی دەگرێتەوە، کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانیشمان کردووە:

1-پاراستنی مافی ئازادی و خۆپیشاندان و ڕێکخستن بە پێی یاسا، کە ماوە بە تەجاوز نەدرێت، دەزگا ئەمنیەکانیش پابەندی یاسا بکەن.

2-پاراستنی موڵکیەتی گشتی و تاکە کەسی و سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی، اشخاص، ممتلکات، مقرات احزاب، مقرات و موئەسەساتی ئیعلامی.

3-دروست کردنی حیواری ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران و ناوزەد نەکردنیان بە گێرەشێوێن و تێکدەر، جگە لەوانەی یاسا پێشێل دەکەن.

4-داوا له حوكمەت بكرێت دوو ئیجرائات بكات، ئیجرائاتی بە پەلە، واتە بۆ هێور كردنەوەی بارو دۆخەكە، دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ حیواركردن لەگەڵ خۆپیشاندەران.

5-دامەزراندن بە پێی میكانیزمێك كە شەفافیەت و یەكسانی زامن بكات و لە ڕێگای ڕاگەیاندنی میلاكاتی وەزیفی ڕابگەیەندرێت و بدرێتە دەسەڵات، دەسەڵات بدرێتە هەر وەزارەتێك و، دانانی لیژنەیەك لە چاودێری ئیداری لە چاودێری كردنی جێبەجێ كردنی ئەو كارە دوور لە لیستی حیزبی.

6-پەلە كردنی پەرلەمان لە بڕیاردانی قانونی ئەنجومەنی ڕاژە (قانون مجلس الخدمە).

7-كاركردن بۆ دۆزینەوەی فەرسەتی زیاد كردنی كار كردن لە كەرتی تایبەت بە پشتگیری حكومەت.

دەربارەی خاڵە ستراتیژیەكان:

1-تەرخان كردنی بڕی زۆری بودجەی وەبەرهێنانی ئەمساڵ لە یاسای بودجە، بۆی بونیاد نانی پرۆژەكانی وەبەرهێنانی كارەبا.

2-ئامادە كردنی زانكۆكان بۆ وەرگرتنی دەرچوانی ئامادەیی ساڵی ئاینده، كه چاوەڕوان دەكرێت ژمارەیان زۆر بێت.

3-سنوور دانان بۆ دەست تێوەردانی حیزب لە كاروباری حكومەت.

4-بڕیاردانی میكانیزمی شەفاف لە تەندەرو پرۆژەكانی وەبەرهێنان.

5-ڕاگەیاندنی بنەماكانی سیاسەتی حكومەت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك عبداللە فەرمون، ببورن كاك فاضل.

**بەڕێز فاضل حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی دەكەین لە كەس و كاری شەهیدانی خۆپیشاندانەكانی شاری سلێمانی، هەروەها هیوای ساغ و سەلامەتی و زوو چاك بوونەوەی بریندارەكان دەخوازین، دیارە ئەوەی لە خۆپیشاندانەكان ڕوویدا، ئەم ئەنجامە، كۆمەڵێك هۆكاری هەیە، گرنگترینیان گەندەڵی و ناعەدالەتیەكی زۆرە كەڵەكە بووە، ئێمە بۆ هێور كردنەوەو چارەسەركردنی ئەو ڕەوشەی هەرێمی كوردستان، بە باشی دەزانین كە ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە بەرچاو:

1-بە ڕەسمی پرسەو سەرەخۆشی لە كەس و كاری شەهیدان و هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی بكرێت.

2-ئیدانە كردنی هەموو جۆرە توندو تیژیەك، وەك تەقە كردن لە خۆپیشاندەران و بەرد باران كردنی دام و دەزگاكانی حكومەت و بارەگای حیزبەكان و ، پۆلیسی چالاكیە مەدەنیەكان.

3-بە زووترین كات وەڵامی داخوازیەكانی خۆپیشاندەران بدرێتەوە لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان، بە هاوكاری هەردوو سەرۆكایەتی هەرێم و پەرلەمان.

4-پێكهێنانی لیژنەیەك لە پەرلەمانی كوردستان بە بەشداری هەموو لیست و فراكسیۆنەكان، بە سەردانی كردنی خۆپیشاندەران و گوێ گرتن لە داخوازیەكانیان.

5-گێڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیان بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگای چاك سازیەکی ریشەیی لە بوارەکانی سیاسی و ئیداری و دارایی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی، هەروەها دامەزراندنی دەزگای دەست پاکی نەزاهە بۆ ئەم مەبەستە.

6-قەرەبوو کردنەوەی شەهیدان و بریندااران و هەموو ئەوانەی کەوا لەم ڕووداوانە زیانیان بەرکەوتووە.

7-ڕێگا گرتن لە هێرشی ڕاگەیاندنی حیزبەکان، کە هەموو جارێك کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە.

8-زامن کردنی بێ لایەنی هێزی پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش، لە کێشەکانی نێوان حیزبەکان و حکومەت و خۆپیشاندەران.

9-داوای لێبوردن کردن لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و شەهیدانی خۆپیشاندانەکان بە تایبەتی، لەلایەن هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، لیستی حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەڕێزان ئێستا لیژنەی ناوخۆ، سەرۆك فراکسیۆنەکان، بیرو بۆچوونی لایەنەکانیان پێشکەش کرد، ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا ئەیانەوێ موداخەلە بکەن و قسە بکەن، تکایە بەس تکراری تیا نەبێتن، هەر هەموویان بەسەرچاو، تکایە ناوت بڵێ، ئاشتی عزیز، گەشە دارا، گۆران ئازاد، کەیلی ئەکرەم، عمر نورەدینی، عمر عبدالرحمن، پەیمان عزالدین، پەریهان قوبلای، کوێستان محمد، بشیر خلیل، دڵشاد شهاب، حەمە سعید حەمە علی، سەرگوڵ رضا، حسن محمد، بێریڤان سەرهەنگ، تارا ئەسعەدی، ئاسۆ کەریم، شاهۆ سعید، زانا رؤوف، پەیام احمد، پەیمان عبدالکریم، عزیمە نجم الدین، عبدالله مەلا نوری، سیوەیل عثمان، ڕێباز فتاح، سەرهەنگ فەرەج، پەروین عبدالرحمن، شڤان احمد، سەروەر عبدالرحمن، سالار محمود، ژیان عمر شریف، رفیق سابیر، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت الله، نەسرین جمال، کاروان صالح، عدنان عثمان، ڤیان عبدالرحیم، ناسك تۆفیق، نیزامیە، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕسەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی فراکسیۆنەکان ڕاو بۆچوونی فراکسیۆنەکانیان پێشکەش کرد، من ئەوەندەی تێبینیم کرد، ئەو خاڵانەی هەریەك لە بەڕێزان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوە نیزامی نیە، رەجائەن، دانیشە، بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی ناویان تەسجیل کردووە، ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە مداخەلە بکەن، ئاشتی عزیز، محمد شارەزوری، گەشە دارا، گۆران ئازاد احمد، کەیلی ئەکرەم، عمر نورەدینی، عمر عبدالرحمن، پەیمان عزالدین، پەریهان قوبلای، کوێستان محمد، بشیر خلیل، دڵشاد شهاب، حەمە سعید حەمە علی، سەرگوڵ رضا، خورشید احمد، خلیل عثمان، حسن محمد، بێریڤان سەرهەنگ، تارا ئەسعەدی، ئاسۆ کەریم، شاهۆ سعید، زانا رؤوف، پەیام احمد، پەیمان عبدالکریم، عزیمە نجم الدین، عبدالله مەلا نوری، سیوەیل عثمان، ڕێباز فتاح، سەرهەنگ فەرەج، پەروین عبدالرحمن، شڤان احمد، سەروەر عبدالرحمن، سالار محمود، ژیان عمر شریف، رفیق سابیر، عبدالسلام

بەرواری، صباح بيت الله، نەسرين جمال، كاروان صالح، عـدنان عثمـان، ڤيـان عبـدالرحيم، ناسـك تۆفيـق، بيلال، نەريمان، سمير، كەرەمكە ئاشتی عزيز.

**بەڕێز ئاشتی عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من ئەمەوێ لە دامەزراوەكەی خۆمانەوە دەست پێ بكەم، كە دامەزراوەی پەرلەمانـە، بـەو پێیـەی كە دوو ئەركی سەرەكی پەرلەمان، ئەوەیە بۆ ئەو وەزیفەیە دروست بووە، كە بریتیە لە ئەركی تەشریعی و رەقابی، بەلاّم بەداخەوە ئێمە لەم دۆخەدا بينيمان، وەكو مەسەلەی تەشريعيش دەچێتەوە ژێر پرسـيار و، هەم ديسان ڕۆڵە ڕەقابيەكەشی، بە پێی ئەو دەسەلاّتانەی كە بەتەنها پەيڕەوە ناوخۆكە بە هەموو كـەم و كوڕيەكانــەوە كــە مولاحــەزەمان هەيــە لەســەری، پــەيڕەوە ناوخۆكــەی جێبــەجێ بكردايــە، دەبوايــە سەرۆكايەتی پەرلـەمان نەوەسـتايە لەسـەر دۆخێكـی تـارئی ئـاوا، لـە دوای حـەوت ڕۆژ كۆبوونـەوە لەسـەر وەزعێكی وا حەساس بكات، پێويست بوو ئيعلانـی دانيشتنێكی تارئ بكرێت، چونكە ژيانی خەڵك لـە ژێـر خەتەر دايە، خەڵك دەكوژرێت بە جلی مەدەنيەوە، خەڵك تەعەدای لێ دەكرێت، بە جلـی مەدەنيـەوە، كـە كـەس نازانێـت سـەربەكێيە، وە هـەروەها ڕۆڵـە تەشـريعيەكەی خۆشـی كـە ياسـايەك دەردەكـات لـەناو پەرلــەمان، دواتــر خــۆی ئــەو ياســايە، كــە بەزۆرينــەی دەنــگ، خۆتــان ڕەزامەنــد بــوون، ئەوانــەی كــە نوێنەرايەتی ليسـتی زۆرينـەی حكومـەتيان تەشـكيل كـردووە، ئـەوەی كـە بەرپرسـە لـە تەشـكيل كردنـی حكومەت، بە خۆشحاڵيەوە، زۆرينەی ئەندامانی لێرەيە، ئەو ياسـايە حكومەتەكـەی خـۆی بـۆ جێبـەجێی ناكات، كە بريتی يە لە ياسای خۆپيشـاندان، كەلـەو ياسـايە لـە هـيچ بڕگەيـەكی نـەهاتووە، كـە بـاس لـەوە بكرێت 200م دوای خۆپيشاندەر بكەويت، بـە دەمانچـەيەكی شەخسـی، تەقـە لـە خـەڵك بكـەی، وە گرتـە ڤيـديۆيەكان شاهێدە، كە خەڵك 200م دوور كەوتۆتەوە لە لقی 4، بەلاّم ئەو بەردەوام وەك ئەوە وابێ كـە ڕاوی شتێك بكات، كە زۆر دەمێكـە ئەيـەوێت دەسـتی بكـەوێت، ئەمانــە هــەموويان تاوانبـارن، بــە تايبــەت ئەوانەی كە بڕياری تەقە كردنيان دەركردووە، ئەوانـەی كـە تەقـە كردنيـان ئـەنجام داوە، وە هـەموو ئـەو چەكانەی كە كڕاوە، هەموو ئەو پارانەی كە سەرف دەكرێت، لە پارەی داهاتی گشتی خەڵكـە ، ئـەدرێت بـە تەقەمەنی و ئەدرێت بە خولی ڕاهێنان، بە داخەوە بۆمان دەركەوت، هيچ پۆليسـێك، هـيچ ئاسايشـێك، بـە ژمارەيەكی زۆريان بۆ ئەوەی تاوان بەرامبەريان نەكەن، ئاسايش و پۆليس و خەڵكانی زۆری تريش، كەس و كاری ئێمەن، ئەمانەيە خولی ڕاهێنانەكان كەلە دەرەوە، پارەی زەبەلاحی بۆ سەرف دەكرێـت، بـۆ ئـەوەی ئاسـتی معامەلـە كردنيـان لەگـەڵ خـەڵكا بگۆڕدرێـت يـان بـە شـێوازێكی ديموكراسـی بێـت، بـە داخـەوە حكومەتی هەرێم لە دوای نۆ دەقيقەوە لە پشێوی، سەلماندی كە هيچ دەزگايەكی لە ئاستی بەر پرسيارێتی نيە، كە بتوانێت كۆنترۆڵی ئەو پشێويە بكات لە شاری سلێمانی، وە لەهەمان كاتدا، لە چەند دەقيقەيەكدا بــەناوی فــەوزا، چــەند بارەگايــەكی بزوتنەويــەكی وەك گــۆڕان، بزوتنەوەيــەكی سياســی تــر، وە هــەر بزوتنەوەيەكی تر، ئەگەر لە دەرەوەی ليستی زۆرينە بێت، بۆمان دەركەوت كـە چـەند جارێكی تـر ئەمـە دووبارە بۆتەوە، خوانەخواستە ئەمە تۆمـەت نيـە، بوختـانێكی سياسـی ديـاريكراو بكـەين، كەواتـە ژيـانی هەمووومان لە ژێر هەڕەشەدايە، ئێمە هەميشە لێرە باس لەوە دەكەين، كە پێويسـتە هێزێكـی نيشـتيمانی بەرگری لە هەموومان بكات، من پرسيار دەكەم لە خۆم، لە هەر هەمووتان، لە چ لەحزەيەكی ئەو پشێويە

ئێمە هەستمان کرد هێزێکی نیشتیمانی هەیە پارێزگای لە ئێمەو لە سەرو ماڵی هەموومان دەکات؟، من یەك رەئیم هەیە، ئەوەی کە ئەو پشێویەی لە سلێمانی دروست کرد بەڕاستی، پشێوی موزاهەرە نەبوو، زۆری ئەو هێزانە بوو کە حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی هەرێم لە خۆی کۆ کردوونەتەوە، خەڵك لە یەك کاتدا، من تەدەروجی ناوەکانی بکەم، ئەقڵ و ویژدان و مەنتق ئەزانێت کە ئەمە حاڵەتێکی نائاساییە، هێزی زێرەڤانی، هێزی دژە تیرۆر، هێزی ئاسایش، هێزی چالاکیە مەدەنیەکان، هێزی پۆلیس، وە هێزی تریش، ڕۆژی دووەمی خۆپیشاندانەکە لە جادەی خانەقا، بە جلی مەدەنی، وە گرتەی ڤیدیۆی هەیە، بەڵگە هەیە، وە خەڵك هەیە کە شاهێد حاڵە، کە تەقەی لە خەڵك کردووە، کەواتە تەدەروج کردنی ئەم هێزانە خۆی بۆ خۆی، مانایەکە کە ئەمە هێزێکی نیشتیمانی نیە، کە ژیانی هەموومان لە خەتەر دایە، ئەگەر لەو دۆخەیا هێزی پێشمەرگە پێویستە، من سێ تەرحم هەیە وەکو چارەسەر کردن، پێویستە ئەمە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئاستی پارێزگا، پارێزگاری سلێمانی دەست لە کار بکشێتەوە، بەڕێوەبەری ئاسایش، بەڕێوەبەری چالاکیە مەدەنیەکان، ئەمانە نەوەك وەکو رقێك، یا خوانەخواستە ویستێکمان هەبێت، فەرزی بکەین بەسەر واقعێکا، واقعێك دروست بووە، ئێمە ئەمانەوێ چارەسەر کردنی ئەگەر ئەمانەوێ، چونکە بەڕاستی ئەمانە متمانەی خۆیان لەدەست داوە لە شاری سلێمانی، وە خەڵك جارێکی تر متمانە بەو دەزگایانە ناکاتەوە کە نوێنەرایەتی بکات، پێویستە خەڵکی تر دەست بەجێ، ئەو شوێنانە وەربگرێتەوە کە جێگای متمانەی خەڵك بن، لەسەر ئاستی حکومەتیشدا پێویستە وەزیری پێشمەرگە دەست لەکار بکشێنێتەوە، تەنها ئەوەندە کە خۆی بە بەرپرس نەزانیوە، لە وەزعێکی ئاوا هەنووکەیی تەواجودی هەبێت لە لیژنەی ناوخۆ، وە هەروەها وەزیری ناوخۆش، کە حەوت ڕۆژە ئەو حەدەسە ڕوویەداوە، تەکلیفی لە خۆی نەکردووە کە ئەو ئەزیەتە بفەرموێ، بچێت سەردانی شاری سلێمانی بکات، کە ئەمە ئیعلان کردنی حاڵەی تەواریە، مەفروزە هەموو بەرپرسە یەکەمەکان، سەردانی شوێنەکە بکەن کە پشێوی تیا ڕوویداوە، وە هەروەها لەسەر ئاستی پەرلەمانیشا، من داوا دەکەم ئەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمان دەست لە کار بکشێنێتەوە، تا ئەو کاتەی کە پەرلەمانێکی تازە دروست دەبێت، چونکە جەنابتان سەلماندتان، جەنابت نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی، جەنابیشت نوێنەری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانی، ئەگەر نوێنەر نی، پێویست بوو بە زووترین کات، تۆ بۆ ئەوەی کە بە بوختانی دانەنێیت جەنابت، وە هیچ شتێکی شەخسیمان لەگەڵ جەنابت نیە، ئەمە ڕەئی منە، بەڵام لەم لەحزەدا بە تەواوەتی پۆستەکانی جەنابتان لە ژێر پرسیار دایە، من وەکو ئەندام پەرلەمان مافی خۆمە، لەبەر ئەوەی دەتوانی کە دۆخی یەکلا کەرەوە ببینی، بە خیتابێکی خۆت کە بتوانی دۆخەکە ئارام بکەیتەوە، وە هەروەها ئەو هێزانە، ئەو هێزانەی کە جوڵەی پێ کراوە، بە پێی ئەو یاسایەی کە لە سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، پێویستە بە ئاگاداری ئەنجومەنی نیشتیمانی بێ، هێزی زێرەڤانی ئەگەر پارێزگاری لە سنوورەکان دەکات، جەنابت ئێمەت ئاگادار نەکردۆتەوە، رەئی جەنابتی تیایە لە جوڵە کردنەکەدا، یا ئێمە ئاگادار بین بەلایەنی کەمەوە، مەسئولیەتەکە ژمارەیەك لە حیزبە دیاریکراوەکان مەسئولیەتی جەنابتان هەڵبگرن، ئەگەر پرسیش بە جەنابت نەکراوە، ئێوە لەلای من جێگای ئەو متمانەیە نین، بەڕاستی کە بتوانن سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دەست خۆش، محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی خۆم دەنێرم بۆ بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و، لە هەمان کاتدا هیوای چاك بوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکان دەخوازم، ئومێد دەکەم جارێکی تر لەو جۆرە ڕووداوانە، لە هیچ شوێنێکی کوردستان ڕوو نەداتەوە، لە هەمان کاتدا سوپاس و پێ زانینی خۆم ئەنێرم بۆ هەموو لایەن و کەسایەتی و، ئەوچین و توێژانەی کە لە کوردستان، ئەو فەترەیە هەوڵیان داوە، بۆ ئەوەی وەزعەکان هێور بکەنەوە، بۆ ئەوەی چیتر بتوانین ئەو ئەزموونەی کە بە هیلاکی و ماندوو بوون و بە خوێنی شەهیدان دروست بووە، بە هەموو لایەکمان بیپارێزین، ڕاستە خۆپیشاندانی هێمنانەو سروشتیانە مافی هەموو تاکێکە لە کوردستان، وە پێویستە لە هەرێمی کوردستانیش گوێ لە داوا کاری و پێشنیاری هاووڵاتیان بگرێت، چونکە حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی، کە خزمەتی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بکات، بۆیە من ئەو خۆپیشاندانە هێمنی و سروشتیانە بە کارێکی باش دەزانم، لە هەمان کاتدا دەبێت هێزەکانی چالاکی مەدەنی و پۆلیس سەرو گیانی هاووڵاتیان، بە شێوەیەکی شارستانیانەو مەدەنیانە بپارێزین، وە بەکارهێنانی چەك، لەهەر لایەکەوە بێت، من وەکو ئەندام پەرلەمان مەحکومی دەکەم، چونکە بەڕاستی بەکارهێنانی توندو تیژی ئاوا، گۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندەران، ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندانیان کردووە، بە تەئکید لەباردەچێت، چونکە پێوست ناکات دەستی ئەو داواکاری و پێشنیارەی کە خەڵك هاتۆتە جادە، بۆئەوەی ناگاتە دەستی حکومەت و چارەسەر نابێت، دەبێت حکومەت لیژنەیەکی تایبەتمەند، بە زوویی بۆ ئەم کێشانە دابنێت، گوێ لە داواکاری هاووڵاتیان و نوێنەری هاووڵاتیان و، نوێنەری خۆپیشاندەران بگرێت، بۆ ئەو داواکاریانەیەتی، خزمەت گوزاریانەیەتی، پاراستنی ئەمن و ئاسایشە، ئەو داواکاریانەی کە خۆپیشاندەران بەکاری دەهێنن، لە هەمان کاتدا من پێشنیار دەکەم کە ئەو لیژنەیەی دروست دەبێت لە ژێر چاودێری پەرلەمان بێت، لیژنە تایبەتمەندیەکانی پەرلەمان، یان ئەندامانی پەرلەمان، یان پەرلەمان، وە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چۆنیان پێ باشە ئاگاداری ئەو لێکۆڵینەوانە بکرێت و، وە نەتیجەی لێکۆڵینەوەکان، لە ڕاگەیاندنەکان بڵاو بکرێتەوە، هەرکەسێك تاوانبارە بدرێتە دادگا، هەقی خۆی بە پێی یاساکان لە کوردستان وەربگرێت، من داوا دەکەم کە ڕۆڵی داواکاری گشتی و، چاودێری دارایی، تەفعیل بکرێت، بۆ بەرهەڵست کردنی لە گەندەڵی، وەلەهەمان کاتدا لێپرسینەوە لەو کەسانەبکرێت کە بە ئەنقەست هەڵناستن بە ئیش و کارەکانی خۆیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستان بکەن، خزمەتگوزاری بگەیەننە هەموو شوێنەکان، ئەوەش بەشێکە لە گەندەڵی کە هەرکەسێك لە حکومەت هەڵنەستێت بە ئیش و کارەکانی خۆی، من لێرەدا داوا لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، ئێمە هەڵبژێردراوی خەڵکین، خەڵك دەنگی داوینەتێ، وەزعێکی نائاسایی لە کوردستان ڕوویداوە، داواکارم کە هەموومان بتوانین ئەو وەزعە هێور بکەینەوە، بتوانین هاوکاری خەڵك بین لە گەیاندنی داواکاری و پێشنیارەکان، بتوانین هاوکاری ئەو لیژنە لێکۆڵەرەوەبین کە حکومەت دروستی دەکات، بتوانین ئەو وەزعە ئاسایی بکرێتەوە، داوا دەکەم حکومەتی هەرێمی

کوردستان هەرچی زووە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی هەبێ بۆ چاکسازی لـە ڕووی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی، بە بەرنامـە، وە ئـەو بەرنامەیـەش پێشکەش بـە پەرلـەمانی کوردسـتان بکـات، بـۆ ئـەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان، بـۆ ئـەوەی ئاگاداریـان لـەو بەرنامەیـە هـەبێ، ئـەخیر خـاڵم لەسـەر ڕاگەیاندنـە، ڕاگەیانـدن دوو ڕۆڵـی هەیـە، ڕۆڵێکـی ئیجابی و، ڕۆڵێکی سلبی، بۆیە داواکارم بە هەمووومان، دەورو تەئسیرمان لەسـەر ڕاگەیاندنـەکان هـەبێ، کـە زمـانی زبر لە ڕاگەیاندنەکان بەکارنەهێندرێت، چونکە وەکو ئـەوەی، کـە عـەرزم کـردن، ڕاگەیانـدن ئـەتوانێت دەورێکی باش ببینێـت، بـۆ ئـەوەی زمـانی زبـر لـە ڕاگەیاندنـەکان بەکارنەهێنـدرێت، بتـوانین شـتەکان بەباشی بگاتە خەڵکی کوردستان، بتوانین هەموومان دەستمان هەبێ لە هێور کردنـەوەی ئـەو وەزعانـە، چـونکە ئەگـەر وەزعەکـە تێـك بچـێت، لـە هـەموومان تێـك دەچـێت، هـەموومان زەرەر دەکـەین، هـەر ئەوەندەم هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان، دیـارە ئـەمڕۆ بارودۆخێـك لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە ئارادایـە، کـە ئـەو کەشـە هـەرێمی کوردستانیشی گرتۆتەوە، ئینجا ئایـا هـەل و مـەرجێکی بابەتیـە، یـاخود هـەر هۆکـارێکی تـرە، شـەقامی کـوردی و شـەقامی سـلێمانی ورووژاوە، وە ئێمـە پێویسـتە وەکـو پەرلـەمانی کوردسـتان، پەرلـەمان و حکومەتی هەرێم کە دوو دامەزراوەی شـەرعی و، دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتانن کـە هەڵبـژێردراوەی خەڵکن، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، بیپارێزین، وە چەمکی شەرعیەت و موئەسەساتی، شـەرعی ئەم هەرێمە بپارێزین، بۆ ڕێز گـرتن لـە مـافی دەنگـدەران، کـە دەنگیـان بـە نوێنـەرانی خۆیـان داوە لـە پەرلەمانی کوردستان و، ئـەوانیش حکومـەتیان متمانـە پـێ داوە، بـە پێچـەوانەی ئـەو ڕەوشـەی کـە لـە وڵاتـانی تـر هەیـە، کـە بـە خۆسـەپاندن و تـەعین کـردن، حـوکمی وڵاتـەکانیان دەکـەن، بەداخـەوە لـە خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی، چەندین ڕووداوی نەخوازراو ڕوویداوە، بووە هۆی ئـەوەی کـە خـەڵك تووڕەتر بکات، لەسەر شەقام، وە ئەرکی حکومەت بـوو کـە باشـتر ئـەو ڕەوشـە بپارێزێـت، دیـارە هەنـدێ لایـەن بـەرپرس بـوون، لـەو کەمتەرخەمیانـە، کـە پێویسـتە ئێمـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، جـەخت کەینەوە سەر ئەوەی کە ئەوان لێپرسراو بن بەرامبەر ئەو ڕەوشە، وە بووە هۆی ئەوەی کە چوار گـەنج شەهید بێت، چەندین برینداری لێ بکەوێتەوە، لەناو ئەوانیشان ژمارەیەکی زۆر پۆلیسی تیایـە، بـێ لـە هاووڵاتیان، بەڕێزان، دیارە خـەڵك لـە خـۆڕایی نەهاتۆتـە سـەر شـەقام، خـەڵك تووڕەیـە، هۆکـاری هەیـە، هۆکارەکـان مـن لەمـەدا دەبینمـەوە، کـەم و کـوڕی هەیـە لـە بـواری خزمـەتگوزاری، نـا عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی، تـەداخولی حیـزب بـە کاروبـاری حکومـەت، گەنـدەڵی، لەبـەر ئـەوە ئێمـە پێویسـتە وەکـو

پەرلـەمانی کوردسـتان، ئیدانـەی هـەموو جـۆرە تونـدو تیژیـەك بکـەین، کەلـە شـاری سـلێمانی و شـارو شارۆچـکەکان ڕوویـداوە، وە کـە بەرامبـەر خۆپیشـاندەران کـراوەو، هێـزی چـەکدارو پـۆلیس و، هێـزە ئەمنیەکان بەرامبەر خۆپیشاندەران کردوویانە، وە هەروەها ئیدانـەی ئـەو تونـدو تیژیانـەش دەکـەین، کەلەلایەن ژمارەیەکی کەم لە خۆپیشـاندەران دەکرێتـە سـەر بارەگاکـان و بارودۆخەکـە ئـاڵۆزتر دەکـات، ئیدانەی سووتاندنی هەموو جۆرە بارەگا حیزبیەکانی تر کەلە شارەکانی هـەولێرو، سـۆران و، هـەروەها سووتاندنی کەناڵی نالیا دەکەم، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو پەرلـەمانی کوردسـتان، ئـەمڕۆ خـەڵك چـاوەڕێی لێمانە کە بڕیاری چارەنووسساز بدەین، کە یەکلا کەرەوە بێت و، مەرجـەعی خـەڵك بێـت، پەرلـەمانی کوردسـتان لـەم بارودۆخـە نـا هـەموارەدا، مـن داواکـارم لـە مـاوەی شـەش مانگـدا حکومـەت بەرنامـەی چاکسازی بخاتە بـەردەم پەرلـەمان، دەسـتی حیـزب لـە حکومـەت بکشـێندرێتەوە، هـەموو ئـەو کـەس و لایەنانەی کە کەمتەرخەمن لەم ڕووداوەدا، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێـت، هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە تاوانبارن و تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە، یاخود فەرمانیان پـێ کـردوون بدرێنـە دادگـا، بـە هـیچ شـێوەیەك تونـدو تیـژی بەکارنەهێنـدرێت لەلایـەن هێـزە ئەمنیەکانـەوە، کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن خـاو بکرێنەوە، تەفعیلی داواکاری گشتی بکرێـت، هەنـدێ چاکسـازی بکرێـت، پێویسـتی بـە بڕیـاری پەلەیـە لەلایـەن حکومەتـەوە، هـەروەها بەدواداچـوونی گەنـدەڵی و ڕاپۆرتـەکانی چـاودێری دارایـی، هەنـدێك چاکسازی تر هەیە، کە بەڕاستی پێویستە لەناو ئەو موئەسەسەی خۆمـان بیکـەین، پێویسـتە پەرلـەمان کاراتر بکەین و، ئەو قەید و بەندانەش کەم بکرێتـەوە، کـە لەلایـەن لیژنـە پەیوەندیدارەکانـەوە زیـاتر بەدواداچـوون بکـات، هـەروەها داواکـارم سـەرۆك کۆمـارو سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان، بگەڕێنـەوە خاکەکـەی خۆیـان، لەبـەر ئـەوەی وەزعێکـی زۆر ناهـەموار هەیـە، خـوێن ڕژاوە، ئـەو دوو سـەرۆکە لـە هەمووبمان زیاتر بەپرسن، کە بگەڕێنەوەو بڕیاری چارەنوسسازیان هەبێ لەو بارودۆخەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان پێیدا گوزەر دەکات، وە تێیدا دەژیـت، هۆکـاری نێـو دەوڵـەتی هەیە، وەکو ئەو باهۆزەی خۆپیشاندان لە وڵاتاندا هەیە، وە هۆکاری زاتی و ناوخۆیش هەیە، کە هەموو بەڕێزەکان سەرۆکی فراکسیۆنەکان ڕاپۆرتەکانیان دا بە وردی ئاماژەیان بە هۆکارەکاندا، کە لە نـاوخۆدا چـیە، ئێمـە دەبێـت بـزانین ئـەو هاووڵاتیانـەی کـە خۆپیشـاندان دەکـەن، خـەڵکی وڵاتـانی دەروە نـین، بەردەسـتی هـیچ کەسـێك نینـە، نـەوەی ئـەم گەلەنـە، هـاووڵاتی هـەڵقوڵاوی ئـەم میللەتەنـە، وە بـەم پێیەشەوە ئەم هاووڵاتیانە، پرۆژەیەکیان پێیە، پرۆژەی چاکسازی لەم هەرێمەدا، کەواتە بەر لەوەی کـە هیچ هێز و گروپ و لایەنێك و دەسەڵات و پارتێك خۆی بکات بە خاوەنی پـرۆژەی چاکسـازی، پێموایـە ئەو هاووڵاتیانەی کە ئێستا لە خۆپیشـاندان و لەسـەر شـەقام و گۆڕەپانـەکان کۆبوونـەوە، ئـەوە خـاوەن پرۆژەی ئەم چاکسازیەن، لەم سۆنگەیەوە کە ئێمەش هەڵبژێردراوی ئەم گەلەین، ئەو هاووڵاتیانەی کـە ئێسـتا لـە گۆڕەپـان و شـەقامەکان خۆپیشـاندان دەکـەن، وە داوای چاکسـازی دەکـەن، وە بەیاننامـە بـڵاو

دەكەنــەوە، هــەر ئــەو هاوولاَتيــە بەرێزانــە دەنگيــان بــە ئێمــە داوە، ئێمــەيان نــاردووە بــۆ پەرلــەمانی كوردستان، ئێمە لەم پەرلەمانە سوێندمان خواردووە، كەوا بەرژەوەندی میللەتەكە بپارێزین، وە هــەوڵ بدەین بۆ چاكسازی لەم هەرێمــەدا، بۆیــە ئــەوەی گرنگــە لــەم ڕۆدا، پەرلــەمانی كوردســتان وە لــە ڕێگــای ئەندامەكانی پەرلەمانەوە ببێتە هۆی دروست كردنی ڕایەڵەیەكی پتەو، بۆ كردنــەوەی دەرگــای دیــالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران، گوێ لە داواكاری و سەرنــج و بەرنامــەكانیان بگرێــت، بــەلاَم بەداخــەوە ئەوەی كە گرنگە ئێمە گفتوگۆیەك بگرینە بەر لەگەڵ هاوولاَتیاندا، بــەر لــە هەرشــتێك پێویســتمان بــە گەڕانــەوەی متمانــەی خەڵكــە، بــۆ دەســەلاَت و بــۆ پەرلــەمان و بــۆ حكومــەت لــەم هەرێمــەدا، چــونكە ئەگەرچــی چاكســازی خــۆی لــە خۆیــدا، پڕۆژەیــەكی درێــژ وەختــە، پڕۆژەیــەكی بەردەوامــە، ئەوەنیــە بەچەند یاساو بڕیارێك بە بۆچوونی من ئێمە دەری بكەین و كۆتایی بێ، چاكسازیش شتێكە دەبێت بە بەردەوام لە نوێ كردنەوەو لە هەنگاو نان دابین، جگە لەوەش حكومەت كۆمەڵێك هەنگاوی باشــی نــاوە بۆ چاكسازی، بەلاَم لەپاڵ ئەمانەشدا چەندین بڕیارو بەڵێن، كە ئێمە لە پەرلەمان و لە حكومەتــدا، لــە ساڵانی ڕابردوو بەو خەڵكەمان داوە، كە تا ئێستا هــەنگاوی جــدیمان بــۆ نــەناوە، ئەمــە وای كــردووە بــێ متمانەیی دروست بێت، لە نێوان دەسەلاَت، چ لە پەرلەمان و حكومەت، چ لــە نێــوان ئــەو هاوولاَتیانــەی كە ئەمڕۆ لە جادە خۆپیشاندان دەكــەن، بــۆ ئــەوەی ئێمــە هــەم بتــوانین ئــەم دیالۆگــە بكــەین، وە هــەم بتوانین ئەو متمانەیە بگەڕێنینەوە، بەڕاستی هەموو ئەو جوملانەیەی ئێمــە گوتمــان، هــەنگاوی باشــە، بەلاَم دەبێت بزانین، چۆن هەنگاوی بۆ دەنــێین، وە بەرنامــە عەمەلیــەكان چیــە؟، لــەم ڕوانگەیــەوە مــن پێشنیاری ئەوە دەكەم لە پەرلــەمانی كوردســتان، هــەر بــەلاغێك یــاخود هــەر ڕێگــە چارەیەك پێشــنیار دەكات، بۆ هێور كردنەوەی ئەو بارودۆخە، وە بۆ چاك كردنەوەی ئەو دۆخەی كە ئەمڕۆ هاتۆتە ئاراوە، بەڕاستی گرنگی بە كات بدات، كاتێك كە دەڵێین گەندەڵی ناهێڵین، كاتێك كە دەڵێین چاكسازی دەكەین، دەبــێ بڵــێین ئــەم هەنگاوانــە چــەندی پێویســتە، كۆمــەڵێك بڕیــارو هــەنگاو هەیــە، كۆمــەڵێك هــەنگاوی چاكســازی هەیــە، شــتی ســتراتیژی و دوو مەودایــە، بــەلاَم ئەمــەش كــاتی دەوێ بــۆ دیــاری كردنــی، وە كۆمەڵێكیشیان، ئێستا حكومەت دەتوانێت كۆمەڵێك بڕیار دەربكات، بۆ باشتر كردنــی گــوزەرانی خــەڵك، هــەر لــە نەهێشــتن و كــەم كردنــەوەی ناعەدالــەتی كۆمەلاَیــەتی، هــەر لــە كرانــەوی فــەزای سیاســی لــەم هەرێمەدا، كە ئەمە كۆمەڵێك هەنگاوە كە دەتوانین ئێمە بیهاوێین، بۆیە داواكارم لە كۆتایدا ئەگەر هەر هەنگاوێكمان نا، ئەم خاڵە لەبەر چاو بگرین، ئەو هەنگاوانەی ئێمە بۆی دەهاوین لەبەر چاو بگرین، وە لــە لایــەكی تــریش ئــەم دۆخــەی كــە لــە هــەرێمی كوردســتان هاتــە ئــاراوە، كــە مــن نامــەوێ بێمــە ســەر وردەكاریەكەی ئاشتی خان باسی كــرد، لــە ئــەنجامی جێبــەجێ نــەكردنی، خــاڵ بــە خــاڵی ئــەم یاســایەی خۆپیشاندان بوو، كە تێبینیشی هەبوو، بەلاَم ئەو خالاَنەی كەوا جێبەجێ نەكرا، ئەو خالاَنە نەبوو كــە خەڵك تێبینی لەسەر هەبوو، كۆتایی هاتنی خۆپیشاندان و، پەرت كردنی خەڵك لە دوای كۆتایی هاتنی خۆپیشــاندان و، پــەرت كردنــی خــەڵك بــەو وەســائیلە مەدەنیانــەی، ئەوانــە خــەڵك مولاحــەزەی لەســەر نەبوو، ئێمە باسی ئەوەمان نەكردبوو كە بە گولە وەلاَمی خەڵك بدرێتــەوە، بــەلاَم ئــەو هەنگاوانــە نــرا، بەڕاستی من لەوەدا پەرلەمانی كوردستانی خۆمــان و حكومــەت كەمتەرخەمــە لــە جێبــەجێ كــردن، وە پەرلەمانی كوردستانیش بە مەسئولیەت دەزانم، بۆیە لەو ڕوانگەوە من پێشنیار دەكەم، كــە پەرلــەمانی

کوردستان ئەم کۆبوونەوەی ئەمرۆ، کۆبوونەوەیەکی نائاساییە بۆ هێور کردنـەوەی بارودۆخەکەیـە، بـۆ پاراستنی ئەم ئەزموونەیە، کە ئێمە هەموومان دەبێت لەم ڕوانگەیەوە و لەو چوارچێوەدا قسان بکەین، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان، لە دوای دەست پێ کردنەوەی دەوامی ئاسای، بـە پێی یاساو پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان، چـەند کۆبوونـەوەیـەکی ئەگـەر کراوەبێـت یـاخود داخـراویش بێـت، بیکـاتن، یەکـەم هـەنگاو بـە مەبەسـتی چاکسازی لـەناو پەرلـەمانی کوردسـتان بێـت، چونکە ئـەم دۆخـەی ئـەمرۆ هاتۆتـە کوردسـتان، چاودێری حکومـەت، ڕەقابـەی حکومـەت، نەهێشـتنی گەندەڵی، ئێمە بەشێکین تیایدا وەکو چاودێری، جا ئەو کاتە باسی هەنگاوەکانی چاکسازی دەکرێـت لـە پەرلـەمان بکرێـت، دوو، بەڕاسـتی پێویسـتە حکومـەت بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر ناچـار نـەبێت، هێـز بجوڵێندرێ، پەنا بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان ببردرێـت، هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، ئـەرکێکی گەورەتر و پیرۆز تری هەیە، کـە پاراسـتنی ئـەم ئەزموونەیـە، پێویسـتە پۆلیسـەکانی چاالکی مـەدەنی، هـەم زیـاد بکرێـت لـە هـەموو شـارو شارۆچکەکان، هـەم ئیمکانیـەت و توانایـان زیـاتر بـەرز بکرێتـەوە، پێویستە ئێمە وەك بەر پرسان، وەك دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە باس لەوە دەکەین، کە دیالۆگ لە جادەدا بکەین، دەبێت دوور بکەوینەوە لە وشەی ئاژاوە گێڕ وتێکدەر، چـونکە ئـاژاوە گێـڕو تێکـدەر ئێمـە نـین دیاری دەکەین، ئەمە یاسایە دیاری دەکات کێ ئاژاوە گێڕو تێکدەرە، وە سزای ئەو کەسانەش دەداتـن، وە دروست کردنی ئەم ڕایە، لە ڕێگای گفتوگۆی ئەم لیژنانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێگـەی ئـەم نوێنەرانە، بۆ شـۆڕ بوونـەوە بـۆ نـاو خـەڵك، وە جگـە لـەوە پشـتگیری لـە سـەرجەم خاڵـەکانی ڕاپـۆرتی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، لە سزادانی کەسانی کەمتەرخەم، وە تێبینیشم هەبوو لەسەر خاڵی شـەش، کـەوا جووڵانی هێز، تەنها لەبەر مەترسی دەرەکی نیە، بـەڵکو پێویسـتە بـە پێـی یاسا بێـت، کـە یاسـا دیـاری کردووە لە چ کاتێکدا هێز دەجووڵێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کەیلی ئەکرەم فەرموو.

**بەڕێز کەیلی ئەکرم مەنتك:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێت دەسپێکی قسەکانم بەوە بێت، کە سـەری ڕێـز و نـەوازش دا بنـوێنین بـۆ گیـانی پـاکی شەهیدانی ئەم ڕووداوە، وە داواکارم لە خوای گەورەش کە شیفای بریندارەکان بدات، لە ڕاستیدا مایـەی نیگەرانیە، ئەو بارودۆخە کە چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا، لـە شـاری سلێمانی ڕوویـداوە، کـە کاریگـەری کردۆتە سەر بارودۆخی کوردستان، ئەمەش بەڕاستی مایەی ترسناکە بۆ دۆزی کورد، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

میللەتی کورد ساڵەهای ساڵە خەبات دەکات، وە قوربانی دەدات بۆ دروست کردنی کیانێك، کـە چـەندین ساڵە زوڵمی لێ دەکرێت، لە لایەن دوژمنانەوە، سوپاس گوزاری بـۆ خـوای گـەورە کـە توانیمـان بەشـێکی زۆر لــە هیــواو ئامانجــەکان بەدەســت بهێــنین، وەکــو جــێگیر کردنــی فیدرالیــەت، وە دروســت کردنــی دامەزراوەی نیشتیمانی، وە پەرلەمان و سـەرۆکایەتی هـەرێم و حکومـەت، وە زۆری تـر، ئەمـەش بـەری خوێنی شەهیدانی خەباتی پێشمەرگە قارەمانەکان، وە گشت خەڵکی دڵسۆزی کوردسـتانە، بـەڵام لەگـەڵ

ئەمەشدا، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت، کە زۆر هیواو خەونی مەزنمان ماوە، کە هێشتا تەحقیق نەبووە، بەڵکو دەبێت کاریان بۆ بکرێت، وە بە دەست هێنانی ئەمەش، وەکو گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، جێگیر کردنی پێشمەرگەی کوردستان لە مەرکەز، وە چەندین ئامانجی تر، کە دەبێت بەرنامەو پلانی بۆ دابندرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ساڵانێکە هەست بەوە دەکرێت، کە دوژمنانمان کەوتوونەتە پیلان و بەرنامە بۆ لەبار بردنی گشت ئەو دەستکەوت و ئامانجانەی کە کورد بە دەستی هێناوە، هەوڵدانی بۆ ڕێگە گرتن لە هیواو ئاواتە گەورەکانمان، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە، تاکو ئێستا ئەم هەوڵانەیان بۆ فەراهەم نەبووە، بەڵام سەد حەیف و مخابن، دەبینین کورد ئیمرۆ خۆی کەوتۆتە وێزی خۆی، بۆ لەناو بردنی ئەو دەست کەوتانەی کە بە دەست هاتووە، وە لەبار بردنی گشت هیواو ئاواتەکانمان، ئاواتەکانی گەلەکەمان، کەئەمەش هێنانەدی هیواو ئامانجەکانی دوژمنەکانمان، بۆیە ڕووی خۆم دەکەمە گەلە ستەمدیدەکەم، وە پێی دەڵێم کە شاری هەڵمەت و قوربانی بە تایبەتی، ئێمە جیاوازین لەگەڵ وڵاتانی میسر و تونس، چونکە ئێمە 20 ساڵە سەربەخۆیمان، بەدەست هێناوە، وە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە، شەرعیەتی وەرگرتووە، کە هەریەك لە میسر و تونس، بە ئینقیلاب یان بە دیکتاتۆر، یان ڕاستەوخۆ هاتوونەتە سەرتەختی دەسەڵات بەپێی بوونی سندوقی دەنگدان نەهاتوونە، دەڵێم گەلە زوڵم لێ کراوەکەم، تکاتان لێ دەکەم ڕەوشی ئاسایی بگەڕێننەوە بارودۆخی هەرێمەکەمان بپارێزن، ئەگەر داواکاریتان هەیە، ئەگەر نارازینە، ئەوە مافێکی ئاسایی خۆتانە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت، کە شارستانیانە بین، دوور بین لەهەر هەڕەشە کردنەك، لەبەرژەوەندی باڵاکانی میللەت و هەرێمەکەمان، وە بەبیرتان دەهێنمەوە، کە سندوقی دەنگدانتان لەبەر دەمدایە، بۆ هەڵبژاردنی ئەو لایەنانەی کە دەتانەوێت، نەوەك ڕێگەی نا تەندروست و نایاسایی، سێیەم، ئەو داواکاریانەی کە هەندێك لایەن ئیدیعای بۆ دەکەن، ئەوە خزمەت بە دۆزی کورد ناکات، وە هەروەها دەبێتە ناشیرین کردنی، وە هەروەها بەڵکو دەبێتە خزمەت کردنی ئە جێنداو ئامانجی دوژمنانی کورد، بۆیە داوا دەکەم لە گشت چین و توێژەکانی کوردستان، هاوکار بن بۆ ئاسایی بوونەوەی بارو دۆخی هەرێمەکەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان، قەوارەیەکی سیاسیمان هەیە، کە بێ سەروەری و بێ دان پیا نانی دەوڵەتیە، ئەم قەوارە سیاسیە، وەکو چەترێکی سیاسی، ڕەشماڵێکی سیاسی هەموومان لە ژێریدا کۆبوویینەتەوە، بەرهەم هێنانی ئەم قەوارە سیاسیە، بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی هەمووان بووە، بە هەموانیش ئەو قەوارەیە دەپارێزرێت، پێویستە بە خەبات و تێکۆشانی هەموانیش بە هێزی بکەی، بە هێزی بکەین بە دیموکراسیەت، بە هێزی بکەین بە سەروەری یاسا، بە هێزی بکەین بە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری و، قوڵ کردنەوەی ماف و ئازادیەکان، ئەمە بەرپرسیاریەتی هاوبەشی

هەمووانی دەوێت، بەر پرسیاریەتێك كە جۆرێك لە فەزای هاوكار ئامێزیش بخولقێنێ، نەوەك بەوەی كە ئێمە هەوڵ بدەین، لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی كوردستان، هاووڵاتیان، حیزبە سیاسیەكان، چین و توێژەكان، لەناو پەرلەمانیشدا فراكسیۆنەكان، هەوڵ بدەین یەكتر دابەش بكەین، بەسەر دوو بەرەی خێرو شەڕدا، كە ئەمە بەرەو ئاراستەیەكمان دەبات، كە توانا ماددی و مەعنەویەكانی هەموو لایەكمان، بە زایە بدات، نەوەك بیخاتە چوارچێوەی پرۆسەی بنیاد نانێك و، خۆ بەرهەم هێنانەوەیەكی بەردەوام، لە ئێستاو لە ئایندەدا، ئێمە لە هەرێمی كوردستان، چەندین میكانیزمی یاسایی و سروشتی و دیموكراسیمان هەیە، ئێمە پەرلەمانمان هەیە، فراكسیۆنمان هەیە، حیزبی سیاسیمان هەیە، میدیامان هەیە، كۆمەڵگای مەدەنیمان هەیە، دەبێ هەموو ئەو ناوەندانە بكەین بە شوێنێك، بۆ گفتوگۆ، گفتوگۆیەكی بنیات نەرانە، گفتوگۆیەك خاڵی لە توندو تیژی، بە دێوەزمە كردنی لایەنێك و، بە فریشتە كردنی لایەنێكی تر، گفتوگۆیەك كە ببێتە مایەی تەواسلْ و تەكاملی هەرێمی سیاسی و سیستەمی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، ئێمە دەبێت گوێ لە یەكتر بگرین، حكومەتی هەرێمی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان، موئەسەساتی حوكمڕانی جیاواز لە هەرێمی كوردستان، گوێ لە هاووڵاتیانی خۆمان بگرین، داواكاریەكانیان بە ڕەوا بزانین، هەروەها لە بەرامبەردا، هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان دەبێت گوێ بۆ پەیامی حكومەت بگرن، گوێ بۆ پەیامی پەرلەمان بگرن، هی حیزبە سیاسیەكان بگرن، بەم شێوەیە هەردوولامان گوێ لە یەكتر بگرین، خاڵێكی تر كە پێویستە ئێمە بەكاری بهێنین، لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و، حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ هاووڵاتیان، كەلەو نێوەدا ئەڵقەیەك هەیە كە تائێستا جۆرێك لە غائیب بوونی هەیە، دەكرێ ئێمە چالاكتر و گورج و گۆڵتری بكەین، بریتی یە لەوەی كە خوێندنەوەیەكی سیستەمیانە هەیە، بۆ كار كردنی دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندی نێوان جەماوەر، بریتیە لەوەی بۆچوونێكی سادەیە، دەڵێ هەمیشە لەناو كۆمەڵگاوە، (ئین پوت) هەیە، واتە داواكاری هەیە، پێشنیار هەیە، گلەیی هەیە، گازندە هەیە، لەناو كۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێ، ئەمە دەبێت لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، لە لایەن سیستەمی سیاسی لە هەرێمی كوردستانەوە وەربگیرێ، بە شێوەیەكی سروشتیانە، وەربگیرێ و مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، لە بێژینگ بدرێت، غەربەلە بكرێت، دوای ئەوە بە پرۆسەی تەحویل كردن دابڕوات، تا لەوسەر ببێت بە بەرنامە، ببێت بە یاسا، ببێت بە بڕیار، ئەو كاتە دوای ئەوەی كە لەژێر ڕۆشنایی ئەم داواكاریە هاتووانە لە لایەن خەڵكەوە، پەرلەمان و حكومەت بڕیار دەردەكات، یاسا دەردەكات، بەرنامە دادەڕێژێت، لەوێوە دەبینین ئەم هاتووانە، دەبن بە ڕۆیشتوو لەناو حكومەتدا، لە وێوە هاوسەنگی لە نێوان داواكاریەكان، لەگەڵ سیاسەت و بەرنامەی حكومەت دروست دەبێت، لەوێشەوە دەسەڵاتی سیاسی، لە ئیشكالیەتێك كە پێی دەگوترێ لە بارچوونی سیاسی، خۆی دەپارێزێت كە لە بارچوونی سیاسی ئەوەیە، كاتێك كە هاووڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسی، بە مانا سلبیەكەی ڕووبەڕووی یەكتری دەبنەوە، بەڵكو لە وێوە، متمانە دروست دەبێت، لەوێوە خۆشەویستی دروست دەبێت، لە وێوە بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەك دەبێت، كە دەتوانێت لە ئاستی ئەركە ڕاستەقینەكانی خۆیدا بێ، بەهەرحاڵ لەو چوارچێوەیەدا، من پێشنیار دەكەم، لەگەڵ ئەوەی كە بە بیرو بۆچوونی فراكسیۆنەكاندا هاتبوو، لیژنەی باڵای گوێ گرتن و بەدواداچوونی داواكاریەكانی هاووڵاتیان، كە زۆربەی زۆری

فراكسيۆنەكانيش تەئكيدى لىَ كردەوە، هەروەها ليژنەيەكى تر لە سەر ئاستى پەرلەمان و حكومەتى هەرێمى كوردستان پێك بێت، بەناوى ليژنەى بالآى ئامادە كردنى چاكسازى، كە دەكرێت ئەم ليژنە بالآيە گفتوگۆ لەگەلْ چين و توێژەكان بكات، لەگەلْ كۆمەلگاى مەدەنى بكات، لەگەلْ نوێنەرى خۆپيشاندەران بكات، خالێكى تر كە لەوانەيە ببێتە يەكێك لەو هۆكارانەى كەوا بۆتە مايەى خولْقاندنى ئەم بارودۆخە، بريتيە لە مەسەلەى دياردەى گەندەلّى، بۆ ئەوەى ديادەى گەندەلّى، لە دروشمەوە بگوازرێتەوە بۆ بەرنامەيەكى فيعلى، بۆ ئەوەى گەندەلّى لە بەكارهێنانێكى زبرى ناو گوتارى ئيعلاميەوە، بگوازرێتەوە بۆ بەرنامەيەكى كاراو فەعال، من پێشنيارى ئەوە دەكەم حكومەتى هەرێمى كوردستان، بە هەماهەنگى لەگەلْ وەزارەتى خوێندنى بالآ و، لەگەلْ موئەسەساتى عيلمى و زانكۆو مەعريفى لەم ولآتەدا، كۆنفرانسێكى تايبەت بكرێت لەسەر بەرنامەى گەندەلّى، بۆ ئەوەى بە شێوەيەكى زانستيانە ديراسەى ئەم دياردە بكەين، نموونەى ولآتانى تر هەلْبسەنگێنين، كە چۆن ئەوان بە شێوازى جياواز و جۆراو جۆر، بە شێوازى ياسايى، بە شێوازى موئەسەساتى مەدەنى مامەلْەيان لەگەلْ دياردەى گەندەلّى كردووە، تا لە سەرينى ئەم كۆنفرانسەوە، بە دەرەنجام و بەرئەنجامى زانستى بگەين، بۆ ئەوەى لە داهاتوودا هەموومان چۆن بتوانين كە لەگەلْ ئەم ديارده نەخوازراوە ڕووبەڕوو ببينەوە، سنوورى بۆ دابنێين، لە داهاتوودا هەولْ بدەين ئيحتيواى بكەين و كۆنترۆلّى بكەين، خالێكى تر كە دەكرێ ئێمە بيرى لىَ بكەينەوەو، لە داهاتوودا كارى لەسەر بكەين، بريتيە لە گفتوگۆى زيندوو، گفتوگۆى زيندووى نێوان ئەندامانى پەرلەمان، گفتوگۆى زيندووى ليژنەكانى پەرلەمان لەگەلْ چين و توێژەكان، لەگەلْ هێزە كۆمەلآيەتيە كاريگەرەكان، لەگەلْ هاوولآتيان، بۆ نموونە، ليژنەى كۆمەلگاى مەدەنى، گفتوگۆيەكى فرەوان لەگەلْ دام و دەزگاكانى كۆمەلگەى مەدەنى بكات، بۆ نموونە، ليژنەى ئەوقاف و كاروبارى ئاينى، گفتوگۆ لەگەلْ زانايانى ئاينى بكات، ليژنەى پەروەردەو خوێندنى بالآ، گفتوگۆ لەگەلْ مامۆستايانى زانكۆ و مامۆستايان بكات، لەوێوە گفتوگۆى گوىَ گرتن بێت، گفتوگۆى وەرگرتنى ڕاسپاردەو پێشنيار بێت، بۆ مامەلْە كردن لەگەلْ ئەم.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

تكايە، لە بابەتەكە دەرنەچن، كێشەيەكمان لەبەر دەستدايە، جەلسەى ئيستيسنائيمان بۆ كردووە، كێشەى خۆپيشاندان و چۆن هێور بكرێتەوە، محازەرات بۆ تەسقيفى ئێرە، لەدەرەوە بۆخۆتان بيكەن، تكايە، رەجائەن.

**بەڕێز عمر نورەدينى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

مامەلْە لەگەلْ ئەم دۆخە دەكەين، بە شێوەيەكى هەنووكەيى و بە شێوەيەكى ستراتيژى، زۆريش ئاساييە ئەگەر بيرو بۆچوونێك لە محازەروە فێر بووبين، خزمەتى دۆخى ولآتەكەمان بكات لێرە بيخەينە بەرچاو، خالێكى تر من پێم باشە ئەوەيە كە هەولْ بدرێت لە ئاييندەدا، فراكسيۆنەكانى ناو پەرلەمان كۆببنەوە كە لە داهاتوودا چۆن مامەلْە بكەن لەسەر ئاليەتێكى گورج و گۆلْ تر بۆ دەركردنى ياسا، لە چوار چێوەى نوىَ كردنەوەى پەيڕەوى ناوخۆى پەرلەمان، كەمن پێموايە ئەمە، بەشێك دەبێت

له كەم كردنەوەی گرژیەكان، له ئارامی سیاسی، لـه سـەقام گیری سیاسـی، پاشـان ڕەنگدانـەوەی لەسـەر ئاستی كۆمەڵگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر عبدالرحمن فەرمووو.

**عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەكی وتەكانم بە پرسەو سەرەخۆشی بۆ سەجەم ئەو شەهیدانەی كـە لـەو كارەسـاتە دڵتـەزێن و ناخۆشانەی كـە چـەند ڕۆژە لـە سـلێمانیە، بوونەتـە قوربـانی و هیـوای چـاك بوونـەوی بـە پەلـەش بـۆ برینـدارەكان دەخـوازم، پێشـمواية برینـەكانی ئـەوانیش ئەوەنـدە گەورەیـە، وەكـو برینەكـەی شـاری سلێمانی و، برینەكەی ئەزموونی كوردستان، چاك بوونەوەیـەكی بـە پەلـەو ئیشـێكی جـدی ئـەوێت بـۆ ئەوەی بتوانین هەمووومان سارێژی ئەو برینانە بكەین، بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، ئاشكرايە نـاڕەزایی ئەو خەڵكە، جا ئەگەر هەندێك لە حیزبـەكان و بزووتنـەوەكانی نـاو كوردسـتان پێـی هەڵسـابن، یـاخود تەنیا كارێكی كۆمەڵانی خەڵك بێ و داواكاریان هەبێت و پێشكەش بە حوكمەتەكەی خۆیان بكـەن، مـن پێموایـە شـاری سـلێمانی نـامۆ نیـە بـە مەسـەلەی خۆپیشـاندان و موزاهـەرەو نـاڕەزای هەرلـە كۆنـەوە، شارێكە شارێكی زیندووە، شـارێك نیـە دەسـتی كەسـی لەسـەر گیرابـێ، لەسـەر بـیرو بـاوەڕی ئـازاد و ڕای ئـازاد، ڕۆژنامـەو شـیعرو ئـەدەب و ، شـاری شـێخ مـەحمودی نـەمرەو، شـاعیرانی زێـوەرو مـەحوی و بـێ كەسە، شاری خەڵكی ڕۆشنبیرو سیاسی و ڕوناكبیر بووە، پێموایە خەڵكەكە زۆر بـە حـاڵی بـوونی یاسـای خۆپیشـاندان ئاشـكرا نـەبوون، ئاشـكرا نـەبوون بـە چـۆنیەتی ئـەو یاسـایەو مامـەڵە كـردن لەگـەڵ ئـەو یاسایە، بۆیە هەندێك گرژی لێ كەوتۆتەوە، من لە دڵەوە پێم ناخۆشـە نـابێ گـرژی لێ بكەوێتـەوە، ئـەو یاسایە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، پەرلەمانی كوردستان زادەی ئیرادەی ئەو خەڵكە بە شـەرفەی كوردستانە، پەرلەمانی كوردستان، زادەی هەوڵ و تێكۆشانی چەندەها ساڵەی، زۆر لـەو برادەرانـەی كـە ئێستا لێرەن و، ئەوانەش كەلە دەرەوە سەرۆكایەتی حیزبـەكان و لایـەن و گرووپـە سیاسـیەكان دەكـەن، ژیانی خۆیان تیا سەرف كرد، بەهاری ژیانی خۆیان بردەسەر هەتا ئـەم ئەزموونـەیان دروسـت كـردووە، پێموایە پێیان خۆش نیە، هەروا بە شێنەیی لە دەست دەربچێت و بخرێتە لاوە، بەلاَم كار لێرە ئەوەیـە كە یاسای خۆپیشاندان مەفروز بوو، من لێرەوە وای ئەبینم مـەفروز بـوو، دام و دەزگاكـانی ڕاگەیانـدن، لایەنە پەیوەندیـدارەكان، ڕێكخراوەكـانی مـەدەنی، حیزبـەكان، كۆمیتـەكان، لقـەكان، ئـەوەی كـە ناویـان هەیە، ئاگاداری خەڵكیان بكردبایەوەو، هەندێك لەو یاسایە باس كرابوایـە و چاكیەكەی و خراپیەكـەی و، چۆن چۆنی دەڕوات، چی بكرێت باشـە، ئـەگینا خۆپیشـاندان مـافێكی سـەرەتایی و بنـەڕەتی هـەموو تاكێكە، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ باس لە بیرو باوەڕی ئازاد دەكات، شەریعەتەكان باس لـە بـیرو بـاوەڕی ئـازاد دەكـەن، یاسـاكانی كوردسـتان بـاس لـە بـیرو بـاوەڕی ئـازاد دەكـەن، دەسـتی هـیچ كەسـێك نەگیراوە، بەلاَم هـەموو ئازادیـەكانیش ئـەبێ لـە چوارچێوەی یاسـایەك بێـت، یاسا ڕێكخـەری بێـت، بـۆ ئـەوەی كـەس زەرەر مەنـد نـەبێ نەخۆپیشـاندەر، نـە سـەروەت و سـامانی خـەڵك و نـەدام و دەزگـای فەرمانگەكانی حكومەت، كە هەمووی هی خۆمانە، خۆپیشاندەرەكانیش هەمووی كوڕی ئەو شارەن، بـە

وجودی ئەوانیش ئەم پەرلەمانەو ئەو یاسایە دروست کراوە، لەبەر ئەوە پێویست بوو، یەکسانی و یەك تەریبی لە بەینی ڕاو بۆچوونەکانی خەڵك و یاساکە، خەڵك تێبگەیەندرێت کەچی پێ باشە، پاشان جێی نیگەرانیە، خۆپیشاندەر بە باری گرژ و نیگەرانی جوابی بدرێتەوەو ببێتە مایەی کوشتن و برین، من پێموایە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەرتاسەری فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، کە بە جهودی هەموو ئەو برادەرانە ئەم پەرلەمانە دروست بووە، بەردەوامیش ئەبین ئینشائەڵڵا، ئەبێتە جێگای هێنانەدی هەموو ئاوات و ئامانجەکانی ئێمەش و، ئەوانەی کە لەسەر جادەش داوای ئاوات و داواکاریەکانی خۆیان دەکەن، لە میحوەرێکا تەلەباتەکانیان کۆ بووەتەوە، من زۆر دڵخۆش بووم ئەمڕۆ، بەوەی کە لە ڕاپۆرتەکانیان، بە جیاوازی لە حیزب و فەلسەفەی حیزبەکان و، ڕاو بۆچوونی تاکیش و بە حیزبیش، کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە پەرلەمان، دەزگایەکی تەشریعیە، دەزگایەکی شەرعی وڵاتەکەیانە، لە ڕێگەی پەرلەمانەوە موقتەرەحاتەکان لە میحوەرێکا هەموویان یەکیان گرتەوە، ئەویش بە قەرەبوو کردنەوەیە، بە مەنع کردنی توندو تیژیە، بە محاسەبە کردنی ئەو کەسانەیە، چ لە دەسەڵاتدابن، چ لە دەوڵەتدابن، چ لە خۆپیشاندەران بن، چ لە دەرەوەی خۆپیشاندەران بن، کە ویستبێتیان ئیستیغلالی خۆپیشاندانەکە بکەن، ببنە مایەی گرژی لە ناو شارەکە، لە کوردستاندا لە وڵاتەکەمان، لەبەر ئەوە زۆر دڵشاد بووم کە لە میحوەرێکا کۆبوونەتەوە، حلولەکانیان تەنیا ئەو حەلەیە کە ئەگەر هەڵیان سەنگێنین و، تەفسیرێکی یاسایی و سیاسی و فەلسەفی، هەموو شتێکی بۆ بکرێت، یەك نەتیجە ئەهێنێتە دەست، کە ئەویش ئەوەیە کەلە ڕاپۆرتەکاندا تەقدیم کرا، وێڕای ڕاپۆرتی فراکسیۆنەکان، من زۆر دەست خۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند، لیژنەی ناوخۆ دەکەم، کەبە سەرجەم ئەندامەکانی خۆیەوە، بۆ ڕاپۆرتێکی زۆر زۆر حەساسەوە، لە کاتێکی زۆر زۆر حەساسەوە، بەبێ هیچ ئیعتیرازێك بە هەموو لایەنەکانەوە، ئیمزای ئەو ڕاپۆرتەیان کردووە، کەم و کورتیەکانیان زۆر بە ڕەچاوی باس لەسەر کردووە، حلولیشیان داوە، منیش بۆخۆم لەگەڵ ئەو حلولەدام، ئێمەش دەبێت هاوکاری ئەو حلولە بین، بەڵام ئێمەش دەبێت هاوکاری حکومەت بین وەکو پەرلەمان، وەکو زەمیلم کاك عمر باسی لەسەر کرد، پەرلەمان بۆ هەرشتێك لیژنەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەتوانین لە ڕێگەی لیژنەکانەوە، لەگەڵ حکومەتدا کار بکەین، داواکاریەکانی خەڵك بخەینە بەردەمی، لە کاتی تایبەتیدا لێی بپرسینەوە زیاتر، کاراتر بین لەسەری، حکومەتیش ئەبێ زیاتر دەست کراوەتر بێت، حکومەتیش نابێ جارێکی تر بە وەعدەکانی خۆی بۆ چاك کردنی گەندەڵی و، بە دۆخی خراپی باری ئابووری و، ئیجتیماعی و ئیقتیسادی و سەحی خەڵك، چیتر بیانەوێت لێی دوورکەونەوە، نەخێر نابێت لێی دوورکەونەوە، ئەوانیش دەبێت بەرپرسیار بن، پەرلەمان من پێموایە ئەتوانێت لە ڕێگەی ئەو لیژنانەوە، زەختی زیاتر لەسەر حکومەت بکات، هەرچەندە ڕاستە ئەوەی کە لەسەر شانی ئەو حکومەتەیە، تەنیا حکومەتێك کە ساڵێك و نیوە من بۆ حکومەت ناپارێمەوە، وەکیلی حکومەتیش نیم، کەس وای تەفسیر نەکات، بەڵام ئەوەی لەسەر باری حکومەتە و لەسەر شانی پەرلەمانە، کەڵەکە بوی ساڵانی ڕابردوومانە، لەشەڕی ناوخۆ، لە پەرلەمان لە خولی دووەم، لە هەردوو فراکسیۆنی، لە دوو کوتلەی، ئەمانە هەمووی کەڵەکە بووە و شتی تازەشی دێتەسەر، ناڵێم ئیهمالی شتە کۆنەکان بکرێت و، شتی تازەش نەکرێت، ئەکرێت حکومەت لە ڕێگەی لیجانی تایبەتەوە تەنسیق بکات، بەشێك لەو شتە

کۆنانە حەل بکەن، چارەسەریان بۆ بدۆزنـەوەو شـتەکانی تـازەش بەرنـە پێشـەوە ئیشـی لەسـەر بکـەن، بۆیە من لێرە داوا لە حکومەتیش دەکەم، هەرچی زووە، لـەو وەعدانـەی کـە دراوە، لـەو یاسایانەی کـە هاتۆتە بەردەم پەرلەمان، کە جێبەجێ کراوە، کاری جدی لەسەر بکەن، کە ئەوە بە نەتیجەی ئیجابی و لـە مەسـلەحەتی هەمووومانـە، هـەموو گرژیـەك و هـەموو ئاڵۆزیـەك مـن پێموانیـە، نـە لـە شـەقام نـە خۆپیشـاندارەکان، نــە حیزبــەکانی موعــارەزە، نــە حیزبــی دەســەڵاتی ســوودمەند، تــەنیا دوژمنــانی گەلەکـەمان سـوودی لێ وەردەگـرن، ئـەم ئەزموونـە هـەوڵی زۆری لەسـەر دراوە، خـوێنی زۆری لەسـەر ڕێژراوە، هەموو کەس جهودی خۆی تیا سەرف کـردووە، بـا مـن باسـی نەکەمـەوە، ئەگـەر پێویسـتی بـە تەعمیر کردنە تەعمیری بکەن، نەوەك بیرووخێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، پەیمان عزالدین فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن حـەز دەکـەم لـەوەوە دەسـت پـێ بکـەم، کـە هـەق وایـە ئـەم ڕووداوانـەی دوای شـاری سـلێمانی و دەوروبەری، ڕاچڵەکینێك بێت بۆ ئێمەی ئەنـدامانی پەرلـەمان، کەلـەو وەهمـە، بـە هـۆش بێینـەوە، بـە ئۆپۆزسیۆن و، لیستی زۆرینەشەوە، کـە ئـەو خۆپیشـاندەرانەی، ئـەو دەنگـە نارەزاییانـەی کـە ئێسـتا لـە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا هەیـە، وە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ، ژمارەیـان لـە زیـاد بووندایـە، نـە هـەموویان دەنگـدەری ئۆپۆزسـیۆنن، فراکسـیۆنەکانی ئۆپۆزسـیۆنن لێـرە، نـە ئـەو مەبدەئـەی کـە هـەتا ئێسـتاش مەبدەئی زۆرینە کارمان پێی کردووە لە پەرلەمان، نە ئەو زۆرینەیەی دەنگی بـەم لیسـتەی ئێـرە داوە، ئەو زۆرینەیەن کە ڕازیـن، بـەو بەرنامەیـەی کـە پارتـە سیاسـیەکانی دەسـەڵات، وە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان، پەیڕەوی دەکات، مەفروزە پێش هەموو شتێك، ئیقرار بەوە بکەین، کـە هاووڵاتیـانی نـا ڕازی هاووڵاتیانێکن کۆمەڵێك خـەڵکانێکن کـە لـە هـەموو، کـە دەنگـدەری هـەموو فراکسیۆنەکانن کـە ئێسـتا بوونیان لە پەرلەماندا هەیە، بۆیە حەقە ئێمە بە ئەمانەتەوە بە بێ ئەوەی کە ئەو دەنگـە نارەزاییـەی کە دروست بووە، ئەو تەقینەوەی کە دەوروبەر هۆکارێکی سەرەکی بووە لـەوەی کـە پەلـە بکـات لـەوەی کە لە هەرێمی کوردستانیشدا ڕوو بدات، نەیکەینـە قوربـانی ململانێـی سیاسـی و بەرنامـە سیاسـیەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، حەقە ئێمە بۆ ئەوەی بە وێژدانەوە قەرار لەسەر ئەم دۆخەی ئێسـتاوە بدەین و ئەگـەر ئەمانـەوێ بـە فیعلـی چارەسـەری بکـەین، لـەو ڕوانگـەوە چارەسـەری بکـەین کـە چـۆن ئـەتوانین بـە بـێ ئـەوەی لـە کێشـمە کێشـمی ئۆپۆزیسـیۆن و دەسـەڵاتدا بـە لای بەرنامـە سیاسـیەکانی خۆماندا ڕایانکێشین، چۆن ئەتوانین ئیشی جیددی و بە پەلە لەسەر ئەو خۆپێشاندەرانە بکـەین، بۆیـە من کۆمـەڵێك خـاڵ ئەخەمـە ڕوو، بـە تایبـەتیش پـێش خاڵەکان، ئەگـەر ئێمـە بـە فیعلـی لێـرەوە، لـە دەنگدانی ئێمەوە، لـە قسـە کردنـی ئێمـەوە، لـە بڕیارەکـانی ئێمـەوە دەرئەکـەوێت ئـەو گومانانـەی کـە هەتاکو ئێستا لـە لای زۆرینـەی خـەڵك و لـە لایـەن ئۆپۆزیسـیۆن بـە هـەموو فراکسـیۆنەکانیەوە هەیـە، گومانی ئەوەی کە پەرلەمان بـە فیعلـی دەزگایـەکی ڕەقـابی و تەشـریعیە یـان دەزگایـەکی تەشـریفاتیە، چونکە کاتێك ئێمە بە کۆمەڵێك ئیدانە و دروشم و قسەوە بچینە دەرەوە، پـێم وابـێ لـە چوارچێوەی

دەورە تەشریفاتیەکەوە کۆ ئەبینەوە نەك تەشریعی و رەقابیەکەی، بۆیە من کۆمەڵێك خاڵ ئەخەمە روو وەك چارەسەر کردنی ئەو دۆخە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ دۆخەکە بە فیعلی چارەسەر بکەین و خوێنی زیاتر لە سلێمانی و دەورووبەریانەوە نەڕژێ، چونکە ئەبێ ئێمە بە بێ ئەوەی کە حیساب لەسەر ئەم قسەی بکرێ بۆ ئەوەی ناوچەگەریەتیە، بەقەدەر ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی واقیعیە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، مەفرووزە سروشت و پێکهاتەی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بەرچاو بگیرێ، سروشت و پێکهاتەی خەڵکی سلێمانی سروشتێکی دەستەمۆ نیە، سروشتێکی دەستکێشە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئێمە بەقەدەر ئەو سروشتە چارەسەری بە پەلە بدۆزینەوە بۆ کێشەکان، بۆیە خاڵی یەکەم پێویستە پەرلەمان بڕیارێکی جیددی و بە پەلە بۆ نەهێشتنی هۆکاری ئیستیفزازی خەڵکی سلێمانی، کە هۆکاری سەرەکی ئیستیفزازی خەڵکی سلێمانی لە ئێستادا، تەجەموع کردنی ئەو هەموو هێزەیە کە کەس نازانێ سەر بە کێن و چۆن هاتوونەتە شاری سلێمانی، کێشانەوەی بە پەلەی هێزەکانی زێرەڤانی بۆ شوێنەکانی خۆیان بۆ پێش ڕووداوی 17 شوبات کە ئەمە بەڕای من بە داواکاری و بە تکا و رجای پەرلەمان نابێت لە دەسەڵاتی تەنفیزی بەقەدەر ئەوەی بڕیارێکی بە پەلەی پەرلەمان ئەبێت بۆ کشانەوەی دەست بەجێی هەر ئەمرۆی هێزەکانی زێرڤانی بۆ جێگاکانی خۆیان، خاڵی دووەم، پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لایەنی سەرەکی و دەستپێك لە ڕووداوەکانی 17ی شوباتدا، نیەتی هێوەر کردنەوەی بە رەسمی ئاشکەرا بکات، نیەتی هێوەر کردنەوەی دۆخەکە بە چی ئەبێ؟ بەسەرخۆشی کردنی لە کەس و کاری قوربانیەکان نابێت، بە هێوای چاك بوونەوە بۆ برینداراەکان نابێت، بەوە ئەبێت کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە خۆشبەختانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە سەرۆکی پارتی دیموکارتی کوردستانە، دوێنێ خەلاتی ئاشتی لە ئیتالیا وەرگرت، ئەبێ لێرە بە پەلە نیەتی فیعلی خۆی دەربکات لەوەی کە کاربەدەستان و بەرپرسانی لقی 4 ی پارتی دەربکات لە ریزی پارتەکەی و سزایان بدات، هەروەها بڕیاردەری تەقەکردن بۆ لقی 4 ی پارتی کە ئەندامی سەرکردایەتی پارتیە یان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیە دەربکرێ، ئەمە نیەت پاکی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەرامبەر جەماوەری ناڕازی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی نیەت پاکی خۆی بۆ هێور کردنەوەی دۆخەکە دەربڕێ، دیسانەوە ئەو یش بە سازکردنی تاوڵەی گفتوگۆکردن و سازش کردن لەگەڵ هێزە سیاسیەکاندا، مەفروز نیە وەکو لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، هەموو ناڕەزایی خەڵك لە پارتە سیاسیەکان، یان لە پێنج لایەنی سیاسی کۆ بکرێتەوە، بەوە نیەت پاکی حکومەت دەرناکەوێ، نیەت پاکی حکومەت بەوە دەرئەکەوێ کە پشتیوانی وتەکانی ئاشتی خانی هاورێم دەکەم بەوەی کە نەك داوا بکرێ ئیستیقالە بکەن، بەڵکو حکومەت خۆی و سەرۆکی حکومەت لەبەر نا کەفائەتی وەزیری ناوەخۆی، لەبەر نا کەفائەتی وەزیری پێشمەرگەی، لەبەر نا کەفائەتی بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکان لە هەولێر و لە سلێمانی ئیستیقالەیان پێ بکات کە بە جۆرێك لە دەرکردن ئەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی گومانی تێدا نیە، ئەگەر لە هەولێردا پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرپرسی سەرەکی نەبێت لەوەی کە بیناکانی بزووتنەوەی گۆڕان سووتینراوە، بە ئەکیدی بەشدارە لە کەم تەرخەمی، کە کەم تەرخەمیش بەشێك لە بەشداری ئەکەوێتە سەر لە مەسئولیەتی ئەو کارەی کە کردوویەتی، گومانی تێدا نیە و ئەمەش حاڵەتێکی یەقینە، ئیمکان نیە لە

هەولێردا بە بێ ئەوەی، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگا ئەمنییەکانی بیانەوێ پارێزگاری لە بارەگاکان بکەن، ئیمکان نیە هیچ هێزێك و هیچ کەسێك بە ناوی سەر لێ شێواو و خوێن گەرمەوە هەڵ بکوتنە سەر بارەگاکانی سەر هەر لایەنێك ، هەروەها لە سلێمانی، لە سلێمانی کاتێك ئەگەر موستەزعەف، لە هەرێمی ئێمەدا و لەزۆربەی کەلتوورەکاندا هەر ژنە، ئەگەر لە سلێمانی ژنێکی تەنیا بژێ بە هەر هۆکارێك بوو، کەس و کارەکەی نەسیحەتی ئەکەن کە لە گوندی ئەڵمانی شوقەیەك بکرێ، بە ئیعتیباری ئەوەی گوندێکی ئەمینە، پاسەوانی هەیە وەکو ناز سیتی ئێرە، بەڵام تەلەفزیۆنی نالیا، ئەمە شەرمەزارییە بۆ دەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای سلێمانی، تەلفزیۆنی نالیا لەو گوندەی کە خەڵك پێیان وایە ئەمینە، بە موستەزعەفترین کەس، تەلەفزیۆنێکی گەورە و گران ئەسووتێنرێت و ئەنجامدەرانیشی بۆی دەرئەچن، بۆیە پێویستە حکومەت پێش ئەوەی خۆی بانگ بکرێ، پێش ئەوەی کە من پێم وایە متمانە سەندنەوە لە حکومەت، سەرەتا ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەم دەزگایە دەزگایەکی تەشریعی بێت، لە بانگهێشت کردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و موسائەلە کردنی و دواتر قەناعەت نەکردنمان بەو ئیجرائاتەی کە کردوویەتی متمانەی لێ وەرئەگرینەوە، بەڵام سەرەتا بۆ ئەوەی نیەت پاکی خۆی دەربخات، ئەبێ ئیستیقالە بەو وەزیرانەی بکات، یان راستتر ئەو وەزیرانەی دەربکات لەگەڵ بەرپرسە ئەمنییەکانی، بێجگە لەوەی کە خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە بۆ ئەوەی جەماوەری نارازی هێور ببێتەوە، ئەوەیە کە ئەو چاکسازیانەی کە بە پەلە دەکرێ دەست بە جێ بڕیاری لێ بدرێ لە خیلالی چەند رۆژێکدا، ئیزافە بۆ ئەو خاڵانەی کە کاك عومەر عبدالعزیز باسی کرد و پشتیوانی لێ ئەکەم، مەفرووزە هەر ئێستا کە سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری بدات، چونکە یەکێك لە هەرە گرفتەکانی نا عەدالەتی لە هەرێمی کوردستاندا، نا عەدالەتی دادگاکان، زوڵم کردن لە خەڵك، چارەسەر نەکردنی کێشەکان، بە دەنگەوە نەهاتنی ئەمنیەت و ئاساییشی خەڵك، بە پلەی یەکەم لە ئەنجومەنی دادوەریدا خۆی ئەبینێتەوە، بۆیە پێویستە دەست بە جێی ئەو ئەنجومەنە هەڵبوەشرێتەوە و بە هەڵبـژاردن لە نێوان دادوەرەکاندا دروست بکرێتەوە، جگە لەوەی کە دووپاتی دەکەمەوە ئەو قسەی کە کاك عومەر عبدالعزیز لەو شتانەی کە خەڵك نیگەرانە لە دەسەڵاتی کوردی بە تایبەتی لە یەکێتی و پارتی هەتاکو ئێستا ئێمە ئەنفالەکان گرفتی زۆری بۆ دروست کردووین، لە دوای چەندین ساڵ ئێمە توانیمان قەرارێکی مەوتی حوکمی بۆ بێ سەر و شوێنەکان دابنێین، بەڵام شێوە ئەنفالێك لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە کۆمەڵێك بێ سەر و شوێن، چ لە شەڕەکانی ناوەخۆیدا، چ ئەوانەی کە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکان گیراون هەتاکو ئێستا چارەنووسیان دیاری نیە، بە بێ ئەوەی نە ئەم پەرلەمانە و نە دەسەڵاتی ئیداری کوردی هەنگاوێکی جیددی بۆ نابێت، جگە لەوە کە بەرنامەی چاکسازی بە ئیقراری خۆش بەختانە، لێژنەی ناوەخۆ کە نوێنەری هەمووی تێدایە و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان، ئیقرارێکە کە گەندەڵی لەسەر هەموو مستەوایەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆ ئەوە، ئەمە پێم وایە جۆرێکە لە خەیاڵ، کە پێمان وابێ لە 24 سەعاتدا چاکسازی ئەکرێت، لێژنەیەکی بەپەلەی پەرلەمان بۆ داڕشتنەوەی ئەو پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان و زائیدەن هێنانەوەی دەستوور و چاو خشاندنەوە بە دەستووردا، ئەمانە خاڵی

بنەڕەتین و ئیش کردنی جیددی لە ماوەیەکی دیاری کراو و سەقفێکی زەمەنی موحەددەدی هەبێت بۆ ئەو پرۆژە چاکسازیانەی کە هەموو لایەك ئەیانەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوای ڕووداوەکەی ڕۆژی پێنج شەممەی $2/17$، کە ئێمە شاری سلێمانی بەراستی، ئەو مەجزەرەی کە بینی شاری سلێمانی کە لە نیو سەعاتدا زیاتر لە $60$ کەس لە ڕۆژی یەکەمدا بریندار بوو، شەهیدمان هەبوو، هەتا ڕۆژی چوارەمیش ئێمە بە ئیحصاوە $50$ کەس زیاتر بریندار بووە، و سێ کەس شەهیدمان داوە و هەروەها چەندین کەس کە بە کەم ئەندامی جەستەیی و نەفسیش ئەمێنێتەوە، لێرە ئێمە ئەم خۆپێشاندانە خۆپێشاندانێکی ئاسایی بووە، پێش ئەوە مۆڵەت وەرگیراوە لە حکومەت، لە ئیدارەی سلێمانی، لە ئیدارەی سلێمانی، لە بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی سلێمانی، لەبەر ئەوە پێش ئەوە خۆ ئامادە بوون هەبووە بۆ ئەم خۆپێشاندانە، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕووداوەی لێ کەوتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرە داوا ئەکەم، تەبعەن ئەم ڕووداوەی لێ کەوتەوە بەرامبەر لقی $4$ی پارتی، ئێستا بە دۆکومێنت هەیە و بە گرتەی ڤیدیۆیی هەیە، هەتا تاوانبارەکان دیارن، داوا ئەکەم بە بێ لێژنە، ئەو تاوانبارانە هەر ئێستا بریار بدرێ لە پەرلەمانەوە کە بگیرێن، بدرێنە دادگا، لەبەر ئەوەی زۆر زۆر وازیحە ئەوان لە پشتەوە کە تەقە لە هاوولاتیان ئەکەن، و لە هەموو تەلفزیۆنەکاندا بلاو کراوتەوە، لەبەر ئەوە لێژنە وا بزانم کوشتنی وەقتە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم تاوانباران بە زووترین کات هەر دوای ئەم دانیشتنە بدرێن بە دادگا، ئەوانەی کە گیراون تا ئێستا دیار نین لە زیندانەکاندا، برپاری دەرکردنیان بۆ دەربکرێ، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە ئەو خۆپێشاندانەی کە خەڵکی سلێمانی ئێستا سازی دەکات و بەردەوامە لەسەری، ئەبێ پەرلەمان پشتگیری لێ بکات و بەردەوام بوونی بداتێ و هەروەها کە ئەو ئاژاوە گێرییەی کە بە ناوی گەنجانی شاری سلێمانیەوە کە ئەوان دروشمی چاکسازییان هەڵگرتبوو، ئەوە ئاژاوە گێڕی نیە، ئەوە لەبەر ئەوە ئەبێ حکومەت داوای لێبوردنیان لێ بکات، ئەوە یەکەم، دوو، لێرە حکومەت کەمتەرخەمی خۆی دەرئەبڕێ، زۆر زۆر کەم تەرخەم بووە بەرامبەر ئەوەی کە پاراستنی موڵك و ماڵی هاولاتییان بکات و لەگەڵیشیان شەهیدمان داوە، لەبەر ئەوە حکومەت ئەبێ هەر ئێستا داوای دەست لە کار کێشانەوە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی نیوەی وەزیرەکانی کەمتەرخەم بوون، لەبەر ئەوەی وەزیری پێشمەرگە هێزی ناردووە بۆ ناو سلێمانی، هێزێکی زۆر کە ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە توند و تیژی لێ بکەوێتەوە، جا نابێ وەزیری پێشمەرگە، ئەگەر سەرۆکی هەرێم فەرمانی پێ نەدا، بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، هێزی پێشمەرگە جوولەی پێ بکات، تەنها بۆ سنوورەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان نەبێت، ئەگەر ترسێك هەبێ لەسەر ئەوەی کە هەرێم بارگرژی لێ بکەوێتەوە، لێرە وەزیری ناوەخۆ بەرپرسیارە لەبەر ئەوەی هێزێکی زۆری پاراستن، ئاسایش لەگەڵ پۆلیسی چالاکی مەدەنی کە زۆربەیان، هەموویان نا، بەڵام زۆربەیان کە لەوەیەن نازانن چۆن تەعامول لەگەڵ خۆپێشاندەراندا بکەن، کە ئێمە بە پێی ئەوەی کە ئەو یاساییەیان دەرکردووە،

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2010 کە ئەوەیە کە تۆ نابێ بە هیچ جۆرێك تەقە یان هەر جۆرێکی توند و تیژی بەرامبەر هاووڵاتی سیڤیل بەکار بێنی، بەڵام لێرە کە ئەبینین ئێمە هیچ جۆرە پۆلیسی چالاکی مەدەنی هیچ دەورێکی نەبووە، بەڵام بەداخەوە پاسەوانی بارگایەك هەستاوە بە تەقە، هاووڵاتییان بە شێوەیەکی زۆر زۆر کە موحەرەمە دەولیەن، لەبەر ئەوە، ئەمە کەمتەرخەمی وەزیری ناوەخۆ، وەزیری پێشمەرگە، لەگەڵ سەرۆکی حکومەتیش لەبەر ئەوەی کە نەیتوانیوە وەك پێویست ئەم یاسایە جێبەجێ بکات و بتوانێ دام و دەزگاکان هەمووی بە شێوەیەکی تەندروست بتوانێ تەعامول لەگەڵ ئەم هاووڵاتییانە بکات، ئێمە لە پەرلەمانین، ئێمە نوێنەری خەڵکین، بەڵام بەداخەوە، دوای حەفتەیەك لە دانیشتنمان ئینجا دانیشتن ئەکەین لەسەر ئەم بارە نا ئاساییە، ئێمە نەمانتوانیوە ئەم یاسایە کە دەرمان کردووە کە یاسای خۆپێشاندان کە ئیلزامی حکومەت بکەین (بحذافیرە) تەتبیقی بکات، لەبەر ئەوە من پەرلەمان بە کەمتەرخەم ئەزانم، داوا دەکەم لە حکومەت کە هەڵوەشێتەوە، پەرلەمانیش حکومەتێکی ئینتیقالی دابنرێ لە ماوەی سێ مانگدا، پەرلەمانیش ئەو یاسا گرنگانەی کە ئێستا پێویستە بۆ ئەوەی کە بتوانین ئێمە هەڵبژاردنی تر بکەین، دەربچێنین لەم سێ مانگە، لەبەر ئەوە، هەر لە ئێستا بڕیار دەربکرێ، نا لێژنە، من ئیمانم بە لێژنە نیە، لەبەر ئەوەی لێژنەمان زۆر بینیوە، هێزی چەکدار بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، ئەو تاوانبارانە، ئەوەی کە بە دۆکیومینت و ئەوانە هەنە بگیرێن، هەروەها کەناڵی (nrt) قەرەبوو بکرێتەوە، ئەوان ئەسڵەن ڕەتی لێژنەیان کردووتەوە، داوای لێژنە ناکەن، ئەوانیش بدرێنە دادگا، تا دانیشتن بکرێت لەگەڵیاندا، لەبەر ئەوە زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ خاڵەکانی ئەو ڕاپۆرتە یان ئەو پەیامە دووبارە بکەمەوە کە هاوڕێمان، سەرۆکی فراکسیۆنەکەمان کاك کاردۆ خوێندییەوە، دیارە من تەئیدی هەموو ئەو پێشنیارە دەکەم، چونکە دیارە ئەوە تەعبیر لە ڕەئی هەموومان دەکات، من ئەمەوێ هەندێ ڕوون کردنەوە بدەم لەسەر ئەو داواکارییانەی کە ئێمە داوامان کردووە، بۆ؟ بۆ ئێمە داوای چاکسازی سیاسی ڕیشەیی ئەکەین لەم هەرێمە؟ لەبەر ئەوەی ئەمەیە ئەتوانێ چارەسەری ئەم کێشەیە بکات، ئەمە داخوازی خۆپێشاندەرانە، هێور کردنەوەی ئەم ڕەوشە بە چاکسازی سیاسی ڕیشەیی ئەکرێت، نەك بەوەی وەڵامی گەنجانی تینووی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە فیشەك بدرێتەوە، من هیچ بیانوویەك نابێنم بەوەی کە شەرعیەت بدات بەوەی کە چاکسازی سیاسی ڕیشەیی نەکرێت، لەسەر مەسەلەی ڕووداوەکە، بەراستی ڕووداوەکە و ئەو تەقەکردنەی کە ئەکرێ بەداخەوە لەلایەن پاسەوان و بەرپرسانی لقی 4 ەوە بەرامبەر خۆپێشاندەران، بەڕاستی کەم وێنەیە، لە دڕندایەتی، بەڕاستی من شتی وام نەدیوە، ئێستا بە پێی تەمەنی خۆم لە هیچ خۆپێشاندانێکدا تاوانی وا کەم وێنەم نەدیوە، دیارە من کۆمەڵێك

دۆکیۆمێنتم لایە کە وێنە و ناوی ئەو تەقەکەرانەی تیایە، بە ڕەسم، بە ڤیدیو و بەناو، دواتر ئەیدەم بە هاوڕێیانم لە لێژنەی ناوەخۆ کە پێویستە زۆر بە پەلە ئەوە بڕیاری تەقە کردنی داوە و ئەوانەی کە تەقە ئەکەن بەو شێوەیە ئەو خەڵکە ئاوا راوئەنێن، بدرێنە دادگا، و هیچ پاساوێك نیە کە ئەوانە لە دادگا ڕزگار ببن، بۆ مەسەلەی هێزەکان، سەرباری ئەو تێبینیانەی خۆم هەمە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەڵێت، ئەم هێزانە بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پێشمەرگە جوولێنراون، بەڵام دواتر ئەم دوو بەڕێزە وەڵام ئەدەنەوە کە تا هێزەکە نەهاتووتە تاسلوجە ئەوان پێیان نەزانیوە، ئەمە هەڵئەگرم ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ خۆیان، ئەو لێدوانانە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، دواجار ئەمە پێشێل کردنی ماددەی $10$ بڕگەی $11$ هەروەها ماددەی $11$ بڕگەی (ا) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، کە بە پێی ئەم یاسایە ( جووڵاندنی ئەم هێزانە تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمدایە کە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە، بە ڕەزامەندی پەرلەمان بۆ دەرەوەی هەرێم، هیچ ئاماژەیەك لەم یاسایە نیە کە ئەم هێزانە بەکار بهێنن بۆ دژی هاونیشتمانیان، کەواتە ئەمە پێشێل کردنی ئەم یاسایەیە، هەروەها پێشێل کردنی ماددەی $5$ بڕگەی $2$، یاسای ڕێکخستنی خۆ پێشاندانە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی خۆپێشاندان تەنها پۆلیس دانراوە، نەك زێرەڤانی و پۆلیس و دژە تیرۆر و ئاسایش و نازانم ئەنواع هێزی دیکە، کەواتە ئەم هێزانە لەگەڵ ئەوەی ئەبێ ئەمڕۆ پەرلەمان بڕیار بدات هەموو ئەم هێزانە بگەڕێنەوە جێی خۆیان، ئەبێ ئەو کەسەی بڕیاری جووڵاندنی ئەم هێزانەی داوە بەدەر لە یاسا، سزای یاسایی زۆر توند بدرێ، من دێمە سەر مەسەلەی نالیا، بەڕاستی هاوڕێم پەیمان خان باسی لەوە کرد، کە ئەمەش هەر شەرمەزارییە بۆ هێزەکانی ئاسایش، بەڕێزان لێمان تێك نەچێ ئەوە شەرمەزارییە بۆ هەمووومان کە کەناڵێکی سەربەخۆ و لە ماوەیەکی زۆر زەمەنی کورتدا پەخش دەکات، هێزێك ئەچێتە سەرێ بەو شێوەیە کە لە شوێنێکی ئەمینی ئاوایە، دواتر خۆیان لە پەلەپەلی و نا مونەزەمی ئیشەکەیان ئەسووتێن و ئەبرێنە خەستەخانە و عیلاج دەکرێن و دوایی و ئەگوێزرێنەوە، بەڕاستی ئەمە حاڵەتێکە کە باوەڕ ناکەم لە هیچ شوێنێکی دونیا ڕوویدابێ، بۆیە ئەبێ دەست بەجێ ئەم کەناڵە حکومەت قەرەبووی بکاتەوە، چونکە هەر هێزێك کردبێتی و هەر هێزێك بەشداری لەمە کردبێ، حکومەت بەرپرسە و کەم تەرخەمی حکومەتە، بۆیە ئەبێ بەپەلە قەرەبوویان بکاتەوە و بپارێزرێت بۆ ئەوەی پەخشەکەیان بکەوێتەوە گڕ، ئەوەی لەناو ئەو خۆپێشاندانەدا خاڵی گەشە بەڕاستی ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك خۆپێشاندەران نەچوون بۆ لای هیچ موڵك وماڵێکی هاووڵاتییانەوە، و نابێ ڕێگا بدرێ بە هیچ کەس و لایەنێك ئەم خاڵە گەشە بشێوێنێت، چونکە تا ئێستا بەڕاستی خۆپێشاندەران بە شێوەیەکی زۆر شارستانی خۆیان پێشاندا و دەستیان بۆ هیچ موڵك و ماڵێکیان نەبردووە و هیچ هێزێکیش بڕوای بەوە نیە و نابێ هیچ کەسێك و هیچ لایەنێك لێی قبوڵ بکرێت ئەم شێوازە ناشیرین بکات، من ئەخیر شتم مەسەلەی هێزی دژە تیرۆرە، من ئەمەوێ هەر ئەمڕۆ وەڵام لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە لێژنەی ناوەخۆ وەربگرم، کە دژە تیرۆر لە کوێی حکومەتی هەرێمدا شەرعیەتی وەرگرتووە؟، هێزێك هەیە لە سلێمانی و دەوروبەری بەناوی دژە تیرۆر، گەورەترین ڕۆڵی هەیە لە ترساندن و تۆقاندنی خەڵك و پەلاماردان و بێ سەر و شوێن کردنی خەڵك، ئەبێ پەرلەمان یان ئەم هێزە حەل بکات، یان بۆمان ڕوون بکاتەوە لە کوێ شەرعیەتی وەرگرتووە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز  بە نیسبەت دژە تیرۆر یان هەر هێزێکی تر، ئیشی سەرۆکایەتی پەرلەمان نیە، ئیشی پەرلەمانە، ئیشتانە،  پەرلەمان قەرار دەدات، ئێمە لێرە سەددام حوسین نین دانیشتووین بە کەیفی خۆمان قەرار بدەین، پێشنیارەکەی جەنابت بە پشتیوانی برادەران دەیخەینە پێش پەرلەمان و موناقەشەی دەکەین، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو کاتەدا کە ئێستا ئێمە دانیشتووین لە ناو هۆڵی پەرلەمان، دڵنیام لەوەی کەوا خەڵکانێك لە ناوەوەی هەرێم و لە دەرەوەی هەرێم موراهەناتیان لەسەر ئەوە بوو کە ئەمڕۆ دانیشتنی پەرلەمان تێك بچێ و توند و تیژی دروست بێ، بەڵام خۆش بەختانە (الحمدلله)، ئەمە بە بیر و بۆچوونی ئەوان دەرنەچوو و دانیشتنەکان زۆر بە هێمنانە  و بە شێوازێکی مەدەنیانە بەڕێوە دەچێ، ئەصڵەن بوونی گشت برادەران لە هەموو فراکسیۆنەکان وجودیان لەناو پەرلەمان ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەموو لایەکمان لەناو پەرلەمان خەم خۆری وەزعەکەینە و هەموو لایەکمان بە هانای ئەوە دەچین کە مەسەلەکە حەل بکرێ، بینیمان کە بەعزێك لە هاوکارانمان چۆنن، رەخنەی توند لە پەرلەمان و لە حکومەت و تەنانەت لە سەرۆکی پەرلەمان و لە جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش دەگرێ، زۆر رەخنەیەکی شەفافانە، بەڵام دەبینین جەنابتان بە دەم خۆش و دەست خۆش وەڵامیان دەدەنەوە، من ئومێدەوارم ئەم جۆرە حیوارە، ئەم جۆرە ئاڵ و گۆڕکردنی بیر و موعارەزەیە لەناو هۆڵی پەرلەمانەوە بگوازینەوە سەر شەقام و جاددەکان و لەناو جەماوەری خۆمان، ئاوا بەو شێوەیە رەخنە لە یەکتر بگرین و بەو شێوە وەڵامی رەخنەکان بدەینەوە، روحیەتەکە با لەناو هەموومان بێ، من دەست خۆشی لە لێژنەی ناوەخۆ دەکەم و لەگەڵ هەموو ئیقتیراحات و پێشنیارەکانیان دام و، لەگەڵ زۆربەی پێشنیازی راپۆرتی فراکسیۆنەکان دام، ئەوانەی کە سەبارەت بە خزمەتگوزاری و چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری هەیە، بکرێ، هەروەها سەبارەت بەوەی کە یەکەم تەقە کێ بووە؟ پێویستە ئێمە وەکو پەرلەمان ئەمە بەراستی، زۆر بە جیددی کاری لەسەر بکەین، ئەگەریش دیارە و دوکیۆمینتی ڤیدیۆیی هەیە، وەللا پێم خۆشە ئەمە هەر زۆر بە جیددی ئاشکەرا بکرێ و مامەڵەیەکی یاسایی لەگەڵ بکرێ، بەڕێزان، خۆپێشاندان و بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی، یاساناسان دەڵێن ئەمە مافێکی یاساییە و مافێکی دەستووریە، من وەکو مامۆستایەکی ئاینیش دەڵێم، بێجگە لەوەی کە مافێکی دەستووریە، ئەمە مافێکی ئاینیشە، لە هەموو ئاینەکان بەتایبەتی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا  ئەو مافە بە خەڵکان دراوە، ماق ئەوەی کەوا دەنگی ناڕەزایی خۆت دەربڕی، بەڵام لە چوارچێوەی رێکارە شەرعییەکاندا، یەعنی مەجموعە رێکارێکی شەرعی دانراوە وەکو رێکارە یاساییەکان، بۆ ئەوەی ناڕەزاییەکانی تۆ چۆن بێ، رێکارەکان بریتین لەوەی کە مەبەست لەو ناڕەزایی دەربڕینە تێکدان و توند و تیژی نەبێ، بەڵکو ئیصلاح و چاککردنەوە بێ، هەروەها موازەنە و هاوسەنگیەك دروست بکرێ لە نێوان مەصاڵح و مەفاسددا، بزانین ئایا زیانی چەندە و قازانجیشی چەندە، هەروەها ئەمە بە شێوازێك بێ کە ئوسلوبەکەی ئوسلوبێکی شەرعی بێ، لەبەر ئەوەی داواکردنی مافێکی رەوا بە ئەسالیبی ناڕەوا ناکرێ، دەبێ وەسائیلەکانیشی رەوا بێ، خۆی

ئەگەر بێت و هەڵەیەکیشی هەبێ لە حکومەت و لە واقیعدا، ئەم هەڵەیە بە هەڵە چارەسەر ناکرێ، بەڵکو هەڵە بە راستی و بە دروستی چارەسەر دەکرێ، بۆیە بەڕێزان من زۆر بە پێویستی دەزانم کە بە زووترین کات دەست بکرێ بە کارێکی جیددی لە حکومەت و لە پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی ریفۆرمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمەتگوزاری بکرێ، هەروەها چارەسەرێکی جیددی بکرێ بۆ گەندەڵییەکانی ئابووری و ئیداری و مالی کە مەوجودە، من لێرەدا پەرلەمان بە دەر لە مەسئولیات نابینم، بەڵکو بارە قورسەکە لەسەر پەرلەمان دەبینم و بە زۆریش لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە لە رێگەی تەخویل کردنی لێژنەکانەوە زیاتر کە بتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکانێك بکات و بە تایبەتی لێژنەی نەزاهە، بەراستی زیاتر تەخویل بکرێ و زیاتر رێگەی پێ بدرێ و بواری پێ بدرێ کە کارەکەی خۆی لەناو چوارچێوەی یاسادا بکات، هەروەها داوا دەکەم لە خولی گرێدانی داهاتوودا کەوا پاش چەند رۆژێکی دیکە دەست پێ دەکات، پێویستە پەرلەمان زۆر بە جیددی ئەم جارە لە خولی داهاتوودا دەست بکات بە چاودێری کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت، بە چاودێری کردنی پرۆژە یاساکان، بە چاودێری کردنی خەرج کردنی بودجە و دانانی بودجە، هەروەها بانگهێشت کردنی وەزیرەکان و بەرپرسەکان بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەمە مەسەلەیەکە بەراستی خەڵکێکی زۆرداوا دەکات، و خەڵکێکی زۆر روو لە ئێمە دەکات، ئەڵێن باشە ئێوە تا ئێستا یەك وەزیرتان بانگ نەکردووە بۆ لێپێچینەوە، بەڕێوەبەرێکی گشتیتان بانگ نەکردووە، چتان نەکردووە، پێویستە بۆ خولی داهاتوو بۆ لێپێچینەوە نەك بۆ روونکردنەوە زیاتر ئەم کارە بکرێ، دوێنێ من گوێم لەدایکێك بوو لە موناسەبەیەك بووم، دایکێك دەیگوت من منداڵێکم هەیە سێ ساڵانە، ئەم منداڵە سێ ساڵانە دەیگوت دایە سلێمانی سووتا، بۆیە من لێرە بەناوی هەمووتانەوە، داوا لە هەموومان دەکەین، داوا لە هەموو لایەنە سیاسیەکان دەکەم کە بە هەموومان ئیش و تەقەلا و هەوڵی خۆمان بەیەك بخەین بۆ ئەوەی سلێمانی و کوردستان نەسووتێ، ئەم ئاگرە گڕەکەی ئەگەر بەر بێ نازانین داخوا کۆتاییەکەی لە کوێ دەبێ؟، با خوێنی شەهیدەکانی ئەم خۆپێشاندانە، خوێنی شەهیدەکان نەکەینە کراسی عوسمان، بۆ ئەوەی مەصالیحی شەخصی خۆمان بە جێ بێنین، بەڵکو بیکەینە کراسی حەزرەتی یوسف بۆ ئەوەی کەوا چاکسازی بە دواوە بێ و چاوکرانەوە و روونـاکی بەدواوە بێ، بۆیە دەست خۆشی و سوپاس بۆ هەموو دام و دەزگاکان و رێکخراوەکان و لایەنەکان و ئەوانەی کەوا دەست و رۆڵیان هەبووە لە هێوەر کردنەوەی مەسەلەکان، نابێ لێرەش رۆڵی مامۆستایانی ئاینی لە بیر بکەین، بەڕاستی مامۆستایانی ئاینی رۆڵی وەکو رۆڵی هەمیشەییان بەتایبەتی لە شارۆچکەی هەڵەبجەی شەهید وەکو بینیمان چ رۆڵێکی باش و گەورەیان هەبوو و من لێرەوە داوا دەکەم لە مامۆستایانی ئاینی لە جومعەی داهاتوودا، لە2800 مزگەوتی کوردستان کەوا نوێژی جومعانی تێدا دەکرێ با هەموومان بە یەکەوە وتارمان بۆ هێورکردنەوە و گەڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ باری ئاسایی خۆی بێت، داواش دەکەم لە هەر بەلاغێکی کۆتایی ئەگەر پەرلەمان دەیکات ئەمڕۆ، لەهەر بەلاغ و بەیاننامەیەکی کۆتایی رۆڵی مامۆستایانی ئاینی لەچاو بگێرێ، لە کۆتاییدا من وا نابینم کەوا ئافرەت موستەزعەفە، بەڵکو ئافرەت رۆڵی خۆی هەیە لە هەموو بوارەکاندا، کۆتاییشم بەو ئایەتە دێنم کە خوای گەورە دەفەرمووێ ( و اعتصموا بحبل الله جمیعا و لا تفرقوا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەراستی زۆر سوپاس بۆ ڕۆڵی مامۆستایان کە ئیشارەتت پێ کرد، بە تەئکید دەورێکی زۆر بەرز و پیرۆزیان هەبوو، ئێمە لێرەوە سوپاسیان دەکەین، ڕێزدار دڵشاد شەهاب فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، وەکو عورفێکی لێ هات، ئەگینا ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردی لە جیاتی هەموومان بووە و هەمووشمان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی ئەوسەروەرانە و یاخود ئەو قوربانیانەی کە لە ڕووداوە نەخوازراوەکاندا سەری ڕێز و نەوازش جارێکی تر دادەنوێنین و تەمەنای چارەسەری بەپەلەش دەکەین بۆ بریندارەکان و هاوخەمی و هاودەردی خۆمان بۆ کەس و کارەکانیان رادەگەینین، بەڕێزان، سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، بۆی هەیە بەشێك لە دەزگاکانی راگەیاندن، هەندێك لە گوتنەکانمان بگوازنەوە، بۆیە دەڵێم ڕووی دەمم دەکەمە جەماوەری بەشەرەفی خەڵکی کوردستانی، ئێمە ئەمڕۆ بە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و ناسکدا تێپەڕ دەبین، کە بریتین لە دوو ئاراستەی جیاواز، یەکێکیان داوای ڕەوا و شەرعی میللەتە لە داواکردنی چاکسازی و مافە ڕەواکانیان لە هەر چین و توێژێکدا، لە هەر شوێن و هەر شار و شاروچکەیەك بێت، کە ئێمە بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی ئەم ئاراستەیە دەکەین و ئەرکی ئێمەشە وەکو پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان کە پاڵپشتی کەر بین و هانی دام و دەزگاکانی، یاخود فشار بخەینە سەر دام و دەزگاکانی حکومەت بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانیان و بە شێوازێك کە شێوازی مەدەنیانە و سەردەمیانە و دیموکراسیانەی تێدا بپارێزرێت بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کەوا لە هەرێمی کوردستاندا هەن و لەسەر هەموو کەس و لایەنێك وەکو یەك جێبەجێ بکرێ و کەسیش بەدەر نەبێت لە سەپاندنی یاسا بەسەریدا، دووەمی ئاراستەیەکە کە لە لێرە و لەوێ پەنا بۆ توند و تیژی دەبات بە هەموو شێوازەکانی، ئەوەی جێگای ئومێدە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە و تا ئێستاش ئەم ئاراستەیە ڕەت کراوەتەوە لە لایەن گشت لایەنەکان، بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات و تەنانەت لە لایەن خەڵك و میللەت و تێکڕای گەلی کوردستانیش، چونکە ئەمە خزمەتی ئەو ڕێبازە یاخود ئەو ئاراستەیە ناکات، ئەوەی کەوا هەموومان کۆکین لەسەری و دەمانگەیەنێتە ئامانجەکان، ئەم دەستکەوتانەی ئێستا بەڕێزان، بەری ڕەنجی خەبات بوو، خوێن و قوربانیدان و مێژووی میللەت دەگات، بە تێڕوانینی ئێمە نە کەسێك بۆی هەیە موڵکداری بکات، نە کەسیش بۆی هەیە تێکی بدات و لە باری ببات، حەددی یەکلاکەرەوەش نێوان ئەمەدا بە دیتنی ئێمە ڕای میللەتە و سندوقی دەنگدانە و بە پیرەوە چوونە بۆ داواکاری میللەت، کە ئەمەش تا ئێستا شێوازی حوکمڕانی بووە لە کوردستان، ئەو پەرلەمانەی کەوا ئێستاش ئێمە تێدا قسە دەکەین و ئێمە گفتوگۆی تێدا دەکەین بەرهەمی ئەم شێوازی هەڵبژاردنەیە کەوا بەرنامەی نزیکەی ساڵێك و نیو لە هەرێمی کوردستان دەست بەکار بووە، کە شێوازێکە من باوەڕ ناکەم هیچ خیتابێکی سیاسی و هیچ گوتنێك و هیچ گوتارێك و هیچ داواکاری تاکێکیش جیاواز بێت لەگەڵ ئەم شێوازەی کەوا پێی هاتووتە وجود ، شانازی دەکەین لە هەرێمی کوردستان تا ئەم دەقیقەیە هیچ هێزێك، هیچ دەزگایەك، هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن مەحزور و قەدەغە کراو نیە، هیچ کارێکی سیاسی قەدەغە کراو نیە بە مەرجێك لە

چوارچێوەی ئەو یاسایانە بێت کە لە هەرێمی کوردستان ڕەچاو کراون، مەرجەکانی ئازادی سیاسی و پێکهێنانی حیزب و کاری سیاسی لە کوردستان ئەوەندە سووکن تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ 40 کەس دەست بکەنە، نازانم ئەگەر لە ژمارەکە دەقیق ببم، چەند کەسێك دەست بکەنە پێشکەش کردنی داوایەك بۆ پێکهێنانی حیزبێك یاخود ڕێکخراوێك یان کارێکی سیاسی یاخود مەدەنی، یان حەتا کردنەوەی دەزگایەکی ڕاگەیاندنیش، ئەم ئازادیە تا ئەم دەقیقەیە فەراهەمە، لە کەش و هەوایەکی وا دا ئەم ئازادییانە تێك دەچن، کاتێك کەوا لە یاسا بەدەر کار دەکرێت، بۆیە کە لە یاسا بەدەر کار کرا و ئاراستەی پاکی خۆپێشاندەران و ئاراستەی پاکی ویست و خواستی میللەت بە ئاراستەیەکی تر گۆڕدرا کە بەداخەوە من دڵنیام ئەوە ئاڕاستەی خۆپێشاندەران نیە، ئەمە ئارستە و داواکانی خەڵکی سلێمانی نیە، ئی هیچ کەسێکیش نیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو ڕەنگە هەست و سۆز و پاکی ئەم خەڵکە ئیستیغلال کرابێ، بۆ ئەوەی بە ئاراستەیەکی تردا کە ئەم کارە نەخوازراوانەی لێ کەوتنەوە، بە کارەکان وبەکاردانەوەکانەوە هەمووی خاریجی یاسان و هەمووشی ئەبێ سەرکۆنە بکرێن و ئەبێ هەڵوێستی بەرامبەر نیشان بدرێ و ئەبێ موحاسەبەشی لەسەر بێ، خۆپێشاندان ئەم مافەیە کە دەبێ لێرە چەندین جار باسمان کرد، ناگەڕێینەوە سەری، ئەو کات دەمانگوت خۆپێشاندان مافێکی دەستوورییە، یاخود مافێکی سروشتییە، ئێستا ئەڵێین مافێکی یاساییە، چونکە یاسایەك بۆ ئەم مەسەلە دانراوە، بەڵام چوارچێوەشی بۆ دانراوە، هەم لەسەر خۆپێشاندەر و هەم لەسەر هێزەکانیش کە هاووڵاتییان ئازادن لە چوارچێوەی یاسایەکەدا و ئەرکی حکومەتیشە لە لایەك گیان و سەلامەتی خۆپێشاندەران بپارێزی، لە لایەکیش شوێنە گشتی و دامەزراوە فەرمییەکان و موڵك و سامان و سەروەتی خەڵکیش بپارێزێت کە بە هەموو شێوەیەك لێرەدا ئەمەوێ ئەوە کورت کەمەوە، ئێمە ئیدانەی هێرش کردن لەسەر دامەزراوەکان و لە گشت شار و شاروچکەکان لەو بارەگایانەی کەوا دووچاری هێرش کردن لەسەر بوونەتەوە، لە هەر شوێنێك بێت، لە سلێمانی و لە هەولێر و لە شارۆچکەکانی تر، بەڕێزان، پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی وا هەستیار و ناسکدا، لە هەموو ڕۆژانی پێش ئێستادا، لە پارچەیەکی وای وڵات کە ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین بە تێکڕا تەهدیدی، یاخود هەڕەشەی تیرۆر لەسەر ناوچەی ئێمە و وڵاتی ئێمە هەیە، گرتن و ئاشکرا کردنی شەبەکاتی تیرۆرستی لە ماوەی بەردەوام و لە چەند ماوەیەکی کەمی پێش ئێستا هەموومان بە بیر دەخاتەوە، ئەمە پاساو نیە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین، خەڵك نابێ هیچ بکات بۆ ئەوەی باری ئەمنی تێك نەچێ، ئەمما دەبێ لەوەش وریا بین، سەرقاڵ کردنی هێزە ئەمنیەکان و هێزەکانی پاراستنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، هەموو تەرکیزێك لەسەر ئەم وەزعەی کە ئێستا خوڵقاوە و پێش ئێستا خوڵقاوە کە بە خۆشحاڵییەوە ئەڵێم ئێستا بەرەو شێوازێکی باشتر و مەدەنیانە تر و هێواش تر و هێمن تر دەڕوات، ئەم مەسەلە هەڵگرتنی ئەو هەموو هێزانەش بەو وەزعەوە دەرگایەك بەرەو رووی ناحەزانی ئەم تەجروبەیە دەکاتەوە، وەکو ئەوەی کە لە هەموو زەمەنی رابوردوودا بینیمان، بچووکترین دەرفەت تەنانەت جەژنەکانیش ئیستیغلال کراون بۆ ئەوەی کەوا زەربە لە هاووڵاتییان و لە خەڵکانی کوردستان بدرێ، ئێمە ئەبێ لەم مەسەلەیە زۆر وریا بین و بزانین، لێرەدا لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆمان وەکو پەرلەمانتار داوا دەکەین، یەك: لێژنەکانی لێکۆڵینەوە تەفعیل

بکـرێ، و بـە وردی لـە لایـەن لیژنـە پەیوەندیـدارەکانی پەرلەمانـەوە بەدواداچـوونی بـۆ بکرێـت و ئەنجامەکانیشـی رابگەیـەنرێت، لـە چوارچـێوەی ئـەوەدا نـەبێت کـەوا، وەکـو هەنـدێك لـە هاوکـارە بەڕێزەکانم ئاماژەیان پێ کرد، تەنها ناوهێنانی لیژنـە بێـت، دوو: داوا دەکـەین لـە گشت لایەنـەکان، لـە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتی مێژووییدا دیسانەوە، بەردەوامی بە کۆبوونەوەکان و وتووێژی گفتوگۆ بـدەن لەسەر ئاستی بەرز و بە ئیرادەی چارەسەر و بە ئیرادەی بە کردەوە، نـەك تـەنها دانیشـتن بێـت، چـونکە خەڵکی چاوەڕوانی بەرهەم لەم دانیشتنانە دەکەن، بەڕێزان راستە ئەمە ئەرکی حکومەتە، و زۆرتـریش چاوەڕوانی لە هێزە، با بڵێین لە هێزە دەسەڵاتدارەکان دەکرێت، ئەوانەی کـە حکومـەتیان پێـك هێنـاوە، بەڵام دەرحەقی وەزعێکی وا کە ئاراستەی میللەت و ئاراستەی پەیڕەوی بەڕیوەبردنی وڵات و ئاراستەی ئاینـدەی سیاسـی وڵات و ئاینـدەی ئیـداری وڵات، ئەمـە ئـەو حـەدە فاصـڵەی کـە لـە نێـوان دەسـەلات و ئۆپۆزیسیۆن دایە، هەڵدەگرێ، چونکە هەموومان هاوبەشین لەو مەسئولیەتە نیشتیمانی و نەتەوەییەی کە لەسەر شانی هەموومانە، راگرتنی دەم و دەستی راگەیاندنی تونـد بـۆ ئـەوەی کـەوا کەشـێك دروسـت بکەین، بیگومان هەموو ئەو داخوازییانەی کـەوا هـەڤالانم، بـەڕێزان پێشـی مـن خسـتوویانە ڕوو، ئـەبێ کەشـێك هـەبێ بـۆ ئـەوەی بتـوانێ ئـەم داخوازییانـە تێـدا جێبـەجێ بکـرێ، لایـەنی هاریکـاریش ئـەم راگەیاندنانەدا بن کە بە داخەوە، بۆ ئـەوەی بـەرەو ئاراسـتەی چارەسـەر بـڕۆین، ئـەگینا مـن پـێم وایـە مەسئولیەتی هەنـدێك لـە دام و دەزگاکـانی راگەیانـدن لەورژانـدنێکی نادروسـت و هەڵسـەوکەوت کـردن لەگەڵ هەندێك لە رووداوەکاندا، بە ئاراستەی زیـاتر بـەرەو ئـاڵۆز بـردن و هانـدانی گـەنجان بـۆ ئـەوەی کەوا کاری وای لێ بکەوێتـەوە، هەنـدێ جار لـە کـۆنترۆڵی خـودی خۆیـان و کـەس و کـار و عائیلەشـیان دەربچێت، کە کارێکی نەخوازراوە من باوەڕ دەکەم لـە کـاتی بیرکردنـەوەی هێمنانەیانـدا، ئەمـە بڕیـاری هـیچ کەسـێك نـەبووبێت، حکومـەتی هـەرێم بـە فیعلـی و لـە مـاوەی دیـاریکراودا بـە پـیر داواکـاری خۆپیشاندەرانەوە بچێت، فیعلەن من پشتگیری ئەم گوتنە دەکەم، حکومەت خەریکی ئەوە نەبێت، چۆن ئیتیفـاقێکی پێـنج قـوڵی لـە کوردسـتاندا دەبێتـەوە بـۆ ئـەوەی بـەیانی ئێمـە بـە هـەر پێـنج لاشـەوە نەکەوینەوە بن پرسیار و خەڵکێکی تر بێتە سەر جاددە و بـە ئێمـە بڵێـت دیـارە گرفتـەکانی ئێمـە بـۆ ئەوە بووە ئێوە ئیتیفاقێکی پێنج قۆڵی پێ بکەن، یاخود بەرەو ئاراستەیەکی حـەلی گرفتـەکانی بـەینی خۆتـانی پـێ بکـەن، ئێمـە گـرفتی خـەڵك بـە لای ئێمـەوە گرنگـە، بۆیـە حکومـەت ئـەبێ جـارێ لـە ئەولەویەتی کارەکانی بە پیر داواکاریەکانی خۆپێشاندەران و بەراستەوخۆ بچێتە پێشەوە، لێکۆڵینەوەی ورد بکرێ لەوەی لە کاتێکدا کە هەندێك لەو بەڕێزانەی لەو هەست و سۆز و پاکانەی لە شاری سلێمانی بۆ هەنـدێ مەبەسـتی مەشـروع خۆپێشـاندانیان کـرد، کەچـی ئاراسـتەکانیان گـۆڕا و هێـرش کردنـی لـێ دروست بوو، مۆڵەت بۆ ئەمە وەرنەگیرابوو، زۆر ئەگوترێت کەوا ئەبێ یاساکان، حکومەت یاسا جێبەجێ بکات، لایەنـەکان یاسـا جێبـەجێ بکـات، هـەروەها دەبـێ خۆپێشـاندەر و هاووڵاتییـانیش یاسـا جێبـەجێ بکەن، کاتێك کە مۆڵەت وەرگیرا بوو، مۆڵەت بۆ ئەوە وەرنەگیرابوو کەوا هێرش بکرێتە سەر بارەگایـەك یـان سـەر خـەڵکێك یـان سـەر هـەر لایـەنێك، هـیچ یـەکێکیش لـەم هێرشـانە، بـۆ ئـەوەی قسـەکانم بـە ئاراستەیەکی تردا نەچێت، موبەریر نـین، بـۆ ئـەوەی کـە دەسـەڵات یـاخود پاسـاوانەکانیان یـاخود هـەر کەسێك بە توند و تیژی وەڵامی ئەم شێوازە بداتەوە، بۆیە من دووپـاتی دەکەمـەوە، بهێڵین لیژنـەکانی

لێكۆڵینەوە تەفعیلیان بكەین و بهێڵین كاری خۆیان بكەن و دەستنیشانی كەم و كورتی بكەن، گومانی تێدا نیە بەڕێزان ئەو ڕەوشەی كە ئێستا لە هەرێمی كوردستان هاتووتە وجود كاریگەری بەسەر بژێوی ژیانی هەموو خەڵكەوە هەیە، لەسەر ژیانی سەرمایەدار، لەسەر ژیانی كاسبكار، لەسەر ژیانی پیشەكار، تەنانەت بەسەر ژیانی ئەو كرێكارەی كە بە دوای قووتی یەك رۆژیش دایە، من بۆیە ناچمە سەر گرفتەكان و سەر چارەسەری و داواكانی خەڵك و گەندەڵی و شێوازەكانی چارەسەر كردن، ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم مەسئەلەیەكی تر داین، چۆن ئەم كەشە دروست بكەین بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتانە بكەین، ئەگینا من وا دەزانم كەوا نەك كۆبوونەوەیەك و چەند دەقیقەیەك بەخشینی وەقت بە ئێمە، بەڵكو چەندین دانیشتن و پەنجە خستنە سەر گرفتەكان، بۆیە لێرەدا داوای لێبۆردن دەكەم كە ئەگەر نەپرژامە سەر ئەوانە، من مەبەستم ئەوەیە كە كۆبوونەوەكە بۆ چارەسەركردنی وەزعێكی وایە، ئەگینا من زۆر شتم هەن كەوا فیعلەن دەبێ هەنگاوی بۆ بندرێت و ئینشاالله لە وەختی خۆشیدا ئەوە دەخەینە روو، من نەمدەویست بە هیچ شێوەیەك، حەقیقەت، ئەمەم ئێستا لە نەتیجەی گوتنەكان ئیزافەم كردیە بە حەقیقەت، بەڕێزان، بە هیچ شێوەیەك من ناوی هیچ كەسێك و هیچ لایەنێك و هیچ حیزب و هیچ ئەوەیەك بینم، بەڵام هەر ئەوەندە داوام ئەویە، چونكە دانیشتنی ئێمە مەسئولیەتێكی تەئریخی زۆر گەورەیە، جودا لەوانەی كەوا د.بشیر ئاماژەی پێكرد كە خەڵكێك موراهەنەی لەسەر تێكچوونی وەزعی پەرلەمان كردووە، خەڵكێكیش زۆر بە تامەزرۆوە ئینتیزاری ئەم دانیشتنە دەكات بە ئومێدی ئەوەی نوێنەرانی گەل هەنگاوێك بنێین بەرەو چارەسەركردنی گرفتەكانیان، بەرەو هێور كردنەوەی ئەم وەزعەی كەوا لە كوردستاندا هەیە، بۆ ئەوەی دەرفەتی چارەسەری برەخسێ، بۆیە من دەڵێم ئەگەر باسی بارەگاكان، باسی حیزبەكان، باسی لایەنەكانیش دەكرێت، هەر ئەوەندە دەڵێم بە ویژدانەوە باس بكرێت، ناكرێت كاتێك كەوا هێرش بكرێتە سەر بارەگایەك لە هەولێر، بگوترێت ئەوە پارتی كردوویەتی، وە ئەگەر هێرش كرا سەر بارەگایەكی پارتی لە شوێنێك بگوترێت ئەمە خەڵك كردوویەتی، ئەبێ هەموو شتەكان بە یەك پێوەر بپێوین، من هەر ئەوەندە دەڵێم بۆ ئەوەی لە تەشخیصەكە مونصف بین و بە ویژدان بین، هەموو شتەكان وەكو خۆی، چ پێوەرێك بۆ لایەنێك دادەنێین، هەمان پێوەریش بۆ هەموو لایەنەكان دابنێین، دووپاتی ئیدانە كردنی هەموو جۆرە توند وتیژیەك و بە تایبەتیش جگە لە پاراستنی یاخود با بڵێین لەو كارەساتە گەورەی كەوا گیان بەخشین و خوێن لە هەموو شتێك بەرزترە، لە هەموو شتێك گەورەترە، ئەگینا سووتاندنی كەناڵێكی سەربەخۆی راگەیاندنیش ئەمەش تاوانێكە بە حەقیقەت، ئێمە بە هەموو شێوەیەك ئیدانەی دەكەین، دەرفەت بۆ لێژنەكان دەهێڵین بە چاودێری لێژنەكانی پەیوەندیداری پەرلەمان بۆ ئەوەی تەشخیصی كەم و كورتیەكان و لادەرەكان و سەرپێچی كارە لایاساكان بكەن، بۆ ئەوەی رۆژێكی تر بە دەرئەنجامەوە بە رەو رووی خەڵك بینەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار حەمە سەعید حەمە عەلی، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا هەموو خەڵك، لە ناوەوە و لە دەرەوە و لە دەوروبەر، چاودێری ئەم کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکەن، و چاودیری دەرئەنجامەکان و بڕیارەکان و هەڵوێستەکانی لێ دەکەن، بۆیە دەبێ بە مەسئولیانەوە مامەڵە بکەین، و ڕۆڵی پەرلەمان ببینێ، پەرلەمان ڕۆڵی خۆی ببێنی، هەر چەندە من پێم وایە بەداخەوە پەرلەمان درەنگ کۆبووینەوە، و بەراستی پەرلەمان دەبێت ڕۆڵی خۆی ببینیبا لە رابردوو، کە من پێم وایە وەکو پێویست ڕۆڵی نەبینیوە، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کە ئێستا کاتی نیە باس بکرێ، چونکە دەبوایە پەرلەمان موراقەبە و موحاسەبە و موتابەعەی حکومەتی بکردایە، ئیجرائاتی بەرامبەر بە حکومەت بکردایە، بانگ کردنی حکومەت و وەزیرەکانی بکردایە لە بچووکترین موحاسەبەوە تا سەحبی سیقە لێی و، من دەڵێم، ئەم ڕووداوانە زەمانەت چییە بۆ دووبارە نەبوونەوەیان؟ چونکە پێشتر ڕوویداوە وەکو هێرش کردن سەر بارەگاکانی یەکگرتوو لە ساڵی 2005 و ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی 7/25 بۆ بارەگاکانی چەند لایەنێك، زەمانەت چیە؟ خاڵێکی تر، داوا دەکەم لێژنەیەکی تەحقیقی دروست بکرێت، بەڵام ئەو لێژنەیە چەند مەرجێکی تێدا بێ، یەکەم متنەوع بێ لە چەند لا پەرلەمان و قەزا و حکومەت و هێزەکانی ئۆپۆزیسۆن و خەڵکی نوێنەری خەڵکی ڕۆشنبیر و خۆپێشاندەر، زۆر بە شەفافانە ئەنجامی تەحقیقەکە بڵاوکاتەوە بۆ خەڵك و ئیجرائاتیش بکرێ دوای تەحقیقەکە و سزادانی کەسانی کەم تەرخەم و کەسانی هۆکار، بەڕێزان، ئەم حاڵەتە کە دروست بووە و ئەم دۆخە هاتووتە ئەنجام، سەبەب ئەو گەندەڵیە و نا عەدالەتیەیە، سەبەب ئەو نەبوونی چاکسازیە لە لایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە، بۆیە دەبێ لە زووترین کاتدا ئەو پرۆژە ئیصلاحیە، سیاسیە، و گشتگیر، و بنەڕەتی و، عەمەلیانەی کە لە لایەن موعارەزە و خەڵك و ڕۆشنبیر و گەنج و پسپۆر و مامۆستایانی زانکۆ پێشکەش کراوە و پێشکەش دەکرێت بە دانانی سەقفێکی زەمەنی بۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژە ئیصلاحیانە، خۆ ئەگەر جێبەجێ نەکرابایە ئەو سەقفە زەمەنیە، پەرلەمان ڕۆڵی خۆی ببێنی و ئیجرائاتی خۆی بکات بەرامبەر بە دەسەڵاتی جێبەجێ کار کە دەسەڵاتی حکومەتە، هەر لە موحاسەبە کردن تا ئیقالە پێکردن و ئیستیقالە کردنی، خاڵێکی تر، داوای لێبوردن و ئیدانە کردنی ئەو کارە توند و تیژییە و شەهید کردن و بریندار کردنی خۆپێشاندەران لە لایەن هەر سێ سەرۆکایەتییەوە، و سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز خۆی داوای لێبوردنەکە بکات و داوایش بکات لە دوو سەرۆکایەتییەکەی تر، و لەو داوای لێبوردنە سەحبی وشەی گێرەشێوین و ئاژاوگێڕ بکرێت بە ڕەسمی، خاڵێکی تر، قەرەبووی ماددی و مەعنەوی شەهیدان و بریندارن و زیان لێکەوتووانی گشتی و تایبەتی و دەزگا حیزبی و ئیعلامییەکان، قەرەبوو بکرێنەوە، خاڵێکی تر، ئازادکردنی گیراوەکان و کۆتایی هێنان بە چاودێری و مولاحەقە و گرتنی کە بەردەوام دەبێ بە داخەوە، گرتنی خۆپێشاندەران و ئەندامانی حیزب و لایەنەکان، خاڵێکی تر کە ئەمە موهیمە، تەحریم و تەجریمی تەقەکردن و بەکارهێنانی چەك و هێزی چەکدار و هەڵکوتانە سەر بارەگای حکومەت و حیزب و لایەن و دەزگای ئیعلامیەکان و نەهیشتنی دیاردەی چەکداری و هێز لەناو شار و شاروچکەکان و لەناو دانیشتووانی سیڤیل دا، هێزەکان نەجووڵێنری، مەگەر بۆ مەترسی دەرەکی نەبێ و بە ئاگاداری پەرلەمان، چونکە ئەبێ ئەو جیهەتە ئاگادار بێ و مەسئول بێ لە جووڵاندنی هێز، خاڵێکی تر، ئازادی ڕاگەیاندن و مەنع کردنی توند و

تیژی و هێرش کردنە سەر رۆژنامەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن، وەکو بڵێ مەنع و تەحریم و تـەجریم بکرێ، خاڵێکی تر، هەموار کردن و دەرکردنی چەند یاسایەکی گرنگ لە لایەن پەرلەمانەوە، بۆ نموونـە هـەمواری دەسـتوور، دەرکردنـی یاسـای دەسـتەی نەزاهـە، ئیـدیعای عـام، موفەتیشـی عـام، خـاڵێکی تـر، داواکارم لێژنـەیەکی پەرلەمانی لە هەموو پێکهاتەکانی نـاو پەرلـەمان بنێـردرێ بـۆ لای پێشاندەران بـۆ ئەم مەبەستانە:

1-وەکو وتم بە رەسمی داوای لێبوردن و ئیدانەی کارەکانی کە بەرامبەریان کراوە.

2-گوێلێگرتن لە داواکانیان و وەرگرتنی داواکانیان بە نووسین.

3-هەنگاوی جیددی و عەمەلی بۆ جێبەجێ کردنی داواکانیان بە دانانی سەقفێکی زەمەنی.

بەڕێزان، ئەم دۆخە، پێم وایە بـە وتـاری پشت میکرۆفۆن و بـەڵێن و قسـەی بـێ عەمـەل هـیچ ناکـات، ئەبێ بە عەمەلی، چونکە هاووڵاتیانی کوردستان و خۆپێشاندەران قەناعەت ناکەن تا بـە عەمـەلی شـت نەکرێ، خۆ ئەگەر بە عەمەلی شتیان بۆ نەکرا، موعارەزە و دەسەڵاتیش بڵێن بـێ دەنـگ بـن و خۆتـان پێشان مەدەن، هەر خۆ پێشـاندان ئەکـەن، مەگـەر بـە عەمـەلی خواسـتەکان و داواکـان چاکسـازی کـرا و گەندەڵی نەما و عەدالەتی جێبەجێ کرا، موعارەزە یان لایەکی تریش بڵێت خۆ پێشاندان بکەن، خەڵك نایکات، چونکە داواکـانی جێبـەجێ کـراون، لەبـەر ئـەوە مـن داواکـارم بـە عەمـەلی وەڵام بدەینـەوە، بـە عەمەلی ئیش بکەین، چ پەرلەمان و چ حکومەت  و چ دەسـەڵاتەکانی تـر، لێرەشـدا شـتێکی تایبـەت بـە خۆم کە پێشکەشم بە سەرۆکایەتی بەڕێزی پەرلەمانم کردووە، ئەیخوێنمەوە ئەگەر گوێم لێ بگرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لەسەر مەوزوعەکەیـە بیخوێنـە، ئەگـەر نـا بـۆ جارێکی تـر، نـا ئەبـەدەن، ئەگـەر عیلاقـەی بـەو مەوزوعە نیە با وەختێکی تر بێت، رەجائەن دانیشە، رێزدار سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێستا روو ئەدات لە شەقامی کوردی و لە سلێمانی بە تایبەتی، من بە هۆکاری ئەوەی ئەزانم کـە دەسـەڵات گـوێ بـۆ داواکـانی خـەڵك نـاگرێ، و خـەڵك متمانـەی نـەماوە بەرامبـەر ئـەو بەڵێنانـەی کـە دەسـەڵات بـە خـەڵکی ئـەدات، ئـەوە ئێسـتا کـە خـەڵك داوای دەکـات لـە چاکسـازی سیاسـی و لـە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، ئێمە ئەبینین پێشـتر لـەم پەرلەمانـە زۆر قسـە لەسـەر ئەمـە کـراوە، زۆر پرۆژە پێشکەش کراوە بۆ بنبڕکردنی ئەم حاڵەتە لەم خولە کە ئێمە لـەم خولـە ئەنـدامین و ئاگـادارین، ئێستا زۆر بـەڕێز باسـی کـارا کردنـی رۆڵـی داواکـاری گشـتی و دوورخسـتنەوەی دەسـەڵاتی حیزبـی لـە ئاسایش و هێزەکانی پۆلیس ئەکات، لەو دوو بابەتە بلزات من ئەڵێم، پرۆژەمان هەبووە لە پەرلـەمان و پرۆژەمان پێشکەش کراوە، بەڵام لە لایەن لێژنەی یاساییەوە بێـت یـان لـە لایـەن زۆرینـەوە بێـت، ئـەوە رەت کراوەتەوە ئـەو پرۆژانـە، ئـەوەی کـە ئێسـتا جێـی نـاڕەزایی خەڵکە و خۆپێشـاندانی بـۆ ئـەکات، و ئەوەی کە لە سلێمانی روویدا، دوای ئەوەی کە ئەو بارە نا هەموارە دروست بوو، بە داخەوە بـووە هـۆی

گیان له دەستدانی ژمارەیەك و بریندار‌بوونی ژمارەیەکی تر، من پێم وابێ له ئەنجامی ئیش نەکردنی لایەنی جێبەجێکار بەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان، بە تایبەتی یاسای خۆپێشاندان، کە ئێمە ئەزانین لە هیچ شوێنێك ئەو یاسایە کاتی گیرە شوێنی باس کراوە، یاخود بڵێن خۆپێشاندەران بە لایەکی دیکەوە ئەڕوات، سەر ئەکێشێ بۆ ئەوەی کە حاڵەتی لەو شێوەیە رووبدات کە لە سلێمانی روویدا، بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە نەدراوە کە هێزەکانی پۆلیس، هەر چەندە ئێمە تێبینیشمان لەسەر ئەوە هەیە کەتەنها هێزی پۆلیس لەو شوێنە ئامادە نەبووە، ئەبێ بە رێگای مەدەنی وەکو ئاماژەی پێکردووە و ئەو وەسائیلانەی کە لە یاساکە باس کراوە رووبەڕوویان ببەنەوە، بەڵام بەداخەوە بە فیشەك رووبەرووی خۆپێشاندەران وەستانەوە و ئەوەی کە مایەی نیگەرانی ئەو خەڵکەیە و ئێستاش بەردەوامە لەسەر خۆپێشاندەران و لەسەر شەقامەکانن کە تا ئێستا، تا ئەم دەقەیە، کە حکومەت هیچ نوێنەرێکی نەناردووە بۆ لای خۆپێشاندەرەکان کە لە نزیکەوە قسەیان لەگەڵ بکات لەسەر ئەو داواکارییەی ئەوان هەیانە، ئێستا ماوەنەتەوە بۆی لەسەر شەقام، ئەوە خاڵێکە کە جێی نیگەرانی ئەوانە و ئێستا ئەبینین کە جگە لەو کەسانەی کە لە رۆژی یەکەم و دووەمدا لەسەر شەقام بوون، ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژەکان و لە رۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ و هونەرمەندان، چوونەتە رێزی خۆپێشاندەران و ئەوانیش ماونەتەوە لەسەر شەقامەکان بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەی کە هەیانە یان ئەو داواکاریای کە ئێمە بیستوومانە باس لەوە ئەکات کە ئەو چاکسازییەی ئەوان داوای ئەکەن، پێویستی بەوەی هەیە کە هەم پەرلەمانیش و هەم حکومەتیش و هەم دەسەڵاتی دادوەریش کە ئەو سێ دەسەڵاتەی لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی جیددی خۆیان بنێین وبڕیاری جیددی بدەن، بەراستی ئێمە ئەبێ لەو دانیشتنە کە زۆر هاوکاری ترم باسیان لەوە کردووە کە ئەبێ ئێمە لەوە دەرچین کە تەنها دەرکردنی نارەزایی بێ یان ئیدانە بێ یان بەیاننامە بێ، ئەبێ ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە بڕیاری بۆ حکومەت دەرکەین نەك بڵێین داوا لە حکومەت ئەکەین ئەوە بکات، بەڵکو ئەبێ پەرلەمان بڕیار بدات کە دەبێ حکومەت چەند خاڵێك هەیە، هەنگاوێك هەیە لەم دۆخەیە، بۆ ئەوەی دۆخەکە ئارام بێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمووومان باسی ئەکەین، ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بپارێزرێ، ئەو خالانەی کە من بە گرنگی ئەزانم کە حکومەت ئێمە ئیلزامی بکەین وەکو پەرلەمان کە بڕیاری لێ بدات، خاڵی یەکەم، ئەو دەزگا ئەمنییانە و ئەو دەزگا ئیدارییەکان کە لە سلێمانی و ئەو حاڵەتە کە ئەو دۆخە روویداوە بەرپرسن، مانەوە و نەمانەوەی ئەوان لەو حاڵەتە نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکەن، ئەگەر کەمتەرخەمیان کردبێ، بێگومان کەمتەرخەمیان کردووە و ئەوان بەرپرسن و پێویستە بڕیار بدرێ کە ئیجرائات بەرامبەریان بکرێ، زۆر خاڵی تر هەیە کە من وای ئەبێنم، کە من خەڵکی سلێمانیم، کە خەڵکی سلێمانی زۆر جار نارەزایی و ئەو هۆکارەی کە باسی ئەکەن بۆ ئەوەی کە ناعەدالەتی ئەکرێ بەرامبەر بە خەڵکی سلێمانی، زۆر جار لە کەمی ئەو پرۆژە گرنگ و ستراتیژیانەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، لە سلێمانی بەشێکی کەمی بەرکەوتووە، و زۆر حاڵەت کە ئێمە بەو دواییە بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو گرفتانەی کە ئەوان باسی لێ ئەکەن، وەکو مامۆستا عومەر و پەیمان خانیش باسیان لێ کرد، ئەو کێشەی سەبارەت بە مووچەی کارمەندان و مامۆستایانی سنووری سلێمانی لە ئەنجامی دوو ئیدارەیی ئەو کێشەیان زۆربەی ماوەیەکی زۆرە، پێنج ساڵ زیاترە مووچەی ئەوان بە

جۆرێك لە جۆرەكاندا داوا ئەكەن كە قەرەبوو بكرێتەوە، ئەو بڕیارە ئەگەر ئێمە ئیلزامی حكومەت بكەین ئیجرائات بكات یان بڕیار بدەین كە ئەوان ئەبێ ئەو خاڵە بخەنە بەر باس و لێكۆڵینەوە، كۆمەڵێك خاڵی تر كە باس كرا، ئەو راپۆرتانەی چاودێری دیوانی دارایی كە ئەو گەندەڵیانەی كە ئێمە هەمووومان، هەموو بەرپرسان، هەموو لایەنەكان كۆكن لەسەر ئەوەی كە گەندەڵی هەیە لەم هەرێمە، ئەگەر گەندەڵی هەیە و بەڵگە هەیە لای دەزگای چاودێری دارایی، بۆ ناخرێتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەكان و لێژنەی نەزاهە كە ئێستا خۆمان ئەزانین لە پەرلەمان ئەو قەیرانە هەیە لەبەر ئەوەی ئەو راپۆرتانەی لە لایەن سەرۆكی پەرلەمان نەخراوەتە بەردەست ئەو لێژنەیە و ئیشی لەسەر بكرێ، نەخراوەتە بەردەم داواكاری گشتی كە نوێنەری ماڧ گشتیە كە داوای لەسەر تۆمار بكات، یەعنی ئەوانە كۆمەڵێك خاڵن كە پێویستە پەرلەمانی كوردستان لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتیەی خۆیدا كە ئێمە ئیلزامی حكومەت بكەین كە ئەم قەرارانە بدات، كە ئەم هەنگاوانە بنێ بۆ هێور كردنی بارودۆخەكە، ئەبێ پەرلەمانیش لەو ئاستەدا، ئەو خاڵانەی كە پێویستە بۆ چاكسازی پەرلەمانیش هەوڵ بدات لە خولی داهاتوودا و ئێمە وەكو پەرلەمانتاران لە هەوڵی ئەوە بین كە كاتێك گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەكرێت، لە رێی سەرۆكی لیستەكانەوە ئەو خاڵانەی كە بە زەروور ئەزانرێت، ئەو پرۆژە یاسایانەی كە پێشتر خوێندنەوەی بۆ كراوە و ماوەیەكی زۆرە ماوەتەوە، بخرێتەوە بەرنامە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ، خاڵێكی تریش كە ئەمەوێ باسی بكەم، زۆر بڕیار هەیە كە هەنوكەییە، ئێمە ئەزانین كە داواكانی خۆپێشاندەران ئەوانەی ماوەنەتەوە بە پەلە بڕیاری لێ بدرێت، ئەوەی كە پێشتر لە سلێمانی روویدا سەبارەت بە رۆژی $2/17$ كە تەبریر هێنراوە بۆ ئەوەی كە تەقە لە خۆپێشاندەران كراوە، كە خۆپێشاندەران بەردبارانی ئەو بارەگایانەیان كردووە، بەراستی ئەگەر ئەمە تەبریر بێ بۆ تەقە كردن، بەڵام ئەو كەناڵەی كە كەناڵێكی سەربەخۆ بوو، كە پێشتر كاك دلشاد باسی ئەوەی كرد كە لە هەرێمی كوردستاندا ئازادی راگەیاندن هەیە، ئازادی دروست بوونی ئەحزابی سیاسی هەیە، ئەو كەناڵە كە خۆی ئیعلان كردووە كەناڵێكی سەربەخۆیە، ماوەیەكی كەم پەخشی كردووە، ئەی چ تەبریرێك هەیە بۆ سووتاندنی كەناڵێكی سەربەخۆ؟ بەراستی ئەمەش پێویست بە وەڵام دانەوە هەیە لە لایەن ئەو دەزگایانەی كە لە سنووری شاری سلێمانین، بۆیە ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان، ئەمڕۆش وەكو كاك حەمە سەعید باسی كرد، خەڵك بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەم دانیشتنەی پەرلەمانە، پێویستە بە كۆمەڵێك بڕیارەوە دەربچین، تەنها ئیدانە كردن و بەیاننامە نەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، هەر بۆ ئاگاداری جەنابت، هەر تەقریرێك هاتبێ بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، دراوەتە چاودێری دارایی، ئەوانەی كە رەبتی بە چاودێری دارایی هەیە، بۆیە ئەبێ ئەوان بەرەسمی لێی بكۆڵنەوە و بەدواچوونی بۆ بكەن، پاشان راپۆرتی خۆیان بە رەسمی بدەنە ئێمە، بۆ ئاگاداری جەنابتان، رێزدار كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی پرسە و سەرەخۆشی خۆم ل خێزانێ شەهیدێت ریدانا سلێمانی دكەم، داخازا سەلامەتیێ بۆ بریندارێ وێ ڕیدانا دلێتەزێن دكەم، ئەز حەز دكەم ئاخافتنێ من پلانەك بن، ئەز بێژم چ برادەر ئاماژە پێ نەدانە، ئەگەر ئاماژەش پێداپیتن ب دروستی ئاماژە پێ نەدایە، ئەڤ ڕوویدانێت هەنێ، گەلەك تشتێت سەلبی دێ ژێ كەڤن، ئێك ژ وان كارتێ كردنەكا یا نێگەتیڤ و خراپ ل سەر ئابووری كوردستانێ، چونكو ژین و ژیارا خەلكی، ئابووری كوردستانێ ژین و ژیارا خەلكیە، ئەگەر بێت و ئەڤ كێشە بەردەوام بیت، هەقیقەت گەلەك كارتێكردنەكا خراپ ل سەر ئابووری مە دكەت، وە ئەز ل ڤێرە ئاخافتنا ئابوور ناسەكی بیراوە دینم بێژیت( چارەسەركرنا كێشێت سیاسی و ئەمنی كارەكی ب ساناهیە، لێ چارەسەركرنا كێشێت ئابووری كارەكێ زۆر ب زەحمەتە و زۆر وەخت بۆ دڤێ)، لەوما ئەگەر بێت و ئەڤ وەزعە بەردەوام بیت، تەئكید دێ گەلەك خالێ سلبی ژێ كەون، خەلكەكێ هەی ئەوڕۆكە دەها، بەلكو ب سەدەها كۆمپانییێت بیانی ڤێرە بارەگایێت خۆی دانای، كاری خۆیێ كری و، وەبەرهێنانێ كوردستانێ دكەن، ژێرخانێ ئابووری ل كوردستانێ پێشڤە دخەن، ئەو خەلكە حەتمەن دێ جارەكی تر بیر كردنەكا دی كەتەڤە، ئیحتیمالە دووبارە بخۆ دابچیتەڤە، بوێری كانێ ڤێ كوردستانێ پاڤێت ئان نا، چونكو ژ وەبەرهێنان، ژینگەهەكا ئارام و تەناهی دێتە كرن، نەوەك ژینگەكەها توندو تیژی و نارەحەتی تێدابی، دوو، مەترسیا وێ چەندێ هەی ئەو سەرمایەو، سەرمایەدارێ ل كوردستانێ كو ژبەر ببن، ل كوردستانێ شتێ خۆ ڕاكەن و بچن، ئەوە هەنێ ژی ئەگەر ئەوە هاتە كرن، ئەو وەزعە بەردەوام بیت، حەتمەن دێتە كرن، ژڤڕاندنا وا ئەگەر ئەز نەبێژم مەحالە یان موستەحیلە، ئەز باوەڕ دكەم كارەكێ گەلەك ب زەحمەتە، كا ئەم دشێین قەناعەت ب وێ خەلكی بكەین، با سەرمایە دارا ڤی جارەكا دیكە بزڤڕیننە كوردستانێ، ئەوەژی دبیتە ئەگەرا وێ چەندێ، كو لاوازیا ئابووری كوردستانێ زێدەیا ڕژا بە تالێ، كەم بوونا دەرفەتا كاری، وە ئەوە تەئسیرەكا زۆر ل سەر پاشە رۆژا كوردستانێ و ئابووری كوردستانێ دكەت، بەرێزان، تەنها ل سلێمانیێ ڤێ وەختێ، ئەو پرۆژەییێت دەستەی وەبەرهێنانێ ڕوخسەت دایێ، بایی شەش ملیار دۆلارا، نزیكەی 85 پرۆژە ڤی كاریدا، ئەگەر ئەڤ كارە یان ئەڤ توندو تیژیە یان ئەڤ نارەحەتیە ل كوردستانێ بەردەوام بیت، پرسیار ئەڤەیە، ئەرێ مەسیرێ ڤان پرۆژەو، ڤی سەرمایەی دبیتە چ؟، دێ چەوا دێتە عیلاج كرن، وە دێ چ ڕەنگدانەوە هەبیتن ل سەر سومعەتا كوردستانێ، ل دەرڤەی ولاتی و ناڤخۆیا ولاتی، ئەگەر ئەڤ پرۆژە هەمی ڕاوەستیان، موحەقەق ڕێژا بەتالێ دێ زێدەتر لێدێ، ئو بلا ئەم ژبیر نەكەین خەلكەكێ ژین و ژیارا وا یا ل سەر وێ چەندێ وەختێ سپێدێ دەركەویت دێچنە كاری، ئێڤارێ چ دگەل خۆ دینن، ئەوی ژیاناخۆ پێ دبەنە سەری، ئەگەر هاتو كارنەما، موحەقەق كێشەی ماستەر دێ ڕیدەنە كوردستانێ، وە ئابوورو ژیانا خەلكی دیكەڤیتە مەترسی، ئەگەر ئەم بچینە بازارێ، سەح كەینە بازارێ تەمامەتی ڕاوەستیای، جوولانا بازارێ نینە، كڕین و فرۆشتن نەمایە، دانوستاندن نەمایە، قەردێ خۆ دینیتن و ناداتەڤە، هەریەك پارەیێ هەبیت ل بەریكاخۆ دێریتەوە، ئەگەر هاتو ل پاشە ڕۆژێ ئەگەر خودێ نەكا تشتەكێ خراپتر ڕێی دایە چەند ڕۆژەكا خۆ پێ بژینی، ڕاستیا ناڤ بازارێ ئێستا لە لبازارێ حەقیقەت نارەحەتیەك، دلگرانیەك دڤ خەلكێ كوردستانێ پەیدا كری، كەرتێ عەقاراتا لكوردستانێ كەرتەكی هەرە سەرەكیە لە ئابووری كوردستانێ، تەمامێ ڕاستیای وە بڕێژا دشێت بێژمە 20٪ -25٪ وەكی نرخ دابەزی، ئەڤێ تەنێ هەمی

خالێت سلبینه لكارپێكرنەكی پاشەڕۆژی لسەر ئابووری كوردستانێ كەن، لەوما ئەز دەنگێ خۆ دەدەمە پالْ دەنگێ هەمی برادەرێ كو دڤێت ئەم ڤێ كێشەیێ چارەسەر بكەین، ئەز پشتەڤانیێ ل ڕاپۆرتا لیژنا ناڤخۆ دكەم، پشتەڤانیێ ل ڕاگەهاندنا فراكسۆنا كوردستانی و تێبینیەت هەمی برادەرێت یەت فراكسیۆنی یی دی تری دكەم، ئەز داخاز دكەم ئەم بێ وەزعی تەنا بكەین و ئارام بكەین، بەلێ لبێرێ خالەكا دی هەی، من نەڤێ تەنا كرن و ئارام كرن بەوێ چەندێ بیت ئیستراحەت مقاتع بۆ چەند ڕۆژەكا بی و بەس خەلكی ئارام بكەین، بەلكو دڤێت ئەڤ ئارام كرنە دەرفەتێك بێت بۆ لێك نزیك بوونی و لێك تێگەهێشتنێ و ڕێكەڤتنێ لسەر پرۆگرامەكی ئەو پرۆگرامێ یا عەمەلی بیت و یێ بۆ وێ چەندێ بیتكو بێتە جێ بەجێ كرن، ئەم پێكڤە كاری لسەر بكەین تاكو ئەم ژ ڤێ كێشەیێ، ئەم ژ ڤێ گرفتێ رزگار بین و كوردستانێ توشی چ وەزعێت ناخۆش تر نەكەین، ئەگەر نا ئەز لڤێرێ ئەز دبێژم پاشەڕۆژا ئابووریەت كوردستانێ مەترسیەكا زۆرا گەورەیێ لسەر وەچارەكرنا كێشێت ئابووری گەلەك زەحمەتن و سەختن و گەلەك وەخت بۆ دڤێت و مە لكوردستانێ گەلەكی خۆ ماندی كری هەتا مە قەناعەت ب خەلكەكی كریە و خەلك هاتە ئێرە دگەل مە كار بكەن، نوكە بساناهی ئەم ڤێ زەحمەتێ ئەمە بەلاش بەین و وا ل خەلكەكی بكەین كە خەلكی كوردستانێ بجێ بهێلی، دوماهیا ئاخافتنا خۆ ئەز ئایەتەكا قورئانا پیرۆز دینم (بسم الله الرحمن الرحيم ـ وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان هێشتا (33) كەس ماوە، تكایە كەمێك تەركیز بكەن زیاتر، بۆ ئەوەی بتوانین تەواوی بكەین، بەڕێز خەلیل عوسمان، كەرەمكە.

**بەڕێز خليل عثمان حمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا سەرەخۆشی لە كەس و كاری شەهیدانی ڕووداوەكانی ئەو دواییەی شاری سلێمانی دەكەم و هیوای چاكبوونەوەی بە پەلە بۆ بریندارەكان دەخوازم، بەڕێزان لە كۆی ئەو بەیاننامانەدا كە خۆپیشاندەران لەو چەند شوێنەی كە خۆپیشاندان تیا ئەنجام دراوە و، دەری دەكەن، داواكانی ئەوان داوای چاكسازی لە ئاستی سیاسی و ئابووری و ئیدارییە، هەروەها نەهێشتنی گەندەڵی و لێپێچینەوە لە گەندەڵكاران و دادپەروەری كۆمەڵایەتییە، ئەو داوایانەش هەموو ڕەوان و هەڵقوڵاوی ویستی كۆمەڵگان و ڕەنگدانەوەی ئەو هەست بە مەغدووری كردنەیە كە لە ناو بەشێك لە كۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیی هەیە بەڕاستی، بۆیە داواكارم حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرنامەیەكی چاكسازی سیاسی، ئابووری، ئیداری، ستراتیجی لە سەقفێكی زەمەنی دیاری كراودا بخاتە بەردەمی پەرلەمان، دووەم: ئاستی هەڵچوون و توورەبوونی خۆپیشاندەران و هاووڵاتیان هەرچیەك بێت و هەرچۆنێك بێت دەبێت تەنها و تەنها بە هێمنی و دوور لە توند و تیژی وەڵامیان بدرێتەوە و مامەڵەیەكی شارستیانە لەگەڵ دەرەنجامی توورەبوونەكانیان بكرێت، چوارەم: بە بڕوای من لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستادا و بۆ ئەركی هەنووكەییمان گونجاوترین و كاریگەرترین میكانیزم بۆ وەڵامدانەوەی هاووڵاتیان دیالۆگی ڕاستەوخۆی پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمە لەگەڵیاندا و گوێگرتنە بۆ داواكارییەكانیان، بە

تایبەتی کە بەشێکی زۆر لە خۆپیشاندەران نایانەوێت هیچ لایەنێك لە بری ئەوان لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی دا دانووستان لەسەر خواستەکانیان بکات، پێنجەم: دەستخۆشی لە هەموو هەوڵێکی هێور کردنەوەی دۆخەکە دەکەم کە لەلایەن سەرجەم چین و توێژەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە دەدرێت، ئەرکی سەرەکی هەموو لایەکمانە چ وەك پەرلەمانی کوردستان کە دامەزراوەیەکی شەرعی و مەرجەعی هەموو خەڵکی کوردستانە، چ وەك یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێتی ئارام کردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان لە ئەستۆ بگرین، بەوەی کە ئەو دانیشتنەی پەرلەمان بە بەلاغێکی ئارامکەرەوەی دۆخەکە کۆتایی بێت، بە تایبەتی کە خۆشبەختانە خاڵی هاوبەش لە نێوان ویستی فراکسیۆنە جیاوازەکان هەیە، بەلاغەکە خاڵی بێت لەهەر ئەجیندایەکی سیاسی لایەنەکانی ناو پەرلەمان، دوو/ پەرلەمان لە ڕێگەی لیژنە تایبەتمەندەکانەوە دیالۆگەکی بەردەوام لەگەڵ هاوولاتیاندا بکات، سێ/ دوای ئارامبوونەوەی دۆخەکە لە کەشێکی سەقامگیردا، پەرلەمانی کوردستان زنجیرەیەك دانیشتن لەسەر هۆکارەکانی خولقانی ئەو دۆخە بکات، بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری کەم و کوڕییەکان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.حسن، کەرەمکە.

**بەڕێز د. حسن محمد سوورە:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا منیش سەرەخۆشی خۆم لە کەس و کاری شەهیدان دەکەم، هیوای چاکبوونەوەی زوو بۆ بریندارا دەکەم، دەستخۆشی لە ستافی ئیدارەی تەندروستی سلێمانی و ستافی تەندروستی پزیشکان و کارمەندان و پەرستاران، ستافی ئیسعاف و تەواری دەکەم کە بە ئەرکی خۆیان هەستاون، دەستخۆشی لە هەموو ئەوانە دەکەم کە هەوڵیان داوە بۆ هێور بوونەوەی ئەو بارگرژییە، دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، هەرچەندە بەڕای منیش دەبوو ئەو کۆبوونەوەیە زووتر کرابا، لەبەر دوو هۆ: هۆیەکیان هۆیەکەی کاتە، وتەیەکی بە نرخ هەیە دەڵێ: خۆپاراستن لە چارەسەرکردن باشترە، دووەمیش/ ئەو کۆبوونەوە دوای ئەو هەوڵە سیاسیە دێت، ئەو دیالۆگە سیاسیە دێت، دوای هەوڵی حکومەت دێت، کە دەگوترێ: هیچیان سەرکەوتوو نەبوون، بەڕێزان دەمەوێ بە چەند خاڵێك ختوورەتی ئەو بارە گرژییە دەستنیشان بکەین:

یەکەم/ بێگومان پرۆسەی سیاسی تووشی قەیرانی سیاسی دەبێت.

دوو/ ئیستیقراری هەرێم تێك دەچێ.

سێ/ وەزعی ئەمنی خراپ دەبێت و وەزعی ئیقتیصادی و کۆمەلایەتی خراپ دەبێت.

بۆیه ئەمڕۆ له هەموو کاتێك زیاتر ئێمه پێویستمان به حیکمەته، داوا لەلایەنی دەسەڵات و لایەنی ئۆپۆزسیۆن دەکەم که حەکیمەکانی، موفەکیرەکانی بێنه پێش بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەرێك بۆ ئەو وەزعه بێننه دی، بەلای من ئیستیقراری سیاسی بەوە دەبێت که تەوازوونێك ڕابگیرێ لەلایەن دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، دەبێ دەسەڵات ڕێز له هەموو مافی خەڵك بگرێ، له هەموو مافەکانی خەڵك به گشتی، دەبێ زەبتی نەفسی خۆی بکات، توند و تیژی و هێز بەکار نەهێنێ دژی خۆپیشاندەران، دەبێ لایەنی موعارەزەش هەوڵ بدات موشارەکه بکات له هێور کردنەوەی ئەو بار گرژییه، هەروەها هەوڵ بدرێ بەوەی که شیعاراتی توند له جاددە کەم بکرێتەوە، لێرەدا منیش بۆ چارەسەر کردن سێ خاڵ دەخەمه ڕوو:

یەکەمیان/ دەبێت سەرۆکی حکومەت داوا بکرێت، به زووترین کات له ئاینده‌یەکی نزیك بەیانێك پێشکەش بکات، که تێیدا چارەسەری هەموو ئەو خاڵانه بکات که داواکاری خەڵکه.

دوو/ دیالۆگی نیشتمانی بەردەوام بێت له ژێر سەقفی پەرلەمانی کوردستان، که له هەموو سیستەمێکی دیموکراسی به تەصەوری من ئەم دیالۆگه له ژێر سەقفی پەرلەماندا دەبێت، دیالۆگ هەرچەنده توند و تیژیش بێت باشتره له لادان و توند و تیژی و دوور کەوتنەوە له ڕێرەوی سیاسی، پێویسته نیەتی پاك هەبێت لەلای هەموو لایەك بۆ سەرخستنی حیوار، سەرخستنی دیالۆگ.

سێیەم/ دەبێ ڕۆڵی پەرلەمان چالاك بکرێت، ئەویش به چالاك کردنی ئالیەتی چاودێری، دووەمیش/ دەرکردنی یاسای پێویست و گرنگ بۆ چاککردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵك، سێیەمیش/ له ئایندەدا لێپرسینەوە و پرسی ئیستیجواب دەست پێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، کەرەمکه.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ڕۆژەدا که پرسێکی زۆر هەستیار ئینتیزاری هەموو کوردێکی دڵسۆزی ئەو وڵاته دەکات، که ئێمه له بەرامبەر دوو شتین:

یەکەم/ له ناوچەیەك له ناوچەکانی ئەو هەرێمه که سلێمانییه کێشەیەك تێیدا ڕوویداوە، من حەز دەکەم لێرەوە بڵێم، ئەو سروشتەی که باس دەکرێ له ناو سلێمانیدا که دەبێ بارودۆخێکی تایبەته و سروشتێکی تایبەت هەیه له ناو خەڵکی سلێمانیدا، من دەڵێم سروشتێکی زۆر ئاسایی هەیه خەڵکی سلێمانی، خەڵکی سلێمانی هەر ئەو شارەیه که لە ناویدا هەموو کاتێك پێشوەختانه بیری کردۆتەوە چۆن چارەی هەر کێشه و گرفتێك بکات که هەیەتی، ئێستاش بەرپرسیاره لەوەی که چۆن چارەی دەکات؟ ئەم گەنجانەی که ئێستا لەسەر جاددەکاندا دڵیان زۆر زویره، وابزانم چارەکردنێکی کێشەکانیان کاری هەمووماته، من هەردەم وتوومه و دەڵێم، هەموو ئینسانێکی سەرکەوتوو هەر وەکو پاولۆ کوێلۆ دەڵێ، دەڵێ بەچی سەرکەوتن دەست دەهێنین، بەوە دەرئەهێنین که هەموومان بڵێین بەشێکین له کێشەکه، بەڵام ئینسانی فاشل ئەو ئینسانەیه که بڵێ تەنها یەك شت بۆته سەبەب، ئەم گەنجانەی که

ئێستا لێرەن هەڵبەتە داوایان هەیە، ئێمە وەکو لە جێگای بڕیار، مـن وەکـو بەرپرسـێك و لـە شـوێنێکی متمانە پێکراو، لە شەرعیەتێکی پەرلەمانەوە قسە دەکەم، بە سوێندێکەوە قسە دەکەم کە شـەو و ڕۆژی خـۆم بکـەم بـە یـەك، نـاتوانم ئەرکەکـەی خـۆم بـە تـەواوی بێنمـە دی، ئێسـتا ڕۆژی ئەوەیـە لـەو کاتـە هەستیارەدا لەگەڵ ئەو گەنجانە بە دیالۆگێکی وا لەگەڵ هەموو کەسانێکی دڵسۆزی نـاو ئـەو پەرلەمانـە بە بێ جیاوازی، لە ناو هیچ حیزبێك لە ناو هیچ بیرو بۆچوونێك، لـە نـاو هـیچ فراکسیۆنێك کـە هـەر هەموومان، من ئێستا هەموو خاڵەکان لە دوای ئـەو هەڵساندنەی کـە هـەموو هەڵسانەوە و دایـان نـاوە، حەز دەکەم بە چـەند خاڵێـك، خاڵـە هاوبەشـەکانی هـەموو فراکسیۆنەکان لێـرەدا بـاس بکـەم: یەکـەم/ هەموومان بە کاتێکی دیاری کراو حەز دەکـەین کێشـەی سـلێمانی چارەسـەر بکـرێ، کێشـەی گـەنج لـەو شوێنەدا چیە بیـزانین؟ هەرهـەموومان دەمانـەوێ ئـازاد کردنـی گیراوەکان، هەرهـەمووشمان دەمانـەوێ نەهێشـتنی تونـد و تیـژی و بـەکارهێنانی چـەك، هـەر هـەموو فراکسـیۆنەکانیش دەیانـەوێت ئـازادی ڕاگەیانـدن هـەبێت، بـەڵام هێـرش کردنـە سـەر ڕاگەیانـدن ئیدانـە کـراوە لەلایـەن هەرهەمووشمانـەوە، هەرهەمووشمان دەمانەوێت هەموارکردنی یاسایەك، ئەگەر بێت و پێشێلێك هەبێ لەچەند خاڵێکیدا کە یاسای خۆپیشاندانە بـۆ نموونـە، کـە دەرچـووە لـە نـاو پەرلەمانـدا، دەرسـی قورئـان نیـە هـەر یاسـایەك دەردەچێ زۆر بۆت هەیە تۆ چەند خاڵێکی چاك بکەیتەوە، کە ئێمە خۆمان پێش هەموو کەسێ لە نـاو ئەو پەرلەمانە وتوومانە ڕێگای گفتوگۆ کراوەتەوە، ڕێگای ئیش کردن لەسەری کراوەتەوە، ئینسان تـاکو بڕوات زیاتر فێـر دەبێـت، زیـاتر شـت فێرمـان دەکات کـە چارەسـەری بکـەین، هـەمووومان لەسـەر ئـەوە سوورین کە دەتوانین چاکی بکەین، خاڵی شەشەم کە هەموو فراکسیۆنەکان لەسەری بوون، بـە عەمـەلی کارکردن بە هەموو لایەك بـۆ وەرگـرتن و ئیحتیـواکردنی ئـەو گەنجانـە، ئـەو هاوولاتیانـەی کـە بـە زۆر کێشـەی ڕەوا هاتوونەتـە پـێش، هەرهـەمووومان لەگـەڵ ئـەوەین کێشـەکانتان ڕەوایـە، داواکردنـەکانتان تەواوە، بەڵام هەر هەمووومان دژی بەکارهێنانی کاری ناڕەواین بەرامبەر خۆیان، گەنجەکان ئەوەل جـار، بەرامبـەر خۆیـان هاوولاتیـەکان کـە مـن هـیچ کاتێـك شـەرمەزارییە بـۆ مـن وەکـو ئەنـدام پەرلـەمانێك ئەلێرەدا حەق بەخۆم بدەم کاسبی ئەو خەڵقە بوەستێ، شەرمەزارییە بۆمن، من باسی خـۆم ئەکـەم کـە لێرەدا گەنجێکە نەهێڵم خوێندنی تەواو بکات، لـە وڵاتـانی دنیـا خۆپیشـاندان دەکـرێ دوای نیـوەڕۆوان دەکرێ، ئەی هاوار، بەیانیان ناکرێت تاکو دەوام تێك نەچێت، تـاکو ئـیش نـەڕوا، شـەرمەزارییە بـۆ مـن ئەمڕۆ گەندەڵی، گەندەڵی، گەندەڵی نەهێڵم، بەڵام گەندەڵی فیکری خۆم پێش هەموو کەسێ بەرامبـەر گەنجێك وا لێ بکەم بچێتە سەر جادده، داوا بکـات، دەبـێ هـەردەم وابکـەم بـەڵام وای لـێ نەکـەم، چۆن بەردەوامی بکەم لـە داواکـە بـە شـێوەیەکی یاسـایی، بـە شـێوەیەکی هێمنانـە کـە هـەموو فراکسـیۆنەکان حەزیان لێیەتی، دڵ و ویستی هەمووومانە، حەوتەم خاڵ کە هەر هەمووومان لەسـەرین، ڕۆڵـی پـۆزەتیڤی ڕۆشنبیرانە، هەر هـەمووومان لەسـەر ئـەوە جـەختین، ڕۆڵـی مامۆسـتایانی ئـاینی، هەرهـەمووومان لەگـەڵ ئەوەین کە نەك ئێستا تەنها لێمان داوا کردبێ ئیتیحادی زانایان کە جوانترین دەوری خۆیان دیتوە، کـە هەموو کاتێ لەگەڵ لایەنەکانی تریش دەست بە دەستی مامۆستاو ڕۆشـنبیر، دیـالۆگ و هەماهـەنگی بـۆ چاکسازی، کە ئەوە ویستی هـەر هـەموو فراکسیۆنەکانە، دیسانەوە دەیڵێم، لـە زۆربـەی خاڵـەکان هـەر هەمووومان وەکو کوردێکی دڵسۆز، وەکو ئەو کەسانەی کە لە (91) هەمووومان ئەوی پشتێنەکەی لـە نـاو

قوڕ بوو، ئەوی بە نەعلەکەی دا ڕانەئەگەیشت، ئەو گەنجەی، ئەو پیرەی کە هەمووما‌ن هەوڵی ئـەوەمان بوو چۆن ئەو کوردستانەی ئەمڕۆ کـە جێگای حەسـوودی زۆران زۆران خـەڵکانی دەوروبـەری خۆمانـە، هەر لەم مینبەرەوە خۆم بە شەرمەزار دەزانم ئەگەر ئـەو هـەموو گرێبەسـتەی کردوومانـە لەگـەڵ ئـەو وڵاتانە، جێی متمانە بوون، هاتوون لێرە شتمان بۆ دروست بکەن، بینامان بـۆ بکـەن، شـتی جوانمـان بـۆ بکەن، یەکەم شت بـۆ خزمـەتی ئـەو گەنجانەیـە، مـن وای لـێ بکـەم ئەوەنـدە لێـڵ بـبێ مێشکەکەی بـیر نەکاتەوە ئێمە چۆن داهێنەری بۆ بکەین، چۆن خزمەتی بکەین، ئایا مـن ئـەو هەڵانـەی هەمـە چارەی دەکرێ یان نا؟ نەخۆشیش وایـە، نەخۆشـی وایـە وەکـو سـەرەتان ئێسـتا لـە دواییـدا ئـەوەش چارەی بـۆ دۆزراوەتەوە، هەر شتێك چارە دەکرێ بە لابردنی، بە ڕووخاندنی نـابێ، بەڵکە بـەو چاکسازییەی هـەر هەموومان لەسەری هاوڕاین، لەبەر ئەوە بە هەموومان ئینتیفازەمـان کـرد، بـە هـەموومان بیست سـاڵە فێری خەڵکمان کرد بچێتە سندووقی هەڵبژاردن، دەنگ بدا بۆمان، هەر بە هەمووشمان دەتوانین چاکی بکەینەوە، هەر بە هەموومان ئەو کێشانەی کە زۆر زۆر ئاسـانە، کـەی کێشـەن لـە چـاو کێشـەی خـەڵك؟ وەڵلاهـی مـن لـە نـاو مـافی مـرۆڤ ئەنـدامم، لەگـەڵ بەغـدا دانیشـتم لێژنـەی ئـەوەی چـۆن وا بکـەین پرینسـیپەکانی مـافی مـرۆڤ بێنینـە نـاو پـەروەردە، بڕواتـان هـەبێ لەگـەڵ بەغـدا ئێمـە وامـان دەکـرد هەماهەنگی هەبێ کە هەموو عیراق، هەمووی بە ڕێك و پێکی بێ، چاو لـە ئـەزموونی ئێمـە بکـەن، مـن لێـرەدا یـەك شـت دەڵـێم قسـەیەکی جـوانی إمـام علـی (علیـه السـلام) دەڵـێ: (وقـروا کبـارکم تـوقرکم صـغارکم)، بـا گـەورەکانی خۆمـان بـە جـوان دانـێین، ئێمـە خۆمـان گـەورەی ئـەو وڵاتـەین بـە هـەموو فراکسیۆنەکانەوە، بە هـەموو بـیرو بۆچـوونەکانەوە، ئێمـە هـەموومان لـە جێگـای قـەرارین، هـەموومان سوێندمان خواردووە، هەموومان پاڵپشتین بۆ هەموو پێشێلکارییەك، بـەس مـن قـەت شـەرمەزارییە بـۆ من، من ببمە سەبەبی پێشێلکاری فیکـری ئـەو گەنجـەی هێشـتا (16) سـاڵ نـەبووە، (8) سـاڵ نـەبووە، (11) ساڵ نەبووە من لەسەر مینبەرەکانی خۆمەوە ئەوە داوا دەکەم، چوار خـاڵم هەیـە وەکـو داواکـاری خـۆم، داوای دەکـەم/ پاڵپشـتی خـۆم لـە هـەموو خاڵێـك کـە فراکسـیۆنەکان ئـەوەی چاکە بـۆ خزمـەتی چاکسازی، من لەگەڵیم، پاڵپشتی تەواوی خۆم بۆ لێژنـەی نـاوخۆ دادەنـێم کە بـۆ خزمـەت کردنـی ئـەم پرسـەیە دانـراوە، داوا دەکـەم لێژنەیـەکی ژنـان لـە نـاو پەرلـەمانی کوردسـتان دا، بـە پـاڵ پشـتی ئـەو لێژنەیەی کە دانراوە لـە هـەموو ژنێـك کـە لـە نـاو لێژنەکانـدا حـەز دەکـات بـەو بیرۆکانـەی کـە لـە بـۆ چاکسازییە، بە تایبەتی ئەوانەی قانونین کە وجودیان هـەبێ لەگـەڵ پیاوەکانـدا، کـە مـن خـۆم زۆر زۆر ئیمانم بەوەیە کـە جیـاوازی لـە نێـوان پیـاو و ژن نیـە، بـەڵام یەکـەم کـەس کـە زەرەربـارە لـە نـاو هـەر پرسێکدا کە بووە، ژن بووە، کە ئەو هاوسەرەکەی و کورەکەی و براکـەی لـە دەسـت داوە، داوا دەکـەم لـە ڕاگەیاندنەکان بە مەسئولیەتەوە ئیتیهامی هیچ کەسێ نەکرێ، چونکە لە ناو دین بێ یان لە ناو فیکری قانونی بێ، دەووترێت: (المذنب بريء حتى يثبت إدانته)، ئـەو مەسـئولیەتە لەسـەر ڕاگەیاندنـە، لەسـەر هەموو ئینسانێکی ڕۆشنبیر، دیسانەوە بە خۆم دەڵێم ئەگەر من لێرەدا ئیتیهامی یەکێك بکـەم، وابـزانم نە مێژوو لێم خۆش دەبێ، نە سوێندەکەی خواردوومە بۆ خزمـەتکردنی وڵاتەکـەم لێـرەدا، چـێ ڕێگـام پێ دەدا ئیتیهامی هیچ شتێك بکەم، ئەگەر من ئیسپاتم نەبووبێ چونکە ئێمـە جێگـای یاسـاین، ئـەوەی داوای دەکەم ئەخیر شت، ئاشتەوایی و بەیەکتر ژیان کە من ئیدانەی هـەموو گەندەڵیـەك دەکـەم کـە لـە

هەر شوێنێکدا هەبێ، ئەو ئاشتەواییەی کە داوای دەکەین ئەوە ئێمەی گەیاندە ئێرە، ئێمە ئێستا وا بە دیموکراسیانە قسە دەڵێین بە هەموو کەسانێك کە خۆمان متمانەمان پێدابێ یان نەماندابێ، هەر هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی ئایا حکومەت تۆ بڕووخێیت؟ یان بمێنیت؟ ئایا هەموومان چەند دەورمان هەیە لە چاکسازییەکە؟ ئەوە وابزانم بەرپرسی هەر هەموومانە، داوا دەکەم بە زووترین کات ئەو لیژنەیە دەست بەکاری و لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئیشەکانی خۆی جێبەجێ بکات، چونکە کوردستانێکی زۆر زۆر ئازاد و هێمنانە ئینتیزاری ئەو گەنجانەمان دەکات، کە ئێستا ئینتیزاری ئێمە دەکات لێرە چ بڕیارێ بدەین؟ تاکو هێوریان بکەینەوە، تاکو دڵە نەرمەکانی خۆیان وا لێ بکەین کە هەوڵی بیناسازی بدەن و ئاشتەوایی بدەن، هەوێنی ئاشتی باوکی جەرگ سووتاوەکەی کە لە ناو هەموو ڕاگەیاندنەکاندا، لەگەڵ ئەوانەی تریش کە شەهیدن من دەست لە ملیان دەکەم و وابزانم هەر هەمووشمان ئەگەر ئەو ڕێیە بە من بدەن، ئەو برادەرە بەڕێزانەی ئێستا لێرەدا لە ناو ئەو پەرلەمانەن کە هەموو بە دڵسۆزی دائەنێم، هەتا ئەوەی لەگەڵ منیش نەبێ، دەڵێت دۆست ئەوەیە بە پێکەنینت بێنێ، دوژمن ئەوەیە بتگرییێنێ، ئەگەر هەندەك شتیش دەمانگرییێنێت، دیسانەوە بە خۆداچوونێکە جارێکی تر، سوپاست دەکەم سەرۆکی پەرلەمان، هەرچەندە تۆزێك درێژەم پێ کێشا، بەس بە هیوام مەسیجەکەم گەیشتبێ کە چاکسازی و ئاشتەوانی چارەسەرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بێریڤان، کەرەمکە.

**بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەتا نۆبەتی من هات زۆربەی قسەکان کران، بەس ئەوەندە دەڵێم پشتگیری هەموو فراکسیۆنەکان دەکەم کە داوای چاکسازی دەکەن لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پێشنیاری من ئەوەیە چاکسازییەکە زیاتر بۆ گەنجان بکرێ، چونکە گەنج لێمان توورەیە، گەنج قسە بە پەرلەمان دەڵێ، گەنج قسە بە حکومەت دەڵێ، حەقی خۆشیانە، مافی خۆیانە، گەنج کەم و کوڕی زۆرە لێرە لەو وڵاتە کە خۆم ئێستا لە ناویمە، چونکە پێویستی زیاتر بەوەیە تۆ بایەخ بە گەنج بدەی، خزمەتگوزاریی، دامەزراندن، هیوایەتەکانیان، جێبەجێ کردنیان، بۆیە کە پێشنیار دەکەین، ئێمە داوای چاکسازیی دەکەین لە باری سیاسی و ئیداری و ئەوەیە گەنج هەست بەوە دەکات کە ڕای قبوڵ ناکرێ، داواکاری جێبەجێ ناکرێ، بۆیە ئێمە نزیکبوونەوەمان لە گەنجان و گوێگرتن لێیان و جێبەجێ کردنی داواکانیان، ئەوە سەرکەوتنە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە زۆر لە گەنجان داوای دامەزراندن دەکەن، هەست دەکەن، یەکسەر قسەی گەنجەکانە، دەڵێن: ئەگەر واستەت نەبێ قبوڵ ناکرێ، ئەگەر هاتووش واستە نەما و هەموو کەس بەبێ جیاوازی دامەزرا و هەستا بە ئیش و کاری خۆی، گەنجیش لێمان توورە نابێ، زیاتر بایەخدان بە گەنجان زۆر پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئاسۆ کریم، کەرەمکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەوڵ دەدەم بە کورتی قسەکانم بکەم، دیارە من پشتەوانی لە سەرجەم خاڵەکانی کە لە ناو ڕاگەیێندراوی فراکسیۆنی کوردستانی دا هاتوون، بەڵام دەمەوێ بە کورتی لەسەر دوو خاڵی تر قسە بکەم، ئەویش ئەوەیە ڕاستە لە کوردستاندا، لە هەرێمی ئێمەدا ناعەدالەتی هەیە، کەم و کورتی هەیە، گەندەڵی هەیە، ڕەنگە فەرهوودیش هەبێ، ڕاستە بیروڕای جیاواز لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات هەیە، تەنانەت ڕەنگە لەسەر کۆی سیستەمی سیاسیش هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەقە دوو ئاست لەیەك جیاواز بکەینەوە، ڕاستە ئەو دوو ئاستە پەیوەندیشیان لە نێواندا هەیە، بەڵام دەکرێ لەگەڵ ئەوەشدا بە تەنیا تەنیاش قسەیان لەسەر بکەین، ئاستێکیان داخوازییەکانی خەڵك و هاووڵاتیانە، کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە بڕوای من لە بەلاغی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا حکومەت ئیلزام بکات کە لێژنەیەکی باڵا زوو بە زوو پێك بهێنێ، بۆ ئەوەی گوێ لە خەڵك بگرێ، لە ماوەیەکی زوودا داخوازییەکان جێبەجێ بکات، لایەنی دووەم/ لایەنی قسەکردنە، بەڕاستی لەسەر کۆی سیستەمی سیاسی، لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات، لە ناو ئەو هۆڵەدا زۆر قسە لەسەر چاکسازیی کرا، چاکسازیی سیاسی، ئیداری، ئیقتیصادی، ئیجتیماعی و زێتریش، ئەمنیش تەنانەت، بۆ ئەو مەوزووعە داخۆ ئایا گەیشتوونەتە ئەزمەیەك؟ ئایا چۆن ئیدارەی ئەو ئەزمەیە بکەین؟ ئایا ئیتارێك نیە هەمووماں کۆ بکاتەوە؟ من باس لە دەستوور ناکەم، باس لە قەوانینی نافیزیش ناکەم، بەڵام خۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان هەموومان کۆ دەکاتەوە، با ڕای جیاواز لەسەر ئەوەش هەبێ، بۆیە ئا لێرەدا پێویستە حیوارێکی وەتەنی شامیل کەسی لێ بەدەر نەکرێ، ئەوانەی لە ناو ئەو پەرلەمانەدا نوێنەرایەتیان هەیە، ئەوانەشی لە دەرەوەی ئەو پەرلەمانەن، بۆ ئەوەی بگەین بە پرۆژەیەکی موتەکامیلی سیاسی.....هتد. بۆ ئیصلاح، بە بڕوای من هەر ئەوە ڕێگە چارەیە، پێویستە هەموو هەوڵ و تەقەلاکانمان لەم چوار چێوەیەدا بخەینە کار، ئیدی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شاهۆ سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من حەز ناکەم قسەکانی هاوڕێکانم دووبارە بکەمەوە، نامەوێت دەربارەی بەربەریەتی ئەو ڕووداوانە قسە بکەم، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە پارێزگای سلێمانی ڕوویاندا، چونکە ئێمە لە سەردەمی وێنەدا دەژین، ئەمڕۆ وێنە خۆی دەدوێ، وەکو هاوڕێم ئاشتی خان وتی، منیش شایەتی ئەوەم کە چەند گرتەیەکی ڤیدیۆییم بینیوە، کە چۆن؟ وەکو چۆن ڕاوە نێچیر دەکرێ لە سلێمانی ڕاوی گەنج و ڕاوی هاووڵاتی ئەو وڵاتە دەکرێ، لە گرتەیەکی تردا بینیومە یەکێك بە جلی مەدەنییەوە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکات، خەڵکانێکیش بە جلی سەربازی و بە جلی پۆلیسەوە حیمایە و پاسەوانی ئەو کەسە دەکەن، کە بە جلی مەدەنییەوە بە دەمانچە تەقە لە هاووڵاتیان دەکات

و دوو هاوولاتی دەپێکێ، بەڕێزان من حەز دەکەم باس لە بەرپرسیارێتی حکومەت و پەرلەمان بکەم، حکومەت و پەرلەمان بەرپرسیاری یەکەمن لە هەر ڕووداوێك کە ڕوودەدا، دەبێ ئێمە بە مەفهومی بەرپرسیارێتی دا بچینەوە، لە هەر شوێنێك منداڵێك بە ناهەق بکوژرێ سەرۆکی پەرلەمان بەرپرسیارە، سەرۆکی حکومەت بەرپرسیارە، لە یۆنان لەسەر کوشتنی منداڵێك بە دەستی پۆلیس حکومەت هەڵوەشایەوە، دەبێ چیتر تەحەمولی بەرپرسیارێتی بکەین، چیتر بەرپرسیارێتی نەبەخشینەوە، بەرپرسیارێتی تەنها ئیمتیاز نیە، بەرپرسیارێتی تەحەمول کردنی ئەو ئەرکەشە کە لەسەر شانمانە، منیش وەکو ئەندامێکی پەرلەمان بەرپرسیارم، بۆیە ئەو قسانە دەکەم، بەڕێزان ئێمە لە وڵاتێکداین یاسا تیایدا حاکم نیە، یاسا تەنها بەسەر هاوولاتی و بەسەر خەڵکی (مستضعف)دا جێبەجێ دەبێ، بەسەر دەسەڵاتدا جێبەجێ نابێ، من ئەوە قسەیەکی ئینشائی نیە بیکەم، نموونەی دوو یاسا دەهێنمەوە، یەکێکیان یاسای ئەحزابە، کە لە ساڵی 1993 دا دەرچووە، واتا (18) ساڵ تێپەڕیوە بەسەر دەرچواندنیدا، یەکێکیشیان یاسای خۆپیشاندانە کە تەنها مانگێك بەسەر دەرچوواندنی تێپەڕیوە، یاسای یەکەمیان کە لە بەرژەوەندی خەڵکە، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بەڵام یاسای دووەمیان کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە دەست بە جێ جێبەجێ کرا، بە زمانێکی یاسایی یاسای ئەحزاب تەقیدی دەسەڵات دەکات، جێبەجێ ناکرێ، بەڵام یاسای خۆپێشاندان تەقیدی ئازادی دەکات دەست بەجێ جێبەجێ دەکرێ، کەواتە ئێمە لە وڵاتێکداین یاسا تەنها بەسەر هاوولاتی دا جێبەجێ دەبێ، بەسەر دەسەڵات دا جێبەجێ نابێ، چەندین نموونەی تر هەیە من باسی ناکەم، بە پێی یاسای ئەحزاب نابێ هیچ حیزبێکی سیاسی هێزی چەکداری هەبێ، لە (93)ەوە تاکو ئێستا (18) ساڵ تێدەپەڕێ و حیزبە دەسەڵاتدارەکان هێز و جبەخانە و دام و دەزگای ئاسایش و موخابەراتی خۆیان هەیە، ئەوە هۆکاری ئەو ئەزمەیە، ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەیبینین دەرەنجامی ئەزمەیەکی سیاسی قوڵە، پێویستی بە چارەسەرکردنی ڕیشەیی هەیە، وەکو هاوکارم کاك کاردۆ وتاری فراکسیۆنی گۆڕانی خوێندەوە، ئێمە پێویستمان بە دوو هەنگاوە، هەنگاوێکیان زۆر ئانییە دەبێ هەر ئەمڕۆ دەربکرێ، ئەویش نە پێویستمان بە بەلاغە، نە پێویستمان بەوەیە سەرەخۆشی بکەین، چونکە نە پێویستمان بەوەیە هاوسۆزی دەرببڕین، بەڵکو ئێمە لایەنێکی بەرپرسیارین، دەبێ بەرپرسیارانە ئیش بکەین، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە لە پەرلەمانی کوردستانەوە وەکو دەزگایەکی تەشریعی و رەقابی مولزیم دەست بەجێ بڕیارێك دەربکەین بۆ ئیقالە کردنی هەموو ئەو وەزیر و بەرپرس و بەڕێوەبەرانەی کە تەحەمولی بەرپرسیارێتی خۆیان نەکردووە، کە هەموویان ئۆباڵی ئەو تاوانانە دەچێتە ئەستۆیان، ئەگەر حکومەت خۆی لوتف بکات، ئیستیقالەیەکی جەماعی بکەن، ئەوە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکمانە، بەڵام ئەگەر نا، پێویستە پەرلەمان ئەو کارە بکات، من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داوا لە هەموو هاوڕێکانم لە هەموو فراکسیۆنەکان دەکەم کە لە ئاستی بەرپرسیارێتی دابین و ئیقالە بەو هەموو بەرپرس و وەزیرە ئەمنی و بەرپرسی یەکە ئیدارییانە بکەین، کە لە هەردوو پارێزگاری سلێمانی و هەولێر لەسەر ئاستی حکومەتی کوردستان کەمتەرخەمیان نواندووە لە پاراستنی گیانی هاوولاتیان، بەڕێزان ئەگەر ئەمە نەکەین بە بڕوای من شەرعییەتی هەموو دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە شەرعییەت تەنها لە ڕێگای سندووقەکانی

دەنگدانەوە فەراهەم نابێ وەکو بەشێك لە هاورێکانم باسیان کرد، لە زۆر وڵاتدا بینیمان کە لە ڕێگای سندووقی دەنگدانەوە دەسەڵاتداران شەرعییەتیان بە دەست هێنا، بەڵام دوایی دەرکەوت ئەو شەرعییەتە شەرعییەتێکی ساختە بووە، بەڕێزان سێ شت خۆری شەرعییەتە، یەکەمیان/ گەندەڵی، لە وڵاتێکدا گەندەڵی هەبوو یەعنی شەرعییەت هەمیشە لە ژێر پرسیاردایە، دووەمیان/ تێپەڕاندنی تاوان بەبێ سزا، ئەویش هەر خۆی شەرعییەتە، سێیەمیان/ پاوەنکردنی چەك و پاوانکردنی ئامرازەکانی توند و تیژی لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە، ئەویش هەر خۆری شەرعییەتە، لە کۆتاییدا حەز دەکەم وەکو هاووڵاتیەك قسە بکەم، حەز ناکەم وەکو ئەندام پەرلەمانێکی فراکسیۆنی گۆڕان قسە بکەم، حەز ناکەم وەکو هەڵسووراوێکی بزووتنەوەی گۆڕان قسە بکەم، حەز دەکەم وەکو باوکێك قسە بکەم کە حەز دەکات ئایندەیەکی پڕ لە ئاسایش بۆ مندالەکانی دابین بکات، بە بڕوای من ئەو نەخشە ڕێیەی کە فراکسیۆنی گۆڕان پێشکەشی کردووە، باشترین نەخشەڕێیە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، ئێمە ناتوانین بە تەنها متمانە لەو حکومەتە وەرگرینەوە، داوا دەکەم هەموومان بەیەکەوە، هەموو فراکسیۆنەکان بەیەکەوە متمانە لەو حکومەتە وەرگرینەوە، هەموو فراکسیۆنەکان بەیەکەوە حکومەتێکی بێ لایەنی تێکنۆقرات دروست بکەین کە سەرپەرشتی قۆناغێکی ئینتیقالی بکات، قۆناغێك کە هەم زەمینە خۆش بکات بۆ هەڵبژاردنێکی پێش وەخت، هەم چەك لە دەست هێزە چەکدارەکان دەربێنێت و بیداتە دەست کۆمەڵێ دام و دەزگای شەرعی کە ئەمنی نیشتمان بپارێزێ، نەك ئەمنی دەسەڵاتداران، ڕەنگە بڵێن ئەوە ڕێکاری یاسایی دەوێ، ڕەنگە ئەوە هەندێ کەس بە موستەحیلی بزانێ، بەڵام من ئەخیر پێشنیاری خۆم وەکو شاهۆ سعید دەکەم، ئەویش دەڵێم سەرۆکی پەرلەمان ئێستا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەختدایە، ئەگەر لە ژێر فشاری هەر هێزێکی سیاسی بێ، ئەگەر لە ژێر فشاری هەر صەفقەیەکی سیاسیدا بێ کە لەم وڵاتەدا هەیە، ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان موبادەرە بکەن، کە سبەینێ لێژنەیەك پێك بهێنرێ، بۆ ئاشت بوونەوەی خەڵك و دەسەڵات، ئاشت بوونەوەی خەڵك و دەسەڵات لە ڕێگەی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان و یەکێتی یەوە نابێت بەڕێزان، ئاشت بوونەوەی نیشتمانی لە ڕێگەی ڕێککەوتنی فراکسیۆنی گۆڕان و کوردستانی و یەکگرتوو و کۆمەڵەوە نابێت، ئاشت بوونەوەی نیشتمانی لە ڕێگای ئاشت بوونەوەی نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا دەبێت، ئاشت بوونەوەی خەڵك و دەسەڵات پێویستی بە گرێبەست هەیە، ئەو گرێبەستە بە زمانی یاسایی پێی دەووترێ (دەستوور)، پێویستمان بە دەستوورێك هەیە کە دەستووری هەمووان بێ، نەك صەفقەی سیاسی بەینی دوو هێزی سیاسی بێ، لەو بڕوایەم ئەگەر موبادەرەیەکی وا بکرێ، سبەینێ لێژنەیەك پێك بهێنرێ بۆ داڕشتنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ دامەزراندنی گرێبەستێك لە نێوان خەڵك و خەڵکدا، لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا، سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێت بۆ گەڵاڵە کردن و بۆ دەنگدان لەسەر ئەو گرێبەستە، لەو بڕوایەدام ئێمە هەنگاوێکی باشمان ناوە، تەبعەن ئەوەیان وەکو وتم ڕای خۆمە وەکو شاهۆ سعید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.زانا، کەرەمکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەگەر ڕۆژی (17)ی شوبات ڕۆژێکی ڕەش بێت لە ئەزموونی شاری سلێمانی بە تایبەت و هەرێمی کوردستان بە گشتی، بەش بە حاڵی خۆم هەموومان ڕەنگە کەم یان زۆر ئازارمان چێشت بێت، ئەو داتایانەی کە وتیان لەو ڕۆژەدا یەك شەهید و زیاد لە (57) بریندار هەبوو، با من لێرەوە دەست پێ بکەم، بەڵام لە ڕۆژی (2/18)دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەو بەیاننامەی کە دەریکرد دڵی هەزاران گەنجی شاری سلێمانی لە خۆی تووڕە کرد، بەیاننامەیەك کە تیایدا چەندین دەستەواژەی تیایە کە دوورن لە دەستەواژەی یاساییەوە، کە دوورن لە بەهەند وەرگرتنی تووڕەیی و ناڕەزایی و بێزاری خەڵك لە گەندەڵی، بێ دادی خەڵك لە بەرامبەر گەندەڵی دەسەڵاتدا، لە بێدادی خەڵکدا لە دەسەڵاتەکاندا، ئەو دەستەواژانەی کە پێش وەخت تۆمەت بەخشینەوە بەسەر کەس و لایەندا بە بێ ئەوەی بناغەیەکی هەبێت، لە نموونەی ئەوەی کەچی لەو کاتەدا هەندێك لایەنی سیاسی لە ڕێگەی میدیای هەڵخەڵەتێنەرەوە بە ناوی خۆپیشاندەران و قۆستنەوەی هەندێك داواکاری ئەو دەستە و تاقمانە کەس ئاراستەی ئاقاری گردبوونەوەیان گۆڕی، بەرێی بەرپرسیارێتی نەوایەتی رەفتار بکەن، چیتر بوار نەدرێ بە هیچ کەس و تاقمێکی گێرەشێوێن، ئەو دەستەواژانە لە ئەدەبیاتی جیلی نوێی کۆمەڵگادا نییە دڵنیابن، ئەو گەنجانەی کە شەقامەکان لەسەر شەقامەکانی شاری سلێمانی ئەوانە بێ بەرین لەو دەستەواژانە، ئەگەر بتەوێت تۆ عیلاجی ئەو گرفتەیە بکەیت، ئەوە تۆ هەزار جار خەڵکی ئەو شارەت شەهید کردووە بەو دەستەواژەیە، ئەگەر ئەو کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرکردنی بەلاغێکی هاوبەش بێت، ئەگەر ئەو کۆبوونەوەیە نەتوانێت ئەو بەیاننامەیە ئیدانە بکات، بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان چیتر پێویستی بەوە نیە هیچ بەیاننامەیەك دەربکات، تۆ بەیاننامەیەك دەربکەیت دوای یەك ڕۆژ کە لە سەعات (2:56) دەقەی نیوەڕۆ دا بوو بڵاوکراوەتەوە، لە کاتێکدا تۆ دوای یەك حەفتە بڕیار دەدەی لەگەڵ فراکسیۆنەکاندا کۆبوونەوە بکەیت، بەڵام دێیت دڵی هەزارەها خەڵك لە خۆت تووڕە دەکەی، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێت ڕادەگەیێنم بەڕێزت وەکو سەرۆکی پەرلەمان مافی خۆتت هەیە، بەڵام لێرەدا مافت نیە بڵێی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەین، ئەوە پەرلەمانی کوردستان (111) ئەندام پەرلەمانە بڕیار دەدا لەسەر ئەوەی کە کێ قەرار دەدات؟ کێ گێرەشێوێنە؟ کێش مافی خەڵکەکە دەپارێزێت، ئەگەر لێرەدا بڕیار نادەین، کەواتە لێرەدا هیچ ئەرزش و بەهایەك نامێنێ بۆ هیچ کۆبوونەوەیەك لەو شتەدا بکرێ، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین، ئایا پەرلەمانی کوردستان خاوەنی بڕیارە یاخود خاوەنی بڕیار نیە؟ با خۆمان لە موشکیلەی زمانەوانی رزگار بکەین، ئێمە شەیدای وشە نین، ئێمە بیر لەوە نەکەینەوە هەموومان دەمانەوێت گەنجەکانی خۆمان ڕازی بکەین، گەنج لە دۆڵێکدایە، خەڵك لە دۆڵێکدایە، دەسەڵات لە دۆڵێکی تردایە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان خۆی بە خاوەنی بڕیار دەزانێ، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان خۆیشی بە خاوەنی بڕیار نازانێ، هەردووکی دۆخێکی هەیە، دێمە سەر یەکەمیان، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بە حەق خۆی بە خاوەنی بڕیار دەزانێ، دەبێ دەستبەجێ بڕیار بدات لەسەر متمانە وەرگرتنەوە لە کابینەی حکومەت، حکومەتێك هاواری کاکە زمناکۆ لەبەردەمی ئەو کۆنکریتەدا، لەبەردەمی ئەو بەردە کۆنکریتیەدا کە گەیشتە کەشکەلانی فەلەك، هەموو دنیا پێی زانی،

وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە ئامادە نەبوون لێرەدا قسە بکەن، یەعنی چی هەموو دنیا ئاگادارە، بەڵام دوو وەزیر کە دوو کەسی پەیوەندیدارن، بەڕێزان قەیران ئەو ڕۆژە دروست بوو کە دەبابە هێندرایە شاری سلێمانییەوە، گرفتەکان لەو دەقەیەوە دروست دەبێت کە تۆ نایێت موعالەجەی ئەسبابەکان بکەیت، دێیت شەڕ بە دووکەڵ دەفرۆشیت ئاگرەکە لەولاوە کراوەتەوە، دەبێ چارەسەرکردنی گرفتەکان لە ئەساسەکەوە بدۆزرێتەوە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان خۆی بە خاوەن بڕیار دەزانێت، دەبێت بڕیار بدات لە نزیکترین کاتدا هاوشێوەی کۆبوونەوەی ئەوڕۆ کە کۆبوونەوەیەکی نائاساییە، بڕیار بدات کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە شاری سلێمانی گرێ بدات، لە شاری سلێمانی ئیختیار بکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو خەڵکە ببێتەوە، حەل کردنی کێشەکان لەوە نابێت لە پێشنیازی بەڕێزانم و هاوکارانم لە ناو لێژنەی ناوخۆدا هاتووە، فراکسیۆنەکان بە خۆیان لۆ کۆبوونەوە، فراکسیۆنەکان چ پەیوەندی بەوە هەیە؟ خەڵك نیگەرانە لەسەر شەقام، خەڵك داواکاری هەیە لە تۆ، خەڵك بێزارە لە تۆ، خەڵك باوەڕی بە تۆ نەماوە، خەڵك متمانەی پێ نەماوە، بەڕێزان ئەوەی کە د.شاهۆ ئاماژەی پێدا، گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دا شەرعیەتی لە ڕەگەوە هەڵکەندووە، ئێمە باس لەوە بکەین سندووقەکانی دەنگدان سەنگی مەحەکە، خەڵك متمانەی بە تۆ نەماوە، ئەگەر ئەوڕۆ خەڵك باوەڕی بەوە هەیە تۆ عیلاجێکی گرفتەکان دەکەی، دڵنیابە نە باوەڕی بە تۆ و بە دەزگاکەشت نامینێ، هیچ ئەرزشێکیشی بۆ نامێنێ، ئەگەر ئەوەشی کرد، ئەو کاتە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر توانی دەبێت دەستبەجێ لەگەڵ بڕیاری ئیدانە کردنەکاندا هەموو ئەو شتانەی کە لە ناو بەیاننامەی فراکسیۆنی گۆڕاندا لەمڕۆدا خوێندراوەتەوە، ئەگەر هەمووی جێبەجێ کرا، دەبێ دەستبەجێ بڕیار بدات لەسەر پلانی چاکسازی سیاسی لە ڕێگەی ئەو حکومەتە ئینتیقالیەی کە دروست دەکرێت، یەعنی من لێرەدا حەقی خۆمە بپرسم، باشە پەرلەمان کەی متمانە لە حکومەت دەسەنێتەوە؟ بەس یەکێك شتێکم پێ بڵێت لەسەر چ ئەساسێك لێی دەسەنرێتەوە؟ لە تیرۆرکردنی شەهید سەردەشت عوسمان وتیان حاڵەتێکی فەردییە، وەزیر ئامادە نەبوو لێرەدا وەڵامێکت بداتەوە، باشە ئەوە بوو بە سێ کەس، (150) کەس برینداره، ئەی تۆ کەی متمانە لە حکومەت وەردەگریتەوە؟ ئەگەر حکومەتێك تۆ بەردەوام لەولاوە تاوانێك هەبێت بڵێی من پاڵەوانی چاکسازیم، من پاڵەوانی گرفتەکانم، بەڕێزان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر چاکسازی بکردایە لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا دەیکرد، بە ساڵ و نیوێك بۆچی شەش مانگی تری بۆ درێژ بکەمەوە، دەتوانی بیکات، ناتوانی بڕۆرەوە ماڵەوە ئیسراحەت بکە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی چارەسەری ئەوە بکات، ئەگەر پەرلەمانی کوردستانیش بە فیعلی، من ناڵێم بگەڕێینەوە سەر بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2005) کە دەڵێ: پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە، کە تا ئەو لەحزەیەش ئەو قسەیە هیچ وجودی نیە لە ناو ئەرزی واقیعدا، ئەگەر پەرلەمانی وا نیە باوەڕ بکەن پەرلەمان گەورەترین بارە بەسەر شانی میللەتی کورد لەو قۆناغەدا، پەرلەمانی کوردستان گەورەترین بارە، پارەی داهاتی پەرلەمانی کوردستان حەقە بدرێتەوە بەو هاوولاتیانە بەسەر ئەو خۆپیشاندەرانە سەرف کرێتەوە، ئێستا پەرلەمانی حەقیقی لە ناو کوردستاندا سەر شەقامە، ئەو هاوولاتیانەی خۆپیشاندان دەکەن لە ناو ئەو جەماوەرەدا، بەڕێزان کاتێ کە باس لە، ئێمە باس لە خۆپیشاندان دەکەین، سکاڵای هاوولاتیان دەکەین، دەڵێن بازار وەستاوە، یەعنی

بۆ ئەوەی کە بازاڕ نەوەستێت خەڵك خۆپیشاندان نەکات، بەڕێزان ئەوەی کە بازاڕی وەستاندووە، گەندەڵییە، ئەوەی کە هەرەشەی دروست کردووە، گەندەڵییە، ئەوەی کە گەورەترین هەڕەشە دروست دەکات لەسەر ئەمنی قەومی هەرێمی کوردستان، بریتی یە لەو گەندەڵییەی کە خەڵك هاواری لێ دەکات، ئێ باشە تۆ باوەڕی پێ ناکەیت، هیوادارم لەمەودوا بتوانم موتابەعەی حکومەت بکەم، حکومەت یەك ساڵە وەڵامی ئێمەی نەداوەتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خۆت لە هەموومان ئاگاداری و شارەزاتری، دەشزانی بۆچی کە ناتوانین موحاسەبەی حکومەت بکەین، بۆچی تا ئێستا نەمانتوانیوە لەسەر ئەو هەموو پرسەی کە لەو ماوەیەدا موحاسەبەی یەکێك لەو وەزیرانە بکەین؟ باشە ئەو هەموو گەندەڵیە لەو وڵاتەدا کرا، ئەو هەموو تاوانە بکرێ بەرامبەر ئەو کەسانە، ئەی تۆ دەتەوێ خەڵکیش بێ دەنگ نەبێ، لە بەرامبەریشدا بە خەڵك بڵێم و تاقم و گێرەشێوێنی دەستە و تاقم و پلانی بە ئەنقەست، بەڕاستی ئەوە گەورەترین تاوانە بەرامبەر بە خەڵکی شاری سلێمانی و هاووڵاتیانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کورستان دەیکەین، دەبێ هەرگیز قبووڵی نەکەین، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ بەیاننامەیەك دەربکات، ئەوانە جێبەجێ بکات، پەرلەمان ئەسڵەن پێویستی بە بڕیار نیە، ئەسڵەن خەڵك پێویستیشی بە پەرلەمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەم خۆش، بەڕێز پێشەوا، کەرەمکە.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لام گرنگ نیە ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار دەدا دانیشتنێکی نائاسایی بکرێ لەسەر بارودۆخێکی وا، یاخود فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنی، فراکسیۆنەکانی تر داوا بکەن بۆ ئەوەی دانیشتنێکی نائاسایی بکرێ، بەڵکو لای من گرنگ ئەوەیە ئایا نەتائیجی ئەو دانیشتنە چی دەبێت دوای ئەوەی کە ئێمە کۆمەڵێك گفتوگۆ دەکەین دەربارەی بارودۆخێك کە ئێستا بوونی هەیە لە هەرێمی کوردستان، نەتائیجی ئەوە چی دەبێ؟ من پێم گرنگە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەستێ، هەر کاتێك بۆی دەرکەوت کە بارودۆخێکی نائاسایی لە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، پشێوی و نائارامییەك هەیە، دەستبەجێ هەست بە بەرپرسیارێتی بەو پێیەی کە هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، تەعبیر لە ڕەئی هەموو هاووڵاتییەك دەکات، کە دەنگی داوە بۆ ئەو پەرلەمانە و بە نوێنەرەکانی لە پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنی نائاسایی بکا و بڕیار بکا، نەك ئەوەی پێشنیار و داواکاری، من تەمەنام دەکرد و بە پێویستیشم دەزانی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و هەردوو وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ لێرە ئامادەبووبان، چونکە بەشێك لەو بەرپرسیارێتیەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەو بارودۆخەی تێکەوتووە، لە ئەستۆی ئەواندایە، من ئاماژە بە بەرنامەی کاری ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ دەدەم، من

تەمەنام دەکرد لەسەر تەوەرەکە گفتوگۆ بکەین بەو پێیەی خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی ئەو ڕووداوە نەخوازراوەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەوڵ دەدەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك، نەك ئەوەی کە کۆمەڵێك وتاری سیاسیم گوێ لێ بوو، کۆمەڵێ وشەی بریقەدار بەداخەوە من وا هەست دەکەم ئەم دانیشتنەش شوێنی ئەوە نەبوو، بۆیە پێویست بوو کە لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامەی کار بڕۆین، بەڕێزان من دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم پێش ئەوەی کە بێمە سەر ڕووداوەکانی کە لە ($2/17$) ڕوویاندا، دەمەوێ ئەوە ڕابگەیێنم کە ئایا ئەو خەڵکەی کە لە شاری سلێمانی کۆبۆوە، ئایا ئەو خەڵکە کێیە؟ لە کاتێکدا دوای ئەوەی کە ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانەوە گوێبیست بووین کە ڕووداوێك ڕوویداوە کەس خۆی نەکرد بە خاوەنی ئەو خەڵکە، کە لە شاری سلێمانی بەو شێوەیە ڕوویدا، بەڵام ئەگەر ڕووداوێکی تر بوایە یاخود کارەساتێکی تر بوایە، کە جێگەی شانازی با بۆ هەرێمی کوردستان، هەموو لایەك ئەو خەڵکەیان دەکرد بە خەڵکی خۆیان، بۆیە من لێرە دەمەوێ ئەوە ڕابگەیێنم کە وەکو بەرپرسیارێتیەکی سەرشانی خۆم، من دەمەوێ ئەوە ڕابگەیێنم کە ئەو خەڵکەی کە لە شاری سلێمانی کۆبۆوە، تەعبیر لە ئەندامانی هەموو لایەنە سیاسی و هێزە سیاسیەکان دەکات، بە بێ جیاوازی، خەڵکی هەموو لایەنێکی تێدابووە، دیارە ئەوە بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە، لە ئەنجامی ناڕەزایەتی و کەڵەکە بوونی کۆمەڵێك ئەسبابی ڕابردوو وای کردووە کە ئەو خەڵکە بێتە سەر جادە و ناڕەزایەتی دەربڕێ، ئەو ناڕەزایەتیانەی کە وایکردووە ئەو خەڵکە بێتە سەر جادە و تەعبیر لە ڕەئی خۆی بکات، دیارە یەکێك لەوانە سستی ئەدائی پەرلەمان بووە لە ڕابردوو بەو پێیەی کە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دەمەوێ ئەوە بڵێم، هەر لە کاتی سوێند خواردن و لە یەکەم دانیشتنەوە پەرلەمانی کوردستان هەوڵی دا، هەوڵەکەشی سەری گرت بەوەی کە زۆربەی زۆری ڕاگەیاندنەکان کە وجودیان هەبوو لە ناو هۆڵی پەرلەمان بکرێنە دەرەوە، ئەوە کارێکی خراپ بوو، بۆ ئەوەی کۆمەلانی خەڵك ئاگایان لە دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان نەبێت، دوو/ سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگری کرد لە کاتی متمانە بەخشین بە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین قسە لەسەر سەرۆکی حکومەت، لەسەر ئەو وەزیرانەی پێش ئەوەی ببن بە وەزیر کاندید کرابوون بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لە بارەوە بکەین، ڕەئی خۆمان بدەین کە بە داخەوە ئەوانە کۆمەڵێك بوون، دواجار ئەو حەساسیەتەی کە دروست بووە لە نێوان فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، کە هەموو ئەوانە ڕەنگدانەوەیەك بوون بۆ ئەوەی کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان متمانەیان نەمێنێ بۆ ئەو پەرلەمانە و، داوا بکەن ڕەنگە هەمووی نەبێ بەلام بەشێکی کە ئەدائی پەرلەمان سستە، داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش بکەین، لەلایەکی ترەوە، حکومەت نەیتوانیوە وەکو پێویست ڕۆڵی خۆی ببینێ لەوەی کە تا ئێستاش لە کوردستان هاووڵاتیانی ئەو هەرێمە بێ بەشن لەسەرەتاترین مافەکانیان، لە خزمەتگوزاریی، لە سەرهەڵدانی دیاردەی بێکاری، لە گەندەڵی کە بەردەوام باس دەکرێ، هەموو ئەوانە هۆکارە وای کردووە کە ناڕەزایەتی خەڵکی لێ دروست بێ، ئەوەی کە ڕوویداوە ئێستا ئێمە هەستی پێ دەکەین، بەداخەوە ئەوەی کە لە ($2/17$) ڕوویدا دوای ئەوەی کە ڕێ و شوێنی یاسایی گیرایە بەر و داوای مۆڵەت کراوە، تەجەموعێکی جەماوەری بوو، دواجار دوای کۆتایی هاتنی کاتەکە زۆر بەداخەوە ئەوەی کە ڕوویدا جێگەی نیگەرانی و داخ بوو کە کەس حەزی بەوە نەدەکرد، بەڵام دەکرا ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا

کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵام بەداخەوە کۆنترۆڵ نەکرا، دیارە لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە جارێ هیچ نەکرا، ئەو خەڵکەی کە هاتە سەر جاددە و تەعبیر لە ڕەئی دەکرا، بە ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێن و فیتنەچی ناونران، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن خودی سەرۆکی پەرلەمانیشەوە، بەو پێەی کە ئەو بەیاننامەیەی دەرتانکردووە لە ژێر دەستی منیشدایە، بۆیە دەکرا پێش ئەوەی کە بیر لەوە بکرێتەوە، ڕووداوەکە بەو عەقارەدا ببرێ، لە ڕاگەیاندنەکاندا بووە شێوەیە تۆمەتی ئاژاوەگێر نەدرێتە پاڵ ئەو خەڵکە بەرێزە، بەتایبەتی لەلایەن ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دواجار سەرۆکی حکومەت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ڕایدەگەیەنێ ئەوەی کە لە سلێمانی ڕوویداوە فیتنەیە، واتا بەو پێیەش ئەوەی کە بەو کارە هەستاون فیتنەچین، من تێناگەم ئەگەر بڕیار وایە سەرۆکی حکومەت باوکی میللەت بێ، یان حکومەت باوکی میللەت بێ، کاتێ کە ئەولادەکانی داوای پێداویستیەکانی خۆیان دەکەن، کە باوکێك نەتوانێ بۆیان دابین بکات، ئایا ئەوەیە فیتنە؟ ئەوەیە فیتنەچی؟ بۆیە دەبوایە بەڕاستی سەرۆکی حکومەت ڕەئیەکی تری هەبوایە، خاڵێکی تر کە بووە هۆی وروژاندنی بارودۆخەکە و ئێستا ئێمە هەستی پێ دەکەین بە دڵنیاییەوە ڕایدەگەیێنم، ئەو بارودۆخەی کە هەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، بە دڵنیاییەوە ڕەنگە لە داهاتوو سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، کە ئێستا لە شاری سلێمانی، لە دەوروبەری سنووری پارێزگای سلێمانی هەیە، خاڵێکی تر، کە بووە هۆی وروژاندنی خەڵك جوولاندنی هێز بوو، ئەو هێزەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی نەك بە بڕیارێکی حیزبی، من لێرەوە ڕایدەگەیێنم، چونکە هێزی زێرەڤانی ڕاستە لە ڕووی ناوەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام ئەگەر سەر بە وەزارەتی ناوخۆبوایە، دەبوایە ئەو زیادکردنەی ئەو مووچەیەی کە بۆ پۆلیسی ناوخۆ زیادکراوە شموولی بکرایە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو هێزە هێزێکی حیزبیە، ئەگەرچی ئێستا بە ناو سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، ئەوەش من دەمەوێ لێرە ڕای بگەیێنم کە تەعبیر لەوە دەکات ئێستاش هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیە، ئیدارەیەك لە هەولێر و دەوروبەی، ئیدارەیەك لە سلێمانی، بەو پێیەی جوولاندنی ئەو هێزە، ناردنی ئەو هێزە بۆ سلێمانی تەحەدایەکە بۆ هێزەکانی ئەوەی کە لە سلێمانی و دەوروبەری سلێمانی بوونیان هەیە، بەڕێزان لە سنووری پارێزگای سلێمانی (165) هەزار هێزی چەکدار هەیە لە ئاسایش و پێشمەرگە و ناوخۆ، کە ئەوانە مۆرکن تایبەتن بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، ئایا ئەگەر پارێزگایەك بە (165) هەزار کەس نەپارێزرێت، ناردنی ئەو هێزە و جووڵاندنی ئەو هێزە بۆ چیە بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی؟ لە کاتێکدا ئەو هێزە چەندین چەك و مەکائینی قورسیان پێ بووە، ئەوە نیەتێك هەیە لە جووڵاندنی ئەو هێزە و ناردنی ئەو هێزە بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی، بە دڵنیاییەوە کاتێك بەرپرسی فەرماندەی عەسکەری لە سنووری پارێزگای سلێمانی تەوجیهات بە هێزەکەی بەردەستیان دەدەن، هەر کاتێك ئەگەر زرووفەکە بەرەو ئاقارێك ڕۆیی، ئەوە بۆتان هەیە فتوای ئەوە دراوە کە منداڵ و کەس و کاری کۆمەڵێك لە خەڵك کە دەستنیشان کراوە بکوژرێ و خوێنیان حەڵاڵە، ئەمەش بەڕاستی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، بۆیە بە ڕەئی من، من تەمەننا دەکەم ئەم دانیشتنەی ئێمە هەر وتەی بریقەدار و دروشم نەبێت، ئەوەی کە منیش گوێ بیستی بووم، وتاری فراکسیۆنەکان هەمووی هەر ئەوەیە پێشنیار دەکەم و داوا دەکەم، پەرلەمان بەو

پێیەی کە دەسەڵاتی یاسا دانانە و بەرزترین دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان، پێویستە بڕیار بدات، کە بڕیاریشی دا، ئایا حکومەت مولزەمە بەوەی جێبەجێی بکات؟ نەخێر مولزەم نیە، من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم، داوایەکیش لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش دەکەم بە دوو سیفەت، بەو سیفەتەی کە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان، هەردووکیشتان ئەندامی مەکتەبی سیاسی دوو حیزبی دەسەڵاتدارن لەو هەرێمە، ئەگەر لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکانتاندا، لە کۆبوونەوەکان قسەتان دەڕوا و گوێتان لێ ڕادەگیرێ بەڕێزەوە، داوا دەکەم ئێوە بڕیار بدەن، ئێوە پێشنیار بکەن بۆ مەکتەبی سیاسی هەردوولاتان بلاوە بەو هێزە بکەن، بۆیە من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم، تاوەکو ئەو هێزانە بوونیان هەبێ لە سنووری پارێزگای سلێمانی و لە مزگەوت و بارەگاکان کە ئێستا پڕە، نارەزایەتی خەڵك لەوە زیاتر دەبێ، من لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە نەك دانیشتنێکی بەو شێوەیە، ئەگەر (10) دانیشتنی تری نائاسایی بکەین و (10) بڕیاری تریش دەرچێ، کە ئەوە نایگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە پەرلەمان دەزگایەکە ناتوانێ بڕیار دەربکات، بەڵێ دەتوانێ، بەڵام حکومەت توانای جێبەجێ کردنی نیە، حکومەتیش بەو پێیەی کە حکومەتی دوو حیزبە، تەوجیهات لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکانەوە دەردەچێ، بۆیە تکا دەکەم، ئەوەی کە پێشتر داوام لێ کردن ئەوە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزبەکانتان باس بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێرە پەرلەمانە، لە ناو پەرلەمان قەرار دەدەین، ئێوە قەرار دەدەن، ئێمە یەك دەنگمان هەیە، بۆ خۆتان ئەو وتە بە نرخانەی بەڕێزت و بەڕێزانی تر کە ئاماژەیان پێکرد، هەمووتان گوێ لێ بوو، یاداشتەکانتان هەیە، هەمووی ڕێك دەخرێت بە ئیتیفاقی خۆتان، ئەوەی بە گرنگتان زانی بڕیار بدەن، مەکتەب سیاسی لێرە بڕیار نادات، هەر فراکسیۆنێك حەقی خۆیەتی دەگەڕێتەوە بۆ مەرجەعی خۆی، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان عیلاقەی بە ئیشی سیاسی نیە، سەرپەرشتی ئیدارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئیش و کاری پەرلەمان دەکات، سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەیام أحمد، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە پشتگیری تەواوم بۆ ئەو وتارەی کە لە فراکسیۆنی گۆڕان خوێندرایەوە و کاك کاردۆ خوێندیەوە، تەئکیدی لەسەر دەکەین و بڕیاری لەسەر بدرێت، من حەز دەکەم چەند شتێك بە کورتی باس بکەم، چونکە دیارە هاوڕێکانم زۆر شتیان باس کردووە، زۆر باسی دەستەواژەکان کرا و زۆر باسی ئەو خەڵکە کرا کە لەسەر ئەو جاددەیەن، من یەك شت پرسیار دەکەم، ئایا بەرد هاوشتنێك بۆ بارەگایەك وەڵامەکەی بە تەقەی کلاشنکۆف و بیکەیسی و هێنانی زرێپۆش و هێنانی تەنگ بۆ (تأثیث) کردنی بارەگاکان بێ؟ ئایا وەڵامی ئەوە چیە کە ئێمە سنوورەکانمان چەندین جار بە تۆپ بۆردمان کران، بەڵام هیچ وەڵامێکمان نەبینی لەلایەن دەسەڵات تاوەکو ئەم کاتە، تا ئەم سەعاتەدا هیچ وەڵامێکمان نەبینی لە هیچ کەس، بۆ تورکیا، بۆ ئێران کە بەردەوام سنوورەکانمان قەصف دەکرێن، دوو/ ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا داکۆکی لەسەردەکرێ، بۆ نموونە لە خانەقین کاتێ مالیکی هێزی هێنا، هێزەکانی زێرەڤانی لە کوێ بوون؟ بۆ نەڕۆیشتن دیفاع بکەن لەو خەڵکە، دیارە من ئەو قسانە دەکەم

بۆ ئەوەیە کە لە ناخەوە پێم گرانە کە بەرامبەر بە بەردێك تۆ بە فیشەك وەڵامی خەڵکەکە دەدەیتەوە، دوای ئەوە باس لەوە دەکرێ ئێمە کە ئەو ڕووداوە لە سلێمانی ڕوویدا ئا لێرەوە لە هەولێر ئێمە خۆمان هەستمان بەوە کرد کە بارەگاکەمان، کە تەلەفزیۆنی (KNN)، کە ڕادیۆی گۆڕان مەترسی لەسەرە، دەستبەجێ ئاگاداری ئاسایش و پۆلیس کرایەوە کە ئەوە خەتەرێکی لەسەرە، سەرەڕای ئەوە کە ئەوان پارێزگاری ئەو بینایەیان دەکرد، ڕۆشتن ئەو شوێنەیان سووتاند، ئایا ئەوانە کێ بوون؟ ئایا پۆلیس و ئاسایش چۆن ڕێگەی بە ئەوان دا بڕۆن ئەو بینایەیە بسووتێنن؟ تەلەفزیۆن و ڕادیۆی گۆڕان بسووتێنن، ئەوە بۆ خۆی پرسیارە، هەروەها تەئکید دەکەمەوە لەسەر قسەکانی کوێستان خان کە باسی دژە تیرۆری کرد، من لێرە پرسیارێك دەکەم، لە پەرلەمان و لە لێژنەی ناوخۆ، ئایا لە پەرلەمانەوە لێژنەی ناوخۆ نەزانێ دژە تیرۆر کێیە؟ ئەی کێ دەزانێ دژە تیرۆر کێیە؟ یەعنی حەز دەکەم وەڵامەکەم بدرێتەوە، دژە تیرۆر کێیە کە گەنجەکانی ئێمە دەبرێت و کەس نازانێ بۆ کوێ دەبرێ؟ حەز دەکەم یەك نموونەی بەسیتتان پێ بڵێم لەسەر ناوچەی کفری کە نفووسی (35) هەزارە، بەڵام لەو ڕۆژانەدا کە دوای ئەو ڕووداوە چەندێکی بۆ ڕۆیشتووە، چەند هێزی بۆ ڕۆیشتووە؟ لە دوای ئەو ڕووداوانە فەوجێکیان بۆ ناوچەی پارتی بردووە، لەگەڵ لیوای سێ قیادەی پێشمەرگە کە بریتی یە لە پارتی و یەکێتی، تەنها پارتیەکان براون بۆ ئەوێ، ڕۆژی یەکشەممە (2/20) هەموو هێزەکانی پارتی جاددەیان گرتووە، سریەی دژە تیرۆر زائیدەن سریەی (111)ی ئیستیتلاع، زائیدەن کە هێنراوە بۆ ناو جەرگەی شار، زائیدەن لیوای (3)ی پیادەی تەنیشت سەیتەرەی کفری دانراوە، زائیدەن فەوجی سەرۆکایەتی کۆمار، لەگەڵ ئاسایش، لەگەڵ بەرگری فریاکەوتن، لەگەڵ مەقەرێکی فەوج بەرامبەر قایمقامیەت دانراوە، کە سەر بە لیوای سێی پیادەن، جگە لەوەی کە مەقەرێکی فەوج خۆی لە نزیکی باوەشاسوار هەیە، لە قەزایەکی بچووك نفووسەکەی (35) هەزار کەسە، ئەوەندە هێزی بۆ ڕۆیشتووە، یەعنی بەرامبەر هەر هاووڵاتییەك دوو بۆ سێ چەکدار هەیە، جگە لەوە بۆ کەلار (250) پێشمەرگە براوە لە محەتەی کارەبا دانراوە، سەرەڕای ئەوە چوار ئیڤا بە فتعەیەکی سەوزەوە، پڕ لە پێشمەرگە لە کەلار، براوە بۆ کەلار و ئێستا لە ناو کەلاردایە، ئەو هەموو هێزە بۆ؟ ئەو هەموو هێزە بەرامبەر بە کێ؟ ئەو پرسیارە دەکەم، دوای ئەوە ئێمە کە باسی ئازادی دەکەن، من حەز دەکەم ئەو شتانە باس دەکەم، چونکە من خۆم لەبەر ئەوەی لەو ناوچەیەم، خەڵکی ئەو ناوچەیەم شتەکان زیاتر لەوێوە هاتووە، زیاتر لەوێ ئاگام لە وەزعەکەیە، تەنها لە کەلار ئێوارانێك لەو ڕۆژانەدا، کە باس کراوە، کە باسی قسە کراوە، هەر قسە بووە هیچی تر نەبووە، دەستبەجێ ئاسایش پێنج کەسی گرتووە، ئەوەیە ئازادییەکە کە لە کوردستاندا هەیە؟ دیارە من سەرەڕای ئەوە دووبارە تەئکید لەسەر ئەو قسانەی برادەرانم دەکەمەوە، کە ئێمە ئەوڕۆ لێرە دانیشتووین بۆ ئەوەی بڕیارێکی دەستبەجێ دەرکەین، بۆ ئەوەی بڕیارێك بێ بەڕاستی ئەو جاددەیە هێوڕ بکرێتەوە، بەڵام هێور کردنەوەی جاددەکە بەو وتارەیە کە ئێمە پێشکەشمان کردووە، دەستبەجێ ئیشی لەسەر بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕووخسەت هەبێ سرەی خۆم دەدەمە کاك نەریمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، من سوپاسی هاوکارم پەیمان خان دەکەم، لەبەر ئەوەی حاڵەتێکی تایبەت هاتە ئاراوە ئێستا، ئێمە وەکو لێژنەی ناوخۆ لەبەر ئەوەی لەبەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی داین، من وەکو ئەندام پەرلەمانێك قسە دەکەم، نەك وەکو ئەندامی لێژنەی ناوخۆ لێرە، سیرەی خۆمە، بەڵام سیرەکەمان گۆڕییەوە سوپاسی پەیمان خان دەکەم، بەڕاستی ئێمە ئەو حاڵەتانە کە باس دەکرێ، ناچمەوە سەر گشتییەکەی، ئێستا دێمەوە سەر تایبەتیەکەی، سووتانی کەناڵی نالیا، زۆربەمان ئەوەمان بیستووە کە چۆن چۆنە، ئەقاویلی زۆر زۆر لە پشتیوەیەتی، باس دەکرێ کە چی بووە، چۆن بووە، یان چی یە؟ بەڵام ئێمە وەکو لێژنەی ناوخۆ بە هاوکاری هاووڵاتیان و ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانی هاوکارم، بەدواداچوونی جددیمان کرد بۆ ئەم حاڵەتە، هەڵبەتە جێگەی خۆیەتی بڵێین کە بەڕێزان لە فراکسیۆنی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن بەدوای ئەو مەوزووعەوە بوو بە دەرەجە یەك، دەیسەلمێنم، ئێمە کە ئەو حاڵەتە ڕوویدا مەعلووماتی زۆرمان پێ گەیشت، دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە و مەعلومات کۆکردنەوە، جێگەی داخە لە ئەنجامی دەستکەوتنی بەڵگەی حەقیقی مەلمووس لەسەر ئەنجامدەرانی ئەو کارە قێزەونە، کە زۆر بەڕێزانم بینی دیفاعێکی زۆر واقیعانەیان کرد لە دەزگای ڕاگەیاندن و بیری ئازاد و کەناڵی ئەهلی، لە ئەنجامی بۆچوونەکانمان دوێنێ بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە بانگ کرایە لیژنەکەمان، بە داخەوە کە وەزیری پێشمەرگە ئامادە نەبوو، داوام لێ کرد بەیەکەوە هەستین بۆ بەڵگە، کە باسمان لە بەڵگە دەکرد، کە بەیەکەوە بچین سووتاوەکانی ئەنجامدەری تاوانەکە لە چ خەستەخانەیەکە لە ناو هەولێردا، بە داخەوە ئەوەی نەکردن لە کاتێکدا قانونیەن، ئەخلاقیەن، یاساییەن لەسەری بوو لەگەڵمان بهاتایە، لەبەر ئەوە لە کاتی تاوانی ئاوادا جینایاتە، هەموو هاووڵاتیەك بۆی هەیە تاوانبار بکرێ، چ جای ئەوەی کە وەزیرەکە بێ، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش، گلەییم لە سەرۆکایەتیەکەی خۆشم هەیە، ئەویش ئەو بڕیارەی نەدا، بەهەرحاڵ ئەوڕۆش جەختمان کردەوە کە ئەو تاوانبارانە لە شوێنی خۆیان ماون، من ئەمجار بە سوپاسەوە دەیڵێم، سەرۆکایەتی لێژنەکەمان قبووڵی کرد، بە موافەقەت و بە پێی مەرجەعیەت لەگەڵ بەڕێوەبەری نەخۆشخانە ئیتیصالمان کرد، ڕەزامەندیمان وەرگرت، ئێمە حەوت ئەندام پەرلەمانی لێژنەی ناوخۆ چووینە ئەو نەخۆشخانەیە، نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی کە (500) مەتر لە پەرلەمانەکەی ئێمەوە دوورە، تاوانەکان لەو وڵاتە چۆن ئەنجام دەدرێ؟ کە ڕۆیشتین بە پێی مەعلوماتەکان دەقیق چووینە شوێنی خۆی، دەتوانن هاوڵەکانم حەوت ئەندام پەرلەمان لە هەموو فراکسیۆنەکان و لیستەکان و کۆتاکانیشمان لەگەڵ بوو، بە سەرۆکایەتی لێژنەکەشەوە، چووینە سەر تاوانبارەکان، پاسەوانەکانیان ڕێگایان لێ گرتین، بە ئیهانەوە، بە سووکایەتی پێ کردنەوە، بە قسەی

ناشایستە، بە تەصەروفاتی ناشایستە نەیانهێلا بچینە ژوورەوە، بەڵام ئێمە چاومان لە تاوانبارە سووتاوەکان و تۆمەتبارەکانە، بە بێ هیچ پاساو و بیانوویەك و بڕیاری خەستەخانەمان وەرگرتووە، ڕەئیسی قسمەکەمان وەرگرتووە، پاشان لە ناو قسمی سووتاوی ژناندا دایان ناون، لە بەشی بربڕەی پشت لە خەستەخانەی ئیمێرجنسی، پاشان وتمان چارمان نەما ئیتیصال بکەین بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ ئەوەی بڕیاری گرتنیان دەربکا و ئێمە قسە بکەین لەگەڵی، ڕێگەیان نەدا، بەس بەڕێز وەزیری ناوخۆمان دەست نەکەوت، بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش وتی کاری من نیە، کاری کێیە ئەمە؟ پاشان هەر ڕێگەی پێ نەدراین پاسەوانەکانیان چووینە ژووری ئیدارە بۆ ئەوەی تەبەڵەکانیان ببینین، ئەو ناوانەی لای ئێمە بوو نەفسی ئەو ناوانە موتابقە بە شاهێدی هەر 7 ئەندام پەرلەمانەکان، لەوێ بوو دەرەجەی سووتانەکانیشیان لامان بوو، کە دوێنێ بە بەڕێز وەزیرمان گوت بەداخەوە هینی نەکرد لەسەر ئەوە، نەیتوانی ئەو بڕیارە بدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمە بچین و واقعەکە ببینین، بۆیە ئێمە دەبێ ڕاستگۆیانە لەگەڵ میللەتی خۆمان قسە بکەین، زامەکان هەر چی بێت دەبێ لەبەر چاوی میللەتەکەمان و باجەکەشی هەر چی بێت دەبێ بیدەین، ئێمە لەبەردەم مێژوویەك و قۆناغێکی زۆر مەترسیدار داین، بەڕێزان چیتر پۆشین و مەکیاج کردن و ئەوانە بەڕاستی کاتی نەما، باویشی نەما لە دنیا، بەس لای ئێمە نەبێ، من دێمەوە سەر مەوزوعەکەم، ئێمە کە کاتێ ویستمان ڕەقەمی تەبەڵەکان بنووسین، ناوی یەکێکیانمان نووسی و ڕەقەمەکەمان نووسی و مەعلومات و تەمەن و هینەکەی و ئەوانەی لە کوێ سووتاوە و ئەوانە، هەر یەکێك لەو پاسەوانانە بە ئیهانەی ئەندام پەرلەمانەکان، ئەوە ئیهانەی ئەم پەرلەمانە کراوە بەڕێزان، هەموو ئەوراقەکانی لەبەردەمی ئێمە ڕاپچڕاند و بردی و فڕێی دا بەو ناوەو و کۆی کردەوەو بردی، ڕێگەی نەدا تەنانەت ناوەکانیش بنووسین، تەنانەت ئیستنساخی تەبەڵەکانیش کە دواتر گوتمان هەر نایکەین، لەبەر ئەوە پێویست بە بڕیاری مدیری خەستەخانەکە دەکات کە لە ژووری عەمەلیات بوو، ئەمە جەرەیانەکەیە، چوار تاوان هەیە، تۆمەتبار سووتاوە لەو خەستەخانەیە، دوانیان دوێنێ بە شایەدی هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی لیژنەی ناوخۆ کە سێ میوانیشمان هەبوو لە لیژنەکانی تر لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، گوتم سەعات 11,30 ی دوێنێ دوانی تریان خەتەر بوون لە مەتاری هەولێرەوە چووە بۆ تورکیا کە 6 کەسن، برینداری تریشیان هەیە بە خۆ فڕێدان و سووتان و ئەوانە، لەبەر ئەوە چۆن بووە ئەمە؟ هەر یەکێك دەبەیەك بەنزینیان پێ سپێردراوە بۆ سووتاندنی قسمێك، خاس بە موبەرمەجی، لەبەر بێ تەجروبەییان ئەوانەی کە چوونەتە سەرەوە ئەوانەی خوارەوە ئاگایان لێ نەبووە یەکسەر ئاگری خۆیان کردووەتەوە بە بەنزینەکە و ئەوانەی سەرەوەی حەسر کرد بوون لە ئاگر دا، هەندێکی لە پەنجەرە خۆی فڕێداوە و هەندێکی سووتاوە، ئێستا چواریان لێرەن، ئەمانە سەر بە هێزێکی تایبەتن و دەشزانین لەلایەن کێوە هەڵدەسوڕدرێن، دەزانین سەر بە کێنە، ئەمە ئاشکرایە و فەزیحەتێکی جینایەتی زۆر گەورەی نیشتمانیشە، دوێنێ من بە هەندێ لە برادەرانم گوت جینایەی نیشتمانیە گوتیان وا نیە، بۆیە ئێستا ئێمە لەبەردەم سەنگی مەحەك داین و، ئەم پەرلەمانەش کە باس لە شەرعیەتی دەکەین لەبەردەم سەنگی مەحەك دایە، ئەو تۆمەتبارانە پاشان کە گەڕاینەوە ئێمە ئەخلاقیەن گوتمان بۆ لەناو پەرلەمان ئەم مەوزوعە باس نەکەین، چووینە لای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، نوێنەری هەموو

هینەکان، داوامان لێی کرد کە شتێك بکات، بەڕێز کاك کریم سنجاری لە کۆبوونـەوە بـوو بۆمـان دەسـت نەکەوت، پەیوەندی کرد بە جێگری وەزیرەوە، جێگری وەزیر گوتی هەر ئێستا دەیانگرم، ئەو چوارەش دەبێ لەوێ بمێننەوە تاوەکو لیژنەی تەحقیقی دادگا دەچێ و بە بەلگەوە دەیسەلمێنێ، بـەلام بەداخـەوە ئێستا کە من لێرە دانیشتووم، بۆیە پەیمان خانم بـرد هـەر چواریان دەرکـردوون بـە سـەیارەی خـاس و دوو پاسـەوانەکەش کـە ئـەو هـەموو ئیهانـەیان بـە ئێمـە کـرد کـە چـوار پاسـەوانی تریشیان هـەبوو لـە دەرەوە، ئەوە برادەران نەیان بینی ئێمە مەعلوماتەکەمان لەلا بوو، بۆیە ئەمە جینایەتە لەم وڵاتـە کـە ڕوو دەدات، ئەو کەسانەی کە لە پشتی ئەوەن و لە هەر پلە و پایـە و مەنسـبێك دابـن، پێویسـت دەکـات ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە، ئەمە 7 ئەندام پەرلەمان شایەتن، بۆیـە ئێسـتا دەرکـراون و هـەر چـواریان بە برینداری، بە سووتاوی دەرکـراون و بـە سـەیارە و بـە عەجەلـەو بـە پەلـە پـروزە، ئێسـتا بـە منیـان ڕاگەیاند، من چاوەڕێ بووم کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەلـەفۆن بکـات و جێگـری بـەڕێز وەزیـر وتـی ئێستا ئەم دووانە دەگرم، چوارەکەش دەبێ لەوێ بن تا کۆتایی ئەم هینە، بـۆ ئـەوەی حاڵـەتێك دروسـت نەبێ، ئێستا دەرکراون، ڕۆیشتوون، کەسیان نەگیراون، بۆیـە ئەمەیـە لێـرە شـەرعیەتی پەرلـەمان دەبـێ ڕۆڵـی خـۆی ببینـێ، بۆیـە حکومـەتیش ئەمەیـە ناشـەرعیەتی کـە نـاتوانێ کـە هێزەکـانی تایبـەت بـە دەسەلات و حیزبە دەسەلات دارەکان ئەمە دەکەن بـە ئاشـکرا، لـە کاتێکـدا هێـزی ناشـەرعین، بۆیـە مـن لێرە دێمەوە سەر مەوزوعی قسەی تەبیعی خۆم، بۆیە ئێمە لێـرە لەبـەردەم سـەنگی مەحـەك دایـن کـە بیسەلمێنین ئەو پەرلەمانە بوونی هەیە، ئەوە ڕاستیەکانە هەر کەسێکی لە پشتەوە بێ پێویست دەکات ئێمە ڕووبەڕوی دادگای بکەینەوە و لەوێ تاوانەکان ئیسپات بێـت، ئێسـتا تۆمـەتبارەکان و پاسـەوانەکان ڕۆیشـتوون و بـردراون، ئەدەواتـەکانیان لـە شـوێنی خۆیـان بـەجێ هێشـتووە کـە ئەوەنـدە بـە پەلـە ڕۆیشتوون، ئێستا لەوێنەـ مـن داوا دەکـەم لـە بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی پەرلـەمان ئێستا بچین سەردانی شتەکانیان بکەین کە لەوێ بەجێ مـاوە بـە پەلـەپروزەیی دەرچـوون، بۆیـە چـیتر ئەمـە ئـەوە هـەڵناگرێ کـێ وتـی و ئـەو وتـی، ئەمـە بەڵگـەی حـەقیقی لەبەردەسـتمانە و 500 م لـە پەرلەمانەکەمانەوە دوورە، بۆیە من لێرە دەڵێم بەڕێز وەزیری ناوخۆ لەگەڵ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کـە هـەردووکیان بـۆ چـەند کابینەیەکـە وەزیـرن و لـە هـەموو کابینـەکان دا فەشـەلیان هێنـاوە لـە یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کە بتوانن هێزێکی نیشـتمانی دروسـت بکـەن، وەزیـری نـاوخۆ فەشـەلی هێنـاوە لـەوەی کـە بتوانـێ مەسـئولیاتی خـۆی جـێ بـەجێ بکـات، هێزەکـانی نـاوخۆ یـەك بخاتـەوە لـە چوارچێوەی وەزارەتێك دا، بۆیـە پێویسـت دەکـات ئێمـە لـەم پەرلەمانـە لـەو بەڵگەیـە باشـترمان دەسـت ناکـەوێ، بـۆ دەسـت لەکارکێشـانەوەو متمانـە سـەندنەوە لـەم دوو وەزیـرە، پاسـاوێکی تـر نییـە، ئەگـەر پاساوێکی تر هەیە پێمان خۆشە بوترێت، ئەمەش دەمانخاتە بـەردەم پرسـیارێکی تـر، ئـەم دوو بـەڕێزە دوو دەسەڵاتی سیادین، روح و حەیاتی خەڵکیان لەبەردەستە، بێجگـە لـەوەی کـە باسـی زۆر دوور ناکـەم تەحریکی دەبابە لەم وڵاتە لە کاتێك دا ئێمـە هـەموومان دەزانـین وەزارەتـی پێشـمەرگە یـەك دەبابـەی نیە، دەبابە بەسەر جادەکاندا دێت و دەچێت، تەحریکی پێ دەکرێت، دەبابەی کێیە؟ سەدان دەبابە لـەم وڵاتەدا هەیە لەلایەن حیزبەوە ئەم وەزارەتە نەیتوانیوە بیخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، لەکاتێك دا وەزیـر دەڵێ دەبابەمان تەحریك پێ کردووە، جێگری وەزیـر دەڵـێ کـە ئـەو پێشـمەرگە بـە پێشـمەرگەی خـۆی

نازانێ، دەڵێ نەخێر پێشمەرگەمان نەجوڵاندووە، ئەمە چۆن حکومەت یەکخستنەوەیەکە؟ ڕاستیش دەکات، لەبەرئەوەی ئەو خۆی بە مەسئولی هێزەکەی حیزبەکەی خۆی دەزانێ، بۆیە بەڕاستی بەڕێزان لێرە دا پێویست دەکات متمانە لە سەرۆکی حکومەت بسێنینەوە کە نەیتوانیوە یاساکان جێ بەجێ بکات، یاسای خۆپیشاندان لەم خۆپیشاندانانە پێشێل کراوە، کە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیە بیپارێزێ، سەرەڕای ئەوەی کە لەم وڵاتە چەند گلەیی و گازاندە لەسەر یاسای خۆپیشاندانەکان هەبوو، خەڵك ڕژایە سەر جادە، گوێی لێ نەگیرا، سەرەڕای ئەوانەش ئەوەشی کە داندراوە ئەوەش ڕێزی لێ نەگیردراوە، ئێمە نووسیومانە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران تەنها پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان و پۆلیس بۆی هەیە ڕووبەڕوویان بێتەوە، ئێمە بینیمان نەك ئەوە هێزێك هەیە کە کەس نازانێ کێیە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، من لە کاتی جووڵە کردنی هێزەکانی زێرەڤانی بۆ سلێمانی پێم گەیشت بوون یان نەگەیەشت بوون، تەلەفۆنم کرد بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بەداخەوە تەلەفۆنەکەی لێی دەدا و هەڵی نەگرت، تەلەفۆنێکم کرد بۆ بەڕێزێکی نزیك لە خۆی کە زۆربەی ئیشەکانی لای ئەوە، وتی لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیە، داوای لێ بوردن دەکات، وتم حاڵەتێکی وا هەیە، جوابم دەرەوە، جوابی دایەوە و کاك کریم سنجاری دەڵێ من ئاگاداری جووڵاندنی ئەو هێزانەی زێرەڤانی نیم، ئەم جەدەلە چووە بەینمانەوە، گوتم بۆ لەکاتی بودجەی پاردا 47 هەزارتان هێناو گوتتان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە؟ بۆ ئێستا کە تەحریك دەکرێت سەر بە ئێوە نییە؟ بەڵام من دڵنیام ڕاستی گوت ئەو بەڕێزە بە من، پاشان ئەو هێزانە وترا سەرۆکی حکومەت جووڵەی پێ کردوون، بەڕێز کاك ئەرسەلان بایز جوابی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی دایەوە وتی نەخێر د.بەرهەم ئاگای لێ نییە، لە دانیشتنی یەك شەممەی ڕابردووماندا، منیش گوتم نەخێر وەزیری ناوخۆش ئاگاداری ئەوە نیە بەم بەلگانە، بۆیە هێز جووڵاندن لەم وڵاتە کە بە داخەوە وشەی میلیشا دەڵێین، ئێمە خۆمان شەرمەزار دەبین بەرامبەر بە شۆڕش و خەبات و شەهید و پێشمەرگە و تەزحیە و خۆشمان یەکێك بووین لەوانە، ئەوە کێن ئەوانەی کە وا دەکەن کە ئیتیهامی میلیشیات بۆ دۆست و دوژمنەکانیش بدرێتە پاڵ ئەم هێزە شۆڕشگێڕە موزەحیە کە خاوەن هەموو سەروەریەکانە، بۆیە بەڕێزان کە باس لە ئەوە دەکرێت کە حکومەتێکی ئینتقالی دروست بکرێت بێ سەبەب نییە، بێ هۆکار نییەو بێ بەلگە نییە، دڵنیام هەمووشتان ئەو واقعە دەزانن، بەڵام بە جۆرێك پێی لێ دەخشێنین کە ئەوە وەزعی ئێمە و ئەم موبەریراتانە نەماون، من لە بەڕێزان دەپرسم ئەمە خۆپیشاندانێکەو هاتووەو کتوپڕە، من پێم وایە هێزە نەیارەکانی کورد، سیخوریەکانی کورد، تیرۆرستەکان تا ئێستا ئەگەر بە ئاگا نەهات بێتنەوە بە ئاگا دێنەوە و ئەگەر ئەم وەزعە بەردەوام بێت دێن بە ناوی هەر بەشی ئەوەی ئەو هێزانە کە کەس نازانێ کێیە، دێن کارێکی خراپ دەکەن چی بەرامبەر خۆپیشاندەر، چی بەرامبەر هێزەکانی تر، ئەو کاتە چی ڕوودەدات لەم وڵاتە، ئێمە توهمە بەخشینەوە هەر زۆر بە ئاسانی دەکەین بەڕێزان، یەکسەر و ڕاستەوخۆ بەڕێز لێپرسراوی لقی سلێمانی کە وتی ئەوە فلان لایەن لە پشتی ئەو هینەوەیە، مەقەرەکانی ئێمە ئۆتۆماتیکی سووتا لێرە، لە کاتێك دا دەرکەوت کەوا نییە، سێ منالی قاسر کوژراوە کە خوێندکارن، پاشان کە قوتابیان بارەگای قوتابیان تێکدرا لێپراسراوەکەی یەکسەر هەموو ئاماژەکانی بۆ ئەوە بوو کە چ لایەنێکی لە پشتەوەیە، پاشان سۆرانیشمان سوتا، پاشان شەقڵاوەشی هاتە سەر، بۆیە

بەڕاستی هەست بە لێپرسینەوە کردن لەلای خەڵك زۆر ترە، من دەچمەوە بۆ پەیامە پیرۆزەکەی باوکی شەهید ڕێژوانی جوانەمەرگ، جگەری سووتاوە، بە ناحەق کوڕی کوژراوە، من تێ دەگەم ئێستا من دەبینم لە شارعدا زۆرێك لە خەڵك، لە گەنجان گلەیی لێ دەکەن کە بەو شێوەیە قسەی کرد، بەڵام من خوێندنەوەم بۆ دڵی ئەو پیاوە ئەوەیە کە لە مێژووی خۆ، لە لێپرسراویەتی خۆی دەترسێ، لەبەرامبەر ئەوەی کە ئەو خەسارەتی کرد، ڕۆڵەی گەلەکەی ئەوانی تریش سبەینێ باس نەکرێت کە بەهۆی کوڕەکەی ئەوەوە بووە، ئەگینا ئەو قسانەی دەیکات من پێم وانییە لە ناخی حەقیقیەوە بێت، بەڵام ئەوە هەست بە مەسئولیەت کردنە، هاووڵاتیەکی جگەر سووتاو هەست بە مەسئولیەت دەکات، وەزیرەکانی ئێمە و حکومەتی ئێمە هەست بە مەسئوولیەت ناکەن، لەبەرامبەر بە هاووڵاتیان، ئێمە دەڵێین شەرمەزاریە بۆ هێزەکانی ئاسایش کە دەزگایەکی گەورە و گرانی خەڵك وەکو نالیا لەو شوێنە کە باسکرا ناچمەوە سەری دەسووتێ، من دەڵێم شەرمەزاری نییە بۆ ئاسایش تەنها، لەبەر ئەوە دەزانم چۆن ئیش دەکەن و چۆن کەس بە کەسەوە نییە، بەڵام شەرمەزاریە بۆ هەمووومان وەکو پەرلەمان، وەکو حکومەت و وەکو ئۆپۆزسیۆن و وەکو دەسەڵات کە لە وڵاتێك دا ئەمە ڕوو دەدات ئێمە ناتوانین چارەسەری بکەین، ناتوانین هێزەکان یەك بخەین، بەڕێز بەڕێوبەری پۆلیسی سلێمانی وتی هێزەکانی ئێمە تەقەیان نەکردووە، وتیان ئەو هێزانە کێن کە تەقە دەکات، وتی نازانم هێزی کێیە تەقە دەکات! پاشان وتی سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکانە کە سەر بە فەرماندەی گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە تەقە دەکات، تەلەفۆنم کرد بۆ لێپرسراوی ئەو هێزەش، سەرۆکی هەیئەی ئەرکان، وتی وا نیە هەندێ قسەی وت لەبەرامبەر ئەوەی کە بە سەهو ئەو قسەیەی کردووە بە پۆلیس، گوتی هێزی ئێمە لەوێ بێ چەکە، کە تەلەفۆنم لەگەڵ دا کرد گوتی بە بڕیاری وەزیر ئێمە جووڵاوین لە کاتێك دا ئەمە سەر بە وەزارەت نییە ئەم هێزە، بۆیە بەڕێزان هەموو ئەوەی کە باسکرا و ئەوەی تاوەکو ئێستا لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، لەلایەن دڵسۆزانەوە، لەلایەن موفەکیرانەوە، لەلایەن شارەزایانەوە، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، لەلایەن تەنانەت ڕۆژنامەکانی زۆرێك لە دەسەڵات و لەوانەیش کە سەر بە دەسەڵاتن، ڕاستیەکان دەوترێت، بەڵام هەنگاو چیە؟ من دەڵێم هەنگاو کە دوێنێ بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە داوای هەنگاومان لێی کرد وتی ئەوانەی کە کەمتەرخەم بوون سزایان دەدەین، هیچم نەبیستەوە، ئەوەتا چەندی بەسەردا چووە، یەك تاوانبار گیرا بێت، نە لە دەزگاکانی خۆی کە لە دەسەڵاتی ئیداری هەیەتی قانونیش نیە، دەتوانێ ئەوە بکات، نە لەوانەی کە بارەگاکانیان سووتاندووە هی حیزبەکان لە هەولێر و لە دهۆك، سووتاندنی بارەگاش بەڕێزان بەڕێزێکی هاوڕێم گوتی با بە ویژدانەوە قسە بکەین، بە ئینسافەوە قسە بکەین، نابێ ئەوەی لق سووتاوەو ئەوە بڵێین خەڵکەو ئەوەی ئێرە سووتاوە بڵێین پارتیە، من وەکو ئەوە ناڵێم، بەڵام کێ لە ئێمە هەیە گومانی لەوە هەبێ کێ ئەوانەی ئێمەی سووتاندووە؟ بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕانی سووتاندووە لێرە؟ ئەمە کەلتوورە لەم سنوورە، شەش، حەوت حزبی تر لە مێژووی پێشوودا هەمان ئەوەیان بەسەر هاتووە لە سنووری هەولێر و دهۆك، لەسەر قسەیەك و لەسەر مەوزوعێك، بۆیە ئەمە بووەتە کەلتور لە سنووری هەولێر و دهۆك، وە دیاریشە، بۆیە بەڕاستی من پشتگیری لە ڕای کۆمەڵێك لە برادەران دەکەم، ئەگەر ئێمە پەرلەمان لەم وەزعە حەساسە نەتوانین ڕۆڵی خۆمان بگێڕین، نەتوانین بیکەینە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی

بەکردار، چیتر لە چوارچێوەی فکری سیاسی یەکتر جیاواز قسە نەکەین لە چواچێوەی بەرژەوەندیە گشتیەکانی خەڵك و پاراستنی سەر و ماڵ پارێزگاری کردن لە هەرێمی کوردستان بیرەکەمان داڕێژین، ئێمە چی دەکەین؟ لێرە کۆبووینەتەوە چی دەکەین؟ غەیری کۆمەڵێك قسە و ئەوانەی کە گوتراوە پێموایە زۆرێکی جێگای خۆیەتی و دەیان جاریش گوتراوە و دەشوترێت، ئێمە چی دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ئیحتقانەی کە لە شارع دا هەیە، من تەنها باسی سلێمانی.... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان خاڵەکانت بۆ چارەسەری وەزعەکە؟ چونکە ئەوە نیو سەعات زیاترە قسە دەکەی، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست دەکات بەڕێز وەزیری ناوخۆ تۆمەتبار و تاوانبار و ئەنجامدەران کە دیار و ئاشکران بەڕاستی ڕووبەڕووی دادگای بکەنەوەو کێش تاوانبارە لە چ ئاستێکە و سەر بە کێیە بە پێی بەڵگە با بدرێتە دادگا، جێگەی ڕەزامەندیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویست دەکات بەڕاستی کاری خۆی بکات بۆ ئەوەی بتوانێ حکومەتێکی تەکنۆکراتی جێگەی متمانەی هەموومان بۆ مەرحەلەیەکی ئینتقالی دروست بکات، پێویست دەکات وەزیری پێشمەرگە یان دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی و متمانەی لەو پەرلەمانەوە لێ بسێنینەوە و پاشان هەردوو وەزیریش دەڵێم گەیشتە ئاستی کەمتەرخەمیەکان و گەیشتە ئاستی تاوان پێویستە ڕووبەڕوی دادگا بکرێنەوە، بەڕێزان ئێمە دەبینین لە وڵاتاندا چەندین ڕەئیسی وەکو وزەرا و وەزارەتەکان ڕوبەڕووی دادگا دەکرێنەوە لەسەر شتێکی زۆر بەسیت، ئەوەی کە ڕوویداوە زۆر گەورەیە، ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەموو ئەو نەهامەتیانەش شەڕی ناوخۆ هەیە و بە دەستی ئەم هێزانەی کە کەس نازانێ سەر بە کێن و لە کوێوە تەوجیهیان پێ دەکرێت؟ دوا نموونەیشم ئەوە بوو من سەرۆکایەتی پەرلەمان بە لێپرسراو دەزانم لەسەر ئەو حاڵەتە و هەموو ئەندامانی پەرلەمان، لەبەرئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خۆی تەلەفۆنی کرد کە دەبێ ئەوانە بگیرێن و ئێستا دەرچوون و پێم وانیە دەرچوونەکەیان بەڵگەکان بشارێتەوە بە تەواوی کە کەس نەزانێ کێن؟ بۆیە داواش دەکەم ڕاستەوخۆ دادگا و دادوەری هەولێر ئەو بەڵگانە تەسبیت بکات و بیدا بە دادوەری سلێمانی و لیژنەیەکی خاسیش پێك بێت و ئەم لیژنەیە دەسەڵاتی تەحقیقی هەبێ و نوێنەرانی کۆمپانیای نالیا و ئەوانەی کە زەرەرمەند بوون لە بارەگاکان تێیدا بەشدار بن و بە فعلی کار بکرێت و ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی خاڵەکانی چاکسازی خۆی بە عەمەلی ئەوەی ئەکرێت ئەمڕۆ بڕیاری لێ بدرێت، ئەوەی دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیك و ئەوەی تریش لە داهاتوویەکی دوور و بە عەمەلی دەست پێ بکات و بە پرس کردن بە خەڵك و ئاشتبوونەوە لەگەڵ خەڵك و ئێمە بەڕاستی پێویست دەکات بە عەمەل کار بکەین، چونکە چیتر خەڵك گوێمان لێ ناگرێ و چیتر خەڵك باوەڕمان پێ ناکات، من زۆر سوپاستان دەکەم، بۆیە ئەوانە بەڵگەی ڕاستی بوو، بۆیە سڕەم لە هاوڕێکانم بڕی، بۆ ئەوەی پێش ئەوە کە کۆتایی بە جەلسەکە بێنن من قسەکان بکەم و ئەتانخەمە بەردەم مێژوو و خوێنی ئەو شەهیدانەش کە بە هەدەر نەچێ و هەموو زەرەرو زیانەکان قەرەبوو بکرێتەوەو سیستمی

سیاسی لەم وڵاتە بکرێت بە سیستەمێکی موئەسەساتی پڕ عەدالەت و پڕ شەفافیەت، داواش دەکەم وەکو هەنگاوی یەکەم وەکو پەرلەمانی کوردستان، وەك خاڵی یەکەمی دەست پێ کردنەکان، تەنها با داوا نەکەین لە حکومەت، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان زیاتر لە 2600 ڕاپۆرتی چاودێری دارایی سلێمانی لەبەر دەستیانە بۆ دووساڵ و........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان رجائەن ئەوە دراوەتە چاودێری دارایی تەحقیقی لێ دەکەن و پاشان بە ڕاپۆرتی خۆیان دەماندەنێ، ئەوە پێشتریش ئیشارەمان پێی کرد، زۆر سوپاس، عەزیمە خان کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە حەزدەکەم ئاماژە بە خاڵێك بکەم لە سەرەتاوە ئەم پێشهات و ڕووداوانەی کە ئێستا شەقامی کوردی گرتووەتەوە، من پێموایە هۆکاری ئەم هاتنە دەرەوەو خۆپیشاندان و ئەم حاڵەتانەی کە دێتە سەر شەقام ئەمانە هۆکاری هەیە و دەرئەنجامی هەیە، ئێمە هیچ کاتێك و هیچ لایەنێك و هیچ کەسێك ناتوانێ کەسێك تاوانبار بکات بەوەی کە ئەم کەسانەی ئاراستە کردووەتە سەر جادە، من پێموایە سێ هۆکار هەیە بۆ هاتنە سەر شەقامی خەڵك بۆ سەر جادە و بۆ خۆپیشاندان، ئێمە ئەگەر بێتو سەیری سێ خاڵ بکەین، ئێمە لەڕووی سیاسیەوە لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە هەر سێ دەسەڵاتەکەی کوردستان کە دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەت و دادوەریە هیچ یەکێ لەم دەسەڵاتانە لە کوردستاندا نەیتوانیوە وەکو ئەوەی کە ئەرکی سەرەکی خۆیەتی بەکارەکانی خۆی هەڵسێ، نە پەرلەمان وەکو پێویست توانیویەتی کارەکان و هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە بەرژەوەندی خەڵکە بە ئەنجام بگات، نە توانیویەتی ئەو گەندەڵیەی کە لە کوردستان هەیە لەناو وەزارەتەکاندا وەزیرێك بانگهێشت بکرێتە پەرلەمان و بە ئەرکی رەقابی و تەشریعی خۆی هەستێ، ئەرکی حکومەتیش ئەوەیە کە ئەمڕۆ خەڵك چەواشە ناکرێ باس لەوە دەکرێت کە حکومەت کراوە بە یەك حکومەت و یەك ئیدارە و یەك داراییمان هەیە، بەڵام بە بەرچاوی هەموومانەوە و هەموو خەڵکیش دەزانێ کە وەکو دوو حکومەتەکەیە و دوو ئیدارەیی و دوو داراییە و هیچ جیاوازیەك نیە لە ساڵانی پێشوو دا بە قسە کردن، بەڵام بە کردەوە نەکراوە، لەڕووی دەسەڵاتی دادوەریشەوە ئێمە تا ئێستا لە کوردستان دا نەتوانراوە دەسەڵاتێکی ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە خاڵێکمان هەیە، خوشکی من، بابەتێکی تایبەتە و جەلسەیەکی تایبەتی بۆ دەست نیشان کراوە، ئەگەر بێیتە سەر ئەو مەوزوعانە پاشان ئەو مەوزوعانەی تر جارێکی تر دێینە سەر ئەوانە، تکایە، کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی تر بێینە سەر ئەوەی ئێمە لە کوردستان دا باس لەوە دەکەین ئێمە ئازادیمان هەیە و حکومەت و سیستمی سیاسی کوردستان سیستمێکی دیموکراتیە، کاتێك کە یاسای خۆپیشاندان لە پەرلەمانی

کوردستان بە زۆرینەی دەنگ ڕۆیشت، بەڵام ئەو خەڵکەی کە هاتە سەر شەقام بـە هـەموو ئەوانـەی کـە لـەناو لایەنـە سیاسـیەکان بـوون و ئەوانـەی کـە لـە پەرلـەمان بـوون و ئەوانـەی کـە لـە ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون هەموو ئەو خەڵکانەی کە ڕژانە سەر شەقامەکان ئەو کاتە مـن دەیگەڕێنمـەوە بۆ ئەوەی کە یەکێك لەو حاڵەتانەی کە بوونە هۆی دروست بوونی، ئەوە گوێ نەگرتن لە جەماوەر بوو، ئەو جەماوەرە زۆرەی کە هاتە سەر شەقام دەسەڵات یان سەرۆکایەتی هـەرێم ئامـادە نـەبوون گـوێ لـەو جەماوەرە بگرێ و داخوازیەکانی ئەو خەڵکە جێ بەجێ بکات، گوێ لە خەڵك بگرێ کە سەرۆکی هەرێم ئەو یاسایە ئیمزا مەکە، بەڵام لە کاتێك دا کە ئێمـە گلـەیی لـەو خۆپیشاندەرانە دەکـەین کـە ئاراسـتەی خۆپیشـاندانەکانیان گۆڕیـوە بـەرەو بارەگـای لقـی 4 ی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، ئـەی بـۆ ئـەوە نەهێنینە پێش چاوی خۆمان کە کاتێك ئێمە بڕیارێك دەدەین بۆ ئەوەی کە لایەنێك تۆمەتبار بکـەین، بۆ بیر لەوە نەکەینەوە جارێکی تر کارێك یان توێژینەوەیەکی زانستی سیاسی بـۆ وەزعەکـە بکـەین کـە خۆمان لێکی بدەینەوە و بیتوێژنەوە، ئینجا بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە بارەگای لایـەنێکی سیاسـی تـر بسووتێنین بە ماوەی یەك کاتژمێر، بـەڵام ئـەکرا لێکۆڵینەوەیـەکی ورد بکرایـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەم خۆپیشاندەرانە بۆ ڕێڕەوەکەیان گۆڕی بەلایەنێکی سیاسی ئاراستەکراو، لەبەرئەوەی ئەو لایەنە سیاسیە وەختی ئەم شەقامە کە جووڵا لـە هـەموو شـارو شارۆچـکەکان دا خـەڵك ڕژایـە سـەر شـەقام و داوای لـە سەرۆکایەتی هـەرێم کـرد کـە ئـەو یاسـایە ئیمـزا نـەکات، بـەڵام دەسـەڵات و سـەرۆکی هـەرێم گـوێی لـە جەماوەر نەگرت، بۆیە من دەڵێم ئاراسـتەی جـەماوەر بـەرەو ئـەو ئاراسـتەیە ڕۆیشـتووە کـە ئەمـەی لێ کەوتووەتەوە، نەك تەنها کەسێك و لایەنێکی پێ تۆمەتبار بکرێت، بڵێین ئەمە لایەنێکی سیاسی دەستی هەیـە و ئاراسـتەی کـردووە بـەرەو ئـەو بارەگایـە، مـن لای خۆمـەوە ئەمـە شـی کردنـەوەی خۆمـە بـۆ واقعەکە، خاڵێکی تر کە ئێمە لەم چەند ڕۆژە سووتاندنی کەناڵی نالیاو بارەگاکـانی بزووتنـەوەی گـۆڕان و تەقە کردن و وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران بە چەك، ئەمە بۆ خۆی دەمانخاتە بەردەم واقعێکەوە کـە ئێمـە سیسـتمی سیاسـی خۆمـان بخوێنینـەوە، هـەم بـۆ خۆمـان و هـەم ڕای گشـتیش ئایـا ئـەم سیسـتمە سیاسیە سیستمێکی سیاسی دیموکراتی ڕاستەقینەیە؟ یـان ئـەم سیسـتمە سیاسـیەی هەمانـە وەکـو ئـەو وڵاتانەی کە خۆپیشاندانی تیا کراوە، سیستمێکی تەقلیدی خۆ سـەپێنەرە؟ مـن لـەم حاڵەتـەدا دوو شـت دەخەمـە پـێش چـاو، ئـەم خۆپیشـاندانانە دەرئـەنجامی دوو حاڵەتـە ئایـا ئێمـە سیسـتمە دیموکراتیـە ڕەواکەین یان سیستمە تەقلیدیەکەین؟ کە ئەم حاڵەتانـەی لێ کەوتووەتـەوە، بـەم سـێ حاڵەتـەی کـە لـە کوردسـتاندا بینیمـان سـووتاندنی کەناڵەکـە، هـەم ڕێگرتنـە لـە ئـازادی هـەروەها سـووتاندنی بارەگاکـان ڕێگرتنە لە کاری سیاسی لە کوردستاندا وە تەقە کـردن لـە هاووڵاتیـان بـۆ خـۆی پێشـێل کردنـی مـافی هاووڵاتیانـە، ئەمـە بـۆ خـۆی بـە هـیچ شـێوەیەك نـاتوانین بڵـێین ئێسـتا لـە کوردسـتاندا سیسـتمێکی دیموکراتی سیاسی لە کوردسـتان هەیـە، دەتـوانین بڵـێین سیسـتمێکی تەقلیـدی وەکـو ئـەو وڵاتانـەی کـە خۆپیشـاندان خـەڵك هاتووەتـە سـەر جـادەو لـە کوردسـتان بـوونی هەیـە، بۆیـە ئـەم حاڵەتانـەی لێ کەوتووەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سوپاستان دەكەم قسەكانم كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان كەرەمكە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پرسە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی جوانەمەرگەكان دەكەین، هیوی چاك بوونەوە بۆ بریندارەكان دەخوازین، خاڵێكم هەیە كە پشتیوانی لە هاوكارانم دەكەم كە دەبوایە پەرلەمان، لەدووەم یان سێیەم ڕۆژ دا دابنیشتبا، نەك بهێڵێ هەفتەیەك بەسەردا بڕوات، خاڵی سێیەم ئەو ئیجرائاتانە باسی لێوە ناكەم، هەموو فراكسیۆنەكان دیاریان كردووە، كە كێ تاوانبارە و كێ تەقەی كردووەو كێ ئیعازی داوە؟ خاڵی 4 من سەیرم دێ كە سەرۆكی حكومەت دەڵێ نەدەبوایە ئەو كێشەیە بگاتە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغداو دەرەوەی هەرێم، ئەو كێشەیە گەیشتە هەموو دنیا، یەعنی ناگاتە بەغدایە كە گلەیی دەكات سەرۆكی حكومەت، دەبوایە سەرۆكی حكومەت هەر ئەو كاتە ئیستقالە بدات و واز لە كارەكەی بێنێت لەبەرئەوەی هێزە سیاسیەكان، لایەنەكان، حزبە سیاسیەكان، هەردوو حزبی دەسەلآت بەتایبەتی پارتی و یەكێتی هیچ حیسابێكیان لە بۆ نەكرد و هێزیان نارده سلێمانی، نە وەزیری ناوخۆ، نە وەزیری پێشمەرگەو نە سەرۆكی حكومەت ئاگاداری ئەو وەزعە نینە، ئەی كێ ئاگاداری ئەو وەزعەیە؟ حەتمەن مەكتەبی سیاسیەكانە، ئەسڵەن خەڵكی كوردستان، هاووڵاتیانی خەڵكی كوردستان خۆپیشاندەران نایانەوێ ئەو ئەزموونەی تێكدەن كە هەموو خەڵك باسی دەكات، نەخێر، من دەڵێم دەسەلآتداران دەیانەوێ ئەو ئەزموونەی تێك بدەن لە خەڵكی كوردستان، حزبە سیاسیەكان ئەوانەی بالآ دەستن و مەكتەبی سیاسیەكان دەیانەوێ حكومەتی كابینەی شەشەم هەڵوەشێننەوەو فەشەلی پێ بێنن و ئەوە واقعەكەیەو هەر هەمووشمان دەیزانین، بەلآم دانی پێ داینیتن، خاڵێكی تر هەیە كە من سەیرم پێی دێت لە چ وڵاتێكی دیموكراتخواز زۆر زۆر دوابكەوێت خەڵكی خۆپیشاندەر بە گولله وەلآمیان دەدەنەوە؟ بەلآم لە هەرێمی كوردستان هیچ لەلای من غەریب نەبوو هەتا قازیفە و گوللە و بیكەیسی و تۆپی نەمساوی،كە بیكەسی بەكارهێنراوە، ئەوانەی تریش بەكارهێنرا، با، زۆر تەبیعی بوو، زۆرم سەیر پێ هات بەو هێزەی كە بەو نەوعە خەڵكیان گولله باران كرد، لە ساڵی 1983 ڕاپەڕینی خوێندكاران كرا حكومەتی بەعس ئەوەی نەكرد، بۆ خۆمان بەشداری ڕاپەڕینەكە بووین، بەرپرسان بە خۆپیشاندەران دەڵێن گێرەشێوێن، باشە، بابە خۆپیشاندەر نینە و ئەوانە گێرەشێوێنن، پاش چەند مانگی دی هەر ئێمەین دەچینەوە ناو خەڵك، هەر ئەو خەڵكەیە، دەچیتەوە ناو ئەو گێرەشێوێنانە پێیان دەڵێ ئینسانی باشن و ڕۆشنبیرن و پیاوی چاكن و دڵسۆزن و نەوەی میللەتن و پیاوی دوا ڕۆژی میللەتن، رجاتان لێ دەكەین دەنگمان بدەنێ لە هەڵبژاردنەكاندا، هاوكارم عدنان عثمان ساڵی پار باسی لەوە كرد ئەگەر هەر حیزبێكی سیاسی و هەر لایەنێكی سیاسی هێزی چەكداری هەبی میلیشیایە، فعلەن هەموو كوردستانیان لێ هەژاند لەسەر عدنان عثمان، چیە، فەقیرەی ئەو قسەی

کردیە، ڕاستیشی کرد، خەڵکی شاری سلێمانی، من دەپرسم ئایا خەڵکی شاری سلێمانی ئەنفالچی بوو؟ پیاو کوژ بوو؟ کیمیابارانی لقی 4ی پارتی کرد؟ یان خەڵکی تێکۆشەر و ئازا و ڕۆشنبیر و بوێر و چاونەترس بوو و داوای مافی خەڵکی کوردستانی کرد، بەو نەوعەیە وەڵامیان دانەوە بە گوللە، ئەو لیژنەیەی کە پێکهاتووە، کە حکومەت پێکی هێناوە بۆ لێکۆڵینەوە، هەرچەندە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە ئێستاوە دەزانم وەك کەیسەکەی سەردەشت عوسمانی لێ دێت، بەڵام پێشنیار دەکەم هەرچەندە قسەی من ئێستا ناخوات لەبەرئەوەی کاك نەریمان باسی کرد، ئێستا خەبەرمان پێ گەیشت کە ئەو چوار نەخۆشەو ئەو چوار سووتاوەی کە کەناڵی نالیای ئاسمانی با بڵێین بارەگایەکەیان سووتاند، شەش کەس بوون، کە زۆر بریندار بوون، برینیان زۆر سەخت بوو، هەردووکیان یەکسەر سەعات 6,30 ی بەیانی دوویان ڕەوانەی تورکیا کران، لە نەخۆشخانەی ئیمیر جنسی بۆ خۆم چوومە و سەردانی ئەوانم کردووە، بەس نەم دیتونە، بە شێوەیەکی غیر موباشر ئەوەش ناوی سووتاوەکانە کە ناوەکانیان نالێم، چونکە دەبێ بیپارێزم ناوەکانیان، ڕێژەی سووتانیان 17٪ و 30٪ و 18٪ و 25٪، ژمارەی فایلەکانیشیان هەمووی لەلامانە، ئەوەتا بە نووسراو وەك کاك نەریمان دەڵێت، دوای چوونی لیژنەی پەرلەمانی، جگە لەوەی پاسەوانی بەردەرگاکانیش هەڵاتن هەتاوەکو نەگیرێن، هەرچەندە من لێم مسۆگەرە حکومەت ناتوانێ ئەو پاسەوانانە بگرێت، ناتوانی ئەگەر بە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان، ئەگەر پەرلەمان هەموو پەرلەمانی بە قەدەر یەك پوشکە قیمەتیان بۆ دانانێ، ئەکیدەن ناگیرێت، ئەوە مسۆگەرە و کەس لاری لەوە نەبێ، لە قسەکانی وەزیری ناوخۆ و لە ڕاپۆتەکەی دا دەڵێ تەقە کردن خواستی کەس نەبوو، بەڵام ئەمن دەڵێم بە پلان بوو، نەك خواستی کەس نەبوو، ئەگەر وەزیری ناوخۆ ڕاست دەکات دەسەڵاتی هەتا دێگەڵەیە، لە دێگەڵەش بەولاوە تا سلێمانی دەسەڵاتی وەزیری پێشمەرگەیە نیشانەی دوو ئیدارەییە و حەقە هەردووکیان ئیستقالە بدەن، بابە دەوڵەمەندن و هەیانە ئەوە چەند کابینەیە، ئەگەر لە سەروەت و سامان و لە پارە و مەعاشی باش دەترسێن با واز بێنن، ئیستقالە بدەن، پیاوەتی ئەوان بەوەی بە دیار دەکەوێ، دڵسۆزی ئەوان بەوەی بە دیار دەکەوێت کە هاوخەمی میللەتەکەیانن کە ئەو گەنجانە بە تایبەتی کە زمناکۆی دەبینی لەبەر دیوار هاوار دەکات و یەك بە خۆی هاوار دەکات لقی 4 ی پارتی گوللە بارانی دەکات، هێزەکانی زێرەڤانی نازانین سەر بە کێن؟ تەبعەن سەر بە حکومەت نینە، چونکە ئەگەر سەر بە حکومەت بن یان سەرۆکی حکومەت یان وەزیری ناوخۆ یان وەزیری پێشمەرگەیە ئیعاز دەدات، من نازانم هێزەکانی زێرەڤانی لەبەر چی ناردرا سلێمانی؟ ئایا هێزەکانی زێرەڤانی دڕندە ترن لە هێزەکانی سلێمانی؟ یان ئازا ترن یان دڵسۆز ترن؟ یان ناردیانن لەوێ بیان نێرنە سەر سنوورەکان دیفاع لە خەڵکی کوردستان و لە ناوچە سنووریەکان بکەن؟ ئەوەندە تەقەی لە لقی 4 ی پارت دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی کرا، ئەگەر هێندەی دی کرا با قەناعەتتان هەبێ کەرکووك و جێ ناکۆکەکان دەگەڕاوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەو هێزانە دەسەڵاتیان نیە لە سلێمانی زێرەڤانیان بۆ بردن، 165 هەزار چەکدارە بە هەموو جۆرەکانیانەوە، مەفروزە بچنەوە ماڵێ و بۆ خۆیان ئیستیقالە بدەن باشترە، نەك هەر قەزای کەلار و کفری هێزیان بۆ بردوونە، بڕۆ قەزای کۆیە ببینە هەر بەردەم جادەك و هەر سەرە کۆڵانێك و هەر بەردەم قوتابخانەیەك ئەوە هێزی چەکداری لێیە، پارێزگاری هەولێر دەڵێ لەبەر چاوی ئاسایش و پۆلیس

بارەگای گۆڕان سووتا، ڕاست دەکات ئەدی ئەوان لە کوێ بوون جەنابیان، هەر دەڵێین با ئەو ئەزموونە بپارێزین، منیش دەڵێم با بیپارێزین، بەڵام ئەوەی نایپارێزی خەڵکی بێ تاوان و خەڵکی فەقیر و خەڵکی خۆپیشاندەر و خەڵکی ئاخر شەڕ نیە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانن نایانەوێ بپارێزرێ و بمێنێ ئەو ئەزموونە، ئێمە ئەمڕۆ لە پەرلەمان زۆرمان قسە کرد و قسەم کەم ماوە، یەك خاڵم ماوە، لە پەرلەمان زۆر قسەمان کردووە، ئەو مەرگەساتەی 17 ی شوباتی خوێناوی کە لە سلێمانی ڕوویدا هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ کارەساتی 1ی شوبات کە لە هەولێر ڕوویدا، لە پەرلەمان زۆر قسەمان کرد، زۆر قسەی بریقەدارمان کردیە هەر هەموو فراکسیۆنەکان و ئەندام پەرلەمانەکان، بەڵام من دەڵێم قسە شەرت نییە، کردار شەرتە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئێمە زۆر کەوتینە دواوە، من قسەکانم ناکەم، لەبەر دوو هۆ، یەکێکیان ئەوەیە کە بەشێکی زۆری قسەکانمان برادەران کردیان، پێویست ناکات درێژەی پێ بدرێت، سەبەبێکی تریان من بۆ خۆم سەرجەم ئەو ڕۆژانەی کە خۆپیشاندان کراوە لە خۆپیشاندانەکان بووم و لە وردو درشتی و بە تەواوی لە وردەکاری خۆپیشاندانەکان ئاگادارم، بەو ئومێدەشەوە ئەمڕۆ هاتمەوە بۆ کۆبوونەوەکان کە ئەو خۆپیشاندانانە تەئسیرێکی کردبێت لە کارکردنی پەرلەمانی کوردستان و بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، چونکە خۆپیشاندان دەرئەنجامە و هۆکار وای کردووە کە خەڵك بێتە سەر جادە کە ئەوەندەی بەرپرسی یەکەی ئیداری تاوانبارە یاخود بەرپرسە لەو دۆخەی کە دروست بووە، ئەوەندە خۆپیشاندەرەکان بەرپرس نین، لەبەرئەوەی لە یەکەم لەحزەی ئەگەر چی بیانووی ئەوەی کە لە یاسای خۆپیشاندان هێنرایەوە بۆ مۆڵەت وەرگرتن کە 48 سەعات پێشتر مۆڵەتیان وەرگرت بوو لە کاتی گرد بوونەوەکەی بەردەم دەرکی سەرا، هیچ هێزێك نەبوو بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندەران بپارێزێ، ئەوەش وای کرد کە خۆپیشاندەران بەرەو جادەی مەولەوی بڕۆن و ئەسڵەن هەدەفی خۆپیشاندەران ئەوە بوو بچنە سەهۆڵەکە، نە هەدەفیان لقی 4 بوو، نە هەدەفیان ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بووە، کە دوایی لەوێ کێشە دروست بوو، ئەگەر لە گرتە ڤیدیۆیەکاندا ببینرێ تەئکید لەوە دەکاتەوە کە خۆپیشاندەرەکان لە لقی 4 تێپەڕ دەبن، بەڵام دوای ئەوەی کە یەکێك لە خۆپیشاندەرەکان برینداردەکرێت بەوەی کە سەری ئەشکێنرێ، من ناتوانم بڵێم لە لقی 4 وە ئەوە وەشێنراوە، لە دوای ئەوە کێشەکە دروست دەبێ و خۆپیشاندەرەکان دەگەڕێنەوە، مەبەستم لەوە بوو کە من بە ئومێدەوە هاتمەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و کاك نەریمان کرا بێ ئومێدی کردم لەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیەوێ بەردەوامی بدات بەم دۆخەی پەرلەمان، چونکە کێشەکە وەکو وتم لەسەر گەندەڵی دروست بووە، خەڵك لەسەر گەندەڵی هاتووە خۆپیشاندانی کردووە، بەڵام ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری، خۆ دەزگای دیوانی چاودێری لە سلێمانی شەرعیە و چەند ساڵە کاری خۆی کردووە، ئەو تەئکیدی لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە کردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەگەر ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی کە

ئەو ڕاپۆرتانە پێشکەش بە لیژنەی نەزاهە ناکەن، وە لیژنەی نەزاهە بۆ خۆی بە شکلی لەوێ دروست بووە، پێموایە ئەو کۆبوونەوەش تەنها ڕووکەشە و هیچ ئەنجامێکی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لەسەر قسەی جەنابت بۆ ئیدارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە دڵنیاییەوە موزاهەرەکان تەئسیری لێ ناکات، چونکە ناتوانێ لە قانون لاماندا ولە نیزام لاماندا، ئەو قانون و ئەو نیزامەی هەیە ئێمە ئیجرای دەکەین، دڵنیات دەکەم لەوە، بەڵام بێ قانونیش ناکەین، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، وەلەو ئێمە دائیمەن بەشمان دەخورێت و زۆربەی قسەکانی ئێمە دەکرێت، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ بە خێرایی ئاماژەیەکی پێ بدەم ئەوەیە کە ئێمە، وابزانم باسی ئەوە کرا هۆکارەکانی خۆپیشاندان لای هەمووان ڕوونە ئەوە دەرئەنجامی کەڵەکە بووی ئەو هەموو ناعەدالەتی و نایەکسانی و شەڕی ناوخۆ و هەموو ئەو مەراحلە سەختانەیە کە کۆمەڵانی خەڵك لەم وڵاتەی ئێمە هێناویانە بە درێژایی ساڵ ئەوە دەرئەنجامەکەیەتی کە ئێستا دەیبینین، بەداخەوە لە 17ی شوبات کارەساتێکی ناخۆش ڕوویدا لە سلێمانی کە ئەوە جێگەی نیگەرانی هەموو لایەك بوو کە نابەرابەریەکی تەواو هەبوو لە نێوان خۆپیشاندەران و داواکاریەکانیان و وەڵامدانەوەیان کە بەڕاستی وەڵامدانەوە بە گوللە و خەڵتان خوێن کردنیان، ئەوە سورەیەکە، پێموایە کە دنیای هەژاندووە، شتێك کە زۆر نیگەرانی کردبم ئەوەیە کە لە هەندێك میدیا باسی ئەو خۆپیشاندانە دەکرێت وەکو گێرەشێوین و وەکو ئەمەی دەستی دەرەکی لە پشتەوەیە، بەڕاستی ئەمانە کۆمەڵێك موستەڵەحن کە سواون و ئەم موستەڵەحە بێ مانایانە ئەگەر هەر وەکو تەبریریش بهێندرێتەوە لەناو خەڵك حەقە موستەڵەحی تازە تر بێننەوە ناو وەکو بیانوو، با واز لەوە بێنین بەڕاستی ئەمانە گێرەشێوێن و دەستی دەرەکی و ئەمانە، چونکە ئەمە سواوەو کەس بڕوای پێ ناکات، حەقە ئەو کەناڵە ئیعلامیانە هەندێك بە مەسئوولانە مامەڵە بکەن لە گەڵ دۆخەکە و ڕەوشی حەقیقی دۆخەکە بخوێننەوەو من هیچ گومانم نیە لەوەی کە ئەو خۆپیشاندەرانە هەمووی خوشك و برای ئێمەنە، هەموو لە کەسە هەرە دڵسۆزەکانی ئەم وڵاتەن و لە خەڵکە هەرە دڵسۆزەکانن کە دەیانەوێ ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان تێ بپەڕێنن و بەرەو دۆخێکی باشتر و بچنە مەرحەلەیەکی باشترەوە، باسی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت کرا، حکومەت هەڵوەشێتەوە بۆ؟ ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا ئەوەی جێگەی شانازی هەر هەموومان بووە لە هەموو لایەنە سیاسیەکان و لە کۆمەڵانی خەڵك ئەوە بووە کە ئەمنیەتمان هەبووە، شانازیمان بە ئەمنیەتی ئەم وڵاتەوە کردووە بەڕاستی کە ئەوە و ئەوەی کە ئەو ئەمنیەتەی هێناوەتە کایە بە دەرەجەی یەکەم کۆمەڵانی خەڵکە و کە خەڵك هاوکار و پشتیوانی هەموو دامودەزگا ئەمنیەکان بوون کە لەم وڵاتەدا هەبووە، ئێستا ئێمە لەماوەی ئەم چەند ڕۆژە با هەندێك لەو ڕووداوانەی کە ڕووی داوە بیهێنینە پێش چاوی خۆمان، ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا، ئەوەی لە هەولێر ڕووی دا بۆ شڵەژانی دۆخی ئەمنی، ئەوەی لە دهۆك ڕوویداو، ئەوەی لە سۆران ڕوویداو ئەوەی لە بنەسڵاوە ڕووی داو، ئەوەی لەو شەقڵاوە ڕووی

دا، ئەوەی لە سووتاندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی نالیا ڕوویدا، بەڕاستی ئەوانە یەك سەبەب بەسە بۆ ئەوەی کە ئەم حکومەتە بەڕاستی دەست لەکاربکێشێتەوەو خواحافیزی بکات، ئەمە ئەو لایەنە ئەمنیە بوو کە ئێمە شانازیمان پێوەی کرد، بە حەقیقەت ئەو قسانەی کاك نەریمان و ئەو برادەرانەی لیژنەی ناوخۆ لەسەر مەسەلەی سووتاندنی کەناڵی نالیا کە بەڕاستی ئەوە پەڵەیەکی ڕەشە لە تاریخی ئێمە کە موئەسەسەیەکی ئیعلامی، کە کەناڵێکی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنێك بستوونرێت کە ئەوەش تاوانێکە هیچی کەمتر نیە لەو تاوانانەی تر کە کرا لەم چەند ڕۆژە، بەڕاستی حەقە پەرلەمان قسەی جدی هەبێت لەسەر ئەو مەوزوعە، چونکە شەرعیەتی پەرلەمان دەخاتە ژێر پرسیارە ئەومەوزوعە و دەبێ لێکۆڵینەوەی جدی بکرێ و ئەو خەڵکانە ڕادەستی عەدالەت و یاسا بکرێن، من داواکارم کە لیژنەیەکی پەرلەمانی بە زووترین کات لە ماوەی یەك تا دوو ڕۆژ بەو مەوزوعە هەستێ و دەسەڵاتێکیان بدرێتێ، من لە کۆتایی دا ئەوە دەڵێم کە بەڕاستی ئەمجارە خەڵك زۆر بە قەناعەتەوە و زۆر بەڕاستیەتی، بۆیە چارەسەر کردنی ئەو دۆخە بەڕاستی هەنگاوی ڕاستەقینە و هەنگاوی بوێرانەی دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەمەوێ پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدان بکەم و هیوای چاك بوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم، بێ گومان بوونی ئەو پەشێویە و نارەحەتیەی کە لە سلێمانی و لە هەرێمی کوردستان هەیە جێگەی نیگەرانی هەموو لایەکمانە و هەموو لایەکمان پێی نارەحەتین و لەبەرژەوەندی هیچ لایەکماندا نییە، بەڵام ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان دەرئەنجامی خوێنی شەهیدانمانە، لەناوچوونی ئەو ئەزموونە بەهەدەردانی خوێنی شەهیدانە، بۆیە من داوا لەهەموو لایەك دەکەم بە هەماهەنگی هەموو لایەکمان بە حکومەت و بە پەرلەمان و بە دەسەڵاتداران و بە حکومەت و بە خەڵکانی خۆمان هەموو دەست لەناو دەست بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو پەشێویە و نارەحەتیەی کە هەیە، لەڕێگەی دایەلۆگ و گفتوگۆ و لەسەر مێزی دایەلۆگ دەتوانین کێشەکان لەناو شەقامەکان بێنینە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ چارەسەرکردنیان بەڕێگەیەکی ئاشتیانە و زۆر باشتر، من ئەوە دووبارە ناکەمەوە لەبەرئەوەی هاوکارەکانم زۆر ڕاو پێشنیاریان ئاماژە پێدا، من بەس ئەوەندە دەڵێم با مانگی شوبات نەبێتە مانگی شووم لە لاپەڕەکانی مێژووی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی باجێکی زۆر زۆر گەورەمان داوە، هەر لەو مانگە بوو کە بووە هۆی لەناوچوونی چەند کەس کە دوژمنانمان توانیان لە ڕێگەی ئەو نارەحەتیە و پشێویەی کە لەناو خۆماندا هەیە کەلێنێك بقۆزنەوەو بتوانن کۆمەڵێك قارەمان و سەرکردەی لێهاتوومان لەناو ببەن، من بۆیە داوا دەکەم با بتوانین مانگی شوبات بکەینە مانگی چاکسازی لە هەموو ڕوویەکەوە، لەڕووی ئیداری و سیاسی و ئەمنی و خۆشگوزەرانی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێزی پەرلەمانتار هەریەکە بە شێوەیەك تەعبیریان لە بۆچوونی خۆیان کرد بۆ خەمخۆری و چارەسەری ئەو وەزعە و ئەو بارە نائاساییەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، منیش بەش بەحاڵی خۆم لە چەند نوقتەیەك دا سەرنج و تێبینی خۆم بۆ ئەم بارودۆخە دەردەبڕم، وێڕای ئەوەی کە خۆپیشاندان وەکو مافێکی دەستووری و یاسایی کە باوەڕی تەواومان پێی هەیە و ڕێزی تەواویشی لێ دەگرین، بەڵام لە چوارچێوەی یاسا و بە شێوەیەکی هێمنانەو ئارام کە بێ شك هەموو داخوازیەکانی خۆپیشاندەران و هەموو خەڵکی تری کوردستان هەر لە هێمنی وئارامی دا بەدی دێت، نەك لەمە بەدەر، دووەم/ ئەم ئەزموونە سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە باسکران کە زۆرە سەدان ئەوەندەی ئەو کەموکوڕیانەی کە باسکران کە من زۆر لەگەڵ ئەو کەموکوڕیانەم و پشتگیریان دەکەم کە ئەو کەموکوڕیانە هەنە و سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانە، بەڵام ئەزموونەکە ئەو سەروەریەو دەستکەوتەکانی مێژوویی خەڵکی کوردستان کە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتی پێشمەرگەو جەماوەری هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیە پاراستنی ئەمانە ئەرکێکی مێژووییە و ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و بگرە ئینسانی و ئەخلاقیشە لە ئەستۆی هەموو تاکێکە کە لەم وڵاتەدا دەژی، پەرلەمان بەپێی ئەوەی بە ئیرادەی گەل دروست بووە، بۆ ڕێزگرتن لەو ئیرادە پیرۆزەیە کە لە هەموو جیهانی دیموکراسی وایەو دەبێت هەموو کێشە و گرفتەکانی گەل لە هۆڵی پەرلەمان بخرێنە ڕوو و بە بەردەوامی و بە حیوارو لێك تێ گەیشتن موناقەشە بکرێن، منیش بەش بەحاڵی خۆم ڕێزی تەواوم هەیە بۆ هەموو ئەو داواکاریانەی خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی هێمن و ئارام کە دەیخەنە ڕوو، لە کۆتایی دا پشتگیری لە ڕاگەیەنراوی فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم کە لەم بارەیەوە خرایە ڕوو بۆ بەڕێزتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا کە بەرەو وەرزێکی پیرۆز دەچین لەبەردەم بیرەوەریەکانی ڕاپەڕین و یادە پیرۆزە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان داین، با ئەم یادانە بە هاوبەشی بکەینەوەو ئەو دیوارانەی کە خەریکە قوت دەبنەوە و ئاشتەوایی تێك دەدەن لایان بدەین، بێ گومان ئەمەش بەوە دەکرێت کە لە هەست کردنمان بە لێپرسراویەتی نەتەوەیی و نیشتمانیمانەوە بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە سیاسەتێکی نوێ بگرینەبەر، یەکتری قبوڵ بکەین و گوێ لە یەکتری بگرین، هیچ کام لە سیاسەتەکانی ئیحتیکار کردن لەلایەن دەسەڵات و یاخود سیاسەتی ڕەد کردنەوەی هەمیشەیی و بەردەوامی هەموو شتەکان لەلایەنی ئۆپۆزسیۆنەوە خراپن و خزمەت بە کەسمان ناکەن، هەمووشمان تیایدا زەرەرمەند دەبین و ئەزموونەکەشمان دەکەوێتە بەر مەترسیەوە، ئێمە کە ئەندامی پەرلەمانین سوێندێکی ئەخلاقیمان هەیە لەبەردەم خواو میللەتەکەمان خواردووە و پێوستە هەر لێرەوە لە پەرلەمانەوە دەست پێ بکەین،

وەکو یەك تیم دوور لە گەڕانەوە بۆ هەر ئیعتبارێکی تـر بـە دوای چارەسازی دا بگەڕێین، بـۆ ئەمـەش پێویسـتە هـەنگاوی عەمـەلی بنـێین، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئـەم پەرلـەمان و حکومەتـە دوو دامەزراوەی شەرعی و هەڵبژێردراون، پێویستە بپارێزرێن و بەهێز بکرێن، بـەڵام بـە بەشـداری هـەموو لایەکمان و بە بـێ پشـتگوێ خسـتنی هـەموو لایـەك، دەبـێ ئـەوە بـزانین ئـەم حکومەتـە و دام و دەزگـا ئەمنیەکان وایان کردووە کە لە هەرێمی کوردستاندا ئـارامی و ئاسـایش بـە بـەراورد لەگەڵ ناوچـەکانی تری عیراقدا لەلایەن بیانیەکانەوە بە عیراقەکەی تر ناو دەبردرێت، واتە لێرەدا ئێمە کە دەسەڵاتی یاسا دانـانین پێویسـتە هـەر دوو چـەمکی شـەرعیەت و ئەمنیـەت بـە تـەواوی لەبەرچـاو بگـرین، بـەڵام بەداخەوە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو دا لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی چەند ڕووداوێکی ناخۆش و کارەسات باری لێ کەوتەوەو چـەند کەسـێك شـەهید بـوون و زیـاد لـە سـەد کەسـیش برینـدرا بوون کە $3/1$ ئەو بریندارانە لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بـوون، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، دیـارە ئەم خەڵکەی کە هاتووەتە سەر شەقامەکان مافی خۆیانـە، ئـاژاوەگێڕ نـین بـەدان پیانـانی خـودی هێـزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش ئەوەیە کە ئەوانیش بەشداریان تێدا نەکردووە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە گوێ لە داواکاریەکانیان بگرین و حکومەت بـە دەنگیانـەوە بچێت، ئێمـە لێـرەدا پێویستە هـەنگاوی عەمـەلی بنێین، نەوەك لەسەر هەندێك زاراوەو موستەڵەحات گفتوگۆ بکـەین، یـەکێك لـەو شـتانەی کـەوا باسـی لێوە دەکرێت لەلایەن بەشێکی زۆر لە بـەڕێزان و هاوڕێکانمانـەوە وشـەی ئـاژاوەگێڕە کـە بـەکارهێنراوە، ڕاستە لە هەندێك کەش و باری نالەبار دا هەنـدێ زاراوە بەکاردەهێنـدرێت کـە بەرچـاو ڕوونیـەك نیـە، ئەمـەش ئەگـەر بێتـو ئێمـە لێکی بدەینـەوە ڕاسـتە لـەو بەیانـەدا کـە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان دەری کـردووە ئـەم زاراوەیـەی تیـادا بـەکارهاتووە، ڕاسـتە کـە بـەڕێز سـەرۆکی حکومـەت لـە وتـارێکی دا ئـەو زاراوەی بەکارهێنا، دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا بەر لە هەموو ئەوانە بەڕێز سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕانیش کە یەکەم بەیانی دەرکرد ئەو زاراوەیەی بەکارهێنا، ئەوەتا کە بەڕێز کاك عـدنان عثمـان بـۆ خـۆی لـەم ڕۆژنامەیەدا وەڵامی داوەتەوە، من ئەو قسانە بۆیە دەکەم، مەبەستم ئەوە نیە کەوا تەشهیر کـردن بێت بـە هـیچ کەسـێك، نـەخێر ئـەو بەڕێزانـە لـەو حاڵەتـەدا کـە ئـەم وشـانەیان بـەکارهێناوە دەکـرێ پێداچـوونەوە بکرێـت، ناکرێـت ئێمـە لەسـەر وشـەیەکی ئـاوا کارەکانمـان چـەق بەسـتوو بکـەین، بـەڵام پێویسـتە لەسـەر خۆپیشـاندەرانیش بـە شـێوەیەکی مەدەنیانـە داواکاریـەکانیان بخەنـەڕوو، ڕێگـە بـە کەسـانێك نـەدەن کـە لـە نێوانیانـدا توندوتیـژی بـەکاربێنن و شـێوازی نەشـیاو بگرنـە بـەر، پێویسـتە خۆپیشـاندانەکانیان لـە پێنـاوی چارەسازی بێـت، نـەك خۆپیشـاندان لـە پێنـاوی خۆپیشـاندان، ئەگـەر هەندێ کەس بیانـەوێ بـەم لاڕێیـەی دا بـەرن، هەقـە ڕێگـەیان پـێ نـەدرێت و خۆپیشـاندەرانیش ئەمـە قبوڵ نەکەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەکرێ لێـرەدا هۆکارەکـانی ئـەم خۆپیشـاندانانە دەست نیشـان بکەین و پەنجەیان بخەینە سەر، یەکـەم/ کـەموکوڕی لـە بـواری خزمەتگوزاریەکانـدا هەیـە و بەرچـاوە، دووەم/ ناعەدالـەتی لـە کوردسـتاندا هەیـە و لـە گـەڵ شـوێن و بـواردا هاووڵاتیـان بـە یـەك چـاو سـەیر نـاکرێن، سـێیەم/ دیـاردەی گەنـدەڵی لەبەرچـاوەو لـە ژمارەیـەکی بەرچـاوی بـوارە جیاجیاکانـدا هەیـە، ڕۆتینیاتی زۆر لە فەرمانگەکاندا هەیە و هاووڵاتیانی بێزار کردووە، پێنجەم/ تەداخولاتی حیزبی هەیە لە کاروبـاری حکومەتـدا و کـاری هەنـدێك لـە دامودەزگاکـانی یـەك خسـتووەو تووشـی شـەلەلی کـردووە،

ئەمانە بەشێکن لە هۆکارەکان کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم ڕەوشەی هاتووەتە کایەوە چەند دیاردەیەکی نەشیاو ناشارستانی خستۆتە ڕوو کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەڵوەستەی لەسەر بکات، یەك/ پێویستە ئیدانەی هەموو جۆرە توندوتیژیەك بکەین کە لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا کراوە، بە تایبەتی تەقە کردن لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە، دوو/ پێویستە ئیدانەی ئەو توندوتیژیانەش بکەین و چاوی پێدا بخشێنرێتەوە کە لەلایەن ژمارەیەك کەسەوە ئەنجامدراوە کە خۆیان خزاندوەتە نێو خۆپیشاندانەکانەوەو ئەمەش توندوتیژی لێ کەوتووتەوەو خۆپیشاندانەکانیشی لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی لاداوە، سێ/ ئیدانەی سووتاندن و وێران کردنی هەموو ئەو بارەگایانە بکەین کە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و سۆران و شەقلاوە دا کراوە، چوار/ پێویستە ئیدانەی سووتاندنی کەناڵی ئاسمانی نالیا بکەین، پێنج/ ئیدانەی هەموو ئەو توندوتیژیانە بکەین کە لەهەمبەر ڕۆژنامەنووساندا کراوە، شەش/ ئیدانەی سووکایەتی کردن بە خۆپیشاندەرانیش بکەین کە لەلایەن هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دا بە جۆرێکی تر سەیریان دەکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێرە پەرلەمانە بەرزترین دەزگای یاسایی وڵاتە، نوێنەرانی سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی تیایە، پێویستە زۆرینە و کەمینە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە بڕیار بدەین، ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هەڵوێست و بڕیارێکی حاسمە لە پەرلەمانەکەی خۆیان بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، بۆیە لێرەدا پێم باشە ئەم خاڵانە بخەمە ڕوو، یەك/ پێویستە حکومەت بەرنامەیەکی چاکسازی هەبێت و لەژێر چاودێری پەرلەماندا کاری لەسەر بکرێت کە بەرنامە چاکسازیەکە دوو لایەن بگرێتەوە، هەندێك لەو چاکسازیانە چاکسازی ئانین کە پێویستە بە پەلە بکرێن و ئەنجامیش دەدرێت، وەکو جیاوازی مووچەی فەرمانبەران ڕێك بخرێت، سەرجەم ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری بدرێن بە داواکاری گشتی، دەزگاکانی داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری کارا بکرێن، پەلە بکرێت لە دروست کردنی دەستەی نەزاهە لەلایەن پەرلەمانەوە، کارەبای بەردەوامی سەرجەم ماڵە بەرپرسەکان و شوێنە حیزبیەکان ببڕێت کە بڕێکی زۆری کارەبایان بۆ دەچێت، ئەوانەی کەمتەرخەم بوون لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری سلێمانی دەست لەکار بکێشنەوەو لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، سەبارەت بەو چاکسازیانەش کەوا پێویستە بکرێت و، بەڵام کاتی پێویستە و وەکو لەلایەنەکانی سیاسی و ئابووری و زانستی و ئیداری و هتد....... لێرەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و کاتی دیاری کراوی بۆ دەست نیشان بکرێت کەوا حکومەت دەیکات، دووەم/ لێپێچینەوە لەگەڵ دامودەزگا ئەمنیەکانی شاری سلێمانی بکرێت لە کەمتەرخەمیان، هێزە جووڵێنراوەکانیش لە شاری سلێمانیەوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، سێ، دەستی حزب لە حکومەت بکێشرێتەوە، ئەم تێکەڵی و تەدەخولاتەی کە هەیە بنەبڕ بکرێت، چوار/ لەلایەن لیژنەیەکی بێ لایەنتی پیشەییەوە بە پشت بەستن بە دەستەی داواکاری گشتیەوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان بکرێت و هەموو ئەو کەسانە بدرێن بە دادگا کە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە، یاخود فەرمانی تەقە کردنیان داوە، پێنج/ جگە لە هێزی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان هیچ هێزێکی تر بۆ هیچ چالاکیەکی تری مەدەنی و خۆپیشاندان بەکارنەهێندرێ، شەش/ بە هیچ شێوەیەك توندوتیژی بەکارنەهێندرێ بەرامبەر بە خۆپیشاندەران، حەوت/ پاراستنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و دوورکەوتنەوە لە زمانی زبر و چەواشەکاری و شەڕانگێزی

لەلایەن هەندێك لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنـەوە كـە پێویسـتە ئەمـە بـە تـاوان ئـەژمار بكرێـت و هـەواڵ و زانیاریە هەڵبەسـتراوەكان ڕەد بكرێنـەوە، هەشـت/ پێویسـتە لەلایـەن حكومـەت و پارتـە سیاسـیەكانەوە داوای لێ بوردن لەم خەڵكە بكرێت كەوا تیایدا زەرەرمەند بوون، جا چ زەرەرمەنـدی گیـانی بێـت یـاخود مالی بێت، نۆ/ داوا لـە خۆپیشـاندەرانی نیشـتمانپەروەریش بكـەین لـە پێنـاو هێنانـەدی داوا ڕەواكانیـان لایەنی هێمنی و مەدەنیانەی پرۆسەكە بپارێزن و ئەوە بزانن كـە هـەموومان بـە یەكـەوە خـاوەنی ئـەم وڵاتەین، دە/ پەرلەمانی كوردستان پێویستە ڕۆڵی كارا تر بكرێت و ڕۆڵـی زیـاتری هـەبێ و بـەكارەكانی خۆی دابچێتەوە، لەڕێگەی لیژنە پەیوەندارەكانەوە زیاتر بەدواداچوون بكات، ئەگەر ئـەو بـار گرژیـەی كـە هەیـە لـە نێـوان دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن دایـە ئـەوا دەبـێ شـەقامەكان ئـارام بكەینـەوە و شـەڕەكان بگوزاینەوە نێو هۆڵی پەرلەمانەوە، ئەگەر واش نیە، ئەوا دەبێ بـە هەموومانـەوە لیسـتی كوردسـتانی و سـەرجەم لیسـتەكانی تـر و لیسـتە ئۆپۆسـیۆنەكانیش لەگـەڵ ئـەو خەڵكـە لـە دیـالۆگ دابـین و داوا ڕەواكانیـان لەبەرچـاو بگـرین، یـازدە/ هەوڵـدان بـۆ بنـەبڕ كردنـی گەنـدەڵی بـە فعلـی و بـە هـەموو جۆرەكانیـەوە و لەسـەر هـەموو ئاسـتەكانی گەڕانـەوەی موڵكـە حكومیـەكان بـۆ خاوەكانیـان، واتـە بـۆ دامودەزگـا حكومیـەكان، دوازدە/ گەڕانـەوەی هـەردوو بـەڕێزان سـەرۆكی كۆمـار و سـەرۆكی هـەرێم بـە زووترین كات بۆ كوردستان لەبەر ئەوەی هەم سەرۆكی كۆمار پێویستە ئەگەر بیەوێت پێگەی لە بەغدا بـە قـوەت تـر بێـت و بـەهێز تـر بێـت بـارودۆخی كوردسـتان ئـارام بكاتـەوە، وە هـەم بـەڕێز سـەرۆكی هەرێمیش وێڕای پێرۆزبایم بۆ ئەو خەڵاتی ئاشتیەی كـە پێـی بەخشـراوە، ئەگـەر بیـەوێ لەسـەر ئـەم سیاسـەتە بـەردەوام بێـت و ئاشـتەواییەكی زیـاتر هـەبێت خـەڵاتی تـر وەربگرێـت، پێویسـتە ئاشـتی لـە وڵاتەكەی خۆی بەرقەرار بكات، چونكە لەهەموو دونیادا ئەگەر بێتو قـەیرانێك بێتـە كایـەوە سـەرۆكی وڵاتەكە لە گەشت دا بێت بە زووتـرین كاتـدا دەگەڕێتـەوە، سیازدە/ خـاڵێكی گـرنگ بـۆ چارەسـازیەكان مەسەلەی تاوتوێ كردنی بودجەی 2011 یە كە پێویستە پەلـەی لێ بكرێـت، بـۆ ئـەوەی بتـوانرێ هـەم پرۆژە خزمەتگوزاریەكان پەرەی پـێ بـدرێت و گـەنجانی ئـەم وڵاتـە دامـەزرێنن و جیـاوازی مووچـەكان چاك بكرێن و مووچەی هێزەكانی پێشمەرگە و پۆلیس هاوتا بكرێن و پێویستە هەموو لیستەكان و بـە هەموومانەوە لێرە هەوڵ و كۆششی زیاتر بدەین لەوەی كەوا بەزووترین كات ئەمە پەسەند بكەین، دوا خاڵم ئەوەیە لە پێنـاو چارەسـازیەكی بنچینەیی و ئاشـتەواییەكی نیشـتمانی دا كـە دەڵێین هـەموومان بەرپرسین لە ئاست ڕووداوە باش و خراپەكانی هاتوونەتە كایەوە پێشنیاری ئەوە دەكەم كە تەعدیلێكی وزاری بكرێت و لەو تەعدیلە وزاریەدا حكومەتێكی نیشتمانی هاوبـەش پێـك بهێنـدرێت و بـەڕێزان لـە بزوتنەوەی گۆڕانیش دا بەشداری لەو حكومەتە دا بكەن، بۆ ئەوەی بتوانین كۆتایی بەو كێشانە بهێنین و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئـەم سـاتە وەختـە سـاتەوەختێکی هەسـتیار و نائاسایییە، پەیوەنـدی بـە دیاری کردنی ئەم ئەزموونەوە هەیە، بۆیە بەر لە هەموو مەسەلەیەك خـۆ دوور گـرتن لـە بارگـاوی بـە مەتڵەبی سیاسی و ململانێی سیاسیەوە ئەمان گەیەنێتە ئاقارێکی باش، ئەو دۆخـەی لـەم چـەند ڕۆژەی ڕابـردوو دا کەوتـەوە لەڕاسـتی دا لـە چـەند بارێکـەوە پێشـێلکاری لێ هاتـە ئـاراوە، لـەباری ئازادیـەوە سووتاندنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و لەباری سیاسیەوە پەلاماردانی بارەگاکان و هەورەها لـە باری هـەرە مرۆییـەوە کـە شـەهید کـردن و برینـدار کردنـی هاووڵاتیانـەوە بـوو، ئەمـە بـوو بـە مایـەی تانەیەکی گەورە لە ڕاسـتیدا، هـەموومان بەرپرسـیارین لـەم دۆخـەی کـە هاتووەتـە ئـاراوە، هـەمووشمان پێکەوە دەبـێ هـەوڵی چارەسـەر کردنـی بـدەین، مـن ڕام وایـە لـە ڕاپـۆرتی سـەرجەم فراکسیۆنەکانـدا و هـەورەها لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتاندا خـاڵی هاوبـەش زۆرتـرن لـە خالـە جیاوازەکان، هەروەها ئەو مەتڵەبانەشی کە لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن خۆپیشاندەران و خۆپیشاندان جێگاکان دەبیسترێن و دەوترێن تەعبیرن لەو داخوازیانەی کە لەناو ڕاپـۆرتی فراکسیۆن و لیژنەکاندا هاتوون، من بەڵگەم لایە بەڵگەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و هەروەها نووسراوی دکتۆر و کارمەنـدانی تەندروسـتی خەسـتەخانەی سـلێمانی کـە بەشـێکن لـەو داخوازیانـەی کـە لـەناو هـۆڵی پەرلەماندا پێشکەش کران، خاڵی هاوبەشی تر بریتیە لە نیگەرانی هەمووومان لەسەر ئەم بارودۆخە کە هەریەکێك لەو بەڕێزانەی کە قسەیان کردووە، ئەوانەشی ماونەتەوە قسە بکەن، گوزارشت لەوە دەکـەن کە ئەم دۆخە دۆخێکی نەویستراوە، دەبێ تـێ بپەڕێنـدرێت، بـەڵام شـێوازی تـێ پەڕانـدن دەبـێ دواجـار ئـەوە پەرلـەمانی کوردسـتان و ئـەو لیژنـە تایبەتمەنـدەی کـە دادەنـدرێ بـۆی دەبـێ بیکاتـە بنـەمای چارەسەرکردن، من ڕاموایە بەڕێزان ئێمە لەسەر دوو ئەساس دەتوانین هەنگاوەکانمان جدی تـر بکـەین و ئەم قۆناغە تێ بپەڕێنین، یەکێکیش ئاگامان لە مەسەلەی ئەمنیەت بێت کە دواجار لـە بـارودۆخێکی ئـارام و ئاسایش دا دەتـوانین ئـەم هەنگاوانـەی کـە مەتڵەبی خەڵکـە لـە چاکسازی سیاسـی و ئیـداری و کۆمەڵایەتی و یاسایش دەتوانین لەو دۆخەدا بیهێنینە دی، لەباری تر دا  کە ئەویش مەتڵەبێکی گرنگە مەسەلەی شەرعیەتە، شەرعیەتی دامـەزراوەکانی هـەرێمی کوردسـتان تـەنها شـەرعیەتێکی ئینتخـابی و هەڵبژاردن نیە، بەڵکو شەرعیەتێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و لەمێژینەشە کـە ئێمـە توانیومانـە ئـەم تەجروبەیـە تـا ئـەم قۆناغـە بێـنین و بەرپرسـیاریەتی هـەرە چارەنووسـاز لـە دانیشـتنی ئـەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکەوت کە بەرپرسیاریەتەکە زۆر لـە مەسـەلەی میـزاج و زۆر لـە مەسـەلەی بەرژەوەندیە سیاسیەکان و زۆر لە مەسەلەی ئەو ڕەوتەی کە پەیوەنـدی بەناوچـە و شـوێن و ئاراسـتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیشەوە هەیە بەرزترە، بۆیە من وای دەخوێنمەوە ئێمە لەبـەردەم دوو بـاردا دەتـوانین هـەنگاوی جـدی بنـێین، بەشـێك لـەو مەتڵەبانـەی کـە داواکـراون دەکرێـت ئـانی و هەنووکەیی ئیشی لەسەر بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بەشێکی تریش لـە ڕاسـتی دا پەیوەسـتە بە مەسەلەی زەمەنەوە کە برای بەڕێز د.سەروەر ئاماژەی پێیدا، ئەمـەش کـە پەیوەنـدی بـە زەمەنـەوە هەیە و پێکهێنانی لیژنەش بۆ مەبەستی تەعتیل و دواخستنی ئەو مەتڵەبە گشتیە نەبێت لەڕاستی دا، ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە چاودێری جدی بە دوای دا بکات، من دەمەوێ دوو خاڵی گرنگ ئاماژە پێ بکەم، بەڕێزان من لێـرەو لـەوێ وا دەڕوانمـە هەنـدێك ئاراسـتەی سیاسـی کـە ئـەم تەجروبـەی هـەرێمی

کوردستان لە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانی تریشەوە، لەڕوانگەی یەکێتی و پارتیەوە تەماشا دەکرێن کە ئەمە یەکێکە لە ئیشتباهە هەرە سەرەکیەکان کە تەسەورم وایە دۆخەکە بە ئاقارێکی خراپ تر دا دەبات، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەمان لا ڕوون بێت پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکانی تر لە یەکێتی و لە پارتی خۆشەویست تر بن ئەبێ، ئەمە ئەرکی ئەندامان و سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبەشە هەنگاوی جدی بنێن لەو مەسەلەی کە پەیوەندی بە جیاکاری لە نێوان دەسەڵاتی حکومەت و دامەزراوەکانی تر لەگەڵ حکومەت دا هەیە، من تەسەورم وایە ئەمڕۆ دەبێ هەمووماں ئەو حەقیقەتە بزانین ئەوەی لەمێژوو دا وەکو پاڵەوانیەتی تەماشا دەکرێت لە سەرخستنی شۆڕش و لە سەرخستنی ڕاپەڕین و لە دروست کردنی دامەزراوە یاساییەکان و دامەزراوەکانی تری هەرێمی کوردستان، ئەوە وەکو مێژوو بهێڵینەوە و هەوڵ بدەین بیپارێزین، دۆخەکە لە ئێستادا نەبەینە بارێك کە ئەو مێژووە بە دەستی خۆمان لەگۆڕ بنێین، بۆیە ئەم ساتە وەختە ئەو ساتە وەختەیە کە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەهەموو ئیرادەیەك بەهێزترە و ئیرادەی خەڵکی کوردستانیش یەکڕیزی و تەبایی و ئاسایش و ئارامی لێمان دەوێت، بۆیە ئەم ساتە وەختە ساتەوەختێکی گرنگە هیوادارم هەمووماں بە گیانی لێپرسراویەتیەوە مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خوشکان، برایان، ئێمە هەمووماں دەزانین ئەو ڕۆژەی کە بووین بە ئەندامی پەرلەمان لەم دەزگا پیرۆزە دەستمان دا بە قورئانەوەو سوێندمان خوارد بە یەزدانی گەورە کە یەکپارچەیی ئەم خاکە بپارێزین، بەرژەوەندیەکانی میللەتەکەمان بپارێزین، لەڕوانگەی ئەوەشەوە من دەمەوێ بە ویژادنەوە ئێمە سەیری ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە شەقامی کوردی ئەمڕۆ بە گشتی لەشاری هەڵمەت وقوربانی، بەتایبەتی من پرسیارێك دەکەم لە خەڵکی بەشەرەف کوردستان، ئایا کاشی و مەڕمەڕ بە بەرد ئەشکێت و ئەتەقێتەوە، من ئەمەوێت خەڵك وەڵامی ئەم پرسیارەی من بداتەوە، بەزەمیر و بەویژدانەوە، من پرسیارێکی تر دەکەم، ئایا ئەوە وتاری سیاسی و بریقەدارە ئێمە ئەمڕۆ باسی ئەوە بکەین، کە ئێمە هەر هەمووماں لە بەلەمێکی کون کونین و ئەبێت هەمووماں بە جلەکانی خۆمان کونەکانی بگرین؟، ئایا ئەوە وتاری سیاسی و بریقەدارە، ئەگەر ئێمە بیر لەنەوەکانی داهاتوومان بکەینەوە؟ ئەو گەنجانەی کە لەدایك نەبووبوون کە ژن و کچی داوێن پاکی کورد سواری زیلی عەسکەری ئەکراو جلی ژێرەوەی ژنی کورد ئەکرایە پێشەوەی زیلی عەسکەرییەکان و ئەبران بۆ بیابانی عەرعەر و ئەفرۆشران بە عەرەبەکان، ئایا ئەوە وتاری بریقەدارە کەمن بیری میللەتەکەم

بخەمەوە کە من بە دیکۆمێنت بینیومە، منالێکی کورد لە نوگرە سەلمان، لەبرسان ئەگریا بۆ خەیار، داوای لەدایکی کرد کە خەیارێکی بداتێ، دایکی لە تاواندا ئیحترامە بۆ هەمووتان پێلاوێکی سەوزی دا بەدەست منداڵەکەیەوە، منالەکە پێلاوەکەی دەمژی وای ئەزانی کە خەیارە، لەدوای چەند ساتێك ئەو منداڵە گیانی لەدەستدا و سەگە ڕەشەکانیان تێ بەرەڵا کردو پارچە پارچەیان کرد لەبەرچاوی دایکی، ئایا ئەوە وتاری سیاسیە کە ئێمە باسی ئەوە بکەین کە حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمر، چۆن بە پیلانی ناوخۆیی و ئیقلیمی ئەو حکومەتەمان چوار مانگی نەخایاند، ئەوە وتارە ئێمە بڵێین حکومەتەکەی قازی محمد، نۆ مانگی نەخایاند و بەپیلان چی لێهات، ئێمە 17 ساڵە حکومەتین بۆیە منیش دەڵێم حکومەتەکەی ئێمە جمهوریەتی ئەفلاتۆن نیە، بەڵێ ئەڵێم کەموکوڕی هەیە گەندەڵی هەیە، بەلاَم ئێمە دەتوانین فشار بخەینە سەر حکومەت ئێمە دەتوانین پڕۆژەی جوان تەقدیم بکەین، ئێمە ئەبێ گەنجەکانمان تێ بگەیەنین، کەچی ڕابردوویەکی خراپ چاوەڕوانی ئێمەیە، ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم کارە بڕۆین، بەڵێ من ئەڵێم ئەزموونی سیاسی ئێمە ناکامڵە پێویستیمان بەهەموو لایەك هەیە، بەدەسەلات بە، موعارەزە، بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەم ئەزموونە کامڵ بکەین، کە بتوانین بەرامبەر بە دوژمنەکانمان بڵێین ئێمە هەین، لەجیاتی ئەوەی شەقام بورووژێنین، بڵێین ئێمە میللەتێکین خاوەن خاك و زمان و مێژووین، حەقی خۆمانە حەقی ماڧ چارەی خۆنووسی خۆمان بدەین، حەقی خۆمانە بەپێی هەموو بەندەکان ئێمە گەورەترین میللەتین لەسەر ڕووی زەمین کە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نین، تازە دابنیشین بە شەرمەزارییەوە بڵێین با بەرد بۆ یەکتری فڕێ نەدەین، با ئەزموونەکەمان لێ تێك نەچێت، ئەوە شەرمەزارییە برایان ڕاستە ئێمە دەڵێین گەندەڵی هەیە کەموکوڕی هەیە، بەلاَم دەستکەوتمان هەیە، ئایا ئەوە دەستکەوت نیە سەرۆکی عێراق کورد بێت، چەند ڕۆژێکی تر کۆنگرەی لوتکەی سەرانی عەرەبی لەبەردەست کوردێکدا تەواو دەبێت، ئایا ئەوە دەستکەوت نیە، شەش مانگ دوای هەڵبژاردن بەغداد وێران ببوو، چەندین وڵات و لایەن هاتنە خەتەوە نەیانتوانی بەغدا بخەنەوە سەر خەت، بەلاَم بە دەست پێشخەری سەرۆکی هەرێمەکەی ئێمە کەسەرۆکی هەموومانە کە پێشمەرگەی شاخە، توانی عێراق ڕێك بخاتەوەو حکومەت تەشکیل بکرێت، ئەوە دەستکەوت نیە کە پاپای ڤاتیکان دەستخۆشی بنێرێ بۆ هەرێمی کوردستان بڵێت سوپاستان دەکەم کە ئێوە توانیتان ئارامی بگەڕێننەوە بۆ برا کریستیانەکان و پێکەنین بنێرن بۆ ژن و منداڵی کریستیانەکان، ئەوە دەستکەوت نیە کە ئەمشەو وابزانم هەموومان بینیومانە کە لە ئیتالیا ئەو هەموو سیناتۆرە باسی ئارامی کوردستان بکەن و باسی ئەوە بکەن کە لە شەرقی ئەوسەت تەنها کوردستان سەقامگیری و دیموکراسی تێدایە، کە باسی ئەوە بکەن بڵێن ساڵی 2003 ئێمە هاتینە هەولێر ئێستاش هاتووین نایناسینەوە، ئایا ئەوانە دەستکەوت نین؟، من وەکو کچی شەهیدێك قسە دەکەم من ماران گازم من جەرگ سووتانم دیوە، من چوار ڕۆژە دەگریم بۆ ئەو گەنجانەی کە لە سلێمانی کوژراون، تەسەور نەکەن کە ئێمە پێمان خۆش بێت ئەو شتانە ببێت، بەلاَم وەکو باوکی کاکە ڕێژوان وتی ئەو کەسانە ڕسوا بن کە ئەو موشکیلەیان دروست کرد، منیش ئەو قسەیە دەکەمەوە، من مارانگەزم، ئەزانم جەرگ سووتان چۆنە؟، کە بەتەلەفۆن ئاگادارم بکەنەوە بڵێن خۆشەویستەکەت شەهید کراوە، ئێمە قەت جورئەت ناکەین کە بەو گەنجانەی سلێمانی بڵێین گێرە شێوێن، من ملکەچم لەئاستی گەنجانی

سلێمانی، ئەزانم ئەوانە یان کوڕی شەهیدن یان کوڕی پێشمەرگەن، یان کوڕی زیندانێکی سیاسین، یان کەسێکیان ئیعدام کراوە، بەڵام ئێمە کەسوویێندمان خوارد بە قورئان، کە ئەندامی پەرلەمانین، کە یەکپارچەیی بپارێزین و ئەبێ بە ئینصافیشەوە قسە بکەین، من ئەمە بۆ مێژوو دەکەم، یەکەم کەس و یەکەم لایەن و یەکەم کەناڵ کە بەخۆپیشاندەرانی وت، لە 2011/2/17، کە پێیانی وت گێرەشێوێن و تێکدەر، لە کەناڵی (k.n.n)بوو، من ئەو کەناڵەش بە کەناڵی خۆم دەزانم، کەناڵی کوردە، هیوادارم ئەوان لەقسەی خۆیان پاشگەز ببنەوە، ئێمە وامان نەوتووەو واش نالێین، من دووبارەی دەکەمەوە بەلەمەکەمان هەمووی کونە، با ئەو ڕۆژانە نەگەڕێتەوە، با کەرامەتی ژنی کورد بپارێزین، با جارێکی تر نەهێڵین کەس تەحەدای دەوڵەتی ئێمە بکات، با خۆمان دروست بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت ڕێزدار ڕەفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵدەدەم زۆر بەکورتی قسەکانم بکەم، لەبەر ئەوەی بەڕاستی من هەستم کرد ئەو پێشنیارانەی کە فراکسیۆنی کوردستانی و گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی کە بەگشتی خستیانە ڕوو، ئەگەر کۆی بکەینەوە ئێمە دەتوانین بە ئەنجامێکی باش دەربچین و کۆمەڵێك بڕیار وەربگرین، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش، من هەستم کرد کە هەستێکی بەرپرسیارێتی قوڵ هەیە، لەلایەن هەموومانەوە، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو ئارامی بڕوات، ئەو داخوازییەش کە خەڵك کردوویەتی وخوێنێکی زۆری لەپێناودا ڕشتووە لەم ڕۆژانەدا، بەگرنگ وەربگیرێت و پشتگیری بکرێت، من بەهەموو قەناعەتێکەوە دەڵێم، ئێمە دەبێ قسە لەسەر دوو مێژوو بکەین، مێژووی پێش 17ی شوبات و مێژووی دوای 17ی شوبات، دوای 17ی شوبات، بەهیچ شێوەیەك نە بەمێتۆدی ئەوە دەسەلێنێ کە حوکمڕانی کردنی کوردستان چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵك، ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و فەسادی و بەرقەرارکردنی ئاستێکی مەعقولی دادپەروەری مومکین نیە بەهەمان ئەو مێتۆدو عەقڵیەت و شێوازە بکرێت کە لە پێش 17ی شوباتدا لەحوکمڕانی کوردستاندا بەکار هاتووە، ئێمە دەسەڵاتێکی گەندەڵمان هەیە بەئیعتراڤی هەموو لایەك، وە دەسەڵاتێکی 100٪ گەندەڵمان هەیە، من ئەمە لێی بەرپرسم لەو قسەیە، لەوەش خەتەرتر ئەوەیە کە دەسەڵات بەهەموو قورساییەکەوە نەك هەر کەمتەرخەمە، نەك هەر هیچ ئیجرائاتێکی جدی بۆ بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی ناکات، بەڵکو دەسەڵات خۆی داکۆکی لەگەندەڵی دەکات، وە کام گەندەڵکار هەیەو کام ئەوانەی کە سەرپێچی یاسا دەکەن ژنیان کوشتووە، یان پیاویان کوشتووەو لەیاسا هەڵاهاتوون کەم تازۆر لەسایەی دەسەڵاتێکدا پارێزراون، ئەو کەیسانەی کە هەیە بە دەیان کەیس کە دیوانی چاودێری دارایی ڕەوانەی داواکاری گشتی کردووە، بە زەبری دەسەڵات تەداخول کراوەتە سەر ئازادی دادگاو دەسەڵاتی دادگا لاواز کراوە، ئەو کەیسانەیان ڕاگرتووە لەبەر خاتری ئەوەی دادگا بوەستێ، عەدالەت بوەستێت، بۆ ئەوەی چەند گەندەڵکارێك پارێزراو بێت، ئەمە شتێکە ڕۆژانە بەبەرچاوی خەڵکەوەیە، ئەمە شتێکە ناعەدالەتی خوڵقاندووە، شتێکە وای کردووە کە ئەو داهاتە زۆرەی دەڕژێتە کوردستانەوە کە حکومەت یەك دڵۆپە عارەقی لەپێناودا نارێژێ، بەحازری

دێتە بەردەستی، بەس ئەوەندەی لەسەرە بە عادیلانە دابەشی بکات ئەوەش ناکات، بەناعادیلانە دابەشی دەکات، حکومەتی هەموو دونیا وەکو حەمباڵێك تا ئێوارە دەگەڕێ، لەم کون و ئەو کون باج زیاد دەکات بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکات و بودجە بۆ وڵاتەکە پەیدا بکات، ئێمە بودجەیەکی حازرمان هەیە، ناتوانین بەشێوەیەکی عادیلانە دابەشی بکەین، ئەمە بەشێکە لە قەیرانی سیاسی لەکوردستان، کەمن پێم وایە ئەو قەیرانە هەیە، ڕۆژی 17ی شوبات پیشانیدا کە قەیرانەکە تا چ ئەندازەیەك خەتەرە، ڕۆژی 17ی شوبات بۆمن ئەوەی دەرخست، کە خوێنی کورد تەنها لای داگیرکەر هەرزان بەها نیە، بەڵکو لای کورد خۆشی هەرزان بەهایە، ئەوە قەسابخانەیەکە بەهەموو مانایەك کە ڕۆژی 17ی شوبات لەسلێمانی دروست کراوە، وە خەڵکیش کە ئێستا لەسەر جادەیە، بەپەلە داوای چارەسەر دەکات، یەکێ لەداخوازییە هەرە ئەساسیەکانی ئەوەیە کە ئەو پیاوکوژانە، ئەوانەی کە تەقەیان لەخەڵك کردووە، بەعەمدی تەقەیان بۆ کوشتن لەخەڵك کردووە، هەمووی بە ڤیدیۆو بە ڕەسم هەیە، ئەمانە بگیرێن و بدرێنە دادگا، ئەگەر بێخەتا دەرچوون با ئازاد بکرێن، ئەگەر خەتاباریش بوون نابێ تەجروبەیەك و سومعەی سیاسی وڵاتێك و حزبێك، بکرێتە قوربانی چەند کەسێك کە نامەسئولانە ناتوانن سەیتەرە بەسەر خۆیاندا بکەن، کەسێك برینداره هاوار دەکات، جارێکی تر دەستڕێژی لێدەکەنەوە بۆ ئەوەی بکوژرێت، لەبەر ئەوە یەکێکە لەو داخوازییانەو بەڕەئی من گەرەنتی ئەساسیش بۆ دووبارە نەبوونەوەی قەسابخانەی لەو جۆرە لەکوردستان ئەوەیە، ئێمە لە پەرلەمان بە قەرارێك تەحریمی کوشتنی خەڵك بکەین، تەحریمی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران بکەین، تەحریمی هەر جۆرە توندوتیژییەك بکەین چ لەلایەن خۆپیشاندەران، چ لەلایەن دەسەڵاتەوە بێت، لەدونیای ئێستادا مەحاڵە هیچ گەلێك لەڕێگای توندوتیژیی و تیرۆرەوە بەئەنجام بگەن، نە هیچ دەسەڵاتێکیش لەڕێی توندوتیژی و تیرۆرو تۆقاندنەوە دەتوانێ درێژە بەدەسەڵاتی خۆی بدات، هەموو ئەزموونی حوکمڕانی دونیا هیوادارم مەجالم بدەن ئەم قسەیەم تەواو بکەم، دوو نموونەی حوکمڕانی هەیە، یەکێکیان بە قوەت و شەق خۆی سەپاندووە، کە ئەوە هەرەس دێنێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دووەمیشیان ئەوەیە کە لەڕێگای قەناعەت هێنانی خەڵکەوە بەو دەسەڵاتە هاتووەتە سەر حوکم، ئێمە دەرفەتی ئەوەمان لەبەردەمدایە، کە قەناعەت بەخەڵکی خۆمان بکەین، کە بەڕاستی دەتوانین نوێنەرایەتیان بکەین، دەتوانین جێگای متمانەیان بین، لەڕاستیدا ئەوەی کە لەو کاتەدا ڕوویدا باری ئارامی و ئاسایشی کوردستان لەهەر وەزعێکی تر خراپترە، سووتاندنی کەناڵی نالیا بەو شێوەیە بەڕاستی بۆ خۆی تاوانێکە، تەحەدایەکی گەورەشە بۆ دەسەڵات من کە لەکوردستاندا دەژیم لە ژیانی خۆم ئارام نیم، ئەمە هاووڵاتیانی کوردستان بەڵێنتان پێ دەدەم، کە ئەمڕۆ لەکوردستان هەر کەسێك دەتوانێ ئەگەر بیەوێت هەر کەسێك تیرۆر بکات و لەکوردستانیش ون ببێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئارامی و ئاسایشی هەرێمەکە، بە ئارامی و ئاسایشی تاك تاکی وڵاتەکەو خەڵکەکەمانەوە بەندە، دەمەوێ کە ئەوەش بڵێم کە هەموو دەسەڵاتێکی گەندەڵ لەدونیادا دیکتاتۆریشە، ئەگەر نەبووبێتە دیکتاتۆر ئەوە بەقوەت چاوی بڕیوەتە ئەوەی کە ببێتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، من بەئیجازە وەرگرتن لە مارکس، کە پێش 150 ساڵ وتی تارمایی کۆمۆنیزم بە ئەوروپادا دەسوورێتەوە، من دەڵێم تارمایی دیکتاتۆری لە کوردستاندا دەسوورێتەوە، لەبەر ئەوە مەسئولیەتی هەموومانە پێش بەو تارماییە بگرین، ئەوەی کە هەڕەشە لە

چارەنووسی ئێستای کورد دەکات، یەکەمین شت گەندەڵییە، دووەمیش دیکتاتۆرییە، کە دوو ڕووی دراوێکن، دواجار من حەز دەکەم ئەوە بڵێم، من لەگەڵ ئەوەدام کە متمانە لەهەردوو وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگە بسەندرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەوان سەلماندیان کە ئەمنیەتی خۆیان و نوخبەی سیاسی وڵاتەکەیان بەلاوە گرنگە، نەك ئەمنیەتی خەڵك و هاووڵاتیان، ئەو بودجە زەبەلاحەی کە لەو دوو دەزگایەدا سەرف دەکرێت، لەسایەی دوو وەزیری بێ کەفائەتەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئارامی و ئاسایشی خەڵکی کوردستان بەو جۆرەی لێ بێت، دواقسەشم سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێرییە، ئەوەی کە چەند سەد ڕاپۆرتێکیان ماوە، کە کەیسی گەورەن و بەپێی ئاگاداری من پێویستە ڕەوانەی دەستەی داواکاری گشتی بکرێن، ئێمە یەك ساڵە لە پەرلەمان کەمن وەك سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەزاهە، داوامان کرد کە ئەو ڕاپۆرتانەمان بدەنێ و بەڵێنمان پێ بدەن، بەس لەبەر ئەوەی کە ئیرادەیەکی سیاسی نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، من ئەوە بەسەڕاحەت دەڵێم کە بەڵێنیان بە ئێمەدا ئەو دوو دیوانە یەك بگرنەوەو دەیخەنە بەردەستمان، بەس کە یەکیان گرتەوە، وتیان دەینێرینەوە بۆ دیوانی چاودێری دارایی خۆی، زۆر سەیرە، دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی بوو بەلقێك لەدیوانی چاودێری دارایی هەولێر، بەیەك تەلەفۆن، هەر 2500 ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی بەیەك ڕۆژ دەتواندرێ بگاتە هەولێر، ئەمە ڕووداوێکم بیر دەخاتەوە، عەلی ئاغای حەسەنی مەنگوڕ، سەرۆك عەشیرەتی مەنگوڕ و پیاوێکی زۆر قسە خۆش بوو، لەسەرەتای ڕاپەرینی ئەیلولدا، بڕیاردەدات کە هەستی کوردایەتی بەرز دەبێتەوە، ناوی گوندی ئاڵی ڕەشان بگۆڕێ بۆ کوردستان، بەڵێن دەدات کە هەرکەسێك وشەی ئاڵی ڕەشان بەکار بهێنێ لەجێگای کوردستان ئەوە سزا دەدرێت، دیارە سزاکە ئەوکاتە نیو دینار بووە، خەڵکێکی زۆر لەسەر ئەوە سزا دەدات، ڕۆژێك خۆی لەدیوەخانەکەی لەدەمی دەر دەچێت و ئەڵێت ئاڵی ڕەشان، ئەڵێن ئاغا ئەبێ سزا بدرێت، ئەڵێت چۆن من ئاغاتانم، سزای چی ئەڵێن ئەبێ هەر سزا بدرێیت، ئەویش ئەڵێت باشە نیو دینار لەو گیرفانەی دەر ئەکات ئەیخاتە گیرفانەکەی تری، جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری لەم ژوورەوە ناردۆتەوە ژوورەکەی تر، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کە دەڵێی دژی گەندەڵین، بەس شتێکی بێ یاسایی ئەتەوێ بەمنی بکەی، تا دوایش بڵێی بۆ بێ یاسایت کرد، ئێمە بەئەمانەتەوە تەسلیممان کردووە، وەصڵمان لێیان وەرگرتووەو لەبەردەستیاندایە، وازیشی لێ ناهێنین، ئێمە کۆپیمان لێیان هەیە، چاوەڕێ دەکەین بزانین چی لێدەکەن، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت بەرابیا سەرەخۆشی ل ماڵباتێ شەهیدێ ڕوودانێ ئەڤێ دیماهیێ بکەم و، تەمەنا شیفاییێش بۆ بریندارا بخوازم، دگەل پشتەڤانیا من بۆ ڕاگەیاندراوا فراکسیۆنی کوردستانی، کە ئەمڕۆ پێشکەشی کرد، وە دگەل پشتەڤانیا من بۆ ڕاپۆرتی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێ، کە ئەڤرۆکە لێرە ئاراستە کری، خۆنیشاندان مافەکێ دەستووریە، مافەکێ یاساییە، مافەکێ سروشتیە، وە باوەڕیامە ب ئەڤی

مافەی، خۆنیشاندانێت هێمنانەو ئاشتیانەو سەردەمیانە، ب تەوەفوعامن، هەمی داخوازی و مافێت خۆنیشاندەرا، ب ئسلوبەکێ سەردەمیانە دێنە جێبەجێ کرن، وە هەڤەکێ تەبیعیە کو ب ئسلوبەکێ سەردەمیانە جەماوەر داخوازێت خۆ پێشکەش بکات، بەڕێزان، ئەزمونا میللەتێ مە، کە ب خوینا هەزارەها شەهیداو ب خەباتا ئەڤی میللەتێ قەهرەمان هاتیە وجودێ، هێشتا هەرەشا مەترسی ل سەرە، چونکی ئەم ولاتەکێ خودان سیادە نین، هەتا ڤێ گاڤێ ئەم کیانەکێ موهەدەدین، وە پاراستنا ئەڤێ ئەزموونێ، ئەرکێ سەر ملێمە هەمیانە، کو مە ڤێ ئەزمونێ بپارێزین، چونکی ئەرکەکی نیشتیمانیەوە، ئەڤ ئەزموونە ب خوینا هەزارا شەهیدی هاتیە بەرهەم، ئەزیش دگەل رەئیا هەندەك برادەرا دام، کە زمانێ تەسحید ل ڕاگەهاندنێ بێتە هێور کردن، ببیتە زمانێ دایە لۆگێ و دانوستاندنێ، یا فەرا ل ڤێرێدا من دڤێت سوپاسیا مامۆستاییێت ئاینی و، ڕێکخراوێت کۆمەڵگەها مەدەنی و، کەسایەتی و هەمی ئەوان کەس و لایەنان بکەین، دەستێ هێورکرنێ هەبویە ل ئەوی بارودۆخێ، چونکە ب ڕاستی هەروەکو من گۆتی ئەڤێ ئەزمونێ هێشتا مەترسی و هەرەشەکا مەزن ل سەرە، من نەڤێت ب هەڤیقەت گەلەك درێژ بکەم، چونکو برادەرا گەلەك ئاخافتن کر، گەلەك خالێ کو من دڤێت بەحس بکەم، هاتنە بەحس کرن، بەس ئەز گەل ئاخافتنەکا برای بەڕێز کاك خورشیدی دامە، کە دبێژیت ئەڤ سەروبەرێ کە ڤێ گاڤی هەی، ژ بلی هەندێ کە ناڤ بانگێ ئەزمونا مە ب هەڤیقەت دێ تەئسیری لێ دکەتن، تەئسیرەکا گەلەك مەزن ل سەر ژیانا هاولاتیا هاتیە کرن، سەر خەڵکەکێ کاسب کار، خەڵکەکێ دوکاندار، خەڵکەکێ پالا، خەڵکەکێ یێ کو سندوقا خەلگریتن سپێدێ دچیتن، کوخاترا هەندێ یێ تشتەکی خرکەتن بۆ ئێڤارێ ژیانەکا پەیدا بکەتن، ب ڕاستی هەڕەشا ل سەر ژیانا خەڵکەکێ هەژارو بەلەنگاز، ل بەر هندێ ئەم دگەل ئەوە داین، داخوازی ل هەموو لایەنەکی دکەین، بۆ هێورکردنەوەی ئەڤی بارودۆخەی، چونکی ب ڕاستی ئەزموونامە، ڤێ گاڤێ پێویستی ب هندێیە ڤێ بارودۆخە بێتە هێورکرن، ئەگەر ئەڤ ئەزموونە بێتە هێورکردن، قازانجا هەمیا دایەو، ئەگەرنا کەس ل ئەڤی بارێ گرژ تێدا سود مەند نینەو، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نەسرین خان، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ڕیزەکانی دواوە هەمیشە حەقیان دەخورێت، شتەکان زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، ئەم مەسەلەیە ئەوە هەڵدەگرێت و زۆریش قسەمان لەسەر کرد بەڕاستی، بەڵام پێویستی بەزیاتریش هەیە، دیارە من لە خاڵێکەوە دەست پێدەکەم ئەویش ئەو پرۆژە یاسایانەیە کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت، بەداخەوە ئەو پرۆژە یاسایانەی کە بەزۆرینەی دەنگ لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت، بەدواداچوونی بۆ ناکرێت و هەر حکومەت خۆشی پێشێلی پرۆژە یاساکان دەکات و جێبەجێی ناکات، بەداخەوە پەرلەمانی کوردستانیش بەدواداچوونی بۆ ناکات، دوو پرۆژە یاسای گرنگ یەکێکیان پرۆژە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 2005 بەزۆرینەی دەنگ لەم پەرلەمانەوە دەرچووە، کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە، دووەم یاسا، پرۆژە یاسای خۆپیشاندانە کە زۆر باسی لێوەکرا، ئەم دوو پرۆژە یاسایە لە ڕۆژی

17ی شوباتدا، ئەمە حکومەت خۆی پێشێلی کردووە، دەزگا حزبی و حکومیەکان خۆیان پێشێلیان کردووە، نەك هاوولاتیان بەڕاستی یاسای خۆپیشاندان نالێت پۆلیس و ئاسایش و هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانی بەرەوڕووی خۆپیشاندەران ببنەوە، ئەلێت پۆلیس؟، بەلام بەداخەوە حکومەتی ئێمە بۆ گیانی هاوولاتی، بۆ گیانی گەنجەکانی شاری سلێمانی، هەمووی لە دژە تیرۆرەوە بەکاری هێنا تاکو پۆلیسێکی ئاسایی، پرۆژەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە ئەمە تێیدا دەستنیشان کراوە، چۆن ئەو هێزانە دەجوولێندرێن، جوولاندنی ئەو هێزانە لەئەستۆی کێدایە، بەداخەوە، بەبێ ئەوەی پرس بە پەرلەمان بکرێت، بێ ئەوەی پرس بەهیچ کەسێك بکرێت، فەورەن قواتێکی گەورە، لەهەولێرەوە برا بۆ سنووری سلێمانی، وەك كاك پێشەوا ئاماژەی پێدا 165 هەزار زیاتر ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگە، ئەمە جگە لە دژە تیرۆرو دەزگای زانیاری هەیە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، ئەگەر بەم هەموو قواتە، ئەمنیەتی شاری سلێمانی نەپارێزێ، ئایا بەدەزگای دژە تیرۆر چۆن ئەپارێزرێت؟، ئەمە کەواتە بێ سیقەیی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە هێزەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، هێنانی ئەو هێزانەی زێرەڤانی بۆ سنووری سلێمانی بەڕاستی ئەوە زیاتر کێشەکانی قولتر کردەوە، ئەبوایە ئەوە بەهیچ جۆرێك نەکرایە، خۆ ئەمە بە پێش وەخت بۆ هێنانی دەبابەکان بۆ ناو شاری سلێمانی ئەوەندەی تر ئەو ڕقەیان لە دلدا بوو بەڕاستی، کاریگەری خۆی هەبوو، سەرەڕای ئەوە بەرپەرچ دانەوەی خۆپیشاندەران و بەرپەرچ دانەوەی گەنجەکانی شاری سلێمانی بە بیکەیسی و دەمانجەو کلاشنکۆف و دواکەوتنیان بەڕاستی ئەوەی بووە لە سلێمانیدا شتی وا کەم هەبووە، هەر نەبووە، لەجیاتی بەردێك ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان پاساو بۆ ئەوە ئەهێنێتەوە، کە شوشەکانی لقی چواری شکاوە، بەلام خۆ برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بیکەیسی وەلامی گەنجەکانی شاری سلێمانیان دایەوە، خوێنەکەیان ڕشت لەسەر جادەکە، بەڕاستی ئەمە حەقە پەرلەمانی کوردستان لێی بێدەنگ نەبێت، حەقە پەرلەمانی کوردستان هەلوێستی هەبێت و چیتر بەسە ئەو خوێن ڕشتن و تاوانانەی کە دەکرێت؟، خالێکی تر باسی سوێندخواردن دەکرێت، سەرۆکی هەرێم سوێندی خواردووە لەبەردەم گەلداو سەرۆکی حکومەت سوێندنی خواردوە، سەرۆکی پەرلەمان و دوای ئەویش ئەندام پەرلەمانیش هەر سوێندی خواردووە، کە هەموومان پشت و پەنای میللەتەکەمان بین و خیانەتیان لێنەکەین، بەلام بەداخەوە، هەر سێ سەرۆکایەتیەکە، سەرۆکایەتی هەرێم بەیاننامەکەی سەرۆکی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان خەلك وایزانی کە داوای لێبوردن لەخەلکی سلێمانی دەکەن، کە کارەساتێکیان بەسەرهاتووەو خوێن ڕژاوە، بەلام بەداخەوە، ئەو بەیاننامانە ئەوەندەی تر باری شانی خەلکی سلێمانی قورس کرد، وەخەلکی گەنج و ئەو گەنجانەی کە پێویستیان بەخۆش گوزەرانی هەیە، ئەو گەنجانەی کە پێویستیان بەوە هەیە ئاوڕیان لێبدرێتەوە، بەگێرە شێوێن باسیان کرد، کە ئەمەش قەت قابیلی قبول نیە، من بم لەباتی گەنج کە بەو بوترێت یان بەهەر کەسێکی تر، لەخەلکی شارێکی تر وا بوترێت قبول ناکرێت، من پرسیارێك دەکەم، ئایا سەرۆکی هەرێم، ئایا سەرۆکی حکومەت، ئایا سەرۆکی پەرلەمان، بۆ نوێنەری خۆیان نەنارد کە گوێ لەو هاوولاتیانەو ئەو گەنجانە بگرن کە لەسەر ئەو جادانە خۆپیشاندان دەکەن؟، ئەگەر ئێوەی دەسەلاتدارو بەرپرسی ئەم ولاتە، ئامادە نەبن گوێ لەگەنج بگرن و گوێ لە هاوولاتی بگرن، ئەی ئایا ئەو گەنجانە چۆن متمانە بە ئێمە بکەن؟، چۆن گوێ لەئێمە بگرن تا هێوریان

بکەینەوە؟، بۆیە پێویست بەوە دەکات، پەرلەمانی کوردستان بەجۆرێك بڕیار بدات کە لێرە چووینە دەرەوە، بەڕاستی خاوەنی بڕیار بین، وە هەرشتێك کە نەمانەوێ بکرێت ئەخرێتە لیژنەوە، بەڕاستی ئەبێ لێرە هەڵوێستمان هەبێت و نالێم بێ هەڵوێستین و هەڵوێستی خۆمان هەبووە، بەڵام ئەبێ بە بڕیارەوە بچینە دەرەوە، من دیارە پێشنیاری برادەرەکانی تر کە کردوویانە ئەو پێشنیارانە دووبارە ناکەمەوە، بەڵام کۆمەڵێك شت هەیە، پێویستە لێرەوە بە بڕیارەوە بچینە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە چاوەڕوانی پەرلەمان دەکات، چیتر ئەو کارەساتانەی کە ڕوویانداوە دووبارە نەبێتەوە، بەداخەوە ئێمە ئەڵێین مێژوو، ئێمە دەمانەوێت شتە جوانەکانی مێژوو دووبارە ببێتەوە، بەڵام نامانەوێت شتە ناشرینەکان و کارەساتەکان دووبارە ببێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ هەتاوەکو هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و هەتا هێزی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە، ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی پارتەکاندا بن ئەوە زۆرکات مێژوو دووبارە دەبێتەوە، لە کوشتن و بڕین و لە سووتاندنی بارەگاکان، لەبەر ئەوە تکایە با چیتر، وەڵامی بەرد بە ئاو بدرێتەوە، وەڵامی بەرد بە بەرد بدرێتەوە، نەك بە بیکەیسی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بۆ ئاگاداریتان و مەعلوماتی جەنابت، سەرۆکی پەرلەمان، پێویست ناکات نوێنەر بنێریت، چونکە هەموو پەرلەمانتارێك نوێنەری میللەتەو ئەرکی خۆی واجبێتی کە پێی هەستێ بەرامبەر بەهەموو ڕووداوەکان، هەروەها لیژنەکانی پەرلەمانیش لەهەموو بوارەکاندا، سەرۆکی حکومەتیش لەوێ بوو، کە ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەپێی یاسا و تەقسیمی دەسەڵاتەکان کار دەکەین، بەڵام ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە لە سلێمانی بوون، من ئاگام لێبوو کە چوونە ناو خەڵکەکە، هەندێك لە ئێوە چوون و گەشە خان چوو، کاك سالار محمود چوو، من خۆم بینیم و بەتەلەفۆنیش قسەم لەگەڵکردن، پێویست ناکات کەسەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتەکەی بەپێی یاسا دیاری کراوە، کەچی دەکات، بەڵام ئێوەن کە ئەندامی پەرلەمانن و لەناو ئەم هۆڵە لەناو لیژنەکان، ئێوە بڕیار دەدەن، نەك سەرۆك یان جێگرەکەی یان سکرتێرەکەی، هەر حەز دەکەم ئەو بەڕێزەشی کە باش نەیخوێندەوە بە دەسەڵاتەکاندا بچێتەوە، بزانێ ئیشی سولبی کاری پەرلەمان، لەناو لیژنەکاندا دەبێ، ئەبێ ئەوان کاری خۆیان بکەن، کەسیش ڕێگا لەکەسی تر ناگرێت و نەیگرتووە، دڵیشمان لەگەڵ هەمووتانەو هەمووشتان نوێنەری خەڵکی کوردستانن، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من حەز دەکەم لێرەوە دەست پێبکەم، هۆکاری دروست بوونی ئەو قەیرانە، گەلێك زۆرن ئەگەر باسیان لێوە بکەین، بەڵام من دێمەوە سەر هەندێ هۆکار کە پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێم لێی بەرپرسن، یەکێك لەو هۆکارانەی کە بەڕاستی لەم پەرلەمانە، کە بێلایەنی خۆی لەدەستداوە، ئەوەیە کە ڕێگری و دەست بەستنی هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی هەیە بۆ بەدواداچوونی هەموو پرسە گرنگەکانی گەندەڵی، ئەوەش هۆکارێك بووە کە هاووڵاتیان لە شەقام تووڕە بکات، نادادپەروەری درێژە پێبدات، هەروەها نەبوونی بەدائیل و نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەو پرسە،

لەم پەرلەمانە نزیکەی بۆ دوو ساڵ دەچێت، هەستمان بەبوونی نەکرد، ئەوە یەکێکیان، دووەمیان: ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ ئەگەر برادەران شایەتیم بۆ بدەن، زیاتر لە 156 کۆبوونەوەمان کردووە، هەر 156 کۆبوونەوەکە، کۆمەڵێك پرسی گەندەڵی و ناعەدالەتی و دەستتێوەردانی حزبی و هەروەها فەرق و جیاوازی و سزای سیاسی و کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوەی زۆر کە ئەو پرسیار و ڕاپۆرتانەمان ئاراستەی بەڕێزت کردووە، جارێکیان حەز دەکەم ئەوە بڵێم تا ئەم کاتە وەڵامتان نەداوینەتەوە، هەندێکیان پاش شەش مانگ وەڵامتان داوینەتەوە کە کێشەکە تەواو بووە، بۆیە بەشێك لەو ئیجرائاتانەی کە لەلایەن بەڕێزتانەوە دەرهەقت بە ئەدائی ئەو پەرلەمانتارانە دەکرێت، ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی جەنابتاندایە، هیوادارم لەمەودوا ئەو ئەدائە بەشێوازێکی تر بگۆڕدرێت، بەشێکی تر لە بیلایەنی ئەو سەرۆکایەتیەی پەرلەمان، من وای دەبینم کە هەردوو کتان لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دێنەوە، ڕەنگدانەوەی قەرارات و بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی و ئیتیفاقی ئیستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بەڕەنگێکی تر پەخشت دەکەنەوە لەناو ئەم پەرلەمانە، بۆیە پەرلەمانەکە هەرچی هەوڵدەدات، ناتوانێ لە بەحزبی بوونی خۆی بچێتە دەرەوە، لەپەرلەماندا حزبایەتی دەکرێت کە شتێکی قەدەغەیە، لەناو ئەم پەرلەمانەدا دیاردەی وا هەیە، کەمن وەکو ئەندام پەرلەمانیك هەست بە ئیهانە دەکەم، لەدەرگای دەرەوە تا دێمە ژوورەوە، دەیان جاریش بە بەڕێزتم ڕاگەیاندووە، بەوانەی کە شمولیان بکات ڕامگەیاندووە وتوومە ئەوە ئیهانەیە بۆ ئێمە، فەرق و جیاوازییەك هەیە لەوەی کە ڕێز لەهەندێ پەرلەمانتار دەگیرێت و لەهەندێکی تر ناگیرێت، ڕێگا بەهەندێك دەدرێت بەهەندێکی تر نادرێت، پەرلەمانتار لەم پەرلەمانە تەفتیش دەکرێت، ئەوە کارەساتێکی زۆر گەورەیە، من نازانم ئەوە لەکوێوە ئەو دەسەڵاتەو ئەو سەڵاحیاتە دراوەتە ئەو کەسە کەوا بکات، ئێمە پەرلەمانتارین لەهەموو دونیادا حەسانەی هەیە، لێرە تەفتیش بکرێت؟، لەلایەنێکی تر لەدەستدانی ئەو بێ متمانەییەی یان لەدەستدانی ئەو بێ لایەنیە، من شتێك بە بەڵگە باس دەکەم، برادەران حەز دەکەم کەس دڵگران نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ هەمووومان زیاتر لە ڕۆژانی پێشوو بە سەراحەت تر قسەمان کرد، لەم پەرلەمانە، لەلایەن ئەو جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، ئەو کاك ئەرسەلانە بەڕێزە، 10-12 ڕۆژ پێش ئێستا، پەیامی هێرش کردن و سەرپانکردنەوەی سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان بە دوو هەڤاڵی ناو ئەم فراکسیۆنەی ئێمەی ڕاگەیاندبوو، ئەوە خۆی لەخۆیدا، چوونە ناو کارێکی وا لەلایەن شەرعیەتێکی پەرلەمانی بەتایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بێ لایەنی خۆی لەدەست دەدات لێرەدا، دەکەوێتە ژێر پرسیاری زۆرەوە، حەز دەکەم قسەکەم تەواو بکەم، ئەگەر ڕووخسەت هەبێت، من زۆر بەڕاشکاوی ئەوە دەڵێم، جەنابت لەدوێنێ و پێرێ وە لەچەندین کۆبوونەوەی چڕو پڕدا لەگەڵ ئێمەدا بووی کە لیژنەکەمان بەدواداچوونی جدی بکات، ئێمەش بۆ ئەو پرسە چەندین ڕاپۆرت و چەندین پێشنیار و چەندین ڕێگای باشمان پیشانی ئەو بەڕێزانەدا، هەموومان پێکەوە ئەمڕۆ ئیشارەت بۆ ئەو حەوت ئەندام پەرلەمانەی کە کاك نەریمان باسی کرد، کە توانای ئەوەمان نەبوو، چەکدارێك بێڕێزی بەرامبەر پەرلەمان وحکومەت بکات، بڵێت من حکومەت ناناسم، پەرلەمان ناناسم، دەنگم داوە پێتان بەس ئیتر بە شەرعیتان نازانم، هەروەها هەزارەها سوکایەتی بەو ئەندام پەرلەمانانە بکات، کە هاتینەوە لای جەنابت و پێمان ڕاگەیاندی، جەنابیشت خۆشبەختانە تەلەفۆنت بۆ جیهاتی ئەمنی کرد،

له حاڵەتێکی وادا، تاوانباران و تۆمەتباران، هەروەها ئەوانەی کە ئیهانەی ئەو پەرلەمانتارانەیان کرد، دەرباز ببن، ئایا بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟، حاڵەتێکی تر کە من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم، برادەران قسە زۆرە بیکەم لەسەر پەرلەمانە بەڕێزەکەمان، بەڵام من هیوا دەخوازم سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو ئەدائەی لە ڕابردوو هەیبوو، بەخۆدا چوونەوەی تێدا بکات، ئەگەر مەبەستیەتی شەرعیەت و هەیبەت بۆ ئەم پەرلەمانە بگەڕێنێتەوە، ئەگەر مەبەستێتی قەرار و قسەی هەبێت و وەڵامی هەبێت بۆ داخوازییەکانی شەقامی برینداری کوردی، من بەش بەحاڵی خۆم لێتان ناشارمەوە، لەگەڵ هاواری شەقامم دژی گەندەڵی، جا گەندەڵیەکە لەناو پەرلەمانی کوردستان بێت، لەناو حکومەت بێت، لەلای هەر بەرپرسێك بێت، وە من تەسەور دەکەم زۆرینەشمان قبوڵی ئەوە ناکەین، کە باجی گەندەڵی چەند هاوڕێ و بەرپرسێکی خۆمان بدەین، کیفایەتە، بەسە؟، هەموو خەڵك لە گەندەڵیەکانی ئێمە تێگەیشتن، هەموو خەڵك دەزانێ ئێستا برینەکان لەکوێن، با بێمە سەر گەندەڵیەکانی حکومەت بۆ نموونە کە هۆکاری سەرەکین لە دروست بوونی ئەو قەیرانەو لەگەشەکردنی ئەو قەیرانەی کە ئێستا لەم هەرێمەدا هەیە، ئێمە بەڕێزان بەدواداچوونمان بۆ چەندین پرس کرد کەباسمان کرد، من پرسیارێکم لەسەر دزینێك، کردەوەیەکی دیار، نەمانی بڕە پارەیەك لە بانکێکی فیدڕاڵ، پرسیارێکم لەڕێگای سەرۆکایەتی بەڕێزەوە ئاراستەی وەزیری دارایی کرد، پاش ئەوەی کە بەدواداچوونم بۆ کرد، هێشتا پرسیارەکەشم بەو شێوازەیەو پیشانی کاك فرسەتم دا، هەروەها لیژنەی یاسایش، بەڕێزان کاك شێروان و کاك عەونی و دکتۆرە ڕۆژان، هەروەها لە شەرعیەتی پرسیارەکەشم پرسی، پرسیارەکەم ئەوەیە، دەڵێم ئەگەر ئەو قەزێیە، ئەو ڕووداوە ڕاستە، ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، دوای دوو مانگ و 28 ڕۆژ، لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، تەبعەن 3 ڕۆژ دوای لێدوانەکەی من بمبورن ئەوەم لەبیرچوو پێتان بڵێم، دوای ئەو 3 ڕۆژە وەزیری دارایی خەبەرەکەی منی پشت ڕاست کردەوە، هەروەها لە ئیعلام ڕایگەیاند، وتی کاکە ئەوە لەژێر لێکۆڵینەوەدان و گیراون، دواتر لەسەرەداوەکانی تر ئاگادارتان دەکەینەوە، پاش 2 مانگ و 28 ڕۆژ، کە هەردوو بەڵگەم لەبەردەستە، سەرۆکی پەرلەمان نووسراوێکی بۆمن ناردووە، دەڵێت بەڵگەکانم بۆ بنێرە، بەڵگەی بۆچیە؟، کەتۆ ئیعترافات هەیەو مدیری بانك گیراوەو گروپێك گیراوە، وەزیری دارایی ئیعتراف پێدەکات، بچینە سەر هەندێ شتی تر، من نامەوێت زۆر لە بابەتەکە لابدەم، یەکێ لە پرسە هەرەگرنگەکان ئەوە 4 ڕۆژە شاری هەولێر ئەو قسەی من بە بەڵگەوە وەری بگرن، کەوتۆتە بەر گەورەترین و دڕندانە ترین شاڵاوی تەهدید، کۆڕو کۆبوونەوەی حزبی، مدیری حزبی، مامۆستاکان و کارمەندەکانی خۆی کۆدەکاتەوە، دەڵێ ئەوەی خۆپیشاندان بکات چاوی دەردەهێنم، قوتابیانی حزبی قوتابیان و خوێندکارانی بێلایەن و لایەنەکانی تر ئاگادار دەکەنەوە دەڵێن دەتانکوژین ئەوەی بچێتە خۆپیشاندان، لەحاڵەتێکدا خۆپیشاندان بەیاسا ڕێکخراوە لەلایەن بەڕێزتانەوە، کە بۆ هیچ کەسێك نیە بەپێی ئەو یاسایە، بەپێی ماددەی 6 کە دەڵێت نە کەس ئیجبار بکرێت، نەکەس بچێتە ناو خۆپیشاندان بەزۆری، وە نەکەسێکیش ئیجبار بکرێت کە نەچێتە ناو خۆپیشاندان بەزۆری، ئەم یاسایە لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە دەرچووە لەلایەن بەڕێزتانەوە، من حەز دەکەم باسی کۆمەڵێ شتی تر بکەم، بەڵام قسەکانی من زۆر کران، یەك شت تەئکید دەکەمەوە، من شایەتحاڵم لەوەی کە بارەگاکانی ئێمە 2 سەعات پێش سووتانی ڕادیۆی گۆڕان و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی

گۆڕان له هەولێر وە هەروەها بە بارەگای سەرەکیشەوە، بارەگاکانی تریشمان تەسلیمی وەزارەتـی نـاوخۆ کـراوەو شـاهید هەیـەو تەسـجیل هەیـە، دیکۆمێنـت هەیـە، هـەمووشمان بەرپرسـی نوقسـانیەکانی کـە دەیکەن، پاش دوو سەعات لە ژێر بەرپرسیارێتی پۆلیس و ئاسایش هێزێك بێت بارەگاکەت بسووتێنی، ڕادیۆیەکـەت بسـووتێنیٚ، تەلەفزیۆنەکـەت بسـووتێنیٚ، کـە بارەگـای لایـەنێکی مۆڵـەت پێـدراوە لـەم پەرلەمانە لەو یاسایەی کە ئەم پەرلەمانە دەریکردووە، مۆڵەتی پێداوە، لەحاڵەتێکدا کێ وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە، کـەمن لەجـەنابی وەزیـری نـاوخۆ دەپرسـم، باشـە دەزگاکـانی ئاسـایش و پـۆلیس نەیانزانی ئەوانە کێن، دەڵێت نەخێر؟، بۆ نەتگرتوون دەڵێ نازانین کێن؟، باشە دەکرێ تـۆ تـەبریر بـۆ هەندێ شت بهێنیتەوە کە ناکرێ، باشە بۆ دەست پێناکرێت، لەوانە بگەڕێ کە نازانی کێن، بەس ئێستا ئـەمڕۆ ئەوانـەی کـە کـەناڵی نالیایـان سـووتان، ئاشـکرایە و دەزانـن کـێن، بـۆ نـەتانگرتن؟، ئەوانـەی بارەگاکانی گۆڕانیان سووتاند ئاشکران کێن، ئەوانەی کەپێشێلکاری یاساییان کـردووە هێزێکـی حکومی بەفـەرمانی حزبـی دەجووڵێنـدرێت، بـۆ لایـەکی تـر باشـە، ئەگـەر دەچـێت بـۆ ئـەوەی خۆپیشـاندان بەربەستێکی بۆ دروست بکات، لە یاساکە ئاو هەیـە بـۆ بـەکارهێنان، وەسائیلی تـر هەیـە، کـە هـەمووی مۆدێرن و مەدەنین، کە تـۆ دەتـوانی لەگـەڵ خۆپیشـاندەران ڕەفتـار بکـەیت، دوێشـکەی چـوار لوولـە بـۆ دەبەیت، ڕاجیمە بۆ دەبەی، من حەز دەکەم ئەوە بە جەنابتان بڵێم، ئەگەر نیـەت و ئـیرادەی چاکسازی لەم پەرلەمانەوە دەست پێدەکەن، ئیحتیمالـە بتـوانین بەشـێك لـە پرۆسـەکەو لـە ئەزموونەکـە ئینقـاز بکەین، ئەگەر ئـەو نیەتـەش لەلایـەن حکومەتـەوە نیـە، کـە ئـەوە مـن پـێم وایـە، ئـەو حکومەتـە هـیچ ئەهلیـەتێکی نـەماوە، بـەدوو هۆکـار، هۆکارێکیـان لەهـەر وڵاتێکـی دونیـا، ئـەو هـەموو گەندەڵیـە، کـە سەرۆکی حکومەت خۆی ئیعتراف دەکات، وە هەموو سەرۆکایەتیەکانی ئەم هەرێمە ئیعترافی پـێ دەکـەن، دانی پێدا دەنێن، نا دادپەروەرییەکە، دەستتێوەردانی حزبییەکـە، مـن بـەخۆم فـۆڕمی بـەحزبی بـوونم داوەتـە وەزیـری نـاوخۆ، بـەپێی یاسـای ئـەحزاب، کـاری حزبـی هەرکەسـێ لـەناو هـەر لایـەنێکی ئـەمنی ناوخۆ، پۆلیس، پێشمەرگە بیکات، دەبـێ ئـەو لایەنـە بدرێتـە دادگـا، فـۆڕمم پێـداوە ژمـارەی تەلـەفۆنی لەسەرە، ناوی کادیرەکەی لەسەرە، لیژنەی ناوچەی ناوخۆ هەیە، دیارە چ جیهەتێك پێی داوە، هـەروەها پێمان ڕاگەیاندووە وەزارەتی پێشمەرگە، لەگەرمیان و لە سلێمانی، ئابوونەی ئیجباری بەبێ ئەوەی ئـەو پێشمەرگەیە ئیرادەی هەبێت، ئابوونەی لێوەردەگیرێت، کەواتە ئێمە چیمان کـرد کـە خـەڵکێك ئـیرادەی نیە ئەو تەنزیمە بێـت، یـان ئـەمڕۆ لەگەڵتـە سـبەینێ واز دەهێنێـت، یـان ڕەنگـە خـەڵکێك دوێنـێ هـیچ نـەبووە ئـەمڕۆ دێـت، لەگـەڵ تـۆ دەکـەوێت، یـەعنی بـۆ بـێین حزبایـەتی کـردن، بـۆ بـێین ئـەو هێـزە چەکدارانەی کە ئێمە هەمانە و شانازییان پێوە دەکەین، ئەزموونەکەمان خستۆتە دەستیان کـە خۆمـان و سەروسامانی هاووڵاتیان و هەموو لایەکمان بپارێزن، باشە ئەو هێزەی کە دەچێت تەقـە دەکـات، ئـەی لەسـەر ئـەرك و واجبـاتی ئـەو حکومەتـە بەرپرسـیارێتی نیـە کـە بـەپێی یاسـای خۆپیشـاندان دەبـێ خۆپیشاندەرانیش بپارێزرێت؟، ئەی بۆ بارەگای لقی چوار حکومـەت ناپیارێزێـت؟، بـۆ حەرەسـی لقـی چوار تەقە لەهاووڵاتیان بکات؟، بۆ لێرە حکومـەت خـۆی بارەگاکـانی بزووتنـەوەی گـۆڕان لـە هـەولێر و دهـۆك و شـەقڵاوەو سـۆران و بنەسـلاوە، تەسـلیمی لایـەنی ئـەمنی کـردووە؟ بـۆ حکومـەت نایـەت بیپارێزێت؟، ئەو حکومەتە دەست لەکار بکێشێتەوە باشترە نییـە؟، بـا پـێ لەسـەر برینـەکان دابنـێین و

هــهمووومان ئــیعتراف بهڕاســتیهكان بكــهین، مــن لهلایــهن ســهرۆكی پهرلــهمان و جێگــری ســهرۆكی پهرلهمانــهوه، ئــهو نموونانــهی كــه هێنامــهوه، جێگــای ئــهوه نیــه كهلــهم پهرلهمانــهوه ئێمــه بهخۆداچوونهوهی بۆ بكهین و ههڵوهستهیهك بكهین، جێگای ئهوه نیه كه جارێكی تر به نهفهسێكی تر، به ئهدائێكی تر ئهو شێوازه ڕهفتارهی كه جهنابتان لهگهڵ ئێمهتان دهكرد، ساڵێك و حهوت مانگه كۆتایی پێهات، ڕاتانگرتین و نهتانهێشت بهدواداچوون بكهین، 115 پرسیار كراوه، 60 پرسیار وهڵام دراوهتهوه، جهنابتان بۆ وهزیرێكتان بانگی ئهم پهرلهمانه نهكرد؟، بۆ متمانهتان له مهسئولێك نهسهندهوه؟، بۆ ئێستا متمانه لهو كهسانه ناسهننهوه كهوڵات بهرهو ههڵدێری ههزار بهههزار دهبهن؟، بۆیه من زۆر سوپاستان دهكهم.

**بهڕێز سهرۆكی پهرلهمان:**

یهكهم شت سهرۆكی پهرلهمان متمانه ناكێشێتهوه، پهرلهمان دهیكێشێتهوه، گوێ لهبرای خۆت بگره، فهرموو جهنابت دابنیشه، ئهگهر شتێك بهفهرمی بێته پێش پهرلهمان و داوا بكات، ئهیخهینه بهردهستی پهرلهمانتاران لێرهدا، ئهوه یهكهم شت: دووهم: بهنیسبهت ئهوهی پارهكه كه باست كرد، ئهو پارهی كه لهو بانكه تهزویر كرابوو، یهكهم مهصدهری ئهو پارهیه من بووم، ئهوه لیژنهی نهزاهه بهڕهسمی بهنووسراو من تهحویلی ئهوانم كرد، بۆ ئاگاداریتان، ئێستا ئهگهر جهنابت لهپێش ئیعلام محاوهله دهكهی كه ئێمه كهمتهرخهم بكهی، ئهوه شتێكی تره، بهنیسبهت جیاوازی ئێمه فهرق و جیاوازیمان لهنێوان هیچ فراكسیۆنێك نهكردووه، ئهوه ئیتیهامهو قبوڵیش ناكرێت، كه ههروا بهبهلاش بڕوات، چونكه ئێمه ئهم ههموو خوشك وبرایانه بهیهك چاو سهیریان دهكهین، لهههر فراكسیۆنێك بێت، ئهو ئازادییهشی كه لێره دهیبینی لهلیژنهكان دهیبینی لای ئێمه وهكو یهك وایه، بهنیسبهت ئهوهی كه باسی دهكهی كه بۆ نهگیرا، من داوام له ئێوهی بهڕێزه، ئێوه پهرلهمانتارن، ئهبێ لهههمووكهس زیاتر یاسا بزانن، بۆچی نه چوویت شكات بكهیت له دادگا؟، بۆچی نهچوویته شوینێكی فهرمی و رهسمی ناو ئهم ههرێمه، بهڕێگهیهكی یاسایی داوای لهسهر قهید بكهی، بهو دیكۆمێنتهی كه ههته، تاكو بهدواداچوونی بۆ بكهن، جهنابت هاتیته لای من 3 دهقه پێش ئهوهی دانیشتن دهست پێبكات، من ههر ئهوهندهم پێ دهكرێت كه تهلهفۆن بكهم، تهلهفۆنیشم كرد لهپێش چاوی جهنابت و كاك نهریمان و لیژنهی ناوخۆ، وهزیری ناوخۆ لهناو دانیشتن بوو، نهمانتوانی لهگهڵی قسه بكهین، لهگهڵ جێگری وهزیر قسهمان كرد، وهعدیشی پێداین كه ئێستا ههڵدهسێت و دهچێته ئهوێ، بهڵام دیاره جهنابت هیچ كهناڵێكی ڕهسمی حكومیت پێ ئاگادار نهكردۆتهوه، دێته لای من منیش مهركهز نیم، برای من جارێكی تر ئهگهر شتی وا بوو، ئێوه هاوكاری خهڵك بن، ڕێگای نیشان بدهن، ڕێگای یاسایی پیشان بدهن، شكاتی خۆتان تۆمار بكهن، مانای ئهوه نیه، خۆ سهرۆكایهتی پهرلهمان مهركهزی شورته نیه، نه حاكمه؟، شتێكیش لهسهر ههر شتێك لێره دهربكهوێت، ئێمه بهڕاپۆرتیش بینێرین و بچێته دادگا، حاكم ئهتوانێ ڕهفز یان قبوڵی بكات، چونكه ئهو دهسهڵاتێكی سهربهخۆی یهكلاكهرهوهیهو ئهو بڕیار دهدات، شتێكی تر، ئێمه لهسهرۆكایهتی پهرلهمان ئهو شتانهی كه به ئهمانهتهوه دێته لامان به ئهمانهتیشهوه مهعامهلهی لهگهڵ دهكرێت، دهسهڵات سهندنهوهش له وهزیر، ئهویش دهبێت بهڕێگایهكی یاسای بێته لامان و ئێمهش بۆ ئهو مهبهسته بانگی بكهینه ناو

پەرلەمان، ئەویش سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەی لێ ناسەنێتەوە، لێرە ئەخرێتە موناقەشەو ئەویش دیفاع لەخۆی دەکات، دوایی دەخرێتە دەنگدانەوەو زۆرینەو کەمینە بڕیاری لێ دەدات، کاک ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەماوەی ئەو دوو مانگەی ڕابردوو، یەکجار کاک کاردۆم بینیوە، بەیانیەکیان جارێکیشیان بە تەلەفۆن، لەگەڵ کاک عەدنان قسەمان کردووە، پێش سەفەریش کاک عەدنان سەرێکی لێداوم، من هەمیشە باسم لەوە کردووە کە ئێمە ئەبێت لەڕێگای دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکەین، ئەوە هەردووکیان خۆیان لێرە دانیشتوون، دووەمینیان من گۆشەیەکم هەیە لە جەریدە هەفتەی دووجار دەینووسم، لەوێ بەڕاشکاوانە ڕەئیەکانی خۆم دەنووسم، من لەهیچ کەسێکیش شەرم ناکەم، من ئێستا ئەمرۆ ئاخر مەقالەم نووسیوە، دەڵێم ماڵی هەمووان ژێر گومەزەی پەرلەمانە، من قەناعەتم بەوە هەیە، هەمووشتان من دەناسن، کابرایەك بووم کە پێشمەرگە بووم، زیندانی بووم، لەهیچ کەسێکیش نەترساوم، لەهیچ کەسێکیش ناترسم، ئیحترامم هەیە بۆ هەر هەمووتان، بەڵام تۆمەت دروست کردن کارێکی ناعەدالەتە بەتایبەتی لەژێر قوبەی پەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عەدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی دەست بکەم بە قسەکانم، پێم خۆشە پێشنیارێك بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بکەم، گۆڕەپانێك هەیە بەناوی قەزافیەوە، کە ئێستا دیارە چ کارێکی دڕندانە دەرحەق بە میللەتەکەی دەکات، ناوی ئەو گۆڕەپانە بگۆڕین، بۆ گۆڕەپانی شەهید ڕێژوان، لەقەزافیەوە کە دڕندەیەکی ئەم سەردەمەیە، بیگۆڕین بۆ مێرد منداڵێکی گوناهی بێتاوان، کە بەناحەق خوێنی ڕژێندرا، من قسەکانم زۆر کورت دەکەمەوە، زۆر موختەسەری ئەکەم، بۆ هەندێ لایەن کە پێم وایە گرنگە قسەی لەسەر بکەین، ئەمڕۆ ئێمە زۆر قسەمان کرد وە پێشنیاری فراکسیۆنی گۆڕان و فراکسیۆنەکانی تریش هەمووی باس لە سەندنەوەی شەرعێت بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان متمانە سەندنەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، من پێم وایە ئەم حکومەتە لە ئێستادا، هیچ شەرعیەتێکی نەماوە، لەوانەیە پێش $2/17$ هەر قسەکردنێك لەسەر گۆڕینی حکومەت و ڕووخاندنی حکومەت هەر کارێك بوایە، تێڕوانینێك بوایە، لەگەڵی بووینایە یان لەگەڵی نەبووینایە یان کاتەکەیمان بە موناسب نەزانیایە، بەڵام لەدوای $2/17$ وە، لەدوای ئیستیباحە کردنی شارێکەوە، لەدوای ئەوەی سەرۆکی حکومەت کە خەڵکی شارەکەیەو بەبەرچاوی ئەوەوە، بە ئیزنی ئەو کە ئەمە کارەساتە، یان بە بێ

ئاگایی ئەو کە لەوە کارەسات ترە، هێز ڕەوانەی شارێك دەکرێت، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی شارێك بکرێت، ڕێگا بە خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکە نەدرێت، پاش ئیستیباحە کردنی ئەمە پێم وایە ئەم حکومەتە شەرعیەتی خۆی لەدەست داوە، بۆیە ئێمە لە ئیستادا، لەڕاستیدا نە حکومەت دەتوانێ شەقام بە قەوانەکانی خۆ بخەڵەتێنێت نە پەرلەمانیش دەتوانێ شەقام بە قەوانەکانی خۆی ڕازی بکات، تازە قسەکردن لەسەر هەوڵدان و لیژنەو چاکسازی و پاکسازی و پێکهێنانی ئەمانەو هەوڵدان بۆ ئەمانە لەڕاستیدا ئەمە تەواو بوو، ئەم قۆناغە ڕۆشت، ئەوەی کە هەفتەیەك پێش ئێستا دەمانتوانی بیکەین، ئێستا ناتوانین بیکەین، ئەوەشی کە ئێستا ئەتوانین بیکەین هەفتەیەکی تر ناتوانین بیکەین، ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی پەرلەماندایە، کە بتوانێ ڕۆڵێك بگێڕێت بەحوکمی ئەوەی کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکات، ئەم شەقاوانە ئێستا حاکمن لەکوردستاندا، کۆمەڵێك مێرد منداڵ حاکمن کە ئەو ڕۆژە بەبەرچاوی دەیان کارمەندی نەخۆشخانەی سلێمانیەوە، پیسترین و ناشرینترین و بێ ئەدەبی ترین کاریان بە ئەندامانی پەرلەمان کردووە، چی وشەی بازاڕییە دوور لەڕووی ئەم مەجلسە، بەرامبەر بە ئەندامانی پەرلەمان بەکار هێنراوە، ئیعلانی جیهادیان کردووەو وتوویانە بیانکوژن، بیانتۆپێنن ئەمانە، حکومەت ئەو ڕۆژە شەرعیەتی نەما کە ئەمڕۆ نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکان سەرۆکی لیژنەکەو ئەندامەکانی ئەرۆن مێرد منداڵێك لەوێ بوار نادات لیژنەکە بڕوات تەقەسی حەقائیق بکات، حکومەت ئەو ڕۆژە شەرعیەتی نەما، کە لە کۆشکێکی کۆمارییەوە 50 کەس بەهێزەوە بەبەرچاوی ئەم حکومەتەوە، بەناوی پارێزگاری کردن لەم وڵاتە، ئەڕۆن کەناڵێکی ئەهلی ئەسووتێنن، وە ئامادە بوون کە خەڵکیشی تێدا بوون بیسووتێنن لەگەڵیدا، ئێستاش هەڕەشەی لێ دەکەن و دەڵێن ئامادەین تۆشی پێوە بسووتێنین، ئەگەر جارێکی تر ئەو کەناڵە کار بکات، ئەمە بەبەرچاوی حکومەتەوە بە بەرچاوی وەزیرەکانەوە، بە بەرچاوی سەرۆکی هەرێمەوە، بە بەرچاوی سەرۆك کۆماری عێراقەوە، بە بەرچاوی ئێوەوە کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانن و ئەبێ حامی ئەم وڵاتە بن، ئەم وڵاتە حکومەتی تێدا نەماوە، سێ وڵاتمان لەبەرچاوە، کە دەزگای ئەمنی حوکمی تێدا کردووە، دوو وڵاتی کە سەرۆکەکەی 30 ساڵ حوکمی کرد، تکای کرد 6 مانگ بواری پێ بدرێت، خەڵك وتیان (گەیم ئۆڤەر)ئەوە یەکێکی تریان ئەبینین، لە گیانەڵا دایە، ئەم وڵاتە ئەجهیزەی ئەمنی حوکمی ئەکات بەداخەوە، ساڵانێکی دوور ودرێژە، ئێمە پێش 2003، هەر بیانویەکمان هەبووایە، هەر قسەیەکمان هەبووایە، لەسەر ئەزموونەکەمان لەسەر دووژمنەکانمان، لەسەر ناحەزەکانمان، وارد بوو، ڕەوایەتیەکی تێدا بوو تا حەدێك، لەدوای 2003 وە هیچ ڕەوایەتیەکی نەما ئەو قسەو باسانە، ئەو مەسەلەیە تەواو بوو، دوژمن نەما، ئێمە بەشێکین لە عێراقی فیدراڵ، سەرۆك کۆمار کوردە، لەدوای 2003 وە تاکو ئێستا، کە 2011 یە، هیچ هەنگاوێکی چاکسازی نەنراوە، حکومەتێکی ناسەرکەوتوومان هەیە، ئەزموونێکی فاشیل لەهەموو ڕوویەکەوە، تازە، تازە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا قەوانەکانی چاکسازی و لیژنەو ئەو شتانە لێ بدەین، ئەمە گاڵتە کردنە بەخۆمان و بە خەڵکی کوردستان، ئێستا ئەوەی کە بڕیار دەدات لەسەر چارەنووسی ئەم حکومەتە، وە لەسەر خودی چارەنووسی پەرلەمان شەقامی کوردستانە، شەقامی کوردستان، ئەگەر لەڕۆژی یەکەمدا 100 کەس بوو وەکو ئەوەی مصر، ئێستا ئەمڕۆ دەیان

هـەزار کەسـە، بەدڵنیاییـەوە ڕۆژانـی تـر دەبێتـە سـەدان هـەزار کـەس، ئەگـەر لـەڕۆژی یەکەمـدا شـاری سلێمانی بـوو ئێسـتا چـەندان شـوێنی تـرەو بەدڵنیایشـەوە لەماوەیـەکی تریشـدا هـەموو شارەکانی تـری کوردسـتان دەگرێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی فەسـاد لـەم وڵاتـەدا لـە ئاسـتێکدایە کـە لـە تەحـەمولی هـیچ هاووڵاتیەکی کوردستاندا نیە، بێ عەدالـەتی لـە ئاسـتێکدایە کـە خـەڵکی کوردسـتان تەحـەمولی ناکـەن، جـارێکی تـر بەقەوانـەکانی ئێمـە ئەزموونەکـەمان و تـاقی کردنەوەکـەمان و خـوێنی شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکانمان و قـوڕ بەسـەرییەکانمان و زەمـانی شـێخ مـەحمود تـازە خـەڵك بەمـە ناخەڵـەتێت، ژیانیان دەوێت، خۆشگوزەرانیان دەوێت، بەهرەمەندبوونیان دەوێ لە بودجەی ئەم وڵاتـە، بۆیـە قسـەی مـن لەوەدایـە کـە پـێم وایـە پەرلـەمانی کوردسـتان ئەمـە دواکارییـەتی، هەڵبسـتێت بـە لیژنەیـەکی دەستووری، لیژنەیەکی باڵای دەستووری، بۆ چاو پێداخشاندنەوە بە دەستووری هەرێمی کوردسـتان، بـە یاسای هەڵبژاردن، بە یاسای خۆپیشاندان، بەهەموو ئەو یاسایانە، هـەوڵی ئـەوەش بـدرێت لەماوەیـەکی قیاسیدا، بخرێتە ڕیفراندۆمەوە، وە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەسـتوورێکی هەمیشـەیی خـۆی، کە هەموو دەسەڵاتەکانی تێدا تەحدید بکرێت، پەرلەمانی کوردستان ئێستا لەوێدایە، حکومەتی هەرێم ئێستا شـەرعیەتی نـەماوە، یارییەکـە تـەواو بـوو، متمانـەی پـێ بـدەین یـان نەیـدەین، شـەقامی کوردی بڕیاریداوە متمانەی خۆی لێبسەنێتەوە، پەرلەمان ماوە، ئەو شانسە لەبەردەمی پەرلەمان و لەبەردەمی ئێمەدا ماوە، شتێك بۆ خۆمان و بۆ پەرلەمانەکەمان و بـۆ ئـەم خولـەش شـانازییەك تۆمـار بکـەین، کـە هەوڵ بدەین پێش ئەوەی یارییەکە تەواو ببێت، بۆ پەرلەمانیش هەوڵ بدەین چارەسەرییەکی ڕیشەیی بۆ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بدۆزینەوە، چارەسەری ڕیشەیی بە بوونی لیژنەکان و کـاری ئیسلاحیات ناکرێت، چونکە پار کردیان پێرار کردیان، کابینەی ڕابردوو کردی، لیژنە پێکهێنـرا، سـەدان و هـەزاران لاپەڕە نووسرا لەسەر چاکسازی و پـڕۆژە دانـرا لەسـەر چاکسازی، هیچی ناکرێت، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لەڕاستیدا، دوو شت ئەبێ لەیـەکتری جیـا بکەینـەوە بـەڕێزان، هەرێمەکـە جیـا بکەینـەوە کـە بـرادەران باسیان کرد پاپۆڕەکەیە، بەڵێ هەرێمەکەمان پاپۆڕەکەیە کە ژیانی هەمووماني تێدايە، خوا نەکردە ئەم پـاپۆڕە لەهـەر شـوێنێکدا کێشـەی تـێ بکـەوێت ئـەوە کێشـەیەکە بـۆ هەمووماننـە، بـەڵام ئەزموونەکـە ڕەبانەکەیە، ئەو کەسەیە کـە سـایەقی ئـەم پـاپۆڕە دەکـات، هـەڕۆژێك بـە هەڵدێرێکمان دەدات، شکستی خواردووە لە ساڵی 1991 وە تا ئێستا شکستی خواردووە، لە ئیـدارە دانـی وڵاتێـك ولـە دروسـت کردنـی هەرێمێکی سەقامگیری و بەهێزو بەتواناو خاوەن هێز و بنەمایەکی گـەورەی ئـابووری و سیاسـی خـۆی، بۆیـە ئـەبێ ئـەم ڕەبانـە دەسـت لـەکار بکێشـێتەوە واز بێنێـت، فرسـەتێکی تـر بـدات، ئەگـەر پەرلـەمان ناتوانێ بیکات و پەرلەمان نایەوێت ئەو شەرعیەتەی کە لێی سەندراوەتەوە عەلەنی بکاتەوە، لەڕاسـتیدا شەقام ئەبێ بڕیاری خۆی بدات، بۆیە شەقامی کوردستان بڕیاری خۆیدا کە چیتر چاوپۆشی نەکات، من پێم وایە لە ئێستادا هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی ئەم هەرێمە، سەرۆکی هـەرێم، سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، سەرۆکایەتی حکومەت، مەفروزە لەدوای ئەو کارەساتە ئـەو جینایەتـە بەربەرییانـەی کـە لەسـلێمانی و شـارەکانی تـردا دەکرێـت، لـەپاش ئـەوەی کـە ئێسـتا حکومـەت نـەماوەو کۆمـەڵێك شـەقاوەو میلیشـیا تەحەکوم بەم وڵاتەی ئێمە دەکەن، لەپاش ئەوەی کە دەزگای دەوڵەت نەماوە، لەپاش ئەوەی کە ئاسایش ئاسایشی حزبەو پێشمەرگە پێشمەرگەی حزبە، سەدان جار و هەزار جار داوامان کـردووە، لـەپاش ئـەوە

پـێم وایـە، دەبـێ ئـەم سـێ سـەرۆکایەتیە ئیسـتیقالە بـدەن، ئـیش لەسـەر ئـەوە بکرێـت، لیژنەیـەکی دەستووری باڵا پێك بهێندرێت ئەم پەرلەمانە پێکی بهێنێت، لەپێناو ئینقازی ئەم هەرێمەدا، لـەپێناوی ئەوەی کە چیتر کارەسات ڕوونەداتەوە لەپێناوی ئەوەی کوردستان نـەبێت بـە لیبیـا، کوردسـتان نـەبێت بەمصر، لەپێناو ئەوەدا کە سەقامگیری هەرێمەکەمان بەقوەت تر و بەهێز تر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ جەنابت ڕێزدار ڤیان عبدالرحیم، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دە مەوێت دەستپێکی قسەکانم بەوە بچمە ناو ئەو قسانەی کە دەمەوێت بیکەم، لەخودی بەرنامەی کارەکەدا هاتووە، ئـەویش گفتوگۆکردنی ڕووداوە نـەخوازراوەکانی ئـەم دواییـەی هـەرێم و دۆزینـەوەی ڕێگاچارە بۆیـان، کـە دوو تـەوەری گـرنگ باسکراوە، ئـەویش یەکـەمیان: لـەپێناو پاراسـتنی ئەزموونـە دیموکراسـیەکەمان و سـەروەری یاسـادا، ئەگـەر ئێمـە لەدەسـتپێکی قسـەکانمان هـەموو ئـەو خوشـك وبرایانـەی کـە لێـرە دانیشـتوون، ئامانجیـان پاراسـتنی ئـەزموونی دیموکراسـی و سـەروەری یاسـادان بـۆ بەدادگایی گەیاندنی هەموو ئەو تاوانبارانـەی کـە دەسـتیان هەیـە لـە سـوور بـوونی خـوێنی ڕۆڵـەکانمان لەسـلێمانیدا، ئەگـەر ئێمـە لەخـەمی ئـازادی و پاراسـتنی دەسـتکەوت و پاشـان شـانازی کـردن بـەم دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستاندا هەیـە، هـیچ حزبێـك نەیـەکێتی نـە پـارتی، بـۆی نیـە خۆی بکات بە خاوەنی ئەم دەستکەوتانە، کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەدی هاتووە، بێگومـان کـە ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕانین یان لەبزووتنەوەی گۆڕان بین، بەشێکی گەورە یـان پشـکێکی گـەورەی ئـەو سەروەرییانەی کە ئەمڕۆ شانازی پێوە دەکرێت، پشکێکی گـەورەی بـەر هـەموو ئـەو خوشـك و برایانـە دەکەوێت کە ئێستا لێرە دانیشتوون و دیفاع لە مافی هاوولاتیـەکانیان دەکـەن، بێگومـان ئێمـەش هـەموو یەکێك لەمانە خێزانی شەهیدە، پێشمەرگەی دێرینە، کچی شەهیدە، بۆیـە ئـەو ئەزموونـەی کـە ئێسـتا هەیە، بەرهەمی خوێنی هەموومانە، کەسیش بۆی نیە، ئـەم دەسـتکەوتانە بفرۆشـێتەوە یـان بدرێتـەوە بـەناو چـەوانی ئێمـەدا، دوای ئـەوە مـن دەمـەوێت لێـرەوە بـاس لـە ئەزموونـە دیموکراسـیەکان بکـەم، بێگومان ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا لە $2/17$ ڕەد فیعلی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر لە حەدەسەکە گەورەتر بوو، کە ئێمە دەمانەوێت ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکەین، بێگومان کە کۆمەڵێك کەس خۆپیشـاندان دەکـات، ئەصـڵی خۆپیشـاندانەکە یـان هـەدەفی خۆپیشـاندانەکە، ئامانجیـان چاکسـازی و چاککردنی ناعەدالەتی و گوزەرانێکی باشە بۆ خۆیان کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردسـتاندا بـەدی بهێـنین، بـەڵام ئـەو ڕەد فیعلـەی کـە لـە سـلێمانی کەوتـەوە، بەڕاسـتی ئـەوەی سـەلماند کـە دەسـەڵات هـیچ کـات لەبەرژەوەندی پاراستنی کەرامەتی تاکی کوردی ئازادیخوازانەدا نەبووە، چونکە ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆ هەیە هێزێکی سەرکوتکەرو داپڵۆسێنەرن، کە ڕووبـەڕووی هـەموو تـاکێکی کوردسـتان دەبێتـەوە، پاشـان جارێکی تر دەسەڵات ئەمەی بۆ سەلماندین کـە بـەبێ گولـە بـاران کـردن هـیچ ڕێگـا چارەیەکی تـر نیـە، ئەگەر خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر داواکاری مافەکانیان داوای بکەن، بۆیە ئێمـە لەکاتێکـدا کـە پرسـی چاکسـازی و پاشـان، ناعەدالـەتی و دژایـەتی کردنـی ناعەدالـەتی ئەخەینـە چوارچـێوەی حـەڵاڵکردنی

کوشتن یان خوێنی هاووڵاتیان، کارەساتەکە لێرەوە دەست پێدەکات، ئێمە کە دێین باس لەم سەروەریانە دەکەین، بۆ من گرنگ نیە سیناتۆرێك لە ئیتاڵیا بەمن بڵێت کوردستان ئازادە، بۆ من گرنگە کە وڵاتەکەم خەڵتانی خوێن کراوە، لەیەك چرکەدا 124 کەس و سێ شەهیدم هەیە بەبێ بوونی هیچ بنەمایەك یان هیچ پاساوێك، یان بەبێ بوونی هیچ کەسێك کە بێت داوای لێبوردن لە ڕۆڵەکانی بکات، یان لە میللەتەکەی بکات، ئەوە شانازی نیە بۆ من، چونکە هەموو ئەو دەستکەوتە جوانانەی کە ئەمڕۆ بەدیهاتووە بەرهەمی ئەم وڵاتەیە یان بڵێم ئەو خێر وبێرەی وڵاتەکەمە کە ئەمڕۆ بەڕووی وڵاتان و پاشان مەدالیای ئاشتی و هەموو ئەو شتانەی تری پێ دەکڕدرێت، پاشان ئەگەر ئێمە باس لەو هەموو سەروەریانەو سەروەر بوونی یاسا بکەین، بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە، لەهاووڵاتیدا گۆڕان بەوە ئیتیهام دەکات و دەڵێ گۆڕان بەرنامەی پەلاماردانی بانك و فەرمانگەکانی حکومەت و کۆمپانیا حزبییەکانی هەبووە، باشە وەزیری پێشمەرگە، ئەگەر ئەم بەڵگانەی لەبەردەستدایە بۆ دوێنێ نەهات لەلیژنەی ناوخۆ کە بەفەرمی بانگهێشت کرابوو، پاشان بۆ ئەمڕۆ نەهات ئەو بەلگانەمان بۆ بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستیان هەیە، ئەو کەسانەی کە گۆڕانن، لە بزووتنەوەی گۆڕانن، بۆ ئەوەی بدرێنە دادگایی، یان دادگایی بکرێن، لەکاتێکدا ئێمە هەموو ئەوکەسانەی کە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە، بەبەڵگەو دۆکۆمێنت هەیە، ئەی بۆ وەزیری پێشمەرگە، یان دەسەڵاتداران یان وەزیری ناوخۆ بۆ ناچێت ئیجرائات بکات، لەکاتێکدا بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك، ئیتیهام دەکات و دەبێ بە مانشێتی ڕۆژنامەکان، لەکاتێکی تردا کە ئێستا هەواڵمان پێدەگات، چوار لیوا لە قەرەهەنجیر، بەرەو کەلار و چەمچەماڵ جووڵەیان پێدەکرێت، بەڕاستی کارەساتەکان لەوەدایە، ئەگەر ئێمە هەموومان لەگەڵ سەروەری بوونی یاسادابین، دەبا پێش هەموو شتێك لێپێچینەوە یاخود سەروەری یاسا لەوانەوە دەست پێبکات، کە دەستیان هەبووە، لەنانەوەی ئەو ئاژاوەیەداو دادگایی بکرێن، بگەن بەو سزایەی کە پێویستە ڕووی ڕاستەقینەشیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بۆ پەرلەمان و حکومەتیش دەربکەوێت، من لێرەشەوە داوا دەکەم کە وەزیری پێشمەرگە بەزووترین کات بێت بۆ تەلاری پەرلەمان بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی خۆی بدات، هەم لەسەر ئەوەی کە گۆڕان بەرنامەو پلانی هەبووە، هەم لەسەر ئەوەی کە نەیتوانیوە لەئاست ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە هەیبووە، وە لەئاست ئەو بەرپرسیارێتیەی کە ئەو وەزیری پێشمەرگەیە، نەیتوانیوە هەست بە لێپرسراوێتی بکات بەرامبەر بە ڕۆڵەی گەلەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من هەشتەم کەس بووم بەس دیارە نەبوو بەنسیبم کە زوو قسە بکەم، کەوتمە ئەخیر، من ئەڵێم ئەو دۆخە نەخوازراوەی کە لە 17ی شوبات ڕوویدا بەڕاستی ناخی هەموومانی هەژاند، بەتایبەتی ئەو وێنەی زمناکۆ کە بەهەموو هێزی خۆی یەك دوو پەرلەمانتار لێرە وتیان زمناکۆ کێیە؟، ئەو کوڕە بلوز سورەی کەمناڵەو لە چواری ئامادەییە، کە بەهەموو هێزی خۆی قژی ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە

نایەوێت بکوژرێت، ئەو وێنەیە دەخەمە پاڵ ئەو وێنەی کە لەیەك کاتدا، لەگەڵ خۆپیشاندانەکاندا هەموو ئەو هێزانەی کە هاوسەنگی هاوکێشەی سیاسی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا ناوی ئەو گەنجانەیان نا گێرەشێوێن، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی ترم، ئەوەی کە ئێستا بەڵگە هەیەو کەس ناچێت بەدوایدا، کەس نازانێ کە مەوزوعەکەی کردووە، لە بەینی لیژنەکاندا ون دەبێت، ئەوەش خاڵێکی تر، ئەوەی تر ئەو دۆسییەی کە ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان یەك ساڵ و 4 مانگە بەردەوام خەریکین هەتا ئێستا لەبەینی حەلەقەیەکی مەفقوددا وێڵین، مەسەلەی داهاتی نەوتە کە تا ئێستا وەڵاممان دەست نەکەوتووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی ئەمڕۆ لە جادەکاندا ڕوودەدات، ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە ئێمە ساڵ و نیوێکە لەم پەرلەمانەدا دەیکەین، ئەگەر بپرسین چۆن، پەرلەمان نوێنەری خەڵکە لەناو پەرلەماندا؟، مەفروزە هەموو شەڕەکان، هەموو کێشەکان، هەموو خەمەکانی خەڵك، لەم پەرلەمانەدا یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام کاتێ کە خەڵك بینیان ڕاستە ئەم پەرلەمانەی ئەمجارەیان پەرلەمانتاری تێدایە، بەمانای کەلیمە تێکەڵ بەخەڵك دەبێت، بەڵام بینیان کە دەسەڵاتی نیە، کێشەکان وەکو خۆی بە هەڵپەستێردراوی دەمێنێتەوە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردە ئەم پەرلەمانە بۆ مەسەلەی کەیسی بێ سەروشوێنەکان هەروەکو خۆی مایەوە، مەسەلەی داهاتی نەوت هەر وەکو خۆی مایەوە، دەرکراوەکانی شەریکەیەك کە 357 کەس بوون، هەتاکو ئێستا وەڵاممان پێ نیە تا پێیان بڵێینەوە، هەموو ئەو کێشانەی کە ئێستا مـن ڕیزیان بکەم زۆرن، بۆیە ئەمە وای کرد کە خەڵك بێ ئەمەل بێت، لە ئاستی بەرپرسیارێتی و ئەکتیف بوون وکارا بوونی ئەم پەرلەمانە، بۆیە مەجبور هاووڵاتیان وەکو لایەنی ڕیقابی ئەو خەڵکەی کە نوێنەریان داوە، هاتە سەرجادە خۆی ئەمجارە نیگەرانیەکانی خۆی بە خەڵك دەڵێت، خۆی پیشانی ئەو دەسەڵاتە دەدات کە دیوارێك دروست بووە، لەبەینی دەسەڵات و هاووڵاتیاندا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئینکاری ناکرێت دیوارێك دروست بووە لەنێوان دەسەڵات وبە پەرلەمان و بە حکومەتیشەوە لەگەڵ هاووڵاتیانە، بۆیە ئەم دیوارە ئەستوورترو بەرزتر بوو بە تەقە کردن لێیان، بە تۆمەتبار کردنیان بە گێرەشێوێن، دەبێت یەکەم شت کە ئێمە بیکەین لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە، داوای لێبوردن کردن بێت لە هەموو ئەو گەنجانەی شەهید بوون و کەسوکاریان، ئەوانەی کە ئێمە وێنەیەکمان دروست کرد لە مێشکیاندا، هەتا دەمرن ئەم گەنجانە وێنەی ئەو کوڕانەیان لە بیر ناچێت، چونکە ئەم نەوەیە نەوەی فەیس بووکە، هەموو هەر ئەم شەوە وێنەکەیان لەبەرچاوی هەمووماڵەکان و خۆمان و خانەوادەکەمانی هەژاند، بۆیە پێویستە ئێمە لەم پەرلەمانە، ژیان خان ڕاست دەکات، ئەوەتا ئێمە مێژوویەکی زۆر قورسمان هەیە، لەوە دەچێت جیلێك، جیلێکی وەکو ئێمە کە ئەو ناسۆریانەمان دیوە، نەوەعنما خەوفێکمان هەبێت هەر بڵێین ئەزموونەکە، بەڵام جیلی نەوەتەکان، کە ئێستا (21) ساڵە، ئەوە نازانێت، ئەسڵەن دەڵێت ئێوە بەس نەبوو دەتانگوت دیکتاتۆرێکی عەرەبە، مەعقولە کوردەکەی خۆم، کەسەکەی خۆم وام لێ بکات، ئەم جیلە دەبێت مامەڵەیەکی تری لەگەڵدا بکرێت، نابێت دیسان جارێکی تر، ڕاستە دەبێت پێیان بڵێین ئێمە ئەزموونەکەمان وایە، بەڵام ئەویش دەڵێت شەڕی ناوخۆ، شەڕی براکوژی، دەڵێت گەندەڵی، دەڵێت تەعینم ناکەن، دەڵێت تەزکیەم نەبێت تەعینم ناکەن، دەڵێت ئەگەر سەر بە حزبێك نەبم تەرقیەی وەزیفەم پێ ناکەن، ئەنواع و ئەشکال کێشە هەیە لەناو ئەم وڵاتە، هەمووشتان ئیعتیراف پێ دەکەن،

بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جێگەی خۆیەتی ئەم پەرلەمانەی ئێمە زۆر جیاواز بێت لە پەرلەمانەکەی پێش 2/17، چونکە ئەگەر بێتو ئێمە هەوڵ نەدەین کارای بکەین، ئەوە ئەو کاتە شەقام بە کەس کۆنترۆڵ ناکرێت، کارا کردنی ئەم پەرلەمانە بەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کە ئەم لیژنانە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو زۆر هەوڵماندادوە لیژنە ئەکتیف بکەین، کاتێك لە لیژنەکان شتێك دەڕوات بۆ سەرۆکایەتی بە رۆتینێکی زۆر مانگێ چوار کتاب دەکەیت، (12) دەڕواتە ئەودیو، دوو وەڵامت بۆ نایەتەوە، ئەمە بێ ئومێدییەك بەرامبەر ئیشی پەرلەمانە، یەعنی وا هەست دەکەیت ئەم پەرلەمانە بە ئیشی خۆی هەڵناستێت بە بەسیترین شت، بۆیە پێویست دەکات جارێ یەکەم هەموو ئەو وتارە جوانانەی نووسران و فراکسیۆنەکان کردیان ئەمە بچێتە چوارچێوەی عەمەل، پێش ئەوەی داوای لێبوردن بکەین لە هاووڵاتیان، خاڵێکی تر، بەڕاستی پەیڕەوی هەموو ئەحزابەکان، خاڵی زۆر جوانی تیایە، لەوەی کە بەرژەوەندی هاووڵاتیان لە پێش بەرژەوەندی ئەحزابەوە بێت، بەڵام بەڕاستی ئەمە لە بارەگای لقی چواری پارتیدا رەنگی نەداوە لەو خەڵکە، یا ئەوەتا دانەبەزیوە بۆ خوارەوە، چونکە دەبوایە شەهید بوونیان قەبول بکردایە لەسەر ئەوەی تەقە بکەن لە هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە حەقیقەت پەرلەمانتارەکان، من جارێکی تر دەڵێم لیژنەکان خۆتان دەبێت ئەکتیف بکەن، یەعنی ئیشی ئێوە مەیخەنە سەر سەرۆکایەتی، ئەو شتانەی ئێوە بۆ ئێمەتان هێناوە، بەپێی یاداشتەکەی بەڕێزتان تەحویلی ئەو شوێنە کراوە، کە داواتان کردووە، دەڵێن بنێرن بۆ حکومەت، ناردراوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان حەکەم نییە یەکێ عیقاب بکات، ئێوەن، لیژنەکانن، ئەندامانی پەرلەمانن، فراکسیۆنەکان لەگەڵ لیژنەکان کە نوێنەرتان لەوێیە بە راپۆرتی خۆتان دەتوانن ئەو شتانە داوا بکەن، ئەوجا دێتەوە ئێرە، لێرە موناقەشە دەکرێت و لێرە قەراری لەسەر دەدەن، حەقیقەت یەعنی ئێوە تەهەروب نەکەن لە مەسئوولیەتەکە، مەسئوولیەتی گشتمانە، وەك پەرلەمانێکی لە 111 ئەندام پێك هاتوو، بەپێی یاسا، بەپێی نیزام ئیشەکەی خۆت داوا بکە بێتەوە ئێرە، لێرە کە تۆ لە لیژنەکەی پرۆژەکان نەیەتەوە بۆ لای ئێمە، کە داوا نەکەیت بڵێی وەزیری فلان بەپێی ئەمە ئەمانەوێتن لەم بابەتە لەناو پەرلەمان موناقەشەی لەگەڵ بکەین، کە داوای لیژنەتان کردووە بۆتانمان ناردووە، کە داوای ناو پەرلەمانتان کردبێت ئاگادارمان دەکردەوە، بەڵام داواتان نەکردووەو خۆشتان لەوە مەسئولن، دەست ئاردەکە بەئێمە مەسڕن، زۆر سوپاس، رێزدار بلال کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە پێشەکی دەمەوێت پشتیوانی خۆم بۆ ئەم راپۆرتەی فراکسیۆنی کۆمەڵەی ئیسلامی دەرببڕم، کە پێشتر خوێندرایەوە بۆ هەموو بەندەکان و خاڵەکانی، دواتر دەمەوێت بڵێم پشتیوانی خۆم بۆ گشت داواکانی خۆپیشاندەران دەردەبڕم لەوەی کە داوای عەدالەت دەکەن، کە بەڕاستی نا عەدالەتی لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە قیمە، هەموو چینەکان و هەموو جیلەکانی گرتۆتەوە، داوای چاکسازی دەکەن، کە بەڕاستی هەموو رۆژێ دەگوترێ و دەگوترێتەوەو جێ بەجێ ناکرێت، کە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وەکو کاك دکتۆر رەفیق صابر گوتی دکتاتۆریەتێکە ناهێڵێ چاکسازی بکرێت،

ئەوەی کە خۆپیشاندەران داوای دەکەن دوور کەوتنەوەی حزب لە هەموو جومگەکانی حکومەت و، دوورکەوتنەوەی دەسەڵاتی حزب لەناو هێزی پێشمەرگەو ئاسایش، بۆیە من بەڕاستی بۆ پیشتیوانی ئەوانە داوا دەکەم و بە پێویستی دەزانم کەشێکی ئارام دروست بکرێت بۆ خۆپیشاندەران، بۆ ئەوەی خۆپیشاندەران ئەوەی لە ناخیان دایە دەریبڕن بەشێوەیەکی ئارام و گونجاو و یاسایی، چاك کردن و ئیصلاح کردنی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەڕاستی بۆتە قسەیەك بەردەوام دەگوترێتەوە، بەداخەوە من پێموایە بەڕاستی بەشی زۆری پەرلەمان خۆیەتی، کە نایەوێت ئەم چاکسازییە بکرێت لە عەدالەت، لە چاکسازی، لە گەندەڵی و لە هەموو شتەکانی تر، پەرلەمان چاوپۆشی دەکات لە هەموو گەندەڵەکانی حکومەت، پەرلەمان رێگرە لەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان نەتوانن بەدوای گەندەڵەکاندا بگەڕێن، بە بەڵگەی ئەوەی کەراپۆرتەکانی دیوانی چاودێری نادرێتە لیژنەی پەرلەمانی، لیژنەی نەزاهە، کە نادرێتێ ئەو لیژنەیەمان بۆ هەبێت، حەق وایە بەڕاستی لیژنەکە هەڵبوەشێنینەوە، ئەوە هۆکارن، ئەوانە هۆکارن کە حکومەتیش بێ منەتە لە پەرلەمان، ئەوە هۆکارە کە وەزیر، ئێمە لە لیژنەی شارەوانی لەوەتی حکومەت دروست بووە نامە دەنێرین بۆ وەزارەت، بۆ یەکێك لە وەزارەتەکان، تاکو ئێستا وەڵامی نەداینەوە، کام دەسەڵات؟ لیژنە دەسەڵاتی چیە؟ من ئەگەر نامەم نووسی بۆ وەزیر جوابی نەدامەوە، دوای چەند جار داوای روون کردنەوەم کرد، روون کردنەوەشی هەر پێ نەدام، من نازانم لەمەودوا چ بکەم، بەڕاستی من پێموایە پەرلەمان خۆی موقەصیرە، خۆی خەتا بارە، بەڕاستی حکومەتیش، هیچ شتێك نەماوە بۆ حکومەتیش، با بڵێین حکومەتێکی سەقامگیر بێت، حکومەتێك بێت نوێنەری میللەت بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەرچی زووترە ئەو حکومەتە دەستی لە کار بکێشێتەوە، حکومەتێکی با بڵێین حکومەتێك پەرلەمان چۆن بڕیار دەدات، حکومەتێکی تازە دابنرێت، ئایا ئەم حکومەتە، حکومەتێك دەبێت لە هەموو لایەنەکان دەبێت؟ حکومەتێك دەبێت لە خەڵکی شارەزاو پسپۆر پێك بهێنرێت، بەڕاستی ئەو حکومەتە حکومەتێك نییە نوێنەری خەڵك بکات، بەوەش کە دیتمان کاك نەریمان کۆمەڵێك شتی باس کرد، ئەوە بەسە بەس بۆ ئەوەی حکومەت واز لە حکومەتاتی خۆی بهێنێت و دەست بکێشێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابت باس لە دژی گەندەڵی دەکەیت، دەتەوێت سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی نا قانونی بکات، ئەوە هەڵەیە، ئێمە نایکەین، ئێمە بەپێ قانون کار دەکەین، شتێك کە بۆ ئێمە هاتووە لە رێگەی ئوسولی خۆی هەیە، چاودێری داراییە، نوسخەشی لەلای ئێمە هەیە، ئەوان ئیشی لەسەر دەکەن و کە هات، ئینجا دەدرێت، ناکرێت خۆی شتێك قانونی نەبێت، جەنابت بچووتایە ئەوێ و موتابەعەت کرد بوایە، ئەندامی پەرلەمانی و فراکسیۆنت هەیە، لیژنەت هەیە بەدواداچوونت بکرد بوایە و بدۆزیتایەو بتهێنایە لە لیژنەکەت موناقەشەت بکردایە، بتگوتبایە ئەمە هەیە، دەمەوێت لەناو پەرلەمان موناقەشەی بکرێتن، ئێمەش لە بەرنامە دامانەناو دەمانکرد، لە مەسئوولیەت رانەکەن، نەیخەنە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە بە قانون ئیشمان کردووە، بە عەدالەت ئیشمان کردووە، بە

یاسا ئیشمان کردووه، واش بەردەوام دەبین، شتێکی نا قانونی بێت ناخوات، حەز دەکاتن لە هەموو دنیا باس بکرێتن ناخواتن، کاك سەمیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکانم زۆر کراو، لەبەر ئەوە من دووبارەی ناکەمەوە، بەلاَم پێموایە ئێستا سەردەمی بەگوێ کردنی ئەو شەقامەیە، نەك بچین گوێیان لێ بگرین، چونکە بەڕاستی شەقام تازە لە گوێ گرتن نائومێد بووە، لە دروست کردنی لیژنەش نا ئومێد بووە، دەبێت ئەو پەرلەمانە وەکو ئیسعافاتێکی ئەوەلی کۆمەڵێك بڕیار، کۆمەڵێك ئیلتیزامات بۆ حکومەت دەربکات و ماوەیەکی موحەدەدی دیاری کراویش بۆ حکومەت دیاری بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە دەمیانەوە بچێت، ئەگینا ئەو شەقامە رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن و فراوان بووندایە، حەقە هەمووومان وەکو ئەندامانی پەرلەمان بپرسین، بۆچی شەقام جوولاَ؟ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆچی جەماوەر جوولاَ؟ بۆ شەقام جوولاَ؟ بۆچی ئەو خەڵکە هاواری لێ هەڵستا؟ یەعنی ئەگەر ئێمە ئەم پرسیارە لە خۆمان نەکەین، دڵنیا بن ناتوانین ئەرکەکانمان راپەڕێنین و، دڵنیا بن ئێمە بە نوقسانی و بە کەم تەرخەمیەوە دەردەچین لەبەردەم ئەو جەماوەرەی کە شەرعیەتی بە ئێمە داوە، کە متمانەی بە ئێمەدا، ئێمەش شەرعیەتمان لەو جەماوەرەوە هەڵگۆزیووە، ئێمە دەبێت بزانین بۆچی ئەو شەقامە جوولاَ؟ ئەو شەقامە لەم پەرلەمان نا ئومێد بوو، لە ئێمە نا ئومێد بوو، نا ئومێد بوو لە تەشکیل بوونی حکومەت، نا ئومێد بوون لە تەرح کردنی پرۆژە یاسا، نا ئومێد بوو لە چارەسەر کردنی گرفتەکانی، نا ئومێد بوو لەوەی کە ئێمە دەنگی ئەو بین و دەنگی ئەو بێنین لێرە چارەسەر بکەین، دوای نزیکەی دوو ساڵ هەڵبژاردنی ئەم پەرلەمانە، ئێمە نەمانتوانی خواستەکانی ئەم جەماوەرە، ناڵێم بە موتڵەقی، بەس بە زۆرینەی شارعەکە خۆیەتی، ئێمە نەمانتوانی کێشەکانی ئەوان حەل بکەین، نەمانتوانی بە تەنگ هات و هاوارەکانیانەوە بچین، نەمانتوانی ئەو گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمانەی کە رۆژانە هەیانە بە دەمیانەوە بین، لەبەر ئەوە لەم پەرلەمانە، لە ئێمە، با نەڵێم لە پەرلەمان، لە پەرلەمانتاران نا ئومێد بوو بە ئۆپۆزسیۆن و لیستی زۆرینەشەوە، نەك تەنها لیستی زۆرینە موتەهەم بکەم، لێرە من لیستی کوردستانی موتەهەم ناکەم بە تەنیا، لە پێشەوە کە خۆم یەکێکم لە موعارەزە، موعارەزە موتەهەم دەکەم، ئەوان نا ئومێد بوون لە سروشتی ئیش کردنی ئێمە، ئەوان نا ئومێد بوون لە سروشتی متمانە دانی ئێمە، ئەوان نا ئومێد بوون لە گفتوگۆیەکانی ئێمە، لەبەر ئەوە حەقی خۆیەتی هەمووومان بپرسین بۆچی شەقام جوولاَ؟ چونکە شەقام جووڵان پرسیار دروست کردنە لەسەر خودی پەرلەمان خۆی، پێش ئەوەی لەسەر حکومەت دروست کردن بێت، خۆپیشاندان لە حزبەکان گەورەترن، یەك هەڵەی ئیستیراتیجی گەورەیە، حکومەتی هەرێم و پەرلەمان داوا بکات حزبەکان وەرەن با باسی خۆپیشاندانەکان بکەین، ئەو خۆپیشاندانانە بە قسەی ئەحزابەکان ناکەن، ئەو خۆپیشاندانانە بازنەی ئەحزابی تێپەڕاندووە، ئەو خۆپیشاندانانە داواکاری خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە موستەحیلە بە گوێی ئەحزاب بکات، لەگەڵ حزبەکانیش رێك بکەوین و تەوافوقێکی نیشتمانی دروست بکەین، شەقام دانامرکێتەوە، چونکە شەقام نا ئومێدە لە حزبەکانیش بە ئەحزابی موعارەزەشەوە، نوێنەرایەتی گەل، ئێمە هاتین دەنگی ئەوان بێنین بەڕاستی

بۆ ئەم پەرلەمانە، ئێستا هاواری هاوولاّتیان کە لەو شەقامانەدا هەیە، هاوولاّتیان بە دەنگ گوللەوە دەچێت، هاوولاّتی بە دەنگ گوللەوە دەچێت، دەبێت ئێمە دەرکی ئەم حالّەتە بکەین، ئێمە نەمانتوانی کێشەی ئەوان بگەیەنین و سەلّمێنەری ئەوەش ئەوەیە ئەوان بە دەم گوللەوە دەچن، کە ئێمە نوقصانی و کەمتەرخەمی یەکجار زۆرمان هەیە، یەك شت حەز دەکەم لێرە عەرزی جەنابتان بکەم لە یەکەم رۆژیشەوە قسەمان کرد، بەس تەفسیری جۆراوجۆری بۆ کرا، من ئومێدەوارم وەلاّمی پرسیار شەقام بۆ جوولاّ بە پلانی دەرەکی نەدرێتەوە؟ ئەوە قسەیەك نییە ئەم ئەزموونە رزگار بکات، ئەوە قسەیەکیش نییە ئێمە لە مەسئوولیەت دارِنیّ، بەڕاستی ئەوە قسەیەکە را کردنە لەوەلاّمی جددی و راستەقینەی پرسیارەکە، شەقام بۆ جوولاّ؟ شەقام گرفتارە بە دەست ئێمەوە، نەك بە دەستی ترەوە بێت، متمانە بەخشین بە حکومەت لە ئەوەلّ جارەوە گوتمان هەلّەیە، لەسەر ئیعتیباری سیاسی، لەسەر تەوافوقاتی سیاسی، تەشکیلدانی حکومەت هەلّەیەکی ستیراتیجیە، ئەوە ئەنجامەکەیە کە دەیبینین، دەبوو لە ئەوەلّەوە ئێمە درکمان بەمە بکردایە، ئێستاش پەرلەمان فورسەی لەبەر دەست ماوە، دەتوانێت ئیش بکات، نەتوانین خزمەتی هاوولاّتیان یەکێکە لە ئێمە، ئێمە بۆیە متمانەمان بە حکومەتدا خزمەتکاری هاوولاّتیان بێت، هاوولاّتیان هاواریان لیّ هەلّستا بە دەست ئەم نەبوونی خزمەتگوزارییانە، کەواتە ئێمە هەلّەیەکمان کردووە لە متمانە بەخشین بە تەشکیلەی حکومەت و حەقی خۆشمانە موراجەعەی تیا بکەینەوە، من دوو، سیّ نموونە عەرزی جەنابتان دەکەم، بۆ ئەوەی بزانن لە پرۆژە یاسای میزانیەی سالّی 2010دا، کە هاتە بەردەستی یەکە یەکەی ئێوە بینیوتانە حکومەت داوای کرد دە هەزار نەفەری بۆ تەعین بکەین، میلاکاتی مەتلوب بۆ حکومەت لە سالّی 2010 دە هەزار نەفەرە بۆ تەعین، هەفتەی پێشوو سەرۆکی حکومەت لە موئتەمەرێکی سەحەفیدا دەلّێت (25) هەزار کەسمان تەعین کردووە، ئەو (15) هەزارەی لەکویّ تەعین کرد؟ بە ئەمری کیّ تەعینی کرد؟ شەرعیەتی حکومەت لەم پەرلەمانەوەیە، بە ئەمری کیّ ئەم (25) هەزارەی تەعین کرد؟ ئەوەش قەیدی ناکات، باشە ئەو هەموو بێکارو خەریجەی ئێستا هات و هاواریانە، ئێستا هاواریان لیّ هەلّستاوە لە شەقامەکاندا جوولاّون، بۆ تەعین نەکران؟ ئەی کیّ بوون ئەوانەی تەعین کران؟ لەسەر ئەساسی چی تەعین کران؟ هەموویان پەرلەمانە بەشێکە لە مەسئوولیەتی با بزانن.

خالّێکی تر، ئێمە هەمووی کوردستان چوار ملیۆن نەفەرە، ئەم چوار ملیۆن نەفەرە لە 50%ی عومری (18) سالّ بەرەو خوار هی تەعینی نییە، عومری وەزیفی نییە، واتا دوو ملیۆنی دەمێنێتەوە، دوو ملیۆنەکەش (500) هەزاری بەلایەنی کەمەوە تەلەبەی جامیعەو مەعاهیدە، ملیۆن و نیوێك دەمێنێتەوە، سەرۆکی حکومەت لە موئتەمەرێکی سەحەفیدا دەلّێت ملیۆنێك و چوار سەد هەزار زیاتر مووچە خۆرمان هەیە، ئەی ئەو هەموو بێکارە بۆ؟ لە پالّ یازدە تریلیۆن میزانیەی ئەم حکومەتە، ئەو هات و هاوارە بۆ؟ حەقە هەموومان لەخۆمان بکەین، کێشەی ئێمە ئەمەیە، کێشەی پەرلەمان، من رێزم هەیە بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، کە دەفەرموێت فیعلەن راست دەکات سەرۆکایەتی، کاکە پەیرەوێکی ناوخۆ هەیە، هەموو دەسەلاّتەکانی لە ژێر سەرۆکایەتیدا حەسر کردووە، ئەتەکێتات و ئالیاتی ئیش کردنی لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان لەناو پەرلەمان هەمووی وابەستەی قەرارێکی مەرکەزی کردووە، لەبەر ئەوەی لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان ماڤ چوونە دەرەوەو تەقصی

حەقائیقیان نییە، ئێمە حەوت نەفەر بووین چووینە ئیمرجێنسی بە دوای تەقەصی یەك قەزیە، ئەوانەی کە سووتاون و بەشدارن لەو قەزیەی سلێمانیە لە نەخۆشخانەی ئیمرجینسی یەك پۆلیس، نەك هەتکی کردین حەیای ئەوەل و ئاخیری بردین، وەڵلاهی یەك قسەی زیادمان بکردایە، ئێمەی دەدایە بەر شەق، هەموومان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەویش خەتای سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو ئێوەی ناردو پۆلیس نەیەت، سەلامەت بی.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقدیری پەرلەمان نەك لەبەردەم حکومەتدا ئاوایە، لەبەردەم پۆلیسێکدا ئاوایە، لەبەر دەم ئینسانێکدا وایە هەتك دەکرێت، بە هەمووومان گوتمان ئەمە سەرۆکی فراکسیۆنە، ئەوە جێگریەتی، هیچ قسە نەیخوارد، ئێمە تەقدیری قەدرو حورمەت، تەقدیری پەرلەمان، قوەی تەئسیری پەرلەمان، کارلێکی پەرلەمان لەگەڵ جەماوەردا، لەگەڵ حکومەتدا، نەك وا بەستەگیمان نییە، نەك تەکامولی ئیش ناکەین، حکومەت هەوڵی سنووردار خواز ئەو قەزیە بەنموونە ناهێنمەوە، هەوڵی سنووردار کردنی چالاکی ئێمەیدا، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەم پەرلەمانە لە کۆی ئەوەی بەرپرسیاریەتیە مەسئوولە، من پێشنیار دەکەم، نازانم ئەوە پۆلیس بوو، یان پۆلیس نەبوو؟ پەرلەمان دەرفەتی لەبەردەمدا ماوە، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا من پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان دوای تەواو بوونی موداخەلەکان، هەموو سەرۆك فراکسیۆنەکان راپۆرتیان پێشکەش کردووە، لەگەڵ راپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ تەوحید بکرێت، کۆمەڵێك ئیلیتزاماتی بڕیاری فەوری وەکو ئیسعافاتی ئەوەلی بۆ حکومەت دەربکات، بەرنامەی کاتیشی بۆ دیاری بکات، بۆ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ ئەو خۆپیشاندەرانە داوای رەوای خۆیان هەیە، بچێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، ئێمە لەبەرامبەر دەمی فیشەك، کاکە ئێمە لە ساڵی 2005ـەوە مەقەرەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دهۆك و بادینان بە فیشەك کۆمەڵێ گەنج هاتنە سەرمان قبولمان کرد سەرکردەکانمان شەهید بکرێت، قبولمان نەکرد یەك فیشەك بەو خۆپیشاندەرانەوە بنرێت، تەبیعی بوو ئەو خوێناوی نەدەبوو، ئەگەر ئەو کەسانەی لەناو ئەو بارەگایە بوونایە چەکەکانیان دانا بوایە بیانگوتایە ئێوە خەڵکی ئێمەن و کوڕی ئێمەن ئامادەین هەموو شتێك بکەین فەرموو ئەوە بارەگاکەتان تەسلیم دەکەین چی دەکەن بیکەن، دڵنیا بووم یەك قەتەرە خوێن نەدەهاتە خوارەوە، لەبەر ئەوە پێشنیارم ئەوەیە ئێمە پرۆژە، بڕیار نامەیەکی جوان دەربکەین و ئیلتیزامات بەو حکومەتە دەربکەین، بەوەی کە بچێت خۆی راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو خۆپیشاندەرانە بکات، لەگەڵ حزبەکان رێك نەکەوێت، حزبەکان ئەو پەڕی مەوقیفی سیاسی تەسجیل دەکات، بەڵام شارعی بۆ دانامرکێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئیسماعیل مەحمود کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سوپاسی هەموو فراكسیۆنەكان دەكەم، سوپاسی هەموو ئەندامە بەڕێزەكانیش دەكەم، ئەوانەی بەناوی لیژنەوەو ئەوانەی كە پشتیوانی لە راپۆرتەكەی ئێمە كرد، پێموایە هەموو ئەو گوتنانەی كە گوتران، یان لە راپۆرتی فراكسیۆنەكان هەبوون، یان ئەندامە بەڕێزەكان باسیان كرد، زۆربەی زۆری قسەكانیان لە راپۆرتەكەی ئێمەدا هاتووە، بەلاّم رەنگە بەشێوەی جیا جیاو بە گوتنی جیا باس كرا بێت، جگە لە هەندێك خوشك و برای بەڕێزی ئەندام پەرلەمان، كە باسی هەندێك شتیان كرد، ئەوە لە راپۆرتەكەی ئێمەدا نییە وەكو دەست لەكاركێشانەوەی سەرۆكی پەرلەمان و جێگری سەرۆك و هەڵوەشاندنەوەی حكومەت و پەرلەمانەو لە راپۆرتەكەی ئێمەدا نەهاتووە، نە ئێمەو، نە برادەرانی ئۆپۆزسیۆنیش لە راپۆرتەكەیاندا ئیشارەتیان بەوە نەداوە، خۆشمان نەمانهێناوە، بۆیە ئێمە داكۆكی لە راپۆرتەكەی خۆمان دەكەین، پێشنیارمان وایە كە لەگەڵ راپۆرتی تەواوی فراكسیۆنەكان هەوڵ بدرێت بە راپۆرتێكی تێرو تەسەل، یان بە بەیانێكی تێرو تەسەل فورسەتێكمان بدەنێ هەموو ئەو راپۆرتانەی كە لەلایەن فراكسیۆنەكان پێشكەش كراون، لەگەڵ زۆربەی قسەكانی ئەندامە بەڕێزەكان لەو گفتوگۆیانەی كە كرا، بە راپۆرتێكی تێرو تەسەل ئاراستەی حكومەت بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین هەرچی زووە داخوازییەكانی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان جێ بەجێ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز یەكە یەكە، كە زۆر تێرو تەسەل، بە كەیفی خۆتان، بە ئارەزووی خۆتان بەبێ سنوور قسەتان كرد، راپۆرتی هەموو فراكسیۆنەكانیش لێرەیە، ئێمە بۆ ئەوەی ئەوە رێك بخرێت، بۆچوونەكان لەیەك نزیك بكرێتەوە، هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ پێكەوە ئەم راپۆرتانە رێك بخەن، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی بەرچاومان روون بێت كاتێك دێینەوە، یەعنی لەسەر چ بنەمایەك ئێمە مەبەستمانە هەموو ئەو پێشنیارو، یان ئەو هەڵوێستانەی بە فراكسیۆنە جیاجیاكان، یان بە ئەندامانی پەرلەمان بخاتە روو، بەڕاستی دەمەوێت ئەوە روون بێت، ئێمە لەگەڵ بەیانێك نین بۆ ئیدانە كردن، بەس بۆ ئیدانە كردن، یان بۆ بەلێندان، یان بۆ دروست كردنی لیژنە، بەلكو لەگەڵ ئەوەین پرۆژە بڕیارێك دەربچێت، كە حكومەت ئیلزام بكات دەست بە جێ هێزەكانی بكێشنێتەوە، هەموو بەرپرسیارە ئەمنیەكان لە وەزیر..............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دانیشە، تكایە، رجائەن دانیشە، بۆچوونی خۆتان لە پرۆژەیەك داوە وەكو فراكسیۆن، لایەنەكانی تریش دایانە، هەندێك شت لەناو پرۆژەكەدا هاتووە مەربووتە، تایبەتە بەو وەزعەی كە دانیشتنەكەمان بۆ كردووە، هەندێكی بۆ داهاتووە، جیای دەكەنەوە لەگەڵ یەك، ئەوەی بۆ داهاتووە، ئێستا ناڕۆیت مەسەلەن بڕۆیت چاكسازی لە فلان جێ بكەیت، بۆ میسال، بەلاّم ئەوانەی كە مەربووتن،

کە وەزعەکەی هێور دەکاتەوە، ئەو هەرایەی کە ئێستا هەیە، ئەو نائارامیەی هەیە نامێنێت، بۆ خۆتان دابنیشن سەرۆك فراکسیۆنەکانیش دوای ئەوەی هەردوو لیژنە راپۆرتی خۆیان ئامادە کرد لەگەڵ گشت سەرۆك فراکسیۆنەکان دادەنیشین، پێش ئەوەی بێنە ناو قاعە پێداچوونەوەیەکی بۆ دەکەینەوە، کەم و زیادی هەبوو ئیزافەی دەکەین، بەپێی ئیتیفاقی خۆتان، یەعنی ئەمە لە سەرۆکایەتی ئیشی ئێمە نییە، ئیشی خۆتانە، ئیشی پەرلەمانە، دەیهێنینەوە ئێرە لە پێش خۆتان دەخوێندرێتەوە، ئێستا لیژنەی یاسایی، کەرەم بکە کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەقریبەن حەوت سەعاتە دانیشتووینە لەو قاعەیە، بەڕاستی هەموومان ماندوو بووینە، شەرتیش نییە ئێمە ئەو ئیشانە ئێستا بکەین بۆ سەعات نۆ، یان سەعات دە، ئەگەر بکرێت پێشنیار دەکەم ئەوە تەئجیلی بەیانی بکرێت، بۆ ئەوەی بە تەفسیلی بچینە ناو مەسەلەکان و راپۆرتێکی رێك و پێك ئامادە بکەین و پێشکەش بە پەرلەمان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ، ئێوە دەڵێن چی؟

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت ئەمشەو برادەران تاقەتیان هەبێت کۆتایی پێ بێنین باشترە، لەبەر ئەوەی ئێستا شەقام چاوەڕوانمان دەکات، بەڕاستی تاخیری نەکەین بۆ کاتێکی تر، ئەگەر تاقەتیشیان نەبێت، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، دەتوانین دوای بخەین بۆ کاتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وا دەزانم گۆڕانکارییەکان و گەرم و گوڕی شەقام ئەوە دەخوازێت ئەمشەو بیبڕێنینەوە، چونکە زۆرە دە، دوازدە سەعات دوا بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك ئەوەیە، کە ئەمشەو هەمووی تەواو بکرێت، بۆچوونێکی تریش هەیە، ئەمڕۆ لیژنەکان ئیش بکەن، بەیانی سەرۆك فراکسیۆنەکان لەسەری دابنیشن، پاشان بەشتێکی مونەزەم دەربچێت، ئینجا ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمشەو لیژنەکان دابنیشن و بەیانیش سەرۆك فراکسیۆنەکان لەسەری دانیشن و بێین جەلسەکە بکەین؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە سبەی تەواو بێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمشەو تەواوی بکەین، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئەمشەو تەواو

دەکەین، بە تەمای خوا، سەعات (9:30) دەبێت لیژنەکان ئیشی خۆیان تەواو کرد بێت، سەرۆك فراکسیۆنەکان دوور نەکەون، سەعات (10) لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان دادەنیشین لێرە، پاشان بە ماوەیەکی کەم کە تەواومان کردن دێینە ناو قاعە، سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی دانیشتنی دووەم لە 2011/2/23 رۆژی چوارشەممە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، بەرنامەی کار:

1- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی رووداوە نەخوازراوەکانی ئەم دواییەی هەرێم و دۆزینەوەی رێگا چارە بۆیان، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی ئەزموونە دیموکراسیەکەمان وسەروەری یاسا.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، بەڕێزان، کەمێك چاوەڕێ دەکەین تا راپۆرتەکە رادەکێشن و ئێستا دەهێننە ئێرە، لیژنەی یاسایی یەکێکتان، دووانتان تەشریف بێنن، ئێوەش لێرە بن، کاك ئیسماعیل کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ بڕیار**

پشت بەستن بە بڕگەی (1) ی ماددەی 56 لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوی پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1)ی ڕۆژی 2011/2/23ی خۆیدا، کە تایبەت بوو بە بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن و لێکۆڵینەوە لە خۆپیشاندانەکانی پارێزگای سلێمانی و ئەو داواکاری و دەرهاوێشتانەی کە لە ئەنجامی خۆپیشانەکاندا کەوتۆتەوە لە تەقەکردن و شەهیدو بریندار بوونی خۆپیشاندەران و هێزەکانی ناوخۆو سووتاندنی بارەگاو هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەگەڵ داواکاری خۆپیشاندەراندا، ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

1- ئیدانە و تەحریم و تەجریم کردنی توندوتیژی و تەقەکردن لەهاووڵاتیان و هەڵکوتانە سەر بارەگا فەرمیەکان و حزبیەکان و زیانگەیاندن بە ماڵی گشتی و تایبەت لە هەر لایەکەوە.

2- کشانەوەی دەست بەجێی سەرجەم هێزە جووڵە پێکراوەکان، کە بە هۆی ڕووداوەکانی ڕۆژی 2011/2/17 جووڵەیان پێکراوە بۆ گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی و گەڕانەوەیان بۆ بارەگاکانیان.

3- ئازاد کردنی سەرجەم ئەوانەی بە هۆکاری بەشداربوون لە خۆپیشاندان دەستگیرکراون، ئەوانەش تاوانیان کردووە، ڕادەستی دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس بکرێن.

4- حکومەت بەگوێرەی یاسا، قەرەبووی ماددی و مەعنەوی سەرجەم ئەو کەس و لایەن و دەزگاو هێزانە بکات، کە بە هۆی پەلامارو توندوتیژیەوە زەرەرمەند بوون.

5- پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەران، تەنها بە هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆ و پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان بسپێردرێت، شوناس (ناو، باج، شوێنی کار)ی هێزە پارێزگارەکان ئاشکرا بێت و نەهێڵدرێت هیچ کەسێك بە دەمامك و ئوتومبێلی جام ڕەش هاتوچۆ بکات.

6- هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو جۆرە ململانێیەکی سیاسیی ناوخۆیی بە دووربێ و ئەرکی نیشتمانیی خۆی وەك هێزێکی نیشتمانی و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات.

7- پێویستە لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە، کە لەلایەن حکومەتەوە پێکهاتووە، لە لایەن ئەندامێکی دادگای تەمییزەوە سەرۆکایەتی بکرێت و ئەندامەکانی کەسانی شارەزاو بێ لایەن بن و بە زووترین کات ئەنجامەکەی بخەنە بەردەم ڕای گشتی.

8- لەمامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا، کەمتەرخەمی لەلایەن دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشدا هەبووەو دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەبێ لایەنی کەمتەرخەم ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بکرێت، هەروەها بەرپرسی دەزگا ئەمنیەکان ئەوانەی کەمتەرخەمیان نواندووە، بەگوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

9- نابێ بەبێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپیشاندەرێك بەهۆی بەشداری کردنی لەخۆپیشاندان دەستگیر بکرێ.

10- بڕیاری جووڵاندنی هێزی سەربازی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر نابێت ئەنجام بدرێ، تەنها لەحاڵەتی بوونی مەترسیی دەرەکی نەبێت.

11- دەستبەجێ ئەنجامدەرانی سووتاندنی کەناڵی نالیا، ڕێوشوێنی یاساییان لەبەرامبەردا بگیرێتەبەرو بدرێنە دادگا.

12- بەمەبەستی چاکسازی ریشەیی و گشتی لەلایەن فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی ناو پەرلەمانەوە، بەهاوکاری ئەنجومەنی وەزیران و سوود وەرگرتن لە لایەنە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مامۆستایانی زانکۆو پسپۆران و خەڵکانی بێ لایەن و دڵسۆز پرۆژەی چاکسازی ئامادەو پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ، بۆ گفتوگۆکردن و چاودێری جێبەجێ کردنی بە زووترین کات.

13- پێویستە حکومەت دەست بەجێ چەندین بڕیاری گرنگ و بە پەلە دەربکات، کە پەیوەستە بە باشتر کردنی باری گوزەرانی خەڵکی و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کرانەوەی زیاتری فەزای سیاسی و ئازادی.

14- هەموو لایەك هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو راگرتنی هێرشی راگەیاندنی حزب و لایەنەکان بدات.

15- بانگهێشت کردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە بۆ پەرلەمان، بۆ روونکردنەوەو لێپرسینەوە، بەپێی رێکارە یاساییەکان.

16- زەمینە سازکردن و پشتگیری کردنی ئەنجامدانی دیالۆگی نیشتمانیی سیاسی لەنێوان ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەمەبەستی هێنانە ئارای پێکەوە سازانی یاسایی، سیاسی بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە خاوەنی رەهەندی سیاسیی و نیشتمانیان هەیە.

17- پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لەنوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بەمەبەستی بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازی خۆپیشاندەران. لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوەی گوێتان لێ بوو، گشت لایەنەکان لەسەری موتەفەق بوون، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز ئومێدەوارین کە زۆر بە جددی پشتگیری بکرێت و هەوڵ بدەین لە هەموو مەجالێك کاری لەسەر بکرێت و بە ئومێدی ئەوەی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ئارام بێتەوە، هەموو کەسێك بەپێی یاسا مافی پارێزراو بێت، زۆر سوپاس، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**چوارشەممە رێکەوتی 2\3\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

## چوارشەممە رێکەوتی 2011/3/2

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2011/3/2  پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی دەسپێکی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بــەپێی حوکمــەکانی بڕگــە (1)ی مــاددە (20) لــە پێــڕەوی نــاوخۆی ژمــارە (1)ی هــەموارکراوی ســاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشـتنی دەسـپێکی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2011/3/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی دەستپێك، ڕۆژی دانیشتن 2011/3/2، ڕێو ڕەسمی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەلەمانی کوردستان - عێراق، بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (5)ی هەر دوو بڕگەی (1، 2) لە مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراودا بڕیار درا کاتی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 3/2 /2011دا بێت، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

بەڕێزان، ئێستا خاڵی یەکەمی بەرنامە/ دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق و شەهیدەکانی ئەو دواییەی کارەساتی خۆپیشاندانەکان لەناو هەرێمی کوردستان، دەقیقەیەك بوەستن، فەرموو، زۆر سوپاس.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ وتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

پێش خوێندنەوەی وتارەکە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە مۆڵەت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، ئێستا جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری بەڕێزێك دەکات، کە دەوری سکرتێر ببینێت، تاکو بەڕێز کاك فرسەت احمد دەگەڕێتەوە لە مۆڵەتەکەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پەرلەمانتارانی بەڕێز.**

من پێشنیار دەکەم ئەو ماوەیە کاك شێروان حەیدەری وەکو سکرتێری پەرلەمان دەست نیشان بکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی کارەکانمان بە ئاسایی و یاسایی جێ بەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، بەڕێزان، ئێستا ڕێزدار کاک شێروان حەیدەری کاندید کرا، بۆ ئەوەی وەکو سکرتێری پەرلەمان دەوری خۆی ببینێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، کاک شێروان کەرەم بکە بۆ شوێنی خۆت.

بەڕێزان، ئێستا خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ وتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بەم بۆنەیەوە.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم کاتەتان باش، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە مادده (17)ی بڕگە (2)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کوردستان پێماندراوە، خولی گرێدانی دووەم لە ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق دەکەینەوە، بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین، هیواداریین لەم خولە نوێیەدا بتوانین ئەرکەکانی خۆمان وەکو پەرلەمانتار بەباشی ڕاپەڕێنین، کە جێگای بڕواو متمانەی خەڵکی کوردستان بێت.

بەڕێزان، هەر بەم بۆنەیەوە دەست پێکردنی خولی گرێدانی دووەم لە ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، لە سەرەتای کردنەوەی ئەم دانیشتنەدا موژدەی ئەوەتان پێ دەدەم، کە هەر ئەمڕۆ پەخشی ئەزموونی کەناڵی ئاسمانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ کردنەوەی ئەم دانیشتنە دەستی پێ کرد، ئێستا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم دانیشتنە لە کەناڵی ئاسمانی پەرلەمانی کوردستان لە هەردوو کۆمەڵەی نایلسات و عەرەبسات بەشێوەیەکی تەجریبی پەخش دەکرێت، بەم هەنگاوەش دەتوانین هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ بۆ خەڵکی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بگوازینەوە وەکو خۆی، بۆ ئەوەی وەکو کۆمەڵانی خەڵك ئاگاداری گفتوگۆیەکانی ئەندامان و دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بن، ئەم کەناڵە دەبێتە دەنگی ڕاستی و حەقیقەت و بڵندگۆی ئازادانەی پەرلەمانی کوردستان بە گشت فراکسیۆن و لیست و پێکهاتەکانەوە، بەبێ جیاوازی دەبێتە پردێکی پەیوەندی بەهێز لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵك، بەمەش پەرلەمانی کوردستان هەنگاوێکی تری گرنگ لەڕووی گەشە پێدانی کاری ڕاگەیاندن دەچێتە پێشەوەو دەبێتە یەکەم پەرلەمانی ناوچەکە، کە خاوەنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەتی بەخۆی دەبێت.

بەڕێزان، لەماوەی پشووی پەرلەماندا، بەهۆی خۆپیشاندانەکان لە سلێمانی چەند ڕووداوێکی نەخوازراو لە هەرێمی کوردستان هاتنە پێشەوە، کە بەداخەوە شەهیدو بریندراری لێ کەوتەوە، لێرەوە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانەو، داوا دەکەین و تەمانا دەکەین بریندارەکان بە زووترین کات خوا شیفایان پێ بدات و، داواش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەو بریندارانەی پێویستیان بە چارەسەری هەیە لە هەر شوێنێکی دنیا بەدەنگیانەوە بچن و بیاننێرن، بۆ ئەوەی شیفای تەواو و تەندروستێکی تەواویان بۆ بگەڕێتەوە، دیارە خۆپیشاندان بەپێی یاسا مافێکی سروشتییەو مافی هەموو

کەسێکە خۆپیشاندانی هێمنانەو ئاشتیانە ئەنجام بدات، مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە، بەپێی یاسای ژمارە(11)، یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان وگردبوونەوەی جەماوەری، خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ڕێك بخەن، ئەمەش مافێکی دەستووری دانیشتوانی ئەم هەرێمەیە، بۆیە هاووڵاتیان ماف خۆیانە بەو پەڕی ئازادی و ڕێزەوە داخوازی و ناڕەزاییەکانی ئەو کێشانەی هەیانە بیخەنە ڕوو، داوای چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکەن و لایەنەکانی دەسەڵات و خەڵکی کوردستانی لێ ئاگادار بکەنەوە، بەڵام لە چوارچێوەی یاساو دوور لە توندوتیژی، هەروەها ئەرکی حکومەتی هەرێمە زۆر بە جددی گوێ لە خواست و داواکاری خۆپیشاندەران بگرێت و بە هەنگاوی عەمەلی چارەسەری کەموکوڕییەکان بکات، ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران بەپێی یاسا، لەهەمان کاتدا ئەو لایەنانەش بپارێزێت، کە خۆپیشاندانیان لە دژ دەکرێت، بۆ ئەوەی گیان و موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی و ئارامی هاووڵاتیان و شارەکان لە کاری توندوتیژی بپارێزرێن، هەر لە سەرەتای ڕووداوەکان سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت ولایەنە پەیوەندارەکان لەپەیوەندی بەدوا دواچوون بووە، سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ کۆبۆتەوە، داوایان کردووە وەزیری ناوخۆ بێتە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە بۆچوونەکانیان بدەن، لەبەر ئەوەی وەزیری پێشمەرگە لە ئەرکی پاراستنی هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران و شوێنە گشتیەکان بوو، وەزیری ناوخۆ بە نوێنەرایەتی ئەویش لە لیژنەکە ئامادە بوو، لە هەمان ڕۆژیش سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و لیستەکان و لایەنەکانی پەرلەمان دانیشتن، هەر ئەو ڕۆژەش لیژنەی ناوخۆ دانیشتنی خۆیان هەبوو، بۆ ئەوەی بەرنامەی خۆیان دابنێن و بچنە مەنتیقەو لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بن و ڕاپۆرتیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بگەڕێننەوە، دواتریش سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە، سەرۆکی پەرلەمان داوای کرد دانیشتنێکی نائاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، کە لە 23ی شوبات دانیشتنی نائاسایی بەسترا، بۆ گفتوگۆ دەربارەی ڕووداوەکان، کە تیایدا دوای ئەوەی کە گشت سەرۆك فراکسیۆنەکان بە ڕاپۆرت بیرو بۆچوونی لایەنەکانی خۆیان ئاراستەی پەرلەمان کردو، پێشتریش کە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتن ئەنجام درا بوو، هەروەها ئەو دانیشتنەی کە لە (12)ی نیوەڕۆوە تاکو بیست و پێنج دەقیقە دوای دوازدەی نیوە شەو بەردەوام بوو بە دوو مەرحەلە، یەکەم/ زیاتر لە ماوەی شەش سەعات وچل دەقیقەی خایاند، کە گشت ئەو بەڕێزانەی ویستیان موداخەلە بکەن، زۆر بە ئازادانە بە دوورو درێژی ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر بابەتەکەداو، گفتوگۆیەك لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و چارەسەری کێشەکانی کە کرا، پاشان ڕاپۆرتەکان ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کرا، لە دانیشتنێکی دوورو درێژی شەودا، لە ئاخیردا بەسەرپەرشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاپۆرتێکی (17) خاڵی پێك هێنرا، بۆ بەدواداچوون و بەدەنگی خەڵکەوە چوون و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە خۆپیشاندان دەکەن گوێیان لێ بگیرێت و ئێش و ئازارەکانیان بگەڕێننەوە، لیژنەیەکی تایبەت لە خاڵی (17)ی بڕیارەکە، کە قەرار بوو پێك بهێنرێت لە گشت فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، بەبێ جیاوازی، لیژنەکە پێك هێنرا، سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنی لەگەڵیان کردو کەوتە ڕێ بەرەو سلێمانی و ناوچەکە، لەوێش لەگەڵ گشت لایەنەکان دانیشتن

و بەردەوامیش لە پەیوەندی تەلەفۆنی بووین لەگەڵیان، بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزانەیان هێنایە ئێرە، هی مامۆستایانی ئاینی، هی مانگرتووانی بەردەرگای سەرا، هی مامۆستایانی زانکۆ، هی چەمچەماڵ هەموویان هێنایەوە ئێرە، چەند دانیشتنی یەك لە دوای یەك لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، هەندێك لە دانیشتنەکان بەردەوام دەبوو تا دوای نیوە شەو، دوای دوازدەو بیست و پێنج دەقیقە، دوازدەو نیوی شەو، لەکۆتاییدا راپۆرتەکەیان ئامادە کردو، داوایان لێکرا کە تەقسیم بەندی تێ بکەن، کامەی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە؟ چی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە؟ کامەی پەیوەندی بە لایەنە سیاسیەکانەوە هەیە؟ دووبارە ئامادەی بکەن، هەروەها ئەو کارانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان لەو ماوەیە کرا لەگەڵ بۆچوونی لایەنەکانی کە هاتووە، هەموو لە کتێبێك بەنیسبەت سلێمانی و بەنیسبەت مەنتیقەکانی تریشەوە بە دوو شێوەی جیاواز، کە حازر کراو درایە سەرۆك فراکسیۆنەکان، بۆ ئەوەی راو بۆچوونی ئەندامەکانیان و لایەنە سیاسیەکەیان لەسەر بدات، ئیتیفاق لەگەڵ لیژنەکە کرا، کە رۆژی پێنج شەممە جارێکی تر لەگەڵ سەرۆك لیژنەکان و لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان دابنیشین، بۆ ئەوەی راوبۆچوونمان لەسەر ئەوە کۆك بێت، ئینجا لەگەڵ خۆپیشاندەران بەردەوام بین لە گفتوگۆ کردن، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکەی ئەو بەڕێزانە بە رێگەی یاساییەوە پێی هەڵساون بەپێی یاسا جێگیر بێت، من خۆم شەخسی لەگەڵ ئەو ئەندامانەی کارا لەناو خۆپیشاندانەکان لە تەلەفۆنی بەردەوامین، ئومێدیشمان زۆرە، کە ئەو کارانەی روویدا بە خۆشی و بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان تەواو بێت، ئێمە هەموو ئەو کەسانەی لەناو کوردستانن، خاوەن هەر بیرو رایەکی سیاسی بن، لە هەر لایەنێك بن کورِو کچی ئەم هەرێمەن، مافیان هەیە و ئەرکیش لەسەر شانیانە، بۆیە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین ئارامی بپارێزن، هێمنی بپارێزن، بۆچوونەکانیان بە دڵنیاییەوە ئەو چاکسازییانەی لە داخوازییەکانیان هاتووە، چاکسازییەکان دەست پێ دەکات، ئەوانەی لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانەو بۆ بەردەوام بوونی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان و بەهێز کردنی، هەر لەو دانیشتنە نائاساییەی کە بەپێی بریاری ژمارە (1)ی دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان، بانگهێشتی بەڕێزان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە لە هەفتەی داهاتوو دەکەین بۆ ئەم پەرلەمانە، لێرەش ئەوانیش قسەی خۆیان هەبێت، ئێوەی بەڕێزیش ئەو پرسیارو لێپرسینەوەو روون کردنەوانەی کە لێتانتان دەوێت و بریاری ئەخیریش بۆ پەرلەمانی کوردستانە لەو بارەیەوە، بەپێی ئەو بریارەی کە داومانە پێویستە ئامادە بن، لە هەمان کاتیش ئەو (17) خاڵەی هاتووە، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان مولزەمین بەدواداچوونی تەواوی بۆ بکەین، وەکو خۆشی بەبێ دەستکاری جێ بەجێ بکرێت، پێویستە خاڵەکان کە پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە دوازدە سەعات دانیشتنی خۆی بریاری پێداوە حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەمە جێ بەجێی بکات، دەبێت جێ بەجێی بکات، ئەرکی ئێوەی بەڕێزیشە زۆر بە جددی و بە وردی لەدوای بن، بۆ ئەوەی بزانرێت لەکوێ خەلەل دەکرێت، لە کوێ خەلەل ناکرێت؟ بەداخەوە تاکو ئێستاش لە هەندێ شوێن پێشێلکاری هەیە، تەقە دەکرێت و لە هەندێ شوێنیش هەرچەند زۆر ئارامترو کەمتر بووە، پێویستە هیچ نایاساییەك نەکرێت، ئەوانەی کە زیندانی کراون، ئەوانەی تاوانیان نەکردووە، کە زیندان کراون بەهۆی خۆپیشاندانەوە، کە ئەو هەواڵەی بە ئێمە گەیشتووە ئازاد کراون، هەندێکیش

مابوون دویَنیَ ئازاد کران، ئەگەر ماشبیَت ئەرکی ئیَوەی پەرلەمانتارە بە دواداچوونی جددی بۆ بکەن، بۆ ئەوەی کەس لەسەر ئەو رووداوە لە زیندان نەما بیَت و، یاسا بە وردی بەکاری خۆی هەڵبستیَت، ئەو لیژنەیەش بۆ لیَکۆڵینەوە بەسەرپەرشتی ئەندامیَکی مەحکمەی تەمییزی بیَت، ئەویش پیَکهیَنراوەو دەست بەکار دەبن و ئەندامەکانیشی وەکو ئیَوەی بەڕیَزو گشت کوردستان بلاّو دەبیَتەوە.

هەروەها بەنیسبەت ئیَوەی پەرلەمانتار لە هەر شویَنیَك بن، پیَویستە زیاتر بە ئەرکی خۆتان هەڵبستن، بە تەئکید تاکو ئیَستا کاری باشتان کردووەو بەردەوام بوونە، من سوپاسی ئەو ئەندامە بەڕیَزانەی پەرلەمان دەکەم، کە چوونە ناو خۆپیشاندانەکان و لە نزیکەوە لەگەڵیان یەکیان بینی و قسەیان بۆیان کردو تەوزیحی وەزعەکەیان کرد، زیاترو زۆرتر بەو کارە هەڵبستن، هەرچەند لیژنەیەکی تایبەتمان هەیە بۆ ئەو کارە، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئیَمە لەبیرمان نەچیَت نویَنەری ئەم خەڵکەین، ئەم مەنبەرە مەنبەریَکی پیرۆزە، بۆ لەیەك نزیك بوونەوەی هەموو بیروبۆچوونەکان بەبیَ جیاوازی، ئیَرەش ببیَتە مەنمبەریَکی ئیعلام و راگەیاندن بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، ئەوەی ئیَش و ئازاریَکی لەدڵدا هەیە، بتوانیَت لەم پەرلەمانەوە بە خەڵکی کوردستانی بگەیەنیَت، لەناو لیژنەکان، لەناو پەرلەمان، لە وەختی گفتوگۆیەکان بە ئازادانە بەبیَ ئەوەی هیچ سانسۆری لەسەر بیَت، بەتایبەتیش کە ئیَستا کەناڵی ئاسمانی پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەبیَ دەستکاری هیچ بڕگەو وتەی هیچ بەڕیَزیَك بە ئازادانە شویَنەکان و ئیَشەکانیان و ئازارەکانیان بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و دنیا بلاّو دەبیَتەوە، هیچ بەهانەیەك نامیَنیَت، بۆ هیچ کەسیَك بڵیَت و بوتریَت ئیَمە سانسۆر دەکریَین، یان قسەکانمان دەرناچیَت، کەناڵ کەناڵی حزبیَك نییە، هی لایەنیَك نییە، هی شەخصیَك نییە، حەقیقەتی وەزعی ناو ئەو پەرلەمانەو ناو لیژنەکان دەردەخات، هەر پەرلەمانتاریَکیش لە وتەو لە قسە کردنی لەناو پەرلەمان ئازادە، ئەو بیرو بۆچوونەی هەیە کە بە ئازادانە دەریببڕیَتن.

بەڕیَزان، خوشکان و برایانی بەڕیَز.

لەم قۆناغە هەستیارەو ناسکە کە عیَراق و ناوچەکەو هەریَمی کوردستانی پیَدا تیَ دەپەڕیَت، رووداوەکانی هەفتەی رابردوو لە عیَراق و ناوچە دابڕاوەکان، ئەو راستییەیان سەڵماند کە هیَشتا هەڕەشەو مەترسی راستەقینە لەسەر دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی و ناوچە دابڕیَنراوەکانی هەریَمی کوردستان و ماددەی 140 هەیە، بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو رۆژیَك زیاتر پیَویستیمان بە یەك ریزی و هاوخەباتی هیَزە سیاسیەکان و کۆمەلاّنی خەڵك هەیە، بۆ دریَژەدان بە خەبات، تا بە دەستهیَنانی تەواوی مافەکانمان، بەتایبەتی گیَڕانەوەی ناوچە کوردستانیە دابڕیَنراوە کیَشەلەسەرکان و جیَ بەجیَ کردنی ماددەی 140، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ناوچەکە بە گشتی باریَکی تایبەت هاتۆتە پیَشەوە، ئەگەر یەك هەڵوَیستی خۆمان بپاریَزین، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بەتەواوی خواست ومافە نەتەوایەتیەکانمان بگەین، چونکە نەبوونی یەك هەڵوَیستی دەمانگیَڕیَتەوە بۆ خاڵی سفر، کە ئەمەش خواستی هیچ کەسیَکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر نییە لەم کوردستانە، ئەم ئەزموونەی بە دەستمان هیَناوە ئەزموونیَکی پیرۆزە، ئەزموونی خەڵکی کوردستانەو بەرهەمی خەباتی میللەتەکەمانەو خویَنی پیَشمەرگەو شەهیدو ئەنفالکراوەکانە، دەبیَت وەکو چاومان بیپاریَزین، لە هەمان کاتیش داوا بکەین چاکسازی دروست و بنەڕەتی لەم هەریَمە بکریَت، ریَگا لە گەندەڵی بگیریَتن، دامودەزگاکان بەدەوری خۆیان هەڵبستن، دابەشی دەسەلاّت هەر دامەزراوەیەکی یاسایی بەکاری دروستی خۆی دەست بەکار بیَت و تەداخول لە ئیش و کارەکان نەبیَت،

لایەنێك بەناوی حزب، یان خزمی بەرپرسێك نەتوانێت تەئسیر لە ڕێرەوی ئیشوكاری پەرلەمان و حكومەت و قەزاو هەر دامەزراوەیەكی ناو ئەم هەرێمەدا هەیە، بكاتن، ئەگەر ئەوەمان كرد سەركەوتنی سەد لە سەد بە دەست دەهێنین، ئەگەرنا تەمەنا دەكەین كە ئەوەی دوایی روونەدات، ئینجا تووشی زۆر وەزعی تری نالەبار دەبین.

بەڕێزان، لەماوەی پشووی پەرلەماندا لیژنەكانی پەرلەمان و هەندێك لە خوشك و برا پەرلەمانتارەكان لە رووی چاودێری حكومەت و سەردانی مەیدانی بۆ ناوچە جیاجیاكان، دیراسەت كردنی پرۆژە یاساكان بە ئەركی خۆیان هەڵستان و دەورێكی كارایان بینیوە، ئیشێكی باش لەو بوارانەوە كراوە، بۆیە جێی خۆیەتی دەستخۆشیان لێ بكەین و لێرەدا جێی خۆیەتی بە كورتی ئاماژە بەو چالاكیانە بدەین، كە لەو ماوەیەدا ئەنجام دراوە.

بەڕێزان، لەو ماوەیەی پشوو، كە ناوی پشووە، بەڵام بەڕێزتان دەزانن كە تەنها دانیشتنی فەرمی ناو هۆڵی پەرلەمان ئەنجام نادرێت، دانیشتنەكانی سەرۆكایەتی پەرلەمان بەشێوەیەكی گشتی (71) دانیشتن لەم پشووە ئەنجام دراوە، لەگەڵ لیژنەكان و لایەنەكانی تر، نووسراوی هاتوچۆ و سەرۆكایەتی و كاروباری پەرلەمان و لیژنەكان، كە لەم ماوەیەدا ئەركێكی خۆمانە، بەڵام حەقی خۆشمانە بزانرێت، مافی خەڵكی كوردستانیشە، بزانرێت كەچی كراوە؟ (1738) نووسراو لە نێوان سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەكان و كاروباری پەرلەمان و حكومەت هاتوچۆی كردووە، ئەمەش بە بەلاش نەبووە، دیارە بەرهەمی كاری ئیشی پەرلەمانتاران بووە، بۆ چاودێری و بۆ هەر بابەتێك، كە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستانەوە هەبێت، (1738) نووسراو لەو فەترەیە هاتوچۆی كردووە، كە تەفاسیلەكانی لێرەیە، بۆ هەر بابەتێك رۆیشتووەو لەبەردەستمانە، لیژنەكان لەگەڵ لیژنە كاتیەكەی كە بەم ئەخیرە پێك هات (106) دانیشتنی كردووە، لیژنەكانی پەرلەمان لەم پشووە كە ناوی پشووە (106) دانیشتنی خۆی فەرمی كردووە، بۆ بەدواچوونی ئیشەكان، پێنج وەزیرو یەك بریكاری وەزارەت و پازدە بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسی دامودەزگاكانی هەرێم بانگ كراونەتە لیژنەكانی پەرلەمان و سەرۆكایەتی، ئەو (71) دانیشتنەی كە باسمان كرد لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و كۆبوونەوە لەگەڵ فراكسیۆن و لیژنەكانی پەرلەمان و كۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵ و بەرپرسانی بیانی لە وڵاتانی دەرەوەو رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و ناوخۆو دەرەوەو گوێگرتن لە هاووڵاتیانی ناوچە جۆراوجۆرەكانی كوردستان بە ناوچە كێشە لەسەرەكانەوە، رێكخستنی ووٚرك شۆپ و سیمینارو كۆنفرانس و یادی 65 ساڵەی دامەزراندنی كۆماری كوردستان لە مەهاباد بەرهەمی ئەوانە بووە.

بەڕێزان، بڕیارە لەم نزیكانەش بودجەی هەرێمی كوردستان، كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر كراوە دێتە بەردەست ئێوەی بەڕێز، دێتە ئەم پەرلەمانە، لە لیژنەی دارایی، لە لیژنەكان، لە ئەندامانی پەرلەمان لەناو ئەم پەرلەمانە، ئێمە لەسەرۆكایەتی پەرلەمان داوامان لە ئێوەی بەڕێزە یەك، یەك بە ویژدان بەو پەڕی مەسئولیەتەوە بە هەموو تواناكان سەیری میزانیە بكرێت بەو پەڕی شەفافیەتەوە، بۆ ئەوەی هەر خاڵێك، هەر دینارێك لەبەرژەوەندی خەڵكی كوردستان بەكار بهێنرێت، ئەگەر شتێك غموزی لەسەر بوو، یان روون نەبوو، یان زانیتان لە بەرژەوەندی هەرێمی كوردستان نییە، ئەركێكی نیشتمانی ئیلاهی و ویژدانییە لەسەرتان قەبولی نەكەن، بۆیە واجیبی ئێوەی بەڕێزە، ئەم پەرلەمانە پەرلەمانی كوردستانە، نوێنەری خەڵكی كوردستانە، ئەو میزانیەی دێت واجیبمانە بەو پەڕی عەدالەت و

ویژدانەوە لەسەری کار بکەین، من دڵنیاشم لەوەی کە دەیکەن، ئومێدەوارین لە کاتی هاتنی بودجە هەموو زۆر بەجددی هیلاکی کات لەلاتان گرنگ نەبێت، کات زۆر موهیمە، بەڵام بە فیڕۆدانی خراپە، کاتەکان بە گرنگ وەربگرن، زیاتر لە دەوامی تەبیعی ئێوەی بەڕێز خەریکی بن و موناقەشەی لەسەر بکەن، گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئەوەی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت لە گشت بابەتێکەوە موافەقەتی لەسەر بکەین، ئەوەی نا هەموار بکەین، رەدی بکەین، بۆ تەنسیقێکی تەواویش لەگەل وەزیرە بەڕێزەکان، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم بابەتە هەبێت، ئێمە دڵنیاین ئەوانیش لەو روانگەیەوە ئینتیزاری دەکەن، کە پەرلەمانەکەیان بە هەمان شێوە پشتیوانیان بکەین.

بەڕێزان، ئێوەی بەڕێز بەگشتی بەو پەڕی مەسئوولیەتەوە حازر بن بۆ دیراسەت کردنێکی وردی ئەو میزانیەی کە دێتە پێش دەستی ئێوە، لێرە دەگەڕێمەوە جارێکی تر دەڵێم لە کردنەوەی خولی پێش ئەم خولەش تەئکیدم لەسەری کردەوە، ئەگەر لەبیرتان بێت لە خاڵی چواردە لە وتارەکەمان، تەئکیدمان کردەوە سەبارەت بە ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە لەسەر یەك هەڵوێستی کرد، ئێمە لەناو هەرێمی کوردستان ئەگەر یەك هەڵوێستیمان هەبێت، دەتوانین مافەکانی خۆمان بەدەست بهێنین و بەئاشتی، بە سەعادەت لەناو ئەم هەرێمەدا بژین، بەڵام ئەگەر نەتوانین ئەم یەك هەڵوێستیە رابگرین، ئینجا ئەوەی هەشمانە لەکەدار دەبێت و لاواز دەبێت و لەوانەشە لە دەستمان بڕوات، بۆیە ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە، ئێمە هەرێمێکین لەناو عێراق، ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین، هەرێمێکین لەناو عێراق کێشەمان لەگەڵ بەغدا هێشتا زۆر ماوە، پارچەیەکی زۆری عەزیز لەم کوردستانە دابڕاوە، هێشتا چارەسەر نەکراوە، شوێنە کێشەدارەکانە لە سنجارەوە تا بەدرەو جەسان، مەندەلی، خانەقین، دوز، داقوق، کەرکووك، مەخموور، دەوروبەری مووسڵ، کە ئەو خوشك و برایانەمان لەوێن، ئێستا بەو پەڕی نارەحەتیەوە لەبەر هەڕەشەی شۆڤینیەکانن، پێویستە کار بکەین پێکەوە لەناو کوردستان، بۆ گەڕاندنەوەیان بەپێی یاسا، بەپێی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، ئینجا هەر لایەنێك و هەر کەسێك چۆن بیر دەکاتەوە ئازادە، بەڵام ئەمڕۆ پێویستمان بە یەك هەڵوێستی و یەك ریزی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین مافەکانی خۆمان بەدەست بێنین، بۆیە ئەرکمانەو واجبە لەسەر هەموومان بە ئەو پەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵ بدەین و دوور لە هەر بیرو بۆچوونێکی سیاسی وەکو خەڵکێکی ئەم نیشتمانە یەك هەڵوێست، یەك دەنگ بین بۆ پاراستنی گشت دەستکەوتەکان و جێ بەجێ کردنی ئەوانەی کە هێشتا جێ بەجێ نەبوونە، جودانە لە بیری حزبایەتی لەکام حزب، یان لە کام تەرەفی دەسەڵات، یان ئۆپۆزسیۆن، ئێمە هەموومان بەرپرسین لە پێش ویژدان و مێژوو و میللەتمان بەرامبەر راگرتنی ئەو یەك هەڵوێستیە، بۆیە من جارێکی تر لێرەوە بە ئێوەی بەڕێز دەڵێم لەگەڵ خوشك و براکانتان ئەوانەی ئێستا خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن زۆر لە نزیکەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن ئێش و ئازارەکانیان وەربگرن و دڵنیایان بکەن لەوەی چاکسازییەکی بنەڕەتی باش لەم کوردستانە دەبێت و هەموو دەزگاکانی ناو ئەم هەرێمە ماددەی چاکسازیین و کاریشیان بۆ کردووەو پێش ئێستاش کاریان بۆ کردووە، ئینجا وەختی ئەوە هاتووە بکەوێتە واقیعی عەمەلیەوە، نەك تەنها بەس تەشخیص و وتار بێتن، ئینجا لە واقیعی عەمەلی ئەو وەزعەی لەناو هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەگەر بەو عاقارە بیبەین توندوتیژی هەبێتن، ئەگەر بەو عاقارە بیبەین ئارامی نەبێت، ئەوە تەنها و تەنها لە

بەرژەوەندی گەندەڵکارانە، مەیدانیان بۆ چۆڵ دەبێت بە کەیفی خۆیان ئیدامە بە گەندەڵکارییەکان بدەن، بەڵام بە یەك هەڵوێستی ئێمە، بە ئارامی ئێمە، بە سوور بوونی پەرلەمانی کوردستان لەسەر چاکسازی و ڕێگەگرتن لە گەندەڵی، ئێمە بە ئامانجی خۆمان دەگەین، بەڵام خوانەکردە وەزعەکە بە عاقارێکی ترەوە بڕواتن، بۆ ماوەیەکی تری دوورو درێژ ئەوانەی گەندەڵیان دەکرد، ئەوانەی ماڧ میللەت لە ژێر پایان دادەنێن، بەردەوام دەبن لەسەر کارەکانیان، بۆیە لێرەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین ئارامی بپارێزن، من سوپاسی هەندێ لایەن دەکەم، هەندێ ڕێکخراو، هەندێ کەسایەتی، کە بە راپۆرت ئێمەیان ئاگادار کردەوە، دەڵێن ئەم هەرێمە هەرێمی ئێمەیە، تەنها هەرێمی ئەم حزب و ئەو حزب نییە، ئەم ئارامییە ئێمە بەرز سەیری دەکەین، کە ئارامی، ئیستیقرارێك لەناو کوردستانە، دەڵێن ئەو وەزعەی هاتۆتە کایەوە بەرهەمی خەباتی میللەتەکەی ئێمەیە، بە چاومان دەیپارێزین، بەڵام دەبێت چاکسازی بکرێت، بەڵام دەبێت گەندەڵی نەمێنێت، بەڵام دەبێت ئەوانەی کە ماڧ میللەت ژێر پێ دەخەن بە سزایی یاسایی خۆیان بگەن، لێرە جارێکی تر پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێزو لە گشت خەڵکی کوردستان دەکەم، دووبارە کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی پەرلەمانی کوردستان پیرۆز دەکەم لە گشت ئینسانێکی ئازادیخوازو لە خۆمان، دووبارە سەرەخۆشی دەکەم لە کەسوکاری ئەو شەهیدانەی کە بە داخەوە لە مانگی دوو، لە خۆپیشاندانەکاندا گیانیان لە دەستداو تەمەنای شیفا بۆ بریندارەکان دەکەم، هەر بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، تەمەنا دەکەین دووبارە نەبێتەوە، بەردەوام دەبین لەدانیشتنەکانمان، بەردەوام دەبین لە کاری پەرلەمان و دانیشتنەکانمان، لە هەفتەی داهاتوو زۆر بە موکەسەڧ لەگەڵ لیژنەی بەپێی بڕیاری ژمارە $(1)$ی دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان لە $2/23$، کە پێك هێنرا بوو، بەردەوام دەبین لەگەڵ لیژنەکە، بەردەوام دەبین لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان، بەدواچوونی خۆمان بە جددی دەکەین لە پەیوەندی و لەسەر خەت دەبین، چ لەگەڵ خۆپیشاندەران، چ لەگەڵ ئەوانەی لە حکومەتن، بۆ ئەوەی وەزعەکە بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بگەڕێتەوە، ئەوانەی کەیفیان بەم هەرێمەو بەم کوردستانەو بەناوی کوردستان نایەت، مەرامیان لەجێی خۆی جێگیر نەبێتن، دووبارە بەخێرهاتن و سوپاس بۆ گوێگرتنتان و ئامادە بوونتان، خوای گەورە پیشتوانتان بێت و تاکو دانیشتنێکی تر کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین بەخێرو سەلامەت، زۆر سوپاس.

| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| --- | --- | --- |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**هەینی رێكەوتی 4\3\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) ی نائاسایی

**هەینی رێكەوتی 2011/3/4**

**کاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2011/3/4 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (2)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2011/3/4 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕووی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران لە سنووری پارێزگای سلێمانی.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت، کە بەپێی بڕگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێکهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران.**

**3- گفتوگۆ کردنی باری کەرکووك و شوێنە کوردستانیە دابڕاوە کێشە لەسەرەکان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (2)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/3/4، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی بڕگە (1)ی ماددە (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 4/3/ 2011دا بەم شێوەیە بێت.**

**1- خستنەڕووی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران لە سنووری پارێزگای سلێمانی.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت، کە بەپێی بڕگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێکهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران.**

**3- گفتوگۆ کردنی باری کەرکووك و شوێنە کوردستانیە دابڕاوە کێشە لەسەرەکان.**

**ئێستاش داوا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی تایبەت دەکەین کەرەم بکەن بێنە ئێرە، نوقتەی نیزامی، فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بەرنامەی کار خاڵی یەکەم، کە باس لە خستنەڕووی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەکات، بەڕاستی لە سلێمانی نەبووە لە شوێنەکانی تریش بووە، یەعنی دەبوایە هەمووی بگوترایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز، ڕاستت فەرموو، بەڵام ئەو داخوازییانەی کە ئەو بەڕێزانە هێناویانە، ئێستا بە نووسراو پێمان گەیشتووە هی ئەو مەنتیقەیە، ئەگەر ئەویتریش هەبوو، وەختێکی تر دەیکەین، بەسەر چاو.

ئێستا بۆ بڕگەی یەك/ خستنەڕووی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران لە سنووری پارێزگای سلێمانی، یەعنی ناو شاری سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی دەوروبەریشی دەگرێتەوە، ئەوەی کە بەنووسراوی رەسمی پێمان گەیشتووە، داوا لە ڕێزدار کاك دکتۆر سەباح بەرزنجی دەکەین کەرەم بکەن بۆ بڕگە یەکی بەرنامەی کار، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار بە عەرزی جەنابتان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان رادەگەیەنم، کە بەنیسبەت ئەم خاڵەوە لە پێشدا بڕیاری (17) خاڵی پەرلەمان ژمارە دەخوێندرێتەوە، ئینجا فەرمانی (1)ی پەرلەمان سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنە، پاشان داخوازی خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی، ئینجا داخوازی مامۆستایان و خوێندکاران و کارمەندانی زانکۆی سلێمانی، پاشان داخوازی مامۆستایانی ئاینی.

ئێستا بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2011ی پەرلەمانی کوردستان دەخوێندرێتەوە:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

## بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2011

پشت بەستن بە بڕگەی (1)ی ماددەی 56 لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1)ی رۆژی 2011/2/23ی خۆیدا، کە تایبەت بوو بە بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن و لێکۆڵینەوە لە خۆپیشاندانەکانی پارێزگای سلێمانی و ئەو داواکاری و دەرهاویشتانەی کە لە ئەنجامی خۆپیشانەکاندا کەوتۆتەوە لە تەقەکردن و شەهیدو بریندابوونی خۆپیشاندەران و هێزەکانی ناوخۆ و سووتاندنی بارەگاو هەندێ لە دەزگاکانی راگەیاندن، لەگەڵ داواکاری خۆپیشاندەراندا، ئەم بڕیارەی دەرکرد.

یەکەم:

**1.** ئیدانەو تەحریم و تەجریمکردنی توندوتیژی و تەقەکردن لەهاووڵاتیان و هەڵکوتانە سەر بارەگا فەرمیەکان و حزبیەکان و زیانگەیاندن بەماڵی گشتی و تایبەت لە هەر لایەکەوە.

2ـ کشانەوەی دەست بەجێیی سەرجەم هێزە جووڵەپێکراوەکان، کە بە هۆی ڕووداوەکانی ڕۆژی 2011/2/17 جووڵەیان پێکراوە، بۆ گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی و گەڕانەوەیان بۆ بارەگاکانیان.

3. ئازاد کردنی سەرجەم ئەوانەی بە هۆکاری بەشداربوون لە خۆپیشاندان دەستگیرکراون، ئەوانەش تاوانیان کردووە، ڕادەستی دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس بکرێن.

4ـ حکومەت بەگوێرەی یاسا، قەرەبووی ماددی و مەعنەوی سەرجەم ئەو کەس و لایەن و دەزگاو هێزانە بکات، کە بە هۆی پەلامار و توندوتیژیەوە زەرەرمەند بوون.

5ـ پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەران، تەنها بە هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆ و پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان بسپێردرێت، شوناس (ناو، باج، شوێنی کار)ی هێزە پارێزگارەکان ئاشکرا بێت و نەهێڵدرێت هیچ کەسێك بە دەمامك و ئوتومبێلی جام ڕەش هاتوچۆ بکات.

6. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو جۆرە ململانێیەکی سیاسیی ناوخۆیی بەدووربێ و ئەرکی نیشتمانیی خۆی وەك هێزێکی نیشتمانی و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات.

7. پێویستە لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە، کە لەلایەن حکومەتەوە پێکهاتووە، لەلایەن ئەندامێکی دادگای تەمییزەوە سەرۆکایەتی بکرێت و ئەندامەکانی کەسانی شارەزاو بێ لایەن بن و بەزووترین کات ئەنجامەکەی بخەنە بەردەم رای گشتی.

8. لە مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا، کەمتەرخەمی لەلایەن دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشدا هەبووەو، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، دەبێ لایەنی کەمتەرخەم ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بکرێت، هەروەها بەرپرسی دەزگا ئەمنیەکان ئەوانەی کەمتەرخەمیان نواندوە، بەگوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

9ـ نابێ بەبێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپیشاندەرێك بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندان دەستگیر بکرێ.

10. بڕیاری جووڵاندنی هێزی سەربازی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر نابێت ئەنجام بدرێ، تەنها لە حاڵەتی بوونی مەترسیی دەرەکی نەبێت.

11ـ دەست بەجێ ئەنجامدەرانی سووتاندنی کەناڵی نالیاو رادیۆو تەلەفزیۆنی گۆڕان، ڕێوشوێنی یاساییان لەبەرامبەردا بگیرێتەبەرو بدرێنە دادگا.

12. بە مەبەستی چاکسازی ریشەیی و گشتیی لەلایەن فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی ناو پەرلەمانەوە، بە هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران و سوود وەرگرتن لە لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆران و خەڵکانی بێ لایەن و دڵسۆز پڕۆژەی چاکسازی ئامادەو پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ، بۆ گفتوگۆکردن و چاودێری جێبەجێ کردنی بە زووترین کات.

13. پێویستە حکومەت دەست بەجێ چەندین بڕیاری گرنگ و بە پەلە دەربکات، کە پەیوەستە بە باشتر کردنی باری گوزەرانی خەڵکی و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کرانەوەی زیاتری فەزای سیاسی و ئازادی.

14ـ هـەموو لایـەك هـەوڵ بـۆ هێورکردنـەوەی بارودۆخەکـەو راگرتنـی هێرشـی راگەیانـدنی حـزب و لایەنەکان بدات.

15ـ بانگهێشت کردنـی سـەرۆکی حکومـەت و وەزیـری نـاوخۆو وەزیـری پێشـمەرگە بـۆ پەرلـەمان، بـۆ روونکردنەوەو لێپرسینەوە، بەپێی رێککارە یاساییەکان.

16ـ زەمینە سازکردن و پشتگیری کردنی ئەنجامدانی دیالۆگێکی نیشتمانی سیاسی لەنێوان ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەمەبەستی هێنانە ئارای پێکـەوە سـازانی یاسایی سیاسی بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە خاوەنی رەهەندی سیاسیی و نیشتمانیان هەیە.

17ـ پێکهێنـانی لیژنەیـەکی تایبـەت لـە نوێنـەری سـەرجەم فراکسیـۆنەکان لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، بەمەبەستی بە دواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازی خۆپیشاندەران.

دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە، ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

سێیەم: ئـەم بڕیـارە جێبـەجێ دەکرێـت لـەرۆژی پەسـەندکردنییەوە (2011/2/23)و لـە رۆژنامـەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**

**(د.کمال کەرکووکی)**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

خـاڵی دووەم/ کـە پێشکەشـی جـەنابتان دەکرێـت فـەرمانی ژمـارە (1)ی پەرلـەمانی کوردسـتانە بـە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە، ئەوەشتان بۆ دەخوێندرێتەوە:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

فەرمان (1)

بـەپێی برگـە (17)ی بڕیـاری ژمـارە (1) لـە دانیشـتنی ژمـارە (1)ی نائاسـایی رۆژی 2011/2/23، بڕیارماندا بە پێکهێنانی لیژنەیـەکی تایبـەت، کە پێك دێـت لە نوێنـەری سـەرجەم فراکسیـۆنەکان لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، بـە مەبەسـتی بەدواداچـوون و گـوێگرتن لـە داخوازییـەکانی خۆپیشـاندەران، لیژنەکەش لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك دێت:

1- د.صباح محمد نجیب/ سەرۆك.

2- حمە سعید حمە علی/ ئەندام.

3- بەفرین حسین خەلیفە/ ئەندام.

4- شێردڵ تحسین محمد/ ئەندام.

5- گۆران ئازاد محمد/ ئەندام.

6- عمر صدیق محمد/ ئەندام.

7- ئاشتی عزیز صالح/ ئەندام.

8- د.ريباز فتاح محمود/ ئەندام.
9- د.احمد ابراهيم على/ ئەندام.
10- د.ثائر عبدالاحد اوغسطين/ ئەندام.
11- هاژە سلێمان مصطفى/ ئەندام.
12- فاضل حسن اسماعيل/ ئەندام

**محمد قادر عبدالله**

**(د.كمال كەركووكى)**

**سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان ـ عێراق**

بەڕێزان، ئێمە هەموو ئەندامەكان دەبوایە لێرە بوونایە، یەعنی بەس لەبەر مەحدودیەتی شوێنەكە، ئەگەر مەجال هەبێت، ئەندامەكانی تریش بێنە سەر مەنصەكە، زۆر پێمان باشە، كاك فازل حەز دەكەین تەشریف بێنێ، ئەگەر مەجال هەبێت.
خاڵی سێیەم/ لە بڕگەی یەكەمی ئەم دانیشتنە پەیوەندی بە داخوازی خۆپیشاندەرانی سلێمانیەوە هەیە، ئەو داخوازییانە لەلایەن بەڕێز مامۆستا حمە سعید پێشكەش دەكرێت.

**بەڕێز حمە سعيد حمە على:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان سەرۆكایەتی پەرلەمان.**

بەڕێزان خوشكان و برایانی ئەندامانی پەرلەمان.
داواكارییەكانی جەماوەری ناڕازی كوردستان كە لەلایەن ئەنجومەنی كاتی و لەبەردەم خۆپیشاندەران خوێندرایەوە لە سەرای ئازادی بۆ لیژنەكەمان، دوو بەشە:
بەشی یەكەم/ داواكارییە هەنووكەییەكان:
1- دانپێدانان بە كۆبوونەوە جەماوەریەكانی كوردستان، وەك بەرەیەك بۆ نوێنەرایەتی كردنی داخوازیەكانی خەڵك و بەشداری پێكردنی نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە پرۆسەی بڕیاردان لەمەڕ مەسەلە چارەنووسسازەكاندا.
2- رێگرتن لە هەر جۆرە هەوڵێك، بۆ سەپاندنی باری نائاسایی، بەسەر هەر شارو شارۆچكەیەكدا، لەوانە بۆ نموونە دابڕاندن و ئابڵۆقەدانی شارێك، یان بە سەربازگە كردنی شارو شارۆچكەكانی كوردستان.
3- راگەیاندنی رەسمی لەلایەن حكومەت و پەرلەمان و سەرۆكی هەرێم لە بەهەند وەرگرتنی گشت داواكاریەكانی خۆپیشاندەران و جێبەجێ كردنیان.

4- دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە پەرلەمان و حکومەت، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، بەمەبەستی دیاری کردنی میکانیزمی گونجاو و، دیاری کردنی وادە بۆ جێبەجێ کردنی داواکاریەکانیان.

5- ئازاد کردنی دەست بەجێی سەرجەم دەستگیرکراوەکانی ناو خۆپیشاندانەکان و قەدەغە کردنی دەستگیرکردنی بەشداربووان و ڕێکخەرانی خۆپیشاندان.

6- دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لەشەهیدکردن و بریندارکردنی خۆپیشاندەران و خستنەڕووی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دادگاو بلاْوکردنەوەی لە راگەیاندنەکاندا.

7- گێڕانەوەی هەموو ئەو هێزە چەکدارانەی، کە بۆ مەبەستی گوشار خستنە سەر خۆپیشاندەران، یاخود ترساندنیان بە ئاراستەی شارەکان جوولێندراون.

8- دەست بەجێ بانگهێشت کردنی وەزیرانی ناوخۆ و پێشمەرگەو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێ پێچینەوە لەگەڵیان لەبارەی پێشێل کردنی ماددەی (1)ی بڕگەی یەکەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەوەی کەهێزی پێشمەرگەیان بەرەو شارەکان جووڵاندووە، لەکاتێکدا ئەمە تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دایە.

9- لا بردنی بارەگای حزبەکان لە ناوەندی شارو شارۆچکەکانداو گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچکەکان.

10- دڵنیا کردنی هاونیشتمانیان لەوەی کە چیتر بۆ هەمیشە هیچ هێزێکی نیشتمانی و حکومی کوردی سوپاو هێزی چەکداری نابەنە سەر هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستان و سەر هیچ هێزێکی رکابەرو نەیاری هێزە فەرمان رەواکانی کوردستان.

11- بە رەسمی پۆزش هێنانەوە بۆ جەماوەری خۆپیشاندەر لە لایەن هەموو ئەو کەس و لایەن و راگەیاندنانەی کە خۆپیشاندانی خەڵکیان بە "ئاژاوەگێر" ناوبردووە، بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوەو، بە رەسمی داوای لێبووردن لە جەماوەر بکەن.

بەشی دووەم/ داواکاریە بنەڕەتیەکان:

1- چاوپیاخشاندنەوە بە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا، بە مەبەستی داڕشتنی دەستوورێکی هاوچەرخی دیموکرات، کە تێیدا گشت مافە مەدەنی و سیاسی و یاساییەکانی هاونیشتمانیان بە رەسمی ناسرا بن و دەسەڵاتەکان بە ئاشکرا جیا کرابنەوەو سەربەخۆییان پارێزراو بێت، هەروەها دیاری کردنی میکانیزمی شیاو بۆ ڕێگا گرتن لە هەر جۆرە لاقە کردنێکی دەسەڵات، هەموار کردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك کە سەرۆکی هەرێم تەنها لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ.

2- داڕشتنی پلانێکی تۆکمە، بۆ دابین کردنی سەربەخۆیی دادوەری و سەروەری یاسا.

3- جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت بەجۆرێك کە ئیدی حکومەت نەبێتە ئامرازێك بە دەست حزبی سیاسییەوە، بەڵکو حکومەت پێویستە وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆو بەرگریکار بێت لەسەرجەم هاونیشتمانانی ئەو وڵاتە.

4- هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حزب و ڕێگرتن لەوەی حزب خاوەنی هێزی چەکدارو دەزگای هەواڵگری و سیخوڕیی بێت و، هەروەها پاسەوانی دامودەزگاو بارەگای حزبی نەمێنێ و، ئەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاووڵاتیان سەلامەتیان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بپارێزرێ.

5- سپاردنی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش و پۆلیس بە کەسانی پسپۆڕ و بێ لایەن و بە کردەوە حزبایەتی لەو دەزگایانە قەدەغە بکرێ.

6- کۆتایی هێنان بەم مۆدیلە لە حزب کە تێیدا کۆمەڵگا داگیر دەکات و بەناوی هەمووانەوە بڕیار دەدات و، گۆڕینی بۆ حزبی دەنگدەر کە پشت بە خستنەڕووی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ بەردەم هاونیشتمانیان دەبەستێت و دەست لە کاروباری حکومەت و سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان وەرنادات.

7- تێنەپەڕاندنی هیچ پرۆژە یاسایەك لە پەرلەمان بەبێ ئەوەی کە پێشتر هاونیشتمانیان لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا گفتوگۆیان لەسەر نەکرد بێت و سەرنجەکانیان بە هەند وەرنەگیرا بێت.

8- گێڕانەوەی سەرجەم ئەو موڵك و ماڵە گشتی و تایبەتیانەی، کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە دەستی بەسەر داگیرابێت، یاخود بەنرخی ڕەمزیی فرۆشرا بن بە کەس و لایەنی دی، بەدەر لەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە 32ی ساڵی 1986.

9- بەکارهێنانی سامان و بودجەی کوردستان، بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە.

10- لێکۆڵینەوە لە سەروەت و سامانی حزبەکان و لێپرسراوانی حزبی و حکومی و گێڕانەوەی سەرجەم ئەو داهاتانەی کە بەشێوەی نا یاسایی بەدەستیان هێناوەو، چەسپاندنی بنەمای ئەمەت لەکوێ هێناوە (من این لك هذا)؟.

11- خستنەڕووی سەرجەم داهاتەکانی کوردستان بۆ ڕای گشتی، بە داهاتە سروشتیەکانی وەك نەوت و غاز و ئاشکرا کردنی حیسابە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

12- هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خانە نشینکردنی ئەندام پەرلەمان و وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەنجومەنەکانی شارەوانی، کە بە پلەکانی خزمەت و ساڵانی کارکردندا تێ نەپەڕیون و، کەمکردنەوەی مووچەکانیان بە ڕێژەی لە (50٪).

13- دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان بە یاساو، لە دەرەوەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و پەرلەمان و، سپاردنی کار کردنی ئەم دەزگایە بە کەسانی بێ لایەن، کە دیاری کرا بن لەسەر بنەمای لێهاتوویی.

14- ڕێزگرتن لەسەربەخۆیی دامودەزگا حکومیەکان، داراییەکان، زانکۆکان و پاراستنیان لەسەرجەم دەسەڵاتە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەستێوەردانی حزبی.

15- بڕینی هەر مینحەیەك کە سەرچاوەکەی دارایی گشتی بێت، لە سەرجەم دامودەزگا حزبی و نارەسمیەکان و ڕاگەیاندنەکانیان.

16- هەڵپەساردنی کارکردن بە یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستان تا دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ، کە وەڵامدەر بێت، بۆ داخوازییەکانی ڕای گشتی هەرێمی کوردستان.

17- باشـكردنی ژیـان و گـوزەرانی سـەرجەم توێـژەكانی كۆمەڵگـە وەك كرێكـاران و فەرمانبــەران و توێژەكانی دیكە، بە رەچاو كردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەكانی ژیانێكی شایستە بە مرۆڤ .

18- ئاشكرا كردنی چارەنووسی بێسەرو شوێنەكانی شەڕی نـاوخۆو بێسـەرو شـوێنكراوەكانی دامودەزگا ئەمنیەكان و، قەرەبوو كردنەوەیان لە داهاتی ئەو لایەنەی بەرپرسە لە دیار نەمانیان.

19- كاركردن بە راپۆرتەكانی دیوانی چاودێری دارایی و ئاشكرا كردن و لێپرسینەوە لە گەنـدەڵ كاران و دادگایی كردنیان و، دەركرنی یاسایەك بۆ بنەبڕكردنی گەندەڵكاران و سزادانی گەندەڵكاران.

20- دابینكردنی بیمەی تەندروستی و بێكاری بۆ هەمووان.

21- دەركردنـی یاسـایەك بـۆ كۆتـایی هێنـان بـە جیاكـاری جەنـدەری و بـۆ بنـەبڕ كردنـی هـەر تونـدو تیژیەك دژ بە ئافرەتان.

22- زیاد كردنی پێشینەی هاوسەرگیری بەشێوەیەك كە بگونجێ لەگەڵ پێویستیەكانی رۆژدا و لە كـاتی ئێستادا لە دە ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

23- دامەزراندنی دادگای ئیداری لەسەرجەم شارەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەك كـە سـەر بە دەسەلاتی دادوەری بن، نەك حكومەتی هەرێمی كوردستان.

24- دابین كردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی هاوچەرخ بۆ هاوولاتیان بێ پێشەكی و بە قیستی مانگانە.

25- دابینكردنی داینگەو باخچەی ساوایانی هاوچەرخ، بۆ سەرجەم منداڵان بەخۆرایی و دابـین كردنـی برێك پارەی گونجاو بۆیان تا تەمەنی یاسایی هەژدەساڵ.

26- كەم كردنەوەی گشت باج و رسومات لە دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان بە رێژەی 50٪.

تێبینی:

1- پەرلـەمان و حكومـەتی هـەرێم مولزەمـە بـە فـەرمیی لـەماوەی 48 كاتـژمێر لەدەرچـوونی ئـەم راگەیاندنەوە كاری جیددی بكات، بۆ جێبەجێ كردنی داواكاریە هەنووكەییەكان.

2- لـە پەیوەنـد بـە داخوازیـە بنەڕەتیەكانـەوە، پێویسـتە دەسـەلاتداران هـەر لەئێسـتاوە تـا رێكـەوتی 2011/3/4 بە فەرمیی پلانی خۆیان بۆ جەماوەر رابگەێنن.

3- تیمـەكانی ئەنجومـەنی كـاتی بـە بـەردەوامی كـار لەسـەر كۆكردنـەوەی سـەرجەم داواكاریـەكانی هاونیشتمانیان لەسەر شەقامەكان دەكەن، تا لە لیستێكی گشتگیردا كۆبكرێتەوە.

**ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی**

**2011/2/28**

لەگەڵ سوپاسدا.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێسـتاش داوا لـە بـەڕێز كـاك دكتـۆر رێبـاز دەكـەین داخوازییـەكانی مامۆسـتایان و خوێنـدكاران و كارمەندانی زانكۆ بخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواکارییەکانی خەڵك بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی سیستمی سیاسی لە کوردستاندا

**بۆ/ لیژنەی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**لایەنە سیاسی و رێکخراوە مەدەنییەکان**

**رای گشتیی و دەزگاکانی راگەیاندن**

1- دەست بەجێ تەقەکردن و توندوتیژیی و گرتن و رفاندن و ترساندن و کوشتن لەلایەن هەموو لایەکەوە رابگیرێت.

2- بێ لایەنانە لێکۆڵینەوە لە کارەساتەکانی 2/17و رۆژانی دواتری بکرێت و ئەنجامی لێکۆڵینەوە بە خێرایی بخرێتەڕوو، دەست بەجێ گومان لێکراوان دەستگیر بکرێن و رێ لە سەفەرو هاتووچۆ کردنیان بگیرێت، هەر کەس بەتاوانبار دەرچوو سزای یاسایی بدرێت.

3- بانگ کردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی ناوخۆ و پێشمەرگە، بۆ بەردەمی پەرلەمان گەر سەلما رۆڵیان لەم بارودۆخانەدا سلبی بووە متمانەیان لێبسەندرێتەوە، هەر کەسێکی تر لە پایەکانی حکومەتدا دەستی لەم تاوانانەدا هەبوو، دەستی پێ لە کاربکێشرێتەوەو دادگایی بکرێت.

4- چالاك کردنی پەرلەمان و دانانی میکانیزمێکی کارا بۆ هەڵبژاردنی پێش وەخت لە کوردستاندا، کە لە (1)ی مانگی ئەیلولی 2011 تێ نەپەڕێت.

5- بە دامەزراوەیی کردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

6- ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەرچوون و دادی کۆمەڵایەتیی و ژیانی مەدەنیی و شکۆی تاك وەك پێویست ناپارێزن هەموار بکرێنەوە، ئەو یاسایانەشی چارەنووسسازن، پێویستە بە هیچ جۆرێك لەسەر بنەمای زۆرینەو کەمینە دەرنەکرێن و تەوافوقی نیشتمانیان لەسەر بکرێت.

7- دەستەیەکی باڵای نەزاهە پێك بهێنرێت و بەرپرسان ناچار بکات بە خستنەڕووی موڵك و ماڵیان و لێ پرسینەوە لەو سامانانەی کۆیان کردۆتەوە لە ماوەی مانگێکدا.

8- داماڵینی تەواوی حزب و گروپ و رێکخراوو هۆزەکان لە چەك و تەقەمەنیی.

9- یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆو دەزگاکانی پاراستن و زانیاریی و دوور خستنەوەیان لە دەست و دەخالەتی حزبەکان، ئەم هێزانە بکرێنە هێزێکی نیشتمانیی سەر بە حکومەت و لە چوارچێوەی یاسادا رێك بخرێن.

10- بەهێز کردنی دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەریی و بەستنەوەی دەستەی نوێنەرایەتی گشتی بەم ئەنجومەنەوە (گۆڕینی داواکاریی گشتیی بۆ نوێنەرایەتیی گشتی)، جیا کردنەوەی ئەنجومەنی شوراو دەدگا ئیدارییەکان لەوەزارەتی داد.

11- پێویستە سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تەواویی خۆیان بۆ ئەم پۆستانەیان تەرخان بکەن و لە هەمان کاتدا سەرۆکی پارتێکی دیاری کراو نەبن، پێویستە دەسەڵاتداران راشکاوانە ئەوە بسەلمێنن کە تەوریسی دەسەڵات بۆ خۆیان ناکەن و لە دەستووریشدا بچەسپێنرێت.

12- بەخشینەوەی دەسەڵاتی تەواو بە ئەنجومەنی پارێزگاکان و دیاری کردنی خێرای هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پێش مانگی ئەیلولی 2011داو یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکرێتەوە.

13- هەڵبژاردنی نوێنەری راستەقینەی بوارە پیشەیی و جەماوەرییەکان دوور لە هەژموونی حزبەکان و بردنە دەرەوەی هەر رێکخراوێکی سەر بە حزبەکان لە ناوەندە حکومییەکان و بەتایبەتیش زانکۆکاندا.

14- بودجە شەفاف بێت و لەسەر بنەمای پشتی هاووڵاتی و ژمارەی دانیشتوان دابەش بکرێت و بە تەواوی لە دەستی حزبەکان دەربهێنرێت، تەنها لەسەر بنەمای یاسای بودجەی حزبەکان بەشی خۆیان لە بودجەی گشتیی وەربگرن و نابێت سوود لە هیچ بودجەو کەل وپەل و شوێنێکی حکومەت بۆ خودی حزبەکەیان وەربگرن.

15- بنەبڕ کردنی گەندەڵیی بە هەموو جۆرەکانییەوەو لەسەر هەموو ئاستەکان و گێڕانەوەی موڵکی گشتیی بۆ خاوەنە راستەقینەکانی خۆیان، دانانی میکانیزمی شیاو بۆیان، بلۆك کردنی حسابی بانکی هەر بەرپرسێکی حزبی و حکومی لە بانکەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا، هەر موڵك و ماڵێکی گشتیی لەسەر کەسانی سەر بەحزبەکان و حزبەکانیان تاپۆ کراون هەڵبوەشێنرێنەوە.

16- دەرفەت و هەلی یەکسان بەبێ جیاوازیی، بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان فەراهەم بکرێت لەسەر بنەمای مافی ژیان و لێوەشاوەیی و توانست و بڕوانامەو............هتد.

17- تەزکیەی حزبی، ئەگەر بۆ جیاکردنەوەی هاووڵاتیەك لە هاووڵاتیەکی تر بەکار هات و بوو بە ئامرازێکی مەحسووبیەت و مەنسوبییەت، یان لە کاروباری حکومییدا بەکار هات، وەك تاوانێکی گەورە بناسێنرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

18- چاك کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك بە دانانی سیستمی سۆشیاڵ و بەخشینی پێشینەی خوێندن و هاوسەرگیریی و قەرزی بچووك و بیمەی تەندروستی و بڕینەوەی خانەنیشینی بەپێی سیستمێك بۆ گشت هاووڵاتیان لە کەرتی گشتی بێت، یان تایبەتی، دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ کرێچی و بێدەرەتانەکان و........هتد، یاسای کاری کۆمەڵایەتیی و بیمەی کۆمەڵایەتی شیاوانە کارا بکرێت.

19- بەخشینی ئۆتۆنۆمی زانکۆیی بەزانکۆکانی کوردستان و کارا کردنی خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای توانستە زانستیی و کەسیەکانی دوور لە حزبایەتی.

20- دیاری کردنی دەسەڵاتی حزبی و دوورخستنەوەی حزب لە حکومەت و بازاڕو زانکۆو........هتد.

21- لە شارێکدا تەنها یەك بارەگای حزبی بۆ حزبێك دیاری بکرێت.

22- بواری نەوت تەنها لە دەستی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا نەبێت، کۆمسیۆنێکی نیشتمانیی بۆ پێك بهێنرێت و شەفافانە گرێبەست و خەرجیی و داهاتەکانی بخاتەڕوو، داهاتی نەوت تەنها بۆ بواری گشتی خەر بکرێت و بۆ هیچ حزبێك نەبێت دەخالەتی بکات و بەشی لێ بەرێت، سندوقی ئەجیال لە یاسای غازو نەوتدا بە گەڕ بخرێت.

23- کۆمسیۆنە باڵاکان لەسەر بنەمای حزبی بوون پێك نەهێنرێن، بەڵکو بە کەسانی پسپۆڕو شارەزاو پیشەیی دڵسۆز پڕ بکرێنەوە.

24- دەستەی چاودێریی دارایی کارا بکرێت و بە وردی کار لەسەر راپۆتەکانیان بکرێت و سەر پێچیکەران رووبەڕووی لێپێرسینەوەی یاسایی بکاتەوە، ماوەیەکی دیاری کراو بۆ هەر وەلامدانەوەی هەر داوایەك دیاری بکرێت.

25- مووچەی سەرۆکایەتییەکان و ئەندامانی پەرلەمان و پلە تایبەتەکان کەم بکرێتەوەو جیاوازیی مووچە لەنێوان کەمترین و زۆرتریندا لۆژیکیانە دیاری بکرێت.

26- هەر کەس و لایەن و هێزێك بسەلمێت دەستی لە نانەوەی شەڕی ناوخۆ و کار بۆ کردنیدا دەبێت، بە سزای خیانەتی گەورە سزا بدرێت.

27- هیچ کەسێك بە مووچەی تایبەت خانەنشین نەکرێت و چاو بە بڕی پارەی ئەو خانشین کراوانەشدا بخشێنرێتەوە، کە پێشتر خانەنشین کراون.

28- حکومەت ئەرکی پاراستنی هاووڵاتیان و دامودەزگاکانی لە ئەستۆدایە، ئەگەر رووداوەکانی 2/17و خەڵك کوشتن و هێرش کردنە سەر کەناڵەکانی لە نموونەی نالیاو بارەگا سووتاندن دووبارە بوونەوە، پێویستە حکومەت دەست لە کاربکێشێتەوە.

29- پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان و بە تەوافقی نیشتمانی بەڕێ بکرێت و دواتر بخرێتە دەنگدانی گشتییەوە، پێویستە شەرعیەتی میللی لەسەرو شەرعیەتی دەستوورییەوە بێت.

30- رێزگرتن و پاراستنی رۆژنامەنووسان و دەستەبژێران و کەناڵەکانی راگەیاندن و بە یاسا کردنێکی مەدەنیانەی ماف بە دەستهێنانی زانیاریی لە کورترین دەرفەتدا، هەر کەناڵێکی میدیای سەلما کە درۆی تێکدەرانەی هەڵبەستراوی بلاّو کردۆتەوەو ئاسایشی کۆمەڵایەتی شێواندووە، سزا بدرێت.

خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

2011/2/25

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستاش داواکاری و داخوازییەکانی مامۆستایانی ئاینی دەخوێندرێتەوە لەلایەن بەڕێزان کاك دکتۆر ئەحمەدو بەفرین خان و کاك فازل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن، فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان. فەرموون لەگەڵ خوێندنەوەی پێشنیارەکانی یەکێتی زانایان لقی سلێمانی.

بسم الله الرحمن الرحيم.

**بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی و جێ بەجێ کردنی داواکانی گەل**

**بۆ/ پەرلەمانی کوردستان**

سەرەتا:

لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان جێژوانی هەمووان و، ئاواتی چەند ساڵەی هەموو تاکێکی ئەم هەرێمەیەو، لەو پێناوەدا باجی زۆر دراوەو، زەحمەتی زۆر گران و قورس کێشراوە، بۆ هەڵهاتنی ئەم رۆژە نوێیە خەباتی بێ وچان و، خوێنی لاشەی گەنجان و پیران و کوڕان و کچان بە هەزاران رژا.

بۆیە پاراستنی ئەرکی هەموانەو، نیشانەی وەفاداری ئێمەیە بۆ نەوەکان و خەباتی پێشنیەکان، وەفاداریمان بەبێ باج و هەڵگرتنی کۆڵ ناکرێت، بەبێ زەحمەت و لە کۆڵنانی خەم ناکرێت.

بۆیە ئەو کەسەی کە لەسەر کورسی بەرپرسیارێتی بێ، دەبێت هەردەم دڵ بەخەم و چاو بە ئەسرین و دەم بەکارو گوێ بە هەست و جەستە ماندوو بێت.

لەم سۆنگەیەوە بە پێویستی دەزانین ئەم پرۆژە هەنووکەییە بخەینە بەردەست بەرپرسان، بەهیوای کار لەسەر کردن و هەنگاونان بۆ چاکسازی و هێنانەدی ئاواتی نەوەکان.

لەبواری شێوازی بەڕێوەبردن و دانانی بەرپرسان

گرفتی ئەم لایەنە ئەوەیە کە حکومەت کاتێ دروست دەبێت لەنێوەندی ململانێیەك بۆ مـن و بۆ تۆی سەخت وا بەرپرسەکانی دیاری دەکات، ئەمەش وا دەکات ئەوەندەی لە بیری من و خۆم و تۆی شەریك و هاوبەشدایە لەبیری جەماوەرو خەڵکەکەیدا نییە، ئەوەندەی دەبێت ئەندامی گروپی من بێت گرنگە، ئەوەندە کێ بێت و چۆن بێت گرنگ نییە، ئەمەش قەیرانە دەبێت حکومەت لەمەش خۆی رزگار بکات.

دواتریش حزب لە بیری پاداشت کردن و خەڵات کردنی ئەندامەکانیدایە، بۆیە دەگەڕێ کێ خەڵات نەکراوەو تەلاری باشی نییەو دەوڵەمەند نەبووەو..........هتد، دەخوێنێتەوە تا کەسی تر، پێمانوایە ئەمەش گرفتەو دەبێت چارەسەر بکرێت لە رێگەی:

1- دەسەڵات و پۆستی حکومی دەبێت بکرێنە پۆستی خزمەتگوزاری و ئامرازی خزمەت بە گەل لە قەیران بوون بە ئامانج رزگار بکرێت، هەروەك پێغەمبەر (د.خ) ئەم چەمکەی راستکردەوە لە جیاتی ئەوەی خەڵك بۆی بڕوات خۆی لێ دوورخستەوە، بەڕاشکاوانە دەیفەرموو: (انك ضعيف وانها امانة، وانها يوم القيامة خزي وندامة الا من امر بحق وادى الذي عليه فيها)، کەواتە کردن بە ئامرازیش پێویستی بە:

أ- کەم کردنەوەی مووچەی بەرپرسی حکومی لەو شێوەی کە ئێستا هەیە.

ب- دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کارو چالاکیەکانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

ج- لێ پرسینەوەی سەرۆکی حکومەت لە وەزارەت و دەزگاکانی تر بە دانانی رۆژی بەدواداچوون و لەگەڵ ژیان لە نزیکەوە.

د- بەهێز کردنی رۆشنبیری بەڕێوەبردن و دەسەڵاتداری لە روانگەی بۆچوونەکانی ئایینەوە لەناخی بەرپرساندا.

هـ- دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو.

و- گەڕاندنەوەی موڵك و سامانی حکومەت کە لە ژێر دەستی حزبەکاندایە بۆ حکومەت.

ز- رێگە نەدرێت بە ئەندامی سەرکردایەتی لایەنەکان کە پۆستی وەزاری وەربگرن.

ح- پێویسته مووچەی خانەنشینی وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان هەڵبوەشێندرێتەوە، بەڵکو دوای تەواو بوونی ماوەی یاسایی پەرلەمان بگەڕێندرێتەوە سەرکاری پێش بوون بە ئەندام پەرلەمان.

گ- ئالۆگۆڕ پێکردنی بەرپرسە ئیدارییەکان بە بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکارو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە.

ی- دەست نیشان کردنی لیژنەیەکی چاودێر بەسەر دامودەزگاکانی حکومەت و لێ پرسینەوەیان لە کارو بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان.

ك- نەهێشتنی رۆتین لە دەزگاو فەرمانگەکانی حکومەتدا.

ل- باشتر کردنی گوزەرانی زیندانیەکان و نەهێشتنەوەیان لە زیندانـدا لە پاش تەواو بوونی حوکمی یاساییان.

م- ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە رێگەی دروست کردنی بەنداو و گوندی هاوچەرخ و گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵی.

2- ئەگەر بکرێت هەڵبژاردنی کەسی بەرپرسی باڵای دەزگای حکومی وەك وەزیرەکان لەناو ئەندامانی پەرلەمانـدا بێت، هەتا حزبەکان دیاری بکەن، ئەمەش بە زیاد کردنی ئەندامانی پەرلەمان و هەڵبژاردنی وەزیرەکانیش لەناو ئەو دەستەیەدا، رێگە لە دەست تێوەردانی حزبی تا رادەیەك دەگرێت و ئاسانتر دەکات.

3- سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بێنە ناو جەماوەر، هەتا ئێستا جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەوەندەی بە سەرۆکی پارتی ناسراوە وەك سەرۆکی هەرێمێك لای جەماوەر نەناسراوە، دواتر دەبێت لە هەموو شارەکاندا نووسینگەی خۆی هەبێت و هەر مانگێك لە شارێکدا لە نزیکەوە لەگەڵ جەماوەردا بژی و هەموو چینەکان و توێژەکان رێگەیان هەبێت گرفتی خۆیان لە نزیکەوە بگەیەنن، تەنها خەریکی چالاکی حکومی بێت و ئەو ئەرکەی لەسەر پێویستە لەگەڵ جەماوەری ئەم هەرێمەدا، بۆیە دەبێت گەیشتن بە هەردوو سەرۆکایەتیەکە رێگەیەکی زۆر ئاسان و نزیك بێت.

4- حکومەت لە دوو ئیدارەیی رزگار بکرێت، دەسەڵاتەکان تێکەڵ نەکرێت، حزب دەبێت خۆی بە تەواوی لە حکومەت دەرکات، ململانێی حزبایەتی لە دەرەوەی حکومەت بکرێت، گرفتی گەورەی ئەمڕۆییە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێك دەدات، بەڵام جەنابی جێگر جێ بەجێ ناکات، هەروەها چەند حاڵەتی نەشیاوی لەم جۆرە، ئەمەش بڕیاری ئازایانەی دەوێت بەبێ تێڕامان و دوو دڵی لەم خولەدا کێ بووە سەرۆك با بە هەمووان هاوکاری بکەین، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، نەك لەمپەر دانرێت، بۆ ئەوەی تێك بشکێ.

5- ئالیەتی هەڵبژاردن خۆی جوانە، بەڵام لەم هەرێمەدا خەریکە وەك وڵاتەکانی تری دەوروبەر ناشیرین دەکرێت، با هەموویان بڕیاری راستەقینەی فێڵ نەکردن و تەزویرو چاوبەست نەکردن بدەن و لەم هەرێمەدا بە فیعلی حەرام بکرێت، با ئیتر بەس بێت وتاری دوو فاقیانەو دروشمی بێ ناوەڕۆك و کارو هەنگاوی دۆگمایی.

6- سیاسەتی (گەر لەگەڵ من نەبی دوژمنمی)، دەبێت پیادە نەکرێت، لەباتی ئەم جۆرە سیاسەتە، سیاسەتی بە هەمووان یەك تەلار دروست دەکەین بێتە کایەوە، ئەمەش بە مامەڵەی راستەقینەی

هەمووانە لەگەڵ یەکترو کێبڕکێ لەسەر کێ جوان دەکات و کێ باشی کردو کێ توانای زیاترەو کێ گونجاوترە دێتە ئاراوە؟ کە واقیع شایەتی بۆ دەدات، نەك پارتێك، یان گروپێك.

7- ئەو خاڵانەی کە لە پەرلەماندا بڕیاریان لەسەر دراوە، کە خۆی لە (17) خاڵدا دەبینێتەوە، خێرا جێ بەجێ بکرێن و چاوەڕوانی نەکرێت.

8- سەرۆکی حکومەت هەموو چین و توێژەکان و نوێنەری هەموو ئەو خەڵکەی کە خۆپیشاندان دەکات کۆبکاتەوەو لەگەڵیاندا راستەوخۆ دابنیشێ و لە نزیکەوە بە روحیەتێکی فراوانەوەو بە زمانێکی شیرینەوەو بە دەسەڵات و ئومێدێکی گەورەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکات و ئەوەی لەمپەری لەبەردا نییە، بەبێ بەهانە بۆیان جێ بەجێ بکات.

9- سەرۆکی پەرلەمان دەبێت خۆی بە بەرپرسیار بزانێ و ئەویش سەردانی شارەکانی تری هەبێت و لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکەکەیدا جار جارێك گفتوگۆ بکات.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەندەڵی لە بواری بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەت

گرفتێکی تری ئەم وڵاتەی ئێمە لێرەدایە، کە کەسی بەرپرس زۆرجار دەسەڵاتەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی حزبی بەکار دەهێنێ و مافی کەسانی تری جگە لەو حزبە وەلادەخات، ئەمەش ستەمێکی ترەو پێویستە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە:

1- رێنمایی حزبی بۆ ئەندامانی راستکردنەوەی چەمکی حزب و حزبایەتی بێت، کە حزب ئامرازە، نەك ئامانج، وەك ئۆتۆمێلەکەی بەرپرسە، تەنها بۆ گەیشتنەو هەندێ کاری تر، ناچێتە ناو ژووری فەرمانگەوە، ئەمەش پێویستی زۆری هەیە کە عەقڵیەتی کەسانی بەرپرس لەناو دەروونەوە گۆڕان دەست پێ بکات و ئالیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ پارتایەتی ئالیەتێکی گونجاو و دروست بێت.

2- حزب پاڵپشتی خۆی بۆ ئالیەتی دوورخستنەوەی ئەو گەندەڵیە لەسەرخۆی حەرام بکات، ئەو کەسەی ئەو لەوێدا دایناوە، جگە لە حکومەتداری و جێ بەجێ کردنی کار بۆ خزمەت لەچوارچێوەی یاسادا شتی تر نەکات.

3- ئالیەتی چاودێری و راپرسی ساڵانە بکرێت، بۆ هەر یەکێك لە وەزیرو بەرپرسە باڵاکان لە رێگەی سندوقی سکاڵای ئازادو رۆژنامەو کارمەندانی ناو دەزگاکان، یان هەریەك لەو بەرپرسانە خۆیان دەرگای سکاڵاکان لەسەر خۆیان دانەخەن و ئامادەی رەخنەو رەخنەکاری بن و بەدەم چاککردنەوەی بن، ئەمەش ئالیەتێکی سەردەمیە بۆ ناساندنی کارمەندو بەرپرسەکانی ناو دەسەڵات، کە دەتوانرێت فۆرمێکی تایبەت دروست بکرێت و ساڵانە بە ئالیەتی گونجاو پیادە بکرێت.

4- دانانی سزای دیارو جێ بەجێ کراو بۆ هەر کەسێك، کە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا کەمتەرخەمی بکات و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاری بهێنێ و حزب دیفاع لەو ئەندامە گەندەڵەی خۆی نەکات.

5- ئالیەتی دەسەڵات و جێ بەجێ کردنی و دەسەڵاتەکانی بەرپرس لە هەموو فەرمانگەکاندا بەگوێرەی یاسا روون بکرێتەوەو لە پێش ئەوەی دەست بەکار بێت لە خولێکی تایبەتدا هەموو ئەو ئەرکانەی پێ بوترێت و فێر بکرێت، دەبێت بۆ ئەم مەبەستە خولی تایبەت هەبێت و پێش ئەوەی کورسیەکە

وەربگرێت تێ بگات لەوێ چی دەکات، ئەمەش یاسایەکی بۆ دەربکرێت و هیچ کەسێك بۆی نەبێت ئەو ئەرکەی پێ بسپێرێت هەتا ئەو بڕوانامەیە وەرنەگرێت.

6- مرۆڤ بە سروشتی خۆی تووشی لەبیرچوون و لاوازی و ئیهمالی و بەهەند نەگرتن و دواکەوتن دێت، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە هەر شەش مانگ جارێك خولی ئیداری و بەڕێوەبردن و بیرخستنەوەیان هەبێت، بەڵکو لەم ولاتەی ئێمەدا پێویستە زۆرتریش بێت، هەتا رێگەی لەو جۆرە گەندەڵیانە بگیرێ.

7- دەبێت حکومەت گرنگی بە گەشەدانی لایەنی پەروەردەیی تاکەکانی بدات، بەتایبەتی لایەنی دەروونی و زەنویر کردنەوەی، واتا جوانەکان وەك، (راستگۆیی، دادوەری، یەکسانی، خۆ بەکەم زانین، زوهدو کەمکردنەوەی تەماع و چاوبرسیەتی)، ئەمانەش تەنها بە پرنسیپە پەروەردەییەکانی دین دەکرێت، بۆیە دەکرێت حکومەت بۆ هەموو دەزگایەك رۆژێکی هەبێت رۆژی بەخۆداچوونەوە، ئەمەش لەرێی:

أ- کۆکردنەوەی هەموو کارمەندان لە هۆڵێکی تایبەتداو هەر جارێك مامۆستایەکی پسپۆڕ وانەیەکی پەروەردەیی و ئیداری لە روانگەی ئاینەوە بداتە هەموویان.

ب- لیژنەیەکی پەروەردەیی و زیندووکردنەوەی بەها بالاَکان لە وەزارەتەکان هەبێت گرنگی بەم لایەنە بدەن هەر مانگێك تەرخان بکەن بۆ خاڵێك و کاری بۆ بکەن، هەتا ئەو خاڵە دەبێتە رەوشت.

ج- لە سیستەمی پەروەردەی خوێندندا، دەبێت لە سەرەتاییەوە پرۆگرام دابنرێت، بۆ ئەوەی کە خوێندکار لەسەر ئەو واتایانە رابهێنن، ئەمەش دەتوانرێت لێکۆڵینەوەیەکی بۆ بکرێت و بە هەمووان سیستەمێکی پەروەردەیی جوان دابنرێت و تاکی لەسەر رابهێنرێت.

د- کارمەندانی هەر دەزگایەك لە دەزگاکانی حکومەت بخرێنە خولێکی پەروەردەیی چەند هەفتەییەوە زۆرێك لە ئاداب و رەوشت و پرنسیپەکانی ئاینیان پێ بوترێت.

هـ- دەبێت حکومەت ئەوە باش بزانێ زۆرێك لە گرفتەکان لە خودی تاکەکانی بەرپرسدایە، نەك سیستەم گرفتی ئەم تاکەش دین زۆریان چارەسەر دەکات، دەبێت کار بۆ ئەم لایەنە زۆر بکەین، چونکە پێویستیمان بە ویژدانێکە لە ژووری تاریك و لە کاتی تەنهایدا هەستێکی هەبێت، کە خیانەت بەلایەوە هەر خیانەت بێت و با کەسیش پێی نەزانێ لەبەرچاو ون بێت رێ بەخۆی نەدات دەست لەکارێك بدات، کە مافی ئەو نییە، ئەمەش تەنها دین دەتوانێ دروستی بکات.

و- لابردنی تەزکیەی حزبی بە مەبەستی دامەزراندن، یان وەرگرتنی پۆستەکان.

ز- بە یاسا کردنی فەرمانی دەستگیر کردنی هاوولاتیان، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەستێوەرنەدانی حزب لە کاروباری یاسا.

**بەڕێز فاضل اسماعیل حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

### گەندەڵی لە بورای ئابووری و وەبەرهێنان و داهاتی کوردستان

لایەنێکی گرنگی دەسەلاتەو برِبرەی دەسەلاتەو بەرپرسیاریەتی زۆر رووی تێ دەکات، لەم بوارەشدا گرفتی گەورەمان هەیە، بۆ چارەسەر کردنی ئەم لایەنە پێویستە:

1- سەرچاوەی ئەو داهاتە روون بێت و تاکە تاکەی دینارێکی داهات بە مولکی گەل بزانرێت و مافی یەکەیەکەی خەڵکی ئەم وڵاتەی پێوەیە، بۆیە دەبێت لێرەدا حزبی دەسەڵات زۆر بە راشکاوانە هەموو سەرچاوەکان دیاری بکات و برەکەشی وەك خۆی رابگەیەنرێت.
2- داهات مافی گشتییەو فۆرخکردنی بۆ یەك لایەن، یان چەند کەسێك و گروپێك تاوانێکی گەورەیە بە گەل و دەبێ لە ناخی بەرپرساندا (المال مال الله) زیندوو بکرێتەوەو ئەوانیش وەك وەکیلێك دەستکاری بکەن، ئەو بەرەها دەستکاری کردنەو خەرج کردنی لە بواری تایبەتدا دەچێتە خانەی خیانەتەوە، کەواتە دەبێت بە خیانەت ناوزەد بکرێت.
3- بەرپرسەکانی خولی رۆشنبیری مامەڵە کردن لەگەڵ ماڵ و دارایی و سامانیان بۆ بکرێتەوە لەو خولەدا فێر بکرێن کە چۆن دەست بۆ یەك دینار بەبێ بوونی بەهانەی شەرعی دەبێتە مایەی سزای گران و سەخت.
4- سیاسەتی (من این لك هذا) بکرێتە سیاسەتی کار پێکردن و دروست کردنی سیستەمی وەك خەڵك ژیان بێتە ئاراوە، هەروەك پێغەمبەر (د.خ) بە بەرپرسی داهاتی سامانی بەخشراوی فەرمووی (فهلا جلست في بيت امك وابيك فتأتيك هديتك ان كنت صادقاً) لە کاتێکدا ئەو بەرپرسە هەموو داهاتەکەی هێنایە بەردەست پێغەمبەرو وتی (ئەمە بەشەکەی ئێوەیەو ئەمەش بەشە دیناری منەو خەڵکی بە دیاری پێیان داوم)، (هذا لكم وهذه اهديت لي).
کەواتە دەبێت زۆر بە راشکاوانە بڵێین بە جەنابی بەرپرس دەبێت ئەو رۆژەی لە کورسیەکەت دادەبەزی هەژارتر بوو بی، نەك دەوڵەمەندتر.
5- بۆ رێگرتن لە بە هەدەردانی سامانی دەوڵەت، پێویستە رێ و شوێنێکی زۆر توند بگیرێتەبەر، بۆ ئەو هەموو زیادە خەرجی و بەفیڕۆدانەی، کە لەناو دەزگاکاندا لەلایەن لیژنەکانی کڕینەوەو یاری کردن بە وەسڵ و تەندەرەکان دەکرێت، ئەمەش دەردێکی زۆر کوشندەیە، کە لە زۆر لە دەزگاکانی وەبەرهێنان و پرۆژەکاندا دیارەو موناقصەکانیش زۆربەیان بوونەتە رۆتین و لە ئەرزی واقیعدا بوونی نییە، تەنها رێکەوتنی نێوان بەرپرس و خەڵکانی دەست رۆیشتوو لەناو حزب و حکومەتدایە.
پرۆژەی خزمەتگوزاریەکان ئەگەر حکومەت خۆی ئەنجامی بدات و کەسانی خاوەن ویژدان و دیندار بکرێنە بەرپرس و دەست تێوەردانی حزبی لێ دوور بخرێتەوە، دەتوانرێت لەم بوارەدا چاکسازی بکرێت.
ئەمڕۆ بە پارەدان و رێکەوتنی ژێر بە ژێری فرۆشتنی یاسای حکومەت بە نرخێکی دیاری کراو لەلایەن بەرپرسەوە گەندەڵی زۆری دروستکردووە.
بۆیە کام جۆرە کارێك دەڵێین یاسا نایگرێتەوەو بەپێی یاسا ناکرێت بە یاسای پارەدان و فرۆشتنی یاساکە جێ بەجێ دەکرێت، یان ئەو دیاردە سەیرەی کە بەدی دەکرێت، کە حکومەت زۆربەی دەزگاکانی لە بینای کرێدایەو پارەیەکی زۆر لەو نێوەندەدا دەڕوات، بەڵام لە بیری ئەوە نییە، کە کرێی چەند ساڵێك بکاتە بینایەك و لە کرێچێتی رزگاری بێت، کەچی بارەگای حزبیەکە زۆر لە دیوانی وەزارەتەکان رازاوەترو جوانترەو دەشکرێت لە بینای حکومیدا بێت و زۆر ئاساییە، کە دەبوایە بە پێچەوانەوە بوایە.

6- دەكرێت بۆ چارەسەر كردنی گرفتی داهات و دارایی و سامانی ئەم هەرێمە حكومەت لە ناوەندەكانی زانستیدا لێكۆڵینەوەیەكی زانستی بۆ بكات، بۆ ئەوەی بەڕای هەمووان و بەشداری هەموو توێژەكان ئالیەتی گونجاوترو لەبارتری بۆ بدۆزێتەوە، لەم بوارەدا یاسایەكی زۆر تۆكمەو گونجاو دەربچێت.

پێمانوایە گرفتی زۆری دەسەلأت لەم بوارە دایە، ئەمەش كاری زۆری دەوێت بەداهێنانی ئالیەتی نوێ دەتوانرێت باشتر رێك بخرێت.

لە دەوڵەتی ئیسلامیدا سیستەمی (بيت المال) داهێنرا كە دەستواژەیەكە، بۆ ئەوەی هەرجۆرە داهاتێك شوێنی دانانی خۆی هەیەو هەروا جێی خەرجی خۆی جیاوازە، داهاتی زەكات ناكرێت تێكەڵ بە داهاتەكانی دەستكەوتی جەنگ بكرێت، بۆ نموونە، چونكە هەر یەكێك لەمانە جۆرێك ماڧ پەیوەندی پێوەی هەیەو بۆ جۆرێك چین و توێژ دەبێت خەرج بكرێت، كەواتە ئەم لایەنەی دەوڵەت پێویستە زۆر بە هەند بگیرێت و لە كەمترین نەسریەی دەزگایەك هەتا خەرجیەكانی دیوانی سەرۆك پێویستی بە رێكخستن هەیە، بە یاسایەكی دادوەرانە.

7- هەموو ئەو كارمەندو خەڵكانەی كە لە دەزگاكانی حزبدا كار دەكەن و لەسەر میلاكی حكومەت دامەزراون، دەبێت بزانرێت ئەو زۆر بوونی مووچەخۆرانە لە كوێوە دروست بووە؟ سەرچاوەكەی ئەو پێشبڕكێی حزبییە، كە دەكرا لەنێوان سلێمانی و هەولێردا دامەزران لە دەزگای حزبیداو لە رێگەی حزبەوە هەیە، بەلأم لە دامودەزگای حكومەتدا نییە، پەنجە بخرێتە سەر ئەم لایەنەو حزب كە بودجەی دیاری كراوی خۆی هەبێت، ئیتر بۆچی دەبێت پارەی كارمەندەكانیشی لەسەر حكومەت بێت، یان ئەو هەموو دەزگایانەی راگەیاندنی حزبی كە بودجەكەیان لەسەر حكومەتەو پشتی زۆری داهاتی شكاندووە، ئەمانە دەبێت چارەسەر بكرێت، حزب بۆ خۆی كاری خۆی بكات، حكومەتیش كاری خۆی هەیە، بەلأم بەداخەوە تا ئێستا حكومەت كەناڵێكی راگەیاندنی بینراوی خۆی نییە، ماوەیەك لەوەو پێش كەناڵێك هەبوو، بەلأم ئەویش تووشی دەردی حزبی هات.

8- دەبێت حكومەت لە بیری دابین كردنی پێداویستیە هەنووكەییەكاندا بێت، وەك نان و ئاو و دەرمان و نەخۆشخانەو زانست و زانیاری هتد.

ئەمەش بە گرتنەبەری ئەم رێگە چارانە:

یەكەم/ بەشە خۆراك تووشی قەیران هاتووە، لەو قەیرانە رزگار بكرێت و وەك جاران بەردەوام بێت، بەلأم بەجۆری چاك و باش.

دووەم/ یان بكرێتە پارەو هەر هاوولأتیەك بەشە پارەی خۆی وەربگرێت و خۆی لە بازاڕی ئازاددا خۆراكی خۆی بكڕێت.

سێیەم/ یان حكومەت یاسای (كارت) دابهێنێ و لە هەر شارێكدا بازاڕێكی ئازادی دەوڵەتی بكاتەوە، خۆی جۆرەكانی خۆراكی بۆ بهێنێ و بە هاوولأتیان بە نرخێكی گونجاو و بەپێی كارت بیفرۆشێ، ئەم جۆرەیان چەند سوودێكی هەیە:

أ- بەگەڕخستنی ژمارەیەكی باش لە خەڵكی بێكارو دامەزراندنی وەك كارمەند لەو بازاڕەداو مووچەكەشی لەسەر داهاتی ئەو بازاڕە دابین دەبێت.

ب- لە قەیرانی یاری كردن بە بەشە خۆراك رزگارمان دەبێت.

ج- هاوولاّتی بەخواستی خۆی پێداویستی خۆی دابین دەکات.

د- گرانی کەلوپەلی پێویستی کەم دەکاتەوەو بازاڕەکانی تر لە رووی نرخەوە دادەبەزێنێ.

چوارەم/ نەخۆشخانە حکومیەکان دەبێت خزمەتگوزاری زیاتریان تیا بکرێت و نرخی پشکنین و بینین و دەرمان شتێکی رەمزی بێت و زۆر بە گرنگیەوە پزیشکەکان بەدەم نەخۆشەوە بچن، بەتایبەتی عیادەکانی ئێوارانی حکومەت، کە زۆر جار وا دەزانرێت تەنها بە رێ کردنە، دابین کردنی بڕە پارەی پێویست بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان.

پێنجەم/ عیادەکانی دەرەوەی ئێواران نرخیان یەکجار گرانەو قەڵەبلغی زۆر لەسەرە، ئەمەش ئەرکێکی ترە بۆ خەڵك، هەروەك نرخی دەرمانیش لە دەرمانخانەکان گرانە، ئەمە دەبێت رێك بخرێت بە:

أ- پزیشکان مووچەی فەرمی خۆیان هەیە، دەبێت نیسبەتی وەرگرتنی پارەی پشکنین بەپێی پسپۆڕی و ژمارەیەکی دیاری کراوی نەخۆش بێت.

ب- یان نرخێکی ناوەندی بۆ هەموویان دیاری بکرێت، بەپێی ئامارێکی دروستی زانستی و واقیعی هەژمار کردنی کرێی بیناو کارمەندان و پێداویستی تر لە مانگێکدا.

ج- یان خۆیان لایەنی مرۆڤایەتی بە هەند بگرن و کێبڕکێی تەلارسازی لەسەر نەخۆشەکان دروست نەکەن.

د- دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە خزمەتکردنی هەژارو بێ باوك و بێوەژنان و ساڵمەندان و بڕینەوەی مووچەیەك، کە هاوکاری باشتر کردنی ژیان و گوزەرانیان بێت لە چوارچێوەی یاسادا.

هـ- دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاّتیان بەگشتی و ئەو گەنج و لاوانەی کە دەڕۆنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوەو زیاد کردنی بڕی هاوکاری پێشینەی هاوسەرگیری و لابردنی زیادە لە کاتی وەرگرتنەوەدا.

و- پارێزگاری لە رەوشت و بەها بالأکانی گەلەکەمان و رێگرتن لە هێنانی ئەو ئافرەتانەی کە بوونەتە هۆی تێکدانی رەوشتی گەنج و لاوەکانمان.

شەشەم/ دەزگاکانی خوێندن و ناوەندەکانی بە هەموو رەهەندەکانیەوە پێویستە کاری بۆ بکرێت بە:

أ- دابین کردنی پێداویستی بەشە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی دروست و گونجاو و بە ئالیەتێکی زانستی و نەخشەی نوێ، کە جۆری پێداویستی و بڕی پێویست و سەرچاوەی دابین کردن دیاری بکات.

ب- دەرماڵەی قوتابی بەشێوەیەکی یەکسان بێت لە هەموو ناوەندەکانی خوێندن، بەپێی دووری و نزیکی شوێنی خوێندکاران، بۆ ئەمەش لەسەر ئاستی هەرێم لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی بۆ بکرێت.

ج- دابین کردنی شوێنی گونجاو بۆ هەموو کۆلیژو ناوەندەکانی خوێندن، بەپێی پلانێکی دروستی حکومەت، کە ساڵانە چەند ناوەندێکی خوێندن گەشە پێ بدات.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

لقی سلێمانی

2011/2/26

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم تەواو بوو لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕۆ بۆ بڕگەی دووی بەرنامەی کار/ خستنەڕووو گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەت، کە بەپێی بڕگە (17)ی بڕیاری پەلەمان ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێك هێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێگرتن لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەکەمان لەلایەن بەڕێز کاك گۆران ئازاد دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆبەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنە**

ئاماژە بە فەرمانی ژمارە (1)ی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری 2011/2/24 کە تایبەت بوو بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوون و گوێگرتن لە خۆپیشاندەران، کە پشت بەستن بوو بە خاڵی (17) لە بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2011ی پەرلەمانی کوردستان، کە لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1)ی رۆژی2011/2/23دا دەرچوو، بفەرموون لەگەڵ راپۆرتی لیژنەکەمان:

یەکەم: چالاکی لیژنە:

1- رۆژی یەکەم: 2011/2/25:

* لیژنەکە سەر لە بەیانی رۆژی 2011/2/25 سەردانی شاری سلێمانی کرد، سەرەتا بۆ دانانی بەرنامەیەکی کار کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی لە نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی کۆبوونەوە، دواتر سەردانی ماڵە شەهیدەکانی رووداوەکانی 2011/2/17مان کرد، پەیامیان سەرەوەر بوونی یاساو جێبەجێ کردنی داواکانی چاکسازی بوو.
* کاتژمێر 2:30ی دوای نیوەڕۆ، لیژنەکە سەردانی بەردەرکی سەرای کرد بۆ چوونە ناو خۆپیشاندەران و گوێگرتن لە داواکانیان و لە ناو خۆپیشاندەران وتەیەك لەلایەن سەرۆکەوە پێشکەشکرا.
* کاتژمێر 4ی پاش نیوەڕۆ لیژنەکە سەردانی کەناڵی نالیای کرد بۆ ئیدانە کردنی سووتانی کەناڵەکەو لەنزیکەوە گوێ گرتن لەچۆنیەتی رووداوەکە.
* کاتژمێر 4:30ی پاش نیوەڕۆ سەردانی مامۆستایانی ئاینیمان کرد، جگە لە دەست خۆشی لەهەوڵ و ماندوو بوونیان، گوێمان لە بۆچوونەکانیان گرت و یاداشتنی چاکسازییمان لێیان وەرگرت.
* کاتژمێر 6ی ئێوارە، لە نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی لیژنە بە ئامادە بوونی گشت ئەندامەکانی لیژنە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رێکخست.

★ كاتژمێر 7ی ئێوارە لیژنەکە سەردانی سەرۆکی حکومەتی کرد، بۆ بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی (17) خاڵەکەی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان.

دووەم/ رۆژی دووەمی سەردان 2011/2/26:

★ کاتژمێر (9)ی بەیانی لیژنەکە سەردانی پارێزگاری سلێمانی کرد، وەك سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لەگەڵی کۆبۆوە، بۆ پرسیارکردن لەسەر باری ئەمنی ئەو شارەو کشانەوەی هێزەکان و بەدواداچوونی دەستگیرکردنی هاووڵاتیان.

★ کاتژمێر (11)ی بەیانی سەردانی زانکۆی سلێمانیمان کردو کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ مامۆستایان وخوێندکاران ئەنجامداو یادداشتی داواکاری چاکسازیمان وەرگرت، دواتر لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی خوێندکاران، سەرۆکی لیژنە وتەیەکی پێشکەش کرد.

کاتژمێر (1)ی پاش نیوەڕۆ سەردانی بریندارەکانی رووداوەکەمان کرد لە خەستەخانەی فێرکاری و خەستەخانەی فریاکەوتن و لەنزیکەوە بەسەرمان کردنەوە.

3- رۆژی سێیەمی سەردان 2011/2/27:

★ لیژنەکە لەگەڵ لیژنەیەك لە خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرا کۆبۆوە، کە ژمارەیان زیاتر لە (20) خۆپیشاندەر بوو.

★ لیژنەکە لەگەڵ کەمپینی (نا بۆ توندوتیژی، بەڵێ بۆ ئارامی کوردستان) کۆبۆوە، کە نوێنەری (13) رێکخراو بوون.

4- رۆژی چوارەمی سەردان 2011/2/28:

★ لە نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی کرا لە ژمارەیەك لە فێرخوازان، کە کێشەی بەشێکیان (ترقین قید) بوو، بەشێکیان لە باشوور دەیان خوێندو باری ئەمنی باشوور خراپ بووە، بۆیە مەبەستیان گەڕانەوە بوو.

★ کاتژمێر (3)ی دوای نیوەڕۆ لەگەڵ بەشێك لە نوێنەری خۆپیشاندەرانی چەمچەماڵ کۆبووینەوە.

★ کاتژمێر (4)ی دوای نیوەڕۆ لیژنەکە سەردانی بەردەرکی سەرای کردو لەبەردەم جەماوەری بەرێزی خۆپیشاندەران وتەیەك پێشکەش کرا.

بەدرێژایی هەر چوار رۆژەکە سەرۆك و ئەندامانی لیژنە لەپەیوەندی بەردەوام بوون لەگەڵ بەرپرس و دەزگا ئەمنیەکان، بۆ بەدواداچوونی رەوشی ئەمنی گیراوەکان و لە هەوڵدا بوون بۆ ئازاد کردنیان، خۆشبەختانە زۆربەیان ئازاد کران و بەدواداچوون دەکەین بۆ هەر گیراوێکی تر.

دووەم: هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بۆ بەدواداچوونی خاڵەکان:

1- دەزگا ئەمنییەکان وەك پێویست هاوکار نەبوون و بەڵێنی دیاری کراویان نەدەدا بە لیژنە.

2- تا کاتی گەڕانەوەی لیژنەکەش پێشێلکردنی خاڵی (1) بەردەوام بوو، بەتایبەت لە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و پەلاماردانی بارەگاکان.

3- بەگوتەی بەرپرسان هێزەکانی زێرەڤانی کە لە هەولێرەوە هاتبوون گەڕاونەتەوە، بەلام هێزە جووڵە پێکراوەکانی تر بەشێکی ماونەتەوە، ئەم هێزانە بۆ پاراستنی دامودەزگاکانی حکومەتن، نەك بۆ رووبەڕووبونەوەی خۆپیشاندەران و دیاربوونی هێزی چەکدار هەستی پێ دەکرێت.

4- وێرای سوپاس و دەستخۆشیی بۆ پزیشکان و بەڕێوەبەرو ئیدارەو کارمەندانی تەندروستی، بەڵام کەمتەرخەمی هەبووە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی لەلایەنی ناردنە دەرەوەی نەخۆشەکان بۆ دەرەوە.

5- پێشێلی بەردەوامی یاسای خۆپیشاندان هەبووە، چ لەلای بەشێك لە هێزەکانی پۆلیس، چ لەلای هەندێك لە خۆپیشاندەرانەوە.

6- خەڵك هەبووە گیراوەو تا کاتی گەڕانەوەی لیژنەکە ئازاد نەکراوە.

7- هێزەکانی ناوخۆ لە شێوەی پێشمەرگە دەردەکەوتن، چونکە شوناس و باجی تایبەت و جلی تایبەت و جیا کراوەیان نەبوو.

8- خاڵی ژمارە (9)ی بڕیارەکە پێشێل کراوەو خەڵك بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیرکراوە، یاخود بەتۆمەتێك دەستگیرکراوە کە ناچێتە ناو چوارچێوەی تاوانەوە.

9- خاڵی (8) لە بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوەو ئەنجام دەرانی سووتانی کەناڵی نالیاو رادیۆ و تەلەفزیۆنی گۆڕان دەستگیر نەکراون کە شوناسیان لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە ناسراوە.

10- خاڵی (14) لە بڕیارەکە پێشێل کراوە لەلایەن میدیای حزب و لایەنەکانەوە.

11- خاڵەکانی تری بڕیاری پەرلەمان ژمارە 7، 12، 13 ، 16 ، 17، یان جیبەجێکراون، یان لە بواری جیبەجێ کردندان.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان بەڕێز کاك عومەر دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: پێشنیار بۆ چارەسەرکردن:

1- گشت ئەندامانی پەرلەمان لەسنوورەکانی خۆیان رۆڵیان هەبێ لە ئاگادارکردنەوەی خۆپیشاندەران و حکومەت لە خۆپیشاندانی هێمنانە و گوێ گرتن و گەیاندنی داواکاری خۆپیشان دەران.

2- چالاك کردنی رۆڵی پەرلەمان و پەلە کردن لەپەسەند کردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە ئەمڕۆ خۆپیشاندەران داوای دەکەن، بەتایبەتی (پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهە، پرۆژە یاسای خاوەن پێداویستیەکان، پرۆژە یاسای ئەنجومەنی راژە، بیمەی تەندروستی، یاسای وەرزش، یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزان، پرۆژە یاسای رێگرتن لە رێکخستنی حیزبی لە ناو پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ، یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردن، یاسای داواکاری گشتی، یاسای پاڵپشتی پارتە سیاسیەکان.

3- ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران، دەرکردنی زنجیرە بڕیارێکی گرنگ و بە پەلە بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك و، بەدیهێنانی داواکاری خۆپیشاندەران، کە لە خاڵی 13 بڕیاری ژمارە 1 ی پەرلەمانی کوردستان باس کراوە، وە چاکترە ئەم بڕیارانە بەیەکەوە بۆ ڕای گشتی ڕابگەیەندرێت، نەوەك جیا جیا.

4-پەرلەمانی کوردستان بە زووترین کات بەرنامەڕێژی بکات، بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی 16، لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەنجامدانی دیالۆگێکی نیشتیمانی.

5-پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێ و شوێنی یاسایی باش بگرنە بەر، بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی ژمارە 14ی بڕیاری پەرلەمان لە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

6-بۆ جیاکاری هێزەکانی ناوخۆ، پێویستە جلی تایبەتیان هەبێت، هێزەکانی چالاکی مەدەنیش ژمارەیان زیاد بکرێت و، لە گشت شارۆچکەیەك بوونی هەبێت.

7-پێویستە پەرلەمانی کوردستان و حکومەت و سەرۆکی هەرێم ڕاگەیاندنێك بلاّو بکەنەوە بە فەرمی، بۆ بەهەند وەرگرتنی گشت داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و جێبەجێ کردنیان.

8-پێویستە حکومەت بە پەلە کۆبوونەوە بکات بۆ وەلاّمدانەوەی داواکاری خۆپیشاندەران.

9-پێویستە پەرلەمان بە جدی و بەردەوامی چاودێری جێبەجێ کردنی داخوازی خۆپیشاندەران بکات، هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بخاتە ڕوو، بۆ جەماوەری کوردستان، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەرەمکەن بۆ باقیەکەی، هەرچی هەیە بیخوێننەوە، هیچ شتێك بەسەریا باز نەدەن، با وازح بێت، تەقسیم بەندیەکانتان کردووە، ڕاستە بە عام خوێندمانەوە، تەقسیم بەندیەکەش بخوێننەوە، با لەبەر چاوی ئەندامانی پەرلەمان وازح بێتن، کە موناقەشە دەکەین لەسەری، بزانین چی دەکەین، کەرەمکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش هاژە خان، ئەو بەیاننامەی کەمپینی ئاشتی، لە پێناو گەڕانەوەی ئارامیدا دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و خەڵك، بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوە،

أ-داواکاریە هەنووکەییەکان:

1-لابردنی بارەگاکانی حیزبەکان لە ناوەندی شارو شارۆچکەکاندا، گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچکەکان.

2- ڕاگەیاندنی ڕەسمی لە لایەن پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکی هەرێم، لە بەهەند وەرگرتنی گشت داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و جێبەجێ کردنیان.

3-دڵنیا کردنی هاونیشتیمانیان لەوەی کە چیتر و بۆهەمیشە هیچ هێزێکی نیشتیمانی و حکومی کوردی، سوپاو هێزی چەکداری نابەنە سەر هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستان و، سەر هیچ هێزێکی رکابەرو نەیارو، هێزە فەرمان ڕەواکانی هەرێمی کوردستان.

4-لێبوردنی سەرۆکی هەرێم کە بۆ ماوەیەك لەمەو پێش دەرکرا، هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە هاوچەشنن، بەتایبەتی ئەو 61 بەندیەی کە لە چاکسازی گەورانی سلێمانی بەند کراون.

ب- داواكاريه بنه‌ڕتی و ستراتیژیه‌كان:

1-چاوپێداخشانه‌وه به ڕه‌ش نووسی ده‌ستووری هه‌رێمدا، به مه‌به‌ستی داڕشتنی ده‌ستوورێكی هاوچه‌رخی دیموكرات، كه تیایدا گشت مافه مه‌ده‌نی و سیاسی و یاساییه‌كانی هاونیشتیمانیان به ڕه‌سمی ناسرابن و، ده‌سه‌ڵاته‌كان به ئاشكرا جیا كرابنه‌وه، سه‌ربه‌خۆییان پارێزراو بێت، هه‌روه‌ها دیاریكردنی میكانیزمی شیاو، بۆ ڕێگا گرتن له‌ هه‌ر قۆرخ كردنێكی ده‌سه‌ڵات، هه‌موار كردنی یاسای سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێمی كوردستان، به شێوه‌یه‌ك كه سه‌رۆكی هه‌رێم ته‌نها له ڕێگه‌ی په‌رله‌مانه‌وه هه‌ڵبژێردرێت.

2-جیاكردنه‌وه‌ی حیزب له حكومه‌ت به جۆرێك كه ئیدی حكومه‌ت نه‌بێته ئامرازێك به ده‌ست حیزبی سیاسیه‌وه، به‌ڵكو حكومه‌ت پێویسته وه‌ك دامه‌زراوه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ، به‌رگری كار بێت له‌سه‌رجه‌م هاونیشتیمانیانی ئه‌م وڵاته.

3-هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی میلیشیاكانی حیزب و ڕێ گرتن له‌وه‌ی حیزب خاوه‌نی هێزی چه‌كدارو ده‌زگای هه‌واڵگری و سیخوڕی بێت و، هه‌روه‌ها پاسه‌وانی دام و ده‌زگاو باره‌گای حیزبی نه‌مێنێت و، ئه‌مانیش هه‌روه‌ك ماڵی ئاسایی هاوڵاتیان سه‌لامه‌تیان له‌لایه‌ن هێزه‌كانی ئاسایشی ناوخۆ بپارێزرێت.

4-سپاردنی وه‌زاره‌تی ناوخۆ و پێشمه‌رگه‌و به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌كانی ئاسایش و پۆلیس، به كه‌سانی پسپۆڕو بێ لایه‌ن و، به كرده‌وه حیزبایه‌تی له‌و ده‌زگایانه قه‌ده‌غه بكرێت.

5-داڕشتنی پلانێكی تۆكمه بۆ دابین كردنی سه‌ربه‌خۆیی دادوه‌ری و سه‌روه‌ری یاسا.

6-سه‌رۆكی هه‌رێم و سه‌رۆكی حكومه‌ت بێنه ناو جه‌ماوه‌ر، هه‌تا ئێستا سه‌رۆكی هه‌رێم ئه‌وه‌نده‌ی به سه‌رۆكی پارتی ناسراوه، وه‌ك سه‌رۆكی هه‌رێمێك لای جه‌ماوه‌ر نه‌ناسراوه، دواتر ده‌بێت له هه‌موو شاره‌كاندا نووسینگه‌ی خۆی هه‌بێت و، هه‌رمانگێك له شارێكدا له نزیكه‌وه له‌گه‌ڵ جه‌ماوه‌ردا بژیت و، هه‌موو چین و توێژه‌كان گرفتی خۆیان له نزیكه‌وه بگه‌یه‌نن.

7-ئه‌نجامدانی كۆبوونه‌وه‌ی لوتكه به‌به‌شداری خودی سه‌رۆك كۆماری عیراق، سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان، سه‌رۆكی په‌رله‌مان، سه‌رۆكی حكومه‌ت، كه‌سی یه‌كه‌می پارته ئوپۆزسیۆنه‌كان، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

زۆر سوپاس، ئێستا كاك محمد سعید داواكاری خۆپیشانده‌ران بۆ خه‌ڵك و بۆ په‌رله‌مانی كوردستان ده‌خوێنێته‌وه.

**به‌ڕێز حه‌مه سعید حه‌مه علی:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

داواكاریه‌كانی خه‌ڵك و خۆپیشانده‌ران بۆ په‌رله‌مانی كوردستان.

أ-داواكارییه هه‌نووكه‌ییه‌كان.

1-دان پێنان به كۆبوونه‌وه جه‌ماوه‌ریه‌كانی كوردستان، وه‌ك به‌ره‌یه‌ك بۆ نوێنه‌رایه‌تی كردنی داخوازیه‌كانی خه‌ڵك و، به‌شداری پێ كردنی نوێنه‌رانی خۆپیشانده‌ران، له پرۆسه‌ی بڕیاردان له‌مه‌ڕ مه‌سه‌له چاره‌نووسسازه‌كان.

2- ڕاگەیاندنی ڕەسمی لەلایەن پەرلـەمان و حکومـەت و سـەرۆکی هـەرێم لـە بەهەنـد وەرگرتنـی گشت داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و جێبەجێ کردنیان.
3-دروست کردنـی لیژنەیـەکی هاوبـەش لـە پەرلـەمان و حکومـەت بـۆ کۆبوونـەوە لەگـەڵ نوێنـەرانی خۆپیشاندەران، بە مەبەستی دیاریکردنی میکانیزمی گونجاو ودیاریکردنی وادە بـۆ جێبـەجێ کردنـی داواکاریەکانیان.
4-دەست بـەجێ بانگهێشت کردنـی وەزیـری نـاوخۆو پێشـمەرگەو سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێم، بـۆ لێپێچینەوە لەگەڵیان، لە بارەی پێشێل کردنـی ماددەی یـەك و بڕگـەی یەکـەم لـە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەوەی هێزی پێشمەرگەیان بەرەو شارەکان جووڵاندووە، لە کاتێکدا ئەمـە تـەنها لـە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندایە.
5-لابردنـی بارەگـای حیزبـەکان لـە ناوەنـدی شـارو شارۆچـکەکانداو گواسـتنەویان بـۆ دەرەوەی شـارو شارۆچکەکان.
ب- داواکاریە بنەڕەتی و ستراتیژیەکان:
1-چاوپێخشاندنەوە بە دەستووری هەرێمدا، بە مەبەستی داڕشتنی دەستوورێکی هاوچەرخی دیموکرات، کـە تیایـدا گشـت مافـە مـەدەنی و سیاسـیەکان و یاسـاییەکانی هاونیشـتیمانیان بـە ڕەسمـی ناسـرابن و، دەسەڵاتەکان بە ئاشکرا جیا کرابنەوەو، سەربەخۆییان پارێزراو بێت، هەروەها دیـاریکردنی میکـانیزمی شیاو بۆ ڕێگا گرتن لە هەر جۆرە قۆرخ کردنێکی دەسەڵات، هەموار کردنـی یاسـای هـەرێمی کوردسـتان، بە شێوەیەك کە سەرۆکی هەرێم تەنها لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا بێ.
2-داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ دابین کردنی سەربەخۆیی دادوەری و سەروەری یاسا.
3-جیا کردنـەوەی حیـزب لـە حکومـەت بـە جۆرێـك کـە ئیـدی حکومـەت نەبێتـە ئامرازێـك بـە دەست حیزبی سیاسیەوە، بەڵکو حکومەت پێویستە دامەزراوەیـەکی سـەربەخۆی بـەرگری کاربێت لەسـەرجەم هاونیشتیمانیانی ئەم وڵاتە.
4-هەڵوەشـانەوەی میلیشـیاکانی حیـزب و ڕێ گـرتن لـەوەی حیـزب خـاوەنی هێـزی چـەکدارو دەزگـای هەوالگری و سـیخوڕی بێـت، هـەروەها پاسـەوانی دام و دەزگـاو بارەگـای حیزبـی نـەمێنێت و، ئـەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاووڵاتیان سەلامەتیان لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆوە بپارێزرێت.
5- سپاردنی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش و پۆلیس، بە کەسانی پسپۆڕو بێ لایەن و بە کردەوە حیزبایەتی لەو دەزگایانە قەدەغە بکرێت.
6-تێنەپەڕاندنی هیچ پڕۆژە یاسایەك لە پەرلەمان، بـەبێ ئـەوەی کـە پێشـتر هاونیشـتیمانیان لـە کـۆڕو کۆبوونەوەکاندا گفتوگۆیان لەسەری نەکردبێت و سەرنجەکانیان  بە هەند وەرنەگیرابێت.
7-گێڕانەوەی سەرجەم ئەو مڵك و ماڵە گشتی و تایبەتیانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ، لـە لایـەن هەرکەس و لایەنێکەوە دەستی بەسەردا گیرابێت، یاخود بە نـرخی ڕەمزی فرۆشرابن بە کەس و لایەنـی تر، بەدەر لە یاسای فرۆشتن و بەکرێ دانی مڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە 32ی ساڵی 1986.
8- بەکار هێنانی سامان و بودجەی کوردستان بۆ خۆش گوزەرانی خەڵك، بـە شـێوەیەکی داد پەروەرانـە لە پێناو بەدیهێنانی داد پەروەری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە.

9-خستنەڕووی سەرجەم داهاتەکانی کوردستان بۆ ڕای گشتی، بە داهاتە سروشتیەکانی وەك نەوت و غاز و ئاشکرا کردنی حیسابە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، لە ناوەوەو دەرەوە.

10-دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان بە یاسا، لەدەرەوەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و پەرلەمان، سپاردنی کارکردنی ئەم دەزگایە بە کەسانی بێ لایەن، کە دیاریکرابن لە سەر بنەمانی لێهاتوویی.

11-بڕینی هەر مینحەیەك کە سەرچاوەکەی دارایی گشتی بێت، بۆ سەرجەم دام و دەزگای حیزبی ونارەسمیەکان و ڕاگەیاندنەکانیان.

12-هەڵپەساردنی کارکردن بە یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستان، تا دەرچوونی یاسایەکی نوێ کە وەڵام دەربێت بۆ داخوازیەکانی ڕای گشتی هەرێمی کوردستان.

13-دابین کردنی بیمەی تەندروستی و بێ کاری بۆ هەمووان.

14-دەرکردنی یاسایەك بۆ کۆتایی هێنان بە جیاکاری جەندەری بۆ بنەبڕکردنی هەرجۆرە توندو تیژیەك دژ بە ئافرەتان.

15-زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ پێویستیەکانی ڕۆژداو لەکاتی ئێستادا لە 10 ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

16-دامەزراندنی دادگای ئیداری لە سەرجەم شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەك کە سەربەدەسەڵاتی دادوەری بن نەوەك حکومەتی هەرێمی کوردستان.

17-کەمکردنەوەی گشت باج و رسومات لەدام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی لە 50٪.

18-چالاك کردنی پەرلەمان و دانانی میکانیزمێکی کارا بۆهەڵبژاردنی پێش وەخت لە کوردستاندا، کەلەیەکی مانگی ئەیلولی 2011 تێنەپەڕێت.

19-بەدامەزراوەیی کردنی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

20-ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەرچوون و دادی کۆمەڵایەتی و ژیانی مەدەنی و شکۆی تاك وەك پێویست ناپارێزێن، هەموار بکرێنەوە، ئەو یاسایانەشی چارەنوس سازن، پێویستە بە هیچ جۆرێك لەسەر بنەمانی زۆرینەو کەمینە دەرنەکرێن و تەوافوقی نیشتیمانیان لەسەر بکرێت.

21- بەهێز کردنی دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری و بەستنەوەی دەستەی نوێنەرایەتی گشتی بەم ئەنجومەنەوە، گۆڕینی داواکاری گشتی بۆ نوێنەرایەتی گشتی، جیاکردنەوەی ئەنجومەنی شووراو دادگا ئیداریەکان لەوەزارەتی داد.

22-بەخشینەوەی دەسەڵاتی تەواو بە ئەنجومەنی پارێزگاکان و دیاریکردنی خێرای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پێش مانگی ئەیلولی 2011 دا و، یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکرێنەوە.

23-بودجە شەفاف بێت و لەسەر بنەمای پشکی هاوولاتی و ژمارەی دانیشتوان دابەش بکرێت وبەتەواوی لە دەستی حیزبەکان دەربهێندرێت، تەنها لەسەر بنەمانی یاسای بودجەی حیزبەکان، بەشی خۆیان لە بودجەی گشتی وەربگرن، نابێت سوود لە هیچ بودجەو کەل و پەل و شوێنێکی حکومەت خودی حیزبەکان وەربگرن.

24-بنەبڕکردنی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە هەموو ئاستەکان و گەڕانەوەی موڵکی گشتی بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆیان و دانانی میکانیزمی شیاو بۆیان، بلۆك کردنی حیسابی بانکی هەر بەرپرسێکی حیزبی و حکومی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا، هەر موڵك و ماڵێکی گشتی لەسەر کەسانی سەربە حیزبەکانیان تاپۆ کراون، هەڵبوەشێندرێتەوە.

25-دیاریکردنی دەسەڵاتی حیزب و دوور کردنەوەی حیزب لە بازاڕو زانکۆ و هتد.

26- بواری نەوت تەنها لە دەستی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا نەبێت، کۆمسیۆنێکی نیشتیمانی بۆ پێك بهێندرێت و شەفافانە گرێ بەست و خەرجی و داهاتەکانی بخاتەڕوو، داهاتی نەوت تەنها بۆ بواری گشتی خەرج بکرێت و بۆ هیچ حیزبێك نەبێت، دەخالەتی بکات و بەشی لێ بەرێت.

27-سندوقی ئەجیال لە یاسای نەوت وغازدا بەگەڕ بخرێت.

28-کۆمسیۆنە بالاَکان لەسەر بنەمای حیزبی بوون پێك نەهێندرێت، بەڵکو بە کەسانی پسپۆڕو شارەزاو پیشەیی و دڵسۆز پڕ بکرێنەوە.

29-دەستەی چاودێری دارایی کارا بکرێت و کار لەسەر ڕاپۆرتەکانیان بکرێت و، سەرپێچیکەران ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسای بکاتەوە، ماوەیەکی دیاریکراو بۆ وەلاَمدانەوەی هەر داوایەك دیاری بکرێت.

30-حەڤدە خاڵەکەی بڕیاری پەرلەمان بە خێرایی جێبەجێ بکرێت.

31-سەرۆکی پەرلەمان دەبێت خۆی بە پرسیار بزانێت و سەردانی شارەکانی تری هەبێت و لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکەکەیدا جار جارێك گفتوگۆ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکەن بۆ داواکاری خۆپیشاندەران و خەڵك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو داوا کاریانە لە لایەن بەڕێز د.ڕێباز و کاك گۆرانەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و خەڵك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

أ-داواکاریە هەنووکەییەکان:

1-دان پێنان بە کۆبوونەوە جەماوەریەکانی کوردستان، وەك بەرەیەك بۆ نوێنەرایەتی کردنی داخوازیەکانی خەڵك و، بەشداری پێ کردنی نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە پرۆسەی بڕیاردان لەمەڕ مەسەلە چارەنووسسازەکاندا.

2-ڕێگە گرتن لە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ سەپاندنی باری نائاسای، بەسەر هەر شارو شارۆچکەیەکدا، لەوانە بۆ نموونە دابڕاندن و ئابلووقە دانی شارێك یا بە سەربازگە کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

3-ڕاگەیاندنی ڕەسمی لە لایەن پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکی هەرێم، لە بەهەند وەرگرتنی گشت داواکاریەکانی خۆ پیشاندەران و جێبەجێ کردنیان.
4-دروست کردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە پەرلەمان و حکومەت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، بە مەبەستی دیاریکردنی میکانیزمی گونجاو و دیاریکردنی وادە بۆ جێبەجێ کردنی داواکاریەکانیان.
5-ئازاد کردنی دەست بەجێی سەرجەم دەستگیر کراوەکانی ناو خۆپیشاندانەکان و قەدەغە کردنی دەستگیر کردنی بەشداربووان و ڕێکخەرانی خۆپیشاندان.
6-دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لە شەهید کردن و بریندار کردنی خۆپیشاندەران و خستنەڕووی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دادگاو، بلاّو کردنەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا.
7-گێڕانەوەی هەموو هێزە چەکدارەکانی کە بۆ مەبەستی گوشارخستنە سەرخۆپیشاندەران، یاخود ترساندیان بە ئاراستەی شارەکان جووڵێندراون.
8-لابردنی بارەگای حیزبەکان لە ناوەندی شارو شارۆچکەکاندا، وە گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچکەکان.

ب-داواکاریە بنەڕەتی و ستراتیژیەکان:
1-دارِشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ دابین کردنی سەربەخۆیی دادوەری و سەروەری یاسا.
2-جیا کردنەوەی حیزب لە حکومەت بە جۆرێك کە ئیدی حکومەت نەبێتە ئامرازێك بە دەست حیزبی سیاسیەوە، بەڵکو حکومەت پێویستە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ، بەرگری کاربێت لەسەرجەم هاونیشتیمانیانی ئەم ولاّتە.
3-هەڵوەشانەوەی میلیشیاکانی حیزب و ڕێ گرتن لەوەی حیزب خاوەنی هێزی چەکدارو دەزگای هەوالگری و سیخوڕی بێت، هەروەها پاسەوانی دام و دەزگاو بارەگای حیزبی نەمێنێت و، ئەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاوولاّتیان سەلامەتیان لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆوە بپارێزرێت.
4- سپاردنی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش و پۆلیس، بە کەسانی پسپۆڕو بێ لایەن و بە کردەوە حیزبایەتی لەو دەزگایانە قەدەغە بکرێت.
5-گێڕانەوەی سەرجەم ئەو ملك و ماڵە گشتی و تایبەتیانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە لایەن هەرکەس و لایەنێکەوە دەستی بەسەردا گیرابێت، یاخود بە نرخی ڕەمزی فرۆشرابن بە کەس و لایەنی تر، بەدەر لە یاسای فرۆشتن و بەکرێ دانی ملك و ماڵی دەوڵەت ژمارە 32ی ساڵی 1986.
6- بەکار هێنانی سامان و بودجەی کوردستان بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك، بە شێوەیەکی داد پەروەرانە لە پێناو بەدیهێنانی داد پەروەری کۆمەلاّیەتی ڕاستەقینە.
7-لێکۆڵینەوە لە سەروەت و سامانی حیزبەکان و لێپرسراونی حیزبی و حکومەت و گێڕانەوەی ئەو داهاتانەی کەبە شێوەیەکی نایاسایی بەدەستیان هێناوە، وە چەسپاندنی ئەمەت لەکوێ هێناوە؟.
8-خستنەڕووی سەرجەم داهاتەکانی کوردستان، بۆ ڕای گشتی بە داهاتە سروشتیەکانی وەك نەوت و غازو ئاشکرا کردنی حیسابە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوە.

9-هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خانەنشین کردنی ئەندام پەرلەمان و وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و ئەنجومەنەکانی شارەوانی، کە بە پلەکانی خزمەت و ساڵانی کارکردنـدا تێنەپـەڕیون، وە کەمکردنـەوەی مووچەکانیان بۆ ئەوەی جیاوازی مووچە لە نێوان کەمترین و زۆرترینـدا لۆژیکیانە دیاری بکرێت.

10-ڕێزگرتن لە سەربەخۆی دام و دەزگا حکومیەکان و داراییەکان، زانکۆکان و پاراستنیان لەسەرجەم دەسەڵاتە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دەست تێوەردانی حیزبی.

11-بڕینی هەر مینحەیەك کە سەرچاوەکەی دارایی گشتی بێت، بۆ سەرجەم دام و دەزگای حیزبی ونارەسمیەکان و ڕاگەیاندنەکانیان.

12-باشکردنی ژیانی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا، وەك کرێکاران و فەرمانبەران و توێژەکانی دیکە، بە ڕەچاو کردنی پێوەرە نێوە دەوڵەتیەکان و ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ.

13-کارکردن بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی و ئاشکرا کردن و لێپرسینەوە لە گەندەڵ کاران و دادگایی کردنیان، وە دەرکردنی یاسایەك بۆ بن بڕکردنی گەندەڵکاران و سزادانی گەندەڵکاران.

14- دابین کردنی بیمەی تەندروستی و بێ کاری بۆ هەمووان.

15-زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ پێویستیەکانی ڕۆژداو لەکاتی ئێستادا لە 10 ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

16-دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوونی هاوچەرخ بۆ هاووڵاتیان بێ پێشەکی و بە قیستی مانگانە.

17-دابین کردنی دایەنگەو باخچەی منداڵانی هاوچەرخ، بۆ سەرجەم منداڵان بە خۆڕایی و دابین کردنی بڕێك پارەی گونجاو بۆیان تا تەمەنی 18 ساڵ.

18-کەمکردنەوەی گشت باج و رسومات لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی لە 50٪.

19-بەدامەزراوەیی کردنی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

20-بەخشینەوەی دەسەڵاتی تەواو بە ئەنجومەنی پارێزگاکان و دیاریکردنی خێرای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پێش مانگی ئەیلولی 2011 دا و، یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکرێنەوە.

21- بەهێز کردنی دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری و بەستنەوەی دەستەی نوێنەرایەتی گشتی بەم ئەنجومەنەوە، گۆڕینی داواکاری گشتی بە نوێنەرایەتی گشتی، جیاکردنەوەی ئەنجومەنی شووراو دادگا ئیداریەکان لەوەزارەتی داد.

22-بودجە شەفاف بێت و لەسەر بنەمای پشکی هاووڵاتی و ژمارەی دانیشتوان دابەش بکرێت وبەتەواوی لە دەستی حیزبەکان دەربهێندرێت، تەنها لەسەر بنەمانی یاسای بودجەی حیزبەکان، بەشی خۆیان لە بودجەی گشتی وەربگرن، نابێت سوود لە هیچ بودجەو کەل و پەل و شوێنێکی حکومەت خودی حیزبەکان وەربگرن.

23-بنەبڕکردنی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە هەموو ئاستەکان و گەڕانەوەی موڵکی گشتی بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆیان و دانانی میکانیزمی شیاو بۆیان، بلۆك کردنی حیسابی بانکی هەر بەرپرسێکی حیزبی و حکومی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا، هەر موڵك و ماڵێکی گشتی لەسەر کەسانی سەربە حیزبەکانیان تاپۆ کراون، هەڵبوەشێندرێتەوە.

24-دەرفەت و هەلی یەکسان بەبێ جیاوازی بۆ هەموو هاوولآتیانی کوردستان فەراهەم بکرێت، لەسەر بنەمای مافی ژیان و لێ وەشاوەیی و توانست و بڕوا نامە.

25-تەزکییەی حیزبی ئەگەر بۆ جیاکردنەوەی هاوولآتی لە هاوولآتیەکی تر بەکارهات، بووبە ئامرازێکی مەحسوبیەت و منسوبیەت، یان لە کاروباری حکومیدا بەکارهات، وەك تاوانێکی گەورە بناسرێت و مامەڵەی گەڵدا بکرێت.

26-دیاری کردنی دەسەلآتی حیزب و دوور کردنەوەی حیزب لە حکومەت و بازاڕو زانکۆو هیتر.

27-لە شارێکدا تەنها یەك بارەگای حیزبی بۆ حیزبێك دیاری بکرێت.

28- بواری نەوت تەنها لە دەستی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا نەبێت، کۆمسیۆنێکی نیشتیمانی بۆ پێك بهێندرێت و شەفافانە گرێبەست و خەرجی و داهاتەکانی بخاتەڕوو، داهاتی نەوت تەنها بۆ بواری گشتی خەرج بکرێت و بۆ هیچ حیزبێك نەبێت، دەخالەتی بکات و بەشی لێ بەرێت.

29- سندوقی ئەجیال لە یاسای نەوت وغازدا بەگەڕ بخرێت.

30- دەستەی چاودێری دارایی کارا بکرێت وبە وردی کار لەسەر ڕاپۆرتەکانیان بکرێت و، سەرپێچیکەران ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی بکاتەوە، ماوەیەکی دیاریکراو بۆ وەلآمدانەوەی هەر داوایەك دیاری بکرێت.

31- حەڤدە خاڵەکەی بڕیاری پەرلەمان بە خێرایی جێبەجێ بکرێت.

32-ڕێز گرتن و پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و دەستە بژێران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە یاسا کردنێکی مەدەنیانە مافی بەدەست هێنانی زانیاری لە کورترین دەرفەتداو هەر کەناڵێکی میدیایی سەلما کە درۆی تێکدەرانەی هەڵبەستراوی بلآو کردۆتەوە وئاسایشی کۆمەلآیەتی شێواندووە، سزا بدرێت.

33-حکومەت ئەرکی پاراستنی هاوولآتیان و دام و دەزگاکانی لە ئەستۆدایە، ئەگەر ڕووداوەکانی 17 شوبات و خەڵك کوشتن و هێرش کردنە سەر کەناڵەکانی لە نموونەی نالیاو بارەگا سووتاندن دووبارە بوونەوە پێویستە حکومەت دەست لەکار بکێشێتەوە.

34-ئالۆگۆڕ کردنی بەرپرسە ئیداریەکان بە بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکارو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە.

35-نەهێشتنی ڕۆتین لە دەزگا و فەرمانگەکانی حکومەتدا.

36-ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە ڕێگەی دروست کردنی بەنداو و گوندی هاوچەرخ و خۆش گوزەرانی گوندەکان.

37-حکومەت لە دوو ئیدارەیی ڕزگار بکرێت.

38-بڕیارە حەڤدە خاڵیەکەی پەرلەمان بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت.

39-سەرۆکی حکومەت هەموو چین و توێژەکان و نوێنەری هەموو ئەو خەڵکەی خۆپیشاندان دەکات کۆبکاتەوەو، لەگەڵیان ڕاستەوخۆ دابنیشێت.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاریەکانی خۆپیشاندەران بۆ دەسەلآتی دادوەری لەلایەن هاژە خان دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستاش داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و خەڵك بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەخوێنینەوە:

1-دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لەشەهید کردن و بریندار کردنی خۆپیشاندەران و خستنەڕووی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دادگاو بلاّو کردنەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا.

2-لێکۆڵینەوە لە سەروەت و سامانی حیزبەکان و لێپرسراوانی حیزبی و حکومی و، گێڕانەوەی سەرجەم ئەو داهاتانەی کە بە شێوەی نایاسایی بە دەستیان هێناوە، وە چەسپاندنی ئەمەت لە کوێ هێناوە؟.

3-ئاشکرا کردنی چارەنووسی بێ سەرو شوێنەکانی شەڕی ناوخۆ و بێ سەرو شوێن کراوەکانی دام و دەزگا ئەمنیەکان وقەرەبوو کردنەوەیان لە داهاتی ئەو لایەنانەی بەرپرسە لە دیارنەمانیان.

4-دامەزراندنی دادگای ئیداری لەسەرجەم شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەك کە سەر بە دەسەڵاتی دادوەری بن، نەوەك حکومەتی هەرێمی کوردستان.

5-بێ لایەنانە لێکۆڵینەوە لە کارەساتی 17 شوبات و، ڕۆژانی دواتر بکرێت، ئەنجامی لێکۆڵینەوە بە خێرایی بخرێتە ڕوو، دەست بەجێ گومان لێکراوان دەست گیر بکرێن و ڕێگەی سەفەرو هاتو وچۆکردنیان بگیرێت، هەر کەس بە تاوانبار دەرچوو سزای یاسایی بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

داواکاریەکانی خەڵك و خۆپیشاندەران بۆ حیزب و لایەنە سیاسیەکان، کەرەمکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم داواکاریانە بەڕێز کاك عمر دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و خەڵك بۆ حیزب و لایەنە سیاسیەکان:

1-لابردنی بارەگای حیزبەکان لە ناوەندی شارو شارۆچکەکاندا و گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچکەکان.

2-بەڕەسمی پۆزش هێنانەوە بۆ جەماوەی خۆپیشاندەر لە لایەن هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە ڕاگەیاندنی خۆپیشاندانی خەڵکیان بە ئاژاوە گێڕ ناو بردووە، بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە بە ڕەسمی داوای لێبوردن لە جەماوەر بکەن.

3- هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حیزب و ڕێگە گرتن لەوەی کە حیزب خاوەنی هێزی چەکدار و دەزگای هەواڵگری و سیخوڕی بێت و، هەروەها پاسەوانی دام و دەزگاو بارەگاکانی حیزبی نەمێنێت و ئەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاووڵاتیان سەلامەتیان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بپارێزرێت.

4-سپاردنی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش و پۆلیس بە کەسانی پسپۆڕو بێ لایەن و بە کردەوە حیزبایەتی لەو دەزگایانە قەدەغە بکرێت.
5-ڕێز گرتن لە سەربەخۆیی دام و دەزگا حکومیەکان و داراییەکان و زانکۆکان و پاراستنیان لەسەرجەم دەسەلأتە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەست تێوەردانی حیزبی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەکە، کە ئامادەتان کردبوو، کەرەمکەن بۆ پێشکەش کردنی، کەرەمکە ڕوونکردنەوەت هەیە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش کرا، حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم، بۆ هاوکارانی بەڕێز و خۆشەویست لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەیە کە ئەگەر هەست دەکرێت کە هەندێجار تکرارو دووبارە بوونەوەی تێدایە، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، بەشێك لەو داواکاریانە هاوبەشە بۆ هەموو دەسەلأتەکان و سەرۆکایەتیەکان، دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئێمە ویستوومانە زۆر ئەمین بین لە نەقلی ئەو داخوازیانە، یەعنی تەنانەت نەمان ویستووە وشەیەکیش دەستکاری بکەین، ویستومانە بە ئەمانەتەوە نەقلی بکەین، خاڵێکی تر کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، جگە لەو داواکاریانەی کە خوێندرایەوە بۆ بەڕێزتان، هەندێ داواکاری تریشمان بە دەست گەیشتووە، بەلأم لەبەر ئەوەی تایبەتە بە شارێك یا بە شوێنێکی تایبەتی، یان توێژێکی تایبەتی، یان چینێکی تایبەتی، وەزیاتر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە موتابەعەی ڕۆژانەی پەرلەمانەوە هەیە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین، ئەوەی کە نەخوێندراوەتەوە، بەلأم لەو مەلەفە هاتووە وەکو وەسیقەیەك تۆمار بکرێت لە پەرلەمانی کوردستان، وە داواش بکرێت لیژنەکانی پەرلەمان و حکومەت ڕاستەوخۆ، نوێنەرانی ئەو سنوورانە ببینن بۆ گوێ گرتن لە داواکاریەکان و، جێبەجێ کردنیان، زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە تەبعەن کە چوینە شاری سلێمانی لەگەڵ خۆپیشاندەران دانیشتین، یەکەم ڕۆژ ئەو تەوافوقەمان لە بەینی خۆمان کرد کە لیژنەیەکیان تەشریف بێنن بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەو تەوافوقەمان کرد، بەلأم دیارە هەموو کارێکی باش، ڕەنگە کۆسپی بکەوێتە بەردەم، لیژنەکەمان لەگەڵ ئەو لیژنەی خۆپیشاندەران، دیارە ئیتیفاق ئەوەکەمان کردبوو، بەلأم دیارە لە بلأو کردنەوەی خەبەرەکەدا هەندێ مولاحەزە دروست بوو، ئەوان داوایان کرد کە ئێمە بچینەوە خزمەتیان، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە لەسەر فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان، چووینەوە خزمەتیان و، داواکاریەکانمان لێیان وەرگرت و لەبەر چاوی خەڵکی شاری سلێمانی، بە سوپاسەوە، تەبعەن لە مەراسیمێکی ئیحتیفالی زۆر دڵ خۆشکەرە، کە ئینشائەڵلا بتوانین ئەو داخوازیانە، وەکو ئەوەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت و، کەوتۆتە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەو ڕوونکردنەوەیەش بخوێننەوە، کە دەست کاری کرابوو، چونکە لێرەوە بە ئامانەتەوە دەرچووبوو، بەلأم دەزگای ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی تر پێشکەشیان کردبوو، یان کەمیان کردبۆوە، هەقە

خەڵکی کوردستان بزانێتن، کە ئەوەی لێرەوە دەرچوو، بە ئامانەتەوە بەم شکلە بوو کە ئێستا لەبەردەستیانە، کەرەمکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی براتان صباح بەرزنجی، بۆ بەدواداچوونی داخوازی خۆپیشاندەران لە سلێمانی، کەلەسەر بنەمای دانیشتنی ژمارە یەکی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان و خاڵی 17ی بڕیاری ژمارە یەکی پەرلەمانی کوردستان پێك هاتووە، لەگەڵ خۆپیشاندەران ڕێك کەوتن بۆ ئەوەی لیژنەیەکی 15 کەسی، داخوازیەکانی خۆپیشاندەران ڕۆژی 2011/2/28 بێنن، بۆئەوەی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داخوازیەکان بخەنەڕوو، ئەمە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانەوە بڵاو کراوەتەوە، دیارە لەبەر هۆیەکی هونەری نەیانتوانی ئەو بەڕێزانە تەشریف بهێنن، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەکە چووینەوە بۆ لایان، یەعنی ئەوە بۆ تۆمارێکی مێژوویی هەقە ئەوە بزاندرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ ئێوەی بەڕێز، دەست خۆشیتان لێدەکەین، بەڕێزان وەکو بینیتان هەندێك لە ڕاپۆرتی دووەم تکراری هەبوو، ئێمە پێمان باش بوو، ئەوەی ئەو بەڕێزانە، خۆپیشاندەران بە نووسراو بەدەستی خۆیان ناردوویانە بخوێندرێتەوە، وە ئەوەشی کە لیژنەکە تەقسیم بەندی کردووە، بۆیە تکراری تیابوو زۆرە تەبیعی بوو، پێمان باش بوو ئەویش بخوێندرێتەوە، کە خوێندرایەوە، ئێستا ئێوەی بەڕێز، لەسەر ڕاپۆرتەکە ئەو گفتوگۆیانەی کە دەیکەن، کێ ناوی دەنووسێت دەست بەرز بکاتەوە، نیزامیە کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی 12 ی حەڤدە خاڵەکە کەبەڕێزتان هەفتەی ڕابردوو دەرتان کردووە، کە ئەڵێت بە مەبەستی چاکسازی ڕیشەیی گشتی لە لایەن فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی ناو پەرلەمان، بە هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران و، سوود وەرگرتن بە نەص لە لایەنە سیاسیەکان، ئەمە یەکەم، دووەم، نەصی تەسریحی سەرۆکایەتی هەرێم، بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە تەسریحی داوە دوێنێ، ئەڵێت داوا لە پەرلەمان دەکەم لەگەڵ لایەنەکان گفتوگۆ بکات، وە زۆر شتی تر کە بەڕێزی نووسیویەتی، بۆیە بە پێی ئەم دوو وەسیقەیە، ئەمەی سەرۆکایەتی هەرێم و، حەڤدە خاڵەکەی جەنابت، پێویستە ئەم موزەکەرەی هەرسێ لایەنی سیاسی، بزووتنەوەی گۆڕان و یەگکرتووی ئیسلامی کوردستان و، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بخرێتە ئەجێندای کارەکانەوە، لەبەر ئەوەی ئیستینادەن لەسەر ئەو دوو وەسیقە سابیقە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تێگەیشتین، گەیشت ئەوە، بە نیسبەت بەرنامەی کارمان، ئیمڕۆ شتێکی ترە، بۆ ئەوەش لەسەری قسە دەکەین، پێویست بوو، بەسەرچاو لەناو پەرلەمان موناقەشە دەکەین، زۆر تەبیعیە، بەس دوێنێکە ئەو بەڕێزانە حازر بوون، گشت سەرۆك فراکسیۆنەکان، گشت لایەنە سیاسیەکان، گشت سەرۆك لیژنەکان، لایەنە سیاسی، مەبەستمان ئەوانەیە کە نوێنەرایەتی دەکەن، لە فراکسیۆنەکان، سەرۆکی

فراكسيۆنەكان، هەريەكەی تەمسيلی لايەنێك دەكات، هی لايەنەكان، لەناو پەرلەمان دانيشتين، لەسەر ئەو خالآنە ئيتيفاقمان كرد، ئەجێندای ئيمڕۆی دانيشتنمان ئەو سێ خاڵەيە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی ئەيانەوێتن قسە بكەن، دەستيان بەرز بكەنەوە، ئەلێرەوە دەست پێ دەكەين، تكايە، وەكو جاران هەركەسێك ناوی خۆی بلێت، فەرموو، عبدالله حاجی مەحمود، عمر عبدالعزيز، ئارام، اسماعيل محمود، سۆزان شهاب، بشير خليل، برهان رشيد، كاردۆ، كوێستان محمد، پەريهان قوبلايی، پەيمان عبدالكريم، بەيان احمد، پێشەوا، ئاسۆ كريم، بێريڤان سەرهەنگ، پەروين عبدالرحمن، تارا اسعدی، خليل عثمان، بيلال سليمان، ئەڤين عمر، سالار محمود، سەروەر عبدالرحمن، ژيان عمر شريف، شڤان احمد، شلێر محی الدين، ڕێباز، سەرهەنگ فەرەج، سيوەيل عثمان، عظيمة نجم الدين، عبدالله، ڤيان عبدالرحيم، عدنان عثمان، كاروان صالح، نەسرين جمال، عونی بەزاز، ڕۆژان دزەيی، صباح بيت الله، ئاواز عبدالواحيد، عبدالسلام بەرواری، سمير سليم، هاوڕاز خۆشناو، عماد حسن، عمر نورەدينی، قادر حسن، گەشە دارا، لانە احمد چەلبی، محمد شارەزووری، نيشتيمان مرشد، دلێر محمود، ئاشتی عزيز، شێرزاد حافظ، عبدالرحمن حسين، جمال طاهر، گۆران ئازاد، حمە سعيد، د.احمد، زۆر سوپاس، بۆگشت ئەو بەڕێزانە، تكايە گوێ بگرن بزانن كێ ناوی نەنووسراوە، پێمان بلێن، ڕێزدار عبدالله حاجی محمود، كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم كۆبوونەوەيە لە جێگەی خۆيدا بوو، سەرەتا دەست خۆشی لەو ليژنە بەڕێز دەكەم، سەرۆكايەتی ليژنەكەو سەرجەم ئەندامەكان دەكەين، هەڵسان بە ئەركی پەرلەمانتاری خۆيان، بەلاَم زۆر بە جدی و زۆر بە دڵسۆزانە بەدەم داواكاريەكانی هاوولأتيان و بڕيارەكەی پەرلەمانەوە چوون، جێگای دەست خۆشيە كە لێيان بكرێ، داواكاری جەماوەر بە بۆچوونی من لە جێگەی خۆيەتی، پێويستە هەميشە گوێ لە داواكاريەكانی جەماوەر بگيرێت، چونكە سەرچاوەو مان و بوونەوەی ئەم دەستكەوتانە، هەر سەرئەنجام لە جەماوەرەوەيە، پێشكەوتن و سەركەوتنی پرۆسەی ديموكراسی، ديسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ جەماوەر، لەبەر ئەوەی ژيانی ديموكراسی لەم هەرێمە، لەلايەن جەماوەرەوە پيادە دەكرێت، لە ڕێگەی سندوقەكانی دەنگدانەوە، گوێ گرتن لە داخوازيەكانی ئەوان، هەقێكی تەبيعيە، وە پێويستە لەسەر پەرلەمانيش كە بەجدی گوێ لە داواكاريەكانيان بگرێت، ئەو داواكاريانەی جەماوەر، ئەوەی ياساييە بە جدی لە لايەن پەرلەمان و سەرۆكايەتی پەرلەمانەوە، كار بكرێت بۆ جێبەجێ كردنی، ئەوانەشی كە ياسايی نين، من داوا دەكەم بە ياسا ڕێك بخرێت، ئەو 17 خاڵەی لە لايەن پەرلەمانەوە كە بڕياری لێ درا، داواكارم بە جدی بەدواداچوونی بۆ بكرێت، ئەوانەی كە ماون جێبەجێ بكرێن، يان لە بواری جێبەجێ كردندان، لە لايەن سەرۆكايەتی پەرلەمانەوە بەدواداچوونی بۆ بكرێت بۆ جێبەجێ كردنيان، مايەی خۆشحاڵيە ئەو دەرگا داخراو و، گرێ كوێرانەی كە هەبوو لە بەردەم پرۆسەی سياسی لەم هەرێمە لە نێوان پێكهاتەكان، دوێنێ لە لايەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بەو ڕاگەياندنەی توانی ئەو دەرگا داخراوانە بكاتەوە، كەمايەی خۆشحاڵيە بۆ هەموومان، ئومێدەوارم كە هەموومان بەيەكەوە، بە لەبەرچاو گرتنی پرۆسەی سياسی ئەم هەرێمە، وە يەكتر قبوڵ كردن و يەكتر خوێندنەوە، گوێ لە

داخوازی و تێبینی هەموو لایەکمان بگرین، پێکەوە وەکو تیمێك لە پێناو پرۆسەی سیاسی ئەم هەرێمە، وە مەسەلە نیشتیمانیەکان، وە مافی هیچ لایەنێکیش پێ شێل نەکرێت، لە هەندێ مەسەلەی گرنگ، زۆرینەو کەمینە لەبەرچاو نەگیرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، من سەرەتا لەم خاڵەوە دەست پێ دەکەم، کە جێگەی دڵخۆشیە کە ئەمڕۆ لە مینبەری پەرلەمانی کوردستانەوە، وە لەژێر سەقفی داواکاری هاووڵاتیان، حەرف بە حەرف دەخوێندرێتەوە، ئینشائەڵڵا ئەو بەهەند وەرگرتنە، تاسەر بێت و بتوانین، لە دیاری کردنی سەقفی زەمەنی و، دیاری کردنی میکانیزم بۆ جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی گشتی سەرکەوتوو بین، وابزانم پشتگیری کردنی داواکاری هاووڵاتیان پێویستی بە موناقەشەو تاوتوێ نیە، پێویستی بەو نەفەسە مەسئولانەیە کە خۆش بەختانە دوێنێ لە، ڕاگەیەندراوی بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاماژەیەکی بۆ کرا، کە مافی هاووڵاتیانە، وە داواکاری لە جێن، وەلەناخی جەماوەری کوردستانەوە هەڵقوڵاوە، بەو ئیعتبارەی زۆربەی زۆری توێژەکان تیایدا بەشدارن، وابزانم بە نیسبەت داواکاریەکانەوە، هەر هەموویان ئیحتیماله لە ڕووی هونەری و تەکنیکی، پێویستی بە قسە لەسەر کردن ببێت، من دەست خۆشیەکی زۆرم هەیە بۆ لیژنەی تایبەتی، کە ئەو لێکۆڵینەوەی کردووە، جگە لە ماندوو بوونیان سێ، چوار جار کۆبوونەتەوە، ئەو پوخت کردن و کورت کردنەوە خزمەتێکی باش دەکات، بەڵام بە قەناعەتی من چوار شتی دەوێت، موناقەشەی خاڵەکان، یەکێکیان دیاری کردنی کات و سەقفی خێرای دەوێت بۆ جێبەجێ کردن، دووەم، هەماهەنگیەکی جدی دەوێت لەگەڵ حکومەت، هەماهەنگی نەوەك وەکو کاتەکانی تر و هەلە ڕابردووەکانی تر، بەڵکو هەماهەنگیەك بە مانای ئیلزام کردنێکی خێرای حکومەت، بۆ دیاری کردنی بودجەو ئیمکانیەت، بۆ دەست بەکار بوون لەو بوارە، کە ئێستا لەسەرەتای ساڵاین، لەسەرەتای هاتنی میزانیەی تازەدا داین، وەلەهەمووی گرنگتر خاڵی سێهەم، میکانیزمێکی دەوێت، کە حکومەتی پێ ئیلزام بکەین، وە نابێت ئەمڕۆ لەم کۆبوونەوەدا بە قەناعەتی خۆم تەواو ببین، ئیلا دەبێت ئەو سێ خاڵە یەکلا بکەینەوە، کات دیاری بکەین، میکانیزم دیاری بکەین، ئیلزامی حکومەتی پێوەبکەین، وە دەبێت تەخسیساتێکیش لەو بوارەوە حکومەت ئەولەویەت بدات بەو داواکاریانە، خاڵێك لەو خاڵانەی کە لە هی هاووڵاتیان هاتووە، خاڵی چوارە، کە باسی لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمان و حکومەت دەکات، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران، نابێ ئەو خاڵە لەبیر بکەین، هەروەها خاڵێکی تر کە خاڵی دووەمە، باسی ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمی دەکات، لەلایەن حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان و، سەرۆکی هەرێمەوە، کە بەپێی ئەو خاڵە ئەبێت داواکاریەکان بە هەند وەربگیرێن، بە شێوەیەکی ڕەسمی، من وادەزانم هەموومان یەك دەنگین، ئینشائەڵڵا واش دەبێت، لەسەر ئەوەی کە ئەو داواکاریانە، داواکاری ڕەوان، داواکاری خەمخواردووی چەند ساڵەی هاووڵاتیانن، من لێرە تەنها دوو خاڵی سەرەکی جگە لەو پێشەکیەی نووسراوی بەڕێزتان، یەکەم، ئەمڕۆ پەرلەمان

دەبێت هەڵوێستێکی ڕەسمی هەبێت لە پێشێل کردنی هەندێ لە خاڵەکانی بڕیاری 23 ی مانگی خۆمان، بە تایبەتی حەوت خاڵی کە بەقەناعەتی هەموو لامان، پێشێلکاری لە لایەن دەزگا تەنفیزیەکانەوە دەرهەقیان کراوەو، وەنابێت پەرلەمان بێ دەنگ بێت لەو خاڵانە، یەکێکیان شکاندنی خاڵی یەکەمە بە تایبەتی، تەقە کردن و بەکارهێنانی توندو تیژی لە دوای لە 23ی مانگەوە، دووەمیان، دواخستنی کێشانەوەی هێزە چەکدارەکان و بەعزێك ئاڵوگۆڕی پێ کراوەو، لە هەقیقەتدا خاڵی دوو، پێشێل کراوەو وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە، سێهەمیان، شکاندنی خاڵی سێیە، بەوەی تا ئەمڕۆش هەندێ لە خۆپیشاندەران، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت ئازاد نەکراون، وە دەستی دەستی و دواخستنێکی زۆر لە لایەن ئاسایش و، لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، تەنانەت لەگەڵ لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانیش ئەنجام دراوە، خاڵی پێنجی بڕیارەکەی پەرلەمان، دووبارە یەکێکی ترە لەو خاڵانە، خاڵێك کە پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەرانە، ئێمە هەتا ئالیەتمان بۆی داناوە، وتوومانە شوناسیان هەبێت ئەو لایەنانە، پارێزەری ڕێکخستنەکانن، یان ڕێکخەری خۆپیشاندەرانن، بە باج و بە ناو و بە شوناس، بە داخەوە جێبەجێ نەکراون، بگرە بە دەمامك و بە دەموچاوی داپۆشراوەوە لە دوای بیست و سێی مانگەوە گرتن و ڕاوە دوونان بەردوام بووە، هەڵبەتە لە ڕۆژانی دوای بڕیارەکە لەوانەیە کەم کەم خاو بووبێتەوە، لە خاڵی هەشتی بڕیارەکەی پەرلەمان، باسی کەمتەرخەمی دام و دەزگای پۆلیس و ئاسایش کراوەو، بڕیارمان داوە ئەبێ ئیجرائاتی یاسایی بکرێت، من نابینم ئیجرائاتێك تا ئێستا کرابێت، لە خاڵی نۆ ئاماژەمان کردووە، بە پێی بڕیاری دادگا کەس نەگیرێت، بەلام دەیان حاڵەتی گرتن ڕوویداوەو، بەبێ بڕیاری دادگا داوای ئەوراق تەرتیب کراوە، کە ئەوەش تەسەرۆفێکی نا جوان ونا شایستەیە بۆ ئێمە، خاڵی 15 شیان کە باسی بانگهێشت کردنی حکومەت و سەرۆکی حکومەت وهەردوو وەزیری ناوخۆو پێشمەرگەیە، بە داخەوە هەر دواخرا، بۆ کاتێك کە ئەوە دە، پازدە ڕۆژ بەسەر بڕیارەکە تێپەڕیوە، ئەبێ پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم حەوت خاڵە، ئەمڕۆ بە قەناعەتی من هەڵوێستی ڕەسمی هەبێت، خاڵی دووەم، یان نوقتەی ئەساسی دووەمم، باسی دانانی میکانیزمە بۆ سێ خاڵ، یەکەمیان، میکانیزمی قەرەبوو کردنەوەی ماددی و مەعنەوی ئەو خەڵکانەی ڕۆژی 2/17 و دواتر زیان مەند بوون، ئەبێ ئێمە یا خۆمان یان بە هاوکاری لەگەڵ حکومەت میکانیزمێکی بۆ دابنێین، وە هیچ ئەسەرێك یان میکانیزمێك بۆ ئەو خاڵە نیە، خاڵی دووەم، پرۆژەی چاکسازیە کە کاك بورهانیش ئاماژەی پێ کرد، ئەگەر بۆ ئەمڕۆش نەبێ، ئێمە باس لە پرۆژەیەکی چاکسازی گشت گیر کراوە، کە لایەنە سیاسیەکان و فراکسیۆنەکان و مامۆستایانی زانکۆ و، ئەکادیمیەکان، خەڵکانی پسپۆڕ، چ میکانیزمێك بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵە دانراوە، لەدوای ئەوەی کە 10 ڕۆژ بەسەر وەزعەکە تێپەڕی، هەروەها خاڵی 16، باسی زەمینەساز کردن بۆ دایەلۆگێکی نیشتیمانی، ئەویش هەر میکانیزمی ئەوێت، ئەویش بە ئینشاو ئەدەبیات نابێ ببرێتەسەر، ئەویش هیچ ئالیەتێك تا ئێستا دیاری نەکراوە، باسی لێ نەکراوە، من دوا خاڵم ئەوەیە کە عەرزی بکەم، دوا وتەم، ڕۆژی یەکەمیش لەم مەحفەلە عەرزم کرد، ئەگەر ئەمڕۆ پەرلەمان بەم شەش، حەوت بڕیارەوە، یەعنی هەڵوێستێك شەش حەوت خاڵ لە خۆی بگرێت، لە دیفاع کردن لە بڕیارەکانی خۆی، لە 23ی مانگ، تەواو نەبێت و دەرنەچێت لە کۆبوونەوەکە، وە ئەگەر ئالیەتێك دانەنێت بۆ ئەو سێ، چوار خاڵە، ئەویش کە کۆی

بڕیارەکـانی خۆمانــە، وە لــە مەجمــەعی جەوهــەری داواکاریــەکانی هاوولاّتیانــە کــە هــەمان هەڵوێســت تەئکید دەکەمەوە، کە ئەو ڕۆژەش عەرزم کردن، ئەبێ ئەم پەرلەمانە بـە هەڵوێسـتی خۆیـدا بچێتەوە، لـە سـەندنەوەی متمانـە لـەو حکومەتـە کـە ناتوانێـت بـە ئەرکـەکانی خـۆی هەڵبسـتێت، یـان ناتوانێـت بڕیارەکانی پەرلەمانەکە جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا زۆر سوپاسی لیژنەی بەڕێزی پەرلەمان دەکەم، سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەیان، وە هەروەها هـەوڵ و تێکۆشـانیان بـە چـاوپێکەوتن لەگـەڵ چـین و توێـژە جیاوازەکـان لـە پارێزگـای سـلێمانی، وە هـەروەها سوپاسـی ئـەو خۆپیشـاندەرانە دەکـەم کـە لیژنەکـەیان بینیـوە، کـە ئەگـەر بێتـو سـەرنجێك بـدەین لـە داخوازیەکانیان، یاخود لە پێشنیارەکانیان،دەردەکەوێت کە هەموو پێشـنیارو داخوازیـەکانیان، دڵسـۆزیە بـۆ سیسـتەمی سیاسـی کوردسـتان و، هـەروەها دڵسـۆزیە بـۆ بـەرەو پـێش بردنـی خزمـەتگوزاری لـە کوردسـتاندا، بۆیـە پێویسـتە ئێمـە ئـەو داخـوازی و پێشـنیارانە بـە هەنـد وەربگـرین، وە هـەوڵ بـدەین میکانیزمی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، ئـەوان پێشـنیارەکانیان کـردووە، بـەڵام بەڕاسـتی پەرلـەمان ئـەبێت میکانیزم بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانە بکاتە کـردارو، لـە داهـاتوودا بیکاتـە نەخشـە، بۆیـە مـن پێشنیار دەکەم سەرەتا، پێویستە بە فەرمی، پەرلەمان وەڵامی خۆپیشاندەران بداتـەوە، چونکە داوایـان کردووە بە فەرمی ئێمـە وەڵامـان دەوێت لەلایـەن پەرلـەمان و لـە لایـەن حکومەتیشـەوە، ئەمـە وەکو هەنگاوی یەکەم، پێشنیاری دووەمیشم، ئێمە لە حەڤدە خاڵە کەدا لـە خـاڵی 12، بـاس لـەوە دەکـات کـە لیژنەیـەك دابنـدرێت لـە پەرلـەمان، سـەبارەت بـە مەسـەلەی چاکسـازی و وە گـوێ بگیرێـت لـە زۆربـەی لایەنەکان، ئەوەی ئێستا پێشنیارەکانمان بۆ هاتۆتە پەرلـەمان و وەخوێندرایـەوە، پێویسـتە ئـەو خاڵانـە بدرێتــە ئــەو لیژنەیــە، بــۆ ئــەوەی جیــا بکرێتــەوە، چــونکە داخوازیــەکان و پێشــنیارەکان جیــاوازن، هەنــدێکیان پەیوەســتن بــە پەرلەمانــەوە، کــە پێویســتە ئــەو لیژنەیــە، ئــەوەی کــە پەیوەســتە بــە پەرلەمانەوە، جیای بکاتەوە، ئێمە لە پەرلەمان دەست بکەین بە کارکردن لەسەری، چونکە داوای ئـەوە دەکات هەندێ یاسا هەموار بکرێ، هەندێ یاسا دەربکرێت، ئـەوە پەیوەسـتە بـە پەرلەمانـەوە، بەڕاسـتی ئـەبێت پەرلـەمان لـە ماوەیـەکی دیـاریکراودا ئـەو یاسـانە جێبـەجێ بکـات، هەندێکیشـی پەیوەسـتە بـە حکومەتەوە، لە لایەن پەرلەمانەوە، بـە نامەیـەکی فـەرمی پەرلـەمان، ئاراسـتەی حکومـەت بکرێـت، بـۆ ئەوەی ئەویش جێبەجێی بکات، هەر لێرەوە من پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە مـانگی ئـازار داین، وەکۆمەڵێك پشووی زۆریـش هەیـە لـەو مانگـەدا، بـۆ ئـەوەی بەدواداچـوون، بـۆ ئـەم داخوازیانـەی هاوولاّتیان و خۆپیشاندەران بکەین، ئێمـە لـە پشووەکانیشـدا هـەوڵ بـدەین کۆبوونـەوەکانمان بـەردەوام بێت، وەهەروەها داواش لە حکومەت بکەین، کۆبوونەوەی حکومەت و کاروباری حکومەت نەوەستێت لە پشوودا، بۆ ئەوەی بتوانین لەماوەیەکی دیاریکراودا ئێمە ئەو داخوازیانە جێبەجێ بکەین، هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا ئەوەی کە داوای دەکەم بڕیار بدرێت، سەبارەت بەو پـێ شـێلکاریانەی کـە کـراوە لـە 17

خاڵەکەدا، کە وەك لە خاڵی 2 و3 بڕیارەکەی خۆماندا هاتووە، کەلە 2/23 دراوە، کە پێویستە پابەند بوون بەو 17 خاڵەوە بکرێت، وەهەروەها لە ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە، کە لە هەڵسەنگاندنەکەیاندا زۆر بە ڕاشکاوانە باسیان لەوە کردووە، کە کۆمەڵێك پێ شێلکاری کراوە، وە ئێمەش وەکو ئەندام پەرلەمان، لە بەدواداچوونی خۆماندا کۆمەڵێك پێ شێلکاری کراوە، ئەبێ لەم کۆبوونەوەدا بڕیار بدرێت سەبارەت بەوەی کە پەرلەمان هەڵوێستی چیە بەرامبەر بەو کەسایەتیانە؟، یاخود ئەو لیژنە ئەمنیانەی کە پێ شێلکاریان کردووە، لەپاش ئەوەی کە لیژنەی بەڕێز گەڕاوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کەلە ڕاپۆرتەکەیان دووپاتیان کردۆتەوە، بەلاَم لیژنە ئەمنیەکانی سلێمانی ڕۆیشتوونەتە سەر خەڵك، بەبێ ئەوەی شوناسی خۆیان بناسێنن بەو هاوولأتیانە، یاخود بەو ماڵە کە کێیە، بردوویانەو دوای ماوەیەکی دیاریکراو زانیویانە لە کوێیە، پاش بەردانیشی خۆی بەشێوەیەکی تەفسیل ڕاپۆرتی پێشکەش بە لیژنەی پەرلەمان کردووە، کە ئازارێکی زۆری جەستەیی و نەفسی دراوە، وە هەروەها لە هەولێریشدا، پێش ئەوەی کە بەشداریش بکات، هەرتەنها نیەتی هێناوە کە بەشداری خۆپیشاندان بکات، دەستگیر کراوە، هەتا ئێستاش پێش ئەوەی بێم بۆ کۆبوونەوە، کەس و کارەکەی پەیوەندیان پێوە کردووم کە تائێستا بەرنەدراوە، یاخود لێرە ناو شاری هەولێردا، تەنها لەبەر ئەوەی کە ڕایەکی ئازادی خۆی دەربڕیوە کە خۆپیشاندان مافێکی هاوولأتیانە، لە وەزیفە دەرکراوە، ئەمانە بەڕاستی هەمووی پێ شێلکارین، پێویستە پەرلەمان و بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئیجرائات و بڕیاری خۆی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار نادات، ئێوە بڕیار دەدەن، ئێوە پەرلەمانن، لیژنەتان هەیە، بۆیە ئەو ڕوونکردنەوە ئەدەم، چونکە ئیشی سەرۆکایەتی پەرلەمان نیە، من زۆر جار لێرەوە وتم بەڕێزان، ئەزیزان، خۆ ئەوە نیزامی سەدام حسین نیە، نیزامی دیموکراتیە، لیژنە هەیە، مەحکەمە هەیە، حکومەت هەیە، ڕێگای ئسولی هەیە، ئەو ڕێگایانە بگرنە بەر.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە نیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە تەنیا بڕیار دەربکات، بەڵکو ئەوەیە کەلەکاتێکدا، پەرلەمان دەکاتە 17 خاڵ، دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەو 17 خاڵە بکات، وە هەروەها ئەندامانی تری پەرلەمانیش دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکەن، بەلاَم دەبێت سەرۆکایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نەخێر، لیژنەکان بەدواداچوونی بۆ دەکەن، سەرۆکایەتی پەرلەمان لیجانی هەیە، لیژنەی ناوخۆیی هەیە، لیژنەی مافی مرۆڤ هەیە، ئەم لیژنە تایبەتیە هەیە، لیژنەی پێشمەرگە هەیە، بەڕێزان، ئێمە تەنزیمی ئیشەکە دەکەین، کوێتان بوێ هاوکاریتان دەکەین، جەوێکی دیموکراسیتان بۆ دروست دەکەین، کە لەناوی دەنگی خۆتان بگەیەنن، کاك اسماعیل کەرەمکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ لیژنـەی بەدواداچـوون، دەسـتیان خـۆش بـێ، کارەکـانی خۆیـان بـە جـوانی ئەنجامداوەو، داخوازیەکانی جەماوەر کەلە کۆبوونەوەی ئیستیسنائی ئێمە، بڕیارمانداو ئەو لیژنەیەمان دروست کرد، لیژنەکە دەست بەکار بوو، کارەکانی خۆیان بە سـەرکەوتوویی ئەنجامـداو دەسـتیان خـۆش بێ، بەلاَم من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتەکـەیان زۆر دوورو درێـژەو داخـوازی زۆریشـی تیایـە، هەندێ شت هەیە ڕەنگە ئێمـە نـەتوانین جێبـەجێی بکـەین لـە پەرلـەمان، پـۆلین بکرێـت ئەوانـەی کـە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، لە ڕاپۆرتەکەدا ڕووبەڕووی جەنابیان بکرێت، وە ئەوانـەی کـە پەیوەنـدی بـە حکومەتـەوە هەیـە، ڕووبـەڕووی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بکرێـت، وە ئـەوەی کـە پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی خۆی بکات لە ڕێگای لیژنەکانیەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە دەسەلاَتی قەزائیەوە هەیە، ڕووبەڕووی ئەوان بکرێتەوە، چونکە لە ڕاپۆرتەکەدا هەموو بەشەکانی تێدایـە، ڕەنگـە ئێمـە نـەتوانین لـەجیاتی ئـەو بەشـانە بڕیـار بـدەین، داخوازیەکان لەبەر ئەوەی هەمە لایەنن، زۆر گەورەنە، هەمووی داخوازی ڕەوان و هەقی خۆیـەتی و لـە جێی خۆیـەتی، بـەلاَم ڕەنگـە هەنـدێ داخـوازی تێدایـە پێویسـتە ڕای سـەرۆکایەتی هـەرێم وەربگیرێـت، ئەوەی کە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پەیوەندیان پێوە بکات، ئەوەی کە پەیوەندی بـە حکومەتـەوە هەیـە، دەبێـت لیژنـە پەیوەندیـدارەکان لـە نـاو پەرلـەمانی کوردستان بەدواداچوونیان بـۆ بکـەن، سـەبارەت بـە پێشـنیارەکانیان، پێشـنیاری ئـەو لیژنەیـە لـە خـاڵی شەشەم، ئێمـە وەکـو لیژنـەی نـاوخۆ بـە دواداچـوونمان کـردووە، دوو لیژنـەمان هـەبووە لـە پەرلـەمانی کوردستان، لە لیژنەی ناوخۆ، لیژنەیەك بۆ سلێمانی، لیژنەیەك بۆ هەولێر، لیژنەی سلێمانی سەردانمان کردن، هەموو بەرپرسەکانی شاری سلێمانیمان بینـی، ئـەوەی کـە پەیوەنـدیان بـە خۆپیشـاندان هـەبوو، بەتەواوی بەرپرسەکانی لیژنەی ئەمنی شاری سلێمانی، لە پارێزگار، لە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، لـە ئاسایشی سـلێمانی، پۆلیسـی سـلێمانی، هـەموو ئەوانـەمان بینـی، بـە تێـرو تەسـەلی ڕاپۆرتمـان هەیـە بـۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان، بەدواداچـوونی خۆمـان کـردووە، لەسـەر ئەوانـەی گـیراون، یـان پـێ شێلی کراوە لە ڕاپۆرتەکەی ئێمە سەبارەت بە 17 خاڵەکەی ئێمە، ئەوان ئامادەی خۆیان نیشاندا، وتیان کێ؟، چ ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز لەهەردام و دەزگایەك کە کەسێك هەبێت گیرابێت با ناومان بدەنێ، هیچ کەسێك ئێستا لە هیچ دام و دەزگایەکی هەرێمی کوردستاندا گیراو نیە، ڕەنگە ئەمڕۆ کە کاك ئارام باسی کرد، یەك برادەر لە هەولێر گیراوە، بە هۆی جومعەوە ڕەنگە نەتواندرابێت پەیوەندی بکات، ئەوە پەیوەندی بە دادگاوە هەیە، دەبێت دادگا ئازادی بکاتن، ئەگـەرنا ئـەوەی پەیوەنـدی بـە خۆپیشـاندانەوە هـەبێت، لـە سەرانسـەری کوردسـتان، لـە هـیچ شـوێنێك ئێسـتا کـەس نـەگیراوە، بـەوەی کـە مـن ئـەمڕۆ پەیوەندیم بە ئاسایشی سلێماینەوە کردووە، ئاگاداریشـم لـە هـەولێر تـەنها یـەك کـەس گـیراوە، ئـەویش لەبەر بوونی ڕۆژی هەینی نەتواندراوە ئـازاد بکرێـت، سـەبارەت بـە جلوبـەرگ وسـەیارەی جـام ڕەش و، ئەوانە لە خاڵێك لە ڕاپۆرتەکەی ئێمەدا هاتووە، ڕاستە ڕەنگە ئەوە هەندێك شتی تێدا ئـەنجام درابێـت، بـەلاَم ئێمـە لەگـەڵ لایـەنی پەیوەندیـدار لـە سـلێمانی باسمـان کـرد، هـۆی کـەمی پۆلیسـی چـالاکیە مەدەنیەکان وای کردووە، کە ڕەنگە ئیستیفادە لەو هێزانە بکەن و داخلی بکەن، لە سلێمانی، شارێکی وا گەورە، پێشتر هەزار پۆلیسی هەبووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکیە مەدەنیەکان، ئێستا سەد کەسی هەیە،

سەد پۆلیس ڕەنگە نەتوانێت بەسەر ئەو هەموو خۆپیشاندەرانەدا زاڵ بێت، بۆیە پێویستە لیژنەکان بەتایبەتی، لیژنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون بکەن، وەلەگەڵ هاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ یان وەزیری پێشمەرگە، ئەو خاڵانەیان ڕووبەڕوو بکرێتەوە، کە کەموکورتیەکان بینراون لە لیژنەکاندا، باسیان لەگەڵ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمڕۆ ئەم دانیشتنەمان بۆ ئەوە سازداوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی خۆمان دڵنیا بکەینەوە، کە لێرە ئێمە هەر هەموومان داکۆکی کەرێکی زۆر باش دەبین بۆ ئەو داواکارییانەی هاووڵاتیان، چونکە لە ئەنجامی داواکارییەکان دەرکەوت کە ئەم هاووڵاتیانە، خەمی ئەم نیشتمانەیانە، خەمی ئەم نیشتمانەش لەوەدا دەبێتەوە کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرپا بێت، لەوەی کە سیستمی سیاسی بەجۆرێك بێت کە لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت، نەك لەخزمەتی تەنها حزب و لایەنە سیاسیەکاندا بێت، لەبەر ئەوە ئەوەی ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکەین هەموومان دەبێت ئەو داخوازییە ڕەوایانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە هەند وەربگرین، لە پێشەکیەوە کە دەست دەکەم بە قسەکانم وتەکەی دوێنێی سەرۆکی هەرێم، بڕیارێك بوو کەوا دڵخۆشکەر بوو بۆ هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لەوەی کە لێرە سیستمێکی دیموکراسی دەستی پێکردووە، بناغەی دانراوە، با بەهەموومان پەرەی پێبدەین، خاڵی دووەمم جارێکی تر پشتگیری لە بڕیارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، ئینجا دێمە سەر باسی ئەوەی کە چۆن ئێمە بتوانین میکانیزم دابنێین، با ئیتر لە ئەڵقەی قسەکردن و تۆمەتبارکردنی یەکتری بێینە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەو هاووڵاتیەی کە ئەو داواکارییەی پێشکەش کردووە، بزانێ ئێمە چۆن بیری لێدەکەینەوە بۆ ئەوەی بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت، نەك جارێکی تر بڵێینەوە نەکراوە، بەڕێزان لە 17 خاڵیەکەوە دەست پێدەکەین بۆ ئەوەی بزانین تا ئێستا تەقیمێك بکەین پەرلەمانی کوردستان چی کرد بۆ ئەم 17 خاڵە دوای بڕیارەکان، بۆ ئەوەی هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە، وە ئەمڕۆش ئەو هاووڵاتیانەی کە گوێمان لێدەگرن و تەماشاکەرن و چاوەڕوانی ئەوەن بزانن پەرلەمانی کوردستان چۆن باس لەو کێشانەی ئەوان دەکات، بزانن لە ڕۆژی 17 خاڵیەکەوە کە ئەو بڕیارە دەرچووە چیمان کردووە، کشانەوەی دەستبەجێی هێزە جووڵە پێکراوەکان، ئەوە جێبەجێ بووە، ئیدانەکردن و تەحریم و تەجریمی توندو تیژی لەلایەن هەر سێ سەرۆکایەتیەوە هی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، وە ڕاگەیەندراوەکەی پشتگیری بڕیاری 17 خاڵیەکەی سەرۆکی حکومەت، زۆر بەڕوون و ئاشکرا لەهەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو کرایەوە، ئازدا کردنەکە ئەوە بەڕێز برام کاك ئیسماعیل باسی کرد، مەوزوعی قەرەبوو کردنەوەکە، ئێمە یاسامان دەرکرد بۆ ئەوانەی کە بەبێ پاساو گیراون، ئەگەر هاتو ئەو کەسانەی کەبەبێ پاساو گیراون و زۆری خایاند ماوە یاساییەکەی تێپەڕی کرد، لەدوایدا خواحافیزیان لێکردن و وتیان ئێوە تۆمەتبار نین بەپێی ئەو یاسایە حکومەت دەبێ جێبەجێی بکات، بە پێی یاسای خۆپیشاندانیش، دەبێ حکومەت ئەو

لایەنانەی کە زەرەرمەند بوون، دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە، منیش داوا دەکەم لە وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام خۆتان دەزانن جل و بەرگی یەك نەوع و باجی یەك نەوع، کاتی ئەوێت، بەڵام دەبێت وەزیری ناوخۆ، کە هاتە پەرلەمانی کوردستانەوە، دەبێت دیاری بکات چەنێکی کات دەوێت بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی ناوخۆ یەك جۆر جلیان لەبەر دابێت و باجیان هەبێت، ئەمە عیلاقەی هەیە بەسەر تەنزیم و جیا کردنەوەی هێزەکانی ناوخۆ، خاڵی شەشەم هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، سەربەرزانە ئەمڕۆ ئەوەتا لە کەرکووك و لە چورا دەوری کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانە، کەواتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئەرکی خۆی هەڵساوە، دیفاع لە نیشتیمانمان دەکات، پێویستە لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە کە لەلایەن حکەمەتەوە پێك دێت، ئەوەش بڕیاری پێ دەرچووە، هەرچەندە تۆزێك بە دوو، سێ مەرحەلە بووە، حکومەت لیژنەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە، دەسەڵاتی دادوەری هەڵسا خۆی لیژنەیەکی دروست کرد، کە ئەوە نەئەبوا وا بوایە، بڕیارەکەی پەرلەمان زۆر وازحە، ئەو لیژنەیەی کە حکومەت دروستی کرد، دەبوایە کەسێکی دادگای تەمیز سەرۆکایەتی بکردایە، وە هەر دوێنێ بڕیارەکەمان بینی، لە کۆبوونەوەکەی دوێنێ کە کردمان، بڕیارەکەمان بینی کە کاك حاکم حەیدەر، نازانم بە داخەوە ناوی باوکی چیە، ئەمری بۆ دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە، دەڵێت لە خاڵی هەشتەما، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك تێ بگات لەم بڕیارە کە چۆنە، ئەڵێ، لە مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخەکە کەمتەرخەمی لەلایەن دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشدا هەبووە، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، دەبێت لایەنی کەمتەرخەم ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بکرێت، ئێمە چاوەڕێی ئەو لیژنە بەڕێزەین کە دروست بووە، کە حاکمێکی مەحکەمەی تەمیز، بەڕێزان ئەو لیژنەیەی کە دروست بووە لەماوەی 48 سەعات، بە سەدەها دۆکیۆمێنتی چۆتە بەردەست، بە تەسویرەوە، بە قسەو شایەت حاڵەوە، کەواتە شتەکان هەمووی دەخرێتە بەردەستی ئەو لیژنەیە و، دەبێت کاری باشی بۆ بکات، دەبێ خەڵکێکیش ئەگەر کەمتەرخەم بووبێت، سزا بدرێت، زۆر وازح و ڕوونە، نابێت بەبێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپیشاندەرێك بە هۆی بەشداری کردنی لە خۆپیشاندان، ئێمە پشتگیری لەم خاڵەی خۆمان دەکەین، وە هەرهەمووشمان دەبێت کار بکەین و، لە هەرکوێیەك پێشێلکاری کراوە، دەبێت لیژنەی بەڕێز ئەندامانی ئەو لیژنە بەڕێزە، وەکو چۆن هاتووە لەناو ڕاپۆرتەکەیاندا، دەبێت میکانیزمی ئەوەی بزانین لەکوێ پێشێلکاری کراوە؟، لەلایەن کێ کراوە؟، بخرێتە ڕوو، بۆ لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوەش بەتایبەتی، بڕیاری جووڵاندنی هێزی سەربازی، ئەوە هێزە سەربازیەکانمان ئەوەتا دیفاعمان لێ دەکەن، دەست بەجێ ئەنجامدەری سووتاندنی کەناڵی نالیا و، ڕادیۆو تەلەفزیۆنی گۆڕان، ڕێ و شوێنی یاساییان لەبەردەم بگیرێت و، بدرێنە بەردەم دادگا، من ئەمڕۆ قسەم لەگەڵ کەسێك کردووە، کەناڵی نالیا، هەتا ئەمڕۆ نەچوون دەعوا قەید بکەن، کە کەسێکە لەوێ ئیش دەکات، وە بەرپرسە لەوێ، دەبێت بە شێوازی قانونی، هەرکەسێك زەرەرمەند بووە، لەم خۆپیشاندانانە زەرەری پێ گەیشتووە، دەبێت بچێت دەعوا قەید بکات، بەمەبەستی چاکسازی ڕیشەیی گشتی، لەلایەن فراکسیۆکان و لیژنەکانی ناو پەرلەمانەوە، بە هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران، سوود وەرگرتن لە لایەنە سیاسیەکان، بەڕێزان ئەوەی لەبەردەستی ئێمەدایە، ئەو ڕاپۆرتانەیە، ئەو داواکاری خۆپیشاندەرانەیە، من لێرەدا پێشنیازێك دەکەم بۆ پەرلەمان، ئێمە بۆ ئەوەی بیکەین بەکرداری عەمەلی، هەموو ئەو لایەنانەی کە داواکاریەکان

ئاراستەیان کـراوە، جـارێ لـە پێشا ئـەو نوسـخە بنێردرێـت بـۆ سـەرۆکایەتی هـەرێم، بـۆ حکومـەت، بـۆ دەسەڵاتی دادوەری، ئەوەی پەرلەمان لەلای خۆمانە، بە زووترین کات ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێـت، دەبێـت بەلایـەنی کەمـەوە، کـە ئێمـە بـاس لـە پـرۆژەی چاکسـازی دەکـەین، شـتەکان هاتۆتـە بەردەسـتمان، فراکسـیۆنەکان مـەوجودن، حکومـەت، دەتـوانین بـانگی بکـەین لـەناو ئـەو کۆبوونەوانـە، لایەنـە سیاسـیەکان، پێموایـە سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان تەمسیلی لایەنـە سیاسـیەکان دەکـەن، ئەگـەر لـە دەرەوەی ئــەوەش لەلایــەن ســەرۆکایەتی پەرلەمانــەوە و، لەلایــەن ســەرۆکایەتی هەرێمــەوە هەرچــی کۆبوونەوەیەك دەکرێت، بۆ دەوڵەمەند کردنە، ئەم لایەنانە، کـە ئـەم نووسـراوە فەرمیانـەیان بـۆ بـەرز دەکرێتـەوە، لـە مـاوەی 15 ڕۆژدا، بـە نووسـراو وەڵامـی فـەرمی ڕای خۆیـان لەسـەر خـاڵ بـەخاڵی ئـەو داواکاریانـە، زۆر بـە ڕوون و ئاشـکرایی بـاس بکـەن، چـونکە لـە هەنـدێ خاڵـدا، سیسـتەم و سیلسـیلەی کارەکان بـەو شـێوەیە دەبـێ، یاساکە لـە پەرلەمانـەوە دەربچێت، حکومـەت جێبـەجێی بکات، لـە کوێ خەلەلی هەبوو، لیژنەکانی پەرلەمان دەبێت موتابەعەی بکات، ئێمە باس لە چاك کردنـی سیسـتەمێکی گـەورە دەکـەین، لەبـەر ئـەوە نـاڵێین بـە شـەوو ڕۆژێـك دەکـرێ، دەبێـت لـە ئێسـتاوە کـاری بـۆ بکـەین، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان چـەندین بڕیـاری باشـی دەرکـردووە، وە بـەدەم هاتنـەوە بـۆ داواکـاری هاوڵاتیان، هەروەك چۆن لە ڕاپۆرتی لیژنەدا هاتووە، دەڵێت ئەم بڕیارانەی کە دەری کردووە حکومەتی هــەرێمی کوردســتان، بەیەکــەوە ئیعلانــی بکــات، چــونکە کۆبوونــەوەی کــردووە، وە بــۆ ڕای گشــتی ڕابگەیێندرێت، بۆ ئەوەی هەموو لایـەك دڵنیابێتـەوە لـەوەی کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، چ بـە نووسـراوی فـەرمی، چ بـە کـار، وەکـو کۆبوونـەوەیان کـردووە، وە بڕیـاری گرنگیـان دەرکـردووە، هـەموو لایـەك هـەوڵ بـدرێت بـۆ هێورکردنـەوەی، مـن دەڵـێم هێورکردنـەوە ئـەمڕۆ مەسـئولیەتێکی ئـەخلاقی لەسەر شانی هەموو تاکێك لە هەرێمی کوردستانە، هیچ لایەنێك، هەرچـی لایـەنێکیش پێشێلی دەکـات، دەبێـت بڵـێ ئازایانـە، بڵـێ مـن پێشـێلم کـردووە، نـەوەك پاسـاوی بـۆ بێنێتـەوە، لەوانـەش بـەڕەئی مـن گەورەترین تاوانە ئـەمڕۆ، لـە ڕێگـەی دەزگاکـانی ئـیعلام و لـە ڕێگـەی نووسـینەوەو، لـە ڕێگـەی پێشـێل کردنـی حـەرەمی زانکـۆوە، تـۆ هـانی هاوڵاتیـان بـدەیت، بـە لیژنیـەکی بـەڕێز بڵێـی نـەوەك لیژنەکـەی پەرلەمان دروستی کردووە، لیژنەکەی کە لەسەرتان دروست کراوە، مەعە لعیلم لیژنـەی پەرلـەمان، بـە دەنگی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بڕیـاری لەسـەر دراوە، لـە 17 خاڵێکـەدا هـاتووە، لەبـەر ئـەوە ئـەو جۆرە تەحریزانە، خزمەت بە هاووڵاتیان ناکا، ئێمە ئەمانـەوێ لـە هەرچـی پرۆژەیـەکی چاکسازیدابێ، سوودمەندی یەکـەم هـاووڵاتی بێـت، نـەوەك هـیچ لایـەنێکی سیاسـی، بانگهێشـتی سـەرۆکی حکومـەت و وەزیری ناوخۆ، ئەوە بە ڕێکاری یاسایی پێموایـە دەبـێ جێبـەجێ بکرێـت، وە ئێمـە چـەندین جـار کـە باسمان کردووە، وتوویانە لەم هەفتەی داهاتوودا دێنە پەرلەمانەوە، دروست کردنی دیالۆگی نیشـتیمانی بە متمانە دروست دەبێـت، دەبـێ زەمینـە سـاز بکـەین بـۆ متمانـە کـردن، پێموایـە باشـترین زەمینـەش، وتەکەی دوێنێی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بوو، تەواو، هەموو لایەنەکان لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، لـەژێر چەتری پەرلەمانی کوردستان، بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، دابنیشن بـۆ ئـەوەی بـزانین ئێمـە چۆن ئەو بارودۆخە چاك بکەین، لەبەر ئەوە دەبێت هەنگاوی عەمەلی بندرێت، من پشتگیری قسـەکانی کاك ئارام دەکەم، ئەم مانگە، مانگی یادەکانی نـەورۆز و ڕاپەڕینـە، بـەڵام بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، بـە

مانگی کار کردن و دەرکردنی کۆمەڵێك یاسای گرنگ بێت، کەلەخزمەتی هاووڵاتیانە، بەش بە حاڵی ئێمە وەکو لیستی کوردستانی، نەوەك چوار ڕۆژ یان سێ ڕۆژ لە هەفتەکەدا، حەز دەکەم پێتان ڕابگەیەنم، ئامادەین هەر حەوت ڕۆژی حەفتەکە، کار بکەین و لە کۆبوونەوەی پەرلەمان بین، یاساکان دەربچێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئاگاداری هەموو ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی تکرار نەبێت، ئێمە کە ئەو هەردوو ڕاپۆرتەمان بە ڕەسمی، بە فەرمی بۆ حکومەتی هەرێم ناردووە، یەعنی ئەوە بۆ ئاگاداری لەبەردەستیانە، بۆ سەرۆکی هەرێمیشمان ناردووە، هەر بۆ ئاگاداریتان، ڕێزدار د.بشیر خلیل، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەمەوێ دەست خۆشی لە لیژنە تایبەتەکەی پەرلەمان بکەم، بەوەی کەوا زۆر بە جدیانە کارەکانی خۆیان کرد، بە گیانێکی لەخۆبوردەیی، دوور لە لایەنی حیزبایەتی خۆیان، وە هەروەها وەکو یەك تیم کاریان کرد، بەڕاستی لەگەڵ ئەوەی کە هەموو لایەنەکانی تێدابوو، هەر سیازدە فراکسیۆنەکەی لەخۆی گرتبوو، بەڵام ئەوەی کە لێیان بەدی کرا، وەکو یەك تیمی پەرلەمانی، دوور لە تەوەجوهاتی خۆیان کارەکانی خۆیان کرد، ئومێدەوارم ئەوە لە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، لە دوا ڕۆژدا ڕەنگ بداتەوە، بەو کارە ئیش بکەین و، لەناو پەرلەمان کاری پیشەیی خۆمان زاڵ بێت بەسەر کارەکانی تردا، بەڕێزان، ئەم دوو دانیشتنە نائاساییەی پەرلەمان، بەڕاستی دوو دانیشتنی مێژوویی زۆر گرنگ بوو، وە زۆر گرنگتر بوو بەلای منەوە، لە دانیشتنی دەرچوواندنی چەندین یاساو بڕیاری لا بەلا، بەڵکو ئەمە هەتا لە مێژووی پەرلەمانیشدا، ڕەنگی خۆی دەبێت، وە سوقلی خۆی دەبێت، داواکاریەکانی خەڵك، داواکاریەکانی مامۆستایانی ئاینی، داواکاری لایەنەکان و گروپەکان و هەموو لایەك گەیشتە پەرلەمان و ئێمە گوێمان لێی گرت، زۆر بە ڕاشکاوانە، بینیمان ئەو گلەییانەی کە لە حکومەت و لە لایەنەکانی تر کراوە، وە هەروەها لە پەرلەمانیش کراوە، بەڵام گلەیی لە پەرلەمان زۆر کەمتر بووە لە لایەنەکانی تر، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کەوا پردێکی متمانەیی هێشتا ماوە، لە نێوان خەڵك و لە نێوان پەرلەماندا، ئەم پردە پێویستە بە قوەتر و بەهێزتر و قایم تر بکرێت، ڕۆڵی پەرلەمان لە بەهێز کردنی ئەم پەیوەندیە لەگەڵ خەڵکدا، وە زیاتر کردنی متمانەی خەڵك بە پەرلەمان، پێویستە لەم دواییانەدا زیاتر بکرێت، وەکارێکی جدی بۆ بکرێت، کەواتە ئێستا زەمینەیەکی باش هەیە بۆ ئەوەی پەرلەمان بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت، لەوانەیە خەڵکانی نارەزاو، خەڵکانی تورە، یەك لە گلەییەکانیان ئەوەیە کە دەڵێن، پەرلەمان بەو هەموو گفتوگۆو قسانە کات بەسەر دەبات، مەسەلەی کات بەسەر بردن هەیە، بەڵام بۆئەوەی کە ئێمە ئیسپات بکەین، کە کات بەسەر بردن نیە، بۆیە پێویستە حکومەت هەندێك ئیجرائاتی ئانی و سەریع بکات، ڕاستە کراوە، بەعزێك بڕیار دراوە، بەڵام ئەوەندە بەس نیە، پێویستە ئیجرائاتی زۆر سەریع و بڕیاری زیاتر و دانیشتنی بەردەوامی حکومەت، وەکو دانیشتنە نائاساییەکانی پەرلەمان، ئاواش حکومەت دانیشتنەکانی خۆی وەکو پەرلەمان بکات، هەندێك لەو ئیجرائاتانە بکات، وە پێویستە پەرلەمانیش زیاتر فشار بخاتە سەر حکومەت، بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە

ئانیانە دەربخات بۆ دروست بوونی متمانە لەگەڵ ئەم خەڵکەدا، من لێرە پێشنیار دەکەم، کە ئەم داوایانەی خەڵك پاش ئەوەی کەی پاك نووس دەکرێت، ڕێك دەخرێتەوە، لەگەڵ بڕیارەکەی پەرلەمان، کەوا 17 خاڵەکەی لەخۆ گرتووە، وە هەروەها نۆ خاڵەکەی لیژنەی تایبەت کەوا پێشنیاریان کردووە بۆ چارەسەر کردن، ئەم بڕیارە 17 خاڵییەی کەوا لەگەڵ نۆ خاڵیەکە، کە ئەوانە ببنە بنەماو ئەساسی گفتوگۆ کردن و مەشروعێکی چاکسازی، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە لەو 17 خاڵەو نۆ خاڵەکەی لیژنەکاندا هاتووە، دەتوانم بڵێم، هەموو داواکاریەکانی خەڵکیش لەوانەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر نوقتەیەك یان لایەنێك لەوانە نەبوو، دەکرێت ئیزافە بکرێت، وە هەروەها ئەم نۆ خاڵەی لیژنەکە، لەگەڵ 17 خاڵیەکە، ببێتە بنەمای گفتوگۆو، ببێتە بنەمای پڕۆژەکە، بەڕێزان، ئێمە لێرە هەموومان داخوازیەکانی خەڵکمان خوێندەوەو، وە نیەتیش هەیە کەوا ئیشی لەسەر بکرێت، وە جێبەجێ بکرێت، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم کارانە بە شەو ڕۆژێك ناکرێن، پێویستە مەجال بدرێت بۆ ئیشەکان بکرێت، داوای ڕەوا زۆر جاری وا هەبووە، داوای ڕەوا کراوە، نیەتەکانیش زۆر پاك و ساف بوون، بەلاّم لەبەر ئەوەی کە وەسائیلەکان، وەسائیلی تەواو ڕاست و حەکیمانە نەبوون، زیانیان لە قازانجیان زیاتر بووە، مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی ئیسلامیش زۆر لەو شتەی تیایە کەوا زەرەریش لە قازانج زیاتر بووە، هەر بە کورتی بۆ نموونە بۆتان دێنمەوە، لە مێژووی ئیسلام مەسەلەی خەواریجمان هەیە، ئەم خەواریجانە، وەکو لەچەند فەرموودەیەکدا هاتووە، کەوا گلەیی لە موسڵمان بوونیان نەبووە، لە زەمانی سەحابە ژیاون، نوێژیان کردووە، قورئانیان خوێندووە، زۆر چاك دینداریشیان کردووە، داوایان کرد کەوا نیزامی ئیمامی عوسمان بگۆڕدرێت، وە سیستەمەکە بگۆڕدرێت، داواکەیان ڕەوا بوو، وە هەروەها بۆخۆشیان نیەتەکەیان زۆر چاك و پاك بوو، بەلاّم لەبەر ئەوەی وەسائیلەکانیان توندو تیژی بوو، زۆر لە سەحابەکان شەهید کران، وە هەروەها دوو خەلیفەی گەورەی موسوڵمانیش لەوێ شەهید کران، کە ئیمامی عوسمان و ئیمامی علی بوون، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت 1400 ساڵە، ئەم وەسیلە خراپەی کە ئەوان بەکاریان هێنا، تا ئێستا ئومەتی ئیسلامی کردۆتە دووبەش و، دوو لەت، تا ئێستاش ئومەت یەك نابێتەوە، بۆیە من داوا دەکەم، یەعنی داوایەکی برایانەو داوایەك وەك مامۆستای ئاینی، داوا ڕەوایە، مافەکان ڕەوایە، نیەتەکان پاك و چاکن، بەلاّم دەبێت شێوازی داوا کردنەکە شێوازی پاك و ڕەوا بێت، بۆ ئەوەی زیانەکان لە قازانجەکان زیاتر نەبێت، بۆیە من لێرە پێشنیاز دەکەم، کەلەگەڵ ئەوەی پەرلەمان، کارەکان دەکات، پێویستە ئەم برا بەڕێزانەی خۆپیشاندەران، کەوا هیچ گلەییمان نیە لە نیاتیان و لە مافە ڕەواکانیان، لەمە زیاتر نەبنە هۆی وەستانی ژیان و کارو کاسبی خەڵك، لە سلێمانی و لە شوێنەکانی تر، بۆ ئەوەی مەجالیش بدەنە پەرلەمان، مەجال بدەنە حکومەت، وە دەکرێت سەقفێکی زەمەنی بۆخۆیان تەحدید بکەن، بەلاّم سەقفێکی زەمەنی مەعقول، کەوا مەجال بدرێت بۆ ئەوەی داوایەکەی ئەوان، جێبەجێ بکرێت، من ئەم پێشنیارە بە دوو شێواز دەخەمە ڕوو، یان ئەوەیە کەوا مەجال بدەن حکومەت ئیشی خۆی بکات، ئەوان خۆپیشاندانەکەی خۆیان لێرە کۆتایی پێ بێنن، وە ئینتیزار بکەن کەوا حکومەت ئیشەکەی خۆی بکات، ئەگەریش کۆتایی پێ ناهێنن، لە پێشنیارێکی تردا، داوا دەکەم کەوا شوێنێکی تر بۆخۆیان دابین بکەن، نەوەك ناوەندی شارو مەرکەزی شار، کەوا دەبێتە هۆی نەمانی کارو کاسبی خەڵك و ژیانی بژێوی خەڵك، وە هەروەها خوێندنگەو زانکۆو ئەمانە

هـەمووی ڕاگـیراوە، بـۆ ئـەوەی ئـەو هـەموو زیانـەمان لێ نەکـەوێت، مـن داوا دەکـەم یـان شـوێنەکە بگوازرێتـەوە، یـان کۆتـایی بـە خۆپیشـاندانەکان بێـنن، بـۆ ماوەیـەك تـا بـزانن ئایـا ئیشـەکان جێبـەجێ دەکرێت یان نا، دەکرێ لە هەر شارێك، لـە هـەر شارۆچکەیەکدایە، شـوێنێك دابـین بکرێـت بـۆ سـەکۆی ئازاد، وەکو پارکی لەندەن، ئەم شوێنە شوێنێکی ئازاد بێت، لـە هـەموو شـارەکان دەبێـت لـەم شـوێنە تـۆ بۆخـۆت، لـەوێ مـان دەگـری و یـان خۆپیشـاندان دەکـەی، داوا دەکـەی و چ دەکـەی دەبێـت لـەم شـوێنە بکرێت، لە شوێنەکانی تر نەکرێت، لە کۆتاییدا من جەخت دەکەمەوە لە ڕۆڵی مامۆسـتایانی ئـاینی، وە پشتگیری تەواوی خۆم دەردەبڕم بـۆ ئـەو پـرۆژە چاکسازیەی کـەوا، یەکیـەتی زانایـانی ئـاینی ئیسلامی پێشکەشی کردووە، بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت، بەعزێك گلەیشمان لێ کرا، ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروبـاری ئـاینی، لەلایـەن هەنـدێ کـەس و هەنـدێ مامۆسـتایانی ئاینیـەوە، پێیـان باشـە بـۆ لیژنـەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ئامادە نەبوو، کاتێك پێشوازیتان لە مامۆستایانی ئاینی کرد لـەم ڕۆژانـە، مـن ئـەو گلەییـە دەخەمـە سـەر سـەرۆکایەتی هـەرێم کـەوا ئاگـاداری لیژنـەی ئـەوقاف و کاروبـاری ئـاینی نەکردبۆوە، دەنا ئێمە لە خزمەتیان دەبووین زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکە لـە ڕێگـەی لیژنـەی تایبەتـەوە هـاتبوون، وە بـۆ مەسـەلەی خۆپیشـاندانەکان هـاتبوون، داوایـان کردبوو سەرۆکایە تی ببیـنن، بـۆ ئاگـاداری جـەنابت، بـەلاَم باشـتر بـوو کـە جەنابیشـت لـەوێ بـوای، مـن نەقدەکەت قبوڵ دەکەم بە سینگێکی فرەوان، هەقی جەنابتە، ڕێزدار کاك بورهان رشید، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم بە چـەند خاڵێـك دەکـەم، یەکـەم خاڵیـان، پێشـەکی مـن سەرەخۆشـی خـۆم ئاراسـتەی ئـەو خەڵکە دەکەم، کە بەناهەق شەهید بوو، بەڕاستی من وەکو شەخسی بورهان، لەگەڵ ڕێـزو حورمـەتێکی زۆرما، بڕوام بەم نووسیننانە نیە تەرجومە نەکرێتە سەر ئەرزی واقع، ئەوانـەی تەلـەفزیۆنی نالیایـان سـووتاندووە، ناسـراون، کـێن، مـن نـازانم نزیکـی 10 ڕۆژە بـۆ نـەگیران، مـن نموونەیـەك بـۆ جـەنابت دەهێنمەوە، من شەخس شك دەبەم لە سلێمانی، نبیل ناوێکە لەسەر فتویەك پـەنیر کـە قیمەتەکـەی 3 هـەزارە، دەسـت بـەجێ گـیراوەو تـا ئێسـتا بـە مـەوقوفی و بـە کافالـەتیش بەرنـەدراوە، مەعقولـە موئەسەسەیەکی وا گەورە بسووتێنی، تا ئێستا کەس نەبێت بچێت بیان گرێت کە ناسراویشن، ئەوانـەی کە خەڵکیان کوشتووەو بە ڕەسمەکانیان بە سـەوت و سـورە دیـارە، کـە شـەهیدان سورکێو و شـێرزادیان کوشتووە، بەناهەق شەهیدیان کـردوون، خـوێنی دوو گـەنجی ئـەم وولاَتـەیان ڕشـتووە، ئـەوە نـاوی پیـاو کوژەکانە من لەلامە، هەموو خەڵکی سلێمانیش ئەیان ناسێت، ڕەسمیان هەڵواسراوە لەبەر دەرکی سـەرا، لـەو شـوێنە پـیرۆزە نـاوی ئـەو پیـاو کـوژ و تاوانبارانـەش نووسـراوە، ئەمانـەی کـە ئـەم دوو نەفـەرەیان شەهید کردووە، پۆلیس نین، پێشمەرگە نین، بە جلی مەدەنیەوە، یەکێکیان بە پانتۆڵەوە، یەکێکیان بە شەرواڵەوە، ئەم بە دەمانچەو ئەو بە کلاشنکۆف، مـن چ سیقەیەکم بـەم بڕیارانـە هـەبێت، بـەم خالآنـە هەبێ، کە 10 ڕۆژە پیاو کوژێك بە ئارەزووی خـۆی دەسـووڕێتەوە، بـە تفـەنگ و بـە جلـی مەدەنیـەوە، سەربە هیچ جیهەتێ نیە، لە کاتێکدا خەڵك لەسەر تاوانی زۆر بەسـیت دەگیرێـت، مـن نـازانم حکومـەت

لەکوێیــە؟، دەســەڵات لــە کوێیــە؟، ئایــا ئەمنیــەتی ئــەو خەڵکــە ئــاوا دەپارێزرێــت؟، ئایــا پــارێزراوە؟، تەلەفزیۆنەکان و ڕادیۆکانی ئێمە سووتێندراوە لە هەولێرو دهۆك، تاوانبــاران دیــارن، بــەناوی پۆلیسدا هاتوون، من چ سیقەم بــە بڕیارێــك هــەبێت، کــە دەرچووبێت کــە تــا ئێستا ئــەو تاوانبارانــە ناســراون و تەسمیلی دادگا نەکرێن، ئەمە لای خەڵکە تاوانبارەکەیە بــۆ زانیــاری بــەڕێزتان، بــە شــوێنی ئیقامــەو بــە دارو بەردیانــەوە، یــەکێکیان بــۆ زانیــاری بــەڕێزت مۆبایــل فــرۆش بــووە، ئــەمڕۆ خــەڵك دەکــوژێ، ئەمــە یەکەم، دووهەم من تەئکید لەسەر قسەیەکی ڕابردووی خۆم دەکەمەوە، لە خاڵی 16 ی ئەو 17 خاڵەی بــەڕێزتا، بــاس لــەوە دەکرێــت کــە هەماهــەنگی لەگــەڵ لایەنــە سیاســیەکان بکــرێ، لــە بەیاننامــەی سەرۆکایەتی هەرێم ئیشارەی پــێ دراوە، لــە پێشــنیارەکان بــۆ چارەســەرە، لــە خــاڵی 4 ی تــەقریری ئــەو لیژنە بەڕێزەش ئیشارەی پێ دراوەتەوە، مادەم لایەنی سیاسی تیایە، بەڕێزیشت وتــت ئامــادەین ئەوانــە وەربگــرین ئــەوە پێشــنیارانە، خــەڵکی تــریش تەقــدیمی کــردووە، ئەمــەش مــن تەئکیــد دەکەمــەوە ئــەم بەیانەی ئەو ســێ حیزبــەی بزوتنــەوەی گــۆڕان و یــەکگرتووی ئیسلام و کۆمــەڵ، بــە حــوکمی واقــع، بــە حــوکمی قــانون ئیســتینادن لەســەر ئــەو دوو، ســێ وەســیقەیەی پێشــووی تــەقریری لیژنەکــە، بــەیانی سەرۆکایەتی هەرێم، 17 خاڵەکە، خاڵی 16، پێویستە بکرێت بە بەشێك لە بەرنامەی کار، کە تا ئێستا بەداخەوە ئەمە جۆرێکە لە تەهویج کردنی ڕای لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، من نــازانم تــۆ نــەتوانی لەگــەڵ هەموو لایەنەکان دابنیشیت و، موجەرەد دابنیشیت و گفتوگۆ بکەی، موجەرەد بەرنامەی کاری بخەیتــە ئەجێنداوە، چۆن ئەتوانی ئیستیقرارو ئاشتی بەر قەرار بکەی، چۆن دیعایــەی ئــەوە بکــەی، کــە لەگــەڵ ئاسایی کردنەوەی وەزعەکەدای، ئەمە خاڵی دووەمم، خــاڵی ســێهەم، وەکــو عــەرزی جــەنابتانم کــرد ئــەم خاڵانە جوانن، بەڵام پێویستی بــە تەرجومــەی فیعلی هەیــە، مــن لــەلای خــۆم وەکــو پارێزەرێــك، وەکــو ئەندام پەرلەمانێك، 22 ماددەو یاسام نووسیوە، کە ئەو پەرلەمانە دەری کردووەو حکومەت جێبەجێی نەکردووە، یان پەرلەمان خۆی جێبەجێی نەکردووە، ئەتوانم هەر 22ی بۆت بێنم، نموونــەی تەعــدیلی قانونی محاماتی 2007، یاسای نەوت و گاز، یاسای دابــین کردنــی خــانووی نیشــتەجێ، یاســای ئــەحزاب، یاســای ڕەقابــەی مــالی، یاســای بودجــە، یاســای ڕاژەی پێشــمەرگە، یــەعنی ئەگــەر بەمــە ئیکتیفائەکــەی تەحریم و تــەجریمی تەقە کردن لە خەڵك بکەی، بــەڕێز وەختێــك کــاك جوهــەر نــامیق لێــرە ســەرۆکی پەرلەمان بوو، بەیانی واش دەرچوو شەڕی ناوخۆ نەوەك بقەومێ، چــەند جــار بەیاننامــەی تــەحریم و تەجریم دەرچوو، زۆر لەوە قورس تریش لە پەرلەمان کرا، هیچ نەتیجەیــەکی واقعــی مەلموســی هەســت پێ کراوی نــەبوو، هــەمووشمان ئــەوە بــاش ئــەزانین موجــەرەد (کــان حــبرا علــی ورق)، لەبــەر ئــەوە مــن داواکارم یەکێکی تر لەو خاڵانە، پێویستــە کــە ئــەم خاڵانــە دەر دەکــەین، 4خــاڵی زۆر ئەساســی و گــرنگ ئیشارەتی پێ بدرێت، دیاری بکرێت، لایەنی جێبەجێ کاری ئــەو بڕگەیــەی کــە دیــاری کــراوە لەمــە کــێ یە؟، لایەنی جێبەجێ کار دیاری بکات، دووەم، فەرتــرەی زەمەنی جێبەجێ کردنەکەی چەنێکە؟، یەعنی من هەست دەکەم ئەمانە موجەرەد نەوعێکە لە لەف و دەوران و موراوەغە، من ڕەئی زمان و دڵی خــۆم ناشــارمەوە، ئەمــە ڕەئــی منــە، ئەگــەر فــەترەی زەمــەنی دیــاری نــەکرێت، لایــەنی جێبــەجێکار دیــاری نەکرێت، سێهەم، ختوتە عەریزەکانی کە تۆ ئەیڵێی چاکسازی دەکەم لە فلانە شوێنا، لە پێشمەرگەیا لــە کوێ ئەموالی گشتی ئەگێڕمەوە، پێویستە لەو بڕیارەی پەرلەمان ختوتە عەریزەکانیشی دیــاری بکرێــت،

چوارەم شت، پێویستە میكانیزمی جێبـەجێ كردنەكـەی دیـاری بكـرێ، پێنجـەم شـتیش، پێویسـتە ئـەو لایەنانەی كە بۆی دیاری دەكرێت لە جێبەجێ كردنەكەی، سزاكەی دیاری بكرێت، كە جێبەجێی نەكرد چی لێ دەكرێت، باسـی گێڕانـەوەی ئـەموالی دەوڵـەت دەكرێـت، باسـی شـەفافیەتی بودجـە و چـی و چـی دەكرێت، نەكراوە، موقەیەد نەبووە پێوەی، زەمان چیە لەمەو دوا موقەیەت دەبێت، ئەگـەر فەقـەت بـۆ حەملەیەكی ئیعلامیە، بۆ چەواشەكاری خەڵك و دامركاندنەوەی، لـە ڕاسـتی مـن ڕەئـیم لەگـەڵ ئەمـەدا نیە، خاڵێكی تر، كێشەكە لە ئەساس لەسـەر نـەبوونی تـەوافوق بـووە لـەناو ئـەم پەرلەمانـە، چـەندەها پڕۆژە گەندەڵ، چەنەها تێپەڕێندراو، لە هەموو شتەكان بەم شێوەیە ڕۆیشت، ئێستا لە جیاتی جۆرێكی هەقیقی هەبێ بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەیەو، تەوافوقێكی نیشتیمانی، لە نێوان هەموومان دروسـت بێ، خاڵی16 كە باس لە زەمینە ساز كردن و، لێك نزیك بوونەوەی لایەنـەكان و بۆئـەوەی تـەوافوقێكی سیاسی و قانونی دروست بێ، شەكلی تەوسیەی هەیە بەڕێز، شـەكلێكی مـولزەمی نیـە، شـەكلی تەوسـیە بێت، یەعنی لایەنێك تەگەرە دروست دەكات، ئەڵێ نەكرا، یەعنی ئەمە بەس بـۆ كەسـبی وەقتـە، بـەس بـۆ موراوەغەیـە، لەبـەر ئـەوەی خـاڵی 16، هـیچ قیمـەتێكی قـانونی مـولزەمی نیـە، تەوسـیەیەكەو نووسـراوە، خـاڵێكی تـر، بەڕاسـتی مـەوزوعی پەرلـەمان ئـەمڕۆ كۆبۆتـەوە، ئـەوەی لـە هـەولێر هەیـە نەوعێكە لە ئەحكامی عورفی، كە دكتۆرێ بگیرێت و ناوچەوانی شین بۆتەوە، مەڵێ هاتۆتـە دەرەوە كـە ئیدیعای دیموكراسی ئەكرێت و ئەم وەزعە ئاساییە لە هەولێر، هەقـە ئـەوەی وای لـێ كـردووە بگیرێـت، كە پۆلیسیش نەبووە، ئاسایش بووە، ناردنەوەی تەلەبە بۆ سلێمانی، كاكە خۆ ئەمە شەری هۆتۆ- توتسی نیە لە نێوەندا، تۆ بێت و جیاكاری بكـەی، ئەمـە بۆشـاری خـۆی و ئـەوە بـۆ ئـەوێ و، ئـەوە بـۆ ئـەوێ، وەزیرەكە كوا، من وەزیر بم دەست بەجێ ئیستیقالە دەكەم، ئەمەنە دەسەلاتم بێ، بە ئەمری من نـەبێ جامیعە بڕواتەماڵەوە، من ئامادە نیم رەئیسی عائیلەی خۆشم بەو شـێوەیە بكـەم، نـەوەك وەزارەتێـك، دەربارەی لاپەڕەكانی 4 و بـۆ هەشـت، لـەو تـەقریرە كـە دووەمیـان هەڵسـەنگاندنی بارودۆخەكەیـە، بـۆ بەدواداچوونی خاڵەكان كە 11یە، پێشنیار بۆ چارەسەركردن نۆ خاڵە، تەقریری ئەو لیژنە بەڕێزە، من نازانم لیژنەكە ئیعتیراف دەكات، كە ئەم پێشێلكاریانە لە 17 خاڵەكە هەیە، پەرلەمانی بەڕێز، من پـێم خۆشە بزانم وەكو كەسێكی قانونی، كە ئیمامی علی ئـەڵێت ( لاخـیر في حكـم لا نفـاذة لـە)، چ خێرێكـی تیایە كە ئەمە تەنفیز نەكرێت، وەخت كوشتنی ئێمەش و ئێوەش و ئی ئـەو بەڕێزانەشـە، هـی خـەڵكی كوردستانیشە كە بەدیارمانەوە دانیشتووە، بەڕاستی كە لیژنە ئەڵێ جێبەجێ نەكرا، پێمان بڵێن، ئێسـتا هەقە موناقەشەی ئەوە بكەین، كە ئالیەتی پەرلەمان چیە كە جێبەجێی بكات، سزا بۆ دیـاری ناكرێـت، ئێرە پەرلەمانە، بۆ ئەو كەسەی كە پێشێلی دەكات، خـاڵێكی تـر، بەڕاسـتی مـەوزوعی هێـز جووڵان بـۆ سەر شارە مەدەنیەكان، هێز هێنان و بردن و دەبابەو هێزی زێرەڤانی، لەمێوە بۆ ئەوێ و ، لەئەوێوە بۆ ئەوێ، بەڕاسـتی ئەمـە كارەسـاتە، ئەمـە كارەسـاتی شـەڕی نـاوخۆی 1996 و پێشـتر شـەڕی كەڵـەكین و، پێشتر شەڕی پەكەكەو، چی و چی و ئەمانەمان بیر دەخاتـەوە، كـە لاپەڕەیـەكی ڕەشـە، هـەق نیـە ئێمـە ئەوەی ڕابردوو كردوومانە دووبـارەی كەینـەوە، بەڕاسـتی هێـز جـووڵان و تـاوان كـردن و، ئەوانـەی كـە كوژراون لەبەر خانەقای سلێمانی و لەبەر دەركی سەرا، ئەگەر بێین سـەیری قـانونی دەولی عـام بكـەین، شتێك هەیە پێی دەوترێ، قەواعیدی مەحاكەماتی ڕۆما، كە مەحكەمەیەك لەسەر ئـەو ئەساسـە دیـاری

کـرا، دروسـت کـراوه لەسـاڵی 2002وه، بـه نـاوی مەحکەمـەی جینائیـاتی دەولی، کەئەمـە تـاوانی دژه ئینسانین، تاوانی جەنگ، ئەم تاوانانه کـه دژه ئینسانیەکی 11خاڵـه، کـه ئـەم زروفـەی کوردسـتان، مـن سەیرم کردووه، 4 خاڵی بەسەر ئەم 11 خاڵه جێبەجێ دەبێت، له جیاتی خاڵێك 4ی تیایه، ئەمه ئـەو بەرپرسانەی ئەوەی کردووه، ئەگەر ئەم پەرلەمان و ئەم حکومەتـه ئـەو تاوانبارانـه نـەگرێت، عیلاجی ئەم هێز هێنان و بردنه نەکات، ئەمه بۆ هەرکەسێك هەیه، بچێت له دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، یان له دادگای مافی مرۆڤ برۆکسل شکایەت بکات، نـەهێڵێت ئـەم کەسـانەی ئـەمر دەکـەن بـه هێنـانی هێـز و بردنی، به تاوانکاری ئەوانـەی خـەڵکیان کوشـتووه نـاگیرێن، لـەوێ مەحکەمـه بکرێن، نـەهێڵێت بچێته ئەرزیانەوه، پارەی بلۆك بکرێت، بەڕاستی پێمان خۆش نیه، خەڵکێك پەرلەمان و حکومەتەکـەمان بـەو دەرەجەیه سست بێت، خەڵکێك ناچار بێت بچێت شکایەت بکات، مـن خـۆم ڕەنگـه یـەکێك بم لەوانـه ناچار بم بچین، بەڕاستی با گرێی دەستمان نەخەینه زمانمان، خێرا چارەسەری بکەین، ئـەوەی خـەڵکی به ناهەق کوشـتووه تەسلیمی بکات، باسـی یاسـای قـەرەبوو کـرا، یاسـای قـەرەبوو، لیژنەیـەك قـەرەبوو ئەدات، ئەو لیژنەیه تـاوەکو ئێسـتا دروسـت نـەکراوه، لـەو یاسایانەی کـه جێبـەجێ نـەکراوه، دەربـارەی لیژنەی تەحقیقی حکومی، من هەندێ زانیارم لایه که هەندێ تەلاعوبات کرابێت، له هەندێ وەسایق و هەندێ ئیفادات، ئەو لیژنەیه پێویسته نوێنەری لایەنەکانی تیا بێت، بزووتنـەوەی گۆڕان یەکێکـه لـەو لایەنانەی که زەرەری کردووه، خەڵکی گیراوه، بینـای سـووتێنراوه، تەلـه فزیـۆن و ڕادیـۆی سـووتێنراوه، چۆن ئەبێت ئێمه ئاگاداری تەحقیق نەبین، ئێ کاکـه ئـەو هێـزەی ئەمـەی کـردووه سـەربەخۆته، چۆن ئەبێت تۆ حاکم و خەصمیش بیت، شتی وانیه له دونیا، دەربارەی ئەوەی مـن ڕێـزو حورمـەتێکی زۆرم بۆ یەکێك له هاوڕێکانم، تەشبیه کردنـی خۆپیشانـدان بـه خـەواریج، ئەمـه گونـاهێکی گەورەیـە، ئەمـه نزیك دەبێتەوه له بابی کافرکردنی خەڵك، خەواریج له تەئریخی حەرەکاتی سیاسی ئیسلامدا، کـه مـن چەندەها مەسدەرم لەسەر خوێندۆتەوه، به شێوەیەکی زۆر ناشیرن، تەئریخی سیاسـی ئیسـلامی باسـیان ئەکات، ئەم خەڵکه، سەرۆکی هەرێم ئەڵێ ڕۆڵی ئەم گەلەیه، سەرۆکی پەرلەمان وا ئەڵێت، لیژنه ئەبێت موفـاوەزات بکرێـت لەگـەڵیا، کـه ڕۆڵـەی ئـەم گەلەیـەو تـۆ ئیعتیرافـی پـێ دەکـەیت و مافەکـەی ڕەوایـە، خـەڵکی خـەواریج نیـه، خـەڵکی ئـەم وڵاتەیـە، ئەمـە گونـاهێکی گەورەیـە، خەواریجـەکان دەسـتیان لـه کوشـتنی خڵکیـدا هـەبووه، لـه مەسـئولی شـارەکانی زەمـانی ئەمەویـەکان هـەبووه، ئـەو خەڵکـەی خۆپیشاندانی کردووه، لێی کوژراوه خەڵکی نەکوشتووه، به وەسایق ئیسپات بووه، ئەوان بـادیئ نـین لـه بەرد گرتنەبەر له لقی 4، وەسایەق ئیسپات بووه و لەوێوه هاتووه، ئەوه سـەوت و سـوڕەیه، شـتێك نیـه ئینکاری بکرێت، دەربارەی چارەسەر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من حەز دەکەم نوقتەیەك ئیشارەت پێ بدەم، چارەسەر بەمه ناکرێت، چارەسەر بەوه دەکرێت، پڕۆژەکـەی ئەوسـێ حیزبـەش ئیـدخال بکرێـت، بـۆ ئـەم پڕۆژەیـەی کـه لەبـەردەمی بـەڕێزتان دایـه، وەکـو وتم فـەترەی زەمـەنی، لایـەنی جێبـەجێکار، ختوتی عەریزه، میکانیزمی جێبەجێ کردن و، سزاش بۆ ئەوەی جێبەجێی ناکات دیاری بکرێت، یەکەم ختوەی به هەڵوەشاندنەوەی حکومەت ئەبێ، دەبێ حکومەتێك بێته پێشەوه، که حکومەتێکی ئینتیقالی نیشتیمانی بێت، ئامادەکاری بکات به هاوکاری لەگەڵ ئەم پەرلەمانه، ئامادەکاری و زەمینه سازی بکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو، تا ئـەم پەرلەمانـه ئێسـتا سیقه بـدات بـەو حکومەتـه تەکنۆکراتـه،

ئالیەتەکەی کە هەرئەبێ بەم شێوەیە بێت، دوای ئەوە ئینجا کە سیقەی دا بە حکومەتی ئینتیقالی، پەرلەمان مودەتێکی زەمەنی دیاری بکات، هەڵبـژاردن بکات، هەر هەڵبـژاردنێکیش بە دڵنیایی بەبێ ئیحسا کردن لە هەرێمی کوردستان، قابیلی تەزویرە، پێشتر زۆر کراوە، پێویستە سیستەمی ئیحسا بکرێت، لەسەر ئەساسی سیستەمی کۆمپیوتەری پەنجەمۆر، بۆ ئەوەی نەتوانرێ غەش بکرێت، لە ئینتیخابات بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەو شەڕ نەبێتەوە، من ئەمە قسەکانم بوو، هیوادارم بە نەزەری ئیعتبار جەنابتان و ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان وەریانگرتبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، تکایە، ئەو بەڕێزانەی قسە دەکەن، لەناو ئەو ڕاپۆرتە، لەسەر خاڵەکانی ڕاپۆرتەکەو، چی بکەین، یەعنی دیار بێت و نەچینەوە، چونکە ڕۆژی 23 زۆر بە تێرو تەسەل هەر کەسێك ڕاو بۆچوونی خۆی بە ئازادانە دەربڕی، ئێستا چی بکەین بۆ چاککردنی وەزعەکە، هەرلایەنێك بە ئازادانە، ئێستا کاك بورهان فەرمووی حکومەت هەڵبوەشێتەوە، ئیحتیرامی ڕایەکەی دەگرین، برایەکی تر، خوشکێکی تر، بە نەوعێکی تر، ئەڵێ ئەوە ڕەئی ئێوە وەردەگرین، بەس موحەدەد بێت و دیار بێت، بۆ ئەوەی بزانین چی دەکەین، ئێمە چی دەکەین کە فایدەی هەبێ بۆ هەرێمەکەمان، ڕێزدار کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئێمە لە دەست پێکی قۆناغێکی نوێین، وە لە ساتە وەختێکی گرنگین، پێویستەی پەرلەمان جارێکی تر خۆی بێ بەری نەکات، لەسەرجەم ئەو بەرپرسیارێتیەی ئەمڕۆ لە ئەستۆی دایە، ئەویش ئەوەیە ئێمە پێمان وابوو، لە دانیشتنی نائاسایی پێشوو، پێمان وابوو ئەم سەرچاوەیەی کێشەو گرفت و قەیرانەی، کە هەیە لە کوردستان، پەیوەندی بەو مۆدیلی حوکمڕانییە کە لە کوردستان بە بن بەست گەیشتووە، وە دەتوانم بڵێم شکستی خواردووە، وە ڕێگە چارەمان بۆی دانا، دەتوانم بڵێم نەخشە ڕێگاشمان بۆی دانا، بۆ ئەوەی چ چارەی هەنووکەیی، وە چ چارەی بنەڕەتی، وە لەنەتیجەی گفتوگۆ و قسە کردن، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە پێویستە پەرلەمان بڕیاری هەبێت، وە بڕیارێکی دەرکرد کە لە 17 خاڵ بوو، وەلەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەکە، سوپاس بۆ ماندوو بوونیان، خۆیان دانیان بەوە دانا، کە بڕواناکەم یەك خاڵ، لەو بڕیارە جێبەجێ کرابێت، لە کاتێکدا پێمان وابوو، کە حکومەت خۆی بەرپرسارە، لە هەموو ئەو ڕووداوانەی، لەو کات دەڵێم لە حەوت ڕۆژی ڕابردووی ئەوکات کە ڕوویاندابوو، چ لەبەرپرسیارێتی، چ لە لایەنی ئەمنی، چ لە پاراستنی خۆپیشاندەران، چ لە تەقە لە هاووڵاتی کردن، چ لە بارەگا سووتاندن، چ لە میدیا، هێرش کردن بۆسەر میدیای ئازاد، هەموو ئەو ڕاستیانە وتراو قسە کرا، من نامەوێ تەئکید لەسەر قسەی هاوکارانم بکەمەوە، یەعنی قسەکردن چ سوودێکی هەیە لێرە، ئەم قسە کردنە نەکەینە هەڵوێستێکی یەکلا کەرەوەمان نەبێت، من پێموایە لیژنەکە سەرەڕای خستنەڕووی سەرجەم ڕاپۆرتەکان، بەڵام دەبوایە بەڕاستی ئەوها تەماوی نەکرێت، ڕاپۆرتێکی کورت کراوی ئەساسی بخرێتەڕوو، کە خۆی لە خواستی، سەرجەم داوای، خەڵك دەگرێت، خەڵکێك کە هاتۆتە سەر شەقام، داوای هەیەو وە پێموایە ئەم داوایانە، پەیوەندار نیە ئەوەندەی بە

سیستەمە سیاسیەکە، وە بەجۆری حوکمڕانی، وە بەجۆری ئەزمەوە، وە بەجۆری ناڕەزایەتی خەڵك لە جۆری حوکم کردن، کە پەیوەندی بە ناعەدالەتی و ناڕەوایەتی هەیە، لە حوکم کردندا، ئەم مەیدانی ئازادیەی سلێمانی، تەعبیرە لە ئیرادەی سەرجەم خەڵکی کوردستان، چونکە سیستەمەکە دانابڕێت لە خواستی خەڵك، خەڵك ئێستا داواکاریەکانیان ڕوو لە سیستەمەکەیە، ڕوو لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە دەبێت بیر کەینەوە لە چارەسەرێکی بنەڕەتی، وە ئەو کاتیش هەر تەئکیدیمان کردەوە، کە پێویستە بۆ زەمینە سازیەکی گۆڕانکاری گەورە، ئەمە جگە لەوەی کە ئێستا پێ شێلی بڕیارەکە کراوە، پەرلەمان هەڵوێستی چیە؟، وە میکانیزمی چیە؟، وە ئەداتی چیە بۆ جێبەجێ کردن؟، ئێمە کاتێك بڕیاری پێشوومان پێ شێل کراوە، ئێستا ناکرێت بێین چەند بڕیارێکی تر دەربکەین، بە دوای ئەم بڕیارانەدا بچین، دەبێ هەڵوەستە لەسەر بڕیاری یەکەم بکەین، کو باسمان کرد حکومەت بەرپرسیارە، ئێستاش دەڵێین، بەم حکومەتەی ئێستا، نە دەتوانرێ خواستە هەنووکەییەکان جێبەجێ بکرێت، وە نە دەتواندرێت چاکسازیە بنەڕەتیەکە بکرێ، وە بۆیە دەبێت ئەم حکومەتە، متمانەی لێ بسەندرێتەوە، وە حکومەتێکی ئینتیقالی دروست بکرێ، چونکە ئێمە کاتێك باس لە هەڵبژاردن دەکەین، ڕاستە هەڵبژاردن کێشە نەبووە لە کوردستان، هەڵبژاردن ئەنجام دراوە، بەلاَم هەڵبژاردن پێویستی بە زەمینە سازکردنێکی ئەساسیە، من پێموایە ئەو گرێبەستەی کە دەتوانێ پەیوەنی خەڵك و دەسەلأت ڕێك بخات، دەستوورە، ئەگەر ئێمە دەستوور نەیهێنینەوە بۆ ئێرە، وە پەیوەندی موئەسەسات ڕێك نەخەینەوە، هەڵبژاردن بۆچی بکەین، هەڵبژاردن ئەنجام دراوە دەزانین ئەنجامەکەی چ دەبێ، ئەگەر گۆڕانکاریەکی گەورە لە لایەن ئیداری نەکرێ، ئەگەر گۆڕانکاریەکی گەورە لە یاساکان نەکرێ، ئەگەر گۆڕانکاریەکی گەورە لە ئامرازەکانی هەڵبژاردن نەکرێ، یەعنی قسە کردن لە هەڵبژاردن کاتێك دەبێتە پاراستنی کۆڵەکەکانی دیموکراسی، ئەوکاتەی کە زەمینە سازی کراوە، خواستەکانی هەنوکەیی جێبەجێ کراوە، خواستی خۆپیشاندەران جێبەجێ کراوە، یەعنی من زۆرجار پرسیار لە خۆم دەکەم، ئایا بەرپرسیارێتی ئێمە، لەو ئاستەیە هەزاران کەس لە جادەبن، ئێمە بڵێین با چەند بڕیارێکی تر دەربکەین، بۆ ئەوەی بیدەینە دەست حکومەت جێبەجێی بکات، نەخێر، ئەمڕۆ دەبێ پەرلەمان بڕیاری یەکلا کەرەوەی خۆی بدات، هەڵوێستی چیە لە بەرامبەر ئەو داخوازیانەی خەڵك کە هەیە، پشتیوانیان دەکات، چونکە لە بڕیارەکەش هاتبوو، لە یەکێك لە خاڵەکان هاتووە دەڵێ، پەرلەمان پێویستە پشتیوانی ڕوون و ئاشکرای خواستی خۆپیشاندەران بکات، ئێستا خۆ ئێمە ناچینەوە قۆناغێکی تر، ئێستا کە پشتیوانی دەکەین، ئیتر دەبێ میکانیزمێك دابنێین، کە بەلای ئێمەوە ئەساسەکەی ئەوەیە کە هەر لە بەیانی زووتر نیە، حکومەت بێتە ئێرە، وە متمانەی لێ بسەندرێتەوە، وە هەموو ئەو خواستەی خەڵك بخرێتە بەرنامە، بۆ ئەوەی لە ئایندە هەڵبژاردنێك بکرێ، کە خەڵکی کوردستان بتوانن لە سایەیدا، لە ژیانێکی ئازاد و دیموکراتی بژیت و وە عەدالەت و ئیستقراریش هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگـەڵ ئـەوەی مانـدوو بـوونی ئـەو بەڕێزانـە ئـەنرخێنم، بـەڵام كۆمـەڵێ تێبینـیم هەیـە لەسـەر ڕاپۆرتەكـەیان، بەداخـەوە لەگـەڵ ئـەو هـەموو داواكاریـەی خۆپیشـاندەران، كـە زیـاتر لـە 70 ، 80 داواكاریە، لە نۆ داواكاری ئامۆژگاری و تەوسیە، كە هـیچ یـەكێ لـە داواكـاری خۆپیشاندەرانی تیـا جیـا نەكردۆتـەوە و نووسـیویانە، بەداخـەوە ئـەو نۆخاڵـەی كـە ئیمزایـان لەسـەری كـردووە، مـن پێموایـە كۆمەڵێك ئامۆژگاری و تەوسیەو، لەو زیاتر دەرناچێت، دواتر داواكاریەكانی خەڵكیان پۆلێن كردووە، كە دەبـوو ئـەو داواكاریانـە، یـەعنی هەركەسـێك لـە لیژنـە ئیشـی كردبێـت، ئـەكرێت ئـەم ڕاپۆرتانـە یـەك بخرێت، بكرێتە ڕاپـۆرتێكی گشـتی، خاڵە هاوبەشـەكان كۆ بكرێتـەوە، بـەڵام ئـەمان هـاتوون خۆیـان لـە هـەموو ئەوانـە بـواردووە، نـۆ خـاڵی ئامۆژگاریـان نووسـیوە، دواتـر داواكـاری ئەمـە بـۆ پەرلـەمان و، بـۆ حكومەت و، ئەمە بۆ سەرۆكی هەرێم، ئـەكرا ئەمـە ڕێـك بخرێـت، ئەمـە لـە دووتـوێی ڕاپۆرتێكـدا، جیـا بكرابایەوە، دیارە لە هەموو ڕاپۆتەكەشدا بەو داواكاریانەی كـە نووسـیویانە، وەك هـاوڕێم كـاك بورهـان باسی كرد، ئالیەت ونە، كات ونە، سزا ونە، كەواتە دواجار هەمووی، لە كۆمەڵێك تەوسیات و ئامۆژگـاری و كات بەڕێ كردن زیاتر هیچی تر نیە، چەند تێبینیەكی گشتیم هەیە لەسـەر خاڵـەكان، ئەمـەوێ ئـەم بەڕێزانە بینووسن، تەبعەن من قسە لەسەر ئەوە دەكەم كە پەیوەنـدی بـە پەرلەمانـەوە هەیـە، چـونكە من پێموایە ئەوەی كە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، كە 31 خاڵە، زۆربـەی داواكاریـەكانی تیـا جـێ بۆتـەوە، یـەعنی زۆر چـڕو پـڕە، لەسـەر خـاڵی یەكـەم كـە ئـەڵێ چـاو خشـاندنەوە بـە ڕەش نووسـی دەسـتووری هەرێمـە، دوای ئەمـە ئـەوەی بـۆ زیـاد بكـرێ، لەسـەر بنـەمای سیسـتەمی پەرلـەمانی، داواكاریەكانی پەرلەمان، خاڵی (ب) داواكاریە بنەڕەتی و ستراتیژیەكان، یەكەمیان چاو خشاندنەوە بـە ڕەشنووسـی دەسـتووری هەرێمـدا، لەسـەر بنـەمای سیسـتەمی پەرلـەمانی، لـەخاڵی 13 و 14 باسـی دەركردنی یاسای بیمەی بێ كاری و، تەندروستی و یاسای ئەوانە، من كۆمەڵێك یاسـای تـر بـاس دەكـەم، كە پێویستە پەرلەمان، پەلە بكات لە دەركردنیان، دیارە پێشتر باس كراوە هەندێك یاسای خۆپیشـاندان هەموار بكرێتەوە، من ئەمانەشی بۆ ئیزافە دەكەم، مافی وەرگرتنی زانیاری، پێشبڕكێ و قەدەغە كردنی هەڵسوكەوتی قۆرغ كاری تایبەت بە هەرێمی كوردستان، نەهێشتنی دەستكەوتی ناڕەوا، هەیئەی نەزاهە، ڕێكخستنی بازرگانی، هەموار كردنی یاسای وەبەرهێنان، بەجۆرێك ڕێز لە موڵكی هاووڵاتیان بگرێـت و، قودسیەتی موڵكیەت بگەڕێتەوە، لە مەسەلەی بـەهێز كردنـی دەسـەڵاتی ئەنجومـەنی دادوەری، تەبعـەن ئەبێ ئالیەتی هەبێ، یەعنی تۆ ئەڵێی بەهێز كردنی، چۆنی بەهێز دەكەی؟، ئەبێ بە پەلە داڕشتنەوەی هەیكەلی ئەنجومەنی دادوەری، بە دامەزراندی سەرۆكێكی كاراو شیاو و بێ لایەن، كە بـە داخـەوە ئێسـتا بێ لایەن نیە، پێكهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆكایەتی سەرۆكە نوێكەو، بۆ پێك هێنان و دامەزراندنەوەی ئەنجومـەنێكی دادوەری بـەهێز و، لادانـی ئـەو دادوەرانـە كـە لەسـەر بنـەمای حیزبایـەتی دامـەزراون، هەموار كردنی یاساكە بۆ جێبەجێ كردنـی ئـەو ئامانجانـەی كەلـەم خاڵەدا هـاتووە، ئەمـە بـۆ داواكـاری

گشتیش بە هەمان شێوەیە، کە سەرۆکەکەی بێ لایەن بێت، ئەوانەی داواکاری گشتین پیا بچنەوە، خاڵێك کە لە ئەوی زانکۆ هاتووە، لێرە جێی نەکراوەتەوە، لە هیچ خاڵەکاندا، جەخت کردن کە میراتگەری سیاسی کوردستان بەرپا نەکرێت، وە چیتر منداڵ و کەس و کاری بەرپرسە گەورەکان و خەڵکی ناوچەکان و خێڵەکانیان دانەمەزرێن لە شوێنە حەساسەکان، یان هەر شوێنێکی تر، بەڵکو دامەزراندن تەنها لە سەر بنەمای توانا بێت، خاڵی 22، تەبعەن بەخشینەوەی دەسەڵاتی تەواو، بەخشینەوە بەڕاستی ئەبێ بەم شێوەیە بێت، هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و چەسپاندنی مەبدەئی لا مەرکەزیەت و تادوایی، خاڵی 25، دیاری کردنی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت و بازاڕو زانکۆ، گۆڕینی سەرۆکی زانکۆو، عەمیدی کولیەو، سەرۆکی بەشەکان، کە ئەوانەی لەسەر ئەساسی حیزبی دانراون، بە گۆڕینی خەڵکی بێ لایەن و کاراو بە کەفائەت، خاڵی 28، ئەو کۆمسیۆنانەی دروست کراون، ئەبێ هەمووی چاکسازی تیا بکرێ، چونکە هەموویان لەسەر ئەساسی حیزبی دانراون، بەرپرسەکانیان وە مەسئولی لقەکانیان، هەموو ئەوانە ئەبێ بگۆڕدرێن، بە خەڵکی بێ لایەن، ئەوە لەسەر ئەو مەسەلانە، من پێموایە ئەم خاڵانەی کە دواتر پێویستە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ لێی گەڕێن، با خەلاس بکات، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئێمە ئەمڕۆ ئەم خاڵانە، جارێکی تر بێنین ڕێکی بخەینەوە، لیژنەیەك پێك بهێندرێت، لیژنەیەك دروست بکات بۆ بڕیارە 17 خاڵیەکە، بێت ئەم داواکاریەی خۆپیشاندەران، ڕێك بخاتەوە، تەسەلسولی بۆ دانێت، بە ئالیەت و زەمەن و دانانی سزاوە کە جێ بەجێی ناکات، بۆ جێبەجێ کردن ماوەکەی دوومانگ بێت، وە دواتر لە دوو توێی بڕیارێکدا بهێندرێتەوە بەردەم پەرلەمان، دوا سەرنج و تێبینی لەسەر بدرێت، وە بکرێتە بڕیارێك کە ئەبێ لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورت، کە لە دوو مانگ تێنەپەڕێ جێبەجێ بکرێت، من دیارە ئەمەی کە ئێمە دەیکەین ئەم خاڵانە، وە ئەم داواکاریانەی خۆپیشاندەران، ئەگەر بیکەینە دوو توێی بڕیارێك، لەچەند خاڵێك هینی بکەین، من بۆخۆم پێموایە بەو حکومەتە جێبەجێ ناکرێت، بۆ؟، لەبەر ئەوەی ئێمە 23 ی مانگ، کە هەفتەیەك پێش ئێستا، بڕیارێکی 17 خاڵیمان دەرکرد، حکومەت نەیتوانی ئەو 17 خاڵە جێبەجێ بکات، بۆ نموونە، لە کەمتر لە 12 سەعات، یەك زانکۆ بە بڕیاری حیزب، بەبێ ئاگاداری سەرۆکی حکومەت، وەزیری خوێندنی باڵا، سەرۆکی زانکۆ، ئەنێردرێنە ماڵەوە هەتا وەکو ئێستاش لە ماڵەوەن، وە حکومەت و وەزیری خوێندنی باڵا، هیچ هینێکیان نیە، کەمتر لە 12 سەعات، لەم شاری هەولێرەدا حەوت کەس بەبێ بڕیاری دادگا خرانە زیندانەکانەوە و ئەشکەنجە دران، کەمتر لە 48 سەعات، شاری کەلارو چەمچەماڵ خەڵتانی خوێن کران، کەمتر لە 48 سەعات، لە سەید صادق و هەڵەبجەو کەلار و چەمچەماڵ، زیندانەکان پڕ کران لە گەنجی بێ تاوان، بەبێ بڕیاری دادگا، بۆیە من پێموایە بۆ ئەوی ئەو 17 خاڵەش و، بۆ ئەوەی هەر بڕیارێکی پەرلەمان دەریدەکات، بۆ ئاسایی کردنەوەی ئەو وەزعانە، ئەبێ حکومەتێکی ئینتیقالی دروست بکرێ، ئەو حکومەتە هەڵبوەشێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئێمە تێگەیشتین، چ لە ڕۆژی یەکەمی

خۆپیشاندانەوە، بەڕاستی حکومەت نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات کە هاوڕێکانم باسیان کرد، شەرعیەتی لە دەستدا، دواتریش لە دوای 17 خاڵەکەوە نەیتوانی زۆربەی خاڵەکانی جێبەجێ بکات، کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەو خاڵە گرنگ و قورسانەی کە خۆپیشندەران تەقدیمیان کردووە، ئەم حکومەتە پێی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە پێموایە ئەبێ حکومەت هەڵبوەشێتەوە، حکومەتێکی ئینتیقالی دروست بکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خالآنە، هەرکاتێك ئەم خالآنە لە فەترەیەکی زەمەنی جێبەجێ کرا، لە ماوەی دوومانگە یان هەرکاتێکە، ئەم وەزعانە ئاسایی کرانەوە، ئەو کاتە بڕیاری ئینتیخاباتی پێش وەخت بدرێت، چونکە هەتا ئەم خالآنەی خۆپیشاندەران جێبەجێ نەکرێت، بە هیچ شێوەیەك هەڵبژاردنێکی بێ خەوش، کە لە ئاستی داخوازی جەماوەردابێت جێبەجێ ناکرێت، هەڵبژاردنەکانی پێشوو کە خواستی هەندێك حیزب و لایەن ئەهێنێتەدی نەوەك جەماوەر، بۆیە من پێموایە ئەبێت، حکومەت ببێتە حکومەتی ئینتیقالی، ئەم خالآنەی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات، دواتر پەرلەمان بریار بدات، تەبعەن ئەبێ سەرۆکی هەرێم هەڵوەشانەوەی بڕیاری پەرلەمان بدات، وە ئینتیخاباتێکی پێش وەخت بکرێت، تەبعەن ئەوە یەکێکە لە داخوازی خۆپیشاندەرانیش هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و ئینتیخاباتی پێش وەخت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، پێش وەخت لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم، بە پێی یاسا دەسەلآتی هەڵوەشانەوە یان هەڵبژاردنی پێش وەخت تەحدید کراوە، بەلآم هیچی ناگرێتەوە، بۆیە تەحویلی پەرلەمانی کردووە، ئێمە پشتیمان بە خەڵکی کوردستان قایمە، بۆچی لە خەڵکی کوردستان بترسێین، خەڵکی کوردستان ئەگەر بڕیارماندا، ئەویش بۆ ئێوەی بەڕێز ئەمێنێتن، کە هەڵبژاردنی پێش کات بکەن، ئەوجا حکومەت ئەبێتە حکومەتی تەسریفی ئەعمال، ئەوجا حکومەتێکی تر بە پێی هەڵبژاردنی داهاتوو، هەرکەسێك خەڵکی کوردستان باوەڕی پێی بێت، و دەنگی پێ ئەدات، حکومەتێکی ڕێك و پێك دابنێتن، نوقتەی نیزامی کاك گۆران کەرەمکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی بەرنامەی کار لە خاڵی دووەمدا دەڵێ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنە، لە خاڵی یەکەمدا تەنها خوێندنەوەی داخوازی خۆپیشاندەرانە، وە ئێمە دەسەلآتی زیاد کردن و کەم کردنمان نیە لە داواکاری خۆپیشاندەران، وە ئەوە پەرلەمانی کوردستانە کەی بڕیاردەدات لەسەر داواکاری خۆپیشاندەران کە لێرە موناقەشە بکرێ، ئێمە تەنها لەسەر ڕاپۆرت موناقەشە دەکەین، کەی موناقەشەی کرد، کوێستان خان و هەر بەڕێزێك دەتوانێت ئەو مولاحەزانەی خۆی بڵێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، تکا لەو خوشك و برایانە دەکەین، کە ئیلتیزام بە بەرنامەکە بکرێ، جەلساتی تریش دەکرێت، جەلسات دەکەین بۆ ئەوەی، کە ئەو بەڕێزانە ئەو سێ لایەنانە کە پرۆژەیەکیان هەیە، دادەنیشین زۆر بە دوورو درێژی موناقەشەی دەکەین، رەئی هەرکەسێك لەسەری بدات، بەلآم ئێستا ئیلتیزام بە بەرنامەکە بکەین، لەسەر ئەو نۆ خاڵە، سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمان، تەنها لەسەر شانی ئەنجومەنی وەزیران نیە جێبەجێ کردنەکەی، بەڵکو پەرلەمانیش بەشێکی هەڵدەگرێت، سەرۆکایەتی هەرێمیش بەشێکی هەڵدەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەقیقەت ئێمە ئەبێ شتێك بزانین، لێرە ئەو 17خاڵە وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی من دەیزانم، هەرهەموو پێی پابەندین، دەبێ لەسەرەوە تا ئەخیر جێبەجێی بکەین، تا ئێستاش هەندێك نەواقس هەیە، لە هەموو وەزعەکە هەیە، ئەبێ کاری بۆ بکەین، بە هێز بە دروستی، بەیەکەوە گشت لیجانەکان، گشت لایەنەکان، بۆ ئەوەی جێبەجێ بێت، بۆ ئەوەی بەرهەمی هەبێت، ئەو خەڵکانەشی کە گازندەیان هەیە، یان زەرەریان بینیوە، یان شەهید کراون، یان بریندار کراون، یان کەسێك بەردی لێدرابێت، با بڕۆن شکاتێکی یاسایی بکەن، ئێمە وەك پەرلەمان لە پشتیان دەبین، لەگەڵ هەقین، لە دژی هیچ لایەك نین، پشتی هیچ لایەکیش ناگرین بۆ لایەنێکی تر، وەکو پەرلەمانی کوردستان، بە ویژدانەوە، بە ئیمانەوە، بڕوامان بە یاسا هەیە، پشتی یاسا دەگرین، ڕوومان بدەینە یاسا، وە لایەنی کەس نەگرین، ئەو کەسە مەسئولێکی بەرزە، یاخود هاوولاتیەکە، لەگەڵ هاوولاتی کوردستانین، لەگەڵ خەڵکی کوردستانین، حکومەتەکەو پەرلەمانەکەش بۆ خزمەتی خەڵك، خەڵك بریندار بووە، ئەبێ بزانین، چۆن بووە؟، کێ برینداری کردووە؟، کێ قەرار دەدات؟، قازی قەرار دەدات، مەحکەمە قەرار دەدات؟، ئێمە نە لایەنگری مەسئول دەگرین، نە پشتی هاوولاتی دەشکێنین، لەبەر بەرپرسێك، با هەموو خەڵکی کوردستان بزانێت، پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ یاسان، یاسا جێگیر بێت، وە ئەوەی زوڵمیشی لێی کراوە، ئەبێ دیار بێ کێ زوڵمی لێ کراوە، کێ زوڵمی لێ کردووە؟، وە هەموو وەزعەکە بە هەقیقەت دەربکەین، بەڕێزان، من دووبارە تکام لە هەموو ئەو خوشك و برایانە هەیە، ئەتوانن لەسەر خاڵەکان، چونکە خاڵی تری گرنگیشمان لە پێشە، زیاتر لە 50 کەسیش داوای قسە کردنی کردووە، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، ڕێزدار پەریهان خان کەرەمکە.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆمان دەردەکەوێت لەو ڕاپۆرتانە، کەلەو ڕاپۆرتانە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون، زۆر بە سوپاسەوە کەماندوو بوون، وەلەگەڵ یاداشتی مامۆستایانی زانکۆ و، یاداشتی جەماوەر، لەگەڵ ئەو 17 خاڵەی کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دەرمان کرد، بۆمان دەردەکەوێت کە قەیرانێك هەیە لە هەرێمی کوردستان، واقعێك هەیە، لە ڕاپۆرتەکەشدا هەروەك هاتووە، ئەوەیە کە بڵێین حیزب و حکومەت، حیزب تەداخول دەکات لە ئیشی حکومەت، هێزی چەکداری حیزبی هەیە بۆ لایەنی حیزبی ئیش دەکات، وە هەروەها زۆر لە ڕاپۆرتەکە بە وازحی هاتووە، کە زۆربەی ئەمانە داخوازی خەڵکن، لە ڕاپۆرتەکە چڕ کراوەتەوە، بەلاَم من لەم ڕاپۆرتە هیچ میکانیزمێك، ئالیەتێکی تیا نیە، بە نیسبەتی

خۆمـەوە وەكـو ئینشائێك ئـەیبینم، تـەنها میكانیزمەكـەی تیـا نیـە، زەمـەنی تیـا نیـە، جـۆری ئـەوەی تـەتبیقی میكانیزمەكـەو، چـۆن ئێمـە لـەم قەیرانـە دەربچـین تیـای نیـە، بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، حكومەتێك دوای ئەوەی دانیشتنی نائاساییمان كرد، 17 خاڵمان دەركرد، دوای ئەوە هەروەكو كوێستان خان هاوكارم باسی كرد، پێشێلكاری ئەو 17 خاڵەی كردووە، لە كەلار بە گرتەی ڤیدیۆ هەیە كە هێـزی چەكدار تەقە لەخەڵك دەكات، ئێمـە دوای ئـەوە چـوار شـەهیدمان هـەبووە، باشـە حكومـەتێك كـە ئـەم هەموو، لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە كە تەفسیری لە وەزارەتی تەندروستی هەیـە، بـۆ ئـەوەی كـە نـەیتوانیوە وەزارەتێكی خـەدەمی بێـت، بتوانێـت ئـەو عەمەلیاتانـەی كـە هەیـە، لـە هـەرێمی كوردسـتان بكـرێ، لـە كاتێكدا ئێمە دكتۆری پسپۆڕمان هەیە، بەڵام بۆچـی نـەكراوە لـە و وەزارەتـە، وەزارەتەكـە كەمتەرخـەم بووە، وەزارەتی ڕۆشنبیری كە نیتوانیوە، ئەو هەموو پێشێلكاریانە كراوە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان، هەر دوای ئەوەی كۆبوونەوەی نائاسایی كە دانیشتین ئێمە، ئەو هەموو لێدان و ئەو هەموو ئیهانـەو، گرتنـی ڕۆژنامەنووسان، كوا وەزیری ڕۆشنبیری، ئەی كوا وەزارەتی ناوخۆ كە ئێمە وتمان ئەبێ حیمایەی خەڵك بكات، هەر دوای ئەوەی كە ئێمە دانیشتنی نائاساییمان كرد، كە بۆمبێكی بـێ دەنـگ بـووە، كـە دەنگێـك بوو تەقێندرا لە مەیدانی ئازادی و بووە هۆی شەهید بوونی ئەو هاووڵاتیە، ئەی كوا ئـەوەی كـە یاسـای سەرۆكایەتی هـەرێم پێشـێلكراوە؟، لەبەرئـەوە مـن متمانـەم نیـە، بـەم ڕاپۆرتـە، ئـەوەی خۆشمـان دەری دەكەین، لەبەر ئەوەی ئێمە زەمینە سازیمان نیە، بـۆ ئـەوەی ئالیـەت و میكانیزمێـك بدۆزینـەوە، ئـەبێ زەمەن دیاری كرابێ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، با لەم سێ مانگـە ئێمـە بتـوانین، تـەنها بـەوە دەكرێـت، ئێمە ئەگەر هەموو ئەو ئیدارەو، ئەو موئەسەساتانە هەمووی سەرۆك و ئیدارەكان هەمووی حیزبی بن، ئەمە دەركەوتووە، ئیتر ئەمە ناتوانین لەم واقعە دەربچین، ئێمە ناتوانین ئێستا حكومەتێكی ئینتیقالی، لەم فەترەی سـێ مـانگ تـا چـوار مـانگ بێـت، بـۆ ئـەوەی زەمینـە سـازی بكـات بـۆ ئـەوەی ئـەم هـەموو، داواكـاری خۆپیشـاندەران لەگـەڵ پەرلـەمان بتوانێـت تـەتبیقی بكـات، دوای ئـەوە ڕێگـا خـۆش بكـات بـۆ هەڵبژاردنێكی نـەزیهی موسـتەقل، كـە بتوانێـت هـەموو لایەنـە سیاسـیەكان، بەشـدار بـن تیایـدا لەگـەڵ خەڵك، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەو قەیرانە سیاسیە دەربچین، لەبەر ئەوە ئـەم كابینـەی حكومەتـە بـە كەمتەرخـەم ئـەزانم، زیـاتر لـە نیـوەی وەزیرەكـان بـەر پرسـیارن لـەوەی كـە نـەیانتوانیوە لـە ئاسـتی بەرپرسیارێتی خۆیان كاربكەن، كە وەزیری خوێندنی بـاڵا، كـە ئێسـتا كوێسـتان خـان ئیشـارەتی پێیـدا، نەیتوانیوە تەسریحێكیش بدات، بۆچی نەیتوانیوە دەوام بگەڕێنێتـەوە بـۆ زانكۆكـانی هـەولێر، وەزیـری ڕۆشنبیری تەسریحی خۆی نەداوە، بتوانێت مەنعی ئە پێشێلكاریانە بكات، لەبـەر ئـەوە مـن داوا دەكـەم، كـە هـاتن سـەرۆكی حكومـەت و هـەموو وەزیرەكـان، كابینـەكان بەرپرسـیارن، بێنـە نـاو پەرلەمانـەوە، لێپرسینەوەیان لێ بكرێت و، بە سەندنی متمانەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەمەوێ لێرە دەست پێ بکەم لەو بڕیارەی کە لە شەوی 2/22، ئەو 17 بڕیارانەی کە لە پەرلەمان دەرچوون، یەکەم خاڵی ئیدانەو تەحریم کردن و تەجریم کردنی توندو تیژی و تەقە کردن لە هاوولاتیان بوو، تەبعەن ئەوە هەر تەنها پاشی سێ ڕۆژ لە هەولێرەوە ئەوەی کرا دەرهەق بە خۆپیشاندەرانی شاری هەولێر، ئەوە زۆر شتێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، کە بڕیاری پەرلەمان بە بەردەوامی لە پێ شێلکردن دایە، تەبعەن هەروەکو ڕەفیقەکانیشم وتیان، ئەوە وێنە خۆی لە خۆیدا قسە دەکاو، تەلەفزیۆنیش هەموو ڕۆژێك درێغی ناکات لە خۆپیشاندانی ئەو گرتانە، کە تیایدا، سەبارەت بە پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەرانیش کە لە خاڵی 5دا، هەروەکو بڕیاری پەرلەمان هات، بێگومان لێرەش لێدان و کوتانێکی زۆر دەرهەق بە خۆپیشاندەرانی شاری هەولێرو کەلارو چەمچەماڵ کرا، ئەوەتا منداڵێکی 11 ساڵی شەهید دەبێت، دەبێ دەوری ئێمە چی بێت لە بەرامبەر شەهید کردنی ئەو منداڵە، دەبێ چەند فرمێسك ڕژابێت لەو کوردستانە، بەرامبەر ئەو وێنەیەی ئەو منداڵە کە تێیدا هەڵدەقۆزێتەوە و گەمە دەکاو لە پڕ تەقەی دەستێکی شاردراوە پێی دەکەوێت، بێگومان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئەمە زۆر زۆر پێ شێلکاریە دەرهەق بە مافی مرۆڤ لە کوردستان، نازانم بەڕاستی یەعنی ئەگەر هەر دەنگێکی ناڕەزایی هەبێ، لە هەر شارێکی کوردستان، خۆ ئەوە ناگەیەنێت ئێمە دەبێت یەکتر بکوژین و، بابڵێین پێشێلکاری مافی مرۆڤ بەکار بێنین، نەخێر داوای چاکسازی دەکەین، داوای ڕێکخستنەوەی ژیانی خەڵك دەکەین، ئەو هەموو پێ شێلکاریانەی دەرهەق بە خەڵکی هەیە، منداڵی هەژارێك ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك داوای دامەزراندن بکات، داوای هەقی خۆی بکات. داوای مافی خۆی بکات، ئەوە هەمووی دەرهەق بەو کارە بوو، قەت، کوردستانیش وا بزانم هەتا ئێستا شارێکی میسالی، مەدینەی فازیلەی ئەفلاتونی نەبووتەوە، هەتا کوردستانیش بەو شێوەیە خۆی بنوێنێ، جا ئەمە هەمووی پێشیلکاری بوو سەربار بە ئەو خاڵانەی یا ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمان دەرچوو، دەرهەق بە خاڵی(13)مینش، نووسراوە کە پێویستە حکومەت دەست بە جێ چەندین بڕیاری گرنگ و بە پەلە دەربکات، تەبعەن تێیدا داواکاری خۆپێشاندەران جێی دەبێتەوە، راستە من بەو بۆچوونە ئەوەکانی خۆم بڵێم، بەدواداچوونەکانی خۆم بۆم دەرکەوت کە چەند خاڵێك، چەند بەیانێك درا، با بڵێین شتێك کرا، یەك لەوانە گێڕانەوەی ئەو فەرقەی کە لە مووچەی فەرمانبەراندا بوو کە لە 2003 هەتاکو ئێستا 2011، بەڵام کە چوومە ناو بابەتەکە بەراستی لە ئەوانەی کۆیە و سلێمانی تەبعەن فەرمانبەرەکانی ئەو دوو ناوچەیە دەگرێتەوە، بەڕاستی ناڕەزاییەکی زۆر زۆر هەیە لە مامۆستایان، لە فەرمانبەران، کە بۆ هەندێکیان دوو پلە زیاد کراوە، بۆ هەندێکیان یەك پلە و بۆ هەندێکیشیان هیچ زیاد نەکراوە و راتبەکەی کەم کراوەتەوە، ئەگەر بڕیار بەو شێوەیە دەردەچێ، با هەر دەرنەچێ، یەعنی ئەوە هەر چەندە ئەرکی سەر شانی لێژنەکەمانە، نەك هەر لێژنەی خوێندنی باڵا، چونکە هەر فەرمانبەرانیش دەگرێتەوە، پێشیلکارییەکی زۆر زۆری تێدا کرایە، هەر مەبەستێکی دارایی دەبێ بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێ، بەڵێ ئەوە خاڵێکی تر، سەبارەت بەو دەست تێوەرنەدانی حیزب و شتی وا، هەر دوا بە دوای ئەو بڕیارانەی خۆمان، ئەو ناحەقیەی کرا دەرهەق بە زانکۆی سەلاحەددین کە لە خیلالی چەند سەعاتێك هەموو خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین کە ژمارەیان نزیکەی 25 هەزار خوێندکارە، ناردرانەوە بۆ شارەکانی خۆیان، ئەوە وا بزانم شتێکی زۆر ناڕەوایە کە

بەرامبەر خوێندکاری ئەو زانکۆیە کرایە، ئەگەر بێت و لە راستیەك بگەڕێن کە دەرهەق بە خوێندن کرایە لەو زانکۆیە، ئەو پێشیلکاریەی کراوە، لە بڕیارەکانی یونسکۆ، ناتوانرێ هیچ خوێندنێك رابگێردرێ بە بێ راگەیاندنی باری نا ئاسایی بۆ ماوەی مانگێك، چونکە شەرعیەتی خوێندنی ئەو ساڵیان نامینێت، جا راستە وەزیری خوێندنی باڵا لە تەلەفزیۆن بەیانێکی دا کە قوتابیان بگەڕێنەوە و شتی وا، بەڵام کوا بڕیارێکی جیددی؟، کوا هەوڵێکی جیددی؟، دەبوایە سەرۆکی هەرێم خۆی تەداخول بکات، دەبوایە سەرۆکی حکومەت خۆی تەداخول بکات، ئێمەش کەم تەرخەمین، سەرۆکی پەرلەمانیش دەبوایە تەداخول بکات، یەعنی جامیعەی سەلاحەددین دابخرێ، ئەوە شتێکی زۆر زۆر ناڕەوایە بەڕاستی، کە 25 هەزار خوێندکار مەسلەحەتی تەعلیق بووە، یەعنی ئەوە نازانین هەتا کوێ دەڕوا؟، بۆ زانیاری بە بڕیاری رێکخراوی قوتابیان داخراوە، بە نیسبەت ئەو داواکارییەی خۆپێشاندەران کە هاتووە، ئەوەی تێبینیم کرد، داواکاری 61 زیندانی کە لە زیندانی چاکسازی گەوران لە سلێمانی، ئەمانە هاوشێوەیان بە هۆی بڕیارێکی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، تکایە رەجائەن خوشکی من وەرە سەر بابەتەکان، ئەوە دەرەوەی مەوزوعە، نا واللە زیندانە سیاسیەکان کەی لە بابەتەکەیە؟، وەرە سەر پێشنیارەکانمان، چی بکەین پێکەوە، خاڵەکانتان چەند توند بێت و بیکەینە 1 و 2 و 3 و 4 ، ئەمانە بکەین، یەکێك دەڵێ حکومەت لا بچێ، یەکێك دەڵێ پەرلەمان لابچێ، هەمووی بە ئازادانە بیڵێن، ئالیەتەکە دابنێن، چونکە ئێمە بەردەوام دەبین لەم دانیشتنانە، خۆ ئێمە ئەوەل و ئاخیر نابێ، بەردەوام دەبین، کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە بەڕاستی لێرانە ئەو 61 زیندانە هاوشێوەیان هەیە کە ژمارەیان 18024 زیندانیە لە زیندانی گەورانی هەولێر، چاکسازی گەورانی هەولێر، کە بەهەمان شێوە ئەو لێبوردنە دەیانگرتەوە کەچی هێشتا ئەمرەکانیان راگیراوە، جا ئەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، نازانم کێ ئیجرائات وەردەگرێ کە ئەوانیش هەن، کە بەسەر کارەکانیان بچنەوە، لێرەدا منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوکارانم، بێگومان زۆر زۆر کەم تەرخەمی هەیە لە دام و دەزگاکانی حکومەت، بۆیە بانگێشت کردنیان و لێپرسینەوەیان و ئەگەریش ناتوانن ئەو لێپرسراویە بگرنە ئەستۆی خۆیان، باشتر ئەوەیە دەست لە کار بکێشنەوە و حکومەتێکی ئینتیقالی دابمەزرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە دەستخۆشی تەواو لە لێژنەکە ئەکەین، پشتگیری تەواومان هەیە بۆ داخوازیەکانی خۆپێشاندەران لە مامۆستایانی زانکۆ، لە ئەوانەی کە لەبەر دەرگای سەران، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا دانیشتووین بۆ ئەوەی هەڵوێستەیەکمان هەبێ، دیارە هەڵوێستەی ئێمە ئەبێ زۆر جیددی بێ، لەبەر

ئەوەی بەردەوام لەم حکومەتە، لەم هەرێمەدا، پێشێلێکی تەواو ئەکرێ بۆ ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێ، هەر ئەو بڕیارەی 17 خاڵیەی کە ئێمە وەکو خۆمان، وەکو فراکسیۆنی گۆڕان ڕوونکردنەوەیەکمان هەبوو لەسەر ئەو 17 خاڵیە، کە ئەبوایە زەمەنی بۆ دیاری بکردایە، کە ئەبوایە ئالیەتێکی بۆ دیاری بکردایە، ئەو ڕوونکردنەوەمان دا بە بەڕێزتان، بڵاویشمان کردەوە، بەڵام هەر دوای ئەوە لە 25ی مانگ، ئێمە بینیمان بە چاوی خۆمان وەکو هاوڕێکانمان باسیان کرد و دەچمەوە سەری، کە چۆن پێشێلکاری کرا لە هەرێمی کوردستان، هەر لە هەولێر، هەر لە سلێمانی، هەر لە کەلار، چەمچەماڵ، سەید صادق، هەڵەبجە، باسی ئەوە ئەکرێ کە کەس دوای ئەوە نەگیراوە، کەس دوای ئەوە عەزیەت نەدراوە، من لێرەوە تەئکید دەکەمەوە کە هەر دوێنێ 18 کەس لە کەلار لە ڕۆشنبیران، بە نەوعێکی زۆر ناشیرین، بە قسەی زۆر ناشیرین، ئاساییش ئیهانەی کردوونە لەناو بازاڕ، دواتر براون و دوای چەند سەعاتێك و دوای ئیهانە کردن و دوای ئەزیەت دانیان بەرەڵا کراون، ئەوە خۆی لە خۆیدا ئیهانە کردنی خەڵکە، ئیهانە کردنی مرۆڤی کوردە لەم هەرێمەدا، دوای ئەوە باس لەوە ئەکرێ کە ئێمە هەر لەم پەرلەمانەدا چەندین بڕیارمان دەرکردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی ئەو بڕیارانەی جێبەجێ نەکردووە، بۆ نموونە من یەك بڕیار ئەڵێم، ئەویش بڕیاری بودجە بوو لە 2010 کە ئێمە لێرە هەر هەموومان دەنگمان بۆ دا، لە ماددەی 30ی دا کە ئەڵێ: قەرەبووی ئەوانە بکرێ کە لەسەر سزای سیاسی نان بڕاو کراون، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی نەکردووە، هەروەها باسی ئەوە ئەکەین کە زانکۆکان داخراوە بە بێ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوەی وەزیری خوێندنی باڵا ئاگای لێ بێ، نەك خوێندکاران خۆیان حەز ئەکەن کە دەوام دابخرێ و بڕۆن لە ماڵەوە دانیشن، بەڵکو بە ئەمری قوتابیان یەك بە یەك تا سەعات 3ی نیوەڕۆ وتراوە ئەبێ بەشە ناوەخۆییەکان دابخرێ، هەر هەمووتان ئەبێ بگەڕێنەوە ماڵەوە، ئەوە بوو تا ئێستا ئێمە نە سەرۆکی حکومەتی هەرێم، نە وەزیری خوێندنی باڵا، هیچی پێ نەکرا و پێشێلی ئەو قەرارەی کرد، هەروەها جگە لەوە ئەوانەی کە تاوانیان کردووە، هەمووی بە گرتەی ڤیدیۆیی هەیە، بۆ نموونە ئەوانەی کە تەلەفزیۆنی نالیایان سووتاندووە، ئەوانەی knn و ئەوەی هەولێر کە رادیۆی گۆڕانیان سووتاندووە، هەر هەموویان دیارن و تا ئێستا هیچ شتێکیان بەرامبەر نەکردووە، هەروەها ئەوانەی کە لە کەلار بە گرتەی ڤیدیۆیی هەیە، کە چۆن چەکیان پێیە، تەقە ئەکەن، ئێمە باش ئەزانین، خەڵکی ئێمە باش ئەزانین، خەڵکی کەلار نین، لە کفریەوە بە ئەمری کێ هێندراون بۆ کەلار تەقە لە خۆپێشاندەران بکرێ، ئەمانە هەر هەموویان دیارە تاوانە بەرامبەر بە خەڵك کراوە، بەرامبەر بە خۆپێشاندەران کراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێك نەکراوە، بۆیە ئێمە لێرەوە ئەڵێین کە حکومەتێك، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی ناوەخۆ، ئەمانەی کە ئەو قەرارەیان، ئەو بڕیارەیان نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن، کەواتە پێویستیمان بەوەیە کە حکومەت، حکومەتێك بگۆڕدرێ، حکومەتێکی ئینتیقالی دابنرێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو قەرارانەی کە ئێستا لە پەرلەمان دەرئەچێ، ئەو داواکارانەی کە ئێستا هاتووتە بەردەستی پەرلەمان، ئەبێ جێبەجێ بکرێ، جێبەجێ کردنی ئەو قەرارانەش ئەبێ یەکێك بێ پابەند بێ بەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمانەوە دەرئەچێ و جێبەجێی بکات، بۆیە ئێمە لێرەوە ئەمڕۆ ئەڵێین، ئەبێ ئێمە یەکەم شت، پشتگیری تەواوی لە قسەکانی کاك عومەر دەکەم،

سەقفێكی زەمەنی دابنێین بۆ ئەوەی ئەم خاڵانە سەقفێكی زەمەنی بۆ دیاری بكرێ بۆ جێبەجێ كردنی، هەروەها ئالیەتێكی بۆ دابنرێ تا جێبەجێ بكرێ، میكانیزمێكی بۆ دابنرێت بۆ جێبەجێ كردنی، دواتر كە جێبەجێ نەكرا، سزای ئەو كەسانە بدرێ كە بۆ جێبەجێی ناكەن؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەوەی من گوێبیستی ئەو داواكاری و پێشنیارانە بووم كە لە لایەن خۆپێشاندەران و لە لایەن مامۆستایانی ئایینی و هەروەها لە لایەن مامۆستایانی زانكۆ و خوێندكارانەوە ئاراستەی ئەو لێژنەیە كراوە، كە بەدواداچوونی كردووە بۆ داواكارییەكانیان، گومانی تێدا نیە هەموومان كۆكین لەسەر ئەوەی كە داواكاری ڕەوان، و ئەگەر هەوڵ بدرێ و نیەت هەبێ بۆ جێبەجێ كردنیان، ئەمە كارێكی موستەحیل نیە، من دەمەوێ لێرەشەوە ڕابگەینم كە ئەم داواكاریانە داواكاری هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانە، لە هەموو چین و توێژەكان، بۆیە بە تەنیا داواكاری پارێزگایەك لە هەرێمی كوردستان نیە كە ئەویش پارێزگای سلێمانی و سنووری دەوروبەری پارێزگای سلێمانیە، ئەم داواكاریانە بە دڵنیاییەوە هاووڵاتیانی پارێزگای دهۆك و هەولێریش دەگرێتەوە كە هەمان موعانات و كێشەیان هەیە، كە داواكاری ئەوانیشە، بۆیە نابێ هیچ لایەنێكی سیاسی، یان وەكو كەسێك پێی وا بێت كە تەنها پارێزگای سلێمانی و سنووری پارێزگای سلێمانی كێشە و داواكاری هەیە و، باقی پارێزگاكانی تر، یاخود سنوورەكانی تری هەرێمی كوردستان بەهەشتێكی سەر ڕووی زەمینە، و دونیا شامی و شەریفە و هیچ لە گۆڕێ نیە، من لێرەدا دەمەوێ ئەوە بخەمە ڕوو سەبارەت بە ڕاپۆرتەكەی ئەو لێژنە بەڕێزە، خاڵی دووەم، باس لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەكە و بەدواداچوونی خاڵەكان، لێژنەی بەڕێز وێڕای دەستخۆشی لە كارەكانیان، لە خاڵی یەكەم باسی لەوە كردووە كە دەزگا ئەمنیەكان وەكو پێویست هاوكار نەبوون و بەڵێنی دیاریكراویان نەدا بە لێژنە، بەڕاستی بۆ من وەكو پەرلەمانتار ئەمە كارەساتە كە لێژنەیەكی پەرلەمانی لە ئاستێكی بەرز كە نوێنەری هەموو لایەكانی تێدایە، لایەنێكی ئەمنی نەتوانێ هاوكاری ئەم لێژنەیە بكات كە بەدواداچوونی كردووە بۆ ڕووداوەكان، بۆیە من حەز دەكەم بەڕێزانی لێژنە ڕوونكردنەوەی زیاتر بدەن لەسەر ئەوە، ئایا دەزگا ئەمنیەكان كێن؟، وە كاتێك كە وەكو پێویست هاوكاری نەبووینە، هۆكارەكەی چی بووە؟، خاڵی 2، تا كاتی گەڕانەوەی لێژنەكەش، پێشێل كردنی خاڵی (1) بەردەوام بوو بە تایبەتی لە تەقە كردن لە خۆپێشاندەران و پەلاماردانی بارەگاكان، من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم، جگە لە خاڵی 17 لە بڕیارەكەی كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، كە پێكهێنانی ئەو لێژنەیەی كە ئێوەی بەڕێز بەدواداچوونتان بۆ كردووە، با كەسێك هەبێ وەڵامم بداتەوە كە خاڵێكی تر جێبەجێ كرابێ لە خاڵەكان، 3- بە گوتەی بەرپرسانی هێزەكانی زێرەڤانی كە لە هەولێرەوە هاتبوون و گەڕابوونەوە، ئەو بەرپرسانەی كە ئێوە بینیتان كێیە؟، حەز دەكەم ڕوونی بكەنەوە بۆ ئێمە و بۆ گشت هاووڵاتیان، ئایا بەرپرسانی زێرەڤانی بوون یان بەرپرسانی سەربازی و ئەمنی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بوون؟، بەڵام هێزە جوولە پێكراوەكانی تری بەشێكی

ماوەنەتــەوە، ئــەم هێزانــە بــۆ پاراســتنی دام و دەزگاكــانی حكومــەتن نــەك بــۆ رووبەررووبونــەوەی خۆپێشاندەران و دیاربوونی هێـزی چەكداری هەسـتی پـێ دەكـرێ، خۆتـان ئیعـتیراف بـەوە دەكـەن كـە هێزێكی تر هەیە بوونی لە سلێمانی رووبەرووبوونەوەی خۆپێشاندەران دەبێتەوە، ئەمانە ئیشیان ئـەوە نیـە رووبەرووبوونـەوەی خۆپێشـاندەران ببێتـەوە، وێـڕای سـوپاس و دەسـت خۆشـی بـۆ پزیشـكان و بەڕێوەبەرە دیارەكانی كارمەندانی تەندروستی، كەم تەرخەمی هەیە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی لـە لایـەنی ناردنـە دەرەوەی نەخۆشـەكان بـۆ دەرەوە، ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی كـە خـەڵكانێك هەیـە بریندار بووینە و پێویستیان بەوە هەیـە كـە بـۆ چاككردن یەكسـەر بنـردرێنـە دەرەوەی وڵات، دەبوایـە وەكو رەخنەیەك لە ئێوە، ئامارێكی ورد و دەقیقتان لابایە لە كوژراوەكان و ژمارەی بریندارەكان كـە لـە نەخۆشـخانە بوونیـان هـەبووە، پێشـێلی بـەردەوامی یاسـای خۆپێشـاندەران هـەبووە، مـن نـازانم ئـەو خەڵكـەی كـە خۆپێشـاندانی كـردووە مۆڵـەتی وەرنـەگرتووە؟، ئەصـڵەن هـەر حیسابیشـی بـۆ یاسـای خۆپێشاندان نەكردووە، ئێوە بە چ شتێك ئەمەتان داخیلی ئـەوە كـردووە؟، خـەڵك هـەبووە راگیراوە تـا گەڕانەوەی لێژنەكە ئازاد نەكراوە، روونكردنەوە لەسەر ئەوە، ئەو خەڵكە كێیە؟، خۆپێشاندەر بووە یان خەڵكێكی سادە بووە؟، ئێـوە هەسـتتان بـەوە كـردووە كـە گیراون و بەرنـەدراون، هێزەكـانی نـاوەخۆ لـە شێوەی پێشمەرگە دەردەكەوتن، چونكە شوناس و باجی تایبەت و جلی تایبـەتی جیاكراوەیـان نـەبووە، كەواتە هێزێك هەیە لـە شـێوەی پێشـمەرگە خـۆی دەنـوێنی كـە رەنگـە ئێـوەش نـەتانزانیبێ ئـەو هێـزە كێیە، بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ خۆپێشاندەران، خاڵی ژمارە (9)، بڕیارەكە پێشێل كراوە و خەڵك بـە بـێ بڕیاری دادگا دەستگیر كراوە، یاخود بە تۆمەتێك دەستگیر كراوە كە ناچێتە نـاو چوارچـێوەی تاوانـەوە، بەراستی ئەمە خاڵی هەڵوێستە لە سەركردنی كارەساتە، بوونی پەرلەمانتارێك بـە بـێ رەئـی حكومـەت، حكومەت ئاگاداری هیچ شتێك نیە، خـەڵك دەگیرێ، وەك شـاری بـێ حـاكم بـێ هـەر كەسـێ لـەو سـەری بگیرێ و كەسێك بێنن بە بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێكی هەبێ، خاڵی 10 لـە بڕیارەكـە جێبـەجێ نـەكراوە، ئەنجامدەرانی سووتاندنی كەناڵی نالیا، رادیۆ و TV گۆڕان دەسـتگیر نـەكراون كـە شوناسـیان لـە لایـەن لایەنە پەیوەندیدارەكان ناسراوە، ئێمە باسمان كرد، ناوی ئەو كەسانە هەیە، لە خەسـتەخانەی هـەولێر بووینە، پێویست بەوە ناكات بەدواداچوون بكـەن، ئـەو لێژنەیـە بـا چووبا تـەحقیقی لـەوە كردبـا، ئـەو كەسانە كێ بوون؟، ئـەو ناوانـەی وەرگرتبایـە، سـەر بـە چ لایـەنێكن؟، روونـی كردبـاوە بـۆ خـەڵك ئێـوە ئاماژەی پێ بدەن، خاڵی 14 لە بڕیارەكە پێشێل كراوە، خاڵەكانی تری بڕیارەكانی پەرلەمان ژمارە 7 و 12 و 13 و 16 و 17، یان جێبەجێ كراون یان لە بواری جێبەجێ كردن دان، ئێوەش نازانن ئایا ئـەو خاڵانە جێبەجێ كراون یان لە بـواری جێبـەجێ كـردن دان؟، خۆتـان خسـتووتە نێـو گومانـەوە، یـەعنی دڵنیا نین لەوەی جێبەجێ كراوە؟، بۆیە من پێم وایە حكومـەتێك سـەرەڕای ئـەوەی هێزێـك نێـردراوە، سەرۆكایەتی حكومـەت ئاگـادار نـەبووە، لـە هـەیێی رابـوردوو بینیمـان هـەموو بازگـەكانی چـوار دەوری شاری هەولێر كۆنتڕۆڵ كراوە بە بێ ئاگاداری حكومەت، هاتوو چۆی هاووڵاتیان كۆتوبەندی خرایە سەر، زانكۆ دادەخرێ وەكو باس كرا، سەرۆكایەتی حكومەت هیچ ئاگادار نیە، من پێشنیار دەكـەم، لێژنەیـەك هەبێ لە نێـوان پەرلـەمان و حكومـەت، ئـەو لێژنەیـە هـەوڵ بـدات، دیراسـەی ئـەو داواكاریانـە بكـات، و ماوەیەكی دیاریكراویش دابنێ، لێژنەكە بـە تەنسیق لـە نێـوان هـەردوو لا ، حكومـەت و پەرلـەمان، بـۆ

ئەوەی تا چەند ئەو داواکاریانەی هەیە جێبەجێ دەکرێ و ئـەوەی کـە هەنووکەییـەو جێبـەجێ کـراوە روونـی بکەنـەوە بـۆ کۆمـەڵانی خـەڵك و بـۆ خۆپێشاندەرانیش، و ئـەوەی جێبـەجێ نـاکرێ و قـابیلی جێبەجێ کردن نیە هەر روونی بکەنەوە و پێوەستیشی بە ماوەیەکی دوور و درێژ هەیـە بـۆ کۆمـەڵانی خەڵك روونی بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، نیزامیە؟؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکان وا کرا کە بڕیارەکان پێشێل کراون و ئەوەی کە ئیجرائات نەکراوە لەوەی کە بڕیارەکان پێشێل کراوە بخرێتە ئەستۆی ئێمە، لە راستیدا ئیشی ئێمـە ئـەوە نیـە، ئیشـی ئێمـە ئـەوە نـەبووە کـە بڕیار پێشێل کراوە، من بڕۆم لێپرسینەوە بکەم، بڕۆم ئیجرائات بکەم، خۆشم هەمیشە دژی ئەوە بـووم کە لێژنەیـەك دروسـت بکرێـت لـە شـوێنی پەرلـەمان بڕیـار بـدات، منـیش نـەهاتووم بـبم بـە ئەنـدامی لێژنەکە کە لـە شـوێنی پەرلـەمان بڕیـار بـدەم کـە ئەگـەر سەرپێچی کـراوە مـن ئیجرائـات لەگـەڵ ئـەو کەسانە بکەم کە سەرپێچیان کردووە، ئیشی ئێمە ئەوە بووە کە تۆمارمـان کـردووە و سەرپێچی کـراوە، لە دوای ئەوە ئیجرائاتەکە ئەکەوێتە سەر ئەستۆی پەرلەمان، سەرجەم ئەندامەکان، بـا کـەس خـۆی لـێ نەدزێتەوە، هەمووومان وەکو پەرلـەمان بەرپرسـین لـەوەی کـە ئـەو سەرپێچیانە کـراوە، فـەرموو وەکـو لێژنـە پەیوەندیـدارەکان، فـەرموو وەکـو ئەنـدام پەرلەمانـەکان لێپرسـینەوە بکـەن، یـەعنی ئەمـە لـە ئەسـتۆی ئێمـە نیـە و مەیخەنـە سـەر ئەسـتۆی ئێمـە، ئەمـە خاڵێـك، خـاڵێکی تـریش داواکارییـەکانی هاووڵاتیان، ئیشی ئێمە تەنها لەبـەر ئەوەیـە داواکارییـەکانمان بـە ئەمانەتـەوە وەرگرتـووە و هێناومانـە ئێرە بۆمان خوێندوونەتەوە، دانانی میکانیزم، دانانی زەمەن، دانـانی ئـەو شـتانە هیچـی پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە نیـە، ئـەوەی ئێمـە خوێندوومانەتـەوە، فـەرموون ئێـوەی ئەنـدامانی پەرلـەمان میکانیزمی بـۆ دابنێین و بڵێین بـەم شـێوەیە جێبـەجێی ئەکـەین، بـەم شـێوەیە جێبـەجێی ناکـەین، لەوانەیـە یـەکێکی تریش رەئی وا بێت، حکومەت متمانەی نەماوە و دەبێ حکومەت دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەمە ئیشی ئەندامانی پەرلەمانە و ئیشی ئێمە نیە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بـۆ جـەنابت، دەقیـق قسـەکانی کـاك دکتـور زۆر زۆر دروسـتە، جێگـای خۆیـەتی، ئـەم لێژنەیـە، زوڵمیان لێ دەکەین، زۆر بە ئەمانەتەوە بە کارەکەی خۆیـان هەڵسـاون، زۆر عەزیـەتیان خـواردووە، مـن باش ئاگام لێیەتی، چونکە پەیوەندی بەردەوامم لەگەڵیان هـەبوو، چ لـە هـەولێر، چ لـە سـلێمانی، چ بـە تەلـەفۆن، هـەتا 30و12 شـەو دانیشـتوونە و ئیجتیمـاع لەگـەڵیان کـراوە، 6 ی بـەیانی لـە هـەولێر دەرچووینە و چوونەتە مەنتیقـە، وەعـدیان وەرگرتـووە و گەیشتوونەتەوە ئێـرە، ئـەو بەڕێزانـە لـەوێ بووینە، هەندێکیان پەشیمان بووینە و گەڕاونەتەوە سلێمانی، چوونەتە نـاو خەڵکەکـە، خۆپێشـاندەران رێزیان لێیان گرتـووە و چـەپڵەیان بۆیـان لێـداوە، داخوازییـەکانیان پێیـان داوە، بـە ئامانـەت هێنایانـە، خۆیـان هـیلاك کـردووە و تەقسـیم بەنـدیان کـردووە، ئیشـەکەی خۆیـان ئـی میهـەنی زۆر بـە دروسـتی

کردووە، بەڕاستی سەرکەوتنی ئەم بەڕێزانە، ئەم سەرکەوتنە لە بەرژەوەندی گشت کوردستانە، حەقە میدالییەکیان پێ بدەین، زۆر سوپاس، کاك ئاسۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز بکر محمد کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی وەك لە راپۆرتەکەدا هاتووە، هەندێ خاڵ جێبەجێ نەکراون، هەندێ خاڵ جێبەجێ کراون، هەندێکی تریان ئەوەتا بە نیوە نا چل جێبەجێ کراون یان پێشێل کراون، بۆ جێبەجێ کردنەکەی، دیارە پەرلەمان بە گشتی دەبێ موتابەعەی جێبەجێ کردنەکەی بکات، بەڵام کێ جێبەجێی بکات، کۆمەڵێك لایەن، یەعنی جێبەجێکردنەکەی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵێك لایەن، بەشێك لە خاڵەکان دەکەونە ئەستۆی، جێبەجێ کردنەکەی دەکەوێتە ئەستۆی لێژنەی تەنفیزی، بەشێکی دەکەوێتە دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها ئەو لێژنەیەی کە بە سەرۆکایەتی ئەندامێکی دادگای تەمیز پێکهێنراوە بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، هەروەها خاڵێکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەحزابی سیاسی، بەتایبەتی خاڵی 14، ئەوەی پەیوەندی بە میدیاوە هەیە، چونکە بەشێك لە میدیاکان سەر بە حیزب و لایەنە سیاسیەکانن، بۆیە ئەوەی کە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، دیارە بڕیارە سەرۆکی حکومەت، وەزیری پێشمەرگە، وەزیری ناوەخۆ، ئەگەر پێویست بکات هی تریش، دیارە کە بانگ بکرێن، کە دێنە پەرلەمانی کوردستان، دەکرێ ئەو خاڵانەیان، جێبەجێ نەکردنەکەیان ئەگەر پێشێل کراوە، روبەروویان بکرێتەوە، دەکرێ ئەوە بۆ ئەو دەمەی هەڵبگرین، بە نیسبەت خاڵی 12، دیارە جێبەجێ کردنەکەی بە بڕوای من لە ئەستۆی کوتلەکان و لێژنەکانی ناو پەرلەمان دایە، کە باس لە پرۆژە چاکسازیە و هەمە جۆرەکە دەکات، کە ئەو دەبێ بە تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، بە هاوکاری و بە کەڵك وەرگرتن لەگەڵ ئەحزابی سیاسی، مامۆستایانی زانکۆ، توێژەکانی دیکەن خەڵکانی دڵسۆز، بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی هەمە لایەنە ئامادە بکرێ، دواتر لێرەدا لەناو پەرلەماندا بخوێنرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێ و پەسند بکرێ، خاڵی 14 هەر وەکو وتم دیارە کە جێبەجێ نەکراوە، من پێم باشە هەر ئەو لێژنەیە خۆی بمێنێ، تا تەواوی خاڵەکانی ناو ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکرێن، هەر ئەو لێژنەیە خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری کەناڵەکانی میدیا بە تایبەتی کەناڵە سەرەکیەکان دابنیشێ بۆ ئەوەی مەغزای ئەمەیان بۆ روون بکاتەوە، چۆن دەورێك بگێڕێ بۆ هێور کردنەوەی، دەکرێ لەناو پەرلەماندا یان لە شوێنێکی دیکە بە حزوری نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسان هەروەها دەکرێ لایەنی دیکەش بەشداری تێدا بکرێ، سەبارەت بە داخوازیەکانی خەڵك و خۆپێشاندەران، بە بڕوای من ئەو تەصنیفەی کە کراوە لەناو راپۆرتەکەی کە لێژنەکە کردوویەتی، بە بڕوای من تەصنیفێکی سەرکەوتوو نیە، زۆر دەقیق نیە، بەراستی تێکەڵ و پێکەڵە، چونکە دیارە هەندێك لە داخوازیەکان پەیوەندیان بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەیە، هەندێ پەیوەندیان بە پەرلەمان و بە حکومەت، بە دادوەری، بە حیزبەکانەوە هەیە، بۆیە پێویستەجارێکی دیکە ئەوەی رێزبەندییە دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، بە بڕوای من دەکرێنەوە دوو بەش، هەندێکیان دەکرێ لێژنەکانی پەرلەمان خۆیان موتابەعەیان بکات بۆ ئەوەی بەراستی بە دوایان بکەوێ، ئەوانە کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، هەندێکیان ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەستوور و

لایەنی تەشریعی هەیە، یان ئەوانە بەڕاستی زۆرینەی ئەو یاسایانە بەراستی پەیوەندیەکی زۆر زۆر نزیکیان هەیە لەسەر ئەو جیاوازیە، پەیوەندیان بە پرۆژە چاکسازیەکەوە هەیە، بەراستی دەبێ لەوێن بۆیە دەکرێ دوای ئەوەی پرۆژە چاکسازیەکە لەناو پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێ بدرێ و پەسند بکرێ، بە بڕوای من ئەو دەمە دەکرێ پەرلەمانی کوردستان بیخاتە خشتەی کارەکانی خۆیەوە بۆ ئەوەی لەناو پەرلەماندا وتوێژی لەسەر بکرێ و، دواتر پەسند بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خۆم پشتگیری ئەو 17 خاڵە دەکەم، کە پەرلەمان و زۆرینەی ئەندامان بە هەموو لایەنە سیاسیەکان دەنگیان لەسەر داوە، سۆزان خانیش روونی کردەوە کە زۆر لەو خاڵانە جێبەجێ کراوە و هەندێکیان ئێستا دەبێ جێبەجێ بکرێ، هەروەها دەست خۆشی لەو لێژنە دەکەم کە بەدواچوونی داخوازی خۆپێشاندەران دەکەن، بەڵام پێشنیارێکم هەیە، ئەو لێژنەیە پێك هاتووە لە چەند ئەندامێك لە لێژنەی جیاوازی ناو پەرلەمان تەندروستی تێدایە، یاسایی تێدایە، ئافرەتانی تێدایە، هەروەها لاوان و لێژنەی جیا جیای تێدایە، هەندێك لەو داواکاریانەی کە خۆپێشاندەران پێشکەشیان کردیە، دەتوانن ئەوانە وەکو پەرلەمانتار وەڵامیش بدەنەوە، ئەگەر ئەوان بە ئەرکی خۆیان نازانن ئەتوانین بۆیان بنووسین و وەڵام بدەینەوە، بۆ نموونە دەڵێ: دارشتنی پلانێکی تۆك مود بۆ دابین کردنی سەربەخۆیی و دادوەری و سەروەریان، چۆن؟، یەعنی ئەوان بەس نووسیتیان، یەعنی بڵێن چۆن، چونکە ئەگەر ئەتو دایبنێی دیسان دووبارە دەڵێین ئەوە غەڵەتە ئەوە ئەوها نابێ، هەروەها بۆ نموونە یەکێك لە داواکارییەکانیان دەڵێ: تێنەپەڕاندنی هیچ پرۆژە یاسایەك لە پەرلەمان بە بێ ئەوەی کە پێشتر هاونیشتمانیان لە کۆڕ بەشداریان کردبێ، ئەمە خۆمان زۆربەمان پەرلەمانتار ئاگادارین، بەشداریمان کردیە زۆر لە کۆڕ و شت و کە یاسایەك دەردەچێ، بۆ نموونە یاسای توند و تیژی خێزان، هەروەها ئی خۆپێشاندان، من خۆم بەشدار بوویمە، یەعنی دەنگی خەڵکمان وەرگرتیە و لەگەڵمان بەشدار بووینە و رەئی وانمان وەرگرتیە، دەتوانین ئەوەیان بۆ روون بکەینەوە، هەروەها بە نیسبەت ئەوەی دەڵێ گەڕانەوەی ئەو موڵك وماڵەی گشتی تایبەتیانەی، ئەوەش ئێستا لە بواری جێبەجێ بووندایە، من خۆم بینیم لە راگەیاندنەکان چۆن تەسلیمیان دەکرد، دەبێ بەردەوامیش بێ، هەروەها باسی ئەوەی دەکرێ کە بیمەی تەندروستی باس کراوە، ئێمە لێژنەی تەندروستی یەکەمین هەدەفمان ئەوەیە بیمەی تەندروستی لە کوردستان دابمەزرێ، لە کۆنگرەی تەندروستی لە مانگی 2 باس کرا کە بیمەی تەندروستی پێویستە بکرێ لە کوردستان، یەعنی ئەو داواکاریانە من دەتوانم ئەگەر لەو لێژنە بام هەندێ وەڵامم بدابانەوە، حەقی خۆیان داوا بکەن، بەڵام دەبێ ئەگەر رۆشنبیری خەڵکیش بکەین کە ئەو شتانە دەبێ بکرێ و مافی خۆتانە و هەندێ شت باسی لێوە نەکراوە و کراوە، هەروەها باسی ئەوە دەکات بودجە، دەڵێ:بودجە دەبێ بە شەفافیەت بێ، من پارەکە بودجەم هەر بە شەفافیەت دیت، ناتوانم بڵێم شەفافیەتی تێدا نەبوو، لەوە شەفافتر مەعنای چییە؟، ئەگەر ئەوان بە نەوعێکی تر

شەفافیەت تێگەیشتینە با بڵێن، با ئێمەش بە قسەی ئەوان بکەین، بەڵام ئەوەی مـن زانـیم شـەفافیەتی تێدا بوو، بە نیسبەت ئەوەی زیادکردنی پێشینەی هاوسـەرگیری، ئـەوە شـتێکە عیلاقـەی بـە حکومـەت هەیە، ئەتو دیاری بکەی 10 ملیۆن دینار، لەوانەیە من پێم 20 ملیۆن بێ، لەوانـەیە کـەمتر بـێ، بـەڵام بودجەی حکومەت چەندە؟، ئایا دەتوانی ئەتو 20 ملیۆن بدەی یان نا؟، چونکە ئەگەر ئەتو 10 ملیۆن بدەی یان 20 ملیۆن بدەی مەعنای ئەوە لە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریت ستاند و دات بەوە، لەبەر ئەوە ئەو شتانە هەندێك روونکردنەوەی وازیحی دەوێ، حزم لێیە هەندێ نووسین بـێ و بدرێتـە لێژنەکـە، و لێژنەکەش بەو خۆپێشاندەرانە ئاگادار بکاتەوە، بە نیسبەت خاڵی 18 لە داواکارییەکان، چالاك کردنـی پەرلەمان و دانانی میکانیزم بۆ هەڵبژاردنی پێش وەخت لە کوردستان ئەوە سەرۆکی هەرێم فەرمووی، مـەعنا ئـەو خاڵـەش لـە بـواری جێبـەجێ کردندایـە، چیـتر مایـە، تـەواو، یـەك دەقـە ئـەوەش مایـە، بـە نیسبەت خاڵی 30 کە دەڵێ: 17 خاڵەکەی بڕیاری پەرلەمان بەپەلە جێبەجێ بکرێ، راستە هـەموومان لەگەڵێنە جێبەجێ بکرێ، نەك بەس خۆپێشاندەران، چونکە ئێمە خۆمان دەنگمان لەسەری دایە، ئێمـە دەمانەوێ جێبەجێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ جـەنابت، بـەڕێزان ئێمـە لەگـەڵ خۆپێشـاندەرانین لـە سـنووری یاسـا، 100٪ پشـتیوانی لـە داخوازیە فەرمیەکانی یاساییەکانیان ئەکەین، ئەو بەڕێزانە، منااڵ و کور و کچی ئێمەن، خوشك و بـرای ئێمەن، چاویان لە ئێمەیە، ئێمە بە ئەمانەتەوە ئەو شتەیان ناردووە و حەقی خۆیانـە ناردوویانـە، ئـەم بەڕێزانە بە رێگایەکی قانونی وەریان گرتووە و هێناویانە ئێرە، لێرە ئێوە ئەیخوێننەوە بە ئەمانەتەوە بۆ گشت ئێوەی بەڕێزی پێشکەش ئەکـەن، هـەر لایـەنێك، هـەر ئەنـدامێکی پەرلـەمان لـە هـەر لیسـت و لایەنێکـە بۆچـوونەکان وەرئـەگرێت، بۆچـوونی خۆتـانی تەسـبیت ئەکـەن و دائەنیشـرێ بـە شـێوەیەك، ئینجا داواش لەو بەڕێزانە ئەکەن کە خۆپێشاندان ئەکەن، مەجموعەیەکیان، هەر مەجموعەیەك چەند کەسـێکی دیـتن لەگـەڵ ئێـوەی بـەڕێز، لەگـەڵ پەرلـەمانتاران، لەگـەڵ لیسـتەکان لەگـەڵ سـەرۆکایەتی پەرلەمان، لەگەڵ ئەو لێژنە تایبەتە دائەنیشن، ئێمە وەك بە ئەمانەتـەوە تـەعامول لەگـەڵ ئیشـەکەیان ئەکـەین هـەتاکو چارەسـەری ئەکـەین، بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش لـەو عـەزاب و دڵتـەنگی و دڵـە ڕاوکـێ و چاوەڕوانییە نەجاتیان بێ، ئـەوانیش ئەیانـەوێ لـە مـاڵی خۆیـان بـن و لـە لای خێزانیـان بـن و لەسـەر کاریان بن، نایانەوێ هەر لەو مەیدانە رابوەستن و خەڵکیش تووشـی زەرەر و زیـان بـێ، بۆیـە ئێمـە بـە ئەمانەتەوە ئەڵێین زۆر بە جیددیش لەسەر ئیشەکانیان ئـەڕۆین، مـن لێرەشـەوە پێشـنیار بـۆ ئێوەیـە، ئێوەی بەڕێز بەردەوام ئەبین لەسەر ئیشەکانمان، لەسەر دانیشتنەکانمان لە لێژنەکان، لـەناو پەرلـەمان، تـاکو حکومـەت ئەهێنینـە سـەر خـەت ئـەبێ ئیشـەکانیان جێبـەجێ بکـەین و سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانیش ئەهێنینە ئێرە ئەم حەفتەیە، وەزیرەکانیش دێنین، ئێمە لەگەڵ خـەڵکی خۆمـانین، لەگـەڵ خەڵکیش لە سنووری قانون، ئەگەر هەر کەسێك لە یاسا لایدا، یاسا هەیـە، ئینجا مەسئول بێـت هـەر کەسێك بێ لەسەری تەتبیق ئەبێ، بۆیە خوشکی بەڕێزم داوای لێبوردن دەکەن ئەم موداخەلەیەم کـرد، چونکە لەبەر چاوی هەندێ خوشك و برا روون بێ، ئەم بەڕێزانە حەلەقـەی وەصل بووینـە لـە بـەینی ئێوە و لە بەینی خەڵك، لە بەینی گشت ئەندامان و لە بەینی خـەڵکی کـە خۆپێشاندان ئەکـەن، چـونکە

چوونەتە ئەویٚ و بە ئەمانەتەوە شتەکانیان هێناوە و عەرزی ئێوەی ئەکەن، ئینجا هەر کەسێك کوڕێ ئەگریٚ چی بکەین، چۆن ئەوە بکەینە واقیعی عەمەلەوە و فائیدەی هەبیٚ؟، ڕێزدار پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتگیری لە 17 خاڵەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکەم هەر وەکو کاك ئاسۆ فەرمووی هەندێکی جێبەجیٚ کرا و هەندێکیٚ جێبەجیٚ نەکراوە و هەندێکیشی بە نیوە چڵی جێبەجیٚ کراوە، هیوادارم هەمووی بە باشترین شێوە جێبەجیٚ بکریٚ، هەورەها دەستخۆشی لە لێژنەی ناوبراو دەکەم کە ئەرك و ماندووبوونی زۆریان کێشا بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ڕاپۆرتەی بەردەمیان، بێگومان خۆپێشاندان و داواکردنی مافی خۆپێشاندان مافێکی ڕەوایە لە هەموو خەڵکێکدا، ئەمەش بە مەبەستی دڵسۆزی بۆ هەرێمەکەمان و چاکترسازی سیستەمی حوکمڕانی و سیاسی لە هەرێمەکەمان، بەڵام وەك دیارە پرۆسەی چاکسازی بە یەك لا چارەسەر ناکریٚ وەکو مەسەلەی کە دەڵیٚ چەپڵە بە یەك دەست لێنادریٚ، بەڵکو پێویستی بە هەماهەنگی هەموو لایەك هەیە، ئێمە ئەگەر حکومەتە، ئەگەر پەرلەمانە، ئەگەر دەسەڵات، ئەگەر خەڵکە، هەموو پێکهاتەی ئەو هەرێمەین، بێگومان بە هەماهەنگی هەموو لایەك ئەتوانین ئەو پرۆسە چاکسازیە جێبەجیٚ بکریٚ، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە خزمەتی گەل و هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی خۆمان بکەین، هەروەها لە لایەك ئەوە بۆ خەڵك و لە لایەکی تر بتوانین حکومەتی خۆمان بە باشترین شێوە کارەکانی ڕاپەڕێنیٚ.ئەمەش پێویستی بە میکانیزمێکی شیاو و دیاریکراوی هەیە، پێویستە لێرە ئەو میکانیزمە دیاری بکریٚ، هەروەها لە لایەکی دیکە داوا دەکەم لە هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری کێشەکانمان بۆ حەل دەکات، هەروەها پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی لێژنەکە خاڵبەند بکریٚ بۆ ئەوەی هەر کارێك بە شێوەیەکی ڕەسمی بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار و تایبەتمەند بۆ ئەوەی ئیشەکەی خۆی بە چاکی بەڕێوە ببات، بێگومان ئەوەی کە تایبەتە بە پەرلەمان، من پێم باشترە کە ئەندامانی پەرلەمان زیاتر هاتوچۆی ناو خەڵك بکەن بۆ ئەوەی زیاتر گویٚ لە داواکانیان بگرن، هەروەها قسەکانی ناو پەرلەمان و سەرشەقامەکانیان وەکو یەك بیٚ بۆ هەستی ئارام کردنەوە، هەروەها بۆ زیاتر ئیشەکانمان باشتر بیٚ من پێم باشە دانیشتنەکانی پەرلەمان زیاتر بکریٚ بۆ ئەوەی ئەو یاسا گرنگانەی لە پەرلەمان دەردەچیٚ زووتر جێبەجیٚ بکریٚ، هەروەها حکومەت چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکردووە، ئێمە پێویستە پشتگیری لیٚ بکەین و هەروەها بۆ ئەوەی زووتر جێبەجیٚ بکریٚ و خزمەتی خەڵك بکات، هەروەها بۆ مەبەستی هێور کردنی بارودۆخەکە، من پێم باشە لە ڕاگەیاندنەکاندا وشەی هێور کردنەوە زیاتر بەکار بێنن بۆ ئەوەی زیاتر بارودۆخەکە ئارام بیٚ و نەشێوێت، هەروەها چەند یاسایەکی تر کە حکومەت دەریکردووە وەکو بیمەی تەندروستیە، دەستەی نەزاهەیە، هەروەها یاسای ئەنجومەنی ڕاژەیە، من پێم باشە زووتر جێبەجیٚ بکریٚ بۆ ئەوەی زووتر خزمەت بکریٚ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا ئەسعدی.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا دەمەوێت بڵێم، دڵخۆشم بەو لێژنەیەی کە لەبەردەممایە ئێستا، کە لە هەموو لایەنە سیاسیەکان و لە هەموو لێژنەکان و لە هەموو بیر و بۆچوونەکان و لە هەموو تەمەنەکانی تێدا دەبینم، ئەوەی داواکارم کە ببێت، بەراستی ژیانی دیموکراسی ئەمڕۆی کوردستان وای لە ئێمە کرد کە هەموومان بە ئازادانە، بە سەربەرزانە، بتوانین بەرامبەر جەماوەرەکەی خۆمان بوەستین، بتوانین داواکارییەکانمان گوێ لێ بێ، ئێستا وەکو ئەم کاتەی کە ئێمە دانیشتووین، بیرمان بێتەوە پێش 18، 19 ساڵ ئێمە خەریکی ڕزگار کردنی ئەم شارانە بووین کە لە ژێر دەستی بەعسدا ئەیناڵاند، ئێمە لەم ڕۆژە هەستیارەدا کە چەند مەسئولیەتێکی گەورە و خۆشە لە لای هەموومان بتوانین داواکاری ئەو گەنجانەی کە لە دایك بوون لە دەمیانە، بەعەرەبی ئەڵێت (ملعقة من الذهب) لە دایك بوون، چونکە لە دوای 91ەوە هاتوونەتە دونیا، ئەو گەنجانەی کە ئێستا ئەیانبینین و داواکاریان هەیە، گەنجی ئەمڕۆی تەکنولوجیای تازە و ئازادی و دیموکراسی ئەم وڵاتەمانن کە هاتوونەتە کایەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من دڵخۆشم، من زۆر بەمافێکی ڕەوای دەبێنم هەر وەکو هاوکارەکانی خۆم لەناو پەرلەماندا کە ئەوان داواکاریان هەیە، ئەبێ ئێمە دوو شت جیا بکەینەوە، داواکاری هاووڵاتیمان هەیە، مەبەست و پیلانی دەورەبەریشمان هەیە، ئایا ئێمە هەموومان دڵسۆزی ئەم وڵاتەین، هەموومان بە نوێنەرایەتی خەڵك و گەل هاتووینەتە ئێرە؟، هەموومان سوێندی یاساییمان خواردووە بە قورئان؟، هەموومان کاتێ نوێژ ئەکەین و دوعا ئەکەین خوێن ڕشتنی هەر یەکێك، هەر نینۆکێك کە لەناو ئەو گەنجانە دەبێت، ئێمە هەموومان بەرپرسین لێی یان نا؟، من ئەو وەڵامە حەز دەکەم لە دڵ و دەروونی هەموو دڵسۆزێك لەناو ئەو پەرلەمانە، چونکە من جیای ناکەمەوە، هەموو کاتێك بە زمانی ئاشتی خوازانە قسە ئەکەم و دەڵێم: ئەم ژیانە دیموکراسیە، ئەم خۆشەویستی ئاشتیە، ئەم بەرپرسیارێیەتی و تەکنوکراتە، کە زۆر تەکنوکرات بەکاردەهێنرێ بەراستی، کە ببێ لەناو ئیشەکاندا، ئایا ئەمانەی لێرەن هەموو بەرپرس نین لەم وشەیە کە هەموو بەرپرسیاریەتیان تێدایە، حەتا لەناو حکومەتیشدا دەبێنین زۆری کە سەرۆکی حکومەتیشمان کە وشەی تەکنوکرات لەسەری تەتبیق دەبێ، ئێمە ئەگەر لێرە لەگەڵ ئەوەین داواکاریە مەعقولەکانی ئەم گەنجانە، هەموومان لەناو مێشکی خۆماندا دەبێ پۆلینی بکەین، وەکو هاوکارەکانم لێرە باسیان کرد، کاك پێشەوا بوو، کاك ئاسۆ بوو، سۆزان خان بوو، زۆری زۆرمان داواکاریەکان باس دەکەین، بێریڤان خان بوو، کە باس دەکەین سروشتییە، ئێمە داوای ئەم مافە ئەکەین، بەڵام دەبێ جیای بکەینەوە، پۆلینی بکەین، من ئەو گەنجە وا لێنەکەم دڵەڕاوکێی هەبێ، من نازانم ئیشم لەسەر ئەوەیە هەردەم، خۆم پەروەردەییم بۆیە قسەکانم هەردەم حەز ئەکەم لەگەڵ گەنجەکاندا کە قسە ئەکەم، هێور کردنەوەمان لەناوە هەبێ، وای لێ نەکەم ڕاڕایی بۆ دروست بکەم، من پێت دەڵێم ئەگەر متمانەت بە من بووە، هەر یەکە و بە 30 ، 40 هەزار و 50 هەزار و 20 هەزار دەنگ هاتووینەتە ناو ئەو پەرلەمانە، ئایا من دەبێت دەورم چەند گەورە بێت کە دڵەڕاوکێ بۆ ئەو گەنجانە دروست بکەم، ئایا من تا چ ڕادەیەك بتوانم بە بەشی یاسایی خۆم کە لێرەدا دێمە ئێرە کە دەبێ بە یاسا بجوولێمەوە،

چەند جار خۆم بە بێ یاسایی بجوولێمەوە؟، من ئەگەر مامۆستای زانکۆ بم بە فێرخوازەکانم ئەوت: ئەگەر من $12$ دەقیقە بۆ $15$ دەقیقە ئەگەر نەهاتمە موحازەرە، ئێوە بڕۆن بە جێی بێڵن، من ئەگەر قدوەی ئەوەم، لێپرسراوم، یان یەکێکم بە دەنگی گەل هاتوومەتە ئێرە، من زۆر مەسئولم لەبەردەمی دادگا، دادگایم بکەن ئەگەر بوومە سەبەب بۆ خوێن ڕشتن، ئەگەر من بوومە سەبەب بۆ ڕێکخستنی مێشکی ئەم منداڵانە کە هاتنە دونیایەکی زۆر خۆش، لەم مانگەدا کە لەم مانگەدا جێگای ئەوەیە ئێمە یادە کۆنەکانی خۆمان بە شتە جوانەکانمان بکەین، لەو بەر دەرکی سەرایەی سلێمانی کە جێگای شانازی زۆرانی تری کە لەوێدا کاتی شێخ محموودی نەمر و پێشتر چەندەها شتی جوان لەوێ کراوە، ئێستاش گەنجەکانی خۆمان هەر لەوێ مافە سروشتیەکەی خۆیان هێناوەتە دی، کە بەڕاستی جێگای دڵخۆشییە لەوێ کە داواکاری دەکەن، بەڵام من داوا ئەکەم کە وشەی میلیشیا زۆر بەکار هاتووە، لەلایەن هەموو لایەکەوە، من تەنها بەعسم بیر دێتەوە بە میلیشیا، هەندی وشە هەیە خۆمان، ئەوە ئیقتیراحی هەموو هاوکاراکانمە، کە وتمان پێداویستی تایبەت، ناڵێین کەم ئەندام، مع العلم کەم ئەندام یەکێکە لە پێداویستیە تایبەتیەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی نامانەوێ شعوریان تێك بدەین با ناوەکە جوان بکەین، من ڕۆیشتمە چاکسازییەکان لەگەڵ هاوکارم پەیمان خان کە هەموو لەگەڵ چاکسازییەکان ئەسوڕاینەوە، یەکێك لە داواکارییەکانی کە داوایان کرد، وتیان (مامور) نەمێنی با ببێتە چاکسازی، مرۆڤێك کە ئەیەوێ چاکسازی بکات لەوێدا، وشەی مامور یەکێك کە ئیبتیدائی تەواو کردووە لەگەڵ یەکێك کە کولیەی تەواو کردووە با ئەو وشەیە بکەینە شتێکی تر با بڵێین ئەفسەری چاکسازی، ئەم قسانە خۆشە یان نا؟، بۆ هەموومان خۆشە، ئێمە با هەوڵ بدەین چ وشەیە بەکار بێنێن نەرفەزە دروست نەکەین، هێور کردنەوە خۆمان داوا ئەکەینن ڕاگەیاندنەکان هێوڕکردنەوەی خەڵك بکەن، خەڵکینە هەموومان دڵسۆزین، ئەگەر ئێوە متمانەتان بە من هەیە، من دڵەڕاوکێت بۆ دروست ناکەم، بەڵکو پێت دەڵێم من مەسئولم لەبەر دەمی مێژوو، و لەبەردەمی ئەوخوایەی کە هەموومانی دروست کردووە کە من نابێت جەوێك بخولقێنم کە نائاسایی دروست بێت، هەندێ داواکاری بەڕاستی دەبێ ئەو گەنجانەی کە لەسەر جاددەکانن گوێیان لە ئێمەیە بەڕاستی، قەت پێت ناڵێم ناڕەوایە، هەمووی تەواوە، بەڵام کاتی دەوێ، ئایا بووە هێنانەدی جارێکی تر دەستوور، کە چەندەها ساڵ پێوەی خەریك بووین تاکو لە خولی پێشوو دەستوورێك دروست بوو، بۆ هەموار کردنەوەی بە $48$ سەعات وەڵامدانەوە بۆ ئەم نەوعە پرسیارە، من نازانم، کۆنگریسی ئەمریکیش بڕوا ناکەم بتوانێت بە سەعات و شەوێك من شت دروست بکەم، دەبێ پۆلینمان هەبێ، هەندێك هەنووکەییە، بە خۆشحاڵییەوە ئەوە حکومەتەکەمان لێرەدا دەبینن هەر وەزیرێك چاکسازییەکەی خۆی کە بەردەوامی بۆ کاری پێشوویەتی، بەڵام شتە تازەکانی گەنجەکانمانی تێخستووە، هاوسەرگیریان کردووتە دوو ملیۆن، خۆ حوکمی مەلا نیە، ئەیێتە ناو پەرلەمان کاکە دوو ملیۆن و نیوەکە ئێمە پەرلەمان قەراری لەسەر ئەدەین ئەیکەین بە پێنج، ئەیکەم بە چوار ئەگەر بودجەکە ڕێگای هەیە، من پێش هەموو کەسێك لەگەڵ ئەو گەنجانەم کە هاوسەری دروست ئەکەن، دەبێ ئێمە شوێنێك شیاو یان شتێکی شیاویان بۆ بکەین، بەڵام حکومەت ئەڵێ من ئەوەندە ئەتوانم و لەناو بودجەکەمە، لێرەوە دێی موناقەشەی ئەکەی، ئەوە کۆتایی قسەکەیە، بۆ حکومەت نەهاتووە لەناو پەرلەمانەوە ئەبێ، حەز ئەکەم ئەوە بزانن، ئەوەی جێگای دڵخۆشییە بەردانی ئەو کەسانەی کە

لەناو سجنەكانن كە بەردراون لە هەموو دونیا كە شتێك دەبێ، خۆپێشاندانێك ئەبێ، زۆر جار كە دەگیرێ بۆ ئەوەی بزانن كە سەبەبەكەی چیە و ئەمانە و لە دواییدا بەردەبن، مایەی خۆشحاڵیەكەم ئەوەیە لە دوای ئەوەی كە لێژنەكە دروست بوو و شت دروست بوو، خەڵكانی نوێ نەگیراون و هەر بە ئەوەی كە برادەراكانمان لێرەدا و كاك ئیسماعیلیش باسی كرد، بە هەند وەرگرتنی داواكاری خەڵك لە لایەن پەرلەمانەوە، بە خۆشحاڵییەوە دەیڵێم، خۆی وەڵامدانەوەی تەواو بۆ داواكارییەكان، ئەم لێژنە دروست كردنەیە كە لە نێوان جەماوەر و لە نێوان پەرلەماندا مەوجودە، ئەگەر ئێمە داوا ئەكەین بەڕاستی و بمانەوێ باش ببێ، خەڵكانمان گوێ لێ بێت، نازانم نەبووە خەڵك، لەگەڵ یەك بار خەڵك هەموو لەگەڵ یەك قسە بكەن، من ئەگەر بە نوێنەری خۆت دائەنێی، دەبێ داواكارییەكانت بدەی بە من بۆ ئەوەی ئەم بەڕێزانەی لێرەن لە جیاتی هەموو ئەوانەی لەناو كۆمەڵگای ئێمە قسە ئەكەن، لێژنەی بەڕێز دەستخۆشی لێ ئەكەم لە دوو، سێ شت و لە هەندێ شتیش كۆمێنتم هەیە لەسەری بەراستی، پۆلین كردنەكەی بە هەنوكەیی و بە دوایی شتێكی باشە كە دروستی كردووە، بەڵام زۆر شتیشی هەروا بە جێی هێشتووە بە ڕەها بەراستی، بۆ نموونە دەڵێ: دەزگا ئەمنییەكان وەكو پێویست هاوكار نەبوون و بەڵێنی دیاریكراویان نەدەدا بە لێژنە، دەبێ ئەم شتانەی كە باسی دەكەین بەراستی هەندێ بەڵگە و شتمان لەگەڵی هەبێ تاكو من زیاتر بڕوایی بەو شتە و بۆ خەڵكانیش زیاتر بن، سێیەم خاڵ دەڵێ: بە گوتەی هەندێ بەرپرسان، ئێمە ئەندام پەرلەمانین و وا بزانم بە گوتەی خەڵك دەور نابێنی و ئەوانەی دكتۆرا و ماجستێریشیان هەیە دەزانن هیچ قسەیەك نابێ بوترێ ئەگەر بەڵگەی لەگەڵ نەبێ، من لە خۆمەوە یەكسەر ناوێك بڵێم هەروا بە بێ ئەوەی من مەسئولیەتی خۆم پێشان بدەم، ئایا چەند بەرپرسم لەو قسەیەی كە دەیڵێم؟، گەڕاوەتەوە زێرەڤانی و هەندێك ماوە، هەندێك ماوە چەندە و لە كوێیە؟، زیاتر پێشان بدرێ، پێشێل كردنی بەردەوامی یاسای خۆپێشاندان هەبووە، لە چیە پێشێلەكان؟، یەك، دوو، سێ، هەتاكو هەموو خەڵك بزانێ، ئایا ئێمە كە یاسامان دەرهێنا و وتمان دەبێ بە مۆڵەت بێ، ئایا ئەو مۆڵەتە لە بیدایەت كە هەبوو، لە دواییشدا هەبوو؟، من ئەبێ دەرزییەك بە خۆما بكەم و شوژنێك بە خۆما بكەم ئینجا بە خەڵك، ئەگەر من خۆم پێشێلی هەندێ شت بكەم، چۆن داوا ئەكەم لە خەڵك لەگەڵم بێ؟، من خۆم یاسا بشكێنم، چۆن دەبێ بە خەڵك بڵێم: تۆ دەبێ بە یاسا بجوولێی، لە دواییدا دەڵێم:دروشمی ئێمە با بزانین چۆن لەگەڵ یەك چی بكەین؟، باس كردن تەواو، موحازەرە وتنەوە تەواو، مێشكی خەڵك بڕواتان هەبێ كەس گوێ ناگرێ، نە سیمینار، نە تەلەفزیۆن، نە خەڵك، نە قسە كردن، ئێستا عالەم تاقەتی نەما، جیلێكە جیلی شێستەكان و پەنجاكان و چلەكان نەما، جیلێكی تازە، كاری جوانی ئەوێت، دەست بەكاربوونی ئەوێت و خۆپێشاندانیان دەوێت، چەواشەكردنی ئەو عەقلانە لە صالحی هیچ كەسێك نیە، داواكارم لە لێژنەكەم، كەمتەرخەمیەكان دەستنیشان بكات و لە هەر شوێنێكی پەیوەندیدار بە زووترین كات پێداچوونەوەی خۆی بكات، هەندێ شت هەیە كە دەتوانرێ كاتی بۆ دانرێ با دابنرێ، وەڵام دانەوە زۆر زۆر گرنگە، ئەوە یەكێكە لە داواكارییەكانم سەرۆكی پەرلەمان، كە لە خیلالی 15 رۆژ بۆ جێگا پەیوەندیدارەكان، بە ئا و بە نا، ئەگەر هێشتا پێویستیان پێیە بە داوی بچن، با بڵێن ئێمە بەردەوامین لە ئیشەكانمان، بەڵام پێویستیمان پێیە، چەند رۆژێكی ترمان بدەنێ تاكو بگەینە ئەوە، بۆ ئەو خاڵانەی كە دەتوانرێ

بەو کاتە دروست ببێ، هێوڕ کردنـەوە، هـەموو کـاتێ مەبەسـتێکی ئەخلاقیـە، هیچـی تـر نیـە، سـەر لـێ شـێواندنیش بەڕاسـتی مەسـئولیەتێکە کـە مـن، ئەگـەر پێشـێلی بکـەم وا بـزانم شـتێکی بـاش نیـە و لـە مەصلەحەتی هیچ کەسێك نیە، ئەو پەرلەمانەی کە بە ماندووبوونی هەمووما‌ن هاتووتـە کایـەوە و بـە خوێنی شەهیدانمان هاتووە، با نەهێڵێن تیرۆرستان جێگای خۆیـان دیسـانەوە کارەسـاتی شـوبات دروسـت بکەینەوە، تکام وایە و ئەوە داواکاری منە وەکو ئەندامێکی پەرلـەمان، وەکـو هاوڵاتییـەك لـە هاووڵاتیـە رێك و پێکەکانمان، توخوا با دوو پرسیاری دیکەش بکـەم، یەکـەم، مـن ئەمـەوێ داواکارییـەکانم لـە 48 سەعاتدا بێ، بەسەر چاو، هەندێکی دەکرێ، بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتێك و گەڕانەوە بۆ سیفر، ئـەو 48 چەند سیفری لەبـەردەم دانـێین؟، ئەگـەر مـن ئەمـەوێت چـاك بکەمـەوە، بـا بـە هـەموومان چـاکی بکەینەوە، ئەگـەر بـەس مـن ئەمـەوێت شـتێك دروسـت بکـەم، پردێـك دروسـت بکـەم لـە بـەینی خـۆم و جـەماوەر، مـن ئـەو جـەماوەرە جـەماوەری منـە، بـە هەڵبـژاردن هـاتووین هـەمووماں، هـەر دەبـێ بـە هەڵبژاردن جارێکی تر ئەوەی دەتـوانێ باشـتر کـار بکـات، بـە دەسـت خۆشـییەوە پێیـان دەڵـێم، بـا بێنـە مەیدان، بە هەند وەرگرتنی هەموو قسەیەك و هەموو داواکارییەك، مەبەسـتی ئـەوەڵ و ئـەخیری منـە، ئەخیر پـەیامم و ئـەخیر قسـەم ئەوەیـە (الهـروب مـن المشـکلە لـیس حـلا)، بـا خۆمـان غارنـەدەین لـەناو وەزعەکە کە دروست بووە، با هەمووما‌ن داواکارین متمانەمان بە خۆمان بێ ئەوەل جار، چونکە ئەگـەر من متمانەم بە خۆم نەبێ وا لە خەڵکیش ئەکەم متمانەی بە من نـەبێ، مـن داواکـارم لـەو ئەندامانـەی کە ئێستا مەوجودن، لەبەردەمی خـوا و مێـژوو و یاسـا، ئـەم لێژنەیـە دوای ئـەوەی تـەوقیعیش ئەکـەن، بەدواچوون ئەکەن، هەموو قانونێك کە لێـرەدا رێمـان پـێ ئـەدا، هـەمووما‌ن قـەراری لەسـەر بـدەین کـە چووینە دەرێ لە پەرلەمان، یەکەم شتمان پێشێلی ئەو یاسایە نەکـەین کـە ئێمـە لەسـەری هاتووینەتـە ئێرە، لەبەر ئەوە من خۆم بۆ خۆمی قبوڵ ناکـەم ئەگـەر مـن ئەمـە بکـەم، و بـە بەڵگـەش قسـە بکـەین جارێکی تر وا لەو گەنجانە بکەین کە دونیـا زۆر خۆشـە و نـەورۆز لـە رێگایـە، جەژنـە نەتەوەیەکـەمان هەیـە، ئـەم مانگـە مـانگی کـار کـردن و دەسـت لـە دەسـتی یەکتریـە، مـانگی ئاشـتی خوازییـە، مـانگی دونیایەکی رووناك و ئاسۆیە کـە ئێمـە کـەرکووك لەبەردەمانـە و خانـەقین هەیـە، خۆزگـە هـەمووما‌ن ئێستا هەوڵمان بدابایە چۆن لەو گەنجانە وا بکەین، چۆن بچینە کەرکووك؟، چۆن خـەرێکین دیسـانەوە دام و دەزگاکانیان وناومان، با هەر هـەمووما‌ن هـەوڵی ئـەوە بـدەین چـۆن بتـوانین بەشـە کێشـە لەسـەر کراوەکان، هەمووما‌ن لێرەدا بەرپرسن لەوەی  کە کەرکووك دڵـی کوردسـتانە یـا قودسـی کوردسـتانە، یـا روحی هەمووما‌نە، هەمووما‌ن هەوڵی ئەوە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بە نیسبەت لێژنەکە، تکایە، تکاتـان لـێ ئەکـەم بـزانن لێژنـەی تەحقیقییـە، ئەمـە لێژنەیەکـە پەرلەمان پێکی هێناوە بۆ ئەوەی بچێت بە ئامانەت لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کـە ئێشـیان هەیـە، ئازاریـان هەیە، گەندەڵی لەو کوردستانە هەیە، کێ ئەڵێ گەندەڵی نیە؟، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە ناڕەزاییـان هەیـە بیهێـنن لێـرە و عـەرزی ئێـرەی بکـەن، تـەرتیبێك دابنـێین چـۆن، ئـەوەی بـۆ حکومـەت ئـەنێرین، بـۆ شوێنێکی تر ئەنێرین، تەنها ناردنەکەی نیە ئەوە واجیبمانە و بەدوا بـین، حکومـەت دەبـێ جێبـەجێی بکات، بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران دێتـە ئێـرە، ئـەو شـتانەش لـە پـێش چـاوی دووبـارە بـاس

ئـەكرێ، بـەڵام ئـەبێ پـێش ئـەوەی بیهێنـێن، حازرییـەكی تـەواوی مـەزبووت، 1، 2، 3 هـەبێ ئینجـا پرسـینەوەی لـێ ئەكـەن، سـوئالی لـێ ئەكـەن، رەئیـەكی ترتـان هەیـە، ئـەوجا بڕیـار بـۆ ئێـوەی بـەڕێز ئەمێنێت، هەر راپۆرتەكەی تەحویلی ئەولا بكەین و خەلاص، ئەوە ئیشی ئێمە نیە، بەرید نین، پۆستە نین، ئەم بەڕێزانە چوونە شتەكانیان هێناوە و بیدەنە ئێوە و لێرە موناقەشە ئەكرێ، ئێمە بە ڕەسمـی داوا لـە حكومـەت ئەكـەین 1، 2، 3 وا بكـرێ، موتابەعـەی ئەكـەین، چـۆن ئـەیكات؟ ئایـا ئـەیكات یـان نایكات، ئەبێ لێـرە قـەراری لـێ بـدرێ، لـەناو ئـەم پەرلەمانـە، بـەڕێزان، بۆیـە مـن جارێكی تـر تیكـرار ئەكەم، مـن رۆڵـی ئـەم لێژنـە بـەڕێزە زۆر زۆر بـەرز ئـەنرخێنم، شـتێكی زۆر ئیجابیـان دیـت، توانیـان متمانەی ئەو بەڕێزانەی لە جاددەن كە ئێشیان هەیە و ئازاریان هەیە وەربگرن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن، شتەكانیان تەسلیمیان بكەن، بیهێننەوە ئێرە، ئێستاش ئەوان چاویان لە دەمی ئێوەیە، لەو سیقەیە، من لێرەوە بە ئەوانی بەڕێز دەڵێم، ئێشەكانیان زۆر بـە هەنـد وەردەگـرم، بـەردەوام ئـەبین لەسـەری، ئێمـە ئەبینە نوێنەری ئەوان، ئێمە داوا ئەكـەین ئـەوان بگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان وەعـدیان پـێ ئـەدەین لـە كۆنتاكتی بەردەوام ئەبین لەگەڵیان، نوێنەرەكانیان ئەهێنینە ئێرە، نوێنەرەكانمان ئەنێرێنە ئـەوێ، ئـەم لێژنەیـەش دەوری ئـەبێ هـەتاكو ئـەو رۆژەی هـەموو شـتەكە تـەواو ئـەبێ، هـەر یـەكێك لـە ئێمـە خۆپێشاندەرێكە، تاكێكی هەرێمی ئەم كوردستانەیە بۆ پاكی و بۆ دروستی و بۆ عەدالـەت، زۆر سـوپاس، رێزدار خەلیل عوسمان فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن دەستخۆشـی لـە لێژنەكـە ئەكـەم و دەمـەوێ لـەوێ دەسـت پـێ بكـەم كـە لـەو بڕیـارە 17 خاڵیـەی پەرلەمانی كوردستان كە قسـەیەك كـرا كـە ئـەڵێ هیچـی لـێ جێبـەجێ نـەكرا، مـن پـێم وایـە كـە ئـەوە حوكمێكی نا عادیلانەیە، قسە كردن بەو ڕەهایە، بەو موتلەقیە حوكمێكی نا عادیلانەیە، لەگەڵ ئەوەی هەندێكی لێ جێبەجێ كراوە و هەندێكیشی بەراستی دەبێ زیاتر ئێمە فشار بكەین و چاودێری بكـەین، تا جێبەجێ بكرێ، ئەوەی كە هاوكارانم ئەڵێن كە ناومان لایە، ئەم ناوانە داواكراون، دەبـوو ئـەم ناوانـە پێشكەش بە داواكاری گشتی بكرێ بۆ ئـەوەی ئێمـەش پشـتیوانی لـە هـەر رێكارێكی یاسـایی بكـەین كـە داواكاری گشتی دەیگرێتە بەر بۆ جێبەجێ كردنـی ئـەو بڕیارانـە، ئـەو بڕیـارە 17 خاڵیـەی كـە یـەكێك لەوانە كە دۆزینەوەی تاوانبارانە، ئەوانەی كە بەرپرسن لە بەرهەم هێنانی ئەو دۆخەی كە لەم دواییـە روویدا، من داواكارم هەروەك چۆن داواكاری خۆپێشاندەران و چین و توێژەكان پۆلین كراوە لە راپۆرتی لێژنەكەدا كە بەراستی مایەی دەستخۆشیە، دەستخۆشیان لێ دەكەم، داواكارم كە لـە لایـەن سـەرۆكایەتی پەرلەمانەوە داواكارییەكان بە نووسراوی فەرمی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیـدارەكان و سـەرۆكایەتیەكان بكرێت و تەئكید لە جێبەجێكردنیان بكرێتەوە، بۆ ئەوەی كە میكانیزمێكی گونجاوی بـۆ دابڕێـژرێ و سەقفێكی زەمەنی دیاریكراوی بۆ دابنرێ و پەرلەمانی كوردسـتانیش لـە نزیكـەوە چاودێری جێبـەجێ كردنی خاڵەكان بكات، خاڵێكی دیكە، ئەو پرۆژە یاسایانەی كە پەیوەندیان بـە ژیـان و گـوزەرانی خـەڵك هەیـە، و هۆكـاری داواكـاری خۆپێشـاندەرانەوە هەیـە، بەراسـتی وەك پـرۆژە یاسـای دەسـتەی نەزاهـە و پرۆژە یاسای پێكهێنانی ئەنجومەنی ڕاژە و بیمەی كۆمەڵایەتی و كۆمەڵێك پـرۆژە یاسـای تـر ئێسـتا لـە

پەرلەمانە، لەوانەیە لە لایەن فراکسیۆنە جیاجیاکانەوە پێشکەش کرابێ، من داواکارم کە لە خشتەی کاری داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا ئەولەویەتیان پێ بدرێ و بتوانین لە دانیشتنەکاندا ئێمە کۆمەڵێك لەو یاسایانە بۆ باش کردنی گوزەرانی خەڵك ئێمە دەربکەین و لە پەرلەماندا پەسندی بکەین، دووبارە داواکارم ئەوەی کە لە بریارە 17 خاڵیەکەی پەرلەماندا هاتووە و تا ئێستا هەنگاوی کەمی بۆنراوە و، پیویستە بۆ ئارام کردنی دۆخەکە فشاری زیاتر بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی، و لە داواکارییەك لە داواکارییەکانی مامۆستایانی زانکۆ و فەرمانبەران و خوێندکاراندا، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیدا کە لە خاڵی 26 و 30 دا هاتووە کە دەڵێ: هەر کەس و لایەن و هێزێك بیسەلمێنێت دەستی لە نانەوەی شەری ناوەخۆ و کار بۆکردنی کردبێت دەبێ بە سزای خیانەتی گەورە سزا بدرێت، خاڵی 30مین هەر لە هەمان یاداشتدا دەڵێ: رێزگرتن و پاراستنی رۆژنامەنووسان و دەستبژێران و کەناڵەکانی راگەیاندن و بە یاسایی کردنی مەدەنیانەی مافی بەدەست هێنانی زانیاری لە کورتترین دەرفەتدا، هەر کەناڵێکی میدیایی سەلماندرا کە درۆی تێکدەرانەی هەڵبەستراوی بلاوکردووتەوە و ئاساییشی کۆمەلایەتی شێواندووە، سزا دەدرێت و لە پرۆژە بریارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمانیشدا هاتووە، لە خاڵی 14 دا کە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بدرێ کە هەموویان باس لە هێور کردنەوەی هەل و مەرجەکە دەکەن لە لایەن کەناڵەکانی راگەیاندنەوە کە دوور بکرێنەوە لە بەرنامە و وتاری هەڵبەسترا و پەشێو ئامێز کە خزمەتی دۆخەکە ناکات و پێویستە هەموو لایەکمان بە گیانی لێپرسیاریەتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکەین و دانیشتنەکانی پەرلەمانیش بەشێك بێ لە ستراتیژیەتی ئارام کردنەوەی دۆخەکە و تەنها و تەنها جەخت لەسەر داواکاری خەڵك و خۆپێشاندەران بکەین و دوور لە خستنەرووی هیچ ئەجیندایەکی سیاسی، چونکە مومکین نیە لەبەردەوام بوونی دۆخێکی ئاڵۆزاوی و برژاویدا هیچ بەرنامەیەك خواستەکانی خەڵك کە تایبەتە بە چاکسازی و بە داواکارییەکانی خەڵك بەراستی جێبەجێ بکرێ، من پێم وایە ئەم ماوەیە کە هەر چەندە پشووی زۆری تێکەوتووە، بەلام هەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەگشتی لەگەڵ سەرجەم لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە بە پێی ئیختیصاصی خۆیان تەماسی بەردەوامیان هەبێت و هەر لێژنەیەك بە پێی ئیختیصاصی خۆی هەوڵی جێبەجێ کردنی داواکارییەکان بدەن و چاودێری وردی بکەن، ئەمەش پەرلەمان و حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێ بە تەواوەتی بۆ ئەم دۆخە خۆیان تەرخان بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار بیلال سلێمان فەرموو.

**بەرێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی حەز دەکەم سوپاس و دەستخۆشی لە لێژنەی تایبەت بکەم کە بەراستی بە پێی راپۆرتەکەشیان و ئەوەی کە بینیمان دەرکەوت کە بە تیمێکی زۆر بەهێز الحمدلله دەرکەوتن و جێگای شانازی پەرلەمانیش بووە، دواییش من دەمەوێ بەراستی دووبارە پشتیوانی خۆم بۆ هەموو خۆپێشاندەرێکی دڵسۆز کە لە رێگای یاسایی و بە هێمنانە خۆ پێشاندان دەکات و داواکاری و داواکانی خۆی پێشکەش

دەكات، سوپاسی برایان و خۆشكانیشم دەكەم لە پەرلەمان كە بەراستی پێشتریش و دووبارە ئەمڕۆش بینیم كە هەموویان تەئكیدیان لەوە كردەوە كە خۆپێشاندان مافی هەموو كەسێكە و بە تایبەتیش كاك د.كمال سوپاسی دەكەم كە كەلیمەیەكی وت لەلای من زۆر جوان بوو كە وتی: ئێمە هەموومان خۆپێشاندەرین بۆ حەق، بۆ چاكسازی، بۆ عەدالەت، سوپاسی جەنابی سەرۆكی هەرێمیش دەكەم كە تەئكیدی لە 17 خاڵەكە كردەوە و پشتیوانی دەربڕی بۆ پەرلەمان و لەهەمان كاتیشدا كۆمەڵێك شتی زۆر بە نرخی دوێنێ لە خیتابەكەی راگەیاند و ئەوەش كە بەراستی جێگای دەستخۆشی بوو، من پێم وایە ئەبێ وتەكانی جەنابی سەرۆكی هەرێم زۆر بە جیددی وەربگیرێت و پەرلەمان زۆر بە جیددی كاری لەسەر بكات، چونكە خیتابەكەی زۆرتر رووی لە پەرلەمان بوو، ئەوەی كە لە خیتابەكەی جەنابیان هاتبوو، من پێم وایە ئەگەر چی خیتابێكی كورت بوو و چەند كەلیمەیەك زیاتر نەبوو، بەس پێم وایە كەلیمەكانی هەمووی جێگای ئەوەیە كە قسەی لەسەر بكەین و ئیصلاحی چاكسازی هەم سیاسی و هەم ئەو عەدالەتە ئیجتیماعیەی كە باس دەكرێ بگەرێننەوە بۆ هەرێمی كوردستان، من دەمەوێ بێمە سەر 17 خاڵەكە كە هەموومان تەئكیدمان لەسەری كردووتەوە، بەڵێ وەكو لێژنەكەش ئیشارەتیان پێكردووە چەند خاڵێك جێبەجێ كراوە یان لە حاڵەتی جێبەجێ كردنە و خەریكە جێبەجێ دەكرێ، بەس دەمەوێ بێم باسی ئەوەی بكەم بەراستی بۆ هەموو بەرێزان، خاڵی یەكەم لە 17 خاڵەكە جێبەجێ نەكراوە، نەك هەر جێبەجێ نەكراوە بەڵكو پێشێلكاریشی تێدا كراوە، تەقە كراوە لە هاووڵاتیان، هەڵكوتراوە سەر فەرمانگەكانی حكومەت و حیزب و لەهەمان كاتیشدا لە تەرەفی بەرامبەریش لە خۆپێشاندەرەكان تەقە كراوە، كەواتە پێشێلكاری كراوە، خاڵی دووەم: كشانەوەی دەست بەجێی هێزە جوولاوەكان و لە راپۆرتەكەشدا هاتووە، دیارە ئەوەش وەكو پێویست جێبەجێ نەكراوە، ئازادكردنی سەرجەم ئەوانەی بە هۆكاری بەشداربوون لە خۆپێشاندان دەستگیر كراون، ئەوانەش تاوانیان كردووە و رادەستی دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس بكرێن، ئەم خاڵەش بەراستی نەك هەر جێبەجێ نەكراوە، پیشیلكاریش كراوە و بە پێچەوانەی ئەوە كار كراوە، دوایی بەڵگەكانم دەخەمە روو كە چی و چین، خاڵی چوارەم: حكومەت بە گوێرەی یاسا قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو كەس و لایەن و دەزگایانە و هێزە بكات كە بە هۆكاری پەلامار و توند و تیژییەوە زەرەمەند بووە، نەمانبینی حكومەت هیچ هەنگاوێكی نابێ لەم بارەیەوە، پێنجەم: پاراستن و رێكخستنی خۆپێشاندەران بە هێزی پۆلیس ... تا ئاخیر، ئەوەش بەراستی بە هێزی پۆلیس نەسپێردراوە و هێزی غەیری پۆلیس موشارەكەی كردووە وەكو چۆن بە بەڵگە لە گرتە ڤیدیۆیەكاندا بە تایبەتی لە ئینتەرنێت زۆر بڵاوبوویەتەوە كە چۆن وەكو كاك بورهانیش باسی كرد، بە جلی مەدەنی لەناو پۆلیسەوە تەقە لە هاووڵاتیان دەكرێ، لە رسمەكە دیارە كە چۆن تەقە لە هاووڵاتیان دەكات و چۆن برینداری دەكات و چۆن شەهیدی دەكات، دوایی خاڵی هەشتەم، مامەڵەكردن لەگەڵ بارودۆخی كەمتەرخەمی كە باس كراوە، لە دەزگای پۆلیس و ئاساییش، بەراستی ئەوەش هیچمان نەبینی ئیجرائاتێك، ئەم كەسانەی كەمتەرخەمیان كردووە، ئیجرائاتی چی بوو بۆیان؟، هیچ نەكراوە ئەوەش،خاڵی نۆیەم: نابێ بە بێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپێشاندەرێك بە هۆی خۆپێشاندان دەستگیر بكرێ، بەراستی ئەوەش نەك هەر جێبەجێ نەكراوە، پێشیلكارییەكی سرف كراوە، زۆر بە پێچەوانەی ئەوەوە تا ئێستاش كار كراوە، تا

ئەم دەقەیەش کە ئەمەویّ لە خزمەتتان بم، خالّی 11: دەستبەجیّ ئەنجامدەرانی سووتاندنی کەناڵی نالیا، رادیۆ و تەلەفزیۆنی گۆڕان...هتد، دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا، کەناڵی نالیا کە دەگوتریّ گوایە دەعوای قەید نەکردووە، کەنالی نالیا لە رۆژی دووەمەوە، بە پێی ئەو مەعلومات و موستەمسەکەی لەبەر دەستی منە لە بنکەی پۆلیسی ئەزمەر دەعوای قەید کردووە، بەڵام حکومەت بۆ جێبەجێی ناکات؟ پێشێلکارییە، من پێم وایە لەبەر ئەوەی حکومەت هەڵنەستاوە بە جێبەجیّ کردنی 17 خاڵەکە، وەکو خۆشی وەعدی دابوو کە جێبەجێی دەکات و کاری لەسەر دەکات، پێشێلکاری زۆری تێدا کراوە، لەم چەند رۆژەدا نەك پێشیلکاری لە بڕیارەکانی پەرلەمان، پیشیلکاری لە مافی مرۆڤ کراوە، لە حقوقی ئینسان کراوە، پێچەوانەی بریارەکانی پەرلەمان لە 17 خاڵیەکە کراوە، پێچەوانەی خیتابی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە دەڵیّ: خۆپێشاندان مافی هەر کەسێکە و ئەڵیّ ، من لە وڵاتێك ناژیم کە ئازادی تێدا نەبیّ، نەك سەرۆك هەرێم نابیّ، ئازادی تێدا نەبیّ تێدا ناژین، بەڵام دەبینین لە ژێر دەسەڵاتەکەی ئەو خەڵکانێك پێچەوانەی بڕیارەکەی ئەو تەصەروف دەکەن، من بەراستی داوای لێبوردن دەکەم لە هەموو خوشکان و برایانی بەڕێزم لە پەرلەمان، من پێم وایە پەرلەمان ناتوانیّ ئیجراءات بکات، نەیتوانیوە بیکات و ناتوانێت بیکات، بۆیە من رووی قسەکانم ئاراستەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم و بە جەنابیان دەڵێم کە جەنابیان راستەوخۆ تەداخول بکەن لەو قەزیەیە، لەو سەرپێچیانەی کە دەکریّ، وەکو چۆن پێشی خۆشی بڕیاری داوە و رایگەیاند کە دیفاع لە پەرلەمان و لە 17 خاڵیەکەش دەکات، تاوانباران بەراستی هەر چی زووە بدرێنە دادگا، بەتایبەتی تریش ئەم پێشێلکاریانەی کە هەم مافی مرۆڤ و هەم پێشیلکاری بەرامبەر 17 خاڵەکەی پەرلەمان و بەتایبەتی تریش خاڵی 9 کە لە هەولێر ئەنجامدراوە، بەلای کەمی زیاتر لە 10 نەفەر لە هەولێر دەستگیر کراون بە پێی ئەو ناوانەی کە لەبەر دەستی ئێمەیە، 9 کەسیان ئازاد کراون و تا ئێستا کەسێکیان ئازاد نەکراوە، یەکێك لەوانە بەناوی (ژیار عباس حسن) کە بەراستی ئەمە پێشێلکارییە، چۆن دەبیّ، یەعنی من ئەوانە دەزانم، لەوانەیە خەڵکی تریش هەبیّ فەقیر و هەژار کەس نەیناسیّ و یا نەیتوانی بیّ خەبەرەکەی بگەیەنێتە دەستی خەڵکی تر، چۆن دەبیّ شتی وا بکریّ؟، بڕیاری پەرلەمان دەڵیّ: نابیّ بگیریّ، نەك ئازاد بکریّ، دیارە بەراستی کۆمەڵێك پێشیلکاری کراوە، پێشێلکارییەکان لە زیندانی کردن، بەداخەوە دەڵێم: من لەگەڵ بەرێزێك ، ناوی ناڵێم لەبەر ئیحتیرامم بۆ ئەم بەڕێزە، پێم وت فلان کە گیراوە بۆ ئازادی ناکەن؟، لەسەر خۆپێشاندان گیراوە؟، بە من دەڵیّ: جا تۆ خۆ ئیسلامی ، ئەوە کۆمۆنیستە تۆ چ عیلاقەت هەیە؟، کەی ئەوە؟، نازانم یەعنی چی پیّ بڵێم ئەوە؟، خۆ من ئیسلامیم هەر نوێنەری ئیسلامی نیم، نوێنەری هەموو خەڵکم، دەرکردن لە وەزیفە و نان بڕین، بەتایبەتی لێرە لە هەولێر بووە، تەقەکردن لە خۆپێشاندەران لە سلێمانی بووە، بەداخەوە خۆ تەقەکردن لە خۆپێشاندەران لە رۆژی 17ی مانگ راستە بوو، شتێکی فوجائی بوو، قابیلی ئەوەیە ئینسان بڵیّ کە شتێکە روویداوە و هەمووومان پێمان ناخۆش بوو و هەموومان نیگەران بووین پێی، بەڵام ناکریّ دواتر ئەم تەقەکردنە بەردەوام بی، تەقە کردنی رۆژانی دواتر گەورەترە لە تەقە کردنی رۆژی یەکەم، راستە ئەو سەرەتا بوو، بەس ئەو سەرەتا بوو و شتێکی فوجائی بوو، لەوانەیە ئەو کەسەی کە کردوویەتی کە نەزانی چ شەخصێك دەستی یەکەم بووە، تەقە کردن لە ماڵان، شەوان لە

ماڵان تەقە دەکرێ تا ئێستا بەردەوامە، هەڕەشە کردن لە ڕۆژنامە نووس و ڕۆشنبیران، بە (sms) ، بە تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ، تا ئێستا ئەمانە دەکرێ، حکومەت نازانم لە کوێیە؟، داخستنی زانکۆی سەلاحەددین، بەراستی ئەوە کارەساتە، یەعنی بەراستی من پێم وایە بەلای کەمی وەزیر دەبوو ئیستیقالەی بدابا، یەعنی کەمترین شت، وەزیر خۆی بۆ ڕێز و ئیحتیرامی خۆی دەبوایە ئیستیقالەی بکردبا، چۆن ئەبێ بەو شێوەیە و بەو ئوسلوبە زانکۆ دابخرێ؟، من پێم وایە بۆ ئەوەی کە ئێمە هەوڵ بدەین هەموو لامان و ئەو پەرلەمانە بەڕێزە، من پێم وایە و وەکو پێشتریش وتم، دەستخۆشی لە هەموو ئەندامان دەکەم، بەراستی پەرلەمان پێم وایە دەوری خۆی بینیوە لەم ماوەیە ئەگەرحکومەتیش وەکو پێویست بە دەمیەوە نەهاتبێ، بەس پێویستە بۆ جێبەجێ کردن و بە عەمەلی کردنی ئەم پرۆژەیەی کە لەبەر دەستە، وەکو مامۆستا عومەریش ئیشارەتی پێکرد پێشتر، سەقفی زەمەنی دیاری بکرێ، ڕاستە لێژنەکەی هێناویانە دەستیان خۆش بێ، بەڵام لەسەر ئێمەیە سەقفەکە دیاری بکەین، لەسەر ئەوان نیە، لەوانەیە لە دەسەڵاتیان نەبێ ئەوان سەقفەکەی دیاری بکەن، حکومەت ئیلزام بکرێ بە بڕیارەکان، ناکرێ حکومەت شتی ئینشائی بۆ بنووسرێ، ئەبێ بۆی دیاری بکرێ بە وەختی خۆی، ئەولەویەت دیاری بکرێ بۆ خاڵەکان، حکومەت بە کەیفی خۆی پاش و پێش بە خاڵەکان نەکات بڵێت ئەوەم کرد و ئەوەم نەکرد، خاڵێکی ترم ئەوەیە کە من لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ کابینەی شەشەم، بە تایبەتی بۆ جەنابی کاک د.بەرهەم، کە من بەراستی وەکو خۆم، وەکو شەخصی ڕێزم بۆی هەیە و پێم وایە وەکو پیاوێکی تەکنۆکراتە، پیاوێکی بە قابیلیەتە، بە توانایە، بەس ئەو ناتوانێ ئەو حوکمەتدارییە بکات لەبەر ئەوەی ڕێی لێ دەگیرێت، نەك لەبەر ئەوەی پێی ناکرێ، لەبەر ئەوەی ڕێی لێ دەگیرێ، بۆیە من بەراستی پێشنیار دەکەم بۆ جەنابی کاک دکتۆریش کە دەست لە کار بکێشێتەوە و الله بۆ خۆی قازانجە دونیا و قیامەت، لەبەر ئەوەی وەکو وتم، نەك لەبەر ئەوەی پێی ناکرێ، لەبەر ئەوەی ڕێی لێ دەگیری، هەڵبەتە مەقصەدیشم ڕێ گرتن بە تایبەتی لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتە، بە سەراحەت تا تەفسیرێکی تری بۆ نەکرێت، ئەگەر ئەوان هاوکاری بن پێی دەکرێ، ئەوان هاوکاری نەبن پێی ناکرێ، پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەو حکومەتە هەڵبوەشێتەوە، حکومەتێکی ئینتیقالی بنکە فراوانی یەکیتی نیشتمانی تەکنۆکراتی پێك بهێنرێت، بێ لایەنە بێ، تا هەڵبژاردنێکی پێش وەختی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە پەرلەمانێکی نوێمان هەبێ، و بتوانین حکومەتێکی نوێ و بە شێوازێکی نوێ و بە سیستەمێکی نوێ ئیش بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، و الله لە وتەکانی جەنابت، نەك ئیشارەت بە وتارەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کرد، ئەوە بە حەقیقەت هەموومان دانیشتبووین و سەرۆك لێژنەکان و فراکسیۆنەکان و لێژنەی پەیوەندیدار دوای وتارەکەی تەواو کرد بە چەپڵە هەموو ئیستیقبالی لێ کرد، بۆیە ئەویش واجیبمانە، چونکە تۆپەکەی خستووتە ساحەی پەرلەمانەوە، گفتوگۆ بکەین لەسەری و موناقەشەی بکەن، پەرلەمان ڕەئی خۆی بە دەقیق بدات، چی بکەین، نوقتەیەکی تر، باسی قەناتی نالیا کرا کە شکاتیان کردووە یان نەکردووە، کاکە کەناڵێکی وا گەورە ئاگری تێبەر بێت لەناو شارێك، واجیبی حکومەتە و ئیدیعای عامە تەفعیلی بکات و شکاتی لێ بکات، لەبەر ئەوە بە حەقیقەت ئێمە ئەبێ لەگەڵ حکومەت

کە دائەنیشین ئەبێ ئەی حکومەت فەرموو ئەو تەلەفزیۆنە گەورەیە بەو مەسافە زۆرە ئاگری تێبەربوو، چیە؟ بە کوێ گەیشت؟، بۆیە ئەو لیژنەی کە پێك دێت، کە سەرۆکەکەی دادوەرێکی دادگای تەمییز دەبێ، هەر چیتان هەیە کۆی بکەنەوە و بە رەسمی بۆی تەحویل دەکەین، بۆ ئەوەی دەست بەکار بن، بە نیسبەت ئەوەی فەرمووت بە جل و بەرگی مەدەنییەوە لەناو خەڵك تەقەی لە خەڵك کردووە، من پێم وایە ئەوە دەسە، بۆیە ئەبێ دەقیق بیدۆزینەوە، بزانین کێیە؟، ئایا هاووڵاتی موزاهەرە بکات ناچێ خەڵك بکوژێت، بەڵام ئەوەی کە بە جلی مەدەنییەوە لەناو هاووڵاتی و تەقە لە هاووڵاتی بکات و لە خۆپێشاندەر بکات، بە تەئکید، ئەگەر لە دەسەڵات بێ، ئەگەر لە دەسەڵات نەبێ، دەسێکە ئەبێ حکومەت بگاتە ئەمە، بۆیە من لێرەوە و لە پێش ئێوەی بەڕێز داوا لە لیژنەی ناوەخۆ دەکەم زۆر بە جیددی ئەو خاڵە بگرنە پێش، چ مەعلوماتێکتان هەیە لە دەست، بەراپۆرتێك پێمان بدەن بۆ ئەوەی ئەم پەرلەمانە موناقەشەی لەسەر بکات، زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەیە؟، نا تەوزیح بە سرەیە، ئەو خوشکە نەخۆشیشە و کاغزێکیشی نووسیوە، بەس من مەجالم نەداوە پێی کە خەرقی سرەکە بکات، چونکە ئیلتیزام بەو نیزامە دەکەین کە هەمانە، ئێستاش رێزدار ئەڤین عومەر.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا حەز دەکەم دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتی پەرلەمان بکەم، بۆ ئەو کار و جوهدەی کە لەم چەند رۆژەدا ئەنجامیان داوە بۆ راپۆرتەکەیان، هەروەها کۆکردنەوەی ئەو هەموو داخوازی خەڵکە کە هەموو داواخوازییەکانیشیان من لێرەدا پشتگیری لێ ئەکەم، چونکە داخوازی خەڵك داخوازی ئێمەیە، ئێمە نوێنەری ئەم میللەتەین، بەتایبەتی پشتگیری لەو داخوازیانە دەکەم کە هەمووی بۆ ئەوەیە چاکسازی، ئیصلاحی ئیداری، سیاسی، دارایی، لەم وڵاتە بکرێ، هەڵبەتە ئەم داخوازیانە ڕەوان، ئەو خەڵکانەش کە ئەو داخوازیانەیان کردووە خەڵکانێکی دڵسۆزی ئەم وڵاتەن، بۆیە ئێمە لێرەدا ئەرکی سەرشانی خۆمانە وەکو پەرلەمانی کوردستان کە پشتگیریان لێ بکەین، و دیراسەیەکی جیددیان لەسەر بکەین بۆ ئەوەی بزانین بە چ ئالیەتێك، بە چ میکانیزمێك بتوانین ئەو داخوازیانە بگەیننە جێ، هەروەها داواش دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان کەوا لە ئەمڕۆ بە دواوە کاراتر بین ئێمە و بتوانین جوانتر کار بکەین لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی تایبەت پێشکەشیان کردووە و، بتوانین ئەو میکانیزم و ئالیەتەش بدۆزینەوە کەوا چۆن ئەو پێشنیارانەی ئەو لیژنە بەڕێزە پێشکەشیان کردووە کارای بکەین بۆ ئەوەی ئیحتیوای ئەو کێشەیە بکەین لەناو کوردستان و بتوانین بە باشترین شێواز و بە باشترین ڕێگا چارەسەر بۆ ئەو کێشانە دابنێین، بەڵام لێرەدا من پشتگیری خۆم بۆ ئەو 17 خاڵەی بڕیاری ژمارە (1)ی پەرلەمانی کوردستان دەرئەبڕم، کە لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە 23ی مانگی 2 ، ئێمە کۆبوونەوەیەکمان گرێدا و 17 خاڵ کە بە شەراکەتی یاخود لە ژێر دەستی هەموو سەرۆك فراکسیۆنەکانی بەشداربووی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، پاشان بە دەنگدانی ئێمە، یاخود بە دەنگی ئێمەی ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان ئەم بڕیارە دەرچوو، بۆیە ئێمە وەکو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، وەکو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، وەکو ئەو لایەنە سیاسیانەش کەوا نوێنەرمان هەیە و بەشداری هەیە لە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە هەموو لایەکمان ئیلتیزامێکی ئەخلاقیمان لەسەرە کە

دەبێ هەمووومان پابەند بین بە خاڵەکانی ئەم 17 خاڵەوە، نابێ لە لایەن هیچ لایەنێکەوە پێشیلکاری بۆ ئەم خاڵانە بکرێ، بۆیە من ئەبینم زۆر جار خروقات هەیە لەم خاڵانە، بۆ نموونە ئەگەر نموونە بهێنمەوە، ئەبینم کەوا خروقاتی میدیا هەیە، راگەیاندنەکان، بەتایبەتی راگەیاندنی لایەنەکان، هێرشیان بەردەوامە، خاڵی 14 بە بەردەوامی پێشیل ئەکرێ، وایان لێ هاتووە تا وەکو ئێستا بەرپای ئەوە ئەکرێ کە چۆن، لە راگەیاندنێکدا چۆن هێشتا هاندانی ئەو خەڵکە بۆ ئەوەی کە بە چ شێوازێك کارەکانی خۆیان و بۆ شێواندن و بۆ ناسەقامگیری و ئارامی لە کوردستان بەرپا ئەکەن، بۆیە ئەبێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ، نابێ میدیاکان بەم سەربەخۆیەی خۆیانەوە کاربکەن، هەروەها ئەبێنم، من داواش دەکەم کەوا لێژنەی لێکۆڵینەوە کەوا لە سلێمانی کار ئەکەن، کار لەسەر ئەو توند و تیژیەی ئەکەن کەوا لە رۆژی 17 مانگ روویدا کە لە سلێمانیدا، سەردانی ناوچەی کەلاریش بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو رووداوەی کە 25 ی مانگ لە کەلار روویداوە، کە خۆپێشاندەران بە مونەزەمی لە لایەن چەند لایەنێکەوە تەحریز کرا بوون کەوا لە پاش ئەوەی کە لە شوێنێك لە بەردەم فوتابخانەی لەیلا قاسم گردبوونەوەیەکیان کرد و ئەو گەنجانە یاخود ئەو لاوانە کە زۆربەی ئەوانەی بەشداری بوون لەو گردبوونەوەیە یاخود لەو خۆپێشاندانە زۆربەیان لەو کەسانە بوون، ئەگەر ئەوانەی خەڵکی گەرمیانن دەزانن، خەڵکی کەلار ئەزانن لەوانە بوون کە پێیان ئەڵێن (جل رەش لەبەرەکان) کە گرووپێکن یاخود کۆمەڵەیەکن بە ئاژاوەگێڕ ناسراون لەناو کەلاردا و هەمیشە لە لایەن پۆلیسەوە ئەوانە مەتلوبن و داواکراون، بۆیە ئەبینین ئەوانە لە پێش فوتابخانەکە کە مسافەیەکی زۆر دوورە لە لقەوە، لە لقی 22ی گەرمیانەوە ئیتیجاهی خۆپێشاندانەکەیان برد بۆ لای ئەوێ و دەستیان کرد بە بەردبارانکردنی بارەگای لق، ئەوە وای لێ هات ئەوانەی کە پاراستنی بارەگاکەیان ئەکرد تەنها پۆلیسی هاتوچۆ و پۆلیسی دارستان بوون، لەبەر ئەوەی کە پۆلیسەکانی تر چالاکەوانی مەدەنی لە واجیبی تردا بوون و لە سلێمانی بوون، دیار بوو لەوێ وجودیان نەبوو و ئەوانیش نەیانتوانی بەرگری بکەن، یاخود نەیانتوانی ڕێرەوی مەساری خۆپێشاندانەکان ئارام بکەن و کۆنترۆڵی بکەن و توند و تیژیەکی زۆری لێ کەوتەوە، وای لێ هات کەوا بەردبارانی ئەو جێگایە کرا و گرتە و دوکیۆمێنتی زۆری لەسەرە، ئەگەر بیانەوێ لێژنە لێکۆڵینەوە بکەن ئەتوانن بڕۆن لەو رۆژی کەوا راستی و حەقائیقەکان دەربخەن، بەڕێزان لێرە کارەساتەکان لەوە گەورەترە، ئێمە ئەبینین بەبەردەوامی خەڵکانێك هەن، بە تەلەفۆن، بە نامە فڕێدان، بەهەڕەشە کردن لە کادیران و ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەکەن لەو ناوچەیە و هەڕەشەی کوشتنیان لێ ئەکەن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خەرقە و نابێ بەو شێوەیە ئەو رەفتارە بەرامبەر بە لایەنێکی سیاسی بکەن، ئەگەر تۆ رەفزی فیکر و ئایدولۆجیا و بیری ئەو لایەنە بکەی، بەڵام نابێ بە توند و تیژی بەو جۆرە رەفتاری لەگەڵدا بکرێ، بۆیە من داوائەکەم ئەو لێژنە لێکۆڵینەوە هەر چەند زووە، بۆ لێکۆڵینەوە بڕوات بۆ ئەو ناوچەیە، تاوەکوحەقائیقەکان و دۆکیومێنتەکان بەردەستیان بکەوێ و بزانن راستی و دروستی کارەساتەکە لە کوێیە، هەروەها من زۆر پێم سەیرە کە هەندێ ئەندامی ئێمەش هەیە لەم پەرلەمانە باسی ئەوە ئەکرێ کەوا لە خوێندن لە زانکۆی هەولێردا تەعتیل کراوە، من نازانم ئەی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی گەیشتووتە چ ئاستێك؟، ئایا خوێندن لە زانکۆی سلێمانی بەردەوامە؟، کەکاتێك ئەندام

پەرلەمانی ئێمە کە دەنگی داوە بۆ بڕیارێك، یاخود لەگەڵمان بووە لە کاتی دەرکردنی بڕیاری 17 خاڵەکە، ئەو بەڕێزە خۆی ئەڕوا لەناو زانکۆی زانکۆی سلێمانیە، حەرەمی زانکۆی سلێمانی ئەشکێنێ کە خۆشی مامۆستا بووە لەم زانکۆیە، من نازانم ئەمە بە چ شێوەیەك تەفسیر و لێکدانەوەی بۆ ئەکرێ؟، هەروەها من داواکارم لێرەدا کە ئێمە لەمەودوا زیاتر کار بکەین بۆ ئەو پێشنیارانەی لێژنەی تایبەتی پێشکەشیان کردووە و ئەو خاڵانەی کەوا داخوازی خەڵك ئەهێنێتە دی، ئێمە زیاتر کار بکەین وەکو سۆزان خان باسی کرد، ئەگەر داعی ئەکا ئێمە ئەتوانین سێ ڕۆژ نەك چوار ڕۆژ لە حەفتەیەکدا کۆبوونەوە بکەین، ئەتوانین ئێمە 7 ڕۆژ لە حەفتەیەکدا کۆبوونەوە بکەین، بەس لەبەر ئەوەی کەوا ئەو خاڵانەی کە ئەوان دیاریان کردووە و ئەو داخوازیانەی کە ئەوان پێشکەشیان کردووە، ئێمە بتوانین کاری لەسەر بکەین و جێبەجێی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دوو نوقتەی نیزامی هەیە، یەك کاك شێردڵ، کەرەم بکە.

**بەڕێز شیردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی من وەکو ئەندامی لێژنەی بەدواداچوونی 17 خاڵەکە و لێژنەی ناوەخۆ، من وەکو یەکەمین دەقە کە پێمیان وت گیراو هەیە لە هەولێر، کاك کاروانی برادەرم قسەی لەگەلم کرد و وتی 9 کەس گیراوە، کە 9 کەس گیراوە، من بە شەو ئیتصالم لەگەڵ ئاسایش کرد، ئاسایشی هەولێر و ئاسایشی گشتی، تەبیعی توانیمان بۆ بەیانی گیراوەکان بەربدەین، هەر 9 گیراو بەربوون، پاش ئەوی ، دوێنی کاك د.صباح و کاك کاروان دیسان ئیتیصاڵیان پێ کردم وتیان گیراوێك مایە، بەڵام پێش ئەوی کە لەگەڵ ئەو 9 گیراوە، هەر ئەو 9 گیراوە ناوەکانیان دابووە من، کاك ئارام پێی وتم کە پاشە وی کەس ئیتیصالی پێ نەکردم غەیری دوێنێ شەوێ کە د.صباح و کاك کاروان ئیتیصاڵیان کرد، شەو دیسان چوومەوە ئاسایش، ئەمڕۆ بەیانی دیسان چوومەوە ئاسایش، چوومەوە ئاسایشی گشتی کە توانیمان ئەو ژیارە دەربێنین و بەرەڵای بکەین، ئەگەر هەر داواکارییەکی هەیە ژیار دەتوانێ، یان ئەوانی تر داواکاریان هەبێ، لە محاکم دەعوا تەسجیل بکەن و یاسایەکمان هەیە یاسای هەڵبژاردن دتوانێ حەقی خۆی وەربگرێت، بەڵام من لێرەدا جەماعەتی ئاسایش، لەگەڵ لێژنە ناوەخۆی ئێمە بەراستی تەعاون دەکەن و هەر کاتێك هەر گیراوێك هەبێ موستەعیدین بە شەو و ڕۆژ بچین بەرەڵای بکەین یان لێپێچینەوە، لەگەڵیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەئکید دەکەم ئەو ژیارەی کە کاك بیلال باسی کرد، جەنابت چ مەعلوماتت لەسەری هەیە؟، ئەڵێ: بەربووە؟، دروستە؟

**بەڕێز شیردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەربووە و ئێستا ئیحتیماله لە ماڵێش بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتاران، ئێوە ئاگادارن بە بڕیارێك ئەم لیژنەیە پێکهێنـدرا، لـە پـاش ئـەوەی 2/17 بارودۆخێـك هـەبوو، ئـەم لیژنـەیـە ڕۆشـتووە و داواکارییـەکانی خۆپێشاندەرانی هێناوەتـە ئێـرە، ئێمـە ڕاپۆرتێکمـان خستووتە ڕوو بۆ ئـەوەی گفتوگـۆی لـەبارەوە بکـرێ، ڕێگـە چارەیەکمان دەستنیشـان کـردووە، پێویسـت بەوە ناکات، من لەگەڵ ڕێزمەوە ئەیڵێم، پێویست بەوە ناکات ئێمە لـە بـری خۆپێشـاندەر قسـە بکـەین، ئێوەی پەرلەمانتار، ئـەوەتا ئێمـە خاڵمـان خسـتووتە ڕوو، ڕێگـە چارەمان دەستنیشـان کـردووە، دەڵـێین گشت ئەندامانی پەرلەمان لە سنوورەکانی خۆیان ڕۆڵیـان هـەبێ لـە ئاگادارکردنـەوەی خۆپێشاندەران و حکومـەت لـە خۆپێشـاندانی هێمنانـە و گەیانـدنی داواکـاری خۆپێشـاندەران، مـن نـاکرێ بـە نـاوی خۆپێشاندەرەوە بڵێم، بەم شێوەیە تەعدیلی دەستوور بکرێ ڕاستە خۆپێشاندەر ئـەڵێ: دەبـێ تەعـدیلی دەستوور بکرێ، ئەبێ پێداچوونەوە بکرێ بە دەستووردا، بەس نەك لە بری ئەو قسە بکەن، یان ناکرێ من بڵێم، لیژنەکە وتوویەتی، ئەڵێ: کەم و کوڕی هەبووە لە جێبەجێ کردنی خاڵەکان، ئێمە دەڵـێن بـە هـەموو پەرلـەمان، مەسئولیەتی هەموومانـە، تـەنها مەسـئولیەتی ئـەم لیژنـەیـە نیـە، جارێکی تـر ئـەم ڕاپۆرتە هەموو لا بەئاگا ئەهێنێتەوە، سەرۆك لیژنەکان و فراکسیۆنەکان بە ئاگا ئەهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بارودۆخێکی وا هەیە لـە کوردسـتاندا، ئـەبێ ئێمـە، هـەر بـەڕێزێك لـەو بەڕێزانـەی کـە هـەن، ڕێگـە چـارەیەك لـەو ڕێگـە چـارانەی کـە دەستنیشـان کـراون، پێتـان نەقصـە زیـاد بکـرێ، بـۆ ئـەوەی ئـەو بارودۆخەی کە هەیە چارەسەر بکرێ، ئەوانەی کە ئێستا خۆپێشاندان ئەکەن، خۆپێشـاندانیان کـردووە، داوایـان هەیـە، ئێسـتا چـاوەڕێی ئێمـە ئەکـەن بـۆ ئـەوەی ڕێگـە چـارەیەك دابنـێین بـۆ ئـەوەی لـە داواکارییەکانی ئەوان بڵێن گەیشتووتە ئەوێ یان نەگەیشـتووتە ئـەوێ، سـەرۆکی هـەرێم، پەرلـەمان بـۆ خـۆی ئـەم کۆبوونەوەیـە ئـەکات، سـەرۆکی حکومـەت وتوویـەتی ئێمـە بـە جیـددی گـوێ لـە داواکـاری خۆپێشـاندەران ئـەگرین، بۆیـە ئـەرکی ئێمەیـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، لـە ڕێگـای لیژنەکانمانـەوە، حکومەت بە ئاگا بێنێن، ئەوەی کە پەیوەندی بە خزمەتگوزاری سەرەتایی و خۆش گوزەرانیەوە هەیـە، ئەوەی کە پەیوەندی بە داواکاری ڕۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە، پێویست دەکات حکومەت ئەوەی کـە لـە توانایـدا هەیـە بـە زووتـرین کـات بیکـات، ئەوەشـی کـە پەیوەنـدی بـە قەوانینـەوە هەیـە، ئـەوەی کـە پەیوەندی بەڕای سیاسی و بە ویستی سیاسی هاووڵاتیانەوە هەیە، پێویسـت دەکـات کـە ئێمـە لـە ڕێگـای پەرلەمانتاریمانەوە، لە ڕێگای نوێنەرایەتیمانەوە، ئێمە تەعبیر لە ڕای ئەوان بکەین، ئـەویش بـە چـی؟، بە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا، بە پێداچوونەوە بەو پرۆژە یاسایانەی کە هەن، من لەگـەڵ ڕێـزم، ئـەم دانیشـتنە بـۆ ئەوەیـە کـە چـارە دەستنیشـان بکـەین، نـەك هوتافـات و وتـار بخوێنینـەوە بـۆ یـەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کوێستان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم هەندێك لە بەڕێزانی ئەندامانی لێژنە بەناوی نوقتەی نیزامیەوە وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان ئەدەنەوە، ئەگەر ئەو بەڕێزانە تێبینیەکیان هەیە، سەرنجێکیان هەیە، وەڵامێکیان هەیە، حەقە ئەندامانی پەرلەمان قسەکانیان تەواو بکەن و رەئیەکانیان یەك بخەن و وەڵاممان بدەنەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە حەقیقەت ئێمە بەرنامەی کارەکەمان خاڵی (2)ە ئەوەی ئێستا لەسەری موناقەشە ئەکەین، خستنە روو و گفتوگۆکردنی راپۆرتی لێژنەی تایبەت، کە بە پێی بڕگەی (17)ی بڕیاری پەرلەمانی ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێکهێندراوە بۆ بەدواداچوون و گوێگرتن لە داخوازییەکانی خۆپێشاندەران، یەعنی ئەو 9 خاڵە ئێستا، ئەو 9 خاڵەی ئەو بەڕێزانە پێشکەشیان کردووە، ئێمە لەسەر ئەوە موناقەشە بکەین، بەڵام لەبەر هەستیاری زروفەکە، هەندێك بەڕێز لە بابەتەکەش دەرچوون و مەجالمان دان، جا لە ئێستا بەدواوە تکا ئەکەین وەرنەوە سەر ئەوە بۆ ئەوەی پێشنیارێکی مەعقول و مەنتیقیمان هەبێ تا بزانین چی بکەین و دانیشتنەکانمان چۆن بەردەوام بێ، سبەی چی بکەین و دوو سبەی چی بکەین؟، چەند دانیشتنی تر بکرێت بۆ ئەوەی دەقیق 1، 2، 3، 4 بەرنامەکە لە پێش چاومان بێ، ئەگەر هەر شەرحی بکەین نە ئەوان فائیدە ئەکەن و نە ئێمە فائیدە ئەکەین، ئێستا ئێمە 17 خاڵی خۆمان هەیە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە مەعلوم بوو و هەموو پێی پابەندن و حکومەت مولزەمە و بڕیاری پەرلەمانە ئەبێ جێبەجێی بکەن، چۆن جێبەجێی ئەکات؟، خاڵ بە خاڵ، خاڵی 17 مان لێژنەکەمان پێك هێنا، خاڵەکانی تریش بکەینە بواری عەمەلیەوە، دەست پێ بکەین، بەس ئەویش ئەبێ هەموو لایەنەکان لەناو پەرلەمانی کوردستان لە گشت فراکسیۆنەکان دەوری ئەساسی خۆ بنوێنن بۆ ئەوەی پێکەوە دابنیشن و شتی مەلموسی نووسراوی رێك لەبەر دەست بێ کە لەبەر چاوی هەموومان روون بێ، بێن لێرە بڕیاری لەسەر بدەین، ئێستاش، نیزامیە؟، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم ئەو قسەی کاك عومەر لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، کە هەندێ ئەندام نان و پیازی پێدا ئەخۆن، چونکە هیچ ئەندام پەرلەمانێك بۆی نیە ئەندام پەرلەمانێکی دیکە فێری قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم لەسەر ئەوە بوو کە هەموو لایەك پابەند بین بە بەرنامەی کارەوە، بەرنامەی کارەکەش ئەوەی راپۆرتی ئەم لێژنەیە خراوەتە روو، نەك داواکاری خۆپێشاندەران، داواکاری خۆپێشاندەران ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کراوە و، ئاراستەی

پەرلەمانی كوردستان كراوە، ئێمە وەكو پەرلەمانتار واجیبمانە بەدواداچوون بكەین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند حكومەتی هەرێمی كوردستان، تا چەند سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان، سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، حكومەت ئەتوانێ پابەند بێ بە داواكارییەكانی خۆپێشاندەرانەوە، ئەتوانێت داواكارییەكانی خۆپێشاندەران جێبەجێ بكات، ئەو رێگە چارانەی كە ئێمە دەستنیشانمان كردوون، ئەگەر كەم و كوڕی تێدا هەیە یان زیادەی تێدا هەیە با باس لەوە بكرێ، ئێمە لە یەكێك لەو پێشنیارانەی كە خستوومانەتە روو، باس لەوە ئەكەین كە پێویستە پەرلەمانی كوردستان لەم خولەدا كە سەرەتای خولێتی، كار بكات بۆ دەرچوواندنی كۆمەڵێك پرۆژە یاسا، كە باسمان لێ كردووە، بەداخەوە من ئەوەندەی كە گوێبیست بووم، نەمبیست كە بڵێن فلانە پرۆژە با دوابخرێ یان پێشبكەوێت، ئەفزەڵیەت بدرێت ئەم پرۆژەیە لەبەر ئەوەی ئەوەیان هەستیاریترە، من تەصور دەكەم واریدترە لەسەر ئەمە قسە بكرێ نە لەسەر داوای خۆپێشاندەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.صباحیش هەمان داوای هەیە، بە نووسراو داویانەتە ئێمە، ئێمە راپۆرتێكمان هەیە، لەبەرنامەی كاردا موناقەشەی لەسەر بكرێ، چ بكەین، كە لە 9 خاڵ لە پێشنیارەكان پێك هاتووە، تكایە ئیلتیزام بكەن وا سەعات 7 و بەردەوام ئەبین، هێشتا زیاتر لە 30 كەس ماوە بۆ ئەوەی قسە بكات، تكایە رچاوی وەزعەكە بكەن، زۆر سوپاس، رێزدار سالار محمود.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارم ئەوانەی ماونەتەوە وەكو هاوكارەكانی تر دەرفەتی قسەكردنیان بدرێتێ، چونكە لە راستیدا بووە بە عورف كە ئێمە حوزوری خۆمان پێشان بدەین، ئیتر بۆ ئەو تەوەجوهە سیاسییەی كە هەمانە لە دەرەوە یان بۆ ئەو حوزورە ئیعلامییەیە كە نمایشمان ئەكات، هیوادارم لێرە بەدواوە، ئێمە نەبینە كۆمەڵگای قسە كردن و، قسە بێ لە پێناوی قسە، غەوغائێك بێتە كایەوە، ئێمە نەتوانین دەست بكەین بەو كارانەی كە پێویست دەكات بیكەین، چونكە هەموو ئەوانەی كە ئێستاكە وتران، تەصەورم وایە زیادەن، جگە لەوەی كە راپۆرتی لێژنەكە راپۆرتێكی تێر و تەسەل بوو و، لایەنە پەیوەندیدارەكانی تریش كە ئەوان دیداریان لەگەڵ كردبوون، كۆمەڵێك تێبینی جوانتریان خستبووە سەر ئەو تێبینیانە، بۆیە ئەبوو لە نیتاقێكی كورتردا قسە بكرێ، بەڵام من رام وایە كە ئێمە بەردەوام بین لەسەر ئەم ئاراستەیە، چونكە بەراستی بووە بە عورف، ئەوە مەسەلەیەكە یەكلاكەرەوەیە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، خەڵكی بە ویژدان و تێكڕای چاودیرانی ئەم وڵاتەی ئێمە، دەزانن لە هەرێمی كوردستاندا و بە تایبەتیش لە خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان و لە كابینەی 9ی حكومەتی هەرێمی كوردستان، گۆڕانكارییەكی نەوعی لە هەموو ئاست و دەرەجە جیاجیاكانی ژیانی خەڵك روویداوە، لەماوەی ئەم ساڵ و چەند مانگەدا كۆمەڵێك هەنگاوی ئیجابی، كۆمەڵێك بواری هەمە لایەنە كە پەیوەست بە ژیانی تاك و كۆمەڵ و چین و توێژە جیاجیاكان و شار و شاروچكەكان بەدی هاتووە، بەتایبەتی خۆتان دەزانن كە لە شاری سلێمانیدا و لە پارێزگای سلێمانیدا دۆخێكی ناهەمواری سیاسی هەبوو و چەندین ساڵە كە لە رێگای ململانێی سیاسی و نا فیكری و نا دروست بەربەست بوو لەبەر دەم پرۆژە خزمەت

گوزارییەکان، ژیانی خەڵك، قوتی خەڵك، چۆن بوو و چۆن کرا ئەوە مەسەلەیەکی تر بوو، بەڵام دۆخێکی تازە هاتەپێشەوە، هەموو لایەك حوزوری خۆی لە پەرلەمانی کوردستان و لە رێگای صندوقەکانی دەنگدانەوە نمایش کرد و ئەوە دەروازەیەکی نوێ بایە، بە تایبەتی پارێزگای سلێمانی نەبێتە مەکۆی یان گۆڕەپانی ئەو ملململانێ نەویستراوە کە بەراستی جگە لە خەڵکی کوردستان و جگە لە خەڵکە رەشو رووتەکە هیچ لایەکی تر و هیچ ئەجیندایەکی تر زەرەرمەند نیە، لەبەر ئەوە من رام وایە، پێویستە کە رێز لە ئیرادەی هەموویان بگیرێ و بە تایبەتیش خودی پەرلەمانتاران رێز لە ئیرادەی پەرلەمانی کوردستان بگرن، ئەو $17$ خاڵەی کە لە بریاری شەوی $2/23$ دا هات، بریارێکی مولزەم بوو، هەموو پەرلەمانتارانی کوردستان دەنگیان پێدا، بەشێك لە هاوکارەکانم لە فراکسیۆنی گۆڕانیش دەنگیان پێدا، نەدەبوو لە ساتە وەختی خۆیدا دوای تێپەربوونی $5$ دەقیقە یان $10$ دەقیقە ئیلزامی پێوە نەکرێ و لەم میساقە بچنە دەرەوە، ئەمە سەرەتای جێبەجێ نەکردن بوو و بەشێکیش بوو لە پێشێلکاری، چونکە وا خوێندرایەوە کە بە پرەنسیپی زۆرینە و کەمینە ئەو پرۆژەیە تێپەرێندراوە، لە کاتێکدا هەموومان لێرە شاهیدین و لێژنەکە شاهیدە و سەرۆکی فراکسیۆنەکان شاهیدن، لێژنەی ناوەخۆ و لێژنەی یاسایی شاهیدن کە هەموو ئەو خاڵانە لەسەر فکر و رای هەموو لایەك بووە، باشترین خاریتەی تەریق بوو بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە بە کردار ئیش لەسەر ئەم دۆخە بکەین و تێی پەرێنین، بەڵام سەرەتا لە خاڵی یەکەمەوە تەصعیدی ئیعلامی دەستی پێکرا و پابەند نەبوون بە پرۆژە $17$ خاڵییەکەوە هاتە کایەوە، ئەمە بۆ ئێمە جێگای تێبینی بوو، من تەصەورم وایە ئەو پرۆژەی کە لە $17$ خاڵیەکە و لە و پرۆژەش کە ئێستاکە بەرێزان سەرۆکی لێژنە و ئەندامەکان خوێندیانەوە، بەشێکی گرنگی ئەم بەرنامەی لیستی کوردستانیە، کە بەرنامە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیستی کوردستانی و لیستە هاوپەیمانەکانێتی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە بەر لە هەر لایەکی تر، رووی دەمم ئەکەمە ئەندامانی لیستی کوردستانی، کە حەریص بین لەسەر خاڵ بە خاڵی ئەو راپۆرتە و داکۆکی لێ بکەین، ئێمە ئیصرار بکەینەوە، ئێمە داوا بکەین بە زووترین کات ئەگەر یاسا رێگە بدات لە $24$ سەعاتی داهاتوودا هەر وەزیرێك کە پێویست دەکات، بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت، سەرۆکی وەزیران ئەگەر پێویست دەکات بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت و، ئێمە خۆمان ئەو چاوەڕوانیەی کە خەڵکی کوردستان لە ئێمەی داوا کردووە و ئێمەش بەڵێنمان پێ داون و بوو بە مەسەلەیەکی ئیلزامی لە ئەستۆی ئێمە، لێ نەوەستین، سەرباری ئەو ململانێیە سیاسیانە، ئەو تەنگژە جیاجیانەی کە هەن ئێمە کاری خۆمان بکەین، بۆیە من وای دەبێنم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، وای دەبێنم ئەو رۆژگارە وامان بۆ دەخوازێ کە هەموومان وەکو ئەندامی پەرلەمان بیر بکەینەوە، لە رووداوەکانی دوای $23$ی مانگیشدا جارێکی تر خوێن رشتن کەوتەوە، خۆپێشاندان بەدەر لە پشت بەستن بە یاسا و هەروەها تەقەکردن لە لایەن دام و دەزگا حیزبیەکانەوە روویدا، کە هەموو ئەوانە پێشیلکارین، دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤن، جێگای ئیدانە کردنن، دۆخێکی زۆر زۆر ناهەمواری هێنایە کایەوە، پێویست دەکات ئێمە هەڵسووڕاوانە ئیش لەسەر ئەوە بکەین، بەربەست بین لەبەر دەم ئەوە کە بۆ ئەوەی بوترێ زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە، بەڵێ، بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە داخێکی زۆر زۆر گرانەوە لە دەرەوەی پەرلەمان بە ئاراستەیەك کاریان کرد کە تەصعیدی مەسەلەکە

بکەن، بە تایبەتی بەشێك لە هاوکارەکانم لە زانکۆی سلێمانی و لەبەر دەرکی سەرا، تەعن و تەشهیریان بە لێژنەی تایبەتی پەرلەمانیان کرد، کە هەردووکیان دوو کەسی وشیار و دوو کەسی بە ئاگاشن، بەڵام بەداخەوە دەبوایە ئەوان هاوکار و یارمەتیدەر بووایەن لە فورسەتدان بە هەیبەتی لێژنەکە بۆ ئەوەی باشتر و لێوەشاوەتر کارەکانی خۆی راپەرێنێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خەڵکی کوردستان بە ئەندامانی ناو دام و دەزگا فەرمیەکان و دام و دەزگا حیزبیەکان، هەموو هاووڵاتی ئەم وڵاتەین و ئەندامی ئەم کۆمەڵگایەین، بە پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەوە، جگە لە هاوولاتیان کە زەرەمەند بوون و لە ڕێگای شەهید بوون و بریندار بوونەوە، پۆلیس وئاسایشیش لەم پرۆسەیە شەهید و بریندار بووە، لە هەڵەبجە دەیان پۆلیس بریندار بووە، پۆلیس شەهید بووە، لەشاری کەلار بەر لە هەموو کەسێك، پۆلیس بریندار بووە و ئاسایش بریندار بووە و تەعەدای لێ کراوە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئێمە ئیدانەی تەقەکردن لە خۆپێشاندەران نەکەین، من وەکو داواکاری و پێشنیار بە چەند خاڵێك ئەیخەمە بەردەست بەڕێزتان، داواکارم دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان زیاتر بکرێت و تەعویزی ئەو ماوەی رابردوو بکرێتەوە، بە هەر هۆیەکەوە دانیشتنەکان کۆمەڵێك خەلەلی لێ کەوت و ئەو راپۆرتەش کە لێژنەکە خوێندیەوە ئیلزامماں دەکات کە ئێمە هەوڵ بدەین بە خێرایی داخوازییەکانی خەڵك لە رێگای هەموار کردنەوەی یاسا بێت یان دەرکردنی یاسا بێت یان بڕیار بێت کاری لەسەر بکەین، خاڵی دووەم، یەك بارەگای حیزبی لە شار و شارۆچکەکان هەبێ، لە سەنتەری شارەکان و لە شار و شارۆچکەکان، نەك بارەگای حیزبی بخرێتە دەرەوەی شارەکان، کە حیزب میکانیزمە بۆ گەشە پێدانی پرەنسیپی دیموکراسی و مەدەنی، حیزب نە ناوێکی نامۆیە، بە داخەوە ململانێی سیاسی وای کرد لە رابوردوودا کۆمەڵێك مانشێتاتی جیاجیا لەسەر حوزوری حیزب و تەنانەت کاری حیزبایەتی و ئەندامیەتی لە حیزبدا بکرێ، کە ئەمە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پێش دیموکراسیەت، بۆیە ئەبێ دیقەت هەبێ لەم مەسەلانەدا، راستە بار گرانیی دروست کردووە فرە حیزبی و بارەگا حیزبیەکان لە شار و شارۆچکەکاندا، بەڵام بە موتڵەقی دەرکردنی بارەگا حیزبیەکان و ناوەندە دیموکراسییەکان کارێکی بەجێ نیە لەراستیدا، هاوسنگ کردنی مووچەی فەرمانبەران، ئەوانەی کە لە هەولێر یان لە سلێمانی مووچەکانیان بە پێی سەکتەرەکان جیایە، باشترینیان ڕەچاو بکرێت وتەعدیل بکرێتەوە، پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی بخرێتە پاڵ ئەو پرۆژە یاسایانەی کە پێویست دەکات لە پەرلەمانی کوردستاندا دەربکرێ، هەروەها نەهێشتنی سزای لە سێدارەدان، لە هەرێمی کوردستاندا یەکێکە لە هەرە هەستیارترین ئەو مەسەلانەی کە ئێستاکە ئەبێ قسەی لەسەر بکرێ، چونکە زیاد لە 137، 136 کەس سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا رەجائەن، ئەوە لەکام خاڵی پێشنیارەکان هاتووە برای من؟، ئەوە لە وەختی تر موناقەشەی دەکەین.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە داخوازی هەزاران خێزانە، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، سەردانی چاکسازییەکانی هەولێر، دهۆك، سلێمانیمان کردووە، ئەمە یەکێکە لە مەتڵەبە گشتییەکان، بە تایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان داوا ئەکەن ئێمە پەشت بەستوو بین بەو پرەنسیپە نێودەوڵەتیانەی کە ماف و ئازادیەکان دەپارێزێ، لەبەر ئەوەی لە ئیعدام کردندا دەرفەت نامێنێتەوە بۆ ئیصلاح، ئەگەر مەبدەئی سزاش بۆ ئیصلاح بێ، تەصەورمان وایە ئیعدام کارێکی بەجێ نیە و لە ڕەهەندی دوورە، بۆ سومعەی هەرێمی کوردستان کارێکی بەجێیە و هیوادارم جێ بکرێتەوە، خولی وشیاری بکرێ، ئیلزام بکرێ کە خولی وشیاری بەردەوام بکرێتەوە بۆ دام و دەزگاکانی پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش و ئەوانەی رووبەرووی خۆپێشاندەران و هەر کارێکی لەو بابەتە ئەبنەوە، بۆ ئەوەی بە پرەنسیپە مەدەنیەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، هەروەها کەرەستەی مەدەنی بۆ پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان ئامادە بکرێ، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی کابینەیەکی نوێ لەژێر قوبەی پەرلەماندا، ئەو دەربڕینانە دەربڕینی زۆر زۆر ئاساییین، ئەبێ ببێتە جێگەی جەدەل و بە روحێکی دیموکراسیانە و پرسێکی ئاسایی وەربگیرێ، بەڵام لە راستیدا خەڵکانێك لە دەرەوە باسی حکومەتی تەکنۆکرات دەکەن و داوای حکومەتی بێ لایەن دەکەن، وەکو ئەوەی لە مەریخەوە هاتبن، خەڵکانێك کە لە یەکەم خولی ئەم پەرلەمانەوە تیایدا ئەندام بوون، لەیەکەم کابینەی حکومەتەوە کە تیایدا ئەندامی وزرای بوون، لە کابینەکەی دووەمیدا لە سەردەمی نەهامەتی و دوو ئیدارەییدا، لە سەرۆکایەتی وەزیران بوون، لە دوای رووخانی سەددامدا لە وەزارەتی عیراق بوون، لە دارشتنەوەی دەستووری عیراقدا هەبوون، بە درێژایی ئەو ماوە درێژە لە سەردەمی شاخەوە تا دەگاتە ئەم ساتە وەختە، بڕیاردەری سەرەکی بوون لەناو پرۆسەی سیاسیدا، ناکرێ خۆ، بەو جۆرە خوێندنەوە بکرێ بۆ پرۆسەیەکی سیاسی و حکومەتێك کە ئەبێ فورسەتی بدرێتی و لە رێگای سندوقی هەڵبژاردنەوە هاتووە و لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێدراوە، بەڕێزی من ئەبێ تۆ بە دیقەتەوە تەعامولی لەگەڵ بکەی، لە کاتێکدا تۆ لە ساتە وەختی دەست بەکاربوونی حکومەت و متمانە پێداندا، تۆ متمانەت پێ نەداوە، ئیسارەت کردووە پێش ئەوەی جەلسەی پەرلەمان بکرێ، کابینەی وزاری بێتە پەرلەمانی کوردستان ئیدیعات کردووە و هانت داوە متمانە نەدرێ بەم پەرلەمانە، چونکە پەرلەمانێکی فاشیلە بەو مەنتیقەی کە تۆی تیا نی، کە تۆ رەئیسی حکومەت و جارێکی دی نابیتەوە بە وەزیری سیادی و جێگری سەرۆك وەزیران و تۆ ئاراستەی حکومەتەکە ناکەی، من بە دیقەت تەصەورم وایە دروشمی کردار شەرتە، دروشمێکی هەرە گرنگ و چارەنووسسازە لە ئێستاوە پەرلەمانی کوردستان دوور بکەینەوە لەو حوزورە سیاسیەی کە بۆ پێشاندانی کۆمەڵێك مانشێتات هەمانە و با هاوکاری حکومەت بین، هاوکاری دام و دەزگاکانی یاسای و دەستووری خۆمان بین بۆ ئەوەی بتوانین داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بە دی بهێنین، من تەصەورم وایە لەم دۆخەشدا دوای دەرچوونی بڕیارەکەی پەرلەمان میدیاکان بە شێوەیەکی تەندروست تەعامولیان لەگەڵ ئەم دۆخە نەکرد، هیوادارم سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرپرسی سەرەکی دەزگاکانی ئیعلام بانگ بکاتە پەرلەمانی کوردستان و ئیلزامیان بکات بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستانەوە، چونکە دواجار هەموو شتەکان ئێستانەوە لە رێگای ئیعلامەوە ئیسارە دەکرێ، و تەرویج دەکرێن و هان

دەدرێن، بۆیە ئەبێ ئیعلام ڕۆڵە حەقیقەکەی خۆی بە پێی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، بە پێی پرەنسیپە مەدەنیەکان، کەوتنەوە لە توند و تیژی، عامل بێ بۆ هێور کردنەوەی دۆخەکە و ڕۆڵی خۆی هەبێ، لەبەر ئەوە من تەصەورم وایە بەشێك لەو داواکاریانەی کە قسە لەسەر 24 سەعات و 48 سەعات دەکات، مەسەلەیەکی تەعجیزین و ئەیانەوێ دەست بگرن بە پرۆژەکانی سیاسی خۆیانەوە نەك ئەوە پرۆژەی کە لە پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستانە دەنگی لەسەر درا، ئەگینا هیچ یەکێ لە ئێمە، لەم هەرێمی کوردستانە عەصای سیحری پێ نیە و بتوانێ لە ماوەی 48 سەعاتدا کۆمەڵی پرس و کۆمەڵێ گرفتی لە ساڵی 92 تاوەکو ئێستاکە بە 48 سەعات چارەسەر بکات، داواکارم لێرەوە کارێك لەسەر ئەوە بکەین چیتر خوێنی کورد و خوێنی خەڵکی کوردستان تەحریم و تەجریم بکرێ و لەوەشدا ئێمە وەکو پەرلەمانتاران بە دیقەتەوە تەعامول لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین، خاڵێکی تر ئەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم بە حوکمی ئەوەی قسە لەسەر خۆپێشاندەرانی شاری کەلار کرا، من خۆم یەکێك بووم لە شاهید حاڵەکانی ئەم ڕووداوە و ڕۆژی خۆی لەوێ بووم، هیوادار بووم بەو دۆخە نەکەوێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی خۆپێشاندانەکە لەسەر ئەساسێکی نایاسایی دروست بوو، پێشتریش حیزبە سیاسیەکان کۆبوونەوەیان کردبوو پێش حەفتەیەك کە ئیلزام بکەن بە هێمنیەوە و نەهێڵن خۆپێشاندان ببێ، چونکە شاری کەلار مارانگەستەیە بە حوکمی خۆپێشاندانی ڕابردووەوە و خەڵك شەهید بووە و دام و دەزگاکان سووتێنراون، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە ڕوونەداتەوە، بەڵام بەداخەوە بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری کەلار پابەند نەبوون بەو بەڵێنەوە، بۆیە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان هاندەر و ڕێکخەری ئەو خۆپێشاندانە بوون، قسە لەسەر گرتەی ڤیدیۆیی و گرتەی فۆتۆیی دەکرێ، ئەوانە هەموو لەبەر چاو بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆخەکە هەستیار بوو، بەداخەوە یەکێك لە هەرە سەرەکیترین هاوڕێیانم کە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانە، ساتە وەختی خۆپێشاندانەکە یەکەم کەس ئەو تووشی لێدان بوون کە سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانە لە کەلار کە قسە لەسەر ئەوە ئەکەین، دۆخێکی نەویستراو هاتە پێشەوە، بۆیە ئەو ڕووداوانەی کەوتنەوە لە کەلار، یەکەمجار چوونە بەردەم پۆلیسی کەلار، هەر چەندە لە شوێنی خۆی ئاراستەکەی گۆڕدرا، چوونە بەردەم پۆلیسی کەلار و بەردبارانی دائیرەی پۆلیس کرا، دوو پۆلیس بریندار بوون، دانەیەکیان دەستی شکا و دانەیەکیان سەری شکا، بەڵام بە حوکمی ئەوەی پۆلیس تەقەیان نەکرد و توانرا دۆخەکە جۆرێك لە هێوری بە خۆیەوە بینی، ئەم ئاراستەکەی گۆڕا بۆ بەردەم لقی 22ی پارتی کە ئەکەوێتە ئەو سەری گەڕەکی شەهیدانی شاری کەلار و بەشێك لە بەڕێزان لە پەرلەمانی کوردستان ئەزانن گەڕەکی شەهیدان چەند کیلۆمەترێك دەکەوێتە دووری سەنتەری شارەوە و دۆخەکە بەو جۆرە برا، ڕۆڵی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس لەو دۆخەدا ڕۆڵێکی میانگیرانە بووە، بەشێك بووە لە هێورکردنەوەی وەزعەکە، بەداخەوە لێرەو و لەوێ بە جۆرێکی تر تەفسیری وەزعەکە دەکرێ، لە کاتێکدا پۆلیس و ئاسایش یەك تەقەی نەکردووە و لەناو بریندارەکاندا چەندین پۆلیس و چەندین ئاسایشیش هەن، لەو ڕوانگەیەوە هیوادارین پشت ببەستین بە یاسا و خوێندنەوەی ئەحداسەکان و داواکاری گشتی لە کەلار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح کەرەم بکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم کاك سالار ئەو مەوزوعانەی خۆی باس نەکات، چونکە ئێمە پابەندین بە بەرنامەی کارەوە، چونکە ئەوە خزمەت بە دۆسیەکە ناکات، خزمەت بە جەوی نا و پەرلەمان ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران کەرەم بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر من تەئکید لەسەر بەرنامەی کار دەکەم، ئێمە بۆ هێمن کردنەوەی دۆخ دانیشتووین، ئێمە قسە لەسەر ڕێگاچارە دەکەین، بەداخەوە قسە دەکەم، هەموو مولاحەزەکانم نووسیە کە حەزم دەکرد میکانیزمم گوێ لێ با، حەزم دەکرد ئەو کاتەی کە ئێوە دەڵێن لە راپۆرتەکەی ئێمەدا نیە، ئێوە پێشنیارتان کردبا، ئەو سزایەی ئێوە دەڵێن لە راپۆرتەکەی ئێمەدا نیە، ئێوە پێشنیارتان کردبا، بەراستی من وەکو خۆم، لەوە زیاتر ئاراستەی کۆبوونەوەکە بەو شێوەیە بی، دەکشێمەوە و دێمە خوارەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، من 100٪ تەئیدی کاك د.صباح و کاك گۆران دەکەم، ئێمە لێرە دانیشتووین چارەسەری کێشەکە بکەین، نەك ئاگر بکەینەوە، یەعنی بە حەقیقەت ئیحتیرامم بۆ گشتتان هەیە، کاك کاردۆ ئیجازە بدە برات، هەموو ئەو لایەنانەی کە لەو مەنتیقەیە بەشدار بووە، کێ مەسئولە و کێ مەسئول نیە، کێ زەرەری کردووە و کێ زەرەری نەکردووە، بە قانون یەکلائەکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ خۆپێشاندەرانین، داخوازی ڕەوایان هەیە کە ئێستا چاوەڕێ ئێمە ئەکەن، ئێمە لێرە دانەنیشتووین موحاسەبەی ئەم لایەنانە بکەین، نە ئەولا بکەین، لیژنەی تەحقیق نین و لیژنەی ناوەخۆش نین، لێرە دانیشتووین، راپۆرتێکی لیژنەی تایبەت هەیە، بە ئیحتیرامەوە هێناویەتی ئەو راپۆرتە موناقەشە بکەین و لەسەر ئەوە قسە بکەین، من ئیتر بە ئیحتیرامەوە بە گشتتان ئەڵێم، رێ بە یەك کەسی تر نادەم لە بەرنامەی کار دەربچێ، داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم، کاك کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باس لە بارودۆخێك ئەکەین کە پەیوەندی بە خواستی خۆپێشاندەران و پەیوەندی بە راپۆرتی لیژنەکەیە، ئەگەر لیژنەیەك هەر خاڵێکی هەیە کە پەیوەندی بە لایەنێکی سیاسیەوە هەیە، حەقە ئەندامانی پەرلەمان لێرە قسەی لەسەر بکات، دەنا هیچ ئەندام پەرلەمانێك بۆی نیە تۆمەت ببەخشێتەوە بەسەر لایەنە سیاسیەکان و ئاموژگاری خەڵك بکات

لە کاتێکدا، یەعنی من نامەوێ بچمە سەر شەخصی خۆی بەشدار بووە لە مەیدانی ئازادی و خۆی بەشدار بووە لە زانکۆی سلێمانی، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم قسەکانی لە پرۆتۆکۆڵ دەربهێندرێ، بەراستی دەنا ئێمە ئیحتیجاج دەکەین بەرامبەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دانیشتنەکە هەڵئەگرین تا سەعات 9.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، بە ناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستاش داوا لە ئەندامانی لێژنەی تایبەت دەکەین کەرەمکەن بۆ سەر مینەصە، فەرموون، بەڕێزان ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکان، پێش ئەوە تکامان ئەوەیە ئەو بەڕێزانەی کە قسە دەکەن، ناوی هیچ لایەنێکی سیاسی نەهێندرێ، چونکە لە وتەکانی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ لایەنێکی سیاسی بە خصوص تاوانبار نەکراوە، هەروەها سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە هەر ناوێکی هەر لایەنێکی سیاسی لە پرۆتۆکۆل هاتبێ لادەدرێ، بسڕدرێتەوە، تکامان ئەوەیە ڕەچاوی، موراعاتی وەزعی خۆتان بکەن، ئێستاش کاك سالار وتارەکەی تەواو نەکردبوو، کەرەمکە بەردەوام بە لە قسەکانت، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستیدا دەستخۆشی لە لێژنەکە دەکەم، هیلاك بوون ئەو ماوەیە، ئومێدەوارم کە بتوانین بگەینە ئاکامێك کە بە دڵی هەموو خەڵکی کوردستان بێ، گرنگ نیە بە دڵی هیچ لایەنێکی سیاسی و هیچ هێزێکی سیاسی بێ، گرنگ ئەوەیە بە دڵی خەڵکی کوردستان بێ، کاری لێژنەکەش دەبێ هەمووومان ئیصراری لەسەر بکەینەوە بگاتە ئەنجامێکی ئیجابی کە خەڵکی کوردستان دەخوازێ، هەروەها بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەکی ئیسپات بکەین، بەڵێ بە فیعلی، بە پێی قانون ئەو دەسەڵاتەی لە کوردستاندا هەیە، ئەو سیستەمەی لە کوردستان دا هەیە، سیسەتەمێکی پەرلەمانی، سیاسی، دیموکراسی یە، دەبێ لە ڕێگەی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە لە ڕێگەی ئەو لێژنەیەوە و دوای ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش باسی کرد کە حیزبی دائیم و قائیدی دائیم و سەرۆکی دائیم و دەسەڵاتی دائیم نیە، بەڵکو گەلی دائیم هەیە، ئەو پەرلەمانەش نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات، دەبێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیە دا بین، ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ بە پێی ئەو وتارانەی هەم لایەنە سیاسیەکان، هەم پرۆژەی ناوەندە جیاجیاکانی دیموکراسی و مەدەنی و ڕێکخراوەکان و تەنانەت سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و لایەنەکانی تریش دەری دەکەن، قورسایی بەرپرسیارێتی ئێمە زیاتر دەبێ، بۆیە دەبێ بە گیانێکی دیموکراسییەوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، بەڕێزان هەموومان ئاگادارین لە دوای دەرکردنی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، حەڤدە خاڵییەکەشەوە هێشتاکە تەشەنوجێکی زۆر و جیاواز هەیە، لە هەر تێکەڵ پرووژانێکدا خوێن دەڕژێ، هاووڵاتی دەکوژرێ، هاووڵاتی بریندار دەبێ، بۆیە دەبێ زۆر بە ئیصرارییەوە قسە لەسەر ئەوە بکەین خوێنی هاووڵاتی لەو

هەرێمی کوردستانەدا بە هەموو شێوەیەك تەحریم و تەجریم بکرێ، خوێنی هاووڵاتی لە هەموو کەسێك گرنگترە، لە هەموو پێگەیەك چاەنووسسازترە، من تەصەورم وایە لەم هەموو ململانێ ناتەندروستانەدا خەڵکی هەژار و سیڤیل و بێ دەرەتان پێوە دەبێ، نە کوڕی بەرپرسێك پێوە دەبێ، نە بەرپرسێك پێوە دەبێ، تەنها کوڕی جاددە پێوە دەبێ، کچی جاددە پێوە دەبێ، خەڵکی هەژار پێوە دەبێ، بۆیە دەبێ بەو مەسەلانەدا بچینەوە، هەموو شتێك لە پێناوی خەڵکەکەدا بێ، خاڵی کۆتاییم ئەوەیە، ئەگەر هەر دیالۆگێکی نیشتمانی لە ئایندەدا بۆ پێکەوە سازان و پێکەوە کارکردن هاتە کایەوە، پێگەی حیزبەکانی تر لە بەرچاو بگیرێ، تەنها لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و لیستی کوردستانی دا نەبێ، چونکە گیانی دیموکراسی وامان لێ دەخوازێ ژیانی فرە حیزبی زیاتر پەرە پێ بدەین، لەو ڕوانگەیەوە دەبێ هەموومان دیقەت بکەین لەو مەسەلەیە، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەروەر عبدالرحمن، کەرەمکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا بە پیرۆزباییم دەست پێ دەکەم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە بۆنەی ساڵڕۆژی ڕاپەرینەوە، بە تایبەتی پیرۆزباییم بۆ جەماوەری دەڤەری پشدەر و بتوێنی دەروازەی ڕاپەرین کە بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بەڕووی ڕژێمی داگیرکەری بەعسدا ڕاپەرین و ئەو ئازادییەیان هێنایە کایەوە، بەداخەوە دەبوایە ئەو کۆبوونەوەیەمان بۆ پەسندکردنی پرۆژە یاساکان بوایە، بۆ زیاتر گرنگیدان بوایە بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، نەك کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بێ بۆ ئەو مەبەستە، دووبارە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی جەماوەری دەڤەری ڕاپەرین دەکەمەوە، هیوادارم گیانی ڕاپەرین هەر زیندوو بێت، لە پێناو بووژاندنەوەی زیاتری کوردستان و گەشەپێدان و بەرەوپێشەوە چوونی ئەزموونەکەمان، گێڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ باوەشی هەرێم، بۆ ئەوەی گیانی شەهیدانیش ئارام بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بابەت و داواکارییەکان زۆر بوون، دووبارەیان زۆر تێدابوو، هاوڕێکانیشم قسەی زۆریان لەسەر کرد و بابەتی باشیان خستەڕوو، بۆ ئەوەی من کاتی زۆر نەگرم چەند خاڵێك بە کورتی دەخەمە ڕوو، سەرەتا دەمەوێ دوو شت باس بکەم، یەکێکیان سەبارەت بەو حەڤدە خاڵەی بڕیارەکەی پەرلەمان کە لە ($2/23$)دا دراوە، دووەمیان سەبارەت بە داواکاری خۆپیشاندەران، یەکەمیان وەك هاوڕێکانم باسیان کرد، گرنگە ئێمە لە پەرلەمانەوە چاودێری وردی ئەو حەڤدە خاڵە بکەین، کە بڕیارێکە و خۆمان داومانە، ئاخۆ چەندی لێ جێبەجێ کراوە، کامەی جێبەجێ نەکراوە، کامەشی پێشێل کراوە، ئەوەندەی من تێبینیم کردبێ ئەوە بڕیارەکەیە کە حەڤدە خاڵە، کە حیسابم کردبێ، نزیکەی ($11$) خاڵی جێبەجێ کراوە، سێ خاڵی کاتی دەوێت، سێ دانەشیان کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە بەر لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، پێویستە پەرلەمان بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانی خۆی بکات، ئاخۆ ئەم خاڵانە جێبەجێ کراون یان نا؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێرە پەرلەمانە و بارەگای هیچ حیزب و لایەنێك نیە،ماڵی هەموو هاووڵاتییەکە، هەموو هاووڵاتیەکیش مافی بەسەرەوە هەیە، هەر بۆیە پێویستە بە هەموو لایەکمان بەدوای چارەسازی دا

بگەڕێین و داواکارییە ڕەواکانی خۆپیشاندەران لەبەرچاو بگرین، لە داواکاری پارت و لایەنە سیاسیەکان جیایان بکەینەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە هەموو لایەکمان ڕێك بکەوین لەسەر چارەسازی، جێبەجێ کردنی ئەو داوایانەش بە مەسئوولییەتەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین و هەموومان خۆمان بە خاوەنی بزانین، کەسمان خۆی لێ نەدزینەوە، نە لە حکومەتی قبوڵ بکەین کە پشتگوێی داواکارییەکان بخات، نە لە ئۆپۆزسیۆنیش کە موزایەدەی پێوە بکات، چونکە ئەوەی بۆ ئێمە دەرکەوتووە خۆپیشاندەران هیچ ئەجیندایەکی سیاسیان نیە، داوای باشترکردنی بار و گوزەرانیان دەکەن، داوای دامەزراندن دەکەن، داوای زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری دەکەن، داوای بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی دەکەن، داوای ئەوە دەکەن کە ناکرێ ناعەدالەتی هەبێت و تەزکیە و تەزکیەکاری بمێنێت، داوای جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت و سەربەخۆیی زانکۆ و دام و دەزگا حکومییەکان دەکەن، ئەوانە و چەندین داواکاری تر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من لە ئەنجامی سەردانم بۆ لای خۆپیشاندەرانی بەر دەرکی سەرا و گفتوگۆ کردن لەگەڵیان، لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی دوو سەعات و نیوی، لەگەڵ لێژنەی سەرپەرشتی ئەو خۆپیشاندانانەدا، بۆم دەرکەوتووە کە ئەوانە کەسانێکی هۆشیار و پەرۆش و دڵسۆزی ئەو خاکەن، کۆمەڵێك داواکاری ڕەوایان هەیە، ئێمە دەبێت سوپاسیان بکەین کە بە شێوازێکی مەدەنیانە دەری دەبڕن، بەڵام دەبێ جیاشیان بکەینەوە لەو داواکاریانەی کە هەندێك لایەنی سیاسی بە مەبەستی تایبەتی و سیاسی، خۆیان تێکەڵ بە داواکاری خەڵکیان کردووە، من ناڵێم ئۆپۆزسیۆن بۆی نیە داواکاری هەبێ، بەڵام دەبێ داواکاری خەڵك و ئەحزابی سیاسی لە یەك جیابکەینەوە، کارێك بکەین کە چ ئێمە وەکو پەرلەمان، چ خۆپیشاندەرانیش ڕێگە نەدەین هیچ لایەنێکی سیاسی هاووڵاتیان بۆ مەرامە تایبەتیەکانی خۆی بەکار بێنێ، بەڕێزان هەندێك لە خوشك و براکانم باسی مەترسی جوولانی هێزە چەکدارەکانیان کرد لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، باسی توند و تیژیان کرد، باسی تەداخولاتی هێزی پێشمەرگەیان کرد، ئەوانە هەمووی ڕاستن، کاری نەشیاو و خراپن، پێویستە تەحریم و تەجریم بکرێن، ڕێگەش نەدەین جارێکی تر دووبارە بکرێنەوە بەڕێزان، بەڵام لە بەرامبەردا ئیستیغلال کردنی خۆپیشاندەرانیش بۆ مەرامی سیاسی لەلایەن چەند لایەنێکەوە، ئەوەش کارێکی نەشیاوە و بەکارهێنانیان بۆ کەسبی سیاسی پێویستە ڕێگەی لێ بگیرێت، چونکە دڵنیام ئەو جۆرە سیاسەتە کار و کاردانەوەی دەبێت، وڵاتەکەمان و هەرێمەکەمان بەرەو پەشێوی زیاتر دەبات، بە مەترسییەکی گەورەی دەزانم، چونکە ئەوە دیوی دووەمی شێواندن و مەترسیدار کردن و لەکەدار کردنی ئەو کەرنەڤاڵە جوانەیە کە هاووڵاتیانی خۆپێشاندەر بۆی دەکەن، داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن، بۆ نموونە، هەندێ کەس و لایەن دەیانەوێ سەکۆی بەر دەرکی سەرا لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن، دەست دەخەنە کاری خۆپێشاندەرانەوە، تەنیا ڕێگە بەو کەسانە دەدەن کە خۆیان بیانەوێ قسە بکەن، تەنها بە ڕەنگی خۆیان، تەنها بە دەنگی خۆیان، نەك خەڵکانی تر، ئەوەتا مەرج لەسەر نووسەران، ڕۆشنبیران، تەنانەت هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش دا دادەنێن کاتێك بۆ پشتگیری کردنیان دەچن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە پێویستە بە دەم داواکاری هەر تاکێکی ئەو وڵاتەوە بچین، کاتێ ڕوومان تێ دەکەن، چ جای چەندان هەزار هاووڵاتی ئێستا کە خۆپێشاندان دەکەن، پێویستە بە زووترین کات بە هەموو لایەکمان هەوڵەکانمان یەك بخەین بۆ هێنانەدی داواکانیان، لە چوارچێوەی یاسادا، چونکە

ناکرێ لە شارێکی وەکو سلێمانی دا کە نزیکەی ملیۆنێك کەسی تیادا دەژی، بە هۆی ئەو بارودۆخەی هاتۆتە کایەوە، نا ئارامی و دڵەڕاوکێ شاری گرتۆتەوە، کار و کەسابەتی خەڵك وەستاوە و پرۆسەی خوێندن پەکی کەوتووە لە زانکۆدا، کە ئەوەش دەرەنجامی خراپی هەیە، بەڕێزان ئێمە پێویستە بە دوای چارەسازی ڕیشەییدا بگەڕێین بۆ ئەو کێشانە، چارەی کاتی و پینە و پەڕۆ دادمان نادات، ئەگەر ئێستا ئارامیشی بکەینەوە بە تەواوی چارەسەر نەکرابێ، بەیانی سەر هەڵدەداتەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا چەند خاڵێك دەخەمە ڕوو:

یەك/ ئەوەی لەسەر پەرلەمان پێویستە:

أ-پەرلەمان کاراتر بکرێت و ژمارەی دانیشتنەکان زیاتر بکەین، ژمارەیەکی زۆر پرۆژە یاسامان لەبەردەستە کە پەیوەندیدارن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، پێویستە لە زووترین دەرفەتدا پەسندیان بکەین و ئەو سیستیەی لە ڕابردوودا لە ئەدای کارکردنی پەرلەماندا هەبوو، کە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان هەستم پێی کردووە، نەمێنێ و ئەکتیف تر بکرێت.

ب-سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان زیاتر بچنە ناو خەڵکەوە، زیاتر گوێ لە خواست و داواکارییەکانیان بگرن.

ج-ئەندامی پەرلەمان بە کاری پیشەیی خۆی هەڵبستێ، ناکرێ کاری حیزبی و پەرلەمانی تێکەڵ بکەین، من لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم، کە ئاخۆ تا چەند یاسایی و گونجاوە کە ئەندامی پەرلەمان تەحریزی خوێندکاران بکات لەوەی دەوام نەکەن و مان بگرن و پرۆسەی خوێندن لە زانکۆدا ڕابگیرێ؟

د-پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان جدییانەتر کارەکانی بکات و لێپێچینەوە لە هەر پێشێلکارییەك بکات، کە ئەندامێکی پەرلەمان دەیکات.

هـ-سەبارەت بەو داواکارییەی هاووڵاتیان کە پەیوەندیدارن بە پەرلەمانەوە هەیە، پێویستە لێژنەیەکی تری تایبەت پێك بهێندرێت بۆ بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی، وێڕای دەستخۆشیم لە یەکە یەکەی ئەندامانی ئەو لێژنە بەڕێزە، کە ماندوو بوون لەم ماوەیەدا، سەردانی خۆپێشاندرانیان کردووە، داواکارییەکانیان کۆکردۆتەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو لێژنەیەی دروست بکرێت پێك بێت لە یەك/ سەرجەم سەرۆکی فراکسیۆنەکان، دوو/ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی لەو لێژنەیەدا ئەندامن، بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئەوەی تاوتوێیەکی زیاتری ئەو داواکارییانە بکات، بە تایبەتی کە ئاراستەی پەرلەمان کراون، لەسەر پەرلەمان پێویستە جێبەجێیان بکات.

و-پێویستە لەو ئەندام پەرلەمانانە بپێچرێتەوە کە یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشێل دەکەن، بۆ نموونە/ ناکرێت ئەندامی پەرلەمان دوو فاقانە قسە بکات، لەلایەکدا داوای دەست لە کارکێشانەوەی وەزیری خوێندنی باڵا بکات لەسەر ئەوەی دەوام لە هەولێر ڕاگیراوە، لە زانکۆی سەلاحەددین و هەولێری پزیشکی کە نابێ بوەستێت، لەلایەکی تریشەوە داوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بکات لەبەر ئەوەی دەوام ڕاناگرێت، من تێی ناگەم کە ئەوە بانێکە و دوو هەوا، هەروەها داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە ڕوونکردنەوەیەکمان پێ بدات سەبارەت بەو مەسەلەیەی کە لە کۆبوونەوەی نائاسایی ڕابردوودا کاتێك کەوا ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز ئەو

پرسیارەی ئاراستەی کرد کە ئەو جەلسەیەی کراوە لەسەر داوای ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمان کـراوە، هـی ئۆپۆزسـیۆنە، بـەڕێزی وەڵامـی دایـەوە و وتـی: نـەخێر ئەمـەمان قبـوڵ نـەکردووە لەبـەر ئـەوەی هەندێك لە ئەندامان کە ئیمزایان کردووە، ئیمزایان بە ناوەوە کـراوە، بەڵکـە لـە دەرەوەی وڵاتـن، ئـاخۆ بەرامبەر پێشێلکارییەکی لەو بابەتە چ ئیجرائاتێك دەکرێت.

دووەم/ ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە:

أ-بـە زووتـرین کـات حکومـەت، ئەنجومـەنی وەزیـران کۆبوونـەوەی ئـەو هەفتەیـەی خـۆی هـی ئـەو یەکشەممەیە کە دەکاتە دووبەیانی، تەرخان بکات و تایبـەتی بکـات بـە داواکارییـەکانی هاووڵاتیـان، بـە زووترین کات بڕیار لەسەر جێبەجێ کردنی داواکارییە هەنووکەییـەکان بـدات، وێـڕای دەستخۆشـیم لـە سـەرۆکی حکومـەت، کـە کۆمـەڵێك بڕیـاری گرنگـی لـەو ماوەیـەدا ڕاگەیانـد، کـە پێموایـە بەشـێکن لـەو ئیجرائاتانەی کە پێویستە بکرێ، هـەر لـە بڕیـاری گێڕانـەوەی مولـك و مـاڵی حکومی بـۆ خاوەنـەکانی خۆیان، ئەوانەی لەلایەن پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان، یاخود بەرپرسەکانەوە کـە دەسـتی بەسـەردا گـیراوە، یـاخود تیایـدا نیشـتەجێن، هـەروەها سـەبارەت بـەو هـەنگاوەی نـراوە لەلایـەن حکومەتـەوە، سـەبارەت بـە یاسـای بودجـە، پـڕۆژە یاسـای بودجـە کـە کۆمـەڵێك بڕیـاری گرنگـی تێدایـە، هـەر لـە کەمکردنەوەی مووچەی پلە تایبەتەکان، هەر لە سەرۆکی حکومەتەوە، سەرۆکی هەرێمەوە، وەزیرەکان، بەڕێوەبـەرە گشـتییەکان، ڕاوێـژکارەکان و هـەموو پلـە تایبەتـەکانی تـر، هـەروەها سـەبارەت بـە پێداچـوونەوەی مووچـەی ئـەو کەسـانەش کـە بـەو پلانـە خانەنشـین کـراون، هـەروەها کەمکردنـەوەی ڕێژەی (10٪)ی مووچەکەش، جگە لەوەی کە لەگەڵ حکومەتی مەرکەز، بەغدادا بەراورد دەکرێ، جگە لەوە مەسەلەی زیادکردنی سولفەی زەواج، دانی قەرزی بچووك بـە گـەنجان، بابـەتی تـر کـە لـەو چـەند ڕۆژەدا ئێمە گفتوگۆ سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە دەکەین و ئەو ڕاسەتیانە دەخرێتە ڕوو.

ب-لە خۆپیشاندانەکاندا، لە گرتە ڤیدیۆیەکاندا کەسانێك دەردەکەون، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێ بە جلی مەدەنییەوە خۆپێشاندەرانیان ئـازار داوە، بـە تایبـەتی ڕۆژنامەنووسـان، پێویسـتە لەلایـەن بـەڕێز وەزیری ناوخۆوە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە کێن ئەو کەسانە؟ ناسنامەیان دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ کـارێکی بـەدەر لـە یاسـا نـەکرێت لـەو وڵاتـەدا، خـاڵێکی تـر سـەبارەت بـە خـاڵی (16)ی بڕیارەکـەی پەرلەمانە، بێگومان پێویستە بە زووترین کات هەنگاو بنرێت بۆ سازکردنی زەمینەیەك، بۆ دیـالۆگێکی نیشتمانی، کە سەرجەم هێزە سیاسییەکان بەشداری تێدا بکـەن، بـەڵام بـەڕێزان ئـەو خاڵـە کـە بڕیـاری پەرلەمانە و لەو هۆڵەدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە ئەگەر مەبەستمانە ئەو پرۆسـەیە ئەنجام بدرێت، دیسانەوە دەیڵێمەوە کە پێویستە لەو هۆڵەوە دەست پـێ بکـەین، پێویسـتە ئـەو دیالۆگـە لەسەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان، فراکسیۆنە جیاجیاکانەوە دەسـت پـێ بکـەین، ئەنـدامانی پەرلـەمان لە هەست کردنیان، بە لێپرسراویەتییەوە لەم ساتە هەستیار و ناسکەدا بڕیـاری حەکیمانـە بـدەین، لـە خزمەت ئارامکردنەوەی بارودۆخەکەدا بین، نەك هاندان و وروژاندنی زیاتر، ئـەوەش مانـای ئـەوە نیـە کە پشت بکرێتە هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر، خوانەخواستە ئەو دەسـتەواژەیەم بـەوە لێـك بدرێـتەوە کـە بـەرگری کـردن بـێ لـە دەسـەڵات، بـە پێچەوانەوە، بـەرگری کردنـی ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە خواسـتە ڕەواکـانی خۆپیشـاندەران، ئـەرکی سەرشـانی هـەر یەکێکمانـە و نـاکرێ خۆمـانی لـێ لابـدەین، بـەڕێز

سەرۆکی پەرلـەمان، خـاڵێکی تـر سـەبارەت بـە گرتنەبـەری ڕێـو شـوێنە دەربـارەی خـاڵی ژمـارە (14)ی بڕیارەکـەی پەرلـەمان، کـە پەیوەنـدی داره بـە هێوڕکردنـەوەی بارودۆخەکـە و هێرشـی ڕاگەیانـدن کـە پێویستە ڕابگیرێت، ئـەو خاڵـە بابـەتێکی زۆر هەسـتیارە، ئەوانـەی ئـەو کردەوەیـە ئـەنجام دەدەن پارتـە سیاسییەکانن زیاتر، نەك حکومـەت و پەرلـەمان، کاریگـەری زۆریشـی هەیـە لەسـەر هەسـت و نەسـت و سۆزی هاونیشتمانیان و بڵاوکردنەوەی زانیاری، هەڵە و ناڕاست کە خەڵك هان دەدات، پێموانیە ئەوە لە خزمەتی کەس دابێت، بۆیە من بە پێویستی دەزانم بۆ بە دواداچوونی ئـەو مەسـەلەیەو، بـۆ جێبـەجێ کردنی لێژنەیەکی هاوبەشی تایبەت پێك بهێندرێ لە نێوان حکومەت و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە چاودێری پەرلەمانی کوردستان، هەر لایەك ئەگەر پێشێلکاری کرد، ئـەوا لەو هۆڵەدا بڕیاری لەسەر بدرێت، دووبارە پیرۆزبایی لە کۆمەڵانی خەڵك دەکەم بە بۆنـەی ڕاپەرینەکـە و هیوادارم ئەوە دوا کۆبوونەوەمان بێ سەبارەت بەو کێشە و گرفتەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ژیان عمر، کەرەمکە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشکان، برایان، من لە پێشەکی دا پشتگیری پەیامی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەم، کە زۆر بە کورتی و بە پوختی باسی چاکسازی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و هەڵبژاردنی پێش وەختی کرد، لە وتە جوانــەکانی کــە وتــی: نــە حیزبــی دەســەڵاتی هــەتا هــەتایی هەیــە، نــە حــاکمی هــەتا هــەتایی هەیــە، ڕوونکردنەوەیـەکیش بـۆ ئـەوە، تـازە لـە میسـر خـەریکن مـاددەی (77) لـە دەسـتووری میسـر هـەموار دەکەنەوە، کە بە پێی ئەو ماددەیە سەرۆکی دەوڵەت بـۆی هەیـە (7) سـاڵ جارێ خـۆی هەڵبژێرێتـەوە، هەتا هەتاشدا خۆی هەڵبژێرێتەوە، خۆشبەختانە ئێمە لە ڕەشنووسی پرۆژەی دەستووری خۆمان تـەنها سەرۆکی هەرێم دەتوانێ دووجار خۆی هەڵبژێرێتەوە، ئەوەش قیمەی دیموکراسییە بە بۆچوونی مـن، لەلایەکی ترەوە من پشتگیری (17) خاڵەکەی پەرلەمان دەکەم، دەستخۆشی لەو خوشك و برایانە دەکەم کە لێرە دانیشتوون، زۆر سوپاسیان دەکەم کـە چـوون بـە دەم خۆپیشاندەرانەوە، داواکانیـان هێنـاوە بـۆ ئێمە، بەڕێزان مانگی ئادار لە قەدەری میللـەتی کـورد وایـە، هـەموو خۆشـی و ناخۆشـییەکانی ئێمـە لـە مانگی ئادار دایە، جا ئێمـە وەکو ئەنـدامی پەرلـەمان بـا ناخۆشـییەکان بکـەین بـە پەنـد و عیـبرەت بـۆ داهاتوومان، بۆ پاراستنی ئەزموونەکـەمان، خۆشـییەکانیش بـا ببێـت بـە هانـدەرێك لـە خۆشـییەوە بـۆ خۆشی، لە سەرکەوتنەوە بۆ سەرکەوتن، ئازادکردنی پارچـەکانی تـری کوردسـتان و هێنانـەوەی بـۆ ئـەر سنووری خۆمان، بەڕێزان ئێمەش وەکو ئەندام پەرلەمان لێرە، من جارەکەی تریش ئـەو قسـەیەم کـرد، ئێمە سوێندمان خـوارد بـە یـەزدان کـە مەسـئوولییەتێکی نیشـتمانی و ئـەخلاقی و دیـنی لەسـەر شـانی هەموومانــە، جـا ئەگـەر ئـەو سـوێندە، ئەگـەر خـوای گـەورە نـەمانگرێ، قورئـان دەمـانگرێ، قورئـان نــەمانگرێ، مێــژوو دەمــانگرێ، مێــژوو ڕەحــم لــە کــەسمان ناکـات، لاپــەڕەکانی مێــژوو، یەکــە یەکــە هەڵدەدرێتەوە بۆ نەوەی داهاتوومان، ڕەش و سپی دەردەکەوێ بـۆ هـەموو کەسـێك، جـا دەبـێ ئێمـە بـە مەسئولییەتەوە وەکو ئەندام پەرلەمان ئەوڕۆ خۆمان بە کادیرێکی حیزبی نـەزانین، بەڵکـە خۆمـان بـە

خاوەنی ئەو میللەتە هەژارە، لێ قەوماوە بزانین، لە ڕوانگەی ئەوەوە خۆپیشاندان حەقێکی مەشرووعی هەموو کەسێکە، بە شەرتێ لە چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی بێت، لە چوارچێوەیەکی یاسایی بێت کە ڕەوا بێت، بەڵام ئایا خۆپیشاندان بەو شێوەیەی کە بەردبارانی بارەگا حیزبییەکان بکرێت؟ بە تایبەتی مەقەراتی پارتی، من سوئالێك دەکەم بۆ پارتی هەدەفە؟ باشە وا لقی چوار هەدەف بوو، بۆچی لە چەمچەماڵ بوو بە هەدەف؟ بۆچی لە ڕانیە بوو بە هەدەف؟ بۆ لە هەڵەبجە بوو بە هەدەف؟ بۆ لە سوورێن بوو بە هەدەف؟ ئایا پارتی؟ مەقەراتی پارتی بە تەنیا مەسئوولی گەندەڵییە؟ ئایا دائیرەی کارەبایە؟ بەلەدیەیە؟ شارەوانییە؟ بۆچی؟ من ئەو سوئالەم دەوێ لە خەڵکی بە ویژدانی بە شەرەفی ئەو وڵاتە، ئەو خەڵکانەی کە خوێنیان ڕشتووە، خاوەنی ئەو شەهیدانەی کەوا چەندین شەهید خوێنی خۆی ڕشتووە لەو خاکەدا، بە ئاواتی ئەوە بوو ئاڵای کوردستان ببینێ کە بشەکێتەوە بەسەر دامەزراوەکانی ئێمە، لەبەر ئەوە من ئەو سوئالە دەکەم لە خەڵکی بەشەرەفی کوردستان، بۆ ڕاست کردنەوەیەك، لێرە نووسراوە لە چالاکی لێژنە، ڕۆژی یەکەم (2011/2/25)، لێژنەکە سەر لە بەیانی ڕۆژی (2011/2/25) سەردانی شاری سلێمانی کرد، سەرەتا بۆ دانانی بەرنامەیەکی کار، کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی، لە نووسینگەی پەرلەمانی سلێمانی کۆبوونەوە، دواتر سەردانی ماڵە شەهیدەکانی ڕووداوەکانی (2011/2/17)مان کرد، بەڵام بۆ ڕاست کردنەوەیەك، تەنها یەك شەهید هەبووە لەبەردەم لقی چوار، کە ئەویش بە داخەوە، ئێمە بە داخەوە سەیری هەموو قوربانیان دەکەین وەکو یەك، قەترەیێ خوێنی هەر کەسێ لەو وڵاتە زۆر گەورە و زۆر بە نرخە لەلای ئێمە، بەڵام بۆ ئەوەی حەقیقەتەکە نەورووژێنرێت، تاقە یەك، کاکە ڕێژوانی جوانەمەرگی خێر لە خۆنەدیو، کە مێرد مناڵێ بوو، کە هاندرا، تا ئێستا ئەو دەنگدەریش نەبوو، کە بە پێی هەموو یاساکان، هەموو ئەخلاقیەتێکی سیاسی ئەوە دەنگدەر نیە، دەبوایە گەورەکان کە ڕۆیشتن بە مناڵەکانیان بوتایە دوامان نەکەون، هەتا ئێستا لەوانەیە مامۆستا مەلا بەشیر ئاگای لەو حادیسەش بێ، پێغەمبەر (ص) کاتێ کە گەنجەکان ویستوویانە بچن بۆ جیهاد، لە خوار هەژدە ساڵ پێغەمبەری مەزن (ص) ڕێگەی نەداوە، گەنجەکان حەزیان کردووە لەسەر نووکی پەنجە ڕاوەستاون بۆ ئەوەی باڵایان بەرز بێ، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) نەیهێشتووە گەنجەکان بڕۆن بۆ جیهاد، لەبەر ئەوە ئێمە بۆچی ئەمڕۆ مێرد مناڵەکان ئەو گەنجە خێر لەخۆنەدیوانەی ئێمە هان بدەین بچن بۆ سەر کێش؟ مەقەراتێکی حیزبی کە ئەو مەقەرە شۆڕشێکی کردووە، کە خەباتی شاخی هەیە، کە لە پێناوی ئەو میللەتە چەندین شەهیدی هەیە، بە نیسبەت ئەوەی کە من داوای ڕوونکردنەوەیەك دەکەم لە سەرۆکی پەرلەمان، وەکو برای بەڕێزم کاك سەروەر وتی، ئەو ڕۆژە کە کاك عمر پرسیارێکی کرد وتی: ئەوە داوای ئێمە بووە کە دانیشتنێکی نائاسایی بکرێ بۆ ئەو بارودۆخە، جەنابت وتت: نەخێر هی ئێوە نەبووە، چونکە چەند کەسانێك تەوقیعیان کردووە، بەڵام لێرە ئامادە نەبوون، من داوای ڕوونکردنەوە لە جەنابت دەکەم، ئەوانە کێن کە ئامادە نەبوون؟ کێ لە شوێنیان تەوقیعی کردووە؟ ئەگەر ئێمە لێرە خۆمان تەوقیعی تەزویر بکەین، بەر لە ناوی خەڵکەوە بیکەین، چۆن داوای چاکسازی بکەین لە شەقامی کوردی؟ چۆن داوا بکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقیقەیەك ڕاوەستە، دانیشە لە جێی خۆت قسە نەكەی، ڕجائەن لە جێی خۆت قسە نەكەی، دانیشە، بۆچوونە قسە دەكات، تۆش قسە بكە، بەڵێ، نا تەشهیر نیە برای من، ئیحتیرامم هەیە دانیشن، هێمن بە جارێ، هەر كەسێك ئازادە ئەمشەو، هەتا ئەو بەڕێزانەی ماوە، چی لە دڵتانە بیكەن، زۆر زۆر بە ئازادانە، كەسیش لە جێگەی خۆیەوە ناڕەحەت نەبێ، فەرموو كەرەمكە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دكتۆر گیان با وەڵامی من نەدەنەوە، من مەبەستی تۆم نیە، دكتۆر گیان جەنابت ئەو قسەیەت كرد وتت خەڵكێ تەوقیعی كردووە و لێرە ئامادە نەبووە، هەمووش ئاگادارن خوشكان و برایان، مەبەستم تۆش نیە، بەڕێز دكتۆر، ئەوڕۆش باسی زێڕەڤانی دەكرێت بە شێوەیەك وەكو بڵێی زێڕەڤانی لە مەریخەوە هاتووە، بۆ ئاگاداری هەموو لایەك زێڕەڤانی ئەوڕۆ لە سنووری چیاكانی حەمرینەو، كە دەیەوێ سنووری كوردستان دیاری بكات، لە زاخۆوە بۆ حەمرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەی نۆرەت هات، تكایە، ڕجائەن بۆ ئەو پێشنیارەی ئەو خوشكە كردی، ڕاوەستە كاكە با قسە بكەین، ئیجازە بدە، ئەو بەڕێزە وتی برایەك كە لێرە نەبووە ئیمزا كراوە، هەردوو سەرۆكی فراكسیۆن، پاشان من لەگەڵی دادەنیشم، ئەوراقەكانی دەبینین، بزانین چۆن بووە؟ پێویست ناكات لێرە بیكەینە هەرا، كاك عمر عبدالعزیز كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ڕاستەخۆ ئەوە پەخش دەكرێ، جوان نییە ئەوە، (37) كەس ئیمزای كردووە، یەك نەفەر لێرە نەبووە، بە تەوكیلی ڕەسمی، بە كتابی ڕەسمی هاتووە تەوكیلی كردووە، ئەوە شتێكی قانوونیە، فەرەزەن یەكێك لەوانەش، فەرزەن ئەوە هەڵەش بێ زۆر زۆر لە نیصاب زیاتر ئیمزای كردووە، پێویست ناكات بەو چەواشەكارییەی كە دەكرێ، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە زۆر سوپاس، بەڵام بە تەوكیل ئیمزا نابێ ڕجائەن، كاك ئیسماعیل كەرەمكە.

**بەڕێز إسماعیل سعید گەڵاڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیسماعیل سەعید كە لە دەرەوە بووم، بە تەلەفۆن بەڕێز كاك كاردۆ سەرۆكی فراكسیۆن، پەیوەندی پێوە كردم، من خۆم تەوكیلم كردووە، یەعنی تەوكیلم داوە پێی كە ئیمزا بكات لە شوێنەكەی من.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بورهان ئەتووش كەرەمكە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ڕووی قانونییەوە، من تەوقیعی تۆ بکەم، کە تۆ خۆت ڕێگەت بە من دابێ، خۆت مودەعی نەبی لەسەر من، ئەوە جەریمە تەشهیر ناکات، تۆ دێی تەشهیر دەکەی لە مەوزووعێکی حەساسدا، خوێنی خەڵك ڕژاوە بە ناهەق، دێی دەیدەیتە سەر تەوقیعێك، ئەوە نەك تەشهیرە، ئەوە تەعەدا کردنە لەو خەڵکەشی کە مانی گرتووە، لەو پێنج کەسەشی کە لە بەریتانیا دوانیان دوێنێ شەو بە پەلە بردوویانن بۆ خەستەخانە، لەسەر زرووفی ئەو وڵاتە مانیان گرتووە، ئەگینا ئێمە تەخویلی بڕادەرەکانی خۆمانمان کردووە تەوقیع بکەن، تەلەفۆنیان بۆ کردووین، کە من خۆم مودەعی نەبم بڵێم تەزویری کردووە، بە پێی قانونی عقوباتی (111)ی (69)جەریمە نیە، ئەوە تەشهیرە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە باش چاوەکەم، ڕجائەن، دانیشە، بەسە دانیشە، ڕجائەن، ئەوەلەن تکایە جەوەکە هێمن بکەنەوە، سۆزان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارییەکە لە جەنابت کراوە، جەنابت ڕوونکردنەوەی خۆت ئەگەر بدەی زۆر مەمنوون دەبین، چونکە ئێمە هەتا ئێستا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەر ئەوە بووە، ئەو کەسە دەبێ حازر بێ ئیمزا بکات، ئەگەر باسی تەوکیلیش بکەین، دەبێ تەوکیل لەلای کاتب عەدل بکرێ، پێموایە ئەو مەسەلەیە بۆ کار و پرۆژەکانی پەرلەمانی کوردستان نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال کەرەمکە.

**بەڕێز أحمد سليمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوەی کە سۆزان خان باسی دەکات، شتی وا نەهاتووە لە هیچ شوێنێك، کەس لە باتی کەس ئیمزا نەکات، بە پێی قانون کەسێك کەسێکی تەخویل کرد، بۆی هەیە ئیمزا بکات، ئەوە قانونە، ئەوە یەك، دوو/ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، یەك لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوا بکەن کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجام بدرێ، ئەو بەڕێزانەی کە ئیمزاکەیان کردووە، (37) کەس ئیمزای کردووە، ئێوە بڵێین سێ کەسی گریمان ئەوە تەخویلەکەیان قبوڵ نەبوو، چەند کەس دەمێنێتەوە؟ (34) کەس دەمێنێتەوە، زیاتر لە نیصابی قانونیە، لەبەر ئەوە تکایە با شتەکان بە چەواشەیی باس نەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دڵشاد، کەرەمکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ئەو بابەتە سەرۆکایەتی یەکلایی بکاتەوە، بمبوورن ئەگەر مافی داواکەم هەبێت، لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزیش داوا دەکەم، مەساری کۆبوونەوەکە بەلایەکی تردا نەچێت، ئەو بابەتە

سەرۆكايەتى ڕوونكردنەوەى خۆى لەسەرى بدات، نوقتە نيزاميەكەم لەسەر ئەوە بوو، يەك لەسەر سێى ئەندامان بە پێى قانون، لە پەيڕەو تەعديل كرا، نـەك يـەك لەسـەر چـوار، بۆيـە (37) بيزەببت يـەك لەسەر سێ يە، نەك (24)، (24)ەكە هەو نيە، (37) هەوە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك أرسلان، كەرەمكە.

**بەڕێز د. أرسلان بايز إسماعيل/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، بەڕاستى ڕەخنەكەم لە ليستى كوردستانييە، وا هـەمووتان گوێتـان لێيـە، كاكـە زرووفى ئەوڕۆى كوردستان زۆر لەوە گەورەتر و زۆر لەوە ناسكتر و مەترسيدارترە لەسـەر مـەوزووعێكى بچووكى ئاوا، ئێوە بيكەنە ئەو شتانە، ئێستا خەڵك خوێنى دەڕژێ، خەڵك بەردباران دەكرێ، خـەڵك بـە بەرد قاچى دەشكێ، لاقى دەشكێ، سەرى دەشكێ، حەق وايە ئێمـە هـەموومان لـە ئاسـتى مەئسوليەت دا بين، ئەوە پەرلەمانە، ژێر گومبـەزى پەرلەمانـە، لەسـەر مەسـەلەيەكى موعەيـەن كـە بچـووكە لـە چـاو حەدەسە گەورەكان، نابێ ئێوە ئاواى لێ بكـەن بەڕاسـتى، ئينجا ڕەخنـەم لـە برادەرەكـانى تـريش هەيـە بەڕاسـتى، لـە ئۆپۆزسـيۆنيش، ئـەوانيش حـەق نيـە بـاس بكـەن بـەو حەساسـيەتە بەڕاسـتى، كاكـە مەوزووعەكان زۆر لەوە گەورەترە، دەبێ ئێمە لە ئاستى مەسئوليەت بين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاكـە ئەگـەر بێتـە نيزامـى دەبـێ هـەتا (12)ى شـەو خـەريكى نيزامـى بـين، تـەواو، شـوان ئەحمـەد، كەرەمكە.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشەكى دەستخۆشى لە لێژنەى تايبەت دەكەم كە ئەركێكى پيرۆزيان ئەنجام دا، ئەو ڕاپۆرتە لەسەر ئەو بارودۆخەيان بۆ ئەو جەلسەيە ئامادە كرد، من پێش ئەوەى دەست بـە خاڵەكانى ڕاپۆرتەكە بكـەم كـە هەنـدێك تێبينـيم لەسـەر هەنـە، مـن دەمـەوێ خـاڵێكى، قسـەيەكى بـراى بـەڕێزم پەرلـەمانتار حەمـە سەعيد ڕاست بكەمەوە، كە لە پێشكەش كردنى قسەكانى خـۆى گـوتى: ئـەوە داواكـارى خۆپێشـاندەرانى كوردستانە، ئەو لێژنەيە لێژنەيەكى موعەيەنە بۆ شوێنێكى موعەيەن، داواكارى خۆپێشـاندانى خـەڵكى سلێمانى و دەوروبەرە، هەر بۆ ڕاست كردنەوە، هەر ئەوەندە بوو، پێشەكى بەڕێزان خۆپێشـاندان، ئێمـە زۆر قسەمان لەسەر خۆپێشاندان كرد، كە مافێكى دەسـتوورى و مـافێكى ياسـايى و مـافێكى سرووشـتيە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو داواكارييەكانى خۆپيشاندەران ڕێز و تەقديرێكى تايبـەتيان هەيـە، بـە تايبـەتى لە پەرلەمان كە ئێمە بە ئيرادە و بە نوێنەرايەتى ئەو خەڵكە لێـرە بڕيـار دەدەيـن و تەشـريع دەكـەين، بۆيـە مـن پـێم باشـە ئـەو داواكارييانـەى كـە لـە ڕاپۆرتەكـەدا هـاتووە، لـە داواكـارى خۆپيشـاندەران، خۆپيشاندانيش پێشتر هاتوونە، خاڵبەندى بكرێن، تەقسيم بەندى بكرێن بـە پێـى ئـەو حاڵەتانـەى كـە ئەولەويەت بۆ چ داواكاريەك بێت، بۆ ئەوەى كە دەكەوێتـە لايـەنى حكومـەت زووتـر جێبـەجێى بكـات، ئـەوەى كـە دەكەوێتـە لايـەنى پەرلـەمان موتابەعـەى بكـات و جێبـەجێى بكـات، يـان پێداچـوونەوەى

بەسەردا بکات، لایەنی سەرۆکایەتی هەرێم بە هەمان شێوە، بۆیە ئەو داواکارییانە هەرچی زووترە من داوا لە لێژنە دەکەم خاڵبەندیان بکات، تەقسیم بەندیان بکات، حازری بکات بۆ ئەوەی هەرچی زووترە ئەو داواکارییانەی یاسایی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکرێن، کە لە هەمان کاتدا داواکاری هەموو خەڵکی کوردستانیشن، ئەوە داواکاری خەڵکی سلێمانی، خەڵکی هەولێر، خەڵکی دهۆکیشە لە هەمان کاتدا، چونکە داواکارییەکان مەصڵەحەتێکی موشتەرەکیان بەیەکەوە هەیە، کەواتە خەڵکی دهۆك و خەڵکی هەولێر هەمان داواکاری هەیە، بە هەمان شێوە وەکو برای بەڕێزم کاك سالار پێشانی دا، ئەوە زۆربەی هەرە زۆری داواکارییەکانی لیستی کوردستانی و بەرنامەی لیستی کوردستانیە، کە لە ئێمە نامۆ نیە، ئەو داواکارییانە داواکاری خۆمانن، بۆیە داوا دەکەم هەرچی زووترە ئەو داواکارییانە بەو شێوە جێبەجێ بکرێن، خاڵبەندی بکرێن، لەسەر ڕاپۆرتی لێژنە، من چەند تێبینیەکم هەیە کە دەیخەمە ڕوو، من تێبینیم کرد، باسی کەناڵی نالیا کراوە کە سووتێنراوە، لە هەمان کاتدا شتێکی گەورەیان پەڕاندووە نازانم بە هەر شێوەیەك بێت، بە ئەنقەست بێ، غێر ئەنقەست بێت، تەقە لە بارەگای لقی چواریش کراوە، بەردبارانی لقی چواریش کراوە، ئایا بۆ ئەوە باس نەکراوە؟ من پێشنیار دەکەم ئەوە ئیزافە بکرێت، نەك تەنیا بارەگای لقی چوار، هەموو ئەو بارەگایانەی تریش کە بەرد باران و گوللە باران کراون، بە هەمان شێوە، تێبینی دووەم لەسەر لێژنە، ڕاپۆرتی لێژنە تێك هەڵکێشیەك کراوە لە بەینی داواکاری خەڵك، واتا داواکاری میهەنی خەڵك، جەماوەر، لەگەڵ ئەجیندای سیاسی، ئەحزابی سیاسی، من داوا دەکەم ئەوە لێك جودا بکرێن، لەو ڕاپۆرتەدا جودا بکرێن، ئەجیندای سیاسی مەحفەلی خۆی هەیە، شوێنی خۆی هەیە، گەڵاڵە کردنی کە تەواو بوو، لەو پەرلەمانەش دەکرێ بڕیار و یاسای پێ دەربکرێت، من کەم و کوڕییەکی تر لە ڕاپۆرتی لێژنەوە دەبینم کە ئاماژەم بەوە نەکرد کە بە چاوی خۆشیان دیتیان، زۆربەی خوشك و برا پەرلەمانتارانی بەڕێز ئاماژەیان بۆ کرد کە ئۆپۆزسیۆن بەر دەرکی سەرای ئیستیغلال کردووە بۆ ئەجیندای خۆی، لە کەناڵەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بە هەمان شێوە کە ئیستیغلالی داواکاری خەڵکیان کردووە، دەبێت ئەوە ڕاپۆرتێکی موحاید بێت و موتەزینیش بێت، هەموو لایەنەکان بەخۆ بگرێت، لە ڕاگەیاندن من تێبینیم نەکرد کە خاڵێك بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە لە ڕاگەیاندندا هەیە، کە ڕاگەیاندن دەورێکی گەلەك سلبی هەیە، بە تایبەتی ڕاگەیاندنەکانی ئەحزاب، کە هەر ئەوڕۆ ئێوارێ کەناڵێکی سەر بە ئۆپۆزسیۆن تەحریزی خەڵکی کرد بەردەوام بن لە خۆپیشاندان، ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق بە خۆپیشاندەران دەڵێ: بەردەوام بن ئێمە لە پشتی ئێوەینە، بەردەوامی خۆپیشاندان لە صالحی کێیە؟ زۆرێك لە خوشك و برایانی پەرلەمانتار باسی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کرد، بە نەفەسێکی سوار کە دەبێ فلان کەس بگیرێ و فلان کەس بۆ نەگیراوە؟ فلان کەس بۆ ئیجرائات نەکراوە؟ ئەوە مەسەلەیەکی یاساییە، کە تەحقیق دەکرێت لە ئەبجەدیاتی کاری قەزائیدا هێواشی پێوە دیارە، کە ئەوان یەك تەرەفە، یان یەك لایەنە بڕیارێك دەرناکەن لە هیچ مەحاکمێکی دونیادا، ئەگەر هەموو تەرەفەکان نەبینن، تەحقیق لەگەڵیان نەکرێت، قەزا بڕیاری خۆی دەرناکات، من داوا دەکەم ئەگەر چەند مومکین بێت زووتر ئەو لێژنەیە بگاتە ئەنجام، تاوانبارەکان و سەبەبکارەکانیش دیار بکات، بدرێتە قەزا، سزای یاسایی خۆشیان بەسەردا بسەپێنرێ، لەهەمان ڕاپۆرتدا من تێبینیم نەکرد کە لایەنێکی زۆر گرنگ کە جانبێکی دینی تەحریزی

دینی لەلایەن مامۆستای دینییەوە، کە لە هەموو ئەدیانی سەماوی دا، هەموو خەڵك، هەتا ئەدیانی وەزعیشدا کە لە دونیادا هەنە، چەندین ئەدیانی دیکە کە وەزعین، خەڵك دەچێتە لای مەرجەعەکانی دینی خۆی، ئەوان ناچنە لای خەڵك، ئەوە چووە لای خەڵك، بەڵام دەبێ دەوری ئیصلاحی بێ، چونکە ئەوان موصلیحی سیاسی و ئیجتیماعی و دینین، ئەوان لایەنێکی گرنگی ئیصلاحیان لەلای ئەوانە، خەڵك باوەڕیان پێ دەکات، ئەوان سیقەیەکی تەوایان هەیە لەلای خەڵك، مەرجەعێکی گەورەنە بە تایبەتی لە موجتەمەعێکی وەکو ئێمە لە کوردستان، کە (98٪) موتەمەسیکن بە دینەوە، بۆیە من داوا دەکەم لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، لە یەکێتی زانایانی کوردستان حەددێك بۆ ئەو تەجاوزە دابنرێت، چونکە ئەوە حاڵەتە، ئەگەر حاڵەتیش بووە زاهیرە، سنوورێك نییە کە لێی ڕاوەستن، خەتەرێکی زۆر گەورەیە کە ئیعلانی جیهاد دەکات، جیهاد بە مەفهومی واسیع خەڵك وەردەگرێت، ڕاستە من چەند مەفهومێکی تری بۆ وەردەگرم، لە زۆربەی لاپەرە مەبەستم هەبوو بەس ئەو خیتابە تەوجیهی من نەکرا، تەوجیهی جاددە کراوە، تەوجیهی ئەو خوشك و برا خۆپیشاندەرانە کراوە، کە عومریان هی ئەوە نیە تەحلیلی جیهاد بکەن، نیەتی مامۆستا چیە؟ لە قەڵەمدانی نوێژکردن لەوێ گەورەترە لە حەج و عومرە، ئەوە حەقەتە، تەجاوزێکە بە حەقی دین، دەبێت حەددێك بۆ ئەوە دابنرێت، ئەو خەتەرە لەسەر موجتەمەعی ئێمە لاکەوێت، من بەش بە حاڵی خۆم بە داخەوە دەڵێم، بەش بە حاڵی خۆم من دەمەوێ بڵێم....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نوقتەی نیزامییە، ڕجائەن ڕاوەستە، کەرەمکە.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنە، داوا دەکەین کەس لە بەرنامەی کارەکە تێنەپەڕێ، ئەگەر تێپەڕێ ئێمە پێشنیاز دەکەین جەلسەکە دوابخرێ.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم ئەوە خاڵێکی کەمە لە ناو ڕاپۆرتەکەدا نەهاتووە، من لە بەرنامەکە دەرنەچوویمە، من زۆر سنووری قسەکانی خۆم دەزانم چیە، من لە بەرنامەکە دەرنەچوومە، لە بەرنامەش دەرناچم ئینشاڵلا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان ئەو بەڕێزانە لیژنەی لێکۆڵینەوە نەبوون، چوونە ئەو خۆپیشاندەرانە کە لەو مەنتیقەیەن، ببینن، ڕاپۆرتەکانیان بێننە ئێرە، لێرە ڕاپۆرتەکانیان بخوێننەوە، ئێستا ڕاپۆرتی جەنابت لە بیدایەت وتت داخوازی ئەوان هی گشت کوردستانە، ئەویش هەڵەیەکە، تەنها نوێنەری گشت خەڵکی کوردستان ئەندامانی پەرلەمانن، سەرۆکی هەرێمە، کە بە هەڵبژاردن هاتوونە، ئەوانی تر برای عەزیز هەر کەسێك مەجمووعەیەکە، دووە، دەیە، هەزارە، دە هەزارە، بۆچوونێکی تایبەتیان هەیە، جێگەی ڕێز و ئیحتیرامە، یەك نەفەریش بێ ئێمە بە ئیحتیرام سەیریان دەکەین، ئەو بەڕێزانە نەچوونە لێکۆڵینەوە بکەن، نەچوونە تەحقیق بکەن، نەچوونە سەیر بکەن بزانن کوێ بەردی لێدراوە، کوێ لێی نەدراوە، بە

پێـی خـاڵی حەڤـدە نـاردراون بـۆ ئـەوەی داخـوازی ئـەو خەڵكـەی لـەو مەنتیقانـە خۆپیشـاندان دەكـەن بیهێـنن، جا بۆیـە ئـەوە بـە تەئكیـد فەرقـە، دەتـوانن لـە موسـتەقبەل لیژنەیـەك دابنـێن و بڵێن بچـی تەحقیق بكات، بەڵام ئێستا لای خۆی ئیشی باشیان كردووە، بەسەریاندا بشكێ قبوڵ نیە ئەوە.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستخۆشیم لێ كـردن، حەفەتـەن كـارێكی زۆر گـەورە و پیرۆزیـان ئـەنجام داوە، بـەڵام ئـەوە كـەم و كوورییە لە ناو ڕاپۆرتەكەدا من بە پێویست دەزانم كە ئاماژەیان پێ كردبایە، ئەو ڕاپۆرتـەی كـە لەبـەر دەستمە نووسـراوە سـێیەم/ پێشـنیار بـۆ چارەسـەر كـردن، ئـەوە بەشـێكە لـە چارەسـەر كـردن، دەبوایـە تێدابایە، مـن شـتێكی نـامۆ نـاڵێم، لـە كۆتاییـدا بـەش بـە حـاڵی خـۆم زۆر بـە داخـەوە دەڵـێم كـە هـیچ نییەتێكی چاكبوون و هێوربوونـەوە لـەو بـار و دۆخـەدا مـن نـابینم تـەنیا یـەك تەرەفەیـە كـە تـەرەفی دەسەڵاتە، هەوڵەكانی پەرلەمانە كە ئەویش لە بازنەیەكی فاریغ دا دەسووڕێتەوە، كـە هـیچ ئـەنجامێكی نابێت، بەڵگەشم بۆ ئەوە چەند خاڵێك دەخەمە ڕوو:

1- ڕەتكردنـەوەی پـەیامی جـەنابی سـەرۆك هـەر زوو بـە زوو، شـەوی دی ڕەتیـان كـردەوە، كـە پـەیامی جەنابی سەرۆكە بۆ هەموو خەڵكی كوردستان.

2- پەشیمان بوونەوەی بڕیارە حەڤدە خاڵییەكەی پەرلەمان لە پاش چەند دەقیقەیەك.

3- زەربی صفر كردنی دانیشتنی پەرلەمان و بێ هوودە لە قەلەمدان.

4- كاری لیژنە بە خراپ و بە بێ سوود لە قەلەمدان.

یـەعنی ئەوانـە فێركردنـی خـەڵك لەهـەمووی خەتـەر تـر و خـراپتر كـە تێكـدانی موقەدەسـاتی ئـەو میللەتەیە، موقەدەراتی ئەو میللەتەیە، فێركردنـی خـەڵك جوێن بـە جـەنابی سـەرۆك بـدرێت، كـە لـە ڕووم نایێت لەو مەحفەلە پیرۆزەدا باسی بكەم، بۆیە من لـە كۆتاییـدا دەبینـم تـەنیا چارەسـەر پـەیامی جەنابی سەرۆكە، كە جێبـەجێ بكرێـت، لـەو قەیرانـە، لـەو ئاڵۆزییـە خـەڵكی كوردسـتان لێـی دەربچـن، سوپاست دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. أرسلان بایز إسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو ئەندامێكی سەرۆكایەتی، داوا دەكەم لە بەرنامەی كـار نەچـینە دەرەوە، قسـە قسـە ڕادەكێشـێ، تەشەنووج دروست دەبـێ دوایـی كۆبوونەوەكـەمان لـێ تێـك دەچـێ، لـە جیـاتی ئـەوەی ئـەو خەڵكـە كـە ئومێدی بە ئێمە هەیە شتێكی بۆ بكەین، لێی تێك دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. أحمد إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش هەر تەئكید لەسەر قسەكانی د.أرسلان دەكەمەوە بەڕاستی، بە شێوەیەكی ڕوون هاتووە لە بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كار، خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەت، كە بە پێی بڕگەی (17)ی بڕیاری پەرلەمان دامەزراوە، بەڕاستی ئێمە هەموومان زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بەداخەوە لە بەرنامەی كار دەردەچین، لەبەر ئەوە وەكو كاك دكتۆر ئاماژەی پێدا قسە قسە ڕادەكیشێ، لەبەر ئەوە ڕەد و ڕەد فیعل دروست بووە، ئێمە بۆ ئەوە دانیشتووین بتوانین بە نەتیجەیەكی باش لەو كۆبوونەوەیە دەرچین، ئەو خەڵكە چاوەڕێی ئێمە دەكات، شاریع چاوەڕێی ئێمە دەكات، ئێمە ئەو ڕاپۆرتەمان بە ئەمانەتەوە نووسیوە، داخوازییەكانی شەقاممان نەقل كردووە، وەكو خۆی هیچ دەستكاریمان نەكردووە، تەنها دەكرێ موناقەشەی ئەو نۆ خاڵە بكرێ كە ئێمە پێشكەشمان كردووە، نەك ئەو خاڵانەی تر كە ئێمە نەقلمان كردووە وەكو خۆی و هیچ دەستكاریمان نەكردووە، ڕەنگە ئێمە هەندێك مولاحەزەمان لەسەر هەندێ لە خاڵەكان هەبێ، بەلام وەكو خۆی نەقلمان كردووە، تەنها ئەو نۆ خاڵەی كە ئێمە نووسیومانە ئەگەر زیادەیەك، یان كەم كردنێك، یان پێشنیارێك بۆ موعالەجەكردنی بارودۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان، لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە، تكایە ئەوە بخرێتە ڕوو، بتوانین هەمووومان پێشنیاری باش بخەینە ڕوو، پرۆژەیەكمان هەبێ بە هەمووومانەوە، پرۆژەیەكی نیشتمانی بۆ ئیصلاحی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، بۆ ئەوەی لەو بارو دۆخە دەرچین، ئەگەرنا، بەڕاستی ئێمەش دەبینە بەشێك لەو تەوەتتوورە، لەو تەشەنووجەی كە ئەورۆ لە ساحەی كوردستان دا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار سەرهەنگ، كەرەمكە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان من سوپاس و دەستخۆشیم بۆ لێژنەی بەڕێز كە ماندوو بوون، من سەرەتای قسەكانم بەوە دەست پێ دەكەم، قسەكانم كورت و پوختە بكەمەوە، كە ئێستا پەرلەمانی كوردستان گلەییەكی زۆر زۆری لەسەرە لەلایەن ئەو خەڵكەی كە لەسەر جاددەیە، ئەوە حەقیقەتێكە حەز دەكەم هەمووومان بیزانین، ئێمە هەمووومان هەڵبژێردراوی خەڵكین، نوێنەری خەڵكین، ئێستاش خەڵك لەسەر جاددەیە، ناڕەزایەتییەكان لە هەموو كوردستاندا هەیە، ئەو ناڕەزایەتییانە سنووری كوردستانی بڕیوە چۆتە دەرەوە، ڕەوەندی كوردی لە دەرەوە گرتۆتەوە كە بەشێكی زیندووی كۆمەڵگەی ئێمەن، كە من قەناعەتم وایە بۆخۆم، بەشی زۆری ئەو سەبەبانەی كە لەو وڵاتەی ئێمەوە، لە واقیعی سیاسی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی ئێمە، وایكردووە كە ئەو خەڵكانە ئاوارەی دەرەوە ببن، ناڕەزایەتیەكان ئەوانەشی گرتۆتەوە، بۆیە زۆر خەتەرە ئێمە پێمانوابێ ئەو ناڕەزایەتیانەی خەڵك، ئەو داواكارییانەی خەڵك بەڕاستی داواكاری موحافەزەیەكە، لەوێ لە قاڵبی بدەین، ئەوە داواكاری و ناڕەزایی خەڵكی كوردستانە، پێویستە هەمووومان لە ئاستی ئەو مەسئوولیەتەدا بین، من قەناعەتم وایە كە لە ئێستادا پەرلەمانی كوردستان لەبەردەم مەسئوولیەتێكی تەئریخی، مەسئوولیەتێكی ئەخلاقی زۆر گەورەدایە،

که پێویسته هەنگاوی عەمەلی بنێ، دوایی دێمە سەری، بە قەناعەتی من هەنگاوە عەمەلییەکە چیە؟ دەمەوێ سەرەتا باسی ئەوە بکەم کە پەرلەمانی کوردستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لێرە بڕیار نامەیەکی حەڤدە خاڵی دەرکرد، کە مەبدەئیەن شتێکی باش بوو بۆ هەموومان، پشتیوانیمان کرد، لەگەڵ ئەو هەموو تەحەفووزانەی کە لەسەری هەمانبوو، من بەش بە حاڵی خۆم یەکێ بووم لەوانەی کە تەحەفووزم لەسەری هەبوو، دەنگم پێ نەدا، ئەو بڕیارنامە حەڤدە خاڵیەی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە ئەگەر سێرکێك بکەین، گەڕانێ بکەین، سەیری بکەین، دەبینین ئەوەی من دەیبینم تەنها یەك خاڵی ئەو بڕیارە جێبەجێ کراوە، ئەویش خاڵەکە دروست کردنی ئەو لێژنە بەڕێزەی پەرلەمانە کە ئێستا لەبەردەستی ئێمەن، ئەویش لە دەسەڵاتی پەرلەمان و پەرلەمان خۆ هەڵساوە بە تەشکیل کردنی ئەو لێژنەیە، ماعەدا خاڵەکانی تر، شازدە خاڵەکەی تر هیچی جێبەجێ نەکراوە بەڕاستی، کە ئەوە بۆخۆی پەرلەمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەڕاستی، دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە، پێشێلکاری گەورە ڕوویدا لە هەموو ئەو مەجالانەی کە لە بڕیارنامەکە هاتووە کە دەبێ دەستبەجێ ئەوانە تەدابیری بۆ بکرێ، هەرلە دەستگیر کردنی خەڵك، هەر لە شەهیدکردنی خەڵك، هەر لە بەرد باران کردنی مەقەرات، هەر لە تەواجوودی هێزی غەیرە شورتە، تەواجوودی هێزی نەناسراو لەسەر جاددە، هەر لە گرتنی ڕۆژنامەنووسان، مەسەلەن لە سەید صادق، لە کەلار، لە چەمچەماڵ، لە ناو سلێمانی، هەتا ئەو هێزانەی کە باس دەکرێ، دوورخستنەوەی هێزەکان، کە بەشێك لە برادەرەکانی ئێمە دەڵێم هێزەکان دوور خراوەتەوە، هێزەکان ئێستا براونەتە قەزاکان، براونەتە دەرەوەی شار، کەواتە بە کورتی دەمەوێ بڵێم کە هیچ یەکێك لەو خاڵانە، جگە لە خاڵی حەڤدە کە دروستکردنی ئەو لێژنە بەڕێزەیە، جێبەجێ نەکراوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر، لە دانیشتنی ڕابردوودا من چەند نموونەیەکم هێناوە کە مەقەراتەکانی، وەکو ئەو حاڵەتانەی لە دهۆك ڕوویدابوو، سووتاندنی مەقەرات، ئەوەی کە لە هەولێر ڕوویدا، لە بنەسڵاوە و شەقڵاوە، حاڵەتەکەی سلێمانی، کە هەر یەکێك لەو حاڵەتانە بەسە بۆ ئەوەی کە حکومەت پێی دەست لە کار بکێشێتەوە، ئێستا بڕیار نامەکەی پەرلەمانیشی هاتۆتە سەر، بە قەناعەتی من ئەوەی کە هەنگاوی عەمەلی بێ لەسەر ئەو پەرلەمانە، کە پێویست بێ سبەی بینێ، ئەویش ئەوەیە کە حکومەت بانگ بکات، متمانەی لێ بسەنێتەوە، چونکە تەنها ئەوە حەلی سەرەکی ئەو مەوزووعەیە، ئەوە جگە لەوەی کە دەمەوێ بە سەریعی ئاماژەی پێ بدەم، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو یاسای خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان چۆن پێشێلکرا؟ ئەو یاسایەی کە ئیمە وەکو موعارەزە تەحەفووزمان هەبوو لەسەری، تێبینیمان هەبوو لەسەری کە بە دەنگی زۆرینە لەو پەرلەمانە بەڕێکرا، زۆر خراپ پێشێلکرا، ئەوەی کە ئێمە بینیمان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە هەولێر، ئێمە خەڵکمان بینی لەسەر جاددە گیرا، ئەو دکتۆرەمان بینی کە چاویان ئاوا لێ کردبوو، شینیان کردبووەوە، خەڵکی تر دەمانبینی کە بەشێوەیەکی زۆر نایاسایانە گیرا بەڕاستی، ئەوە حاڵەتێکی زۆر زۆر ترسناك بوو، دکتۆرێك تیشێرتێکی لەبەر نووسیوویەتی نا بۆ گەندەڵی، تۆ بچی بیگریت، ئەی ئەگەر بیوتایە بەڵێ بۆ گەندەڵی؟ ئایا دەگیرا؟ ئەوە کۆمەڵێ مەوزووعە ئێمە ئەبێ بە جیددی قسەی لەسەر بکەین بەڕاستی، ئێمە دەبێ هەنگاوی عەمەلی بۆ بنێین، ئەوانە هەمووی خەرقە، ئەوانە هەمووی ئیشکالیەتە، حکومەتی ئێمە لە

چارەسـەر كردنـی ئـەو مەوزووعانـە لـە ڕووی ئـەمنی داواكـاری خۆپیشـاندەران، چاكسـازیی، لـە ڕووی بودجە، هەر لە هەمووی فەشەلی هێناوە، بۆیە پێویستە هەر بـەیانی متمانـەی لـێ وەرگیرێتـەوە، یـەك مەوزووعی تر كە هەیە، باس كرا، باسی نالیا كرا، كاك حاجی بیلال باسی كرد، تەلەفزیۆنی نالیا یـەك ڕۆژ دوای سووتاندنەكەی لە بنكەی پۆلیسی ئەزمەر دەعوای قەیـد كـردووە، لـە مەحكەمـەی تـەحقیقی یەكە لە سلێمانی، ئـەوەی كـە ئیجرائـات ناكـات جیهـەتی تەنفیزییـە، باسـی داواكـاری گشـتی كـرا، ئـەوە (مدعي بالحق الشخصي)، یەعنی ئەوە حەقی شەخی تێدایە، ئەوەی كـە زەرەرەكـەی لـێ كـەوتووە خـۆی چووە شكاتی كردووە، جگـە لـەوە ئـەوە مەسـئوليیەتی داواكـاری گشتیشـە، بـەڵام مەسـئولیەتی جیهـاتی تەنفیزییـە، مەسـئوولیەتی وەزارەتـی ناوخۆیـە، مەسـئولییەتی وەزیـری ناوخۆیـە كـە لەسـەر ئـەو مەوزووعە بەدواداچوون بكات، باسی ئەوە كرا هەندێك لە برادەرەكان بەڕاسـتی ئۆپۆزسـیۆن بـەردەركی سەرای داگیر كردووە، یەعنی ئێمە با نەچینەوە ناوی، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە سەرەتا باسی ئەوەی كرد كە ئێمە محاوەلە بكەین تەهدیئەی وەزع بكەینـەوە بەڕاسـتی، یـەعنی مـن پـێم سـەیرە بـەردەركی سەرا هی ئێمە نیە، هی ئەو خەڵكەیە كە داوای چاكسازی دەكات، هی ئەو خەڵكەیە كە داوای ڕووبـەڕوو بوونەوەی گەندەڵی دەكات، هی ئەو خەڵكەیە كە داواكارییەكانی ناردووە بۆ ئـەو پەرلەمانـە بـۆی حـەل بكات، ئـەوە مەیـدانی كـەس نیـە، مەیـدانی ئـەو كۆمەڵـە خەڵكـە ئازادەیـە كـە لـەوێ ئـەوە شـازدە ڕۆژە وەستاون چاوەڕێی بڕیارەكانی ئێمە دەكەن، شانازیشیان پێوە دەكەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل، كەرەمكە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی پەرلەمانی دەكەین، زۆر ماندوو بوونە، ڕاپۆرتیان ئامـادە كـردووە، بـەڵام یەك پێشنیارم هەیە، داواكاری ئەو خەڵكانەی كە پێشكەشیان كردبوو بـۆ خۆپیشـاندەران، مامۆسـتایانی زانكۆ، زانایـانی ئـاینی، ئەوانـە ئەگـەر ئـەو خاڵانـە هـەمووی كۆبكەنـەوە و یـەكی بخەنـەوە، ئەگـەر كـۆ بكرێتەوە و هەمووی ڕێك بخرێ ئەو خاڵە هاوبەشـانە دیـاری بكرێـت، وابـزانم چارەسـەرەكە ئـەو كـاتی هەنـدێك ئێسـتا زۆر پـەرش و بـڵاوی پێـوە دیـارە، باشـترە، ڕۆژی ($2/25$) لـە شـاری هـەولێر، تەبعـەن هەنـدێك هـاووڵاتی داوای خۆپیشـاندانیان كردبـوو، داوای مۆڵـەتیان كردبـوو لـە جـەنابی پارێزگـاری هەولێر، قایمقامی كۆیە، ئەوانە ڕێیان پێ بدرێ خۆپیشاندان بكەن، خۆ ئەگـەر خۆپیشـاندانیان بكردبـا زۆر باشتر بوو لەوەی لە بازاڕی نیشتمان بیانگرن و قەتل عامیان بكەن، ئاسایش بە جلكی مەدەنیـەوە، ئـەوە ڕاسـتییەكە، چونكە مـن بـە خـۆم بـە چـاوی خـۆم دیـتم، ئـەو كەسـانە ئەشكەنجە دران، تەبعـەن حكومـەت پێشـێلی یاسـای خۆپیشـاندانی كـردووە، حكومـەت بـۆ خـۆی كـردیتی، لەبـەر ئـەوەی مۆڵـەتی نەداوە، بەڵام خەڵكەكە لێی دراوە، تەبعەن ئەو دكتۆرەی هاوكارم كاك سەرهەنگ باسی كرد، زۆر چـاكی لێ درابوو، چاوی شین و مۆر كرابۆوە، بەڕاستی زۆر ناخۆشە ئێستا كە پێكەنینم پێی دێ، پێكـەنین بـە تەصەروفی ئاسایشەكەی دێ، بە پۆلیسەكەی دێ كە خەڵكی وا تەعزیب دایە، پێكەنینم بەو كەسەی نایە كە وای لێكردووە، كە سەعات ($7$) و ($8$)ی شەوێ لە ترسی هەولێرێ هەڵاتووە بۆ كۆیێ، ئینجا چووەوە

سلێمانی، لەبەر ئەوەی دووبارە نەیگرنەوە، بەس لەبەر ئەوەی نووسیتی نا بۆ گەندەڵی، لەسەر ئەوەشەوە کە لە ئاسایشی گیراینە ئەو خەڵکانە، کە لە ئاسایش گیران، ئیفادەیان نووسراوە فەرموو ئیمزا بکە، دەڵێ: بزانم چتان نووسیوە؟ لە ئیفادەکەی نووسیتیان وەللا من لەبەر ئەوە دەستگیر کرامە، لەبەر ئەوەی دەمانچە و ڕوومانەم پێ بووە، ئامادە نەبووە ئیمزای بکات، ئینجا ئیفادەکەیان گۆڕیوە، ئەو کاتە ئیمزای کردووە، بەربووە بە کەفالەت، ئەوەش بە هەوڵ و کۆششی لێژنەی ناوخۆی پەرلەمان بووە، کە زۆر هەوڵیان داوە، لەوانە بەس تەنها ژیار مابووەوە، خۆشبەختانە ئێستا کاك شێردڵ گوتی: ژیاریش بەربووە، پێمان خۆشبوو، من زۆرم سەیر پێ دێ کە جەنابی پارێزگاری هەولێر مۆڵەتی نەدا بە هاووڵاتیان خۆپیشاندان بکەن، بەڵام ڕێی بەو کەسانە دا کە ناویان لێنا جومعەی شادی لە هەولێر، فیك و هۆڕ و سەیارە و ئاڵای کوردستان و ئەنواعی ئاڵا و ئەوانە، وەللاهی وەللاهی وا تەصەورم کرد سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆمار لە دەرەوەی وڵاتن، بانگهێشتنی دروست کردنی دەوڵەتی کوردیان کردووە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس بۆ ئاگاداری جەنابت، ئەو هاتنە ناو جاددەیە بێ ئیجازە بوو، خەڵك خۆی هاتبوو، یەعنی ئینسان وەکو خۆی قسەکان بگێڕێتەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێ ئیجازەش بێت، ئەوەندە خەڵکە هاتە سەر جاددەی، ئێمە دەزانین چۆن بەنزینیان وەرگرت و چیان چ نەکرد، باشە لەبەرچی مەجال بە هاووڵاتیان نادا؟ تەبعەن ئەو داواکارییانە تەنها هی خەڵکی سلێمانی نیە، بەڵام لە سلێمانی خۆپیشاندان کراوە، وەزعەکەی سلێمانی دیارە، فەرقی هەیە، جیاوازی هەیە لەگەڵ شاری هەولێر و دهۆك، شاری هەولێر و دهۆك زۆرتر داواکارییان هەیە، زۆرتر دەست بەسەر گیراون، زیاتر هەڕەشەیان لێ دەکرێ، چونکە زۆربەی خەڵکی هەولێر، زۆربەیان بە تەلەفۆن، بە نامە، بە هەموو شتەك هەڕەشەیان لێ کراوە، دیارە و دەزانین، باسی ئەو کابرایەی لە کەلار شەهید کرا، بە داخەوە تەمەنی (65) ساڵ بوو، زۆر بە داخەوە شەهید کرا، سەیرەکە لەوەی دایە بە تەقەی خۆیان شەهید بووە، چونکە ئەو نەچووبوو، خۆپیشاندەر نەبوو، ئەوە ویستی لە کوڕەکەی خۆی بپرسێت، بە داخەوە هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی شەهید کرا، باسی سەقفی زەمەنی و ئەوانە ناکەین، تەبعەن لە دانیشتنی داهاتوو پێمان باشە وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگە بانگ بکرێن، بۆ لێپرسینەوە و لێپێچینەوە، بەڵام حەق وایە ئەو لێژنە سەردانی، ئایا سەردان دەکات؟ یان ئاسایشی گشتی، یان بەڕیوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بانگهێشت دەکات؟ ئینجا موحاسەبەیان دەکات، لێپرسینەوەیان لێ دەکات؟ لەسەر ئەو وەزعەی کە خەڵکەکانیان گرت لە (2/25)، بەڕێزان ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنین، تەبعەن هەڵبژاردن پێمان باشە، بەڵام یەك مەرج هەیە، دەبێ ئیحصای تەواو هەبێ، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی (3/7) مردیەکان و ئەنفالەکانیش دەنگیان داوە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن لە بەرنامەی کار دەرمەچن، ڕجائەن، قبوڵ ناکەم یەك بەشەرێك لـە بەرنامـەی کـار دەربچێت، تەواو، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو کەسـەی لـە سـلێمانی پێشانی دەدەن سـاقۆیەکی ڕەشـی لەبـەرە، خـۆ لەبـەر چـاوی هـەموو خـەڵکی کوردسـتان دیـارە تەقـە لـە خـەڵکی دەکات، بـە دەمانچـە ڕاویـان دەنێت، مـن یەکسـەر مـەنزەری عـەلی حەسەن مەجیدم بە بیرهاتەوە، مەفرووزە بە بێ بڕیاری دادگا..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن دانیشە، کاك عبدالله کەرەمکە، تەواو نیە، هەر کەسـێك لـە بەرنامـە دەربچێت مـەجالی نـادەم، کاك عبدالله کەرەمکە، نیە خەلاص، دەرچوویت، فەرموو

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ڕێکخراوی قوتابیان، تەبعەن وەزیری خوێندنی باڵا من ڕێـزی زۆرم بـۆی هەیـە، زۆر ڕێـزی هەیە لەلام، زۆرم خۆش دەوێ، لەبەر ئەوەی کابرایەکی پرۆفێشناڵە، ڕێـك و پێکـە، زۆر باشـە، دەیـەوێ سیستەمی خوێندن بگۆڕێ، بەس زۆرم سەیر پێ دێ بە ڕێکخراوی قوتابیان بڕیاریان دا مەکتەب قەپات بکەن، زانکۆ قەپات بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، با نیزامییەکەی بڵێ، کەرەمکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم لە هەموو هاوکارانی بەڕێز، تکایە لە بەرنامە دەرمەچن، چونکە ئەوە مەوزووعێکی زۆر گرنگە، چیتان پێ باشە بۆ ئەو ڕاپۆرتـە زیـاد بکـرێ بیڵێن، چـیتان پـێ باشـە لـەو ڕاپۆرتـە کـەم بکـرێ بیڵێن، ئەوە ئەساسی کارەکەیە، بۆ ئەوەی بتوانین بەدەرەنجامێکی باش بچینە دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو تەنگەژە و نائارامی و پەشێوییەی کەوتۆتە ناو شەقامی سلێمانییەوە، من پێموایە تـەنها ئـەو خۆپیشاندانە ڕەنگە سەرەتایەك بێت شەقامی سلێمانی گرتبێتەوە، بەڵام ئەو داواکاری و داخوازییانـەی کە لە پەرلەمانەوە لێژنە دروست کراوە، بۆ ئەوەی بچێ بەس تەنها گـوێ لـە خۆپیشـاندەرانی سـلێمانی بگرێـت، مـن پێموایـە ئـەو داخوازییانـە کـە هێنرایەتـەوە پەرلـەمان، کـە لێژنەکـە داخـوازی سـەرجەم شارەکانی تری کوردستانە، داخوازی دهۆکیش و هەولێریش و سلێمانیشە، بەڵام ئـەو ژینگەیـەی کـە لـە سلێمانی گونجاوە بۆ خۆپیشاندان، ڕەخساوە بۆ خۆپیشاندان لە سلێمانی، لە هەولێر لەوانەیە نـەبێ، لـە دهۆکیش دا نەبێ، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە خەڵکی هەولێر و خەڵکی دهۆك ئەو داخوازییانەی، ئەو داواکارییانەی کە داوای چاکسازی سیاسی دەکەن..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن، ڕاوەستە، كاك د.صباح ئەو داخوازییانـە هـی كێیـە جـەنابتان هێناوتانـە؟ ئـەوە لیژنەكـە لێـرە دانیشتووە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئـەو داخوازییانـەی ئێمـە لـە خۆپیشاندەران وەرمـانگرتوون لـە شاری سلێمانی، لـە شارەكانی تریشی تێدایە، لە شاری چەمچەماڵیشی تێدایە، بەڵام بڵاویشمان كـردەوە ئـەوەی كـە دەیـەوێ داخـوازی تریشی هەیـە، بۆمـان بنێـرێ، یـەعنی ئێمـە كۆنتـاكتی بـەردەوامـمان هـەبوو لەگـەڵ خەڵكـدا، لێرەشـەوە ئیعلانی دەكەین، ئەگەر كەسێكی تر هینێكی تری هەیە، بۆیە لە ڕاستیدا یەعنی ئـەو مەوزووعـە حـەز ناكەم زۆر ئیسارە بكرێ، مەجمووعەیەك داخوازی هەیە، لەبەر چاوماندایە، هی خەڵكی كوردسـتان بـێ یان خەڵكی سلێمانی بێ، سلێمانی جوزئێكی زۆر گرنگە لە كوردسـتان، بـا نـەبێ بـە مەحـەلی نیقـاش و مەحەلی جیدال، بۆ ئەوەیە، تەفسیری سیاسی هەڵنەگرێ، مەوزووعێكە، كێشـەیەكە دەبـێ حـەل بكـرێ، بە زووترین كات پەرلەمان بە ئەركی سەرشانی خۆی هەستێ، ئێمـە لـە دەوری باتـڵ و لـە جـەدەلی بـێ نەتیجە نەسووڕێینەوە، ئەوە داواكاری خەڵكی كوردستانە لە پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سەعیدیش با نوقتەكەی تەواو بكات، ئینجا.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشتر داوای نوقتەی نیزامیم كرد، پشتگیری قسەكانی د.أرسلان دەكەم، پێموایـە ئـەو قسانەی كـاك د.أرسلانم دەكرد، بەڕاستی من لە كاتێكدا نوقتەی نیزامیم گرت كە سێ برادەر، ئەو سێ، چوار بـرادەرە بە داخەوە، زۆر بە داخەوە سێ، چوار جار ناوی، سێ موخالەفـەیان كـرد، موخالەفـەی قسـەی جـەنابت، موخالەفەی لائیحە، موخالەفەی بەرنامـەی كاریشـیان كـرد، ئـەوە بەرنامـەی كـارە، لائیحـەش وا نالێـت، قسەكانی جەنابیشت لەسـەرتاوە وا نـالێ، كـە سـێ جـار نـاوی موعـارەزە، ئەگـەر نـاوی موعـارەزە بـدرێ یەعنی ناوبراوە، ئێستا من بڵێم دەستەی سەرۆكایەتی، وەكو ئەو وایە یەكە یەكە ناوتان بێنم، كە ئـەوە بەڕاستی من پێموایە خزمەتی ڕەوشەكە ناكات، ئەو سێ بـرادەرە زۆر تەشـەنووجیان دروسـت كـرد، مـن پێموایە هەر تەشەنووجێكی تر دوا بە دوایدا بێ، ئەو سێ برادەرە لێی مەسـئوولن، بـە داخـەوە مایـەی نیگەرانییە، چونكە توهمەت دانە پاڵ موعارەزە و وەڵڵا موعارەزە لە مەیدانی ئـازادی چـی دەكـا و چـی دەكا و چی دەكات؟ وەكو ئەوەیە ناوی سێ لایەنەكە بێنی، ئەوە خزمەت ناكا، من هیوادارم، داواكـارم لـە هەموو ئامادەبووانیش لەسـەر ئـەو ڕاپۆرتـەی ئێمـە قسـە بكـەن، ڕەخنـە بگـرن، ڕەددی بكەنـەوە، بڵـێن ئەوەی خراپە، ئەوەی باشە، پێشنیار بكەن، من لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كەرەمكە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ڕاپۆرتەكەی بەڕێزتان قسە دەكەم، ئەو ڕاپۆرتە لە جێی خۆیدایە، ئەو لێژنەیە لە جێی خۆیدایە، بەڵام ئەوەی كە لای من تێبینیە، ئەو بەرنامەی كارەیە، كە دەڵێ ئەوە تەنیا داخوازییەكانی خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی یە، بەڵام داخوازییەكانی خۆپیشاندەرانی سلێمانی داخوازی هەموو كوردستانە، داخوازی خەڵكی دهۆكە، داخوازی خەڵكی هەولێرە، داخوازی خەڵكی سلێمانی یە، لەبەر ئەوەی كە لە ناو داخوازییەكانـدا داوای گۆڕانكاری لەسیستەمی سیاسی كراوە، داوای گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی كراوە، دژی گەندەڵی قسە كراوە، تەنها گەندەڵی لە سلێمانی نیە، تەنها گۆڕانكاری لە سیستەمی سیاسی لە سلێمانی ناكرێ، ئەوە یەك هەرێمێكە، وەكو جەستەیەك وایە هەموو جەمسەرەكانی بەیەكەوە بەستراوە، ئەگەر یەك حكومەتە و یەك هەرێمە، ئەوە هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی كە جێی داخە، لە دوای ئەوەی كە لە (23)ی مانگ لێژنەیەك، ئەو حەڤدە خاڵییەی كە لە پەرلەمانی كوردستان بڕیاری لەسەر درا بۆ كۆتایی هێنان بە كۆمەڵێ كێشە و بڕیاردان لەسەری، بە داخەوە ئەو خاڵانەی كە لە بڕیارە حەڤدە خاڵییەی كە جێبەجێ نەكراوە، یەكیك لەوانە كە (23)ی مانگ ئەو بڕیارانە دەرچووە، لە (25)ی مانگ ڕێگا بە خۆپیشاندەر گیراوە، لەناو هەولێردا، هەر لە (25)ی مانگیشدا لە ناو هەولێردا گەمارۆی شارەكە دراوە، ڕێگا بە خۆپیشاندەر نەدراوە، من پێموایە یەكێك لەو خاڵانەی كە لە هەولێردا جێی مەترسییە، كە بە بێ پرسی حكومەت و بە بێ پرسی سەرۆكی وەزیری خوێندنی باڵا ڕێكخراوێكی حیزبی، ڕێكخراوی قوتابیان هەستاوە بە داخستن و ڕاگرتنی خوێندن، ئایا كێ قەرەبووی دەكاتەوە؟ ڕاستە قەرەبووی ماددی، قەرەبووی دەكرێتەوە لەلایەنەكانی تریدا، شوێنەكانی تر، بەڵام كێ قەرەبووی خوێندنی مانگێكی ڕۆیشتووی خویندكارەكان دەكاتەوە كە لە هەولێرن؟ ئایا ئەوە كێ بەرپرسیارە؟ كێ لێپرسینەوەی كردووە؟ سەرۆكی لێژنەی پەرلەمان، سەرۆكایەتی پەرلەمان، حكومەت، كەسێك هاتووەتە دەم لەسەر داخستنی ئەو خوێندكارانە بۆ ماوەی مانگێ بە زۆر بنێردرێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان، ئەوانە هەمووی جێی پرسیارە، من بۆیە دەڵێم لێرەوە ئەگەر ئەو كارانە، ئەگەر ئەو حەڤدە خاڵەی كە لە پەرلەمانی كوردستان (23)ی مانگ دەرچووە، بەو شێوەیە كە تا ئێستا كاری لەسەر كراوە، ئاوا بڕوا، نائومێدم لەو دانیشتنانە، لەو لێژنەیەی كە چۆتە ناو خەڵكەوە، لە جێبەجێ كردنی ئەو داخوازییانەشی كە هاتۆتە پەرلەمان، من بە هەموو توانامەوە وەكو ئەندامێكی پەرلەمان، وەكو هاووڵاتیەك پشتگیری لە داخوازی هەموو مامۆستایانی زانكۆ، لە هەموو ئەو خۆپیشاندەرانەی كە لەبەر دەركی سەرای سلێمانین، لە هەموو زانایانی ئایینی، پشتگیری لە هەرهەموویان دەكەم، لەبەر ئەوەی داخوازییەكانیان، داواكانیان ڕەوایە، خۆشمان وەكو ئەندامی پەرلەمان دەڵێین گەندەڵی هەیە، ناعەدالەتی هەیە، كۆمەڵێ كێشە و........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە پێشنیارت چیە؟ خوشكی من پێشنیارەكەت چیە؟ بۆ ئەوەی ئەو ئیشە چاك بكەین.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك خاڵی تر حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم لێرەوە، کە باس لە زانکۆی سەلاحەددین کرا، کە فوتابیانی پارتی لێرە دایخستووە، بە بێ پرسی حکومەت، بەڵام گوێم لە برادەرێك بوو وتی: لە سلێمانی بوو بە زۆر، ئەسڵەن خۆپێشاندان مافێکی سروشتی و ئاسایی هەموو هاووڵاتیەکە، ئەو خۆپیشاندانەی کە هاتۆتە سەر شەقام، تەنیا لایەنی ئۆپۆزسیۆن و تەنیا یەك لایەن نیە، بۆ دڵنیابوونتان ئێستا ئەو برادەرانەی کە ئێستا لێرە باسیان کرد، ئێمە بەرنامەی چاکسازیمان هەڵگرتبوو، ئەو بەرنامەیەی چاکسازییەی کە تۆ هەڵتگرتبوو نەتتوانی جێبەجێی بکەی، لەوانەیە ئەو جەماوەرەی کە دەنگی بە تۆ داوە، ئەورۆ دژی بڕیارەکان و دژی تۆ وەستاوەتەوە لەسەر جاددە، خۆ هەر ئەو جەماوەرە ئێمەی هێناوەتە پەرلەمان، هەر ئەو جەماوەرەشە متمانەمان لێ وەردەگرێتەوە، ئەوە بۆ دڵنیابوونی هەموومان، یەك خاڵی تر، ئەگەر ئێمە بمانەوێ بۆ هێور کردنەوەی ئەو زرووفەی، ئەو وەزعەی کە ئێستا لە کوردستان لە ئارادایە، بۆ هێور کردنەوەی خۆپیشاندان، لە پەرلەماندا ئەو لێژنە پەرلەمانییە بیتوانیایە یەکەم شت وتم ئەو بڕیارانەی کە ئەو حەڤدە خاڵییەی کە دەرچووە جێبەجێ بکرایە، ئەو کەسانەی کە دەعوایان قەید کردووە لەسەر ئەوانەی کە بە تەقەی ئەو کەسانەی کە تەقەیان لێ کراوە، ئە کەسانەی کە تەقەیان کردووە، بدرێنە دادگا، هەروەها ئەو کەسانەی کە گیراون، بەردرانایە، بەڵام تا ئێستا بۆمان ڕوون بۆوە تا ئەورۆش خەڵك هەبووە کە لە زینداندا بووە لەسەر خۆپیشاندان، ئەوانە بۆخۆی یەکێکن لەو خاڵانەی کە پێشێلی مافی هاووڵاتیانە، هەروەها جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕیارانەیە کە لەو پەرلەمانە، لە (23)ی مانگ، ئیتر چۆن متمانەمان هەبێ، ئیرادەیەك هەبێ لە ناو پەرلەمان دا بڵێین ئەو لێژنەیە، ئەو کارانە و ئەو داخوازییانە لە ناو پەرلەماندا دەبێ بێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، من دڵنیام ئەگەر بەو شێوەیە کار بکرێ لە پەرلەماندا، ناتوانرێت هیچ بڕیارێك و هیچ پرۆژەیەك و سەد لێژنەی واش دروست بکرێ، هیچ یەکێکی بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کێشەکان چارەسەر بکات، ئەگەر بەو ڕەوتە و بەو ڕێگایە کار لەسەر کارکردن بکرێ لە لێژنەکانی پەرلەماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێژنەی تایبەت کە چووە پێشنیارەکانی هێناوە، لە موداخەلەکانی زۆربەی ئێوەی بەڕێز بێ ئومێد بوونە، چونکە کەس پابەندی بەرنامەکە نابێت، لەسەر مەوزووعەکە قسە ناکات، ئەو پێشنیارانەی کە ئەو بۆ ئەو کارانە بکەن، ناکات، داوا دەکەم ئەگەر وا بڕوات جەلسەکە دوا دەخەین، نیە، ئەگەر وا بڕوات جەلسەکە دادەخرێت،.ڤیان عبدالرحیم، کەرەمکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من وێڕای دەستخۆشیم لە ئەندامانی لێژنەکە، چونکە بە ئەرکێك هەستاون کە لە خزمەتی هاووڵاتیانە بە دەرەجەی یەکەم، دووەمیش/ ئێمە دەبێ ئیعتراف بەوە بکەین کە ئەو حەڤدە خاڵەی کە پێشووتر دەرچوو تا ڕاددەیەکی زۆر نەتوانرا بچێتە بواری جێبەجێ کردن، یان ئەو هەدەفانەی کە تیایدا دیاری کرابوو، نەتوانرا بە تەواوەتی هەدەفەکان بپێکێ، لەبەر ئەوەی هەر لە دوای دەرچوونی حەڤدە خاڵەکە لەوانەیە زۆر لەوە زیاتر توند و تیژیەکان لە هەموو ناحیەکانەوە ڕوویدابێ، بۆیە من

دەمەوێ، ئێمە جگە لەوەی کە نوێنەری ئەو خەڵکەین کە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا دەنگی بە ئێمە داوە، بۆیە پێویستە گوێ لە داواکارییەکانیشیان بگرین، من دەمەوێ لێرەوە تیشك بخەمە سەر ئەو خاڵە لەیەکچووانەی کە لە وتەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پاشان لە داواکارییەکانی ئەو خەڵکانەی کە لەبەر دەرکی سەرا و لەسەرجەم شوێنەکانی تر کە داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، دەبێ ئێمە دان بەوە دابنێین کە هەردوو لایەن چەندین خاڵی لە یەکچووی تیایە، یەکێك لەوانە کە دانی نا بە مافی خۆپیشاندەران کە مافێکی سروشتییە، پاشان پشتیوانی خۆی بۆ گەنجەکان دووپات کردەوە کە گەنجەکان هەمیشە ئاییندە لەسەر دەستی ئەوان ڕۆشن دەبێتەوە، دوای ئەوە پشتیوانی بۆ حەڤدە خاڵەکە کردن دوای ئەوەش وتی: پێویستە هەر چ داواکارییەکی تر کە دەبێتە مایەی هێنانەدی بەرژەوەندی خەڵك و پاشان هاووڵاتیان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە داوای ژیانێکی خۆشتر و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بکەن، پێویستە بە زووترین کات ئێمە پەسندی بکەین و پشتگیری لێ بکەین، بۆیە پێویستە ئێمە لە چوارچێوەی هەموو ئەو خاڵە لێکچووانە دا، هەموو ئەو داواکارییانەی کە هاووڵاتیان پێشکەشی لیژنەکانیان کردووە، کە ئێمە گوێمان لێ بوو، خوێندرایەوە، بکرێتە چوارچێوەی بڕیارێکەوە، ئێمە بتوانین هەموو ئەو مافانە لە چوارچێوەی ئەو بڕیارانەدا جێبەجێ بکەین، چونکە ئەوە یەکێك دەبێ لە دەستکەوتە گەورەکان لە پەرلەمانی کوردستان کە بەدەست بێت بۆ هاووڵاتیان، پاشان یەکێك لە هەرە داواکارییە سەرەکییەکانی خەڵك ئەوەیە کە داوای یەکسانی و نەهێشتنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، واتا داوای عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، پێویستە ئێمە هەموو ئەو یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیانە لە چوارچێوەی یاساکان، واتا گۆڕانکاری لە یاساکان و پاشان چاو خشاندنەوە بەسەرجەم ئەو یاسایانەدا، ئەو عەدالەت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیانە بەدی بێنین کە لە چوارچێوەی یاساکاندا بۆیان بەدی دێت، هەم لە چاو خشاندنەوە بە دەستووری هەرێمی کوردستان، پاشان جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت و سەرجەم ئەو یاسایانەی تر کە ڕەهەندێکی نیشتمانی سیاسیان هەیە، بۆیە من لێرەوە دەمەوێ ڕووی دەم بکەمە سەرۆکایەتی هەرێم، پاشان سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت، ئەگەر نیەت و ئیرادەیەکی وا هەیە لە پشتەوە، کە بتوانرێ سەرجەم ئەو داواکارییانەی خەڵك بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، پاشان ئیرادە هەیە، یان نیەت هەیە بۆ چاکسازییەکی سەرتاسەری و نەهێشتنی گەندەڵی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پێویستە خاڵی شازدە کە باس لە زەمینەسازکردن دەکات، پێویستە بە زووترین کات ئێمە ئیشی لەسەر بکەین، چونکە بەڕاستی لەوە زیاتر لەوانەیە نە خۆشمان لەو تەحەموولەدا بین، نە خەڵکانیش، هاووڵاتیانیش، بۆیە بە بڕوای من ئێمە ناکرێ لەوە زیاتر هەم لە دانیشتنەکانی پەرلەمان تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە، هەم لە داواکارییەکانی شەقامیش، چونکە ئێمە هەموو ئەو داواکارییانەمان بە دەست گەیشتووە، خۆشمان ئیعتیراف بە بوونی نایەکسانی و گەندەڵی دەکەین، بۆیە پێویستە بگەینە بن بەست، گەیشتۆتە بن بەستیش، پێویستە لەوە زیاتر چاوەڕوان نەکەین، پێویستە بە تەواوەتی ئێمە ئەو ئیرادەیە یەکلایی بکەینەوە، ئایا نیەت هەیە بۆ چاکسازی؟ یان نیەت نیە؟ بە بڕوای من ئەگەر هەیە بە زووترین کات یەکلایی بکرێتەوە، ئەگەر نیەتیش نیە، پێویستە ئەو ڕێگایانەی تر کە متمانە سەندنەوەیە لە حکومەت و حکومەتێکی تر پێك بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو ئەو یاسایانەی کە

بوعدی نیشتمانیان هەیە بە شێوەیەکی نیشتمانی، یان بە شێوەیەکی تەوافوقی دابڕێژرێنەوە، بۆ ئەوەی زەمینە سازی بکرێ بۆ هەڵبژاردنێکی تر، بۆ ئەوەی لەلایەن متمانە دانی خەڵك بە حکومەت و پەرلەمان، بتوانێ جارێکی تر ئەو زەمینە سازییە یان ئە خۆشگوزەرانییەی کە هاووڵاتیان داوای دەکەن بۆیان بێنینە دی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عدنان عثمان، کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ڕاپۆرتی لێژنەکە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی تردا، لەگەڵ داخوازی خۆپیشاندەراندا، با بڵێین وەکو پاشکۆیەك لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی ئەواندا هاتووە، تا ئاستێك هەست دەکەی زۆر دەوڵەمەند نیە، من تەبعەن زۆر دەستخۆشیان لێ دەکەم، دڵخۆشیشم بەڕاستی بۆ ڕاپۆرتەکەیان، سەرباری ئەوەی وەکو تێبینیم کرد، زۆر دەوڵەمەند نیە، باس لە هەندێ وردەکاری ناکات، خۆی لە هەندێ وردەکاری نەداوە، لە هەندێ خاڵدا زۆر بە عمومیات قسە دەکات، بەڵام پێموایە لێژنەیەکی لەوچەشنەو لە بارودۆخێکی ئاوا، بەو تەکوینەیدا، حەتمەن ڕاپۆرتێکی مەوازیع دەردەچێت، بەو شێوەیە، ئەوەی کە من زۆر دڵخۆشم بە ڕاپۆرتەکە، بەڕاستی لەوەدایە کە لێژنەیەك پێی هەستاوە و ئەنجامی داوە، ڕاپۆرتێکی وایان نووسیوە، ڕاپۆرتێکی ئیجابی وایان نووسیوە، لە هەموو پێکهاتەکانی پەرلەمان، ئەوە شانازییەکی گەورەیە پێموابێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، پێموایە ئەوە نیشانەیەکە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەو جەنگەی ئێستا لە شەقامی کوردستان دا هەیە، جەنگی لایەنێك دژ بە لایەنێك نیە، جەنگی فراکسیۆنێك دژ بە فراکسیۆنێك نیە، جەنگی حیزبێك دژ بە حیزبێك نیە، چونکە ئەوەیە شەڕی ناوخۆ، ئەوەیە کارەسات، ئەوەیە مەئسات، ئەوەی کە هەیە لە کوردستان دا ئێستا، جەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بە هەموو تایفەکانیان، بە هەموو حیزبەکانیان، بە هەموو ئینسانە شەریفەکانیان، بە هەموو ئینسانە خەم خۆرەکانیان، دژ بە فیئەیەك کە ئامادە نیە بچێتە ژێر باری سیستەمەوە، ئامادە نیە بچێتە ژێرباری با بڵێین یاساوە، فیئەیەکی گەندەڵ کە مووشە خۆر، کە لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە، لەلایەن زۆربەی لایەنەکانەوە جێگای نەفرەتن، بۆیە دەبێ هەمووماں لەوە تێبگەین کە ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا دەگوزەرێت، بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم: ئەوە بە خۆشحاڵیشەوە کە هاوکاتە لەگەڵ ڕاپەرینی (91)ی کوردستاندا، پێموایە ئەوە ئیمتیدادە بۆ ڕاپەرینەکە، ڕاپەرینی (91) خاکی ڕزگار کرد، ڕاپەرینی ئێستا لەوانەیە مێشکمان و ویژدانمان و ئازادییەکی تر بێنێتە ئاراوە، ئەو هاوکاتیە لەوانەیە مەغزایەکی زۆر گەورەی هەبێ، بۆیە دەبێت ئێمە لە ئاستی ئەو واقیعە تازەیە دا بین، تێگەیشتنی ئێمە بەڕاستییەکەی لەوەی کە ئێمە لە کوردستاندا، یەعنی لە پەرلەمانی کوردستاندا فراکسیۆنێك بەرامبەر بە فراکسیۆنێك، لایەنێك بەرامبەر لایەنێك، لە شەقامیشدا دەبێت تێبگەین لەوەی کە شەڕ لە نێوان حیزبێك و حیزبێك نیە، گۆڕان دژ بە پارتی و پارتی دژ بە ئەوە،

یەكگرتوو دژ بە فلان نیە، ئەوە شەڕی وەك باسم كرد ئینسانەكانە، ئینسانە شەریفەكانە كە بە دوای ئایندەیەكی باشتر و ژیانێكی باشتردا دەگەڕێن، بەرامبەر بەو ناعەدالەتییەی لە كۆمەڵگامان هەیە، ئەوەی كە لە شەقامی كوردستان هەیە دەبێ هەموو تایفەكانی ئەوە بێت، پارتییەكان بن، یەكێتیەكان بن، ئیسلامییەكان بن، چەپەكان بن، ڕاستەكان بن، گۆڕانەكان بن، بەوەشەوە ئەو ڕاپەرینە تازەیە جوانتر دەبێت و باشتریش دەبێت، جێگای خۆشحاڵیشە پەرلەمانی كوردستان ئەوە دوو هەنگاوی ئیجابی دەنێت، هەنگاوی یەكەم لە ڕاستیدا حەقدە خاڵەكە بوو، دیارە من لەگەڵ هەندێ لە سەرنجەكانی كاك عبدالله و هاوكارەكانم لەسەر شێوازی تێپەڕاندنەكەی، یان با بڵێین فورسەتێكی باشتر دەدا، بە تایبەتی هەندێ خەلەلی تێدا بوو لەسەر میكانیزمەكەی، من بەش بە حاڵی خۆم وەكو عەدنان، حەقدە جاری تر بخرێتە دەنگدانەوە دەنگی پێ دەدەم، پێموایە كارێكی زۆر گەورەمان كرد، حەقدە خاڵێكی زۆر گرنگمان تەسبیت كرد لە تاریخی پەرلەمانمانـدا، ئیشمان لەسەر بە موئەسەساتی و تەشریع كردنی كۆمەڵێ شت كرد، هەنگاوی دووەم كە پێموایە هەنگاوێكی ئیجابییە ئەو لیژنەیە، ئەو لیژنەیەش كارێكی زۆر زۆر باشە، پێموایە ئەوەش خەباتەكەی ئێمە دەباتە ئاستێكی ترەوە، من پێمخۆشە هەمووومان، بە هەموو فراكسیۆنەكانەوە، بە هەموو ئەندام پەرلەمانەكانەوە وا سەیری پەرلەمان بكەین كە تا دوا چۆڕی كار لەسەر چاكسازی هەرێمەكەماندا، ئیش لەسەر چاكسازی لە هەرێمەكەماندا بێ، ئەگەر وا نەكات لە ڕاستیدا خودی پەرلەمانیش، من ئەو جارە وتم، ئێستاش سوورم لەسەر قسەی خۆم، حكومەتی هەرێم دوای ئەوەی كە كەناڵێكی ڕاگەیاندن لەبەر چاوی دەسووتێنرێ، دوای ئەوەی تەقە لە خۆپیشاندەران دەكرێ، دوای ئەوە شارێك خەڵتانی خوێن دەكرێ، دوای ئەوەی ئێستاش بەردەوام ئەو كارە نایاساییانە دەكرێ، دوای ئەوەی حەقدە خاڵەكەی ئێمە بە داخەوە زۆر لە برادەرەكان باسی ئەوەیان كرد كە زۆری جێبەجێ كراوە، كە زۆربەی زۆری نەك جێبەجێ نەكراوە، بەڵكە بە بەرچاوی هەمووومانەوە پێشێل كراوە، ئێستاش لە شاری كەلاردا سێ گەنجی شاری كەلار ناتوانن بەیەكەوە پیاسە بكەن، هێزێكی دەمامك لەسەر، نازانم لە كوێوە هاتووە، شەرعییەتی لە كوێوە هێناوە، جەنابت ئاگاداری، پەرلەمان ئاگادارە، سەرۆكی حكومەت ئاگاداری ئەو هێزانەیە؟ هەڵ دەكووتنە سەریان، بە دژ لە هەموو ئەو بڕیارانە كاری زۆر نایاسایی دەكەن، لە ئیهانە كردنیان، لە جنێودان، لە لێدانیان، لە تەعەهود سەندن، هەموو پێشێل كردنی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی كوردستانە، بەڵام وەك باسم كرد، پەرلەمانی كوردستان ئەگەر هەنگاوی جیددی تر نەنێ لە ئێستادا، خودی پەرلەمانەكەش لە ڕاستیدا دەكەوێتە ژێر گومانێكی زۆر گەورە، پرسیارێكی گەورەوە، ئەو هیوایەش كە ئێمە ئێستا دەمانەوێ بە نیاز پاكی و بە قەناعەت كردن بەیەكتر، هەنگاوی جیددی بنێین، ئەو هەنگاوانەش لەوانەیە تووشی ئیفلیجی بێت، بۆیە من پێموایە ئێستا بە ڕەئی خۆم پێموایە كاری ئەو لیژنە بەڕێزە تەواو بوو، دەستخۆشیان لێ بكرێت، ئیشێكی باشیان كردووە، بەتایبەتیش ئێمە ئێستا كۆمەڵێك لە داخوازییەكانی خەڵكی كوردستان و خۆپیشاندەران كە دەری دەخات، سەرباری هەموو قسەیەك بە خۆپیشاندەران وتراوە، لە هەر لایەنێكەوە بێت، دەری خستووە كە خۆپیشاندەران بە بەرچاوی خۆمان بینیمان كە ئەو هەموو داخوازییانە، داخوازی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانن، ساڵانێكی دوور و درێژە قسەی لەسەر دەكرێت، هەموو خاڵی زۆر گرنگن، بەڕاستی جێبەجێ كردنی ئەو خاڵە واقیعی كوردستان دەكاتە

هەرێمێکی بەهێزی خۆش گوزەران، ئەو خاڵانەی کە لە داخوازی خۆپیشاندەران، خاڵە جیاواز جیاوازەکان کە هەیە، ئەگەر لیژنەیەکی تری پەرلەمانی کە بڕیاری لەسەر بدەین، پێك بهێنرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ داخوازییەکانی شەقامدا بێتەوە، لەگەڵ ئەو داخوازییە ڕەوایانەیە کە بەشێوەیەکی سیاسیانەی زۆر ورد و جوان نووسراوە، ئەوە بتوانین تاوتوێی بکەین، بتوانین سەبغەیەکی تەشریعی یاسایی بەو داخوازییانە بدەین، لە چوارچێوەی کۆمەڵێ پرۆژەی بڕیار، یان پرۆژەی یاسا ئامادەی بکەین، پێموایە هەنگاوی یەکەمی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە ئێستادا ئەوەیە جارێکی تر لیژنەیەکی تر پێك بێنین بۆ تاوتوێ کردنی هەم ڕاپۆرتی لیژنەکە، پێشنیارەکانیان بە هەند وەربگیرێت، پێموایە پێشنیاری گرنگی تێدایە، هەمیش لە هەمان کاتدا داخوازی خۆپیشاندەران بە تەواوەتی پەرلەمانی کوردستان تەبەنی بکات، لیژنە یاساییەکان یان هەر لیژنەیەکی تایبەتمەندی تر بتوانێ کاری لەسەر بکات لە ڕووی تەشریعییەوە، خاڵێکی تر کە پێموایە زۆر گرنگە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان، من پێموایە پەرلەمانی کوردستان لەو ساتە وەختەدا کە ئێمە لە حاڵەتێکی زۆر ئیستیسنائی داین، لە حاڵەتێکی زۆر نائاسایی داین، خەڵکی کوردستان هاتۆتە سەر شەقامەکان، داواکارییەکی ڕەوایان هەیە، داواکاری هەر هەمووومانە، پێموایە دەبێ پەرلەمانی کوردستانیش واز لە کارە ئاساییەکانی خۆی بێنێت، ئەو کۆبوونەوە نائاساییانە لە ئێستادا بەردەوامی پێ بدەین، بەردەوامی پێ بدەین بەوەی کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دا چەند لیژنەیەك پێك بێنین، یان وەرشەی عەمەل پێك بێنین، بۆ ئەوەی بتوانین فریای ئەو داخوازییانە بکەوین، لە چوارچێوەیەکی قانونیدا دەری بکەین، دەکرێت ئێمە ئیش لەسەر ئەوە بکەین، لیژنەیەکمان هەبێ بۆ ئەوەی چۆن پەیڕەوی ناوخۆ تەعدیل بکەین، یان پەیڕەوێکی تازەمان هەبێ، چۆن پرۆژە یاسای خۆپیشاندانەکان، کە بینیمان چ عەیبی گەورەی تێدا هەیە، چۆن هەموو ڕۆژێ پێشێل دەکرێ، وەکو هاوکاران باسیان کرد، ئەوە جارێکی تر بکەین، پرۆژەی دەستوور جارێکی تر بێتە پەرلەمان، یەعنی دەکرێ چەند لیژنەیەکی پەرلەمانی لە ئێستادا پێك بێنین، کار لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانەدا بکات و ئیشی لەسەر بکرێت، من دەمەوێ ئەگەر ئیجازەم بدەیت، هەر لە چوارچیوەی ئەو بابەتەدا، قسە لەسەر ئەوە بکەم کە ئێمە باسمان لە میدیا کرد، باسمان لە میدیا کرد کە میدیاکان هەندێ جار بە بارگرژی کار دەکەن، لە ڕاستیدا لەوانەیە ئەوە پەیامی میدیا بێت، من خۆم ڕۆژنامەنووسێکم چەند ڕۆژنامەنووسێك لێرەیە واقیعەکان دەگێڕنەوە، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی (2/20) کارەساتێکی ڕۆشنبیری، شارستانی زۆر گەورە ڕوویدا لە شاری سلێمانیدا، ئەویش بە سووتاندنی لەبەر چاوی خەڵکەوە، دەزانرێ هێزەکە کێیە، من بە قەناعەتەوە دەیڵێم ئەو هێزەیە کە ئێستا حاکمە بە داخەوە لە مەنتیقەیە، بۆیەش داوام کرد سەرۆکی حکومەت وەکو ئیعتیبار بۆ کەرامەتی خۆی، بۆ کەرامەتی شارەکەشی دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەو کەناڵی نالیا سووتێنرا، پەرلەمانی کوردستان دەبێ هەنگاوی زۆر خێرا بنێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەناڵە، ناچار کردنی حکومەت بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەناڵەکە، بە زووترین کات هەوڵ بدرێت هەموو توانایەکی هونەری بخرێتە کار، بۆ ئەوەی ئەو کەناڵە دەست بە پەخشی خۆی بکات، من وەکو ڕۆژنامەنووسێك پێموایە ئەوە دەبێ یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستان بێت، بە جیددیش کار لەسەر ئەو

مەسەلەیە بکات، ئەوە ئیهانەیەکی گەورەی هەموو موئەسەسات و ئیهانەیەکی گەورەی هەموو باری ڕۆشنیری و هەموو مێژووی میللەتەکەمانە، هەموو ئەو قسە و باسانەی کە لەسەر ئازادی دەیکەین، من ئەگەر ئیجازەم بدەیت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی قسە لەسەر ئەوە کرا کە چەند ئەندام پەرلەمانێك ڕۆیشتۆتە ناو زانکۆ و حەرەمی زانکۆیان شکاندووە، من پێموایە ئەو ئەندام پەرلەمانانە هەموویان مامۆستای زانکۆ بوونە، یەکیان حاکمێکی ناوداری شارەکەیە، ڕۆیشتن بۆ زانکۆ، قسەکردن لەگەڵ خوێندکاراندا لەو ساتە وەختە، قسەکردن لەسەر ئەوەی بەردەوام بن لە خۆپیشاندان، من وەکو عەدنان عوسمان داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم بەردەوام بێ لەسەر خۆپیشاندانەکانی، ئەو خۆپیشاندانانە پەیامی ئازادییە، چوونە ماڵەوەیان بەڕاستی شکستێکی گەورە بە ئازادی دەدات، ئەو خۆپیشاندانە وای کرد کە پەرلەمانی کوردستان ئێستا بە هەست بە مەسوولیەتێکی زۆر گەورەوە قسە لەسەر ئەو کەسانە بکەین، ئێمە هەموومان دژ بە توند و تیژین، لەگەڵ ئەوەنین هیچ بارەگایەك بسووتێ، هیچ دام و دەزگایەکەی حیزبی، هیچ سەیارەیەك، هیچ هاووڵاتییەك، هیچ پۆلیسێکی ئەو وڵاتە خوێن لە پەنجەیەکیان بێت، بەڵام مەسەلەی خۆپیشاندان و خۆپیشاندانی ئازادانە کارێکی گرنگە، ئەو بەڕێزانەی ئێمە قسەیان وا بۆ خوێندکارانیان کردووە، نە حەرەمی زانکۆیان شکاندووە، نە هینیان کردووە، کە قسە لەسەر حەرەمی زانکۆ بکرێت، ئەی قسە لەسەر ئەوە نەکەین کە چۆن کەرامەتی گەنجەکان دەشکێنرێت، گەنجەکان ئیهانە دەکرێن، چۆن لە شاری کەلاردا ڕۆژانە لێدان هەیە، ئیهانە کردن هەیە، سجن کردن هەیە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان وا پێدەچێ ئێمە چاومان بەس لەسەر هەولێر و سلێمانی بێت، ئاگامان لەوە نەبێت لە گەرمیاندا ئێستا چ کارەساتێك هەیە، من وشەی قەتل و عامەکە بە کار ناهێنم، بەڵام لە ڕاستیدا بەربەرییەتێك ئێستا لە گەرمیان هەیە، ڕۆژانە ئێمە خەڵك پەیوەندیمان پێوە دەکات، تکایە پەرلەمانی کوردستان دەبێ هەڵوێست وەرگرێت، تکایە ئەو لێژنەیەی کە دروست کراوە بۆ سلێمانی، لێژنەیەکی تایبەتیش دروست بکرێ سەردانی گەرمیان و چەمچەماڵ و ناوچەکانی تر بکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە هەولێردا نزیك لە (70٪) لایەنگرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، لایەنگرەکانی ئێمە ئیختیفان، زۆربەی هەرە زۆریان لە سلێمانین، ئەوانەی من دۆستمن پەیوەندیان پێوە دەکەم لێرە نین، هەڕەشەیان لێ کراوە، ئیهانە کراون، چاویان لێ سوور کراوەتەوە، چەندین شتی تر، دووبارە بە چوار سەیارەوە، بە بەرچاوی ئاسایشەوە هێنراوە، ڕادیۆکەمان، تەلەفزیۆنەکەمان سووتێنراون، ئەوە دەبێ ئیجرائاتی لەسەر بکرێت، دەبێ لێژنەیەکی پەرلەمانیش لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لە هەولێر هەیە، بکات، بۆ ڕێگا نەدرێ لە هەولێر خۆپیشاندان بکرێ؟ خۆپیشاندانێکی هێمنانە، ئاشتیانە، خەڵك داخوازییەکانی خۆی بباتە پێشەوە، پێموایە داخوازییەکانی خەڵك بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەو شێوەیە دەربڕێت، ئەوە دەبێتە هۆکارێکی بە هێز، پاڵپشتێکی گەورە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ هەموو فراکسیۆنەکان، بۆ ئەوەی هەنگاوە چاکسازییەکانمان ببەینە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت دەستخۆش، ڕێزدار کاروان صالح، کەرەمکە.

**بەڕێز کاروان صالح أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەکانی من زۆری کرا، بەس من بەڕاستی دەمەوێ تەرکیز بکەمە سەر هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی کە لە بەدواداچوونی لیژنە تایبەتمەندەکە کە سوپاسم بۆیان، ڕێزم بۆ ئەو ڕنگاوڕەنگیەیان، بەڕاستی بەڕاستی شانازییان پێوە دەکەم، کە لەو پەرلەمانە تاقە لیژنەن کە توانیبێتیان کارێکی باش بکەن، من تەنانەت ئەگەر ئەوەندە سوپاسیشیان بکەم و دەستخۆشیان لێ بکەم، دوو تێبینی زۆر گەورەم هەیە حەزم دەکرد ئەوان ڕەچاویان بکردبا، یەکیان لەوە، لە ژێرچاودێری بەڕێزتەوە لیژنەی ناوخۆ بەر لە دروستبوونی ئەو لیژنەیە، دوای دروستبوونی ئەو لیژنەیە چەندین ڕاپۆرت و بەدواداچوون و چەندین دیکۆمێنت، هەروەها چەندین ناو و ژمارە و چەندین داتای پێ بوون کە دەتوانرا ئەو لیژنەیە سوودی لێ وەربگرێ، بە داخەوە سوودیان لێ وەرنەگرت، هیوادارم لەمەودوا سوودی لێ وەرگرن، ئەوە خاڵێکیان، خاڵی دووەمیان/ قەتیس کردنی کاری ئەو لیژنەیە تەنانەت لە سلێمانی وەکو ئەوەی کە لە شوێنەکانی تر هیچ ڕووی نەدابێ، ئەوە کارێکە بەڕاستی زۆر هەڵدەگرێ، حەز دەکەم کەمێکی لێ باس بکەم، لەبەر ئەوەی ئەوی تر برادەران و هەڤاڵان زۆر لەسەری ڕۆیشتن، هیواداریشم برادەرانیش ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرن، قبوڵی بکەن، من تەنانەت ئەو هەڵسەنگاندنەی خۆیان باسی دەکەن، ئەگەر ڕوخسەت بدەن، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، لە هەڵسەنگاندنەکەی خۆیان یەك: دەزگا ئەمنییەکان وەك پێویست هاوکار نەبوون، بەڵێنی دیاری کراویان نەدا بە لیژنەکە، ئەوە خاڵێکە خۆی لە خۆیدا پێویست دەکات ئەو لیژنەیە بڕیارێك بدا، لەو پەرلەمانە بڕیارێك بدرێ، دوو/ تا کاتی گەڕانەوەی لیژنەکان، پێشێلکاری خاڵی یەك بەدەوام بوو، بە تایبەت بە تەقە کردن لە خۆپیشاندەران، پەلاماردانی بارەگاکان، ئەوە جێگەی ئەوەیە کە ئەو پەرلەمانە تا بەیانیش لەو جەلسەیە هەڵنەستێ، بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئیجرائاتی ئانی و فەوری بکرێ، بەسە قسەکردن و وەسف کردن، ئەوها دەکەین، ئەوها دەکەین، لەسەر پشتی کیسەڵ نووسراو بنووسین پاش شەش مانگ وەڵامان بۆ بێتەوە، سێ/ بە گوتەی بەرپرسان هێزەکانی زێرەڤانی کە لە هەولێرەوە هاتبوون، گەڕاونەتەوە، بەڵام هێزە جوولە پێکراوەکانی تر بەشێکی ماونەتەوە، ئەو هێزانە بۆ پاراستنی دام و دەزگاکانی حکومەتن، نەك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆپیشاندەران و دیاری بوونی هێزی چەکدار هەستی پێ دەکرێت، من لە ئێوە دەپرسم، لیوای سێ لە کفرییەوە هاتۆتە کەلار، بۆ؟ چوارەم/ وێڕای سوپاس و دەستخۆشی بۆ پزیشکان و بەڕێوەبەران، ئایا بۆ وەزارەتی تەندروستی ئەو کەم تەرخەمیانەی کە ئێوە بەڕێزتان لە ئەدائی ئەو وەزارەتە کە ئیشارەتتان پێداوە، کە ئەوەش خاڵێکە لەو خاڵانەی کەوا ئەو وەزارەتە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە، ئیجرائات و لێپیچینەوەی بەڕێزتان چیە؟ پێنج/ پێشێلی بەردەوامی یاسای خۆپیشاندان هەبووە، چ لەلایەن بەشێك لە هێزەکانی پۆلیس، چ لەلایەن هەندێك لە خۆپیشاندەران، دەبوایە تەنانەت پێشێلکارییەکانی پۆلیس باس نەکەن، دبوایە ئەو لیژنەیە زۆر جەریئانە و ئازاتر باسی لەوە بکردبایە پێشێلکاری پرۆژە یاسای خۆپیشاندان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە، زێرەڤانی، دژە تیرۆر، پاراستن، زانیاری، هەروەها هێزی تر کە تا ئێستا نەناسراوە لە شەقامەکان خەڵك دەگرن، لەگەڵ ڕێزم بۆ کاری لیژنەکە کە زۆر زۆر دڵخۆشم بەوەی کە ئەو لیژنەیە هەیە، شەش/ خەڵك هەبوو گیراوە و تا

گەڕانەوەی لیژنەکە ئازاد نەکراوە، ڕێزم بۆ بەڕێزتان، ئەو پرسیارە وەڵامی لای کێیە؟ تکا دەکەم، حەز ناکەم بەڕاستی کەس موقاتەعەم بکات، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هیوادارم هۆشداری بدەیتە بەڕێزان.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن لیژنەکە، ئەوە لەبەرچاو بگرن، لیژنەی تەحقیقی نەبووە، لیژنەیەك بوونە، چوونە ڕەصدی وەزعەکەیان کردووە، جوابی خەڵکیان هێناوە، کەرەمکە.

**بەڕێز کاروان صالح أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم موقاتەعەم نەکەن، هێزەکانی ناوخۆ لە شێوەی پێشمەرگە دەرکەوتن، چونکە شوناس و باجی تایبەت و جلی تایبەت و جیاکەرەوەیان نەبوو، لەو حەڤدە خاڵەی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە (23)ی مانگ ئەو خاڵە تەسبیت کراوە، بۆ پێشێلکاری دەکرێ؟ کێ دەیکات؟ حەقە ئەو لیژنەیە دەستکاری دەستنیشانی ئەو لایەنە بکات کە پێشێلکاری دەکات، هەشت/ خاڵی ژمارە (9)ی بڕیارەکە کە پێشێل کراوە، خەڵك بە بێ بڕیاری دادگا دەستگیر کراوە، یاخود بە تۆمەتێك دەستگیر کراوە، کە ناچێتە ناو چوارچێوەی تاوانەوە، ئەوانە هەموو پێشێلکاری حەڤدە خاڵەکەی پەرلەمانی کوردستانن، بەڕێزان، ئەو لیژنەیەش دەبێ ئیقرار بەوە بکات، دەبێ بەدیلێك، چارەسەرێك ئا لەو پەرلەمانە دیاری بکرێت، بۆ ڕاکێشانی ئەو بەرپرسانەی کە زیادەڕۆیی دەکەن، ئەو وەزیرە پەیوەندیدارانەی کەوا تا ئێستاکە تەنها ئەرکی پرۆفێشناڵی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، تەنانەت بڕیاری حکومەت، من ئەوەندە دەڵێم ئەو حکومەتەی کە نەتوانێ خۆی و بارەگای حیزبەکان و هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران بپارێزێ، ئەو حکومەتە بۆ هەڵنەوەشێتەوە برادەرینە، نۆ/ خاڵی (8) لە بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە، ئەنجامدەرانی سووتاندنی کەناڵی نالیا و ڕادیۆ و TV گۆڕان دەستگیر نەکراون، کە نە شوناسیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان ناسراوە، زۆرمان لەسەرە بەڕێزینە، ئێمە تۆمەتبارانمان ئاشکرا کرد لیژنەی ناوخۆ بە شایەدی هەمووتان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاگادارە، خۆشی بەڕێزی ئاگاداری جیهاتی ئەمنی کرد، ئەمن ئەوە دەڵێم ئەگەر جیهەتێك تاوانێك بکات، لە شارێك بێتە شارێکی تر، کە ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ، دەستگای ئەمنی و ئاسایشەکان بکرێت، بە ئەو شەرتەی کە دیار بێ شوێنەکەی کوێیە، ئیجرائات نەکرێ، ئێمە هەمووман لەو پەرلەمانە، ئەو حکومەتە بەرپرسیار نیە لە دەربازبوونی ئەو تۆمەتبارانە؟ من لەگەڵ ڕێزم لە یازدە خاڵی هەڵسەنگاندنی لیژنە بەڕێزەکەتان یەك خاڵ نیە پێشێل نەکرابێ، یەك خاڵ نیە جێگای شك و گومانی بەڕێزتان نەبێ، لە شاری هەولێر من حەز دەکەم بەڕێزتان ئاگادار بکەمەوە، ئەگەر بگەڕابانەوە بۆ ڕاپۆرتەکانی لیژنەی ناوخۆ کە ئێستا لەبەردەمی بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە، کە من ڕاپۆرتێکی تایبەتم لەسەر ئەو وەزعەی شاری هەولێر و دەوروبەری پێشکەش لیژنەی ناوخۆ کردووە، لەلایەن هەر یازدە ئەندامی لیژنەی

ناوخۆوە تەبەنی کرا بە سوپاسەوە بۆ هەموویان، بۆ جهودیان، بۆ ماندوو بوونیان، کە زۆر هاوکاری یەکترمان کرد، بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لێرە ڕوویدابوون، بۆ کپ کردنەوە، بۆ هێورکردنەوە، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیێنێ لە شارێکی وەکو هەولێر هیچ نەکرابێ، من حەز دەکەم شتێکتان پێ بڵێم، ئێستا ئەو شەو، هەر ئێستا پێشی دوو سەعات پێش ئێستا لەسەر خوتبەی ئەوڕۆ مەلا بەهرام ئیبراهیم، ئیمام و خەتیبی گوندی ئسوومەریان لە ڕۆژئاوای هەولێر، دوانزە سەعاتی بۆ دانراوە، لەلایەن ئاسایش و لایەنێکی سیاسییەوە کە گوندەکە بە جێ بێڵێ، من لەگەڵ ئەوە نیم هیچ کەسێك درێژ دادڕی بکات، پێشێلکاری یاسایی بکات، بەڵام دەبێ یاسا سەروەر بێ، یاسا لێپێچینەوە لەگەڵ هەر هاووڵاتییەك بکات، ئەگەر درێژدادڕی کرد، یان پێشێلکاری یاسایی کرد، نەك حیزب و ئاسایش، دوانزە سەعات ئەو مەلایە دەبێ چۆڵی بکات، ئەی ئەگەر چۆڵی نەکرد بۆ کوێ بچێت؟ ئەگەر ئەو شەو شەهیدیان کرد بۆ کوێ بچێت؟ کێ بەرپرسیارە لەو وەزعە، خوێندکارێکی زانکۆ، بیست هەزار خوێندکاری زانکۆی سەڵاحەددین بە بێ پرسی وەزارەت و حکومەت، لەلایەن ڕێکخراوی قوتابیانەوە بنێردرێنەوە ماڵەوە، کێ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە؟ کێ بەرپرسیارە لەو وڵاتە؟ من پێتان بڵێم بە حزووری هەر هەمووتان، لەگەڵ ئەوەم کە قەترەیەك لەخوێنی دوور لە ڕووی بەشەر لەو وڵاتە، هی تەیرێکیش لەو وڵاتە نەڕژێ، بەڵام ستەم و زۆرداری هەیە لەو وڵاتە، گەندەڵی هەیە لەو وڵاتە، هەموومان باسی هەموو شتەکانمان کرد، لە هەموو سەرۆکایەتییەکانی ئەو هەرێمە بەڕێزە پشت ڕاست کرایەوە کە نا دادپەروەری هەیە، دەست تێوەردانی حیزبی هەیە، پشت ڕاست کرایەوە کە بەڵێ هەرچی کە لە هاواری خۆپیشاندەرانەوە هاتۆتە بەردەمی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەوە هەمووی ڕاستە و ڕوویداوە، لەو هەولێرە خەڵك لە ناو دڵی خۆی، لە ناو ماڵەکەی خۆی مانی گرتووە و خۆپیشاندان دەکات، کە ڕێگای نادرێ خۆپیشاندان بکات، ئەوەی کە نیازی ئەوە بێ بەس بڵێ نا بۆ گەندەڵی، بەڕێزان لەلایەن هێزێکی چەکداری مەدەنییەوە دەبردرێ بۆ ژوورە تاریکەکان، ئەشکەنجە دەدرێ، کەسێك نیە بڵێ کێ وای لێ کردی؟ بۆ وای لێ کردی؟ من شایەدی بۆ لێژنەکەمان دەدەم، کە سەرۆکی لێژنەم، زۆربەی ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ لێرەن، پەیوەندیمان بە بەرپرسی پۆلیسی هەولێر کرد، فلان و فلانت بۆ گرتووە؟ وتی: وەڵڵا هیچ هەروەها، سێ، چوار سەعات هەروەها، بە بێ بڕیاری دادگا ئەوە نایاسایی نیە بەڕێوەبەرێکی پۆلیس، هەڵسووراو، لایەنێکی مۆڵەت پێ دراو، لەلای خۆی سێ، چوار سەعات گلێ بداتەوە؟ بە بێ ئەوەی بڕیاری دادگای لابێ، پۆلیس لە ئەرکی خۆی دەرچووە، ئاسایش لێی دەپرسی دەڵێی سێ شەوە خەڵك ڕفێنراوە بە سەیارەی بێ ژمارە، جەنابی بەڕێوەبەری ئاسایش ئەوانە لای تۆن، یان لای تۆ نین، سۆراغمان بۆ بکەن دەڵێ: نەخێر لای من نین، بێ ئاگایی پێشان دەدا، ئەوانە جێی ئەوە نیە لەو پەرلەمانە بانگ بکرێنە ئێرە، ئەو لێژنە تایبەتمەندە بانگیان بکات، ئەو پەرلەمانە بەڕێزە متمانە لەو کەسانە بسەنرێتەوە کەوا بە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان هەڵنەستاون، لایەنگیریان بۆ لایەك، یان بۆ چەند لایەك کردووە، من دێمەوە سەر خاڵێکی تر بەڕێزان، ئەگەر ئێوە ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کە لێرە ئەوڕۆ هەموومان بە دڵی خۆمان قسەمان کرد، دوو جاریشە لە کۆبوونەوەی نائاسایی زۆر قسەی ڕاشکاومان کردووە کە لە مێژووی ئەو پەرلەمانە لە خولی سێ نەوعییەتی نەبووە، من شانازی دەکەم، زۆریشم پێ خۆشە کە پەرلەمان بەو شێوازە، بەو شێوە

بەرنامەیەدا بەردەوام بێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەر کەسێك لە نییەتەکانی خۆی، لە گلەییەکانی خۆی، لە کەف و کوڵی ناو دڵ و دەروونی خۆی، خۆی بەتاڵ کردەوە دڵنیا بن لەوە دەبێ، بەڵام تۆ داوا لە من دەکەی پەیامی هێورکردنەوەت لەمن دەوێ، داوا لە خۆپیشاندەر دەکەیت بچێتەماڵەوە، لە حاڵەتێك کە تۆ ناتوانی داخوازی کەمترین لایەنی کەمی داخوازییەکانی بۆ جێبەجێ بکەی، کێ بەرپرسیارە لەوەی کە تۆ تاقە ئومێدێکت نیە بۆ هاووڵاتیان؟ بە خەڵك دەڵێی نەء، من دەڵێم خەڵکی هەولێر و دهۆك و زاخۆ نارەزایی و دڵتەنگی و داواکاری کەمتریان لە سلێمانی نییە، من پشت ئەستوورم بە داخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری کە هەمان داخوازی هەموو هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوەی هەر سێ سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو داخوازییەیان پشت ڕاست کردۆتەوە کە ڕاستە، وە لامیان داونەتەوە، تەنانەت ماوەی یەك شت شەرم لە ڕووی خۆمان لاببەین، ئەو دیوارە بڕمێنین، قۆناغێکی تازەیە، دەبێ ئیجرائات بکەین، هەر حیزبێك، هەر لایەنێك، دەست درێژی کردۆتە سەر هاووڵاتی، خوێنی هاووڵاتی ڕشتووە، هاووڵاتی ئەزیەت داوە، بە بێ بڕیاری دادگا خەڵکی ڕاکێشاوەتە ناو زیندانەکان، بە پێی بڕیاری ئەو پەرلەمانە بەڕێزە، دەبێ متمانەی لێ بسەنرێتەوە، دەبێ لە شوێنی خۆی لاببردرێت، دەبێ هەموومان بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە نییەتێك هەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەگەر نییەت ئاوهایە لەو پەرلەمانە کە هەموومان چاودێری حکومەتین، بەشێکمان ببین بە مەحامی حکومەت، بەشێکیشمان ببین بە موعارەزە و ئیتیهام بکرێین بەوەی کە ئێمە شەقام دەجوولێنین، ناهەقی نیە، نارەواییش نیە ئێمە لە شەقام بین، لەبەر ئەوەی دەسەڵات و هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بەرپرسن لە هەموو شتەکانی لەو هەرێمەدا ڕوویداوە، بۆیە دەبێ بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن، داواکاریشم ئەو زوڵم و ستەمە لەسەر خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری هەڵبگیرێ، داواکارم شوێنێکیان بۆ دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی لەو شوێنە تەعبیر لە ڕەئی و ئیرادەی خۆیان بکەن، جومعەی شادی ئیشارەتێکی زۆر خەتەرناك بوو، خەڵکی شاری هەولێری ئەوەندە دڵ نیگەران کرد، ئەوەندە ئیستیفزاز کرد، دڵنیاتان دەکەمەوە پاش جومعەی شادی لە هەولێر، خەڵکی هەولێر تووڕەترە لە جاران، چونکە من کە نەتوانم بە پیر شیری منداڵێکی شیرەخۆرەوە بچم، بۆ دەرمانێکی پیرەمێردێك نەتوانم پەنجە لەسەر برینەکان دابنێم، نەتوانم دیفاع لە گەنجێك، لاوێکی ئەشکەنجەدراو بکەم کە بە بێ دادگا گیراوە، کە بەبێ دادگا تۆمەتی نارەوای بۆ دروست کراوە، کە لێژنەی ناوخۆ هەر هەموومان مەوجوودین، هیچ لایەنێك نەیتوانیوە بە ئاگایی خۆی نیشان بکات لەوەی کە پاش سێ شەو و سێ ڕۆژ ئینجا دەردەکەوێ لای ئاسایشە، دواتر تەسلیمی پۆلیس دەکرێ، دوایی پۆلیس، من تا هەشت و نیوی شەو لە بەیانییەوە کە لەو پەرلەمانەمە، تا هەشت و نیوی شەو ئەو برادەرانە ئاگادارن، ئاواز خانم لەگەڵ بووە، کە لە مەرکەزی شورتە چاوەڕێی ئەوەم کردووە ئەو زیندانیانە بەرێ بکرێن، بۆ ئەوەی بە هێوری ڕەوانەی ماڵەوەیان بکەن، دوو قسەی خۆشیان لەگەڵ بکەین، کەچی لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسەوە تەهدید کراون، نابێ بچنە لای ئەو ئەندام پەرلەمانە، یەك یەکیش دەری هێناون، یەك یەك بۆ ماڵەوەی بردن، بۆ نیوچەوانی شینیان کەس ناتوانێ بیشارێتەوە چیت لێ کردووە، پشتی بە برینیان، ئەو هەموو تەهدید و ئەو هەموو تۆمەتە باتڵەی کە بۆی دروست کردوون، من لەبەردەمی بەڕێزتانەوە دەڵێم، دەبێ دەست بەجێ، دەبێ ئەو پەرلەمانە

پشوو نەدا، دەستبەجێ بەرپرسانی زێدەڕۆیی، ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیان ئەوانەی خوێن و ئارەقە و فرمێسکی خەڵکیان ڕشتووە، دەبێت بێن لەبەردەمی ئەو پەرلەمانە ڕیسوا بکرێن، متمانەیان لێ بسەنرێتەوە، سزای خۆیان وەربگرن، بگۆڕدرێ بە خەڵکی بێ لایەنی پیشەیی کە هەموومان بە پارێزەری سەر و سامانی خۆمان لەو شارە بزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار نەسرین جەمال، کەرەمکە.

**بەڕێز نسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە خاڵ سێی داواکارییە بنەڕەتی و ستراتیژییەکانەوە دەست پێ دەکەم، کە ئەویش تایبەتە بە جێ بەجێ کردنی حەڤدە بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان، کە لە شەوی (23) لەسەر (24)دا هەموومان پابەند بووین بەو حەڤدە خاڵەوە، بە داخەوە جێبەجێ کردنی ئەو حەڤدە خاڵە تەنها و تەنها خاڵی حەڤدە جێبەجێ کرا، کە ئەویش لێژنەکەی پەرلەمان بوو، دەستخۆشیان لێ دەکەم، کە بەڕاستی زۆر ماندوو بوون، خاڵەکانی تر، سەرجەم شانزە خاڵەکەی تری هیچ پابەندییەکی پێوە نەبووە، سەبەبی ئەوەی کە حکومەت نەیتوانیوە ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات، سەبەبی ڕەئیسی ئەوەی یەکەم کە کاتی بۆ دانەنراوە، دووەم/ چۆنیەتی، یەعنی میکانیزمی جێبەجێ کردنی بڕیارەکان دەستنیشان نەکراوە، ئەوە دوو خەلەلی گەورەیە لەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون، دیارە من لەسەر چەند خاڵێکی ئەو بڕیارانە قسە دەکەم، نموونەشم هەیە لەسەریان کە لەوێ باسی بکەم، لە بڕیاری ژمارە دوو کە باسی کشانەوەی دەستبەجێی سەرجەم هێزە جوولە پێکراوەکان دەکات، بە داخەوە ئەو هێزە جوولە پێکراوانە تا ئێستا لە سنوورەکانی سلێمانیدا هەیە، نموونەشمان هەیە، دیارە هەر وەکو کاک کاروان باسی کرد، باسی هێزەکانی سەر بە لیوای سێی هەرێمی کرد، ئەوە تاوەکو ئێستا لە سنووری کەلاردایە، هێزەکانی زێرەڤانی کە ئێستا حالیەن لە مەقەری ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە گەڕەکی ئاشتی، لە نزیك مەکتەبی بڵند، کە ئێستا هەم بە سەرپەرشتی فارس نەورۆڵی، یەعنی ئەوە نموونەیەکی بچووکە کە تا ئێستا ئەو هێزانە لەو سنوورە ماون و بەردەوامیشن، لەسەر بڕگەی پێنج، باسی پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەران دەکات، دیارە هەموو خاڵەکانی تریش ئیلتیزامی پێوە نەکراوە، بەڵام ئەوەی کە من تەرکیز دەکەمە سەری ئەو خاڵانەیە، کە باسی هێزە پارێزگارەکانە کە ئاشکرا بن و دەمامکیان نەبێ، بە سەیارەی جام ڕەشەوە هاتووچۆ نەکەن بە ناو خەڵکدا، بە داخەوە هەر ئەوڕۆ سەعات (8)ی ئێوارە لە ناو کەلاردا گەورەترین هێزی دەمامکدار بە سەیارەی جام ڕەشەوە لە ناو کەلاردا بڵاوکراوەتەوە، کە کەس نازانێ ئەو هێزانە کێن و سەر بە چ لایەنێکن، دیارە لەسەر بڕیاری (9)، من بڕیاری (9) دەخەمە ئەخیرەوە، لەسەر بڕیاری ژمارە (10) باسی جوولاندنی هێزی سەربازی دەکات، دیارە ئەو خاڵەشمان زۆر باس

کردووە، نەك تەنها ئەوەندەی کە پۆلیش و ئاسایش و دژە تیرۆر و ئەوانە، تەنانەت هێزەکانی پۆلیسی دارستان کە ئەوە ئەرکی سەر شانیانە، کە پاسەوانی دارستانەکانی کوردستان بکەن، ئەوانەش تاکو ئێستا لە ئینزاردان و لە شاری سلێمانیدا وجوودیان هەیە، لەسەر بڕیاری ژمارە (11) دەستبەجێ ئەنجامدەرانی سووتاندنی کەناڵی نالیا و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گۆڕان، من وەکو خۆم دەستخۆشی لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە پێشنیاری ئەوەی کرد کە دادوەری گشتی دەعوا قەید بکات بۆ کەناڵی نالیا، من دەستخۆشی لێ دەکەم، بەڵام لێرەشەوە داوا دەکەم کە بەڕاستی دادوەری گشتی دەعوای قەید کردووە لەسەر بەرپرسی لقی چوار، چونکە دیارە دەستپێکی تەقەکان و دەستپێکی کارەساتەکە و دەستپێکی خوێن ڕشتنەکە لەوەوە دەستی پێ کردووە، بۆیە پێویست بەوە دەکات برادەرانی پارتی مادام ئەو دەعوایانەی لەسەر ئەو هاوڕێیانەیان هەیە، با ئەو برادەرەش تەسلیم بە یاسا بکەن، بۆ ئەوەی کێشەکان ئەهوەن تر بێتەوە، خەڵك بەرچاوی ڕوون بێ، دیارە کە باسی ڕێو شوێنی یاسایی دەکرێ، ئەوە ڕێو شوێنە یاساییەکانە تاوەکو ئەگەر یاسا سەروەر نەبێت، ئەگەر ئەوانەی کە داواکراون لە دادگا نەدرێ بە دادگا، ئیتر دەبێ چۆن چارەسەری کێشەکان بکرێ؟ لە بڕیاری ژمارە (14) هەموو لایەك کار بۆ هێورکردنەوەی بارو دۆخەکە و ڕاگرتنی هێرشی ڕاگەیاندن بکات، بەڕێزینە ئەوە خاڵێکی زۆر ئەساسیە، بەڵام هیچ کەسێ لە ئێمە ناتوانێت بە تەنها لایەنێك، بە تەنها کەناڵێك، بە تەنها ڕادیۆیەك، بە تەنها جەریدەیەك تۆمەتبار بکات، هەموو کەناڵە ئیعلامییەکان تا وەکو ئێستاش بەردەوامن لە هەموو جۆرە قسەکردنێك دا، من خۆم دوێنێ دانیشتم بەرامبەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنیەوە، کەناڵێکی سەتەلایتەوە، یەکێك لە موزیعەکان دەڵێ، لایەنێ: تاوانبار دەکات، دەڵێ: با ئەو لایەنە بڕۆن خۆیان پاك بکەنەوە ئینجا بێنە ناو ڕیزەکانی گەلەوە، بەڕاستی نازانم خۆ پاك کردنەوە لە چی؟ یەعنی دەبێ چ تاوانێکیان کردبێ، ئایا تاوانی نیشتمانیان کردووە؟ نەتەوەییان کردووە؟ یەعنی دەبێ تاوانێکی زۆر گەورەیان کردبێ، ئەوان خۆیان پاك بکەنەوە، یەعنی بۆ ئەو کەسە نەڵێ کەناڵەکەی من ئەوەی نەکردووە، ئەوە ئەوەی کرد، هەموو کەناڵەکان تا ئێستا بە بەردەوامی حەملەی ئیعلامی خۆیان دەکەن و دژی یەکتری قسە دەکەن، خاڵی پانزەهەم، بانگهێشت کردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە، بە داخەوە ئەوە کارێکی هێندە قورس و گران نەبوو کە پەرلەمان ئەگەر بهاتایە لەو حەفتەیە بەرنامەی دابنایە، ئەو بەڕێزانە بهاتبانەتە پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی کە ئێمە تاوانباریان دەکەین بەوەی کە دەسەڵاتەکانی خۆیان، لە دەسەڵاتەکانی خۆیانەوە دەرچوون، یان نەیانتوانیوە بە دەم پێشوازییەکانی خەڵکەوە بڕۆن، با بهاتنایە دیفاعیان لە خۆیان بکردایە، حکومەت حکومەتێکی حیزبیە، هەتا ئەو حکومەتە حیزبیە هەبێ، لە ڕاستیدا برادەرینە چاوەڕوانی هیچ چاکسازییەکی ڕیشەیی ناکرێت، حکومەتێك، سەرۆکی حکومەتەکەمان دەبێ لە قسەی حیزبەکان دەرنەچێ، وەزیری ناوخۆ نەیێتە پەرلەمانەوە، وەزیری پێشمەرگە نەیێتە پەرلەمانەوە، وەزیری خوێندنی باڵا نەتوانێ تاوەکو ئێستا ڕەئیەکی نەبووە لەسەر داخستنی جامیعەی سەلاحەددین، وەزیری ڕۆشنبیری نەیتوانی بێ بپرسێتەوە لەو تەعەدایەی کە لە ڕۆژنامەنووسان کراوە، ئەوە شەلەلە و لە ناو ئەو حکومەتەی ئێمەدا هەیە، بۆیە پێویست بەوە دەکات چیتر ئەو حکومەتە بەو مەشلوولییە نەمێنێتەوە، بانگیان بکەن، یان ئەوانە متمانەیان لێ وەرگیرێتەوە، یان بەڕاستی دەبێ ئەو حکومەتە هەڵبوەشێنرێتەوە،

حكومەتێكی ئینتیقالی تێكنۆكرات دروست بكرێ، ئێمە وەكو هەرێمی كوردستان سوود لەوە دەبینین، من ئەخیر خاڵم كە باسی بكەم، لەگەڵ یەك پێشنیارم بۆ ئەو لێژنە بەڕێزە، دیارە ئەو لێژنە بەڕێزە (9) خاڵی سەرەكییان تەسبیت كردووە، ئەو (9) خاڵە پێویست بەوە دەكات پیداچوونەوەیەكی پێدا بكەن، كۆمەڵێ تەعدیلات هەیە بەڕاستی تیای دەكەن، چونكەئەو نۆ خاڵە زۆر لە داخوازییەكانی جەماوەری تیا نیە، بۆیە پێویست بەوە دەكات سەر لە نوێ داڕشتنەوەیەكی تری بۆ بكەن، پێداچوونەوە بەو خاڵانە بكەن كە زەرووره تیادا بێ، ئەو خەڵكە چاوەڕوانی ئەو پەرلەمانە دەكات، چاوەڕوانی پەرلەمان دەكات بزانێ ئایا پەرلەمان چی بۆ دەكات؟ چۆن پشتیوانی دەكات، پەرلەمان چۆن زەغت دەخاتە سەر حكومەت كە بڵێ فەرموو ئەوە داواكارییەكانی خەڵك، فەرموو بڕۆ جێبەجێی بكە، زۆرینەی ئەو داواكارییانەی كە خەڵك داوای كردووە، برادەرینە ئەوە نیە كە جێبەجێ نەكرێ، ڕاستە هەمانە هەنووكەییە، با ئێمە لەوە دەست پێ بكەین، حكومەتی هەرێمی كوردستان لەوە دەست پێ بكات كە شتە هەنووكەییەكانیان بۆ جێبەجێ بكات، ئەخیر خاڵ كە ئاماژەی پێ بدەم، خاڵی نۆیەم نابێ بە بێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپیشاندەرێك بە هۆی بەشداری كردنی لە خۆپیشاندانەكان دەستگیر بكرێ، بە داخەوە ئەو حاڵەتانە بەردەوامە، بەردەوامە و (لا یزال) هەیە، بەڕاستی كارەساتیشە كە ئەندامێكی دەزگای تەشریعی شەرعییەت بدا بە گرتنی خۆ پێشاندەران بە بێ پرسی دادگا، ئەوە قابیلی قبوڵ نیە بەڕاستی، چونكە ئەگەر دادگا قەرار بدا ئەو كەسە بگیرێ، كە چووە بەردەمی دادگایەكی واقیعی، ئەو كاتە دەزانێ ئەو كەسە بێ تاوانە یان تاوانبارە، نەك ئەوەی كە كابرا بە قۆڵ بەستی دەگیرێت، كاتێ كە بەرەڵای دەكەن بە هەزار واستە و ئەو سەر و ئەو سەر كە بەرەڵای دەكەن، بەڕاستی نیوە عومر بووە، نە سەری ماوە، نە چاوی ماوە، نە دەستی ماوە، بۆیە داوای ئەوە دەكەن بەڕاستی چیتر خەڵك بە بێ پرسی دادگا نەگیرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەس ئەوانەی دەگیرێن ئەگەر ئیسباتی كرد بە بێ دادگایە حەز دەكەین بەڵگە بهێنی بۆ لێژنەی ناوخۆ بۆ ئەوەی بەدواداچوون بكات، چونكە ئەوانەی لە هەولێر گیرابوون و كە بەردران، كاك شێردڵ تەكلیف كرا، وامانزانی بێ بەڵگەیە، بێ داداگایە، بەس ئەمری دادگایان هەبوو، هەر بۆ ئاگاداری جەنابت، ڕێزدار عەونی بەزاز، كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لەكارو ماندوو بوونی لیژنەی پەرلەمانی كوردستان دەكەم، كە بە ئەركەكەیان هەڵستان، بەڕاستی توانیان بڕیارەكەی پەرلەمان و ئەركی سەرشانیان جێ بەجێ بكەن بە مەبەستی بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازی و داواكاری خۆپیشاندەران، گەیاندنەوەیان بۆ پەرلەمان و بۆ بەدواداچوون و جێ بەجێ كردن، لە هەمان كاتدا پشتیوانی لە داواكارییەكانی ڕەوایی و یاسایی خۆپیشاندەران دەكەم، چونكە لای هەموومان ئاشكرایە، كەوا خۆپیشاندان و ڕێپێوان مافێكی دەستووری و یاسایی و سروشتییە بۆ هەر كەسێك، بۆ مەبەستی گەیاندنی گلەیی و گازاندەو ناڕەزاییان لە كارەكانی دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان و، دەبێت بەشێوەیەكی

شارستانیانه و هێمنانه، دوور له توندوتیژی و له چوارچێوەی یاسادا بێت، تێبینی ئەوە دەکەین کەوا تێکەڵاویەك هەیە لە داواكارییەكان، بەشێكیان سیاسین، بەشێكی تریش یاسایین، یان داراییـنە یان داواكاری كۆمەڵایەتیە، تایبەتە بە كەسێك، یان چین و توێژێك، هەروەها دەبێت لەلامان مەعلوم بێت، كەوا بەشێك لە داخوازییەكان پەیوەستە بە پەرلەمان، بەشێكی تریان پەیوەستە بە دەسەڵاتی جێ بەجێ كـردن و، دەسـەڵاتی دادوەری و، دەسـەڵاتی چـوارەم، واتـا راگەیانـدن و میـدیاكان، وا دیـارە داواكارییەكان زۆر بوون، بۆیە بەم شێوەیە تێكەڵ كـران، بۆیە پێشنیار دەكەم كەوا بە وردی زیاتر پۆلین بكرێن و جیا بكرێنەوە، تاكو بە ئاسانی ئیشیان لەسەر بكرێت.

بەپێی بنەمای جیا كردنەوەی دەسەڵاتەكان، واتا (مبدأ الفصل بين السلطات)، دەبێت بـە وردی مامەڵـە لەگەڵ داواكارییەكان بكرێت، لەلایـەنی یاسـاییەوە، نـەوەك تووشـی هەڵەیـەكی یاسایی ببین، كاتی كار كردنمان لەسەر داواكارییەكان، داوا كراوە لە دادگایی كردنی هەموو ئەوانەی كەوا دەستیان هـەبووە لـە شەهید كردن و بریندار كردنـی خۆپیشاندەران و خستنەڕووی ئـەنجامی لێكۆڵینـەوەكانی دادگاو بـڵاو كردنـەوەی لـە راگەیاندنەكانـدا، بـە تەئكیـد دادگاكـان بـە واجـبی خۆیـان هەڵدەسـتن، دەبێـت یاسـا كارپێكراوەكان لە كوردستان جێ بەجێ بكرێن، لەوانەش یاسای سزاكان و، بـۆ قـەرەبوو كردنـەوەی ئـەو كەسانەی كە بە ناحەق گیراون، یاسای ژمارە (15)ی رۆژی 2010/11/23 لە پەرلـەمان دەرچـوو و، رێنماییەكانی ژمارە (1)ی ساڵی 2011 كە لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری دەركرا، سەبارەت بە قەرەبوو كردنـەوەی هـەموو ئـەو كەسـانەی كـە دەگیرێـن بـەبێ پاسـاوی یاسـایی، یـان بـە ناهـەق، ئەوانـە مافیـان پارێزراوە دەتوانن قەرەبوو وەربگرن.

بەشێك لە داواكارییەكان پەیوەسـتن بـە ئەنجامـەكانی لێكۆڵینـەوەو بڕیارەكـانی دادگاكـان، سـەبارەت بـە دامەزرانـدنی دادگـای ئیـداری لەسـەرجەم شـارەكانی دیكـەی هـەرێمی كوردسـتان، كـە لـە راپۆرتەكانـدا هاتبوو، بەشێوەیەك كە سەر بە دەسەڵاتی دادوەری بن، نەك حكومەت، دەمەوێت بڵێم ماددەی (12) لە یاسـای ژمـارە (14)ی سـاڵی 2008 یاسـای ئەنجومـەنی شـورای هـەرێمی كوردسـتان چارەسـەری ئـەوەی كردووە، دەبێت ئینتیـدابی دادوەر كـە داوا دەكرێـت لـە لایـەن ئەنجومـەنی شـورا، ئەنجومـەنی دادوەری دەست نیشانی دەكات و بڕیـاری لەسـەر دەدات، واتـا دادوەر سـەر بـە دەسـەڵاتی ئەنجومـەنی دادوەرییـە، نەك بە وەزیری داد.

بەشێك لە قسەكان لەسەر ئەوە بوو كەوا متمانە لە حكومەت وەربگیرێت، پرسیار دەكەم لەو لایەنانـەی كە داوا دەكەن متمانە لە حكومەت وەربگیرێت، ئایا ئەوانە كە داوا دەكەن حكومەت هەڵبوەشێتەوە، ئایا رێكاری یاساییان ئەنجام داوە بۆ متمانە وەرگرتن لە حكومـەت، یـان لـە وەزیرێـك بـەپێی یاسا؟ چونكە یاسـای پەرلـەمانی كوردسـتان ژمـارە (1)ی سـاڵی 1993ی هـەموار كـراو، بەتایبـەتی مـاددەی (54)ی یاساكە باس لەو حاڵەتە دەكات، پرسیارەكەم ئاراستەی ئەو لایەنانە دەكەم، ئایا ئـەو رێكارە یاساییەیان كردووە؟ ئەو داواكارییەیان تەقدیم كردووە؟ هەتا پەرلەمان بتوانێت كاری لەسەر بكات و بڕیاری خۆی لەسەر بـدات، وا دیـارە بـە داخـەوە، ئێمـە نامانـەوێت یاسـا سـەروەر بێـت، كـار بـە یاسـاكانی كوردسـتان بكرێت، دائیمەن مەبەستمان ئەوەیە یاسا پێشێل بكرێت، وا دیارە كۆمەڵێك كار كراوەو یاساكان پێشێل كراوە، كۆمەڵێك لەم بابەتانە كە پەیوەستن بە پەرلەمان دەبێت ڕوون بێـت بـۆ هـەمووان، كـەوا دانـانی

یاسای نوێ، یان هەموار کردنی یاسایەك، یان گۆڕانکارییەك لە هەر یاسایەك بە ڕێگاکانی یاسایی داوا بکرێت، واتا پرۆژە بەو شێوەیەیە کە لە یاساکانی پەرلەماندا ڕێگای بۆ دیاری کراوە، چۆن تەقدیم دەکرێت؟ نازانم تاکو ئێستا ئایا ئەو کەسانەی کە گلەییان لە یاساکان هەیە، هیچ پرۆژەیەکی وایان پێشکەشی پەرلەمان کردووە، هەتا پەرلەمان بتوانێت ئیشی لەسەر بکات؟ یان پەرلەمان کاری لەسەر بکات، یان نەکات؟ لە کۆتاییدا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم داواکارییانە، پێشنیار دەکەم کەوا پەرلەمان بەردەوام بێت لە کۆبوونەوەکانی هەتا هەموو داواکارییە ڕەواکان و یاساییەکان هی هەنووکەیی بە پەلە چارەسەر بکرێن، ئەوانی دیکە دەتوانین ئیشی لەسەر بکەین، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین، کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من ناوی خۆم تۆمار کردبوو، لە دوای کاك شوان، کەسانێکی زۆر پێش من کەوتن، ئەویش وا دیارە نازانم، من لە پێشدا دەمەوێ دەستخۆشی خۆم، پشتگیرییەکی تەواوی خۆم لە پەیامەکەی بەڕیز سەرۆك بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەم، کەوا ئاراستەی خەڵکی کوردستانی کرد، پەیامەکەی هەمووی بۆ چاکسازی و خۆشگوزەرانی و لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوو، دووەمین/ پشتگیری تەواو لە حەڤدە خاڵەکە دەکەین، کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەردا، دوای ئەوەی کە لێژنەی بەڕێز لە ئەندامانی پەرلەمان کە لە هەموو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان پێك هاتوون، ئەوان بە دەم خۆپیشاندەرانەوە چوون، داواکانیان هێنا و بۆ بڕیار لێرە، کاری جیددی لەسەر دەکەن، دەستخۆشییان لێ دەکەم، سوپاسی ماندوو بوونیان دەکەم، من دەمەوێ لێرەدا بڵێم ئەو کارە لەلایەن دوو کەسە، یەکەمیان خۆپیشاندەرە، کە داواکاری هەیە، لایەنەکەی تر کە ئەوانەی کە لەسەریانە، لە ئەستۆیانە ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکەن، ئەویش دەسەڵاتە لە ڕێگای پەرلەمانەوە ئاراستەی ئەو خاڵانەیان کردووە، لێرە هەموومان هەر دەڵێین کە دەسەڵات بەرپرسە و پەرلەمان بەرپرسە و پۆلیس وا، ئەوانە هەمووی لە ئەستۆی ئەو کەسانەیە، بەڵام لێرە دەبێ ئێمە ئەوەش بزانین خۆپیشاندەرانیش زۆر شت هەیە لە ئەستۆی ئەوانە و دەبێ ئەوانیش بیکەن، خۆپیشاندان مافێکی سروشتیە کە داواکاری زۆر چاکیان هەیە و چاکسازیە، بەڵام ئەو دروشمەی ئەوان هەڵیان گرتووە کە دروشمی چاکسازیە دەبێ باش بزانن پابەند بن بە هەندێك شت کە لە یاسادا دەرنەچن، توندوتیژی بەکارنەهێنن، هەروەکو جەنابی سەرۆك گوتی رجام ئەوەیە لە خۆپیشاندەران توندوتیژی بەکارنەهێنن، توندوتیژی زۆر شتی لێ دەکەوێتەوە، بەکارهێنانی بەرد و بەردباران، وەڵڵاهی چی وای کەمتر نیە لە هەندێك سلاح، کە بەردبارانی هەندێك بینای حکومی و دەزگای حزبی و نازانم ماڵ و هەر چی بێت، ئەو زەرەر و زیانێکی زۆر بینایە کە ئەو بینایانە دەبێ ئەوان بە ماڵی خۆیانی بزانن، خۆپیشاندانێك کە ئەوەندە هەستی بەرز بێت گەیشتبێتە ئەو ئاستەی بزانی داوای چاکسازی بکات و بزانێ بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە، دەبێ ئەوەش بزانێ پێشێلی مافی کەسانی تر نەکات، کە داوای چاکسازی بۆ خۆی دەکات دەبێت چاکسازیشی بۆ خەڵکی تر بووێت، مافی ئەوان پێشێل نەکات و ئەمە هەمووی موڵکی حکومەتە

و هەمووی لە دوایی دا زەرەری ماددی لێ دەکەوێتەوە، بەرد فڕێدان بەو هەموو توڕەییە ئاراستەی مرۆڤێك بکرێت، دەبێ ئەوان باش بزانن لەمافی مرۆڤ، بزانن پێشێلکردنی مافی مرۆڤ زۆر گەورەیە کە ئەو مرۆڤە بەهۆی ئەو بەردە یان چاوی لە دەست دەدات یان ئەگەر سەری بەربکەوێت تووشی شەلەلی دەماغ دەبێت، یان لەوانەیە گیانی لەدەست بدات، ئەوەش توندوتیژیەکی زۆرە بەرامبەر بە مرۆڤێك بکرێت، ئینسان کە چاکسازی بۆ خۆی بوێت، لەوانەیە زۆر جار ئەو مرۆڤە تووشی کەم توانایی بێت، توشی لە دەستدانی دەست و قاچی بێت و بچێتە سەر عەرەبانەیەك هەتا هەتایە دانیشێت کە نەتیجەی بەرکەوتنی بێت بە بەردێك، من نموونەیەکتان بۆ دێنم لە ئاماری خاوەن پێداویستی تایبەت هۆیەکان لێ دەکۆڵیوە زۆربەی بە بەرد تووشی ئەو کەم تواناییە بووینە، زۆربەیان لەمەنتیقەیەکی کە رۆشنبیری لەو مەنتیقانە کەمە، مەنتیقەی هەژار و میللین، لەوێ کە ڕۆشنبیری نیە، شەڕی بەرد دەکرێت لە بەینی منداڵ یان خێزان لەسەر شتێکی بەسیت چەند کەسی وا هەبووە کە تووشی کەم توانایی بووە و چووەتە ناو قائیمەی کەم توانایی و کەم ئەندامی بووە، هەروەها دەبێ ئەو خۆپیشاندەرانە بزانن کە ئەو خۆشگوزەرانی بۆ خۆی دەوێت، دەبێ خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دیکەش بوێت، خۆشگوزەرانی خۆیان بینا نەکەن لەسەر حیسابی خەڵك کە زەرەروزیانێکی لێ بکەوێتەوە، کارو کاسبی ڕابگیردرێت، لەو شارانەی کە خۆپیشاندان دەکرێت زۆریان گلەیی و گازاندەیان لەوە هەیە کەوا کارو کاسبیەکانیان شەلەلی تێ کەوتووە، من ئەو پەیامە ئاراستەی خۆپیشاندەران دەکەم لەڕێگەی لیژنەی پیرۆزی پەرلەمان کە ئەوان دەچنە ناو مەیدانی خۆپیشاندەران ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ دەکەن، دەبێ ئەوان هەستیان زۆر لەوە بەرزتر بێت کە بەو ڕێگایەدا بڕۆن، یان ڕێگە بدەن کەسانێك بەکاریان بهێنێ بۆ مەرامی خراپ، هەروەها بەکارهێنان و هاندانی منداڵان لەخوار تەمەنی 18 ساڵی بۆ خۆپیشاندان، کارێکی زۆر خراپە، چونکە ئەو منداڵە کە تەمەنی لە خوار هەژدەساڵیە هێشتا لەبن بڕگەو ماددەکانی مافی منداڵە، ئەمە بە بڕگە و ماددەکانی مافی منداڵ تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، ئەو منداڵە هێشتا نازانێ ئەوە چیە کە ئاراستەی دەکرێت کە خۆپیشاندان بکات و توندوتیژی بەکاربهێنێت بە شێوەیەکی خراپ، هەرچەندە هەموو کەس مافی خۆپیشاندانی هەیە، بەڵام نابێ بەو ئاراستەیە دا بڕوات، بەڕێزان دەبێ ئەوانەی کە زۆریان لە خۆپیشاندەران لە تەڵەبەی زانکۆن و تەڵەبەی مەڵبەندەکانی خوێندن، ئەوان کە دێن داوای خۆشگوزەرانی و دەستکەوتی خوێندن و فرسەتی خوێندنی باشتر دەکەن دەبێ بۆ کەسانی دیکەشیان بوێت، نابێ لەسەر حیسابی ڕاوەستان و تێکدانی باری خوێندنی قوتابیەکانی تر بێت، پەیامی من بۆ ئەوان ئەوەیە بۆ ئەوەی لە کەش و هەوایەکی ئارام داواکاریەکانیان بتوانرێ جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنەیەی کەوا بە پێی فەرمانی پەرلەمان ژمارە 1 لە 2011/2/24 پێك هێندرا زۆر بەڕێکوپێکی ئەرکەکانی جێ بەجێ کرد ، لە ئەنجامی کارەکان ئەمڕۆ ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی خستە

ڕوو و پێشکەشی پەرلەمانی کرد و دەست خۆشیان لێ دەکەم، هەموو ئەو داواکاریانەی کە لەناو ڕاپۆرتەکە دا هاتووە پێویستە بە هەند وەربگیردرێ و هەرهەمووومان بەرپرسین لە جێ بەجێ کردنی و هەوڵی جێ بەجێ کردنی بدەین، لەبەرئەوەی دانیشتنی زۆر کراوە و گفتوگۆی زۆر کرا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە جێ بەجێ بکرێت، داواکاریەکانی کە لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێی کراوە پێوستی بەوە هەیە زیاتر پۆلین بکرێت، یەعنی وردتر پۆلین بکرێت، چونکە هەندێکی پەیوەستە بەلایەنی دارایی و ئێستاش زەمینەکە لەبارە بۆ جێ بەجێ کردنی، لەبەرئەوە تا ئێستا بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011 پەسەند نەکراوە و لە ئەنجومەنی شورا، ڕاستە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی کردووە، لە ئەنجومەنی شورا کە گفتوگۆ تەواو کراو ڕەوانە دەکرێتەوە بۆ حکومەت و دێتەوە پەرلەمان، لەوێ دەتوانین ئەو داوایانە جێیان بۆ بکەینەوە و جێ بەجێ بکرێن، هەندێك لەو داواکاریانە ڕەهەندی سیاسیان هەیە و ئەوەش هەروەکو لە بڕگەی 16 ی بڕیارەکەی پەرلەماندا هاتووە (پێویستە لایەنە سیاسیەکان کۆ ببنەوە لەسەری و گفتوگۆ بکەن تاوەکو بگەنە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەوەی لەو قەیرانە دەربچین)، هەندێك لە داواکاریەکان پەیوەستە بەلایەنی یاسایی ئەوەش لە سوڵبی کاری پەرلەمانە کە پێویستە بە پرۆژە یاسا چارەسەر بکرێت و ئەوەی لە خاڵی 3 ی ڕاپۆرتەکە هاتووە لەژێر ناونیشانی پێشنیار بۆ چارەسەر، ئاماژەی بە کۆمەڵێك یاسا کردووە هەموو ئەو پرۆژە یاساییانە لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و ئاراستەی لیژنەکان کراوە و هەندێك لە پرۆژە یاساکان ڕاپۆرتیان لەلایەن لیژنەکانەوە ئامادە کراوە و پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، واتا هەنگاو نراوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو داواکاریانە، ئێستا ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە بۆ چاکسازی، هەر لە سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و هەر هەمووی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە چاکسازی بکرێت لەهەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسی و یاسایی، باسی ئەوە کرا کە کاتێك دابندرێت بۆ جێ بەجێ کردنی داواکان، بەڕێزان ناکرێت یەك کات بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو داوایانە دابنرێت، من تەنها یەك نموونە دەهێنمەوە کە لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ کراوە تایبەتە بە کاراکردنی سیستەمی داواکاری گشتی و جێ بەجێ کردنی نوێنەرایەتی گشتی و نیابەی عامە لە هەرێمی کوردستان، ئەو بابەتە پەیوەندی بە سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان هەیە، ناکرێت لە چەند سەعاتێك و چەند ڕۆژێك سیستەمەکە بە تەواوی بگۆڕین وبڕیاری لەسەر بدەین، ئەوە پێویستە بە چەندین یاسا هەیە کەوا هەموار بکرێت تاوەکو بتوانین ئەو سیستەمە و ئەو کەموکوڕیەی کە هەیە چارەسەری بکەین و ڕاستی بکەینەوە، بۆیە ناکرێت یەك کات دابندرێت بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو داواکان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئێمە هەوڵ نەدەین و هەنگاو نەنێین بەرەو هەموار کردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی کەوا ڕۆڵیان هەیە لە کارا کردنی داواکاری گشتی لە کوردستان، هەندێك بەڕێز ئاماژەیان بەوە کرد کە بڕیارەکەی پەرلەمان میکانیزمی جێ بەجێ کردنی تێدا نیە، ئەو بڕیارە 17 خاڵیەی پەرلەمان بەدەر نیە لە هەموو یاسا و بڕیارەکانی کە پەرلەمان دەری چواندووە، هەر بڕگەو میکانیزمی خۆی تێدایە، من تەنها دوو نموونە دەهێنمەوە کە یەکێکیان باس لە قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی دەکاتەوە کە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان لە کوردستان خۆی میکانیزمەکە لەو بڕگەیەیە یاسایەکان کە خۆیان ڕێکاریان دیاری کردووە کە چۆن داوای قەرەبوو

کردنەوە دەکەیەوە لە ڕێگەی پێشکەش کردنی داوا لەبەردەم دادگا، دادگاش لـە ڕێگـەی چـەند کەسـێکی شارەزا و خوبەرا کە بڕی زیانەکە دیاری دەکات و دواتر بڕی قەرەبووەکە کە بە گوێرەی زیانەکە دیاری دەکات، هـەموو ئـەو ڕێکارانـە و میکانیزمـە هەیـە، دواتـر بـۆ بانگهێشت کردنـی سـەرۆکی حکومـەت و وەزیرەکان، ئـەویش ڕێکاری یاسایی هەیـە هـەروەکو کـاك عـونی ڕوونـی کـردەوە بـە پێـی هەڵبـژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بڕیارەکـەی پەرلـەمان کـە هـەموو فراکسـیۆنەکان لەسـەری ڕێککـەوتین چـەندین کاتـژمێری زۆر لەسـەر دانیشـتن و ڕێککـەوتین و دوایـی هاتینـە هـۆڵی پەرلـەمان دەنگمـان بـۆی دا، بـە هەموو فراکسیۆنەکانەوە، نوێنەری سەرۆك لیژنەکان هەمووی ڕێککەوتین لەسەر ئـەو بڕیـارە و ئـەوجا هاتە هۆڵی پەرلەمان و دەنگمان بۆی دا ،خۆی لە خۆی دا میکانیزمی تێدایە، یەك لە خاڵەکان نازانم لە چ لاپەڕەیەك و لە چ بڕگەیەك لە ڕاپۆرتەکە هاتووە بـاس لـە جووڵانـەوەی هێـز کـراوە و پێویسـتی بـە ڕەزامەنـدی سـەرۆکی هەرێمـە، دەمـەوێ ئاماژە بـە یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێم بکـەن ژمـارە 1ی سـاڵی 2005 ی هەموار کراو، کە لە ماددەی 10 بـاس لـە دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی هـەرێم دەکات، دوو بڕگـە باس لەوە دەکات کە سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە هێـز بجوڵێنێـت، ئـەویش بڕگـەی 10 و 11 ی مـاددەی 10 یە کە تەنها لە دوو حاڵەت بۆی هەیە، حاڵەتی یەکەم/ هێنانی هێـزی چـەکداری ئیتیحـادی بـۆ نـاو هەرێم یاخود هێزی چەکدار لەناو هەرێم بۆ دەرەوەی هەرێم بچین، جگە لەو دوو حاڵەتە پێویستی بە ڕەزامەنـدی سـەرۆکی هـەرێم نیـە بـەڕێزان، ئـەوە یاسـایەکەیە و دەسـەڵاتی سـەرۆکی هـەرێمی دیـاری کردووە، بڕیارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمان خۆی لە خۆیدا وەکو هـەموو بڕیارەکـانی پەرلـەمان سـیفەتی ئیلزامی تێدایە و پێویستە هەموو لایەکمان پابەند بین پێوەی، وە زۆر لەو خاڵ و بڕگانەی کە تێیدایە جـێ بـەجێ کـراوە، ئـەوەی مـاوە دەبێـت جـێ بـەجێ بکرێـت بـە هـەموو لایـەك و هـەموو لیژنـەکان بەدواداچـوون بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی بکـەین و هـەروەها فـەرمانی ئەنجومـەنی وەزیـران دەرچـوو بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو لیژنەیـەی کـە پێـك هـاتبوو و فەرمانەکـەی خـۆی هەڵوەشـاندەوەو ئـەوەش بەڵگەیەکـە لەسـەر جـێ بـەجێ کردنـی بڕیـاری پەرلـەمان، پـێش بڕیارەکـەی پەرلـەمان لیژنەیـەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنرا بوو بەڵام دوای ئەوەی کە بڕیارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمان دەرچوو لەبـەر ئـەوەی کـە ئێمـە مـەرجمان دانـا بـۆ سـەرۆکی لیژنـەی لیکۆڵینـەوە کـە دەبـێ ئەنـدامی دادگـای تـەمیز بێـت، ئەنجومەنی وەزیران بڕیارەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارە 17 خاڵیەی پەرلەمان، بـاس لـە ڕاگرتنـی دەوام کـرا لـە زانکۆکـان، ئێمـە بـە هـیچ شـێوەیەك لـە گـەڵ ڕاگرتنـی دەوام نینـە، خۆپیشاندان مافێکی دەسـتووری و یاساییە و پشتگیری لـە داواکاریـەکانی خۆپیشـاندان دەکـەین، بـەڵام نابێ خۆپیشاندان ببێتە هۆی وەستانی ژیان، نەك تەنها دەوام کردن لە زانکۆ، لـە هـەموو دامودەزگاکـان و لـە کارگـەکان و لەهـەر شـوێنێك، ناکرێـت بـە هـیچ شـێوەیەك لەهـەر زانکۆیـەك لەهـەر شـار و شارۆچکەیەکی کوردستان دەوام ڕابگیردرێت بـەهۆی ئـەوەی کـەوا خۆپیشـاندان لـەو شـوێنە هەیـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز لبەراهیە دگەل ڕێز و قەدر گرتن و پشتەڤانیا من بۆ پەیاما بەڕێز سەرۆكێ هەرێما كوردستانێ كو دویێ ئاڕاستەی جەماوەرێ كوردستانێ كر، كو بڕاستی پەیامەكا گرنگ و پڕ بەها بوو، پەیامەكا پڕ مەسئولیەت بوو، پەیامەكا مێژوویی بوو كو ئەڤ خالێت تێدا هاتنە دیتن، چاكسازی، دادپەروەری، ڤەگەڕیان بۆ ڕەئیا میللەتێ، كە تێدا جەنابی دبێژیتن ئەز لە ولاتەكی دا ئان لە كوردستانێ دا ناژیم ئەگەر میللەتێ من ئازاد و سەرفراز نەبیتن، ئەڤە ژی خۆ جێهكرنا پرەنسیپێت دیموكراسیە، ئازادیەت ولاتێت مەیە، بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانێ پشتەڤانیا داخازێن یاسایی و ڕەواییت هاوولاتیا دكەین، بەرێ دبێ دوو تشت لێك بێن جودا كرن، ئێك/ داخازێن ڕەواو عادیلانەیت هاوولاتیا، دوو/ ئەجندایێ سیاسی، چونكە ئەڤە دوو تشتی لێك جودانە، ئەڤە نابێ ببێتە سەبەبێ هەندێ كو ژیان بێت ڕاوەستاندن، چونكە ڕاستە پێگاڤێ خەلكەكی هاتیە سەر جادێ بەلێ ڕەنگە دە بەرامبەری ئەوان 20 بەرامبەری ئەوان و 30 بەرامبەری ئەوان خەلك هێشتیە مالێ و كەس نایەتە سەر جادە، دگەل دەستخۆشیامن بۆ پەرلەمانێ كوردستانێ بۆ دەرخستنا وان 17 خالا، كە گەلەك ژوان خالا هاتینە جێ بەجێ كرن، هەندێك لە حالەتێ جێ بەجێ كرنا دانە و هەندێك ژ وان نەهاتینە جێ بەجێ كرن، ئەوە كو نەهاتیە جێ بەجێ كرن و ئەوە جهێ سەرنجێیە كو پتر لسەر ڕاوەستم، تەسعیدا ئیعلامی، كو تەسعیدا ئیعلامی هیچ كەسەك قازانجێ لێ نابینیتن، هەمی كەسەك دێ زەرەرمەند بیتن،د ڤێ تەسعیدا ئیعلامی دا ، هەروەكی ئەم دبینین، بەری چەند ڕۆژەكا مامۆستایەكی ئایینی ل مەیدا سەرێ سەرا فیتوایا جیهادێ دژی خەلكەكی دا كو 95٪ ئەڤ ولاتێ موسولمانە، ئەز لێرە پرسیارەكی مامۆستایەت ئایینی و ئەندامێت پەرلەمانێت بەڕێزێ كوردستانێ دكەم، ئایا دروستە جیهاد بەرامبەری میللەتێكی موسولمان بێتە بەكارهێنان؟ دوو/ كە بەحسێ زانكۆیی هاتە كرن، بەڕێز سەرۆكا زانكۆیا سلێمانی دبێژیتن حەرەما زانكۆیا هاتیە شكاندن و خەلك هینایە دەرێ و نەهێلایە قوتابی بچنە پۆلا، ئایا ئەڤە سەبەبی هەندێ نیە كو خاندن بێتە ڕاوەستاندن؟........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە وەرە سەر بابەتەكە ئەوە 10 جار تیكرار بوو، رجائەن، كاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز داخازێ لە لیژنەیا هاتیە درست كرن یان لیژنەكا دی كو پەرلەمان دەست نیشان بكات، یان حكومەت دەست نیشان بكات كە بچیتن ڤەكۆلینێ ل ئەسبابێت خۆ نیشاندانا و یان شەهید كرنا خەلكی و برینداركرنا خەلكی دكاتن، هەروەكی برایێ بەڕێز كاك شڤانێ گوتی پێویستە بچن پرسیارا ژ هەندێ بكەن، ئایا ئەو بارەگایەت هاتینە بەر لباران كرن و هاتینە گوللە باران كرن، ئەو دەستێ كو پشتی هەر خۆنیشاندانەكی پشتی هەنگێ عاقارێ خۆنیشاندانێ هاتیە وەرگێران بۆ هێرش كرن بۆ سەر بارەگایەت حیزبی، ئەڤ دەستە و ئەڤ لایەنەش بێتە ئاشكرا كرن و پێویستە كرا لسەر هەندێ بێت كرن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانێ كوردستانێ ڕاپۆرتێت چەند لیجانا كە هاتیتە پێشكەش كرن كە ئەڤرۆكە برایت بەڕێز هاتیە پێشكەش كرن، دیسان ناڤێت پیرۆزێت پێشمەرگەیەت میلیشی هاتیە ئەو

کرن، ئەز داخازێ دکەم چی دی ئەڤ ناڤە نەهێتە نزم کرن، چونکی ئەڤ ناڤە ڕەمزا فیداکاریا میللەتێت کوردە و ئەگەر هاتبیتە تۆمار کرن ئەز داخازا دکەم کو ل پرۆتۆکۆلێ بێتە ڕەش کرن، پەیڤا دوماهیێ ئەز دبێژم داخازێت دکەین ئەڤ پرۆژە یاسایەت کو خزمەتا جەماوەرێ کوردستانێ دانە وەکی یاسایێ ئەنجومەنی ڕاژا، بیما تەندروستی و وەرزشی و سلفا هاوسەرگیریێ، سلفە بۆ گەنجان، ڕێکخراوێت ناحکومی و یاسایێ نەزاهە و توندوتیژیا خێزانی و هەروەسا نەهاردنا قوتابیا بۆ دەرڤا پتر هاریکاری کرنا کەسوکارێ شەهیدا و پێشمەرگە و کەم ئەندداما، ئەم پتر لسەر هەندێ شول بکەین، دوماهیێ دووبارە دکەمەوە کو پەیاما بەڕێز سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ ئەوا دوهیێ هاتیە پێشکەش کرن بکەینە سەر مەشق بۆ کارێ مە، سوپاسیانگۆ دکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس کەس لە ئەندامان نەیوتووە پێشمەرگە میلیشیایە، پێشمەرگە ڕەمزێکی پیرۆزە، ئیحتیرامی هەیە لە لای هەموو ئینسانێك دڵسۆزە و نەوتراوە و کەس نەیوتووە میلیشیایە، ئەوە گوناحە لەناو پەرلەمان بڵێین یەکێك وای گوتووە، کەس لێرە کە من ئاگام لە گشتتان هەیە، شتی وانەبووە، ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ لیژنەی پەرلەمان کە زۆر بە بەرپرسیارنە و بە ئەمانەتەوە داواکاری خۆپیشاندەرانیان گەیاندە پەرلەمان، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسیان بکەم و دەست خۆشیان لێ بکەم، بەڵام لێرەدا ئەرکی ئەم لیژنەیە کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکو گرنگ تر ئەوەیە کە لەمەودوا لەم خاڵەشدا لەکاتی ئەوەی کە داواکاریەکانیان گەیاندووەتە پەرلەمانی کوردستان، لێرەدا داواکاریەکان پۆلین بکرێت و بیگەیەنینە ئەو دەسەڵاتانە و ئەو لایەنانانەی کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت و داواکاریەکان بەجێ بگەیەندرێن، من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دەڵێم ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان نەك تەنها ئەگەر هەزار کەس یان دوو هەزار کەس بێتە سەر جادە کارمان ئەوەیە کە بچین داواکاریەکانیان لێ وەربگرین، بەڵکو بە مافی خۆمی دەزانم و بە کاری خۆمی دەزانم کە ئەگەر دوو هاووڵاتی لەم هەرێمە دا داواکاریەکانی بەهەند وەربگیرێت و لێی وەربگیردرێت کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام بەڕێزان با بڵێین ئێمە بۆ نموونە لە شاری سلێمانی نزیکەی $1$ ملیۆن خەڵکی لێ دادەنیشێ با لەم یەك ملیۆنە نزیکەی $5$ هەزار کەسی لەسەر جادە بێت، داواکاریەکانیان ڕەوایە و داواکاریەکانیان سەرسەر، چونکە هەر دوێنێ بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە میللەتێکمان هەیە، بۆیە لە پێناو بەردەوامی و دائیم بوونی ئەم میللەتە ئێمە دەبێت لێرەدا داخوازیەکانی میللەت لەگەڵ مەرامی سیاسی تێکەڵ نەکەین، داواکاریەکانیان بە هەند وەربگرین و پۆلینی بکەین و لێرە کاری لەسەر بکەین، چونکە داواکاریە سیاسیەکانیش چارەسەری خۆی هەیە، چونکە خاڵێکی بۆ دیاری کراوە لە خاڵی دیالۆگی نیشتمانی دەتوانین باس لەوە بکەین، بەڵام لە شارێکی گەورەی وەکو سلێمانی

كە نزیكەی 1 ملیۆن خەڵكی لێ دەژیت، هۆی ئەوەی كە 5 هەزار خەڵك لەسەر جادە بێت ئایا دەكرێت ژیان و كاری 995 هەزار خەڵكی تر تەحتیل بكرێت؟ ڕەوایە بۆ هەموو خەڵكێك كە مافێكی دەستووریە و مافێكی سروشتیە كە خۆپیشاندان بكەن بۆ ئەوەی ئەو داوایانەی كە هەیەتی لە حكومەتی بەراورد بكات، ئایا بە هۆی ئەوەوە ناكرێت؟، خوێندن ناكرێت، بازاڕ ناكرێت، دەستكەوتی خەڵك و كەسابەتی خەڵك ڕابوەستێندرێت، بەهۆی ئەوەی كە خۆپیشاندان هەیە، خۆپێشاندان ڕێگەی تری هەیە، چونكە تۆ دەتوانی لەكاتی داواكردنی مافەكانت بەشێوەیەكی زۆر باشتر داوا بكەی بۆ ئەوەی كە بتوانی لە زووترین كات و كورت ترین كات بگەیە نەتیجەی ئەو داواكاریانە، من خاڵێكی تر لێرەوە دەمەوێ باس بكەم كە زۆر باس لە متمانە بوون، بەڕێزان ئێمە لە هەموو لیستەكان لەم پەرلەمانەدا ئەوەی گرنگە دەبێت بە متمانە بوونەوە كارەكانمان جێ بەجێ بكەین و متمانەمان بە یەكتر هەبێت، متمانە بوون ئەوەیە كە 17 خاڵەكەی كە پاش ماندوو بوونێكی زۆر لە پەرلەمانی كوردستان دەركرا، من بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم زۆربەی ئەو خاڵانە جێ بەجێ كراوە، تەنها هەندێ خاڵ ماوە ئەویش تەنها بە متمانە بوون بە یەكتر دروست دەكرێت، یەك لەو خاڵە گرنگانەكە پێویستە هەڵوەستەی لەسەربكەین هێور كردنەوەی ئیعلامە، بەڕێزان تاوەكو ئێستا هێرشكردنی ئیعلامی لە هەندێ كەناڵ بەردەوامە و بە زیاتریشەوە، بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی كە لە شاری هەولێر من ناڵێم هەولێریش ڕەنگە داواكاری خۆی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەكی هێمنانە توانی دەری بكات، بەڵام تۆ تەحریز كردنی خەڵك بەوەی كە گوترا (پەیتا پەیتا لە شاری هەولێر وا خۆپیشاندان بەردەوامە)، دوو دەقەی تری پێ نەچوو گوترا (پارێزگای هەولێر سووتێنرا)، هەر ئەم شەویش لە كەناڵێك لە تەلەفزیۆن باسی ئەوە كرا كە سبەینێ (خەڵكی گەڕەكی باداوە ڕاپەڕین دەكات)، بەڕێزان ئەمە تەحریز كردنی خەڵكە، ئەمە لادانی خەڵكە لەو داوایە ڕەوایانە كە بۆخۆی هەیەتی و لەوێ داوای بكات، بۆیە من وەكو خەڵكی شاری هەولێر كە ئەندامێكیشم لە لیژنەی ناوخۆ بەقەد هەمووتان پێم ناخۆشە كە گەنجێك و هاووڵاتیەك لەم كوردستانە لە گوڵ كەمتری پێ بوترێ، بەڵام من لەگەڵ ئەوە دام بە دڵسۆزانەوە و بە هێمانەوە پێشوازیان لێ بكەین و داواكاریەكانیان بەرەو مەرامێكی سیاسی نەبەین، بەرەو ئەو مەرامە ببەین كە هەموو هاووڵاتیەك لەم هەرێمە مافی ئەوەی هەیە پێداویستیە سەرەتاییەكانی ژیانی و هەروەها پێداویستیەكانی تریشی بۆ دەستەبەر بكرێت، چونكە هەر ئەو هاووڵاتیانەن ئەم پەرلەمانە و ئەم حكومەتەیان هێناوەتە كایەوە، لەسەر حكومەتیشە كە بە پیر داواكاریەكانیانەوە بچێت و بۆیان جێ بەجێ بكات، ئەگەر باس لە تەجاوز دەكرێت كە لەدوای ئەوەش كە لێرە بەیانی پەرلەمان دەرچوو تەجاوز كراوە و تەقە كراوە، منیش دەڵێم كراوە، هەر لە دوای ئەوە یەك بە یەك بارەگاكانی تریش بەردباران كراون، ئایا ئەمە تەنها ناشیرین كردنی حیزبەكان نیە لە پێش چاوی خەڵك؟ من ئەو پرسیارە دەكەم، لە كام وڵاتی ئەم دنیایە هەیە كە حیزب ڕۆڵی نەبووبێ؟ حیزبەكان ئایدۆلۆژیای سیاسەت جوان دەكەن، هیچ سیاسیەتێك و هیچ وڵاتێك نەبووە حیزبی لە پشتەوە نەبێت، حزبەكان كە دەنگ بە دەست دێنن و حكومەت ڕادەسپێرن كە تەشكیلی كابینە بكات و حكومەت بەڕێوە ببات، بۆیە من داوام لە هەموو لایەنەكان ئەوەیە كە چیتر خۆپیشاندەران تەحریز نەكەن و بەرەو لای تری نەبەن، با خۆپیشاندەران بە شێوەیەكی هێمنانە ئەو داواكاریانەی كە هەیانە بیگەیەنن و حكومەتیش

بتوانێ کاریان لەسەر بکات و بە زووترین کات بتوانێ ئەو داوایانەی کە خەڵکی کوردستان هەیەتی و داوایەکی ڕەوایە بتوانێ بە زووترین کات بۆیان جێ بەجێ بکەین، من جارێکی تریش دەڵێم ئیلتزام کردن و متمانە پێدان ئەرکی هەموو لایەکمانە، بۆیە تکام وایە لەم نوقتەوە لێرەدا هەموو لایەکمان حەریس بین لەسەر ئەوەی کە بەیەکەوە و بە یەك توانا و بەیەك دەنگەوە پێشوازی لە خۆپیشاندەران بکەین، چیتریش منداڵی خوار 18 ساڵی کە تەمەنی یاسایی تەواو نەکردووە تەحریز نەکەین و بەردبارانی مەقەرەکانیان پێ بکەین و لافیتەی نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی و نازانم ئیزرائیل هاتووە، نازانم چی بخەینە دەست منداڵێکی 18 ساڵی و دوایش بۆی بگریەین! تکایە با بەس بێ ئەم لافیتانە، ئەم منداڵانە ئەگەر دێنە سەر شەقامیش کە هێشتا نە تەمەنی یاساییان تەواو کردووە، نە لە وەزیفە، توخوا چوزانن نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی چیە؟ ئاخر مەبەستیان چیە؟ عیزرائیل هات! ئیزرائیل بۆ کوێ هات؟ عیزرائیل جاری وا هەیە پەلاماری ئەو کەسە دەدات کە خۆی خەبەرەکە دەهێنێ، یەك خاڵی ترم هەیە ئەگەر موقاتەعەم نەکەن، لە کوێ ئەو خۆپیشاندەرانەی کە تاوەکو ئێستا ئەنجام دراوە با بلێم نزیکەی ئەگەر هەڵە نەبم لە ژمارەکە، لەوهەڤاڵانەی کە بریندار بوون و شەهید کراون 102 کەسیان لە بریندارەکان پۆلیسن و شەهیدیشی تێدایە، من لێرەوە دەڵێم ئەو پۆلیسە بەڕێزانەی کە لە ئەرکی ڕەسمی دەوامی خۆیان دابوونە کە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆپیشاندەران لە دەوام بوونە، بۆ ئەوەی کە بتوانن بە هێمنانە بیانپارێزن، لە هەر تێك دان و ئاشووبێك، بۆ لە کاتێ پۆلیسێك شەهید دەکرێت پێی دەگوترێت کوژراو، بەڵام هاووڵاتیەك کە لەوێ تەقەی لێ کرابێ و بە داخەوە شەهید دەبێ و بەویش دەگوترێ شەهید، ئایا ئەم پۆلیسە کە لە ئەرکی ڕەسمی دابووە و هەموو جارێك تەجاوز و زەرەرمەند لەسەر ئەوی حیساب نەکراوە، بۆ لە کاتی باسی پرۆژەو باش کردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ دەکرێت موزایەدات لەسەرمان بکرێت کە بەڵێ هێزەکانی ناوخۆ 24 سەعات شەونخوونی و هەتاو و بارانیان لێ دەدرێت، بۆ پێیان ڕەوا نیە کە بە گوللە شەهید دەکرێت کە لە ئەرکی ڕەسمی خۆیان دابوون بە شەهید حساب بکرێن، بۆچی بە میلیشیا ناوی ببرێت؟، ئەو پێشمەرگانەی کە هەموو لایەك ترسیان لەوەی هەبوو کە بۆچی جووڵێنرا و هێنرایە سلێمانی و وا کرا و وا کرا، ئێستا ئەو پێشمەرگە بەڕێزانە لە پارێزگاری کردن لە کەرکووکن، ئەوە جێگەی خۆشحاڵیە ئەو کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکان لە کەرکووك کرا لە کاتێك کە دەبینین هێرش دەکرێت و تەهدیدێکی نیشتمانی زۆربەی لایەنەکان لە کەرکووك دەوەستن و هەڵوێستی خۆیان نیشان دەدەن، من لێرەوە تکام وایە، تکایە شتەکان بەرەو تاك لایەنە نەبەین، ئەوەی کە لەم خۆپیشاندانە زەرەرمەند دەبێت هەمووی کوڕی ئەو وڵاتەیە ، ئەگەر تەحریزی تێدا بێت، بۆیە لێرەدا تەحریز کردن لە ئاراستەی خۆپیشاندەران با لێك جیا بکرێتەوە، با داواکاری خۆپیشاندەران کە ئەوانی داواکاری سەرەتایی ڕۆژانەی ژیانن بتوانن وەکو پەرلەمانتار دیفاعیان لێ بکەین و بیگەیەنینە ئەو جێگایانەی کە پێویستە و زەختیش لە حکومەت بکەین کە بۆ ئەوەی بە زووترین کات کارەکانیان بۆ جێ بەجێ بکات، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە با خۆپیشاندان نەبێت، چونکە ئەمە زەرەمەندی سەرەکی دیسان ئەو هاووڵاتیە هەژارانە دەبن کە ڕۆژێك چاوەڕێی بەرهەمێکە یاخود دینارێکە بۆ ئەوەی کەسابەت و مەعیشەتی خێزانەکەی خۆی پێی بەڕێوە ببات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی دەمەوێت قسەکانی خۆم هەرچەندە هەموویان ماندوون و زۆر قسە کراوە، قسەکانی خۆم لە سێ خاڵی سەرەکیدا ناڵێم کورت بکەمەوە، بەلاَم چڕ بکەمەوە.

یەکێکیان/ مەنهەجیەتی بیر کردنی من وایە دەبێت من تۆزێك باسی ئەو هەلو مەرجانەو چوارچێوە بکەم، ئەوەی ڕووداوەکە تێدا ڕوویداوە، بەلاَم زۆر بە کورتی و بووە هۆی ئەوەی لیژنەیەك دروست بکەین و ڕاپۆرت بنووسین.

دووەم/ حەز دەکەم وەکو ئەجندە هەیە، تێبینیەکانی خۆم لەسەر ڕاپۆرتی لیژنە بخەمە ڕوو، هەروەها بیروبۆچوونم لەسەر داخوازییەکان.

سێیەم/ تاکو قسە نەبێت، چەند پێشنیارم هەیەو، چەند بۆچوونم هەیە بۆ ئایندە، کە بە تەسەوری من مەبەستیش لە دانیشتنەکەمان ئەوەیە.

بەڕێزان، لە بیست و چوار سەعاتی ڕابردوو، ئەوە بوو بە بیست و هەشت سەعات زیاتریش، لە دوێنێوە سەعات چوارو نیو ئێمە داخیلی وەزعێکی تازە بووین، ئەگەر تەسەور بکەین قسەکانی ئێمە هی ئێستا پاش پەیامی سەرۆك، هەمان قسە دەبێت لەوەی پێشی بە تەسەوری من هیچ شتێك پێشکەش ناکەین، سەرۆك بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم نەخشەیەکی دانا، نەخشە ڕێگایەك بۆ نە بەس دەرچوون لەو قەیرانەی کە بە قەیران دایدەنێن، بەڵکو بۆ ئایندەی سیستەمی سیاسی و بۆ ئایندەی پەیوەندی نێوان حزبەکان و پەیوەندی نێوان خەڵك و حزبەکان، بەوەی کە لە چوار خاڵی سەرەکی بەڕێزیان تەسەور دەکەم پوختەی هەموو ئەو قسانەی ئێمە ئەمان کرد، هەر یەك بەشێوەی خۆی لە هەڵوێستێکی ترو لە زاویەکی تر.

یەك/ ڕێزگرتن و قبول کردنی خۆپیشاندان وەکو مافێك، لە هەمان کاتدا ئەرکی هەموومانە نەهێڵین خەڵکێك بە چ پاساوێك پراکتیزە کردنی ئەم مافە سروشتیە وای لێ بکەن ببێتە تەعدا لەسەر خەڵك.

دووەمیان/ دەنگم لەگەڵ ئەو دەنگانەیە، کە داوای چاکسازی دەکات، داوای دادپەروەری کۆمەلاَیەتی دەکات، ئەمە کە سەرۆکێك باس بکات، یەعنی واتا وەکو نیمچە بڕیارێکە.

سێیەمیان/ بەپێی مەسئوولیەتی خۆی چارەسەرییەکی سەرەتایی پێشنیار کرد، نەك وەکو جەنابیان باسیان کرد موسەکینات بێت، ئەویش بۆ گەڕانەوە بۆ خەڵك، هەر یەکێکمان باسی خەڵك بکات و باسی نوێنەرایەتی خەڵك بکات، هەر یەکێکمان داوای مافێك بکات لەم سەکۆیە، یان لە جێگایەکی تر هەمیشە دەیگەڕێننەوە، بۆ ئەوەی من نوێنەری خەڵکم، خەڵك لەگەڵ منە، یان ڕەئی خۆم تەرح دەکەم خەڵك لەگەڵ منە، جەنابی سەرۆك ویستی حەدی فاصل دابنێت، مادام زۆر کەس بەناوی خەڵك قسە دەکەن، زۆر کەس خۆی بە نوێنەری خەڵك دادەنێت و ئەو مافە لە خەڵکی تر وەردەگرێت، زۆر ئاسانە با بگەڕێنەوە بۆ لای خەڵك، چونکە بە وتەی جەنابیان خەڵك دائیمن، نە سەرۆك دائیم هەیە، نە حکومەتی دائیم هەیە، نە موعارەزەی دائیم هەیە، بۆیە ببوورە من ئەوە دەڵێم، خۆم ئامادە کرد بوو

بەڕاستی بۆ جۆرێکی تری قسە کردن، لەسەر ئەو ئەساسەی بیر کردنەوەی پاش پەیامەکەی سەرۆك، خۆ ئامادە کردن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە، بەلاَم حەقی هەر کەسێکە وەکو خۆی قسە بکات، ناچارم منیش بەشێوەیەکی تر قسە بکەم.

ئێمە لە کوردستان بە بۆچوونی من قەیران نییە، قەیران تەعریفێکی تری هەیە، ئێمە دوو حاڵەتمان هەیە، دەبێت دانی پێدا بنێین، جارێکی تر هەر یەکە لە زاویەی خۆی و بە زمانی خۆی باسی دەکات، بەلاَم وابزانم هاوبەشین، هەستێك لەناو خەڵکێك هەیە، کە نا عەدالەتی لەو ولاَتە هەیە، ئەو هەستە دروست کرا بێت، ئەو هەستە نەتیجەی مومارەسە بێت، بەلاَم هەستێکی بەقوەت هەیە، نەك تەنها ئەوانەی هەڵوێستیان بەرامبەر حکومەت، یان حزبەکان، هەردوو حزب، من لێتان ناشارمەوە بە مەسئوولیەتەوە دەڵێم لەناو هەردوو حزب کە تۆمەتباریش دەکرێت، لەناو دامودەزگاکانی حکومەت، چونکە نا عەدالەتی هەستی پێ دەکەیت، نەك تەنها ئەگەر دوژمن بەرامبەری تۆی گرت، ئەگەر باوك بەشێوەیەکی نا عەدالەت دوو هەدیەش بداتە منداڵەکانی نا عەدالەت دروست دەبێت، بۆیە ئەو هەستە هەیە، ئینجا لەبەر گەندەڵیە، لەبەر نەزانینە، لەبەر فلاَنە، ئەو هەستە هەیە، لە هەمان کاتدا هەستێك هەیە لەبەر ئەو مومارەساتانەی نا عەدالەتی دروست کردووە، هەندێك جار هەندێك خەڵك تەسەور دەکات دەرگای لێ گیراوە، چونکە تۆ هەست بە نا عەدالەتی کێ بکەیت لە رووی هەتا هەموو شتەوە، هەمیشە رێگایەك هەبێت، ئومێدێکت هەبێت، کە تۆش دەگەیتە ئەو پایەیە، یان ئەو مافە، موشکیلە نییە، بەلاَم لە رووی سایکۆلۆژییەوە، لە رووی تەربەوییەوە، لە رووی سۆسیۆلۆجیەوە، ئەگەر ئەو هەستە پەیدا بوو خەتەرناکە، دەتەقێت، بۆیە من خۆم شەخصی بە رەوای دەزانم، کە خەڵك لەم هەل و مەرجەی ئێستای کوردستاندا بچیت داخوازی مافەکانی خۆی بکات، ئەمە یەك.

دوو/ هەستێکی تر هەیە لەلای هەندێ لایەنی سیاسی، حەز دەکەم کەس لەسەر خۆی قەبول نەکات، کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا نەیانتوانیوە ئیقناعی خەڵك بکەن، زۆرینە دەنگیان پێ بدات، ئێستا حەقیەتی بە خوێندنەوەی خۆی، لە مەوقیعی خۆی هەست بکات ئەویش بە ناعەدالەتی و قسەی ئەو ناچێت، کە لە لای من قسە چوون شتێکەو، گوێگرتن لە قسە شتێکی ترە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت دان بەو شتانە بنێین، تەسەور دەکەم زۆر بە ئاسانتر لە داخوازی خەڵکیش دەگەین، دەتوانین چارەسەریشی بۆ بدۆزینەوە، ئەوەی مەبەستمانە کە ئەمڕۆ دانیشتووینە، ئەم هەستە رەنگە بەبێ ئەوەی من هیچ مانایەك و مەبەستێکی سیاسیم هەبێت، لە سلێمانی توندتر بوو، لە سلێمانی ئینجا جارێکی تر بێم ئیتیهامی کەسێك بکەم، چونکە ماڧ خەڵکی سیاسییە، لایەنی سیاسی ماڧێکی تەبیعی خۆی، کە هەستی کرد هەڵوێستێك، ئاراستەیەك لەلای خەڵك هەیە بیقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی و سیاسی، من سیاسەت و ململانێی سیاسی بەوە تێدەگەم، هیچ نە ئیتیهامە، نە بڵێم بۆی نییە، ماڧ خۆیەتی، بەلاَم بەشێوەیەکی شارستانی، بۆیە من تەسەور دەکەم ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەم هەڵوێستەی ئەم لیژنەیە، یان ئەم بارە، ئەوەی بۆ ئەم لیژنەیە دروست کراوەو راپۆرتی ئامادە کردووە، پێناسە بکەین لە سلێمانی خۆپیشاندانێکی گەورە کرا، پاشان خەڵکی موسالیم، پاشان هەندێك رووداوی دڵتەزێن روویاندا، پێش ئەوەی ئێمە داخوازییەکانیان ببینین، پەرلەمان بە مەسئوولیەتی خۆی هەڵساو چوو لەوێ داخوازییەکانی خەڵك بێنێتە ئێرە، کە رێگایەکی دروستە، بەلاَم ئێستا ئێمە دێینە سەر راپۆرتەکە،

ئەگەر تەماشای ئەو داخوازییانە بکەین، ئەوەی دیتمان، لە ئیعلام خوێندمانەوە، من بەڕاستی هەموو شتم لەلا روون نەبوو، تاکو یاداشتی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن و پرۆژەی چاکسازی ئاراستەی حکومەت کرا دیتم، من سوپاسیان دەکەم، کە ئەوەیان بڵاو کردەوە، چونکە تەماشا دەکەم بە حەرف، بە هەمان رستەو جوملە، هەندێ جار بە هەمان تەسەلسول، سەیرە لە داخوازیی پێنج، شەش لایەنی جودا هاتووە، لەوێ خوا هاوکاری منی کرد، کە من گەیشتمە شتێك، هەمووشتان گەیشتوونەتە ئەوە، داخوازیی خەڵك هەیە، کە رەوایە، ئەوانەی هەست بە ناعەدالەتی دەکەن و مافیانە داوا بکەن ژیانێکی باشتریان هەبێت، داخوازیی لایەنی سیاسی هەیە، کە دەیەوێت قسەی ئەو بچێت و دەیەوێت پیشانی خەڵك بدات، کە منیش دەتوانم شتێك بکەم، ئەویش داخوازییە، زۆربەیان و هەموویان پەیوەندن بە سیستەمی سیاسی، پێشنیاریان هەیە، مەوقیفیان هەیە، دەستیان خۆش بێت هەر ئیشیان ئەوەیە، نابێت من بە تەجریم تەماشایان بکەم، چونکە لە من جیاوازن، دەبێت بۆچوونیان بۆ سیستەم جیاواز بێت، بۆیە من ئەوەش بە رەوا دەزانم، ئێمە ئیشمان چیە؟ تێکەڵ کردنی ئەم دوو جۆرە داخوازییانەیە لە نەتیجەوە، ئەوەی زەرەمەند دەبێت خەڵکە، چونکە ئێمەی سیاسی لە راگەیاندنەکان و لە پەرلەمان و لە هەموو جێگا مافی خۆمانە جەخت بکەین لەسەر مافی سیاسی خۆمان، ئەوە چ رووداوە؟ ئەوە تێبینی یەکەمی منە، داواکار بووم لیژنە هەستی پێ کرد بوایە، من موتەئەکیدم هەستیان پێ کردووە، بەڵام ئەو شێوە تەوافوقیە نازانم چۆن بوو، بابزانین چۆنە؟

لە راپۆرتی لیژنە یەك خاڵ هاتووە هەنووکەییەکان یەك داواکاری خەڵکی تێدا نییە، رجاتان لێ دەکەم باش لە یەکتری بگەین، کە بە من دەڵێن داواکاری خەڵکە گەندەڵی نەمێنێت، راستە، کە بە من دەڵێن داواکاری خەڵکە حزب دەست لە حکومەت وەرنەدات، بەس عەزیزان ئەمە جێ بەجێ بکەین بە چ روو دەچینە ناو خەڵك، دەڵێین ژیان و گوزەرانی تۆم دروست کرد، وەڵامی ئەم گەنجەمدا ئەوەی دەیەوێت ژن بهێنێت؟ وەڵامی ئەم کچەمدا، ئەوەی دەیەوێت شوو بکات، یان ئیش بکات؟ وەڵامی ئەم گوندییەمدا ئەوەی دەیەوێت شەقامی هەبێت وەکو خەڵکی تر؟ وەڵامی ئەم کەسەمدا ئەوەی تەخەروجی کردووە، هەژدە، نۆزدە ساڵە؟ بۆیە رێگام بدەنێ من بەو تەصنیفە تەماشای داخوازییەکان بکەم، من تەسەور دەکەم خەڵکی کوردستان چاوەڕوانە لەم پەرلەمانە بە ئۆپۆزسیۆن بە دەرجەی یەك، چونکە ئۆپۆزسیۆن چووە سەنگەر ئەوان و حکومەت موتەهەمە، چاوەڕوانن من و تۆ وەڵامیات بدەینێ، بڕیارێك دەربچێت لەلایەن ئەو لیژنە و ئەو پەرلەمانە، کە ئەوان ئەو دەرگا قەپاتانەی کە باسم کرد، هەست بکەن کراوەیە، ئێستا ئەوە ئومێدم بۆ دروست بوو بەپێی ئەو بڕیارەی پەرلەمان، بەپێی ئەو پرۆژەی پەرلەمان، ژنیش بێنم، دابمەزرێنم ، سەیارەشم هەبێت و کوڕەکەشم بچێتە دەرێ، بەداخەوە، جەختێکی زۆر کرا، لێرە رێزم هەیە بۆ هەموو کەس، حەق نییە من بڵێم بۆچی وا بیرت کرد، ئەو ئازادە، کە لەسەر داوای هەنووکەیە، رجاتان لێ دەکەم جارێکی تر بیخوێننەوە، بزانن چەندی بۆ خەڵکە؟ چەند دڵی خەڵك خۆش دەبێت کە بڵێین ئێمە ئێستا بڕیار دەدەین بەیەك دەنگ بڕیارماندا کە ئێستا حەلی بکەین، چیمان تەقدیم کرد بۆ خەڵك؟ هیچ، ئەوانەی کە بنەڕەتین، لە 31 خاڵ تەنها خاڵی (13،15،27) ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پەیوەندیان بەخەڵکەوە هەیە، با بێمە سەر داواکاری خەڵك ئەوەی کە بەناوی کەمپینەکە تەقدیم کراوە، یەك خاڵ کە پەیوەندی بەخەڵك هەیە وەکو تاك

هیچی تێدا نیە، لە هەنووکەییەکان کە 11 خاڵن، لە بنەڕەتیەکان لە 26 خاڵ تەنها 8 خاڵی تێدایە، لەوێش هەمووی تێك دراوە، بەیەك مەرج، لە 28ی مانگ داوا کراوە تاکو 3/4 کە عوتڵە بوو، ئەویش هەیئی بوو، یەعنی بە دوو ڕۆژ، هەموو بنەڕەتیەکان و هەنووکەییەکان حەل بکرێت، وەکو وتم هەنووکەییەکان هەمووی گۆڕانی سیستەمەو گۆڕانی یاسایەو پرۆژە پێشکەشکردنەو کە بە سێ مانگیش ناکرێت، داخوازییەکان ئەوەی ئاراستەی پەرلەمان کراوە، تەنها 6 یان پەیوەندی بەکاری پەرلەمانەوە هەیە، وەکو لیژنەکانی هاوبەش بەو شێوەیە بن، کەخۆشی هەر وایە، بانگهێشتی سەرۆك وەزیران بکرێت، هیچ یاسایەك دەرنەچێت کە من لەگەڵی نیم، یاسا دەرناچێت ئەگەر بەو شێوەیە بێت، دەبێ بچین کۆڕو کۆبوونەوەی بۆ بکەین، دەبێ نیو سەعات قسە بکەین، ئەی بۆ خەڵك ئێمەی هەڵبژاردووە؟، بۆ دەستەی نەزاهە بەو شێوەیەیە؟ دەستەی تەندروستی و بیمەی تەندروستی لە یاسای 39 هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە تەنها 9 خاڵ هەبوو، داواکارییەکانی خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان، من کە چەند ساڵێك لە زانکۆ دووەم دەرچووم، ئەزانم چ مەئساتێك لە زانکۆ هەیە، هیوادار بووم مامۆستایان و خوێندکاران و فەرمانبەران پێکەوە، فیعلەن بۆ ئێمە چەند خاڵی دەوڵەمەند پێشکەش بکەن، تاکو لیژنەکەی برای بەڕێزم عومەر نورەدینی و ئەوانی تر بتوانن فیعلەن پرۆژەیەکی چاکسازی بۆ زانکۆ بکەن، چی تێدایە، تەنها یەك خاڵ کە پەیوەندی بە زانکۆوە هەیە، مەعقولە ئەمە داواکاری خەڵك بێت، مەعقولە تەنها داوای ئۆتۆنۆمیان کردبێ، کەچی 30 خاڵیان هەیە، تەنها 3یان پەیوەندی بە هاووڵاتی هەیە، ئەوەش شیعارن زیاتر، دەرفەت و هەوڵی زیاتر لەسەر بنەمای توانست وبڕوانامە بەخەڵك بدرێت، توخوا کێ لەدژی ئەمەیە؟ بەس پێم بڵێن چۆن دروستی دەکەن؟ لەکام دەستوور ئەم شتە نییە؟ لەکام پرۆژەی حکومەت ئەمە نییە؟ لەکام پرۆگرامی حزب ئەمە نییە؟ یەعنی ئەمەش بۆ خەڵك هیچت نەکرد، توخوا کەس هەیە جورئەت بکات و بڵێ من تەنها بە تەزکییەی حزبی خەڵك تەعین دەکەم؟، سێیەم، چاککردنی ژیان وگوزەرانی خەڵك، خەڵك هەیە دژی بێت، مەعقولە لەزانکۆ قوتابی و خوێندکارو مامۆستاو فەرمانبەر هیچیان نیە پێشکەشی حکومەت بکەن، کە ناڕەزاییان لەوەزع دەربڕێت وبڵێن ئەمەمان بۆ بکەن لە خوێندن، داواکارییەکانی زانایانی ئیسلامی من ڕێزم هەیە، هەمیشە دووبارەی دەکەمەوە لەهەموو جێگایەك، من ئینسانێکی ئیماندارم، بەس بەخوا خۆزگە هەموو کەس لەجێگای خۆی کاری بکردایە، بیخوێنیتەوە، چونکە تەخەصوصیان نییە، من گلەییم هەیە، داوا ئەکەم لەزانایانی ئیسلامی پرسیار لە لقی سلێمانی بکەن، لەسەر بنەمای چ داتاو ڕاپرسیەك، چ ئیحصائیەك زانیویانە کەسەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە تەنها بەسەرۆکی پارتی ناسراوە؟ ئاخر ئێوە زانای ئیسلامین، ئێمە چاو لەئێوە دەکەین، ئێوە ڕا دروست کەرو بە هەڵوێستن، من تەسەور دەکەم ئەو پرسیارە لەمن نەکەن، من ئەڵێم خەڵکی تر هەیە لەمەسڵەحەتی خۆیەتی کە نەهێڵێت، ڕێزم هەیە بۆیان با نەڵێن هێرشی کردۆتە سەر زانایانی ئیسلامی، چونکە من هەمیشە ڕێزم بۆیان هەیە، عەزیزانم ئەمە وەزعی داخوازییەکانن، من نازانم ئێوەم بێ ئومێد کرد یان سەری ئێوەم گێژکرد لەم نیو سەعاتەدا، ئەمە ئەو وەزعەیە ئەگەر لەمن ئەپرسن ئەم پەرلەمانە بەچی دەرئەچێت، بەچی بڕیار دەردەچێت؟ ئیعلام سەری منی گێژ کردووە کە تەسریحیان بۆ بدەم، بڕیارتان چیە، چ بڕیارێك دەدەن؟، جورئەتمان هەیە ئێمە کە بڕیار بدەین بۆ هێورکردنی وەزع و بەدواداچوونی

داخوازییەکانی خەڵك، بە بڕیارێکی بۆش، پێیان بڵێین جێ بەجێی دەکەین، کە یەك داخوازی ئەوانی تێدا نیە، پێیان بڵێین لە 31 داخوازی سێتان بۆ جێ بەجێ دەکەین کە شیعارن و کە 6 مانگ بۆ 10 مانگی پێ دەوێت، پێیان بڵێین ئێمە داوا دەکەین کە ئیشی ڕۆژانەی پەرلەمان نەچین و هەر خەریکی (داوای لێ بوردن دەکەم کە ئەوە دەڵێم) ئەوە بین موناقەشە بکەین، ئەم خەڵکە ئومێدی بە چی دەمێنێت؟ من نامەوێت ئیتیهامات تەوزیع بکەم، من نامەوێ حاشای هەموو کەس بڵێم ڕەنگە نیازێك هەبێت کە ئێمە بەردەوام بین تاوەکو خەڵکەکەی ئێمە ڕازی دەکەین، بۆیە من ئیقتراح دەکەم و ئەخیر نوقتەی منە، هیوادارم خوا هاوکارم بێت کورتی بکەمەوە، لە پرۆژەی هەر سێ حیزب من نازانم هەر سێ حزب یان حزبێك تەوقیعی نەکردووە؟ ئەمە پرسیارە بە چی وەرنەگرن؟ وە لە قسەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە مەعروفە ئەو بە مانشێت دەتوانین بە شێوەی حەکیمانەی خۆی باسی شتێکی درێژ بکات وەکو من نیە، نالی گوتەنی (خۆزگە وەختم هەبا تاوەکو نامەیەکی کورت تر بنووسم)، بۆیە من تەسەور دەکەم ئەگەر بێینە سەر ئەو دوو ئەساسە، وە لە گریمانێك دا کە هەمووومان خۆمان رزگار کردووە لەوەی بە شك تەماشای یەکتر بکەین کەس لە ئێمە جورئەتی نیە کە بڵێیت من لە تۆ موخلص ترم و ئەتۆ خائینی بۆ ئەو وڵاتە، گریمانی من لەسەر ئەوەیە کە نیەتمان ئەوەیە کە بچین لەلای ئەو خەڵکە شتێکی بۆ تەقدیم بکەین تاکو هەڵبژاردن دێت دەنگمان پێ بدەن، من لەو گریمانە دەست پێ دەکەم و دەڵێم چوارچێوەکە دانراوە و ئەم پەرلەمانە جیهازێکی تەنفیزی نیە، زۆر شت داواکرا کە لە پەرلەمان بیکەن، کرا بە موحەقیق و کرا بە شورتە و کرا بە هەموو شت، ئێمە ئەم دەوڵەتە لەسەر سفر دانانێین، ئەم ئەزموونە بە دڵی من بێت و بە دڵی تۆ نەبێت، 18 ساڵە هەیە و هەموو موئەسەساتێکی هەیە، خێرە ئێستا تازە هاتوونە کەئەنەهو هیچ خێرمان نیە، پەرلەمان دەبێ تەحقیق بکرێت، یاسامان هەیە و د.رۆژان و کاك عونی سوپاسیان دەکەم کە بە تەفسیل باسی ئەوەیان کرد کە چ ڕێگای تەنفیز هەیە و میکانیزمی بۆ چیە؟ لەسەر ئەو دوو ئەساسە ئەگەر باسی بکەین من تەسەور دەکەم چوارچێوەکە بووە یەك، ئەو دیالۆگە نیشتمانیە و تەوافوقیەی کە باس دەکرێت و من لە گەڵیمە، بەڵام تەوافوق بەو مەعنایە نیە من زۆرینە بم یان کەمینە بم دەبێ ڕەئی منیشی تێدا بێت، تەوافوق گەیشتنە بە دیتنەوەی ڕێگا، ئەگەر بمانەوێ تەوافوق بکەین، چ لە تەوافوق ئاسان تر نیە، تەبعەن زەرەریشی زۆرە، بەڵام تەوافوق ئەوە نیە ڕەئی منیش وەرگرەو ئەوەی من دەمەوێ، بۆچوونمان هەیە و ڕێزم هەیە و بۆیە من و تۆ جیاوازین، بۆیە هەڵوێستمان جیاوازە، واتە ئەگەر بمانەوێ پێکەوە ئیش بکەین دەبی ئامادەی ئەوە بین لە نیوەی ڕێگا بگەینە یەك، یەکەمین شتیان تۆ ئیتیهامم مەکە و منیش ئیتیهامی تۆ نەکەم، کە ئیتیهامی منت کرد، قبوڵ بکە منیش ئیتیهامی تۆ بکەم، کە باسی شتێکی تۆم کرد، تۆش باسی شتێکی من بکە، باشترە کە باس نەکەین، ئەو تەوافوقە دروست نابێ، ئەگەر ئێمە ئەم هەستەمان نەبێت، چونکە ئەوە یەکەمین زەمینەیە و ئەوە تەنها چارەسەرە بۆ کوردستان، ئێمە لە وەزعێك داینە بمانەوێ و نەمانەوێ بە شیعاری حیساب بکەین و بە سیناریۆی حیساب بکەین ئەم وڵاتە بە یەك لایەن بەڕێوە ناچێت، ئەم وڵاتە کارەساتی ناوخۆی دیوە و ئیسپات بوو هیچ لایەنێك بە لایەنی تر لە ساحە دەرناچێ، بۆیە با تەجروبە وەربگرین، برادەرێکی ئەندام پەرلەمان دوێنێ بە منی وت ئەگەر هێزێکی داخوازی سیاسی هەبێت توخوا دڵۆپێکی خوێنی گەنجێك

دێنی که ئینسان مەبەستێکی سیاسی وەرگرێت؟  ئایا توخوا ئەوانە چۆن دەتوانن بخەون؟ من ڕێـزم بـۆ قسەکانی هەیە و بەویشم گوت، بەڵام داوای کرد کە ناوی ئەو نەڵێم، توخوا ئەو سیاسیانە چۆن دەچنە ماڵ و خـەویان لێ دەکـەوێ؟ کـە لـە بـەر هەڵوێسـتێکی سیاسـی و داخوازیـەکی سیاسـی  بوونـە سـەبەبی کوشتنی کەسێك؟ ئایا ئەو 102 شورتەیەی لە سلێمانی برینـدار بـوون و کـوژران کـورد نـەبوون؟ کـوڕە شـەهید نـین؟ لـە عائیلـەی ئـەنفال کـراو نـین؟ بـۆ ڕەوا بێـت ئەوانـە بکـوژرێن؟ بـۆ پـێم بڵـێن ئـەتۆ کوشتووتە؟ ئەو پێشمەرگە دێرینەی شۆڕشی ئـەیلولی کـردووە  بـۆ بکوژرێـت؟ بـۆ ئـەوە شـەهید نـەبێ؟ بۆیە ئەگەر سووتاندنی بارەگای گۆڕان لە هەولێر کە من دژیمە تـا سـەر ئیسـقان جەریمـە بێـت هـەموو ئەوانی تریش جەریمەن، ئەگـەر کوشـتنی سـاکاری جوانـە مـەرگ جەریمـە نـەبێت؟ عـەجیب مەبـە کـە یەکێك ئەوەی تریش بێ ئەو نـەزانێت، ئەگـەر ڕەوا بێـت بـۆ تـۆ بـۆ مـن دە جـار تیکـرار بکـەی و بڵێـی سووتاندنی تەلەفزیۆن و بارەگـای گـۆڕان (ناوەکـەم گـوت ناچـارم) لـە دهـۆك هـەموومان دەزانـین ڕووی نـەداوە ئـەو شـتە و تەسـبیت ببێـت لەسـەر مـن، حـەقم نییـە دیفـاع بکـەم؟ حـەقم نیـە بچـم داوا لـە پەرلەمان بکەم و بەرپرسەکە بهێنێتە ئێرەو بۆتانی باس بکات کە حیمایەت کـراوە؟ ناکرێـت مـن و تـۆ متمانەمان نەبی و لەسەر من شت حیساب بێ و حزبایەتی بۆ تۆ دروسـتە، بـەس بـۆ مـن دروسـت نیـە، نەخێر بۆ هەردووکمان دروست نیە و دروستیشە، بـۆ  هـەموو کارەکـانی مـن بـە دەسـتێوەردانی حزبـی حساب دەکرێت، تۆش حیزبی وەکو من، جا ناوت حزب بێـت یـان حـزب نـەبێت، موشـکیلە نیـە، ئەگـەر دەمانەوێ جامیعە بەردەوام بێت، نابێ ئەندام پەرلەمان بچێت لە سەکۆ دابێت، کـە ئـەو نـەی کـرد زۆر خەڵکی تـر دژی ڕاگرتنی خوێندن لە زانکۆی سـەلاحەدینە، بـەڵام کـە کـردی نابێـت دیفـاعی لێ بکـەین، ئەوە نیە ئیتهام دەکـرێین کـەحیزب تـەوجیهمان دەکات، ئـەدی ئێمـە چـی بکـەین؟ بۆیـە مـن تەسـەور دەکەم یەکەمین چوارچێوە ئێمە بڕیار بدەین دەمانەوێ خزمەتی ئـەو وڵاتـە بکـەین یـان نا؟دەمانـەوێ ئەو میللەتە بڕوامان پێ بکات یان نا؟ یان  دەمانـەوێ بـەردەوام بـین و سیاسـەت و حیـزب و پەرلـەمان سووك بکەین لەبەرچاوی خەڵك، نەتیجەی چیە؟ نەتیجەی چوونی خەڵکە لەسەر شارع ،کێ سـوودی لێ وەردەگرێ؟ بۆیە برادەرینە ببوورن بە عمریش تۆزێ پێشکەوتوومە داوا دەکەم ئێمـە لێـرە مـن حـەقم بە کەسی تر نیە، بیر بکەینەوە، شێوەی ململانێـی سیاسـیمان چۆن بـەڕێوە ببـەین، سـوودی بـۆ کێیـە؟ ئەگەر سوودی بۆ خەڵك نەبێت، بەخودای ئێمە دەبێ واز بێنین، ئەمە یـەك، ئـەوەش وا دەکات هـەموو ئەو خاڵانەی کە هاتوونە هەمووی دەچنە چوارچێوەی داخوازیە سیاسیەکان خوا شـاهیدە، مـن نامـەوێ ئیتیهامی یەکێك بکەم و بڵێم چوونە و خستووتە دەمی خەڵك، وەڵڵا خـەڵکی کوردسـتان ئەمـە خـەمی نیە، خەڵکی کوردستان خەمی ڕۆژانەی هەیە، هەموو حزبەکان دەڵێن ئێمە لەگـەڵ خۆپیشـاندانەکانین، نە ئێمە بەشدارین تێدا و نە ئێمـە قیـادەی دەکـەین، باشـە واز بێـنن بـا خـەڵك داخوازیـەکانی تەقـدیم بکات، ئەمە هی سیاسی تەقدیم کرا، دەستتان خۆش بێ و دەستی ئەوانیش خۆش بێت، پێشنیار دەکـەم لە پەرلەمان، مادام هەیە لیژنە بەرێزەکە دەست خۆشـیان لێ دەکـەم، کۆیـان بکاتـەوەو بیکاتـە ماددەی دیالۆگی سیاسی، خۆزگە ئەمڕۆ کە شەممەیە و نە سبەی، ئێمـە بەمـە شـتێکی گـەورە دەکـەین، چـونکە ئەو نییەتە پاکە بۆ چاك کردنی سیاسی خستمانە قالبی دروستی خۆی نە قـالبی ئیتیهامـات، نـە قـالبی تەخوین و پاك کردنی خۆم وتەخوینی  ئەو، بەڵام خەڵك چی لێ دێت؟ من داوا دەکەم بەو ڕوحیەتـە و

بەو نەفەسە مادام لیژنەیەکمان هەیە، مادام هەموو برادەران و خوشکان ڕازی بوون لە ئیشەکانی بیر بکەینەوە لەوەی تەکلیفیان بە موهیمەیەك بکەن بتوانن لە خەڵك داخوازیەکانی خۆیان وەرگرن، ئەرکی من و تۆیە لە پەرلەمان جێ بەجێ یان بکەین، بەڵام نە بە ئینزاری دوو سەعاتی و دوو ڕۆژی بەوەی ئێمە لە چوارچێوەی ئیشی خۆمان لە لیژنەکان پەلە بکەین لە هەموو ئەوانەی بووە، بۆیە من هەر ئەو پێشنیارە دەکەم و داوا دەکەم ئەمە ببێتە ئیشی لیژنەیەك کە لیژنەی تایبەتیە، بۆیە دروست دەکرێت تاوەکو مەشغولی پەرلەمان نەکات، بەڕێزان خەڵك چاوەڕوانی ئێمەیە زۆر ئیش بکەین، هەر لەڕاپۆرتی سەرۆکایەتی پەرلەمان (49) وابزانم پرۆژە یاسا ڕاپۆرتی لەسەر نووسراوە و پێشکەشیش کراوە، ئەدی کەی پێشکەشیان بکەین؟ ئەمە بیمەی کۆمەڵایەتی تێدایە، کەم ئەندامانی تێدایە، خێرە ڕێگە بە یەکتر نەدەین تەواوی بکەین، ئەمە یەك، دووەم/ من ئاخر قسەمە، پێشنیارێك هەیە لەو پەرلەمانە متمانە لە حکومەت بستێنین من لەگەڵ مومارەسە کردنی ئەو مافەمە، ئەوە مافێکی زۆر ئاسانە لە سیستمی دیموکراسی، ئەم بەڕێزانەی خیبرەیان لە ئێمە زیاترە لە قانون و لیژنەی قانونی با بێن ئەوەی من کە داوای دەکەم پێم بڵێن چۆن داوای بکەم، چۆن دەیگەیەنمە ئەوەو هەنگاوی دووەم چیە؟ من با پابەند ببم بەو ڕێوشوێنانە و شێوازەی پێشکەش کردنی و با بخرێتە بەردەمی ئەم پەرلەمانە، بە مەرجێك کە ڕازی بین بە بڕیاری ئەم پەرلەمانە، بەڵام داوا بکەی لە من ئەو حکومەتەی من متمانەم پێی داوە، باشە من بێم تا ئێستا هەر لە ئێستاوە بەڵێنت پێ بدەم بێنی و بڵێی با حکومەت بڕووخێ، نایکەم، کاکە نایکەم، ئەو حکومەتە من دەنگم پێی داوە، تۆ دەنگت پێی نەداوە مافی خۆتە ڕازی نەبی پێی، بەڵام پێت دەڵێم تاوەکو ئێمە ئیتیهام نەکرێین حکومەتەکەی ئێوە، من تێ دەگەم و حەقتانە هەر ئیش و واجبی ئۆپۆسیۆنە داوایەکی ڕەواشە و رجا دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی، چونکە ئەوە داوایەکی 10، 15 کەسی بوو بیکاتە یەکێك لە پێشنیارەکان و با داوا بکرێت، بەس کە ئێمە دەنگمان نەدا بە ڕووخانی ئیتیهاممان بە هیچ شت نەکەن، رجاتان لێ دەکەم و، ئیسپات بکەن نموونەیەکی باشتر لە ئێمە پێشکەش دەکەن، وڵاتی ئێمە ئەمڕۆ پێویستە هێزێکی سیاسی بێت هەموو ئەو خراپیانەی خرانە بەردەستی حزب وەکو چەمك، خرانە بەردەستی پەرلەمان، گوتیان پەرلەمان وایە و وایە سەرۆکایەتی هەرێم وایە و حکومەت وایە، من دەمەوێت یەکێك بێت و ئەو موژدەیەم بداتە ئەو وڵاتەو من هاتم لەوانە باشترم، تەقلید کردنی ئەو شتانەی کە ئێمە تەقلیدی دەکەین، ئەم میللەتە بێ ئومێد دەکات، سوپاستان دەکەم بۆ تەحەمولتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هێشتا 20 کەس ماوەو سەعات 12,10 دەقیقەیە، دەتانەوێ بەردەوام بین؟.

کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لیژنە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە وەختەکە زۆر درەنگە و تەرکیزیش نامێنێ، یەعنی لەڕووی دەرونیشەوە ئەم دانیشتنە لە کاتێکی تردا بەردەوام بێت، ئەمڕۆ ئیتر نازانم چەند دادەنێین، سبەی

دادەنـێن؟ بـا ئـەوە بـە پێـی دەنگـدان و سـەرۆكایەتی پەرلـەمان ڕۆژێـك دیـاری بكـات، بـەڵام مـن خـۆم شەخسیەن پێم باشە بەیانی بێت یان دوو بەیانی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیجازە بدەن نوقتەی نیزامی هەیە، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم سـبەی سـەعات 9 دابنیشـنەوە، دیـارە لیژنەكـەش هیلاكـە و ئێمـەش هـیلاكین، خـۆ دەبێ بە بڕیارێكیشەوە دەرچین، بۆیە ئەگەر بكرێت سبەی 9 دابنیشینەوە بـۆ ئـەوەی تـەواوی بكـەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر قسە كرا، تەسەور دەكەم ئەو بەڕێزانەشی كە ماون بەڕێزیان هەم پێشـنیاریان هـەبێت، هـەم ڕایـان هەبێت لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی ئێمە، لەبەرئەوەی بەیانی یادێكی گرنگە و بۆ هەموو گەلی كوردستان، مـن پێشنیار دەكەم ڕۆژی یەك شەممە دانیشتنەكەمان بكەین نەك سبەینێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێزتان ئیعلانی كۆبوونەوەی نائاساییتان كردووە و ئـەو لیژنەیـەش هـیلاك بـوون و سێ چـوار ڕۆژ پێیەوە خەریك بوونە و ئیشی خەڵكە و چاوەڕێیەتی كـە بـە نەتیجەكـەوە لێـی بكۆڵێتـەوە و مـن بۆیە داوا دەكەم كۆبوونەوەكە بەردەوام بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەكانی كاك محمد شـارەزووری دەكـەم، پێموایـە ئـەو كەسـانەی كـە ئێسـتا ناویـان نووسیوە، ئەگەر تۆزێ بە چڕو پـڕی قسـەكانیان بكـەن، سـەعاتێ، دوو سـەعاتی، تـریش بـەردەوام بـین ئاساییە، تا دوو سەعاتی تریش بەردەوام بین ئاساییە، بەڵام چڕو پڕ بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من ئەگەر ئێستاش نەگەین بە هیچ نەتیجەیەك وەکو ئەوە وایە هیچمان نەکردبێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە بە کۆمەڵێك بڕیاری گرنگەوە تەواو ببین، چونکە تەنها گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتەکە وەڵامگۆی داواکاریەکانی هاووڵاتیان نیە، بۆیە من ئەو پێشنیارە دەکەم کە سبەینێ دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوە بکەین، بەڵام لە خیلالی پێش نیوەڕۆ لیژنەیەك یان چەند کەسێك یان هەمان لیژنە دەست نیشان بکرێن و دیاری بکرێن بۆ ئەوەی کە لێ بووینەوە لە گفتوگۆکان لە هەمان کۆبوونەوەی سبەینێ، ڕەشنووسێك ئامادە بێت بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین یان بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من ئەگەر بەردەوامی دانیشتنەکە تەنها بۆ ئەوە بێت ئەوەندەی ماوە قسە بکەین و ئەوەی کە ئێمە لە لیژنەکە و لەگەڵ فراکسیۆنەکان لەگەڵ بەڕێزتان دانیشتین کە قسە لەسەر ئەوە کرا ئەم لیژنەیە لەگەڵ لیژنەی یاسایی دانیشێ سیاغەی چەند پێشنیارێك بکەن کە ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەین بە نەتیجە بێتە دەرەوە، پێموایە ئەم شەو تەواو نابێ ئەم کارە، لەبەرئەوە بیر لەوە بکرێتەوەو دوابخرێت دەیکەنە بەیانی یان دوو بەیانی، تەنها ئەم شەو ڕێ بەوە بدرێت قسەکانمان تەواو بکەین بێ نەتیجە دەبی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبیرمان نەچێ ئێمە خاڵێکی تریشمان هەیە کە خاڵی سێیەمە کە باسی ڕەوشی ئێستای کەرکووك دەکەین، ئەویش هیچ نەبێ خۆ چەند کەسێك قسەی لەسەر دەکات و چەند سەعاتێکی دەوێت، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم وەکو کاك عمر باسی کرد کەوا سبەینێ و بخرێتە دوای نیوەڕۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە جەماعەت زۆریان هیلاکن، لەبەرئەوە دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سبەی دەهێڵینەوە، چونکە ئەوەڵەن دەبێت ئەو بەڕێزانەی کە ماون دەبێ قسە بکەن، پاش ئەوەی قسەکانیان تەواو کرد، ئەو جار ئەو شتانەی کە وتراوە تەحویلی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت کە دانراوە بۆ بەدواداچوونی داخوازیەکانی خۆپیشاندەران زائیدەن سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بۆ ئەوەی دابنیشن ئالیەتێك دابنێن بۆ جێ بەجێ کردنی 17 خاڵەکە و زائیدەن ئەو ناوانەی تریش کە دێتە بانی، چونکە هەر ناکرێت بڵێین باشە، چۆن باشە؟ دەبێ ئالیەتێك هەبێت، ئەم بەڕێزانە و ئەو

خۆپیشاندەرانەی کە خۆپیشاندانیان کردووە یەکێکن و دووان و پێنجن و دە و هەزارن جێگەی ڕێزی ئێمەن، هەر کەسێك لەم هەرێمی جێگەی ئیحترامە کە خۆپیشاندانی یاسایی بکات و داخوازیە ڕەواکانیان و یاساییە، ئێمە لەسەری ئەوەستین بۆ ئەوەی جێ بەجێ ببێ و بۆ ئەوەش پێویستە ئەم دوو لیژنەیە زائیدەن سەرۆك فراکسیۆنەکان، بە وردی دیراسەی بکەن و بۆ ئەوەی تووشی هەڵەی یاسایی نەبین و ئەوجا میکانیزمێك دابنێین چۆن جێ بەجێ ببێت و بۆیە دانیشتنەکە سبەی سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، باشە سبەی سەعات 10 تەواو.

تکایە دانیشن لە جێگای خۆتان، ئێستا بەردەوام دەبین، بەردەوام دەبین و ئەوانەی ماون قسەی خۆیان تەواو دەکەن و شتەکان تەحویلی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت زائیدەن سەرۆك فراکسیۆنەکان دەکەین، ئەوجا بەیانی و دوو بەیانی هەموو ئەو بەڕێزانە دادەنیشن و دیراسەی دەکەن و ڕێکی دەخەن، یەك شەممە سەعات دوو کۆبوونەوە دەکەین، ئێستا بەردەوام دەبین و تکامان لێتانە زۆر بەڕێکی تەرکیز بکەن و کاك سمیر فەرمoo.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بەو پێیەی ئەو دوو کۆبوونەوەی پەرلەمان تایبەت بوو بە داخوازی خۆپیشاندەرانەوە، بۆ ئەوەی داخوازیەکانیشیان نەکەوێتە نێو پرسیاری سیاسیانەوە، پێم باشە ئەو ڕاپرسیانەی ڕێکخراوەکانی (NDI) و (RRI) کردوویانە، نەك ئێستا ئەم چوار ساڵەی ڕابردوو کە پێش خۆپیشاندانەکانەوە بیهێنین ڕیزی بکەین و بزانین جیاوازیەکانیان چیە؟، ئەوە یەکێکە لەو خاڵانەی بۆ ئەوەی لە کارتێکەرەکانی ڕووداوەکان دوور بکەوینەوە، بڕیارەکانی پەرلەمان نەکەوێتە ژێر تەئسیری ئەو حاڵەتانەوە، دووەم/ بە نیسبەت داواکاری هاووڵاتیان هاوجووتە لەگەڵ سیاسەتی ئەحزابە یان سیاسیەکانە، من پێم وایە شتێکی تەبیعیە، ئەسڵی سیاسەت بۆ ئەوەیە داخوایەکانی هاووڵاتیان بەدی بهێنێ، ئەگینا هەر سیاسەتێك لە پێناو خزمەتی هاووڵاتیان و داخوازیەکانی هاووڵاتیانا نەبێت پێم وا نیە خزمەت نە بە کۆمەڵگا بکات و نە بە حکومەت بکات، بەنیسبەت ئەوەی کە تێ بینیم لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێزەوە لەگەڵ ڕێز و دەست خۆشی و نرخاندنم بۆ هەوڵ و ماندوو بوونیان، کۆمەڵێك تێبینیم هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکە بۆ ئەوەی خاڵ بە خاڵ و بە کورتی بچمە ناو مەوزوعەکەوە، ئەم لیژنەیە بۆ گفتوگۆ کردن بوو لەگەڵ خۆپیشاندەران، نەك موتابعەی خاڵەکان بە پێی ئەم بڕیارەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەری کردووە لەناو پەرلەماندا قسەمان لەسەری کردووە نووسراوە بە مەبەستی بەدواداچوون و گوێ گرتن لەداخوازیەکانی خۆپیشاندەران، واتە مەبەستی تر لە ئەرکی تر بەم لیژنە بەڕێزە نەسپێردرا بوو، ئەم ڕاپۆرتە خاڵی دووەم و خاڵی سێیەمی پەیوەستە بە ئەرکێکەوە کە ئەرکی ئەوان نەبووە لەگەڵ ڕێزم بۆیان، هەموو خاڵەکانی ئەرکی ئەو لیژنە نەبووە، خاڵی یەکەمی پانۆرامای دیدارەکانی بەڕێزیان، من ناچمە سەر ئەو مەوزوعانە، خاڵی دووەم و سێیەمی کە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە کە بریتیە لە پێشنیار بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی بارودۆخەکە هیچ کامیان لە زمنی ئەرکەکانیان نەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەیەكی نیزامی من لە بەڕێزتی دەگرم، زۆر زۆر قانونی و دەستووری حەقی ئەم لیژنەیە، یاسایی، عەفوەن، چونكە ئەم لیژنەیە چوونە و شتەكانیان هێناوە و بەرنامەكە سەرۆكایەتی پەرلەمان دایدەنێت، ئێمە دامان ناوە، نەك لیژنەكە، بۆ ئاگاداری جەنابت، ئەم بەڕێزانە داوامان لێیان كردووە كە بیخوێننەوە، چونكە خۆیان چوونە شتەكانیان هێناوە و ئەوان پێشكەشی بكەن بۆ ئەوەی هەم خەڵك گوێیان لێیان بێت و هەم ئێوە گوێتان لێیان بێت، گفتوگۆكانیش ئێوەی بەڕێز كردووتانە، ئەوانیش وەكو ئێوە ناوی خۆیان نووسیوە بۆ ئاگاداریتان، كاك سمیر فەرمووو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە پێی ئەم بڕیارە دەڵێم نەك بڵێی ئەمە نەسی بڕیارەكە لەبەردەست هەموو ئەندام پەرلەمانەكاندایە نەك یەكێكمان، دووەم/ دەبوو ڕاپۆرتەكە لەسەر بنەمای داخوازیەكان بنووسرایە نەك بەدواداچوونی خاڵەكان، چونكە ئەوە مەووعەكەیە، پێشنیارەكەم بۆ جێ بەجێ كردنی بڕیارەكانە، بۆ چارەسەركردنی بارودۆخەكەیە، بۆیە ناچارم من بۆ ئەوەی بتوانم تیشكێك بخەمە سەر مەوزوعەكە، هەندێك حاڵەت هەیە كە لە داخوازیەكانی هاووڵاتیاندا كە هاوپێچی ئەو ڕاپۆرتە كراوە كە دەبوو خودی ڕاپۆرتەكە لەسەر داخوازیەكان بووایە هەندێك حاڵەت عەرزتان دەكەم، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین چارەسەرێك دابنێین و بەڕاستیش بارودۆخەكە هێور بكەینەوە و ئەم دەركەوتە تازانەی سەر گۆڕەپانی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئێمە نەهێڵین جارێكی تر دووبارە ببنەوە و دەركەونەوە، یەكەم داوام كە دەبوو لە ڕاپۆرتەكە دا ببوایە و پێشنیاریش دەكەم لە هەڵسەنگاندنەكان دەرجی بكەن لیژنەی بەڕێز دەبوو داخوازیەكانی خۆپیشاندەران داوای سەر لەنوێ داڕشتنەوەی دامودەزگاكان دەكەن كە یەكێكە لە داخوازیەكان، ڕێژەكەی چەندە ئەوە قەزیەیەكی ترە، لەسەر كۆمەڵێك شت كە كێشەی بۆ ئەوان خولقاندووە و بەهۆی كێشەكانیەوە ئەو خۆپیشاندانە بووە، یەكەم دامودەزگاكان لەسەر بێ لایەن بوونیان، واتە یەكێك لەداواكاریە ستراتیژیەكان دانراوە بۆ لایەكانیش نێردراوە، كێشەیان لەسەر بێ لایەن بوون هەیە، لە كۆی موفرەدەكانا داوای سێ شت دەكەن، یەكەم/ شەراكەت لە قەراری سیاسی دا بە شەراكەت بێت لەناو هەرێمی كوردستاندا، دووەم/ عەدالەت لە دابەش كردنی داهات و سەروەت و ساماندا كە لەم هەرێمەدا هەیە وداوای دەكەن، سێیەم/ دیموكراتیزە كردنی كۆمەڵگا و زیاتر بوونی دیموكراسیەت كە داوای دەكەن، ئەم سێ شتە بووەتە مایەی دروست بوونی ئەو كێشانە كە لەپێناوی دا خۆپیشاندان كراوە، ئەمەش دەخوازێت هەموو دام و دەزگاكان بە پێی داخوازیەكانی جەماوەر كە من تەسەور دەكەم هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەكەی لیژنەی بەڕێز دەبوو ئەم خاڵەی لە خۆی بگرتایە، دووەم/ خاڵی یەكەمی داواكاریە هەنووكەییەكانی خۆپیشاندەران بریتیە لە ئیعتراف كردنی پەرلەمان بەو ئەنجومەنەی بەر دەركی سەرای سلێمانی كە بەشداری قەراری پەرلەمان بێت لە مەسەلە چارەنووسسازەكاندا ئەمە یەك واتا ئەگەیەنێ، واتای ئەوە هەیە ئێمە و ئەم پەرلەمانە سیستەمی نوێنەرایەتی كردنمان بۆ ئەو خەڵكە لەژێر پرسیار دایە، ئەوان داوای تەعزیز و تەقویەی سیستمی نوێنەرایەتی كردن دەكەن، دەبوو یەكێك لە هەڵسەنگاندنەكانی ڕاپۆرتەكەش ئەمەی لەخۆ بگرتایە بەڕاستی، چونكە بە پێی قسەی ئەوان ئەو سیاقە سیاسی و سیاقە حزبیەی كە ئیشی تیا دەكرێت

نەیهێشتووە کە پەرلەمان ئەم ڕۆڵە ئیجابیەی خۆی ببینێ لە چاودێری کردن و لە نوێنەرایەتی کردندا، کە ڕاپۆتەکە دەبوو ئەوەی تیا بووایە، خاڵی سێیەمم کە دەیکەمە خاڵی ئەخیرم بۆ ئەوەی کاتەکە لەبەرچاو بگرم، مەسەلەی خراپی پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت لە زۆربەی وەختدا کە قسەیان لەسەر کردووە، خۆپیشاندەران کردوویانە بە داخوازیەك لەسەر خراپی پەیوەندی نێوان حکومەت و پەرلەمانە، جۆرێك لە بێ متمانەیی کە ئەوەش کێشاویەتی بۆ بێ متمانەیی جەماوەر لەگەڵ پەرلەماندا، ئەمەش دەبوو یەکێك بووایە لە خاڵەکانی ئەو ڕاپۆرتە کەبنووسرایە کە بەداخەوە ئەوانە فەرامۆش کراون، ئەخیر خاڵم کە ئێستا بەڕاستی پێم گەیشت، 61 زینندانی لە سلێمانی هەیە کە ئەویش دەخوازن لە ڕاپۆرتەکە دا هەبێ، عەفووی سەرۆکایەتی هەرێم نەی گرتووەتەوە کە ڕەفیقەکانیان ئازاد کراون، ئەوان تا ئێستا ئازاد نەکراون، یەکێکن لەو خاڵانەی کە دەبوو حسابی بۆ بکرایە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، کەرەمکە کاك د.صباح.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەس تەسریحێك دەدەم، لەو ڕاپۆرتەی ئێمە دا باسی ئەو 61 زیندانیە کراوە، بەڵام ئێمە زۆر مولتەزم بووین بەوەی شێوەیەکی حەرفی داواکاری وداخوازیەکانی خۆپیشاندەران نەقل بکەین، چونکە داواکاری ئەساسی ئەوان و تێبینی ئەوان ئەوە بوو نامانەوێ دەسکاری ئەو هینە بکەن، ئەو داواکاریانە بکەن، ئەگینا ئێمەش بەشی ئەوەندە زانایی و شارەزاییەمان هەیە کە بێین سیاغەی بکەینەوە و تەبویبی بکەین، یان تەسنیفی بکەین بڵێین ئەمە مەتالیبی سیاسیە، ئەمە مەتالیبی قانونیە، ئەمە مەتالبی ئیقتسادیە، ئەمە مەتالبی خزمەتگوزاریە، چونکە پێکهاتەی لیژنەکە بەو شێوەیەیە کە بەشی ئەوە پسپۆریان هەیە و بڕوانامەیان وەرگرتووە کە بتوانن ئەو تەسنیفە بکەن و کاری لەوە گرنگ تر بکەن، بەس ئەرکی موحەدەدی ئەم لیژنەیە ئەوە بوو بەڕاستی بە ئەمانەتەوە ئەو داخوازیانە نەقل بکات و لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لە پاشکۆی ئەو داواکاریانە کە دەیبینن و لەبەردەستتان دایە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە داواکاری جەماوەر و داواکاری خەڵك هەڵقوڵاوی چەندان کێشە و موعاناتی کەڵەکە بووە، بەڕاستی بۆیە هەر دەبێ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و، نەوەکا شتێك بێت تازە ڕووی دا بێت، یەعنی چەندان کێشە و چەندان موعاناتی کەڵەکە بوو لەناخی هاووڵاتی ئێمە کە زۆر زەختی لێ کردوون و فشاری زۆری بۆ دروست کردوون، ئەوە وای لێ کردووە کە نەتیجەی ئەم خۆپیشاندانەی کە ئێستا لێی بکەوێتەوە، بەڕێزان کاتێ کە لە 2/17 خۆپیشاندان دەکرێ لە سلێمانی، بەڵام 2/23

پەرلەمانی کوردستان دادەنیشێ بۆ ئەم مەبەستە کە ئەمەش بەڕاستی لەکاتێکدا کە ئەم هەموو زەخت و ئەم هەموو فشار و ئەم هەموو بێ تاقەتیە و ئەم هەموو ناڕەزاییە هەیە لە شەقام ، وابزانم لەوە زیاتری برد، لەبەرئەوە من ئەوە بە کەمتەرخەمی دەزانم لە پەرلەمانی کوردستان، لە کاتێك دا ئەم دانیشتنە کە دانیشتنی 23ی مانگ کە 17 خاڵ و بڕیار دەرچوو لە پەرلەماندا، من ئەوە بە شتێکی زۆر ئیجابی تەماشا دەکەم، بەڵام بەداخەوە کە من بۆ دەست خۆشی زۆرم بۆ لیژنەی بەدواداچوون ئەو 17 خاڵەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراو ئومێدێکی باش بوو، بەڵام بە پێی بەدواداچوونەکان لە هەڵسەنگاندنی لیژنە ئەوە بەدەردەکەوێ کە بەڕاستی بێ ئومێدیەکی زۆری پێوە دیارە، چونکە لە کۆی ئەو 17 خاڵە زۆر کەم لەو خاڵانە هەر بە هەڵسەنگاندنی خۆیان زۆر کەمن ئەو خاڵانەی کە جێ بەجێ کراون، یەعنی تەنانەت ئەو 5 خاڵەی کە باسی لێوە دەکەن لەبواری جێ بەجێ کردن دا یاخود جێ بەجێ کراون، من نموونەی خاڵی 13 دەهێنمەوە بەڕاستی کە ئەمەش نموونەیەکە لەسەر حکومەت، خاڵی 13 کە باسی ئەوە دەکات، باسی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاووڵاتی دەکرێ و باسی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان دەکات، بەڕاستی لەم ماوەی کە سەرۆکی حکومەت کە شتێکی زۆر سادە و ساکاری دەرکردووە لە 3/1 کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك گشتاندنێکی زۆر عمومی، وەڵامدەرەوەی خۆپیشاندەران نین من نازانم خۆپیشاندەرانێك کە بەم هەموو موعاناتەوە و بەم هەموو نارەحەتیەوە چەندان ڕۆژە وا لە شەقامن، بەڕاستی ئەم شتە سادەیە و ئەم شتە عومومیاتە، یەعنی من خاڵێکی تیادا نابینم کە وەکو پێویست بەڕاستی شتانێکە کە ئێمە هەمیشە دووبارەی دەکەینەوە، شتانێکە باسی ئەوەیە کە خۆپیشاندان مافێکی سروشتیە و باسی چاکسازی، بەڵام وەکو شتێکی مەلموس یەك شت لەوە نابینم و یەك خاڵی گرنگ بۆ خۆپیشاندەران نابینم، بێجگە لەو خاڵەی کە باسکراوە ئەوەی ماڵ و موڵکی کە حکومەتە لەلایەن ئەحزابەوە بگەڕێتەوە، یەعنی بەڕاستی ئەوە شتی هەنووکەییە، ڕاستە ئەمە جێگای بڕیار لەسەر دانەو دەبێت زۆر بە پەلە بڕیاری لەسەر بدرێ و بخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام ئایا ئەم موعاناتەی کە ڕۆژانە هەیە لەم شارعە بەم شێوەیەیە، من وای دەبینم و من نازانم ئەگەر لیژنەی بەدواداچوون خۆیان تەبەرا بکەن لەو پێشنیار و چارەسەرانەی عەرزیان کردووە ئەوە شتێکە، بەڵام ئەگەر خۆیان تەبەرا نەکەن، ئەو پێشنیار و چارەسەرانەی کە عەرزیان کردووە ناوە ناوە قسەیەك دەکرێت لەسەر ئەوە کە ئەرکی لیژنە، من پێموایە ئەو چارەسەرانە و ئەو پێشنیارانەی کە لیژنە خستوویەتە ڕوو زۆر لاوازن لەچاو ئەم هەموو پێشێلکاریانەی کە لە خاڵەکان یان بڕیارەکانی پەرلەمان هەیە ، ئەو 17 خاڵە کە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە، بەڕاستی زۆر زۆر بەلاوازی دێتە بەرچاو کە ئەو پێشنیارانە لەبەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاریانە خراوەتە ڕوو، لەبەرئەوە من پێموایە بەڕاستی وەکو ئەوەی کە ئێمە لە پەرلەماندا ئیحساسێکی پەرلەمانتارانیش و ئیحساسێکی وا پێموایە جەماوەریش و خەڵکی دەرەوەش ئەوەیە کە ئێستا داخوازیەکانی خەڵك و پێشنیارەکانی خەڵك بە هەند وەرنەگیردرایە، لەبەرامبەر ئەوەدا چی پێویستە لەبەرامبەر بەهەند وەرگرتنی داخوازیەکانی خەڵك حکومەت مولزەم بکرێت بەهەند وەرگرتنی ئەم خاڵانە لە جێ بەجێ کردن، بەهەند وەرگرتنی 17 خاڵەکە لە جێ بەجێ کردن، چونکە بەڕاستی ئەو 17 خاڵە هیچ مانایەکی نامێنێ ئەگەر ئەو هەموو پێشێلکاریەی تێدا بکرێت و جێ بەجێ کردنی تێدا نەکرێت\، لەبەرئەوە بەڕاستی من پێموایە

مەوداكان لـەوە زيـاتر درێـژ نەبنـەوە بـۆ داخوازيـەكانى خـەڵك بـە تايبـەتى كـاتێ خـەڵك كـە متمانـەى نيە،كە دڵنيايى نيە داوا دەكات شتەكانى بە شێوەيەكى نووسـراو فـەرمى پـێ بگـا، مـن پـێم وايـە ئەمـە بەڕاستى يـەعنى ئـەو شـتە تـەنها بـە شـتانێكى شـەفەهى و بـە شـتانێكى زۆر ڕەسمـى جـوابى خـەڵكمان نەداوەتەوە و بەشێوەيەكى نووسرا و فەرمى پێ بگات، مـن پێموايـە ئەمـە بەڕاسـتى يـەعنى ئـەو شـتە تەنها بە شتانێكى زۆر ڕەسمى جوابى خـەڵكمان نەداوەتـەوە، ئـەوان داوايـان ئەوەيـە بەشـتى فـەرمى بـۆ ئەوەى ئيتمەئينان بكەن، بۆ ئەوەى متمانەيان بۆ دروست بێتەوە، لەبەرامبـەر ئـەوەى كـە حكومەتێكـە كە پەرلەمانەكەى ئاگاى لێيانە و بەدوا ،چارەسەركردنى كێشەكانيانەوەيە ، بەڕێزان من زۆر بەداخـەوە دەڵێم بەڕاستى ئەوەى كە خاڵ بەخاڵ كە باسى لە خاڵى يەك دەكرێت پێشێل كـراوە و، يـەعنى كاتێـك كە پەرلەمان لە 23ى مانگ بە 17 خاڵ دەردەچێت، باسێك لەوەيە كە تەقە بەسەر هاووڵاتيان دەكـرێ و تەحريم و تەجريمى ئەم خۆپيشاندانانە دەكرێ و كوشتنى خۆپيشاندەرانە بكرێت، يەعنى هـەر 25 ى مانگ كوڕێكى گەنج لە سلێمانى شـەهيد دەكرێـت، هـەر 25ى مـانگ خـەڵكێكى ئـەم شـارە كـە شـارى هەولێرە بەڕاستى زۆر زۆر بە بـێ ڕەحمانـە زوڵميـان لێ دەكرێـت و دەگيرێـن و دەسـگيردەكرێن، يـەعنى ئەمــە بەڕاسـتى زوڵمێكـى زۆر گەورەيــە، ئەمــە ناحەقيــەكى زۆر گەورەيــە، يــەعنى گرتنــى خــەڵك لەبەرئەوەى حەقێك داوا بكات، لەبەرئەوەى مافى خۆى داوا بكات، بە تايبەتى لە شارى هەولێر، يەعنى كاتێـك كـە پێموايـە داخوازيـەكانى خـەڵكى هـەولێر و دهـۆكيش كـەمتر نـين لـە داخوازيـەكانى خـەڵكى سـلێمانى يـان خۆپيشـاندەرانى ئـەوێ، بـەڵام هـەمان موعانـات هەيـەو هـەمان كێشـە هەيـە ئەگـەر نەخراوەتە ڕوو بابەتێكى ترەو باسێكى تـرە، لەبەرئـەوە مـن پـێم باشـە لـەكۆتايى دا بڵێم ئـەو خاڵانـە بەڕاستى دەبێ مودەى زەمەنى بۆ ديارى بكرێت و مەوداكان ئەوەندە درێـژ نەكرێنـەوە و بـە جـدى تـر بچين بەدواى چارەسەر كردنەكان و زياتر بەڕاستى خـەم و داخوازيـەكانى خـەڵك بـە جـدى تـر بگـرين لەو بوارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

هەر بۆ ئەوەى باسى پەرلەمان كە جەنابت كردت، هەر بۆ ئاگاداريت هەر لە دواى حاديسەكەوە ئێمە لە پەيوەندى بووينە لەگەڵ سەرۆكى حكومەت و لەگەڵ وەزيرى ناوخۆ و لەگەڵ وەزيرى پێشمەرگە پاشان لەگەڵ ليژنـەى نـاوخۆى پەرلـەمانى كوردسـتان و دوايـيش لەگـەڵ سـەرۆكى فراكسيۆنەكانى پەرلـەمان پـێش نيـوەڕۆ و دواى نيـوەڕۆ، پاشـان جـارێكى تـر لەگـەڵ سـەرۆكى ليژنـەى نـاوخۆ كـە بـزانين چيان كردووە، ئينجا داواى دانيشـتنمان كـردووە، ئێمـە زۆر بـە جـدى پاشـانيش لـەبيرتان نەچـێت پەرلـەمان دەزگايەكى تەنفيزى نيە، حكومەت هەيە، ئيشى حكومەتە ئەو وەزعە، پەرلـەمان لـە يەكـەم دەقيقـەوە دانيشتن بكات و بەرچاوى ڕوون نەبێ ئەويش هەڵەيە، نـەك لێـرە لـە هـەموو دنيـا حاديسـەيەك ببێـت دەبێ پێش چاوت ڕوون بێت، بەلاى كەم ليژنەكانت دەبێ ڕاپۆرتيـان بـۆت هـەبێت تـاوەكو بزانـى چـۆن لەسەرى حەرەكەن بكەى، پاشـان ئێمـە ئـەو 17 خاڵـەى كـە لـە پەرلـەمان دەرچـوو سـەرۆكى حكومـەت ڕەئسەن هەم لە موئتەمەرى سحوفى و هەم بەڕەسمى ئيعلانـى كـرد كـە ئێمـە وەكـو حكومـەتى هـەرێمى كوردستان ئيلتزامێكى مەبدەئى و ئەخلاقى بە جێ بەجێ كردنى 17 خاڵەكەى پەرلـەمانى كوردسـتان دەكەين، سەرۆكى هەرێم لە وتارەكەى تەئيدى كردو پشتيوانى لێى كردو ئيزافەشى كـرد ئەگـەر خـاڵى

تـریش هـەبوو ئـەو لیژنانـە کـە دەڕۆن پەرلـەمان دەتـوانێ ئیزافـەی سـەری بکـات، ئـەم دانیشـتنەش و دانیشـتنەکانی تـریش و ئـەو یـەکتر بینینانـەی بـەردەوام گرنگـی ئـەوە نیشـان دەدەن کـە پەرلـەمانی کوردستان بە هەند ئەو مەوزوعانـەی وەرگرتـووە، نـەك زۆر بـێ یـەك تـاکیش بێـت دڵمـان لەگەڵیـەتی، چونکە ئینسانێکت کوشت وەکو ئەوەیە کە هەموو دنیا کوژرا، ئەو ئینسانە کێ کوشتی؟ بـۆ کـوژرا؟ کـێ ناردی بکوژرێ؟ چۆن کوژرا؟ یەعنی هێشتا حەقیەقەتەکە پێویستە لیجانـەکانی ئێمـە وەکـو ئەنـدامانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکەین، پێویستە قەزا دەوری خۆی ببینێ، ئەو خەڵکـەی کـە گلـەیی دەکـات لەوەی زوڵمـی لێ کـراوە، پێویسـتە شـکات بکـات، هەنـدێکی ئیـدعای عـام هەنـدێکی ڕەنگـە جەنابیشـتان نەزانن، ئێمەش نەزانین، بەڵام خەڵکێك هـەبێ لەلایـەك زوڵمـی لێ کـرا بـێ و ئینجا کـێ کردوویـەتی و چۆن کردوویەتی؟ ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی بچن شکات بکـەن، مەرکـەز هەیـە و مەحکەمـە هەیـە و حـاکم هەیە و پەرلەمان هەیە، قەزایەکان دەبێ جوان دیراسەت بکرێت، لیژنەیـەکی پەرلـەمانی بـۆتی بنێـرێ ئەوجا بڕیاری لێ بدەی زەرور بوو جەلسەیەکی وای بۆ بکـەی، ئـەم دانیشـتنە و ئـەو بۆچـوونانە و ئـەو لەدەرچـوونی بەرنامـەش کـە ئیحترامـی وەزعەکـەمان گـرت ئێمـە سـەبەبەکەی ئەوەیـە کـە بەهەنـد وەرمانگرتووە دڵمان لەلای ئەو ئینسانانەیە، ئینجا یەك کەس بێت یان چەند کەسێك بـن، زۆر سـوپاس بۆ جەنابت، کاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەرەتادا دەسـت خۆشـی لـە سـەرۆك و گشـت ئەنـدامانی لیژنـەی بەدواداچـوون و گـوێ گـرتن لـە داخوازیەکانی خۆپیشاندەران لە سنووری شاری سلێمانی دەکەین بۆ ماندووبوونیان و ئامادەکردنی ئـەم ڕاپۆرتـە، پشـتگیری هـەموو پێشـنیارەکانیان دەکـەین، وێـڕای پشـتگیریمان بـۆ زۆربـەی داخوازیـەکانی خۆپیشاندەران کە لەم ڕاپۆرتەدا کۆکۆاوەتەوە و ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان وحکومەت و دەسـەڵاتی دادوەری و لایەنـە سیاسـیەکان کـراون کـە زۆربـەی زۆریـان لـەو 17 خاڵـەدا هاتوونـە کـە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشـتنی نائاسـایی ژمـارە 1ی ڕۆژی 2011/2/23 بڕیـاری لەسـەر دراوە کـە پێویستە پەرلەمان بەدواداچوون بکات بۆ جێ بەجێ کردنیان، بەڕێزان پەرلەمان کەمتەرخـەم نـەبووە بەرامبەر ئەوانەی کە لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی 2/17 ڕووی داوە، بەڵکو بە پێی یاسـا و پـەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تەعامول لەگەڵ وەزعەکە کراوە تـا گەیشـتووەتە ئـەم قۆناغـە، وە ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبووە بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخەکە، بەڵام ئەرکی داهاتووی پەرلەمان قورسترە و پێویستە هـەموو لایەك هاوکار بین بۆ ئـەوەی بتـوانین بڕیـاری گونجـاو دەربکـەین کـە ڕەنگدانـەوەی جـێ بـەجێ کردنـی داخوازیـەکانی خـەڵکی تێـدا بێـت، نـە داخوازیـەکانی هێـزە سیاسـیەکان، چـونکە جێـی داخـە، ئـەمڕۆ دەبینین داخوازیەکانی خەڵك و هێـزە سیاسـیەکان تێکـەڵاو بوونـە وە پێویسـتە پەرلـەمان ئەمانـە جیـا بکاتـەوە، چـونکە داخوازیـەکانی خـەڵك بـەلای ئێمـە گـرنگترە لەوانـەی تـر، بـەڕێزان ئەگـەر بمانـەوێ داواکاریەکان و کێشە و گرفتەکانی خەڵك چارەسەر بکەین دەبێت لەڕێگەی ئەم پەرلەمانەوە بێت، نەك لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یان لەڕێگەی هەندێ کەناڵەکانی تر، چونکە بـەهیچ جۆرێـك ڕاگەیانـدن نابێتـە ئامرازێـك بـۆ چارەسـەر کردنـی داواکاریـەکانی خـەڵك، بـەڵکو تـەنها دەتوانێـت داواکاریـەکان

بخاتەڕوو بۆ ڕای گشتی و دەسەڵات کە دەبێ پەرلەمانی کوردستان لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بکات، ئەوانەی سەرپێچی بڕیارەکانی پەرلەمان دەکەن، بەڕێزان تکا لە هەموو لایەك دەکەین با بەس بێ موزایەدە کردن بە خوێنی منداڵەکانی ئەم میللەتە، چونکە بە پێی هەموو عورف و یاسا و ڕێسا و مەواسیق و ئیتیفاقاتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی منداڵ بەکارنەهێنراوە بۆ ململانێی سیاسی یان بۆ وەرگرتنی مەکاسبی سیاسی، چونکە ڕشتنی دڵۆپێك خوێنی یەك لەوانە ئێمە بەکارەسات لە قەڵەمی دەدەین کە پێویستە هەموومان پێگیر بین بە دوورخستنەوەی منداڵەکانمان لە ململانێی سیاسی و حورمەتی دامەزراوەکان و بارەگاکانی حیزبەکانی ئەم هەرێمە بگەیەنین، وە حەلال کردنی خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە بە تاوان دەزانین، خۆ ئەوانەی لە دەسەڵاتن یان لەناو ڕیزەکانی هێزی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە دانە کوڕی ئەم میللەتەنە، ئەوانیش دەبێت ڕێزیان لێ بگیردرێت، چونکە ئارمانجیان پاراستنی سەقامگیری و ئەمنیەتی هاووڵاتیان و ئەم هەرێمەیە، کە تا ئێستا جگە لە شەهید بوونیان زیاتر لە 100 کەس لەوان بریندرا بوونە لە کۆی بریندارەکان کە جێگەی داخە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دا گرنگی بەڕۆڵەکانیان نەدراوە، کە ئەمە چەندین ڕۆژە ئەوانە بۆ پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران و موڵك و ماڵی گشتی رۆڵی بەرچاوی هەبووە کە جێگەی شانازیە، بەڕێزان سەبارەت بەو 17 خاڵەی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیاری لەسەر دراوە کە دەگوترێت تا ئێستا تەنها یەك خاڵ جێ بەجێ کراوە بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی بەدواداچوونی پەرلەمان کە سەرۆکەکەی لە ئۆپۆزسیۆنە بە ئەندامیایەتی نوێنەرایەتی هەموو کوتلە و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان لە خاڵی دووەم دا کە پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە ئاماژە بە جێ بەجێ کردنی ژمارەیەك لە خاڵەکانی کراوە، ئەوانەی تر لەبواری جێ بەجێ کردندان، چونکە هەندێك لەو خاڵانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد تر هەیە و پێویستی بە کاتێکی زیاتر هەیە، هەندێکی تر پێویستی بە پێشکەش کردنی پرۆژە هەیە کە دەبێ پەرلەمان و هەموو لایەك کاری تێدا بکەن، بەڵام وەکو دیارە هەموو لایەك ئێستا لە هەوڵی زەمینە خۆشکردندان بۆ ئەوەی ئەم بڕیارانە بەزووترین کات جێ بەجێ بکرێن، پەرلەمان و حکومەت کۆمەڵێك هەنگاویان هاویشتووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارانە، هەندێك لەم بڕیارانە پێویستی بە داڕشتنی میکانیزم هەیە کە پێویستی بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و هێزە سیاسیەکان و کوتلە و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان میکانیزمەکانی جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانە دابڕێژرێن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە داخوازیەکانی خۆپیشاندەران دابەش کراون لە نێوان دەسەڵاتەکان، هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنە دا هاتووە دەبێت پەرلەمانی کوردستان داخوازیەکانی خەڵك کە ئەوانەی پەیوەستن بە کێشە و گرفتەکانیان لەڕووی خزمەتگوزاریەکانەوە، چارەسەر کردنی هەندێ کێشەی ئیداری کە زیان بە قوتابیان و خوێندکاران و کۆمەڵێك خەڵك گەیاندووە کە جیای بکاتەوە لەو داخوازیانەی تری کە مەنبەعێکی سیاسی لە خۆی گرتووە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکان لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو نەبن، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بتوانێت بڕیاری گونجاو دەربکات، بەڕێزان خاڵەکانی 3 و 4و 5 لە پێشنیارەکانی لیژنە بۆ چارەسەر کردن باس لەوە دەکات کە چۆن پەرلەمانی کوردستان کار بکات بۆ ئەوەی میکانیزمی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی پەرلەمان دابندرێن، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە کەسێك تاوانبار نەکەین بە تەقسیر کردن یان کەمتەرخەمی بۆ جێ بەجێ

کردنـی بڕیارەکـانی پەرلـەمان، چـونکە تـا ئێسـتا ئێمـەی پەرلـەمان و بـە تایبـەتیش هـەموو کوتلـە و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بەکارەکانیان هەڵنەسـتاون بـۆ داڕشـتنی میکانیزمـەکان کـە ئەمـە ئـەرکی سەرەکی ئەوانە و دواتر لەناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت ئەوەی جێگای شانازیە دەسەڵات لە هـەرێمی کوردسـتان لەڕێگـەی پـەیڕەو کردنـی بنـەماکانی دیموکراسـیەت و پیادە کردنی پرۆسەی دیموکراسیەت و سندوقی دەنگدان هاتووەتە کایەوە، ئـەوەی جێگـای شـانازی تـرە ئەو پەیامە دڵخۆشکەرەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە جەنابیان لە پەیامەکـەی دوێنێـی دا هەموو لایەك دڵنیا کرانەوە کە دەسەڵات لە هەرێمی کوردسـتان پابەنـدە بـە بـەهێز کردنـی سیسـتەمی دیموکراسی و میللەت چارەنووسی سیاسی ئـەم وڵاتـە دیـاری دەکـات، نـەك دەسـەڵات یـان لایـەنێکی تـر، جەنابیان دەنگی خۆیان خستە پـاڵ هـەموو داخوازیـەکانی خـەڵك و ڕێوشـوێنی خسـتە بـەردەم هـەموو لایـەك بـۆ دەسـت پـێ کـردن وکـارکردن لـە پێنـاو ئەنجامـدانی چاکسـازیەکانی ڕیشـەیی و بـەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا، بەڕێزان من چەند پێشنیارێکم هەیە، یەکـەم/ پێشـنیار دەکـەم ئـەم لیژنەیـە کۆتـایی بـە کارەکانیـان نـەهێنن، بـەڵکو درێـژە بـەکارەکانیان بـدەن تـا کۆتـایی خـولی سـێیەمی پەرلەمان، چونکە پێویستە لیژنەیەکی وەها هەبێت لە پەرلەمانی کوردسـتان بۆبەدواداچـوونی هـەموو ئەو ڕووداوانەی دێنە پـێش کـە ئـەم لیژنەیـە پێکهـاتووە لـە گشـت نوێنـەرانی کوتلـە و فراکسـیۆنەکانی پەرلەمان، دوو/ پێشنیار دەکەم کە خاڵێك زیاد بکرێت لەناو پێشنیارەکانی لیژنە بـە تـەحریم کـردن و تەجریم کردنی بەکارهێنانەوەی منداڵەکان لەناو خۆپیشاندانەکان، یـان بـەکارهێنانیان وەك ئامرازێـك بۆ جێ بـەجێ کردنـی مـەرامێکی سیاسـی، تـەنها ئـەو خۆپیشـاندانانە نـەبن کـە بـۆ بـەرگری کـردن لـە مافەکانیان ئەنجام بدرێن، سێ/ پێشنیار دەکەم کە خاڵێك زیـاد بکرێـت لـەناو پێشـنیارەکانی لیژنـە بـە قەدەغـە کردنـی بـەکارهێنانی وشـەی میلیشـیا دەرهـەقی هێزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان، چـونکە هێزەکانی پێشمەرگە بە یاسا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە رێك خـراوە، کـە لـە دەسـتووری عیراقـدا دان بەوە دانراوە، چونکە لە خاڵی (4)می داواکاریە بنەڕەتی و ستراتیجیەکان هاتووە کە بـۆ پەرلـەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، پێشنیار دەکەم کە خاڵێك زیاد بکرێـت لـەناو پێشـنیارەکانی لیژنـە بـە یاسـا سزادانی هەرکەسێك یان لایەنێك فەتوا یان هاندان یان هەر جۆرە تـەحریزێك بێـت بـۆ حـەلال کردنـی خوێنی هەرکەسێك لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، پێنـج/ پێشنیار دەکەم کە خاڵێك زیاد بکرێت بە یاسا سزادانی هەر دەزگایەکی ڕاگەیانـدن بـدرێت ئەوانـەی پێشـێلکاری خـاڵی 14 ی بڕیـاری پەرلـەمانی کوردستان دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپەرینی مەزنی ئازاری ساڵی 1991 خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی سیاسی ئازادی خـوازی خەڵکی کوردستان، بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم بە گشتی و بە تایبـەتیش دەڤـەری ڕاپـەڕینی سـنووری قـەزای ڕانیـە وقـەڵادزێ، لەڕاسـتی دا دەمـەوێ ئـەوەش بڵـێم ئێسـتاش

پێویستمان بەوەهەیە کە سوود لەوانـە و پەنـدەکانی ڕاپـەڕین وەربگـرین، لـە ڕاپـەڕین دا یـەکگرتوویی سیاسی نێـوان هێـزو لایەنـە سیاسـیە سـەرەکیەکان، یـەکگرتوویی چـین و توێـژەکانی کۆمـەڵگا هـەروەها پشتیوانی دوو سەرەی نێوان هێـز و لایەنـە سیاسـیەکان و خـەڵکی کوردسـتان دەسـتەبەری سـەرکەوتنی ڕاپەڕین بوو، ئێستاش پێویستمان بە یەکگرتوویی سیاسی هەیە، ئێستاش پێویستمان بە پێکەوەسـازانی سیاسـی و یاسـایی هەیـە بـۆ مامەڵـە کـردن لەگـەڵ ئـەم دۆخـە و جـێ بـەجێ کردنـی داخوازیـە ڕەواو یاسـاییەکانی خۆپیشـاندەران، لەڕاسـتی دا پێکهێنـانی لیژنـەی بەدواداچـوونی داوا و داخوازیـەکانی خۆپیشاندەران هەنگاوێکی باش و بە برشتی پەرلەمانی کوردسـتان بـوو کـە بـوو بـە مایـەی ئـەوەی کـە کەناڵێکی زیندوو و پردێکی زینـدوو لـەنێوان پەرلـەمان و لـە نێـوان خۆپیشـاندەراندا بهێنێتـە ئـاراوە و ڕۆڵی پەرلەمانیش لەم بوارەدا چالاك و ئەکتیڤ بکات، من دەمەوێ دەست خۆشـی لـە لیژنەکـە بکـەم و ڕێز لە مانـدوو بـوون ڕۆڵـی ئـەوان دەنـێم، لەڕاسـتی دا ئـەوەی کـە تـا ئێسـتا کـراوە قۆنـاغی وەرگرتنـی داواکاریەکان بوو، بە ڕەئی من دەبێ ئێمـە بچـینە قۆنـاغی دووەم کـە ئـەویش قۆنـاغی هەڵسـەنگاندن و ڕێکخستن و لەبێژنگ دان و ئاراستە کردنی داواکاریەکانـە لـە چوارچـێوەی موئەسەسـاتی ڕەسمـی لـەناو سیستەمی سیاسی، هەروەها لە چوارچـێوەی لیژنـە پەیوەنـدارەکان لـەناو پەرلـەمانی کوردسـتاندا، دوای ئەوەش بەڕەئی من قۆناغی سێیەم دێتە ئاراوە کە ئـەویش قۆنـاغی بەدواداچـوونی پەرلەمانـە بـۆ جـێ بەجێ کردنی ئەو داواکاریانەی کە لەماوەی زەمـەنی یـەك بـەدوای یەکدا هـەوڵی جـێ بـەجێ کردنیـان بدرێت، سەبارەت بە پێشنیارەکانی لیژنەی بەڕێز بۆ چارەسەر کردن لە پێشنیاری یەکەمیان دا هـاتووە کە گشت ئەندامانی پەرلەمان لە سـنوورەکانی خۆیـان ڕۆڵیـان هـەبێ، بـۆ ئـەوەی ئەمـە لـە پێشـنیارێکی پرەنسیپ ئامێزەوە تەرجەمە بکەین بۆ بواری عەمەلی، بەڕەئی من پێویستی بەوە هەیە کە ئەنـدامانی پەرلەمان بۆ نموونە لە سنووری گـەرمیان، هـی هـەموو فراکسـیۆنەکان لـە نێـوان خۆیانـدا هەماهـەنگی بکـەن و بچـن سـەردانی مەیـدانی ئـەوێ بکـەن تـا گـوێ لـە خۆپیشـاندەران بگـرن، ئـەوانیش گـوێ لـە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بگرن، بەم شێوەیە هەوڵ بدەین کە ئـەم پێشـنیارە ئالیـەتێکی عەمـەلی بۆ دابنێین، ئەمە دەکرێت لە سنووری قەزاکانی تریش هەمان هەوڵ بخرێتە واری جێ بەجێ کردنەوە، سەبارەت بە پێشنیاری سێیەمیان کە ڕووی پێ لە حکومەت و ئەنجومەنی وەزیرانە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان کۆبوونەوەیـەکی تایبـەتی ئـەنجام بـدات بـەناوی کۆبوونـەوەی هەڵسەنگاندنی داخوازیەکانی خۆپیشاندەران ئەوەی کە لەلایەن لیژنەوە کراوە بە ڕاپـۆرت و پەیوەنـدی بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە تا لەناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا هەڵبسەنگێندرێت و بەشێکی ببێتە بڕیار، دوای ئەوەش لە شێوەی بڕیار و لـە شـێوەی کۆنفرانسـی ڕاگەیانـدن دا دەرئەنجامەکـەی بـۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بۆ خۆپیشاندەرانیش ئاشکرا بکرێت لەگەڵ ئەو بڕیارانەی لە ماوەی چـەند ڕۆژی ڕابـردوو دا حکومـەتی هـەرێم داویـەتی کـە بەشـێکە لـە جـێ بـەجێ کردنـی داخوازیـەکانی خۆپیشاندەران، سەبارەت بـە پێشـنیاری چوارەمیان کە پەیوەسـتە بـە خـاڵی 16 ەهەمـەوە لـە بڕیـاری پەرلەمانی کوردستان ئەویش ئەنجامدانی دیالۆگێکی نیشـتمانیە، مـن پێشـنیار دەکـەم کـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان لـە ئایندەیـەکی نزیـك دا لەگـەڵ فراکسـیۆنەکان کۆبوونەوەیـەکی تایبـەت بکـات لەسەر ئەم پرەنسیپە بە تایبەتیش کە دەبینین هەمان داخـوازی و هـەمان بۆچـوون لـەناو پەیامەکـەی

بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دا هەیە، بەڵام داخـواز لـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەکـات کە هەوڵ بدات گفتوگۆی لەسەر بکا و دیراسەی بکات، سەبارەت بە پێشـنیاری پێنجـەم و پەیوەسـت بـە خاڵی 14 ەهەمەوە، منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بـانگی بەرپرسـی یەکـەمی ئیعلامی حیزبەکان بکات و دەقی ئەم بڕیارەیان پێ ڕابگەیـەنێ و داواشـیان لێ بکـات کـە پێـوەی پابەنـد بن، ئەگینا لە داهاتوو دا ئێمـە لـە ڕێگـەی لیژنـە پەیوەندارەکانـەوە، لەڕێگـەی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە چاودێری دەکەین ئەگەر کەناڵێکی حیزبی پابەنـد نـەبوو بـەم بڕیـارەوە، ئێمـە ڕووبـەڕووی ئیجرائـاتی یاسایی دەکەینەوە، سەبارەت بە پێشنیاری نۆیەم کە دەڵێ پێویستە پەرلەمان بە جدی و بە بەردەوامی چاودێری جێ بەجێ کردنی داخوازی خۆپیشاندەران بکات، مـن پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم یـان هـەر ئـەم لیژنە بەڕێزە بـەردەوام بـێ و تەعـدیلێك لەناوەکەی دا بکرێـت، یـان لیژنەیـەکی تـازە پێـك بهێنـدرێت بەناوی لیژنەی چاودێری جـێ بـەجێ کردنـی داخـوازی خۆپیشـاندەران، چ لەلایـەن پەرلەمانـەوە بێـت، ئەوەی کە پەیوەندی بە پەرلەمان و پرۆژە یاسا و پرۆژەی بڕیـارەوە هەیـە کـە لـە داهـاتوو دا وەکـو لـە بەرنامەدا هەیە ئالیەتی بۆ دادەندرێ، یان چ ئەوانەی کە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، هەروەها من پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە لیژنەکانی پەرلەمان بە دیقەتەوە و بە وردی داخوازیـەکان وەکـو چـۆن لـە ڕاپۆرتی لیژنەدا هاتووە، هەوڵ بدەن ئەوەی کە پەیوەنـدی بـە لیژنـەی پەیوەندیـدارەوە هەیـە لەلایـەن خۆیــەوە کــاری لەســەر بکــات، بــۆ نموونــە مــن وەکــو لیژنــەی پــەروەردە و خوێنــدنی بــاڵا ســەیری داخوازیەکانم کردووە، سەیری ڕاپۆرتەکەم کردووە، سەیری ڕاپۆرتی هەموو ئـەو لایەنانـەم کـردووە کـە بەڕێزیان لەگەڵ خۆیان هێناویەتەوە، هەستم کردووە کە چەندین داواکاری هەیە، داواکاری هەنوکەییە کە پەیوەندی بە لیژنەی منـەوە، لـەماوەی چـەند ڕۆژی ڕابـردوو دا مـن سـەردانی وەزارەتـی خوێنـدنی باڵام کردووە، لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا کۆبوومەوە، هەوڵم داوە کە بە عەمەلی ئەو داواکاریانە جـێ بەجی بکرێت، بۆ نموونـە یـەکێکیان لەوانـە داخـوازی ئـەو قوتابیانـەی کـە لـە زانکۆکـان و ناوەڕاسـت و خواروی عیراقن لەلایەن وەزارەتەوە بوو بە بڕیار و بە شێوەی میوانـداری دەیانگێڕنـەوە، بەرنامـەمان هەیە ئەم هەفتەیە هەوڵ بدەین ئەوەی کە پەیوەندی بـە تـەرقین قەیدەکانـەوە هەیـە ئـەویش حەسـم بکەین، بۆیە دەکرێت لیژنەکانیش بەشێك لـە داواکاریـە جوزئی و هەنووکەییـەکان نـەك ئەوانـەی کـە بوعدی زەمەنی دووریان هەیە، یان بوعدی ستراتیژیان هەیە، دەکرێت ئەوانیش مامەڵە لەگەڵ ئەوانـدا بکەن، سەبارەت بە داخوازی خۆپیشاندەران و لێك جیاکردنەوەی لە داخوازی لایەنە سیاسیـەکان، بـرای بەڕێزم کاك عبدالسلام بەرواری قسەی دڵی منی کرد، بەڵام لەو نێوەندەدا هێشتا قسە ماوە بکرێـت، لـە هـەموو ئـەو داخوازیانـەی کـە لێـرە نیشـاندرا خۆپیشـاندەران داوای ئـەوەیان نـەکردووە یـان پێشـنیاری ئەوەیان نەکردووە کە شەرعیەتی پەرلەمانی کوردستان بەتاڵ بووبێتەوە، بەڵام ئایا کاتێـك ئەنـدامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەبەردەم خۆپیشاندەران بانگەشەی بەتاڵ کردنـەوەی شـەرعیەتی پەرلـەمان و زیـاتر لە ملیۆن و نیوێـك دەنگـدەر دەکـات و لـە جیـاتی ئـەوەی گـوێ لـە خۆپیشـاندەران بگرێـت باسـی بـەتاڵ بوونەوەی شەرعیەتی پەرلەمان دەکا، ئا لێرەوە پرسیار دروست دەبێـت کـە هـەوڵی بـە سیاسـی کردنـی داخـوازی خۆپیشـاندەران هەیـە و ئەمـە بـە مەبەسـتی چاکسازی و جـێ بـەجێ کردنـی داخوازیـەکانی خۆپیشـاندەران و گواسـتنەوەی داخـوازی خۆپیشـاندەران نیـە بـۆ نـاو پەرلـەمان و دروسـت کردنـی

گفتوگۆیەکی جدیانە، کاتێك منی ئەندام پەرلەمان نووسینگەکەی خۆم لە قەزاکەی خۆم دەکەم بە مکۆی کۆکردنەوەی خۆپیشاندەران و هاندانیان بۆ خۆپیشاندان بە شێوەیەکی توندوتیژی بەکاردەهێنم نەك بۆ ناوەندی گوێ گرتن لە داخوازیەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە و گواستنەوەی بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، ئا لێرەوە پرسیاری جدی دروست دەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەمە هەوڵ دەدرێت داخوازی خۆپیشاندەران بکرێت بە ئامرازێك لە پێناو ئامانجی سیاسی دا، زۆر گرنگە ئێمە باسی ئەوە بکەین کە لایەنگرانی بزوتنەوەی گۆڕان هاووڵاتی ئەم وڵاتەن لە دهۆك و لە هەولێر و لە سلێمانی دەبێ ئازاد و سەرفراز بن، بەڵام دەبێ لە هەمان کاتیش دا باسی ئەوە بکەم کە کادیر و لایەنگران و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەلار ئەوانیش هاووڵاتی ئەم وڵاتەن، ئەوانیش خەڵکی کەسوکار ئەنفال کراون، ئەوانیش خاوەن شەهیدن، ئەوانیش خەڵکی مەدەنین، ئەوان ستەمکار و تاوانبار نین تا هەوڵی ئەوە بدرێت فەتوای کوشتن و چۆڵکردنی شاریان بۆ بدرێت، بەم شێوەیە دەبێت ئێمە بەشێوەیەکی هاوسەنگ باسی ڕووداوەکان و بەراوردکاریەکان بکەین، کاتێك باسی ئەوە دەکەین فعلەن نابێ لە هیچ شارێك هیچ گەنجێك، هیچ هاووڵاتیەك بە هەوڵی ئەوەی کە دەیەوێ بەشێوەیەکی ئاشتیانە خۆنیشاندان بکات بگیرێ، بەڵام کاتێك من ڕێکخستنی حیزبەکەی خۆم و میدیاکەی خۆم بەکاردەهێنم بۆ ئەوەی هەڵبکوتنە سەر بارەگای پارێزگای هەولێرو جارِی سووتاندنی بارەگای پارێزگای هەولێر دەدەم کە لە مێژووی هەزاران ساڵەی شاری هەولێردا هیچ فەترەیەك بە قەدەر ماوەی چەند ساڵی ڕابردووی ئەم پارێزگایە خزمەتی ئەم شارەی نەکردووە، ئا لەوێوە پرسیاری جدی دروست دەبێت کە دەبێ هەوڵ بدەین کە خۆنیشاندانی ئاشتیانە و مەدەنیانە لەگەڵ بەسیاسی کردن و بەلا ڕێ بردنیان دەبێ لێك جیا بکەینەوە، من ئومێدەوارم ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان نوخبەی سیاسی لە وڵاتەکە، نوخبەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان، نوخبەی کۆمەڵایەتی و نوخبەی ڕۆشنبیری بە مەسئولیەتی گەورەی بەرژەوەندی نیشتمانی و بەرژەوەندی باڵای ئەم وڵاتە و بەهێز نەکردنی سیستەمی سیاسی و چاکسازی حەقیقی ڕاستەقینە و سلمیانە، هەوڵ بدەین توانا و هێزی خۆمان، ڕەفتاری خۆمان و گوتاری خۆمان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی بگەینە ئەو حاڵەتە ئیجابییەی کە بە فعلی تەوافوق و پێکەوەسازانی سیاسی و یاسایی بەرجەستە بکەین و، لەوێشەوە هەوڵ بدەین وڵاتی خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین و وەڵامێکی فعلی و یاساییانە و شەرعیانەی شەقامی خۆمان بدەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی و سوپاسم بۆ ئەرك و ماندووبونی برایانی لیژنە، پێشەکی بە دوو داواکاری دەست پێ دەکەم، یەکەم/ داوا دەکەم قسەی خوشکە سیوەیل خان تەنها ئەو فەقەرەیەی کە باسی (قەتل و عام لەپێش بازاڕی نیشتمان دەکات) لە پرۆتۆکۆڵ بسڕدرێتەوە، چونکە پرۆتۆکۆڵ دەبێتە بەشێك لە مێژوو، دوای چەند ساڵی تر هەرکەسێك بیخوێنێتەوە نازانێ کە ئەم بەڕێزە هەر بۆ پێکەنین ئەو قسەی کردووە، دوو/ دیسان داوا دەکەم ئەو قسەیەی برای هاوکارم کاك کاروان صالح کە دەڵێ (بانگی مودیری

شورتە بكرێت و ڕیسوا بكرێت) ئەمەش لە پرۆتۆكۆڵ بسڕێتەوە، چونكە ئێمە دەبێ وشەكانمان یاسایی بێت و ئەم وشەیە شایستەی پەرلەمان و پەرلەمانتاران نیـە، چـونكە یاسـا و لـێ پێچینەوە هەیـە نـەك سووكایەتی كردن بە خەڵكێك كە شەو و ڕۆژی خۆی لەسەر ئەم شەقامە بەسەر دەبات بۆ ئەوەی خەڵك بە ئارامی لە ماڵی خۆی بێت و بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆك و جێگری سەرۆكی لیژنەی نـاوخۆی ئێمـە ئاماژەیان بە هاوكاری و ڕۆڵی چاكی ئـەو بـرادەرە كـردووە، بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، سـەبارەت بـەم ڕاپۆرتەی كە پێشكەش كرا من سەرەتا پشتگیری لـە پەیامەكـەی جـەنابی سـەرۆكی هـەرێمی كوردسـتان دەكەم كـە بەڕاسـتی زۆر پـڕ مانایـە، دەسـتی خسـتووەتە سـەر چارەسـەری سـەرجەم گرفتـەكان، تـەنها ئەوەی پێویستە كە جەدوەل بەندی بۆ بكرێت و خاڵ بە خاڵ دیاری بكرێت و میكانیزم بۆ جێ بـەجێ كردنی دابندرێت، ئینجا حەزدەكەم ئەم تێبینیانەم بخەمە ڕوو سـەبارەت بـەو داوا و پێشنیارانەی كە خۆپیشـاندەرانیش لـە شـاری سـلێمانی خۆشەویسـت كـە حاڵـەتێكی تایبـەتیان هەیـە خسـتویانەتە ڕوو، هەڵبەتە من لەگەڵ هەموو داواكاریەكی هەر هاووڵاتیەكی كوردسـتانم تەنانـەت ئەگـەر یـەك نەفـەریش بێت، نەك كۆمەڵە خەڵكێك، بـەڵام ئـەوەی لـەم هـەموو داواكـاری و پێشـنیارانەدا هـاتوون زیـاتر لـەوەی داواكـاری چاكسازی و خزمـەتگوزاری زیـاتر و خۆشـگوزەرانی خـەڵك بێـت، زیـاتر داواكـاری سیاسـیان لێ بەدی دەكرێت كە هەندێكیان دوورن لە داخوازیەكانی خەڵك و گومانم بۆ دروست دەبێت كـە ئەجنـدای لایەنی سیاسی خزابێتە ناو ئەو داواكاریانە و، پێشنیار دەكەم لەیەك تـر جیابكرێنـەوە، مـن بـە كـورتی دەیبڕمەوە، چونكە زۆر قسە كرا ئەوانەی كە لـە دوای ئێمـە قسـە دەكـەن، قسـەكانیان بـۆ نامێنێتـەوە و تیكراریشم پێ خۆش نیە، بەڵام دوو پێشنیاری بچووكم هەیە، یەكێكیان لەبڕگەی سزادان، ئـەو بڕگـەی كە داندراوە بۆ سزای ئـەو كەسـانەی كـە سووچبارن، پێشـنیار دەكـەم سـزای ئەوانـەش بـدرێت هـەر لـە سەرەتای ئەم وەزعە و تاوەكو ئێستاش تەحریزی خەڵك دەكەن و ئیعلانی جیهاد دەكەن و هانی خـەڵك بۆ توندوتیژی دەدەن، ئەمانە سزابدرێن، چونكە سەبەب بوونە هەروەكو خوداوەندی گەورە لە قورئانی پیرۆز دا دەفەرموێ (الفتنة اشد مـن القتـل)، هـەروەها پێشـنیار دەكـەم ئـەو پەرلەمانتارانـەی حـەرەمی زانكۆی سلێمانیان شكاندووەو پێشێلی یاسایان كردووە بە گوێرەی یاسا سزا بدرێن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بـۆ جـەنابت، دانیشـتنەكانمان موباشـرە ئـەو شـتانەی وتـرا ڕۆی، ماعـەدا فاسـڵێكی زۆر كـەممان هەیە، ئەوەی لە سەرۆكایەتی بوترێ لە پرۆتۆكۆڵ بسڕێتەوە ئەوانە دەسڕێنەوە، ئەویش وەختێكی زۆر موحـەدەدە، بـەڵام غـەیری ئـەوە ڕۆیـی، ئـەوەی سـیوەیل خـان مەبەسـتی قـەتل و عـام نـەبوو، وابـزانم هەر........ فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوە نەبوو قـەتل و عـام، مەبەسـتم ئـەوە بـوو هەرچی لـە بـازاڕی نیشـتمان بـوو گرتیـان و خستیانە ئاسایش و لێیاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن، مـن تـێ گەیشـتم مەبەسـتت ئەوەیە، بـەس ئـەوە باشـتر بـوو لـەوەی وەکـو ئـەوەی شـوێنی تـر کوشـتار و برینـداری تیـا نـەبوو، خۆزگـە لـە سـلێمانیش هەروابووایـە، بـەڵام تـازە چـوو، زۆر سـوپاس، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئـەو وشـەیەی قـەتل و عـامیش ڕەش دەکەیـەوە مـانعم نیـە، بـەس چونکە مـن مەبەسـتم ئـەوە نەبووە، یەعنی زۆر تەبیعیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا بە دڵنیاییەوە من قەناعەتم هەبوو کە مەبەستت ئەوە نەبوو، بۆیە هیچ ئەوەیەك نەبوو، بـا هـەر وەك خۆی بێت و بمێنێت، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە گفتوگۆی زۆر کرا لەلایەن هاوکارانمەوە، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە تەنها قسەکانم لـە چـەند خاڵێك دا چڕ دەکەمـەوە، پێشـەکی دەسـت خۆشـی لـە لیژنەکـە دەکـەم بـۆ کـارو مانـدووبوونیان کـە لـە ماوەیەکی کورت دا کاری زۆر باشیان کرد داخوازیەکانی خەڵکیان هێنایەوە نـاو هـۆڵی پەرلـەمان، دیـارە خـۆی لـە خـۆی دا پێکهێنـانی لیژنەکـە و بەدواداچـوونی لیژنەکـە و دانیشـتنی دوو جەلسـەی نائاسـایی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دانپیانانە بە داخوزای هاووڵاتیان و هـەروەها بـەو پرۆسـە مەدەنیـەی کە ئەمڕۆ لەسـەر شـەقامەکاندا دەگوزەرێـت و بەشـداریەکی سیاسـی ناڕاسـتەوخۆی خەڵکـە لـە دروسـت کردنی بڕیاردا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جێی دڵخۆشیە، هەندێ بـەڕێز ئاماژەیـان بـەوەدا کـە پێویسـتە ئەوان لەگەڵماندا هاوبەش بن لە بڕیاردان، ئەمە خۆی لە خۆیدا بە ناڕاستەوخۆ بەشداریان کردووە، لە کاتێك لـەژێر کاریگـەری ئەوانـدا ئێمـە دوو جەلسـەی نائاساییمان بەسـتووە و 17 خاڵمـان کـردووە بـە بڕیار، لەمەدا ئەوان بەشدار بـوون بـە دڵنیاییـەوە، بـەڵام هێشـتا ئـەرکی پەرلـەمان کۆتـایی نـەهاتووە و ئەرکی ئەم لیژنە تایبەتە پێموایە کۆتـایی نـەهاتووە، پێویسـتە چ ئێمـە وەکـو ئەنـدامانی پەرلـەمان، چ وەکو لیژنـەکان هـەموو هاوکـاری ئـەو لیژنـە تایبەتـە بـین کـە ڕۆژانـە چـاودێر بـین بەسـەر بـارودۆخ و ڕەوشی خۆپیشاندانەوە و هەروەها چاودێر بین بەسەر ئەدای حکومەتـەوە لـە جێ بـەجێ کردنـی ئـەو 17 خاڵە، ڕۆژانە تەزویدیان بکەین بە زانیاری و ئەو لیژنەیەش هـەر دوو ڕۆژ جارێـك تـەقیمی هـەبێ بۆ ڕەوشی خۆپیشاندانەکان و هەروەها ئەدای حکومەت لە جێ بەجێ کردنـی بڕیارەکـانی پەرلـەمان تـا لەڕێی سەرۆکایەتیەوە پەیوەندیەکی بـەردەوام هـەبێ لـە ڕێـی حکومـەت کـە ئـەو بڕیارانـە جـێ بـەجێ بکات، چونکە بەڕاستی جێ بەجێ نەکردنی یەك بڕگە لەو بڕیارانە ئێمە وەکو پەرلەمانتاران متمانـەی خۆمـان لەدەسـت دەدەیـن، سـەبارەت بـە ئـەرکی ئێمـە وەکـو ئەنـدامی پەرلـەمان لـە هێورکردنـەوەی بارودۆخەکە، من زۆرئەئکید لەسەر ئەم خاڵە دەکەم، چ لە ڕاپۆرتی لیژنە تایبەتەکـە هـاتووە، هـەروەها

له 17 خاڵەکەشدا باس لەوە دەکات کە ئێمە زەمینەسازی بکەین بۆ دیالۆگی نیشتمانی، ئەگەر چی پێشێلکاری کراوە لەلایەن هەندێ ئەندام پەرلەمانی بەڕێزەوە، هاوکارانم زۆریان ئاماژەیان پێیدا لە کاتێك دا ئێمە وەکو کەسێکی یاسایی و وەکو موشەریع کە یاسا دەردەکەین پێش هەموو کەس دەبێ یاسا جێ بەجێ بکەین کاتێ ئەبینین حەرەمی زانکۆ ئەشکێندرێ و بەکاردەهێندرێ بۆ مەرامی سیاسی، هەروەها بەر دەرکی سەرا و ڕاگەیاندنەکان بەکاردەهێندرێن بۆ بەکارهێنانی زمانی زبر و وروژاندنی زیاتری جەماوەر و ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکە، لەبەرئەوە ئێمە پێویستە ئەو زەمینەسازیە بکەین بۆ ئەو دیالۆگە و لەو پەرلەمانەی خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لە ئەندامانی پەرلەمانەوە دەست پێ بکەین کە هەریەکەمان لە جێی خۆمانەوە کاریگەریمان هەبێ لەسەر ڕەوشەکە و زیاتر بە ئاراستەی ئەوە بێ کە هێوری بکەینەوە، مەبەستم ئەوە نیە بلاوە بە شەقام بکەین بە ئاراستەیەك کە چارەسەری کێشەکانمان نەکردبێت، بە پێچەوانەوە من تەئکید دەکەمەوە کە پێویستە ئێمە لەسەر 17 خاڵەکەی پەرلەمان جەخت بکەینەوەو ڕۆژانە تەئکید بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێ بکرێ، بەلام لە کاتێك دا کە ئێمە سەیر دەکەین هەندێ لەو خالانە جێ بەجێ کراون و هەندێکی جێ بەجێ نەکراوە یاخود لەلایەن حکومەتەوە کە ڕاگەیاندراوێك بلاو کرایەوە و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بودجەی ئیعلان کرد کە پێ ئەچێ باس لە هەندێ بڕیار دەکات کە پەیوەندی بە ژیانی ڕاستەوخۆی خەلکەوەیە لە مەسەلەی سلفەی زەواج و سلفەی عەقار و هەروەها دامەزراندنی 25 هەزار میلاك و یاخود 25 ملیار بۆ قەرزی نیشتەجێ بوون و هەروەها بڕیارێکی گرنگ لە چۆلکردنی بینا حکومیەکان کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەلکەوە هەیە، چەندین بڕیاری تر، بەلام ڕەنگە بڕیاری زۆر باشتریش پێشتر هەر دەرکراوە، بەلام پێوەری ئیستحقاق نەبووە کە خەلك بە عەدالەت ئەم حەقەی خۆی وەرگرێ، مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، تەزکیەی حزبی هەبووە، لەبەرئەوە ئێمە پێویستە لە کاتی بودجەداجەخت بکەینەوە سەر ئەوەی کاتێ لە دامەزراندنەکاندا ئەگەر پرۆژە یاسایەك لە ئەنجومەنی ڕاژە نەهاتبێتە پەسەند کردن، بەلام ئەو پێوەرانە دابندرێت و حکومەت بە پەلە ڕێنمایی دەربکات پێش دامەزراندنی ئەو خەلکە بۆ ئەوەی عەدالەتی ئیجتماعی لەو بوارەدا بێتە دی، یەکێك لە داواکاریەکانی خەلك من لێرەوە ڕووی دەمم دەکەمە بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەو پرۆژە یاسایانەی کە جەخت کراوەتەوە سەری لەم خولەی پەرلەماندا پەسەند بکرێت کە هەموو پرۆژە یاسایەکان ئامادەن و خوێندنەوەی بۆ کراوە و لیژنەکان زۆرترین گفتوگۆ و تاوتوێیان کردووە وەك پرۆژە یاسای نەزاهە و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و زۆری تر ئیتر چەند فریای بکەوین لەم خولانەدا ئەمانە ببنە ئەولەویەت، من پشتگیری هاوکارانم کاك سالار و کاك عمر نورەدینی دەکەم، باس لەوە دەکەن یەکێ لە چارەسەری کێشەکان ئەوە بێت کە بەڕێزتان بەرپرسی یەکەمی ڕاگەیاندنە حیزبەکان کە هۆکارن بۆ ئەو زمانە زبرەی بەکاری دەهێنن بۆ زیاتر وراووژاندنی شەقام بانگ بکرێنە پەرلەمان و مولزەم بکرێن بەوەی کە ئیتر بەسە ئەو جۆرە زمانە و ئەبێ ئێمە خیتابی ڕاگەیاندنەکانمان بەشێوەیەك بێت بۆ هێورکردنەوەی شەقامەکانمان بێت و، ئەگەر نا ڕێکاری یاسایی بگرێتە بەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمدچەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، داواکاری هاوولاتیان مافێکی سروشتی یاساییە و دەبێت داواکاریەکانیان جێ بەجێ بکرێت، هەروەها ئاماژە بە چەند خاڵ دەدەم، یەکەم/ پشتگیری لە وتاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە هەمووی گرنگتر لەلای ئەو، خەڵکی کوردستان بوو، دەبێ داواکاریەکانیان جێ بەجێ بکرێ و باشترین خزمەتگوزاری پێشەکەش بکرێت بۆیان و چاکسازی بکرێت لە بواری کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەبوارەکانی تریش دا، دووەم/ پشتگیری لە بڕیاری ژمارە 1ی ساڵی 2011 کە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر درا کە لە 17 خاڵ پێکهاتووە، زۆریش لەم خاڵانە جێ بەجێ کراوە، سێیەم/ سوپاسی لیژنەی تایبەت دەکەم بۆ بەدواداچوونی و گوێ گرتن لە خۆپیشاندەران و پشتگیری دەکەم لە 9 خاڵەکەی کە لیژنە پێشنیاری کردووە بۆ چارەسەرکردنی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من دوو تێبینیم هەیە لەسەر دوو خاڵ، یەکەم/ تێبینیەکم هەیە بە نیسبەت خەڵکی شاری هەولێر من نوێنەری خەڵکی شاری هەولێرم، خەڵکی شاری هەولێر دائیمەن بە ئازادانە ژیاون، هیچ دەست بەسەر نەبوونە ولە هەموو کاتێك ئەگەر ویستبیان خۆپیشاندان بکەن هیچ ڕێیان لێ نەگیراوە، بەلام خەڵکی شاری هەولێر ئیمانیان بەوەی هەیە کە بە شێوەیەکی دایەلۆگ و بە شێوەیەکی مەنتق، بە شێوەیەك بە فکر و بە عەقلانە دەبی دیراسەتی هەر کێشەیەك کە ڕووی دا بێت بکرێت، نەك بە شێوەیەك خۆپیشاندان بکەن و بچنە سەر شەقام و سەر ڕێگا و هجوم بکەنە سەر دامودەزگاکانی حکومەت، چونکە لەو مەبدەئەی خەڵکی شاری هەولێر دەزانن ئەگەر هەر کەموکورتیەك هەبێ یان هەر کێشەیەك هەبێ، غەڵەت بە غەڵەت چارەسەر ناکرێ، بەلام هەر کێشەیەك و کەموکورتیەك هەبێ بە دیراسەت چارەسەر دەکرێت، بە بەحس چارەسەر دەکرێت، بە مەعریفە و بە عەقل و بە مەنتق، بۆیە خەڵکی شاری هەولێر زۆر سەریان بەرزە بەو ئارامیە و بەو ئەمن و ئاسایشەی کە لە شاری هەولێر هەیە و حەقی خۆیانە و مافێکی سروشتیە بە نیسبەت خەڵکی شاری هەولێر کە ئەگەر خاڵەکانی پشکنین بیپەوێ کۆنترۆڵی بکات بۆ ئەوەی ڕێگا بە هەر کەسێك نەدات کە لە دەرەوە بێت ئەو ئارامیە و ئەو ئەمن و ئاسایشەی کە خەڵکی شاری هەولێر شانازی پێوە دەکەن، ئەوە بە نیسبەت خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم حەزدەکەم بە نیسبەت جامیعەی سەلاحەدین، من مامۆستا بووم و چەند ساڵ خزمەتم کردووە لە جامیعەی سەلاحەدین بەیانیان و سەرۆکی بەشیش بوومە لە ئێواران، دەوامم هەبوو لە بەیانیان و ئێوارانیش، بە نیسبەت ئەوەی کە حەزدەکەم لە سبەی زووتر نیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەتوانن بچنە جامعیەی سەلاحەدین و سەردانی بکەن ئایا دەرکەکانیان قەپات کردووە؟، بنۆڕن مامۆستایەکان بەردەوام نین لە دەوام کردنیان و سەرۆك بەشەکان بەردەوام نینە لە دەوام کردنیان، عەمیدەکان بەردەوام نینە لە دەوام کردنیان، بەلام خاڵێك هەیە کە گرنگە و ئەوەش هەیە قوتابیان و خوێندکاران، لەو جێیەی بوونە، هەر قوتابیی و خوێندکاران عادەتەن بە نیسبەت امتحاناتی مانگانەیان کردووە کە امتحاناتی کۆرسات دەکرێت، مافێکی سروشتیە و حەقی خۆیانە کە ئەو کات بتوانن بچنەوە ماڵی خۆیان، بۆ نموونە بڵێین بەشە ناوخۆیەکان داخرا بێت، ئەی خەڵکی

شاری هەولێر خۆ قوتابیەکان لە بەشی ناوخۆ نیە، مادام بۆ دەوام ناکەن، بەس ئەوە عورفەك لەلای قوتابیان و خوێندکاران، حەقێکی تەبیعی خۆیانە کە امتحاناتی خۆیان دەکەن و داوای ئیسراحەت دەکەن، ئەوەش مافێکی تەبیعیە بە نیسبەت قوتابیان و خوێندکاران، خاڵێکی تری گرنگ هەیە، کە ئێمە لە مانگی 3 داین و ئێستا 3/5 عادەتەن لە 3/5 عوتڵەی نیوەی ساڵ دەست پێ دەکات، چونکە هەموومان دەزانین مانگی عوتڵەیە و موناسەباتی لێ زۆرە، هەروەها بۆیە پێشی چەند ساڵ بڕیاردرا کە عوتڵەی نیوەی ساڵ بکەوێتە ناو مانگی 3، بۆیە حەزم کرد بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو دوو خاڵە گرنگەی ڕوون بکەمەوە بۆ هەموو ئەندامانی بەڕێز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد شارەزوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا باسی ئەوە دەکەم کە شەنسی ئێمە دەکەوینە دواوە و هەمووتان هیلاکن و قسەی زۆریشمان هەیە بەڵام ئومێد دەکەم هەندێ قسە کە دەیکەین هەم بۆ لیژنەکە و هەندێ برادەریش بە دلگرانی وەری نەگرن و حەقی خۆمانە، سەرەتا پشتگیری لە پەیامەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم کە دوێنێ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دای، بە تایبەتی ئەو خاڵەش کە پەرلەمانی ڕاسپارد کە دیراسەی بکات بۆ هەڵبژاردنی پێش وەخت، چونکە نامەوێ بێمە سەر هەموو قسەکان، بەس گەندەڵیش کەوتە ئەوەی کە برادەر لەناو پەرلەماندا و پەرلەمان ئیتیهام بکات بە گەندەڵ، حەقە بەڕاستی پەرلەمان دیراسەیەکی هەڵبژاردنی پێش وەخت بکات، من دەست خۆشیەکی تەواو لەو لیژنە بەڕێزە دەکەم کە لەماوەیەکی زۆر کەم دا چوونە سلێمانی بەڕاستی لەماوەی 3 ڕۆژدا جوهدێکی زۆریان سەرف کردووە بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەیان کە دوایی دێمە سەری، بەڵام من سەرەتا دەمەوێ بڵێم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وا ساڵ و نیوێکمان لە هەڵبژاردن تێ پەڕاندووە کە هەموومان ئەندامی پەرلەمانین و من وەکو ئەندامی پەرلەمان خۆم بە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان دەزانم بۆ پشتگیری لە داوا ڕەواکانیان کە ئەویش مافی خزمەتگوزاریە، مافی دامەزراندنە و مافی عەدالەتی کۆمەڵایەتیە، ئەو مافانەی کە هاووڵاتی داوای دەکات، ئیتر بەوانەی کە دەنگیشیان داوە دەنگیشیان نەداوەمەتێ غەسبە لەسەرم کە خەڵك دەنگی داوەمەتێ و نوێنەری خەڵکم پشتگیری داواکاریەکان دەکەم، من سەرەتا دێمە سەر 17 خاڵەکەی کە پەرلەمانی کوردستان ئیقراری کردووە و لە زمنیشی دا لیژنەیەکی بەڕێزی تایبەتی دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی بچێتە سلێمانی و ئەو لیژنەیە کە ئیمزایی هەموویان لەسەرە و نوێنەری ئەم پەرلەمانەن ئیشارەتیان بەوە داوە کە 5 خاڵ لەو 17 خاڵە ئەو لیژنەیە ئیشارەتی بەوە داوە کە جێ بەجێ کراوە، دوو خاڵیشیان کە تایبەتە و دوێنێ لە کۆبوونەوەی سەرۆکی لیژنەکان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان کە جەنابت ئیشارەت بەوەدا کە سەرۆکی لیژنەکان ڕاپۆرت

و سەرنجیان چیە لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، بەڵام دوو خاڵیان کە من ئاماژەی پێ دەدەم تایبەتە بە لیژنەی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی ئەو برادەرانە بزانن کە خاڵی 2 کشانەوەی ئەو هێزانەن کە هاتوون بۆ سنووری سلێمانی، سەعات 12 لێرە کۆبوونەوەی پەرلەمان تەواو بووە و سەعات 2ی شەو ئەو هێزانە هەمووی هاتوونەتەوە ئێرە، دەبووایە ئەم هێزانەش کە هاتوون لە فەرماندەیی گشتی بوون و شوێنێکی دیارە لە سلێمانی، ئەبووایە ئەم لیژنە بەڕێزە هیچ نەبووایە سەردانێکی فەرماندەیی گشتیان بکردایە بزانن ئایا هێزی هێنراو ماوە لە سلێمانی، تا ئەوەی گومان بکرێت و لەدەمی بەرپرسێکەوە پرسیار بکرێت، دووەم: خاڵی 15 بۆ داواکردنی وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگەو سەرۆکی حکومەت، من خۆم دوای کۆبوونەوەکەی پەرلەمان وەك ئەندامی پەرلەمان، وەکو ئەندامی لیژنەی پێشمەرگە، بە ڕەسمی داوام لەسەرۆکایەتی پەرلەمان لەڕێگەی بەڕێزتانەوە کردووە، پرسیارم ئاراستەی وەزیری پێشمەرگە کردووە، کە بێت لێرە ڕوونکردنەوە بدات، ئەوەش خاڵی 15 کە کەوتووەتە جێبەجێکردنەوە تاکو بڵێین جێبەجێ نەکراوە، سێیەم: من حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم، لەبەر ئەوەی ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگەین ئاگادارین لەوەزعی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی کە بڵێین پێشمەرگە نەکشاوەتەوە دوو لیوا هەیە لە مەنتیقەی سلێمانی یەکێکیان لەگەرمیانەو ئەوی تریشیان لە شارەزوورە، ئەم دوو لیوایە ڕۆشتوون بۆ خانەقین و مەنتیقەی قەرەتەپەو ئەو شوێنانە بۆ دیفاع کردن لە ناوچە دابڕاوەکان و ئەو شوێنانە، بەڵام ئەوەی کە وجودی مابێ لەو شوێنە ئەو دوو لیوایەیە نەك هی تازە هاتبێت، ئەوەش بۆ ئەو لیژنە بەڕێزەی پەرلەمان تا بەردەوام بن لە ئیشەکانیان ئەتوانن تەحقیق لەو ئیشە بکەن، من یەك، دوو پێشنیارم هەیە، ئومێد دەکەم برادەرانی لیژنە بەڕاستی بەدڵێکی فراوان لێم وەربگرن، ئەویش تەقریبەن ئەچێتە بواری ڕەخنە، دواتر نازانم تا چەند لەگەڵ ڕاکەی ئەوان کۆدەبێتەوە، یەکەمیان: ئەوان دەڵێن پێشێلکاری کراوە بۆ خۆپیشاندەران، بەڵام لەهەمان کاتدا پۆلیسیشی گرتۆتەوە، ئەبوایە باسی پۆلیسیش بکرایە، کەلەسەر جادە بوون بۆ پاراستنی موڵك و ماڵی خەڵك، بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، تەنها لەسنووری هەڵەبجەدا (57)پۆلیس بریندار بوون و (1) پۆلیسش شەهید بووە، ئەبوایە هیچ نەبێ ئەو لیژنەیە ئیشارەتیشی بەوە بدایە، دووەمیان: ئێمە ئەندامی پەرلەمانین ئیتر پێش ئەوەی ببین بە ئەندام هەر سیفەتێکمان بووبێ پێم وایە ئەو سیفەتە نەماوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەخاڵی (32)ئاماژەی پێداوە، سێیەمیان: پێشنیار لە لیژنە بەڕێزەکە یەکەم پێشنیار لە گشت ئەندامانی پەرلەمانە، کە لەسنوورەکانی خۆیان هەوڵ بدەن بۆ هێور کردنەوەی خۆپیشاندەران، بەڵام من بەڕاستی ئەو پێشێلکارییەی دوو ئەندام پەرلەمانی بەڕێز کەبچن حەرەمی زانکۆی سلێمانی بشکێنن، من بە پێشێلکاری دەزانم، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئیتر نازانم تا چەند وەردەگیرێت بۆ لیژنە بەڕێزەکە، لەخاڵێکی تردا هاتووە لیژنەکە باسی یاسای نەهێشتنی ڕێکخستنی حزبی دەکات لەناو دامودەزگاکانی پێشمەرگە، بەبیری جەنابتان و هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانی دێنمەوە، لەیاسای ژمارە(38)ی ساڵی 2007 دەرچووە، کە ئاماژەیەکی سەریح لەماددەی (38)دەدات بۆ نەهێشتنی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە، بەڕاستی ئەوە ئیشی پەرلەمان و ئیشی لیژنەی پێشمەرگەیە بچێت بەدواداچوون بکات بۆ ئەو خاڵە، چونکە ئەو یاسایە دەرچووە، یاسایەکیش کە دەربچێت ئێمە لە فەراغی یاساییدا ناژین، ئەوە ئەرکی پەرلەمانە بڕوات بەدواداچوونی بۆ بکات،

لەگەڵ یاسای ژمارە(17)ی ساڵی 1993 یاسای ئـەحزاب، بـە ئاشکرا ئامـاژەی پێـداوە کـە نابێـت حزبـە سیاسیەکان تەنزیمات بکەن لەناو دامودەزگا فەرمییەکان، لەگەڵ هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانیش، مـن داواکارم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە نووسراوێکی ڕەسمـی لـەم فەترانـەدا حکومـەت کۆمـەڵێك بڕیـاری دەرکردووە بەجیا جیا، بۆ ئەوەی بەڕەسمی یـان سـەرۆکی حکومـەت یـان وتـە بێـژی فـەرمی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، ئـەو بڕیارانـەی کـە لەخزمـەت خـەڵکی کوردسـتاندایە، کـە لـە خزمـەت چـینی فەقیردایــە، بــۆ خــەڵکی کوردســتانی ئــیعلان بکــات، ئــەویش بەشــێکە لــە هێورکردنــەوەی ئــەو خۆپیشـاندەرانەی کـە هاتوونەتـە سـەرجادە، لەوانـە زیـادکردنی پێشـینەی هاوسـەرگیری کەحکومـەت بڕیاری لێداوە، زیادکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، ئەوەی چاودێری خێزانی لە 30 هەزارەوە بووە بـە 75 هەزار دینار، تـاپۆکردنی خانووەکـانی گـەڕەکی زەرگەتـە و کۆمـەڵێك خـانووی تـر کەئەمـەش خـانووی فەقیرو هەژارە تا سەرۆکایەتی پەرلەمان بەنووسراوێکی ڕەسمی داوا لە حکومەت بکات، ئەویش بەشێکە لە هێورکردنەوەی ئـەو وەزعانـەی کـە هاتووەتـە نـاو کوردسـتان، مـن قسـەی زۆر زیـاترم هـەبوو، بـەڵام نامەوێت لەکاتتان بگرم، من لەکۆتاییـدا داوا لەهـەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان دەکـەم، ئـەوەی کـە پێمـان دەکرێت بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە بێـت، پشـتگیری لـە داخوازییـە ڕەواکـانی خـەڵك بکـەن، لەهـەمان کاتیشدا داوام لەو لیژنەیە ئەوەیە، داواکاری و مافی خەڵك ئەوەی کەبۆی هاتوونەتە سەرجادە، بەڕاسـتی هـەمووومان پشـتگیری لێدەکـەین، بـەڵام ڕاپۆرتەکـەیان کەدابەشـیان کـردووە بەسـەر سـێ تـەوەردا، مـن پێشنیار دەکەم کە تەوەرێکی تری بۆ زیـاد بکـەن، ئاگاداری لایەنـە سیاسـیەکان بکـەن، چـونکە کۆمـەڵێ شت هەیە بەلایەنە سیاسیەکان دەکرێت، یەك لەوانە ئەگەر بێن بەپیر داواکارییەکـەی حکومەتـەوە کـە حکومـەت داوای کـردووە حزبـە سیاسـیەکان موڵـك ومـاڵ بپـارێزن، ئەگـەر پەرلـەمان داوا نـەکات ئـەوە نابێت، دووەم: ئێمـە وەزارەتـی ڕاگەیانـدنمان نیـە، ڕاگەیانـدنی ئـەو حزبانـەش ئـەبێت لەڕێگـەی حزبـە سیاسیەکانەوە بێت، پەرلەمان داوایان لێبکات، هەموو حزبەکان چ بە موعارەزەو چ بـە دەسەڵاتیشـەوە، بۆ هێورکردنەوەی ئـەو بارودۆخـە، لەگـەڵ کۆمـەڵێك شـتی تـر کـە پەیوەنـدی بـە ئـەحزابی سیاسـیەوە هەیە، کە بەداخەوە ئێمە وەزارەتـی ڕاگەیانـدنمان نیـە، تـا بەهۆیـەوە تـەوجیهی حکومـەت بکـەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار نیشتمان مرشد، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە 17 خاڵەکەی پەرلەمان دەکەم، دەستخۆشیش لەو لیژنە بـەڕێزە دەکـەم، خۆپیشـاندان مـافێکی یاسـایی و دەسـتووری و سروشـتیە، بـەڵام دەبێـت بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە و هێمنانـە بێـت، وە داواکارییەکانیان ڕەوا بێت، هەدەفیان خزمەتکردنی خەڵك بێت، ئێمەش پشـتگیری داواکانیـان دەکـەین، بەڕێزان لەبیرمان نەچێت ئێمە لەبارودۆخێکی زۆر ترسناکداین، بەتایبەتی لەکەرکووك و ناوچە کێشە

لەسـەرەکان، چـونکە هـەر بـارودۆخێکی خـراپ لەهـەرێمی کوردسـتان ڕوویـدات، دەبێتـە هـۆی سـوود وەرگـرتنی ئـەو لایەنانـەی کـە باوەڕیـان بـە فیدڕالیـەت و دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق نیـە، ئـەو دەستوورەی کە لە 80٪ی خـەڵکی عێـراق دەنگیـان پێـداوە، بـەڕێزان ئـیرادەی میللـەت لەهـەموو لایـەك گرنگترە، چونکە میللەت دەنگی بەئێمە داوە، ئێمـەش نوێنـەری ئـەم خەڵکـەین و قوربـانی زۆرمانـداوە، شـۆڕشمان کـردووە، ئەگـەر ئـەم میللەتـە لێمـان ڕازی نـەبێت، ئـەوە جارێکی تـر نـاتوانین نوێنەرایـەتی خـەڵکی کوردسـتان بکـەین، وا نـەبێ ئێمـەش گلـەیی و گازنـدەمان نـەبێت لەحکومـەت، ئێمـەش گلـەیی زۆرمان هەیە، بەڵام ناکرێت بڵێین حکومەتەکـەمان هیچـی نـەکردووە، بـەڕێزان پەرلـەمانی کوردسـتان لەخولی گرێدانی نوێی پەرلەماندا ئاماژەی بـەوەدا کـە دەبێـت ئـەو (17)خاڵـەی لـە پەرلـەمان بڕیـاری لەسەر دراوە، کە ئەوەی لە ئەستۆی پەرلەماندایە ئەبێ پەرلەمان پەلەی لێبکات و بەزوویی جێبـەجێی بکات، ئەوەشی کە لە ئەستۆی حکومەتدایە، ئەبێ حکومەت ئیلـزام بکـات کـە ئـەویش بـەزووترین کـات جێبەجێی بکات، بەڕێزان من چەند خاڵێکم هەیە، دەمەوێت بیخەمە بەرچاوی بـەڕێزتان، یەکـەمیان: پێویستە لەسەر سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بـەڕێزەکان، کـە خۆیـان بـەدوای کێشـەی خەڵکیـدا بچـن و بچنە شارو دێهاتەکان، بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکەن، دووەمیـان: پێویسـتە دەرگـای حکومـەت و وەزیرەکان کراوەبێـت، بـەڕووی خەڵکیـدا، چـونکە زۆر لـەوەزیرەکان هەیـە تـاکو ئێسـتا مەحاڵـە خـەڵك بیانبینێ، خەڵکەکە ناگەنە وەزیرەکان، چەند خاڵێکی ترم هەیە، هەنـدێکیان باسـکران، مـن دووبارەیـان ناکەمەوە، بـەس شـتێکی تـرم هەیـە، ئـەبێت ئـیعلام ڕۆڵـی هێورکردنـەوەی هـەبێت، نـەك توندوتیـژی، خاڵێکی تر کە زۆر باسی لێوە نەکراوە، هەندێ زەوی هەیە لەلایەن خەڵکیەوە دەسـتی بەسـەردا گـیراوە، ئەو زەوییانەش بگەڕێنەوە بـۆ خاوەنـەکانیان، بـۆ ئـەو ماوەیـەش کـە دەسـتی بەسـەردا گـیراوە قـەرەبوو بکرێنـەوە، هەنـدێ یاسـا هەیـە لەبەرژەوەنـدی خەڵکدایـە، پێویسـتە بخرێنـە بەرنامـەی کـارو بەپەلـە جێبەجێ بکرێن، وە داواکاریشم لـە خـەڵکی کوردسـتان ئەوەیـە بـا چـیتر خـوێنی کـورد بەدەسـتی کـورد نەڕژێت، چونکە زەرەرمەندی گەورە هەر ئێمەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، یەعنی بەحەقیقەت ئەگەر سیستەمەکە بکەوێتە ئیش، پێویست ناکات وەزیر بچێتە ماڵان ماڵ بەماڵ خەڵك ببینێ، چونکە ناکرێت وڵاتێك، ئەگەر 100 ملیۆن بێت یـان 200 ملیـۆن بێـت، یـان وەك سین ملیار و نیوێك بێت، وەزیر لەکوێ ئـەتوانێ هـەموو کـەس ببینێـت، ئـەوە ناکرێـت، ئـەوە زۆر زۆر هەڵەیە، پێویستە وەزیر بەڕێوەبەرە گشتیەکان بخاتە گەڕ، ئەوانەی تری ژێر دەسەڵاتی خۆی بخاتە گەڕ، میزانیەی بەردەستی بەپاکی بچێتە بواری جێبەجێکردنی پرۆژەکان، گرنگ ئەوەیـە سیسـتەمەکە،

سیستمێکی فەعال بێت، ئینجا ئیش بەرێکوپێکی دەڕوات، ولاتێکی وەکو ئەڵمانیا وەزیر نـاتوانێ بچێتە هەموو شارو چارۆچکەیەك، لەگەڵ خەڵك دابنیشێت، بەلام سیستەمەکەیان ئیش ئەکات، خەڵك هـەموو سەیر ئەکات و وەزیریش زۆر سەرکەوتووە، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت بەم مانشێتە دەست پێ بکەم، نا بۆ توندوتیـژی، بـەڵێ بـۆ ئـارامی کوردسـتان و پاراسـتنی ئەزموونەکەمان، تا بەدەست هێنانی سەربەخۆیی کوردستان وەکو جنوبی سودان، پێشـەکی دەستخۆشـی لـە لیژنـەی پەرلـەمان دەکـەم، کـە بەدواداچـوونی کـرد بـۆ داواکـاری خۆپیشـاندەرانی سـەرای ئـازادی لەسنووری پارێزگای سلێمانی، وە گەشبینم بەو چارەسـەرە (9) خاڵییـەی کـە دایـان نـاوە، کۆبوونـەوەی پەرلـەمان و پەرۆشـیان بـۆ ئـارام کردنـەوەی بـارگرژی و ئاسـایی کردنـەوەی بـارودۆخی کوردسـتان، سلێمانیش بەتایبەتی، هێمایەکە کە بەڕاستی پەرلەمان دەیەوێت ڕۆڵی نوێنەرایەتی هاوولاتیان ببینێت بەجدی، دەنگەکانی جەماوەری کوردستان بەزر بنرخێنێت و بیسەلمێنێت کە نوێنەری گەنج و پیرو ژن و پیاو وخۆپیشـاندەران و هێزەکـانی پـۆلیس و ئاسـایش و پێشـمەرگەیە، چـەند خۆشـە کـە بەشـاهیدی دۆست و دوژمن، بەشاهیدی دەرەوە، وە خۆشمان شانازیمان پێوە کردووە، کە هـەموو کوردێـك و هـەموو لایـەنێك، کـە هـەموو جارێـك دەڵـێن لەکوردسـتاندا سـەقامگیری، ئـەمن و ئاسـایش هەیـە، کـە ئەمـەش بەرهەمی خەباتی هەموو لایەکمانە، بوونی خۆپیشاندان لەهەموو ولاتێکی دیموکراتی کارێکی سروشتی و یاسـاییە، وە لـە ولاتـە دیموکراتیەکانـدا لەکاتێکـدا کـە خۆپیشـاندان دەکـرێتن هەڵبەتـە بەمەسـتی چاکسازی و بەئاگاهێنانەوەی حکومەت، ئەوەی ئێمەش هەر بەهەمان شێوەیە، بەلام پێویستە لەهـەموو کاتێکـدا ئێمـەش پشـت ببەسـتین بـە دیـالۆگ ولەیـەکتر نزیـك بوونـەوەو دوور بکەوینـەوە لـەوەی کـە توندوتیـژی بەرامبـەر بەیـەکتری بـەکار بهێـنین، هەڵبەتـە ئـەو خۆپیشـاندانە لـە پەرۆشـیانەوەیە بـۆ دەسـتکەوتەکانی گەلەکـەمان، لەپەرۆشـیانەوەیە بـۆ ئـەوەی کـە زیـاتر عەدالـەت جێبـەجێ بکرێـت، لەپەرۆشیانە بـۆ ئـەوەی کە کـە زیـاتر ئـەم ئەزموونـە بپـارێزن، لەبـەر ئـەوەی ئـەم ئەزموونـەی ئێمـە بەخوێنی سەدان هـەزار شـەهید و ئـاوارەبوونی دەیـان هـەزار خێـزان و هاوولاتیـان و زینـدانی کـردن و ئیعدام کردنی هەزاران تێکۆشەرو بەبێ دایك بوونی چەندان منداڵ و بێبەش بوونیان لە نـازی دایـك و باوکیـان بەدەسـت هـاتووە، مـن لێـرەوە دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم کەزۆربـەی ئـەو داواکارییانـەی کـە لەڕاپۆرتەکان و قسەکانی ئەم بەڕێزانە بینراون، خاڵی هاوبەشـی زۆری تێدایـە، منـیش لەهـەمان کاتـدا پشتگیری هەموو ئەو خالانە دەکەم، بـەلام هەنـدێ خـاڵی هەیـە کـە هەنووکەییـەو ئـەمڕۆ ئەتوانـدرێت

وەکو حکومەت بەزوویی جێبەجێی بکات، چونکە مەجالی باشی لەبەردەمدایە، یەکێك لەو خاڵانەی کە هەیە، زیاد بوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەوەی بازاڕ ببووژێتەوە، بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ کرێکاران زیـاد بکرێـت، دامەزرانـدن لـەدامودەزگاکانی حکومـەت، هـەروەها هاوکـاری کردنـی کـەرتی تایبـەت، چ پیشەسازی، چ بازرگانی، چ کشتوکاڵی بۆ ئەوەی بتواندرێت هەلی کاری زیاتر بدرۆزرێتەوە بۆ کرێکـاران و بێکـاران، گەڕاندنــەوەی موڵــك و مــاڵی گشــتی و حکومــەت، لەلایــەن پــارت و حــزب و کەســەکانەوە، کەمکردنــەوەی مووچــەی پلــە تایبەتــەکان، هــەوەها داهــاتی نــەوت لــەڕێگای لیژنەیــەکی وەزارییــەوە سەرپەرشـتی بکرێـت، لیژنەیـەکی پەرلـەمانی و حکومی بـەردەوام هـەبێت تـا گـوێ لـە داواکارییـەکانی جـەماوەرو خۆپیشـاندەران بگرێـت و بیخاتــە ژێــر دیراســەو توێژینــەوەوە، بەمەبەسـتی ڕێگـا چـارە، پێشینەی هاوسەرگیری زیاد بکرێت، زیاد کردنی بڕی پێویست بۆ قەرزی بچووك بۆ گەنجان و بێکـاران، هەروەها وەکو بـرادەرانم داوای ئـەوە دەکـەم کـە هـەموو بەرپرسـی یەکـەمی ڕاگەیاندنـەکانی حزبـەکان بهێنرێنە پەرلـەمان و لێـرە داوای ئـەوەیان لێبکرێـت کـە زمـانی ورووژێنـەر و زبـر بـەکار نەهێنـدرێت بەرامبەر بە یەکتری، چونکە ئێمە هـەمووومان خـەڵکی کوردسـتانین، لەهـەمان کاتـدا سیاسـەتی ئـەوەی، ئەگـەر لەگەڵمانـدا بیـت دۆسـتمی، ئەگـەر لەگەڵمانـدا نـەبیت دوژمنمـی بەکارنەیـەت، ئێمـە کـە بـاس لەبیروباوەڕی جیاواز دەکەین، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی جیاواز هەیە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی جیاواز هەیە، لەبـەر ئـەوەی چـین وتوێـژی جیـاواز هەیـە، ئێمـە بـا خـاڵی هاوبـەشمان هـەبێت، لەیـەکتر نزیـك بکەوینەوە، نەك بڵێین ئەگەر لەگەڵمانـدا بیـت دۆسـتمی، ئەگـەر لەگەڵمانـدا نـە بیت دۆژمنمـی، ئەمـە خــۆی لەخۆیــدا پێشــێلکردنی دیموکراتیەتــە، لــەگۆڕانی دیموکراتیەتــە، داڕشــتنی پلانێکــی تۆکمــە بەمەبەسـتی سـەربەخۆ بـوونی دادوەری زیـاتر و سـەروەری یاسـا، بیمـەی تەندروسـتی یاسـایەکی بـۆ دەربچێت و بۆ خزمەتی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان بێت، دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون، بـۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت، بەبێ پێشـەکی و بەقیسـتی مانگانـە، پارەکـەیان لـێ وەربگیرێتـەوە، دەسـتەی چاودێری زیاتر کارا بکرێـت، نەهێشتنی ڕۆتین لەدامودەزگاکانی حکومەت وکارکردن بـەپێوەری یاسـایی وەکو سزاو پاداشت بۆ کارمەندانی حکومەت لەسەرەوە تا خوارەوە، مانای دامەزرانـدنی دادگـای ئیـداری لەسەرجەم شارەکان وسەر بەدەسەڵاتی دادوەری بن، گۆڕانکـاری لەیاسـای کـار، کـە پاڵپشـتی کارمەنـدانی کەرتی تایبەت بکات، بەمەبەسـتی خانەنشـینیان و بـەپێی سـاڵ و تەمـەن وژمـارەی منـداڵیان، لەهـەمان کاتدا من داوا لەپەرلەمانتارانی بەڕێز دەکەم، کە باسی گەندەڵی دەکەین، گەندەڵی لەبواری ئابووریدایە زیـاتر، وا لـەم ڕۆژانـەی داهـاتوودا بودجـە دێتـە بەردەسـتمان بـا بـەگیانێکی نیشـتمان پەروەرانـەوە، بـا

بەئەمانەتـەوە، بەویژدانـەوە، نـەهێڵین یـەك دینـار بەهـەدەر بـڕوات، بـۆ ئـەو پرۆژانـەی کـەگرنگن بـۆ ئەمڕۆی میللەتەکەمان بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، لەهەمان کاتدا داوای ئەوەش دەکەم هەر لەدوای تەواوبوونی بودجە، داوای ئەوە بکەین کە هەڵبژاردنێکی پـێش وەختـە بکرێت، ئـەویش بەمشـوەرەتی هـەموو لایەنـە سیاسـیەکان و پارتـەکانی نـاو پەرلـەمان، بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی هـێمنی و ئـارامی بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ بەڕێزت، ڕێزدار ئاشتی عزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبووردن دەکەم، دەزانم زۆرینە ماندوون، بەڵام بەئەمانەتەوە ئەوە وەکو ئەندام پەرلـەمان، مـافی خۆمە کە قسە بکەم، وەزیفەیـەکی تریشـم هەیـە، کـە ئەنـدامی ئـەو لیژنەیـەم ئـەو بەڕێزانـە کەلـەوێ دانیشتوون، وەکو لیژنە، وەکو سـەردانە مەیدانیەکـە، ئەهەمیـەتێك لەهەنـدێ خاڵـدا کـەمن بینیوومـە، بـەگرنگی دەزانم کـە بیگوازمـەوە، مـن سـەرەتا پـێش ئـەم دانیشـتنە، ئیسـرارێکم کـرد لـە دانیشـتنە تایبەتەکە، لەگەڵ جەنابتدا، لەسەر ئەوەی کە چەند گرنگە لەسەر 17 خاڵیەکە قسە بکەین، چونکە ئەمـە ئیسـرار کـردن نیـە، یـان خـوا نەخواسـتە، نامانـەوێ لـەم شـەوەدا تۆمـەت ببەخشـینەوە بەسـەر لایەنێکی دیاریکراودا یان بمانـەوێت تەشـهیر بـە پەرلـەمان بکـەین، ئـەم 17 خاڵیـە جومگـەی سـەرەکی دانیشتنەکەی ئەمشەوە، من ئومێدم دەکرد وەك ئەندام پەرلەمانێك، کۆمەڵێك بڕیار لەم دو هەفتەیەدا کە ئەم ئەزمەیە هەیە لەکوردسـتاندا لەلایـەن دەسـەڵاتی جێبـەجێکردنـەوە دەربچوایە، مـن بهاتمایەتـە ئێرە تەقیمێکی ئەدائی دەسەڵاتی جێبـەجێکردنم بکردایـە، بموتایـە، لـەم خـاڵ و لـەم بڕیـارەدا، کـە تـۆ هـەنگاوت نـاوە بـۆ چاکسـازی لـە 30٪ی پێویسـتیەکانی خـەڵکی پێکـاوە، تـۆ لـە ٪ ئەوەنـدە پێویسـتە پرۆژەکانـت چاکتر بکـەیت، بـەڵام کـە ئـەبینین هـەنگاوەکان بـۆ چاکسـازی بـەپێی ئەزمەکـە نیـە، ئـەو بەڕێزانە باسی کۆمەڵێك خاڵیان کرد، بەڵام ئەگەر ویژدانمان بکەین بە مەحەك لـەم مەسـەلەیەدا، ئـەو هەناگاوانە ئەوەندە هەنگاوی جدین ڕووبەڕووی ئەو ئەزمەیە ببێتەوە، کە لە سلێمانی ولەچوارچێوەی سلێمانی و لە هەولێریشدا ئەزمەکەی گەیشتووەتێ لە گرتن و لە عەزیەتدانی خەڵك، من بە موشکیلەی بریندارێکی کەلار دەست بە قسەکانی ترم دەکەم، کەلەسەردانە مەیدانیەکەدا سەردانی ئەویشمان کـرد، وتی من پەرلەمانی کوردستان بەرپرس دەکەم، بەو جوملە سادەیەی خـۆی وتـی، قـەرزارمان بـن، ئێمـە لەسـەر سیقەی ئێـوە بەئەمانەتـەوە بیگەیەنـە، بەتەمانـەبووم بچـم بـۆ خۆپیشـاندان، بـەڵام کـە ئێـوە

17خاڵەکەتان دەرکرد، ناوی ئەو بریندارەم لەلایە، هەر یەکێ حەز دەکات هەمان جوملەی بۆ بڵێتەوە، من ئامادەم ناوە سیانیەکەی بدەمێ، وتی کەئێوە 17 خاڵەکەتان دەرکرد، بەیانی کە چوومە دەرەوە، وتم دایکە گیان هیچ خەمت نەبێ تەقە ناکرێت، چونکە پەرلەمان بڕیاری دەرکردووە، من بەداخەوە، بە ئەمانەتەوە، بە ئەسەفەوە بەشی دووەمی جوملەکەی ئەو ئەگەیەنم کە خۆم، لەگەڵ ئەوەدا نیم، وتی من موتەئەسەفم کە من یەك بەردم نەهاویشتووە، بەڵام دوو فیشەکی (بی، کەی، سی)بە ئەژنۆمەوەیە، یەعنی لەمەرحەلەی یەکەمی ئەزمەکەدا کە بێتاقەت بووین، باسمان لە ئەزمەکە کرد لە سلێمانی وتمان حاڵەتێکی ناتەبیعی دروست بووە، کۆمەڵێ خۆپیشاندەر پەلاماری بارەگایەکیان داوە، یان ئیتیهام دەکەن بە پەلاماردانی بارەگایەك، بەڵام خۆ ئەو ڕووداوەی کە لەدوای چەند ڕۆژێك لە دەرکردنی بڕیارە 17 خاڵیەکە لەبەردەکی سەرا، خۆ هیچ بارەگای حزبێك لەبەردەرکی سەرا و لەسنووری مزگەوتی گەورە نەبووە، خەڵك لەوێدا کوژرا، باس دەکرێت کە ئێمە ئیتیهامی خەڵك دەکەین، من بەداخەوە کە ئاسایش کەسوکاری ئێمەن، من خەڵکی دەرەجە یەکی خۆم هەیە لە ڕیزی پێشمەرگەو ئەو دامودەزگایانە ئەوانە نیشتمانین، گومانم نیە لەسەری، بەڵام بەڕاستی ئەوانەی کە بەو جلەوە ئەبێ متمانەیان لێ بسەندرێتەوە، ئەوە ئاسایشێکی نیشتمانی نیە، ئەوە پێشمەرگەیەکی نیشتمانی نیە، من ناتوانم متمانەی ژیانی خۆم و جیلی دوای خۆشم بدەم بەو کەسانە، لەبەر ئەوە جاری پێشووش ئێمە تەئکیدمان کردەوە لەسەری، ئەگەر من تۆزێك خیانەت بکەم لەگەلی کوردستان، چاوی کامیراکان زۆر لەمن ڕاستگۆترە، زۆر حیادی ترە، ئەگەر من بمەوێت لایەك جوان بکەم، کامێرا نایەوێ هیچ لایەك جوان بکات، کامێرا زۆر حیادیە، ئەگەر ئەو کەسە ببینن لەبەردەمی مزگەوتی گەورەدا ئەو کەسەی کە تەقەکە دەکات، لەنێو ئاسایشەکاندایە، ئەگەر خۆپیشاندەرە، من ئەو گرتەیەم لەلایە، ئەگەر خۆپیشاندەرە بۆ دەزگا ئەمنیەکە نایگرێت، و دەستی ناگرێت ڕاپێچی دادگای بکات، بۆیە ئەو بەرپرسە، ئەی ئەو بەڕێزەی کە لە کەلار تەقە دەکات، ڕاستەوخۆ لەسەر سووچی کۆڵانەکەدا، زۆر سوپاس، من لێرەوە بە فرسەتی دەزانم بەم کاتە درەنگە ناوی ئەو دوو پۆلیسە بەڕێزەی چالاکیە مەدەنییەکانی کەلار سڵاویان بۆ بنێرم، پێیان بڵێم بەلای منەوە ئێوە پیاوی ئاشتی ساڵی 2011ن، کە ئاشتی بەرقەرار بکەن لەکوردستاندا کە پەلاماری لوولە تفەنگەکە دەدات، خۆی دەخاتە بەردەمی، بە بڕوای من ئەوە پیاوی یەکەم لە 2011 لەکوردستاندا، بۆ خاتری ئەوەی کە تەقە نەکرێت، ئەوەی کە تەقەکە دەکات بەجلی کوردییەوەیە، ئەگەر ئەمە لایەنێك نەبێت یان سەر بەجیهەتێکی ڕەسمی نەبێت، بۆ لەوێدا تەوق ناکرێت لەناو ئەو هەموو پۆلیسی چالاکیە مەدەنیانەدا، بە ئیجرائاتی یاسایی ئەم

کەسە بگیرێت، خۆ ئێمە نکولیمان لەگرتنی نیە، بەڵام لەوەزعێکدا کە تۆ دەبینیت هەموو دەوری گرتـە فیدۆییەکان ئاسایش و پێشمەرگەیە، ئـەم کەسـە ڕێگای پێـدەدرێت تەقـە بکات، ئەگـەر ئەمـە کەسـێك نـەبێت سـەر بـەم کۆمەڵـە کەسـە بـێ، یـان ڕێگـا پێـدراو بێـت، ئەمـە عـەقڵ و مـەنتق خـۆی یـەکلای کردۆتـەوە، زمـان و چـاوی کـامێرا یـەکلای دەکاتـەوە، مـن کۆمـەڵێك پێشـنیازم هەیـە بـۆ ئـەوەی زۆر بـەخێرایی، وە یـەك خـاڵی تـریش بەڕاسـتی لەسـەردان کردنەکەمانـدا ئێمـە کۆمـەڵێك پێشـێلکاری مەیـدانیمان بینیـوە، مـن جـارێکی تـر بـەڕەسمی داوا دەکـەم پارێزگـاری سـلێمانی ئـەبێت دەسـت لـەکار بکێشـێتەوە، مەسـەلە عینـادی نیـە، لەگـەڵ ئـەو بـەڕێزەدا، لەسـەردانی ڕۆژی دووەمـی سـەردانە مەیدانیەکەمان کاتژمێر 9 کە لێرە تۆمار کراوە، سەردانی بەڕێزیمان کرد، ڕاسـتەوخۆ بـە جوملەیـەکی ڕوون، لەبـەردەمی ئـەم لیژنـە بـەڕێزەدا کـە خۆشـم لـەوێ بـووم، وتـی بـەبڕوای ئێمـە لـەدوای تـەقیم کردنمان بۆ وەزعەکە، ئازادی لە سلێمانی ئەوەندە لەڕادە بەدەرە، بۆیە ئەم دۆخەی دروست کرد، دواتـر من وەکو ئەندامێکی لیژنە، جوابێکم دایەوە، دواتریش هەندێ بەڕێز لەگەڵمـدا وەسـتابوون، وتم بـڕوام وانیە، ئازادی ئەوەندە زۆر بووبێ لە سلێمانیدا، چونکە 17ی شوبات شایەتە، کە ئاراستەی ئازادییـەکان چۆن وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام بەبڕوای من ئازایەتی سلێمانی لەڕادە بەدەرە کە، ئەگەر تەقیمێکی وازحی بۆ بکرێت، ئەگەر عەقڵیەتێکی بەرپرس سەرۆکی لیژنەی ئەمنی بێت لە سلێمانی بەم عەقڵیەتەوە مـن موشکیلەم لە جوملەکەدا نیە، لەم باگراوندە، لە بیرکردنەوەو تێڕوانینی بۆ دۆخێکی وا موتەئـەزم، ئـاوا ئەو لێی تێبگات، لەدوای زیاتر لە 72 سەعات هێشتا ڕۆحی لێبوردەیی بەرامبـەر بـە خـەڵکی سـلێمانی، من بڕوام وابوو ئەم سەرۆکی لیژنە ئەمنیانە، لەم سەردانە مەیدانیە بیانبینم وام دەزانی بەتەنها یەك ئیستیعدادیان هەیە، بەدەرەجەی یەکـەمی قسەکانیان بـریتی بێـت لـە داوای لێبـوردن کـردن لەخـەڵکی کوردستان، بەڵام کە ئەبینی بەم ڕۆحیەتە تەئەزموومیەوەیە بەڕاسـتی مـن جـاری پێشـووتری گەشـبین تر بووم، چونکە ئەمجارە 17 بڕیارمان دەرکردووە، بەشایەتی لیژنەکە زۆربەی بڕیارەکان پێشـێلکراوە، بەهـەمان شـێوە هـەر لەسـەردانە مەیدانیەکـەدا بـەڕێز جـەنابی سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێممان بـینی لەسەرەتای قسەکاندا یەك جوملەی وت، وتی من مافی خۆمە مەیدانیەن چیشم بینیوە ئەوەش پێویستە بەئەمانەتەوە بیگوێزمەوە، چونکە ئەوەش بەشێکە لە ڕاستیەکان، وتـی ئێمـە دەبـێ بـزانین وە ئێـوەش باش بزانن پەلاماردانی بارەگایەکی حزبی، تۆ پێت خۆشە پـەلاماری ماڵەکـەی تـۆ بـدەن؟، بـەرد بگرنـە ماڵەکەت، تۆ وەڵام نادەیتەوە؟، هەڵبەتە ئەم تێڕوانینە بۆ بارەگای حزبـی کـە بەکەرامـەتی شەخصـی و بەماڵی شەخصی و کەسی و خۆتی بزانی ئەمە تێڕوانینێکی گونجاو نیـە بـۆ حـەلکردن، بـۆ حـەلکردنی

ئاینده، یەعنی پێویستە بەڕاستی باگراوندی تێڕوانینمان بۆ قەزیەکە بگۆڕین، ئەزمەیەك هەیە دان بنێین بەسەر برینەکاندا، پێ بنێین بەسەر برینەکاندا، برینەکان دیاری بکەین بەڕاستگۆیی، بۆیە من کۆمەڵێك پێشنیاری زۆر خێرا دەکەم، یەکێك لەوانە ئەبێ زۆر بەخێرایی کە ئەمە لەوانەیە ڕێکاری یاسایی و خەڵك خنکاوە بەدەست ڕۆتینەوە، موشکیلەی ئەم پەرلەمانە نیە کە بڕیار دەرناکات، ئێمە بە گوژمە بڕیار دەردەکەین، کێشە لە جێبەجێکردنەکەیدایە، 17 بڕیارەکەش شاهیدی یەکەم و ئەخیرە، ئێمە بەڕاستی پێوستە ئەوەی ڕێکاری یاسایی و پێویستە ڕۆتیناتی نەوێت، ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك گەندەڵکار ناوەکانیان بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی تۆزێك ئەم ئەزمەیە لەسەر دڵی خەڵك کەم ببێتەوە، کۆمەڵێك لێپرسینەوە بەرامبەر بە خەڵك بکرێت، بەهەمان شێوە، ئەگەر ئەمەش ڕێ وشوێنی زۆری دەوێت بیرم لەوە کردۆتەوە کە بەلانی کەمەوە ئەو یاسایەی کە دەردەکرێت، بۆ چاکسازی یاسایەکی فرەلایەن بێت، بۆ نموونە ئەو یاسایەی کە بەنیەتی چاکسازی دەرچووە، گەڕاندنەوەی موڵك و ماڵی حکومەت بۆ حکومەت، ئەوەی کە لەدەرەوەی یاسا کراوە، من داوا دەکەم پێویستە بڕگەیەکی تری لەسەر بێت، ئەی ئەوانەی کە بەیاسا بە حیلەی قانونی کراوە؟، من چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ئەگەر هەر کەسێك دۆکۆمێنتەکەی دەوێت من لەلامە، بەڕێزێك، بەرپرسێکە لە یەکێ لە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، لە ساڵی 1976 وە موڵکێك وەزارەتی دارایی سلێمانی کە موڵکیکی سرفە بەقانونی عێراقی ئەوەی، قانونی بێت دەزانێت، چەند زەحمەتە موڵکێکی سەرف بخرێتە سەر لایەنێکی دیاریکراو، خراوەتە سەر وەزارەتی دارایی، وەزارەتیش بەمەوە نەوەستاوە، ئەم موڵکە سرفەی داوە بەم بەرپرسە لە سلێمانی، ئەمە حیلەیەو بۆی دۆزراوەتەوە، ئەگەر ئێمە نیەتی ڕاستەقینەی چاکسازیمان هەیە، گرنگ ئەوەیە لە خەمەکانی خەڵکەوە ئێمە پرۆژە یاساکان دابڕێژین، ئەمە بەتەنها خەمێکی من نیە، خوا نەخواستە بمەوێت تۆمەت بەسەر خەڵکدا دابەش بکەم، ڕاپۆرتی لیژنەکەش داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە یەکێکە لە داواکارییەکانی خەڵك، وە جەختیان لێکردۆتەوە، ئەو موڵکانەش کە بەپارەی ڕەمزی فرۆشراون، من زەوی هەیە لە سلێمانی دۆکۆمێنتم لەسەری هەیە، 2003 زەوی زۆر زۆر تایبەتە، مەتری بە 15 دیناری سویسری موزایەدە کراوە، ئەمانەش هەر جۆرێك لە تالان فرۆشی نیە؟، بەڵام چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دۆزراوەتەوە، ئەمانە ئەبێت چارەسەر بکرێن چەند چارەسەرێکی تری خێراش من پێشنیاز دەکەم لەوانە، مەقەڕەکانی حزبە سیاسیەکان لەناو کوردستان بەبێ ناو هێنان، پێویستە دەستبەجێ بڕیارێك بدرێت، یان ئیلزامێتێك دروست بکرێت لەسەریان، کە ئەمانە پۆلیس پاسەوانی بکات، بۆ ئەوەی ئەم هێزی چەکدارانە نەمێنێت، خۆ

بارەگایەکی حزبی نازدارتر نیە لە بانقێك، کە ئەم هەموو خەڵك و ماڵ و سەروەت و سامانەی خەڵکی تێدایە، کە پۆلیس دەیپارێزێت، وەزیفەی پۆلیس چیە لەو مەقەڕانەدا؟، ئەگەر ئەمانە بارەگای نیشتمانی حزبێکن بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵکە، لەچی دەترسێت؟، دووەم هەنگاو بۆ نیەت پاکی گرنگە، ئەو بارەگایانەی کە ئەزمەکانی لەبەردەمدا ڕوویداوە، بەلیستێك ناوی ئەو پاسەوان و ئەوانەی کە فەرماندەر بوون لەوێ، فەرمانیان داوە بە لیستێك ناوی ئەو کەسانەی کە خەفەر بوون لە ئەزمەکەدا، بەلیستێك پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی بەلانی کەمەوە جۆرێك لە نیەت پاکی ببیندرێت، هەنگاوی یەکەم من داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر مەسئولیەتێکی زۆر بخەمە سەر لایەنێکی دیاریکراو، مەسەلە ئەوەیە ئەو لایەنە بەرپرسە لەوەی کە پارەی بەدەستە، کە هێزی چەکدار لەژێر دەستیدایە، ئەمە مانای ئەوە نیە کە من کەمتر مەسئولیەت بدەم بەسەر ئۆپۆزسیۆندا، چونکە بە عەقڵ، بە مەنتق هێزی چەکداری لە ژێر دەستدایە و نە پارەش، بۆیە ئێستا زەمینە سازی گونجاو نیە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پێش وەخت بکرێت،کە حزبە بە دەسەڵاتەکان ئەم دوو تەوەرە سەرەکیە بەدەست خۆیانەوەیە، سێیەم: هەوڵبدرێت بە ناوێك ئەوانەی کە فەرمانی تەقەیان داوە، دیالۆگێکی نیشتمانی ڕوون لە ڕێگای کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە بکرێت، کێ فەرمانی تەقەی دەرکردووە؟، با چەند کەسێك بگیرێت، تاوەکو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بۆی، تا ئەو خەڵکە کەمێك لە ئەزمە نەفسیەکەی بۆ کەم بکرێتەوە، هەنگاوی جدیش ببینێت کە ئەمە بەشێکە لە بەرپرسیارێتی ئەو لایەنانەی کە ئەزمەکان لەبەردەم بارەگاکانیاندا دروست بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێرزاد حافز، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێدەکەم کە پێشتر لە نوقتەی نیزامەکەمدا جوابتان دامەوە، ئەو شتانەی کە ئێمە دەیکەین هەمووی لە تەلەفزیۆن بە دۆکۆمێنت تەسجیل کراوە، کە لەم پەرلەمانەدا چی دەوترێت و چی ناوترێت، کە برای بەڕێزم کاك عومەر باسی کرد، وتی هەندێ ئەندام پەرلەمان نان و پیازی پێوە دەخوات، دەتوانن لێی بدەنەوە، وتوویەتی، ئەندام پەرلەمان، ئەوە یەك، گوایە جەنابت وتت نەی وتووە ئەندام پەرلەمان، دووەم: ئەگەر ناوی ئەندام پەرلەمانی نەهێنابێ موخاتەبەی ئەندام پەرلەمانی کردووە، خۆ موخاتەبەی ئەم کارمەندانەی نەکردووە،..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای بەڕێز ئەگەر وترابێ ئەندامی پەرلەمان لە پرۆتۆکۆل لا دەچێت، ئەوە دڵنیابە، فەرموو

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باشە، سوپاس دیارە قسەکانی ئێمەش زۆر کرا، من هەندێ نوقتەم هەیە باسی دەکەم، یەکێکیان: بەراستی ئەگەر بەڕێز سەرۆکی هەرێم و بەڕێز سەرۆکی کۆمار زووتر بهاتنایەتەوە بۆ ئێرە، کە مەفروز بوو بهاتنایەتەوە، کە لە هەموو عورف و عادەتێك وایە، کە سەرۆکی حکومەتێك لە کاتێك ئەگەر شتێکی تایبەت لە وڵاتەکەیدا ڕووبدات زوو دەگەڕێتەوە،ئەگەر ئەو دوو بەڕێزە بگەڕانایەتەوە ئێستا ئەم وەزعە ڕەنگە ئیحتیوا بکرایە و وەك ئێستای لێنەهاتایە، هەرچەندە جەنابی سەرۆك کۆمار 20 دەقە تا25 دەقەیە ئەیتوانی لە بەغداوە بگاتە ئێرە، ئەگەر بۆ دوو، سێ ڕۆژیش بێت بەس ئەوە نەکرا بەداخەوە، دیارە یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لە 17 خاڵیەکەدا پێشێلکراوە، ئەو تەقە کردنەیە لە خۆپیشاندەران کە زۆر برادەر باسی کردووە، کە من دەمەوێت تەئکید لەوە بکەمەوە کە ئەوە شتێکی خراپە، هەر زوو ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە وەزیری ناوخۆ، وەزیری پێشمەرگە، سەرۆکی حکومەت بێن بۆ ئێرە بۆ لێپێچینەوە، ئەگەر کرا شتی تریشیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئێمە ئەوەمان نەکردووە، هەر وەکو ئەوەی کە چۆن تا ئێستا نەمانتوانیوە لە ماوەی ئەم ساڵ و نیوەدا یەك وەزیر بانگ بکەین، سەرۆکی حکومەتیش چەندان نامەمان بۆ نووسیوە هیچ جوابێکیان نەداوەتەوە، نەمانتوانیوە بانگی بکەینە ئێرە، پێم وانیە ئێمە بتوانین، کە دەڵێن هەفتەیەکی تر، بەڕاستی من قەناعەتم بەوە نیە هەفتەیەکی تر بتوانین ئەو بەڕێزانە بانگ بکەینە ئێرە بۆ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەین، زۆرم پێ سەیرە جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا کە زۆربەی ژیانی لە ئەوروپا بووە، کە ئەو شتانەی ئەوروپا زۆر باشتر لەوەی ئێرە ئەزانێت، ئەبوایە یەکەم کەس ئەو ئیستیقالەی بدایە، لەسەر ئەوەی کە ئەو قوتابیانەیان ناردۆتەوە بۆ ماڵەوە، ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز باسی ئەوە دەکات کە لەبەر ئەوە بووە کە عوتڵەیە، بەڵام ئەوە وانیە، ئەبوایە ئەوان لە 10ی مانگ عوتڵەیان دەست پێبکات، نەك ئێستا، بۆیە ئەوە دەبێ لەگەڵ وەزیرەکانی تریش ئەو بانگ بکرێتە ئێرە، لیپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت کە چۆن مەوقیفی نیە و چۆن هێشتوویەتی زانکۆیەك بەوەندە قوتابییەوە ئاوا دابخرێت ؟ کە ئەمەش تەئسیر لە خوێندنیان دەکات، یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ئەم لیژنە بەڕێزە، ئەڵێت ئەندام پەرلەمانەکان بچینە ناو خەڵکەوە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەمە کارێکی باشە، بەڵام من نموونەیەکتان پێدەڵێم، من خۆم چوومە چەمچەماڵ بۆ ناو خۆپیشاندانەکەی ئەوێ، کە دەستی پێکرد من چووبووم لەکاتی نوێژەکەدا بوو، داوایان لێکردم کە دوو قسە بکەم، دوو، سێ قسەم کرد هەمووی

باسی هێورکردنەوە بوو، دوای ئەوە لە پڕ خەڵکەکە بەرەو ئاسایش چوون، باوەڕناکەم کەس ئەوەی کردبێ کە ئێمە کردمان، من و دوو، سێ دڵسۆزی تر لە چەمچەماڵدا، کەوتینە بەینی ئاسایش و خەڵکەکەوە بەڕاستی، هەر ئەوە بوو بەر فیشەك نەکەوتین کە، ئەگەر تەقە بکرایە، کە ئاسایشەکان شاهێدی ئەوە دەدەن کە ئێمە چیمان نەکرد، کە وامان کرد هەموو خەڵکەکەمان هێنایەوە جارێکی تر بۆ شوێنی خۆیان و نەمانهێشت ئەو شەڕە ببێت بەرەو لق و شوێنەکانی تر ئەچوون، هێورمان کردنەوە، من ڕۆیشتم و لە سلێمانی بیستمەوە کە وتیان چوونەتەوە سەر لق، جارێکی ترو ئەوکاتە تەقەیان لێکراوە، منیش لەگەڵ برادەرانم ئەڵێم لق بۆ؟، منیش وا ئەڵێم ئەوە پرسیارێکە کە کەس وەڵامی پێ نییە بەڕاستی، بەرپرسی لقی چەمچەماڵ هەر یەکەم قسەی دەڵێت دەستێك لە پشت خۆپیشاندانەکەوە هەیە، ئەویش شێرزاد و فلان و فلانن، باشە من ئاسایش هەمووی شاهیدە کەمن نەمهێشت بچن بۆ لق، ئینجا لەبەر ئەوە من پێم وانیە ئەوە ئیستیفادەی هەبێت، چونکە ئەبێت نیەتەکان باش بین لەوێدا، نەك نیەتی خراپ، زۆر برادەر باسی تەحریزی منالی کرد، باشە خۆ گەرمیان ئەو منالە $11$ ساڵە،کە ئەچوو بۆ لای باوکی، خۆ بۆ خۆپیشاندان نەدەچوو، ئەوەم پێ سەیرە کە دەڵێن منال تەحریز دەکرێت، خۆتان ئەزانن لەم کۆمەڵگای ئێمەدا کە یەك شت دەبێت یەکسەر منال ڕائەکات و دوای ئەکەوێت، بێ ئەوەی بزانێت ئەصلەن چیشە، ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ، لیژنەیەکمان دروست کرد، یەکێ بۆ سلێمانی و یەکێکیش بۆ هەولێر، لیژنەکەی سلێمانی چوون پرسیارمان کرد، لێپرسراوی ئاسایشی سلێمانی وەستا حەسەن وتی، کاك دکتۆر بەرهەم وتوویەتی، یەکەم چالاکیەکیە مەدەنیەکان، ئەگەر هیچیان پێنەکرا، پۆلیس، ئەگەر ئەوانیش هیچیان پێنەکرا، ئاسایش،/ ئێستا گوێم لێبوو سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ وتی، ئەو دەمامك بەسەرانەی کە هاتوون لەبەر ئەوەی کە چالاکیە مەدەنیەکان کەمن لەوێ، ئەی باشە خۆ پۆلیس زۆر بوون، ئەی بۆ پۆلیس نەچوو بە هانایانەوە، بۆ ئەوانە بچن؟، زۆر باسی نالیا کرا، بەڵام جەنابی سەرۆکی پەرلەمان خۆی زۆر باش ئاگای لێیە، لەم هۆڵەشدا باس کرا، ئێمە لیژنەی ناوخۆ بە هەموو لیستەکانەوە، بەهەموو حزبەکانەوە چووینە سەر سووتاوەکان، نەیانهێشت بچینە ژوورەوە نازانم پۆلیس بوو یان چی بوو، هەر هاتینەوە زوو بەزوو بە سەرۆکی پەرلەمانمان وت ئەویش تەلەفۆنی بۆ وەزیری ناوخۆ کرد، کە وتی بڕۆن ئەوانە بگرن، سێ سەعات دوای ئەوە پۆلیس چووەتە ئەوێ کە چوون ئەوانیان دەرکردبوو، کەس نازانێت لە کوێن، کە ئەگەر ئەوانە بگیرانایە ئێستا موشکیلەی نالیامان نەدەما، نالیاش لە $2/20$ بەڕێوەبەرەکەی داوای یاسایی لە پۆلیسی ئەزمەڕ تۆمار کردووە، من پێم باشە ئەو لیژنەیە کە ئەو ڕاپۆرتەیان

نووسیوه، ئەو لیژنەیە خاڵبەندی بکرێت، ئەوەی کە باستان کرد و بەیانیش لەگەڵ لیژنەی یاسایی باستان کرد شتێکی باشە،هەر دوێنێ ئێوارە لە کەلار هێزێکی دەمامك بەسەر چوونەتە ناو کەلارەوە،هێزێکی زۆریشن، ڕەنگە پێنج سەعات پێش ئێستا بووبێت، چوار کەسیان گرتووە، (عامرسەلاح) خوێندکاری زانکۆ، (وەلید عومەر) مەرحەلەی چواری زانکۆیە، (ئارام محمد سمین)(ئامانج علی) ئەمانە تەعاهودیان لێ وەرگرتوون کە بەشداری هیچ خۆپیشاندانێك نەکەن، دووەمیش نابێ هاوڕێیەتی یەکتریش بکەن، کە ئەمەش بەڕاستی شتێکی زۆر سەیرە و قابیلی ئەوە نیە کە ئێمە لێی بێدەنگ بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، هەر بۆ ئەوەی کە باسی سووتاوەکانت کرد، ڕاستە جەنابت و لیژنەی ناوخۆ هاتنە لای من، منیش تەلەفۆنم بۆ وەزیر کرد، لەوێ نەبوو، بەڵام لەگەڵ جێگری وەزیر کاك فایەق قسەمان کرد، وتی ئێستا دەچین دەیانگرین، چونکە بەڕێزتان بەمنتان وت کە پۆلیسە، وەختێ کەچوون پۆلیس نەبوو، مەدەنی بوو، ئەوانیش ئەم قسەیان بۆ ئێمە کرد، کە دوای ئەوە یەکسەر جەلسەمان هەبوو، دەرچوو وتیان ئەبوو شکات بکەن، بۆ ئەوەی حاکم ئەمری گرتنی دەربکات، ئێمە لە خۆمانەوە ناتوانین بچین لە جادەی یەکێ بگرین، ئەمە بە ئەمانەتەوە قسەی ئەوان بۆ جەنابت دەگێڕمەوە، بەنیسبەت ئەوەی چەمچەماڵ، جەنابت لەوێ بوویت، باشە کە دەڵێی ئاسایش لە وێیە، ئەوانی تر بە شێوەیەکی تر باسی دەکەن، حەقە لەگەڵیان دابنیشیت و ئەو حەقیقەتەیان پێی بڵێت و لەیەك تێبگەن، من بەڕاستی سوپاسی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، دەورێکی باشیان بینی لە هەولێر، توانیان زۆر لەو بەڕێزانەی کە لە حاڵەتێکی ناتەبیعی بوون،زۆر بەئاسایی و بە ڕێگەی یاسایی بە زووترین کات بێنەوە لای کەسوکاریان، کاك عبدالرحمن حسین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش زۆر بەدڵخۆشیەوە، دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەت دەکەم، کە لێرە ماندوو بوون و چوونە سلێمانی و چوونە ناو خۆپیشاندانەکە و داواکاری خەڵکانیان هەمووی بە ڕێکوپێکی هێنایەوە ناو پەرلەمان،خۆشیان ڕێکیانخستووەو جیاشیان کردۆتەوە هەر یەکەی بۆ لایەنی پەیوەندیداری خۆی، کە ئەمە شتێکی زۆر باشە، بەڵام وەکو خۆیان ئیشارەتیان پێدا لە هەڵسەنگاندنەکە هەستاون چوونەتە ئەوێ، ئەو یەکەی دامو دەزگاکانیان بینیوە، کە لە لایەن ئەوانەوە پێشوازیان لێنەکراوە، یان جوابی باشیان بەدەست نەهێناوە، ئەمە شتێکە سەرپێچی کەری یاسایە و کە چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز

بچنە ئەویٚ و پێشوازیان لێنەکرێت و جوابیان نەدرێتەوە، بۆ ئەمە دەبیٚ لێپرسینەوە هەبێت بەڕاستی، یان ئەو خاڵانەی کە پەرلەمان لە 23ی مانگ دەریخست، ئەو 17 خاڵەی کە ئێستاش پێشێلکاری تێدا دەکرێت، لە زۆر جێگا لە زاخۆ بیگرە تا خانەقین، یەعنی زۆر کەس هەیە ئێستاش دەگیرێت،لە 17ی مانگ کەسێك لە زاخۆ گیراوە،ناوی (جميل انور)ەکە ئەویش ئەندامێکی بزووتنەوەی ئاینەدەی گەلی کوردستان بوو،لە لایەن ئاسایشەوە گیراوە لە سەیتەرەی زاخۆ لە بەیانیەوە تا سەعات 5 ئێوارە پاشان بەریانداوە، ئێستا بەنامە و بە تەلەفۆن تەهدید دەکرێت و دەوترێت تۆ مردوویت و بزانە قەبرەکەت چۆنە،ئیتر ئەویش ڕای کردو چووە سلیمانی ، لە زاخۆ نەما لەبەر ئەو هەموو تەهدیدەی کە دەکرایە سەری ، یەکێکە تر هەبوو لە صناعە، داواکارییەکەی هێنا بۆلای جەنابتان ، بۆ نووسینگەی ئێمە لە زاخۆ ، هی پەرلەمان، بۆلای قایمەقامی زاخۆ، بۆلای پارێزگاری دهۆك کە داواکارییەکی  هەیە لە صناعە، ئەویش ئاسایش گرتی و وتی ئەبیٚ تەعاهود بنووسی، تەنازول لەو داواکارییەت بکەیت ، ئەمە هەموو ئەو پێشێلکارییە بەبیٚ دادگا و بەبیٚ هیچ خەڵك دەگیرێت ، بۆ ئەمەش ئەبیٚ لێپرسینەوە هەبێت ، ئێمە هەروا لێرە قسە بکەین و بڵێین ئێمە ئەوە دەکەین و حکومەت بڵێت ئێمە ئەمە دەکەین ، بەراستی بەمە بیٚ ئومێدییەك دروست دەبێت لەلای جەماوەر، تا گەیشتە ئەوەی ئەو قەیرانەی لیٚ دروست بیٚ کە ئێستا لە سلێمانی هەیە، ئەو خەڵکە لەسەر جادەن نزیکەی (17 – 18 ) ڕۆژە، ئەبیٚ ئێمە شتێك بەشێوەی میکانیزم دابنێین ، بچنە ناو خڵکەکە و بچنە سەر جادەکە شتەکە بە مەلموسی و بە ڕێکوپێکی بدەینە دەست خەڵك ، شتەکە بکەین بە کار و بیخەینە بەر دەستی خەڵك ، نەك هەر بڵێین دەیکەین، و بڕیارە ئەو یاسایە، یان حکومەت بڵێت دەکەین ، ئێمە هەر شیعار و قسەی خۆش بکەین بۆ خەڵکەکە بەیانی و دوو بەیانی قسەکەمان دەردەچێت کەوا نەبوو، بەمەش خەڵکەکە بیٚ ئومێد دەبێت لە ئێمە، ئەبیٚ ئێمە  قسەکەمان ڕاست بێت بەرامبەر بەم خەڵکە، بەراستی بچینە پێش ئەم خەڵکە، شتەکانیان بۆ جێبەجیٚ بکەین ، ئەو داواکارییانەی کە لیژنە هێناویەتیە بەر دەمی ئێمە، من پێشنیار دەکەم ئەوەی سەر بە ئێمەیە یەعنی پەرلەمان لە دانیشتنی بەیانی بیخەینە بەرنامەی کارو ئیشی بۆ بکەین، جوابی ئەو خەڵکانە بدەینەوە کە ئێستا لەو ساحەنە، بڵێین ئەوە ئێمە یەك، یەك دەیانخەینە کار و ئیشیان پیٚ دەکەین، دەیان کەینە بڕیار و جێبەجێیان دەکەین ، ئەوانەشی کە سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمە داوا دەکەم لە سەرۆکی هەرێمیش ئەم خاڵانە هەموویان جێبەجیٚ بکات و بە زووترین کات پەیامێك بدات و ئەوان دیسان دڵنیا ببنەوە ، ئەوانەشی کە سەر بەحکومەتن، من قەت باوەڕ ناکەم حکومەت ئەوانە جێبەجیٚ بکات ، چونکە ئەوە پێش ساڵ و نیوێکە هەتاکو ئێستا

چەندین پرۆژە یاسامان دەرکردووە بۆلای حکومەت چووە ، بەس هیچیان نەکردووە،برادەرێك ئیشارەتی پێدا لە ساڵی 2008 وە یاسایەك دەرکراوە کە ڕێکخستنی حزبی لەناو پێشمەرگە نەمێنێت ، ئێستاش هەر هەیە ، ئێستاش دووبارەیان کردۆتەوە کە پێشنیار کراوە نەمێنێ ، کەواتە حکومەت مولزەم نیە بەجێبەجێ کردنی هیچ بڕیارێك یان داواکارییەکی ئەم خەڵکە، ئەبێ ئێمە وەکو پەرلەمان لێرە مولزەمیان بکەین، بیکەین بە بڕیارێکی مولزەم بۆ حکومەت ، ئەگەر ئەوە جێبەجێ نەکرا، بانگی بکەینە ئێرەو لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین یان لە کۆتاییدا متمانەی لێ وەرگرینەوە، کە ئەو حکومەتە ناتوانێ ئەو کارانە جێبەجێ بکات و خزمەتی ئەم میللەتە بکات با دەست لەکار بکێشێتەوە، خۆ دونیا خراپ نابێت، حکومەتێکی تر دامەزرێنین و دووبارە هەڵبژاردن دەکەینەوە، وەکو هەموو دونیا و عالەمێکی تر خزمەتی ئەم خەڵکە بکەین ، بەڕاستی من ئەو لیژنەیە، من ڕەخنەیەکم لێی هەیە ، ئەو بە (9) خاڵ داواکاری و پێشنیاری ئەو خەڵکەی هێناوەتە خوارێ ، ئەو 9 خاڵە چارەسەری ئەم خەڵکە ناکات، ئەبێ ئەو داواکارییانەی کە هاتووە، ئەوەی دووبارەیە جیا بکرێتەوە، ئەوانی تریش هەمووی ڕێکبخرێت، بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ، تا ئەم خەڵکە ڕازی بێت و دڵیان ڕەحەت ببێ ، بەس تۆ ئەمانە هەمووی مولەخەص بکەیت بە 9 خاڵ ، یان 4 خاڵ ، یان 5 خاڵ ، ئەوە نابێت مادام ئەو خەڵکە ڕازی نابێت و دڵی ڕەحەت نابێ ، ئەو ساحەیەش چۆڵ ناکات و هەندێ جێگای تریشی گرتۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، کاك برهان ئەیەوێت بڵێت، ئەندام پەرلەمان نابێ شکات بکات، بەڵام بۆت هەبوو لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکەیتەوە، باشە تکایە وازی لێ بێنە، باشە دەی فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من دووجار گوێم لەوە بوو کە ئەبوایە ئەو بریندارانەی کە ئەو تاوانەیان کردووە لە سووتاندنی تەلەفزیۆنی نالیا، کە براونەتە ئیمێرجنسی، ئەبوایە شکات بکرایە، تا بتواندرایە بگیرانایە، بەڵام بەپێی قانونی اصول محاکەمات جەزایی عێراقی وا نیە، یەکێ تاوانبارێك دەبینێت یان تاوانێك ئەبینێت، لە هاووڵاتیەکی ئاساییەوە تا پۆلیس، تا ئاسایش تا موحەقیقێك، تا حاکمێك، تا زابتێکی عەسکەری، ئەمانە پێیان ئەوترێت (اعضاء الضبط القضائي) بە پێی قانون ئەبێ لەوییا بگیرێت، ئەوە موبەڕیرە کە ئەوانەیان نەگرتووە، بۆ دەربازبوونیان لەوەی کە ئەو هێزە چووە ئەوان لە دەسەڵاتیاندا

نەبووە کە ئەو تاوانبارانە بگرن و نەڕۆن، هەموو کەسێ (اعضاء الضبط القضائي) پێویستی بە دەعوا جووڵاندن نەبووە ئەبوایە بگیرانایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕێزم هەیە بۆ ئەو ڕەئیەی کاك برهان، بەڵام دەتواندرا ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئەندامانی زەبتی قەزائی ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر،فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

ل پێشیێ ئەز دڤێت بینمە بیرا خۆ ،بیرا هەمی پەرلەمانتارێت بەرێز،سوێندەك مە خواردی ڕۆژەکێ ، سویندەکەش ئەمەیە،پارێزگاری لەیەکێتی خاك و گەلی کوردستان و پارێزگاری کردن لەبەرژەوەندی بالأ،بۆیە برایان خوشکان ،دەبێت ڕەفتارمان بەپێی ئەم سویندە بێتن، ئەگەر گەمەی سیاسیش بکەین، پێویستە لە چوار چێوەی ئەم سوێندە بێتن، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکین، داخوازیەکانی جەماوەر، بەسەر چاوان، لە دهۆك بێت، لە هەولێر بێت، لە سلێمانی بێت، لە هەرشوێنێك بێت، چونکە ئێمە لە جەماوەرەوە هاتینە، نوێنەری ئەم جەماوەرەین، بەڵام دەبێت بە دوو چاو سەیری بکەین، نەوەك بە چاوێك، چاویك، داخوازی خەڵکێکە کە ئێستا داواکاریان پێشکەش کردووە، وە لەبەرامبەر، خەڵکێکی تریش هەیە، کە ئەوانەش داواکاریان هەیە، هێور کردنی وەزعەکە، زەرەر و زیان نەگەیشتنە، ئایا ئێمە بێین دیفاع لە کەسێك بکەین، کەسێکی تر پاش گوێ بخەین، ئیحتمالە لێرە عەدالەت پەیدانابێت،دەمەوێ شتێك بڵێم، ئێمە دەبێت داخوازیەکانی جەماوەر نەکەینە ڕەقەمێك لە موعادەلەیەکی سیاسیی، بیخەینە ناو موعادەلەیەکی سیاسی، چونکە ئەگەر هاتو، ئەو داخوازیانە بوونە ڕەقەمێك لەناو ئەو موعادەلەیە، بەیانی بابەتەکە بە ئاقارێکی تر دەڕوات، وە ئەنجامەکە لەوانەیە بە هەندێ موساوەمات و نەفەقاتی سیاسی لە دەرئەنجامی خزمەتی جەماوەر نەبێت، ئەمە یەك، ئەوەی

ئـەمڕۆ لـە کوردسـتان ئەگـەر بێـت سـەیر بکەین،ئـەم بـارو دۆخـە، ئـەم وەزعـە، بـە هـەموو سـلبیاتی و بەهەموو ئیجابیاتی، ئەمە هی دوێنێیە یان هی ئەمڕۆیە، یان مەسئولیەتی ئـەم پەرلەمانەیە؟،نـەخێر، ئەمە ئەنجامی ڕابردوویەکە، لە پاش سەرهەڵدان و تا ئێستا، کە هـەموویان بەشـدارین، ئەوانـەی ئێسـتا لە دەسەڵات و، ئەوانەی ئێستا لە ئۆپۆزسیۆن کار دەکەن، هەمووومان بەشـدارین، هـەمووومان تەحـەمولی مەسـئوولیەت دەکـەین، باشـی و خراپیەکـەی لەسـەر هـەمووومان دەوەسـتێت، نـابێ ئێمـە گونـاه بـەس بخەینە سەر تەرەفێکی تر، یان شوێنێکی تـر، بابەتەکان زۆر بوون، بەڕاستی سوپاسی برادەران دەکەم لە لیژنە، هەرچەندە لیژنـە، ئێمە کە دەزانین لیژنەکە ئیشیان تەوسیاتە، نە ئیشێکی مولزەمە، ئیشەکەیان هەموو تەوسیاتە، بۆیە هەموو بابەتەکانیان خستە بەر موناقەشە کردن، من نامەوێت دووبارە جارێکی تر بڕۆمە ناو مولاحەزات لەسەر ئەو خالآنە، ئێمە لێرە شتێکمان پێویستە (مبدأ حسن النیە)و، متمانە بە یەکتر، ئەگەر ئەوانە پەیدا بوون، خاڵەکانی تر ئاسانترو سـاناهی تـر دەبێـت، هەنـدێك بابـەت هەنـە خەڵکێك وا تێ دەگات، کە بابەتەکە وەك پەسیوێکە دوو حەبی (فلۆئاوت) بدەیێ، سرنجەك بدەیێ ساغ دەبێت، وانییە، زۆر داکۆکی لە گەندەڵی کراو، ئەگەر تۆ بێیت، گەنـدەڵی سیسـتەمێکە، گەنـدەڵی چـەند جۆرن، گەندەڵی بەخۆی لە ناوخۆی وەك ئەختەبوتێکە، سیستەمی خۆی هەیە، یەعنی پـەیڕەوی خـۆی هەیە، ئێمە بێین بە ئاسانی بڵێین گەندەڵی نەمێنێت، وەڵلاً هەمووومان دژی گەندەڵینـە، بـەلاّم دەبێـت ئەمە بەرنامەی بۆ دابندرێت، ئـەوە بـە قسـە کـردن حـەل نابێت، چـونکە ئـەتۆ بێـی چـارەیەك بکـەی، پلانێك دابنێی، بزانە بەرامبەری گەندەڵی پلانێکی تر هەیە بۆ نەجات بوونی، بۆیە ئێمە پێویسـتیمان بە بەرنامەیەك هەیە، مەسـائیلی علمـی بخەنـە نـاو بابـەت، باسـی بحوسـی علمـی بکـەن، ئیسـتیعانە بـە خوابەرا بکەن، بە خەڵکێکی تـر بکەن، هەتا بێنە ناو بابەت، بەکورتی دەڵێم ئێمە لازمە داکۆکی لەسـەر 17 خاڵی بڕیاری پەرلەمان بکەین، چونکە ئەوانە بڕیارن و بـڕیار مولزەمەو بڕیارەکانی ئەم پەرلەمانە سیفەی ئیلزامی هەیە، بۆیـە ئێمـە دەبێـت وەك شـەخص داکـۆکی لەسـەر ئـەوە بکـەین و ئـەوە پـەیڕەو بکرێت و جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر تۆ بێـی هـەر 17 خـاڵ بخوێنیـەوە، عـەناوینی سـەرەکیە، وەکـو بـە ئینگلیزی دەڵـێن (هێـد لایـن)، تەفاسـیلەکەی تـر هـەمووی لـەناو ئـەو داخوازیانـە پەیـدا دەبێـت، لـەناو تەقلیدی لیژنەکان پەیدا دەبێت، لەناو داخوازیەکانی جەماوەر پەیدا دەبێت، دیارە، بەلاّم ئەوانە (ئاوت لاینن)، با ئێمە تۆزێك واقیعی بین، ئەمن پێشنیارێکم هەیە، پێشنیار دەکەم کۆنفرانسـێکی نیشـتیمانی ساز بدەین لە ژێـر دروشمـی کۆنفرانسـی، نـازانم بـە کـوردی چـی پـێ دەڵـێن، کۆنفرانسـی (مصارەحەی سیاسی و نیشتیمانی)، (مؤتمر المصارحە السیاسیە)مان هەبێتن، با ئێمە گوێ بگرین و ئەوان قسە بکەن،

وتاری جەنابی سەرۆك بكرێت بە سەرچاوەی بابەتەكەی ئەم كۆنفرانسەو بڕیارەكانی ئەم كۆنفرانسە بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانی كوردستان، بكرێتە بناغەی سیستەمی سیاسی و حوكمڕانی ئاینده لە كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گۆران ئازاد كەرەم بكە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا بە پێویستی دەزانم ڕوونكردنەوەیەك بدەم، بەمافی خۆمی دەزانم كە هۆكاری هاتنە خوارەوەكەم لەسەر مونەسە لەم دانیشتنەی ئەمڕۆدا، بۆ هیچ هۆكارێكی تایبەت نەبوو، ڕێزم هەیە بۆ هاوڕێی زۆر بە ڕێزم كاك سالار، بەڵام من لەسەرەتای دانیشتنەكاندا نوقتەیەكی نیزامیم گرت و وتم هەست دەكەم دەرچوون هەیە لەناو بەرنامەی كارو، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ئەو ئەنجامەی لێ دەكەوێتەوە، كە ئێستا $2$ی شەوەو نەگەیشتووینەتە هیچ بڕیارێك، دواتریش دوای ئەوەی كە پشوومان وەرگرت لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانم پرسی، كە ئایا ڕێگا دەدرێت كە هەر بەو شێوەیە هەرچی بمانەوێت قسە بكەین، یاخود بە بەرنامەی كار دەبێت، بەڕێزی لەگەڵ ئەو ڕەئیەدا نەبوو، بەس بەشێك لە ئەندامان داوایان كرد، كە چۆن هاتووە ڕێگا بدرێت هەموو قسە بكەن لەسەر ئەو ئەساسە من وتم، ئەگەر بەو شێوەیە بێت ناچمەوە سەر مەنەسە، بۆیەش نەچووم، چونكە من پێموایە بەو شێوەیە قسە كردن خەڵك لەسەر شەقام چاوەڕێی دەرمانی دەردو برینەكانیانە، چاوەڕێی ئەوە ناكات ئێمە لێرە هێرش كردن و تەشهیر كردن تا ئێستا لەسەر یەكتری بەردەوامە، سەرەتا دێمە سەر قسە كردن لەسەر بەرنامەی كار، بۆ ئەوەی خۆم بە پێچەوانەوە دەرنەچم، بەڕاستی هەستم كرد هەندێ برادەر بەشێوەیەك باسیان كرد، هەندێكیش پێی ئیزعاج بوون، كە كاتێ قسە كردن لەسەر داوای خەڵكی سلێمانی دەكرێت، من خۆم لەو لیژنەیە بووم ئەو داواكارییانەمان لە خەڵكی سلێمانی وەرگرتووە، لە خۆپیشاندەرانی خەڵكی سلێمانیمان وەرگرتووە، خۆپیشاندانیش هەبووە لە دەوروبەری شاری سلێمانی، من وەڵامی ئەو برادەرانە نادەمەوە،و لیژنەكە دواتر دەتوانن وەڵامبدەنەوە، بەڵام خۆپیشاندانەكان خاڵێكیان دەوت دەوروبەریش دەیانوت بۆ پاڵپشتی خۆپیشاندانی خەڵكی سلێمانیە، ئینجا كۆمەڵێ داواكاری تایبەتیان هەبوو، بەڵام ئەو داواكارییانەی كە ئێمە لە خەڵكی سلێمانیمان وەرگرتووە، ئەگەر بێین بیخوێنینەوە دەبینین تەعبیر لە هەموو كوردستان دەكات، چونكە كاتێك بەڕێز سەرۆكی هەرێم و بەڕێز سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامانی ، كە باس لە نا عەدالەتی دەكەن، ناڵێن ناعەدالەتی تەنها لە سلێمانی هەیە، كە باس لە گەندەڵی دەكرێت، ناوترێت گەندەڵی تەنها لە سلێمانی هەیە، كە باس لە خزمەتگوزاری زیاتر دەكرێت، ناوترێت تەنها بۆ سلێمانی، بەڕاستی من داواكارییە سیاسیەكانی لێ دەهێنمە دەرێ، بەڵام ئەم حاڵەتە هەموو بەرپرسەكان بە جەنابی سەرۆكی هەرێمیشەوە، بۆ هەموو كوردستان داوا دەكات، بۆیە من پێموایە ئەم داواكارییانە تەعبیر لە هەموو خەڵك دەكات و، خەڵكی خۆپیشاندەری سلێمانیش نەیانوتووە ئەم داواكارییانە تەنها

بۆ ئێمەیەو بۆ خەڵکی هەموو هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ هەموو هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوە پێموایە با بەو حەساسیەتەوە تەماشای ئەو خاڵە نەکەین، دێمە سەر جێ بەجێ کردنی 17 خاڵەکە، بەڕاستی هەندێکیمان بە گەشبینیەوە سەیری دەکەین و هەندێکیشمان لە رەش بینیەوە سەیری دەکەین، هەندێکمان بەڕأستی پێموایە هەر لە سەرەتای ئەو کاتەی کە 17 خاڵەکە پەسند کرا لەناو پەرلەمانەوە هەندێکمان وتمان ئەوە هیچ نییە، بۆ ئەوەی شەقام هێور بکرێتەوە، یەعنی باوەڕمان بە هەنگاوەکان و نیەتەکانی خۆمان لە پەرلەمانەوە نییە، کە ئەمە بەڕاستی سەر بۆ بێ هیواییەکی گەورە دەکێشێت، لە دواجاردا ئەم 17 خاڵە من لێرەدا بە تەئکید دەیڵێم شتێکی لێ جێ بەجێ کراوە، بە دڵنیاییەوە کە نامەوێت وەکو هاوکارانم خاڵ بە خاڵ بیخوێنمەوە، بەشێکیش تەئجیلە، یەعنی جێ بەجێ کردنەکەی کاتی پێویستە، تۆ دەڵێیت، ئەگەر بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو بەرپرسە ئەمنیانە کامیان بەرپرسن دەبێ سزا بدرێت، بەگوێرەی قانونی ئینزیباتی، ئێ خۆ جارێ نەمانزانیوە کێ کەمتەرخەمە، لەوەی کە لقی 4ی نەپاراست؟، لەوەی کە خەڵك دەستگیر نەکرا، ئیتر ئەم دەرئەنجامانە، مەسەلەی قەرەبوو خۆ ئەوە ئەلف و بێی یاسایە، تا دادگاو تا لیژنە قەرار نەدات زەرەرەکە چەندەو، کێ بەرپرسە لەم حاڵەتەدا؟ تۆ ناتوانی قەرەبوو بکەیتەوە، مەسەلەی هاتنی وەزیری پێشمەرگەو ناوخۆ و سەرۆکی حکومەت، کە بەڕاستی ئەمڕۆ هەموو دانیشتنەکە هەر ئاراستەکەی ئەوە بوو، من دەپرسم ئێمە باس لە موئەسەساتی و دامەزراوەیی و سەروەری یاسا دەکەین، ئەگەر بڕیارە پەیوەست بین بە یاساو قانونەوە، بانگ کردنی سەرۆکی حکومەت ئیجرائات و رێو شوێنی خۆی هەیە، ئەگەر بڕیاریشە کار بەوە نەکەین، ئێستا لە پەرلەمان قەرارێك بدەین بڵێین بەدەر لە یاساو رێنماییەکان بەدەر لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەر کاتێك سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان وتیان با وەزیر و سەرۆکی وەزیران بێن، بانگیان بکەین بە بڕیار، ئەو کاتە بانگیان دەکەین، نەك بە ئیجرائاتی یاسایی، ئیجرائاتی یاسایی رێو شوێنی خۆی هەیە بۆ بانگهێشت کردن و، پێموایە ئەو رێو شوێنانە ئەوەندەی من ئاگام لێیە، کاکە حەمە بوو وتی بانگ کردنی وەزیری پێشمەرگە، ئاگام لێیە کاك قادر وتی بانگی وەزیری ناوخۆ بکرێت، سەرۆکی لیستی کوردستانی داوای بانگ کردنی حکومەتی کرد، بە هەمان شێوە برادەرانی موعارەزەش بانگی سەرۆکی حکومەتیان کرد، بەڵام ئەمە ئیجرائاتی خۆی هەیە بۆ بانگ کردن و بۆ متمانە لێسەندنەوەو، بەشێکیشیان بەڕاستی من دەیڵێم پێشێل کراوەو پێشێلکاریەکەش زۆر زەقە لە خاڵەکانداو ئاماژەشمان پێ کردووە، بەڵام ئەی ئێمە سەرۆکی حکومەت و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ بۆ بانگ دەکەین؟، ئەی بۆ ئەوەی بانگ ناکەین تا پێی بڵێین ئەم خاڵانە بۆ پێشێل کراون؟ ئەی بۆ ئەوەی بانگ ناکەین تا موحاسەبەی بکەین، کە بۆ چی حەریس نەبووە لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانە؟ ئیتر بۆچی بانگیان دەکەین؟ کەی هاتن پرسیاریان لێ دەکەین، بۆ ئەم خاڵانەتان پێشێل کرد؟ بۆ مەسئوول نەبوون لە پاراستنی خەڵك، بۆ ئەم دۆخە دروست بوو؟ ئێ ئەگەر لەم حاڵەتانەدا وەڵامی مەنتقیان پێ نەبوو سەحبی سقەیان لێ داوا دەکەین، بەڵام ئەمانە هەمووی ئیجرائاتی خۆی هەیە، ئەمڕۆ ئەوەندە قسە لەسەر وەزیری خوێندنی باڵا کرا، لەوانەیە من موعلوماتم نەبێت، بەڵام من دەپرسم تەلەبێك پێشکەش کراوە بۆ بانگ کردنی وەزیری خوێندنی باڵا؟ کە بێتە پەرلەمانی کوردستان پێی بڵێین ئەرێ کاکە تۆ ئاگات لێ

بوو زانكۆی سەلاحەددین داخرا، بە ئەمری یەكێتی فوتابیانی كوردستان؟، ئاگات لێیە زانكۆی سلێمانی چۆن گوزەر دەكات؟، دەبا بانگی بكەین لێی بپرسین، ئەمە چیە لە غیابی وەزیری خوێندنی باڵا ئەم هەموو قسەیە لەسەر داخستن و دانەخست دەكرێت، ئێمە باس لە موئەسەساتی دەكەین، باس لە كات نەكوشتن دەكەین، باس لەوە دەكەین كە چۆن خەڵك چەواشە نەكەین، چۆن كات نەكوژین، ئێ بەڕاستی ئەمە كات كوشتنە، كەی هات سەحبی سیقەی لێ دەكەین، متمانەی لێ دەسێنینەوە، بەلاَم پێموایە ئەمە بە ئیجرائات دەكرێت، ئەم حاڵەتانەو لەلایەن هەندێ برادەرانی ئەندام پەلەمان گوێم لێیە باس لە حكومەتی ئینتیقالی دەكرێت، من دەپرسم ئایا حكومەتی ئینتیقالی ئەوەی من مەعلوماتم هەبێت، شتێك لە یاسا بزانم، حكومەتی ئینتیقالی كاتێك دەبێت كە پەرلەمان هەڵوەشابێتەوەو پەرلەمانی كوردستان وجودی نەبێ، كە داوای حكومەتێكی ئینتیقالی دەكەی تەلەبتان پێشكەش كردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی كوردستان؟ ئەو ئەندام پەرلەمانەی كە داوا دەكات حكومەتێكی ئینتیقالی پێك بێت، ئەو رەئیەی كەوا 25 پەرلەمانتار ئیستیقالە دەدات، ئەمە كراوە، ئەگەر مەقسەدیان سەحبی سیقە بێت لە كابینەكەی حكومەت، ئەمە شتێكی ترە لە رووی یاساییەوە، بەلاَم هەر شتێك بڵێین دەبێ بزانین لە رووی قانونیەوە لە كوێوە قسە دەكەین، هەر لەسەر 17 خاڵەكە، بەڕاستی لە خاڵی16 من هەر ئەو شەوە راپۆرتێكم بینی لە كەناڵی لایەنێك وتی پەرلەمانی كوردستان خاڵی 16ی پێشێل كرد، هەر خۆی پێشێلی كرد، هەستام خاڵەكەم خوێندەوەو جارێكیتر گوێم لە راپۆرتەكە گرت و گوێم لە لێدوانی ئەو برادەرانەش گرت كە خاڵەكە بۆ پێشێل كراوە؟ قسە لەسەر ئەوە دەكات كە لەمەودوا یاساو بڕیارە ستراتیژی و نەتەوەییەكان بە تەوافوقی لە پەرلەمانی كوردستان دەردەچێت، گوایە ئەم 17 خاڵە تەوافوق دەرنەچووە، دیسان من دەیلێمەوە، هەموو شتێك لە یاسا بزانە لەگەڵ ئەو راپۆرتەشدا بیهێنن ئەم راپۆرتە لێك بدەنەوە، ئەم كەناڵە دەڵێت هەرچەندە زۆربەی خاڵەكان لە ژێر زەختی موعارەزە دانرا، بەلاَم سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان خۆی ئەم خاڵەی پێشێل كرد، باشە تەوافوق ئەوەیە هەر 17 خاڵەكە بە دڵی تۆ بێت، هیچ بە دڵی من نەبێت، ئێ تەوافوق ئەوەیە كە 15ی بە دڵی تۆیەو 2ش بە دڵی منە، یان 16ی بەدڵی تۆیەو 1ی بەدڵی منە، یەعنی تەوافوق ئەوەیە كە هەر 17 خاڵەكە بە دڵی تۆ بێت، هیچی بەدڵی من نەبێت، ئێ ئەگەر تەوافوقی سیاسی ئەوەیە ئەوە من نامەوێت بەڕاستی، بەلاَم ئەگەر ئەوەیە لە پرۆسەی سیاسی و گرنگ و چارەنووسسازەكان برادەرانی موعارەزەو ئەو هێزانەی كە ئێمە هێزی زۆرینەی بەشداری پێ بكەین، رەئیان پێ وەربگرین و، خزمەتی ئەم پرۆسەی هەرێمی كوردستانە بكەین، من بەڕاستی پشتیوانی ئەم مەسەلەی تەوافوقە دەكەم و، كاتی خۆشی لە مەسەلەی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و لە یاسای خۆپیشاندان من پێداگیریم لەسەر ئەم خاڵە كردووە، دێمە سەر ئەو پێشنیارانەی كە خۆمان كردوومانە، لە وتەكەی سەرۆكی هەرێمەوە دەست پێ دەكەم، كەوا پەرلەمانی كوردستانی كردە مەسئوولی یەكەم لەم دۆخەی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستان بۆ چارەسەر كردن و بۆ بڕیاری كۆتاییش، بۆیە بەڕاستی لە دوای ئەم پەیامەی سەرۆكی هەرێمەوە، دەبێ پەرلەمانی كوردستان ئەركەكان و رۆڵەكەی زیاتر بێت، من پێموایە بۆ چارەسەر كردنی ئەم دۆخە، بۆ كات نەكوشتن بەر لەوەی هەر هەنگاوێك بنێین، بۆیە لە خاڵی دووەم وتوومانە پەرلەمانی كوردستان كارا بكرێت، پێموایە یەكەم شت

ئێمە دەبێ قسە لەسەر چۆنیەتی ئالیەتی ئەوە بکەین، من بۆیە دوو بەشی هاتمە خوارەوە ئەو خاڵانەی کە نووسی بوومان من دەڵێم با هەر9 یان غەڵەت بێت، ئێوە پێمان بڵێن چۆن ئیش بکرێت، خۆ ئەو قسانەی ئێمە لە 100٪ راست نییە، من بۆیە لە خاڵی یەکەمەوە دەستم پێ کرد، قسەمان لەسەر ئەوە کردووە، کەوا ئەندامی پەرلەمان لە سنوورەکانی خۆیان رۆڵیان هەبێت، هەم لە هێمن کردنەوەو هەم لە گەیاندنی داواکارییەکانی خەڵك، خەڵك هاتووەتە لای من دەڵێت من ئەندام پەرلەمانی خۆم نابینم، من وەك ئەندامی پەرلەمان موتەئەسیرم، لەناو ئەم پەرلەمانە بمێنمەوە، بەڵام هاوڕێیەکی زۆر زۆر خۆشەویستی خۆم بڵێت ئەم پەرلەمانە شەرعیەتی نییە، بەردەرکی سەرا شەرعیەتی زیاترە، لەگەڵ منیش دابنیشێت، ئەی کە شەرعیەتی نییە بۆ لەگەڵ من دادەنیشێت لەم حاڵەتەدا؟ یەعنی ئەم حاڵەتی شعور بریندار کردنە لەناو هاوڕێی یەکتریدا، من پێموایە کە شتێکی خۆش نییە، دووەم/ پێموایە لە چالاك کردنی پەرلەمانەوە ئێمە دەست پێ بکەین، کە دەڵێین چالاك کردنی پەرلەمان، کە دەکرێت دوایی قسەی لەسەر بکەین، بەس من جارێ داواکارییەکان دەخەمە روو، یەکەم/ بۆچوونی من دەبێت پەرلەمان بە بەردەوامی لە رۆژانی دوو شەم، سێ شەم، چوار شەم، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات، هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی کە تەواو بووە من لەلای سەرۆکی پەرلەمان بینیومە، گرنگن بۆ نموونە دەستەی نەزاهە، بودجەی ئەحزاب، کە گرنگن بەنیسبەت موعارەزەو دەسەڵات و شەقامیش، بەزووترین کات بخرێنە بەرنامەی کارەوە، ئەو پرۆژە یاسایانەش کە لیژەکان تا ئێستا ئیشیان لەسەری نەکردووە، وەك توندوتیژی خێزان، وەك بیمەی تەندروستی، بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهاوکاری فراکسیۆنەکان، لیستێك حازر بکەن ناوی سەرجەم ئەو پرۆژانەو ئەوەلیاتی تێدا دابنێت، کە ئەمە (1، 2، 3، 4، 5) دەبێت بیکات، دووەم/ پێویستە لەمەودوا سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆی خۆی جێ بەجێ بکات، جگە لەوەش داوا دەکەم پەیڕەوی ناوخۆ یەك لە خاڵە ئەساسیەکان بێت بۆ هەموار کردنەوە، لە پەیڕەوی ناوخۆدا تۆ کە پرۆژەیەك دەدەیتە دەست لیژنەیەك، پێویستە لە ماوەی 10 رۆژدا تۆ راپۆرتی لەسەر بنووسی، کاکە پرۆژە لەلای لیژنە هەیە بۆ ماوەی یەك ساڵە، جا نازانم کێ لەو دۆخەدا بەرپرسە؟ ئەم پرۆژانە لە پەرلەمان، فراکسیۆنەکان پێشکەشیان کردووە، بەڵام پەرلەمان لە بیری چووە، با راپۆرتی لەسەر بنووسرێت، جا چ رەفز دەکرێت، یان پەسند دەکرێت، بۆیە پێم باشە ئەم لیستە حازر بکرێت، لەمەودوا بەڕاستی هیچی تر نەوترێت وەزیر وەڵامان دەداتەوە، یان وەڵاممان ناداتەوە، هەر وەزیرێك وەڵامی ئەندامی پەرلەمانی نەدایەوە لە رووی پەیڕەوی ناوخۆوە، لەپاش 15 رۆژ، راست بێت لێرە وەڵامی ئەو ئەندام پەلەمانە بداتەوە، کە پرسیاری ئاراستە کردووە، بۆ مەسەلەی خاڵی حکومەت کە گوتوومانە چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگ بکات، بەڕاستی من بینیومە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەزوویی وەڵامی داواکاری خۆپیشاندەرانی نەدایەوە، کەوا لەگەڵیدان و رەوایەو حەقە، بەس بەڕاستی بەم رستە مەتاتی و ئەم رستە عامانە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ پەلەمان، بۆ حکومەت بەسە، من پشتیوانی لە بەشێك لە قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، ئەم داواکارییانە ئەگەر هەموو رەوایە، ئەوا بەبێ موناقەشە وەرن هەمووی جێ بەجێ بکەن، ئەگەر هەندێکیان یاسایی نییە، هەندێکیان مەبدەئین، هەندێکیان کراوە، هەندێکیان نەکراوە، وەرنە سەر یاساو بە یاسا قسەی لەسەر بکەن، یەك بە یەك بۆ خەڵکی روون

بکەنەوە، نەك ئێمە بمانەوێ و بڵێین لەگەڵ هەموو داواکارییەکانین و با حزب یەك بارەگای لە شاردا هەبێت، ئایا ئەوە دەکەین؟ کە دەیکەین با پێوەی پابەند بین، ئەگەر نا با موبەڕیر بهێنینەوە، جگە لەوە ئەنجومەنی وەزیران بێجگە لە زنجیرە کۆبوونەوەیەك، لەگەڵ وەزارەتە مەعنیەکانی خۆی بکات، کە بەڕاستی پێویستە لگەڵ بەڕێوەبەرە گشتیەکانیشی دابنیشێت، پێویستە لەگەڵ سنووری سەرجەم قائیمقامیەت و ناحیەو شارەکان دابنیشێت، بۆ ئەوەی گوێ لە پێشنیارەکان بگرێت، خاڵێکی تر زیاد دەکەم بۆ ئەو خاڵانەی کە ئێمە داوامان کردووە، بەڕێزان، بەڕاستی با ئێمە لەوە دوور بکەوینەوە، کە ئایا دەعوا قەید کراوە، یان نەکراوە؟ بۆیە ئەنجام دەرانی سووتاندنی کەناڵی نالیا نەگیراون، دەعوا قەید کراوە، یان نەکراوە؟ ئەمری گرتن هەیە، یان نییە؟ بۆ فلان لە لقی چوارو ئەو لایەنانە دەستگیر نەکراون؟ بەڕاستی من ئەوە لێرە دەڵێم پێویستە دیسان دەگەڕێمەوە بۆ قسەکەی سەرۆکی هەرێم، کە گوتی تکایە ئەگەر خۆپیشاندانتان کرد، توندوتیژی بەکار مەهێنن، بۆ ئەوەی هەم تاکەکان، هەم ناوبانگی هەرێمەکە لەکەدار نەبێت، کەواتە بۆ ئەوەی ناوبانگی تاك و ناوبانگی ئەم هەرێمە لەکەدار نەبێت، ئەو کەسانەی کە توندوتیژی کردووە با بیاندەین بە دادگا، من قسەم لەگەڵ بەڕێز داواکاری گشتی کردووە بە تەلەفۆن، قسەم لەگەڵ ئەندامانی زەبتی قەزائی سلێمانی کردووە، قسەم لەگەڵ حاکمی تەحقیقی سلێمانی کردووە، بە سەراحەتەوە قسە دەکەم و، بە موتەئەسیریشەوە دەیکەم، ناتوانن ئەمری گرتنی دەربکەن، بۆ؟ یەکەم/ کتابێکیان کردووە لە 18ی مانگ بۆ لقی چواری بەڕێز، داوایان کردووە ناوی ئەو کەسانەیان پێ بدەنن، کە ئەو رۆژە لە دەوام بوون و خەفەر بوون لە بەرپرسەوە تا ئەخیر کەس، بۆ ئەوەی ئەمری گرتن لەسەر ناوەکان دەربکەن، لقی چوار وەڵامی نەداوەتەوە.

دووەم/ کتابێکیان کردووە لە رووی یاساییەوە بۆ زەبەتی ئەسلیحە لە لقی چوار نەکراوە؟ من لێرە بەڕاستی هەر مەبەستم لقی چوار و هیچ لایەکی تر نییە، بۆ ئەوەی براەران بە تەشەنوج لێی تێ نەگەن، من قسەم لەسەر ئەوەیە، ئەگەر حزبەکان هاوکار نەبن، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی هەرێم، هەموو حزبەکان پابەند نەکات بەوەی کە هەوڵ بدەین هەنگاو بنێین بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە ئەو کارانەیان کردووەو هەوڵ بدەین بۆ تەسلیم کردنەوەی ئەو بارەگا حزبیانەی کەوا بڕیاری پێدەر چووە، با بڵێین لەلایەن حزبەکانەوە کراوە، هەوڵ نەدرێت، بۆ ئەوەی راگەیاندنی حزبەکان بێ دەنگ بکرێت، من پێموایە بەو دەعوا قەید کردن و بەم حاڵەتانە ناگەینە هیچ ئەنجامێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس بۆ ئەوەی کە باسی پرۆژەکانت کرد، لە دەورەی رابردوو، تەقریبەن 62 پرۆژە هەبوو، ئەوە بە 10 رۆژ ناکرێت، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باسی رێکاری یاسایی و گرتنەبەری ئەو ئیجرائاتانە کرا، کە پێویستە بۆ لێ پرسینەوەو روون کردنەوە، ئێمە بۆ بانگ کردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ، رێکارە یاساییەکانمان گرتۆتەبەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەنیسبەت بانگ كردنی سەرۆكی حكومەت و هەردوو وەزیر، لەگەڵ ئەوان قسەم كردووە ئامادەن، تەرتیباتێكی ئسوڵیان بۆ دەكەین، لە نزیكترین كات ئامادە دەبن، لە دوای ئەوەی كە بڕیارەكەمان دەركرد، لەگەڵیان قسەمان كرد هەر سێكیان ئامادەیی خۆیان پیشاندا، كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی كاك كاردۆ ئاماژەی پێ كرد، پەرلەمانی كوردستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بانگهێشتی سەرۆكی حكومەت و هەردوو وەزیر بكرێت، ئەوە پێویستە پەرلەمان ئەم بڕیارە جێ بەجێ بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من هەر لە هەمان كاتدا كە بۆیانمان نارد، خۆیان پەیوەندیان كرد، وتیان ئێمە ئامادەین هەر كاتێك بڵێن دێین، ئێستا وا خەریكین بۆیان تەرتیبب دەكەین، كە بێنە ئێرە، كاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمەعلی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پیرۆزبایی یادی راپەرینە مەزنەكەی گەلی كوردستان دەكەم، وەرچەرخانێكی مێژوویی بوو بەڕاستی كۆمەڵێك دەستكەوتی گرنگ و گەورە بە دەستهات، بەڵام پرسیارێكی جدی بكەین، ئایا ئەو راپەڕینە، ئەو دەستكەوتانە بەردەوام بوون؟ لە پێكهێنانی سیستەمێكی سیاسی كامل، حوكمڕانی و فەرمانڕەواییەكی عادل، بنەبڕ كردنی گەندەڵی، بەدیهێنانی خواستی ئەو كەسانەی كە راپەڕینەكەیان ئەنجامدا، خۆشبەختانە قەدەرێكە، 17 خاڵەكەی پەرلەمان لەگەڵ 17ی شوباتدا لەڕووی ژمارەوە كە 17ی شوبات رۆژی شەهیدانی خۆپشاندانە، من پشتگیری داخوازی خۆپیشاندەران دەكەم و هی هەموو چین و توێژەكان و، حەز دەكەم هەموو كەس ئەو حەقیقەتە بزانێت، كە خۆیان بێنە سەرشەقام و خوپیشاندان دەكەن و، خۆشیان بڕیار دەدەن كە لە خۆپیشاندان بەردەوام بن تا داواكانیان جێ بەجێ دەبێت، یان هەر لەهەڵوێستێكی تر وەربگرن، ئەو شەقامە خۆی جووڵاوە، من پێموایە ئەوە حەقیقەتێكەو نابێ مەلەفەكان تێكەڵ بكەین، من حەز دەكەم لەم دانیشتنەوە چەند جار ئەو برادەرانەی كە ئێمە چووینە لایان وەكو لیژنە، هەندێكیان ئەنجومەنی كاتی پەیوەندیان پێوە كردووین، بۆیە پێویستە ئێمە بە چەند بڕیارێكی گرنگەوە ئایا چیمان كرد لەم دانیشتنەی كە لە كاتژمێر 2وەوە بەردەوامەو بە چ بڕیارێكەوە دەرچووین و؟ شتی عەمەلی چیمان كردووە؟ بۆیە من چەند خاڵێك عەرز دەكەم كە هەندێكیان تەسنیەیە لەسەر قسەی برادەرانم، بەتایبەتی مامۆستا عومەرو پەیام خان و، زۆری تریان هەندێكیان تەسنیەن، ئەو برادەرانەی ئەنجومەنی كاتی كە لە داواكەشیاندا هاتووە، داوا دەكەن راگەیەندراوێكی رەسمی لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە كە ناوەڕۆكەكەی ئەمە بێت، بە هەند وەرگرتنی  داواكارییەكان و، هەر پەرلەمانیش بڕیار بدات، یان داوا بكات كە سەرۆكایەتی هەرێم و حكومەتیش دیسان بە هەمان شێوە راگەیەندراوێك بدەن كە ئەوان شتێكی مەبدەئیان دەوێت، كە بە هەند وەردەگیرێت لەلایەن ئەو سێ سەرۆكایەتیەوە، خاڵێكی تر،

بەڕاستی داخوازییەکانیان دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت و سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە گەلاڵە کرا، بەشێوەیەکی یاسایی داواکارییەکانیان بکرێت بە بڕیار، ئەوەی بڕیارە بکرێت بە بڕیارو بەشێوەیەك گەلاڵە بکرێت کە بە عەمەلی بکرێت، خاڵێکی تر، پلان و میکانیزم و کات دیاری بکرێت بۆ حکومەت بۆ تەنفیز کردنی بڕیارەکان، تەبعەن ئەگەر نەکرا، بە دیاری کردنی سەقفی زەمەنی، ئەو کاتە حەقە بەڕێزان با ئەمە تێکەڵی مەلەفی سیاسی و ئەم لایەن و ئەو لایەن نەکەین، دوو دەزگا هەیە، دەزگایەك ناوی پەرلەمانە، ئەوی تر ناوی حکومەتی هەرێمە، ئایا پەیوەندی ئەم دوو دەزگایە، ئەرك و مافی ئەم دوو دەزگایە، مەسئوولیەتی ئەم دوو دەزگایە، بەرامبەر بە یەك لە رووی سیاسی و دەستوورییەوە چییە؟ تۆ لەوە واز بێنە ئێمە هەموو ئەم ئەندام پەرلەمانانەی کە لە پەرلەمانین هەموو یەك فراکسیۆنین، ئەم پەرلەمانە وەکو دەزگایەکی تەشریعی، رەقابی، موتابیع و موحاسیب بەرامبەر بە حکومەتێك کە هەر هەمووی هی ئەم پەرلەمانەو هی ئەم فراکسیۆنە بێت چییە؟ ئێمە پێویستە بەڕاستی ئەو ئیجرائاتە یاساییە، دەستووریە بکەین، بەرامبەر بەم حکومەتە، ئەگەر سەقفی زەمەنیمان بۆ دانا، بڕیارمان بۆ دەرکرد، یاسامان بۆ دەرکرد، موتابەعەی بکەین، چاودێری بکەین، لێ پێچینەوەو لێ پرسینەوەی لەگەڵ بکەین، بانگی بکەین، تا هەموو ئیجرائاتێکی تری یاسایی و قانونی لە بچووکترین ئیجرائاتەوە کە بانگ کردنیەتی، موسائەلەیەتی، تا لێ پێچینەوە، تا هەر رێکارێکی تری یاسایی، ئەگەر پێویست بکات، پەرلەمان مەسئوولانە پێویست بە متمانە لێ سەندنەوەو هەر شتێکی تر، بەڵام بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری، خاڵێکی تر، بەڕاستی ئەکەوینە ناو جەدەلێکەوە، پێشێلکاری کراوە بەرامبەر بەم 17 خاڵە، یان نەکراوە؟ من حەز دەکەم ئەو لیژنەیەی ئێمە نا، موعارەزەش نا، کاکە لیژنەکەی حکومەت، کە حکومەت خۆی پێکی هێناوە بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك محمد قەرەداغی، خۆی دەڵێت کۆمەڵێك پێشێلکاری کراوەو هەموو دیکۆمێنتەکانمان کۆکردۆتەوەو تەسلیم بەو ئەندامی لیژنەی مەحکەمەی تەمییزی دەکەین، کە دوای خۆمان دێت و دەبێت بە سەرۆك، ئەمە بەڵگەیەکی مولوسە، یەکێکی تر ئەم لیژنەیەی ئێمە کە لە هەموو لایەنەکان پێك هاتووین، خۆمان بەچاوی خۆمان پێشێلکاریمان بینی، بەداخنەوە ئەو پێشێلکارییانە زۆرن، مەسەلەن پێشێلکارییەك لە کەلار، کە بەشێوەیەکی زۆر زۆر ناشارستانی و دڕاندانەیی، زۆر بەربەریانە، دووجار ستافی کەناڵێکی راگەیاندن، هەم کە دەیەوێت تەختیەی خۆپیشاندانەکە بکات، هەم لەبەردەم بارەگای کەناڵەکە خۆیان، بە رەسم و دیکۆمێنت و بەڵگە هەیە، کە بەشێوەیەك تەعەدایان لێ دەکەن و لە دوو گەنج کامیرە مانێك و پەیامنێرێك کە پێموایە هێشتا سنی یاساییان تەواو نەکردووە، لەوانەیە 16 تا 18 بن، یان تەلەفۆن کردن و تۆقاندن، گرتن، تەقە کردن لە ماڵی مەلایەکی مزگەوت، کە تەنها ئەوەیە کە چووە وتوویەتی خۆپیشاندەران منیش ئەندامێکم وەکو ئێوە، کە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە خروقات زۆر زۆرە، نموونەکان هەمووی واقیعە، خاڵی تر، دوای ئەوە کە ئەو لیژنە بەڕێزە لەگەڵ لیژنەی یاسایی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان پلان و میکانیزم و بڕیارەکان بنێرێت بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان، دیارە هەر تەسنیف و پۆلین بکرێت، خاڵێکی تر، بەڕاستی زۆر باسی کێشەی دەوامی زانکۆی سەلاحەددین کرا، من پێموایە ئەمەش پێویستە پەرلەمان مەوقیفێکی یاسایی هەبێت، ئەوەش برادەرانی لیژنەی یاسایی دەزانن بەرامبەر بە راگرتنی

دەوامی زانکۆیەك، کە ئایا لێ پێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتە، یان خوێندنی باڵایە، یان سەرۆکی زانکۆیە؟، هەر کەسێکە، ئەم پەرلەمانە ئێستا بڕیارێك بدات، چی پێویستە هەموو ڕێکارەکان بگرێتە بەر، خاڵێکی تر، خۆپیشاندەران لە داواکارییەکەیاندا هاتووە، کە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی زیان لێکەوتووانی کەس، دەزگا، ئیتر ئیعلامی بێت،لایەن بێت، یان هی تر، بکرێتەوە، ئەمەش دەبێ تەبعەن بە بڕیار بێت، دواتر ڕێکارە یاساییەکانی لێکۆڵینەوەو حەجمی زیانەکە چیەو چی نییە؟، بۆ دوایی، خاڵێکی تر من بەپێی خاڵی 12ی خۆمان هی 17 خاڵیەکە، کە ئەوە تەسنیەیە لەسەر قسەی برادەران، مامۆستا عومەر و کاك بورهان و جەماعەت، کە دەبێت مەشروعی سێ لایەنی موعارەزە وەربگیرێت و، هەر لایەنێکی تریش، چونکە قەرارەکە خۆی وا دەڵێت هەر لایەنێکی تر مەشروع حازر بکات، پەرلەمانیش بڕیارێك بدات بڵێ تا 10 ڕۆژی تر هەر لایەنێك، هەر گروپێك، هەر ڕێکخراوێك، هەر (ئێن جی ئۆ)یەك، کەمپینێك، مەشروعی خۆی بێنێت، ئێمە خۆمان وامان وتووە، ئەمە فەرموو ئێستا ئەوە سێ لایەن مەشروعیان حازرە، با لایەنەکانی تریش، سەقفێکی زەمەنی دابنێین و مەشروعەکانیان حازر بکەن، لە پەرلەمان ئەو کاتە بەپێی بڕیاری خاڵی 16 ئەو دیالۆگە نیشتمانییەی، من هەواڵێکم بیست کە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم باسی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکان دەکات و، پەرلەمانیش با ئەو دەست پێشخەرییەو ئەو بڕیارە بدات، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵی 16یە، بەڕێزان هەموو ئەو ڕاستیە دەزانین کە ئەم حاڵەتانەی ئێستا کە بە ئیستیسنائی دروست بوون، دەرهاویشتەن، بەداخەوە خەریکە مەسەلە سەرەکیەکەمان لە بیر دەباتەوە، یەعنی بریندار و شەهیدو سووتانی بارەگا، ئەوانە هەمووی دەبێت و دەبێ بیکەین، تۆ بگەڕێرەوە بۆ پێش 2/17 ئەم بارودۆخە، بارودۆخێکە کە ناعەدالەتی و گەندەڵی هەیە، خەتای سیستەمی سیاسیە، خەتای ئیدارییە، خەتای ئەوەیە کە بنیاتی ئەمن و دەسەڵات و حوکمڕانی خۆمان لەسەر ئەساسی موئەسەساتی و لەسەر ئەساسی یاسایی بکەین، بەداخەوە ئەمە چارەسەر بکەین، ئەم موقتەرەحەی کە لە 2/17 تا ئێستا، ئەوە چارەسەرەکانی بەو 17 خاڵەو بەو شتانە دەبێت، بەڵام تۆ وەرە کۆمەڵە پڕۆژەیەك کە ساڵ و نیوێکەو پێشتریش هەموو لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی موعارەزە، تەشخیصی هۆکارەکانی کردووەو تەشخیصی ئەم دەرئەنجامەشی کردووە، کە چۆن چارەسەر بکرێت، ئێمە لەو مەسەلەی کە ئیصلاحێکی سیاسی، گشتگیری، بنەڕەتی بەو میکانیزم و ئالیەت و چارەسەرانەی کە پێشتری من پێموایە لە ساڵەکانی پێشتر، ئەم مەسەلانە پێشکەش کراون، بەڵام بەداخەوە، بۆیە پێیوستە پەرلەمان هەڵوێستێکی مەسئوولانەی یاسایی، سیاسی، دەستووری خۆیمان هەبێت و، ئەم پەرلەمانە وەکو دەزگا، نەك وەکو هەندێ لایەنی سیاسی کۆببینەوە، وەکو دەزگایەکی تەشریعی هەڵوێستی خۆمان هەبێت، بەڕاستی من ئێستا وەکو ئەندامی لیژنەکە قسە دەکەم، من داوام کرد لەم لیژنە بەڕێزە کە سەردانی ناوچەکانی تر بکەین، کە خۆپیشاندانی تێدا کراوە، ناوچەی گەرمیان هەر هەمووی لەو دیو تونێلەکەوە، چەمچەماڵ، هەڵەبجەی شەهید، سەید صادق، پشتدەرو ڕانیەو بتوێن، کۆیەو تەقتەق، سەردانیان بکەین، بەڵام ئەم برادەرانە وتیان مەوزوعەکە حەساسەو ئێستا هەندێ پڕۆژە ئامادەیەو چاوەڕێیە، با بچین بەشداری کۆبوونەوەکانی لیژنەکەو پەرلەمان بکەین، ئەوە دەکرێت ئێمە دواتر سەردانی ئەو شوێنانە بکەین و ڕاپۆرتی ئەوانیش بێنین تا گوێ لە داواکارییەکانی ئەو شوێنانەش بگرین، بەعزێك لە برادەران

رەخنەیان لە راپۆرتەكەی ئێمە هەیـە، ئـەوە زۆر زۆر سروشـتیە، یـەعنی ئەگـەر رەخنـە نـەبێت مـن وا دەزانم كە نا تەبیعیە، خۆ قابیلە 12 كەس نووسیویەتی، وەرە ئەم 111 كەسە با راپۆرتێك بنووسـین، یـەك منـاڵ بێـنین قسـەی لەسـەر هەیـەو رەخنـەی لـێ دەگرێـت، زۆر ئاسـاییە، رەخنـەكان بـە سـنگێكی فراوانەوە وەردەگرین، ئێمە نەمان وتووە ئەو 9 خاڵە هەموو چارەسەرێكەو هەموو پێشنیارێكەو ئەوە عەسای سیحریە، فەرموو چی ترتان هەیە بەڕێزتان ئیزافەی بكەن بۆ ئەو خاڵە ، ئێمـە بـە سـوپاس و بە سنگی فراوانەوە وەری دەگرین، پێشكەشـی سـەرۆكایەتی پەرلـەمانی دەكـەین و ئـەویش بـە ئالیـەتی خۆی و بەو ئالیەتانەی كە باسكراوە دەیخاتە بەرنامەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز كاك محمد قەرەداغی، لەسەر ئەو لیژنەیە نەماوەو هاڵوەشایەوە، ئەندامێكی دادگای تەمییز دانراوە بۆ سەرۆكایەتی، كاك محمد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتەیەكی نیزامیم هەیە لەسەر قسەكانی كاك حمە سـەعید، كـە ئەنـدامی ئـەو لیژنەیەیـە، باسـی ئـەوەی كـرد كـە پێشـێلكاری كـراوە، كـاك حمـە سـعید دەبـێ بـە ئەمانەتـەوە بڵێـت پێشـێلكاری لـە هـەر دوولایەنەوە هەیە، خاڵی دووی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەكەیە، دەڵێت تەقە كردن لـە خۆپیشـاندەران و بەردباران كردنی بارەگاكان، دەبوایە بەڕاستی ئەوەی تەواو بكردایە، نەك پێشێلكاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار دكتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە سوپاسی ئێمەیان كـرد لـە لیژنـەی تایبـەتی پەرلـەمان، دیارە ئەوەی ئێمە كردمان ئەركێكی پەرلەمانی و نیشتمانی بوو، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و لەپێناو گوێگرتن لـە خۆپیشـاندەران و وەرگـرتنی داخوازییـەكانیان، لیژنەكـە وەكـو هاوكـارانم ئاماژەیـان پێـداو داواكارییەكانی بە ئەمانەتەوە نەقل كردووە، دواتر راپۆرتی خۆی ئامادەو پێشكەشی پەرلەمان كردووە، كە لە 9 خاڵ پێكهاتووە، لە بەرنامـەی كاردا هـاتووە كـە ئـەم 9 خاڵـە بخرێتـە روو و گفتوگۆی لەسـەر بكرێـت، بـۆ ئـەوەی بـە هەموومانـەوە بتـوانین میكانیزمێـك بدۆزینـەوە بـۆ جـێ بـەجێ كردنـی داخوازییەكانی هاوولاَتیانی خۆمان و خۆپیشاندەران و پێشنیاری بـاش پێشـكەش بكـەین، بـۆ چاكسـازی سیاسی لە هەرێمی كوردستان و موعالەجەی قەیرانەكە بكەین، كە ئێستا وابزانم بێ متمانەییـەكی زۆر دروست بووە لەنێوان لایەنەكانـدا، كـە پێویسـت بـە ئیرادەیـەكی سیاسـی دەكـات بـۆ چارەسـەر كردنـی و دروست كرنەوەی متمانە، بۆیە من لێرەدا لەگەڵ ئەوەی كە بە پێویستی دەزانم، وەكو زۆر لە هاوكـارانم ئاماژەیان پێدا، كە 9 خاڵە پێشنیار كراوەكـە لەگـەڵ 17 خاڵەكـەی بڕیـاری پەرلـەمان، ئەمانـە بكرێنـە بنـەمای گفتوگۆ كـردن و پـرۆژەی چاكسازی و میكـانیزم دابنـدرێت بـۆ جـێ بـەجێ كردنـی پێشـنیارو داواكارییـەكان و فـەترەی زەمـەنی هـەبێت ولایـەنی جـێ بـەجێكار مـولزەم بكرێـت بـە تـەنفیز كردنـی

بڕیارەکان، بەڵام من پێموایە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە پەرلەمان هەنگاوی جددی و عەمەلی و بە پەلە بنێت لەم ساتە وەختە هەستیارو ناسکەدا لە هەرێمی کوردستان بۆ جێ بەجێ کردنی خاڵەکانی 12 و 16ی بڕیاری پەرلەمانی ژمارە (1)ی رۆژی 2/23 کە خاڵی 16 پەیوەستە بە ئامادەو پێشکەش کردنی پرۆژەی چاکسازی لەلایەن هەموو فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی پەرلەمان و بەهاوکاری حکومەت و سوود وەرگرتن لەلایەنە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مامۆستایانی زانکۆ، پسپۆڕان و خەڵکانی بێ لایەن و دڵسۆزو چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی، کە بڕیارەکە دەڵێت بە زووترین کات بێت و خاڵی 16 تایبەتە بە زەمینە ساز کردن و پشتگیری کردنی ئەنجامدانی دیالۆگێکی نیشتمانی سیاسی لەنێوان هەموو لایەنەکاندا، پرۆژەی چاکسازی بێگومان دەبێت بە هەموو لایەکمان بێت، ئەگەر قەرارە بۆ چاك كردنی بارودۆخی هەرێمی کورستانە، بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخەکەیە، بۆ چاکسازییە، بۆ دەرچوونە لەم قەیرانە، دەبێت هەمووومان پێکەوە پرۆژەیەکی نیشتمانی، ئیصلاحی پێشکەش بکەین، بەپێی هەردوو خاڵەکەی 12 و 16، ئەم پرۆژە ئیصلاحیەی کە هەموومان لەسەری رێك دەکەوین و خاڵبەندی دەکەین بەسەرپەرشتی و چاودێری پەرلەمانی کوردستان، پێموایە لە هەمووی گرنگترە، ئەولەویەتی زیاتری هەیە، چونکە پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانەوە هەیە، هەم بە حزب و لایەنە سیاسیەکان، هەم بە شەقامیشەوە، ئەم پرۆژە نیشتمانی و گشتییە، کە لەلایەن هەموومانەوە پێشکەش دەکرێت، ئەمە ببێت بە وەسیقەیەکی نیشتمانی، ئەگەر ئەم متمانەیە بگەڕێتەوەو رێککەوتنێکی گشتی لەو جۆرە بکرێت بە پرۆژەیەکی هەمە لایەنەو گشتی پێشکەش و پەسند کرا، دەکرێ لەم قەیرانە رزگار ببین و خاڵەکانی تریش جێ بەجێ ببن، واتە هەمووی پەیوەندی بەو لایەنەوە هەیە، چونکە مەسەلکە زۆربەی رەهەندی سیاسی هەیە، بە یەك لایەنیش چارەسەری گرفتەکان ناکرێت، وەکو کاك عبدالسلام ئیشارەتی پێدا، بۆیە من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە لەم رۆژەدا کە ئێمە لە یادی راپەڕینی ساڵی 1991ی گەلەکەماندایین، ئەو راپەڕینەی کە بەهاوکاری و یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی هەموو لایەنەکان بە ئەنجام گەیشت، بێگومان جارێکی تر پێویستیمان بە رۆحیەتی هەماهەنگی و یەك ریزی و یەك هەڵوێستی هەیە بۆ سەرخستنی پرۆژەیەکی تری نیشتمانی، کە هەموو لایەنەکان لەسەری کۆك بن، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کۆبوونەوەیەکی فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی پەرلەمان بکرێت لە سەقفێکی زەمەنیدا، ئەم پرۆژەیە ئامادە بکرێت و داوا بکرێت هەموولایەنەکان پرۆژەی خۆیان بهێنن تەقدیمی بکەن، نەك تەنها پرۆژەی لایەنێك،یان چەند لایەنێك بکرێت بە ئەساس، بەڵکو پرۆژەی هەموو لایەنەکان وەکو بڕیارەکەی پەرلەمان دەڵێت و هەندێکیان دیارە بە فیعلی پێشکەشیان کردووە، ئەوانی تریش ماوە هەموویان پرۆژەی خۆیان پێشکەش بکەن، لە کۆی هەموو ئەو پرۆژانە پرۆژەیەکی گشتی لێ بکەوێتەوە، کە بە سەرپەرشتی و چاودێری پەرلەمان بێت، پێموایە ئەمەیە چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان دەکات، هەمووی رەهەندی سیاسی هەیە، لەڕاستیدا هەموو ئەو خاڵانەو ئەو داواکارییانەی کە ئێمە هێناومانە، هی شەقامیش پێموایە وەك کاك عبدالسلام وتی زۆری رەهەندی سیاسی هەیە، لەڕاستیدا ئەمە چارەسەری کێشەکەمان دەکات، ئەگەر تەوافوقێکی گشتی لەنێوان هەموو لایەنەکان هەبێت بە سەرپەرشتی پەرلەمان وەکو وتم، پێموایە تا حەددێکی زۆر متمانەیەکی زۆر هەیە بە پەرلەمان، بەتایبەتی دوای

دەرکردنی ئەو 17 خاڵە، ئێمە چووینە ناو خەڵکەکەو سەردانمان کردن، مەیدانیەن بۆمان دەرکەوت کە متمانەیەکی زۆریان هەیەو زۆرێکیش ئاماژەیان بەوەدا کە پەرلەمان بووە بە یاریچیەکی سەرەکی لە مەوزوعەکەداو هاتووەتە سەر خەت، پێویستە ئەو متمانەیەی خۆی لە دەست نەدات و بتوانێ سەرپەرشتی ئەو دیالۆگە نیشتمانییە بکات، ئەو تەوافوقە نیشتمانیەش بێتەدی، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو خاڵانەش کە لەسەر راپۆرتەکەو لیژنەکە هەبوو، بەڕێز کاک دکتۆر صباح دیارە وەڵام دەداتەوە لەجیاتی لیژنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من قسەکانم کردووە بەخاڵ، هەرچەندە کاک حمە سعید باسی کرد، بەس من هەوڵدەدەم زۆر بەکورتی باسیان بکەم، چونکە ئەو بە تێکەڵی باسی کرد، بەڵام پێش ئەوە با یەك تەوزیح بدەم، تکایە با ئەو راپۆرتانەی کە ئێمە وەرمان گرتووە، هەموومان شایەتی لەسەر ئەوە بدەین کە لە خەڵکی خۆپیشاندەری بەردەرکی سەرامان وەرگرتووە، لەگەڵ زانکۆ لەگەڵ شوێنەکانی تر، ئەو قسەی کە دەکرێت هەندێ لەو داخوازییانە سیاسی، یان داخوازی سیاسین و ، ئەو داخوازییە سیاسیانە ناچنە خزمەتی خۆشگوزەرانی خەڵکەوە، بەڕاستی من لەگەڵ ئەو قسەیەدا نیم، ئەسڵەن ئەگەر سیاسەت نەچێتە خزمەتی خۆشگوزەرانی خەڵکەوە، کەواتە ئێمە هەموومان لە پێناوی بەرژەوەندی شەخسیدا هاتووینەتە پەرلەمان و لەپێناو بەرژەوەندی شەخسیدا سیاسەت دەکەین، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ئێمە کە سیاسەت دەکەین، سیاسەت لەپێناو ئەوەدا دەکەین کە هەر یەکێکمان بەرنامەیەکمان پێیە، کە لە رێگەی ئەو بەرنامەی کارەی خۆمانەوە سیاسەتی بۆ دەکەین، خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك فەراهەم بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو داخوازییەی خەڵکیش کە داخوازییەکی سیاسیە، کاتێ کە حزبەکان ناتوانن جێ بەجێی بکەن، خۆی دێتە شەقام و داوای دەکات، لەبەر ئەوە تکایە با وا وەرنەگیرێت، کە ئەوە داواکاری لایەنێکی سیاسیە بە شایەتی هەموو ئەندامانی لیژنە هی خۆپیشاندەرانە، بەنیسبەت بەرنامەی کار، من لەوانەیە یەکەم کەس قسەم بکردایە باشتر بوو، یەکەم/ بۆ بەدواداچوون، دوو/ تێبینی هەبوو، وەکو ئەوەی کە هەستم پێ کرد، یەکێکیان/ ئەوەی کە کاك محمد باسی ئەوەی کرد کە هێزی زێرەڤانی گەڕاونەتەوە، من ئەو رۆژەش لە کۆبوونەوەکە باسم کرد، بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆ کشانەوەی هێز، تکایە تەنها بۆ زێرەڤانی نییە، دەڵێت هێزی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە پەرلەمان قسەی لەسەر ئەوە نەکردووە، زێرەڤانی موڵکی پارتیە، سلێمانیش حەساسیەتی لەگەڵ پارتی هەیە، با هێزەکانی پارتی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوانەی یەکێتی لەناو شاردا بن، ئەو بەرپرسانەی کە ئێمە بینیمان ئەوانەش لە ڕاپۆرتەکەدا بە ئەمانەت نووسیومانە، بەگوتەی بەرپرسان خۆیان، ئێمە نەمان وتووە، هەرچەندە خۆشمان بینیومانە بەچاوی هەموومان کە پێشمەرگە وجودی هەبووە لە سلێمانیدا، بەڵام خۆیان ئاماژەیان بەوەداوە، تەنانەت بیانووەکەشیان ئەوە بووە کە پۆلیس بەشی ئەوە ناکات کە دامودەزگاکان بپارێزن، بۆیە پێشمەرگەیان هێناوەتە ناوشار، ئەوە قسەی ئێمە نیە، هی خۆیانە،

لیژنەکەش هەمووی شاهیدە، بەڵام قسەکە ئەوە بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی 17 خاڵەکەی، ئێمە هەموومان موتەفقین لە لیژنەکە لەسەر ئەوەی کە پێشێلکاری کراوە، بەڵێ ناڵێین تەنها لەیەك لایەنەوە کراوە، خۆپیشاندەریش هەیە کە بەردی گرتۆتە بارەگا یان هەرشتێکی تری کردووە، کە لە کۆتاییدا لیژنەکە ئەتوانێ قەراری ئەوە بدات کە خەتای کێیە؟، بەڵام چارەسەر چیە؟، ئێمە ئیقرارمان کردووە لەناو ڕاپۆرتەکەی خۆمان کە پێشێلکاری کراوە، حەل چیە؟، ئەبێ پەرلەمان بڕیاری ئەوە بدات، ئەو بەرپرسانەی کە پەیوەندیدارن بەم لایەنەوە بانگهێشتی پەرلەمانیان بکات، ئەو کاتە هەر لایەکمان بەڵگەی خۆمان دەخەینە ڕوو بۆ ئەو بەرپرسانە کە تۆ یان ئەو کەسانەی کە لەژێر دەستی تۆن ئەوە پێشێلکارییان کردووە، ئیجرائات چیە؟، ئەو کاتە با پەرلەمان بڕیار بدات، ئەمە خاڵی یەکەم: خاڵی دووەم: داواکارییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بەفەرمی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی ئەو لایەنانە بکات، بەڵام بەدیاری کردنی زەمەنێکی دیاری کراو بۆ جێبەجێ کردن نا، چونکە ئەو قسەیەش ڕاستە لەوانەی حکومەت یان ئەو لایەنانە نەتوانن لەکاتێکی دیاریکراودا جێبەجیی بکەن، بەڵام بۆ دیاری کردنی زەمەنێك کە لەو ماوەیەدا حکومەت و ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە جواب بدەنەوە کە پلانیان بۆ ئیشکردن لەسەر ئەم بابەتە بەم شێوەیەیە، لەماوەی 3 مانگ ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن، لەماوەی 6 مانگی تر ئەوەی تر جێبەجێ دەکات، ئەوە دووەم: سێیەم: داواکارییەکانی پەرلەمان، پێشنیارم ئەوەیە کە خاڵ بەخاڵی ئەو پێشنیارانەی کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، فراکسیۆنەکان، خاڵ بەخاڵ هەموو ئەندامەکان لە فراکسیۆنی خۆیان قسەی لەسەر بکەن، دواتر ئەو لیژنانە، چ لیژنەی یاسایی یان لیژنە تایبەتەکە، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان بەشێوەیەك بگەنە ئیتیفاقێك لەسەر دانانی میکانیزم بۆ جێبەجێ کردنی هەر خاڵێکیان، لەوانەیە میکانیزم بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی یەکەم، جیاواز بێت لە میکانیزمی خاڵی دووەم، لەبەر ئەوە لەهەر فراکسیۆنێك دەتوانێ میکانیزمی خۆی بۆ هەر خاڵێك پێشکەش بکات و دواتریش لەو کۆبوونەوەیە بگەینە ئیتیفاقێك بەشێوەیەکی ڕەسمی بە بەرنامەیەك بهێندرێتە ناو پەرلەمان وبکرێت بە وەسیقەیەکی ڕەسمی، خاڵێکی تر کە جێگای نیگەرانی بوو، باسکرا، ئەوەیە کە لایەنە سیاسیەکان خەریکە لەم مەوزوعەدا پەراوێز دەخرێن، ئەوانیش پڕۆژەی چاکسازییان هەیە، ئەویش پێشنیارەکە ئەوەیە کە خاڵی 12 و16 کە ئاماژەی پێدرا، بەزووترین کات پەرلەمان کاری لەسەر بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو دایەلۆگە نیشتمانیەو ئەویش دیسانەوە بەهەمان شێوەی ئەمە بکرێتە بەرنامەیەکی کار، دوای ڕێککەوتن بهێندرێتە ناو پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لایەك ئاگادارن هەر لەسەرەتاوە، داخوازی خۆپیشاندەران ئەوە بوو کە گوێیان لێبگیرێت، وە داواکارییەکانیان بگاتە شوێنی مەبەست و لایەنە پەیوەندیدارەکان، خۆشبەختانە پەرلەمانی کوردستان

بە بڕیارێك لیژنەیەكی دروست كرد، ئەو لیژنەیە داواكاری خۆپیشاندەرانی هێنایەوە پەرلەمانی كوردستان لەڕێگای ئەو لیژنەیەوە داواكارییەكان ئەوەی پەیوەندیدار بوو بە سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە، ئەوەی پەیوەندیدار بوو بەسەرۆكی پەرلەمانەوە، ئەوەشی پەیوەندیدار بوو بە سەرۆكی حكومەتەوە، جیای كردۆتەوە، پێویست دەكات پەرلەمان ئەو داواكارییانە ئاراستەی هەموو ئەو لایەنانە بكات، هەر لە سەرەتاشەوە چ بەڕێز سەرۆكی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان بەتایبەت سەرۆكی پەرلەمان، لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی و سەرۆكی حكومەتیش پەیامیان ئەوە بووە كەداواكارییەكانی خۆپیشاندەران گەیشتووە، وە كار بۆ ئەوە دەكەین كە ئەو داوایانەی كە ڕەوان و لەچوارچێوەی یاسان ئێمە جێبەجێیان دەكەین، من ئەمەوێت تەنها لە چوارچێوەی بەرنامەی كارو ئەو خاڵەی كەدانرابوو، لەسەر ئەو داواكارییانە بكەین كە ئێمە هێناومانە بۆ ناو پەرلەمان، ئەگەر دابەشكردنێك بكەین لەو داوایانەی كەهەبوون هی خۆپیشاندەران داواكارییەكان دوو جۆر بوون، ئەو داوایانەی كە بۆ خزمەتگوزاری، بۆ چاكسازی ئیداری، بۆ فەراهەمكردنی عەدالەتی كۆمەڵایەتیە، بەشێكی تریان ئەو داواكارییانەن كە پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەیە، من وەكو پەرلەمانتارێك هەردووكیان بەڕەوا دەزانم بۆ هاووڵاتیانی كوردستان وە مافێكی سەرەتایی هاووڵاتیانی كوردستانە كە لەڕێگای خۆپیشاندانەوە داواكاریان هەبێت، لەهەر یەكێك لەبوارەكانی ژیاندا، بۆ ئەوانەی كە پەیوەندیدارن بە داخوازی ئیداری و خزمەتگوزاری پێشكەشكردن، واجبی حكومەتی هەرێمی كوردستانە لەچوارچێوەی یاسا لەچوارچێوەی توانای خۆیدا ئەوەی كە بتوانێ پێشكەشی بكات بە هاووڵاتیان، چونكە حكومەت حكومەتی هەموو هاووڵاتیانی كوردستانە، هەر وەكو لەڕابردووش هەروابووە، بەڵام ئەوەی كە پەیوەندیدارە بەداخوازی سیاسی، ئەركی ئێمەیە كەگوێ لەهاووڵاتیانی كوردستان بگرین، ئەگەر كەسێك بێت یان سەدان كەس بن، بەڵام ئەبێ بەجورئەتیشەوە وەڵامییان بدەینەوە، بەوەی كە داواكاریی سیاسی لەماوەی هەفتەیەكدا جێبەجێ ناكرێت، وە پڕۆژەیەكی یاسایی لەماوەی هەفتەیەكدا پێشكەش ناكرێت و صیاغە ناكرێت، ئەبێ بەجورئەتەوە بڵێین دەستان خۆش بێت داواكانی ئێوە گەیشت، ئێمە ئیشیان لەسەر دەكەین، بەڵێ ئەركی هەموولایەكمانە لەڕێگای لیژنەكانمان و لەڕێگای فراكسیۆنەكانمانەوە، ئەوەی كەلەخزمەتی بەرژەوەندنی گەلی كوردستانە، ئەوەی لەبەرژەوەندی دروستكردنی دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستانە، ئەوەی لەخزمەتی بەرەوپێش بردنی كاروباری ئیداری وخزمەتگوزاری و كەم كردنەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی یاسا، وە فەراهەم كردنی دادپەروەری كۆمەڵایەتیە هەمووومان كاری بۆ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سمیره عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز سمیره عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرەتا پشتگیری خۆم دەردەبڕم بۆ پەیامی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە پڕ بەمێژوو مەسئولیەتە، وە دەستخۆشی لە لیژنەی بەدواداچوونی دەکەم، پشتگیری 17 خاڵەکە دەکەم بەس زیاتر تیشك دەخەمە سەر خاڵی 14، کە هەموو لایەك هەوڵ بدەین بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی گەلەکەمان، بەڵێ خۆپیشاندەران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لەم سەردەمەدا، بو بە حاڵەتێکی باو کە جەماوەر پەنای بۆ دەبەن و داواکارەکانیان بەشێوەیەکی کۆمەڵ دەردەخەن، کە ئەمە مافێکی سروشتی و کۆمەلایەتی و ڕەوایە، بەمەرجێك مەرامی سیاسی و پلانی جۆربەجۆری لەپشتەوە نەبێت، بەڵکو تەنها داواکاری خەڵك بێت، ئەوە پەرلەمان دەتوانێ بەپێی یاسا، هەموو ڕێڕەوەکانی جێبەجێ بکات، بەلام خۆ ئەگەر مەرامی سیاسی و پەیامی نەیارانی لەپشتەوە هەبێت، ئەوە ئاسان نیە، ئەمەش هەلێکی باش بۆ دوژمنان دەڕەخسێنێت، ئێمەی پەرلەمانتاران دەبێ لەناو هۆڵی پەرلەماندا کێشەی شەقام و داوای جەماوەر جێبەجێ بکەین، لەشوێنی خۆی دەبێ هەر هەمووی جێبەجێ بکرێت، زۆر جار شەقام بە کەس کۆنترۆڵ ناکرێت، دواتر کارەساتی دڵتەزێن ڕوودەدات، بەلام لە ناو پەرلەمان ئێمە هەوڵ بدەین، بە هەموو لایەکەوە چارەسەری بکەین، تا بەرژەوەندی کاسبکاران و هەموو چین وتوێژەکانی خەڵکی کوردستان لەبەر چاو بگیرێت، کاتێ لە تەلەفزیۆنی هەر لایەنێکەوە دەوترێت پارێزگای هەولێر سووتا، خەڵك پەیتا پەیتا دەچن، کە ئەمە لە کاتێکدا دوورە لەڕاستی و تەنها بۆ هاندانی وەزعی پایتەختە کە ناسراوە بە سەری کوردستان، لە ولاتانی دەرەوەش ناسراوە بە ناوچەی سەوز، لەبەر ئەوەی کە ئەمن و ئەمانەت هەیە، ئەمە دەپرسم وەکو پرسیار، ئەمە مەنتقە یان شێواندنی ژیانی خەڵکە؟، کە ئەم دیعایانە بەدرۆوە بلاودەکەنەوە، زۆر باسی مامۆستایانی ئاینی دەکرێت، دەڵێن هەڕەشەیان لێکراوە، من لێرە پرسیارم هەیە، مامۆستایانی ئاینی دەبێ لە پیاوانی سیاسی جیا بکرێنەوە، ئایا مامۆستای ئاینین یان پیاوی سیاسین؟، ڕاستە ئەگەر پیاوی سیاسین ئەوە مافی خۆیانە، بەلام من وەك ئەندامی لیژنەی ئەوقاف ئەڵێم نابێ ئەم خۆپیشاندانانە بقۆزنەوە بۆ دەرخستن و خۆناساندن بەجەماوەر، دەبێ ئەوان قسەی خێر و ئاشتی بکەن، نەك بڵێن جیهادە، خۆ شەڕی بەدر و ئوحد نیە، تا خەڵك هان بدەن، وتاری پیاوانی ئاینی کاریگەری زۆری هەیە، چونکە ئێمە میللەتێکی موسوڵمانین زۆر بەقسەی پیاوانی ئاینی دەکەین، پێویستە قسەی باش و خێر و ئاشتیانە بکەن، تۆپەکە لەدەست هەمووماندایە، پەرلەمان، حکومەت، شەقام ئەبێت هەمووومان بەرپرسیار بین و تا زووە چارەسەری ئەم بارودۆخە بکەین،**

هەروەها دەبێ نوێنەری خۆپیشاندەران بەرەسمی بناسرێن و داواکاریی جەماوەر بگەڕێتەوە بۆ مەرجەعی خۆیان کە پەرلەمانە، ڕاگرتنی هێرشی ڕاگەیاندنی حزب و لایەنەکان، منیش لەگەڵ ئەوەدام بەزووترین کات ئەوە بوەستێندرێت، چونکە لە راگەیاندنی خوێندن و نووسراو وبیستراو و ئەلیکترۆنی بەردەوامە، وە ئەو بەرپرسانە بانگ بکرێنە پەرلەمان و لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە چارەسەر بکرێت، هەروەها داوا دەکەم پرۆژەی یاسای نەزاهە بکرێتە ئەولەویەتی کاری پەرلەمان و زوو جێبەجێ بکرێت، وە هەندێك 48 سەعاتیان داناوە وەك سەقفی زەمەنی، من لەگەڵ ئەوەدا نیم، چونکە ئەگەر بتەوێ چەند کیلۆ مەترێك جادە چاك بکەی بە 48 سەعات هیچ شتێك ناکرێت، هەرچی ولاتێك ببینی چ سەرۆکی ولاتێك ببینی بە 48 سەعات هیچ شتێك چارەسەر ناکرێت، من لەگەڵ ئەوەدا نیم، باسی گەندەڵی دەکرێت، ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین گەندەڵی دیاردەیەکە لە هەموو جیهاندا باوە، عێراقیش چوارهەمین دەوڵەتە، ئەوەشمان لە بیر نەچێت ئێمە بەشێکین لە عیراق، پێویستە موکافەحەی گەندەڵی بکەین بە هەموو جۆرێکەوە، کە رەشوەی پێدەڵێن، یان کسب غیر مشروع، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە چارەسەر بکرێت، وە لێرەش جێگای پرسیارە، ئایا بارەگاکانی پارتی خۆپیشاندەران ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و هێرشیان کردە سەریان، زۆر باسی لقی چوار کرا، ئەی بۆ باسی ئەوە ناکەن کە 4 پێشمەرگە لەوێ بریندار بوون و تەعەدایان لێکراوە بەگولەش، باسی بەردباران دەکەن بەس، شتی تریان بەکار هێناوە، کە مادەیەکە دەیکەنە ناو بوتڵی بیبسی و دەیهاوێژن، ئەوانەیان لە کوێ هێناوە خۆپیشاندەران؟ ئەگەر مەرامێکی سیاسی لە پشتەوە نیە، وە هەر لەو نێوانەش منداڵی فەقیر و هەژار تێدا دەچێت، ئەگەر تەماشای یەکێك لە کەناڵەکان بکەین هەمووی منداڵی فەقیر و هەژارن، منداڵە مەسئولەکان لە دەرەوەن و جەوازی خۆیان هەیە و ڤیزەیان هەیە، حەتا مەسئولەکانیش ئەگەر وەزع خراپ بێت یەکسەر تەیارە حازرە دەڕۆن، منداڵی من و تۆ ئەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز: الحمد الله، 60 خوشك و برا قسەیان کردووە، بێ لەوانەی نوقتەی نیزامیان هەبوو، بەڕێزان ئێستا هەمووتان قسەتان کرد، خۆزگە بە عەقارێکی تر موناقەشەکانتان بڕۆشتایە، دیسان خاڵێکی عەمەلیان حازر بکردایە، لیژنەکان ئێستا ئیشیان تەواو کردبوون، ئەمانتوانی تا ئێستا ئەگەر بماینایەتەوە ئێستا تەواو ببوایەو بڕیاریشمان لەسەر بدایە، بەڵام بەهەر حاڵ سوپاسی هەمووتان دەکەین، چونکە ئەوەی لە دڵتان بوو وتتان، ئەوەش بۆ خۆی حەڵقەیەکی زۆر ئیجابیە، باشە شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لەو بڕوایەداین کە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، داواکارییەکی ڕەوایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە تا ئێستا بەردەوامن کار دەکەن و هەوڵدەدەن، بۆ سەقامگیری و چاکسازی کردن لە حکومەتی کوردستاندا، ئەو حکومەتەی ئەو وڵاتە دەبات بەڕێوە، هەروەها بە موئەسەسەکردنی دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لەم ڕوانگەیەوە پێویستە پەرلەمانی کوردستان زۆر بە بەرپرسانە بەدەم داواکانی خۆپیشاندەرانەوە بچێت، ئالیەتێك بدۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان و گەیاندنی بە جێگای خۆی، من چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەم حاڵەتە، یەکەم: پێویستە پەرلەمان ڕێگای ئاسایی نەگرێتە بەر بۆ گەیاندنی داواکاریی خۆپیشاندەران، بەڵکو بەدەست و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا داواکارییەکان بگەیەنێتە جێگای خۆی، هەر لەلایەن ئەو لیژنە بەڕێزەی کە هەستاون بەکۆکردنەوەی داواکارییەکان، هەروەها کاتێك دیاری بکرێت لەلایەن لیژنەکەوە بۆ حکومەت کە لە کاتێکی دیاریکراو بە زووترین کات جوابی ئەو داواکارییانە بداتەوە تاکو پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر کاری لەسەر بکاتەوەو وەڵامی خۆپیشاندەران بداتەوە، دەستنیشان کردنی ماوەیەك بە پێی بڕگەی باسکراو، بۆ وەڵامدانەوە لەلایەن حکومەتەوە وەك لە پێشتردا باسم کرد، هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ئەو پڕۆژانەی کە باسکراوە، لەو پڕۆژەیەی کە لیژنەکە پێشکەشی کردووە و داواکاری خۆپیشاندەرانە، جێگایان بکرێتەوە لە بودجەی ساڵی 2011دا، چونکە بودجە لەم نزیکانە دا دەگاتە دەست پەرلەمانی کوردستان، هەروەها ئاشکرا کردنی ئەو وەڵامانەی کە حکومەت دەیداتەوە بە پەرلەمان و بەو لیژنە تایبەتە، بۆ خۆپیشاندەران لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە موتابەعەکردنی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی کە حکومەت وەڵامی لەسەر دەداتەوە، وە موتابەعەکردنیان لەلایەن لیژنەکانی ناو پەرلەمان، وە هاووڵاتیان لەم ڕێگایەوە دووبارە ئاگادار بکرێنەوە، چونکە ئەو پڕۆژانەی کە جێبەجێ دەکرێن هەندێکیان هەنووکەین، بەزووترین کات وەڵامی دەدرێتەوە، هەندێکیان ماوەیەکی دەوێت بۆ وەڵامدانەوە، لەوانەیە ماوەیەکی کورت بێت، هەندێکیان ماوەیەکی درێژخایەنی دەوێت بۆ وەڵامدانەوە، لەبەر ئەوە دەبێ پڕۆژەکان بەو شێوەیە پۆلین بکرێن، لەبابەت هەندێ لەو پڕۆژانەی کەوا باسکراوە ئەو پڕۆژانە زۆربەی زۆریان لەپەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، کاری لەسەر کراوە، هەر لێرەشەوە پێویستە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامەکانی پەرلەمان و خەڵکیش هاوکاری بکات بۆ پێشکەش کردنی پڕۆژەی تر کە گۆڕانکاری لە سیستمی حوکمڕانی کوردستان دەکات و بەمەسەڵەحەتی گشتی دەشکێتەوە، هەروەها پێم باشە ئەو

پرۆژانـەی کـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان خوێندنـەوەی بـۆ دەکرێـت، لەسـایتی پەرلەمانـەوە بخرێتـە بەردەسـت خوێنـەرانی، ماوەیـەکی دیـاری کـراو دەستنیشـان بکرێـت بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـای سـایتی پەرلەمانەوە هـەموو خـەڵکان بتـوانن تێبینیـەکانی خۆیـان لەسـەر پرۆژەکـان بنووسـن، هـەتاکو ئەنـدام پەرلەمانەکانیش سوودی لێ ببینـن، هـەم جێگـای ڕەزامەنـدی خـەڵکیش بێـت، ئەنـدام پەرلەمانـەکان و پەرلـەمانیش کـاتێ بڕیـار دەدات پرۆژەیـەك ڕاو تێبـینی جەماوەریشـی بەهەنـد وەرگـرتبێ، پـرۆژە خزمەتگوزارییەکان بێگومان زۆر و فرە ڕەهەنـدن وەك باسـکران، مـن نامـەوێ جارێکی تـر بەدرێـژی و تەفصیلەوە بچمەوە سەر ئەو بابەتـە، چـونکە برادەرەکـانم زۆر باسـیان لەسـەر کـرد، بەنیسـبەت دابـین کردنی هەلی کارەوە، بەنیسبەت تەعین کردنی گەنجانەوە، کە 25 هەزار کەس بڕیارە لە مساڵدا تەعین بکـرێن، هـەروەها وەك باسـکرا پێویسـتە ڕێسـاو ڕێنماییـەکی تایبـەت هـەبێت بـۆ تـەعین کردنـی ئـەو گەنجانە، بەگەڕخستنی پرۆژە بچووکەکان، هەروەها داواکارم لێرەوە، پەرلەمانی کوردستان و ئەنـدامانی پەرلـەمان هـەوڵ بـدەن بەرنامـەی تواناسـازی گـەنجان جـارێکی تـر لـە بودجـەی سـاڵی 2011 داخـڵ بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی زانیاری و زانستی لـەم وڵاتـەدا بـەرەو پـێش بچێت، هـەروەها گرنگیـدان بـە زانکۆکان، بەتایبەتی ئەو پێنج زانکۆ تازانەی کە لە کوردستانـدا دامـەزراون، چـونکە بـە گرنگیـدان بـەم زانکۆیانە هەم فرسەتی کارو ئیش کـردن بـۆ خـەڵك دروسـت دەکرێـت، هـەم ڕۆشـنبیری بـەرەو پێشـەوە دەچێت، هەروەها لە بواری ئابووریشەوە ئـەو ناوچـانە دەبووژێنـەوە کـە زانکۆکـانی تێدایـە، کـە خـەڵك ڕوودەکاتە ئەو ناوچـانە، سـولفەی عـەقار پێویسـتە هـەر لـەم ڕێگایـەوە داوا بکرێـت لـە حکومـەت و لـە ڕێگای بودجەوە بۆ خێزانە هەژارەکانیش ئەوانەی کە ڕووبەری زەوییەکانیان بچووکە هاوکـاری بکـرێ، بۆ ئەو بابەتە، هەروەها پێشینەی هاوسەرگیری کە کارێکی زۆر ئیجابی ئەبێـت لەسەر هاوکـاری کردنـی گەنجان بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن، بەوەڵامدانەوەی پەرلەمانی کوردسـتان بـەرەئی مـن بۆ ئـەم داواکارییانـەی خۆپیشـاندەران بـە کـاتێکی زوو بـەهاوکاری لەگـەڵ حکومـەتی کوردسـتان، ئەمـە دەرگایەکی زۆر فراوان دەکاتەوە بۆ ئەوەی کـە پەرلـەمانی کوردسـتان ببێـت بـە سەرچـاوەی دیـالۆگێکی نیشـتمانی کـە هاوڕێکـانم باسـیان لێـوەکرد، مـن نامـەوێ بچـمە نـاو تەفصـیلی ئـەو مەوزوعـە، چـونکە سـیقەیەك لـە نێـوان پەرلـەمان و خەڵکیشـدا دروسـت دەبێـت، کـە زیـاتر لـەوەی ئێسـتا هەیـە، داواکارییەکانیان جێبەجێ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بمانەوێت بە پێی ئەو موداخەلانەو ئەو بیرو بۆچوونانەی کە هاوکارانی بەڕێزم پێشکەشیان کرد، وەکو لیژنە وەڵام بدەینەوە، ئەوە دیارە کاتێکی زۆرمان دەوێت، بەڵام نامانەوێت بچینە ناو ئەو جەدەلەوە، ئەو قسانەی کە کران پێمان وایە هەمووی لە خزمەتی ڕاپۆرتەکەدایە، ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەند دەکات، چونکە هەر چەند سەد ساڵ لەوەو پێش زانایەکی وەکو عیمادی ئەسفەهانی وتوویەتی (هیچ کەسێك نیە ئەمڕۆ شتێك بنووسێ، سبەی نەڵێ خۆزگە ئەوە وابوایە، شەڵڵا ئەوەی تێدا نەبوایە، خۆزگە ئەمەم زیاد بکردایە، ئەوەم لێ کەم بکردایەتەوە،) ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بەڕاستی هەرچەندە بەتوانا بن، هێشتا ناتوانن بگەن بەو مەبەستەی کە دەیانەوێت، من زۆر دەستخۆشی دەکەم لە هەموو بەڕێزان، لەئەندامانی پەرلەمان، لە خوای گەورە داواکارم هەموو لایەك سەرکەوتوو بن، پێم وایە چ ئەو کەسانەی کە بە ئیتیجاهێکی جیاواز قسەیان کرد لەوانی تر هەر هەموویان نیەتیان باشە، هەر هەموو بەدافیعی خزمەتکردن بە گەلی کوردستان، خزمەتکردن بە پڕۆژەی چاکسازی قسەیان کردووە، دیسان 200 ساڵ لەمەوبەر نالی وتوویەتی ( لە جگەر گۆشەی شیعرم مەدە مەعنای خراپ، بێ خەتا کەس نیە ڕازی کە لە ئەولادی درێ)، داوام وایە هەموو ئەندام پەرلەمانێك کە قسەیەك دەکات، بەرامبەرەکەی تەئویلی باشی بۆ بکات، ئێمە وەکو لیژنە تێبینیمان هەیە لەسەر زۆربەی ئەو قسانەی کە کران، بەڵام وەڵامی ئەو تێبینیانە نادەینەوە، چونکە دەکەوینە ناو جەدەلێك، بەڵام بەو قەناعەتەوە، مامەڵە لەگەڵ قسەکان دەکەین، هەموویمان تۆمار کردووە، کە انشاء الله لەگەڵ لیژنەی یاسایی لیژنەکەمان دابنیشێت، کۆبوونەوەیەك بکەین، پاڵفتەی ئەو ڕاپۆرتە بکەین، پاڵفتەی ئەو داخوازییانە بکەین کە هاووڵاتیانی بەڕێزی کوردستان و خۆپیشاندەران پێشکەشیان کردووین، ئینجا لەگەڵ فراکسیۆنەکانیش بگەین بە سغەیەك، بە چەند میکانزمێك، بە چەند پلانێك بۆ ئەوەی ئاوات و خولیای ئەو خەڵکە تەرجەمە بکرێت بۆ واقیع، لە پێناو ئەو پڕۆژە چاکسازییەی کە هەموو کوردستان چاوەڕوانیەتی، مەتاڵیبەکان تەصنیف دەکەین بۆ سیاسی، قانونی، خزمەتگوزاری، بەو شێوەی کە پێویستە، ئەوەی کە ئێمە کردمان لەم ڕاپۆراتەدا، لە ڕاستیدا دوو تەریقەی تێدا بوو، یەکەم: بە ئەمانەتەوە ئەوەی خۆپیشاندەران داوایان کردووە، نووسیویانە، تۆماریان کردووە، هێناومانە، لە هەمان کاتدا هاتووین تەصنیفێکمان کردووە، بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، ڕەنگە ئەگەر کاتی زیاترمان بەدەستەوە بوایە، بمانتوانیایە تەصنیفی بکەین بە پێی بابەت وە ئەولەویەت، بەپێی لیژنەکانی پەرلەمان، هیوادارین بتوانین لەو کۆبوونەوەیەدا کە دەکرێت، لەوەی داهاتوو بتوانین

بگەین بەو مەرام مە غزایەی کە دەمانەوێت، جا ئەوە دەکەوێتە دەستی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە داخوازی خەڵك هاتووە، ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکان هاتووە، من ئەڵێم نازانم قانونیەکان لەمن باشتر دەزانن، ئەگەر هاتو ئێمە ئەمانەمان ڕەفع کرد، ئەوە مانای ئەوە دەدات کە پەرلەمان لەگەڵ ئەو نەصەدایە، ئەگەر ئەوە بێت، ڕجاتان لێدەکەین، کە ئاگاداری ئەوە بین کە لە 11 خاڵ 7 یان، یان بنەما یاساییەکەی دروست نیە، یان مەبدەئەکەی ئەوە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ئەوە تەواو، سوپاس، ئێستا شەرحی دەکەین، بەڕێزان زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان کرد، ئەوانەی کە نوقتەی نیزامیان هەبوو، ئێستا قسەکانی ئێوە هەمووی تەواو بوو، ڕاپۆرتی لیژنەکەتان گوێ لێبوو، داخوازی ئەو بەڕێزانەی کە ناردوویانە ئەویشتان گوێ لێ بوو، ئێستا ئەبێت ئەوەی کە ئێمە حەرەکەی لەسەر دەکەین، بنەمای یاسایی بێت، نابێ شتێك بکەین کە نایاسایی بێت، دوور بێت لە یاسا یان موخالف بێت، ئەو شەرعیەتە بەخۆمان نادەین، بۆیە ئەو داخوازییانە دەدەین بە لیژنەی تایبەت کە لەبەردەستیاندایە، لەگەڵ لیژنەی یاسایی زۆر بەوردی خاڵ بەخاڵ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و بیگونجێنن، من باوەڕ ناکەم موخالەفەی یاسایی زۆر سەریحی تێدا بێت، لەگەڵ 17 خاڵەکەی خۆمان بیگونجێنن، ئەگەر شتێك پێویستی بە بڕیاری تر هەبوو بیهێننەوە، بەڵام بەشێوەیەك کە ڕێك بکەوێت، سەرۆك فراکسیۆنەکان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت، کە دەکاتە 38 کەس، ئەم 38 کەسە دابنیشن وا بزانم زۆرە، ڕەنگە لەیەك تێنەگەن، با جاری یەکەم، ئەوە پێشنیارە لیژنەی یاسایی و لیژنە تایبەتەکە دابنیشن، تەصنیفی بکەن، بنەما یاساییەکەی بۆ دابنێن پاشان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکانیش دابنیشن تا ئەوانیش ڕەئی خۆیان بدەن، ئەگەر هەموو موتەفق بوون ئەوە دەیهێنینەوە ناو پەرلەمان، ئینجا ئەگەر حەز دەکەن یەك شەممە دادەنیشنین، ئێستا ئەوە سەعات 3/10 ی شەوە، بەیانیەکەی ئەو بەڕێزانە با خەریك بن،

که لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت ئیشی خۆیان تەواو کرد، لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان دابنیشن، دوای نیوەڕۆکەی ئەوانیش تەواو بوون ئەو کاتە دانیشتنەکە هەرکاتێك بێت، بەڵام لە ئێستاوە ئیعلانی دەکەین کە رۆژی یەك شەممە دوای نیوەرۆ دانیشتنمان هەیە، پاشان کەس نەیەتە سەرمان بڵێت وەختی یاسایی نیە، چونکە لە ئێستەوە ئیعلانی دەکەین، ئەمە دووەمە: خاڵی سێیەم ماوە کە مەسەلەی کەرکووکە، پەلە مەکەن، ئێستا ئەگەر موافقن کە بەو شێوەیە کاری لەسەر بکەن پێش ئەوەی بڕۆین، ئێمە یەکەم ئەو خەڵکە، خەڵکی ئێمەن و هەمووی کەسی خۆمانن، دڵمان لەلایانە، دەنگی خۆیان بۆ ئێمە ناردووە، زۆر بەجدی و بەهەند وەرگیرا، دیراسەیەکی وردی دەکەین، بۆ ئەو بەڕێزانەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت، سەعات 10ی بەیانی رۆژی یەك شەممە دادەنیشن، کاك دکتۆر صباح و کاك شێروان تکایە بەڕێزتان وەك سەرۆکی لیژنەی یاسایی و سەرۆکی لیژنەی تایبەت، کەتەواو بوون سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئاگادار بکەنەوە، ئینجا هەموو بەیەکەوە دابنیشن بۆ ئەوەی خاڵ بەخاڵ بەسەریدا بێنەوە، پاشان بۆ ئەوەی وەهمێك یان تەوەقوعێك دروست نەبێت، بڵێین بۆ پەرلەمانمان هێناوەو بۆ دەنگدانی لەسەر نەبووە؟، لەوێ هەموو شتێك کە تەواو بوو دێینە ناو پەرلەمان ئینجا تەواو دەبێت، بەنسیبەت خاڵی کەرکووك، ئێستا تاقەتتان هەیە؟، کوڕە ئەوە بۆ کەرکووکە، بۆ کوردستانە، شوێنە دابڕاوەکانە؟، باشە با مەسەلەی کەرکووك، چونکە زۆر گرنگە، فەقەری سێیەمە، ئێمە دەبێت ئەوەی خۆپیشاندەران تەواو بکەین، پاشان موناقەشەی دەکەین، بۆیە خۆتانی باشتر بۆ حازر بکەن، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ڕۆژی یەك شەممە، چونکە ئێستا شەممەیە، رۆژی یەك شەممە هەردوو لیژنەکە و هەم فراکسیۆنەکانیش تا ئێوارە بخایەنێت تا شتێکی پوخت و مورەتەبی لێ دەربچێت، چونکە ئەوەی کەماوە دوو فەقەرەیە، ئەوە کە دێتەوە ناو قاعە، هەم قسەکردنە لەسەر مەسەلەی کەرکووك، بۆیە با بخرێتە رۆژی 2 شەممە سەر لەبەیانیەکەی، تا مەوعیدەکە تەحدید بکرێت دوو شەممە بەیانیەکەی، یان هەر وەختێکی بەیانیەکەی کە پێتان باشە، سەعات 10 بێت یان 11، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان مەبدەئیەن لیژنەکە سەعات 10 دەست بەکاری خۆی دەکات، ئومێدەوارم زوو بگەنە قەناعەت، بۆ دانیشتنەکەش سەعات 5ی ئێوارە دادەنێین، ئەگەر توانیتان تەواوی بکەن، ئەوە نەفسی رۆژ تەواوی دەکەین، ئەگەر نەشکرا و تەواو نەبوو، ئەوە دانیشتنێکی کورت دەکەین و تەئجیلی دەکەین بۆ رۆژی دوو شەممە، کاك بورهان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕۆژی دوو شەممە 7ی مانگ دەکات و یادی ڕاپەڕینی شاری سلێمانیە، ئایا مەفروز نیە ئێمە لەشاری خۆمان بین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژی یەك شەممە سەعات 10 لیژنەکان دابنیشن، کەتەواو بوون لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان دابنیشن، پاشان سەعات 5 دانیشتنی پەرلەمانە، ئەگەر تەواو بوون، ئەگەر تەواویش نەبوون، هەر دێینە ئێرەو تەئجیلی دەکەین بۆ دواتر، ئێستا بەخواتان دەسپێرم، دانیشتنەکەمان تەواو بوو، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی

## یەك شەممە رێكەوتی 6\3\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)ی نائاسایی

## یەك شەممە رێكەوتی 2011/3/6

كاتژمێر (5)ی ئێوارەی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2011/3/6 پەرلەمانی كوردستان - عێـراق بـە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ارسلان بـایز اسماعیـل جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژماره (3)ی نائاسایی خولی سێیەم، سالّی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بــەپێی حوكمــەكانی برگــە (1)ی مـادده (20) لــە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـالّی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (3)ی نائاسـایی خـولی سـێیەمی هەلّبــژاردن لــە كـات (5)ی ئێـوارەی رۆژی یــەك شــەممە رێكــەوتی 2011/3/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەت، كە بەپێی برگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژماره (1)ی سالّی 2011 پێكهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەكانی خۆپیشاندەران.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (3)ی نائاسایی، رۆژی دانیشتن 2011/3/6، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی برگە (1)ی مادده (6) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (5)ی ئێوارە، رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 3/6/ 2011دا بەم شێوەیە بێت.

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەت، کە بەپێی برگە (17)ی بریاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێکهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران.

2- گفتوگۆ کردنی باری کەرکووك و شوێنە کوردستانیە دابڕاوە کێشە لەسەرەکان.

بەڕێزان، لەبەر ئەوەی ئەم راپۆرتە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی تایبەت کە پێکهێنرا بوو، بۆ پەیوەندی کردن بە خۆپیشاندەران، راپۆرتەکە تاخیر بوو، ئێستا پێش چەند دەقیقەیەك گەیشتە دەستمان، هێشتا فراکسیۆنەکان وەکو پێویست دیراسەیان نەکردووە، مەسەلەکەش مەسەلەیەکی گرنگە، بۆ ئەوەی نەتیجەیەکی باشترمان دەست بکەوێت، پێویستیمان بە زیاتر دیراسە کردن و لێ وردبوونەوەی زیاتر هەیە، بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان باش بوو، یەکەم ئەم راپۆرتە بە رەسمی بدرێتە هەموو فراکسیۆنەکان، بۆ ئەوەی فراکسیۆنەکان بەیانی بەردەوام بن لەسەر تێبینی و دەوڵەمەند کردن و مولاحەزەدانی خۆیان، دووەمیان/ کۆبوونەوەکەمان دوا دەخەین بۆ بەیانی سەعات (5)ی پاش نیوەڕۆ، لەگەڵ سوپاس، هەر بژین، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەعات (5) زۆر درەنگە، کۆبوونەوەکە تاخیر دەبێت، با سەعات (2) بێت بۆ نموونە، پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوە دەکەین، سەعات دوو بێت، پێنج زۆر درەنگە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێمان باشە ببێتە سەعات سێی پاش نیوەڕۆ، زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بايز اسماعيل
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)ی نائاسایی

## دووشەممە رێكەوتی 7\3\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی

## دووشەممە رێکەوتی 2011/3/7

کاتژمێر (5)ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە رێکەوتی 2011/3/7 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (4)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (5)ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە رێکەوتی 2011/3/7 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەت، کە بەپێی برگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێکهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران.

2- گفتوگۆ کردنی باری کەرکوك و شوێنە کوردستانیە دابڕاوە کێشە لەسەرەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، ساڵی دووەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (4)ی نائاسایی، رۆژی دانیشـتن 2011/3/7، بەرنامـەی کـار: بـەپێی حـوکمی بڕگـە (1)ی مـاددە (6) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (3)ی دوای نێـوەڕۆ، کـە دواخـرا بـۆ دوو کاتژمێر، چونکە کارەکانیـان تـەواو نـەکرد بـوو، بـووە کاتـژمێر (5)ی دوای نیـوەڕۆ، رۆژی دوو شـەممە رێکەوتی 7 /3/ 2011دا بەم شێوەیە بێت.**

**1- بـەردەوامبوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی راپـۆرتی لیژنـەی تایبـەت، کـە بـەپێی بڕگـە (17)ی بڕیـاری پەرلـەمان، ژمـارە (1)ی سـاڵی 2011 پێکهێنـراوە، بـۆ بەدواداچـوون و گـوێ گـرتن لـە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران.**

**2- گفتوگۆ کردنی باری کەرکووك و شوێنە کوردستانیە دابڕاوە کێشە لەسەرەکان.**

**بـەڕێزان، زۆر زۆر بـە داخـەوە دوێـنێ سـوئتەفاهومێك لـەنێوان دوو ئەنـدامی پەرلـەمانی کوردسـتان دروست بوو، کە بووە سەبەبی ئەوەی لەگەڵ یـەکتر بەشـەڕ بـێن، کـە ئێمـە تەمـەنا دەکـەین ئەنـدامانی پەرلەمان بە قسە، بە گفتوگۆ زۆر لەگەڵ یەکتر موناقەشە بکەن و رێز لە ئازادی بیرو رای یەکتر بگـرن، لە سنووری ئـاداب و یاسـاو رێزگـرتن، بـۆ ئـەوەی فتنـە دروسـت نـەبێت، لەهـەمان کاتـدا ئێمـە زۆر زۆر موتەئەسیرین لـەوەی دەسـت درێـژی کرایـە سـەر ئەنـدامێکی پەرلـەمان لەلایـەن پاسـەوانی ئەنـدامێکی پەرلەمانەکەی تر، کە ئەوە ئیدانە دەکـەین و نابێـت دووبـارە بێتـەوە، ئێسـتاش داوامـان لـە حکومـەتی هەرێم کـردووە، کـە ئیجرائـاتی قـانونی بکرێـت و دادگـا دەبێـت مـەجرای خـۆی تـەبیعی وەربگرێـت و، ئێمەش ئیحتیرامی قەراری دادگا دەگرین، داوا لە هەردوو ئەو بەڕێزانە دەکەم وەکو بـرا لەگەڵ یەك بـە هەمان روح و دڵی جارانەوە بەردەوام بن و مومارەسەی ئیشـی پەرلـەمانتار ئەوەیـە بـە دیـالۆگ لەگـەڵ یەك قسە بکەن چ لـەناو پەرلـەمان، لـە دەرەوەی پەرلـەمان، چ لـە راگەیاندنـەکان، نـەك بکەونـە گیـانی یەکترو یەکتر بریندار بکەن.**

**بـەڕێزان، لەبـەر ئـەوەی لیژنەکـەمان هێشـتا نەگەیشـتوونەتە کـاری کۆتـایی خۆیـان، لەبـەر ئـەوە دانیشتنەکە بۆ سبەی ئێوارە سەعات (5) دوا دەخەین، تکایە کۆتایی بە داتیشـتنەکەمان دەهێـنین، زۆر سوپاس.**

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی**

**سێ شەممە رێكەوتی 8\3\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/3/8

كاتــژمێر (6)ی دوای نیــوەڕۆی رۆژی ســێ شــەممە رێكــەوتی 2011/3/8 پەرلــەمانی كوردســتان - عێــراق بــە ســەرۆكایەتی بــەڕێز محمــد قــادر عبــدالله(د.كمــال كــەركووكی) ســەرۆكی پەرلــەمان و, بــە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بـایز اسماعیـل جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (5)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بــەپێی حوكمــەكانی برگــە (1)ی مــاددە (20) لــە پێــڕەوی نــاوخۆی ژمــارە (1)ی هــەمواركراوی ســاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەســتەی ســەرۆكایەتی پەرلــەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (5)ی نائاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (6)ی دوای نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2011/3/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بــەردەوامبوون لەســەر خســتنەڕوو و گفتوگــۆ كردنــی راپــۆرتی لیژنــەی تایبــەت، كــە بــەپێی برگــە (17)ی بڕیـاری پەرلـەمان، ژمـارە (1)ی سـاڵی 2011 پێكهێنـراوە، بـۆ بەدواداچـوون و گـوێ گـرتن لـە داخوازییەكانی خۆپیشاندەران.

2- گفتوگۆ كردنی باری كەركووك و شوێنە كوردستانیە دابڕاوە كێشە لەسەرەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (5)ی نائاسایی، رۆژی دانیشتن 2011/3/8، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی برگە (1)ی مادده (6) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (5)ی دوای نیوەڕۆ بێت، بەڵام دواخرا بۆ سەعات (6)ی دوای نیوەڕۆ، رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 8/ 3/ 2011دا بەم شێوەیە بێت.

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەت، کە بەپێی برگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێکهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران.

2- گفتوگۆ کردنی باری کەرکووك و شوێنە کوردستانیە دابڕاوە کێشە لەسەرەکان.

بەڕێزان، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز سبەی سەعات (2)ی پاش نیوەڕۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك دکتۆر بەرهەم لێرە ئامادە دەبێت، بەپێی بڕیاری ژمارە (1)ی دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان، کە لە 2011/2/23 وەرمانگرت، لێرە دەبێت، لەبەر ئەوەی لیژنەکان بڕیار بوو لە دانیشتنی رابردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان بڕیارەکە وا بوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت بۆ گوێگرتن لە خۆپیشاندەران راپۆرتەکەیان و داخوازی خۆپیشاندەران بنەمای یاسایی بۆ دانێن و تەقسیم بەندی بۆ بکرێت، پاشان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان بە تەوافوق راپۆرتێکیان هەبێت، تاکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ئیتیفاق، بۆیە نەفەسێکی تریان پێ دەدەین، بۆ دانیشتنی دوای دانیشتنەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێکەوتی 9\3\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/3/9

**کاتژمێر (3،45)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/3/9 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (6)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3،45)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/4/9 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 -ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ڕوونکردنەوەو لێپرسینەوە لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بە داخوازیەکانی خۆپیشاندەران و، 17 برگەکەی بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2011ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1) ی ڕۆژی 2011/2/23 وەرگیرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان. خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتنی (6)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/3/9.**

**بەرنامەی کار:**

**بە پێی حوکمی بڕگە (1) مادده (6) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمووار کـراوی سـاڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان- عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمـارە (6)ی نائاسایی، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لـەکاتی (2) ی پـاش نیـوەڕۆ دەبێـت، بـەڵام خرایـە (3:45) چوار کەم چارێگ، ڕێکەوتی 2011/3/9 بەم شێوەیە دێت:**

**1-ئامـادەبوونی بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ ڕوونکردنـەوەو لێپرسـینەوە لـە بـارەی ڕووداوەکـانی ئـەم دواییـەی هـەرێمی کوردسـتان و هەڵوێسـتی حکومـەت بەرامبـەر بـە داخوازیـەکانی خۆپیشـاندەران و، 17 بڕگەکـەی بڕیـاری ژمـارە (1)ی سـاڵی 2011ی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە لـە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1) ی ڕۆژی 2011/2/23 وەرگیرا.**

**پێشـەکی زۆر بـەخێرهاتنی ڕێـزدار سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران کـاک(د.بەرهـەم صـالح) دەکـەین، وە هـەروەها بـەخێرهاتنی بـەڕێز کـاک(سـعد خالـد) دەکـەین، بـەڕێزیان ئێسـتا لێـرە ئامـادەن، هەرچـەند پێشـتریش چـەندین جـار، شـەش مـانگ لەمـەوپێش ئێمـەی ئاگـادار کـردووە، خـۆیی و کابینەکـەی و وەزیرەکانی هەرکاتێك پەرلـەمان بخوازێـت، لێـرە ئامـادە دەبـن، ئـەم دانیشـتنەش لەسـەر داخـوازی ئـەم بەڕێزانەیە، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، کەلە خوارەوە واژومان کردووە، بە پێی خاڵی (15)ی بڕیـاری ڕۆژی 2011/2/23ی پەرلەمان، تایبەت بە بانگهێشت کردنی سـەرۆکی حکومـەت و، وەزیـری نـاوخۆو وەزیـری پێشـمەرگە بـۆ پەرلـەمان، بـۆ ڕوونکردنـەوەو لێپرسـینەوە لـە ڕووداوەکـانی 2011/2/17 و دواتر، داوای ئامادەبوونیان دەکـەین لـە نـزیکترین کاتـدا، کـە لـە هەفتـەی یەکـەمی وەرزی ئاسایی نـوێ تێنەپەڕێت، هەروەها ناوەکانیش ئەوانـەی کـە ئیمزایـان کـردووە، ناسـك تۆفیـق، بـیلال سـلیمان، کـاردۆ محمد، عمر عبدالعزیز، ئارام قادر، سمیر سلیم، عبـدالله مـەلا نـوری، پـەیمان عبـدالقادر، عـدنان عثمـان، پەیمان عزالدین، ڤیان عبدالرحیم، عبدالله حسین، سێ ناو نوسـراوە ئیمزایـان نـەکردووە و سـراوەتەوە، پاشان ئاشتی عزیز، ڕێباز فتاح، پێشەوا تۆفیق، نەریمان عبدالله قادر، یاووز خورشید، یشار نجـم الـدین، پەیام احمد، هاوڕاز شێخ احمد، بەیان احمد حسن، کـاروان صـالح، شـێرزاد عبـدالحافظ، کوێسـتان محمـد عبدالله، پەریهان قوبلای ، نەسرین جمال مصطفی، سەرگوڵ رضا، اسماعیل سـعید، عظیمـة نجـم الـدین، حەمە سعید حەمە علی، د.صباح بەرزنجی، شێردڵ تحسین محمد، لەسەر داخـوازی ئـەم بەڕێزانـەو، بـۆ جێبەجێ کردنی خـاڵی 15، لـە بڕیـاری ژمـارە (1) ی نائاسـایی دانیشـتنی ڕۆژی 2011/2/23، ئێمـە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانمان ئاگـادار کـردەوە، بـەڕێزیان هـەر بـە خوێندنـەوەی 17 خاڵەکـە، ئیعلانـی کـرد کـە پابەنـدە بـەم 17 خاڵـەی پەرلـەمانی کوردسـتان، ئیمـڕۆ بـەڕێزیان لێرەیـە، داوا لـە بەڕێزیان دەکەین، کەرەمکات بۆ سەر مەنەسە، زۆر بەخێربێی، نوقتەی نیزامی کەرەمکە فەرموو.**

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بـەپێی بڕیـاری 15 ی پەرلـەمان ئـەوەی کـە لـە 17 خاڵەکـە دەرچـووە، ئـەو داواکاریـەی کـە ئێمـە پێشـکەشمان کردبـوو، داوای وەزیـری نـاوخۆ و وەزیـری پێشـمەرگەمان کـردووە، ئەمانـەوێت ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، بۆ ئەو دوو بەڕێزە نەهاتوون؟.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوانیش دێن لەکاتی خۆی، ئیمڕۆ سەرۆکی حکومەتە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، گفتوگۆ و لێپرسینەوەی خۆتان دەکەن، تەواو بوو بەخێر پاشان ئەوانی تریش یەك لە دوای یەك دێن بۆ ئێرە، بەڕێزان ئێستاش ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك (د.بەرهەم صالح) کەرەمکات، فەرموو، نیزامیە؟ کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە جێگەی خۆیەتی ئەمڕۆ لە سەرەتای دەست پێکردنی دانیشتنەکەی ئەمڕۆ، داوای لێبوردن...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشە، ڕەجائەن، هەر بەڕێزێك لە بەرنامەی کار دەربچێت، ئیجرائاتی یاسایی بەپێی نیزامی ناوخۆی لەگەڵ دەکەین، ئیحتیرامم بۆ گشتان هەیە، هەمووتان خوشك و برای منن، بەڵام پێویستە پابەند بین بە نیزامی پەرلەمان، ئێرە پەرلەمانە، دەرەوە نیە، زۆر سوپاس، کاك (د.بەرهەم صالح)کەرەمکە.

**بەڕێز د.بەرهەم صالح/ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی پەرلەمان و، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بۆ ئەم دەرفەتە کە بێمە خزمەتتان، لە نزیکەوە باس لە وەزعی ئێستای کوردستان و بەرنامەو کارەکانی حکومەت بکەین، بریا ئەم دانیشتنە زووتر بوایە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لوتفی فەرموو، کە من دەمێکە داوا دەکەم بێمە خزمەتتان، چونکە ئێوە نوێنەری گەلن، ئێوە نوێنەری هەڵبژێردراوی ئەم میللەتەن، ئەرکی سەرشانتانە، بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت و، بەرنامەکانی حکومەت و، جۆری بەڕێوەبردنی ڕەوشی وڵاتەکەمان بکەن، وە ئەرکی سەرشانی حکومەتیشە، لە پێش هەموویانەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە خزمەتی ئێوە بێت و، ڕوونکردنەوە بدات و، وەڵامی پرسیارو تێبینی و سەرنج و ڕەخنەکانیشتان بداتەوە، دووبارەی دەکەمەوە، جێگەی شەرعیەت ئەم پەرلەمانەیە، ئەم پەرلەمانە خاوەن بڕیارە، ئێوە هەڵبژێردراوی ئەم میللەتەن، لە تەقیم کردن و هەڵسەنگاندنی کارەکانی حکومەت، جۆری ئیدارەدانی ئەم ئەزمەیەو، پێش ئەوەش کارەکانی، وە بەپێی لێکدانەوەی خۆتان و هەڵسەنگاندنی خۆتان بۆ کارەکانمان ئەتوانن بڕیاری پێویست بدەن، بە بڕیاری متمانە لێکێشانەوە لە حکومەت، چونکە ئێمە لەو ژوورەوە لە ڕێگەی دەنگی ئێوە ئەم کابینە، ئەم حکومەتە متمانەی وەرگرتووە، ئێوەش دەتوانن لەبەر ڕۆشنایی کارەکان و، هەڵسەنگاندنی خۆتان و ویژدانی خۆتان، وەبە ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی میللەتەکەمان بڕیاری پێویست لەو بارەیەوە بدەن و، من خۆشم لە لای خۆمەوە سەربەرزم وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە یەکەم دەرفەتی وام بۆ بڕەخسێ لەبەردەم پەرلەمانەکەی خۆمان، وەکو تەقلیدێکی دیموکراسی بیسەپێنین، کەس لەسەرووی یاساوە نەبێت، هەموومان ملکەچی شەرعیەتی پەرلەمان و هەڵبژێردراوی میللەتەکەی خۆمان بین، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بە داخەوە سەرباری هەموو

هەوڵ و تەقەلایەکمان، بۆ بەرپا کردنی زەمینەیەکی گونجاو، ژینگەیەکی تەندروست بۆ وت و وێژی سیاسی و،بۆ دایەلۆگی سیاسی و، بێنەو بەردەی سیاسی نێوان خۆمان، بەداخەوە بار گرژیەك ڕووی کردۆتە ولاتەکەمان،ئەو بار گرژیە کۆمەڵێك هۆکاری هەیە، کە ئێوە تێبینیتان لەسەری هەیە، ئێمەش لەوانەیە لە لای خۆمانەوە تێبینیمان لەسەری هەبێت، بەلام هەر ئەوەندە دەڵێم هیچ بار گرژیەك وهیچ جیاوازیەك، هیچ بۆچوونێکی جیاواز لەگەڵ یەکتری، ژیان و گیانی هیچ هاوولاتیەکی ئەم ولاتە نایەنێت، بۆیە لێرەوە دەمەوێت دەسپێك پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بۆ ئەو شەهیدانەی هاوولاتی و ئەفسەران و، کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس ڕابگەیەنین، وەهیوای چاك بوونەوەی زووبەزوویی بریندارەکانیش بخوازین، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بۆ کاکە ڕێژوان، بۆ کاك شێرزاد، بۆ کاك ئومێد، بۆ کاك سورکێو، بۆ کاك گەرمیان و، بۆ کاك رشید، بۆ کاك بیلال، وە بۆ کاك سەرکار، وە هیوادارم هەموومان بەیەکەوە کار بکەین، نەهێلین لەم ولاتەی خۆمان جارێکی تر، حاڵەتی وا بقەومێتەوە، خوێنی هاوولاتی، خوێنی کارمەندی پۆلیس وئاسایش بڕژێت بە ناهەق و بەو وەزعەی کە قەوما، دەمەوێ دەست خۆشی لە پەرلەمانیش بکەم، لە دەسپێکی ئەم قەیرانەوە و ئەم ئەزمەیەوە، کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگتان نا، دەسپێك بڕیاری $17$ خاڵیەکە بڕیاری گرنگ بوون، سەرتاسەری بوون، گشتگیر بوون، ئێمە لەلای خۆمانەوە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیمان لێی کرد، وە پابەند بوونی خۆمانمان پێی دووپات کردەوە، وە لە ئەمڕۆوە من ئامادەم لە خزمەتی ئێوەدا باس لە خاڵ بەخاڵی ئەو بڕیارانەی ئێوە بکەم، وە پێتان بڵێم چیمان کردووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕگانە، وە بەرنامەمان چیە؟، بۆ ئەوانەی کە بۆ مەودای دوورن، چۆن بیکەین؟، چۆن دەتوانین بەیەکەوە هەماهەنگ بین؟، دەمەوێ دەست خۆشیشتان لێ بکەم، لە دروست کردنی ئەو لیژنەیەی کە داتان نابوو بۆ بەدواداچوونی هەل و مەرجەکەی ئەم دواییە، من بە خزمەتیان گەیشتم، کۆمەڵێك تێبینی و سەرنجیان هەبوو، هیوادارم زۆر نەخایەنێت، ڕاپۆرتی پەسەند کراوی ئەو لیژنەیە بە حکومەتیش بگات، وەلە ڕێگەی دەزگا شەرعیەکانی پەرلەمانی خۆمانەوە، ئەوەی لەسەر حکومەت بێت، بەدواداچوونی پێویستی بۆ بکات، خوشك و برایان ساڵێك و سێ مانگ، چوار مانگ لەمەوبەر، لە خزمەتی ئێوە بووین، کارنامەیەکی حکومەتمان پێشکەش کردن، باسمان لە بەرنامەکانی حکومەت و ئەم کابینەیە کرد، دەمەوێ بە کورتی و بە پوختی قسەیەك بکەم، لە $7/25$ هەڵبژاردنێك بوو، ئەم پەرلەمانە بەڕێزەی تیا هەڵبژێردرا، من خۆم یەکێك بووم لە ئێوە، پێش دەست بەکار بوونم وەکو سەرۆکی حکومەت، ئەمە خاڵێکی وەرچەرخان بوو، لە وەزعی سیاسی ئەم ولاتە، کە ئۆپۆزسیۆنێك بە شێوەیەکی بەرچاوتر کەوتە ئاراو، تەعبیری لە خواست و ویستی توێژێکی گرنگی ئەم کۆمەڵگایە دەکرد، لەولاشەوە ئەو لیستانەی کە توانیان کابینەی نوێی تازەی حکومەتی هەرێم دروست بکات، کە من بەسەر بەرزیەوە سەرۆکایەتیم کردووە لەم ساڵ و چەند مانگەی ڕابردوودا، من سەربەرزم لەبەر دەمی ئێوە بڵێم من و هەڤاڵەکانم لە ئەنجومەنی وەزیران، توانیومانە بەشێکی گرنگ لەو گفت و داخوازیە ڕەوایانەی خەڵکی کوردستان بەجێ بهێنین، وەبەرنامە ڕێژی بکەین بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێك لەو بابەتانەی تر، لەو پرسانەی تر کە خەڵك بە دوایدا دەچن، مێژوو لەو ڕۆژەوە دەست پێ ناکات، کە ئێمە هەڵبژێردراوین لەم پەرلەمانە، مێژووش لەو ڕۆژەوە دەست پێ ناکات کەمن بوومە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ڕێڕەوی حوکمڕانی کوردستان، ڕێڕەویەکی ساڵیە، ئەو ڕێڕەویەش لە ئەنجامی خەبات و قوربانی و ماندوو بوون و خوێن و ئارەقەی، ئەوەی دوای ئەوەمان هاتۆتە کایەوە، ڕەفیقەکانی پێش من، کۆمەڵێك دەست کەوت و ئینجازاتی گەورەیان بۆ ئەم کابینەیە بەجێهێشتووە، شانازی بە دەست کەوت و ئینجازاتەکانیانەوە دەکەم، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێك کێشەی پەنگ خواردوو، کەڵەکە بوو، لە ڕێڕەوی 20 ساڵی حوکمڕانی کورد دا، بۆ ئێمەش بەجێماوە، من هیوادارم تائەو ڕۆژەی لەو کارەم بتوانم، لەسەر دەست کەوتەکانی ڕابردوو بینا بکەم، دەست کەوتی تری بخەینە پاڵ، بە دڵنیایشەوە بە ئێوە دەڵێم، ئەو کەسەی کەلە دوای من دێت ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی خۆی، کۆمەڵێك کێشەو گیرو گرفتیشی بۆ بەجێ دێڵین، بۆیە کە دێین تەقیمی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی ڕابردوو، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم، کۆمەڵێك هەنگاوی بە جورئەت و ئازایانەمان ناوە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی کۆمەڵێك لەو دیاردانەی کە مایەی سەرنج و گلەیی خەڵکن، توانیومانە پارەیەکی زۆر بگەڕێنینەوە بۆ خەزێنەی گشتی و، بیخەینە خزمەتی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستانەوە، توانیومانە لە کۆمەڵێك بواری گرنگدا، ڕووبەڕووی دەست تێوەردانی لابەلاو لا قانونی بین، ناڵێم بنە برمان کردووە، بەلاّم ڕووبەڕووی بوینەتەوە، توانیومانە هەنگاوی گرنگیشی بۆ بنێین، خەڵکی بە ویژدانی ئەم ولأتە، وە دڵنیاشم لەوەی کە ئێوەی بە ویژدان کە دیقەتی ئەو کارانە دەکەن، دەبینن کێشەو گیرو گرفتەکانمان تەنها و تەنها، لە لایەنێکی سیاسی نەبووە، بگرە هەندێ هەڤاڵی خۆشمان کە زەرەرمەند بوون لەو ئیجرائات و ئیسلاحاتانەی خۆمان ڕووبەڕوومان بوونەتەوە، لەبەر ئەو وەعدەی داومانە بە ئێوەو بە میللەتەکەی خۆمان، کۆمەڵێك ئیجرائاتی گرنگمان کردووە، ئامادەم بە ئامارو خاڵ بە خاڵ لەسەری بۆ ئێوە باس بکەم، من ئەو وەزعەی کە لە کوردستان هەیە، ئەم بار گرژیەو ئەم حاڵەتەی کە هەیە، دەمەوێ هەقیقەتێکمان لەبەرچاو ون نەکات، مافی خۆپیشاندان، ئازادی خۆپیشاندان، ئازادی ناڕەزایی دەربڕین، ئازادیەکی پیرۆزی سەلمێندراوی ئەم ولأتەیە، بۆ هەموومان مایەی شانازیە، ناڕەزایی ئەو گەنجانە، ئەو هاوولأتیانەی کە دەڕژێنە سەر شەقام، دەبێت جێگەی سەرنجی هەموومان بێت، داخوازیە ڕەواکانیان بە هەند وەربگرین، وەلەگەڵی تەفاعولێکی ئەوتۆ بکەین، کە ئەو داخوازیە ڕەوایانەیان جێبەجێ بکەین، بەیەکەوە هەوڵ بدەین جێبەجێی بکەین، بەلاّم پێشموایە هەموومان بەیەکەوە، دەبێت کۆك بین لەسەر پاراستنی ئارامی و، ڕەوشی هێمنی ولأتەکەمان، نەهێڵین بۆچوونی سیاسی جیاواز ببێتە مایەی قین و ڕق لەیەکتری، بە شێوازێکی تر ئەم میللەتەمان دوچاری دووبەرەکی و لەت بوون ببێتەوە، خوشك و برایان ئەو وەزعەی کە هاتۆتە بەردەممان، بێگومان کۆمەڵێك لایەنی مەترسی دارە، بۆیە هەموومان بەیەکەوە بۆ دڵسۆزی و خەم خۆری ولأتەکەمان، کارێك بکەین نەهێڵین ئەوەمان لەدەست دەربچێت، وە هەوڵ بدەین لە چوار چێوەی مەسئولیەتی شەرعی خۆمانەوە، ئەم پەرلەمانە جێگە ئەساسیەکەیەتی، هەوڵ بدەین کێشەکانمان لێرە یەکلایی بکەینەوە، بە زمانی گوڵە، بە ڕەخنەی بینا کەرانە هەوڵ بدەین چارەسەری کێشەکانمان بکەین، بەڵێ لایەنێکی مەترسیداری تیایە، بە دڵنیایشەوە بە ئێوە دەڵێم، دەرفەتێکیشە، دەرفەتێکە بۆ برەودان بە پرسی چاکسازی، دەرفەتێکە بۆ ئەو بەرنامانەی کە بۆ چاکسازی پێویستن، وە بنەبڕ کردنی ئەو کێشانەی کە بوونەتە مایەی گلەیی خەڵك، ئەمڕۆ بەیەکەوە، بە تەوژمێکی زیاتر،

بە تینێکی زیاتر، ڕووبەڕوو ببینەوەو هەوڵ بدەین، خزمەتی هاوولاتیانی ولاتەکەی خۆمان بکەین، دەرفەتی کار بۆ گەنجەکانمان برەخسێنین، عەدالەتی کۆمەلایەتی بۆ کۆمەلگاکەمان دابین بکەین، من بەو ڕوانگەیەوە سەیری ئەم وەزعە دەکەم، پێموایە ئەو ناڕەزاییە دەبێت ئاراستەی بکەین، بە ئاراستەی چاکسازی و خزمەتی ولاتەکەمان، لە کۆتایشدا بە ئێوەی بەڕێز دەڵێم، بە ئەندامانی پەرلەمان دەڵێم، بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی میللەتەکەی خۆم دەڵێم، سەبارەت بە من وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، شەرەفێکی گەورەیە کە ئەم کارەم پێ سپێردراوە، لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکی گەورەیە، وە دەبێت من لە ئاستی ئەو ئەرکەدابم، هەرکاتێك ئێوەی هەڵبژێردراوی ئەم میللەتە، پێتان وابوو ئەم کەسە، ناتوانێت ئەو کارەی خۆی جێبەجێ بکات، کارەکانی لە ئاستی پێویستی خەڵك و داخوازیەکانی خەڵکدا نیە، دڵنیاتان دەکەمەوە بەبێ دوو دڵی من لە خزمەتی بڕیاری ئێوەم، متمانە پێدانی ئەو حکومەتە، چۆن متمانە کێشانەوەشی لای ئێوەیە، من وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەربەرزم لە حزووری نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی میللەتەکی خۆم، ئەم قسانە دەکەم و چاوەڕوانم لە ئێوەی بەڕێز پرسیارەکانتان ، تێبینیەکانتان، سەرنجەکانتان، هەمووی بە ئاراستەی خزمەتی ولاتەکەمان و، تۆکمە کردنی حوکمڕانی یەکگرتوویی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بێت، وە دووبارە زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك (د.بەرهەم صالح) ئێستاش دەست دەکەین بە ناونووسینی ئەو بەڕێزانەی کە مداخەلەیان هەیە، پێشەکی سەرۆکی گشت فراکسیۆنەکان، ڕێگەیان پێ ئەدەین، پاشان بەڕێزانی تری ئەندامان، ئێستا دەست بە ناونووسین دەکەین، پێشەکی سەرۆك فراکسیۆنەکان، وتاری ڕوون کردنەوەو لێپێچینەوەی خۆیان پێشکەش دەکەن، پاشان ناوی ئەندامانی پەرلەمان دەنووسین، یەکەم، سۆزان شەهاب، کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشەکی بەخێرهاتنت دەکەم بۆ ئەم جەلسەیە، ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵدەستێ بە تەسبیت کردنی، یاخود ممارەسە کردنی یەکێك لەو ئەرکانەی کەلەسەر شانیەتی، ئەویش بە موتابەعەو، موراقەبەو، قسە کردن لەگەڵ حکومەتدا، پێشەکی من حەز دەکەم وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی، وێڕای ئەو بار گرژیەی کە هەبووە لە 17 مانگەوە هەتاوەکو ئێستا، دەست خۆشی تەواوی خۆمی لێ بکەم، لەسەر ئەو کارانەی کە حکومەت کردوویەتی هەتاوەکو ئێستا، کە ئێمە پشتگیری تەواومان بۆی هەبووە، بەرقەرار کردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی، بە بەرنامە دەست پێ دەکات، هەنگاو بە هەنگاویش دەست پێ دەکات، جەنابت دەستت کرد بە بەرقەرار کردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی، هەرلە بەرنامەی توانا سازی لاوانەوە، کەهەموو گەنجێك بە پێی کۆمەڵێك پێوەر، توانی ئەو دەرفەتەی هەبێ، بچێت خوێندنی بالا بکات، کە ئەوە جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەکمان بوو، باش کردنی گوزەرانی خەڵك، هەر لە بودجەی پێشووەوە، کە زۆرێك زیاد کردنی تیابوو بۆ کۆمەڵێك چین و توێژ کەبەڕاستی موستەهەق بوون، وێڕای دەست

خۆشیمان، بەلاّم حەز دەکەین بلّێین جەنابی سەرۆکی حکومەت، هاوولاّتی ئەمڕۆ چاوەڕوانە لە سایەی حکومەتەکەی بەڕێزت، عەدالەتی کۆمەلاّیەتی، خۆش گوزەرانی، چاککردنی ڕەوشی کارەبا، ئەم شتانە هەمووی بەچاو ببینێ و، وەبە مەلموسی ببینێت، پرسیارەکەی من لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە زیاتر لە 20 ڕۆژە خۆپیشاندان دەکرێت لە سلێمانی، وەبەتایبەتی لەبەر دەرکی سەرا، کە شەش ڕێگەی لەسەرە، ژووری بازرگانی سلێمانی دوێنێ، لە بلاّو کردنەوەیەکیدا دەلّێت، بازرگانی لە شاری سلێمانی لە 60٪ هاتۆتە خوارەوە، ئەمە جێگەی نیگەرانیە بۆ من وەکو خەلّکی سلێمانی، کە ببینم لە جیاتی ئەوەی کە هەنگاوەکانی پێشکەوتن لە شاری سلێمانی، لەسایەی کابینەکەی جەنابت زۆر بە باشی دەبینرا، کە مەشاریعێکی زۆر دەستی کردبوو بە کارکردن، ئەم حالّەتەی کە دروست بووە، تەئسیری کردۆتە سەر بازرگانی، بێگومان تەئسیر دەکاتە سەرمەشاریع، تەئسیر دەکاتە سەر قوتی خەلّك، من لێرە دیفاع دەکەم لە قوتی خەلّك، ئایا حکومەتەکەی بەڕێزتان، جەنابتان بۆ شوێنێك تەرخان ناکەن، لە شوێنێکی تر، شوێنێکی وەکو سەکۆی ئازاد لە پارکی ئازادی، داوا بکەین لەو خۆپیشاندەرە بەڕێزانە، کەوا مافی خۆیانە، وەکو (هاید) پارك کەلە بەریتانیا و لەندەن هەیە، بچن لەوێ ڕۆژانە 24 سەعات، حەوت ڕۆژ لە هەفتەکەیا، هەلّسن بە کاری خۆیان، خۆپیشاندانی خۆیان دەکەن و، وتاری خۆیان بخوێننەوە، بەلاّم تەئسیر نەکەنە سەر قوتی ئەو خەلّکەی کە مەرکەزی شارەکە لەسەری ڕاگیراوە، دەبێت ئیجرائاتتان بۆ ئایندە چی بێت، بۆ ئەوەی خەلّکی سلێمانی دوای ئەوە گلەیی لە جەنابت نەکات، بۆچی ئەمە لێرەوە هەلّناگیرێ ببرێتە ئەوێ، ئایا ئەو خۆپیشاندەرانە، ئەوانیش لەگەلّ خواستی هاوولاّتیانی شاری سلێمانی دان؟، ئەو ڕێگە گرتنەو و ئەو رزق کردن، تەئسیر دەکاتە سەر هەموو شاری سلێمانی، بۆیە ئەوە پرسیاری منە لە بەڕێزت، وە زۆر زۆر سوپاست دەکەم، هیوادارم وەلاّمێکی باشم دەست بکەوێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان هاتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەو لێپرسینەوە، لێرە جێگای ئەوەیە کە ئێمە ئەو سەرنجانەی خۆمان بخەینە ڕوو، کە تایبەتە بەو تێبینیانەی کە لەسەر ئەدای حوکمڕانی، وەلەسەر مۆدیلی حوکمڕانی، وەلەسەر ئەو شێوازی بەڕێوەبردنەی کەلە کوردستان هەیە، کە بۆتە مایەی ئەوەی 2/17 وەکو هێلّی یەکلاکەرەوە بێت، لە مصداقیەتی حکومەت، لە بەڕێوەبردن، لە مافی خەلّك، لە پاراستنی ژیانی خەلّك، لە هاوولاّتی، لە بەرپرسیارێتی حکومەت، ئێمە هەقە ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین، بۆ خەلّکی کوردستان هاتنە سەر شەقامەکان؟، بۆیە دەمەوێ بۆ وەلاّمی ئەمەو، بۆ وەلاّمی ڕۆژی 2/17، هەندێ خالّی گرنگ باس بکەم لەوەی کە حکومەت نەیتوانیوە بە پیر داخوازیەکانی خەلّکی کوردستان بچێت، دەتوانم شکستی کابینەی شەش، لە چەند خالّێکی لایەنی ئابووری و دارایی دیاری بکەم، ئینجا بێینە سەر لایەنی سیاسی و ئەمنی، کە پەیوەندی بە 2/17 و دوای بڕیارەکانی پەرلەمانەوە هەیە، یەك، لاوازی سیاسەتی حکومەت لە ئاراستە کردنی وەبەرهێنان

دەبیندرێت، حکومەت بە ڕێژەی لە 98٪ پشت دەبەستێتە سەر داهاتەکانی نەوتی عیراق، تەبعەن ئەوە لەو بەشەی کە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، کەچی ڕێژەی بەشداری کەرتی پیشەسازی، لە پێکهێنانی سەرجەم نەوتدا 2٪ دایە، دوو، نەبوونی سیاسەتی حکومەت لە بەرەنگار بوونەوەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و مامەڵە نەکردن بە داتا، کە ئەگەر حکومەتێك مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێژانە نەکات، گرفتە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر یەکتردا کەڵەکە دەبن، وەك دیاردەی هەژاری، بێکاری، قەیرانی نیشتەجێ، بۆ ئەوی بەڵگەکانم ڕوون بێت لەسەر ئەو خاڵانەی باسی دەکەم، کە دیاردەی بێکاری لە کوردستاندا 18٪ یە، 519 هەزار هاووڵاتی ئێستا لە کوردستان بێکارن، ئەمە بۆ ئەوەی قسەکانم کورت بکەمەوە، ناچمە سەر ئەوەی ڕێژەی دانیشتوان چەندە؟، نسبەتەکەی چۆنە؟، هۆکاری هەڵکشانی کەمتەرخەمی، حکومەت ڕۆڵی بینوە لە هەڵکشانی بێ کاری، نەبوونی سیاسەتێکی کاراو تۆکمە، کارپێ خستن لە لایەن حکومەتەوە بۆ ئەوانەی کە لە تەمەنی کارکردنـدان، دووەم، نەبوونی یاسایەکی کاری سەردەمیانە، کە ڕۆڵ ببینێت لە کەم کردنەوەی بێ کاری، لاوازی کەرتی تایبەت ( استعاب) کردنی کەرتی هێزی کار لە کوردستان، چونکە ئەو کەرتە خۆی لە خۆییدا لە قەیرانێکی خۆییدا دەناڵێنێ، تاوەکو ئێستا حکومەت نەیتوانیوە بە یاسایەك ئامانج و ئەرکی ئەو کەرتە ڕێك بخات، ئەویش یاسای کێ بڕکێیە لە کوردستان، دیاردەی هەژاری، ڕێژەی هەژاری لە کوردستان، لە ئێستادا نزیکەی لە 10٪یە، کاتێك ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بریتی یە لە نزیکەی 5 ملیۆن، بە پێی ئەو ڕێژەی سەرەوە، کۆی گشتی ئەوانەی لە ژێر هێڵی هەژاریدان، 472634 کەسن، واتە 28٪ ی خەڵکی کوردستان لە هەردوو ڕەگەزی نێرومێ بێ کارن ئێستاو لە ژێر هێڵی هەژاریدان، دەربارەی قەیرانی نیشتەجێ، سەرەڕای دەرچوونی یاسای 2007 ی سندوقی نیشەجێ، تاوەکو ئێستا 41 هەزار یەکەی نیشتەجێ لە لایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بە هەماهەنگی دەستەی وەبەرهێنان دروست کراوە، بەڵام کۆی گشتی پێویستی یەکەی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بۆ هاووڵاتیان، ئەوانەی کە چەندین خێزان بەیەکەوە دەژین، بۆ ئەوانەی کە کرێچین، بریتیە لە 463 هەزار خانوو، هۆکارەکانی زەق بوونەوەی دیاردەی هەژاری، واتە ئەو سیاسەتانەی کە حکومەت پێی هەڵنەستاوە، سیستەمی ئابووری بازاڕ، کە سیستەمێکی زاڵی ئابووریە لە جیهاندا، لەگەڵ دەرهاویشتە باشەکانی، دەرهاویشتەی خراپیشی هەیە بەسەر کۆمەڵگادا، سیستەمێکی ئابووری دروستی بازاڕ ئەوەیە، کە کەرتی تایبەت ئابووری وڵات بەڕێوەدەبات، لەسەر ئەوە تایبەتمەندە بە وەدیهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، حکومەت ئەم تایبەتمەندیە دەداتە هاوسەنگی ئەم وڵاتە، حکومەتی هەرێم ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە، ئێستا دەبینین گرفتە کۆمەڵایەتیەکان پەیتا پەیتا بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبن، بە شێوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خۆی بەجەستە دەکات، بۆیە حکومەتی هەرێم لە پەیڕەوی یاساو ڕێساکانی سیستەمی ئابووری بازاڕ، شکستی هێناوەو، نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێت کە هاوسەنکی کۆمەڵایەتی تێدا بپارێزێت، ئەگەر جۆرە چارەسەرێکیشی هەبێت، ئەوە چارەسەرێکی زۆر کاتیە، نەبوونی شەفافیەت و یەدەگی دارایی حکومەت، کاتێك سەرۆکی کابینەی پێنجەم، (نێچیرڤان بارزانی)، کۆتایی بە ئەرکی خۆی هێنا، ڕایگەیاند کە یەدەگی دارایی حکومەت، واتە ئەوەی بەجێی هێشتووە، بریتیە لە چوار هەزار ملیار دۆلار، کەچی سەرۆکی کابینەی شەشەم کورت هێنانی بودجەی 2011 ی، بەیەك تریلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو

چوار هەزار دەخەملێنێت، ئەمە جگە لە خاڵێکی تر تەندەرەکانی وەبەرهێنانی ساڵانەی حکومەت، پاش ڕاستاندنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژانەو تەندەری کردن لە دەسەڵاتی پارێزگاو، پارێزگاری هەولێر بە نموونە، وەزارەتەکان خۆیان پێشنیاری پڕۆژەکان دەکەن، کەچی لایەنێکی تر ناپەیوندیدار جێبەجێی دەکات، ئەوەش بوەتە هۆی بڵاو بوونەوەی گەندەڵیەکی بەر فرەوان لە فرۆشتنەوەی تەندەرەکان، گەڵێ جار چەندین دەستی بە دەستی پێ دەکرێ لە تەندەرەکان، بەڵێندەرە حیزبیەکانیش پشکی شێریان هەیە لەو پرۆسەیەدا، من ناچمە لایەنی کشتوکاڵ، بەس یەك شت دەردەخەم، ئەویش ئەوەیە، کە پلانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵ، لە 2009 و 2013 شکستی خواردووە، هەموو ئەو هۆکارانە توانیان لە 2/17 ببنە هێڵێك کە بە کردار بیسەلمێنن، کە ئەم حکومەتە ناتوانێت وەڵامگۆی داخوازی خەڵك بێت، چ لە باری ئاسایش، چ لە باری موئەسەساتی، چ لە باری پاراستنی گیانی هاووڵاتیان، سووتاندنی بارەگاکان، کوشتنی هاووڵاتی، هێرش کردنە سەر میدیای ئازاد، ڕادیۆی گۆڕان، تەلەفزیۆنەکەی نالیا، داخستنی خوێندنگای زانکۆی سەلاحەدین لە لایەن یەکیەتی قوتابیانەوە، یەك نەخستنی سەجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕاستە یاسایەکمان بۆ وەزارەتی دارایی دەرکردووە، بەڵام ئێستاش دوو داراییمان هەیە، ڕاستە یاسای وەزارەتی پێشمەرگەمان هەیە، بەڵام ئێستاش دوو سوپامان هەیە، ڕاستە دیوانی چاودێریمان بە یاسا یەك خستووە، تا ئێستا یەك ڕاپۆرت نەهاتووە، ڕاستە ئاسایشمان هەیە، کەئەمە تەبعەن لە 2010 لە قانونی موازەنە، هەتا بۆ مووچەش، بۆ ئەو دەزگایانەش، بە حکومەت ڕاسپێردراوە کە دەبێت لەم ساڵ هەموو ئەو دەزگایانەی کە یەکیان نەخستۆتەوە، دەبێت حکومەتێك کە بتوانێت کارەکانی سیستەماتیك بکات و، بتوانێت بە ڕێگەی قانون سەروەر بێت لە کوردستاندا ئەمە وجودی نیە، هەموو ئەو حاڵەتانەی سوپا، دەزگای پۆلیس، ئاسایش، ڕەنگدانەوەیان دیتوە لەسەر کێشەیەکی گەورەی نەتەوەکەمان، کە ئەوەیش ماددەی 140 ە، هەموو ئەو ڕەنگدانەوە دوو ئیدارەییەی ئێستا، لە کەرکووك ڕەنگی داوەتەوەو، کەرکووکی خستۆتە بەر مەترسیەك، کە سەرەڕای ئەوەی کە دەبوایە بە زۆر شێوەی ترو لە هەل و مەرجی ترو، بە هاوکێشەی جیاواز تر جێبەجێ کرابوایە، ئێستا کەوتینە کاری هێزی عەسکەری، ئێمە لە پەرلەمان لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا، لە بەرامبەر ڕووداوەکانی 2/17 دا، سەرەڕای پێشنیارەکانی خۆمان، لە جووڵاندنی هێز، لە دادگایی کردنی ئەوانەی کە تاوانبارن، لە بەرپرسیارێتی حکومەت کە کەمتەرخەمن، لەبەر چاوی ئەوان کە لەبەر دەمی ئاسایش و پۆلیس و پارێزگاکان مەقەڕەکان دەسووتێنن، ئێمە بڕیارێکمان دەرکرد، سەرەڕای تێبینیەکان کەلە 17 خاڵ خۆی دەنواند، دوای ئەوەی لیژنەیەك پێکهات بۆ ئەم بڕیارەی 17 خاڵیە، ئەم لیژنەیە، یەکێك لە کارەکانی هەوڵی بەپیر وەچوونی داخوازیەکانی خۆپیشاندەران بوو، دوای گەڕانەوەی ئەم لیژنەیە وهێنانی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان، کە بە لای ئێمەوە تەعبیر لە خواستی ئیرادەی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات، کە بەرە بەرە کێشەکانی سیستەمی سیاسی لە کوردستان قوڵ دەبێتەوە، کەچی هەر دوای ئەوە گرتن، هێزی چەکدار بەکارهێنان، هێزی دەمامك بەسەر، کوشتن، هێرش بردن بۆسەر بارەگاکان، نەپاراستن بەردەوام بووە، لە کەلار، لە سلێمانی، لەبەر دەرکی سەرا، لەبەر دەمی میدیای جیهانی و ناوخۆ، بە ئاشکرا هێزێك دێت خێمەکانیان دەسووتێنێت، هەموو ئەو بەرپرسیاریەتانە دەکەوێتە ئەستۆی

حکومەت، ئەمە جگە لە کەلار کە ڕادیۆی دەنگیان سووتاند، جگە لەوە، من یەك نموونە دەهێنمەوە لەو کارانەی کە بۆ چاودێری کردنی ئەرکی پەرلەمان لە بەرامبەر بە حکومەت کە لە سەرەتادا، حکومەت ئامادەنەبوو وەڵامی پرسیارەکانیش بداتەوە، بەڵام من لە یەك پرسیار باس دەکەم، سەبارەت بە دەرچوونی یاسا لە پەرلەمان و پێویستی جێبەجێ کردنی حکومەت، یاسایەکمان دەرکردووە کە پێویستە دامەزراوی مافی مرۆڤ، کەلە کوردستان مافی مرۆڤ چۆن پێشێل دەکرێت، کە ئەرکی حکومەتە وەزارەتێکی کەم کردۆتەوەو، بە هەزاران ملیۆن پارەی بۆ سەرف دەکرێت، وە دەزگای جێ ناکۆك لەسەرەکان، وە دەزگای ژینگە کە هەموومان ئەهەمیەتی دەزانین، پاش چەندین مانگ لە وەڵامی ئێمەدا، بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەڵێت ئەمە بۆ ئەم دەزگایانەی جێ ناکۆکەکان وە ژینگە بەرپرسەکانمان داناوە، ئەمە بەبێ دەستکاری کردن، بەڵام بۆ مافی مرۆڤ، لە کاتێك کە خۆی پرۆژەکەی ناردووە، ئەڵێ ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەم یاسایە هەیە، لەبەر ئەوەی بۆتان دەنێرینەوە تێبینیەکان، یەعنی ئەم تێڕوانینە بەوە دەبینم کە چۆن موخاتەبەی دائیرەیەکی خۆت دەکەی کە پەسەندی ئەو تێبینیانەی ئێمە دەکات، ئینجا ئێمە ئامادەین ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین، لە کوێی دونیا هەیە کابینەیەك پەرلەمان یاسای بۆ دەربکات، ئەو بڵێ من جێبەجێی ناکەم؟ پێشنیارم هەیە لەسەر ئەم یاسایە بۆتان دەنێرمەوە، پێشنیارەکان قبوڵ بکەن، ئینجا من ئەو یاسایە جێبەجێ دەکەم، تەبعەن ئەمە نموونەیەکە، مشتێکە لە خەروارێك بۆ ئەوەی کە لە کوردستان، ئینجا لە دامەزراوی دادگاکان و، سەروەری نەبوونی یاسا، هەموو ئەوانە و بەردەوامی ئەو دۆخەی ئێستاش کەلە کوردستانە، وەلە هەموو ئەو تەداخولەی حیزب لە حکومەتی دەکات، چۆتە ناو هەموو دەمارەکانی ژیانی حکومەت و، ژیانی خەڵك، وەلەو بڕیارانەی کە قەرار بوو موڵك و ماڵی گشتی بگەڕێتەوە بۆ خەڵك، کە حکومەت بڕیاریداوە، تاوەکو ئێستا یەك هەنگاوی جدی نەنراوە، سەرەڕای بڕیارەکانی پەرلەمان کە لە دوای $2/17$ دەری کردووە، هەموو ئەوانە دەردەخەن کە ئەم سیستەمە پێویستی بە گۆڕانە، ئەم سیستەمە هەرکەسێك دایبنێت یان سەرۆکایەتی بکات، شکستەکەی لە $2/17$ ساغ بۆتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵك، بۆ هەمووومان، لەبەر ئەوە هیچ ڕێگایەکمان لەبەر دەم نیە، یان دەبێت بەڕێزی خۆی ئیستیقالە بدات، لەبەر ئەوەی ناتوانێت بە ئەرکی خۆی، لەبەرامبەر میللەتەکەی خۆی ئەرکێکی ئەخلاقی، سیاسی، هەڵستێ و بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات، یان دەبێت ئیقالە بکرێت کە بەلای منەوە هێشتا ئەوە ڕوون نیە کە ئایا لە دۆخە نائاساییەکان سەرۆکی هەرێم دەتوانێت ئیقالەی بکات؟، یان دەبێت پەرلەمانتارانی ئێرە کە ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی و ویژدانیان لەبەرامبەر کۆمەڵانی خەڵك لە ئەستۆیە، کە متمانە لەم حکومەتە بسێننەوە، چونکە ئەم حکومەتە لە دۆخێکدایە، کە ئایندەی کۆمەڵەکەمان، ژیانی خەڵکمان، پاراستنی ئەمنمان ئاسایشمان، دۆستی گەلەکەمان، بە ئاقارێك دەبات کە دەتوانم بڵێم کارەساتی لێ دەبێتەوەو، وە خۆشی بە بن بەست گەیشتووەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عمر عبدالعزیز کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، مەعلومی هەموو لامانە کە ئێمە بالاّ ترین دەزگای ڕەقابی و دەزگای تەشریعین لە کوردستان، وە نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستانین، کە دەڵێین ئێمە، مەبەستم فراکسیۆنی خۆمان نیە، مەبەستم ئەم ئامادە بووە بەڕێزانەیە کە ئەندامانی پەرلەمانن، بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە، وەبە هەموو بیر کردنەوەو بە هەموو پێکهاتەکانەوە، بۆیە هەمووومان بە هەموو پێکهاتەکانەوە، بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە، پەرۆشین بۆ ئەزموونی سیاسی کوردستان، وە سورین لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکان، وەلەسەر گەشەپێدانی دەستکەوتەکان، وەدژیشین بە هەر کەس و دەستێك کە ئاسایشی ئەم هەرێمە تێك بدات، وەنەتوانین هەنگاوی جدی بنێین بۆ پاراستنی ئەزمونەکەمان و بۆ بەرەو پێش بردنی ئەزموونەکەمان، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین کە داکۆکی کار بین لە داوا کاریەکانی هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر، وە هاووڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی غەیری خۆپیشاندەرانیش، وادەزانین ئەم داواکاریانەی کە نێردراون بۆ پەرلەمان، بەڕەسمی لە لایەن لیژنەی تایبەتی پەرلەمانەوە وەرگیراون، دەبوایە هەر زۆر زووتر لە ئێستا بە هەند وەربگیرابان، کە ئەمڕۆ 10 ڕۆژ تێدەپەڕێت بە داخەوە نەمانتوانی میکانیزمێکی سەرکەوتوو، بۆ جێبەجێ کردنیان، بۆ بەدەمەوە چوونیان، بۆ خستنیان، لە ناو قاڵبی یاسایی بکەین، من وا دەزانم کێشەی ئێمە لە کوردستان، قەیرانمان لە دامەزراوە نیشتیمانیەکان نیە، وە قەیرانمان لە بوونی کەسایەتی نیە، ئەگەر گرفتێکمان هەبێ لە نەبوونی، یان بوونی لاوازی ئیرادەی جدیە بۆ ئیسلاحی سیاسی، من وانازانم ئیرادەیەکی جدی هەبێ بۆ ئیسلاحی سیاسی، بەو بەڵگانەی کە ئێستا دەیخەمەڕوو، ئەمە ماوەیەکی زۆرە پرۆژەی ئیسلاحی جۆراو جۆر پێشکەش دەکرێن، لە کوردستان لە لایەن هێزە سیاسیە دڵسۆزەکانی ئەو وڵاتە، وە لە لایەن کەسایەتیەکانەوە، وە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە، لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە، وە خودی حکومەتی هەرێمیش چەندین جار باسی لەوە کردووە، کە پێویستە ئیسلاحی سیاسی بکرێت، پێویستە ئیسلاحی ئیداری بکرێت، پێویستە دەستکاری زۆرێك لە دامەزراوەکانمان بکەین، کۆبوونەوەی ئێمە ئەمڕۆ، بە پێی ئەو پرۆتۆکۆلە، بە پێی ئەو بڕیارەی پەرلەمان، بۆ باس کردنی ڕووداوەکانی 2/17 بە رەو ژوورە، بەلاّم پێشتر هۆکاری کەڵەکە بوو هەن، ناکرێ هەر لەو حەدەسەوە دەست پێ بکەین، کە ئەڵقەیەکی پێکەوە بەستراون، بۆیە دوو، سێ کەلیمەیەك لەو زەمینە عەرز دەکەم، دوایی دێمە سەر بڕیارەکانی 2/23 ی پەرلەمان، من وا ئەزانم گەورەترین هۆکار، چڕیان دەکەمەوە لە چەند خاڵێك، کە ئەو ڕووداوانەی دروست کرد، کە خەڵکی کوردستانی هێنایە سەر جادە، وە خۆپیشاندەرانێکی بەو ئیرادە بە هێزە دروست کرد، کە بۆ ماوەی دوو هەفتە سوور بن لەسەر داواکاریەکانیان، ئەم چەند هۆکارەن کە زۆر بە کورتی عەرزیان دەکەم، یەکەم گرفت لە کوردستان بە قەناعەتی خۆم، نەبوونی شەفافیەت بوو لە وەعدی دارایی و سامانی گشتی، کە زۆربەی زۆری گرفت و گلەییەکانی تر دەرهاویشتەی ئەم خاڵەن، گرفتی دووەم درێژ بوونەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی، بە تایبەتی لەو دوو، سێ جومگەیەی کەماوە، باسی چاودێری گشتی، وە پێشمەرگەو ئاسایش کەخۆشتان دەیزانن، ڕەنگە گرفتتان هەبێ بەدەست چارەسەریەوە، بەلاّم لە هەموو حاڵەتەکاندا بۆ خەڵکی کوردستان هەرس نابێت، کەبۆ ئیرادەیەك نیە ئەمە یەکلایی بکاتەوە؟، خاڵی سێهەم، یان هۆکاری سێهەم، دەست تێوەردانی بەردەوامی حیزب لە کاروباری حکومەت، وە لەوە گرفت تر، نەبوونی هەڵوێستێکی ڕۆشن بەرامبەر ئەم گرفتە موتەئەزیمە بەردەوامە، وە ئاگادار نەکردنی هاووڵاتیان لەم هەڵوێستە ئەگەر هەیە، ئەگەر حکومەت نیگەرانە لەمە، جەماوەر بۆ ئاگادار نیە، خاڵی چوارەم، هۆکاری چوارەم، کە ئەم کەڵەکە بوونەی دروست کرد، گرفتی ناعەدالەتی لە زۆر بواردا، تەنها ناونیشانەکان دەڵێم لە بواری دامەزراندن، لە بواری بازاڕی ئازاد، لە کردنەوەی کۆمپانیاکان، تەنانەت لە خوێندنی بالاّ، لە ئیفادات، لە زۆر بواری تر کە ڕەنگە ئەگەر لە کۆی

داواکاریەکانی هاوولاّتیان سەیری بکەین، کە ئەمە لە هاوولاّتیانەو ئەم چەند وەرەقەی بەر دەرکی سەرای سلێمانی نالّێم، کۆی داواکاری زانایانی ئاینی، مامۆستایانی زانکۆ، یاسا ناسان، ڕێکخراوە جەماوەریەکان هەموو ئەوەی کەلە پەرلەمان کراوە، ئەوەتا نامیلکەیەك هەمووی نموونەی زۆری تێدایە، گرفتی پێنجەم، گرفتی بێکاری گەنجان، دانەمەزرانـدنێکی زۆری خەریجەکان، بوونی کرێچیەکی زۆر، وە بوونی ڕادەیەکی زۆر لە فەقیری و هەژاری، کە برایان باسیان کرد، نەچمەوە سەری، خالّی شەش و کۆتایی، وەکو نموونەیەکی زینـدوو، بوونی سزای سیاسی، سەرەڕای ئەوەی زۆر نکۆلّی لیّ دەکریّت، سەرەڕای زۆر ئینکاری دەکریّت، بەلاّم بە دەیان بەلّگە هەن کە سزای سیاسی هەیە، لە فەسل کردن، لە نەقلّ کردن، لە فشار دروست کردن، وە مـن نموونەی زینـدوو عەرز دەکەم، کە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران گەیشتۆتە هەنـدێ پارێزگا، مەسئولی ئاسایشی پارێزگایەك وتوویەتی لای ئێمە ناخوات، ئێمە کارمان بە تۆ نیە تەعینت بکەین، ڕاستە هەریەك لەم خالاّنە بەلّێن دراوە بۆ چارکسازی، بەلّێن دراوە بۆ ئەوەی کە نەهێلّدرێن، بەلاّم بەڕاستی تا ئێستا خەلّکی بە عەمەلی، جێبەجێ کردنی ئەو بەلّێنانە لە زۆر بواردا هەر نابینێت، لە زۆر بواریشدا زۆر سنووردار ئەیبینێت، زۆر سست ئەی بینێت، لەبەر ئەوە ئێمەی بەشێك لە سیاسیانی ئەم ولاّتە، یان لە نوێنەرانی ئەم ولاّتە، زۆر بە جدیمانە کە ئەلّێین لەگەلّ ئەم داواکاریانەین، چونکە بە داواکاری ڕەوایان دەزانین، بە نیسبەت خالّی ئەخیرەوە، پەیوەنـدی بە بڕیارە 17 خالّیەکەوە هەیە، ئەوەی ناومان ناوە بڕیاری 17 خالّیەکەی 2/23، ئێمە لە فراکسیۆنەکان هەموو وەرەقەمان تەقدیم کردووە، هەر فراکسیۆنێکی بەڕێز وەرەقەیەکی گونجاو باشی تەقدیم کرد، من لە کیتابێکی ڕسمیش ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانم کرد، کە دەبوایە ئەو وەرەقانە بکرابانە نامیلکە بە پلەی یەکەم، چونکە پوختەی ڕاو سەرنجی هێزە سیاسیەکان و فراکسیۆنەکانی نوێنەری ئەو هێزە سیاسیانەی تێدایە، بەلاّم ئەو وەرەقانە لە چەکمەجەکان لەگەلّ ڕێزم ون بوون، هەر دیار نین، کە ئێمە بۆخۆمان زۆر مانـدوو بووین، تا لە وەرەقەیەکدا ئامادەمان کرد، خستمانە بەردەستی سەرۆکایەتی کە 11تەوەرو، 22 خالّی تێدایە، بەلاّم بەداخەوە نەخرایە ناو ئەو نامیلکەیە، ئەکرا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیستیفادەی باشی لیّ بکات، بۆ ئاراستە کردنی بە بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران، بە هەرحالّ ئێمە ماندووبونێکی زۆرمان چەشت، جەنابتان هەمووتان ئاگادارن، کۆبوونەوەی باش کراوە، بە قەنەعەتیش ئەوە بەگەرمترین کۆبوونەوەکانی خولە پێشوەکانیش ئەتوانم بلّێم بە قەدەر ئەمجارە نەبوو، وە خەلّکیش دلّخۆش بوو بەوەی چەند سەعات ئێمە توانیمان تا نیوەی شەو، گفتوگۆ کردن لەسەر داواکاری هاوولاّتیان، لەسەر ئەوە بچین، وە 17 بڕیاری لیّ کەوتەوە کە من ئێستا خروقات بەو 17 خالّە بەڕاشکاوانە عەرز دەکەم، بە قەناعەتی من یەك دوو خالّیان لیّ جێبەجیّ کراوە لە هەر 17 خالّەکە، لە خالّی یەکەم باسی ئیدانەمان کرد، ئیدانەو تەحریم و تەجریم کردنی تەقەو توندو تیژی بەرامبەر بە هاوولاّتیان، بەلاّم دوایی ئەوەی تەقە کرا، دوای ئەوە خەلّك کوژرا، دوای ئەوە توندو تیژی بەکارهێنرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەمانبینی هەلّوێستێك بگرێت لەمە، نەمان بینی پەرلەمانیش لێپێچینەوە بکات لەسەر ئەم خالّە، خالّی دووەم باسی کشانەوەی هێزەکان بوو، ئەم هێزانە هەر ئەلّێن کشاونەتەوە، خەلّکیش ئەلّێن نەخێر هێز دەبینین، ئالّوگۆڕ دەکرێت بە هێزەکان، لەملا ئەبرێت بۆ ئەملا، هێزەکان شێوەیان ئەگۆڕدرێت، هێزانێکی تر ئەهێندرێن، خالّی سێهەم، باس لە ئازاد کردنی گیراوانە، ئێمە ئەلّێین بۆ خەلّك دەگیرێت لەسەر خۆپیشاندان، ئێمە نەمان وتووە خەلّك بگرن و ئازادی بکەن، تا بکرێتە منەت لەسەرمان، وەلاّ خەلّکەکە ئازاد کران، کاکە خەلّك بۆ دەگیرێت تا ئازاد بکرێت، بڕیارمان هەیە، یاسامان هەیە، خەلّك لەسەر خۆپیشاندان نابێت بگیرێت، خالّی چواری بڕیارەکە، باسی قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کەس و لایەن و دەزگا کراوە، ئێمە هیچ هەنگاوێکمان نەدیوە، بەهیچ

میکانیزمێکیش باس نـەکراوە، تـا ئـەم لەحزەیـە شـتێك نـابینین، خـەڵکانێك زیانیـان لێ کەوتووەتـەوە، دەزگـان، دەزگا هەیە سووتێندراوە، کەس هەیە شەهید کراوە، خەڵك هەیە بریندار کراوە، دوکـان مەسـەلەن شـکێندراوە، زیان کەوتووە لە هاووڵاتیان، بەڵام چ ڕێکارێکی یاسایی گیراوەتە بەر بۆ قەرەبووی ئەمانە، خـاڵی پێنجـەم باسـی پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەرانە بـە هێـزی چالاکی مـەدەنی، پۆلیسـی چالاکی مـەدەنی، بـەڕێزان تـا ئـەم لەحزەیەش تا شەوی ڕابردووش، خەڵك هەیە کەس نازانێت ناوی چیە، بـە دەمامکـەوە بـە دەمـی داپۆشـراوەوە، هەندێجار بە جلی عەسکەریەوە، هەندێجار بە جلی مەدەنیـەوە، هەڵدەکوتنـە سـەر خـەڵك، تەعـەدا دەکـەن لـە خەڵك، هەڕەشە دەکـەن لـە خـەڵك، سێ ڕۆژ لەمـەو پـێش پـەیامنێری هەنـدێ لـە کەناڵـە ئاسمانیـەکان، لەوانـە کـەناڵی knn و کـەناڵی سـپێدە، هەڕەشـەی جـدیان لێ کـراوە، هەڕەشـەی کوشـتنیان لێ کـراوە، وەکەسـەکانیش مەعلومن، بەڵام لای کێ سکاڵا بکەن؟، کاتێك گاڵتە ئەسلەن بە سکاڵاکانیان دەکرێت، لە خاڵی شەش باسی هێـزی پێشمەرگە کراوە کە دوور بێـت لـە ململانێـی سیاسـی، خۆزگـە بمانتوانیایـە وا بکـەین، بـەڵام بەڕاسـتی ئەمـەش وانابینین جێبەجێ کرابێت، هێـزی پێشـمەرگە کـە هـەموومان شـانازی پێـوە دەکـەین و، ڕەنگـە لـە دەسـتکەوتە گـەورەکانی مێـژووی خـەباتی هاوچـەرخی سیاسـی خـەڵکی کوردسـتان بێـت، بـەڵام بۆچـی ئـەبێت لـەم جـۆرە حاڵەتانە، ئەبێ ئێمە کارێك بکەین، ئەو خەڵکە تێڕوانینێکی تر یـان خوێندنەوەیـەکی تـری بـۆ دروسـت بێـت، بۆگەنجمان لە پێشمەرگە بترسێت؟، کە هەق وایە بـە پێشـمەرگە دوژمـن بترسـێنین، کـە بـە حـەرفی وتـراوە لـە ململانێـی سیاسـی و نـاوخۆیی دووریـان بخەینـەوە، لـەخاڵی حـەوت باسـی لیژنـەی بـاڵای لێکۆڵینـەوە کـرا، مـن ئەپرسم لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە چی کرد؟، چی ڕاگەیەندرا بۆ خەڵك؟، ئێستا خۆپیشاندەران پرسیار بکەن لـە لایەنی پەیوەندیدار وەڵامەکەی چیە؟، بۆخۆم وەڵامێکم لا نیە، چونکە هیچم نەدیوە بکرێت، لە خاڵی نۆ باسـی بە بێ بڕیاری دادگا کە کەس ناگیرێت، نەخێر بەبێ بڕیاری دادگا دەیان کەس گیرا، بـە دوور لـە ئاگاداری دادگا ئەشکەنجەی دەیان کەس درا، بە تەداخولی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان و تۆزێك فشاری سیاسـی هەنـدێ لایـەن و، هەندێ بەرپرسی سیاسی نەبوایـە، بـەخوا ئـەو گیراوانـەش ئـازاد نەئـەکران، خـاڵی دە، باسـی ئـەوە دەکـات هێـز جووڵاندن مەترسی دەرەکیە، ئەوە لەگەڵ خاڵەکەی باسی پێشمەرگە دەکات یەك مەوزوعە، بەهەر حاڵ ئـەوەش بـەو شـێوەیە نـەبوو، لـە خـاڵی 11 باسـی کـەناڵی نالیایـە تەحدیـدەن، کـە ڕێ و شـوێنی یاسـایی بگیرێتەبـەر، سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕۆژی دووەمەوە سکاڵا تۆمار کراوە، ئێستاش تەحەدا دەکرێت کە خاوەنەکانیان سکاڵایان تۆمار نەکردووە، کە ئەمە جێگای سەرسوڕمانە، مودەعی عام بۆ نایەتە دەنگ؟، ئەگەر هاتۆتە دەنگ بۆ وەڵامـی نادرێتەوە، خاڵی 12 باسـی پـڕۆژەی چاکسازی هـەموو لایەنـەکان دەکـات، خـۆش بەختانـە زۆربـەی لایەنـەکانی پەرلەمان پڕۆژەیان تەقدیم کردووە، وە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە جیا وەرەقەی خۆیانیـان تەقـدیم کـردووە بـە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، بـەڵام ئـەویش تـا ئێسـتا ڕێـك نەکـەوتین، ڕەنگـە یـەکێك لـەو شـتانە لـە پەرلـەمان جووڵێنـدراوە، باسـی ئـەم پـڕۆژەی چاکسازیە بێـت کـە بـە حیسـاب لیژنـەی بـۆ دابنـدرێت، خـاڵی 13، ڕەنگـە دەروازەیەکی زۆر بێت بۆ ڕووبـەڕوو کردنـەوەی حکومـەت لەگـەڵ مەجموعەیـەك پرسـیاری زۆر، باسـی بڕیـاری گرنگ و بە پەلە بۆ حکومەت، بۆ باشتر کردنی بـاری گوزەرانی خـەڵك، مـن نـازانم لـەو ڕۆژەوە چـی کـراوە بـێ کـاری بەردەوامـە؟، زۆربـەی خـەڵك هـەر نارازیـە، زۆربـەی یاسـاکان لایـەزال بـە شـەلەلی ماونەتـەوە، زۆربـەی دامەزراوەکان، بەرپرس و بۆردیان بۆ دانەندراوە، وە ئەو بەڵێنانەش کە پێشتر دراون، یـان درێـژ دەبنـەوە، یـان زۆر سست ئەچنە پێش، خاڵی 14، باسی هێور کردنەوەیە، من بۆیە بە ئیستیقرا هێنام، بۆ ئەوەی زۆر درێـژەی نەدەمێ بە کورتی، باسـی هێـور کردنەوەیـە لـە هـەموو لایەکـەوە هێـور کردنـەوە بکرێـت، ڕنگـە زۆربـەی زۆری لایەنەکان بەرپرس بن لەوە، کە ڕادەی هێـور کردنـەوەیان و هێورنەکردنـەوەیان چـەندە، خـاڵی 15، باسـی ئـەو

کۆبوونەوەیە کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و هەردوو وەزیر بێن، ئەوە بە سوپاسەوە هاتوون، خاڵی 16، باسی دایەلۆکی نیشتیمانی دەکات، ئەویش بە ڕاستی هەنگاوی جدیمان بۆ نەناوە، تەنها خاڵی 17 کاری بۆ کراوە، بە قەناعەتی ئێمە، خاڵی 17، کە دەڵێت لیژنەیەك دابندرێت بۆ گوێ گرتن لە هاووڵاتیان و هێنانی داواکاریەکانیان، بەڕێزان ئەم داواکاریانە ڕۆژێك لە بەڕێز سەرۆك کۆمارو بەڕێز سەرۆکی هەرێم و، سەرۆکایەتی پەرلەمان و، بەرپرسی یەکەمی هێزە سیاسیەکان و، مەکتەبی سیاسی حیزبەکان و، بە پەرلەمانتاران دەڵێین، بە هەند وەریان ئەگرین، داواکاری خەڵکی خۆمانن، ڕۆڵەی خۆمانن، مافی خۆیانە، هەندێ جاریش ئەڵێین ئەمە بە ئیعازی لایەنە سیاسیەکانەو، ئەمە داوای خەڵکی کوردستان نیە، ئەمە نازانم چیە، ئێمە بە واقعی ئەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەم وەرەقانە بکەین، وەلەگەڵ ئەوە داواکاریانەی تریش کە هاتوون، لەبەر ئەوە ئێمە بەڕاستی نیگەرانین، لە دواخستنی وەڵامدانەوەی ئەم داواکاریانە، وە وا ئەزانین پەرلەمانی کوردستان، بە بەدوادانەچوونی ئەم داواکاریانە لە لایەن بەڕێزان لە حکومەت، وەبە دەرەجەی یەکەمیش خودی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە دواکەوتنی جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئەیوب نعمت (ئارام) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، تێبینی و سەرنج و ڕەخنەکانم ڕووبەڕووی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەمەوە، لە چوارچێوەی خاڵی 12، کەلە 17 خاڵەکەدا هاتبوو، کە باس لە پڕۆژەی چاکسازی ڕیشەیی دەکات، کە ئەوەش هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەری داوە، کە ئێمە پێویستیمان بە چاکسازیەکی ڕیشەیی هەیە، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی گەورە بووینەتەوە، من داتایەکم لایە بۆ ئەوەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەك پرسیارێك وەڵام بداتەوە، کە ڕاپرسیەکە لە لایەن ڕێکخراوی ARI کراوە، کە تازە نەتیجەکەی خستۆتەڕوو، سەبارەت بەڕای خەڵکیشە، ئەوەنیە کە تەنها ڕای لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن بێت، لە هەموو شارەکان کراوە، سەبارەت بە گەندەڵی کە ئایا کێشەیەکی گەورەیە، کە لە 85٪ هاووڵاتیان دانیان بەوە داناوە، بەڵێ، ئێستا لە کوردستان کێشەیەکی گەورە هەیە، ئایا خزم خزمێنە هەیە؟، بەڵێ، لە 91٪ هەیە، کاریگەری حیزب لەسەر حکومەت لە87٪، بەڵێ، کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاودا دانەندراوە 90٪، ئەوەی کە ڕاپرسیان لەسەری کردووە، دەنگیان لەسەر ئەوە داوە، حکومەت لێپرسینەوەی نیە 89٪، یاسا جێبەجێ ناکرێت 89٪، ڕەشوەو بەرتیل خواردن 94٪، پلان بۆ وەزارەتەکان نیە 85٪، ئەمە بەڕاستی داتایکی زۆر مەترسیدارە، کە ڕووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە، کە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك، ئەم دیاردانە بۆچی ڕای خەڵك لەسەر ئەم مەسەلانە وایە؟، من یەك نموونە دێنمەوە لەسەر مەسەلەی گەندەڵی لە شاری هەولێر، کە زەوی پڕۆژەی دەواجنی هەولێرە، ڕووبەرەکەی نزیکەی 3800دۆنمە، نۆ ملیۆن مەترە، کە تەبعەن ئەمە داواکاری خاوەنەکەیەتی عەقدەکەیشم لە لایە، دوایی ئەتوانم ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەم، کە ساڵێك و نۆ مانگی ماوە عەقدەکە تەواو بێت، بەڵام هەرلە ئێستاوە دەست کراوە بە دابەشکردنی زەویەکە، وە ئەو ڕەخنانەش

كە جەماوەر هەيەتی، وە هەروەها ئێمەش وەكو پەرلەمانتاران، ساڵێك زیاترە ئێمە بەدواداچوونی ئەو رەخنەو تێبینیانە دەكەین، من یەك نموونە دێنمەوە، چونكە نموونە زۆرە، چەند پرسیارێكمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران و، وەزیرە بەرێزەكان كردووە، بەلام زۆرێكی وەلامی نەهاتۆتەوە، من دوو نموونەیان دێنمەوە، یەكێك لەوانە، یەكنەخستنەوەی هەردوو دەزگای مین لە كوردستان، كە رووبەرووی وەزیری دارایم كردۆتەوە، كە تا ئێستا هیچ وەلامێكم دەست نەكەوتووە، وە هەروەها ئیفلاس كردنی بانقی وەركا، كەلەهەرسێ پارێزگاكان هەیە، بۆتە كێشەیەكی زۆری هاوولاتیان، بەلام تائێستا هیچ وەلامێك نیەو، وە كێشەكەش چارەسەر نەكراوە، خاڵی دووەم، سەبارەت بە پێشێل كردنی 17 خاڵەكە، لە كۆتاییدا باس لەوە دەكات پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، ئەم 17 خاڵە جێبەجێ بكات، كەبەپێی ماددەی 11، لە یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان، باس لەوە دەكات، كە ئەگەر بێت و دەزگای پۆلیس، لە سنووری دەسەلات دەرچوو، پێویستە رێگای یاسایی بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی كە موحاسەبە بكرێت، كاك د.بەرهەم خۆی ناوی حەوت لە قوربانیەكانی هێنا، كە ئێستا منیش ناوەكانم لەبەر دەستدایە، هەشتە بەڵێ، تا ئێستا رێگای یاسایی نەگیراوەتە بەر، وەهەروەها لێپێچینەوە سەبارەت بەو كەسانەی كە بوونەتە هۆی قوربانی دانی ئەو هاوولاتیانە، خاڵێكی تریش كە پێچەوانەی یاساو، هەروەها پێچەوانەی 17 خاڵیەكەیە، هەوڵدان بۆ ئاسایی كردنەوەی بارودۆخەكەیە، بەلام هەرەشەكردن لە رۆژنامەنووسان، وەهەوڵدان بۆ تۆقاندیان، بۆ ئەوەی لە كارو چالاكی خۆیان ئاگاردار نەبن، بۆ نموونە، وریا حسین، دووجار لێشی دراوە، وەهەروەها كامیرەكەشی شكێندراوە، رادیۆی نەوا كە ئێستا داواكاریەكەیان لەلای منە، هەرەشەی راستەوخۆیان لێ كراوە، وەهەروەها چەند رۆژنامەنووسێك بۆ نموونە، سۆران عمر، فاتح فەرەج، ئەنوەر صباح، هەروەها كارمەندانی كەناڵی پەیام لە سلێمانی، رادیۆی كۆمەڵ لە هەولێرو سلێمانی و كەلار و رانیە، ژمارە تەلەفۆنەكانیشمان لایە، كاك د.بەرهەم، ئەوەتا لە لامەو ئەتوانم تەسلیمی جەنابتی بكەم، وە سكالاشیان پێشكەش كردووە، بەلام لەبەر ئەوەی بەراستی كە داواكاری گشتی لە كوردستاندا كارا نیە، وە ناتوانێت بە رۆڵی سروشتی خۆی هەڵبیستێت، تا ئێستا هیچ ئیجرائاتێك نەكراوە، هەروەها گرتنی خەڵك و لێدان و سزادان، گرتنەكە خۆی پێچەوانەی خاڵی 9 ی 17 خاڵیەكەیە، سزادانیش لە زیندان ئەویش هەر پێچەوانەی یاسایە، لیژنەیەك لە پەرلەمان تەبعەن سەردانی سلێمانی كردو، پاش ئەوەی كە لیژنەكەش لە پەرلەمان، ئاماژەی بەوە كرد كە خروقاتی 17 خاڵەكە كراوە، دوای ئەوە كە لیژنەكە هاتەوە، هێزێك كە شوناسنامەی خۆی نەناساندووە، رۆیشتوونەتە سەر ماڵی زانایەكی ئیسلامی بە ناوی، كامەران خوا رەحم بردوویانە، دوای 17، 18 سەعات ئینجا زاندراوە لەكوێیە، دوای سزادان و ئەزیەت دانی ئینجا ئازاد كراوە، لە 3/7 خۆپیشاندان لە كۆیە كراوە، زیاتر لە 13 كەس گیراون و سزا دراون و ئینجا دوای ئەوە ئازاد كراون، كە ئەمە پێشێلی 17 خاڵەكەیە و، هەروەها پێشێلی یاسای خۆپیشاندانیشە، سەبارەت بە قەرەبوو كردنەوەی زیان لێ كەوتوان، كەلە ماددەی 11، برگەی 2 ی یاسایەكەدا هاتووە، كە بریندارەكان و كوژراوەكانیش، بەلام لێرەدا مەسەلەیەكی تر دێتە پێشەوە، كۆمەڵێك تەرەتوبات لەسەر ئەم وەزعە دێتە پێشەوە، بۆ نموونە، داخستنی زانكۆی هەولێر، بەبێ ئەوەی كە وەزیر و وەزیری خوێندنی بالا ئاگادار بن، خەڵكیان ناردۆتەوە، یەكێك لەو قوتابیانە كە نێردراوەتەوە بەرەو ناوچەی

سۆران، لە ڕێگەدا تووشی حادیسەیەکی سەیارە بووە، کە ئێستا هەردوو چاوی لە مەترسیدایە بەرەو کوێر بوون، کە ئەمە بەڕاستی ئەو کەسەی کەناردویەتیەوە ئەوە بەرپرسیارە، پێویستە حکومەت ئەو قەرەبووەو وەهەروەها لێپێچینەوە لەو مەسەلەیە بکات، هەروەها لە هەولێر، پێش ئەوەی کە خەڵك تەنیا نیەتی ئەوە بووە کە خۆپیشاندان بکات، هێشتا خۆپیشاندانی نەکردووە، دەستگیر کراوەو ئازاریش دراوەو دوایی بەربووە، وەکو مامۆستا عمر باسی کرد، مەسەلەی جێبەجێ کردنەکە تەنها ئەوە نیە، ئەگەر بێت و ئازاد بکرێت، ئێمە خاڵەکەمان جێبەجێ کردووە، وەکو ئەصڵ ئەوەیە هەر نەگیرێت، هەتاوەکو بەبێ بڕیاری دادگا، پرسیارێکی تریشم لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، داخستنی زانکۆی هەولێر، وەهەروەها کۆیە، کە ئەمە بەبێ ئەوە قوتابیەکان فەرمانیان پێ کراوەو بەرەو سلێمانی و ناوچەکانی خۆیان نێردراونەتەوە، ئەمە بەڕاستی کارەساتێکی گەورەیە، کە پرسیار لە سەرۆکی زانکۆ دەکرێت، ئەڵێ من ئاگام لێی نیە، لە وەزیر ئەکرێت، ئەڵێ ئاگام لێی نیە، ئەمە ئەبێ کێ لێپێچینەوە بکات؟، وە کێش بەر پرسیارە؟، دەست نیشان بکرێت، هەروەها لە ماددەی 5 یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە بڕگەی 2، کە دەبێت پۆلیس خۆپیشاندان بپارێزێت، بەلاَم لە سلێمانی لە زۆربەی شارەکان بیندران چەندین هێزی تر، کە هەندێکی ڕەسمی و هەندێکی ناڕەسمی، کە ئەوانەش ڕەسمین مافی ئەوەیان نیە بڕۆن بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، بەپێی یاساکە، کە ئێمە وەکو لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنیش تێبینمان زۆر لەسەر ئەو یاسایە هەبوو، بەلاَم ئەو یاسایەش هێشتا جێبەجێ نەکراوە، کۆمەڵێك هێزی تر ڕۆیشتوون بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، هەروەها لە خاڵی 5 ی 17 خاڵیەکە، باس لەوە دەکات، کە ئەبێ هێزێکی تایبەت دابندرێت، باج و بە تەواوەتی شوناسنامەی خۆیان دەست نیشان بکرێت، ئەمە تەنها لەم 17 خاڵەدا نیە، بەڵکو لە ساڵی ڕابردوو و پێشتریش، بڕیار دراوە کە هێزێکی تایبەت بۆ خۆپیشاندان دەست نیشان بکرێت، بەلاَم بۆچی تا ئێستا دانەندراوە، بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە خۆپیشاندان دەکرێت، تووشی ئەم قەیرانە نەبین، وە هەروەها ئەو ئیشکالاتە یاساییە ڕوومان تێ نەکات، لە ماددەی 2 بڕگەی 2، کە دەڵێت، نابێ بە پێچەوانەی یاساوە پیادە کردنی مافی خۆپیشاندان بکرێت، بەلاَم لە هەولێر کە دەڕۆن داوای خۆپیشاندان دەکەن، محافظ دەڵێت بە دەست من نیە، بە دەست وەزیرە، وەزیریش ئەڵێت بە دەست محافظة، یاخود ڕەفز دەکرێت، کە ئەمەش بەڕاستی لە کاتێکدا یاسا دانراوە بۆ ئەوەی کە ڕێك بخرێت، نەوەك قەدەغە بکرێت خۆپیشاندان، هەروەها دیاردەیەکی تریش، کە ئەویش بریتی یە لە هەڕەشە کردن لە مامۆستایانی ئاینی، هەر چەند نموونەیەك دێنمەوە، وەیاخود لابردنیان لەسەر وەزیفە، لەسەر ئەوەی کە ڕای خۆیان وتووە، سەبارەت بە خۆپیشاندان، سەبارەت بە داخوازی خەڵك، لەوانە مامۆستا علی هەرتەلی لە هەولێر، مامۆستا فەرمان لە چۆمان هەڕەشەی لێکراوە، مامۆستا مەلا عثمان شێرە لە سلێمانی، کە ئەمانە وا پیشانی خەڵك دەدرێت بەڕاستی خەڵکی لەژێر مەترسیدایە بە هەڕەشە و هەموو تەلەفۆنەکان و مەسجەکانیش هەیە بە ڕۆکۆرد کراوی، کۆتا پرسیارم، ئەویش ئەو ڕاپۆرتەیە کە لە لایەن لیژنەکەوە، لیژنەی پەرلەمانی و نوێنەری هەموو لیستەکانی تێدایە، داخوازی خەڵکە، وەهەموو پەرلەمانتاران بە تێکڕای لیستەکان، داکۆکیان لەوە کرد، کە ئێمە ئەم داخوازیانە بەهەند وەردەگرین، وەداکۆکیشی لێ دەکەین، وە کاك د.بەهەمیش خۆی ڕاستەوخۆ باسی لەوە کرد، خۆپیشاندەران دڵسۆزی ئەم میللەتەن، وەلە

دڵسۆزیان هاتوونەتە سەر شەقام، ئایا بۆچی تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە، وەڵامەکە مەبەستم ئەوە نیە، یەکسەر هەموو داخوازیەکان جێبەجێ بکرێت، بەڵکو بریتیە لە پلان و نەخشەیەك، کە ڕابگەیەندرێت بۆ شەقام، کە ئێمە بەم میکانیزمە، یاخود بەو شێوەیە ئێمە وەڵامی خۆپیشاندەران دەدەینەوە، هیوادارین کاك د.بەرهەم لەم کۆبوونەوەیە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عبدالله حاجی محمود کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاك د.بەرهەم دەکەین، بەڕاستی داواکاری هاووڵاتیان و خۆپیشاندەران، هەقێکی تەبیعی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە، بە شێوازێکی دیموکراسی و ئازادیانە، وە ئەوانە هەموو کوڕو کچ و خوشك و برای خۆمانن، وە ئێمە میللەتێکین، لەبەر ئەوە ئەو داواکاریانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لە دڵسۆزیانە، لە پەرۆشیانە، لە خەم خۆریانە بەرامبەر بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بۆ پێشکەوتنی ئەزموونەکەمان، وە بۆ چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی، کە ئەوەش مافێکی سروشتیە، وە شتێکی تەبیعیە، هەمووشمان تەئکیدمان لەسەر کردۆتەوە، لەسەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، کە فراکسیۆنەکەی ئێمەش لەسەرەتاوە، لە ڕاگەیاندنەکان و لە پرۆژەی چاکسازی خۆمان تەئکیدمان لەسەر کردۆتەوە، کابینەی نوێ لە لایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەت و کاك ئازاد بەرواری، لەسەرەتاوە کە پرۆژەی کاری بەرنامەی خۆیان ڕاگەیاند، ئەوە مودەیەکە، ساڵ و نیوێکە مایەی خۆشحاڵیە کە ژمارەیەك لەو خاڵانەی نێو پرۆژەکە، بە ئەنجام گەیەندراوە، وە ژمارەیەکیشی ماوە، هیوادارم ئەو کابینەیە چۆن لەسەرەتاوە، کە بەجدی پرۆژەی خۆی ڕاگەیاند، خزمەتگوزاری و چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، وە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان، وە پرۆژەی سیاسی و خزمەتکردن و پێشکەوتنی ئەم ئەزموونە و ئەم وڵاتە، بە جدی بەدواداچوون و داکۆکی کردن لەسەر پرۆژەی ڕاگەیاندنی کابینەکەی خۆیان بکەن، وە دڵنیام لەدڵسۆزی و بەدواداچوونی بەڕێزیان، پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، خۆشبەختانە پرۆسەیەکی دیموکراسی پەرلەمانیە، مایەی خۆشحاڵیە بۆ هەموو لایەك، کە ئەم پرۆسەیە، ئەم کورسی دەسەڵاتە، وە سەرکردایەتی سیاسی کوردی، وە هەمووشمان تەئکیدمان لەسەر کردۆتەوە، کە دەستاو دەستی پرۆسەی دیموکراسی لەلایەن سندوقەکانی دەنگدانەوەیە، وە هیچ کەسێك تا زەمەنێکی دیاریکراو، تاهەتایە ناتوانێت لەسەر ئەو کورسیە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە بۆ چاکسازی و داکۆکی کردن لە داواکاریەکانی هاووڵاتیان، بۆ پێشکەوتنی هەرێمی خۆمان، بەجدی دەست بخەینە سەر بنەبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازی، پشتیوانیەکی باش بین بۆ پرۆسەی سیاسی و بەرنامەی کاری حکومەتەکەمان، مایەی خۆشحاڵیە من بە جدی بە ڕاگەیاندراوێکی نوێی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەتوانم بڵێم، زۆر پێم خۆش بوو، دڵخۆشم بە جدیش ئەم ڕاگەیەندراوەی ئەم دوایەتان، کە ڕاتان گەیاند کۆمەڵێك خاڵی باشی تیابوو، هیوادارم بە جدی بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو ڕاگەیەندراوەی کە کردتان، من لای خۆمەوە وە زۆرێك لە هاووڵاتیان خۆشحاڵن بەو ڕاگەیاندراوەی

جەنابتان، کە کۆمەڵێك خاڵی لە خۆی گرتووە، پێویست ناکات لێرە ئیشارەتیان پێ بدەم، من دڵنیام کە جەنابتان بە جدی کاردەکەن بۆ چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی، هیوادارم هەموو لایەکمان و لایەنی پەیوەندیدار، وە پێکهاتەکانی پشتەوەی کابینەکە، کە زۆرینەیان موشارەکەیان کردووە، بە جدی پشتوانی لە جەنابتان و کابینەکەتان بکەن، دوو خاڵم هەیە بۆ بەڕێزتان، یەکەم بەدواداچوونی بڕیاری پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژەی 17 خاڵیەکە، کە ڕایان گەیاند، وا بڕیارە، کە بڕیاری لەسەر درا لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە، ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، هیوادارم جەنابتان و وەکو برایانیش تەئکیدیان لەسەری کردەوە، بە جدی بەدواداچوونی بۆ بکەن، چونکە ئەوە داخوازی هاووڵاتیانە، وە لە پەرلەمان تەبەنی کراوە، ئەوە ئەبێتە مایەی سەرکەوتنی حکومەتەکەو پرۆسەی دیموکراسی و سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر لە لایەن جەنابی سەرۆکی پەرلەمانەوە، چونکە لە بەرنامەی کاردا هاتووە، ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان، پێموابێ مەسەلەی پێشمەرگەو ناوچە دابڕاوەکانیش خاڵێکە، من دەمەوێ تیشك بخەمە سەری، دامەزراندی ئەم دەستکەوتانەی هەرێمی کوردستان، بوون و مانەوەیان، وەلەسەرەتاوە بوونی ئەو دەستکەوتانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بووە، وە بوون و مانەوەشیان، پاراستنی پایە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، کەلە پەرلەمان و حکومەت و قەزا خۆی ئەبینێتەوە، لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەیە، بەڕاستی داواکارم لە جەنابتان، ئەمە داوای خۆشیانە، چونکە ئێمە لە لیژنەکەمان، کە من تایبەتمەندم وەکو پەرلەمانتارێك لە کاروباری پێشمەرگە، داواکارم کە پشکداربن لە بودجەی هەرێمی کوردستان، نەوەك وەکو قەرز بودجەیان بۆ دیاری بکرێت، کە ئەوانیش هاووڵاتی ئەم هەرێمەن و هاووڵاتی خۆمانن، ئاخیر خاڵم، هیوادارم هەموو هەوڵێك بدەی جەنابتان و کابینەکەتان، بۆ ئارامی و هێمنی لە هەرێمی کوردستان و شارو شارۆچکەکان، ڕێگەی سەرکەوتنی ئەم هەرێمە، بە پێکەوە کارکردن و قبوڵ کردنی یەکتریە، کە ئەمە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی ئەم ئەزموونەو، جێبەجێ کردنی سیستەمی دیموکراسی و پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی، سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و هاوڕێکانی دەکەین، لەگەڵ دەستخۆشیمان بۆ ئەو کارو هەنگاوانەی کە حکومەت ناویەتی، لەماوەی دەست بەکاربونیاندا، دیارە ڕووداوەکانی 2/17 خۆپیشاندانەکان لە پارێزگای سلێمانی، وای کرد کە موئەسەساتی هەرێم و دامودەزگاکانی ئەم هەرێمە بێنە سەرخەت، بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان، کەلە کۆبوونەوەی نائاسایی خۆیدا لە 2/23 بڕیارە 17 خاڵیەکەی دەرکرد، وە لیژنەیەکی مەیدانی پێکهێنا، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازیەکانی خۆپیشاندەران، کە ئەم لیژنەیە توانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت و ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل و باش پێشکەش بکات،

وه دیدگای خۆشی بۆ چارەسەرەکان بخاتەڕوو، جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەو دانانی میکانیزمی گونجاو، وە سەقفی زەمەنی دەبێتە زامنی چاکسازی گشتی لە هەرێمدا، وە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران و شەقامی کوردستان، کە لێرەدا بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ، دەرفەتێکە بۆ چاکسازی، ئەو گرفتانەی کە بوونەتە هۆکاری ناڕەزاییەکان، کە حکومەت ئەبوایە چارەسەری بکردنایە، وە تەفادی بکردبان، بۆ ئەوەی بەهانە نەبێت بۆ ناڕەزاییەکان، ڕەخنەی هاووڵاتیان و شەقام، وەك نەهێشتنی هیچ دیاردەیەکی دوو ئیدارەیی، وە یەکخستنەوەی تەواوەتی هێز و دەزگاکان، چارەسەری گرفتەکانی خەڵك و، تەحقیقی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێیداوە، وە ئاشکرا کردنی چارەنووسی بێ سەرو شوێنەکان، تەنانەت ڕەخنە لە نەبوونی موشارەکەیەکی هەقیقی لە لایەنەکان لە حکومەتدا، ئێستاش پێمان وایە دەرفەت هەیە بۆ چاکسازی ڕاستەقینەو، گەلاڵە کردنی پڕۆژەیەکی ئیسلاحی هەمە لایەنە، مەشروعی گشت لایەنەکان، بەرپاکردنی دیالۆگی نیشتیمانی، بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو وە تەوافوقی نیشتیمانی، چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان و، پلانی گونجاو بۆ وەڵامدانەوە و جێبەجێ کردنی داخوازیەکانی شەقامی کوردستان، من سێ پرسیارم هەیە، ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی دەکەم، دوای دەرچوونی بڕیاری 17 خاڵیەکەی پەرلەمان، کە تیایدا هاتووە نابێت بەبێ بڕیاری دادگا، هیچ خۆپیشاندەرێك بەهۆی بەشداری کردن لە خۆپیشاندان دەستگیر بکرێت، وەتەقە کردن لە هاووڵاتیان و هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی حکومی و حیزبیەکان قەدەغە کراوە، بەلاّم ئەمانە دوای بڕیاری پەرلەمانیش ڕوویانداوە، بۆچی ڕێگایان لێ نەگیراوە؟، حکومەت ڕێ و شوێنی پێویستی نەگرتۆتەبەر؟، دووەم، هەربەپێی بڕیاری پەرلەمان، دەبێت تەنیا هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆ و پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەران بکەن، دەبێت بە شوناسی تایبەتیەوە، بەناو شوێنی کار دەرکەون، دەمامك و سەیارەی جام ڕەشیش قەدەغە کراوە، بەلاّم ئەمانەش ڕوویانداوە، بۆچی؟، سێیەم، حکومەت و بەرپرسە ئەمنیەکان بە کەمتەرخەم دادەنرێن لە پاراستنی خۆپیشاندەران و دەزگای ڕاگەیاندنەکان و ڕاگەیاندنکاران، دوای سووتاندنی کەناڵی نالیا و ڕادیۆو تەلەفزیۆنی گۆڕان، ڕادیۆی دەنگیش لە گەرمیان هێرشی کرایەسەر، بۆچی حکومەت ئیجرائاتی بەپەلە ناکات؟، یاخود ڕوونکردنەوەی پێویست نادات لە کاتی خۆیدا؟، وەك دەوترێ ئەوانەی هێرشی سەرکەناڵی نالیایان ئەنجام داوە، ناسراون، وە ئەوانەی کە چوونەتە سەر ڕادیۆی دەنگ بە جلی سەربازیەوە بوون، بۆیە داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەکەین، لەگەڵ هیوای مۆفەقیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نوێنەری کوتلەی برا تورکمانەکان، کێ ئەیەوێت قسە بکات؟، کەرەمکە.

**بەڕێز یەشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان، نیگەرانین بەو ڕووداوانە کە لە کوردستان ڕوو دەدات، دەبێتە کێشەو، دەبێتە مایەی ئەوە کە وا لە لایەنە کوردستانیەکان بکات، تا دوێنێ هەوڵیان دەدا شتێك بۆ کوردستان بکەن، ئەمڕۆکە یەکتر خەتابار دەکەن لە جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکان و، کەمتەرخەمی لە

ئەرکەکاندا، بۆیە ئێمە پشتگیریمان کردووە لە 17 خاڵەکەو، بەشداریمان کردووە لە هەموو کارو چالاکیەکاندا، زۆر ترینیش بەشداری بۆنەکانمان لە ڕێگای برای بەڕێزم کاك شێردڵ تەحسینەوە بووە، وەکو نوێنەرمان لە لیژنەکان بەشداری کردووە، ئاگاداری زۆرێك لە کۆڕو کۆبوونەوەکانین، کە بۆ پێکهێنانی ئەم چەند کێشەو ڕووداوانە کە ڕوویداوە چارەسەرێکی بۆ ببینینەوە، تەنها ئەو چەند خاڵە دەخەینەڕوو، چەند پرسیارێکە لە بەڕێزیان دەکەین، کە حەز دەکەین بۆمانی ڕوون بکاتەوە، ئەویش پرسیاری یەکەممان ئەوەیە، ڕۆژانە خەڵکی سلێمانی لەبەردەم دەرگای سەرا کۆدەبنەوە، ئایا مۆڵەتی فەرمیان پێ دراوە لە لایەن حکومەتەوە؟، ئایا هیچ بڕیارێك هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە؟، تاکەی بەردەوام دەبێت ئەم خۆپیشاندانانەی سلێمانی؟، ئایا پێویست نیە حکومەت داخوازیەکانی جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو خۆپیشاندانانە بێنن؟، پرسیاری دوومیشمان لە بەڕێزیان، دوای سووتاندنی کەناڵی نالیا، خێمەکانی بەردەم دەرەکی سەراش سووتێندراوە، ئایا نازانن کێن ئەو کارانە ئەنجام دەدەن؟، تا دەستگیریان بکەن، کێن ئەوانەی لە بەر دەرکی سەرا ئەو خێمانەیان سوتاندووە؟، ئایا حکومەت هیچ زەمانەتێك دەدات کە جارێکی تر ئەم ڕووداوانە، سووتاندنی بارەگاو یان شوێنی وەکو کەناڵی نالیا و خێمەکان دووبارە ڕوونەداتەوە؟، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار نوێنەری برا مەسیحیەکان کەرەمکەن.

**بەڕێز امیر گوگا یوسف عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پێشەکی سوپاسیا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، کو ساڵی 2004 هەتا نوکە هاتینە ڤەکرن، نوکە پتر هەشت هەزار خێزانێت مەسیحی نوکە ل کوردستانێ ئاکنجی بوونە، ئەکید ئەڤ ئاکنجیەشی کو ژبەر ئاشتی و ئازادی ل کوردستانێ بەرقەرارە، ژبەر هندێ ئەڤ ئاکنجیە ڤێرە ڤێ خەڵکێ هەیە، ڤێرە تەنیا مە پرسیارەك هەیە جەنابێ سەرۆکێ ئەنجومەنی، ئەوی ژی ل سەر ئاستێ حیزبی و حکومی و جەماوەریدا گەندەڵی هەیە، ئێوەی بەڕێز وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چ چارەسەریەکی بەپەلەتان هەیە، لە ڕووی پراکتیکەوە؟، ئەگەر بۆمان باس بکەی لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا بەناوی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی، بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز د.بەرهەم دەکەین، بێگومان ئەو ڕووداوانەی کە لە 17 شوبات و دوای ئەوە ڕوویاندا، ئەو خۆپیشاندانانەی کە تاوەکو ئێستا بەردەوامن، نارەزایەتی خەڵك بەرامبەر بەو کەم و کوڕیانەی کەلە حکومەتدا هەیە، ئێمە وەکو لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی پشتگیری لە داواکاری خۆپیشاندەران دەکەین، خۆپیشاندەران بەڕاستی مافی خۆیانە، کە ژیانیان خۆشگوزەران تر بێت، هەموو ئەو داواکاریانەی کە کردوویانە مافی خۆیانە، بەڕێزان هەر لەسەر ئەو ڕووداوانە، بڕیاری ژمارە یەکی دانیشتنی نائاسایی کە دەرچوو، 17خاڵیەکە، بەڕاستی جێگەی خۆشحاڵیە کە ئەمڕۆ، یەکێك لە خاڵەکانی کە خاڵی 15یە، ئێمە جێبەجێی دەکەین وەکو پەرلەمان، ئەویش ئەوەیە کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت لێرە ئامادەیە، بۆ

ڕوونکردنەوەو لێپرسینەوە لەسەر ئەو ڕووداوانە، ئێمە لە لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، سێ پرسیارمان هەیە ئەمانەویێت ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی بکەین، پرسیارەکانیش، یەکەم، بەڕاستی لەسەرەتای دەست بەکاربوونی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، وە دامەزراندنی کابینەی شەشی حکومەت، پڕۆژەی زۆر باش کراوە، ئێستاش حکومەتی هەرێم پڕۆژەی ستراتیژی باشی لەبەر دەستدایە، بۆیە من پرسیاری ئەوە دەکەم، بۆچی بەڕاستی زۆربەی زۆری داواکاریەکانی خەڵك ئەوەیە کە پڕۆژەی چاکسازی بکرێت لە حکومەتدا؟، بۆچی حکومەت ئەو پڕۆژە ستراتیژیانەی کە هەیەتی، من پێموایە پڕۆژەی چاکسازین، بۆ وەکو پڕۆژەیەکی چاکسازی ڕای ناگەیەنێت؟، پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە زۆربەی زۆری داواکاری خەڵکی خۆپیشاندەر ئەوەیە، کە تاوەکو ئێستا حکومەت بە ڕەسمی نەچووە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران قسە بکات، بۆچی تاوەکو ئێستا حکومەت نەیتوانیوە وە کو وەفدێکی حکومی پێك بهێنێ وەڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران، لەسەر داواکاریەکانیان گوێیان لێ بگرێت قسە لەسەر داواکاریەکانیان بکرێت؟، پرسیاری سێیەمم ئەوەیە، کە حکومەت توانیویەتی خاڵی 8 لە بڕیاری ژمارە 1ی ڕۆژی 2011/2/23 ی پەرلەمان جێبەجێ بکات، بەوەی کە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بکات، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، وە بەرپرسی دەزگا ئەمنیەکان کە کەمتەرخەمیان نواندووە، بەگوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك د.بەرهەم کەرەمکە، بۆ وەڵامدانەوەی سەرۆکی فراکسیۆن و لیستەکان، کەرەمکە، نیزامیە کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە نووسراو وەکو فراکسیۆن یەك پرسیارم کردووە وەکو سەرۆکی فراکسیۆن، بەڵام بە نووسراو هەموو پرسیارەکانمان ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردووە، لەبەر ئەوە لەبەر دەستیایەتی لە وەڵامدانەوە، پرسیارەکانی خۆمان وەرگرت، ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری تر دەکەن یاخود ناکەن؟، ئەو پرسیارەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەمکە کاك د.بەرهەم.

**بەڕێز د.بەرهەم صالح /سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو پرسیارو تێبینی و ئەو باسانەی کە وورووژێندرا، من پێم باشە بە شێوەیەکی مەنهەجی وەڵامی بدەمەوە، یەك بە یەکی ئەو قسانەی کە کرا زۆریم نووسیوە، بەڵام لەوەوە دەست پێ بکەم، لە بڕیارەکەی پەرلەمانەوە، لە 17خاڵیەکەوە، خاڵ بەخاڵ قسەی لێ بکەین، چیمان کردووە، وە دوای ئەوەش دەچمە سەر باسەکانی تر، وە هیوادارم چۆن من لەلای خۆمەوە بە سوپاسەوە ئەو تێبینیانەم وەرگرتووە، بە سوپاسەوە ئەو پرسیارانە وەردەگرم، بە گیانی ئەوەی کە ئێوە مەبەستتان چاکسازی و چاککردنی ڕەوشی حوکمڕانی وڵاتەکەمانە، هیوادارم بە هەمان شێوەش بە سینگ فراوانیەوە ، ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان هەندێ لەو تێبینیانەم وەربگرنەوە، بڕیارەکەی پەرلەمان، بڕیاری ژمارە 1 ی ساڵی 2011، سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕابردوو، تەحریم و تەجریم کردنی تەقە کردن لە هاووڵاتیان و هەڵکوتانە سەر بارەگاکان، بەبێ دوو دڵی تەحریم و تەجریمی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە دەکەین، تەقە کردن لە هەر هاووڵاتیەك، یان تەقە کردن لەهەر فەرمانبەرێکی حکومەت،

یان ئاراسته کردنی توندو تیژی بۆ هەرلایەنێك، شتێکی نەگونجاوە لەگەڵ بەها بەرزەکانی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان و، خۆشەویستی خۆمان بۆ وڵاتەکەمان، لەبەر ئەوە ئەوەی بەلای ئێمە وە وەکو حکومەت تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، فەرمانی ئێمە، بۆچوونی ئێمە، بڕیاری ئێمە، من خۆم چەندین جار لە کۆبوونەوەی ئەمنی لە سلێمانی بەشدار بووم، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بێگومان ئەم مەسەلانە ورووژێندراوە، کە ئێمە پاراستنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان، ئەرکی سەشانی ئێمەیە، بەڵام لە ئێوەش دەپرسم، پۆلیسێك، ئاسایشێك، چالاکیەتی مەدەنی کە دێتەبەر دەست درێژی کردن، لەمن دەپرسێ و چەندین جاریش هاتۆتە بەردەمم، لەو بابەتە د.بەرهەم تۆ بە ئێمە دەڵێی هیچ وەڵامدانەوەیەکتان نەبێ، دەبێ وا بکەن، تەقە نەبێ، ئەوە نەبێ، ئەوە نەبێ، هاتەسەرم تەقەی لێ کردم، هاتەسەرم ورووژاندمی، چی بکەم؟، هاتەسەر بارەگایەکی حکومی یان بارەگایەکی حیزبی، بەمەبەستی ئاژاوە نانەوە، من چی بکەم؟، تۆ داوام لێ دەکەی ئەوەش بپارێزم و ئەوە چی بکەم؟، وەڵامی من بۆی، هیوادارم ئەگەر کەسێکی تریش وەڵامێك و بڕیارێکی باشتریشی هەیە پێم بڵێ، قانون زەبتی نەفس، وەپاراستنی ژیانی هەموو هاووڵاتیەك و دوورکەوتنەوە لە هەموو توندو تیژیەك، من لەم ڕۆژانە چوومە ڕانیە، زۆرتان لەوانەیە قسەتان لەگەڵدا کردبم، پێتان وابوو بچی بۆ ئەوێ، بەرنامەی تێکدان هەیە، بەرنامەی ئاژاوە نانەوە هەیە، من خۆم لەلای خۆمەوە بەو هێزانەی ئەوێم وت، ئەوانەی کە بەرپرسی ئەمنی ئەوێ بوون، تەقەشم لێ کرا، نابێ وەڵامیان بدەنەوە، من ئەوە لە دڵەوە دەڵێم، پێموایە من دەناسن، پیاوێکم بڕوام بە توندو تیژی نیە، بەڵام بڕواشم بە حوکمی قانون هەیە، ڕێژوان کە شەهید دەکرێ، سەرکاری پۆلیس لە هەڵەبجە کە شەهید دەکرێت، ئەمە ماڵ وێرانیە بۆ وڵاتەکەمان، وەرن بابەیەکەوە هەوڵ بدەین، سەرچاوەی توندوتیژیەکە تەنها بە قسە نا، بەکار، بەدواداچوونی جدی بۆ بکەین، من بە ئێوە ناڵێم لێرە، بە کەسیشم نەوتووە، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی ئێمە مەلائیکەن لە ئاسمانەوە هاتونەتە خوارەوە و هیچ عەیبیان نیە، کەسیش لە ئێوە ناتوانێت بەمن بڵێت هەموو خۆپیشاندەران خەڵکی دڵسۆز و خەم خۆرن، کەسی خراپە کاریان تیا نیە، دووبارەی دەکەمەوە، ئەوانەی لەسەر جادەن، باسەکان دەووروژێنن باسی دڵسۆزی و خەمخۆری وڵاتەکەیە، بەڵام ئێوە زامنن لەوەی کە دەستی خراپەکاری تێ نەکەوێت، من ناتوانم زامنی ئەوەبم سەد دەر سەد هەموو پۆلیس و ئاسایشێك، هەموو فەرمانبەرێکی حکومەت، بێگەردو مەلائیکە بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم لە لایەنی خۆمانەوە، بڕیاری ئێمە زەبتی نەفسە، وە من ئەمەوێ هەندێ ڕووداو هەیە لە $2/17$ کە قەوما، هەموو دڵۆپە خوێنێك کە ڕژاوە، کارەساتێکە بۆ ئەم وڵاتە، بەبێ دوو دڵی دەیڵێم، بەڵام ئەگەر گرتنەوەی وەزعەکە نەبوایە، فریاکەوتنی وەزعەکە نەبوایە، کارلەکار بترازایە، لەوانەبوو دەیان هاووڵاتی تیا بگوزرابوایە، لەوانەیە من خۆم لە لای خۆمەوە، زۆر گلەیم لێ کرابێ، لەلایەن هەندێ ڕەفیق و هەڤاڵی خۆمانەوە، کە ئێمە بە شێوەیەکی نەرم لەگەڵ ئەو وەزعە کارمان کردووە، من هیچ پەشیمان نیم، پێموایە ئارامی ئەو وەزعەو، خۆ ڕاگرتن بەرامبەر بە هەندێ وروژاندن ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، لە پێناوی وڵاتەکەمان و لە پێناوی ئارامی وڵاتەکەمانە، ئەرکی سەرشانمانە، کشانەوەی دەست بەجێی هێزە جووڵە پێکراوەکان، ئەو هێزانەی کە جووڵەیان پێ کرابوو، مەبەستتان ئەگەر لەو هێزانە بێت، هێزی زێرەڤانی هات بەرەو سلێمانی، داخلی سلێمانی نەبوو، لە لای

تاسلوجه ڕاوەستا، کەوتە ژێرە ئەمورییەتی وەزیری پێشمەرگەو، دوای ئەوەی کە وەزعەکەی سلێمانی ئارام بۆوە، گەڕانەوە بۆ جێگەی خۆیان، ئەگەر هەرکەسێکی تر زانیاریەکی پێچەوانەی هەیە تکایە پێمان بڵێن، بۆ ئەوەی سۆراخی بکەین، بۆیە بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم، ئەو هێزانەی کە جووڵەی پێ کرابوو، گەڕانەوە، ئازاد کردنی سەرجەم ئەوانەی کە بەهۆی بەشداری خۆپیشاندانەکان گیراون، کە بەبێ ئەمری دادگا گیراون، ئازاد بکرێن، بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم لە ڕووداوەکان کۆمەڵێك ئیرباك هەبوو لە وەزعەکان، وەزعێکی زۆر ناجۆر بوو، 57کەس بریندار بوو، کوڕێکی گەنج شەهید بوو، حاڵەتێکی زۆر ناجۆر لە شاری سلێمانی هاتە کایەوە، کۆمەڵێك ئیجرائات کرابوو، هەندێکی من دەیلێمەوە بەڕوونی، 47 کەسێك بەبێ ئەمری دادگا گیرابوون، دەست بەجێ کە پێمان زانیوە، بمبورن من سوپاسی پەرلەمان دەکەم، سوپاسی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان دەکەم ئەگەر پێیان وتووین، وەکو کاك عمر باسی فەرموو، لەژێر زەختی ئەوان بەخوا، ئەوان فریام نەکەوتبوون زەختم لێ بکەن، کە زەختی کاری خێرم لێ بکەن مەمنونم، بەڵام هەرکە زانیم، ئەویش لە ڕێگەی ئیدیعای عامەوە زانیمان، دەست بەجێ بەردران، وە تەئکیدی ئێمە بۆ هەموو هێزەکانی ئاسایش و، بۆ هەموو هێزەکانی ئەمنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەمری قانون ناکرێت، من دڵنیاشتان دەکەمەوە لەمە، ئەوە ئیمتیحانێکی قورسە بۆ ئێمە، دووبارەشی دەکەمەوە، ناڵێم ئێمە بێگەردین، هەموو ئەفسەرێك و کارمەندێکی ئاسایشی ئێمە، یا پۆلیسی ئێمە، ئەوها بە مەنتقی قانون کاردەکات، بەڵام تەوجیهی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەیە بە قانون مامەڵە لەگەڵ ئەوە بکەین، لە کوێش بێ قانونی بکرێت، نەتوانم ئەو وەعدەتان بۆ بکەم، پێمان بڵێن بەدواداچوونی بۆ دەکەین، وە سەرپێچکارانیش بە پێی قانون سزا بدرێن، قەرەبووی ماددی ئەوانەی کە بەهۆی پەلامارو توندوتیژیەوە زەرەرمەند بوون، خاڵی چوارەم، ئێمە پێمان باشە هەموو ئەوانەی کە زیانیان پێگەیشتووە بچنە دادگا لەوێ دەعوا قەید بکەن، وە دادگا هەر بڕیارێك بدات لەو بارەیەوە ئێمە ئامادەین، سەربارى ئەوەش من ئامادەم لەگەڵ پەرلەمان هاوکار بین، ئەگەر پێتان باشە لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی ئەوانە، چونکە با واشی لێ نەیەت، ئەوە پارەی خەڵکە، ماڵی خەڵکە، پارەی من نیە، پارەی خەڵکە، هەر کەسێك بێت و بەهەر پێوەرێك بێ، بڵێ وەڵڵا من زەرەرم لێ کەوتووە وەرە قەرەبووم بکەوە حکومەت، پێموانیە ئەو کەسانەی کە زەرەرو زیانیان لێ کەوتووە، زوڵمیان لێ کراوە لەو ئەحداسانە، ئەوەی کە پەیوەست بێ، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە ئامادەین، ئەتانەوێ لە ڕێگەی لیژنەوە بێ، ئەتانەوێ لەڕێگەی دادگاوە بێ، ئەوە پەرلەمان ئەمانەوێ گوێ بیستی تێبینیەکانتان بین، خاڵی پێنجەم، سەبارەت بە پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندەران، هەڵبەتە کۆمەڵێك ڕێکاری یاسایی هەیە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان، لەو وەزعەی ئێستا هەندێ لەوانە گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە، ئەمری واقعێك دروست بووە، خۆ چەند جارێك ئێوە گلەیتان کرد لێرە، لەم کۆبوونەوە دەڵێن بۆچی بوار دەدەن بە خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت، ئەمە زۆر لایەکی خۆشە، لە لایەك دەڵێن، هەندێ لە ڕەفیقەکان ئەبێ حکومەت بڕواو قبوڵ نەکات ئەو خەڵکە کۆببێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەڵێن ئازاد بێت و ئەمانە، ئەمە حاڵەتێکە حەز دەکەم ئەمە دایمە لەبەر دەمی حکومەتدایە بەجدی پێتان بڵێم، ئەمە واجبی سەرشانی حکومەتە، کە پاراستنی خۆپیشاندەران بکات، نەیەڵێت

توندوتیژی لێ بکەوێتەوە، نەیەڵێت خەڵکی خراپەکار ڕەوشێك بنێتەوە، ئامانجی خۆپیشاندەران بە ئاراستەیەکی تر ببات، بەلام لە عەینی وەقتیشدا، ئایا ئێوە قبوڵتانە ڕێگەکان بگیرێت، ئایا قبوڵتانە شەلەلی حەیاتی ئیقتیسادی و بازاڕی، نەك هەر سلێمانی، شارەکانی تری کوردستانیش بەناوی ئازادی ڕا دەربڕینەوە ببێ، پێموایە نیقاشێکە، نیقاشێکی فەلسەفی و سیاسی زۆر گەورەیە، ئازادی چۆن تەعریف دەکرێت، ئازادی تا ئەو ڕادەیە ئازادیە کە تەجاوز نەکەیتە سەر ئازادی یەکێکی تر، ئازادی تا ئەو ڕادەیە ئازادیە، کە ئازادیەکانی خەڵکی تریش بپارێزی، ئێمە ئێستا حاڵەتێکمان لایە، کە ئەرکی سەرشانمانە بەجدی هەوڵ بدەین، ئەو وەزعە، ئەو ڕەوشە ئارام بکەینەوە، بە زمانی گفتوگۆ و وتووێژ لەگەڵ یەکدا، بتوانین جۆری ئەو وەزعە چارەسەر بکەین، سەبارەت بەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ ڕێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ دروست کردنی باج و ناوەکانیان، فەرمانیان داوە، من هیوادارم زۆر نەبات کە بتوانن ئەو کارە بکەن، هێزی پێشمەرگە لە ململانێی ناوخۆ بە دوور بێ، بێگومان بە دڵنیاییەوە پشتگیری لەو داوایە دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش من لەبەر دەمی ئێوە ئەڵێم سەربەرزین، هەنگاوی گرنگمان ناوە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، یان هێزی پێشمەرگە یەك هێز نەبووە، دوو هێز بووە، دیاردەکانی دوو ئیدارەیی زۆرن، ئەتوانین زۆری لێ باس بکەین، بەلام یەکێك لەو دیاردە خەتەرناکانە لە هێزی پێشمەرگە بووە، لە ساڵی ڕابردوودا چوار لیوای یەکگرتوومان دروست کردووە، وەبەرنامەمان و بودجەمان و دەستمان بەکار کردووە، بۆ ئەوەی هەشت لیوای یەکگرتووی تری هێزی کوردستان دابنێین، ئەوەش کافی نیە، من هیوادارم زۆر نەبات بۆ قۆناغی ئایندەی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، نەوەك هەر ئەوە بێت، ئەو هێزانەی کە ئێستا هەیە، یەکی بخەینەوەو بیخەینە مەرجەعیەتی وەزارەتی پێشمەرگەو، حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، با دەرگای تەتەوع بکەینەوە، خەڵك و هەموو هاووڵاتیەکی ئەم وڵاتە، گەنجی ئەم وڵاتە کە بیەوێ ببێت بە پێشمەرگە، لە سلکی عەسکەریەوە کاربکات، دەرگای تەتەوعی بە پێی پێوەرە میهەنیەکان بۆ بکرێتەوە، وە ئێستاش هێزی پێشمەرگەمان لە کەرکووکە، داکۆکی لە هەرێمی کوردستان و داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەکات لە کەرکووك، ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە، پێشمەرگە نابێت تێوە بگلێت لە کاروباری سیاسی و ململانێی سیاسی. ئەمانە، بە دڵنیاییەوە من پشتیوانی لەو داواکاری و پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکەم، سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنە خاڵی (7)ەم، ئێمە دەست بەجێ لە دوای ڕووداوەکانی $2/17$ فەرمانێکمان دەرکرد، لێژنەیەکمان پێکهێنا، ئەم لێژنەیە بە سەرۆکایەتی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بوو، و ئەندامیەتی چەند کەسی قانونی و نوێنەرانی جیا جیا بوون، هەم خەڵکی سەربەخۆ و هەم بە چاودێری بەڕێز مامۆستا جمال عبدول بوو کە زۆرتان لەوانەیە بیناسن، مامۆستایەکی بەڕێزە و کەسێکی ناسراوە لە سلێمانی بە عەدالەت و بەوەی کە قبولی زەخت و ئەولا و ئیملا ناکات، لێژنەکە دەست بەکار بوو، دوو ڕۆژ کاری کرد، من ئەمەوێ بە دڵنیاییەوە پێتان بڵێم، کۆمەڵێك بەڵگە و تەحقیقی زۆر گرنگی لەو 48 سەعاتە بەردەست کەوتووە کە چۆن ئەم ڕووداوانە دەستی پێکردووە لەبەر دەرکی سەراوە و چۆن ئەو وەزعە قەوماوە، لەبەر دەمی لقدا چی بووە و چۆن بووە؟ و، هەمووشی بە بەڵگە و بە ڤیدیۆ و بە تەحقیق لەگەڵ کۆمەڵێك لەو کەسانەی کە لەو حاڵەدا بەشدار بوون، دوا بە دوای بڕیارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمان، خاڵی حەوتەم،

ئێمه ملکەچ بووین بۆ بڕیاری پەرلەمان، ئەم لێژنەیەمان هەڵوەشاندەوە و داوامان لە ئەنجومەنی دادوەری کرد کە لێژنەیەکی نوێ پێك بێنێت، وەکو بیستوومە، کۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، پێیان وایە دەبێ سەرۆکەکەی ئەنجومەنی دادوەری بێ، بەلام لە حکومەتەوە خەڵکی تر بێ، تێگەیشتنی ئێمە کە دەڵێین سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری بێ، ئەوان دایدەنێن و دەتوانن داوای بکەن لە حکومەت یان لە لایەنی تر کە بێن بەشدار بن لەگەڵ ئێمە، بە هەر حاڵێك ئەوەی لای ئێمە مەتلەبە، ئەوەی لای ئێمە مەبەستە، حەقیقەتی رووداوەکانی $2/17$ وەکو خۆی بەشێوەیەکی ئاشکرا بخەینە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان، بیخەینە بەردەمی رای گشتی و، سەرپێچکاران، تاوانباران بدرێنە دادگا و سزای قانونی خۆیان بدرێتەوە، من بۆ ئەمە بە ئەرکێکی قانونی، ئەخلاقی، سیاسی و قانونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەزانم، من ئەوەندەتان پێ دەڵێمەوە، لە $48$ سەعاتی دەست بەکاربوونی ئەم لێژنەیە، کۆمەڵێك دوکیۆمێنت و بەڵگەی گرنگی کەوتە بەردەست کە بۆ من هەندێکی جێگای سەرسوڕمان بوو، بۆیە، بۆ ئەوەی کارەکانیش هین نەبێت، وامان کرد ئەو بەڵگە و ئەو شتانە بدرێتە ئەنجومەنی دادوەری و داوا لە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دەکەم لە لێژنەکەشەوە بە دواداچوونی پێویست بۆ ئەوە بکات، و هیوادارام رێنماییشمان بدەنێ سەبارەت بەوەی کە چی بکەین بۆ تەشکیلەی ئەم هەیئەتە تازەیە؟، سەبارەت بە کەم تەرخەمی هێزە ئەمنییەکان، ئەوە ئێستا خازیعی تەحقیقە، خازیعی لێکۆڵینەوەیە، من دڵنیاتان ئەکەم ئەوەی سەبارەت بە حکومەتە، ئێمە ئەنجامەکانی وەکو خۆی بەڕای گشتی و بە پەرلەمانی کوردستان رادەگەیەنین و، من نامەوێ، لەوانەیە وەکو رەئی بەرهەم، تێبینیم هەبێ لەسەر ئەوەی چۆن ئەدائی ئەمنی ئەو رۆژە، ئەو چەند ساتە وەختەی ئەو کارەساتەی لێ قەوماوە، بێگومان، بەلام لە مەوقعی منەوە نابێ ئێستا ئەحکامی ئیستیباقی بدەم، چاوەڕوانی لێژنەکە بین، لێژنەکە ئێوەش داواتان کردووە بۆ ئەوەی تەقیمی ئەدائی ئەجهیزەی حکومی و ئەجهیزەی ئەمنی و ئەجهیزەکانی تر بکات، بۆیە ئێمە کار لە کاری خۆمان دەکەین، خاڵی نۆهەمتان سەبارەت کە نابێ بە بێ بڕیاری دادگا کەس دەستگیر بکرێ، منیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم، لە هەر جێگایەك پێشێلکاری بکرێ، رووبەڕوی بوویمەتەوە، من داواشتان لێ دەکەم لە هەر جێگایەك پێشێلکاری کرا پێمان بڵێن، بەدواداچوونی بۆ دەکەم، بەلام حەقیقەتێکیش هەیە بە ئێوەی بەڕێز دەڵێمەوە، دەمەوێ لەو بارەیەوە وەکو چۆن وتم، ئێمە لە وڵاتێك ناژین هەمووی مەلائیکەت بێت، پێشێلکاری روو دەدات، ئەرکی سەرشانی حکومەتە بەدواداچوونی بۆ بکات، ئەرکی سەرشانی حکومەتە رێکارە یاساییەکانی بۆ بگرێتە بەر و نەهێڵی ئەو کارانە بکرێ و سزای قانونی ئەو کەسانە بدات کە دەیکەن، ئێمە وەکو ئەمری حکومی، من وەکو خۆشم وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، چ لە کۆبوونەوەی لێژنە ئەمنیەکان، ئەم حەقیقەتەم تەئکید کردووتەوە، پارێزگای سلێمانیش بەدواداچوونی بۆ ئەوە کردووە و لەهەر جێگەیەك لە رێگەی هەندێ ئەندامی پەرلەمانی بەڕێزەوە کە هەواڵمان بۆ هاتووە لە رێگەی خەڵکی ترەوە ئیجرائاتی پێویستی خۆمان کردووە، سەبارەت بە سووتانی کەناڵی نالیا و دەزگاکانی راگەیاندنی تر کە لەم ماوەیە دووچاری هێرش کردنە سەر بردن بوون، بە بێ دوو دڵی، ئیدانە و مەحکومی ئەم جۆرە کارانە دەکەین، ئێمە شانازییەکی گەورەی ئەم وڵاتەمان ئازادی ڕادەربڕین و

ئازادی رۆژنامەگەرییە، ئەو تەجاوەزە لەسەر نالیا و ئەو تەجاوزە لەسەر دەزگاکانی راگەیاندنی تر، تەجاوز نیە تەنها و تەنها وەکو تەجاوزە و هێرش کردنە سەر تێکڕای ئەزموونی دیموکراسی خەڵکی کوردستانە، هیچ پاساوێکی بۆ نیە، من دەمەوێ پێتان بڵێم، قازیی تەحقیق لە سلێمانی ئەمر قەبزی هەشت یان نۆ کەسی دەرکردووە، دوو کەسیان ناسراون، یەکێکیان سەر بە دەزگای دژە تیرۆرە، ئەوەی تریان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەمڕۆ ئەوەی دژە تیرۆر چووە بۆ لای حاکم و لەوێ نەبووە، بەیانی وا بزانم لە بنکەی پۆلیسی ئەزمەر دەچێ بۆ لای حاکمی تەحقیق، تەحقیقی لەگەڵدا بکرێ، ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگەش، ئەو ئەفسەرەی کە لە وەزارەتی پێشمەرگەیە، بە پێی قانون ئەبێ وەزیری پێشمەرگە بواری بدات، چونکە بە بێ بڕیاری وەزیری پێشمەرگە ناکرێ، ئەم بەیانیە وەزیری پێشمەرگە قەراری بۆ دەرکردووە کە بڕوات بۆ لای دادگا لە سلێمانی، من کە هاتم بۆ ئێرە وتیان کەوتووتە رێ بۆ سلێمانی، من دڵنیاتام دەکەم کە ئەوە جەریمەیەکی گەورە، تاوانێکی گەورە بوو دەرهەق نالیا تەنها نەبوو، دەرهەق هەموو ئەزموونەکە بوو، خودی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و خودی خۆشم، چونکە پێم وایە ئەمە ئەو وڵاتە نیە کە ئێمە دەمانەوێ، رێکارە یاساییەکان دەگرین، هۆکاری پێویستی بۆ دەکەین، سەبارەت بەوەی کە داواتان کردبوو کە تەعویز و ئەوە بکرێتەوە، دیسانەوە ئێمە لێژنەیەکمان داناوە بۆ بەدواداچوونی مەسەلەی نالیا و قەرەبوو کردنەوەی، بەڵام من حەز دەکەم ئەم مەسەلە بە ئێوە بڵێم، من ئەگەر لایەك، جەماعەتێك، تاقمێك بڕوات ماڵی یەکێك بسووتێنێ و حکومەتیش لە پارەی خەڵك بڕوات قەرەبووی بکاتەوە، غەدرە، غەدرە لە خەڵك، غەدرەکە ئەبێ بە دوو جار، ئەو کەسەی کەوای کردووە دەستگیر بکرێ و پەلکێشی دادگا بکرێ، هەم سزای قانونی و جنائی خۆی بدات، هەم پارەی ئەو زەرەرو زیانانەی کە داویەتی بیداتەوە، من ئەوەندەم پێ ئەکرێ بڵێم، بەتوندی من ئەو دیاردانە مەحکوم دەکەم، سەبارەت بە رادیۆی دەنگیش، من لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیانەوە قسەم کرد، ئەبێ پەیوەندی لەگەڵدا کردبێ، دووبارە ئەوەش دیاردەیەکی زۆر ناجۆرە، لەم حاڵەتە من ئەمەوێ بە ئێوە بڵێم، ساڵەهای ساڵە، بەتایبەتی لە دوای کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوەخۆ، هەوڵمان داوە ئەزموونێك بێنینەوە کایەوە کە رای گشتی و رای یەکتر قبوڵ بکەین، جیاوازییەکانمان قبوڵ بکەین، لە گرژی و بەزم و ڕەزمێکی ئەوها، کامە دیاردە ناشیرینەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دێنەوە، یەخەمان دەگرنەوە، بۆیە داوا لە ئێوەش دەکەم هاوکار بن بە یەك دەنگی، چونکە ئێمە بۆچوونی سیاسی جیاوازمان هەیە، ئەوە گۆڕانە، ئەوە کۆمەڵە، ئەوە یەکێتیە، ئەوە پارتییە، ئەوە لایەکانی ترن، بەڵام پاراستنی ئەو ئازادییە لە ئەستۆی هەموومانە، دەرفەتی ئەوە نەڕەخسێنین، خراپە کارەکانی هەموو ئەو لایەنانە، بۆ تێکدانی ئەم ڕەوشەو گەڕانەوەمان بۆ دواوە، ئەو کارە ناشیرینانە بکەن و بەسەر ئەم ئەزموونەو، تەواوی ئەم ئەزموونە بکرێ، سەبارەت بە چاکسازی ریشەیی خاڵی 14ـەم، بە گشتی و بە هاوکاری فراکسیۆنەکان، بە دڵنیاییەوە پێتان ئەڵێم، ئێمە پێشوازییەکی گەرم و گوڕ لە پێشنیارەکانتان دەکەین، دەمەوێ ئەم دەرفەتەی کە من لە پەرلەمانم لە خزمەتی ئێوە، باس لە هەندێ وردەکاری بەرنامەکانی چاکسازی خۆمان بکەم، کە چیمان کردووە و بەتەماین چی بکەین و لە ماوەی رابوردوودا چیمان کردووە؟، حەزیش ناکەم ئەم مەسەلانە بچێتە بابەتی ئەوەی کە ئێمە لە ژێر زەختی ئەم و ئەو، داخوازی خەڵك،

مـن وای لێکدەدەمـەوە، چاکسـازی دەوێ، بـەڵام چاکسـازییەکی خێراتـر، فـراوانتر، مـن لـە لای خۆمـەوە لەگـەڵ ڕەفیقـەکانم لـە ئەنجومـەنی وەزیـران، ئـەتوانم بڵـێم چاکسـازیمان کـردووەو کۆمـەڵێك هـەنگاوی گرنگمان ناوە، بەڵام داخوازی خەڵك زیاترە، داخوازی خەڵك خێراترە، ئەو دەنگە دەبیسـتین دەمانـەوێ پێی کار بکـەین، مـن دووبارەشـی دەکەمـەوە بـۆ ئێـوە و بـۆ هـەموو لیسـتەکانی پەرلـەمان، بـە پـرۆژەی موحـەدەد، بـە بڕگـەی دیـاری کـراو، بـە بەرنامـەی کـار، پێشـنیازەکانتانم پـێ رابگەیـەنن، و مـن لـە ڕاگەیاندراوێکی پێشووشدا داوامان کردبـوو لـە لایەنـە سیاسـیەکان و ئەنـدامانی پەرلـەمان و کۆمـەڵگای مەدەنی، لەو بارەیەوە بابەتمان بۆ بنووسن، من پێم وایە پەرلەمانی کوردسـتان، ئـەم جێگەیـە جێگـەی ئەوەیە قسەکانی چاکسازی بە جیددی لێرە باس بکرێ، دوور لـە زمـانی تەشـەنوج، لیسـتی کوردسـتانی داوای چاکسازی دەکـات، لیسـتی گـۆڕان داوای چاکسـازی دەکـات، لیسـتی یـەکگرتوو و کۆمـەڵ بـە هـەمان شێوە، لیستی حزبی شیوعی، ئازادی و یەکسانی داوای چاکسازی دەکات، هەموو داوای چاکسازی دەکەین، دەبا لەو جێگەوە، لیستی سۆسیالیستیش داوا دەکات، دەبا لێـرە ئێمـە هـەموومان بـە جیـددی چاکسـازی بکەین، چاکسازیش هەر قسە نیە، چاکسازی هەندێ وردەکاری و حەقیقەتی تێدایـە، مـن ئـەڵێم لەبـەر دەمی ئێوە سەربەرزم، لـە سـاڵی رابـوردوودا دەیـان و دەیـان ملیـۆن دۆلارمـان گەڕاندووتـەوە خەزێنـەی حکومـەت، لـەو پـارەی لـە حیزبـەوە بـوو و ڕاگەیانـدن و ڕێکخراوەکانمـان گەڕاندووتـەوە، لـە چاکسـازی ڕەقەم قسە ئەکات، چاکسازی ئەو ئیصلاحات و ئەو رووبەڕوبوونەوەی هەندێ ناوەنـدەکانی نفـوز بـووە کـە لـە سـاڵی رابـووردوودا ڕووبـەڕوویان بووینـەوە، نـەك هـەر ئـەوە بـۆ دروشمێـك بـێ کـە بڵـێن، کـەم کردنەوەی پارەی حیزب، یان بڕینی پارەی هەنـدێ لـە ڕاگەیاندنـەکان، یـان لـەم ماوەیـەی رابوردووشـدا ئـەوانی تریشـمان بـڕی، مـن دڵنیـام لـەوەی چۆن هەنـدێ لـەو ڕاگەیاندنانـەی کـە نـان بـڕاو کـران لـەو ئیصـلاحاتانەی ئێمـە، ئێسـتا لێمـان بووینەتـە چاکخواز و داوای چاکسـازی دەکـەن، کۆمـەڵێکی تـریش دەچێتە سەری کە ئێستا پارەی ئـەو ڕاگەیاندنانـەی تـرمـان بڕیـوە، مـن ئەمانـە حەقائیقـە دەمـەوێ بـە ئێـوەی بڵـێم، ئەگـەر چاکسـازیمان دەوێ، چاکسـازییەکە کۆمـەڵێك قـەراراتی جـەریئ و حـەقیقی دەوێ، هەندێکمان داوەو کۆمەڵێك دوژمنایەتیمان بۆ خۆمان دروست کردووە، بە ئـەرکی سەرشـانمان دەزانـین، چونکە ئەو پارەیە پارەی خەڵکە، پارەمان گەڕاندۆتـەوە بـۆ قـوتی خـەڵك، لـە ئیـدارەی کـۆنی سـلێمانی، مانگانـە لایـەنی کـەم 17 بـۆ 18 ملیـۆن دۆلار ئێمـە دەگەڕێنینـەوە بـۆ خەزێنـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان، لە ساڵی رابوردوودا لە 2010/1/1 ەوە تاوەکو ئێستا، بۆ خەڵك لەمە زەرەرمەنـد نـەبووە؟، هەندێ ناوەند لەمە زەرەرمەند نەبووە؟، ئەوە ئیصلاحاتی حەقیقیە، نەك دروشمـی قسـەی عمومیـات، دێمە سەر هەندێ وردەکاری تریش کە لەگەڵتان باس دەکـەم، بـا بـزانین ئامارەکـان قسـە بکـات، مـن بـە داخەوە دەڵێم، خەریکە ئەو پرۆسە چاکسازییەی کە ئێمە دەستمان پێکردووە لە حکومـەت، لـە جیـاتی بێن هاوکارمان بن و پشتیوانمان بن و برەوی پێ بـدەین، خێراتـری بکـەین، وەکـو خـەڵك داوای دەکـات، هەنـدێ خـەڵك بـە نیـازی جیـا جیـاوە، دەیـەوێ لـە گـۆڕین، مـن هیـوادارم خـەڵکی کوردسـتان، ئێـوەی نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان، ئەو حەقیقەتەتان لەبەرچاو بێت، هەندێکتان بـاش دەزانـن دووچاری چ فشارو و بێنەو بەرەیەك بووین، نەك هەر لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە، بگرە لـە هەنـدێ لایەنەوە کە مەصالیحیان لـەو ئیصـلاحاتانە زەرەرمەنـد بـوو، خـەڵك ئـەوە دەبـێنێ، کردوومانـە، بـەڵام

دەبێ وەکو ئەڵێن، خەڵك زیاتر چاوەڕوانی زیاترە و چاوەڕوانی باشترە، پێویستە حکومەت دەست بە جێ بڕیاری گرنگ و بە پەلە بدات کە پەیوەستن بە باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵك، خاڵی 13 ، خۆزیا لە جیاتی ئەوەی خەریکی ئەم وەزعە بووینایە، ئێستا دابنیشباینایە بە یەکەوە باسی بودجەی ساڵی 2011 مان بکردبایە، کلیلی چاکسازی بودجەیە، کلیلی چاکسازی ئەوەیە بە خەڵك بڵێی پارەکەی چۆن سەرف ئەکەی و بۆ چ پرۆژەیەکی دائەنێن؟، لە پرۆژەی بودجە کە بە خزمەتی پەرلەمان گەیندراوە، گەیشتۆتە پەرلەمانی کوردستان، کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگی تێدایە، پێدانی قەرزی بچووك بە گەنجەکان، بۆ رەخساندنی هەلی کار بۆ ئەو گەنجانەمان، رەخسانی هەلی کار لە رێگەی جیا جیاوە، لە رێگەی هاوکاری کردنی کەرتی تایبەتەوە، جیاکردنی سولفەی هاوسەرگیری، بەردەوام بوون لە پێدانی سولفەی عەقار، لە دێهات و لە شارەکان، دامەزراندنی 25 هەزار فەرمانبەری نوێ، زیادکردنی مووچەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی لە 30 هەزار دینارەوە بۆ 75 هەزار دینار، دوا بڕیارێکمان لەو ماوەی رابووردوو، وا بزانم کاك کاردۆ بوو ئاماژەی پێدا، گەڕانەوەی موڵك و ماڵی حکومەتە، من زۆر دەستخۆشی لە هەموو دەزگا و لایەنە حیزبییەکان دەکەم کە داوای گەڕانەوەی موڵك و ماڵی حکومەت دەکەن، کۆمەڵێك رێکاری یاساییمان داناوە، تۆمارێکە دەیهێنینە بەردەمی ئەم پەرلەمانە بەڕێزەی خۆمان، بزانین کێ موڵك و ماڵی حکومەتی لایە؟، من داوا لە حیزبەکەی خۆم لە پێش خەڵکی تر کردووە، دەستپێشخەری بکات بە دەستپێشخەری جوان، بیناکانی وەزارەتی پەروەردە، تەندروستی یان دەزگا خزمەتگوزارییەکانی تر بداتەوە بە حکومەت، عەیبە بۆ وڵاتەکەی ئێمە، عەیبە بۆ حکومەتەکەی ئێمە لە سایەی ئەو وەزعە تا ئێستا سێ دەوامی هەبێ، سێ منداڵ لەسەر یەك رحلە دابنێشی، هەندێ بینایەی وەزارەتی پەروەردەش لە دەست ئەم حیزب و ئەو حیزبە، بەڵام خوشك و برایان، تەئریخ لە 7/25 وەوە دەستی پێ نەکرد، تەئریخ لەو رۆژەوە دەستی پێ نەکرد کە ئەم کابینەیە متمانەی ئێوەی وەرگرت، ئەم رەوشی تێکەڵاوی حیزب و حکومەت و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵکی حکومەت، هەندێ لەم رەفیقانە، هەموو رەفیقی یەکین، با لە لایەنی سیاسی جیاواز بین، هەموو بەشێك بوون لەو وەزعە، وەرن با چاکی بکەین، وەرن با بنبڕی بکەین، وەرن حەیاتی حیزبایەتی بکەینە حەیاتی حیزبایەتی مۆدێرنی مەدەنی لە نێوانی ئەوە بین کە بە یەکەوە بتوانین کار بکەین، من وەڵام پرسیار ئەدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن کەس موقاتەعە نەکات، بە ئازادانە سەرۆك فراکسیۆنەکان قسەیان کرد، پرسیاریان هەبوو، چوونە ناو خاڵەکانەوە، ئەویش وەڵام ئەداتەوە، پاشان جەنابیشتان قسەی خۆتان ئەکەن، زۆر سوپاس، هەر چی پرسیار هاتووە وەڵامی پرسیارەکان ئەداتەوە، تکایە، کەرەم بکە کاکە.

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕیارانەی کە حکومەت پێویستە بیدات بۆ چاککردنی خزمەتی خەڵك، پێتان ئەڵێم بڕیارەکانمان ئەمانەن، باسمان لە گەڕانەوەی موڵك و ماڵی حکومەت کردووە، کە ئەمە زۆر شتێکی گرنگە بۆ خەڵك بۆ ئەوەی مەکتەبەکانمان بگەڕێتەوە، زیاتر بگەڕێتەوە بۆ خەڵك و منداڵەکانمان، خەستەخانەکانمان

بگەڕێتەوە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان، لەو ماوەی رابووردودا قسەیەك هەبوو كە كۆمەڵێك مالّی بەرپرس لەوانەش مالّی من كە كارەبای بەردەوامامان هەیە، كارەبای چەند گەڕەكێكمان بردووە بۆ خۆمان، ئەوە بە رەوا نابینم، نەك من، هەر كەسێكی تر كارەبای خەڵكی تر بەرێت، بە بڕیاری فەرمییەوە لە ئەنجومەنی وەزیران، بریارێكمان دەركردووە، هەموو كارەبا بەردەوامەكانی بەرپرس و دەزگا حیزبی و ئەو دەزگایانەی تر كە ژیاری نیە، حەیاتی نیە بېڕێ، لە رێگای موحافیزەكانەوە ئەوانەمان كردووە، قەرارمان داوە ئەنجومەنی ڕاژە دابمەزرێ، ناردوومانە بۆ پەرلەمانی بەڕێز، هیوادارم زوو بڕیاری لێ بدەن، بۆ ئەوەی هەلی كار و تەوزیف كردن لە دەزگاكانی حكومەت بە عەدالەت و بە داد پەروەری و دوور لە تەزكیەی حیزبی بێ، كۆمەڵێك بڕیاری گرنگی ترمان بەڕێوەیە كە دەمێكە لەسەری ئیش دەكەین، لە كابینەی پێشووە، ئەگەر بمەوێ بە ویژدان باس بكەم، سەبارەت بە حوكمڕانی تەندروست و روبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، كۆمەڵێك قەواعیدی سلوكی وەزیفی و كۆمەڵێك لەوائیح و كەشفی مەصالیحی مالی بە دەستمانەوەیە كە بە هاوكاری یەكێك لە رێكخراوە یان كۆمپانیا هەرە تایبەتمەندەكانی دونیا لە بواری ئیدارەی مالیە(house water house coppers) ئەوە راپۆرتەكانی ئامادەیە و لەبەردەمی ئەنجومەنی وەزیرانە كە بۆ بڕیار لێدان دێتە خزمەتی ئێوە، كە شەفافیەت دێنێتە كایەوە، و دەتوانین كۆمەڵێك لەو پرسیارانەی لە دەروونی خەڵكی ئەم وڵاتە هەیە سەبارەت بە شەفافیەت و فەساد و گەندەڵی وەڵامی بداتەوە، سەبارەت بە هەندێ بڕیاری تر كە لە ماوەی رابووردودا داومانە، زیادكردنی دەرماڵەی كۆمەڵێك توێژ، لەوانە مامۆستایان، لەوانە ئەندازیاران، لەوانە كۆمەڵێك توێژی تر، كە كارمەندە حقوقیەكانی ئەنجومەنی داد و وەزارەتی داد و فەرمانگەكانی تری حكومەت، من پێم وایە ئەوانە كۆمەڵێك بڕیاری گرنگن، بەڵام خەڵكی كوردستان بە دڵنیاییەوە دەڵێم شایستەی باشترن و ئێمە لە ئێوە دەپرسین، پێشنیازمان بۆ بكەن، دڵنیام لەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەنجومەنی وەزیران ئامادەیە گوێتان لێ بگرێت و پێشنیازەكانتان بە هەند وەربگرێت، هەموو لایەك هەوڵ بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكە و راگرتنی هێرشی راگەیاندن و حیزبی لایەنەكان بدات، خالّی 14، نازانم لە لای خۆمەوە وەكو سەرۆكی حكومەت و رەفیقەكانیشم لە ئەنجومەنی وەزیران، هەوڵمان داوە زۆر بە هێمنی لەگەڵ ئەو وەزعە مامەڵە بكەین، سەرباری هێرش بردنە سەر و ناو زڕاندن و كۆمەڵێك تیر و توانج كە زۆر ناخۆش بوو بەڕاستی، بەڵام ئەركی سەرشانی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتەكەمان و حوكمڕانی ئەوەیە كە بە هێمنی ئاراستەی هێوركردنەوەی ئەو وەزعە بین، بانگهیشتنی سەرۆكی حكومەت من لە خزمەتتان دام، هیوادارم ئەم تەقلیدە نەك هەر بۆ من، لە دوای منیش هەر بەردەوام بێ، ببێتە تەقلیدێكی دەوری مانگانە سەرۆكی حكومەت لە خزمەتتاندا بێ، وەڵامی پرسیارەكانتان بداتەوە، ئەمە لە هەموو بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی، لە هەموو كۆبوونەوەیەكی جەماوەری گرنگترە، ئێوە نوێنەری خەڵكن، ئێوە پرسیارەكانی خەڵك دەكەن، ئەركی سەر شانی حكومەتە وەڵامتان بداتەوە، زەمینە ساز كردن لەبەر دەمی دیالۆگی نیشتیمانی، خالّی 16، من زۆرم پێ باشە، دەستمان پێ كرد لە كۆبوونەوەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران، بە ئامادەبوونی پێنج لایەن، یەكێتی، پارتی، گۆران، كۆمەڵ، یەكگرتوو، بەڵام بەداخەوە درێژەی نەبوو، هیوادارم هەم لە سایەی پەرلەمانی كوردستان، هەم لە سایەی دەستپێشخەریەكەی جەنابی سەرۆكی هەرێم، بۆ كۆكردنەوەی

هێزە سیاسیەکان پرسی دیالۆگی نیشتمانی درێژە پێ بدرێ، بە جیددی کۆمەڵێك پرسی هەنووکەیی ئەمڕۆی کوردەواری هەیە، پێویستی بە وەڵامدانەوەیە، بەشێکی لای حکومەتە، بەشێکی لای پەرلەمانە، بەڵام بەشێکی گرنگی پەیوەستی ئیرادەی سیاسیەکانە، بتوانین لەناو خۆماندا کاری لەسەر بکەین، خاڵی 17، پێکهێنانی لێژنەی پەرلەمان، ئێمە پێشوازیمان لێ کردوون و بە خزمەتیان گەیشتووین، قسەمان کردووە بە یەکەوە و، نازانم ئەگەر لێژنەکە بەردەوامە، ئامادەین لەگەڵیان دانیشین، ئەمانەوی راپۆرتەکەشیان ببینین، بۆ ئەوەی بەو پێیە قسەی لەسەر بکەین، من ئەمە وەڵامی کورت و هیوادارم پوختی 17 خاڵیەکە بێ، ئینجا دێمە سەر پرسیارەکانی کە کرا، جگە لەو 17 خاڵە، هەندێکی ئەگەر تیکرار بوونی تیابێتەوە، دووبارەی ناکەمەوە، سەبارەت بە پرسیارەکانی فراکسیۆنی کوردستانی، پرسیاری یەکەمتان سەبارەت بەوەی کە حکومەت چی کردووە بۆ جێبەجێ کردنی یاسا و دەستگیر کردنی، من وەڵامم دایتەوە و چاوەڕوانی ئەو لیجانانەین، ئەمەوێ حەقیقەتێکیش بڵێم، من لەگەڵ حاکم و ئیدیعا عامەکانیش دانیشتین لە سلێمانی و لەناوچەکانی تر، قانونی جیاوازە لە ئیجرائاتی لێژنەکە، مەحکەمە کاری خۆی دەکات، حاکم تەحقیق کاری خۆی دەکات، وەکو پێشم وتن کۆمەڵێك بڕیاری دەستگیر کردن هەیە، سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییە، نالیا بێ، ڕووداوەکانی بەردەمی لقی چوار بێ، ئەو بڕیارانە بڕیاری قانونیە، بڕیاری نە ئێمەیە، نە لێژنەیە، نە حکومەتە، نە پەرلەمانە، بڕیاری قانونیە، ڕێز گرتن لەو بڕیارانە ئەرکی سەر شانمانە، ئێمەش وەکو حکومەت، وەکو ئەمڕۆ بەناو پێم وتن بە نیسبەت نالیاوە ئەو ئەمری قەبزانەی کە دەرچووە، ئەوە خەریکن جێبەجێ بکرێ، ئەوانی تریشی بە پێی قانون من دڵنیام هەموومان هەوڵمان ئەبێ بۆ جێبەجێ کردنی، سەبارەت بە پرۆسەی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی و سەلاحەددین وەستاوە، هۆکارەکانی چیە و چیتان کردووە بۆ بەدواداچوونی و لێکۆڵینەوە؟، برادەرەکانی تریش هەمان پرسیاریان کرد، پێم وایە لە هەموو لایەنەکانیەوە، بە سەراحەت من خۆم زۆر دژی دەستتێوەردانی حیزبی و سیاسیم لە کاری خوێندنی باڵا و زانکۆ، پێم وایە زانکۆ و مەحکەمە دوو جێگەن، حەرەمیان هەیە، دەبێ حورمەتی ئەو حەرەمە بگرین، من سەربەرزم بەوەی، وەختی خۆشی لە ئیدارەی سلێمانی بووم، ئەو رەفیقانەم کە لێرەن ئێستا لە لایەنی سیاسی تریش بن، باشیان لە بیرە دائیم شەڕی دەستتێوەردانی سیاسی ناو زانکۆمان کردووە، لە زانکۆی سلێمانی کۆمیتەی زانکۆی لێ نەما، چووە دەرەوە، هەوڵمان داوە ڕێکار وڕێسای قانونی و عیلمی و میهەنی لە زانکۆکان بەرینە سەر، کۆمەڵێك کێشە لە زانکۆکاندا پەنگ خواردوو بووە، بەڵام من لە خۆتان ئەپرسم لە ساڵی رابوردوودا ئەو دەستپێشخەریانەی لە بواری خوێندنی باڵا کردوومانە، لەبەر چاون یان لەبەر چاو نین؟، خەڵك هەستی پێ ناکات ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی زانکۆ سەربەخۆیی بپارێزرێ و دەستتێوەردانی تێدا نەبێ؟، ئەوەی کە لە هەولێر بوو، جێگەی نیگەرانیە، وەك باس دەکرێ ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە خوێندکارەکانی وتووە، بە قوتابیەکانی وتووە بڕۆنەوە و دەوام مەکەن، من لە سلێمانی بووم ئەو وەختە و ئەو کاتیش کاك دلاوەر وەزیری خوێندنی باڵا لە سلێمانی بوو، قسەمان لەگەڵ کرد، من خۆم قسەم لەگەڵ کاك احمد دزەیی سەرۆکی زانکۆ کرد، خۆشی کاك دلاوەر بە هەمان شێوە وتی ئێمە قەراری وامان نیە، بڕیاری وامان نیەو، نە ئەنجومەنی زانکۆ بڕیارێکی دەرکرد خۆی وەکو سەرۆکی زانکۆ، کە ئەو کارە، کاری وا نیە، زانکۆ بەردەوام بێ، کاك

دلاوەریش لەلای خۆیەوە وەکو وەزیری خوێندنی باڵا، بە هەمان شێوە، روونکردنەوەیەکی لەو بارەیەوەدا، رەئی حکومەت وەکو حکومەت کە زانکۆ قەت داناخرێ، قبوڵمان نیە دەستێوەردانی ئەم لا و ئەو لا تێدا بێ، رێکخراوی قوتابیان چۆن دەکاو چی ناکا، ئەوە عاید بە خۆیەتی، دەتوانێ پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکات، ئەوەی ئەگەر کاری جینائیشی تێدا بێ، ئێمە وەکو حکومەت، یان ئیدیعای عام ئەتوانێ هینی لەسەر بکات، بەڵام وەکو حکومەت قەراری ئێمە نەبووە، بەڵام خوشك و برایان، ئەمەوێ بە هەمان شێوە ئەوەش بڵێم، چوونی ئەندامی پەرلەمان بە بێ ئیزنی سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ ناو حەرەمی زانکۆ قبول نیە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر بەرنامەی کارێك هاتووین کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە موحەدەدی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، هەمووی تا ئێستا وەڵامەکان زۆر زۆر بەڵێناوی و لاستیکین، یەعنی هیچ شتێك، ئیجرائاتی تێدا نیە، یەعنی ئەوە خۆی بەڕێزی دانیشتووە، هیچ میکانیزمێك نەبووە هەنگاوێك بنێ، ئێمە داوا دەکەین و پرسیارەکە دیاری کراوە، زانکۆی سەلاحەددین داخراوە و ئیجرائاتی چی بووە؟، بە موحەدەدی، خەڵك گیراوە، ئێمە ئەڵێین، پێویستە حکومەت بەرپرسیارە و ئازادی بکات، ئەوەی گرتوویەتی، بە بێ یاسایی گرتوویەتی، لەسەر چ ئەساسێك گیراوە؟، قانون هەیە خەڵك نابێ بگیرێ، دەبێ بڵی ئەم ئیجرائاتانەم کرد، بەرامبەر نالیا، ئێستا بەڕێزی ئەڵێ: نالیا بەیانی کابرا دەچێتە شوێنەکە، بنکەی پۆلیسی ئەزمەر لە کاتێکدا نالیا لە کەیەوە سووتاوە؟، یەعنی ئێمە چیمان دەوێ بۆ ئەوەی هیچ ئیشکالیەتێك دروست نەبێت، ئێمە دەمانەوێ بەڕێزی کە پرسیاری لێ دەکەین، بڵێت لە بەرامبەر ئەم پرسیارە، ئەوە هەنگاوەکانم بووە، ئەوەش مەسئولیەتەکەم بووە، ناشکرێ بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەرباز بێ لەبەرامبەر ئەو هەموو بەرپرسیاریەتیە کە ئینسانیە، کە هاووڵاتیە، ئەمنیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، من ئاگادارتانم کرد، ئەوەی نوقتەی نیزامی هەیە بیهێڵن، بزانن لە دواوە جوابەکان دێن، بینووسن، کەی بەڕێزیان تەواو بوون، مەجالتان دەدەینێ، من بۆ کاك زاناشم بەو شکلە نووسی، کە خەلاص بوو، جوابی پرسیارەکانی دا، نوقتەی نیزامیتان هەبوو، پێم بڵێن، مەجالتان دەدەمێ، سۆزان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من عەرزی جەنابتانم کرد، پرسیارەکانی ئێمە بە نووسراو خراوتە بەردەمی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پێویستە کاتێك کە وەڵاممان دەداتەوە، ئێمە باسی هەولێر ناکەین بە تەنیا، ئێمە دەڵێین لە سلێمانی پرۆسەی خوێندن وەستێنراوە و، ستێنراوە بە کۆمەڵێك داتا و ئامار پێت دەڵێم چۆن وەستێنراوە، کە چۆن ئەندام پەرلەمان چوویتە ناو حەرەمی زانکۆو ە، داوای لێ کردوون کە مانبگرن، یەعنی ئێمە حەقی ئەوەمان نیە ئەوەی روون بکەینەوە بۆ هاووڵاتیان و بە خەڵکی بڵێین؟، یان هەر لایەك بۆی هەیە قسە بکات و لایەکەی تر نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەورەترین شانازی من کە کردوومە ئەوەیە کە چووم بۆ ناو زانکۆی سلێمانی قسەم بۆ ئەو خوێندکارانە کردووە، لەبەر ئەوەی کاتێك کە ئەمری....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن، کاك عبد السلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبد السلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی نیزامی داخیلی، هیچ کەس بۆی نیە لەو کەسانەی کە قسە ئەکەن لە جەلسەیەك کە ڕێگا دابنێ بۆ ئەوانی تر کە چۆن قسە بکەن، بۆیە رجاتان لێ ئەکەم بە پێی نیزامی داخیلی، ڕێگا بگرن لە هەر یەکێك کە من قسەم کرد یان ئەو قسەی کرد، پێی بڵێین نا دەبێ تۆ وا بڵێی و ئەو وا بڵێ، ئەم پەرلەمانە ڕێگا بە هەموومان بدات لە وەختی موناسیب تەعلیقمان هەیە و جەوابمان هەیە، بەڵام رجات لێ دەکەم ئەو تەقلیدە مەنع بکە، نابێت لە پەرلەمانی کوردستان یەکێك هەڵسێت و حوریەت بە خۆی بدات بڵێت نە ئەبوا ئەوەی تر وا بکات و وا بڵێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رەجائەن تەواو، هەر کەسێ قسە ئەکات کەس موقاتەعەی ناکات، ئازادە لە قسە کردن، پاشان نۆرەتانە قسە بکەن، کاکە کەرەم بکە.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح/سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پەرلەمانم، پرسیاری زۆر گرنگم ئاراستە کراوە، سەرنج و رەخنەی زۆر توندیشم لێ کراوە، دەبێ فێری ئەوە بین رەخنە لە یەکتر قبول بکەین، یەعنی سەرۆکی حکومەتم و قبولی دەکەم، ئەندام پەرلەمانێکیش ئەگەر سەرنجەکە بە خۆی تێبگات، هیوادارم بە سنگ فراوانی وەریبگرێ، باسمان لە دیالۆگە، باسمان لە موصادەرەی حەقی یەکتر نیە، لێرە لە پەرلەماندان، ئێوە نوێنەری هەڵبژاردەی خەڵکن، کۆمەڵێك پرسیارتان ئاراستەی حکومەتەکەی خۆتان کردووە، دوایی قەرار ئەدەن بە دڵتانە وەڵامەکان یان بە دڵتان نیە، من ڕێز لە بڕیاری ئێوە دەگرم، لەبەر ئەوە کۆمەڵێ پرسیار لە ئێمە کراوە لە لایەن لیستی کوردستانیەوە، خاڵ بە خاڵ جوابی دەدەمەوە، کۆمەڵێك پرسیار لە لایەن کاك کاردۆ لە لیستی گۆڕان، خاڵ بە خاڵ جوابی دەدەینەوە، ئەو وەختە لە لایەنەکانی تریش یەك بە یەك ئەتوانن بڕیار بدەن، ئایا ئەو پرسیارانە موقنیعە یان موقنیع نیە؟، با ئێمە بەم روحیەتە فێری موناقەشە بین لەگەڵ یەکتری، سەبارەت بە خوێندن وەکو وتم، دووبارەی دەکەمەوە، زانکۆکان و محکەمە حەرەمن، نەیکەینە جێگای ململانێی سیاسی، لە هەموو شتێك پیرۆزتر گەنجەکانی ئەم وڵاتەی ئێمەن، هەوڵ بدەین، یارمەتیان بدەین، خوێندنی باش بکەن، بخوێنن و هەوڵ بدەین کەرەستەی باش بۆ زانکۆکانمان تەئمین بکەین، نەك کارێك بکەین کە پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکان پەرت بکەین، هەر کەسێك وا بکات و بە هەر پاساوێك وا بکات، کارێکی خەراپە بە لای منەوە، و بە هەموو توانای خۆمەوە دژایەتی دەکەم، پێم وایە کارێکی ناجۆرن لەگەڵ بەهاکانی ئەم وڵاتە کە دەمانەوێ وڵاتەکەمان گەشە پێ بدەین، نەگونجاوە، سەبارەت بە مەسەلەی جوولانی هێزەکانی پێشمەرگە، هەندێکم ئاماژە پێدا و دووبارەشی

دەکەمـەوە، $2/17$ کـە ڕووداوەکـە قـەوما مـن لـە هـەولێر بـووم، دەسـت بـەجێ کـە زانـیم ئـەو حاڵەتـە قەوماوە و ئەو کارەساتە قـەوماوە، سـواری سـەیارە بـووم، هـەر وەکـو تـەئریخیش ئەمـەوێ باسـی بکـەم، دەست بە جێ پـێش ئـەوەی سـواری سـیارە بم قسـەم لەگـەڵ سلێمانی کـرد، ڕووداوەکانم بـۆ دەرکـەوت، قسەم لەگەڵ کاک نەوشیروان موستەفا کرد، خوا هەڵناگرێ زوو ئەویش بەیانێکی دەرکرد لەسەر ئەوەی کـە داوای هێورکردنـەوەی ئـەو وەزعـەی کـرد، قسـەم لەگـەڵ برادەرەکـانی تـر و ئـەم لا و ئـەو لا کـرد، کەوتینە ڕێ و وا بزانم کاك ئەرسەلانیش لەگەڵمان بوو لە سـیارەکە کـە گەڕاینـەوە بـۆ سـلێمانی، ئێمـە چووینە مەرکەزی موحافـەزە، لـەوێ کۆبوونـەوە لەگـەڵ پارێزگـار و هەنـدێ بەرپرسـە ئەمنییـەکان بـۆ بەدواداچوونی ڕەوشـی ئـەمنی شـارەکە و ئـەو ڕێ و شـوێنانەی کـە پێویسـتە بیگرێنـە بـەر بـۆ ئـارامی وەزعەکــە و ڕاگــرتنی وەزعەکــە، ئەولەویــەتی ســەرەکی لای ئێمــە هێورکردنــەوەی وەزعەکــە بــوو، ئارامکردنەوەی وەزعەکە بوو، نەهێڵین حاڵەتێك دروست بێت لـە سـلێمانی ببێتـە کارەساتێکی تـر و کوڕی گەنجی ئەم وڵاتە لە هەر لایەکەوە بێ دووچاری مەینەتی و دووچاری ناڕەحـەتی بـن، خەبـەرێك هات کەوا هێزی زێرەڤانی هاتووە بەرەو سلێمانی، مـن قسـەم لەگـەڵ کاك کـەریم سـنجاری کـرد، قسـەم لەگەڵ هەندێ برادەری تریش کرد بە هەمان شێوە، هێزەکە لە نزیکی دوکان بوو ئەو کـات، بـۆم شـەرح کرد کە ئەو هێـزە پێویسـتی نیـە، چونکە شار کۆنترۆل کـراوە، هێزەکـان ئیسـتینفار کـراوە، تـەعزیزی ئەمنیەتی بارەگا و دەزگاکانی تری حکومی کراوە، بۆیە هێزەکە لـە دەرەوەی سـلێمانی لـە لای تاسلوجە ڕاوەستا، و خرایە ژێر ئومرەتی وەزیـری پێشمەرگە، دوای ڕۆژێـك، دوو ڕۆژ لـە ئـارام بـوونی وەزعەکـە هێزەکە کشایەوە، بەڵام من لەسەر ئەم وەزعە مەسەلەیەکم هەیە ئەمەوێ بەراستی باسی بکـەم، خۆزیـا ڕۆژگارێك بێ کە کوردستان خاوەنی هێزێکی سـەربازی ئـەوتۆ بـێ لـە کـەلارەوە بـڕوات بـۆ دهـۆك و لـە دهۆکـەوە بێـت بـۆ سـلێمانی، کـەس پرسـیار نـەکات، پـێم وایـە ئەمـە پەنـدی ئەساسـی ئـەم ڕووداوە و ورووژانـدنی ئەم پرسیارەیە، بۆ وای لێ بێ لە دوای $20$ ساڵ لە حوکمڕانی خۆ بـە خـۆی کوردسـتان لـە دوای $10$ ساڵ لە کۆتایی شەڕی ناوەخۆ، تا ئێستاش ئەو برینانە ئەکولێنەوە، بۆیە بـا ئەمـە دەرفـەتێك بێ کە پێیدا بچینەوە، ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی وا موعالەجە بکەین، نـەك بـۆ تەصفییەی حیساباتی سیاسی، کە چۆن ئەو کوردستانە هێزێکی یەکگرتووی ئەوتۆی هەبێ، کە بـۆ هـەموو خـەڵکی کوردسـتان بـە هـەمان شـێوە سـەیری بکـات، مـن بەسـەربەرزییەوە دەڵـێم لەبـەر دەمـی ئێـوە، لـە سـاڵی ڕابـوردوو، کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگمان ناوە بۆ ئەم مەبەستە، من هیوادارم پەرلـەمانی کوردسـتان هاوکارمـان بـێ، بۆ یەك خستنەوەی تـەواوی هێزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان و یەکخسـتنی تـەواوی دەزگاکـانی تـری حــوکمڕانی، ســەبارەت بــە لێژنــەی لێکۆڵینــەوە و تــەحقیق، باســم بــۆ کــردن، تەفاصــیلەکانم دانــێ، چاوەڕوانین، بەڵام من چاوەڕوانم لە لای خۆمەوە، پەرلەمانی بەڕێز پێمان بڵێ: ئایـا ئـەو لێژنەیـە بـەو شێوەیە کە ئەنجومەنی دادوەری پێکی هێناوە، باشـە؟، یـاخود بـە جۆرێکی تـرە، بڕیـاری پەرلـەمان بـۆ ئێمە یەکلاییکەرەوەیە، قەرەبووی ماددی زیان لێکەوتووان باسم لێ کردن، وا بزانم ئەگەر لەو بارەیەوە هینێك بێ، توێژی لاوان بەرنامەتان چییە؟، سەبارەت بـە دواداچـوونی داواکارییـەکانی خۆپێشـاندەران، مــن دووبــارەی دەکەمــەوە، ئــەو خۆپێشــاندەرانە هــاووڵاتی ئــەم وڵاتــەن، خــەمخۆری ئــەم وڵاتــەن، داخوازییەکانیشیان کە دەیخوێنێتەوە زۆربەی هەرە زۆری داخوازی ڕەوا و قابیلی جێبەجێ کردنن، من

داوا لـه پەرلـەمانیش دەكـەم بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ حكومەتـەوە بەدواداچوونی پێویستی بـۆ بكـەین، هەنـدێكمان بـۆ كـردووە و هەنـدێكی مـاوە، بـا بەرنامـە رێـژی بـۆ بكـەین لـە سـایەی پەرلەمانەكـەی خۆمانەوە بڕیاری پێویست و قانونی پێویستی بۆ دەربكەین، بۆ ئەوەی جێبەجێی بكەین، سـەبارەت بـە دیالۆگی نیشتیمانی من هیـوادارم بتـوانین بـڕەوی پـێ بـدەین، بتـوانین بیكـەین و بـە زمـانی لـە یـەكتر گەیشتن و قبول كردنی رەئی یەكتر ئەو كارە بكەین، كەناڵی ئاسمانی نالیا رۆژی داناوە، بەڵام مـن وەكـو وتم ئەمری قەبز دەرچووە هـەر بـۆ ئاگاداریتـان، كـاك كـاردۆ پرسـیاری موحـەدەدی كـرد لەسـەر ئـەوە، دوێنێ ئەمر قەبزەكە بە دەست ئێمە گەیشتووە، هەر دوێـنێ ئیجرائاتمـان لەسـەر كـردووە، هـەر دوێـنێ حاكم تەحقیق ئەمر قەبزەكان كە پێمان زانیوە كێیە، ناوی دەزگای دژە تیرۆری تێدا هـاتووە، سـەرۆكی دەزگای دژە تیرۆرمان یەكسەر ناردووە بۆ موحافز كە ئەو ناوانە كێن و كێ نـین؟، یـەكێكیان مەعلومـە، ئەمڕۆ رۆیشتووە، هەر دوێنێ كەوتووتە لامان، ئەمڕۆ رۆیشتووتە بۆ لای حاكم و لەوێ نەبووە، بـەیانی دەچێ بـۆ ئـەوەی ئیفـادە وەربگـرێ، ئـەوەی تـری وەزارەتـی پێشـمەرگەش بـە پێـی رێكـارە یاساییەكان، وەزیـری پێشـمەرگە ئیجـازەی داوە كـە بـڕوات بـۆ لای حـاكمی تـەحقیق و ئیفـادەی خـۆی بـدات، مـن دڵنیاشت دەكەمەوە، نەك هـەر بـۆ كـاك كـاردۆ، بـەڵكو بـۆ هـەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان، بـا هـەموومان پێداگری لەسەر روونكردنەوەی راستی رووداو و ئـەو تاوانـە بكـەین، چونكە ئـەوە تـاوانێكی گەورەیـە، ئەبێ ئەو كەسەی ئەو كارەی كردووە بكرێتە پەند، كەسێكی تر جارێكی تر نەوێرێ لەم وڵاتـە كـاری وا بكاتـەوە، سـەبارەت بـە پرسـیاری نۆهـەمتان، بەرنامـەی چاكسـازی حكومـەت چییە بـۆ وەڵامدانـەوەی داواكاری خـەڵك، وا بـزانم هەنـدێ شـتمان بـاس كـرد، سـەبارەت بـە پۆلیسـی چالاكی مـەدەنی، وەزع وا بـڕوات، زیاترمـان پێویسـتە، قبولـە لـەم كـەین و بەینـە، بـە تایبـەتی لـە هەنـدێ شـار و شارۆچكەكان، گیروگرفتی تێكەوت، چالاكی مەدەنیەكانمان لـەو ئاسـتە بـوو، ژمارەیـان لـەو ئاسـتانە بـوو، پێویسـتی بـە مەشق كردن و بە دواداچوون هەیە، من بە ئەولەویـەتی دەزانم، بـەڵام هیـوادارم ئـەم وەزعـە زۆر نـەبا، چارەسـەر بكـرێ، خـەڵكی وڵاتمـان بـە ئـارامی و بـە هـێمنی كـارێكی وا بكـەین پـارە لـە دروسـت كردنـی مەكتەب و خانوو و خزمەتگوزاری خەڵكدا سەرف بكەین، نەك لەو بابەتە كارانە، بەڵام لـە رووداوەكـان بۆمان دەركەوت كەپێویستمان بە زیـاترە و بـە ئیهتیمـامی زیـاترە لـەو بابەتـە، سـەبارەت بـە مووچـەی هێزی پێشمەرگە و هاوتا كردنی لەگەڵ هێزەكانی نیزامی دەوڵـەتی ناوەنـد، ئێمـە قـەرارمان وایـە، ئـەو هێزانەی كە دەبنە هێزی هەرێمی كوردستان، چوار لیواكە و هەشت لیواكەی كـە دێتـە سـەر بـە هـەمان شێوە، وەكو دەوڵەتی ناوەند مەعاش و ئیمتیازات و تەدریب و تەسلیحیان بەو جۆرە دەكـرێ و ئـەوەش ئیتیفاقەكەمانـە و ئـەوەش رێگـە چارەی زۆر لـە كێشـەكانی لـەو بارەیـە، هێـزی نـاوەخۆش بـە هـەمان شێوەن، بەڵام كاك ئیسماعیل من و تۆ موناقەشەیەكمان كرد، ئەوە هەر چەندە دەرفەتی نیە، هیـوادارم جارێكی تر كە هاتمەوە خزمەتی پەرلەمان قسەی لێ بكەین، پێویستمان بە ئیصلاحێكی زۆر هەیە لەو هێزانـە، چـونكە ژمارەیـەكی یـەكجار زۆرمـان هەیـە، بـا بـزانین ئەولـەویاتمان چۆنە؟، ئیهتیمـام بـە نەوعیەت بدەین، ئیهتیمام بە تەدریب بدەین، كۆمەڵێك لەو بابەتانە، بەڵام مـن بـۆ هێـزی نـاوەخۆ، بـۆ هێزی پێشمەرگە بە ئەركی سەرشانمان دەزانین كە لـە خزمەتیانـدا بـین، بـەڵام بـە پێـی پێوەرێـك كـە بتوانین جێبـەجێ بكـەین، ئەمـە پرسـیارەكانی لیسـتی كوردسـتانی بـوو، دێمـە سـەر پرسـیارەكانی كـاك

کاردۆ لە لیستی گۆڕان، باسی لە شکستی کابینەی شەشەم کرد و، کە هەموو کێشەکانی کوردستان لە $2/17$ هێڵی یەکلاکەرەوە بوو بۆ خەڵك و هاتنە سەر شەقام، وەڵامی من بۆ ئەوە، بۆ ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بڕیار بدات، ئایا ئەو کابینەیە شکستی هێناوە؟، ئایا کاری باشی کردووە؟، ئایا کاری خراپی کردووە؟، و من لە لای خۆمەوە ملکەچی بڕیاری ئێوەم، بەڵام پێم وایە کاك کاردۆش ئەوەندە بە ویژدانە، $20$ ساڵی ڕێرەوی حوکمڕانی کورد، ئەمڕۆ هەمووی نەخاتە ملی کابینەیەکی ساڵێك و سێ مانگی، من وەکو وتم سەربەرزم بە هەڤاڵەکانی پێش خۆم، کۆمەڵێك دەستکەوتی گەورەیان بۆ ئێمە بە جێ هێشتووە، هەوڵی ئێمە ئەوەیە دەستکەوتەکانی ئەوان بپارێزین، لەسەر دەستکەوتەکانی ئەوانیش دەستکەوتی تر دابنێین، بەڵام کۆمەڵێك کەم و کورتی و کێشە و گیروگرفتی گەورەش بۆ ئێمە جێماوە، دڵنیاشم کە من ئەم جێگە بەجێ دێڵم بۆ دوای خۆم، کۆمەڵێك لەو کێشانە بە تەواوی پێمان چارەسەر ناکرێ، کاك کاردۆش وەکو هەڤاڵێکی دێرینی خۆمان، زۆریش لەم خوشك و برایانەی ئەمڕۆ لە ئۆپۆزیسیۆنن، ناتوانن خۆیان بێ بەری بکەن لەو کێشەو گیروگرفتانەی رابردوو، تەئریخ لە $7/25$وە دەستی پێ نەکردووە، من دەڵێم هەموومان با بە یەکەوە دەست بخەینە سەر خاڵەکان، بە تەشخیص و بە موحەدەدی قسە بکەین، چۆن چارەسەری بکەین؟، بەرنامەمان چیە بۆ چارەسەرکردنی؟، دەتوانین بیکەین، قەناعەتم وایە ئەگەر نیازمان چاککردن بێ، بەڵام نیازمان وابێ تەئریخ لە $7/25$وە دەستی پێکردووە، ئەوەی دوای $7/25$ هەموو خراپە کارییەکان بووە، ئەوەی لەولا تر ئیتر بێ گەردە و داخوازی خەڵك بەرز دەکاتەوە، من پێم وایە خەڵکی بە ویژدانی ئەم وڵاتە، ئەو مەنتیقەی لا قبول نیە، خەڵکی بە ویژدان دەزانێ، لەگەڵ تەنانەت حزبەکەی خۆمدا، چ جار ئۆپۆزیسیۆن جۆرەهاو جۆری بێنەو بەرەمان بووە لەسەر کۆمەڵێك لەو ئیصلاحاتانە، بە بێ تەرەدودیش کردوومانە، کۆمەڵێك خەڵکی زۆر باش لەناو حزبەکەی خۆم و حیزبەکانی هاوپەیمانەکان و لایەنەکانی تریشدا و بە ئۆپوزسیۆنەوە هاوکارو پشتیوانمان بن، بەڵام وەڵلاهی جاری وا هەیە لێتان ناشارمەوە، لە کانگای دڵمەوە قسە دەکەم، هەندێ ناوەندی نفوز، لەوانەی ئێوە پێی ئەڵێن (حزبی دەسەڵات)، لەگەڵ هەندێ ناوەندی نفوز لە ئۆپۆزیسیۆن، وەڵڵا وا یەك دەگرن ئاوا کە هەمان ئاش نەهێشتنی سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی، من دەڵێم لە ساڵی رابوردوودا ساڵێك و چوار مانگە و سێ مانگە لەم حکومەتەین، بە ڕەقەمیش قسە دەکەین، کۆمەڵێك دەسکەوتمان بە دی هێناوە، کۆمەڵێك تەقلید و شێوازی کارکردنمان گۆڕیوە، کۆمەڵێك شەفافیەتمان هێنایەتە کایەوە، هاتووینەتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان، وتوومانە ئەمە بودجەکەیە، ئەمە جۆری کارکردنەکانمانە، ناشڵێم هیچی میسالی بووە، ئەم پەرلەمانە کۆمەڵێك پیداچوونەوەی بۆ کردووە، کۆمەڵێك کەم و کورتی تێدا دۆزیتەوە و بۆی چاککردووین و ماڵتان ئاوا بێ، کۆمەڵێك تەقلیدمان هێنایتە کایەوە، لە خۆتان ئەپرسم بە تایبەتی ئەوانەی کە نوێنەری خەڵکی سلێمانین، سلێمانی ئەم ساڵ بەراورد بە ساڵی رابوردوو، عەینی سلێمانیە؟، کام کووچە و کۆڵانی سلێمانی کە کار و خزمەتگوزاری و هێنی تێدا نەبێ؟، ئەو هەموو فەوزا و هەڵا و هوریایەی و ململانێی لەناو سلێمانی بوون لە ساڵانی رابوردوو کێ لێ بەرپرسە؟، کابینەی شەشەم لێی بەرپرسە؟، بەرهەم صالح لێ بەرپرسە؟، وەرن با بە ڕەقەم قسە بکەین، کێ وای لە سلێمانی کرد؟، کێ ئەو هەموو شەڕ و بەزمەی هێنا ناوە کەلار و ناو ئەو ناوچانەی تر کە پێی

ئەوترێ ناوچەی دەسەڵاتی کۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بەرهەم وای لێ کردووە؟، کابینەی شەشم وای لێ کردووە؟، با تەحەمولی مەسئولیەت بکەین و بزانین چۆن چارەسەری بکەین؟، ئێستاش دێمە سەر ڕەقەم لەسەر ئەو بابەتانە قسە دەکەین، کاک کاردۆ دەفەرمووێ و ئەڵێ: لاوازی حکومەت لە سیاسەتی وەربەرهێنان، من پێموایە بەشی زۆری ئیقتیصادی عێراق، بە ئیقتیصادی کوردستانیشەوە وابەستی داهاتی نەوتە، یەکێکە لە خەتەرە گەورەکان، بەڵێ تێبینیەکەت بە جێیە، تێبینیەکەت زۆر بەجێیە کاک کاردۆ، بەڵام ئەوە شکستی کابینەی شەش نیە، ئەوە ڕێرەوێکە کە هاتووە، تەقلیدی دەوڵەتی ڕەیعی لە بەغداوەو لە زەمانی بەعسەوە، لە دوای ئەوەش و حوکمی بەرەی کوردستانی و ڕێرەوی ئەو حوکمڕانیەی ئەوڕۆی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش ململانێی حیزبی و ناوەخۆمان و شەڕی ناوەخۆمان، هەر خەڵك بێنە و بیخەرە سەر میلاکی وەزیفی و کارێکی وا بووە، بەڵێ، کە حەرەکەی ئیقتیصادی لەم وڵاتە بە ئاراستەیەکی تر بڕوات، بەڵام بە ویژدانەوە وەرن سەیری وەزعی ئیقتیصادی کوردستان بکەن، ئەمە دەستکەوتی کابینەی شەش نیە، دەستکەوتی کابینەکانی پێشووتریشە، بەڵام من هیوادارم کابینەی شەش برەوی پێدا بێ، وەبەرهێنانی بیانی و خۆماڵی، کەرتی تایبەت لە 13 ملیار دۆلار تێپەڕیوە لە کوردستاندا، حەرەکەی ئیقتیصادی، باس لە کشتوکاڵ دەکەم، ساڵی 2009 ، 250 هەزار بۆ چەند تەن دانەوێڵە بەرهەمی کوردستان بووە، ساڵی 2010، وەکو بیستوومە بە پێی ئامارەکان، هیوادارم تەدقیقی بکەینەوە، لە 500 هەزاری داوە، ئەو حەرەکە ئیقتیصادییەی لە دێهاتی کوردستاندا هەیە ئەمڕۆ، ئی چەند ساڵێك لەمەوبەر بەرەو پێشەوە چووە یان نەچووە؟، چووە، کەرتی پێشەسازی هەنگاوی ناوە بەرەو پێشەوە، بەڵام زۆر زیاتری دەوێ، بۆیە داوامان وایە لە پرۆژەی بودجەی ئەمساڵدا درێژە بە قەرزی صناعی و کشتوکاڵی بدەین بۆ ئەوەی ئەو حەرەکە ئیقتیصادیە بێنینەوە کایە، ئەمساڵ لە پرۆژەی بودجە بەرنامەمان وایە کە هاوکاری کەرتی تایبەت بکەین، قەرزی بچووك بدەین بۆ گەنجان بۆ ئەوەی هەلی کاری بەرهەمهێنەر بۆ خۆیان بدۆزنەوە، پشتیوانیان بین وەکو حکومەت، بەمە حەرەکەی ئیقتیصادی دێتە کایەوە، بەڵام ئەگەر پێتان وابێ ئەم حاڵەتەی لە 95%ی ئیقتیصادی کوردستان کە پەیوەستی نەوتە، لە لایەن کابینەی شەشەوە، من مەمنوون دەبم، سەروەرییەکانی رابوردووش هەمووی بۆ من حیساب بکەن با هەموو غەڵەتەکانیشی لەسەر من بێ، بەڵام خەڵکی بە ویژدان دەبێنی وا نیە، خەڵکی بە ویژدان دەبینێ ئێمە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگمان ناوە بۆ بووژانەوەی کەرتی تایبەت و بووژانەوەی حەرەکەی ئیقتیصادی و بایەخدان بە کەرتە جیاجیاکانی خەڵك، خەڵك بێتە هەولێر، بێتە سلێمانی، بێتە دهۆك، بەراووردی وەزعی ئەم شارانە دەکەن لەگەڵ ساڵانی رابوردوودا، هەمووی سەرسامن، بەراوردیشی دەکەن بە ناوچەکانی تری عێراق، هەر سەرسامن، من پێم وا نیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شکست خواردوو بناسرێ لە بواری ئابووریەوە، بەڵێ، بایەخدان بە عەدالەت، بایەخدان بە توێژەکانی خوارەوە، هەژارنشینەکان، گەڕەکە هەژارنیشینەکان، ئەرکێکی سەرشانی گەورەمانە، من خۆم لە لای خۆمەوە شانازی بەوە دەکەم لەگەڵ ڕەفیقەکانم لە ئەنجومەنی وەزیران زۆر بایەخمان بەوە داوە، بۆیە ساڵی پار لە میزانیەی حکومەتی هەرێمدا بایەخمان بە مووچەی شەهیدان و ئەنفال کراو و کەم ئەندام و کۆمەڵێك لەو توێژانەی خوارەوە داوە، بۆیە لەو بڕیارانەی دەرماڵەکانی کە داومانە بۆ توێژەکانی

کارمەندانی حکومی، هەوڵمان داوە ئەوانەی خوارەوە زۆرتر بگرێتەوە، بۆیە پار، خوشک و برایان، لە بڕیاری بودجە پێشنیازمان بۆ ئێوەی بەڕێز کرد لە 10٪ی مووچەی بەرپرسە باڵاکان کەم بکرێتەوە، ئەگەر روخسەتم بدەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، گلەییەك لە پەرلەمان بکەم و نابێ عاجز بن، بڕیارەکەتان قبوڵ نەکرد، ئەم جارەش بۆمان هێناونەتەوە، بۆیە قەرارێکمان دەرکردووە و حەز دەکەم پشتیوانیشمان بن، کۆمەڵێك لەو تەقاعودانەی بە پلە وەزیر و بە ئەنواعی دەرەجەی پلەدار و نازانم چی کرا، کە بەبێ عەدالەتی کراوە، هەمووی پێداچوونەوەی بۆ بکەین، بەڵێ، دەزانم کە ئەوەش دەکەین دوژمنمان بۆ پەیدا دەبێ، خۆ نایێ بڵێ لەبەر ئەوەی منت کردووە بە وەزیر و برادەرێك منی بە وەزیر تەقاعود کردووە و تۆ لێم دەسەنێتەوە، ئەچم لەسەر ئەوە شەڕت لەگەڵ ئەکەم، 100 موشکیلەی ترمان بۆ دروست دەکات، بۆیە من حەز دەکەم لە کاتێکدا داخوازی چاکسازی داخوازییەکی ڕەوایە و من پێشوازی لێ دەکەم و بە کارێکی پێویستی دەزانم، بەڵام تکایە وریا بن، هەندێ خەڵك زەرەرمەند بووە لە هەندێ لەو ئیجرائاتانەی کردوومانە، ئەیەوێ ئاو بخاتە ئاشی بابەتێکەوە بۆ مەبەستێکی تر، سەبارەت بە نەبوونی سیاسەتی حکومەت لەسەر رێژەی هەژاری، من کاك کاردۆ، ئامارەکانی لای من شتێکی جیاوازە لە جەنابت، حەزیش دەکەم پێکەوە لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان یاخود لەگەڵ دەزگای ئاماری خۆمانەوە دیقەت بکەین، سەبارەت بە، لە کوردستان بە پێی ئامارەکانی لای ئێمە لە 4,7٪ بانکی نێودەوڵەتی پێوەرێکی هەیە بۆ ئەم مەسەلە، لە عیراقدا لە 26٪، تەبعەن بۆ ئاگاداریتان بۆ من ئەگەر لە 4٪یش بێ بۆ من کەم نیە، لە 1٪یش بێ زۆرە، حەیفە لە وڵاتی ئێمە خەڵکی هەژار و نەدار هەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم، من لە بەغداش بووم، رێژەی هەژاری لە کوردستاندا زۆر زۆر کەمترە لە ناوچەکانی تری عیراق، بە پێی دوا ئاماری کە لەبەر دەستی مندا بووە، موعەدەلی دەخلی فرد لە عیراقدا ئەوەی پێی دەگوتری (GPD in Capital Income) ئەوە مامۆستا ئاراس ئەزانی ئەڵێم چی، 3500 دۆلارە لە ساڵێکدا بۆ تاکێك، ئەوە بە پێی پێوەرەکانی بانکی نێودەوڵەتی، لە کوردستان 4500 دۆلارە، ئەمە ئامارە، بۆ ئەوەی پەرلەمانی بەڕیزیش بە وردەکاری لەسەر ئەمانە قسە بکات، من پێم خۆشە هەم لە ڕێگەی دەستەی ئاماری کوردستانەوە، هەم لە ڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە، هەم لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی undpو bank wawەوە سۆراخی ئەم مەسەلانە بکەین، سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری، ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ کارکردن، بە رەئی من ئەو بەرنامانەی کە دامانناوە بۆ کارکردن لە بەرنامەکانی حکومەت لە پارەوە کە هەندێکیشمان جێبەجێ کردووە و ئەم ساڵیش لە بودجە تەوەری سەرەکی بودجە ئەم ساڵمان مەسەلەی دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ گەنجان، هەم لە رووی دابینکردنی 25 هەزار دەرەجەی وەزیفی لەناو حکومەت، هیوادارین لە ڕێگەی ئەنجومەنی راژە یان بە شێوازێکی وا کە بە عەدالەت، دوور لە تەزکیە و تەزکیەکاری، دوور لە واستە و واستە کاری جێبەجێ بکرێ، کاری بۆ دەکەین بۆ ئەوە، هەروەها پێدانی قەرزی بچووك بۆ گەنجان، هەروەها پێدانی مینحەیەك بە کەرتی تایبەت، هەر موزەفێکی حکومی بچێتە کەرتی تایبەت، نیوەی مەعاشەکەی بۆ دوو ساڵ دەدرێ بەو کۆمپانیایەی کە دەیگرێتە خۆی بۆ ئەوەی ئیشی بەرهەم هێنەر بکات، هەر ئەوە نەبێ بە بەتاڵی موقەنەع لەناو حکومەتدا کار بکات، بەرنامەیەکی تری گرنگ، هیوادارم سەرۆکی پەرلەمان بە جیددی موتابەعەی ئەوە بکەین، گۆڕینی سیستەمی زەمانی ئیجتیماعی

و تقاعودی، یەکێك لە کێشە گەورەکانی ئەم وڵاتە بۆ خەڵك هەر روو دەکاتە حکومەت و پەنا ئەباتە بەر بەتاڵی موقەنەعە؟، لەبەر ئەوەی زەمانی تەقاعودی نیە، پرۆژەیەکی زۆر گرنگمان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردووە، بۆ تەفعیلی قانونی تەقاعود و صندوقی زەمان، کە ئەمە دەبێتە مایەی خێرێکی و پشتیوانیەکی گەورە لە کرێکاران و کار گوزارە جیاجیاکانی کەرتی تایبەت، کە دەیان هەزار و دەیان هەزارە، ئەوە کارێکی گرنگە ومن پێم وایە گۆڕانکارییەکی ڕیشەییە لە جۆری کارکردنی حکومەت و کەرتی تایبەت و خەڵك، خەڵك زەمانی دەبێ، تەقاعود دەبێ و ترسی ئەوەی نامێنی کە تەقاعودی دەمێنی یان نا؟، من هیوادارم پەرلەمانی کوردستان وەڵامی داخوازییەکانی خەڵك بداتەوە، زوو بێننە بەردەمی پەرلەمان و زوو بڕیاری لێ بدەن، سەبارەت بە ڕێژەی بێ کاری، ئەوەی ئامارەکانی لەبەر دەستی ئێمەیە، لە 14٪یە، بە پێی دەزگای ئامار، بە پێی شارەکانیش هەیە، لە 14٪یە، زۆر کەمترە لەوەی کە لە عیراقدایە، بۆ ئاگاداریتان، بەڵام دووبارە من دەڵێم، دڵم بەوە خۆش نیە کە لە 14٪ ، دڵم بەوە نیگەرانە کە لە 14٪ی وڵاتەکەم بێ کار بێ، بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانم بەدواداچوونی جیددی بۆ بکەین، کە چۆن بتوانین هەلی کاری جیددی بۆ بدۆزینەوە، لە جیاتی هێزی ناوەخۆ زیاد بکەین و بە ناوی چالاکیە مەدەنیەکان پارەی تری بۆ بکڕین و ئەمانە، با دەرفەتی کارکردنی راستەقینە و بەرهەمهێنەر بۆ گەنجەکانمان دابنێین، سەبارەت بە نیشتەجێبوون، من پێم وایە یەکێك لە سەروەرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە ساڵانی رابوردوودا، کەرتی نیشتەجێبوونە، منیش ئەمە ئامارەکانی بەردەممە سەبارەت بە نیشتەجێبوون، بێگومان خەڵك هەیە ئێستاش کرێچیە لەم وڵاتە، بەڵام ئەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان، بواری نیشتەجێبوون، هەنگاوی گەورەی نەناوە بەرەو پێشەوە لە چاو ساڵانی رابوردوو؟، ئەو بایەخەی کە بە تایبەتی لە ڕێگەی سندوقی ئیسکان و سولفەی عەقارەوە دراوە بە خەڵك، دەستکەوت نیە؟، خۆ نابێ ئەو دەستکەوتانە ببینین و قەدری ئەو دەستکەوتانە بزانین بۆ ئەوەی کە وەختی گلەییشمان کرد لە کەم و کورتییەکان بە هەند وەربگیرێ، ئەمساڵ من یەکێك لە سەروەرییەکانی خۆم و هەڤاڵانم لە ئەنجومەنی وەزیران، سولفەی عەقارمان بردە دێهاتی کوردستان، هەندێکتان باش دەزانن چ ئاستەنگێکمان لە ڕێگە بوو، بەڵام کردمان، دەبێتە داینەمۆی بووژاندنەوەی ژیانی دێهات و ئابووری کشتوکاڵی وڵاتەکەمان، بە پێی ئەم ئامارانە کاکە کاردۆ، لە کوردستاندا ژمارەی خێزان 817229 خێزان هەیە بە پێی ئەمە ئەنجامە بەراییەکانی حصر و تەرقیمی ماوەی رابوردوو، هی ساڵی 2009 و 2010، 826955 یەکەی نیشتەجێبوون بە خانوو و شوقەوە هەیە لەم وڵاتە، ژمارەی ئەو خێزانانەی کە خاوەن خانووی خۆیانن 709515 لەم کوردستانەی ئێمە لە کۆی 817 هەزار خێزان خاوەنی خانووی خۆیەتی، 76811خێزان کرێچین، واتا ڕێژەی کرێچی لە خێزانەکانی ئەم وڵاتەمان لە 9٪یە، من هیوادارم بە پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان بە پەسندکردنی بودجە و درێژەدان بە سولفەی عەقار و بە تایبەتیش کە بڕیارێکمان دا، ئەو عەرزانەی کە ئیفرازکراون لە 200م کەمترن، 100م و 150م، سولفەی عەقاریش بیانگرێتەوە، بەشێك لەو ڕێژەیە دابەزێنێ، من چاوەڕوان بووم پەرلەمانی کوردستان، بڕەك خراپەکاریتان زۆرە، بەڵام لەم بوارە کۆمەڵێك شتی باشتان کردووە و دەستخۆشیتان لێ دەکەین و حەز دەکەین باشتری بکەن، سەبارەت بە ئیحتیاتی نەقدی، کاك کاردۆ دەڵێ، من پێم وایە

له پەرۆشیشیەوە دەیڵێ، دەڵێ: حکومەت سیاسەتی ئیحتیاتی نەقدی نیە، کاك کاردۆ لەم پەرلەمانەیە و ئەم پەرلەمانە بەڕێزە حیساباتی خیتامی ساڵی 2009ی پەسند کردووە، دەنگتان بۆ داوە، بە هەر حاڵ پەرلەمان دەنگی بۆداوە، پەرلەمان لە ساڵی 2009دا لە کۆتایی من لە کابینەی شەشەم لە مانگی 10ی 2009 سوێندی یاساییم لەبەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە خواردووە، مانگی 10ی 2009، حیساباتی خیتامی 2009، کۆتایی ساڵی 2009 کە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە و پەرلەمان پێشکەشی کردووە، عیجزی پێشان داوە بە یەك ترلیۆن و 115 ملیار دینار، عیجزی میزانیەی ساڵی 2009 ترلیۆنێك و 15 ملیار دینار بووە و ئەمەش نوسخەی حیساباتی خیتامی لای خۆتانە، ساڵی 2010 من ئەڵێم سەربەرزم لەگەڵ رەفیقەکانم لە ئەنجومەنی وەزیران، سەرباری زیادکردنی مووچە، سەرباری برەودان بە پرۆژەکان و وەبەرهێنان، عیجزی کە هەمانە دابەزیوە، نەك زیادی کردووە، لە ماوەی رابوردوودا حیساباتی خیتامی شەش مانگی یەکەممان ئاڕاستەی پەرلەمان کرد، کە هەتاوەکو 2010/7/1 و تەقدیراتی وەزارەتی دارایی کە پێشەکەش بە من کراوە و پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کراوە، کۆی عجز لە ساڵی 2010 دابەزیوە، تەقدیرەکە ئەوەیە عیجزی میزانیە لە 500 ملیار دینار کەمتر بێ، خوشك و برایان، پێم وایە کاکە کاردۆش دڵنیام لەوەی کە تەدقیقی ئەو رەقەمانە دەکات و بە ویژدانەوە تەقیمی دەکات، ئێمە لە ساڵی رابوردوو مووچەمان زیادکرد، لە ساڵی رابوردوو پرۆژەمان زیاد کرد، خەڵکی کوردستانیش بە ویژدانە و ئەبێنێ چیمان کردووە، لە رووی پرۆژەکان و خزمەتگوزارییەکانەوە، و گۆڕانکارییەکانی کە بووە، ئیشێکی زۆرمان لەسەر کردووە و واجیبی خۆمانە، بەوەشەوە عیجزمان دابەزاندووە، من پێتان ئەڵێم کۆمەڵێك پارەمان گێڕاوەتەوە بۆ خەزینەی حکومەت، ئەو پارانەی کە دەدرا بە هەندێ حیزب و رێکخراو راگەیاندن و ئەمانە و من هیچ لەوە دوو دڵ نیم، دووچاری ئەنواعی کێشە و گێر و گرفتیشی کردین، دووچاری ئەنواعی بینە و بەرەی کردین، بەو جۆرە و جۆری جیاواز، سەیرە برادەرێك مانگانەیەکی هەبوو بۆ دەزگایەکی راگەیاندن، بە تەعبیری هەندێ لە ئێوە نان بڕاو کرا، حکومەت بۆ پارەی دەزگای راگەیاندن بدات؟، ئێستا لە دەزگایەکی راگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن کار دەکات، دەمی زۆر گەرمە لەسەر ئیصلاحات، مانگی 50 هەزار دۆلار بوو یان 50 ملیۆن بوو ئی ئەو خەڵکە، ئی ئەو میللەتە دەدرا بە جەنابی بەڕێزی و ئێستا لە دەزگا یەکی راگەیاندنی بەڕێزە داوای ئیصلاحات لە ئێمە ئەکات، بۆ گەلی کوردستانیش بێ، بۆ هەر کەسێك بێ، من ئەمەوێ لەوە یەك بڕیار بە جەنابیشت بڵێم، هەر چ کەسێك من ئەمە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، من لەو مەسەلەیەش لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمدا، کوێستان خان با من بە صەریحی قسە دەکەین لەسەر ئەم مەسەلەیە، هیچ شتێك نیە بیشارمەوە، هیچ ترسێکم نیە لەوەی بیشارمەوە، هەمووی باس دەکەین، بە رەقەمیش قسە دەکەم، من لەگەڵ جەنابی کاك مسعودیش لەم بارەیەوە قسەمان کردووە، ئەو تەئکیدی زۆر لەسەر ئەوەیە کە نابێ ئەو مەسەلانە بمێنێ، من دەڵێم لە ساڵی 2010 کابینەی شەشەم کۆمەڵێك هەنگاومان نا بۆ ئەو مەسەلەیە، کۆمەڵێك هەنگاومان نا، من نەموتووە کوێستان خان بنبڕم کردووە، قەتیش ئەو قسەیە ناکەم، ئەم ساڵ دەبێ یەکجار کەمی بکەینەوە، من حەز دەکەم دوایی نەصی قەرارەکەشتان دەدەمێ، حەزیش دەکەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بە هاوکاری ئەندامەکانی پەرلەمان، پشتیوانی حکومەت بن بۆ جێبەجێ کردنی، پارەی

خەڵك بۆ بۆ دەزگای ڕاگەیاندن بێ؟، بۆ بۆ جەریدە و بۆ ئەم و بۆ ئەو بێ؟، حكومەت قسەكەری خۆی هەیە، قسە دەكات، یەكێتی زمان حاڵی خۆی هەیە، با بیكات، لە پارەی ئابوونەی خۆیەتی، لە پارەی هینی خۆیەتی، پارتی بە هەمان شێوە، گۆڕان بە هەمان شێوە، یەكگرتوو و كۆمەڵ بە هەمان شێوە، ئەم وڵاتە ئەگەر ئەمانەوێ ڕێچكەی ڕاستەقینەی بۆ بكەین، ئەمە ڕێچكەی ڕاستەقینەیە، بەڵام من بە سەراحەت بە ئێوە دەڵێم و بێ دوو دڵی، هیچ یەكێك لەو قەرارانە ئاسان نیە، خۆ نایێ یەخەت بگرێ لەسەر ئەوەی تۆ وات لێ كردووم، ئەنواعی بیانووت بۆ دێنێتەوە، ئەم وڵاتە بەرگەی ئەوە ناگرێ، ئێمە كۆمەڵێك وەعدمان بە میللەتەكەی خۆمان داوە چاكسازی بكەین، ئەڵێن حكومەت بێ دەسەڵاتە و داماوە، وەللاهی من لێتان ناشارمەوە، من بێ دەسەڵاتم لە تۆقاندنی خەڵك، بێ دەسەڵاتم لە ترساندنی خەڵك، بێ دەسەڵاتم لەوەی كە حەق بە خۆم بدەم كە پارەی خەڵك وا لێ بكەم و وا لێبكەم، بەڵام پێم وایە دەسەڵاتی ئێمە، ئەم حكومەتە بە پشتیوانی پەرلەمانە بەڕێزەكەی خۆمان ئەوە بووە بەشێكی گرنگی ئەو پارانە بگەڕێنینەوە بۆ خەزینەی خەڵك، ڕووبەڕووی كۆمەڵێك لەو هینە، نفوزانە ببینینەوە، باس لە فساد دەكرێ، ئێمە هەموو قەراراتی ڕەقابەی مالی ئیحالەی ئیدیعامان كردووە، لە جێگەیەك كە نەكرابێ، من ناڵێم بە موتلەقی، بۆ ئەوەی دوایی دوچاری عەیبە نەبم لەبەر دەمی ئێوە، تكام لە پەرلەمانە بەڕێزەكەی خۆمان هەیە، بەدواداچوونی بۆ بكات، بڕوات بۆ بەردەمی دادگا، من خۆشمان كۆبوونەوەمان لەگەڵ ئیدیعای عام كردووە، بەدواداچوونی پێویستمان بۆ ئەوە كردووە، دەیكەین، هەندێكمان كردووە و هەندێكمان ماوە، بەڵام ئەگەر كاك كاردۆ بە سوپاسەوە دەیەوێ 7/12 ، 2/17 هەمووی بخاتە سەر كابینەی شەشەم و كێشە پەنگ خواردنەكانی ئەو هەموو ساڵەی ئەم كابینەیە پڕ كاتەوە، من پێم وایە ئەوە زۆر بە موهیممان ئەزانێ و سوپاسی دەكەم، ئەگەر ئەوە مەبەستەكەی بێ، بەڵام وەرن با دەست بخەینە ناو دەست و بە دڵسۆزی و بە پەرۆشی بۆ چاكسازی با بیكەین، دێمە سەر قسەكانی كاك عمر عبدالعزیز، من پێم وایە پوختەی قسەكەی خاڵی یەكەمی بوو، سەبارەت بە ئیرادەی جیددی بۆ ئیصلاحی سیاسی، بەڵێ، ئیرادەی جیددی دەبێ هەبێ بۆ ئیصلاحی سیاسی، ئەو ئیرادە جیدیە، حیزبە سەرەكییەكانی ئەم وڵاتە، بەڵام ئەم پەرلەمانەی كوردستان دەگرێتەوە، با بیكەین و بەرجەستەی بكەین، ئەو وەزعەی شەقام، داخوازی خەڵك، داوای ئیرادەی جیددی دەكات، لە دوا كۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە سیاسیەكان، هەر دەبێ زۆربەی لایەنە سیاسیەكان كە لای جەنابی سەرۆكی هەرێم، تەئكید كراوە كە ئەوەی پرۆژەی ئیصلاحی هەماهەنگ، كۆبكرێتەوە، دەی، یەللا، لە پەرلەمانی كوردستان هەموو ماشاء الله خەڵكی بە توانا و لێهاتوومان تێدایە، لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ لایەنە سیاسیەكان لەگەڵ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، نەك بە دروشم و شعارات، بە بەرنامەی موحەدەد، وەرن ئیصلاحی سیاسی، یەعنی چی؟، جیاكردنەوەی حیزب، یەعنی چی؟، تەحدیدی بكەین، ئێمە چووینە مەركەزی موحافەزە، لەوێ كۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگار و هەندێ بەرپرسە ئەمنییەكان بۆ بەدواداچوونی ڕەوشی ئەمنی شارەكە و ئەو شوێنانەی كە پێویستە بگرینە بەر بۆ ئارامی وەزعەكە و كردنەوەی حیزب و حكومەت، ئەمڕۆ نیە، داواكارییەكە، تێكەڵاوی حیزب و حكومەت ئەمڕۆ نیە، قبوڵ خاص ئەمڕۆ نیە، هەرچەندە نەماوە قبوڵ خاص، ئەگەر ماوە لە جێگەیەك پێمان بڵێن بە سوپاسەوە بۆ ئەوەی ڕێگری بۆ بكەین، دەست تێوەردان لە زانكۆكان، هی

ئەمڕۆ نیە، بەڵام من ئەتوانم بە سەربەرزی لەبەردەمی ئێوە بڵێم، ئێمە رووبەرووی بووینەتەوە، هەوڵمان داوە کەمی بکەینەوە، رێگریمان لێ کردووە، وەرن هاوکارمان بن بۆ ئەوەی بەتەواوی بنبڕی بکەین، نەبوونی شەفافیەت، من ناڵێم شەفافیەتی موتڵەق هەیە لەم وڵاتە، قەت ئەو دیعایەش ناکەم، بەڵام چ پرسیارێکی مالیتان هەیە، من وەڵامتان دەدەمەوە، بودجەمان هێناوتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، ئەوە حیساباتی خیتامی، 6 مانگی یەکەمی ساڵی 2010یە، جۆری سەرفی پارە، داوا دەکەم لە پەرلەمان، بە سوپاسەوە داواتان لێ دەکەم، رجاتان لێ دەکەم تەدقیقی بکەن، غەڵەتی تێدا بێ بۆ ئەوەی چاکی بکەین، کەم و کورتی تێدا بێ چارەسەری بکەین، پارەی خەڵکە، نانی خەڵکە، وەرن با شەفافیەت، جەنابت لەوێ بووی، ئەو وەختە وا بزانم کاك عەدنان بوو سەرۆکی لیستی گۆڕان، لەگەڵ خوشکە سۆزان و لاکانی تر کۆبووینەوە لەسەر نەوت، کۆمەڵێك مەلەفمدا بە ئێوەو بە سەرۆکی لیستەکان، سەبارەت بە پرسی نەوت، چی بکەین، چیمان کردووە، بەرنامەکانمان چیە بۆ ئەوە، من لە لای خۆمەوە هیچ شتێکم نیە بیشارمەوە و لە خزمەتتان دامە، ئەوەی بیزانم پێتان ئەڵێم، ئەوەی نەیزانم دەڵێم نایزانم، وەرن با بچین بەدواداچوونی بۆ بکەین، کاری بۆ بکەین، ئەو شتانەی کە پێویستە، بەڵام ئەو شەفافیەتە، وەرن با تەحدیدی بکەین شەفافیەت چیە؟، بەڵێ لە هەندێ بواردا، کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکە بوو هەیە، بەدواداچوون بۆ هەندێکی کراوەو هەندێکی تریشی پێویستی بە دواداچوونی تری هەیە، سەبارەت بە دوو ئیدارەیی، وەڵڵاهی برادەرینە قسەی ئەمڕۆم نیە، دەمێکیشە بە ئیعلامیش وتوومە، لە کۆبوونەوەم لەگەڵ هەندێ لەو بەڕێزانە بەڕاشکاوی وتوومە، دیاردەکانی دوو ئیدارەیی هەر هەن، لە بواری دارایی و لە بواری پێشمەرگەو لە بواری ناوەخۆ، ئەگەر وا بڵێم راست دەبم، بەڵام کۆمەڵێك هەنگاومان ناوە بۆ یەکخستنەوەی ئیدارە، کۆمەڵێك هەنگاومان ناوە بۆ یەکخستنەوەی دارایی، کۆمەڵێك هەنگاومان ناوە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە وەکو باسمان کرد، بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی ئاساییش و ناوەخۆ، بڕیارێکمان ناردووە بۆ پەرلەمانی بەڕێز، سەبارەت بە یەکخستنەوەی هێزەکانی ئاساییش، هیوادارم زوو دەست بەکار بن لەسەری، تێبینیتان هەبێ لەسەری، سوپاستان دەکەین، تێبینیەکانتانمان پێ بڵێن، با بەدوایەوە بچین، بەڵام کاکە عومەر، ئەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان، ئەم بەزمەی ئەمڕۆ، داواکاریە ڕەواکانی خۆپێشاندەران ناڵێم، ئەوانە خەڵکی خەمخۆر و دڵسۆزن، بەڵام هەندێ ئەجیندای تر دەیەوێ ئەو وەزعە بە ئاراستە بکات، نەك بە یەك ئاراستەی یەکخستنەوەی حکومەت، بەڵکو بە ئاراستەی لەت بوونی کوردستان و بەیەکجاری کەرت بوونی ئیرادەی کوردستان، بەناوی فیدرالیەتی موحافەزات و بەناوی جۆرەها و جۆر لەو بابەتانە، پێشم وایە هەمووومان کوردییەکەمان باشە و ئەزانین دەڵێین چی، من ئەڵێم بە ڕاشکاوی، ئیدارەی کوردستان پێویستە هیممەتی زیاتری بۆ بکەین، یەکخستنەوەی بکەین، هەندێ هەنگاومان ناوە، پەرلەمانی کوردستان وەرن و هاوکارمان بن، بەدواداچوون بکەین لە کوێ ئاستەنگەکان هەیە، بۆ ئەوەی بە یەکەوە لەسەری کار بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن دانیشە، ناوی کەسی نەهێناوە، ئازادە لە رەئی، پاشان وەختتان دەبێ جوابی بدەنەوە، ئێستا نا، ڕەجائەن کاك کاردۆ دانیشە.

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح/سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كوردستان دانیشتووین، لە پەرلەمانی كوردستان دانیشتووین، مـن قـەت ئـەو حەقـە بـە خـۆم نـادەم تـەخوینی خـەڵك بكەم، بەڵام ئازادم لەوەی رەئی خۆم دەربڕم، من پێم وایە مەترسییەكی گەورە لەسەر كوردستان هەیە، گلەیی خـەڵك لـە نەبوونەوەی یەك ئیـدارەیی، گلەییـەكی ڕەوایـە، كوردسـتان پێویسـتی بـە یـەك حكومـەتی، یـەك دامـەزراوەیی هـاووڵاتی هەیە، نە ئی یەكێتی بێ، نە ئـی پـارتی بـێ، نـە هـیچ لایـەنێكی سیاسـی بـێ، كۆمـەڵێك هـەنگاومان بـۆ نـاوە، بـەڵام وەرن نوێنـەرانی هەڵبـژێردراوی گەلەكـەمان، پێكـەوە بـا هاوكـار بـین بـۆ ئـەوەی ئـەو ئاسـتەنگانە یـەكلایی بكەینـەوە، قـانونی ئاساییش تاوتوێ بكەن، با تەوحیدی ئاساییش بكەین، هەنگاوەكانی پێشمەرگە پشتیوانی بكەین، بـۆ ئـەوەی ئـەو حاڵەتـە بەرجەستە بكەین بە شێوەیەكی حەقیقی، دەست تێوەردانی حیزبی لە حكومەت، وەللاهی كاك عومەر، من نـاڵێم نیـە، ئـەڵێن نـەبوونی هەڵوێسـت لـە لایـەن حكومـەت، وەللاهـی مـن سوپاسـت دەكـەم، نـازانم، بـەڵام مـن پـێم وایـە حكومـەت هەڵوێستی هەبووە، حكومەت نەك هەر هەڵوێستی هەبووە، دووچاری جۆرەها و جۆر بەزم و ڕەزم بووە لەسەر ئەوە، دوو دڵیشمان نەكردووە، خۆ لەبەر دەم ئێوە قسە ئەكەین، لەگەڵ جەنابیشت لەوانەیـە قسـەمان كردبـێ، لەگـەڵ یـەكگرتوو و لایەنەكانی تر و هەموو لایەنەكان، كە ئەم حاڵەتی تێكەڵاوی حیزبی و حكومی ئەمڕۆ نیە، لـەم كابینەیـە هـەوڵمان داوە زۆر زیاتر كاری لەسەر بكەین، پێشمواپە زۆر جار ئەو قسەیە ئەكرێ، وەللا حیزبەكەی خۆی پشتیوانی ناكات، مـن پـێم وایە حیزبەكـەی خـۆم پشـتیوانیم ئـەكات، زۆربـەی هـەرە زۆری حیزبەكـەی خـۆم كـە خـەڵكی دڵسۆز و پـەرۆش و خـەم خۆری ئەم وڵاتەن، پشتیوانی ئەو هەوڵ و چاكسازییەن، بەڵام كە وەختێ بە تێكەڵاوی حیزب و حكومەت، بـاس دەكـەیت و ئیجرائاتی لەسـەر دەكـەین، كۆمـەڵێك ناوەنـد زەرەرمەنـد دەبـێ، كـاك عومـەر، شەڕیشـیان كـردووە و ئێمـەش شـەڕمان كردووە، هەڵوێستمان لێ بینیون، من پێت دەڵێم كە 17 ملیۆن، 18 ملیـۆن دۆلار بـەس مانگانـە بـۆ خەزینـەی ئیـدارەی كۆنی سلێمانی دەگەڕێتەوە، ئەڕێ ئەوە دەسەڵاتە، ئەوە ئیجرائاتە، بەڵام دەبێ زیاتریشی بكەین، هیوادارم پشتیوانمان بـن بۆ ئـەوەی زیاتریشـی بكـەین، بـۆ ئـەوەی ئـەو حكومەتـە حكومـەتی هـاووڵاتی بـووبێ، جـەنابت باسـی بێكـاری گـەنجان و هەژاریت كرد، من هاوبیرم، ئامارەكانی لەبەر دەستی ئێمە ئەوەیە، لەلای منەوە دیسانەوە ئامـاری گـەورەن، پێویسـتی بـە هـەنگاوی جیـددی هەیـە، كۆمـەڵێك بەرنامـەمان هەیـە، كۆمـەڵێك كارمـان كـردووە، كۆمـەڵێكمان كـردووە و كۆمـەڵێكی تریشمان بەڕێوەیە، هیوادارم پشتیوانمان بن بۆ ئەوەی بیكەین، سەبارەت بە سزای سیاسـی، كـە وەختـێ مـن ئـەم ئەركـەم پـێ سپێردرا، كۆمـەڵێك دیـاردە هـەبوو، كۆمـەڵێك خـەڵك لـە ئیشـەكانیان دوورخرابوونـەوە لەبـەر هـەر هۆیـەك بـێ، مـن ناچمە وردەكارییەكانیەوە، هەندێ لەم خوشك و برا بەڕێزانە هاتو چۆی مەكتەبەكـەی منیـان كـردووە، بەدواداچوونیان كردووە، پەرلەمان بەهەمان شێوە، جەنابی سەرۆكی هەرێم بە هەمان شێوە، من ئەتوانم سەربەرز بم لەبەر دەمـی ئێـوە، لەم كابینەیە خەڵك گەڕاوەتەوە سەر كار، خـەڵك دەرنـەكراوە، بـە ئامـار قسـە دەكـەین، ئـەو خەڵكانـەی كـە دەركرابـوون لـەوەو پـێش بـە هـۆی ڕووداوەكـانی هەڵبژاردنـەوەی، خـەڵك بـە وێژدانـە وا بـزانم ئـەزانێ لـە سـەردەمی ئـەو كابینەیـە گەڕانەوە بۆ سەر كارەكانی خۆیان و مووچەكانیان بۆ سەرف كرایـەوە، نـەك خـەڵك دەركـرا، ئەگـەر وا نیـە، حـەز دەكـەم پێم بڵێن وا نیە، ئامـارێكی تریـان هێنـاوە هەنـدێ لـە ڕەفیقـەكانیان، دەڵـێ ئەوەنـدەی تـریش مـاوە و بـڕۆن موتابەعـەی بكەن، موتابەعەی دەكەین من خۆم حكومەت، حكومەتی خەڵكە، حكومەتی حیزبێك و لایەنێك و هینێك نیە، خۆشـتان دەزانن لەسەر گەڕانەوەی هەندێ لەو خەڵكانەی جۆراوجۆر كێشـە و گرفتمـان بـۆ دروسـت بـووە، بـەڵام قەرارەكانیشمان بردووتە سەر، لە هەندێ جاردا تۆزێ زیادی پێچووە، بەڵام ژیـان وایـە، خـۆ بـە شـەو و ڕۆژێـك ئـەو قەرارانـە بـە فـەوقی نادرێ، لە كوێی تریش مابێ، ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەكەین، بەڵام كاكە عومەر، با وای لێ نەیێ وەكو شـەڕی یـەكێتی و پارتی، زەمانی خۆی شەڕی ناوەخۆ، هەر كەسێك لەسەر شتێك لاچوو لە مەنتیقەی یەكێتی ئـەیوت لەبـەر ئـەوەی پـارتی لایان بردوومەو ئەچووە لای پارتی ئەیوت دیفاعم لێ بكە، یەكێتی بووە، لە هەولێر بوایە ئەهاتە سلێمانی دەیوت لەبەر ئـەوەی مـن یەكێتیمـە، فـلان خـزمم یەكێتیـە دەریـان كـردم، وای لـێ نـەیێ حكومـەتێك نـەتوانێت ئیجرائاتێـك بكـات، موحاسەبەی موەزەفێك بكات، یەكسەر یەكێكی لێ قوت ببێتەوە وللا لەبەر سزای سیاسی، وەللا كاكە ئەم حكومەتە، من

به دڵنیاییەوە پێت دەڵێم، چەندین کەسی تێدایە، من لە سلێمانی باس دەکەم با بە تەحدید بیڵێم، بەڕێوەبەری گشتین، قایمەقامن، فەرمانگەی موهیمیان لایە، سەر بە ئۆپۆزیسیۆنن، بە پێی هەندێ تەقریر و ئەمانە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنن، قبوڵمان نەکردووە لە گوڵ ناسکتریان پێ بوترێ، مادام کاری خۆی دەکات وەکو حکومەت، خزمەتی هاووڵاتی ئەکات، ئەیخەینە سەر سەرمان، بەڵام جێگەکەی خۆی بۆ کاری سیاسی بەکار نەهێنێ و بە کاری قانونی لەگەڵی بکەین، من یەکێك لەو پێشنیازانەی لە پێشیشمانە، قەرار من نەبێ، قەراری ئەنجومەنی وەزیران بێ، پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری فەرمانگەکانمان بکەین، بەڕێوەبەرە گشتیەکان، من هیوادارم ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لێ بدات، ئەویش ئەوەیە زەمەنێك دابنێین، بڵێین 4 ساڵ، شەش ساڵ، کەسێك لە یەك جێگە نەمێنێتەوە، بەرێوەبەری گشتییە، بەرێوەبەری فەرمانگەیەکە، گۆڕانکاری ببێ با ئۆتۆماتیکی بیگۆڕین، 4 ساڵ بۆ 6 ساڵ، مەسەلەن بۆ نموونە، دەرگای تەرشیح کردن بۆ ئەو پۆستانەی فەرمانبەرەکان، هینی بەڕێوەبەری گشتی، لە ڕێگەی پێشبڕکێ بێ، ئێمە لە کۆمەڵێك جێگە کردمان، لە خوێندنی باڵا کردمان، لە دانانی عەمیدەکاندا کردمان، خۆ برادەرینە هەندێکتان ئاگاتان لێیە چ زەختێك هەبوو، هەر کردمان، ئەو دەرفەتی کارکردنی یەکسان بۆ هاووڵاتی ئەم وڵاتەن دەمانەوێ بیکەین، حەزدەکەم پەرلەمانیش لەوە هاوکارمان بێ، من دڵنیام لەوەی هەڤاڵانم لە ئەنجومەنی وەزیران هاوکارمان دەبن، سەبارەت بەوەی وەعدمان داوە و جێبەجێ ناکرێ، وەڵلاهی من حەز دەکەم لەسەر ڕەقەمەکانمان قسە بکەن، لەسەر کردارەکانمان قسە بکەن، لەسەر چیمان کردووە، بەڵام هەندێ شت هەیە بە تەنها و تەنها بە حکومەت ناکرێ، ئیرادەی سیاسی دەوێ وەکو کاکە عومەر باسی کرد، هەندێ مەسەلەی کێشەی کەڵەکە بوو هەیە، هەر ئەوە نیە بە قەرارێکی فەوقی بیدەی، ئێستا کە باس لە گەڕانەوەی موڵك و ماڵی حکومەت دەکەین، من لەگەڵ ئەوە نیم هێزی چەکدار بنێرینە سەر بارەگای ئەو حیزب و ئەو حیزب، شەڕێکی تر بنێینەوە، نەخێر، من پێم باشە بە ئیرادەی سیاسی و بە قەراری پەرلەمان و بە پشتیوانی حکومەت بکرێ، خەڵك بە دەستپێشخەری بیکات، ئیرادەیەکی سیاسی، جەوێکی وا بدەین، کێشە و گیر و گرفتی لێ نەکەوێتەوە، ئەو کەسەی کە جێبەجێشی نەکرد، ئیجرائاتی قانونی لەگەڵدا بکەین، من پێم وایە ئەوە ڕێگەی جێبەجێ کردنی وەعد و بەڵێنەکانمانە، کاك ئارام باسی پرۆسەی چاکسازی کرد، هەندێکمان لەو بارەیەوە باس کرد، باسی (IRI)یشی کرد، بەڵام (و لا تقربوا الصلاە) نەبێ، هینەکەی (IRI) سەیری بکەی، سەرتاسەری عیراقە و بەشێکی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانە، پرسە گەورەکانی لەبەردەم هاووڵاتی، وەکو جەنابیشت فەرمووت، پرسی گەندەڵییە، پرسی بێکارییە، گلەیی ڕەوای خەڵکن، زۆربەی زۆری خەڵك گلەیی لەو دیاردانەیە، بەڵام زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بە پێی ئەو راپرسیانەی (IRI) گەشنبینن بە ئایندەی خۆیان، گەشبینن بەوەی کە حکومەتی خۆیان کاریان بۆ دەکا و بە دەنگ داواکارییەکانیانەوە دەچێ، من پێم وایە کە وەختێ دێین و تەقیمی ئەو شتانە دەکەین، بە کۆی مەسەلەکانەوە بیبینی نەك تەنها و تەنها، سەبارەت بە وەڵامی پەرلەمان ئاراستەی من و کاك ئازادیش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، و هەموو وەزیرەکان بۆ وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمان بدەینەوە، ئەرکی سەرشانمانە، نازانم کاك سەعد لە لای منەوە هیچ وەڵامێك هەیە نەدرابێتەوە؟، کۆمەڵێك پرسیارتان کردووە، بەسەربەرزییەوە وەڵامی دەدەمەوە، تەشجیعیشتان دەکەم، بەردەوام بن لەو پرسیارانە، چونکە دەرفەتێکە بۆ روونکردنەوەی سیاسەتەکانی خۆمان و ئاگادارکردنەوەشمان لە کەم و کورتییەکان، ئەگەر وەزیرێك کەم تەرخەمی لەو بارەیەوە هەبووبێ، تکایە لە لێژنە پەرلەمانیەکان، یان جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئاگادارمان بکاتەوە کە بزانین چۆن بیکەین، سەبارەت بە راگەیاندن و هەڕەشە و سزادان، من ئەتوانم بڵێم مەحکومی دەکەم، ئەمەوێ بە ڕێکارە یاساییەکان بەدواداچوونی بۆ بکەین، پێشم وتی سەبارەت بە نالیا و بە ئەوانی تریش، چیمان کردووە، ئەمە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە، زۆر ناڕەحەتە، زۆر ناجۆرە، ئێمە ئیجرائاتی قانونی جیددی بۆ ئەکەین، بەڵام لە جەوی وا کاك ئارام، ئەوەی پێ ئەوترێ شەمشەمە کوێرە و خەڵکی نیازخراپ لە زۆر لایەوە قوت دەبێتەوە، خۆی دەکات بە ساحیبی ئەو وەزعە و دەیەوێ تێکی بدات، ئەوەی ئەو ڕۆژە کە پێی ئەوترێ سووتانی خەیمە، قەت قەراری سووتانی خەیمە نەبووە، على الاطلاق ، من کە گەڕامەوە پرسیارم کرد و دانیشتین لەگەڵ لێژنەی ئەمنی، زۆر بە نیگەرانیەوە، پارێزگای سلێمانی و دەزگا ئەمنیش تە حقیق لەوە دەکات، حەزیش دەکەم ئێوە بەدواداچوونی پێویستی بۆ بکەن، ئەوە بووە لەسەر جاددە

راوەستاون و لە خۆتان دەپرسم، خەڵك گوزەرانی هەیە، خەڵك بازاڕی هەیە، خەڵك مافی خۆپێشاندانیشی هەیە، بەڵام بۆ جاددە بگرێ و ڕێگە لە خەڵك بگرێ، كەسابەتی خۆی بكات و هاتوچۆی خۆی بكات، ئازادی ئەو ئازادییەیە تا ئەو ڕادەی حورمەت لە ئازادییەكانی خەڵكی تر دەگرێت و حورمەت لە رزقی خەڵكی تر دەگرێت، سەبارەت بە زانكۆی هەولێر، وەڵامم دانەوە، پێم وایە پێویست ناكات دووبارەی بكەمەوە، سەبارەت بە وەڵامی خۆپێشاندەران، من داواكارییەكانم دەست كەوتووە، خەڵكم ناردووتە ناویان، پرسیاری لێ كردوون، ئەوانە خەڵكی ئەم وڵاتەن، ئەركی سەرشانی منە وەكو حكومەت، گوێبستیان بم و چیش پێویست بێ بۆ گوێبستنیان و دایالۆگ لەگەڵیاندا، بەسەربەرزییەوە ئامادەم، بەڵام نەك هەر گوێمان لێ گرتوون، وەڵا ممان داونەتەوە و بە نووسینیش وەڵاممان داونەتەوە، بە ڕاگەیاندراوی رەسمی لەسەر وەرەقەی حكومەتیش وەڵاممان داونەتەوە، هاتنی منیش بۆ ئەم پەرلەمانە بەڕێزە پێم وایە بەشێكە لە وەڵامدانەوەی داخوازیە ڕەواكانی كۆمەڵانی خەڵك، سەبارەت بە بزووتنەوەی ئیسلامی، بڕیاری 17 خاڵیەكان، تەقە كردن، باسم بۆ كردن، یەعنی لەوانە پێم وایە دووبارەی نەكەمەوە، سەبارەت بە سیارەی جام ڕەش، وەڵڵا قەرار هەیە كە مەمنووع بێ، ئەمری ئێمە بۆ دەزگاكانی ئاساییش و ناوەخۆ كە نەكرێ، لە حاڵەتی تایبەت هەیە، ڕێ و شوێنی هەیە، بۆ هەندێ حاڵەتی تایبەت ئەبێ، بەڵام علی العموم ئەمە حاڵەتێكی نەخوازراوە و نەویستراوە و لە كوێش ئەبێ هیوادارم بە داتا و بە ئەمانە لەگەڵ جەنابی كاك كەریم لە وەزارەتی ناوەخۆ موتابەعەی بكەن، من خۆشم لەگەڵی موتابەعەی دەكەم، سەبارەت بە پرسیارەكەی كە هێنی بەردەركی سەرا، مۆڵەتیان هەیە یان نیە؟، ئێمە ئێستا خۆ ئەگەر بێین بە قانونی هێنی موتڵەق قسە بكەین، وەڵڵا لەبەر ئەوەی مۆڵەتیان نیە بڕۆین بڕاوەیان پێ بكەین، من پێم وایە ئەمە كارێكی خەراپە، كارەكەمان ئەوە بێ ئەو وەزعە ئارام بێتەوە، حاڵەتێك خولقاوە هیوادارم زۆر درێژە نەكێشی، لەبەر رزق و كەسابەتی خەڵك، بەڵام خەڵك مافی خۆیەتی ناڕەزایی خۆی دەربڕێ و بۆچوونی خۆی دەربڕێ، مافێكی مەدەنیە، بە قانون ئەو كارانە بكات، حەقی خۆیەتی و، هیوادارم خۆپێشاندەران پێش خەڵكی تر كە ئەوان دەیانەوێ ئەو ڕەوشە بە ئاراستەی خزمەتی خەڵك بەرن، بە ئاڕاستەی چاكسازی بەرن، كارێكی وا بكەین ئەو بازاڕەی سلێمانی، لەوە زیاتر نەشلەژێ و لەوە زیاتر خەڵك دوچاری كەمكردنەوەی كەسابەت و تێكچوونی رزقی نەبێ، من لەوە زیاتر ناڵێم نەوەك بە نەوعێكی تر لێك بدرێتەوە، بەڵام ئەركی سەر شانی من وەكو حكومەت، لەگەڵ برادەرانی پارێزگای ئەمنی سلێمانی و لێژنەی ئەمنی سلێمانییەوە، بە ئەو پەڕی زەبتی ئەعصابەوە لەگەڵ ئەمە كار بكەین و كارێكی وا نەكەین كە مەهانە بدەینە دەست كەس بۆ وروژاندنی ئەو وەزعە، و لە سەرووی هەمووشیەوە پاراستنی ژیانی خەڵك ئەركی سەرشانی هەموومانە، بۆ چی، ئەم خوشكە بەڕێزەمانەوە، ئەوە لێرە نیە، ئەڵێ ئیشی باشتان كردووە، بەڵام بۆ چی هێشتا داوای خەڵك هەر چاكسازییە؟، وەڵا لەبەر ئەوەی وەزعەكە هێشتا بە تەواوی چاك نیە، لەبەر ئەوەی كۆمەڵێك گلەیی و رەخنە هەیە، رەخنەی بەجێشن بەڕاستی، منیش نایشارمەوە، من پێم وایە وەڵامی خەڵك یەك وەڵامە، جێبەجێ كردنی پرۆسەی چاكسازی جیددی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەندەكانی نفوز و یاری كردن بە پارە و داهاتی خەڵك، وەرن بۆ ئەمە پێكەوە هاوكار بین، هاودەنگ بین، بەیەكەوە كار بكەین لەسەر ئەمانە، ئیشی خۆمان بكەین، من پێم وایە ئەمە كۆی پرسیارەكان بوو، دووبارە سوپاستان دەكەم بۆ گوێبستنتان، لە خزمەت جەنابتان دام.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.بەرهەم، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا دێینە سەر پرسیاری برایان، بەس پێش ئەوەی ناوەكان بنووسین، بەڕێز كاك بورهان رشید هەندێ عەجەلەیەتی، عیلاجی هەیە، كەرەم بكە قسەكانت بكە.**

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**جارێ شانازی دەكەم بۆ بەرگری لە مافی میللەتی خۆم ئاوا لێرە ماومەتەوە بۆ پرسیاركردن لەسەر وەزیران، من پرسیاری یەكەمم ئەوەیە، بە پێی ماددەكانی 9 و 10 و 11 لە دەستووری دائیمی عیراق**

که به پێی ماددەی 13 مولزەمە، ئەڵێ: لەشکر، ئەرتەش، موڵکی هەموو میللەتە، ئەرکی تەنها دیفاع لە حدودی خاریجی وڵاتە، بۆ چی هێزەکان بە ئارەزووی خۆیان پێشمەرگە ئەهێننە ناو شارەکان، زێڕەڤانی ئەهێنن و ئەبەن، لە کاتێکدا بە پێی یاسای خۆپێشاندانیش تەنها ئەو ئەرکە بە ئەجهیزەی شورتە سپێردراوە، ئەمە بە پێی دەستوور من قسە دەکەم، سۆزان خان ببوورە موفاتەعەم مەکە، دووهەم: بەڕێزی لە مانگی 11 لەسەر تەلەفزیۆنی زاگرۆس ئەڵێ: ملیۆنێك و 300 هەزار مووچەخۆرمان هەیە، لە 2/1 ئەڵێ ملیۆنێك و 400 هەزار، یەعنی 100 هەزار، بڕوا ناکەم ئەمریکا 300 ملیۆن کەسە لە زەرفی دوو سێ مانگدا ئەوەندە زیادی کردبێ، من پێشتر پرسیارم ئاراستەی بەڕێزی کردووە، سێ خشتەم بۆ ناردووە، ئەو لیستانەمان بۆ بنێرێ هینی بەرپرسەکان بە پۆلیس و پێشمەرگە و ئاساییشەوە، لیستی دووەم بە خانەنشینەوە، لیستی سێیەم بە مووچە خۆرەوە، کە من عەقڵم نایبڕێ بەڕاستی کە ئەو عەددەدە وجودی هەبێ، داوا دەکەم ناو  و جێگەی هەموومان بۆ بنێرێ، کە لە مانگی 12ەوە ئەو نووسراوەم بۆ ناردووە، من دەربارەی خاڵێکی تر، بەڕێزیی باس لەوە کرا کە ئەدیلەی عەجیبی دەستکەوتووە لەو مەوزوعە لەسەر کارەساتەکەی 17ی شوبات و ئەوانە، من زانیارییەکم لایە، پێم خۆشە بەڕێزی پشت ڕاستی بکاتەوە، ئەگەر وا نیە، منیش بەڕاستی زۆر لە لام سەرسورهێنەرە، ئەڵێن ئەو ڕۆژەی لەبەردەمی لقی 4 ئەو کارەساتە بووە، مەجموعەیەك برینداریان بردووەتە نەخۆشخانەی تەواری سلێمانی، دوای سەردانی یەکێك لە بەرپرسانی دەزگای دژە تیرۆر، یەکێك لە ئەفسەرەکان بەناوی مولازم (أ)، ئتیصالی کردووە لەگەڵ یەکێك لە فەزائیەکانی سلێمانی، هاتوون تەصویری 4 تا 5 کەسیان کردووە کە وتوویانە بڵێ فلانە کەس، ئەگینا ئێمە سەرنگونت دەکەین، ئەگینا ئێمە وات لێ دەکەین، بڵێ فلانە کەس ناردوومی و فلانە حیزبی سیاسی ناردوومی، ئەم کارە بکە بۆ ئەوەیبەرت بدەین، ئایا ئەم شتە ڕاستە؟، یەعنی وەکو ئەوەی بیانەوێ ئەم کارەساتە بەسەر لایەنێکی سیاسی دابێنن، دوو، پرسیارێکی ترم، بڕیاری گۆڕینی عەمیدەکان، بەڕێزی لە سلێمانی زۆر عەمیدی کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی گۆڕی، بەڵام لە هەولێر نەیتوانی هیچ شتێك بکات، یەعنی ئەوە جێی سەرسوڕمانە لە لای من، وەکو دەسەڵاتی رەئیس وزراء ، تەقاریری رەقابەی مالیە، پرسیارێکی ترە، بۆ تا ئێستا بەدەست ئێمە نەگەیشتووە؟، کە بە پێی قسەی کاك جەلالی سالم اغا، 2623 تەقریری گەندەڵی تا ساڵێك پێش ئێستا لە ئیدارەی سلێمانیدا هەبووە، بەڕاستی من کاك د.بەرهەم، من لەگەڵ ئەوەی کە پرسیارم ئاراستەی جەنابت کردووە، من مەجموعەیەکی زۆرم بۆ نەهاتووتەوە، نزیکەی 9 پێشنیار، 10 دانەش دەبێ بۆم ناردووی بۆ دەوڵەمەندکردنی بودجەی 2011، بەڵام من لە مەوزوعی سووتانی نالیا و ئەوانەی کەلار، ئەو ڕادیۆیەی لە کەلار سووتێنرا و چەند رادیۆ و تەلەفزیۆنی KNN و سووتانی خەیمەی ئازادی، ئەوانەی نالیاییان سووتاند کە دیار بوو کێ بوون، بەڕاستی لە جۆرجیا کە حەرەکەی ئۆتۆبۆر هاتە سەر جادده، ببورن، لە صربیا کە حەرەکەی ئۆتۆبۆر، لە جۆرجیا کە حەرەکەی کەمارۆ و شۆڕشی پرتقالی ئۆکرانیا، ئەمە روویندابوو، رەئیس وزرا دەستی لە کار کێشاوە، بەڕاستی من وەکو بورهان، لە ماوەی 18 رۆژ ئەم حادیسانە بووە، ئەگەر ئەمانەت تەسلیم بکردبایە، من بەرگریم لە جەنابت ئەکرد، ئەلێرە، زۆر بە صادقی، بەڵام من نازانم خەڵك هەیە لەسەر قووتوویەك پەنیر، پێنج مانگە مەوقوفە لە سلێمانی، ئەتوانم، من پێشتر

پارێزەربووم، ئەتوانم ناو بڵێم، دەست بەجێ خەڵك ئەگیرێ، ئەوانەی كە دیار بوون، لە هەولێر ئەوانەی نالیایان سووتاند، چۆن دەربازكران و چۆن نەگیران؟، ئیدیعای عامی سلێمانی ئەمر قەبزی بۆ تۆمەتباران دەركردووە لە كارەساتی 17ی شوبات، بۆ تا ئێستا ئەمانەی كە دیارن، كەسانی دیارن، ناویان دیارە، ناویان هەڵواسراوە لە سەرای ئازادی لە سلێمانی، بۆ تەسلیم نەكراون؟، پرسیارێكی ترم، لە ماددەی 24ی بودجەی ساڵی 2010، لە ماددەی 24 چەند برگەیەكی تێدایە، ئێمە لێرە 6 رۆژ موناقەشەمان بوو مەعاشی پۆلیس و پێشمەرگە و ئاساییشمان وەكو بەغدا لێ كرد، مەعاشی كارمەند و خانەنشینیشمان وا كرد، بەڵام بەرێزت لە مانگی 4ەوە تا ئێستا ئەم یاسایانەت جێبەجێ نەكردووە، ماددەی 21 و 22ی بودجەش، داهاتی نەوت، بەراستی 250 ملیۆن دۆلارت ناردووە، كە بەرای من 3، 4 ملیۆن دۆلار ئی فرۆشتنی نەوتە، ئەو چەند ساڵەی پێشوو، 5، 6 ملیۆنیش مینحەیە، بە حیسابی داهاتیش تەسبیت كراوە، كا لە كوێیە؟، یەكێكی تر لەوانەی ئەمەوێ باسی بكەم، بەرێز، سەرۆكی حكومەتی پێشوو، بە پێی تەصریحەكان و وەسائیق، ئەڵێ، من چوار ملیار دۆلارم جێهێشتووە، كە لە حكومەتدا نەماوم، ئەو 4 ملیارە لە كوێیە؟، ئەمە وەسیقەیەكە ئی كاك كاردۆیە، تەقریرێكی رەقابەی مالی بەغدام لایە، ئەڵێ: ملیارێك و 400 ملیۆن دۆلار لە ئیدارەی سلێمانی دیار نیە، بە مۆرەوە لە لامە، سێ، چوار وەرەقەیە، پرسیارێكی تر، بەرێزت، بەڵێ، ملیارێك و 400 ملیۆن، من لە لامە وەرەقە ئەتوانم بدەمێ بەرێز، بە مۆرەوە لە لامە، بری 96 ملیار دانراوە بۆ دەعمی ئەحزاب، بەراستی 90 ملیار دینار، بەڵام تەقارير ئەڵێ: بەس بۆ یەكێتی و پارتی، بێجگە لە تەقریبی 20 حیزبی تر، بەس بۆ یەكێتی و پارتی 124 ملیار دیناری هەیە، ئەمە لەسەر چ ئەساسێك، ئەمە لە هەر وڵاتێكی دونیا بێ، ئیهداری مالی عام نیە؟، دەربارەی چەندەها یاسا هەیە، بەرێزت ئەم حكومەتە جێبەجێ ناكات، چەندەها ماددەی یاسای نەوت و غاز، یاسای راژەی پێشمەرگە، یاسای نەوت و غاز ئەوەی پەیوەندی بە كۆمپانیا نیشتیمانیەكانەوە هەیە، دروست بكرێ، ببورە، یاسای راژەی پێشمەرگە، ئەوانەی ماددەكانی 46 و 47، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، یاسای رەقابەی مالی كە لە 2008 دەرچووە، تەقاریرەكان هەمووی بێتە پەرلەمان، ئەندام پەرلەمان لەبەر دەستیاندا بێ، تەعدیلی یاسای موحاماتی 2007 كە سەرۆكایەتی هەرێم تەصدیقی كردووە، دەربارەی ئینتیدابی موحامی، لە دەعواكانی جنح و جنایات و ئەحداس و تەحقیقە، یاسای دابین كردنی خانووی نیشتەجێ، كە پێویستە جەنابتان، نەك سندوقی ئیسكان، بەرای من، سندوقی ئیسكان بەشێكە لە هەدر دانی مالی عام، لەبەر ئەوەی خانوویەك دوو دەفتەری تێناچێ، بە 4 دەفتەر و 5 دەفتەر و 6 دەفتەری داوە بە خەڵك، یاسایەكی تر هەیە، یاسای دابین كردنی خانووی نیشتەجێ، تا ئێستا ئەم حكومەتە یەك حەرف جێبەجێ نەكردووە، كە خۆی خانوو دروست بكات و بیدات بە خەڵك، ماددەی 4 لە یاسای مەجلیسی شورای دەوڵەت، باس لە دروست كردنی دەستەكانی مەجلیسی شورا ئەكات، من تازە بیستوومە دروست كراوە، خۆزگە لە دەمی جەنابتەوە گوێم لێ بایە، ئایا لە 2007 و 2008ەوە، ئەمە كە هیچی لە دادگاكانی تری هەرێم كەمتر نیە، مەحكەمەی ئیدارییە، دەستەی گشتییە، دەستەی ئینزیباتی موەزەفی دەولەیە، ماددەی 7 ، ناردنی پرۆژەكانی جەنابت لە نەفسی یاسای 14ی 2008، ناردنی پرۆژەكانی جەنابتە بە فلتەری مەجلیسی شورای دەولەیە، پرۆژەی یاساكە ئەوان بۆت ئامادە دەكەن، تا ئێستا هیچ لەو رێكاریانە حكومەتەكەی

بەڕێزت جێبەجێی نەکردووە، یاسای ئەحزاب دەربارەی مەنعی کاری حیزبی لەناو هێزە چەکدارەکان، یان حیزب هێزی چەکدارییە، تا ئێستا حیزب هێزی چەکداری هەیە، بە یەکێتی و پارتیەوە، بە هۆی کە تەنزیمات دەکەن، بە هۆی ئەو هێزە مەقەراتیان دەپارێزێ، پۆلیس نیە پۆلیسی حکومەت، پێشمەرگەیە، لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندە گشتییەکان و فەلەك پارە وەردەگرێت، دەربارەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، تەوحیدی هێزی پێشمەرگە نەکراوە، یاسای بودجە وەك وتم ماددەکانی 21 ، لە یاسای بودجە ماددەی 22، یاسای بودجە ماددەی 24، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە دەربارەی هەڵبژاردنە، یاسای سزادان کە چەندەهای تۆمەتبار تا ئێستا تەسلیمی دادگا نەکراوە، یاسای تەعویزی مەوقوفین، کە پێویستە لێژنەیەك بۆ تەعویزی مەوقوفین ناقانونی، دروست بکرێ، دروست نەکراوە، قانونی مەجلیسی قەزا، دروست کردنی مەعهەدی قەزایی کە بە قانونی 23ی 2007 لە مانگی 12ی 2007ەوە دەرچووە، تا ئێستا مەعهەدی قەزاتان دروست نەکردووە، ئەمە سەرەرای ڕێز نەگرتن لە زۆر لە ئەحکامەکانی دەستووری عیراقی، وەك وتم لە ماددەکانی 9 و 10 و11 ، پرسیارێکی تر، بە پێی یاسای خۆپێشاندان، ئەبێ ئەجهیزەی شورتە موعامەلە لەگەڵ خەڵك بکات، بەڵام ئەو هێزەی بینومانە، خەڵك دێت بە چاکەت و پانتوڵەوە، یا بە شەرواڵ و مرادخانیەوە تەقە لە خەڵك دەکات، من نازانم، حەقە بزانین ئەمانە کێن، پێشمەرگە بۆ دێتە ناو شارەکانەوە؟، ئاسایش بۆ بەو کارە هەڵدەستێ؟، من نازانم جەنابت چ ئیجرائاتێکت کرد بەرامبەر ئەوانەی کە لە هەولێر پەلاماریان درا، چەندەها کەسیان ئاسایش گرتی و بەرەڵلای کردن دوایی، ئێستا هەندێکیان ئازاد کردن و یەکیان لە سلێمانین، دەربارەی نان بڕاویش، من شتێکم بیستووە، پێم خۆشە لە دەمی جەنابتەوە بۆم تەصحیح بکەی، شەهید عبداللە یەکێك بوو لە پاسەوانەکانی بەڕێزت، کە لە پەلامارێکی تیرۆریستیدا شەهید بوو، یەکێك لە براکانی کە ناوی مسعودە من بینیومە، خۆی بە منی وتووە کە بە هۆی ئەوەی بیر و ڕای سیاسی گۆڕاوە و بووە بە گۆڕان، جەنابت نان بڕاوت کردووە، من وام بیستووە لە دەمی خۆیەوە، لە دەمی خۆی بیستوومە، من بەناو پێم وتی، حەز ناکەم وا بێ، بەڕێزت بڕیارت داوە شەریکاتی ئەمنی نەمێنێت، تا ئێستا هەیە، کە مونشەئاتی نەوتی، شەریکات پۆلیس بیپارێزێ، من لە 2 حەفتە پێش ئێستا لە سلێمانیدا، سەیارەی شەریکاتی ئەمنیم لەناو شاری سلێمانیدا دیوە، تەصویریش لەلام هەیە، دەربارەی، من نازانم نادی سیناعەی کۆن، بەنزینخانەی عەقاری، فوتابخانەی فریشتە، ساحەکەی پەنای فوتابخانەی فریشتە، شاری جوانی، ئەمانە چۆن گیراون بە خەڵك؟، بەراستی، نادی سیناعەی کۆن، ئەوەی ئێستا کراوە بە بینا کە موڵکی شەخصی خەڵکی تیایە، کە بە موڵکی صرف، من مەعلوماتم لە لا هەیە، بەڵام ئێستا لە لام نیە، تەنیشتی مەکتەبی سلێمانی، بەنزینخانەی عەقاری، فوتابخانەی فریشتە، ساحەکەی پەنای فوتابخانەی فریشتە دراوە بە حاجی توفیقی قەیوان، شاری جوانی و هەروەها مەصفای بازیان، بە پێی زانیاری ئێمە تەصفیەی بەرمیلێك نەوت دۆلارێك و 70 سەنتی تێ ئەچێ، لە 70٪ حکومەتی عیراقی تەواوی کردووە، ببورە، بەڵام بەڕێزتان داوتانە بە چەند مقاولێك کە بەرمیلی بە 17 دۆلار وەرئەگرنەوە لێیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ کاك بورهان، رەجائەن با جوابی بدەین، پێش ئەوەی کاك د.بەرهەم وەڵام بداتەوە، تکایە برایان ئەوە کاك بورهان شەرحێکی کرد، ئێمە لەمەودوا لەو بەرنامەیە کەس دەرناچێ، رەجائەن، ئیحتیرامم بۆ گشتتان هەیە، دێینە سەری ئێستا، بەس لەو بەرنامەیە کەس دەرنەچێ، رەجائەن دانیشە لە جێی خۆت، کاك د.بەرهەم فەرموو.

**بەڕێز د.بەرهەم احمد صالح/سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاکە بورهان، کۆمەڵێك پرسیاری گرنگت ورووژاند، من بە روخسەتی ئێوەی بەڕێز ئەمەوێ وەڵامی بدەمەوە، سەبارەت بە مەجلیسی شوورا، مەجلیسی شوورا پرسیارێکت کردبوو لە من و وەکو ئەندامی پەرلەمان پرسیارت لە ئەنجومەنی وەزیران کردبوو، وەڵامم دایتەوە، نازانم نامەکەت پێ گەیشت؟ نامەکە (1/26) هاتووە بۆ جەنابت، دەڵێ: ئەنجومەنی شورای هەرێم ماوەیەك بوو بە هۆی کەمی ئەندامی نیصابی قانونیان نەبوو، بەڵام لە دواییدا ژمارەی پێویست بە پێی یاساکە ئەندامی پێویستی بۆ دانرا، دەستیان بە کار کردووە و هەموو ئەو پرۆژە یاسا و پەیڕەوانەی کە پێمان دەگات، دەنێرین بۆ ئەو ئەنجومەنە بۆ وردبوونەوە لێیان پێش تاوتوێ کردنی ئەم پرۆژانە، یەکلایی کردنەوەی پێش ناردنی بۆ لای ئێوە لە پەرلەمان، وەکو ئامارێکیش، هەر لەبەر دەستمدا بوو، نزیکەی (50) قانونە، شتێکی وایە، (54) پرۆژەیە، ناردوومانە بۆ مەجلیسی شورا، پێموایە دەست بە کاربوونی ئەنجومەنی شورا یەکێکە لە کارە باشەکانمان، هەر جەنابت وەکو قانونییەك دەبێ تەقدیری بکەی، دەبێت ئیهتیمامی پێ بدەین بەڕاستی، بە ئەنجومەنی شورا، هەتا هێنی بودجە گەرچی ترسی ئەوەم هەبوو دوابکەوێ، بەڵام هیممەتیان بۆ کردین، زوو بە زوو پێداچوونەوەیان کرد، تاوتوێیان کرد، گەیاندمانە پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوە هیوادرام ئەو وەڵامە بۆ جەنابت جێگەی خۆی بگرێت، سەبارەت بە عەمیدەکانی زانکۆ لە هەڵبژارن لە سلێمانی کرا و لە هەولێر نەکراون، من صەریح پێت دەڵێم، سەردەمانێکی زۆر جەنابیشت ئاگات لێیەتی لە نزیکەوە ئاگات لێیەتی، عەمید لە ڕێگەی تەزکییەی حیزبی و تێکەڵاوی حیزبییەوە قەراری لێ دەدرا، وایە یان وانیە؟ پاشان ئەنواعی تێکەڵاوی حیزب و زانکۆ، زۆر بە ئاشکرا و بەڕوونی ئێمە ئەو ڕێچکەیەمان شکاندووە، ئێمە شکاندوومانە، بە ئیعلان، بۆ ئەو خەڵکانەی کە دەستنیشان کراون بە دڵ من دامنەناون بۆ ئاگاداری، من قەرارەکەم موصادەقە کردووە، بەڵکو لجنەیەکی سەربەخۆ، لەسەر پێوەر، ئەو خەڵکانەی هەڵبژاردووە، تەقلیدێکی زۆر جوانە، دەستمان پێکردووە لە سلێمانی، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم/ زۆر نابا سەرتاسەری کوردستان دەگرێتەوە، چونکە ئەوە ڕێگەی پێشکەوتنی وڵاتە، ئەوە نیە من قەت وەعدی ئەوە نادەم بە تۆ، ئێستا جەوابت دەدەمەوە، دەڵێم من ناتوانم وەعدی ئەوەت بدەمێ بە یەك قەرار بتوانین هەموو شتێك بە شەو و ڕۆژێك بیگۆڕین، نەخێر، هەنگاو بە هەنگاو کردوومانە، لە هەولێریش دەستەی تەکنیکیەکان لەو ماوەی پێشوو بە ئیعلان کرا، بۆ ئاگاداریت، بە ئیعلان کرا، خەڵك بە پێشبڕکێ وەرگیراوە، ئەمە تەقلیدێکە، تەقلیدێکی باشە، وەکو ئێستا بە ئێوەشم وت، نەك هەر بۆ عەمیدەکانی زانکۆ، بەڵکە بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش وای لێ بکەین، من دەمەوێ لەگەڵ ئێوە هاوکار بم، تەقلیدێك دابنێین، خەڵك لەسەر ئەساسی کەفائەت و میهەنی بێت، نەك لەسەر ئەساسی واستە و واستە کاری و پشتیوانی

ئـەو حیـزب و ئـەو حیـزب بێتـە کایـەوە، مـن ئـەو قسەیەشـم بـۆ هـەموو حیزبەکانـە، بـە برایـانی ئۆپۆزسیۆنیشـەوە، نـابێ لـێم عـاجز بـن، دەڵـێین (سـلام علـیکم)، دەڵـێ: کاکـە تـۆ چـیمان بـۆ دەکـەی؟ میزانییەی حیزبەکەمان چەندە؟ چەند مودیر عامم بۆ دادەنێی؟ چەند وەکیل وەزیـرم بـۆ دادەنێـی؟ چەند وەزیرم بۆ دادەنێـی؟ ئـەم نیقاشـە سیاسـییە دەبـێ کۆتـایی پـێ بێـنین، وەزارەت لەسـەر ئەساسـی سیاسییە، وەکیل وەزیر بە خوارەوە حەقە لەسەر ئەساسی میهەنیەت و کەفائـەت بـێ، مـن پێـت نـاڵێم، نەشم وتووە کە ئەمە هەمووی ئێستا وایە، نەخێر وانیە، بەڵام مـن ئـەوە نـاڵێم لـەو ساڵەی ڕابـردوودا کۆمەڵێك هەنگاوی جیددیمان ناوە و کردوومانە، لە سلێمانی کردوومانە، لە هەولێریش کراوە، بەڵام لە ئاستی تمووحی بەرهەم دایە، نا حەز دەکەم زۆر زیاتر بـێ، حـەز دەکـەم زۆر پەلـەتر بـێ، خێراتـر بـێ، حەز دەکەم جەنابیشت مادام خەمخۆری ئەو مەسەلەی، بە جیددیمە، هاوکاری حکومـەت بـی کـە ئـەوە بکاتە ڕەوشێکی جیددی، جۆری بەڕێوەبردنی کارە هینەکان، سەبارەت بە بەڵگەکان چیە؟ من بەڵگەکان وا تێ مەگە تۆمەتی هینە بۆ لایەنێکی سیاسی، شتی سەیری تیایە، یـەعنی حاڵەتێکـە (57) کەسـی تیـا بریندار بووە، ڕێژوانی تیا جوانەمەرگ بووە، شتێکی ئاسایی نەبووە، کە سـەیری دەکـەی لەبـەر دەرکـی سەراوە ئەو شتە چۆن قەوماوە؟ هاتۆتە بەردەمی لق و لەوێ چی قـەوماوە؟ مـن ئـەوەی کـە دیومـە تـا ئێستا، بۆ من جێگەی سەرسوورمان بووە، بەڵام بۆ من نیە لێرە قسەی لەسـەر بکـەم، ناشـیکەم، چـونکە نە تـەحقیق تـەواو بـووە، تـەحقیق مـن ئەوەنـدە دەڵـێم، تـەحقیق بـە جیـددی گرتوومانـە، ئـەو (48) سـەعاتەی کـە لیجنەکـەی سـەرۆکایەتی حکومـەت بـوو، کـاری خـۆی کـردووە، بـەڵام هـەموو بەڵگـەکانی تەسـلیمی ئەنجومـەنی دادوەری کـردووە، بـە نیسـبەت موتابەعـەی ئـەو قەرارانـەی ئیـدیعای عـام و حاکمانەی تەحقیق، دڵنیات دەکەم، وەکو پێموتی، من دوێنێ قائیمەی ئـەمر قـەبزەکانم پـێ گەیشـتووە، پێمزانیوە، بە تەحدید من قسە دەکەم، چونکە ئێوە نوێنـەری هەڵبـژێردراوی گـەلن، ئەمانـە سـەر بـە فلان جەماعەتن، سەرۆکی دەستەی دەزگای دژە تیـرۆر، تەلـەفۆنم بـۆ کـردووە، یەکسـەر هـاتووە، لەگـەڵ موحافزدا تاوتوێیان کردووە، ئەو ناوانەی کە ناسـراون زوو بچـنە بـەردەمی دادگـا، ئەوانـەی تـریش کـە ئەمر قەبزیان هەیە، ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە بەداواداچوونی بۆ بکـات، جەنابیشـت وەکـو ئەنـدام پەرلەمان ئەگەر نەمانتوانی جێبەجێی بکەین دێمەوە بەردەمت پێت دەڵێم بۆ نەکراوە، وایە؟ من لەوە دەتوانم وەعدت بدەمێ، بە قانون تەعامول لەگەڵ ئەمە بکەین، بۆ کەسیشی نەپۆشـین، کـێ بەرپرسـە؟ قانون قەرار لەوە بدات و ئیجرائاتی قانونی جێبەجێ بکرێ، سەبارەت بە مەعاشـی پـۆلیس و ئاسـایش، من لەو وردەکارییەی کە دەفەرموون زۆری لەوانەیە لە یادم نـەبێ، بـەڵام دڵنیـات دەکـەم، بـۆ مووچـەی پـۆلیس و ئاسـایش و پێشـمەرگە دوو دڵـیم نیـە مـن، بۆیـە لـە پێشـمەرگە وتمـان کـە ئـەم هێـزە یـەك دەخرێتەوە، یەکەم شتی ئەوەیە نابێ مەعاشی لە عەسکەری بەغدا کـەمتربێ، کردیشـمان، جێبـەجێمان کرد، بەڵام من ناتوانم هەر لایەنەك بێت بڵێ من ئەوە ژمارەی پێشمەرگەمە، هەمووشم بۆ بخەرە سـەر حیسابی حکومـەت و عـەینی مـەعاش بـۆم بکـە، ئـەوەم پـێ نـاکرێ، پـارەی ئـەوەمان نیـە، درۆش ناکـەم لەگـەڵ خەڵکدا، پێشـمەرگەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، بـەو پێـوەرە مەعاشـی دەدرێ، پـۆلیس و ئاسایشیش، من لەگەڵ کاك ئیسماعیلدا چەندین جار قسەمان کردووە، چی بۆ ئـەو پۆلیسـەی خۆمـان و لـەم ئەزمەیەشـدا، لـەم ئەزمەشـدا ئـەو پـۆلیس و چـالاکی مـەدەنی و ئاسـایش، دەبـێ بـە تەقـدیرەوە

سەيريان بكەين، سەيرى ئەوە نەكەين لەلايەكەوە شتێك بووە ناخۆش و ئەمانە، بەلآم زەبتى ئەعصاب و بەدواداچوونى ئەم وەزعە و پاراستنى ئەو خەڵكە، دەبێ بە تەقديرەوە باسيان بكەين، شەهيديان دا، دەيان بريندارليان داوە، خەڵك واى لێ نەكەين، هەموو كوڕ و كەس وكارى ئێمەن هەموويان، هى هەموومان، هەر حكومەت نا، بۆيە من دڵنياتان دەكەم لەلاى خۆمانەوە پێتان دەڵێم ئەوە پارەمانە، ئەوە ميزانيەمانە، ئەوە ڕەقەمەكانە، ئەوەى پێمان دەكرێ، وەڵلاهى پارە هەر بۆ خەڵك باشە، بە تايبەتى خەڵكى فەقير، تەقريرەكانى ڕەقابەى مالى، ئەوەى كە كاك جەنابى ئەو بەڕێزە فەرمووى، من هەموويم (على الإطلاق)، ئەوە كاك ئامانج بەڕێوەبەرى نووسينگەى خۆمە، بە قەرار، نووسراو هەمووى ئيحالەى ئيديعاى عام و ئيحالەى قەزا كراوە، ناشمانەوێ كەس ئيستيسناى بۆ بكرێ، ناشيكەم، من لاى خۆمەوە نايكەم، نازانم، بە پێى قانون چى پێويستە بۆتان بێ، من هيچ موشكيلەم نيە لەوە، هيچ موشكيلەم نيە، هيچ نيە بيشارينەوە لەوە، تێ ئەگەى؟ بەعەكسەوە من داوا دەكەم لە قانون، لەدەزگاكانى قانون، لە ئيديعاى عام كارى پێويست بكەن بۆ بەدواداچوونى ئەو مەسەلانە، (دعم الأحزاب)، وەڵلاهى كاكە (دعم الأحزاب) موشكيلەيەكى گەورەمانە، لە كابينەى شەشەمدا هاتينە بەردەمى ئێوە، باسى ئەوەمان كرد، بە جيددى و بە صەراحەتيش باسمان كرد، بەلآم وەكو پێم وتن، من ناتوانم و ناشڵێم دەتوانم، قەتيش نەموتووە وام پێ دەكرێ، بە شەو و ڕۆژێك هەمووى يەكلايى بكەينەوە، تۆ هەر باسى يەكێتى و پارتيش مەكە، حزب هەيە تاقە نەفەرێكە،تاقە نەفەرێك و كۆمەڵێك خزمى خۆيەتى، يەك كۆش پارە لەو حكومەتە دەبا، كە پارەكەشى لێ دەبڕى، دەبێتە گەورەترين دەنگى چاكسازى، ئەو داخوازييە ڕەوانەى خەڵك دەكا، بە حيساب شەڕى حكومەت لەسەر ئەوە دەكات، ئەو چاكسازى دەوێ و ئێمە نامانەوێ، من پێت دەڵێم مەسەلەى دەعمى ئەحزاب كێشەيەكە، ساڵى پار، بە سەربەرزييەوە لەبەردەمى ئێوە دەڵێم پارەيەكى زۆرمان گەڕاندۆتەوە، دەيان مليۆن دۆلار، دەيان مليۆن دۆلار گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەى حكومەت، لە كەمكردنەوەى پارەى حيزبەكان، ئەوە خاڵى يەكەم، هەر لە سلێمانى (17) بۆ (18) مليۆن دۆلار (فقط)، لە ئيدارەى كۆنى سلێمانى، لەو پارانەى كە بەملاو بەملا دەڕۆيى، (17) بۆ (18) مليۆن دۆلار گەڕاوەتەوە خەزێنەى حكومەت، پرۆژەى خزمەتگوزاريى خەڵكمان پێ جێبەجێ كردووە، دوچارى كۆمەڵێك كێشەو گيروگرفتى كردين، بەلآم واجيبى ئێمە خزمەتى خەڵكە، حيمايە/ بۆ گەندەڵى لەم وڵاتە تەنها و تەنها ئەو پارەيە كە ئەم و ئەو وەريدەگرێ، ئەى ئەو هەموو حيمايە وەهميانە، ئەگەر ژمارەى حيمايەكان سەير بكەى، بيرم نيە ئێستا، ژمارەيەكى يەكجار زۆرە، ئێمە لەم كابينەيە لە ڕێگەى لێژنەيەكى وەزارەتى پێشمەرگە و وەزارەتى ناوخۆ پێداچوونەوەيەكى سەرتاسەريمان كردووە، گەورەترين واستە لاى من ئێستا ئەوەيە، هەيە دێت دەڵێ/ توخوا ئادەى ئەو پێنج حيمايەم بۆ ئيستيسنا بكە، ئەمە بۆتە نەريتێك، بۆتە حاڵەتێكى خراپ، هەدەردانى ماڵى خەڵكى، من وەختى نيە ناوبێنم، بەلآم ڕۆژگارێكيش دێت منيش خۆم دوو مەقالە دەنووسم، دوو كتاب دەنووسم، سەيرە ئەو هەموو حيمايە لە ئەمريكاى زەبەلاحدا، بڕوا ناكەم ئەوەندە حيمايە هەبێ، بەلآم بڕيومانە، زۆريشيمان لێ بڕيوە، ماويشە بيبڕين و، دەيبڕين، بەلآم هيوادارم كاك بورهان دوايى نەيێ بڵێ فلآنتان دەركرد، لەبەر ئەوەى گۆڕان بوو، نا ئەوە نەكەين، وەرن هيممەت بكەين بەيەكەوە، ئەو حاڵەتە وڵاتێكمان هەيە، پۆليسمان هەيە، هێزى ئەمنى

عامی ولاتەکەمان هەیە، ئەمانە حیمایەمان بکەن، دەیکەین، من دەڵێم بە جەنابت، نـاڵێم هـەموویمان بنبڕ کردووە، بەڵام دەڵێم لە ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێك ئیجرائاتمان کردووە، کۆمـەڵێك کارمـان کـردووە، کۆمەڵێك ڕووبەڕوو بوونەوەکان کردووە، هەندێکیشی باش تیا سـەرکەوتووین، سـەبارەت بـە شـەریکاتی ئـەمنی، مـن لەگـەڵ جەنابتـدا نـیم، پێموایـە ئـەو بڕیارانـەی لـە بـاری نەوتـدا، بەتایبـەتی مەسـەلەی شەریکاتی ئەمنی، تا ڕادەیەکی باش، سەد دەر سەد نا، بەڵام تا ڕادەیەکی باش چووە سـەر، کـاك بورهـان لەوانەیە ئاگای لێبێ، تەنانەت کە دەستمان بـە کـار کـرد، (عبـوة ناسـفة)یـان بـۆ هێـزی پـۆلیس دانـا لـە هەندێ جێگا، بۆ ئەوەی ئـەو هێـزە بـڕەتێنن، نـەخێر ئیجرامـان کـرد، قـەرارمان لـێ دا و، کردمـان، تـێ ئەگـەی؟ هەنـدێ جێگـە لەوانەیـە مـابێ نـەکرابێ، نـەك بڵـێین ناکـەم، نـا، بـەڵام زۆربـەی زۆری کـراوە، حەفتەی ڕابردوو (20) ملیۆن دۆلار لە شەریکاتی نەوتەوە، نەك حەفتەی ڕابـردوو، ببـوورە، ماوەیـەك لەمەوبەر، چەند حەفتەیەك لەمەوبەر، (20) ملیۆن دۆلار لە شەریکاتی نەوت کە دەدرا بـە شـەریکاتی حیمایەی خاصە، داویانە بە وەزارەتی مالیە، هی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمنیەتی دابینکراو لەلایـەن حکومەتـەوە، کاکە بورهـان، حـەزیش دەکـەم پـێم بڵێـی، سۆراغم بـۆ بکـە، لەوانەیـە مـن یـان وەزیری ناوخۆ ئاگامان لێ نەبێ لە سووچێك، لە کەلەبـەرێك دا شـتێك مـابێ، تکایـە پێمـان بڵـێ، بـەڵام کردوومانە، ئەو بڕیارانەی کە دامان بڕیاری قوڕس بوون، بەڵام کردمان، وەکو پێت دەڵێم تـەنها بـەس لەو ماوەی ڕابردوودا (20) ملیۆن دۆلاری کە جاران دەدرا بە شـەریکاتی حیمایـەی خـاص، درایـەوە بـە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دابین کردنی ئـەو پێویسـتی ئەمنیـەتی ئـەو دەزگایانـە، سـەبارەت بـە مەسەلەی پرسی نەوت، من پێم خۆشە کۆبوونەوەیـەکی تایبـەت بـە پرسـی نـەوت بکـەین، چـونکە زۆر قسـەی لەسـەر دەکـرێ و قسـەش هەڵدەگرێ، پێشـم خۆشـە بـۆ ئـەوەی دوور لـە موزایـەدات و شـتی وا، مەسەلەی نـەوت، مەسـەلەیەکی ژیـاری یـە، مەسـەلەیەکی سـتراتیژییە بـۆ ئاینـدەی خـەڵکی کوردسـتان، حەفتەی ڕابردوو تیرۆریستەکان لە بێجی مەصفاکەیان تەقانـدەوە، مەصـفاکانی خۆمـان و ئـەو مەصـفا وردەواڵانەی کە هەیە، فریاکەوتن، کە ئەزمەکە لە کوردستان دا ڕەنگدانـەوەی نـەبێ، ئـەوەی بـە دەسـت هاتووە، کەم نیە، قەدری بزانین، کوردستان بە هۆی وەبەرهێنانی لە بواری وزە، لە بواری نەوت و غـاز، ئەمڕۆ پێگەیەکی لەبەرچاوی هەیە لە موعادەلاتی مەنتیقەکە، لە تورکیا، لە ئێـران، لـە عـیراق، مـاوەی مانگێ لەمەوبەر من چوومە بەغدا لەگەڵ بەڕێز مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دانیشتین، چۆن نـەوتی کوردسـتان بخرێتـە نـاو ئـەو موعادەلانـەوە، هەنـدێ کێشـەی ئابووریمـان هـەبوو لەگـەڵ بەغـدا، چارەسەر بکرێ، ئەوە ئێستا هەناردە کردنی نەوتی هـەرێم لـە ڕێگـەی ئینبووبەکـەی بەغـداوە، ئـەوەی بڵێین کەرکووك-جەیهان، لە 100 هەزار بەرمیل تێپەڕی کرد، ڕۆژگارێکتان لەبیرە برادەرینە ئابلۆقـەی ئابووریمان لەسەر بوو چیمان لێ دەهات؟ بۆ ساڵێکە، شەش مانگە ئابلۆقەی ئابووریمان لەسەر نەبوو لـە بەغداوە، لەسەر ئـەوەی کێشـەیەکمان هـەبوو لەگـەڵ وەزارەتـی نـەوتی عیراقـدا، هێشـتمان خـەڵکی ئـەو وڵاتە هەستی پێ بکات؟ سبەینێ هەر ڕۆژگارێك بێتـە پێشـەوە شـتێکمان هەیـە کـە هـی خۆمانـە، بـەڵام لێرە کاك بورهانیش و پێموایە زۆربەی زۆری ئێوەش و خەڵکی کوردستانیش کۆمەڵێك پرسـیار دەکـەن لەسەر داهاتی نەوت و پارەی نەوت و شەفافیەتی نەوت، ئەوە پرسـیارێکی زۆر ڕەوایـە، مـن هـیچ هینـم نیە لەوەی لێرە زۆر لە مەسەلەکان بە وردی باسی بکەین، بەڵام ئەگـەر قـازانجی میللەتەکـەمان لەوەیـە

هەرچی ئەوراقی خۆمان هەیە لە موفاوەزات دا، لەگەڵ بەغدا بیخەینە سەر ئەو مێزە، بە جۆرێکی وا بەکار بهێنرێ بە قازانجی میللەتەکەمان نەبێ و بە زەرەری وڵاتەکەمان بێ، من پێموایە ئەوەتان ناوێ، من کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کرد، چەند مانگێك لەمەوبەر، یەك مەلەفی گەورەم دانێ، پێشم وتن ئەوە هەموو مەلەفەکە نیە، وتم ئەمە دەست پێکێکە، دەمەوێ تەقلیدێك دانێین، پێتان بڵێین ئێمە چی دەکەین لە نەوتدا؟ بڕیارەکانی نەوتمان چیە؟ (250) ملیۆن دۆلار هەیە لە فرۆشتنی نەوتی ڕەش، کە بە موزایەدەی عەلەنی کراوە، هەندێکیشتان چوون وابزانم کاك عبدالله بوو، تەشریفی بردبوو بۆ ئەوێ، هەندێ ئەندام پەرلەمانی تریش بوون چوو بوون، لە ژێر ڕەقابەی خەڵکدا، میدیادا، نازانم، چووبوون، ئەندام پەرلەمان چووبوون، وام بیستبوو، نازانم بە هەرحاڵ، لەوانەیە وابێ، وا نەبێ، بەڵام بە کراوەیی یە، بە مەزادی عەلەنی یە، لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، پارەکەشی دەچێتە حیسابێکی وەزارەتی داراییەوە، پارەکەشمان هێنایەوە بەردەمی ئێوە، دەڵێین ئاوای لێ دەکەین، دەیکەینەوە بە پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ ئەو خەڵکە، بۆ خەڵکی گەڕەکە هەژار نشینەکانی سلێمانی و کەلار و زاخۆ و هەولێر و ناوچەکانی تر، بە داخەوە دەڵێم، پرسیارێکی ناڵێم ناڕەوا، بەڵام پرسیارێکە کرایە و هەموویمان بۆ کەشف بکە، ئینجا دەتوانین قسە بکەین، خۆ لەوانەیە ئێستا هەمووی لەبەر دەستی مندا نەبێ، بەڵام دەڵێم وەرن با دەرگایەکی جیددی بکەینەوە، من ئەو قسەیەم زۆر بە جیددی یە، ئەوە تەنها نەوتی ماڵی کەس نیە، موڵکی ئەو میللەتەیە، ئێوەش نوێنەری هەڵبژێردراوی ئەو میللەتەن، با دانیشن، وەفدێکی جیددی لە هەموو لایەنەکان بێن لەگەڵ حکومەت دا، لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکان دا، لەگەڵ وەزیری دارایی دا، لەگەڵ من دا، بڵێین ئەوە داهاتی نەوتە، ئەوە پارەی نەوتە، ئەوە بەو جۆرە سەرف دەکرێ، من پێت دەڵێم/ لەلای خۆمانەوە ئێمە ئیلتیزاممان بە قانونی بودجەوە کردووە، پارەی نەوتمان سەرف نەکردووە، غەیری ئەو دووسەد و پەنجایەی کە هاتۆتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان، چونکە مولتەزیمین بە قانونەوە، چاوەکەم تۆ ڕاوەستە ئێستا دێمە سەر ئەوە، تۆ قسە لەگەڵ بەرهەم دەکەی، سەرۆکی حکومەتم، تۆ بە من دەڵێ ی(4) ملیار دۆلار کاك نێچیرڤان وتوویەتی، ئەوەی من لێرە نەبووم کە ئەو قسەیەی کردووە، پێموایە تەقدیری ئەوەی ئەو پارەیە، مەسەلەن ئێستا کۆرییەکان عەقدێکیان هەیە، دەڵێن ئامادەین بێین لە عێراقدا بایی نازانم (20) ملیارە، (30) ملیارە، ئیشی بینای تەحتی بکەین، (4) ملیاری بۆ کوردستان بێ، بۆ ئەوەی نەوتی ئێستا بکڕێ، ئەو لە ژێر عەرز نیە؟ لە ئێستاوە زامنی بکات بۆ چەند ساڵێك من ئەو نەوتەت لێ دەکڕم، بەڵام (4) ملیار دۆلار دێم پرۆژە دروست دەکەم، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بووبێ، بە هەرحاڵ، بەڵام من جوابێکی کاك کاردۆم دایەوە، بە ڕەقەمیش جوابم دایەوە، من ساڵی (2009) عەجزم هەبووە، قەرزار بووین حکومەت، ساڵی (2010) قەرزەکەمان کەم کردۆتەوە، نەك وەفرم هەبووە، بە ڕەقەم قسە دەکەین ئێمە، ئەوە خۆشتان دەنگتان لەسەر داوە پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ڕاپۆرتی حیساباتی ختامی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر عەجزەکەی، لە میزانیەشدا عەجزمان پێشان داوە، پێمان وتوون عەجزەکە لە کوێوەیە، بەشێکی وەزارەتی پێشمەرگەیە، بەشێکی عەجزی مودەوەر بووە، ئەوە حەقیقەتی وەزعەکەیە، من ئەگەر چوار ملیار دۆلار بزانی لە کوێ یە، منیش بزانم لە کوێ یە، خۆ حەز دەکەم بڵێم/ خوا دەیدا و رزقمان دەدا زوو بچین خزمەتی خەڵك

بکەین، مەعاش زیاد بکەین، پرۆژەی خزمەتگوزاریی زیاتر بکەین، کەس لەوە نکۆڵی ناکا، بەڵام شت وەکو خۆی باسی بکەینەوە، کۆمەڵێك قەراراتمان دا لە بواری نەوتدا برادەرینە، بۆ ئەوەی ئەو داهاتانە بە شەفافی بێتەوە بەردەمی پەرلەمان، کردمان، قەدەغەکردنی شەریکاتی ئەمنی خاص، کردمان، هەندێکیشی نەکرابێ، زۆر کەمە، حەز دەکەم کاك بورهان یان هەر کەسێکی تری بەڕێزی ئێرە زانیاری لەسەر هەیە، بە دواداچوونی بۆ بکەین، پارەکەمان گەڕاندۆتەوە بۆ ناو حکومەت، من هەر ئەوەندە پێت دەڵێم دوا ئامارم بیست ملیار دۆلاری ئەو شەریکاتانەیە کە داویانە بە حکومەت، بۆ ئەوەی تەئمینی ئەمنیەتییان بۆ بکات، کە بۆ هێزی پۆلیسی دام و دەزگاکان دەڕوا، دێمە سەر نادی سناعی و بەنزینی عەقاری و فوتابخانەی فریشتە و مەصفای بازیان، مەصفای بازیان، ئەوانە یەك شتی، وەڵلا لەوانەیە دوانیان لە زەمانی من دا بووبێ، کە لە ئیدارەی کۆنی سلێمانی بووم، تێ ئەگەی؟ نادی سناعی و بەنزینخانەی عەقاری، باشە؟ ئەوەی فوتابخانەی فریشتە و مەصفای بازیان لەسەردەمی مندا نەبووە، ئاگام لێ نەبووە لە وردەکارییەکەی، بەڵام پێت دەڵێم چیمان کردووە؟ نا، نا قوربان تازە نیە، ئێستا بۆت باس دەکەم، ڕوخسەت بدەی باس دەکەم، من پێموایە یەکێ لەو شتە باشانەی کردمان لە کوردستان قانونی ئیستیسمار بوو، وەبەرهێنان بوو، لە جیاتی ئەوەی بڕۆین مولکی حکومەت هەر ئەوها بیفرۆشین، بە سەوزی پارەکەی بخورێ، بە جۆرێ لە جۆرەکان بەرهەمی نەبێ، ئەوە بوو لەگەڵ کەرتی تایبەتدا هاوکاری بکەین، من ئەوەی کە لە بیرمە، بە باشی لە بیرمە، بەنزینخانەی عەقاری بوو، ئەو بەنزینخانەیە لە ناو جەرگەی شاردا بوو، بە نزینخانەکەمان وت ئەیڕوخێنین، داوامان لە وەبەرهێنەرەکان کرد کە بێن، بە مونافەسەی مەشروع، مەشروعەکانیان بێن تەقدیم بکەن، کێ پارەی زیاتر و بۆ پرۆژەیەکی جوانتر سەرف بکات، دروستی بکات، بۆ کێ دەرچوو؟ کاك بورهان نەمدەزانی بۆ کێ دەرچووە، ماوەیەك لەمەوبەر ئەو کابرایەم دییەوە، کە کردوویەتی، کارێکی زۆر جوانی کردووە، دەستەکانی خۆش بێت، نادی سناعی بە هەمان شێوە، مولکی خەڵکی لەسەرە، دەتوانێ بڕواتە مەحکەمە، قەراری لەسەر وەربگرێ، جەنابت موحامی، ئەمە زۆر باس هەیە لەم بابەتانە، لەو ڕۆژانە لە دوو کەناڵی ڕاگەیاندنەوە شتێکی زۆر خۆشم بینی، یەکێ لەو شتانەی کە زۆر دڵم پێی خۆش بوو، شادمانم پێی، بۆ سلێمانی و بۆ کوردستانیش، نەك هەر بۆ سلێمانی، هیوادارم لە دهۆکیش و لە هەولێریش چەندین بەرابەری ئەوە بکەین، لە هەولێر پارکی سامی عبدالرحمن خۆتان دەزانن چ نموونەیەکی شارستانی و ژینگە جوانی ئەو وڵاتەمانە، لە سلێمانی ڕێژەی سەوزایی لە (3٪)، پارکی هەواری شارمان دروست کردووە، سەردەمێکە من لە ئیدارەی سلێمانی بووم، لەسەر (4) هەزار دۆنم سەوزایی دروست بکەین لە دۆڵەڕەقە، هین لە دۆڵەڕووت، تێ ئەگەی؟ هەر مەفهوومەکە دۆڵەڕووتە سەوزێتی خۆی لە خۆیدا تەحەدایەکی بیئی موهیمە، بەوە ڕێژەی سەوزایی لە سلێمانی دەبێتە لە (13٪)، پێموایە یەکێکە لە پرۆژە گەشتیارە گەورە جوانەکانی سلێمانی و کوردستانیش، دەبێتە شتێکی جوان بۆ وڵاتەکەمان، ئەو ڕۆژە لە دوو کەناڵی ڕاگەیاندنەوە دەڵێ/ سەرۆکی حکومەت ئەرزی خەڵکی داگیر کردووە، لەسەر کۆمپانیای حیزب تاپۆی دەکات، بۆ وڵاتەکەمان وا ناشیرین بکەین، هەموو شتێ بە بەد گومانییەوە سەیری بکەین، کاك بورهان هیوادارم بەشی ئەوە بتوانی شایەتیم بۆ بدەی، ساڵێکە لەو کابینەیە کۆمپانیای حیزب لە سلێمانی توانیویەتی یەك مقاوەلە وەربگرێ؟ ئەگەر وەریگرتووە بۆم

بێنە بۆ ئەوی موحاسەبەی بکەین، ئەگەر داویەتی، یەك ساڵ و سێ مانگە لە (2010/1/1)ەوە، ئەگەر کۆمپانیای حیزب یەك مقاوەلەی وەرگرتبێ، من حەز دەکەم پێم بڵێی بۆ ئـەوەی موحاسـەبەیان بکـەم، ئێمە ئیجرائاتی وامان کردووە کاك بورهان، حەقە بیبینی، حەقە بڵێی ئافەرم ئـەم ئیشـانەتان کـردووە، بەڵام ئەمە کەمە برۆ زیاتری بکـەن، منـیش پێـت بڵـێم تێبینیـەکانت بـە هەنـد وەرگـرن، لەبـەر ئـەوە ئەوانە دەتوانی تۆ وەك موحامییەك، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان برۆ هەموو ئەوراقەکانی دەربێنە، کـێ دەستی تیا هەیە؟ بە قانون موحاسەبەی بکەن، نەخێر نا، مـن حـەز دەکـەی بـۆت وەردەگـرم، بێگومـان، قوتابخانەی فریشتە/ قوتابخانەی فریشتە من خۆم گەنجێکی ئەو شارەم، زەمـانی مـن ئـەو قوتابخانەیـە هەبووە، قوتابخانەی کچانیش بووە، ها، ئەوە بۆ هینم نیە، یەعنی مەبەستم، خزم و ڕەفیق و دۆسـت و ناسـیاو و هـەموو لـەوێ، یەکێکـە لـەو قوتابخانـەی کـە لـە سـلێمانی، دەتـوانم بڵـێم هـەتا مـەعالیمێکی تەئریخی سلێمانی بووە، باشە؟ ئەو قەرارە لە ساڵی (2009) و (2008)دا دراوە، کە ئەم هینـە بڕواتـە سـەر، ئـەو پـرۆژە تیجارییـە، بێجگـە لـەوەی کـە مـن زانیومـە کۆمـەڵێك پرسـیاری تیـا ورووژێنـراوە، لیجنەیەکم داناوە، لیجنەکە کۆمەڵێك نوێنـەری لایـەنی جیاجیـای تیـا بـووە، تـەحقیقیان تیـا کـردووە، پرۆژەکەم ڕاگرتووە، من ڕامگرتووە، من نەمداوە، من ڕامگرتووە، داوام کـردووە تـەحقیقی تـەواوتریش لەوە بکرێ کە چۆن خەلفیەتی ئەو قەرارە چی بووە؟ چۆن دەبـێ مەکتـەبێك لـەو مەنتیقەیـە لـە نـاو جەرگەی شار بکرێتەوە؟ چونکە بۆ خەڵکی ئەو مەنتیقەیەش پێویستیەتی، لەبەر ئەوە بـۆ حـەقائیقت پێ بڵێم، ئەو مەوزووعە عەکسەکەی ئەوەیە کە هین نەکرێ، وابزانە هەتا لـە یـەکێ لـە جەریـدەکانی بـڵاو ببـووەوە کـە بڕیارەکـانی ئێمـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو لیجنـە تـەحقیقی یـە، مەصفای بازیـان مـن نەمداوە، زەمانی من نەبووە، پێموایە مەصفای بازیان و مەصفای کەڵەك لە سەرەتا حکومەتی عـیراق و هەرێم بەیەکەوە دەستیان پێ کرد، دوایی بۆ تەوسیع کردنی دراوە بە کەرتی تایبەت، ئیتیفاقێك هەیە، عەقدێك هەیە لەگەڵ ئەوانە، ئەو عەقدە لەلایەکـەوە مـن زۆر دڵخۆشـم بـەوە، ئەگـەر ئـەو مەصـفایانە نەبوایە ئێستا وەزعمان زۆر شـڕ بـوو برادەرینـە، ئـەو مەصـفایانە فریامـان کـەوتوون، ئینجا خۆشـەکە ئەوەیە دەستخۆشی مەصفاکە ناکرێ، پرسیارەکەی تر کە ئـەیورووژێنی مـن پـێم خۆشـە بڵێـی وەرن بـا تەحقیق لەو عەقدانە بکەین، بزانین عەقدێکە کە مەصڵەحەی عاممی تیا دەپـارێزرێ یـان نایپـارێزێ؟ سوئاڵێکی مەشروعە، من هیچ ئیشکالم نیە لـەوە، حـەزیش دەفـەمووی عەقـدەکان پەرلـەمان لـە ڕێگـای یاساکانی خۆتانەوە لە خزمەتتانـە و ئەتانـدەینێ، بـەڵام مـن ئـەو عەقـدە زەمـانی مـن نـەبووە، زەمـانی کابینەی شەش نەبووە، ئەوە بە هینەوە دەڵێم هـا، ئێسـتا خـەریکی عەقـدی تـرین بـۆ مەصـفای تـر لـە تەقتەق و لە کۆمەڵێك جێگەی تر، چونکە کوردستان دەمانەوێ ببێـت بـە جێگـەی کارگـە نەوتییـەکان، بۆ ئەوەی کوردستان پێگە ئیقتیصادییەکەی وا بە قوەت بێ، لە ژێر زەغتی ئەم و ئەوا هیچ وەخـتێ لـە وەختـان نەکەوینـەوە جاری جاران، حەصارمان لەسـەر دابنـێن، وەرەقـە بـە دەسـتی ئێمـەوە بـێ کـاك بورهان، بۆیە کە من دەڵێم لە زەمانی من نەبووە، نەك لەبەر ئەوەی بڵێم خراپـە، نـەء، یـەعنی خۆزیـا من بمکردایە، کە بڵێم ئەوە دەستکەوتێکی تری کابینەی شەشەمە، ئەوە کراوە، گلەیی لەسەر عەقدەکـە هەیە، دەڵێن زۆری تێ دەچێ، کەمی تێ دەچێ، من ئـەوە موناقەشـەیەکە، حـەز دەفـەرمووی جەنابتان لێژنەیەك دابنێن لە پەرلەمانەوە بێن تەدقیقی ئەو مەسەلانە بکەن، وەکو مەسەلەی کارەبا، وەختێ لە

وەختان كارەبا كە كاك ئەحمەد ئیسماعیل هات وەكو وەبەرهێنەرێك كاری كردووە، موغامەرەیەكی زۆر گەورە بووە، خەڵك هەبووە لەوانەیە پێی بڵێ: تۆ چ دەكەی؟ عەقدێكی بۆ كراوە، كە زۆر لەوانەیە قازانجی بێ، بەڵام ئەگەر حیسابی بكەی بۆ ئەو سەردەمە، لەوانەیە موغامەرەیەكی زۆر زۆر گەورە بووبێ، ئێستا كە پێویستمان بە یەكەی نوێی كارەبا هەیە، قەرارمان وایە بە پێشبڕكێ یەكی كراوە، لەسەر بنەما و پێوەرەكانی بانقی نێودەوڵەتی بیكەین، كێ باشتر، هەرزانتر، ئەو وەختە موناقەسە نەبوو، چونكە كەس نەدەهات، یەعنی پیاو شت بە ویژدانەوە بیڵێ، بێ ویژدانی نەكا لەگەڵ میللەتەكەی خۆیدا، هەر بەو بۆنەیەشەوە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، دوێنێ شەو نا، پێرێ شەو یەكەی نوێی بەرهەمهێنانی كارەبا لە چەمچەماڵ كەوتە كار، ئێستاش كێشەكان ڕاستە هەر تەولید زیاترمان پێویستە، بەڵام تەولیدمان، ئامارەكانمان زۆر بووە، دوو كێشەمان هەیە، بەدی هێنانی سووتەمەنی پێویست، چ غاز، چ نەوت بۆ بەگەڕخستنی ئەمانە، كە ئەویش پارەیەكی یەكجار زۆرە لەسەر حكومەت برادەرینە، لاكەی تریشی شەبەكاتی تەوزیعە، ئەمساڵ لە بەرنامەی خۆماندا بووە لە بودجە، بایەخی تەواومان بەوە داوە، هیوادارم كاك بورهان ئەوانە وەڵامی هەندێ لە پرسیارەكانتی دابێتەوە، ئەگەر هەمووشی نەدابێ، بۆ بە دواداچوونی زیاتریش بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم، بە خۆم و هەڤاڵەكانیشمان لە خزمەتتاناین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا بەڕێزان سیرەتان پێ دەدەین، هەموو یەك یەك ناو دەنووسین، قسە دەكەن، بەس تكایە، ڕجائەن، تیكرار زۆر نەبێ، نەك زۆر نەبێ هەر تیكرار نەبێت، نابێ تیكرار هەبێ، چونكە سەرۆك فراكسیۆنەكان قسەیان كردووە، لە بابەتیش كەس دەرنەچێ، ڕجائەن، چونكە هەر كەسێك لە بابەت دەرچوو، لە پرۆتۆكۆڵ دەیسڕینەوە، بە دڵنیاییەوە، من سوپاستان دەكەم، ئیلتیزام بكەن، ئێستا ئەو بەڕێزانە ناویان نووسیوە، شێرزاد حافظ، ئاشتی عەزیز، فازل بەشارەتی، ناسك توفیق، هاوڕاز خۆشناو، عدنان عوسمان، ڤیان عبدالرحیم، كاروان صالح، نەسرین جمال، نەریمان عبداللە، گۆران ئازاد، سمیر سلیم، د.صباح محمد نجیب، عبدالرحمن حسین، عظیمة نجم الدین، سیوەیل عثمان، سەرهەنگ فەرەج، شلێر محمد نجیب، بەیان أحمد، سەرگوڵ رضا، سالار محمود، پەیام أحمد، پێشەوا توفیق، د. زانا رؤوف، د. جعفر علی، ئاواز، خورشید، خلیل، د. سەروەر عبدالرحمن، گوڵزار، بیلال، بەفرین حسین، حمە سعید حمە علی، ڕێباز فتاح، پەریهان قبلای، كوێستان محمد، إسماعیل گەلاڵی، إسماعیل محمود، دلێر محمود، نیشتمان مرشد، محمد شارەزووری، گەشە دارا، عمر عبدالرحمن، سمیرە عبداللە، تكایە كەس لە بابەتەكە دەرنەچێ، مورەكەز بێ، تیكراریش نەبێت، نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بۆیە سەرۆك فراكسیۆنەكان بەیانی كە كۆبوونەوەمان كرد؟ پرسیارەكان جەنابت فەرمووت بە نووسراو بیخەنە بەردەستتان، بە نووسراو خستمانە بەردەستی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، لێرە سەرۆك فراكسیۆنەكان هەستاون پرسیارەكەیان كردووە لەسەر بابەتێكی موحەدەد، پێموایە ئەگەر

لەسەر ڕووداوەکانی (17)ی شوبات و لە دوایەوە بێت، بە زیادیشەوە هەموو پرسیارێکمان کردووە، لەبەر ئەوە من بە زەرووری نازانم ئەم هەموو ژمارەیە جارێکی تر عەینەن پرسیار بکرێتەوە، جەلسەکەش دیارە بۆ چ شتێکە، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ نوقتەی نیزامیم هەیە، یەکەم/ ئێمە زۆر دڵخۆش بووین کە جەلسەکانی پێشوو ڕاستەوخۆ جەلسەکان گوێزرایەوە، وەڵامم دەوێ لە سەرۆکایەتی ئەوڕۆ بۆ پەخش ناکرێ؟ ئەوە یەك، دووەم/ تکا دەکەم لەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە پرسیار و سەرنج و تێبینیان هەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت، دوایی بیدەنێ، چونکە من پێموایە هەندێ جار سەرقاڵی دەکەن، گوێی لە هەندێك پەرسیار نابێ، کە من حەقی خۆمە من ئاگادار بم کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئاگای لە هەموو پرسیارەکانمە، بۆ ئەوەی وەڵامەکانم بدەمەوە، ئەگەر من پرسیارێکم لێی هەیە، داواکارییەکم هەیە، سەرنجێکم هەیە دوایی دەیدەمێ و وەڵامم بداتەوە، سێیەمیش/ سێیەم خاڵم ئەوەیە کە دواتر بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی ئێمە و کۆمەڵ و یەکگرتوو هاتوونەتە لای جەنابت، پێت وتوون هەموو ئەندامان بۆیان هەیە قسە بکەن، بەڵام تیکرار و تەشهیر و ئەو شتانەی تیا نەبێ، بۆیە بە مافی ڕەوای خۆمانی دەزانین کە هەموومان قسە و پرسیارەکانی خۆمان بکەین و وەڵام وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشتر سۆزان خان ئەوەبوو کە ڕوونکردنەوە و پرسیار هەبوو، بەڵام پاشان کە هاتینە سەر ئەوەی کە لێپرسینەوەیە، بۆ ئەوەی بە بڕیاری سەرۆکایەتی پرسیارەکان ئازاد کران، بەڵام پوخت بێ، لە بابەتەکە دەرنەچێ، لە 2/17 بەم لاوە بێ، ڕجائەن تیکرار نەبێت، هەروا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش مافی خۆیەتی وەڵامەکان بە جوانی بداتەوە، بە سینگێکی فراوان، کە وەکو ئێستا ئەو کارەی کردووە، بۆ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ پەخش نەکرا، چونکە هەندێك ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لە بابەتەکە دەردەچێ، دەبێ وتەکەی لە پرۆتۆکۆڵ بسڕینەوە، بەڵام کە موباشیرە دەڕواتە هەموو ئەرشیفی دونیا، لەبەر ئەوە وەختێکی دەدەینێ بۆ ئەوەی ئەوە ببێت، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینەیەکم لەسەر قسەکانی جەنابت هەیە، یەعنی ئەو ئیعلامەی پەرلەمان پێویست ناکا ئیعلامێکی ئینتیقائی بێ، ئەگەر تەشهیری تیا بێ پێویستە بیبڕێ، بەڵام چۆن زەمانەت دەکرێ کە من جوملەیەك بڵێم، لەوانەیە لایەنێك یان کەسێکی دیاری کراو پێی خۆش نەبێ، لە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەیبینیتەوە، کە لێدرا جەنابت ئەیبینیتەوە قسەکان وەکو خۆی هەمووی دەردەچێ، بە ئەمانەتەوە، ئێستا ڕێزدار شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هیوام لە پێشەوە ئەو پرسیارە بكەم، یان ئەو داوایە بكەم كە سوئالەكانمان یەك یەك جواب بدرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەڕاستی لە جوابی سوئالەكەی خۆمان تێبگەین، چونكە ئەگەر بە ڕێزێك، بەیەكەوە وەكو ئەوانی تر جواب بدرێتەوە، سوئالەكانمان تێكەڵ و پێكەڵ دەبێ، لەبەر ئەوە داوا دەكەم كە ئەوەمان بۆ بكەن، بە خێرهاتنی بەڕێز سەرۆكی حكومەت دەكەم، مانگی پێنجی پار نامەیەكم ئاراستەی كاك دكتۆر كرد وەكو پرسیارێك لەسەر كۆمەڵەی پێشمەرگە كەم ئەندامەكانی سەنگەر، كە لە هەموو حیزبەكان پێك هاتوون، بە غەیری پارتی دیموكراتی كوردستانی تیا نیە، ئەوانە ئیجازەی حكومەتی، ئیجازەی وەزارەتی ناوخۆیان هەیە، زائیدەن ئەوەی چوار دەفتەر دۆلار مانگانە وەردەگرن وەكو نەسریە، بەڵام دوای ئەو كاتەی كە هەڵبژارنەكان بوو، بە بیانووی ئەوەی ئەوانە كە بە هەڵبـژاردن هاتوونەتە ئەوێ، مەسئوولی لقی تیایە، كارگێڕی تیایە، مەجمووعەیەكی زۆرن، ئەوانە هەمووی دەركران لەوێ، تا ئێستا سەرۆكی حكومەت جوابی ئەو پرسیارەی بەڕاستی منی نەدایەوە، من تەئكیدم لە مانگی حەوت و هەشت، نا مانگی نۆ بوو، تەئكیدێكی دیكەم بە دوایەوە ناردەوە كە بۆ جواب نەدراوەتەوە، من تا ئێستا ئەو جوابەم وەرنەگرت، ئەوە یەك، دووەم/ ئەو سەیارانەی كە قەرار بوو حكومەت بیانداتێ، بەو كەم ئەندامانە، بۆ ئەوەی ڕەقەمەكانیان بە خۆڕایی بێ، ئەو مەجمووعە ئەوانەی كە گۆڕانن ئەوەیان لێ دەركراوە، تەبعەن دیارە ئەوە لە وەختی جەنابتدایە، كە تۆ سەرۆكی حكومەتی، ئەوە یەكێكە بەڕاستی لەوانەی كە پێیان دەڵێن سزا، چونكە ئەویش هەر سزایە، ئەوە یەك، لە شاری چەمچەماڵ حەوت هەزار ئیمزا كۆكرایەوە، بۆ ئەوەی كە ئەو ئیدارەیە، ئیدارەی چەمچەماڵ بێتە سەر سلێمانی، لەبەر ئەوەی ئێستا كە سەر بە گەرمیانە، ئەگەر بۆ ئیمزایەك بچێ بۆ گەرمیان، بچێ بۆ كەلار، ئەگەر بچێ بۆ بەغدا نزیكترە لەوەی بچێ بۆ كەلار، تەقریبەن دەوری نزیكەی شەست كەسێك لەو بەینەدا هەر تیا چووە، بریندار بووە، ئەخیریان بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵە كە دەستی شكا لەو بەینەدا، لەگەڵ كاك سمایل دا، كاك سمایل سەرۆكی لێژنەی ناكۆكی و قایمقامیەتی چەمچەماڵ و ئیدارەكانمان كۆكردەوە، قسەمان لەگەڵ كردن، هەموویان عەینەن ڕەئیان هەیە كە ئەوە بۆ ئەوان زۆر خراپە، كاك سمایل وتی لەگەڵ كاك بەرهەم قسەم كردووە، وەعدی داوە كە ئەوەمان بۆ بكات، كە بە موەقەت بچێتە سەر سلێمانی، چونكە ئێمەش ماددەی (140) تێدەگەین، كەركووك تێدەگەین، ئەو مەسەلەیە.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، ڕجائەن، لە بابەتەكە دەرمەچوو، وەرەوە سەر حەقدە خاڵەكە، ئەمە كەی ئەوەیە؟ وەرە سەر (2/17) بە دواوە، ئەم كێشانەی كە ڕوویانداوە چاوەكەم، كەرەمكە، ڕجائەن لە بابەتەكە دەرمەچوو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كێشەكە جەنابتان دەزانن كە كێشەی ژینگەیی یە، بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی چەمچەماڵ لە پێشدا مەنعی كردووە، وتوویەتی ئەمە بۆ ژینگەی شارەكە خراپە، بەڵام دوای ئەوە وتی باشە، دكتۆر هەیە دكتۆرای هەیە لە ژینگە كە ئیسپاتی دەكات كە ئەوە چەمچەماڵ دەخاتە ژێر دووكەڵێكی زەهرەوە،

بەڵام ئەوە لە لیژنەی ژینگەی ئێرە بڕیارە درا کە نەکرێ، جەنابتان ئیفتیتاحتان کرد، یەك خاڵم ماوە، ئەخیر خاڵ، ئەو مووچەیەی کە بە پێشمەرگە دەدرێ، بە هێزی پێشمەرگە دەدرێ، نەك لیواکان، هێزی پێشمەرگە، تەبعەن ئەوە لە بودجە لێرە بۆمان جیاکردنەوە، لە بودجە و لە پارەی خەڵك دەرچوو چووە ئەوێ، کاك شێخ جەعفەر وەزیری پێشمەرگە لە لیژنەی ناوخۆ لێمان پرسی، وتی: بۆیە حکومەتی عیراقی ئەو پارەیەمان ناداتێ، لەبەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا پێشمەرگەمان نەکردووە بە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی عەزیز، کەرەمکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێکم هەیە، هەوڵ دەدەم ئەوانەی برادەرەکانم دووبارە نەکەمەوە، لە سەردانێکدا وەکو ئەندامی لیجنەی تایبەت کە هاتینە لای جەنابت، لە شەوی $24$ی مانگ، $(2/24)$ کە لە ئۆفیسەکەی جەنابت بینیمانیت، ئاماژەت بەوە کرد کە وەزعی ئەمنی لە حاڵەتێکی کۆنتڕۆڵ دایە، بە داخەوە چەند ڕۆژێ دوای ئەوەش، لە $(25)$ی مانگدا کوشتارلە سلێمانی و هەڵەبجە و کەلار و چەمچەماڵیش ڕوویدا، ئەو پرسیارە بۆ جەنابت کرابوو، بەڵام ئەوەی کە من مەبەستمە لە جەنابتی بکەم، هەر بۆ سبەینێ ئێمە چاومان کەوت بە سەرۆکی لیجنەی ئەمنی لە سلێمانی، جەنابی پارێزگار، لە کۆمێنتێکی خۆیدا، چونکە ئەو دانیشتنە دانیشتنێکی فەرمی بوو، من بە شێوەی شەخصی نەچووم بۆ لای جەنابی، لەبەر ئەوە من کۆمێنتەکانی وەکو دۆکیومێنت لەلای خۆم بەکار دەهێنم، جەنابی وتی کە ئەو پارتە دیاری کراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، بە موحەددەدی ئەو کێشەیەی کە لە بەردەم بارەگای لقی چواردا ڕوویداوە، هیچ کامێك لە بەرپرسەکانی ئەو بارەگایە بەرپرسی ئەمنی شاری سلێمانیان ئاگادار نەکردۆتەوە، کە کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەوە، لە دوای چەند دەقیقەیەك گوێیان لێ بووە کە ئەوان خۆیان وەڵامدانەوەیەکیان هەبووە بۆ ئەو پشێوییەی کە لەوێ هەیە، ئەوە کەم وکوڕی ئەو دەزگا ئەمنیانە نیە کە جەنابت سەرپەرشتی دەکەی؟ بە موحافەزەی سلێمانیشەوە، لەبەر ئەوەی لە گرتە ڤیدیۆییەکانم من سوپاسی جەنابت دەکەم بۆ موسەیتیریت، بەس ئەو زەردەخەنەیە لەوانەیە تەرکیزی من بڵاو بکاتەوە، با بە حورمەتەوە ئەگەر لێم وەربگری سوپاست دەکەم، ناو ئەو ناوەندە کە پێویست بوو پارێزگاری سلێمانی ئاگادار بکاتەوە، ئاسایشی سلێمانی ئاگادار بکاتەوە، گرتە ڤیدیۆییەکان شایەتە کە هیچ سەیارەیەکی ئاوڕژێن، فرمێسك ڕژێن لەو ناوچەیەدا نەبووە کە کێشەکە ڕوویداوە، ئەوە یەکێك لە خاڵەکان کە پێویست بوو دەست بەجێ ئەو لایەنە، ئەوە کەم و کوڕی نیە بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی ئەو لایەنە چەکدارانەی کە لەناو سلێمانی دا، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕانیش چەکداری هەیە، پێویستە ئەوانە هەمووی لە چەك دابماڵرێن، بۆ ئەوەی ئەو پشێویەی جەنابت باسی دەکەی، شێوازێك بە کۆنتڕۆڵ کردن بە خۆیەوە ببینێ، پێویست بوو یەکەم جار کۆمەڵێ ئیجرائاتی ئەمنی بکرێ، ئەوە یەکێك لە پرسیارەکانم، پرسیارێك دەکرێ کە ئێمە بە تەنها لەسەر حەڤدە خاڵەکە قسە بکەین، من پەیوەستم بەوەی کە داواکارییەکانی خەڵکیش بەشێکە لە حەڤدە خاڵەکە، لە چەند دۆکیۆمێنتێکی

داواكارييەكانی خەڵكدا، باس لە ئەنجامەكانی شەڕی ناوخۆ دەكەن، ئایا ئەمە جۆرێك لە پشێوی و ناهەمواری باری دەروونی كۆمەڵایەتی، سیاسی بە كۆمەڵگەی كوردی دروست نەكردووە؟ ئایا ئەو منداڵانەی لە (96)ەوە كە تا ئێستا (2011)ە، بوونەتە (15) ساڵ، ئەمانە نازانن مەصیری كەس و كاریان لە كوێ یە؟ ئەم مێرد منداڵانە نین كە لەسەر جاددەكان جۆرێك لە توورەبوونیان هەیە؟ ئەگەر هەمووی نەبێ، بەلایەنی كەمەوە لەوانەیە ژمارەیەكی تیابێ، لەوانەی كە جۆرێك لە ستەم دەبینن، پێویستە وەڵامدانەوەمان هەبێ، ئەگەر بە هەنگاوی چاكسازی و كۆنترۆڵ كردنی دۆخەكە دەمانەوێ هەنگاوی جیددی بنێین، من پرسیارێكی ترم بۆ جەنابت، ئێستا لە ڕوونكردنەوەیەكت دا پرسیارێكی تر لای من دروست بوو، جەنابت باس لەوە دەكەی كە هەموو پۆلیسەكانی كوردستان فریشتە نین، كۆنترۆڵ كردنیان زەحمەتە لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەیە بە خودی تاكە كەسی ئەو كەسانەی كە بەرپرسیارێتی یەكیان هەیە، من لە جەنابت دەپرسم، كۆنترۆڵ كردنی حاڵەتی ئەمنی مەسەلەیەكی تاكە كەسی یە، یەعنی پێشمەرگەیەك بە ویست و بە ئیرادە و بە پەروەردەكردنی خانەوادەكەی خۆی موعامەلە لەگەڵ خۆپیشاندەر بكات؟ یان دەبێ بە عەقلیەتی موئەسەساتی ڕێگا لەم بگرێت كە هەڵە نەكات؟ ئێمە كار دەكەین بۆ ئەوەی كە كوردستان بەرەو موئەسەسات بڕوات، بەڵام جارێكی تر جەنابت جەخت دەكەیتەوە سەر ئەوەی كە شەرعیەت دەدەیتەوە بە كاری ناموئەسەساتی، كە بریتی یە لەوەی كە هەر یەكێك لە شوێنی خۆی ئازاد بێ لە وەڵامدانەوە و لە پەرچە كردارەكانی، ئەمە قەیرانێكی گەورەیە، من داواكارم لە جەنابت، لەگەڵ پرسیارەكەمدا كە چاو بخشێنیتەوە بە تێڕوانینی خۆت، یەك پرسیاری تر، من یەك پرسیاری تر تەوجیهی جەنابت دەكەم، من لە دانیشتنە تایبەتەكەی كە لەگەڵ جەنابتدا دانیشتبووم، جۆرێك، ئەمە بوختان نیە، بۆیە لێرە بۆتی دەكەم بۆ ئەوەی لە پاش ملە نەیكەم، بورات بدەمێ جواب، جۆرێك لە دیفاع كردن و شەرعییەتدانت هەیە بۆ مەسەلەی تەقەكردن، لەوێ باسی ئەوەت كرد ئەگەر یەكێك پەلاماریماڵەكەت بدات چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟ ئێستاش جەنابت باس دەكەی دەڵێی/ كە پشێوییەك، خەڵك بارەگاكەت بەر بەرد بدات، من بە نەصی لەلای خۆم نووسیومە، وەڵام دانەوە چی ئەبێ؟ من لەو بڕوایەدام، ئەگەر بمانەوێ بەرەو كاری موئەسەساتی بڕۆین، پێویستە هەموو ئەوانەی كە بەردیان هاویشتووە، دەستبەجێ هێزی پۆلیس و چالاكییە مەدەنییەكان بیانگرن، بیانخەنە بەردەم دادگا، نەك وەڵامی بەرد بە فیشەك بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە نیزامییەكەت، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو ئەوەی نووسراوە لێرەدا، كە دەڵێین پرسیارەكانمان چیە؟ ڕوونكردنەوەیە، بەپێی ئەم بەرنامەی كارە، ڕوونكردنەوە و لێپرسینەوە بۆ ڕووداوەكانی ئەو دواییە.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن نا.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرسیارەکانیشدا تەشهیر کردن بۆ هەر لایەنێك کە دانیشتووە، وابزانم ئەوەش جەنابت خۆت وتووتە، نەك من، لەسەری بڕۆن هەتا وەکو بتوانین زیاتر پرسیارەکانمان بە ڕێك و پێکی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار فازڵ، کەرەمکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی تۆزێ بەلامەوە سەختە ئەگەر قسەیەك بکەم و نەکرابێ، پێموانیە نەکرابێ، هەمووی کراوە قسە، بەڵام من ئیشارەت بە دوو، سێ خاڵ دەدەم، یەکێکیان ئاراستەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت دەکەم، دیارە زۆر زیاتر و پێشتریش هەر لەو جێگا پیرۆزە، باسمان لە ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەی کوردستان کرد، کە هەتا ئێستا پێمواییە قسەکان نەچۆتە بواری عەمەلەوە، هەرچەند ئومێدی زۆر گەورە هەیە لەوەی چوار لیوا تەشکیل بووە، هەشتی تریش تەشکیل دەبێ، وەکو سوپای عیراقی مووچەی بۆ ببڕێتەوە، من لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانم لە لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی کوردستان، دوێنێ سەردانی کەرکوك و دەوروبەری کەرکووکمان کرد، ئەو لەشکرە کە لە دەوروبەری کەرکووکن، پاشان لە چەند دانیشتنێکدا، کە لەگەڵیان دا لێدوان و قسەمان دەکرد، بەڕاستییەکەی ئەوەی کە زۆر زۆر ئازاری ڕۆحی منی دا بە شەخصی پێمواییە هاوەڵەکانیشم بە هەمان شێوە بوو، کەتا ئێستاش باس لە مووچەی (250) هەزار دیناری دەکەن بۆ ئەو هێزەی، من ئومێدم دەخواست، ئێستاش ئومێد دەخوازم سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ نوێنەری........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فازل ڕجائەن وەرە سەر بابەتەکە، کە ئەو بابەتەی لە (2/17) ڕەبتی هەیە، لەوە دەرمەچن تکایە، من وتم ئەو قسانەشی لە خاریجی ئەو بابەتە بێت، بۆ هەر هەموو بەڕێزان لە پرۆتۆکۆل دەیسڕمەوە، تکایە تەرکیز بکەنە سەر ئەو ڕووداوانە، ئەو کێشانە، ئەو خۆپیشاندانانە، ئەو تەقەکردن و خەڵك شەهید و بریندارە، حکومەت بۆچی موقەصیرە؟ موقەصیرە یان نا؟ لەسەر ئەوە قسە بکە، ئەگەر هەیە یان نیە، بۆ ئەوەی بەڕێزیان وەڵامتان بدەنەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمواییە لەو حاڵەتانەی کە دروست بوو، یەکێك لە هێرشە زۆر گەورەکان بۆ سەر پێشمەرگە کراوە، بۆیە من مەبەستمە ئیشارەتی پێ بدەم بەڕاستی، ئومێد دەکەم بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەتیش قەرارێکی وەکو دەڵێ وەختی نەبێ، قەرارێك دابنرێ کەوا گوزەرانی پێشمەرگە لە کوردستان چاك بکرێ، داوایەکی ترم وەکو پێشنیاریش ئەوەیە، پێشنیار دەکەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای خۆشەویست، برای عەزیزم داواکار و پێشنیار و ئـەوە نیـە، ئـەو بـەڕێزە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـە، هاتۆتە ئێرە، وەزعێکی ناتەبیعی دروست بووە لە ناو کوردستان، بـزانین حکومـەت بۆچوونی چـیە لەسـەر ئـەو وەزعە؟ کێ موقەصیرە؟ کێ موقەصیر نیە؟ ئەو چی دەڵێ؟ بـەڕێزتان چـی دەڵـێن؟ ئێمـە لێـرە مەحکەمـە نـین، بۆیە جەلسەی تر، بۆ پێشنیار، بۆ داواکاری ئەوەترە، ئێستا لە (2/17) بەم لاوە، لەسەر چی، ئەو وەزعەی، ئەو نارەحەتی و خۆپیشاندان و خەڵك بریندار و شەهید، لەو بابەتە دەرنەچن تکاتان لێ دەکەم، ڕجائەن.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، باشە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کەواتە من ئیشارەت بە خاڵێکی تر دەدەم، لـە حەڤـدە خاڵەکـەی پەرلەمانی کوردستان، کە یەکێکیان باس لە کاری ڕاگەیاندنـەکان دەکات، کـە یـەکێك لـە خـاڵی چوارده هێرشی ڕاگەیاندن، یان زمانی زبر لە ڕاگەیاندنەکان کۆتایی پێ بێ، بۆ ئەوەی ئەو گرژییـە کۆتـایی پـێ بێ، بەڵام تا ئێستا کـە پێموایـە یـەکێك لـە عاملـە بـەهێزەکان، کـەوا زیـاتر وەزعەکـەی ئـاڵۆز کـردووە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، کە تا ئێستاش بەردەوامە، لـە خـاڵێکی تـردا کـە هـەر عیلاقـەی بـەو مەسـەلەوە هەیە، لە کاتی خۆنیشاندانی هەڵەبجەدا (63) پۆلیس بریندار بووە، پۆلیسێك شەهید بووە، یـەك تاکـە خۆنیشاندەر خوێن لە لووتی نەهاتووە، بۆیە من زۆرم پێ باشە کە ئیشارەت بەوەش بدرێ، کە ئەمە بە حەقیقەت دەتوانم بڵێم ئەو حاڵەتەی دەزگا ئەمنییـەکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە هەڵەبجـە نیشانیان دا، دەتوانم بڵێم لە ئەوروپاش ئەو هێورییە، دەتوانم بڵێم زۆر بـە دەگمـەن نیشـان بـدرێ، کـە من بەش بە حاڵی خۆم شانازی دەکەم بەوەی کە هەڵەبجەییم، لەبەر ئەوەی ئـەو پۆلیسـانە هەڵەبجـەیی بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك، کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مادام پرسیارەکان لە ئیتاری حەڤـدە خاڵەکەیـە، زۆربـەی زۆری خاڵـەکان بـەڕێز مامۆسـتا عمـر ئیشـارەتی پێدا، بەڵام لەسەر خاڵی (13) کە باس لەوە دەکات پێویسـتە حکومـەت دەسـتبەجێ چـەندین بڕیـاری گـرنگ و بەپەلە دەربکات کە پەیوەستە بە باشکردنی باری گوزەرانی خەڵك و بەدیهێنانی دادوەری کۆمەڵایەتی، دیارە لـە دەسـت بـەکاربوونی کابینـەی ئـەو حکومەتـەی ئـەمجارە، کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی خاصـی هـەبوو، یەکـەم/ گرنگترینیان تەرشیقکردنی کابینەی حکومـەت بـوو، بـەڵام بەڕاسـتی ئەمـە وەکو قسـە وایـە، بـەڵام بێینـە سـەر ئەرزی واقیع لە دوو بواردا ڕەنگدانەوەی ئەو تەرشیقە نابینین، یەك لەلایەنی دارایی، دوو/ لەلایـەنی ڕۆتینـات، یەعنی موجەرەد ڕەقەمی وەزارەتەکان کەم بۆتەوە بەڕێز سەرۆکی حکومەت، بەسیتترین نموونـە، هـەر سـەیری نەفەقاتی تەشغیلی بکە کاك دکتۆر، لە 2009دا نەفەقاتی تەشغیلی پێش.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائـەن وانیـە، (2/17) بـەدواوە، ڕجائـەن، سـەرۆك فراکسـیۆنەکانتان قسـەیان کـردووە، مـەجالتان نادەمێ، ڕجائەن وەرنەوە سەر بابەتەکە، بۆ ئەوەیە وەختەکە نەڕوا، چونکە دوایی وەخت کەم دەبێ بۆ ئەو بەڕێزانەی تر، کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بكرێ، وابزانم با عەدالەت لە ناو پەرلەماندا...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەدالەت، پێشی (2/17) مەجال بە كەس نادەم، ڕجائەن، تكايە.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسە كرا لە هەموو بوارەكان، ئێمەش بەڕاستی لە زووووە هەم وەكو لێژنە، هەم وەكو ئەندام پەرلەمان، كۆمەڵێ پرسيارمان هەيە لە بەڕێز، فورسەتە با هەندێ پرسيار بكەين بۆ ئەوەی وەڵامەمان دەستكەوێ، بەڕاستی من پرسياری موعاد ناكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان پرسيار لەو بابەتە ئيمڕۆ لێپرسينەوەيە، بەسەرچاو، وەختی تر ئەگەر خوا عومريانی درێژ كرد، وەختێكی تر، سەلامەت بن، كەرەمكە.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا يەعنی من پرسيارەكانم نەكەم دانيشم؟ چونكە من بەڕاستی پرسيارەكانم زۆرە، ئينجا دووبارە ناكەم...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە (2/17) بەم لاوە بێ، لەسەر ئەو وەزعە بێ، بەسەرچاو، پێش ئەوە نا، مەجالت نيە، كەرەمكە فەرموو نيزامی هەيە.

**بەڕێز د. بەرهەم أحمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دانيشتنە بە مەبەستی بەدواچوونی كۆمەڵێك بابەتە، هەڵبەتە باس لە متمانە كێشانەوەی ئەم حكومەتەيە، كاك كاردۆ قسەيەكی كرد وتی، ئەو كابينەيە شكستی هێناوە، يەعنی لەسەر هەر (2/17) نيە، كۆمەڵێك شتی باس كرد، مەسەلە ئەوە نيە، بەڵام بڕواتان هەبێ بۆ ئەوەم نيە، يەعنی كە هين، ئەگەر هەر ئەوەبێ، هەر ئەندام پەرلەمانێك هەڵسێ و كۆمەڵێك پرسياری، مەفرووزە بە نووسراو ئەو پرسيارەم بۆ بێنێ، بۆ ئەوەی منيش خۆمی بۆ حازر بكەم، وەڵامی بدەمەوە، هيچ كێشەم نيە، حەز دەكەن تا بەيانی دادەنيشين، بەڵام بۆ ئەوەی ببێ بە تەقليدێك، من لە خزمەتتانم ناسكە خان، بە سوپاسيشەوە دەڵێم ئەگەر جەنابت و سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكايەتی پەرلەمان ڕێگەم پێ بدەن، بڕواتان هەبێ حەز دەكەم لايەنی كەم مانگی جارێك بێم، ئەگەر زياتريش نەبێ، تەقليدێكە، فێربين، دەسەڵات دەبێ لە خزمەتی نوێنەرانی خەڵكدا بێ، سوئالی لێ بكەن، وەڵامی بداتەوە، من بە جيددی ئەوە دەڵێم، ئەوە بۆ هينم نيە، بەڵام ئەمڕۆ با هەوڵ بدەين جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، سوئالەكان تەركيز بكەين بۆ ئەوەی شتە جەوهەرييەكان موناقەشە بكەين، جەوهەرييەكان، كۆمەڵێك پرسياری

گرنگ کرا، هەندێکم جواب داوەتەوە، هەندێ پرسیاری تر هەیە لای ئەم ئەندامە بەڕێزانە، بەڵام ئەگەر هەمووی هەر قسە بکات، ئەو وەختە نازانم بایەخی جەلسەکە چۆن دەبێ؟ نازانم مەفرووزە فراکسیۆنەکان خۆشیان تەنزیمی ئەوە بکەن، کێ سوئالەکان دەکات؟ هەندێکی بە نووسراو بماندەنێ، هەندێکی تر لە خزمەتتان دام.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داخوازییەکەش کە جەنابت یەکەم کەسیت ئیمزات کردووە، دەڵێت/ بۆ ڕوونکردنەوە و لێپرسینەوە، لەم ڕووداوانەی ئەخیر، کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم من پێش ئەوەی گلەیی لە حکومەت بکەم، زۆرجار گلەییم لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی خۆمان کردووە، کە زۆرێك لە پرسیارەکانمان تەئخیر دەنێرێتە حکومەت، ئەوەشی کە گەیشتۆتە ئەنجومەنی وەزیران، وەڵامەان نەدراوەتەوە، چ وەکو لێژنە، چ وەکو ئەندام پەرلەمان، جێگەی خۆیەتی ئێستا ئیشارەت بدەین بە هەندێکی، بۆ نموونە یەکێ لە گرنگترین، ئێ دێینە سەر ئەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێموایە ئێمە یەعنی تازە بەرەو سیستەمی پەرلەمانی دەڕۆین، چونکە مەفرووزە پەرلەمانتار ئەگەر پۆپۆزسیۆنیش نەبم، ئەرکی خۆمە لێپرسینەوەی حکومەت بکەم، وەکو پەرلەمانتار، یەعنی ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش نەبم، ئێستا کە ئۆپۆزسیۆنم بووە بە دوو جار ئەرکەکەم، لەبەردەم خەڵکدا، هەم پەرلەمانتارم، هەم ئۆپۆزسیۆنم، ئەرکی خۆمە لێپرسینەوە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خانم ڕجام هەیە، هەتا بەیانی لێرە دانانیشین، وەرە سەر پرسیارەکەت.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەو هەموو ئەوەی نیشاندانانە نەتیجەی ئەوەیە کە وەکو جارێکی تریش وتم، وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکان بوو لەلایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان، یاخود با بڵێین هەیبەتی پەرلەمان وەکو پێویست نەبوو لەبەردەم حکومەت دا، ئێمە لە مانگی (12)ی (2009)دا.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خەلاص، دانیشە، ڕێزدار هاوڕاز خان، کەرەمکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کۆمەڵێ شتی تریش کە شتانێکی زەروورن بەڕاستی، پرسیاری دیمان هەبوو، ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ پرسیار کردن، بەڵام ئیدی دەچینە سەر باسەکە و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، کە هەندێك حەقی زۆری پێدرا و هەندێکی تریش ئەو حەقە نادرێ، تەبعەن دیارە ئەو خۆپیشاندانانەی کە ئێستاکە دەکرێ، پێشتر پێش ئەوەی ئەو خۆپیشاندانانە بکرێت، ئەو خۆپیشاندانانە خەڵك بۆی بێتە سەر

شەقام، پێموایە گلەییەکی زۆری خەڵك هەبوو، گلەییەکی زۆری خەڵك، هاوارێکی زۆری خەڵك هەبوو لە گەندەڵی، لە ناعەدالەتی، لە کۆمەڵێ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەشێوەیەکی خراپ، من پرسیارم لە سەرۆکی حکومەت هەیە، بۆچی ئەوان یەعنی کاتێ کە ئەو هەموو گلەییە و ئەو هەموو ڕەخنەیان دەزانی؟ ئە هەموو ڕخنانە بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا، زۆر بە دەنگێکی بەرز دەکران، بۆچی ئەوان پێش ئەوە پێشهاتێکیان نەبوو بۆ ئەوە؟ ئیستیعدادێکیان بۆ ئەوە وەرنەگرتبوو؟ من پێموایە سەرۆکی حکومەت زۆر درەنگ بە دەم خۆپیشاندەرانەوە چووە، بەڕاستی ئەوە جێگای پرسیارە، بۆچی ئەوەندە درەنگ بەدەم خۆپشاندەران، بە دەم خۆپیشاندەرانەوە زۆر درەنگ وەجواب هاتن لە داخوازییەکانیان، لە داواکارییەکانیان، ئەوەی کە واقیع ئێمە لەبەر چاومانە بەڕاستی، هەست دەکەین سەرۆکی حکومەت بڕیارێکی باش دەدا، ئەوە یەعنی حەقەتەن ئێمە دەمانەوێ بە ویژدانانە، بە ئینصافانەوە لەگەڵ، بەڵام لە ڕووی جێبەجێ کردن و لە ڕووی کاراکردنی ئەو بڕیارانانە سەرۆکی حکومەت زۆر زەعیفە، هەر ئەو بڕیارانەی کە دەدرێ لە دوای چاکسازی کردن، بۆ نموونە لە بواری دامەزراندن، هەتا ئێستا ئێمە خەڵکانێکمان هەیە، تەبعەن لەوانەیە لە پێشتریش هەبێ، لە 2005 تەخەرووجیان کردووە تا ئێستا دانەمەزراون، خەڵکانێکیش هەیە، تەبعەن تۆ حیصەت هەیە، تۆ میلاکاتت هەیە ساڵانە کە بودجە دێتە بەردەستی تۆ، من بە دەلیل پێمە، بە ناو پێمە، خەڵکانێك خەریجی 2003، 2005 بەڵام تا ئێستا دانەمەزراون، ئەوە ناعەدالەتی نیە؟ جێبەجێ نەکردنی یاسا نیە؟ کۆمەڵێ شتی تریش زۆر هەیە، دەکرێ بە نووسراو بۆ جەنابت بنێرم، زۆر چاکە، بۆچی حکومەت بە پێچەوانەی یاسای خۆپیشاندان، یان بڵێین ڕێگری نەکرد لەوەی کە یاسایەك کە دونیایەك دەنگی لێ کەوتەوە، یاسایەك دنیایەك خۆپیشاندانی بۆ کرا، کە ئەم یاسایە کۆمەڵێ بڕگەی تێدایە کە بەڕاستی بڕگەکان خەڵك پێی ڕازی نیە، لە کاتێکدا ئەو یاسایە دەرچێ، بەم هەموو کەم و کورتییەوە، بەم هەموو ناتەواوییەوە، ئەم یاسایەی کە بەو هەموو کەم و کورتییەوە، دیسان لە مەیدانی خۆپیشاندان دا یاساکە دەشکێ، وەکو تەقە کردن و وەکو بەڕاستی ئەوەی کە کوشتنی خەڵك و ئەوانەی لێ کەوتەوە، هەر خۆی ئینجا توند و تیژی و هێرش کردنە سەر خەڵك، هەموو ئەو شتانەی لێ کەوتەوە، کە یاساکە خۆی ناتەواو بوو، خۆی خەڵك لێی ڕازی نەبوو، ئەم یاسا ناتەواوە دەشکێ، من پرسیارێکی ترم لە سەرۆکی حکومەت هەیە، بۆچی ئەو بابەتانەی، یان ئەو داواکارییانەی، بە تایبەتی داواکارییە هەنووکەییەکان، کە 100٪ ئەوە باسێکی ترە، ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی 100٪ بە حکومەتەوە نیە، بۆچی یەکسەر بۆ ئەوەی ئەم هەموو ناڕەزاییە و ئەو هەموو ئەوەی کە ئێستا لێی کەوتەوە، لێی نەکەوێتەوە، بۆچی حکومەت نەیتوانی بڕیارێکی خێرایی لەوە بدا؟ بە شێوەیەکی ڕەسمی و فەرمی کە ئەوان دەیانەوێ، پرسیارێکی تر، بۆچی لە دوای حەڤدە خاڵەکەی پەرلەمان، هەر پێشێلکاری بەردەوام دەکرێ، تەبعەن ئێستا دەکرێ؟ ئێمە دانیشتنی پێشتر هەر باسی ئەوەبوو، یەعنی ئەو حەڤدە خاڵە هەست ناکەین ئێمە ڕوونکردنەوەکانی جەنابت تۆزێکی ئەهوەن کردەوە، بەڵام.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تیکرارە، کاك عمر عبدالعزیز بە تەفصیل ئەوەی خاڵ بە خاڵ کرد، مەچۆ سەر ئەوە، بڕۆ جێگایەکی تر، خوشکی من ئیتیفاقمان ئەوەبووە هەمووی، نیزامەکش وایە، تیکرار نابێ، تیکرار ببێ قەتعت دەکەم، کاك عمر بە تەفصیل خاڵ بە خاڵ هاتە سەری، کەرەمکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە بۆ هەمووی بەکار بێنی بەڕاستی، بۆ ئەوەی یەعنی بۆ کەسێ ببێت بۆ کەسێکی تر نەبێ، یەك مولاحەزەم لە قسەکەی د. بەرهەم، باس لەوە دەکات ئێمە زۆر ئەو وشەیەی دووبارە کردەوە، ئێمە مەلائیکەت نین، یان پۆلیس مەلائیکەت نیە، بەڕێز کاك د. بەرهەم، ئێ تەواو منیش دەڵێم وایە، بەس من قسەیەکی ترم، نا نا، من قسەم لەسەر ئەو قسەی جەنابت هەیە، تۆ صەبرم لەسەر بگرە، بەڕێز د. بەرهەم ئێستا کێشەی ئێمە نەبوونی مەلائیکەت و مەلائیکەت نەبوون نیە، کێشەی ئێمە لە شکاندنی یاسایە، لە جێبەجێ نەکردنی یاسایە، ئێمە با بێینە سەر ئەو خاڵە بەڕاستی، کەس مەلائیکەت نیە، کەسیش ناتوانێ ببێتە مەلائیکەت، ئەوە قسەکەت تەواوە لەوێ، بەڵام خەلەلەکە ئەوە نیە کە ئێمە مەلائیکەت نین، چونکە نابینە مەلائیکەت، خەلەلەکە، کێشەکە لەوەیە کە بەڕاستی یاسا جێبەجێ ناکرێت لەو هەرێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عدنان عثمان، کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵ دەدەم هەم لە بابەت دەرنەچم، هەم زۆر زۆریش بە کورتی قسە بکەم، هەرچەند دوای چوار سەعات لە بەرنامەی کار تازە باسی ئەوە دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی کار، ئەوە نازانم تەفسیرەکەی چی بکەم؟ بەڵام بە هەرحاڵ من تەرکیز دەکەمە چەند خاڵێکی زۆر کورت، چونکە برادەران لەوانەیە قسەی زیاتر بکەن، قسەیان کرد لەسەر مەوزووعەکە، کێشەیەکی گەورەی من، یان ئیحباتێکی گەورە، کە من وەکو ئۆپۆزسیۆنیش دڵخۆش بووم بەوەی، دڵخۆشیش دەبم بەوەی کە حکومەتەکەمان بە ئاراستەی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و ئەوانە بڕوات، ئەوەیە کە لە دوای $(2/17)$وە هەستمان کرد، بە فەراغێکی گەورەی حکومی کرد لە کوردستاندا، لە دوای $(2/17)$وە هەستمان کرد گەلێك دەرکەوتوون کە تەمەنامان دەکرد نەمابێتن، ڕۆڵیان نەمابێت لە نەخشەی سیاسی و ئیداری و عەسکەری لە وڵات دا، بەڵام لەدوای $(2/17)$وە ئەو هێز گەلە هاتن، بوون بە حاکمی موتلەق تا ئەم لەحزەیە، من بە جەنابی دکتۆر دەڵێم، تا ئەم لەحزەیە، من لە یەکەم قسەکردنیشم لەسەر ئەم بابەتە لەم پەرلەمانە دا، باسم لەوە کرد کە ئێستا ئەوانە حاکمن، لەوانەیە بۆچوونی من لەسەر دەست کێشانەوەی کابینە جیاواز تر بێ لەوەی کە من ئێستاکە هەست بە غیابی کابینە دەکەم، بۆیە بە پێویستی دەزانم قسە لەسەر ئەوە بکرێت، من کێشەم لەگەڵ ئەوە نیە کە جەنابی دکتۆر سەرۆکی وەزیران بێ، من کێشەم لەسەر ئەوەیە کە دەمەوێ سەرۆکی وەزیران بێت، کابینەیەکی فیعلی و حەقیقیمان هەبێت، کە تەعبیر لە داخوازییەکانی خەڵك بکات، تەعبیر لە داخوازی موئەسەسەکانی

وڵاتەکەمان بکات، نەك کۆمەڵێ ئەجهیزەی ئەمنی کە بۆیان نیە بە هیچ عورف و یاسا و قانونێ، کە ئەصڵەن نیشیانە، هەر عورف و یاسا و قانونیشیان نیە، ئەوانە موتەحەکیمن بە ژیانی ئێمە و بە مەصیری ئێمە، خۆپیشاندان خۆمان لەم پەرلەمانە سەرباری رەخنەکانی ئێمە، ئەم پەرلەمانە یاسای خۆپیشاندانی دەرکردووە و پێشێل دەکرێت، رێگا بە خۆپیشاندان نادرێت، ئەصلەن لە شاری گەرمیان، لە کەلار دا، کە من دکتۆر دەزانێ خەڵکی ئەو ناوچەیەم، سێ گەنج ئێستا لەگەڵ یەك دا پیاسە بکەن دەگیرێن، بە بێ هیچ هۆکارێك، کێ دەیانگرێت؟ ئەو هێزە کێن؟ هەر ئەمرۆ، هەر لەو کۆبوونەوەی ئەمرۆ ئاگادار کراومەتەوە کە چەندین هێزی دەمامك بەسەر، مەجمووعەیەك خەڵکیان گرتووە لە رزگاری، جارێکی تر ویستوویانە برۆنەوە سەر رادیۆی دەنگ، ئەم دەمامك بەسەرانە کێن؟ چ یاسایەك لەو پەرلەمانە هینی کردووە؟ من یەك پرسیار لە جەنابی دکتۆر دەکەم، هێزی دژە تیرۆر، باسی بەرپرس، نازانم سەرۆکی دژە تیرۆر کردووە، بەراستی وەکو ئەندامێکی پەرلەمان پێم خۆشە ئەم زاتە بناسم، بزانم کێ یە ئەم زاتەی کە سەرپەرشتی هێزی دژە تیرۆر دەکات؟ کە نایناسم لە راستی دا، ئەم هێزە دژە تیرۆرە بە چ یاسایەکی پەرلەمان و حکومەت دەرکراوە؟ بە چ یاسایەك ئیش دەکەن؟ کێ مۆڵەتی پێداوە؟ ئایا جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری کار و چالاکییەکانی هێزی دژە تیرۆری کە لە شارەکەت سلێمانی، کە شاری هەموومانە، لە گەرمیانەکەمان کە شوێنی هەموومانە خەڵك دەگرن، خەڵك دەستگیر دەکەن، ئایا جەنابتان، هەردووکتان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت ئاگاداری ئەم کارەن؟ ئاسایش، ئاسایشی سلێمانی، تەبعەن لەگەڵ رێز و حورمەتم بۆ زۆر کار و ئیش و کاریان خۆیان هاورێ و دۆستی خۆشەویستی خۆمن، خەڵکی تێکۆشەرن، دەیانناسم لە گەرمیانەوە کاری گەورەشیان کردووە، بەڵام پێم بڵێ دەزگای ئاسایش لە سلێمانی کە جەنابی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی دەکات بە چ یاسایەك ئیش دەکەن؟ مەرجەعییەتەکەی کێ یە کاك دکتۆر؟ حەز دەکەم خۆم بزانم مەرجەعییەتی دەزگای ئاسایش لە سلێمانی، ئەوەی کە پێی دەوترێ ئاسایشی گشتی لە سلێمانی، کێ یە؟ ئەمر لە کێ وەردەگرێ؟ ئایا سەرۆکی حکومەت ئاگادارە لە کار و چالاکییەکانی؟ راپۆرتی پێ دەدەن؟ دەتوانێ تەحریك بە قووەتەکانیان بکات، دەتوانێ مەنعیان بکات؟ ئایا پەرلەمان ئاگاداری کار و چالاکییەکانیانە؟ من بە کورتییەکەی تریش، دێمە سەر حەڤدە خاڵەکە، لەم حەڤدە خاڵە، ئەوەی کە پوولی ناوێت، جێبەجێ کراوە، بەڵام ئەوەی کە پوولی دەوێت جێبەجێ نەکراوە، بە واتا ئەوەی کە پێویستی بە ئیجرائاتە جێبەجێ نەکراوە، من تەنها نموونەی نالیا دێنمەوە، جەنابی دکتۆر قسەیەکی زۆر جوانی کرد لەسەر نالیا، لەسەر چ کارەساتێکی گەورەیە، بەراستی تەعبیرەکانی ئەوەندە جوانە من لەوانەیە خۆم بە رۆژنامەنووسیش دەزانم، نەزانم ئەو تەعبیرانە بڵێم، بەڵام هەر لە ئەسنای قسەکانی دا باسی ئەوەی کرد کە ئێمە حکومەت تەعویزی ناکا، لەبەر ئەوەی لایەن و خەڵکێکی ترن کە بەو ئەرکە هەڵساون، کێن؟ ئەو لایەن و خەڵکە بە پەرلەمانی کوردستان بڵێ کێ یە رۆیشتووە کەناڵێکی گرنگی وەکو نالیا، دەزگایەکی راگەیاندن، کە ئیهانە کردنی کەرامەتی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی و عورف و هەموو شتێکە لە کوردستان دا.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان تیکراره، کەناڵی نالیا بەڕێزان کاك کاردۆ باسی کرد، برادەران باسیان کرد، تکایە تیکرار مەکەوە، ڕجائەن.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم لەسەر تەعویزەکەیە، نەء قسەم لەسەر ئەوەیە، ئەوە تیکرار نیە، کەس نەیوتووە، من دەیڵێم، ئەو دەزگایانە، ئەو لایەنانە ئەگەر حیزبن، با باس بکرێن، ئەگەر دەزگای دژە تیرۆرن با باس بکرێن، ئەگەر پێشمەرگەن با باس بکرێن، ئەگەر کێن با باس بکرێن، بۆ ئەوەی نالیاش بزانێ، داوای تەعویزەکەیان لێ بکاتەوە کە من وەکو ڕۆژنامەنووسێك بەڕاستی ئەمە بە خەنجەرێکی گەورە ئەزانم، بۆیە قسەکردن لەسەر قەرەبووکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی نالیا دەبێ بزانین کێ یە؟ کەناڵەکەش بزانێ کێ یە؟ بۆیە من قسەکانم کورت دەکەمەوە بۆ جەنابی دکتۆر، ئەویش ئەوەیە لە ڕاستیدا ئێستا ئەجهیزەی ئەمنی لەو مەنتیقەیە حوکم دەکات، من پرسیارەکەم کورت دەکەمەوە، جەنابی دکتۆر، ئێستا حاڵەتی تەواری ئیعلان کراوە لەبەشێکی زۆری کوردستان بە هەولێریشەوە، ئایا جەنابتان وەکو سەرۆك وەزیران ئاگادارن لەم ئیعلانی حاڵە تەواریئە؟ ئاگادارن لە هێز هێنان بۆ سلێمانی؟ ئاگادارن لە تەقە کردن لە خەڵك؟ ئاگادارن لە سووتان و ئەوانە؟ ئەگەر ئاگادارن تکایە جەنابتان بە وازیحی پێمان بڵێن، ئەگەر ئاگادار نین، چۆن ئەکرێت ئیعلانی حاڵەتی تەواریء بکرێت بە (غیر رسمي) لە کوردستان دا، ئێستا جێبەجێ بکرێت، چونکە هەموومان باش دەزانین حاڵەی تەواری، واتا ئەجهیزەی ئەمنی تەحەکوم دەکات، مەدەنی دەچێتە لاوە، هێن دەکەن، ئەگەر جەنابت ئاگادار نیت، چۆن بەردەوام دەبیت وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێم؟ لە وڵاتەکە دا ئیعلانی حاڵەتی تەواری کراوە بە بێ ئیزنی تۆ، بە بێ موافەقەی تۆ، بە بێ ڕەزامەندی تۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ڤیان، کەرەمکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانم کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاروان، کەرەمکە.

**بەڕێز کاروان صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من حەز دەکەم ئەوانەی باس کراوە ناچمەوە سەری، بەڵام ئەو خاڵانەی لە حەقدە خاڵییەکەی پەرلەمانی کوردستان، کە حکومەت پێی مولزەم کراوە، کە نەیکردووە تا ئێستا، پێموایە بەڕێز کاك دکتۆر بەرهەم خۆی لە خۆیدا دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتیەکی گەورەوە، یەکیان لەوانە، من لە جەنابیان دەپرسم، ئەگەر سەرۆکی حکومەت نەزانێ کابرایەك بە بێ دادگا دەگیرێ، ئەو لایەنە بانگی لای خۆی نەکات، ئەو لایەنە لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکات، ئایا ئەو بەرپرسیارێتی یە ئەویش شەریك نابێ لێی؟ ئەگەر جەنابی سەرۆکی حکومەت، خەڵکێك بڕفێنرێ، دوای سێ ڕۆژ بە ئەشکەنجە دراوی

ئازاد بکرێ، ئایا جەنابی وەڵامی چی هەیە بۆ ئەوەی خەڵکێك لەو هەرێمەدا، کە ئیدیعای ئەو هەموو ئینجازات و دەستکەوتە دەکرێ، کە خەڵکی تێدا ئەشکەنجە دەدرێ، من لە جەنابیان دەپرسم، کە ئێستا دەڵێن هێزەکان گەڕاونەتەوە، لە کاتێکدا کە ئێمە لە ناوچە دابڕاوەکان جۆرێك، قەیرانێك، خەتەرێك، ئەزمەیەك دروست بووە کە شۆفێنیستەکان بوون بە خەتەر و دەیانەوێ پەلامار بدەن بۆ ئەو شوێنانە، کە پێویستە دیفاعی لێ بکرێ، لەو حاڵەتەدا لە لیوای کفری دوو فەوج دەهێندرێتە کەلار، ئایا جەنابی حکومەت ئەوە جۆرێك لە دووفاقی، یان ئیزدیواجییەتێك پێشان نادا؟ ئایا ئێمە ناخاتە بەرامبەر بەوەی کە تۆزێك گومانمان لەو ئەوەیە هەبێ، لە حاڵەتێکدا کە هێزێك، بۆ نموونە لە لیوای (108) هەولێر دەبردرێتە سلێمانی، کە ئەمڕۆ، لیوای (26) لە کفری، لیوای (108)ی لیوای هەولێر، لیوای مام غەففوور بە صەراحەت بڵێم، کە دەبردرێتە سلێمانی، ئەگەر وا نەڵێی کەس نازانێ ئەو لیوایە کێ یە؟ یەعنی لە حاڵەتێك کە لە کەرکووك تۆ هێزێکت پێویستە ، تۆ لە کەرکووك هێز ببەیتە سلێمانی، لە هەولێر زێرەڤانی ببەیتە سلێمانی، کە تا ئێستا وجودی زێرەڤانی لە سلێمانی......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە سوئالەکەت موحەدەد بکە، کاك کاروان، موحەدەد، نا نا ئەوە موحازەرەیە، ڕجائەن، موحەدەد، موختەصەر، مورەکەز لەسەر ئەو وەزعە، باشە چاوەکەم، بەس مورەکەزی بکە، ئاخر دیار بوو ئێستا ئەویش نازانێ مەبەست چیە؟ کەرکووك و نازانم کوێ و؟ چاوەکەم وەرە سەر سوئالەکە، تکات لێ دەکەم.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی حەقدە خاڵەکە دەکەم، ئەگەر ڕێگام پێ نادەی دادەنیشم، قسە ناکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەسەلە ڕێگا نیە، بەڵام بە پێی نیزام دەبێ قسە بکەی، نەك دەربچیت، موحازەرە بدەی، نا، تەحدید بکە، بەسەرچاو، حەقی خۆتە.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی مەسئوولیەت دەکەم، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، کێ بەرپرسە لەو بارە نائاساییانە، نا سەقامگیرییەی کە لە هەرێمی کوردستانە؟ من باسی ئەوە دەکەم کە لە حاڵەتێکدا ئێمە لێژنەی ناوخۆ، جەنابت زۆر باش ئاگاداری، بە پرس و ڕای جەنابیشت چووین، لە ژێر چاودێری جەنابت چووین، بە دواداچوونمان کرد، تۆمەتبارانی سووتێنەرانی کەناڵی نالیامان کەشف کرد، لە ژێر چەتری دوو حکومەت و دوو ئیدارەیی لەو هەولێرە، لە ژێر نیزام و سیستەمەکەی بەڕێوەبەردنی بەڕێز کاك د. بەرهەم، ڕفێندران و شاردرانەوە بە بێ ئەوەی منەتیان بە کەس هەبێ،ئێمە چووینە ناو نەخۆشخانەی ئیمێرجینسی، (7) ئەندام پەرلەمان لە هەر پێکهاتە جیاجیاکانی ئەو پەرلەمانە، چووین ئاشکرامان کردن، جەنابی سەرۆکی پەرلەمانمان ئاگادار کردەوە، بەڕێز وەزیری ناوخۆمان ئاگادار کردەوە، جیهاتی

ئەمنیمان ئاگادار کردەوە، کە جەنابی سەرۆکی حکومەت لەوە بێ ئاگا بێ، کە پاش چوار، پێنج سەعات، بە سەیارەی جام ڕەش و بێ ژمارە بڕفێنرێن و بشاردرێنەوە، ئایا جەنابت ناکەوییە ژێر بەرپرسیاریەتی ئەوەی کە لە پایتەختی هەرێم، بارەگای جەنابتی تێدایە، ئەو حاڵەتە ڕووبدا بە ئیسعاف و بە سەیارەی نەخۆشخانەی شۆڕش نەقلی هەولێر بکرێن، ئایا ئەوە جۆرێك لە ئیتیفاقێکی سیاسی نیە؟ ئایا جۆرێك لە ئیتیفاقێکی مەیدانی نیە لەسەر ئەوەی کە کەناڵێك بسووتێنرێ و دواتریش بشاردرێنەوە؟ بۆ ئەو مەسەلەی کە خاڵی (13)، من دێمەوە سەری، بەڵام بەڕاستی کە دەڵێ/ پێویستە حکومەت دەستبەجێ چەندین بڕیاری گرنگ و بە پەلە دەربکات، کە پەیوەست بێ بە باشتر کردنی باری گوزەرانی خەڵك و بەدیهێنانی دادپەروەری، جەنابی سەرۆکی حکومەت، من تەنانەت ئێستا ئەو بەڵگانە بۆ جەنابت دەنێرم، دەیان کەسم لەلایە، کە لە دوو کەس و سێ کەس لە یەك عائیلە، بە یەك سەعات تەعین کراون، لە ئەنجومەنی وەزیرانەکەی جەنابت دا، هەمووی بۆ جەنابت دەنێرم، کە دەیان کەسن لەو حاڵەتە، کە مشتێکە لە خەروارێك، ئەوانەیان هەمووی دۆکیومێنتن لەسەر مەکتەبی جەنابت، من زۆرم پێ خۆشە، ئەوە نا دادپەروەرییە بە خۆت مادام وەعدمان پێ دەدەی، ئەو نا دادپەروەرییانە دەبێ نیەتی ئەوەت هەبێ چاکی بکەی، ئەگەر نا لە پێش هەر هەموو پەرلەمانتاران پێت دەڵێم دەست لە کار بکێشەوە سەربەرزییە بۆ جەنابت، ئەوە حاڵەتێکیان، هەر لە هەمان ئەنجومەنی وەزیرانی جەنابت، لە ڕۆژێکدا زیاتر لە (2) دەفتەر دۆلار بە مینحە دەدرێتە خەڵك، هەر یەکە بە (30) وەرەقە، لەلایەکیش کە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە کاروان ڕجائەن ئێمە بابەتێکی تایبەتمان هەیە، ڕجائەن، ڕجائەن ئەگەر وابێ مەجالت نادەم، نەء تۆ باسی مەوزووعێکی تر دەکەی، نا، وەرە سەر مەوزووعەکانی خۆت.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەموو ئەو دەستکەوتانە و ئینجازاتانەی بەڕێزت باست کرد، کە حەق درا بە تۆ، منیش حەقم هەیە یەك تەعلیقی لێ بدەم بەس، هیچی تر نا، من بەڵێ دەستخۆشیت لێ دەکەم، دەستکەوت و ئینجازی زۆر لەو وڵاتە کراوە، هەم پێش جەنابت، هەم لە حاڵەتی کە جەنابیشت هاتی، خۆشت یەکێکی لەو کەسانەی کە ئەو میللەتە دڵی پێت خۆش بوو لەبەر ئەوەی لە ژیانێکی دیموکراسی، لە وڵاتانی ئەوروپا دنیا دیدە و کۆمەڵێ شتت پسپۆری لەلایە، بەڵام دەبێ لە ماڵی خۆت چاکسازی بکەی، لە مەکتەبەکەی جەنابت یەك دنیا گەندەڵیم پێ یە بە جەنابت بڵێم.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، دانیشە، خەلاص دانیشە، تەواو، نەسرین خان، کەرەمکە، دانیشە تەواو، دەرچووی لە بابەتەکە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من نامەوێ قسەکانی پێش خۆم کە هاوڕێکانم کردوویانە دووبارەی بکەمەوە، یەکسەر دەچمە ناو مەوزووعەکەوە، لەسەر حەقدە خاڵەکەش قسە دەکەم لەسەر هەندێکی، دیارە لە کۆبوونەوەی جاری پێشوو تردا زۆر قسەمان لەسەر خاڵەکان کرد، بەڵام ئێستا پێویست بەوە دەکات کۆمەڵێ خاڵ هەیە کە ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لێرەیە، بۆ بەرچاو ڕوونی هەمووومان و بۆ پرسیار کردن لێی، ئێمە کێشەمان نیە، وابزانم هیچ ئەندام پەرلەمانێك کێشەی لەسەر شەخصەکان نیە، کێشەمان لەسەر سیستەمەکەیە، لەسەر سیستەمی سیاسی، لەسەر سیستەمی ئیداری، لەسەر سیستەمی.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین، خوشکی من، ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز، تکایە بەرنامەیەکمان لەدەستە، لەو بەرنامەیە دەرمەچن ڕجات لێ دەکەم، لە وەختێکی تر، لێرە مەجالت نادەمێ، لێرە دێیتە سەر ئەو بەرنامەیە، ئیحتیرامت دەگرم، بە غەیری ئەوە مەجالت نادەمێ، حەقدە خاڵەکە باس کرا، لێرەوە باسیان کرد، سوئالێکت هەیە کەرەمکە، بەس تیکرار نەبێ ڕجائەن، بەسەرچاو بەس تیکرار نەبێ، کەرەمکە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژی (17)ی شوبات، کە ئەو خۆپیشاندانانە لە کوێوە سەرچاوەی گرت؟ چۆن دەستی پێ کرد؟ ئەو خۆپیشاندانە من لە بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەپرسم، حەز دەکەم پرسیاریش بکات، یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندان مۆڵەت وەرگیراوە، بۆ کاری خزمەتگوزاریی و پێویستییەکانی خەڵك، خەڵك مۆڵەتی وەرگرتووە، دیارە کە ڕێڕەوەکە گۆڕاوە و هاتوون لەوێ تووشی ئەو کارەساتە بوون، ئەوە ئا لێرەوە دەست پێ دەکات، یەعنی پێویست بەوە دەکات ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی ئایا (17)ی شوبات بۆ ڕوویدا؟ ئایا کە گەیشتنە بەردەمی ئەو بارەگایە، ئایا بۆ ئەو کارەساتە قەوما؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئیجرائاتێکی کرد بەرامبەر بە تەقەکەران و بەو کەسانەی کە خوێنی چەندین ڕۆڵەی ئەو میللەتە و چەندین کەس بە هاووڵاتیانیش و بە پۆلیسیشەوە ڕژا لەسەر ئەو جاددەیە، ئایا حکومەتی هەرێم چ ئیجرائاتێکی کردووە بەرامبەر بەوانەی کە لە ڕۆژی (17)ی شوبات و ڕۆژەکانی دوایی تریش، ئەو کارەساتەیان کرد؟ ماوەی بیست ڕۆژە ئەمە ڕوویداوە، خۆپیشاندان هەیە، خەڵك لەسەر جاددەیە، ماوەی بیست ڕۆژ، ئەگەر پەرلەمان و ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ وەڵامی خۆپیشاندەران بداتەوە، بە تەصەوری من مانگێکیش بەسەر دەچێ ناتوانین ئەو جوابە بدەینەوە، ئەمە کارەساتە لێرە کە ئێمە نەتوانین وەڵامی هاووڵاتیانی خۆمان بدەینەوە، جووڵاندنی هێزەکان، ئێمە پێش وەختیش ئاماژەمان پێداوە، کە ئەوە لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دایە بۆ سنوورەکان، بەڵام وەزیر، وەزیری پێشمەرگە ئاماژە بەوە ئەدا کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ ئەو حەرەکەیان بەو هێزە کردووە، بەڵام بەڕێز کاك دکتۆر بەرهەم خۆی ئاماژەی پێدا بەوەی کە هەتا نەگەیشتوونەتە قلیاسان وابزانم ئەگەر هەڵە نەبم، پێت نەزانیوە، ئەوە خاڵی دووەم، خاڵی سێهەم/ من دەستخۆشی ئەو بڕیارە دەکەم کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەری کردووە بۆ گەڕانەوەی موڵك و ماڵ و سەروەت و سامانی خەڵكی، بەڵام ببوورە توخوا کاك هێن، بەڕاستی ناکرێت، ئەمە با تەنها خۆی، من زۆرم پێ خۆشە کە هەموو ئەو بینایانە بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو پێویست تەوزیعی بکاتەوە، بیداتەوە بە وەزارەتەکانی خۆی، بەڵام ئایا ئەمە تەنها بیناکان دەگرێتەوە؟ یاخود ئەو ئەرزانەی کە بە چەندین داهات، چەندین دۆنم فرۆشراوە بە سیعرێکی کەم؟ یاخود دابەش کراوە یاخود ئایا ئەمە دەباشان دەگرێتەوە؟ ئایا قەڵاچواڵان دەگرێتەوە؟ ئایا سەری ڕەش دەگرێتەوە؟ ئایا چەندین سەیرانگای تر و شوێنەکانی تریش دەگرێتەوە؟ من بۆ نموونە، من با بڵێین ئەم قەڵەمەم وەرگرتووە، بەڵام کاك دکتۆر بەرهەم سێ کۆمپیوتەری وەرگرتووە، ئایا موعامەڵەی ئەو قەڵەمە و سێ کۆمپیوتەرەکە وەکو یەك دەکرێ؟ بەڕاستی من لێرەوە پێشنیار دەکەم بۆ جەنابت، لە پێش دا قەڵەمەکەی من ئەگەر وەردەگریتەوە، دەبێ جەنابیشت کۆمپیوتەرێك تەسلیم بکەیتەوە، وایە ؟تۆ دەست پێشخەر بە لەوەی کە جەنابتان دەست پێشخەر بن لەوەی کە موڵکی دەباشان، موڵکی قەڵاچوالان، موڵکی سەری ڕەش، هەموو ئەو.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن لە بابەتەکە دەرمەچوو، ڕجائەن، خوشکی من ئێمە مەوزووعێکی تایبەتمان هەیە، دەمانەوێت وەزعێك هەیە لە ناو هەرێم، چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، لە حکومەت بپرسین نوقصانییەکانتان چیە؟ ئێستا نا، وەختی تر دێ، ئەوەی جەنابت لە وەختی تر.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ ئەو شتانەی کە من عەرزی جەنابیم کرد، ئا لێرەوە خۆی دەبینێتەوە، کە سەرۆکی حکومەت نەیتوانیوە وەکو پێویست ئیجرائاتەکان بکات، وەزیری ناوخۆ نەیتوانیوە وەکو پێویست ئیجرائاتەکان بکات، وەزیری پێشمەرگە نەیتوانیوە وەکو پێویست ئیجرائەتەکان بکات، بەڕاستی کاك دکتۆر من ئا لێرەوە پرسیار لە جەنابت دەکەم، حکومەت بەم جۆرە دەڕوات بەڕێوە؟ یان باشترە من تیکراری نەکەمەوە، پشتیوانی قسەکانی کاك کاردۆ و ئەوان دەکەم، کە بەڕاستی پاشەکشەی لێ بکەی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار نەریمان، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەکەین، بەڕاستی ئێمە لەبەردەم قۆناغێکی نوێین، لە (2/17)وە، بۆیە من ناچمەوە سەر قسەی هەندێك لە برادەرکانم، دووبارەی ناکەمەوە، من ئەوەندە دەڵێم دەوڵەتی موئەسەساتی بە عەدالەتی ئیجتیماعی، بە سەروەری یاسا، بە یەکسانی، بە دابین کردنی ئارامی وڵات بۆ هەموو لایەك وەکو یەك دەبێت، بۆیە من لەو ڕوانگەیەوە دەڵێم، بەڕێز سەرۆکی حکومەت بە داخەوە نەیتوانیوە هەنگاوەکانی بەو ئاقارە بەرێ، ئەگەر ناشی بێ بە شێوەیەکی کورت و کاڵ و سەرەتایی بووە، من لەوە تێ دەگەم دەسەڵاتەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت تا کوێ بەڕێی دەکات؟ تا کوێ یە؟ من پرسیارێك دەکەم، ڕاستەوخۆ بەڕاستی من دەمەوێ ڕاستگۆیانە قسە لەگەڵ

یەكتری بكەین، دەسەڵاتەكانی بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە زاخۆوە بۆ كەلار و خانەقین دەڕوات؟ یان سنوورەكەی ئیدارەی پێشووە؟ لەبەر ئەوە لە وەڵامەكانیشدا زۆربەی زۆری جەخت كردنەوە و باس كردنی تەنها لە ئیدارەكەی پێشووی سلێمانی بوو، كە جەنابیشی ئەو كات جێگری سكرتێری گشتی حیزبەكەشی بووە، دەسەڵاتیشی هەبووە لە عیراق دا، دەوڵەتی موئەسەساتی بەهێزی نیزامی، بە هێزی یاسایی لە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و هێزی دەزگا هەواڵگرییەكان دروست دەبێ، سەروەری یاسا لە سەروەری كردنی یاسا و دەزگا قەزاییەكان دەبێ، كە ئەوە لە وڵاتی ئێمە زۆر كەمە، ناڵێم نیە، زۆر زۆر كەمە، پارێزگاری كردنی ئەمن و ئاسایش لە یەكخستنی دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەكان دەبێت، كە بێ لایەنانە و بە یاسایەك كار بكەن، هێزی دەرەكی و لابەلا و كەس نازانێ هی كێ یە؟ لە كوێوە دێ؟ لە كوێوە كار دەكات؟ ئەوە بەڕاستی لەبەر دەستی ئەو حكومەتەی ئێمەدا هەیە، بەڵگەشم بۆ ئەوە (2/17) نموونەیەكی دیارو ئاشكرایە، سەلماندی بۆ ئێمە كە هێزەكانی ئێمە چۆن تەصەرووفیان كرد، تاوەكو ئێستا ڕوون و ئاشكرا نیە كە لە كێ وە بڕیار وەردەگرن؟ لە كوێ دەچێ؟ جەنابی سەرۆكی حكومەت ڕاستگۆیانە ئیعتیرافی كرد بەوە، لەبەردەمی لێژنەكەی ئێمەش وەزیری ناوخۆ بە هەمان شێوە، ئەو ئیعتیرافانەی كردووە كە هێزی فەلەك و هێزی فەرماندەیی گشتی لە ژێر كۆنترۆڵی ئەوان دا نیە، وەزیری پێشمەرگەش ئەو تەئكیدەی كردوە لەبەردەمی لێژنەی ناوخۆی ئێمەدا، بۆیە كەواتە ئێمە لەبەردەمی حكومەتێك نین كە باسی موئەسەساتی لێ بكەین، باسی پێشكەوتنی لێ بكەین، لەڕووی ئەمنیشەوە بەڕاستی من بە بەڕێز سەرۆكی حكومەت دەڵێم، حكومەتەكەی جەنابتان ئەمنییەتی دابین كردووە بۆ كۆمەڵە خەڵكێك، بۆ كادیری چەند حیزب و لایەنێك و دەزگا تایبەتمەندییەكان، ئەگینا لایەنەكانی تر هەموو لەبەردەم مەترسیدان، هیچ شكات و سكاڵایەكی یاساییان لە دادگاكان دا بەشێوەیەكی ئاسایی ناچێت، من بۆخۆم لە مانگی (8)ی (2009) شكاتێكم كردووە، تاوەكو ئێستا ڕۆژنامەنووسێ توهمەی بۆ كردم، تا ئێستا یەكلایی نەبۆتەوە لە مەحكەمەی كەلاردا، بۆ ئەوەی پێتان بڵێم، لە كەلاردا لە (2/25) دوو كەس كوژرا، (26) كەس بریندار كرا، بكوژەكان هیچ كامیان تا ئێستا ڕووبەڕووی دادگا نەكراونەتەوە، بەڵام دەیان و ئەگەر نەگەیشتبێتە سەدان كەس لەو ڕۆژەوە دەگیرێ، كە ئێمە هاتووینەتە ناو ئەو پەرلەمانەوە لە سەعات چوار ڕەش بگیرییەك دەستی پێكردووە لە كەلار، هەر كەسێك تەنها جلی ڕەشی لەبەردا بووە گیراوە، بەڕێزان ئێمە لەبەردەمی تیرۆریستیداین، لەبەردەمی یاساین، گیراوە، كەناڵی KNN بە ستافەكەیەوە گیراوە، ئێمە كە لێرەوە دانیشتووین، بیست كەسی تر گیراوە لە ڕزگاری، بردوونیان هەندێك........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان ڕجائەن، وەرە سەر بابەتەكە، نەء، ئەوە كەی ئەو مەوزووعەیە، چاوەكەم ناهێڵم، مەجالت پێ نادەم، وەرە سەر مەوزووعەكەت، ئەگەر دەتەوێت بە ئصوولی وەزعەكە بڕوات، وەرە سەر مەوزووعەكە، خاریجی مەوزووع بە هیچ بەڕێزێك ڕێگە نادەم، تكایە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

کە پەیوەندی بەوەوە هەیە حەڤدە خاڵەکە، یەکێك لەوانەیە هێزی دەمامکدار و بێ ڕەقەم و ئەوانە نابێ بچنە سەر خەڵك، ئێستا ئێمە لێرەین دەکرێ، ئێستا دەکرێ، گەنج ئیهانە دەکرێ، لێدان کراوە، ئێستا حالیەن دەکرێ، بۆ پەیوەندی بەمەوە نیە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، من باسی ئەو خاڵانە دەکەم کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت کە باسی لێ دەکا و باسی جێبەجێکردنی دەکات، بەداخەوە هیچی هەر مەتاتی نەبێ، هیچ شتێکی نەوت بۆ ئێمە کە تەنانەت لە گرتنی یەك کەس لەوانە، بەڵام وەکو بەداخەوە دەڵێم، داواکاری گشتی دەچێ چەند کەسێك بانگ دەکا و دەڵێ ئێوە خوتبەتان داوە لە خۆپیشاندانەکە، بە حوکمی ئەوەی عەلا ئەساس خۆپیشاندانەکە موافەقەتی نەبووە، لە کاتێکدا دوو کەس کوژراوە و (26) کەس بریندارە، بۆیە دەڵێم، دەیسەلمێنم کە ئەو ئەمنییەتی ئەو دەزگایانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە جەنابی سەرۆکەکەی لێرەیە، بۆ پارێزگاری کردنی کادیر و لایەنگران و حیزبەکانی دەسەڵاتدارە، لایەنەکانی تر هەموو لە مەترسیدان، بە ئەندامانی پەرلەمانیشەوە ئێستا، بە ڕۆژنامەنووسان و دەنگە ئازادەکانەوە، ڕۆژانە هجووم دەکرێتە سەریان، هەر ڕادیۆی دەنگ کە جەنابی باسی کرد، ئەم ئێوارەیە هێزی دەمامکدار چووە بچێتە ناویەوە بە زۆر، ئێستا کە جەنابت لێرە دانیشتی باسی دەکەی، ئێستا ڕوویداوە، جەنابت دوایی تەئکید بکەرەوە، بۆیە ئەو هێزانەی کە لە گەرمیان دا خراونەتە ژێر رکێفی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەتەوە نیە، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، هێزی ئاسایش و حکومەت، هەمووی و لە کۆبوونەوەکەی (26)ی مانگی دوای ڕووداوەکە لە مەقەری حیزبی شیوعی کراوە، شەش لایەن تێدا بەشدار بووە، بە هەموو لایەنەکانەوە، داکۆکیان کردووە لەسەر هێوڕکردنەوەی بابەتەکە، ئەو وتوویەتی بەڵێ من بڕیارم داوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بگرن، لێشیان بدەن، بڕیاریش دەدەم، بەڵام بەراستی جێبەجێ ی کرد، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا دەیان کەسی تری گرتووە، سزای داون، بە هێزی دەمامکدارەوە تا ئەم دەقە بەردەوامە لە کەلاردا، من پرسیار لە جەنابیان دەکەم، ئیجرائاتی چی دەبێ لەم بارە؟ لە کاتێکدا هیچ تەخویلێك نیە کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئاوها بەبەرچاوی شەش حیزبەوە، بەو شێوە لاسایی یە، بۆیە دەڵێم حوکم و دەسەڵاتەکانی جەنابت، من دەزانم تا کوێ بڕ دەکا، بۆیە با ڕاستگۆیانە قسە بکەین، ئەو حەڤدە خاڵەی کە جەنابیشت ئاماژەت پێکرد، بە داخەوە جەنابیشت پێمواية لە هەندێ ڕوو وەکو ئێمە گلەییت کرد، وەکو هاووڵاتییەك گلەییت کرد، ئەوانەی کە باسیشت کرد، کە کردووتە، ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕەفیقەکانت بوویتەوە، بەڕاستی ئەو ڕەفیقانەت هەموو لە حیزبەکەی جەنابت و حیزبە دەسەڵاتدارەکەی ترە، ئەگینا لە لایەنەکانی تر نیە، ئەو تەعامولە بکەن و کێشە بۆ جەنابت دروست بکەن لە جێبەجێ کردنی ئەو چاکسازییانەی کە باست کرد، بۆیە حەقە ناویان بێنی، کە کێشەیان بۆ دروست کردی کێشەیەك یاسایی دەبێ، کەواتە جەنابت یاسا جێبەجێ دەکەی، یاسایان لەسەر جێبەجێ بکە، یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، بەڕاستی یەکێکە لەو سەروەرانەی کە ئێمە دەمێکە چاوەرێ ی دەکەین، ئەو وڵاتە کێشەی گەورەی هەیە، مەترسیمان لەسەرە، بەڵام بەداخەوە گەورەترین مەترسی ئێمە دوو ئیدارەیی یە کە تاوەکو ئێستا لە حکومەتەکەی بەڕێز دکتۆر بەرهەم دا دیارە، کاری تێدا دەکرێ و بە زەقی دیارە، بەتایبەتی لە وەزارەتە گرنگە سیادییەکانی ناوخۆ، پێشمەرگە، دارایی، کاری حیزبیش لە ناو ئەو دەزگایانە گەیشتۆتە ئەوەی لە

پـەروەردە، لـە تەندروسـتی تەنانـەت تـا خـواری خـوارەوە ئـەوە ڕۆیشـتووە و حیـزب لەسـەردەمی دەسەڵاتەکەی جەنابت دا زیاتر ڕۆچووە بەناو حکومەتەکەت دا، زۆربەی کات لە لق و مەڵبەندەکانـەوە تەوجیه بـە دەزگاکـانی حکومەتەکـەی جـەنابت دەکـرێ، ئـەوە خۆمـان تێیـدا بـووین، ڕۆژانـەش پێمـان دەوترێ، سزا سیاسییەکانیش تا ئێستا بەردەوامـە، جەنابیشـت ئامـاژەت بـە هەنـدێکی دا، مـن ئەوەنـدە دەڵـێم سـەروەری یاسـایەك کـە ئێمـە بـەڕێزان باسـیان کـرد، تاوانبارەکانمـان لێـرە چـووینە سـەری، چواریانمان بینی، دوانیان نێردراون بۆ تورکیا، جەنابت باسی یەك کەس دەکەی کە سبەینێ ڕۆیشـتووە، سبەینێ دەڕواتەوە، نـازانم حـاکم لـەوێ نـەبووە و ئەوانـە، بەڕاسـتی مـن پـێم سـەیرە بـەردێك بگیرێتـە بارەگایەك دەیان کەس بکوژرێ، ڕەوایە، بکوژرێ و بریندار بکرێ، ئەگەر نەگەیشتبێتە سەدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو هێزانەش پۆلیس و ئاسایش ڕۆڵەی ئەو میللەتەن، برای ئێمەن، کەس و کـاری ئێمـەن، خۆشەیستی ئێمەن، بەڵام ئەوە موئەسەساتی نەبوونە کە وایـان لـێ دەکـات دەیانخاتـە بـەردەم ڕەخنـەی گـەورەوە، خـەڵکی تـری لاسـاریش هەیـە زۆر بـە ئاسـایی لـەو چوارچـێوەیەدا کـاری خـۆی دەکـات و حکومەتیش هیچ جیددی نیـە، لەبـەر ئـەوە جـەنابت نـەتتوانیوە تـا ئێسـتا هـیچ ئیجرائـاتێکی قـانونی بکـەی، جـەزائی بکـەی، لـە کاتێکـدا ئێمـە چـەند جـۆرە عقوباتێـك بـۆ ئـەوە کەسـانەی کـە لاسارییەکانیان.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان خەلاس، تەواو، رجائەن تەواو، کاکە لە بابەتەکە دەرچووی تەواو، کاك دکتۆر جوابی ئەو بەڕێزانە بدەرەوە، پاشان بەردەوام دەبین، بەڕێزان نیو سەعات ئیسراحەت دەکەین، ئێستا بیستی بوێت بۆ نۆ لێرە دەبین، کەرەم بکەن، زۆر سوپاس.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستا سرەی ڕێزدار کاك گۆرانە فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لەوە دەست پێ دەکەم خۆپیشاندان دیارە دەرئەنجامی هەبوو و هۆکاری دەست پـێ کردنـی خۆپیشاندانەکانیش لەسەرەتا دا هەبوو، من لە دەرئەنجامەکان قسـە ناکـەم لەبەرئـەوەی هاوڕێیـانم زۆر باسیان کرد، لەسەرەتای هۆکاری دەست پێ کردنی خۆپیشاندانەکانەوە دەست پێ دەکەم، بەو پێیەی من لـەو لیژنەیـەش بـووم بەشـێك لـە داواکـاری ئـەمڕۆی خۆپیشـاندەران بریتیـە لـە چاکسازی و سـەرەتای ئەنجامـدانی خۆپیشاندانەکانیش لـە شـەقامدا بـۆ مەسـەلەی چاکسازی بـوو، دیـارە مـن پشـتیوانی لـەم

قسەیە دەکەم کە گەندەڵی لەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا کە باس دەکرێت مێژوویەکی هەیە، کە دەگوترێت مێژوویەکی هەیە، ئەمساڵ و شەش مانگە لێی مەسئول نیە، واتە چاکسازی لە زەمەنی خۆیدا، لەڕابردوو دا وەك پێویست هەنگاوی نەناوە، ئێمە دەزانین مەسەلەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر بکرێت بە بەرنامە دەکرێ و بە یاسا دەکرێت و بە هەنگاوی پراکتیکی و عەمەلی دەکرێت، ئەوەی کە ئێمە دەیبینین بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جێ بەجێ کردنی بەرنامەی لیستی کوردستانیە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بۆ نەهێشتنی ئەوجیاوازیە و بۆهێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوەی لای من و لای خەڵك ڕوون نیە لەو چاکسازیەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، رجائەن کاك گۆران هیچ مەجال نیە لە $2/17$ بەولاوە لەسەر ئەو بابەتە، رجائەن تکایە لەبەرنامە دەرمەچوو، چونکە مەجالتان نادەم، کەرەمکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆپیشاندانەکان بۆ چاکسازی بوو، منیش قسەم لەسەر ئەو چاکسازیە لەم حاڵەتانە کراوە، بەڵام ئەوەی کە لەلای خەڵك بە روونی نیە و پێم خۆشە لێرە حکومەت ڕوونی بکاتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان مەسەلەی نوێ بوونەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و مەسەلەی کارکردنە بە پاداشت و سزا کە ئەگەر ئێمە بمانەوێ چاکسازی بکەین، دەبێت ئەمە ڕەچاو بکەین، دوو/ پرسیاری دووەمم لە سەرۆکی حکومەت ئەوەیە کە ئەندامی ئەو لیژنەیە بووم و سەردانی خۆپیشاندەرانمان کردووە ئایا نوێنەری خۆپیشاندەران ڕاستەوخۆ سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتیان کردووە بۆ گەیاندنی داواکاریەکان و ڕوونکردنەوەی داواکاریەکان؟ چونکە ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد تەنها لە داواکاریە هەنووکەیەکان لە لیژنە تاوتوێمان کرد، یەعنی لە دوو خاڵدا کە بۆ نموونە دەیانگوت لابردنی بارەگای حزبە نەماندەزانی لابردنە یان کەمکردنەوەیە؟ واتە پێویستە لەنزیکەوە خۆیان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت دانیشن بۆ ڕوونکردنەوەی داواکاریەکانیان، ئایا ئەم هەنگاوە نراوە بۆ ئەوەی حکومەت بە وردی لە داواکاریەکانیان بگات؟ و هەنگاوەکانی خۆشی بۆ خۆپیشاندەران ڕوون بکاتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سمير فەرموو.

**بەڕێز سمير سليم امين بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، چاوەڕێ بووم جەنابی سەرۆکی حکومەت لە وتەکەی سەرەتای دا بەو پێیەی کە ئەجندای کار باسی بارودۆخی $17/ 2$ بە دواوەیە، ئاماژەیەك بە بارودۆخ بکاو هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و قسەیەك لەسەر ئەنجامەکانی و سەرەتاکانی بکات، بەڵام بەداخەوە هیچ ئاماژەیەك لەسەرەتای قسە کردن نەکرا بۆ ئەوەی کۆکەرەوەی قسەی هەموو ئەندام

پەرلەمانان بێ و مەوزوعیەن قسە بكات ئاماژەی پێوە دیار نەبوو، بۆیە من كۆمەڵێك وەك دەڵێی بروسكە پرسیار ئاراستەی سەرۆكی حكومەت دەكەم، یەكەم/ ئەم خۆپیشاندانانە ئاماژەن بۆ ئەوەی دامودەزگا دەستووریەكانی هەرێمی كوردستان توانای ئیستعاب كردنی بیرۆكە و پرۆژە و هەوڵی چاكسازی نەبووە، بۆیە دەرگاكانی شەقامی بۆ واڵا كراوە، پرسیارەكەم ئەوەیە، بۆچی هەتا ئێستا دامودەزگاكانی حكومەت بە تایبەتی سیادیەكان لەبەردەم پرۆژە چاكسازیەكاندا واڵا نەبوون؟ و ناچار شەقام كەوتە جووڵەوە، چونكە لەو بارەیەوە داخوزایەكانمان باسی چاكسازیە، دووەم/ پرسیارم هەیە لەو مەجالە جەنابی سەرۆكی حكومەت ئاماژەی دا بە سەرچاوەكانی توندوتیژی نەهێڵین و لە زمنی موقەدیمەی قسەكانی دا ئاماژەیەك بۆ ئاسەوارەكانی خۆپیشاندان كە لە سلێمانی و شارۆچكەكاندایە بە سەرچاوەكانی توندوتیژی نەهێڵین، من پرسیار دەكەم، لە وڵاتێكدا تەزكیەی حزبی هەبێت، لە وڵاتێكدا نابەرامبەری و ناعەدالەتی هەبێت، چۆن سەرچاوەی توندوتیژی ناهێڵی؟ چۆن سەرۆكی حكومەت ئاماژەی دا بەوەی كە خۆپیشاندان كۆمەڵێك ئەنجامی خراپی لێ كەوتووەتەوە، من پرسیار دەكەم ئەگەر ئازادی خۆپیشاندان مافێكی یاسایی و دەستووری هاووڵاتیانە؟ ئەو هەموو جوڵە سەربازیە بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ خەڵك لەو خۆپیشاندانە بۆ؟، بۆچی لەبەردەم هەموو خیاراتی جۆراوجۆری حكومەتدا؟ بۆ مامەڵە كردن لە گەڵ خۆپیشاندانا تەنها خیاری عەسكەری هەڵبژارد؟ خیاری ئەمنی هەڵبژارد؟ پرسیارێكی ترم لەسەر پرۆسەی چاكسازیە كە جەنابیان هەم خۆپیشاندانی بە مەترسی لە قەڵەم دا و هەمیش بە دەرفەتێك بۆ چاكسازی لە قەڵەمی دا، لە وتەكانی سەرەتای دا من پرسیار دەكەم هۆكارەكانی لاوازی پرۆسەی چاكسازی لە هەرێمی كوردستاندا چیە؟ پرسیاری دووەمم چاكسازی سیاسی بناغەی چاكسازیە لە هەرێمی كوردستاندا، چەندە تەوافوقات و هاوپەیمانە سیاسیەكان بە تایبەت هاوپەیمانی ستراتیژی رێگر و كۆسپن لەبەردەم چاكسازی دا لە هەرێمی كوردستاندا، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی كاك د.بەرهەم سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەكەین، بە پێی بەرنامەی كاری كە لەبەردەستمان دایە بۆ ئەوەی پێم نەوترێ لە بەرنامەی كار دەردەچی، هەست دەكەم بەرنامەی كار با وەكو لەیەك خاڵدا داڕێژراوە، بەڵام چوار بابەتی گرنگی تێدایە، یەكەم/ ڕووداوەكانی ئەم دواییەی هەرێمی كوردستان، دووەم/ هەڵوێستی حكومەتی هەرێم بەرامبەر داخوازیەكانی خۆپیشاندەران، سێیەم/ داخوازیەكانی خۆپیشاندەران بۆ خۆیان، چوارەم/ 17 برگەكەی بڕیاری ژمارە 1 ڕۆژی 2011/2/23 ی پەرلەمانی كوردستان، من باسی خاڵی 4 ناكەم كە بڕیاری پەرلەمانی كوردستان بوو، چونكە جەنابی سەرۆكی حكومەت جوابی دایەوەو یەك بەیەك خاڵەكانی، هەرچەند پێموایە خروقاتەكان بەردەوام بووە لەزۆر لەو خاڵانە دا و بەشێكیشی مەبادئن كە ئێمە هەمیشە دەبێ جەختیان لەسەربكەینەوە، لەسەر ڕووداوەكانی ئەم دواییەی هەرێمی كوردستان

پێویستە ئەو ڕووداوانە لە سیاقی تەئریخی و تەراکومی خۆیاندا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، بۆ دەست نیشان کردنی هۆکار و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکان و تەئکید لەسەر قسەکانی بەڕێز مامۆستا عمر عبدالعزیز دەکەم، من ناچمە سەر ئەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم وەك دەزانین حکومەتی هەرێم تەرەفێکی خیتابی جەماوەرە، یەعنی جەماوەر بەشێ لە خیتابەکانی ڕووی دەکاتە حکومەتی هەرێم، لێرەدا دەڵێم حکومەتی هەرێم وەکو لایەنێکی جێ بەجێ کار دیارە وەکو پێویست نەبووە و فعلەن ناڕەزایی و گلەیی خەڵك لە دەسەلات بیدعەیەك نیە تەنها لە کوردستاندا بووبێ، لە زۆر لە وڵاتانی دنیادا خەڵك ناڕەزاییە و خۆپیشاندان دەکەن، بەڵام ئەمەی وەزعی کوردستان و چۆنیەتی تەعامول کردنی حکومەت لەگەڵ ناڕەزایی خۆپیشاندەران ئەوەی بیدعەیە، چونکە ئێمە دەبێ بزانین سنووری دەسەڵاتەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە کوێیەو و بۆ کوێ؟ لە چ شوێنێك دا قسور هەبووە؟، یەعنی فعلەن لەوە زیاتری پێ ناکرێ، وە لە چ شوێنێك دا تەقسیر هەیە، یەعنی پێی دەکرێ و نەیکردووە کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە پێی مەبدەئی (لایکلف الله نفسا الا وسعها) سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆمانی ڕوون بکاتەوە دەستی بەسەر چ جومگەیەکی سیستەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا دەڕوا و دەستی بەسەر چی دا ناڕوات؟ بۆ ئەوەی ئێمە غەدری ئەوەی لێ نەکەین، هەموو شتێك پێویستە لە قەوارەی خۆی زیاتری پێ نەدرێت، ئەوە نوقتەیەکی زۆر ئەساسیە لە وتارەکەی بەڕێزیاندا، من دڵخۆش بووم بە خاڵێك کەلە سەرەتای وتارەکە ئیشارەی پێی کردو وای لێ کردین کە ئێمە ئومێدەوارین ئەم کەلتورە هەموو لایەکمان بگرێتەوە کە فەرمووی زۆر موتەمەسك نیە بەو کورسیەی کەلەسەریەتی، چونکە سەرۆکایەتی حکومەت پێش ئەوەی تەشریفاتی بێت، تەکلیفە، یەعنی ئێمە ئەگەر هاتینە سەر ئەوەی ئەو تەکلیفەی لەسەر لابدەین دەبێ سوپاسمان بکات، چونکە بارێکی قورس لەسەرشانی لائەبەین و انشالله موفق دەبێ لە هەر کارێکی تردا، بێ گومان نەقدی کاری حکومەت، لە حەقیقەت دا نەقدی حاڵی خۆمانە، تەوجیە و ئاراستەکردنی حکومەت بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی پەرلەمان و داخوازیەکانی خۆپیشاندەران لەلایەکەوە خزمەتە بە خەڵك و بە هاووڵاتیان، لەلایەکی تریشەوە خزمەتە بە حکومەت خۆی، وادەزانم هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەمدەسپێکەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین ڕەخنەتان لێ بگرین، بە باشتان بڵێین باش و بە خراپتان بڵێین خراپ، چونکە فعلەن نەقد ئەوەیە، نەقد واتە ساغکردنەوە، ساغکردنەوەی باش و بۆ بەردەوام بوون لەسەری و ڕێگرتن لەو کەموکورتی و ناهەمواریەی کە هەیە، من پێموایە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە بە خەڵکی هەرێمی کوردستان، یەکەم/ ئەو بەرنامەیەی کە خۆی ئیعلانی کردووە و بەڵێنی داوە بە خەڵك کە جێ بەجێ ی بکات چەندێکی جێ بەجێ کردووە تا ئێستا؟ دووەم/ بڕیارەکانی پەرلەمان کە بەعزێکیان کە دەبێ دەست بەجێ جێ بەجێ بکرێت، چەندێکی دەست بەجێ جێ بەجێ کراوە؟ سێیەم/ داخوازیە هەنووکەیی و بنەڕەتیەکانی خۆپیشاندەران هەڵوێستی حکومەت لەسەریان چیەو چ ڕێکارێکی کردەیی و فەوری و عەمەلی ئەنجامداوە بۆیان؟ چوارەم/ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بنەڕەتی و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە وەزارەتخانەکان کە ئەوە بەشێك لە گلەیی خۆپیشاندەرانە بەڕاستی، یەعنی ئێمە کە پەیوەندیمان دەکرد بە خۆپیشاندەرانەوە گلەییان لەوە بوو کە کارەکانی هاووڵاتی لە دامودەزگاکاندا زۆر بەخاوی

دەرۆن، نموونەیەكی زۆر بەسیت لەناو خۆپیشاندەراندا كەسانێك قوتابی بوون كە تەرقین قەید كراون داوا دەكەن بڕیارێكی فەوریان بۆ بدرێت، تەرقین قەیدەكان، چونكە بەشێكیان بەڕاستی ڕەنگە موبەرریان هەبێ بۆ ئەو وەزعەی كە تێی كەوتوون، كە هیواتان پێ داون، باش وایە ئەو هیوایە نەكوژێتەوەو زوو بەزوویی كارەكانیان بۆ بكرێت و باقی چین وتوێژەكانیش بەهەمان شێوە، بەڕێزان ئاخرین پرسیاری من بۆ بەڕێز سەرۆكی حكومەت ئەوەیە بۆچی سەقفێكی زەمەنی دانانێین بۆ دڵنیا كردنەوەی هاووڵاتیانی كوردستان؟ بۆ یەكگرتنەوەی فعلی هەموو دامودەزگا دارایی و ئەمنیەكان و بێ لایەن كردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان كە ئەوە فعلەن داواكاریەكی ڕیشەییە بۆ چاكسازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆكی حكومەت دەكەین بۆ پەرلەمان، من دەمەوێ ئەمە بپرسم بۆچی ڕووداوی 17 ی شوبات ڕووی دا؟، كە ئێمە بێین بپرسین بۆچی ڕووی دا؟ من دەڵێم لە نەبوونی عەدالەتی كۆمەڵایەتی و نەبوونی حكومەتێكی موئەسەساتی یەكگرتوو، نەبوونی ئاسایشێكی نەتەوەیی یەكگرتوو كە بتوانێت سەردەمی بێت و بتوانێ سەر و سامانی خەڵكی كوردستان بپارێزێ، نەبوونی هێزێكی یەكگرتووی سەرتاسەری لە كوردستان كە هەموو خەڵكی كوردستان شانازی پێوە بكەن، لەسەرۆكی حكومەت دەپرسم تۆ باڵاترین دەسەڵاتی جێ بەجێ كردنی لەهەرێمی كوردستان، بۆ تا ئێستا جەنابت نەتوانیوە ئەم هەموو دامودەزگایانە بكەی بە یەك وەكو ئاسایش و وەكو هێزی پێشمەرگە كە شانازی پێوە بكەین، هێزێكی یەكگرتوو و سەرتاسەری كوردستان ڕێك بخەی و ئێمە هەموو شانازی پێوە بكەین؟ بۆ جەنابت نەتوانیوە ئەوە بكەی؟ ئەوە ساڵ و نیوێكە ئەم پۆستەت وەرگرتوو تو؟ جەنابت هەر ئیشارەت بەوە دەدەی كە ئێمە دەبێ بیكەین و ئێمە هەموو دەڵێین دەبێ بیكەین و ئەیكەین و، بەڵام وەكو واری جێ بەجێ كردن نەهاتووە، جێ بەجێ كردن بۆ خەڵك ببێتە شتێكی ڕوون و ئاشكراو خەڵك شانازی پێوە بكات كە هاتەواری جێ بەجێ كردن، دوای ئەوە من دەڵێم بۆچی تا ئێستا ئێوە وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوە بیست ڕۆژە ئەو كەسانە لەبەردەركی سەرای مەیدانی ئازادینە كەس لە بەرپرسانی حكومەت نەچوونە ئەوێ و لێی بپرسن داواكاریەكان ببینن لە نزیكەوە ڕووبەڕوویان ببن و چیان دەوێ و چیان ناوێ بۆ ئەوەی جێ بەجێ بكەن و ئەم كێشە و ئاریشەیە تەواو ببن لەناو هەرێمی كوردستان، ئێمە هەموو دەبینین ئەو قەیرانەی كە هەموو هەرێمی كوردستانی گرتووەو هەموو هەرێمی كوردستانی نائارام كردووە، هەر كەسێك لە جێی خۆیەوە ناڕەحەتە و ئازاری هەیە لەبەر ئەم كێشەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئەو خۆپیشاندانەی کە ئەمڕۆ لە شەقامی کوردی دا هەیە من پێموایە حەقە حکومەتیش و پەرلەمانیش ئەم خۆپیشاندانانە بە هەند وەربگرن و گوێ لەو جەماوەرە بگرن کەلەسەر شەقام داوا و داخوازیەکانی هێناوەتە بەردەستی ئێوە، دیارە بۆ خۆی ئەو داواو داخوازیانەی کە لیژنە پەرلەمانیەکەی ئەو خەڵکانەی کە لەسەر شەقامن من پێموایە ئەو داواو داخوازیانە تەنها چین و توێژێك نیە، تەنها لایەنێکی سیاسی نیە گەیشتووەتە بن بەست، دیارە بۆیە بووە بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری، لەبەرئەوەی ئێمە لە کابینەی پێشوو دا و لە کابینەی 5 دا چوار ساڵ لە کابینەی 6 دا و ساڵ و نێوێکە نەمانتوانیوە ئیدارەیەکی تۆکمە و ڕێك وپێك و دوور لە دەستێوەردانی حزبی لەم کوردستانەدا دروست بێت و ئەو حکومەتەی کە بە کەسێك دەسپێرێ وەکو بەڕێز کاك د.بەرهەم نەیتوانیوە کارەکانی بەشێوەیەك بکات کە خۆی دەیەوێ و لە کابینەی پێشووش دا هەروا، من پێموایە ئەگەر درێژە بە ئەم قەیرانەی کە لە کوردستان هەیە ئەم قەیرانە گەورە سیاسیەی ئەم سیستەمەی ئێستا کاری پێ دەکرێت لە کوردستان دا درێژە بکێشێ خەتەرێکی گەورەی هەیە لەسەر ئەزموونمان و لەسەر حکومەتەکەشمان و لەسەر پەرلەمانەکەشمان، بۆیە من لێرە یەك داواکاریم هەیە، ئەو داواکاریانەی کە خۆپیشاندەران هێناویانەتە ناو لیژنەی پەرلەمانەوە و داویانە بە حکومەت، من پێموایە پێویستە سەرۆکی حکومەتیش و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمیش بە دەنگ داخوازی جەماوەرەوە بچن، لەبەرئەوەی دەنگی جەماوەر کەم نیە، ئەو جەماوەرەش تەنیا لایەنێکی سیاسییە وەکو وتم، ئەمە دەنگێکی بەهێزە لەناو ساحەی سیاسی کوردستان دا، پێویستە گوێی لێ بگیردرێ و داوا وداخوازیەکانیان بە هەند وەربگیرێ، بۆیە من لێرەوە یەك خاڵی تر دەخەمە پێش چاو، ئێمە ئەگەر ئەو حکومەتە بەم ئاراستەیە و بەم شێوازەی ئێستا کاری لەسەر دەکا و یان ئەو سیستەمە سیاسیەی کە ئێستا لە کوردستان هەیە، ئێمە دەڵێین سیستەمێکی دیموکراسیمان هەیە و ئێمە ئازادین لەم ئازادیە زیاتر چیمان دەوێ؟ ئەم ئازادیەی کە بەڕۆژانە بە دەیان کەس لەسەر جادەکان ئەگیرێ لەسەر ئەوەی خۆپیشاندان ئەکات، کە خۆپیشاندان مافێکی یاسایی و دەستووری هەموو کەسێکە، لەگەڵ ئەوەش لەناو زانکۆکاندا، لەناو بەشە ناوخۆییەکاندا دەیان خوێندکار تەلەفۆنی بۆ من کردووە لەژێر هەڕەشە و چاودێری دایە، ئەمە پێی دەوترێ دیموکراسی؟ دەیان ڕۆژنامەنووس لەم وڵاتەدا کە ڕۆژنامە ئازاد نەبوو، یەعنی هەتا ئێوارە باس لە سیستەمی دیموکراتی و دیموکراتیەت بکەی هیچ کەس گوێت لێ ناگرێ، بۆیە من داواکارم لێرەوە بەڕێز کاك د.بەرهەم ئەم داوا و داخوازیانە بە گرنگ بزانێ و، یەك پرسیاری تریش ئاراستەی بەڕێزیان دەکەم لەسەر زانکۆی سەلاحەدین کە داخراوە، دەیان کێشەی تر لە مەسەلەی دامەزراندنەکان ئەگەر من لەو بەرنامەی کە داتان ناوە بۆ ئەوەی قسەکانم سەرۆکی پەرلەمان نەی بڕێ، ئەو داوا و داخوازیانەی کە خەڵك هەیەتی ناعەدالەتی لە مەسەلەی دامەزراندن دا هەبووە، ناعەدالەتی لەمەسەلەی گۆڕانکاریەکان هەبووە کە خەڵك داوای کردووە، تۆ دەڵێی من گەندەڵی ناهێڵم، بە چیا گەندەڵی ناهێڵی؟ تۆ لە وەزیرێکەوە تا کارگوزارێك حزبیە، لە وەزیرێکەوە تا کارگوزارێك بۆ ت نیە و ناتوانی تۆ کەسێك لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بگۆڕی، ئەمە پێی دەوترێ کارکردن؟، ئەمە پێی دەوترێ گوڕانکاری؟ ئەمە پێی دەوترێ چاکسازی؟ بەڕاستی ئەمە کارەساتە کە**

لەم وڵاتەدا هەیە، من پێموایە تا دەستی حزب لەناو دامودەزگایەکان نەبڕدرێ، بەهیچ شێوەیەك نە کاك نێچیرڤان بارزانی و نە کاك د.بەرهەم، نە هیچ کەسێك ناتوانێ لەم کوردستانەدا بەیانی ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕانیش دەسەڵاتی هەبێ لەم هەرێمەدا بە هەمان شێوە ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك ئەم سیستمە و ئەم دەسەڵاتە و ئەم حکومەتە چاك بکات، بۆیە من لێرەوە دەڵێم داخستنی ئەو زانکۆی سەڵاحەدینە ئەگەر لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی حکومەت و لەژێر سایەی ئەم حکومەتەی کاك د.بەرهەم دا کە بێ ئەوەی پرسی پێ بکرێت دەوامی مانگێکی خوێندکاران نێردراونەتەوە بۆ ماڵەوە، ئایا بێ دەنگی هەڵبژاردن لە ئاست ئەم کارەساتە گەورەیە کە لەناو یەك هەرێمی سێ پارێزگایی دا لە دوو پارێزگا دەوام هەبێ و لە پارێزگایەك دا دەوام هەبێ و لەوەی تر ڕابگیردرێت ئایا دەوری حکومەت و ڕۆڵی حکومەت چیە لەم کاتەدا؟ من پێموایە ئەگەر من بۆ خۆم سەرۆکی حکومەت بم ئەگەر بەم شێوەیە کارەکانم بڕوا، ڕێکخراوێکی حزبی و کەسێك و لایەنێك و وەزیرێك حساب بۆ کارەکانم نەکات، نەك ئەوەی کە حزبەکەم حسابی بۆ نەکات دەست لەکار دەکێشمەوە و وازی لێ ئەهێنم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی پەرلەمان قسەی کەس ناسڕێتەوە ئەگەر لەبەرنامەی کار دەرنەچێ و بە دڵنیاییەوە، بەڵام لە بابەتەکە دەربچن بە حەقیقەت ئەوەی دەردەچێ لە پرۆتۆکۆڵ، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم لەسەرۆکی حکومەت هەیە بە نیسبەت ئاسایشەوە تەبعەن کاتی خۆی لەکاتی شەڕی ناوخۆ ئەوە بەناو بابەتەکەیە، یەعنی لێی دەرنەچوومە، لەکاتی شەڕی ناوخۆ ئاسایشی ناوخۆ لە قەزای کۆیە داندرا، قەزای کۆیەش بۆ خۆی ئاسایشی هەیە، هۆی چیە ئاسایشی هەولێر بەناوی ئاسایشی ڕۆژهەڵات لە قەزای کۆیە ماوە، هەر قەزایەك پێویستە لە دائیرەی ئاسایش یەك شورتەی لێ بیت، بەڕێوبەرایەتی گشتی کۆیە نەما، حەل بوو، گوزرایەوە، کامەندەکانی گوازرانەوە هەولێرێ و ئاسایشی هەولێریش نەمێنێ لە کۆیە لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی زۆر هۆکار هەیە، بەڵام وابزانم هەر شەرعیش نیە ئەو ئاسایشی گشتیە بمێنێ، ڕۆژی 3/7 ڕۆژی خۆپیشاندان با بڵێین لە کۆیە کرا، نزیکەی 30 کەسیان گرت لە خۆپیشاندەران و زۆریشیان لێدان، بە کوتەکیش لێیان دان، ناڵێم بە گوللە، لێشیاندا و تەعزیبیشیان دا، بەڵام لەدوایی (من دەڵێم ئاسایشی هەولێرێ بووە هەرچەندە خەڵکی کۆیەشی تێدایە) کۆییاتی و خۆیاتی نابێ وابێ، بەڵام بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەبووایە ئەو ئاسایشە لەوێ نەمێنێ، من مەبەستم ئەوە نیە ئینسانی باشی تێدا نییە، بەس گلەییەکم لەوەیە بەڕێوبەرایەتی گشتی لەهیچ لایەك نەماوە، لەبەرچی لە قەزای کۆیە بمێنێ؟ ئەو کاتی دوو ئیدارەیی بوو کۆیە بەحساب لەسەر محافەزەی هەولێر بوو، حەق وانیە ئێستا بمێنێ، لەبەرئەوەی زۆربەی خروقاتی کە کراوە لەلایەن حکومەتەوەیە، چونکە ئاسایش بە حکومەت حسابە و هێزی چەکدارە، خروقات لەلایەن ئەوانەوە کراوە، ئینجا دواتر ڕەوانەی شورتەی کراون، لەدوای پۆلیسیش بڕۆنە مەحکەمەی کەفیل هەتا حاکمەکە گوتی بابە ئێوە چ تاوانتان کردووە تا من داوای کەفیلتان لێ بکەم! ئینجا بەری داون، بە

نیسبەت ئەو هێزەی جووڵاندیانەوە لە هەولێر بۆ سلێمانی لەگەڵ داخستنی زانکۆ من دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام بەڕێز سەرۆکی حکومەت هیچ تەعلیقێکی لێ نەدا لەسەر ئەوەی، یەعنی هیچ باسی نەکرد بڵێ پرسیان پێ نەکردم، ئاگات لێ نەبوو، باسی کەناڵی نالیا و ئەوانە ناکەین من دەڵێم بەڕێز حەق وابوو ئەوانەی لقی چواریان بەردباران کرد، ئەگەر دەزانن، ئەوانەی لە لقی چوار گوللەبارانی خەڵکیان کرد و جاری دیش باسی ئەو کابرایەی کە قاپوتێکی ڕەشی لەبەرە و ساقۆیەکی ڕەشە غار دەدات لەدوای خۆپیشاندەران و بە دەمانچە تەقەیان لێ دەکات، من لە یاسا نازانم بەڵام برادەرانی یاسایی دەڵێن ئەوە پێی دەڵێن جەریمەی مەشهودە، یەعنی وابزانم هیچ عیلاقەی بە داواکاری گشتی نیە و حەق وابوو یەکسەر دەستگیر بکرێت، بەڵام دەسگیر نەکرا، بە نیسبەت سەرۆکی حکومەتیش لەلایەن هەندێ لە دەسەڵاتدارانەوە زۆر خروقاتی بەرامبەر کراوە حەقیشی خوراوە، لەوانەیە غەدریشی لێ کرابێت لەبەرئەوەی پرسی پێ نەکراوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکانی ئێمە دەزانین زۆربەی هەرە زۆری لە دێگەڵەی بەولاوەیە و لە هەولێر وانیە، لە دهۆك وانیە، هەموومان باش دەزانین من ئەو قسەیەی ناکەم و بڵێم حەق وایە سەرۆکی حکومەت دەست لەکاربکێشێتەوە، بەڵام من دەڵێم حەق وایە سەرۆکی حکومەت بۆ خۆی بەکردار ئەو بڕیارە بدا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم بەوە دەست پێ دەکەم بەڕاستی لەسەر قسەیەکی بەڕێز کاك بەرهەم کە جەنابیان باسی ئەوەی کرد کە کابینەکەیان ماوەی ساڵ و نیوێکە لەکار دایە و ئیشەکان دەکات، یەك حەقیقەت هەیە ئێمە ئەبێ هەموومان بیزانین بەڕاستی ئێمە باسی سیستەم دەکەین و ئێمە هەر خۆمان دەڵێین موئەسەساتمان هەیە، ئەوەی لەماوەی $20$ ساڵی ڕابردوو کە هەیە تا ئێستا کاك بەرهەم لێی مەسئولە بەڕاستی، ئەمە ئەگەر قسە کردن بە نەوعێکی تر لەسەر ئەو حاڵەتە، حورمەتەن ئەوە خۆ دوورخستنەوەیە لە مەسئولیەت، چونکە ئێمە باسی سیستمێکی سیاسی دەکەین، ئەم سیستمەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کاك بەرهەم مەسئولیەتی، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر جەنابیان باسی چاکسازی کرد، ئێمە لە ماوەی ڕابردوو دا ئەوەندەی من ئاگادار بم لایەنەکان وەرەقەی ئیسلاحی سیاسیان تەقدیمی حکومەت کردووە و لەو بارەشەوە موناقەشەی زۆر کراوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی بەرهەمێکی نەبوو من پێموایە ئەوە حکومەت مەسئولە لەوە، قسەکانم زۆر کورت دەکەمەوە ئەوەی لەدانیشتنەکانی پێشوو لەم پەرلەمانە باسم کردووە ئەو حاڵەتە ئەمنیانەی کە ڕووی دا ئەوەی کە لە $17$/شوبات ڕووی دا لە سلێمانی و ئەوەی کە لەبەرامبەر مەقەرەکانی گۆڕان و بە دەزگا ئیعلامیەکان کرا، ئێمە تا ئێستا بە فعلی لەناو ئەم پەرلەمانە ئەوەی من بینیبێتم ئەوەیە کە ئیجرائاتێکی فعلی لە ڕێگەی حکومەتەوە نەکراوە بەرامبەر بەهەموو ئەو جەریمانەی کە کراوە، ئیجرائاتێکی فعلیمان نەبینیوە کە کرابێت، من بۆخۆم نەم بینیوە، شتێکی تر کە هاتە سەر ئەم حاڵەتانە کە بەداخەوە یەکێك لەو سەبەبانەی کە باسم کرد لەوەی پێشوو، نامەوێ بچمە ناو تەفاسیلەوە ئەیهێنێ بۆ ئەوەی

حکومـەت ئیسـتقالەی لەسـەر بـدات، شـتێکی تـر هاتـە سـەر ئەمـە بەڕاسـتی 17 خاڵەکـەی پەرلـەمان، پەرلەمان بڕیارنامەیەکی دەکرد کە لە 17 خاڵ پێك هاتبوو، ئێمە ڕۆژانـی پێشـووش باسمـان کـرد، مـن بۆ خۆم وتم یەك خاڵی جێ بەجێ کراوە، ئەویش خاڵی 17 یە دروست کردنی ئەو لیژنەیەی پەرلەمان کە چوون لەگەڵ خۆپیشاندەران قسەیان کرد، ئێستاش خاڵێکی تری کە هاتنی جەنابتـە بـە کـەموکوڕی جێ بەجێ کراوە، ئەویش هەردوو وەزیری بـەڕێزی پێشمەرگە و نـاوخۆ نەهاتوونەتـە ئێـرە، دەتـوانین بڵـێین خـاڵێکی جـێ بـەجێ کـراوە، ئەمـەش هاتووەتـە سـەر ئـەوەی مەسـئولیەتی حکومەتـە لەمەشـدا کەمتەرخەمی کردووە، شتێکی تر هەیە کە دەمەوێ باسی بکەم، مەسـەلەی داواکـاری خۆپیشـاندەرانە، ئـەوە نزیکـەی 20 ڕۆژە خۆپیشـاندەران لەسـەرای سـلێمانی کۆبوونەتـەوە، داواکاریـان هەیـە و ئـەم جەماوەرە داواکاری هەیە و تەڵەبیاتی هەیە، تەڵەبیاتەکانی ناردووە بـۆ پەرلـەمان، ڕاسـتە، بـەڵام ئەمـە لەڕێگەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باس کراوە، بەداخەوە من بـۆ خـۆم تـا ئێسـتا خـەڵکی کوردسـتان، هەنگاوێکی عەمەلیم نەبینیوە لەلایەن حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە، لەلایـەن جەنابتانـەوە و لـە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە فعلی بەدەم ئـەم داواکاریانـەوە بچێت، خـەڵك هاتووەتـە سـەر جادە تـاوەکو ئێستا یەك هەنگاوی نەناوە، بۆیە بەداوای لێ بوردنەوە مـن پێموایـە ئـەم حکومەتـە لەئاسـتی داواکـاری خەڵك نەبووە و هەر لەوەی کە لەڕابردوو لە پێش ئەوەشەوە کە ئەگەر پێویست بکات باسـی دەکـەین، ئەوەشی 17 ڕووی دا لە ئاستی پێویست دا نەبوو، ئێستاش لە داواکاری خۆپیشاندەرانە کە حکومەت لە ئاستی ئەو داواکاریانەی خەڵك نیە و بۆیە بەبڕوای من ئەم کابینەیە ئیستقالە بکات لە هـەموو شـتێك باشترە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت دەکەم، من لەو خاڵەوە کە لەدوای 2/17 ئەو بڕیارەی کـە لـە پەرلـەمان دەرچـوو ئـەو 17 خاڵـە یـەکێکیان باسـی خۆشـگوزەرانی و دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی تیایـە، بـەڕێز د. جـوابی زۆری دایـەوە، بـەڵام ئێمـە لەبەرئـەوەی لـە نوسـینگەی سـلێمانی بەڕاسـتی هـەموو برادەرانم بە هەموو لیستەکانەوە خەڵکێکی زۆر دێت بۆ لامان، یەعنی زۆر شتمان پـێ ئـەڵێ کـە ئانیـە، یەکێك لەوانە بەڕێز دکتۆر با ئەمساڵ ئەو تەعیناتە وەکو خۆت دەڵێی بۆ عەمیـد و لـە خوێنـدنی بـاڵا من خۆم لە جەریدەکاندا خوێندوومەتەوە هەموو دەرەجەکان، هەمووی بە ئیعلانـە، ئـەوە شـتێکی زۆر باشە و هیواردارم ئـەو 10 هـەزار وەزیفەیـە بـەو شـێوەیە بێـت، چـونکە ئـەو وەختـە ئـەو 25 هـەزارە ئەگەر بەو شێوەیە بێت باوەڕبکەن متمانەی ئەو گەنجانە زۆری دەگەڕێتەوەو ئیتر ناڵێ مـن، ئـەڵێ مـن کوڕی کەسێك نیم بێم و ئەم قسانە، دوای ئەوە بە نیسبەت ئەو تەبەقانـەی کـە ئێمـە زۆر دەیـانبینین،

یەكێك لەوانە كەهاتن ئەو موزەفانە بوون كە لە مەوزوعی مەعاشدا غەدریان لێ كرابوو، بـە سـەراحەت بـە ئێمـەیان گـوت مەگـەڕێن بۆچـی لەبـەردەركی سـەرا وا دەكرێـت، چـونكە مەجموعەیـەك ڕێنمـایی دەركراوە كە حكومەت خۆی موبادەرەی كردووە و دەڵێ باشە بۆت چاك دەكەم، ئەم ڕێنماییانە ئەزیەتی خەڵك دەدات، هیوادارم لەڕێگەی هەركەسێكەوە دەڵێی لە ئەنجومەنی وەزیران، لەوانەی دەستەكەی خـۆ و زۆر لێپرسـینەوە لەگـەڵ ئیـدارە و زاتیەكانـدا بكـەی لـە هـەموو شـوێنێك، چـونكە بەڕاسـتی هەسـتی خەڵك بریندار دەكەن لە تەیعیندا و هەتا لە خانەنیشیندا زەلامێك تەمەنێكی گەورەی هەیە حەق نیە وا لەگەڵیان موعامەلە بكرێـت، مـن زۆر دڵـم خۆشـە كـە تـۆ دەڵێـی شـەریكەیەكی ئـەمریكیمان هێنـاوە، بەڕاستی لە كابینەی 5یشدا ئـەوە زۆر باسـكرا، حەزئەكـەم وابـێ ئـەو شـەریكەیە چاكسازی ئیـداری بـۆ بەڕێزت بكات، چونكە ئەو ئەركەی ئێوە زۆر قورسە، پێویستمان بـە خەڵكـە فێرمـان بكـات، كاكـە ئێمـە نایزانین با خەڵكێك بێت فێرمان بكات، بـزانین چـۆن دەسـت پـێ بكـەین، متمانـەی ئـەو خەڵكـە چـۆن بگەڕێنینەوە كە ئەوانەی لەبەردەركی سەران، لەبەردەركی سەرا گەنجی لێیە، ئـەم گەنجـە دەڵـێ بێجگـە لە تەعین بۆچی سەفەر بۆ من مەمنوع بێت، من داوا دەكەم ئەو سەفەركردنانە ئەگەر بـۆ ئـیش كـردن بێـت، هەرچـۆنێك بێـت كـە ئێـوە بـەخۆتان لەگـەڵ ئـەو قونسـوڵیاتانەی كـە هەیـە بـا بـڕوات بـۆ خـۆی فرسەتی ئیش لە شوێنێكی تر بدۆزێتەوە، با بڕوات خوێندن بۆ خۆی پەیا بكات، ا نەچـێ خانوویـەكی بۆ بفرۆشن و هەموو خێزانێك ئەو وەختە دەبێ بەدوژمنی ئەو هینە، دەڵێ بۆچـی بـۆ گەنجەكـەی مـن ئیش ناكرێ و فرسەتی نادرێتێ، بە نیسبەت كـادیری وەسـەتی، كـاك دكتـۆر كـادیری وەسـەتی بـە ئێمـە دەڵـێن ئێمـە پـەراوێز خـراوین لەلایـەن ئەوانـەی خـەریجی صـناعە و خـەریجی مەعهـەد و تیجـارەن، دەتوانین ئەمانە بەڕاستی لەڕێگەی زۆر دەوراتی باش هەتا ئەگەر لە دەرەوەش بێت ئەو تواناسـازیە بـە بەڕێزیشتم گوتووە ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن لە مەوزوع دەرمەچۆ خوشكی من نابێ، تەواو، بەیان خان فەرمووو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسپێكێ ئەز بخێرهاتنا د.بەرهەم دكەم، من دێت ئەز دبێژم بڕاستی ئەڤە لە 17 هەیڤا 2 هـەتا نوكـە مـرۆڤ هەسـتێت ئیرادەیـەكا سیاسـی ناكـاتن كـو فعلـەن بـۆ ئـارام كرنـا وەزعـێ و بـۆ چاكسازیا ل ئاسـتێ حەدەسێ بیتن، ئەڤە خاڵەكا ئەم هەمی لسەر ڕاوەستین، وەختێ ئەزەماتادا ڕاسـتی یـا فـەرا ئـەم هـەمی ئەم لایەنەكی ئیعترافێ ب تخسیریا خۆ بكاتن، بەس ئەڤە هەمی تەبعەن مە نەدیت، یـا دی ئیجرائاتێـت حكومـەتێ دڤـێ ریـدانێت هـەنی دا ئـەز دبێـژم هنـدەك ئیجرائاتێـت شـەرمن بـوون نـە لـە ئاسـتێ بەرپرسیاریەتی بوون نـە ل ئاسـتێ ژێ ڕیـدانێ بـوون، یـەعنی پێتڤـی بـۆ هەنـدەك ئیجرائاتێت لازمـە هاتبانە كرنێ بەس مە نەدیتن بڕاستی ئەشێ بێژم یاری كرن ب هەستێ جـەماوەرێ مـە و خـەڵكێ مـە یەعنی گوناهەكا مەزنا بڕاستی، جەنابی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئیشارەت ب پیڤـا خـۆ دا ئەگـەر كو ئەو مەسئولەشە تەراكومات و یەعنی موشكیلەت بەری نوكە ڕاست دبێـژیتن ئەمـڕۆ لسـەر هەنـدێ

ئاخفتين، لسەر هەندێ ڕا دڤێتن، يەعنى چارەسەريا بۆ ببينيتن، ئەڤۆركە خـەڵكى گەلـەك گازانـدەيـەت هەين تەراكومەكا مەشاكيلات......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە بێ دەنگ بن بۆ ئەوەی بزانين كێ لەبەرنامە دەردەچێ هەتاوەكو بيبڕم، بەيان خان فەرمووو.

**بەڕێز بەيان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤرۆكە دبێژم بێ باوەڕيەكا هەيت ناڤبەرا دەسەلاتێ و شارعێ دا، كێ بەرپرسە ژ ڤێ چـەندێ؟ حەقـە ئەم هەمی محاوەلات بێنە كرن و ئەڤ باوەڕيا ئەز دبێژم هەر نەمايە، ئەڤ باوەڕيا نـاڤ بـەينا جـەماوەری دا و نـاڤ بـەينا دەسـەلاتێ دا، خـالا دی فعلـەن خەڵكـەكی هـەی هەسـتێت مەحروميـەتێ دكـاتن و ئـەڤ تەراكوماتن و چەند گرفتارينە، تۆ بەرپرسی كو دڤێتن چارەسەريا بۆ گەلەك مەشاكيلا ببينـی، گەلـەك نەخۆشە خەڵكێ ولاتێ خۆ هەستێت ب غەريببی دكەتن ئـان هەسـتێت ئـەو ديـە بكـەتن، خـالا دی ئـەز پرسيارا ئاراستەی جەنابێ تە دكەم، كو تو سەرۆكی حكومەتێی تۆ كوڕێ باژێرێ سلێمانيەی، بۆچی تـۆ بخۆ نەچوويە گۆڕەپانێ سەرای و تە خۆ دەگەل خەڵكێ خۆ نەئاخافت و تە بۆ خـۆ گـوێيی خـۆ دابايـە، خەڵكەكی مونەتزر تشتەكی وەسا ل بەرپرسەكی حكومەتێ، بەلێ بەداخەوە تشتی وەها نەهاتە كرنێ، د خـالا 12 ی بڕيـارا پەرلـەمانێ دا بەحسـێ چاكسـازيەت دكـاتن جهـێ داخێيـە ڕۆتـين ئەڤرۆكـە ئـەڤ پەرلەمانەيێ كوشت، ئەڤ پەرلەمانێ ئەنداميێت پەرلەمانێ ئەم پێڤەتيەت هيلاكن، ئـەرێ هاوولاتيـەكی سادە چ بكاتن بۆ ڤێ ڕۆتينێ، ئەڤرۆكـە ل ولاتـێ پێشـكەڤتی 70٪ و زێـدەتر خەڵكـەكی معامـەلێت خـۆ فرێ بداتن بۆ ئەنتەرنێتێ، بۆچی ئەڤرۆكە ئەم ڤێرە دابين، حەقە ئەو بيرەوەريا بيسـتەمين سـالێ ڕۆژا سەرهەڵدانا ميللەتی كورد نەكردبا پێنگاڤەك........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن ئەوە موسائەلەيە، ڕۆژی بيرەوەری، سەرگوڵ خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە خاڵێك دەست پێ دەكەم سەبارەت بە ماددەی 5 ی بڕگە 2ی ياسای خۆپيشاندان كە بە پێی ئـەو ياسـايە دەبـێ پـۆليس خۆپيشـاندەران بپـارێزێ، وە پاراسـتنی هاوولاتيـان و دامودەزگاكـان لـە ئەسـتۆی حكومـەت دايـە، ئـەوەی ئێمـە لـە 2/17 بينيمـان ئـەو خۆپيشـاندانەی كـە يەكـەم جـار سـەری هەڵـدا ڕێپێدراو بوو، پێويست وابوو پۆليسی چالاكيە مەدەنيەكان و پۆليس لەو شوێنە ئامادەبن، بەڵام بـەپێی شاهێد حاڵەكان لـەو شـوێنە پۆليسـی چـالاكی مـەدەنی وجـودی نـەبووە، بـۆ ئـەوەی بارودۆخەكە هێـور بكاتەوە لەكاتێك دا كە خۆپيشاندەران لەڕێڕەوی خۆيان دەردەچن بـەو ڕێگـە مەدەنيانـەی كـە ئامـاژەی پـێ كـراوە، تەحـەكوم بەسـەر بارودۆخەكـە بكرێـت، پرسـيارەكەی مـن بـۆ سـەرۆكی حكومـەت ئەوەيـە، جەنابت دەڵێی ئەو بارودۆخەكە كە ڕوويدا ڕۆيشتم بۆ سلێمانی ئايـا لەسـەر ئـەو خاڵـەی كـە مـن باسـم كرد جەنابت لێكۆڵينەوەت كردووە لەگەڵ بەرپرسی دەزگا ئەمنيـەكان وبەرپرسـی دەزگـا ئيداريـەكانی

ئەو بارودۆخە بۆ بەو دەرئەنجامە گەیشت؟ خاڵێکی تر جەنابی باسی لەوە کرد کە بەپێی بڕیارە 17 خاڵیەکەی پەرلەمان، ئەو تەعویزەی کە بڕیاری لێدراوە، وە ئەو بڕیارە بڕیارێکی حەتمیە و لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە و قوەی قانونی هەیە کاتێك کە باس لەوە دەکات کە قەرەبووی ئەو لایەنانە و ئەو شوێنانەی کە زەرەرمەندبوون، باسی کەناڵە نالیا دەکەم لە دوای ئەوەی کە تەقدیری زەرەرەکان کراوە، پێشکەشی سەرۆکایەتی حکومەت کراوە، بەڵام تا ئێستا سەرۆکی حکومەت وەڵامی ئەوانی نەداوەتەوە، جەنابی باسی لەوە کرد کە دەبێ بە پێی یاسا ئیجرائات بکەن و دەعوا قەید بکەن، بەڵام بە پێی ئەو بڕیارەی پەرلەمان، پێویستە ئەو بڕیارە مولزەمە بۆ حکومەت کە باس لەوە دەکات بڕگەکە حکومەت بە گوێرەی یاسا قەرەبووی ماددی و مەعنەوی سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە دەکاتەوە کە زەرەمەند بوون، خاڵێکی تر کە جەنابی باسی لەوە کرد کە ئەو تۆمەتبارانەی کە ئەمر قەبزیان بۆ دەرچووە مەعلوماتێکی باس کرد جەنابیان کە ئەوان ئەمڕۆ چوونەتە بەردەم دادگای سلێمانی، ئێمە ئیستفسارمان لەو بابەتە کرد کە خۆی بە پێی یاسا ئێمە پێشتر لە دادگا بووین و دەزانین دادوەری لێکۆڵینەوە کاتێك کە ئەمر قەبزی یەکێك دەردەکات ئەو کەسە کە بێتە بەردەم دادگا پێویستە بە پێی ئەو ئەمر قەبزە ئیجرائات بەرامبەری بکرێت بەوەی کە تەوقیف بکرێت، ئایا ئەگەر دادوەری لێکۆڵینەوە لەوێ نەبووە، ئەگەر یەك ڕۆژیش ئیجازە بێت یەکێکی دیکە لە شوێنیەتی، لەم حاڵەتە ناکرێت تۆمەتبار بچێتە دادگا لەبەرئەوەی لەوێ نیە بڕواتەوە ماڵەوە، یەعنی ئەم حاڵە لەڕووی یاساییەوە ئەم بابەتە هیچ موبەررێکی نیە، ئەبێ ئەو کەسە کە ئەمر قەبزی هەیە و دەیباتە بەردەم دادگا دادوەریش لەوێ نەبێت، موحەققی عەدلی ئیفادەی وەردەگرێ، ئەگەر دەوامیش تەواو بێت دادوەر لەوێ نەبێ، دادوەری خەفەر هەیە، ئیجرائاتی خۆی دەکات بەرامبەر ئەو کەسە، سەبارەت بەوەی کە دەوترێ لەو ڕووداوانەی لە 2/17 ەوە باسی لەوە کرد کە کاریگەری هەیە لەسەر شاری سلێمانی و بازرگانی 60٪ وەستاوە، من پرسیارم ئەوەیە کێ بەرپرسە لەو بارودۆخە، ئەو بارودۆخەی کە ئێستا دروست بووە و خەڵك لەسەر جادەیە و 20 ڕۆژ زیاترە داواکاری هەیە و بۆ حکومەت هەنگاوی جدی نانێ بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە، کۆتایی پێ بێت؟، یەعنی خەڵکیش تاکەی لەسەر شەقام بێ و چاوەڕێ بێت؟، هەنگاوێکی عەمەلی و جدیان دەوێت لە حکومەت، ڕاستە پەرلەمان بە پێی ئەو دانیشتنەی خۆی و ئەو لیژنەیەی پێکهێنا هەنگاوێك چووە پێشەوە و بینیمان پەرلەمان هەنگاوی نا، بەڵام جەریئانە هەنگاوەکانی خۆی بنێ بۆ ئەوەی خۆپیشاندەر دڵنیا بێت کە هەڵوێستی حکومەت چۆنە کە هەنگاوی عەمەلی باوێ، سەبارەت بە خاڵێکی تر کە کاك دکتۆر باسی کرد، ئەو داخوازیەی خۆپیشاندەران کە هاتوونەتە سەرشەقام و زۆربەی زۆری کە باسکرا لە ناعەدالەتی و ئەوەوە هاتووەتە ئاراوە کە زۆرجار جەنابی باس لەوە دەکات و ئیعتراف بەوەوە دەکات کە تەزکیە هەبووە لە دامەزراندن، واستە و واستە کاری هەبووە لە دامەزراندن، جەنابیشی باسی لە هەنگاوی خۆی کرد بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە، باسی لەوە کرد وەکو بڵێی ڕەخنەیەکی بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن دەڵێ کە دادەنشین داوای تەعینمان لێ دەکەن، من تەبریرەکەم بۆ ئەوە ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ حکومەت دائەنیشێ یەکسەر داوای تەعین و ئەوەیان لێ دەکات؟ ئەمە لەو ناعەدالەتیەوە هاتووە کە تەعینەکان تەنها بۆ دەسەڵات بووە، ئۆپۆزسیۆن لێی بێ بەش بووە، گشتمان لایە ئەگەر جەنابی پێویستی بێت

دەیخەینە بەردەستی، جەنابی باسی لەوە کرد سەبارەت بە داخستنی زانکۆی سەلاحەدین، نەی شاردەوە کە ئەمە حاڵەتێك بووە و ڕووی داوە، بەڵام ئایا ئیجرائاتی جەنابت و پرسیارەکەم ئەوەیە چی بوو بۆ ئەم حاڵەتە و ئەمە ڕووی داوەو شتێکە حاشای لێ ناکرێت، هەنگاوی تۆ یان بڕیاری تۆ یان ئیجرائاتی تۆ وەکو سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوە بابەتە و ئەو حاڵەتە چی بووە؟ جەنابی باسی لە دیاردەی دوو ئیدارەیی کرد کە دەڵێ کۆمەڵێك هەنگاو هەیە و ئەو هەنگاوانە پێویستە لە دوای $2/17$ دووەوە بەشێوەیەکی عەمەلی تر و سەریع تر بێت، کە دەوترێ تۆپەکە لە ساحەی پەرلەماندایە، دەبێ پەرلەمان بڕیار لەوە بدات، ئێمە پار لە موناقەشە کردنی بودجە و لە خاڵێکی بودجەدا باسمان لەوە کرد کە دەبێ ئەو دوو ئاسایشە یەك بگرنەوە، کە ئێستا ئێمە لە $2/17$ بینیمان لە هەولێر و لە سلێمانیش بە بڕیاری ئاسایش خەڵك دەسگیر کراوە لەکاتێك دا ئاسایش لە جەنابی سەرۆکی حکومەت دەپرسم ئایا لەهەولێرو لە سلێمانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە؟ سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە؟ مەرجەعەکەی بزانین کوێیە؟ چونکە بە ئیعترافی لیژنەی ناوخۆش ئەوانەی دەسگیر کراون لە ئاسایش بووە و لە هەولێریش ولە سلێمانیش، ئەگەر ئەوانە تاوانێکیان کردووە بە پێی یاسای خۆپیشاندان دەبێ دەسەڵاتی دادوەری دادگاکان بڕیار بدا و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوەڵەکانی دەکەم، وا حکومەت و پەرلەمان کەوتنە دایەلۆگی ڕاستەقینە و گفتوگۆی ڕووبەڕوو لەپێناوی چارەسەر کردنی گرفتەکان و ئەمە هەنگاوێکی جدیە و بەشێك لە گرفتەکان چارەسەر دەکات، ئومێدەوارم ببێتە هەوێنی ئەو دایەلۆگە نیشتمانیەی کە بەشێکە لە داخوازیەکانی هەموو لایەکمان بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانین بەشی تری گرفتەکان چارەسەر بکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ساتەوەختە لەڕاستی دا ساتەوەختێکی گرنگ و هەستیارە، سیستمی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بە پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی تریشەوە دابڕاو نیە لەو تەوژمە گۆڕانکاریەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، چونکە هەرێمەکەی ئێمە مادام بە ئاقاری دیموکراسی مامەڵە دەکات، زوو بەزوو ئەو تەوژمە گۆڕانخوازی و نوێکاریانە لە خۆی دەگرێت، من تەسەورم وایە ئەم ساتەوەختە ئیتر ساتەوەختی تێکشاندنی تەقلیدە کۆن و دێرینەکانە، بە ئومێدەوە ئەڕوانمە سەرۆکی حکومەت کە هەڵگری موقەوماتی تێکشکاندنی تەقلیدەکانەو لەم ڕوانگەیەوە ئێمەپشتیوانی دەکەین، بەشێك لە داخوازیەکانی خەڵك کە لە $17$ خاڵیەکەی بڕیاری پەرلەمانی کوردستانیش دا هاتووە، بۆ چاکسازی و کەم کردنەوە و دواجار نەهێشتنی گەندەڵیە، من تەسەورم وایە دروست کردنی مەحکەمەی ئیداری لەلایەن حکومەت و دابەزاندنی دەسەڵات بۆ وەحدە ئیداریەکان و بۆ خوارەوە و لامەرکەزیەتی ئیداری و لامەرکەزیەت لە زانکۆکانی کوردستانیش دا کە ناوەندی تێکشکاندنی ئەو تەقالیدە کۆنانەن، دەرکەوتەیەکی زۆر باشن، بلاَم هەنگاوی جدی تر و بڕیاری خێرا تر و جەریئانە تری دەوێت، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی

کوردستان بە بینینی پانۆرامای ئەحداسەکانی دوای 17 ی مانگ دەردەکەوێت بەشێکی سەرەکی لە داخوازی کاران لە پرۆسەی چاکسازی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پەرچەمەکەی گەنجان و لاوان هەڵیان گرتووە، وە لە ناو خۆپیشاندەرانیش دا بەشی سەرەکیان لە توێژی گەنجان و خوێندکارانی زانکۆن، ئەمە دوو لایەنی زۆر هەستیار و گرنگی هەیە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە گەنجانی ئێمە، گەنجانی وشیار و واعین و بزیون و بێ دەنگ نابن لە ئێستا بەدواوە، ئەبێ وەکو خۆی بە سیاسەتێکی شەفافانە مامەڵە لەگەڵیان بکرێت لەهەموو پرسەکاندا، چونکە ئەوەی کە گەنجان بەرزیان کردووەتەوە داخوازی توێژی گەنجان نیە بە تەنیا، داخوازی هەموو چین توێژەکانە و بۆ ئەوەی پێشوو و بۆ ئەوەی داهاتووشە، ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە بەردەم تاقی کردنەوەیەکی زۆر هەستیارەوە، بۆیە جارێکی تر تەئکید لەوە دەکەمەوە لە چەند جوملەیەك دا جەنابتان بە جدی باسی شەفافیەتان کرد و ڕەنگدانەوەی هەیە کەم تا زۆر خەڵکی بەویژدانی کوردستان ئەم حەقیقەتە دەزانن، بەڵام لەڕاستی دا ئەمە کیفایەت نیە، پێویستی بە وەڵامدانەوەی بەشێکی گرنگی تر لە داخوازیەکانی خەڵك چاودێران هەیە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشلکاریەکانی دوای 17 ی مانگ لە تەقاریری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی چاودێری مافی مرۆڤ، جەنابیشت کەسایەتیەکی لەمەحافلی نێودەوڵەتی دا هەم ناسراوی و هەم تێ دەگەی کە کاریگەری ئەوانە لەسەر سەنگ و ناوبانگی هەرێمی کوردستان چەند کاریگەری دەبێت، پرسیاری من ئەوەیە بەرنامەی بەڕێزتان چیە بۆ سڕینەوەی ئەو مەسەلەیە؟ چۆن بە دنیای بگەیەنین کە پۆلیس و ئاسایشی ئێمە لە قیەم و لە سیاسەتی حکومەتیش دا ئەوە نیە کە بەفیشەك وەڵامی داخوازیەکانی خەڵك بداتەوە، وە هەروەها هاووڵاتیانی ئێمەش بەو شێوازەی کە دەوترێ پۆلیس بریندرا بووە یان ئاسایش بریندار بووە، ئەوەش بەشێك نیە لە قیەمی ئەخلاقی هاووڵاتی کوردستان، لەڕاستی دا ناسنامەی پۆلیس و ئاسایش و دەزگاکان کە جلی ڕەسمیان لەبەردایە، ئەوانە لەڕووکەشدا ناسنامەی ئەم حکومەتە و ئەم حوکمڕانیە پێك ئەهێنن، ئەبێ هەموو مقایسەکانی وشیاری و پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بنەما مەدەنی و دیموکراتیەکانی تیا بێت، بۆیە لە ئێستا بەدواوە بە پێی ئەو بڕیارەشی کە لە 17 خاڵەکەی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە، خەڵکانێك لەو دامەزراوانەوە جێ بکرێنەوە، یەکەم/ خاوەنی بڕوانامە بن، دوو/ پێش ئەوەی دەست بەکاربن خولی وشیاری لە ناساندنی ئەو بنەما مەدەنیانە وەربگرن، من ڕوو ئەکەمە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە پشت بەستن بە لیستی کوردستانی و هاوپەیمانەکانی متمانەی لەم پەرلەمانە و لەم هۆڵەدا وەرگرتووە، ئەوانەی کراون بەشێکن لە بەرنامەی لیستی کوردستانی، بەڵام بەشێکی باشی ماون و هێشتا جێ بەجێ نەبوون، لە کوێ دا گرفت هەیە ولە کوێ دا ڕێگر هەیە و هیوادارین لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەت و پەرلەمان وە لە چوارچێوەی پرۆسەی شەفافیەتدا ئێمە هەماهەنگ و هاوکار دەبین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو تەقلیدە ببینەوە، ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە ببینەوە ئومێدەوارم ئەم دانیشتنە کە دەتوانم بڵێم لە ئاستی بەرزی دانیشتنەکانی کوردستاندا ئەوەی دەستبەکار بوو تا ئەو کاتە ودانیشتنەکان هەر بەردەوام بن و دووبارە ببنەوە، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی کاك دکتۆر دەکەین، دیارە ئەمڕۆ ئێمە قسەکانمان بۆ بەڕێز کاك دکتۆرە، لەبەرئەوەی ئەم دەسەڵاتەی هەیە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا، گلەییمان لە سیستەمەکەیە، ئەگەر منیش لەو جێگای دانیشم دیارە پرسیارەکان و قسەکان ڕووبەڕوی مـن دەبوونـەوە، وەکو گوتم دیارە قسەکان و گلەییەکانمان لە خودی سیستەمەکەیە کە ئەمڕۆ بەڕێوە دەڕوات، من ئەو پرسیارانە دەکەم دیارە قسەکانم زۆربەی برادەران قسەکانیان کرد، زۆر بە کورتی قسەکانم دەکەم، ئەو پرسیارە دەکەم لە بەڕێز د.بەرهەم، ئەو هێزانەی کە تاوەکو ئێستا ماونەتەوە لە سلێمانی لە کفری و لە کەلار لە رزگاری لە دەربەندیخان تاکەی دەمێننەوەو بۆ وەکو ئەوەی لە بڕیارە 17 خاڵیەکەی هاتووە کە دەبێ دەست بەجێ پاشەکشەیان پێ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ جێگاکانی خۆیان، بۆ تاوەکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە؟ دوو/ ئەو دەمامك لەسەرانە کێن؟ چونکە تاوەکو ئێستا بۆ ئێمە ڕوون نیە، لەوانەیە هاووڵاتیەك بێت و شتێکی ڕەش بکات بە دەم و چاویەوە، دەمامکێ بکات بە دەموچاویەوە و نەزانین ئەوە پۆلیسە، ئاسایشە یان هاووڵاتیە، کێ یە ئەوە؟، بۆیە ئێمە تکامان وایە ڕوونی بکەیتەوە بۆمان، چونکە بەڕاستی ئەوە وەزعێکی ئاڵۆزی بە تایبەت لە گەرمیان دروست کردووە، دژە تیرۆر، لە قسەکانت دەرکەوت دژە تیرۆر سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە نیە، ئایا سەر بە کێن؟ ئەو دژە تیرۆرە بۆ تا ئێستا لای ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان و وەکو لیژنەی ناوخۆ ڕوون نیە سەر بەکێن؟ تاوەکو ئەو لەحزەیەی ئێمە لێرە وەستاوین کە چووینە دەرەوە موبایلەکانمان کردەوە گرتن لە کەلاربە تایەبتی لە رزگاری و کەلار بەردەوامە نزیکەی 30 ـ40 کەس ئێستا لە کەلار گیراوە بۆ ئیهانە کردنیان براون، ئیهانە کراون لەناو بازاڕەوە براون، لە دەشتی سید خلیل خۆت باش ئەو ناوچەیەت بینیوە، لە دەشتی سید خلیل تەنها بۆ ئیهانە کردنیان نیوەیان ئازاد کراون، جگە لەوە لە 3/3 لەدوای بڕیاری 17 خاڵیەکەی کە لە 23ی مانگ دەرچوو لێرەوە لە 3/3 لە کەلار 18 گەنجیان گرتووە بێ هیچ پاساوێك بە ئیهانە کردن براون بۆ ئاسایش و دوای 3 سەعات داوای لێ بووردن دەکەین بەردراون، چونکە بەڕاستی ئێمە ئەم شتانە من حەزناکەم لەم شوێنە پیرۆزەدا من باسی ئەوە بکەم، بەڵام دیارە ئەوە بۆ خۆمان و ئەوانەی کە تەمەنێکیان هەیە ئەوەمان بینیوە زوو زوو دەبراین بۆ دەزگاکان و دەیانوت (عفو اخذناکم بالسهو)، ئەوە زۆر ناخۆشە بۆ ئێمە ئێستا گەنجەکانمان بگیرێن و دوای دوو سەعات و سێ سەعات بەڕەڵا بکرێن و بەو نەوعە، چونکە هیچ شتێکیان لەسەر نیە و بە پێی قەرارێکی دادگا و بە پێی هیچ بڕیارێك نەبراون، دووبارەش هەر ئەمڕۆ چوونەتە سەر ڕادیۆی دەنگ، هەر ئەمڕۆ ئەم ئێوارەیە لە رزگاری بە شێوەیەکی زۆر خراپ گەنجەکان دەگیرێن و بە کوتەك لێیان دراوە، زۆریش لە گەنجەکان ئێستا بریندارن و خۆتان دەتوانن لەلای خۆتانەوە ئێستا تەلەفۆنێك بکەن بۆ ڕزگاری و بۆ کەلار بۆ ئەوەی بزانین ئەم قسانەی ئێمە ڕاستە یان نا!، بۆیە تکام وایە حکومەتی هەرێم بەوەی کە حکومەتی هەرێم بەرپرسی دەسەڵاتی تەنفیزیە حەق وایە بەزووترین کات ئەو ئیجرائاتە لێی بکۆڵێتەوە، دەست بەجێ ئیشەکانیش بوەستێنێ، ئەگەر حکومەتێك بتوانێ ئەم شتانە بکات، بتوانێ

ئەو چاكسازیە كە هاووڵاتیان داوای دەكەن و بتوانێ ئەو ئیشانەی كە هەموو لایەنێك داوای دەكات و بتوانێ جوابیان بداتەوەو زانكۆی سەڵاحەدین كە ئێمە خۆمان تەئكیدمان كردووەتەوە لە وەزیری خوێندنی باڵا و لە موستەشاری وەزیری خوێندنی باڵا بۆ داخراوە؟ هیچ وەڵامێكی پێ نەبووە، تكامان وایە وەڵامێكی ڕوونمان بدەنەوە بۆ ئەوەی ئێمەش متمانەمان هەبێ بەم وەزعە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆكی حكومەت دەكەم، دیارە من سەرەتا بە ڕەخنەیەك دەست پێ دەكەم لە سەرۆكایەتی پەرلەمان، زۆر بەداخەوە سەرۆكایەتی پەرلەمان پێچەوانەی بەرنامەی كار ئیشی كرد، دەبووایە بیدایەت بەڕێز سەرۆكی حكومەت ئاگادار بكەنەوە بەوەی كە تەنها.......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر، رجائەن، ئیتفاقمان كرد لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە بە موافەقەتی بەڕێزیان ئەو وەختەمان كورت كردەوە بۆ ئاگاداریت، موخالەفەمان نەكردووە، هەر بۆ ئاگاداریتان، كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئیتیفاق كراوە لەلایەن بەڕێزتانەوە لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان پێشتر، من ئەوەندەی كە سەرەتا گوێ بیستی سەرۆكی فراكسیۆنەكان بووم بە شێوەیەكی گشتی پرسیارەكانیان ئاراستەی سەرۆكی حكومەت كرد بە شێوەیەكی عام بوو نەك تەنها سەبارەت بە بارودۆخی 17ی مانگ، زۆر بەداخەوە من پێم باش بوو لەسەر بەرنامەی كار كاربكرێت، دیارە ئەم دانیشتەنەی ئەمڕۆ لەو دانیشتنانەیە كە ئێمە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەردەوام لە موناقەشە و گفتوگۆ بووین بۆ ئەوەی بگەینە ئالیەتێك یاخود بڕیار یاخود چارەسەرێك بدۆزرێتەوە بۆ داخوازیەكانی خۆپیشاندەران بە تایبەت و بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان كە ئێستا من دڵنیام هەم خۆپیشاندەران لە سلێمانیەوە ولە زۆربەی ناوچەكانی تر و هاووڵاتیانی هەموو هەرێمی كوردستان چاوەڕێی دەرئەنجامی ئەم كۆبوونەوەیەی ئەمڕۆی پەرلەمانی كوردستانن بۆ ئەوەی دڵخۆش بن بەوەی كە بڕیارێك یاخود پەیامێك دەربچێ كە بتوانێ ئەو بارگرژیەی كە هەیە یاخود ئەو بارودۆخەی كە دروست بووە لایەنی كەم بڕەوێتەوە لە كوردستان، من ئەمەی ئەمڕۆ هەستم پێی كرد، ئەوەی كە لەبەرنامەی كاردا هاتبوو چەند تایبەت بوو بە ڕوون كردنەوەو لێپرسینەوە ئەوەندەش من وای دەبینم كە موناقەشەیەكی عام بوو لە نێوان پەرلەمانتاران و سەرۆكی حكومەت......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن وەرە سەر بابەتەكە، رجائەن قسەكانت دەبێ لەسەر بەرنامەی كار بێت، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەوڵ دەدەم بە پێی بەرنامەی کار قسە بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە پێی بەرنامەی کار قسە لەسەر ڕوونکردنەوە و لێپرسینەوەیە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەربارەی ڕووداوەکانی 17 مانگ، دیارە جەنابی سەرۆکی حکومەت لە سەرەتای قسەکانی دا ڕوونکردنەوەیەکی دا، ئەوەندەی من مولاحەزەم کرد لەڕوونکردنەوەکەی ئەم قسانە گوێ بیستی جەنابیان بووم، بەڕێزیان باسی لەوە کرد بریا ئەم دانیشتنە زووتر بووایە، من تەئیدی قسەکەی ئەو دەکەم، بەڵام دەبووایە خۆی دەستپێشخەری کردبا بۆ ئەوەی کە زروفێك یاخود بارودۆخێکی نالەبار هەیە و بێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەرکی سەرشانی ئێمە بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت بکەین کە پەیامێك بوو بۆ ئێمەی پەرلەمانتاران، ئێمەش بە دڵنیایەوە ڕاستە ئێمە ئەم ئەرکەمان جێ بەجێ کردووە، بەداخەوە بارگرژی دروست بوو ئەو 17 خاڵەی کە جەنابی باسی کرد شەرەفێکی گەورەیە بۆ سەرۆکی حکومەت کە بەڕێزیان وەکو سەرۆکی حکومەتیش ئەرکێکی گەورەیە کە بەو سپێردراوە منیش تەئیدی دەکەم، من تەمەنام دەکرد لەگەڵ پەیامەکەی پەیامێکی پێ بایە بۆ خۆپیشاندەران و بۆ هەموو هاووڵاتیانی هەرێمیش بەوەی ئایا چەند لە داخوازیەکانی خەڵك جێ بەجێ دەکرێت؟ هەوڵی حکومەت چیە بۆ ڕەوانەوەی ئەو بارگرژیەی کە دروست بووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دوای 20 ڕۆژ لە خۆپیشاندانی خەڵك و ئەو بارگرژیە و ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە دروست بووە لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانی کوردستان لە دوای 2/17 ەوەوە ئێمە بڕیارێکی 17 خاڵی دەرچوو لەم پەرلەمانە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت بۆ ڕەواندنەوەی بارودۆخەکە، یەکێك لەخاڵەکان دروست بوونی لیژنەیەك بوو لەسەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ گوێ گرتن لەداخوازیەکانی خۆپیشاندەران لە سلێمانی، ئەم لیژنەیە وێڕای دەست خۆشیم بۆیان کارەکانی خۆیان کرد و دواجار دوای ئەوەی کە نزیکەی 11 سەعات ئێمە گفتوگۆ و موناقەشەمان کرد لەسەر داخوازیەکانی خەڵك لەناو هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەوەی بتوانین بڕیارێك دەربکەین یاخود لایەنی کەم دیراسەتێکی داخوازیەکان بکەین، وەڵامێکمان پێ بێ بۆ داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان و خۆپیشاندەران و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە 3 ڕۆژی ڕابردوو لە ڕۆژی یەك شەممە و دوو شەممە و سێ شەممە زۆر بەداخەوە کە ئەمە بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمان و......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن، وەرە سەر بابەتەکە، رجائەن تۆ عیلاقەت بە پەرلەمانەوە نیە، ئیستجوابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، تکایە ئەوە لەوەختێکی تر باس دەکرێت، تکایە، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا دەکەم لەسەر بابەتەکە نەچوومەتە دەرێ، ئەگەر چووبمە دەرەوە لە بابەتەکە حەقی خۆتە، ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت حکومەت قسە بکە، عیلاقەمان لەم جەلسەیە لەسەر پەرلەمان نیە، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تکام دەکرد موناقەشەکان و پرسیار کردن لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت لەسەر ئەساسی ئەوە بووە کە پەرلەمان ساغ بووبایەوە لەسەر ئەوەی بە زۆرینە یاخود بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان ئێمە لەسەر بڕیارێك ساغ بووباینەوە و گەڵاڵەی بڕیارێك یاخود پرۆژەیەکمان کردبا ئێستا موناقەشەمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت کردبا لەسەر ئەمانە بۆ ئەوەی بزانین تا چەند حکومەت دەتوانێ ئەم داخوازی و ئەم داواکاریانەی خۆپیشاندەران جێ بەجێ بکات، نەك ئەوەی کە گوێ بیست بووم بەشێوەیەکی گشتی باسی هەموو شتەکان کرا، من ناچمە ناو تەفاسێڵەوە و ڕەنگە پرسیارەکەم ئاخر بێ و دەیخەمە کۆتایی، من لێرە تکا دەکەم و داوا دەکەم لەبەڕێزت کە قسەکانم پێ نەبڕی ڕەنگە ئەوەش لە دەرەوەی بەرنامە نەبێ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عیلاقەی بە بەرنامەوە نەبێ دەیبڕم بە دڵنیاییەوە، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ساڵ ونیۆێك لە کارکردنمان لە پەرلەمانی کوردستان و ساڵ و نیوێك لە دروست بوونی حکومەت موناقەشەی زۆر کرا لە هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی زۆر کرا و ڕەد کردنەوەی زۆر کرا لەلایەن دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتی ڕەد کردەوەو دەسەڵاتیش ئۆپۆزسیۆنی ڕەد کردەوە، پێمان وایە شتی زۆر باش کراوە، من ناچمە سەر ئەوەی کە چیمان کردووە دوای ئەو ساڵ و نیوە چی نەکراوە، من تکایەکی خوشك و برایانەم هەیە لێرە با واز لە حەساسیەت بێنین، با بەگیانێکی برایانە لەسەر مێزی گفتوگۆ بە دیالۆگ بتوانین ئەو بارگرژیەی کە هەیە هەموومان تەحەمولی مەسئولیەتی بکەین، بۆیە من پێموایە ئەوەی کە لەڕابردوو ڕووی داوە لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەموومان بەرپرسیارین، ئەگەر شانازی بووبێ، ئەگەر کەمتەرخەمی و گەندەڵیش هەبووبێ یاخود نەقس هەبووبێ ڕەنگە کەم تا زۆر نەتوانین لێی بێ بەری بین هیچ یەکێکمان، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دوای ساڵ و نیوێك لە کارکردن ڕەنگە زۆر جار تەشهیرمان بە یەکتر کردبێت و هێرشمان کردبێتە سەر یەکتر، بەڵام دوا جار ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە پەرلەمان و حکومەت لە ئاستی بەرز لێرەدا دانیشتوون موناقەشە و گفتوگۆ دەکەن بتوانن لایەنی کەم ئەگەر هەموو داخوازیەکانی خەڵکیش نەبێ بەشێك لە داخوازیەکانی خەڵك یاخود ئەو داخوازیانەی کە خەڵك قەناعەتیان پێیە، ئەوە ماوەی 20 ڕۆژە خەڵك کەوتووە لەسەر جادە لەبەر باران تەنها خەڵك نیە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە هێزەکانی پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە ئەوانەش کەسوکاری ئێمەن، ڕەنگە ئەوانیش لە ئینزار دابن لە حاڵەتێکی نەفسی زۆر ناخۆش دابن، بۆیە من تکا دەکەم با واز لەو حەساسیەتە بێنین و بە گیانێکی برایانە بزانین چیمان پێ دەکرێت، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بەڕێزیان وەکو سەرۆکی حکومەت، هەنگاوەکانی حکومەت چیە لە ئێستا بەدواوە بۆ ئەوەی بتوانن داخوازی و داواکاریەکانی خۆپیشاندەران و خەڵك بدەنەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕۆوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش وەخت ئەو پرسیارانەی کە بۆ بەڕێزتم نارد دڵنیا بە ئەو شتانە دووبارە ناکەمەوە، دڵنیا بە پابەند دەبم بە کاتەکەوە بەس تکا دەکەم دەرفەتم بدەی کە بتوانم وەکو خۆی بابەتە شەرح بکەم، دڵنیا بە حەز دەکەی لە هەموو قسەیەك دا دەڵێم $2/17$ ئەگەر بەوە دڵت تەئمین بێت دەیڵێم لەگەڵ هەموو قسەکاندا، من لەو حیکایەتەوە دەست پێ دەکەم کە زۆرێك لە هاوڕێکانم لە پەرلەماندا و بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش لەوانەیە کەم تا زۆر پێی تەنگەتاو بووبێت، لەوێوە دەست پێ دەکەم کە سەرگوزەشتەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە لە زانکۆی سلێمانی کە من سەردانم کردووە وەکو سەردانی قەڵای پاستیلم کرد کە شکاندم، لەویا سەعات $1$ چوومە لای ئەو خوێندکارە گەنجانە کە من بۆ ماوەی $9$ ساڵ لەناو زانکۆی سلێمانی دا بووم، کۆمەڵێك گەنجم لێ نزیك بوویەوە و پێی وتم هیوادارم ئەم قسەیەی کە دەیکەم وەکو سەرۆکی حکومەت دڵنیا بە کە ڕێزم بۆ هەموو کەسایەتیەك هەیە، من وەکو پۆست قسەی لەسەر دەکەم، وتی (وەڵڵاهی دکتۆر بەڕاستی ئەم حکومەتە حکومەتێکی زۆر ئیفلیجە، یەکێك لە ڕەفیقەکانی گوتی نەخێر، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی ئیفلیج نیە، چونکە ئیفلیج دەستی وەستاوە بەس مێشکی ئیش دەکات، دڵی ئیش دەکات و دڵی زیندووە و وزەی تیا هەیە، بەڵام ئەم حکومەتە دڵیشی وەستاوە لەبەرامبەریدا و وزەشی نیە، لەبەرئەوە ئێمە ئەگەر بڵێین حکومەت ئیفلیجە تەشهیر بە ئیفلیج دەکەین) ئەم ئەو قسەیەی پێ وت، بۆیە من بەهەموو قەناعەتێکمەوە کە لە ناو زانکۆی سلێمانیش دا بەخوێندکارانەم وت وتم ئێستا کاتی ئەوە نیە ئێمە بڵێین حکومەت لیژنە دروست دەکات بۆ لێکۆڵینەوە، بە هەموو قەناعەتێکمەوە ئێستا پێویستە گەنجانی سلێمانی و گەنجانی سەرای ئازادی و لیکۆڵینەوە لەسەر حکومەت دروست بکەن، ئەمە بابەتەکەیە، با بێمە سەر ڕووداوەکانی $3/6$، لە ڕووداوەکانی $3/6$ ناچمە سەر ئەوەی کە لە $2/17$ دا ڕووی دا، چونکە لە کۆبوونەوەی $2/23$ دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سوپاسی دوو ئەندامی پەرلەمانی کرد کە سەردانی خۆپیشاندەرانی کردبوو بە شتێکی باشی لە قەڵەم دا کە لایەنی کەم یەکێك لەو هاوڕێیانەم لەناو پەرلەماندا بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی نیە بەکاری زانکۆییەوە، بەڵام جەنابت بە دەست خۆشیەوە باسی ئەوەت کرد، بەڵام کە دوایی پرسەکە بە جۆرێك شکایەوە من ئومێدەوار بووم بەڕێز وەڵامی بدەیتەوە، من حەزم نەکرد خۆم بکەمە خاوەنی شتەکە، بەڵام حەزم کرد بەڕێزت وەڵامی بدەیەوە، بەڵام دەبووایە ئەو وەڵامەت بدایەتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ نامەوێ بێمە سەر ئەو دۆخە، لە $23$ی مانگ دا کۆبوونەوەیەك کرا، بەڵام ئێستا کۆبوونەوە دەکەین، کۆبوونەوە لەسەر چی و لەسەر چ ئەساسێك مەسئولیەتی حکومەت محاسەبە بکەم؟، خۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە بەڕێز د.صباح سەرۆکی لیژنەکە بووە، خۆ ئێستا ئێمە داواکاری خۆپیشاندەرانمان لەبەردەست دانیە، ئێمە لەسەر چ ئەساسێك باس لە مەتالبی خۆپیشاندەران دەکەین؟ ئەگەر ئەوە گرفتە تۆ دەبووایە چارەسەری بکەی و بۆ سەفقەیەکی سیاسی چارەسەر دەکرێت، بەڕاستی ئەمە کارەساتە،.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم دانیشتنە ئیمزای جەنابت و لێرەیە، داوات کردووە لێپرسینەوە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، کە ئەویش لێرەیە و تکایە وەرەوە سەر بابەتەکە، فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من باسی ڕووداوی $3/6$ دەكەم كە سووتاندنی خێمەكان، ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی لەوەی كە بڵاوی كردەوە لە ڕوونكردنەوەكەدا كە سەعات $2,15$ دەقیقەی لە جادەی مەولەوی هانایان بۆ ئاسایش برد بوو، لەڕوونكردنەوەكەدا دەڵێ دەسەڵاتی مافیا بەشێوەیەكی بەرنامە داڕێژراو هجومی كردووەتە سەر ئەو خەڵكە، بە هەمان شێوە و لە هەمان كاتدا بۆ ڕادیۆی دەنگیش لە كەلار بەهەمان ڕووداو ڕووی داوە، دوایی كە دێیتە سەر باس كردنی ڕوونكردنەوەكەی دەزگای ئاسایش بە هەموو شێوەیەك نەفی ئەوە دەكات و دەڵێ لەگەڵ ڕووداوەكە هێزەكانمان گەیشتووەتە ئەوێ، هیچ هێزێكیش كەسی دەستگیر نەكردووە، هیواداریشم كەس هەواڵی نادروست بڵاو نەكاتەوە، من لەسەرۆكی حكومەت دەپرسم ئێوە لەكوێن لەم هەموو كێشەیەدا؟ یەعنی ئەم هەموو هاوكێشەیە و كاتێك كە لەوێوە ڕوونكردنەوەیەك بڵاو دەكرێتەوە ئاسایش نەفی ئەم بابەتە دەكات، دەڵێ پەنامان بردووە بۆ هێزەكانی ئاسایش، حكومەت لەم هاوكێشەیەدا لە كوێ دا وجودی هەیە؟، یەعنی من لە كوێ یەخەی حكومەت بگرم؟ جاری واهەیە من حەز دەكەم لەناو نیزامێك دا یاخی بم، بەس ئێستا دەبێ نیزامێك بدۆزمەوە تا لێی یاخی بم، یەعنی ئێستا وای لێ هاتووە بەدوای نیزام دا دەگەڕێی بۆ ئەوەی لێی یاخی بی، بەڵام ئێستا شەڕی ئەوەمان هەیە با نیزامێك بدۆزینەوە لەناو ئەم هاوكێشەیە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە بۆچی كۆبووینەوە؟؟ ئەگەر ڕووداوی $2/17$ ڕووداوێكی لەناكاو بوو من كەم تا زۆر نایەمە سەر باسكردنی بەرپرسیاریەتی حكومەت، كەمتەرخەمیەكەی لەبەرئەوەی حاڵەتێكی شپرزەیی و حاڵەتێكی جۆرێك لەناكاوی دروست كردووە، بەڵام بەردەوام بوونی ئەم دۆخە ئەمانخاتە هەڵوێستەیەكەوە كە ئیتر دەبێ بەدوای بەرپرسیاردا بگەڕێین، كێ بەرپرسیارە لە بەرامبەر بەردەوام بوونی ئەم دۆخە؟ ئێمە هیچمان شەیدای وشە نین، پێشتریش هەمان قسەمان دووبارە كردووەتەوە كێمان شەیدای وشەین؟، قسە بە قسە جواب نادرێتەوە، قسە دەبێ بڕۆی بەكردار بیسەلمێنی كە پێچەوانەی ئەم هاوكێشەیەیە، لەم هاوكێشەیەدا یان پەرلەمان بەرپرسە یان حكومەت بەرپرسە، یەعنی خۆ دەبێت یەكێكیان، ئەی كێ بەرپرسە؟، یەعنی خۆ تۆ ئەبێ بەدوای بەرپرسیاریەتیەك دا بگەڕێی، ئەگەر پەرلەمانە، ئەگەر حكومەتە، لێرەدا ئەبێ بگەڕێینەوە بەدوای وەڵامەكان، ئێمە لەم كۆبوونەوەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆكی حكومەت، ئێمە دەمانەوێ ڕووی خۆمان لەبەردەمی یەكتردا سوور بكەین، یان دەمانەوێ ڕووی خۆمان لەبەردەمی خەڵكدا ڕەش بكەین، یان دەمانەوێ موناقەشە بكەین، ئێمە لەم كۆبوونەوەیەدا لە دوای ئەوە دەگەڕێین موزایەدە بكەین یان چارەسەر بكەین، بەدوای نیزامدا دەگەڕێین یان بە دوای فەوزادا دەگەڕێین؟، ئەوەی كە ئێستا ڕوو دەدات هیچ پەیوەندی نیە بەوەی كە لەبەردەركی سەرایا ڕوو دەدات، ئەوەی كە لێرەدا ڕوو دەدات هیچ پەیوەندی نیە........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە زانا ئەگەر ئیجازە بدەی، برای عەزیز ڕاستە ئەمە بۆ لێپرسینەوەیە، بۆ هەڵوێستی حكومەتە بەرامبەر بە $17$ خاڵەكە و بەرامبەر خۆپیشاندان، ئەم دانیشتنە تایبەتە بۆ ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من قسە دەکەم وتۆ بیرت خستمەوە یەکەم جار کە هاتم وامزانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت محاسەبەی ئەندام پەرلەمان دەکات، من سوپاست دەکەم ئەوەت بیرخستمەوە، چونکە یەکەم گلەیی و گازاندەکان لەسەر ئەندام پەرلەمان بوو، پاشان بێینە سەر پرسیار کردنەکان، ئێمە هاتووین وئێستا ئەگەر بمانەوێ دەنگ لەسەر چی بدەین؟ هاتووین دەنگ لەسەر ئەوە بدەین و بزانین چەند کوژراوی ترمان بۆ زیاد بوو؟ وەکو ئەوەی کە دائیرەی مرور دەیکات، کە هەموو ساڵێك دەڵێ وەڵلا ئەوەندە کوژراو هەیە، یەعنی ئیتر ئەگەر ساڵێك هەزار بێت ساڵەکەی تر نۆسەد بێت ئەڵێ وەڵلا ژمارەیەك کەمی کرد، یەعنی ئەوەندی بیر لەوە دەکەینەوە بریندارەکان بژمێرین، ئەوەندی بیر لەوە دەکەینەوە کە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین بزانین بۆ بریندار کرا؟ چ هۆکارێك بوو کە وای لێ کرا؟ ئێمە تەنها دێین هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین، تۆ ئەزانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئەزانی چەند کەس تۆقێندراوە؟ ئەزانی چەند کەس ئیهانە کراوە؟ ئەزانی چەند بە بەردەوامی ئیهانە دەکرێت، ئێمە لە جیاتی ئەوەی کە بچین بیانژمێرین بڵێین وەڵلا شەهیدانی باوکی فلان کەس و باوکی فلان کەس، دەڵێین باشە ئێمە بۆ چارەسەرێکی بۆ نادۆزینەوە، یەعنی ئەبێ من کاتێك کە دەڵێم ئەو گەنجە کە وتی حکومەت ئیفلیجە، تەشهیرمان بە ئیفلیج کردووە لەبەرئەوەی دڵی نیە و کە گوێ لە باوکی بیلال دەگریت دەڵێ من خۆم جەرگ و ڕیخۆڵەی کوڕەکەی خۆمم خستوومەتەوە ناویەوە، ئەو هەست بە بەرپرسیاریەتی زیاتر دەکات لەبەرامبەر حکومەتدا، وەقفە کردنێك، هەڵویست وەرگرتنێکی جدیانە لەبەرامبەر ئەو بەرپرسیاریەتیەدایە، ئەو پیاوە زۆر لە حکومەت، لە پەرلەمان بە هەڵوێست تر بوو، لەبەرئەوەی کە دانی بەخۆیا گرتووە دەڵێ با ڕێگە نەدرێت کوڕی تر و گەنجی تری ئەم وڵاتە بە خۆڕایی خوێنی بە زایە بڕوات، زۆر زۆرئازایانەش بووە و زۆر بە ئازاریانە و جەریئانە توانیویەتی زەبتی خۆی بکات، بەڵام ئەوە ئێمەین کە نەمانتوانیوە زەبتی خۆمان بکەین، جا لەناو پەرلەماندا بێت یاخود لەناو حکومەت دابێت، من پێت دەڵێم من ئەندامی پەرلەمانم لەناو حەرەکەی ئۆپۆزسیۆندام، لە دەسەڵاتم دایە تەنها قسەیەك بکەم، چیم پێ ئەڵێ ئەگەر دەزانن بۆ نموونە چارەسەر کردنی گرفتەکان پەیوەندی هەیە بەسەردان کردنی من بۆ ناو زانکۆی سلێمانی وەعد بێت لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت هەردووکمان بەیەکەوە دەست لەکار دەکێشینەوە، ئەگەر دەزانی گرفتەکان بەوە چارەسەردەکرێت، بەس ئەگەر ڕاست هەیە بەدوای حەل دا بگەڕێ، نا ئەگەر ڕاست هەیە بەدوای حەل دا بگەڕێ، بەڕاستی ئێمە نامانەوێ موجامەلەی یەکتر بکەین، قسە کردن لەسەر چ؟ با موجامەلەی یەکتر نەکەین، موجامەلە کردن! تۆ دەبێ دەست بخەیتە سەر برینەکان، لە کوێ دا گرفتێکت هەیە لەویا چارەسەرەکان بدۆزەرەوە، من هەموو جارێك وەرەقەی کۆن هەڵدەدەمەوە کاکە گەندەڵی لە هەموو وڵاتێك دا هەیە، کاکە تەبریر بۆ خراپە دەهێنینەوە، باشە ئەو لەحزەیە نایەتە پێشەوە کە ئێمە بتوانین هەڵوەستەیەکی جدی بکەین لەبەرامبەریا، بەڕاستی تۆ لێرەدا نوقتەیەکی، ڕەنگە بەڕێزت پیاوێکی سەرکەوتوو بی، بەڵام ڕەنگە لە جێگای غەڵەتی خۆت بیت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا هەست دەكەم ئێمە زۆربەمان لەسەر عەرزێكی كەشف ئیش دەكەین، یەعنی با ئیتر واز لەوە بێنین هەموو جارێك من دەزانم جەنابت بیر لە چی دەكەیتەوە، دڵنیابە تۆش دەزانی من بیر لە چی دەكەمەوە، تۆ ئەزانی من چی لە تۆ داوا دەكەم، منیش ئەزانم كە چی لە تۆ داوا دەكەم، سیناریۆكان كەشفن، یەعنی ئێستا ئێمە لەبەردەمی دۆخێك داین سەرەڕای هەموو دەست خۆشیەكم بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لە سلێمانی، ئەو هێزانەی كە توانیویەتی 5 تیرۆرست بكوژێت لەلای مەنتیقە سناعیەكەوە نەیدەتوانی ئەو كەسانەش بگرێ كە تەقەیان لەخەڵك دەكرد؟ ئەو تیرۆرستەی كە لەسەر زانیاری ئەمریكیەكان كراوە ئەگەر ئەم شتە وەكو خۆی وایە؟ ئەگەر ئەم شتە وەكو خۆی وایە هەر ئەم هێزە نەیتوانیوە ئەو كەسانەی دەستیان هەیە لە كوشتنی خەڵك، لە ئازاردانی خەڵك دا ئایا ئەو هێزە نەیتوانی بەهەمان شێوە ڕەفتار بكات؟ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من حەز دەكەم لە ڕێگەی بەڕێزتانەوە لە سەرۆكی حكومەت بپرسم ئەمە یەكەمین ئەزموونە كە پشوو كە جاران بە یاسا دەكرا دوایی بوو بە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا بووە بە ناوچە، یەعنی بە ناوچە و یەعنی بە مەنتیقەیەك هەر خۆی پشوو دەدات، ئەمە بۆ؟ ئەم پرسیارە بۆ؟ تكایە لەم تەوقیتەدا كە تۆ هەر ناوچەیەكی دیاری كراو ئەمە یەكەمین جارمە لە شاری سلێمانی دا بڵێ لە 3/7 پشوو بووە لە شاری سلێمانی لە بەكرەجۆ و لە عەربەت و لە كوێ، ئەمە چیە ئەم ناوچەگەریەتیە تۆ دەتەوێ شتەكان ئەگەر بۆنەیەكی نیشتمانی هەیە هەر هەموومان بەیەكەوە ئاهەنگەكە دەگێڕین ئەگەر ناخۆشیەكیش هەیە هەر هەموومان بەیەكەوە، بەڵام تۆ چەند سەد مەترێك لە شوێنێك دا ئازاری هەندێك دەدەیت و لە هەندێكی تریش شادی بێت هەموومان بەشدارین، ئەگەر ناخۆشیش بێت هەموومان بەشدار بین، بەس تۆ بۆ ئەوە دەكەیت هاووڵاتی بكەی بە گژی هاووڵاتی دا، ئەگەر من گرفتێكم هەیە بەرەو حكومەتە، ئەبێ گرفتەكەی خۆم ببەم بۆ لای حكومەت، بەس نابێت موعادەلەكە وا بكەم و خەڵك بكەم بەگژ خەڵكا، یەعنی ئەم ململانێیەی كە ململانێیەكی سیاسیە بۆ دەیكەم بە ململانێی كۆمەڵایەتی، هاوڕێیان شەڕی ناوخۆ لێرەوە دروست بوو، ئێ خۆ تۆ دەتەوێ خەڵك بكەی بەگژی خەڵك دا، یان دەتەوێ گرفتەكانی بەڕاستی چارەسەر بكەی، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من لەویا چیم بیر دەكەوێتەوە ئەبێ ئەم كۆبوونەوانەی كە دەكرێت و كە دەرئەنجامێكی نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەیەكەم ڕۆژی سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوەوە لە 2/17ی ئەم ساڵدا وێڕای كوژراو و بریندار لەماوەیەكی قیاسی زۆر كەمدا لەبەردەم لقی چواری پارتی دیموكراتی كوردستان لە سلێمانی دەست بە ڕەشبگیریەكی خراپیش كراوە لەناو خەڵكی مەدەنی، ئێمە هەموومان دەزانین لە دونیای دیموكراسی دا هەرگیز وەڵامی خۆپیشاندانی مەدەنیانە بە گوللە نەدراوەتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین لەم نیشتمانەی

ئێمەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بیروڕا تەعبیر کردن لە ئیرادەی هاووڵاتی بوون بگاتە ئاستێکی وا کە هەرگیز هێزە چەکدارەکانی ئەم نیشتمانە وەڵامی خەڵکی خۆپیشاندەر و خـەڵکی مـەدەنی نەداتـەوە، لـە 2/17 دا 47 کەس لە خەڵکی مەدەنی من بە رەقەم قسە دەکـەم لـە کـۆڵانی بـاخی گشـتی نزیـك لقـی چواری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەلایـەن هێزەکـانی دژە تـیرۆرەوە گـیراون، دواتـر ئـەم 47 کەسـە کـەکاك د.بەرهـەم باسـی کـرد، بۆیـە مـن باسـی دەکەمـەوە، دواتـر ئـەم 47 کەسـە بـراون بـۆ ئاسـایش و سوکایەتیشیان پێ کراوە، تەنانەت پەمپیان کراوە بە دەم و چاو دا بۆ ئەوەی چاویان نەبینێ، پاشان بـە سەیارەی جۆری باباهان سەعاتی هەشت و نیوی شەو بە دەست بەستراوی براون بۆ فەرماندەیی گشتی، دوو ڕۆژ لـە فەرمانـدەیی گشـتی زینـدانی کـراون، مـن لـە جـەنابی بـەڕێز سـەرۆکی حکومـەت دەپرسـم فەرمانـدەیی گشـتی و فەرمانـدەیی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانە؟ یـان زیندانـە بـۆ خـەڵکی مـەدەنی سلێمانی؟ ئەمانە دواتر بە فشاری فەرمانگەی سەرۆکی داواکاری گشتی سلێمانی ئازاد کراون، ئیجرائـاتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان چـی بـوو؟ ئایـا بـە تـەنها ئازاد کردن کافیە؟ یان دەبێ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو خەڵکانەش بکرێت کـە بـە ناحـەق، چـونکە ئەمـە جەریمەیـە گرتنـی خـەڵك بـە بـێ پرسـی دادگ، بـە بـێ فـەرمانی حـاکم جەریمەیـە، ئایـا لەبەرامبـەر جەریمـەدا ئامادەیـە بەرپرسـیاریەتی هـەڵبگرێ و بـێ دەنگـی هەڵبـژێرێ؟، 23 کـەس بـە برینـداری لـە نەخۆشخانە ڕێگەی چوونە دەرەوەیـان لێ قەدەغـەکراوە لـەناو سـلێمانی، پۆلیسـی نەخۆشـخانەکە خـۆی دەڵێت من پێت دەڵێم کاك د.بەرهەم بزەو خەندەم بۆ مەکە، پۆلیسی نەخۆشخانەکە خۆی دەڵێت ئەوە جـەنابت گـوێ بگـرە، لەسـەرەوە فـەرمانم پـێ کـراوە، لەسـەرەوە مەبەسـتی سـەربان نیـە، مەبەسـتی بەرپرسەکانی سەرەوەیە، لەسەرەوە فەرمانم پـێ کـراوە نابێـت بڕۆنـە دەرەوەی نەخۆشـخانە، ئەمـە بـە برینـدارەکان، 70 کەسی دیکە کە لە ناویاندا 10 خوێندکاری زانکۆی سلێمانی هەبوون دەسگیر کـراون، هەموو ئەوانە جەنابت لە من باشتر دەزانی پێچەوانەی یاسایە، ئایا جەنابت دەتەوێ یاسا لەم نیشتمانە جێ بەجێ بکەی؟ بۆ کەس هەتا ئێستا ڕووبـەڕووی دادگـا نەکرایـەوە، بـۆ کەسـێك لـەکاتێك دا بـە پێـی قسەی سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی بەرپرسی لقی چواری پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە سلێمانی و ئەوانەی لەناو لقیش دابوون فەرمانی دەسگیر کردنیان بۆ دەرچووە، بۆچی ئـەم فەرمانـە جێ بەجێ ناکەن، لە 2/25 لە شـاری هـەولێر خـەڵك گـیراوە و لێـی دراوە، خـەڵکێك بـە جـل و بـەرگی مەدەنیەوە خەڵکی گرتووە و ئازاری داوە و دواتر حاشایان لەوە کردووە کە لە ئاسـایش بـێ و دواتـریش دەرکەوت کە لە ئاسایش بوون، هەر لە 2/25 لە سلێمانی کوژراو و بریندار و گرتنی نایاسایی هەبووە من نامەوێ هەمووی بژمێرم بەڕاستی لە کوێ نـەبووە؟ لـە کـەلار هـەبوو و لـە هەڵەبجـە هـەبووە و لـە 3/5 لە دوکان هەبووە، هەموو ئەوانە سەرۆکی فەرمانگەی داواکـاری گشـتی لـە سـلێمانی لـەو بارەیـەوە دەڵێت ئێمە داوامان کردووە کە فەرمانی گرتن بۆ بەرپرس وئەوانەی لقی 4 ی پارتی دەربچێت، بـەڵام تـا ئێسـتا فەرمانەکـەیان بـۆ دەرنەچـووە و دەسـگیر نـەکراون، ئێـوە هەڵوێسـتتان چـیە لـەوەدا؟ مـن لەجەنابت دەپرسم، بە پێی یاسای خۆپیشاندان تەقە کردن لە خەڵك قەدەغە کراوە کە لەم پەرلەمانـە موسادەقەی لەسەر کراو ئیقـرار کـراوە و دەنگـی لەسـەر دراوە و ئێمـە دەنگمـان پێـی نـەداوە، بـە پێـی فـەتوای یـەکێتی زانایـانی ئـاینی کوردسـتان تەقـە کـردن لـە خۆپیشـاندەرانی مـەدەنی حـەرام کـراوە،

تەحریم کراوە، ئێوە بەکامیان ئیش دەکەن؟ بەم یاسا مەدەنیە یان بە یاسا ئاینیەکە؟ هەردووکیان هەر حەرام کراوە ئێوە لە هەردوو دینەکە بوون هەم یاسایەکەتان پێشێل کردووە و هەم فەتوای یەکێتی زانایانیشتان پێشێل کردووە، لەبەرئەوەی تەقە لە خۆپیشاندەران کراوە، من یەك پرسیار لە جەنابت دەکەم، جەنابت ئامادەی ئەگەر ئێمە بەلگەت پێ بدەین کە خەلکێك بە جل وبەرگی مەدەنیەوە و بە دەمانچەوە تەقە لە خەلکی خۆپیشاندەر دەکات و حیمایەکانیشی جل و بەرگی حکومەتەکەی جەنابتیان لەبەرە، جل و بەرگی پۆلیسیان لەبەرە و حیمایەی دەکەن، خەلك بریندار دەکات، ئەگەر ئەم بەلگە بخەینە بەردەستی جەنابت ئامادەی دەست لەکاربکێشیەوە؟ لەبەرئەوەی تۆ بەرپرسیاری یەکەمی لەم مەوزوعانەدا، داخستنی زانکۆی سەلاحەدین وەکو ئەو هاوڕێیانەی ترم کە ئاماژەیان پێیدا، نامەوێ بەو شکلە ئیشارەی پێ بدەم، بە پێی یاسای ژمارە 10 ی سالی 2008 لە دەسەلاتی وەزیری خوێندنی بالایە بۆ تەنها 10 ڕۆژ خوێندن ڕابگرێت، لە دەسەلاتی سەرۆکی زانکۆ دایە تەنها 6 ڕۆژ خوێندن ڕابگرێت، بەلام بە پێی لێدوانەکانی خودی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کە غیر موباشر ئاماژەیان پێی داوەو من خۆم لە ڕۆژنامەی ڕووبەڕوو و ڕووداو خوێندوومەتەوە ئەوان بۆ زیاتر لە یەك مانگ خوێندنیان لەناو زانکۆی سەلاحەدین گەورەترین موئەسەسەی تەعلیمی ئەم نیشتمانەو ئەم هەرێمەی کە جەنابت تێیدا سەرۆکی حکومەتەکەی ڕاگرتووە هەلوێستێکی جدیمان لە جەنابتان نەبینی، نە لە وەزیری خوێندنی بالامان بینی نە لە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدینمان بینی، نە لە ئێوەمان بینی، ڕوونکردنەوەیەکمان بینی کە گوتیان ئێمە ئاگامان لێی نیە، ئاگامان لێی نیە ئەمە وەزیفەی سەرەکی سەرۆکی حکومەت و خوێندنی بالا و موئەسەساتی تەعلیمی و بەرپرسانی تەعلیمی ولاتی ئێمە نیە، دەبێ هەلوێستی چی بنوێنن لە ئاست ئەمەدا، ئەمە دەست بڕینی حزبە لەناو حکومەت، دەست بڕینی حزبە لە ناو کۆتایی هێنانی دەسەلاتی حیزبە، لەناو موئەسەسەی تەعلیمی ئەم نیشتمانە دا، من پرسیارێك لە جەنابت دەکەم کێ لەدۆخی ئێستای کوردستان بەرپرسیارە؟ هەمیشە و ئێمە هەموومان دەزانین لە هەموو سیستمە شمولی و گەندەلەکانی دنیادا هەمیشە کەموکورتیەکان دەخرێنە ئەستۆی ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازاد و دەرەوەی خۆیان، ئەمە نەریتێکی زۆر کوشندە و خراپی تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی ئێمەشە، لە تەواوی مێژووی ئێمەدا هەمیشە کەموکورتیەکانمان لە دەرەوەی خۆمان هەلواسیوە، ئامادە نەبووین ئیعادە نەزەر لەخۆمان بکەینەوە و بزانین کەموکورتیەکانی خۆمان چیە، من نموونەیەکت دەدەمێ لە $2/3$ ئەمسالدا دوو هەفتە پێش لەکارخستنی سەرۆکی مصر، موبارەك لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانی لە گەل (ABC) ی ئەمریکی دا ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازادی تاوانبار کرد بە دروست کردنی قەیران لە مصر، لە لیبیا ... باشە، من دەکرێت بپرسم کێ لەمانە بەرپرسیارە؟ لە دوای $2/17$ ەوەوە هەتاوەکو ئەو ساتەوەختەی ئێستا لە کوشتنی خەلك لە بریندار کردنی خەلك، لە ڕاگەیاندنی حالەتی نائاسایی غەیرە ڕەسمی لە شاری سلێمانی، وە لە جوولاندنی هێزی چەکدار من یەك پرسیاری تر دەکەم، من لەگەل حورمەت و ڕێزی زۆرم بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو هێزی زێرەڤانی و هەموو هێزە چەکدارەکانی تر کە براو کەسوکاری ئێمەن، ڕەنگە هەندێکیان لەبەردەمی مەیدانی ئازادی وسەرای ئازادی سلێمانی بن، هەندێکی تریان لەناو هێزەکانی ئاسایش و

پـۆلیس دابـن و یـەکیان لەوبـەر بێـت و یـەکیان لەوبـەر بێـت، بۆیـە ئێمـە ڕێـزو حورمـەتمان بـۆ هـەر هەموویان هەیە، بەڵام هێزی زێرەڤانی لەم هەرێمـەدا جووڵـەی پـێ دەکرێـت لـەدوای ئـەم ڕووداوانـەوە بەرەو شاری سلێمانی، من لە جەنابت دەپرسم لەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە دەپرسـم، بزانـە و لێیـان بپرسە چەند کەس دەزانێ زێرەڤانی یەعنی چی؟ چەند کەس دەزانـێ بۆچـی چـوون بـۆ سـلێمانی؟ بـۆ کوێ چوون؟ موهیمەیان چیە؟ ئەرکیان چیە؟ ئەو ئەرکەی پێیان دەسپێردرێ چیە و چـی جـێ بـەجێ دەکەن؟ ئایا ئاشتی و ئارامی بۆ سلێمانی دەگێڕنەوە؟ یان ئەرکێکی تریـان پـێ دەسـپێردرێت کـە خـەڵك هیچی لەبارەوە نەزانێ ناحەقیەتی بکەوێتە دڵەڕاوکێ و نائارامی؟ ئەمەیە دۆخی نائارام دروست دەکات کە تۆ هیچ شتێکت بۆ خەڵك ڕوون نەکردووەتەوە، هێز دەجووڵێنی، تکا دەکەم ئەگەر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو جوملەیەش مەجالم پێ بـدات، ڕەنگـە مەسـەلەی دامەزرانـدن زۆر زەرورە قسـەی لەسـەر بکەین، مەسەلەی دامەزراندنی خەڵك، چونکە ئەمە خەرقی..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، ئەوەی بابەتە و جارێکی تر داوای بکەن، ئەوەی لەو بابەتە نەبێت مەجالتان پـێ نـادەم، ئێمـە لە جێگایەکی یاساییین، دەبێت ئیلتزام بە یاسا بکەین لە پێش هەموو شتێك، فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا قسەم ئەوەیە هەموو ئەو شتانە بەبڕوای من ئەوە دەهێنێ کە کاك د.بەرهەم، جەنابتان لـە جیـاتی من قسە مەکەن هیچ کامێکتان، کاك د.بەرهەم من هەمیشە دەڵێم کورسـی دوو دیـوی هەیـە، دیوێکیـان ئەوەیە کە ئینسان زۆر باش دەکات کاتێك کە دەستی ئاوەڵا بکەن لە ئیش کردن، لێی بگەڕێن بە عـەقڵ و بە پێی بەرنامە و کـار و سـتراتیژ و هۆشـیاری خـۆی ئـیش بکـات، بـە پێـی ئـەو پـرس و ڕاوێـژەی بـە دەوروبەری خۆی دەیکات، ئەگەر دەستیان گرت کورسی بڕوا بکە جگـە لـەوەی عەیبـدارت دەکـات، هـیچ شتێکی ترنیە، بۆیە من لە ئێستادا بڕوام وایە کاك د.بەرهەم عەیبدارێکی گەورەی بۆ دەمێنێتەوە چـی تر لەسەر ئەم کورسیە دابنیشێ، بۆ ئیستقالە کردن شەخسیەتی کاك د.بەرهەم هەم لە کوردستان زیاتر بەقوەت دەکات و هەم گەورەتریشی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ڕستەیەك لە وتەکانی بەڕێز کاك جعفر بسڕنەوە کە حوکمی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی گەلی شوبهاند بە دیکتاتۆری، بە شمولی، من داوا دەکەم ئەو ڕستەیە بسڕنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە و واز بێنە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تكاتان لێ دەكەم لە سەرۆكایەتی ڕێگا مەدەن هیچ كەسێك لە جێی خۆیەوە تەعلیق لە برادەرەكان بدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مەجالمان نەدا دانیشە، ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك بۆ هەموو لایەك ئاشكرایەو تەنانەت ناحەزانی گەلەكەشمان دانیان بەم ڕاستیە ناوە كە هەرێمی كوردستان لەم چەند ساڵەی ڕابردوو كە عیراق تووشی شەڕی تایفی و هەروەها شەڕی تیرۆر بووە، بەڵام خۆشبەختانە هەرێمی كوردستان ناوچەیەكی ئارام بووە، هەم بۆ هاووڵاتیانی خۆمان و هەم كوردستانیشمان، كە ئەمەش لەسایەی شەونخونی هێزەكانی ناوخۆ و پێشمەرگەی كوردستان بووە و بە پاڵپشتی بەرنامەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووە كە جێگای دڵخۆشیە، لەم ڕوانگەیەوە من دەمەوێ چەند پرسیارێك دێتە كایەوەكە وەڵامی یەك دوو پرسیارم لە ڕوونكردنەوەی بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە دەست كەوت، بە سوپاسەوە قەناعەتم بەم وەڵامەوە هاتەوەو پرسیارەكان دووبارە ناكەمەوە، تەنها لێرە چەند پرسیارێكی ترم هەیە ئەویش ئەوەیە لەم ڕووداوانەی دوایی پارێزگای سلێمانی كەمتەرخەمیەك لە ئەدای هێزەكانی ناوخۆ بینرا، بۆیە من پرسیارم ئەوەیە تاوەكو ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان چ ئیجرائاتێكی كردووە لەم بوارەوە؟ ئایا كاری لیژنەی تەحقیق گەیتشووەتە چ قۆناغێك؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە لەزۆربەی وڵاتان كاتێك خۆپیشاندان ئەنجام دەدرێت حكومەت ڕاستەوخۆ تەعامل لەگەڵ خۆپیشاندەران دەكات، ئایا لێرە دا چ ئالیەتێك هەیە و چ هەنگاوێكتان هاویشتووە بۆ وەرگرتنی داواكاری خۆپیشاندەران مباشر  لەلایەن حكومەتەوە؟ پرسیاری سێیەمم ئەوەیە كە تاوەكو ئەم لەحزەیە مەزڵوم ترین خەڵك ئەو خۆپیشاندەرە پاكانەن كە بەداخەوە هەرجارەو بەرەو ئاقارێك دەبردرێت، من لێرەدا ڕووی پرسیارم ئەوەیە كە سەبەب چیە و ئایا بۆچی لە زۆربەی خۆپیشاندانەكان و لەكۆتایی خۆپیشاندەرەكە ئاقاری خۆپیشاندەرەكان دەگۆڕدرێت بۆهەڵكوتانە سەر بارەگاكانی پارتی دیموكراتی كوردستان؟ ئایا لێرەدا پاراستنی ئەمنیەتی ئەم بارەگایانە لە ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان نیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆم زۆر بە خۆشحاڵ دەبینم كەوا سەرۆكی حكومەتەكەم كەوا دەنگمان پێی داوە لێرەدا هاتووەتە بەردەم پەرلەمانی كوردستان بە دڵفراوانیەوە گوێ لە ڕەخنە و سەرنجەكانی پەرلەمانتارانی بەڕێز دەگرێت و ڕوونكردنەوەشیان لەسەری دەدات، ئێمە كەسمان نەمان شاردووەتەوە كەوا بە بەڕێز سەرۆكی حكومەتیشەوە كەوا حكومەتەكەمان كێشەی هەیە، حكومەتەكەمان پێویستی بە ........ ، بەڵێ، دێمە سەر بابەتەكە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان من لەمەوە هاتم چونكە ئێمە باس لەوە دەكەین ئەو چەند خاڵەی دەرمان كردووە، $17$ خاڵەكە و سەبارەت بە كێشە و ڕووداوەكانی $2/17$ و بەدواوەیە،

بەڕێز سەرۆکی حکومـەت کۆمـەڵێك ڕوون کردنـەوەی داو کۆمـەڵێك چاکسازی خستـە ڕوو کـە دەیـەوێ بیکات، ئێمە ئەگەر دەمانەوێ ئەو کێشانەی ئێستا هەن دووبـارە نەبنـەوە حەقـە بـە هـەموو لایـەکمان پشتگیری لـەو جۆرە چاکسازیانە بکـەین، هـەم ئێمـە وەکـو لیسـتی کوردسـتانی، هـەم بـەڕێز سـەرۆکی حکومـەت، هـەم بـەڕێزان لـە لیسـتە ئۆپۆزسـیۆنەکانیش ئـەوەتا لائیحەیـەکی هاوبەشـیان دەرکـردووە و داوای چاکسازی دەکەن لە حکومەتدا، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ڕاسـتە ئـەم کۆبوونـەوە سـەبارەت بـە کێشەو ڕووداوەکانی $2/17$ بەدواوەیە، بەڵام لە کۆمـەڵێك و لایەنـە و لـە کۆمـەڵێك هـاوڕێ بـەڕێزەکانم لاماندا لە بەرنامەی کارەکەش، من پرسیارێکم هەیـە لەگـەڵ داواکاریـەك لـە سـەرۆکی حکومـەت، بـەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارو داواکاریەکە بەڕاستی دەمەوێ لێرەدا دەست خۆشـی لـە بـرای بـەڕێزم کاك پێشەوا بکەم بۆ ئەو پێشنیارە جوانانەی کەوا دەری بڕی لە لیستی گۆڕاندا بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو کێشانە بخەینە لاوە، پێویستمان بە دیالۆگێکی نیشـتمانی هەیـە هیـوادارم هـەموومان بتـوانین بـەو جۆرە نەفەسە ئیش بکەین هەم بێ دەنگ نەبین لە ئاست ئـەو کێشـە و گرفـت و موخالەفاتانـەی کـەوا هەن و هەم پشتگیری لە شتە باشەکانیش بکەین، بەڕێز سـەرۆکی حکومـەت داواکاریەکـەی مـن ئەوەیـە لەبەڕێزتان کە ئێمـە تـاوەکو ئێسـتای لەگـەڵ دابـێ خۆپیشـاندانەکان بـەردەوامن ئـاخۆ بـەڕێزتان وەکـو حکومەت تاچەند هەنگاوتان ناوە ئەو داواکاریە ڕەوایانەی خۆپیشاندەران جێ بەجێ بکرێت؟ بۆیە مـن داوا دەکەم لەبـەڕێزتان کـەوا لـە زووتـرین دەرفـەت دا هـەر لـەم هەفتەیـەدا کۆبوونەوەیـەکی تایبـەتی ئەنجومەنی وەزیـران تەرخان بکرێت بەداواکاریەکانی خۆپیشاندەران، بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت هەریـەکێك لە وەزارەتەکان لەلایەنە جیاجیاکـان ئـەو داواکاریانـەی کـەوا تایبەتـە پێیانـەوە جـێ بـەجێ ی بکـەن و هەنگاوی بۆ بنێن، بەڕێز سەرۆکی حکومەت من پرسیارێکم لە بەڕێزتان هەیە، ئەوەی تاوەکو تا ئێستا دەیبینین خۆپیشـاندانەکان زۆربـەی هـەرە زۆری یـاخود لـە شـاری سـلێمانی دا هـەن، پرسـیارێك لـەنێو خەڵك داهەیە و ئەوەیە کە لەشاری سلێمانی دا پرۆژە خزمەتگوزاریەکان وەکو پێویست نەکراون، بۆیـە ئـەم خۆپیشـاندەرانە نـاڕازین، بۆیـە داوا لـە بـەڕێزتان دەکـەم کـەوا هـەم سـەرۆکی حکومـەتن و کـەوا سەرجەم شارەکانی کوردستان بۆ بەڕێزتان وەکو یەکە و هەم لەلایەکی تریشەوە بەڕێزت خـۆت خـەڵکی شاری سلێمانی ئاخۆ تا چەند توانیوتانە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەم شارە بکەن؟، ئاخۆ ئەم قسەیەی دەکرێت ڕاستە یاخود نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بریندارەکان پرسیار لە کاك د. بەرهـەم دەکـەم، بۆچـی کەمتەرخـەمی کـراوە تـا ئێسـتا لـە بریـنـدارەکان بـۆ چارەسـەرکردنیان و ناردنـەوەیان بـۆ ئـەوەی بیاننێرنـە دەرەوە، لەبەرئـەوەی ژیـانی زۆربەیان لە مەترسی دایە، پرسیارێکی ترم هەیە لە جەنابی، مابەینی خـۆی و خـەڵك لەیـەکتر دوورن، پێویستە جەنابی لـە هەفتـەی ڕۆژێـك دانـێ بـۆ ئـەوەی چـاوی بـە خـەڵك بکـەوێ بزانـێ داواکاریـەکانی

خەڵك لە نزیكەوە وەربگرێ و بزانێ خەڵك چ موعاناتەكی هەیە و لە نزیكەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ دانێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بلال فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، پێشەكی حەز دەكەم بەخێرهاتنی بەڕێز كاك د.بەرهەم بكەم، لەلایەكەوە خۆشحاڵم كە دەتوانم ڕووبەڕوو پرسیارەكانی خۆمان ئاراستە بكەین، لەو قەیرانەش دەرچووین كە پرسیار بنێرین و جوابی نەدرێتەوە، سەبارەت بەم ڕووداوانەی دوایی دیارە من كۆمەڵێك پرسیاری زۆرم هەبوو بۆ جەنابی سەرۆكی پەرلەمان كە وتی لەوە دەرمەچن كە لە 17 مانگەوە نەچنە دواترەوە، ئەوانی ترم واز لێ هێناو تەنها لەوانە دەست پێ دەكەم، بەس پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیارەكانم حەز دەكەم داواكاریەكانی خەڵك كە یەكێكە لە گرفتەكانی ئەمڕۆی هەنوكەیی كە خەڵك داوا دەكات عەدالەتی كۆمەلایەتی نیە و پێویستە بكرێت، داوای شەفافیەت دەكات، دەڵێن پلانی ئابووری نەبووە لە هەرێمی كوردستان، و جەدوای ئابووریش نەبووە بۆ پرۆژەكان و دەڵێن گەندەڵی هەیە و پێشێلكردنی یاسا و خەم ساردی بەرامبەر بە یاسا هەیە، گرنگی نەدان بە خوێنی هاوولاتیان هەیە، پێشیلكاری بەرامبەر بە مافەكانی مرۆڤ هەیە لە كوردستان، داوا دەكەن چاكسازی بكرێت لە هەرێمی كوردستان، چاكسازی لە سیستمی سیاسی هەرێمی كوردستان بكرێت، منیش ئەڵێم نەك ئەوانە، زۆر لەوانەش زیاتر هەیە بەس چۆن چارەسەری بكەین؟ دیارە من پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیارەكانم حەز دەكەم چەند شتێك بەبیر خۆم و ئێوەی بەڕێزیش بێنمەوە بەتایبەتی كاك دكتۆر، یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2010 ی یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان كە لەو پەرلەمانەی كوردستان دەرچووە، لەگەڵ كۆمەڵێك تێبینیم لەسەری، لە ماددەی 5 بڕگەی 2 دەڵێت (دەبێ دەزگاكانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن) ئەوە ڕوونە، پاراستنی خۆپیشاندەران ئەركی پۆلیسە، ماددەی 8 بڕگەی 2 لە خالی یەكەم دەڵێت(ئەگەر دەزگاكانی پۆلیس زەحمەتیان كێشا یان بۆیان زەحمەت بوو لەبلاوە پێكردنی خۆپیشاندەران وێڕای ئەوەی داوایان لێكرا و لەسەر ئەوەش سوور بوون بۆی هەیە هۆكاری مەدەنی بۆ بلاوە پێكردنی خۆپیشاندەران بەكاربهێنێ) زۆر ڕوونە كە بەكارهێنانی چەك وە گوللەی ئاگرین بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە، ماددەی 11 بڕگەی 1 دەڵێت (لە حاڵەتێك دا كە دەزگاكانی پۆلیس لە سنووری دەسەلات بەكارهێنانی هێز، هێزی لەڕادەربەدەر لە دژی خۆپیشاندەران ئەوا ڕێكاری یاسایی بەرامبەریان وەردەگیردرێت بە پێی یاسا جێ بەجێ كراوەكان)، ئەمە سەبارەت بە خۆپیشاندان بوو، دیسانەوە بڕگەیەكی تری یاساییمان یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005 یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ماددەی 10 بڕگەی 11 دەڵێ (سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە بەڕەزامەندی پەرلەمانی كوردستان هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێ)، ئەمەش ئەو قەزیەیە كە ئێستا هەیە، ئەمە چۆن كرا؟ جوولاندنی هێزی پێشمەرگە، من ناچمە سەر وردەكاری لەسەر 17 خاڵەكە، چونكە من جارێكی تریش من باسم كردووە و وردەكاریەكانم باس كردووە، بۆیە دووبارەی ناكەمەوە، بەس ئێستا

دەمەوێ بڵێم، بۆ نموونە چەند بڕگەیەك یان چەند خاڵێك لە 17 خاڵەكە نەك جێ بەجێ نەكراوە، پێشلكاری بەرامبەر دەكرێت، بەردەوامیش پێشێكاریەكان هەیە و ئەمڕۆ بە تایبەتی دووبارە بووەتەوە، كە ئەمڕۆ ئێستا جەنابی سەرۆكی حكومەت لێرەیە دەبووایە لای كەمی ڕێزێك بۆ ئەوەیان دانابا و ئەو پێشێلكاریانەیان نەكردبا، لە خاڵی 8 كە باس لەوە دەكات كە كەموكورتی هەبووە لە خاڵی 8 ی 17 خاڵیەكە مەبەستمە، باس لەوە دەكات كەموكورتی هەبووە لە بەرامبەر ڕێگری لە توندوتیژی خۆپیشاندەران، لەڕۆژی 17ی مانگ، پێویستە ڕێكاری یاسایی بگرێتە بەر حكومەت، پرسیار دەكەم لە جەنابی سەرۆكی حكومەت چیان كردووە بۆ ئەم خاڵە كە خاڵی 8ی ئەم 17 خاڵیەیە؟، هەر لەسەر 17 خاڵیەكە دیسان ئەنجومەنی دادوەری لە ڕۆژی 2/27 بە پێی بڕیارێكی پەرلەمان كە خاڵی 7 بڕیارە كە حكومكەت ئەنجومەنەكەی لیژنەیەكی باڵا دروست بكات بۆ لێكۆڵینەوە، لە 27 مانگ ئەنجومەنی دادوەری بەو نووسراوەی كە لەبەردەستی منە بڕیارێكی دەركردووە و داوای لەسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران كردووە دەڵێ (تكایە ئاگاداری هەموو لایەنی پەیوەندار لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە و پەیوەندارەكانی تر بكەنەوە بۆ جێ بەجێ كردنی بڕیارەكانی ئەم لیژنەیە لەگەڵ ڕێزدا)، دەپرسم لە جەنابی سەرۆكی حكومەت چیان كردووە بۆ ئەمە؟ ئایا ئەم لیژنەیان پێك هێناوە؟ ئایا بە دەنگ داواكەی ئەنجومەنی دادوەریەوە چوون یان نا؟ ............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

برای بەڕێز تكایە تیكرار نەبێت، وەخت زۆر زۆر درەنگە ئەوە هێشتا مەجموعەیەكی زۆر ماوە، رجائەن تەركیز بكەن و بۆ ئەوەی زوو تەواو بێت، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، هەڵبەتە من لە چوارچێوەی ئەو 17 خاڵەكەوە قسە دەكەم و دەرنەچووم و دوایی دووبارەش نیە ئەوەی من دەیڵێم، بەهەرحاڵ من پرسیارم هەیە لەسەری بۆچی تەقە لە خۆپیشاندەران دەكرێت و یاسای خۆپیشاندەران پێشێل دەكرێت؟، بۆچی پابەند نابن لە بنەماكانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان؟ بۆچی وا دەكات وكارێك دەكرێت وەكو سالاری هاوڕێم باسی كرد كە هەرێمی كوردستان بكەوێتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەوە حكومەت دەبێ جوابی بداتەوە، كۆمەڵێ خاڵی زۆرم نووسیوە بەڵام لەبەرئەوەی جەنابتان داواتان كرد كورتی دەكەمەوە، ئایا چیتان كردووە بۆ ئەوانەی هەڕەشەیان لێ دەكرێت بە بەردەوام؟ ئایا حكومەت مەسئول نیە لەو كەسانەی كە هەڕەشەیان لێ دەكرێت بە كوشتن؟ چیتان كردووە بۆیان؟ بەرنامەتان چیە بۆی؟ كاك د.بەرهەم شتێكی جوانی فەرموو باسی ئەوەی كرد كە كۆمەڵێك پارەی باشی گەڕاندووەتەوە بۆ خەزێنەی وڵات، دەست خۆشی لێ دەكەم، بەس دەكرێت پێمان بڵێی ئەم بڕە پارەیە چەندە و وردەكاریەكەمان بۆ باس بكەی؟ كە جەنابت فەرمووت لەسەر پارە هەموو تەفاسیلێكتان پێ دەڵێم، لە كوێتان وەرگرتووە و لە حیزبەكانتان كەم كردووەتەوە یان لەرێكخراوەكان؟ ئەو شەفافیەتەمان پێ بڵێ ی مەمنون دەبین، با بە وردی پێمان بڵێی چۆنی وەرگرتەوە و لە كێت وەرگرتەوە و چۆن بوو؟ یەعنی ئەوە شەفافیەتە نەك تۆ بڵێی 17 ملیۆنم وەرگرتووە، من نازانم ئەی لەوانەیە گومانم هەبێ، دوو 17 ی تریش مابێ؟ تەنها یەك نوقتەی تر

باس دەکەم ئەگەر چی 10 خاڵم ماوە، کاك دکتۆر باسی ئەوەی کرد کە ئەمڕۆ گوتی باسی 25 هەزار تەعیناتی کرد کە بۆ داهاتوو و بۆ ئەمساڵی 2011 بەرنامەیان هەیە، بەس من دەپرسم لە جەنابی کاك دکتۆر چۆن قەناعەت بە ئێمە دەکەی و دەتوانین ئێمە قەناعەت بە خۆمان بکەین ئەو 25 هەزارە وەکو 10 هەزارەکەی ساڵی ڕابردوو نابێتە 35 هەزار وەکو خۆشتان لە موقابەلەیەکی تەلەفزیۆنی وتتان بە ناعەدالەتی کراوە، چۆن ئەمەش وای لێ نایەت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش بەخێرهاتن کردنی بەڕێز د.بەرهەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری وای دەخواست کە کۆبوونەوەیەکی لەم شێوەیە پەلەتری لەسەر بکرێت یان کۆبوونەوەکە زووتر ساز بکرایە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی زیاتر لای جەماوەر لەسەر بابەتەکە هەبووایە وڕووداوەکانیش وەکو خۆی بگەیشتایەتە شوێنی خۆی، من هەوڵ دەدەم کە پرسیارەکانم لە 3 خاڵدا بە کورتی باس بکەم و ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی بکەم، بەڕێزان بەڕاستی یەکێك لەو خاڵانەی کە زۆر بەکەمی باسی لێوە دەکرێت و بەڕوونیش پێشێلکاری پێوە دیارە لە 17 خاڵیەکەی پەرلەمان، خاڵی 14 یە لە بڕیاری ژمارە 1ی پەرلەمانی کوردستان لەو هێرشە ئیعلامیەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەبیندرێ، چونکە پێم وابێ زۆرێکمان خۆمان لێ کەڕ کردووە لەم بارەیەوە، من پێم وایە خوێندوەشم وایە هیچ شتێکی لە سەنگەر لەیەکتر گرتن کەم ترنیە و بەشێکە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو کۆمەڵگاکەماندا، پرسیارەکەی من ئەوەیە لەبەڕێزیان ئایا لەم بارەیەوە ئەوەی کە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمەوە چیان لەم بارەیەوە کردووە؟، ئەوەندەی کە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی حکومەتی هەرێم چیتان لەم بارەیەوە کردووە وەکو ئەو پێشێلکارانەی کە لە دەزگا ئیعلامیەکاندا دەبینرێ لە هاندانی خەڵکی، پرسیاری دووەمم سەبارەت بە کەرتی کارەبایە و، وەلەو کە بەڕێزیشتان ئاماژەیەکتان پێی کرد بە وێستگەی چەمچەماڵ، بەڵام وەك دەزانین کە کارەبا یەکێکە لە سەرەکی ترین مافەکانی هاوولاتی یان با بڵێین خزمەتگوزاریەکی سەرەتاییەو، پێویستە بۆ هەموو کەسێك دابین بکرێت، بەڵام من ئەوەندەی کە وەك ئەوەی وەك کورد دەڵێت فامم کردووەتەوە، ئەوەندەی کە دەزانم لە کۆمەڵگای ئێمە گرفتێکی سەرەکیە لە نەبوونی کارەبا هەیە، پێم وابێ لە سەرەتای سەرهەڵدانی بارگرژیەکانیشدا ئەمەش داخوازیەکی سەرەکی بوو لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە و ئێستاش بەردەوامە، پلانی جەنابتان لەم بارەیەوە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان چیە؟، پرسیاری سێیەمم/ پێم وابێ کە دووبارەشە، بەڵام دەمەوێ لەبەڕێزتانەوە تەئکید بکەمەوە و باشتر ڕوونکردنەوەم بۆ بدەی، ئەویش ئەوەیە کە گلەیی و ناڕەزایی خۆپیشاندەران یان با بڵێین شەقام ئەوەیە کە بە دەنگەوە چوونی ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەبووە، نە لەبەرئەوەی کە بەدەمەوە چوونی بۆ وەڵامەکان نەبووە، وەڵام وەرنەگیراوە و بەوەی کە ئەمە داخوازی ڕەوایە و ئێمە قەبوڵمانە، بەڵکو

لەسەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەچووەتە سەر خەت، یەعنی ڕاستەوخۆ نەچووەتە ناو خۆپیشاندەرانەوە کە گوێ لە داخوازیە ڕەواکانیان بگرێت، پێشنیارەکانیان وەرگرێت، لەنزیکەوە تێکەڵیان ببێت، بەڕاستی ئەمەش وای دەخواست کە لەوێ بن بۆ ئەوەی متمانە و دڵنیایی زیاتر لەلایەن جەماوەر وشەقامەوە دروست بێت، بەڵام بەڕێزتان ڕوونکردنەوەیەکی بچووکتان داو من لە بەڕێزت ڕوونکردنەوەیەکی زیاترم دەوێت لەم بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمه سعيد فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەکەین، من پێموایە بەدوور لە حەساسیەتی حزبی و بە دوور لە حەساسیەتی سیاسی و بەدوور لە حەساسیەتی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات وەکو شتێکی میهەنی و پرۆفیشنەڵی کاك د.بەرهەم خۆی ژیاوە و لە غەرب و لە ئەمریکا عیلاقەی بەینی حکومەت و پەرلەمان دەزانێ و باشتریش وەکو ئەو مەنتەلقە وەری گرێت، هیوادارم بۆ پێش 17 شوبات، پێموایە دەیەها پرسیار هەیە، وە داواکارم ئەو پرسیارانە وەزیرەکان بانگ بکرێن بۆ وەڵامدانەوە لەناو پەرلەماندا، ڕووداوەکانی 17 شوباتیش تەراکومی کۆمەڵێ هۆکاری جدی و گرنگ و گەورەی هەیە، بەڕێز وەڵامی پرسیارەکانم بە موحەدەدی هیوادارم بداتەوە، تەحریم و تەجریمی تەقە کردن کراوە، ئەم حاڵەتە بۆ؟ کێ لێی بەرپرسیارە؟ ئیجرائات چی کراوە؟ خاڵێکی تر جوڵاندنی هێز لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمدایە، کێ جوڵاندی؟ .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تیکرارە، رجائەن تیکراری مەکەوە، کاکە پێنج، شەش کەس باسی هێزیان کرد سەلامەت بی، کاك حمه سعيد فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش ئەو هەموو هێزە زۆرە لە سلێمانی و گەرمیان و کەلار و سەید سادق و شارەزوور و هەڵەبجەی شەهید و چەمچەماڵ و ڕانیە و کۆیە و قەڵادزێ بۆچی و کێ بەرپرسیارە و جوڵاندنەکەی بۆ؟ بۆ ناگەڕێندرێنەوە شوێنەکانی خۆیان؟، ئەو هەموو هەڕەشە و تەلەفۆن و تەهدیدە و کۆکردنەوەی هێز لە دەوری بارەگای هەندێ حیزب و ماڵی هەندێ بەرپرس بە ئەمری کێیە؟ جەنابت بەرپرسیاری، ئەمە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و یاسای سەروەری دا ناگونجێ و یەك ناگرێتەوە، خاڵێکی تر سووتاندنی خێمەکانی سەرای ئازادی و گرتنی نزیکەی 15 کەس، کێ گرتنی و کێ عەمەلیەکەی کرد؟....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە تیکرار مەکەوە پرسیاریان کردو جوابی دا و جارێکی تر پرسیاریان کرد، کەرەمکە و بڕۆ سەر خاڵێکی تر، کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چۆن وابکەین متمانە بۆ خەڵك بگەڕێنینەوە لەگەڵ شاردنەوەی هەموو ئەو ڕاستیانەو دەرنەخستنی بەرپرسەکان و کەسە مەسئولەکان لێی و ئیجرائات نەکردن بەرامبەریان، خاڵێکی تر چی دەڵێیێ و چی دەکەی بەهۆی دیار نەبوون وشاردنەوەی ئاسەواری جەریمە کە شاردراوەتەوە، تەحقیقات بێ ئەنجام دەبن، ئەی بڕیار و هەڵوێستتان دوای ئەوە چی دەبێت؟، بەداخەوە وەکو بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆمار تەئکیدیان کردەوە و هەموو لایەك تەئکید لە 17 خاڵەکەی پەرلەمان دەکەنەوە، بەڵام نەك جێ بەجێ نەکراوە، خروقاتێکی زۆری بەرامبەر کراوە، ئەو کەسانەی بەرپرسن لەو خروقاتەکە کێن؟ ئیجرائات چی کراوە بەرامبەریان؟ خاڵێکی تر ئایا لە ماوەیەکی قیاسی دا وەڵامی داخوازیە هەنووکەییەکانی خۆپیشاندەران و جەماوەر بە عەمەلی و جدی دراوەتەوە، نەك وەڵامی مەتاتی و عومومیات بۆیان، ئەمان ئێستا چاوەڕێی وەڵامی عەمەلی و جدی لەبەڕێزتان دەکەن، مەسئولیەتی بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخە سیاسیە، کۆمەڵایەتیە، ئیداریە، ئەمنیە، دوای 17 شوبات لە ئەستۆی حکومەت دایە، بەتایبەتی بەڕێزتان، هیوادارم وەڵامێکی عەمەلی بدرێتەوە، چونکە وتەی عالمێك هەیە ودەڵێت (ئەگەر کەسێك قورئان بخوێنێ و کەسێ قورئان تەتبیق بکات وەکو ئەوە وایە تۆ نامەیەك بنووسی بۆ دۆستێکت و پێی بڵێی فلان ئیشم بۆ بکە) لەشەو و ڕۆژێك دا هەزار جار بیخوێنێتەوە، بەڵام یەك کەلیمەی لێ تەتبیق نەکات، بەس کەسێکی تر بێت بە عەمەلی تەتبیقی بکات، فەرقیان زۆرە، کەواتە ئێستا هەموو لایەك چاوەڕێی جێ بەجێ کردن و بە عەمەلی کردنی ئەو پرسیارانەن کە لەبەڕێزیان کرا و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا وات کرد ئیتر کەس قورئان نەخوێنێ، کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێگەیشتنی هەڵە نەکرێت لەو قسەیە، ئەوە قسەی من نیە، قسەی عالمێکی بەرزی ئیسلامە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا تەسەور دەکەم برادەران زۆربەی قسەکانیان کرد، بەڵام ئەگەر وەکو ئەوەی مامۆستا حمە سعیدی لێ بکرێت، منیش هەر تەنها بە کورت کراوەیی کە هەوڵیش دەدەم تیکراری نەکەمەوە، من ئەوە دەڵێم لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت دا بکەینەوە ئەویش ئەوەیە کەمتەرخەمی و کەموکوڕی هەیە،

بەڕێزیشی تەئکیدی کردەوە لەوەی کە کەموکوڕی هەیە لەوانەیە کە تێڕوانینی من بۆ کەموکوڕی لەوە بێت کە زۆر زیاترە لەوەی کە کەموکوڕی هەیە، لەوانەیە تێڕوانینی من بۆ کەموکوڕی ئەوە بێت کە زۆر زیاترە لەوەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەیبینێ، من سێ ڕووداو باس دەکەم کە لەدوای 17ی مانگەوە ڕوویداوە، پرسیارەکەشم هەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، لەڕاپۆرتی لیژنەکەی کە سەرجەم فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان ئەندام بوون تێیدا، هەمووومان ئیمزامان لەسەر ئەوە کردووە، کە لەدوای بڕیارە 17 خاڵیەکەوە تەقەکردن بەردەوامە، وە من ئەگەر ئیزافەیەکیشی بۆ بکەم ئەوەیە کە لەدوای ئەوەوە 7 کەسی تریش کوژراوە، کە پێش ئەوە یەك کەس شەهید بوو، ڕووداوێکی تر ئەوەیە هەر لە ڕۆژی 17ی مانگ کە ئەو ڕووداوە ڕوویدا، ئەمە تەشهیر نیە، کە ناوی لایەنەکە دەهێنم، ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسیەکەی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو ئاماژەی بەوەدا کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بەرپرسە لەوەی کە ئەو ڕووداوە لە سلێمانی ڕوویداوە، مەبەستی قسەکەی من ئەوەیە کە ئەمە بۆمان دەسەلمێنێ کە تا ئێستا دوو ئیدارەیی لە کوردستان وجودی هەیە، بەڕاستی سەیرکە کەمتەرخەمیەکە لەخاڵی یەکەمدا سەری کێشاوە بۆ ئەوەی کە تەقە لەخەڵك دەکرێت و خەڵك شەهید دەکرێت، یەعنی گەشتووەتە خوێن ڕشتن، یەعنی ئیتر کەموکوڕی تا کوێ بڕوات؟، لەخاڵی دووەمدا ئەوەی کە ئێمە لەدوای ئەوەی کابینەی پێنجەم تەواو بوو، ئەوە کابینەی شەشەمیش ساڵ و نیوێکی تێپەڕاندووە، بەس دیسانەوە ئاماژەکان پێمان دەڵێن، کە تا ئێستا دوو ئیدارەیی وجوودی هەیە، کە پێشتر ئێمە دەمانووت قسەکە وەرنەدەگیرا، بەس ئێستا ئەوە ئیعتراف دەکرێت، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەمە لە ڕاستیدا قسەی خۆپیشاندەرانە، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا دەڵێن ئێمە ئەو شەوەی کە خێمەکان سووتاون، قسەمان لەگەڵ بەرپرسی ئاسایش کردووە، ئاماژەی بەوەداوە کە ئەمە قسەی من نیە، تکا دەکەم بۆ ئەوەی تێبگەن، لایەنێکی توندڕەوی ناو یەکێتی بەرپرسە لەوە، جا من ئەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم، کە ئەمانەی ڕوویداوە، هەر بۆخۆیان پێویست ناکات من بیکەم بەپرسیار، چونکە خۆیان پرسیارن، یەعنی هێزێکی نیشتمانیمان نیە، هی حزبیە، چونکە بەرپرسی ئاسایش وادەڵێت، تەقە لەخەڵك کراوە نایاساییە، دوو ئیدارەیش هەیە کە ئەوەش هەر نایاساییە، ئەمەوێت ئەوە بڵێم لەناو یاسا شتێك نیە بەناوی کەموکوڕی، یەعنی شتێك نیە من لە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی قبوڵ بکەم، تەبعەن وەکو شەخص نا ئەم قسەیە، وەکو پۆستەکەی، قبوڵی ئەوە بکرێت لەڕووی یاساییەوە مەبەستمە، کە کەموکوڕی هەبێت، چونکە یاسا یەعنی بنبڕکردن، نەك بوونی کەم کردنەوە، کەمکردنەوە وجودی نیە لەناو یاسادا کاتێك تۆ دەڵێیت تەقەکردن قەدەغەیە یەعنی ئەبێ بنبڕ بکرێت، نەك ئەوەی کە هەیە و لەبەر ئەوەی کە لایەنێکی سیاسی قەینا با خاتری بگرین، وە نابێ پێشمەرگەکانیان بگیرێت مەسەلەیەکی لەو بابەتە، ئەمە یەکێك لەقسەکانم، قسەیەکی ترم، ئەوەیە کە بەڕاستی هەموو جارێك و ئیستاش بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو هەوڵی ئەوە دەدات چاکسازی بکرێت، لەوانەیە منیش شایەتی ئەوەی بۆ بدەم، لەوانەیە یەکێکی تریش شایەتی بدات، بەڵام قسەکە ئەوەیە کەخۆشت ئیعتراف دەکەی کە ڕێگری هەیە، بەڵام ئەم ڕێگرییە من نیم وەکو موعارەزە، باسی ئەوەشت کرد کە ئێمە زۆرجار ڕەخنەکانیشمان لەڕادە بەدەر تێدەپەڕێت، بەڵام کاتێك بودجەی ئەحزاب ئاشکرا ناکرێت، خۆ بودجەی

حزبەکەی من دیارییە، بەس ئەوە بودجەی یەکێتی و پارتیە دیار نیە، لەبەر ئەوەی ئەو لایەنەی کە هەم تۆ وەکو جێگری سکرتێری گشتی تەمسیلی دەکەی، هەم وەکو نوێنەری لیستەکەش کە سەرۆکی حکومەتی و ئەو متمانەی پێداوی، هەر ئەو لایەنەیە کەموکوڕی ئەکات، کەواتە تۆ دووجار بەرپرسی، قسەکەی منیش ئەوەیە کە ئەگەر قسە لەسەر بەردەوام بوونی ئەم کابینەیە دەکەین، قسە لەسەر بەردەوام بوونی کارەکانی بەڕێزت دەکەین، منیش لەگەڵتم بەردەوامبە لەکارەکانت، بەڵام تکایە، با قسەکردنەکانمان و قسەکردنەکەی بەڕێزیشت لەمەودوا لەسەر بنبڕکردنی کەموکورییەکان وکێشەکان بێت، نەك ئەوەی کە هەموو جارێك کێشەیەك ڕوودەدات، کاتێك کە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری نایەت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەندەڵی لەکوردستاندا وجودی هەیە، ناکرێت بیانوو بهێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە کەموکوڕی هەیە، بەس با ئێمە چاوپۆشی بکەین، قسەکە ئەمەیە، سەرۆکی حکومەت بەرپرسیارە لە بنبڕکردنی کەموکورپیەکان و نەهێشتنی کێشەکان، ئەگەر بەڕێزت دەتەوێ لەسەر ئەم بنەمایە بەردەوام بیت، ئەوە ئێمەش هاوکارت دەبین، بەڵام بەڕاستی با ئیتر نەئێمەو نە ئەو برادەرانەی لیستی کوردستانیش کە دەنگیان بەبەڕێزت داوە، ئەوانیش ئەوە قبوڵ نەکەن، کە لەمەودوا لەژێر هیچ بیانوویەکدا درێژە بەم کارە بدەین، کە کێشە هەیە، کەموکوڕی هەیە، بەڵام ناتوانین بنبڕی بکەین، لە ئێستاوەو لە پێشتریش ئەمە هەر کاری جەنابت بووە، کە ئەبێت بەڵێنی بنبڕکردن بدەیت، نەك کەمکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە پەریهان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر زۆر بەکورتی باسی دەکەم، لەبەر ئەوەی هاوکارانم زۆر باسیان کرد، نموونەی زۆریان هێنایەوە، بەڵام من دەمەوێت ئەم کێشە حسابیەم بۆ حەل بکەن، لەدوای ڕووداوەکانی 17ی شوبات، بۆم دەردەکەوێت بەپێی ئەم ڕاپۆرتە کە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بۆمان نێردراوە، کە ئەمە بەڵگەو دۆکۆمێنتێکی زۆر زۆر بەهێزە کە کەمتەرخەمی هەیە لەلایەن حکومەتەوە، وە ئەوان گلەییەکی زۆر زۆریان هەیە لە حکومەت، هەر دوای 17ی شوبات، هەر لەو ڕۆژەوە کابینەکەی بەڕێز دکتۆر بەرهەم، سێ یاسای پێشێلکردووە هەر لەو ڕۆژەدا، یاسای خۆپیشاندان، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، یاسای ڕۆژنامەگەریش، هەر پێنج وەزارەتی لەهەمان ڕۆژدا کەمتەرخەم بوون، کە ئەمانە بوون، وەزیری ناوخۆ، کە نەیتوانیوە بەپێی توانا پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان لەشوێنی ڕووداوەکان بن بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزینە ڕوونەدات، وەزیری پێشمەرگە، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیری تەندروستی، من ئەڵێم ئەگەر ئێمە یاسامان هەبێت، بەپێی ئەوە ئەگەر هەر هاووڵاتیەك خەرقی ئەم یاسایە بکات، ئایا سزای چیە؟، لەکاتێکدا کە ئێمە کابینەی حکومەتمان هەیە، کە بەرپرسە لەپاراستنی موڵك ومالّ وژیانی هاووڵاتیان، ئایا ئەمە سزاکەی چۆن دەبێت، وەزارەتی تەندروستی، من نموونەیەك دەهێنمەوە کە من خۆم لەو وەزارەتە ئیش دەکەم، کە نەیتوانیوە ئێمە حەوت شەهیدمان هەبووە، زیاتر لە 250 برینداریش، کە برینداری سەختی تێدا بووە، ئەم وەزارەتە نەیتوانیوە بەپێی پێویست

چارەسەری ئەم بریندارانە بکات، بەپێی فەرمانی مەڵبەند، نێردراون بۆ دەرەوەی وڵات، ئایا هەر لەسەر ئەم نموونەیە، کەمتەرخەمی وەزارەتێك دەرناخات، نا لەبەر ئەوەی کە دکتۆرمان و کارمەندی تەندروستیمان 24 سەعات ئیش دەکەن، نا لەبەر ئەوەی کە پسپۆڕمان نیە، نا لەبەر ئەوەی کە بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان نەکراوە، لەبەر ئەوەی کە موقەسر بووە لە ئەدائی خۆیدا، من ناچمە سەر ئەوانی تر لەبەر ئەوەی هاوکارانم زۆر زۆر باسیان کرد، بەڕەئی من ئەوەی کە خەرقی یاسا بکات، یاسا جێبەجێ نەکات، ئێمە بەهاووڵاتی ئاسایی دەڵێین، ئەبێ سزای بدرێت، سزای ئەوەی کە کابینەیەکی حکومەت موقەسر بێ بەڕاستی بەڕای من با دەست لەکار بکێشێتەوە، تا لەم قەیرانە سیاسیە دەربچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارەکانم دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەو مەوزوعانەی کە من باسی دەکەم، هاوشێوەن لەگەڵ مەوزوعی هاوڕێکانم بەڵام من پرسیارەکانم جیاوازە، بۆیە تکا دەکەم کە پێم قەتع مەکەن، پرسیارەکانم زۆر ڕوون وئاشکراو سنووردارن، تکا لەبەڕێزت دەکەم زۆر بەڕوونی و بەکۆنکرێت وەڵامم بدەرەوە، خاڵی یەکەم، ئەمڕۆ 20 ڕۆژ بەسەر ڕۆژی 17ی خوێناوی شاری سلێمانیدا تێدەپەڕێت، لەماوەی ئەم 20 ڕۆژەدا، 8 شەهید هەیە، بە دەیان بریندار هەیە، بەسەدان گیراوی نا یاسایی هەیە، چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن سووتێنراون، چەندین بارەگا زەرەری پێگەشتووە، تا ئەم کاتە، گرتن و ڕاوەدوونانی خەڵك و ڕۆژنامەنووس بەردەوامە، لەقسەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت تێگەیشتین کە تا ئەمڕۆ کەس نەگیراوە، لە هەر وڵاتێك لەهەر سیستەمێك،لەهەرحکومەتێك، بانگەشەی دیموکراتی، سەروەری یاسا، ئازادی بکات، ئەم حکومەتە، ئەگەر خۆی هەڵنەوەشێنێتەوە هەر هیچ نەبێ کۆمەڵێك بەرپرس ووەزیر سزای قورس دەدات، من پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا بۆ هەرێمێ حکومەتەکەی کە بانگەشەی ئازادی و دیموکراتی وسەروەری یاسا ئەکات، ئەمە حاڵەتێکی تەندروستە دوای 20 ڕۆژ لەم هەموو کوشتار وگرتن وڕاوەدوونانە، تا ئێستاکە کەس نەگیرابێ؟، پرسیاری دووەم: لەسەر کەناڵی ئاسمانی نالیایە، دیارە بەپێی ڕوونکردنەوەی هاوڕێکانمان، وە بەپێی زانیارییەکانمان و بەدواداچوونی خۆمان، شەش لە سووتاوە تۆمەتبارەکان، یەکەم شەو براونەتە نەخۆشخانەی (ئیمێرجنسی) لەوێ تەداوییان بۆکراوە، داخڵکراون و تەبەڵەیان بۆ پڕکراوەتەوە، بەپەلە هێنراونەتە هەولێر، لە هۆبەی ژنان دانراون، دوانیان لە مەتاری هەولێرەوە براون بۆ تورکیا، من پرسیارەکەم ئەمەیە، ئایا چ سزایەك دەدرێت بەوەزیری تەندروستی و کاربەدەستەکانی، کە ئەم هەموو بێ یاساییە لە نەخۆشخانەکانی دەکرێت، ئەم هەموو گوێزانەوەی نەخۆش و بریندار وسووتاوە تۆمەتبارانە، ئایا ئەمانە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەکرێنەوە؟، پرسیاری دووەم لەسەر نالیا بوو، دیارە کە چ هێزێك ئەمەی کردووە...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، نالیا تەواو بوو، هەموو برادەران باسیان کرد.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وتی هەمان مەسەلەیە بەس پرسیارەکەم جیاوازە، پرسیارەکەم ئەمەیە، 50 کەس لەم هێزە کە یەکێکیان دژە تیرۆرە، جووڵێندراون و هێنراون، ئەوەی نالیایان سووتاندووە، بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە هەیە، دیارە ئەو هێزانە دوایی چوونەتە چ جێگاو ماڵێك، پرسیارەکە ئەمەیە، ئەگەر ئەو 50 کەسە، بەرپرسێك نەی جووڵاندبێتن، خۆیان لەخۆیانەوە چوون ئەمەیان سووتاندووە؟، ئایا ئەم هێزە خۆی جووڵاوە، یان مەسئولەکەیان جووڵاندوویەتی، ئەگەر مەسئولەکە جووڵاندوویەتی ئایا ئەم بەرپرسە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە؟، یان هەر وەك هەمووجارێك کوڕی فەقیر و هەژار یاسایان بەسەردا جێبەجێ دەبێت؟، مەسەلەی ئەوەی بەردەرکی سەرا شەوی 5 لەسەر6، من وا تێگەشتم ئەمە بۆ بڵاوە پێکردنی بەردەرکی سەرا بووە، بڕیارێك هەبووە لەلایەن ئاسایشەوە جێبەجێ کراوە، بەس بڕیاری سووتاندنی خێمەکانیان پێ نەبووە، من پرسیارەکەم لە بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئەوەیە، ئایا بەڕێزیان شەرعیەت دەدات بەم کارە؟، کە سووتاندنی ئەو هەموو خێمەیە، بردنی هەموو ئەو ئامێرانە کە بایی 27 وەرەقەیە، بردنی کۆمەڵێك گەنجیش، ئایا ئەمە شەرعیەتی پێ نادات و ئیدانەی دەکات؟، ئەگەر ئیدانەی دەکات؟، ئاسایشی سلێمانی ڕوبەڕووی سزای یاسایی دەکاتەوە، ئایا لەو ڕۆژەوە لە 17ی مانگەوە چەندین پەیامنێرو کەناڵ ڕوبەڕووی توندووتیژی بوەتەوە؟، ئایا بەرپرسانی وەزارەتی ڕۆشنبیری سەبارەت بەپێشێلکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری رووبەڕووی سزای یاسایی دەبێنەوە؟، چ ئیجرائاتێك کراو؟ تا ئێستا لەگەڵ کێ کراوە؟، من پرسیارێکی ترم هەیە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ئایا چاککردنی بازاڕی سلێمانی و ڕەوشی بازرگانی بەوە دەبێت کە داخوازییەکانیان وەڵام بدرێتەوە؟، یان سەرکوتی خۆپیشاندەرەکان بکرێت؟، مەسەلەی جوڵاندنی هێزەکان، من پرسیارەکەم ئەمەیە، پرسیارەکەی من جیاوازە، دیارە ئەم هێزانە جووڵێندراون، ئەمە پێشێلکردنی یاسای سەرۆکی هەرێمە، یاسای وەزارەتی پێشمەرگەیە، یاسای خۆپیشاندانە، کە ئەم هێزانە بە نایاسایی جووڵێندراون، ئایا لێپێچینەوە دەکرێت لەبەرامبەر ئەو کەس ولایەنانەی کە ئەم هێزانەیان جووڵاندووە، ئایا سزای یاسایی دەدرێن، یان ئەمانە حەسانەیەکیان هەیە بپارێزرێن؟، چونکە لەو کاتەدا فەرماندەی هێزەکانی هەرێم لەوکاتەدا لە هەرێم نەبووە، کێ ئەمانەی جوڵاند پرسیار کراوە، من دەمەوێت بزانم ئایا ئەمانە ڕوبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە؟، من پرسیارێکی ترم ئەوەیە دیارە ئێمە بە ئاشکرا بینیمان دوای ڕووداوی 17ی خوێناوی سلێمانیەوە، دوو هێز هەیە هی پێشمەرگە، بەڵێ دوو دەزگای پۆلیس هەیە، بەڵێ دوو دەزگای ئاسایش هەیە، هەر بۆ خۆشی بەرپرسەکانی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوانەی سلێمانی بۆیان نایەت بڵێن زێرەڤانی، دەڵێن زرەڤانی، کەواتە ناوەکەشی نازانێت، ئەمە هێزێکە سەر بەوەزارەتەکەی ئەوە، ئایا بەردەوام بوونی دوو وەزارەتی پێشمەرگە، دوو وەزارەتی ناوخۆ، دوو ئاسایشی، بوونی ئەم هەموو هێزە کە کەس نازانێ کێن، بوونی دوو وەزارەتی دارایی، کە هەرێمەکەمان لەت ئەکات، یان ئەو هێزو لایەنانەی کە داوای یەکگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەییە دەکەن، کامیانن بەرپرس، ئەوەی دوو لەتی کردووە و بەردەوامی پێدەدات، یان ئەوەی کە دەیەوێت ئەم دوو لەت

بوونیە نەمێنێ و یەك بگرێتەوە، من ئەخێر قسەم ئەوەیە، دوای لێبوردن دەكەم كەمێك ناساغم بۆیە مەجالم بدەن، دوا قسەم ئەوەیە، ئێمە وەك خۆمان كێشەی شەخصیمان لەگەڵ هیچ كەسێك نیە، وە من بۆ خۆم نكولی لە توانای سەرۆكی حكومەت ناكەم، بەڵام كێشە لە سستمی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمەدایە، كێشە لە حكومەتێكی هەتا ئێستا 50 بە 50 ی دوو ئیدارەیی حزبیدایە، بۆیە پێم وایە ئێستا بۆ ئەم بارودۆخە، وە بینیمان لەماوەی هەموو كابینە یەك لەدوای یەكەكاندا بە كابینەی شەشەمیشەوە، نەیتوانی سستمی سیاسی بگۆڕێت، نەیتوانی وا خۆی بگونجێنێت كە كۆمەڵێك هەنگاو بنێت بۆ گۆڕینی ئەم سستمە، وە ئەو داواكارییانەی كە خۆپیشاندەران هەیانە، زۆربەی هەرە زۆری بۆ گۆڕینی سستمی سیاسیە بەئاراستەیەك كە چاكسازی ڕیشەیی بكرێت، كەمن بۆ خۆم پێم وایە، ئێستا ئەم حكومەتە، شكستی خواردووەو ناتوانێت بەم شێوەیە وەڵامی ئەم داخوازییانە بداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە خۆی خراپە، خۆی ناتەندروستە ناڕێكە، هەر بەرپرسێك لەناو ئەم سیستمەدا بێت، یان ئەبێت لەگەڵ ڕەوتەكەدا بڕوات یان وەك بەڕێز سەرۆكی حكومەت وتی، نایەڵن ئیشەكانی بكات، جا بۆ ئەوەی حكومەتێك هەبێت وەڵامی داواكاریی خۆپیشاندەران بداتەوە كە ڕێگایەك بۆ چاكسازی سیاسی لەم هەرێمەدا، من بۆیە بەڕێزەوە داوا دەكەم سەرۆكی حكومەت خۆی دەست لەكار بكێشێتەوە، وەك كاك بیلال وتی بۆ دین و دونیای باشە، ئەگەر نا بەڕاستی من داوا دەكەم پەرلەمان متمانە لەم حكومەتە وەربگرێتەوە، بۆ دروست كردنی حكومەتێكی ئینتیقالی بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی خۆپیشاندەران، كە بەئاراستەیەكە بۆ چاكسازی سیاسی، بنەڕەتی لەهەرێمەكەمان بۆ دواتر ئامادە سازی بۆ هەڵبژاردنێكی پێش وەخت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك اسماعیل گەڵاڵی، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەڵاڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی حكومەت، خوشك وبرایانی بەڕێز، سەرەتا با ئەوە بۆ جەنابی كاك دكتۆر بەرهەم ڕاست بكەمەوە، گەنجانی شارەكەی تۆ ناوی بەردەركی سەرایان گۆڕیوە بۆ سەرای ئازادی، لە چاوپێكەوتنێكی بەڕێزت كە لە هاووڵاتی كردووتە لەم نزیكانەدا، ئەفەرموویت، ئەگەر چارەسەری ڕیشەیی سیستمی سیاسی ئەم وڵاتە نەكرێت من دەست لەكار دەكێشمەوە، من لەجەنابت دەپرسم، هێز لەم وڵاتەدا جوولەی پێ دەكرێت، هێزی زێرەڤانی جولەی پێدەكرێت بۆ شارێكی تر كە تەوەقوع دەكرا كارەساتی زۆر خراپتری لێ بكەوێتەوە، جەنابت ئاگات لێی نیە، بە ئیعتراف جەنابت وە من خۆشم سەردانی وەزیری مالیەم كرد، هەتا ئەم دەقەیە دوو وەزارەتی مالیەمان هەیە، گەورەترین دەزگای مەعریفی لەم وڵاتەدا، بە ئەمری ڕێكخراوێكی قوتابیانی حزبی دادەخرێت، لەلایەن جەنابتەوە، بەشێوەیەك لە شێوەكان، هێزێكی خۆپیشاندەرت بەوە تاوانبار كرد كە دەیەوێت هەرێمی كوردستان پارچە پارچە بكات، كە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڕاستی ببووره ئەمە جۆرێك لە تەخوین كردنە، هەتا ئێستا تەزكیەی حزبی هەیە، بۆ 37 هەزار دینار، جەنابی دكتۆر ئێمە باقەیەكمان لەو تەزكییانە لەگەڵ هاورێم كوێستان خان برد بۆ وەزیری مالیە، 37 هەزار دینار چ مەبلەغێكە؟، بەڕاستی من وامزانی ئەو مەبلەغانە لەداهاتی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان دەردەچێت، كە جەنابی وەزیری مالیە بۆ ئێمەی پشت ڕاست كردەوە، نەخێر ئەوە پارەی وەزارەتی مالیەیە، یەعنی داوای تەزكیە دەكرێت بۆ 37 هەزار

دینار، جیاوازی مووچە تا ئێستا هەیە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، دوای ئەوەی لیژنەی ناوخۆ هەوڵێکی زۆر زۆریاندا تا ئێستاش جیاوازی مووچەی پۆلیسی هەرێمی کوردستان و عێراق بە 110 هەزار دینار جیاوازیمان هەیە، ئایا بەڕاستی بەڕێز وەك جەنابت بڕیارتداوە، ئەگەر چارەسەری ئەم کێشانە نەکرێت دەست لەکار دەکێشیتەوە، ئایا بەڕاستی ئەو قەناعەتە بۆ تۆ دروست نەبووە کە ئەو کێشانە کێشەی موزمینن؟، بەڵێ کێشەی کابینەکانی پێش جەنابتن، کێشەیەکن کەڵەکە بوون، ئەمڕۆ لەشانصی جەنابت ئەمڕۆ تۆ سەرۆکی کابینەی، ئایا قەناعەتت بەوە هەیە، لە سەر دەستی جەنابت ئەو کێشە موزمینە گەورانە چارەسەر بکرێن؟، کە حزب تا سەر ئێسقان چووەتە ناو هەموو دامودەزگایەکی ئەم وڵاتەوە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، سوڵتان قابوس، تەنها یەك خۆپیشاندان کرا لە مەملەکەتەکەی، 11 وەزیری گۆڕی، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە جەنابت دەست لەکار بکێشیتەوە؟، من هیوادارم بۆ ئەوەی لەو کێشانە ڕزگارمان بێت، بۆ ئەوەی لەو ئەزمە گەورەی کە تێی کەوتین ڕزگارمان بێت، بۆ ئەوەی چیتر خوێنی لاوەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە بەهەدەر نەچێت، هیوادارم جەنابت بە سنگێکی فراوان ئەو داخوازییەی ئێمە قبوڵ بکەی ودەست لەکار بکێشیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دلێر محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من زۆریان کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار نیشتمان مرشد، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش هەمووی کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش بەهەمان شێوە کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە دارا، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی منیش هەروەها کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش كران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەمیرە عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە گۆران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆكی حكومەت دەكەم، خۆپیشاندان مافی هاووڵاتیانە، پێویستە لەسەر حكومەت خۆپیشاندەران بپارێزێت، بەشێوەیەكی شارستانی مامەڵەیان لەگەڵدا بكات، چونكە پۆستی حكومەت، پۆستێكی خزمەتگوزارییەو خزمەتی گەل دەكات، پرسیاری من ئەوەیە، ئایا هەستان كرد كە هەڵێك هەیە بۆ بەلاریدانی خۆپیشاندانەكە؟، ئایا جووڵانی هێزی پێشمەرگە بە مەبەستی پاراستنی فەرمانگە حكومیەكان ودامەزراوی حزبیەكان بوو؟، هەستان دەكرد كە ترس هەیە لەسەریان؟، ئەگەر ترسێك هەیە ئایا ئەو ترسە كێ دروستی كردووە؟، چیتان كردووە وە چی دەكەن بۆ نەهێشتنی ئەم ترسە؟، پرسیارێكی تر: لە بەڕێزتان دەپرسم زانیاریتان بەدەستەوەیە لەسەر ئەولاریانەی ئەو كەسانەی كە بوونە هۆی هاندانی خەڵكێك یان خۆپیشاندەران بۆ گۆڕینی ئاراستەی مەسیرەكەو هێرش كردنە سەر لقی چواری پارتی دیموكراتی كوردستان، پرسیاری ترم، دامەزراندنی ئەو هەموو زانكۆیانە جێگای دەستخۆشیە كە هەموو ساڵێك ئەو هەموو گەنجە دەردەچێت و بڕوانامە بەدەست دەهێنن، بەڵام لەم ساڵەوە دەبێ بەرنامەی جدی و مەودا درێژ دابنێن بۆ ئەوەی لەئاییندە نەبن بە بارو زەحمەت لەسەر كۆمەڵگا، هەروەها وەكو كاك سالار وتی، گەنجی ئێمە وشیارن و داخوازیی هەموو چین و توێژەكانیان هەڵگرتووە، پرسیاری ترم: ئایا ناكرێت شوێنێك بۆ خۆپیشاندەران لەدەرەوەی شار دیاری بكرێت، تا تەئسیر نەكرێت لەسەر هاووڵاتیان وكاسبكاران بەمەرجێك، لایەنی بەرپرس و پەیوەندیدار بچنە ناویان، وە سەقفی زەمەنیش دیاری بكرێت، وەڵامدانەوەو پرسیارەكانیان بەو پەڕی بەرپرسیارێتی بێت، داواكارم دەزگا ئەمنیەكان ئیجرائاتیان لەگەڵ بكرێت، هەروەها پشتگیری خۆشم بۆ كاك پیشەوا دەردەبڕم، كە زۆر زۆر بە ویژدانانەوە قسەی كرد، دەستخۆشی لێدەكەم، ئاخر پرسیارم، من خەڵكی هەولێرم دەزانم هەموو ئازایەتی وجوانی و مەردایەتی لەهەموو شارەكان هەیە، وەك یەك، لە كەركووك، لە دهۆك، لە سلێمانی، نەك دەنگێك هەبێت بڵێت سلێمانی مەردایەتی و ئازایەتی تێدایە، بەڕێز سەرۆكی حكومەت داوا لە بەڕێزت دەكەم، بەردەوام بن لە نەهێشتنی عەقڵی ناوچە خوازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سوپاس، بۆ هەموولایەكتان، بۆ ئەوانەی كە بەشداریان كردو ڕەئی خۆیان بە ئازایەتی دەربڕی، دەستان خۆش بێت، ئێستا داوا لەبەڕێز سەرۆكی حكومەت دەكەم كەوا وەڵامی پرسیارەكانتان بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح( سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من لەکانگای دڵمەوە دووبارە سوپاستان دەکەم، ئەم شەو پێم وایە بۆنەیەکی گرنگە، بەداخەوە باس لە کۆمەڵێك ڕووداوی جەرگ بڕ و کارەسات بار دەکەین، بەڵام خۆی لەخۆیدا بەرجەستە بوونی ژیانی دیموکراسی وڵاتەکەمانە، بەرپرسی ئەم وڵاتە لەبەردەم نوێنەرانی خەڵکدا ئەرکی سەرشانیەتی وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە، بەپێی کردار و بەپێی جۆری کارکردنی هەڵبسەنگێندرێت و بڕیاری خۆتانی لەسەر بدەن، من هەوڵدەدەم یەك بەیەکی ئەو پرسیارانەی کە نووسیومەتەوە وەڵامیان بدەمەوە، هەندێکی دووبارەیە تکا دەکەم لێم نەگرن، ئەگەر دووبارەی نەکەمەوە، کاك شێرزاد باسی چەمچەماڵی کرد، کە دائیرەکانی چەمچەماڵ بچێتە سەر سلێمانی، من خۆم لەماوەی ڕابردوودا لە چەمچەماڵ بووم، کۆمەڵێك ئیمزام بۆ هاتووە لەو بارەیەوە، بەهیوای ئەو ڕۆژەم کە ماددەی 140 بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت، چەمچەماڵیش بگەڕێتەوە سەر کەرکووك، وە کەرکووك بەیەکجاری بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان و ئەوە چارەسەری حەقیقی مەسەلەکەیە، بەڵام تا ئەوکاتە بەدواداچوونێکمان کردووە، دەمانەوێت هەندێ لەدائیرەکان نەك لەڕووی ئیدارییەوە چەمچەماڵ بچێتە سەر سلێمانی، چونکە لەوانەیە ئەوە هەندێ تەبەعاتی سیاسی لێ بکەوێتەوە، خەڵك بەجۆرێکی تر تەفسیری بکات، بەڵام هەندێ لە دەوائیرەکان بۆ کاروباری خەڵك و بۆ ڕایی کردنی کاروباری خەڵك، وا بکەین کە هاتوو چۆی سلێمانی بکات، باسی کارگەی ئاسنی کرد من زۆر سوپاسی دەکەم، کە باسی ئەو مەسەلەیەی کرد، یەکێ لەو کارانەی کە کردوومەو ئەرکی سەرشانمە، لەگەڵ هەڤاڵەکانی ترم لە ئەنجومەنی وەزیران هەوڵ بدەین وەبەرهێن بهێنین، هەم لەبواری کشتوکاڵ، هەم لە بواری پیشەسازی، کارگە دابمەزرێنن گەنجی ئەم وڵاتە کار بکەن، زۆریشم مەبەست بوو ئەو کارگەیە بێتە چەمچەماڵ وشۆڕش، چونکە جێگەی ئەنفال و مەملەکەتی ئەنفالن، لەگەڵ ڕزگاری و ناوچەکانی تری کوردستان کە دووچاری ئەنفال کردن و ماڵوێرانی بوون، بۆیە مەبەستم بوو بچێتە ئەو ناوچەیە، بەس کاك شێرزاد ئەگەر بێت و تۆزقاڵێك کێشەی ژینگەیی تێدا بێت قبوڵ نەدەکرا، یەکەم تۆ وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی ئەوێ بەدواداچوونی جدی بۆ بکەیت، هەندێ خەڵك بە بیانووی جیا جیاوە، بیانەوێت ئەو پڕۆژەیە پەك بخەن ئەوە پەکی دەخرێت بۆ چەمچەماڵ، بۆ خەڵکی شۆڕش و چەمچەماڵ، کە پێویستیان بە پڕۆژەی وا هەیە، بۆیە ئەم شتە من کەمێك لەسەری دەڕۆم، چونکە لەکاتێکدا دەتەوێ کاری باش بکەیت، خەڵك بهێنیت خزمەت بکات، شتیش نیە بڵێیت 100٪ باشە، حەتمەن لایەنێکی سلبی تێدا دەبێت، عەرزی کۆمەڵێك کەس ئەبێت حکومەت ئیستملاکی بکات، یان بیکڕێتەوە بیدات بە وەبەرهێنەرێکی گەورە تا بێت ئەم پڕۆژەی کارگەیەی تێدا دروست بکات، کە 600 کەس تێیدا ئیش بکات، بەس بێت و هەر لایەنە سلبیەکەی گەورە بکرێت، وەڵڵا هەورێکی ژەهراوی بەسەر چەمچەماڵدا دێنێت، وا دەبێت و سەیرانگای بان مەقان تەواو دەبێت، نازانم چی من هیوادارم تۆ وەکو نوێنەرێکی چەمچەماڵ، لەگەڵ هەڤاڵەکانی ترتدا لێ نەگەڕێن، چونکە پڕۆژەی وا گرنگە بۆ چەمچەماڵ، گرنگە بۆ کوردستان، خوشکە ئاشتی کۆمەڵێك پرسیاری کرد، قسەکانمان با لە سیاقی خۆی بێت، تکام وایە بە غەڵەت لە یەکتری تێنەگەین و با هەوڵ نەدەین بە مەفهومی (لاتقرب الصلاة)زۆر بەی هەرە زۆری پۆلیس، ئاسایش، پێشمەرگەی ئەم وڵاتە، خەڵکی جەنگاوەر و خەڵکی دڵسۆزو خەمخۆری ئەم وڵاتەن، بەڵام نەك پۆلیسی کوردستان، پۆلیسی ئەمریکاو بەریتانیاش، خەڵکی

خراپی تێدەکەوێت، ئالیاتی یاسایی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانە، ئەگەر داوا لەمن بکەن بڵێن لەهەر سووچێکی ئەم کوردستانە، هەر پۆلیسێکی هاتوچۆ، پۆلیسی تر، ئاسایشێك غەڵەتی کرد، ئەوە کابینەی حکومەت هەمووی بەرپرسیارە لەوە، من پێم وایە ئەوە ناحەقی و ناڕاستیە، کابینەی حکومەت و وەزیری ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆ، بێگومان دەبێت بەدواداچوونی پێویست بکات کە ئەدائی پۆلیس وئەدائی دەزگا ئەمنیەکانی ئیمە لەئاستی پێویستدا بن، من ئەڵێم لەم ئەزمەیەی ڕابردوودا ڕووداوەکانی $2/17$ کارەساتەکەی $2/17$، بەڵێ لە ساتە وەختی ئەو ڕووداوە، کۆمەڵێك شپرزەیی و شڵەژان و ئیرباك لەوەزعەکەدا هەبوو، هەرکەسێك بڵێت وانیە غەڵەت دەکات، تەقیم و تەقدیری مەوقیفی مەیدانی کە کاتێك مۆڵەتی ئەو خۆپیشاندانە درابوو، لەبەردەرکی سەرابوو، دوایی بەماوەیەکی کورت گەیشتە بەردەم لقی چوار، حاڵەتێکی نەخوازراوو ناجۆر و ناڕەحەتی لێکەوتەوە، کارەساتێکی لێکەوتەوە، بە تەئکید کەسەیری دەکەیت ئەدائی ئەجهیزەی ئەمنی، ئەدائی پۆلیس، ئەدائی ئاسایشەکانمان جێگای پرسیارە، هەر با ئەوەندە بڵێم، بۆیە ئێمە دەڵێین لیژنەمان داناوە تەقیمی بکات، لە چەمچەماڵ، لەسەید سادق، لە کەلار، لە هەڵەبجە، کە ڕووداو بووە، خۆپیشاندان بووە، بەڵام هەموو خۆپیشاندانەکانیش هەموو ئەو خەڵکە مەدەنی و خەم خۆر ودڵسۆزە نین، پێم دەڵێن هەمووی وەکو یەکن، پێم ناڵێن خەڵکی خراپیشی تێ دەخزێت و دەیەوێت ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەدژی داخوازییە مەدەنیەکانی خەڵك بڕوات، ئەتوانن زامنی ئەوە بن بۆم، ناتوانم زامنی ئەوە بن بۆ من، پۆلیس شەهید بووە، جۆرەها و جۆرە ئەندامی چالاکیە مەدەنیەکان و پۆلیس و ئاسایش بریندار بوون، زەحمەتیان چێشتووە، بەڵام من ئەوەندەی کەئاگادارم، موتابەعەم کردووە، لە پەیوەندیم لەگەڵیاندا، لە چاودێری وەزع و ڕەوشەکە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم زۆربەی هەرە زۆری پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی ئێمە بەزەبتی نەفسەوە مامەڵەیان، لەگەڵ ئەم وەزعە کردووە، من دەستخۆشیش لەو خۆپیشاندەرانە دەکەم، دەستیان دەگوشم، کە گوڵیان دەدا بە پۆلیس و پێشمەرگە، وەکو کوڕی خۆیان و برای خۆیان و کەسی خۆیان سەیریان دەکردن، نەك جەماوەر بەرامبەر بەئەوان، ئەوانیش کوڕی ئەم میللەتەن پێکەوە کارمان کردووە، لەبەر ئەوە تکایە مەسەلەی پۆلیس، مەسەلەی ئاسایش، ئەمانە با نەکەین بە مەسەلەیەکی سیاسی، لەکوێ عەیبە هەیە، لەکوێ کەموکورتی هەیە، با بەتەشخیص، بە ئامار قسەی لەسەر بکەین، ئەمانە هیزی ئەم میللەتەن، کەموکورتیشیان هەبێت ئەرکی سەرشانمانە هەوڵ بدەین بەیەکەوە چارەسەری بکەین، کاکە شێرزاد وەڵامی کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەر، گفتت دەدەمێ بەدواداچوونی بۆ بکەم، حەز دەکەم بزانن کە لە پێوەری مندا لە کاتی کار کردنی مندا، ئەوە نیە ئەمە سەر بەو حزبەیە، سەر بەو حزبەی ترە، هەوڵ دەدەین بە پێوەرێکی بەویژدانەوە کۆمەڵەی کەم ئەندامانی سەنگەر بێت لەهەر لایەنێك بێت، لەلایەنی یەکێتی، پارتی بێت، گۆڕان بێت، کۆمەڵ بێت، یەکگرتوو بێت، هەر لایەنێك بێت ئەندامی کۆمەڵەی کەم ئەندامانی سەنگەر بێت من وەکو حکومەت لە خزمەتیدا دەبم، حەز دەکەم بەدواداچوونی بۆ بکەیت دوایی، لەگەڵ مەکتەبی خۆمدا ئەوە کاك ئامانج لێرەیە بۆ بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە، کاك فازڵ باسی مەعاشی کەمینی کرد، ئێمە دەمانەوێت پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتووی وا بەستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و مەرجەعیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، چوار لیوای هێزی پێشمەرگە، دەستنیشان کراوە،

مەشق پێکردنی، چەککردنی، وە جۆری ئیمتیازاتی وەکو ئەوانەی بەغدایە، هەشتی ترشی چووەتە سەر، ئەوە بەو جۆرە دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەین، دڵنیات دەکەم، وە دڵنیای هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم، لەلای خۆمانەوە ئێمە بەجدی بەدوای ئەو مەسەلەیەدا دەچین، نابێ هێزی پێشمەرگە لەهێزەکانی تری عێراق کەمتر بێت، بەڵام هێزی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەپارەی گشتی و لە میزانیەی گشتی ئێمە لەخزمەتیان دەبین، ئەرك و واجبی سەرشانمانە، خوشکە ناسك باسی دوو ئیدارەیی و زۆر لەو بابەتانەی کرد، من نامەوێت زۆر لەسەری بڕۆم، دوو ئیدارەیی حەقیقەتێکە کە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ هاتووەتە کایەوە، بەرجەستەکانی زۆر دیارن، من پێم وایە لەکابینەی پێنجەمدا کۆمەڵێ هەنگاوی گرنگ نراوە، بۆ یەکخستنەوەی ئیدارە لەئاستی سەرەوە، ئەوکات ئەو هەنگاوانە هەنگاوی گەورە بوون، هەموومان بەدڵخۆشی و پێشوازییەکی گەرمەوە کردمان، هەوڵمانداوە لەم کابینەیە درێژەی پێبدەین، هەوڵمانداوە قوڵتری بکەینەوە، بەڵام بەڵێ دیاردەکانی دوو ئیدارەیی لە بواری مالی و لەبواری ئەمنیدا تا ئێستا بەردەوامە، بەڵام کۆمەڵێك هەنگاومان ناوە، چ لەبواری مالیدا لە ڕووی تەوحیدی تەعلیماتی مالیەوە، یەك یاسای بودجە، تەعلیماتی مالی، یەکخستنەوەی مووچەو موخەصەصاتی نێوان هەولێر وسلێمانی لە کەم ئەندامەوە بیگرە، کە بەجۆرێك لە سلێمانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، لە هەولێر بەجۆرێکی تر، بۆ هەندێ موخەصەصات و هەندێ بابەتی تر، قەرارێکیشمان دەرکردووە کە کامەیان باشترە بۆ کارمەندی حکومەت ئەوەی بۆ بکەین، کردوومانە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگمان ناوە لەو بارەیەوە، بەڵام لێم بپرسی خوشکە ناسك هەمووی بەیەکجاری بنبڕکراوە، دەڵێم نەخێر بنبڕنەکراوە هەنگاوی زیاتری دەوێت، لەهێزی پێشمەرگە ئێمە کارێکی وامان کردووە، کە ئەو هێزە یەکگرتووە هەنگاوی بۆ بنێین، بۆ هێزی ئاسایش کۆمەڵێك بڕیاری گرنگمان بۆ ئێوە ناردووە لە پەرلەمانی کوردستان، تێبینیشتان لەسەری هەبێت سوپاستان دەکەین، تاوتوێی بکەن و هەمواری بکەن با هێزی ئاسایش دەستبەجێ یەك بخرێتەوە، بەڵام داوا لەئێمە دەکەن ئەو هێزی ئاسایشەی ئەمڕۆ یەکسەر هەڵی بوەشێنینەوەو بۆشاییەکی ئەمنی لەکوردستاندا دروست ببێت، تاکو هێزێکی تازە دروست بکەین، یاخود بەبەرنامەیەکی قانونی بە پشتیوانی پەرلەمانەکەی خۆمان هەوڵ بدەین ئەم دەزگایانە یەك بخەینەوە، ئێمە کردوومانە، ناردوومانە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە قسەی لەسەر بکات و بڕیاری لەسەر بدات وتاوتوێی بکات، حەقیقەتی تێکەڵاو بوونی ژیانی حزبایەتی وحکومی، حەقیقەتێکە من ئەو برادەرانەم لە لیستی گۆڕان، ئەو برادەرانەشمان کە لە یەکگرتوو وکۆمەڵن، خۆ خوشك وبرایانی گۆڕان زۆربەی زۆریان لەناو هەر نەبێ بڵێین لایەنێکی ئەم پەرلەمانەدا بوون لەوەو پێش، مەسئولیش بوون لەم پەرلەمانە ئاگاشیان لە وردو درشتی حاڵەتی ئەم وڵاتە هەیە، دووبارەی دەکەمەوە مێژوو لە 7/25 دەستی پێنەکردووە، دوو ئیدارەیی لە 7/25 دەستی پێنەکردووە، زۆر لەوە قوڵترە، زۆر لەوە دێرین ترە، بەڵام چیمان کردووە وەرن لەسەر ئەوە پێوەرەکانتان دیاری بکەن، چۆن هەنگاومان ناوە، بە بەرنامە کار بکەین بۆ ئەوەی ئێمە ئەو دوو ئیدارەییە کۆتایی پێ بێنین، من دووبارەشی دەکەمەوە ئەوە بەزمانی تەخوین نیە، بە زمانی تەشهیر نیە، بەزمانی تۆمەتبارکردنی هیچ کەسێکیش نیە، بەڵکو حەقیقەتێك هەیە، هەندێ کەس، هەندێ لایەن، تەرویج بۆ ئەوە دەکەن کە ئێمە سیستمی نیزامی

پارێزگا وەربگرین، وە ئەم دوو ئیدارەییە نەك چارەسەر بكەین و بنبڕی بكەین، بەڵكو كوردستان بەئاراستەی دوو ئیدارەیی ببرێت، من پێم وایە ئەمە خەتەرێكی زۆر گەورەیە لەسەر وەزعی وڵاتەكەمان، حەز دەكەم پەرلەمانی كوردستان لەم ساتە وەختە مێژووییەدا درك بەو حەقیقەتە بكات، وەڵامی ئێمە بۆ داخوازییەكانی خەڵك، وەڵامی ئێمە بۆ ئەم كێشەو گرفتانەی خەڵك كە بەڕەوایییەوە ئێوەی نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵك بە هەموو لایەنەكانیش كە باسی دەكەن، بەدامەزراوە كردنی حكومەتەو یەكخستنەوەی تەواوی فەرمانگەكانی حكومەت و دەزگاو، دارایی حكومەتە، لەسەر ئەوەش دوایی هەندێ قسە لەسەر ئەو بابەتانە دەكەین، دەڵێت بڕیاری باش دەدەیت، بەڵام جێبەجێ ناكرێت، من دەڵێم كە ئاستەنگ هەیە، قەتیش نەمشاردۆتەوە بڵێم ئاستەنگ نیە لە ڕێگەی ئیسلاحدا، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە كە كردوومانە یان نەمانكردووە؟، من دەڵێم كردوومانە، ئەم خۆپیشاندانانە ئەم ناڕەزاییەی خەڵكە، كە ناڕەزایی ڕەوایە، من بەهەموو هەست و نەست و خواستمەوە، گوێبیستی دەبم، ئەو دەنگانەی ناڕەزایی و داواكاری چاكسازیە، بە پشتیوانی خۆمانیان دەزانم، بۆ ئەوەی برەو بە پرۆسەی چاكسازی بدەین، بەهیوای ئەوەی ئەم دۆخە، نەك ببێتە مەترسی بۆ ئەزموونی هەرێمی كوردستان، ئەمە لەكانگای دڵمەوە دەیڵێم، لەگەڵ هەندێكیشتان بەدوو قۆڵی و بەسێ قۆڵی باسمان لێكردووە، ئەمە دەرفەتێكە بۆ ئەوەی پرسە بنەڕەتیەكانی چاكسازی برەو پێبدەین و بەرەو پێشەوە ببەین، وە ئەو ئاستەنگانەی لەڕێی ئەو چاكسازیانە هەیە، ئەو تێكەڵاویانەی لەدەسەڵاتی حكومی و حزبیدا هەیە، یەكلایی بكەینەوە، بەڵام ئێوە هەمووتان خەڵكی ژیر وخەڵكی بەئاگان، ئەمانە بەقەراری فەوقی و بە بڕیارێكی سەرپێی ناكرێت، ئەمە بەرنامەو قانون ورێساو ئیشكردنی جدی دەوێت، هەماهەنگی دەوێت لەنێوانماندا، من داوام وایە ئەم داخوازییە ڕەوایانەی خەڵك، ئەم داخوازییە مەدەنیانەی خۆپیشاندەران نەبێتە دەستكەلای سیاسی هیچ لایەنێكی سیاسی، بەڵكو ببێتە مایەی كۆدەنگی هەموو لایەنەكان، بۆ ئەوەی ئەو دیاردانەی كەجێگای گلەیی خەڵكە چارەسەری بكەین، من پێم وایە لەم ساتە وەختە مێژووییەدا بەرپرسیارێتی من لەم مەوقیعەدا لەهەر جێیەكی تر، هەڤاڵەكانم لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێوەی هەڵبژێردراوی نوێنەرانی خەڵكیش ئەوەیە، ئەو داخوازییە ڕەوایانەی خەڵك بۆ تۆمەتباركردنی یەكترنەبێت، بەڵكو بۆ دروست كردنی كۆدەنگێكی نیشتمانی بۆ برەودان بە پرۆسەی چاكسازی بێت، كاك عەدنان عوسمان تێبینیەكانت تێدەگەم، تۆ هەستت بە فەراغی حكومی دەكرد، لەو حاڵەتانەی كە هەیە، من شتێك بەجانابت دەڵێم، هەموومان ساتە وەختەكانی شەڕی ناوخۆمان لەیادە، لەسەر ڕیزێك دوكان، لەساڵی 1994 دا، ئەم میللەتە تووشی نەهامەتیەكی ئەوەندە گەورە بوو، دەیان و دەیان، سەدان و سەدان كوڕی گەنجی ئەم وڵاتە بەفیڕۆ لەبەرامبەر بە یەكتری لەو حاڵەتەدا بووین، تا ئەمڕۆش كە ساڵی 2011یە، برینەكانی ئەو شەڕە سارێژ نەبووە، ئەمڕۆ هەموومان لێرە هەندێ قسە كرا لەوانەیە تۆزێ دڵی گرتبێ، بەڵام وەڵامی نادەمەوە، لەم پەرلەمانەی خۆماندا، من تكام لەئێوە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك هەیە، هەموومان دەوری خۆمان ببینین، نەهێڵین ئەم ناكۆكیە سیاسیانە، ئەم داخوازییە جیاجیایە، ئەم بۆچوونە جیاوازانە ببێتە مایەی ناكۆكی كۆمەڵایەتی ببێتە مایەی شۆڕ بوونەوەی ئەوحاڵەتە، لەم كەش وهەوایەدا، لەم بارگرژییەدا، هەرچی دەستە ناشرینەكان هەیە نەك لەلایەكەوە لەهەموو لایەكەوە دێتە

ناو کوردستان، بۆ ئەوەی بنەڤاقای چاکسازی ئەم وڵاتە بخنکێنێت، من ئەوە بەقەناعەتەوە دەڵێم، بەڵێ لەم کەین وبەینەدا جۆرەهاو جۆر دەست هاتووەتە کایەوە، جۆرەهاو جۆر بەرنامەو پیلان لەئارادایە، ئەم ئاگرە خۆش بکات نەك بۆ چاکسازی و ڕامالینی ئەم حکومەتەو بەدیهێنانی حکومەتێکی ئینتقالی تەکنۆقرات، نەخێر، بەڵکو ئەم ئەزموونە وا لەناو ببرێت جارێکی تر زۆری بوێت تا ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پێگەی خۆمان ووەزعی خۆمان، من ئەمە بەقەناعەتەوە دەیڵێم، بۆ ڕاکردن نیە لە بەرپرسیارێتی ئەو وەزعەی کە هەیە، حکومەتەکەی خۆمان ئەم حکومەتەی کەمن سەرۆکیم بەرهەمی ئەمڕۆ نیە، ڕێڕەوێکی 20 ساڵەی کارو جۆری کارکردنی هەیە، من وەکو وتم بەسەربەرزییەوە تەقدیری دەستکەوتەکانی هاوڕێکانی پێش خۆم دەکەم، دەستکەوتی گەورەیان بۆمن جێهێشتووە لەم حکومەتەدا، بەڵام کۆمەڵێك کێشەی پەنگ خواردوو، کەڵەکەبووی ئەم وڵاتە بۆ ئێمە بەجێ ماوە، ئەم کێشانە هی ئەمڕۆ نین، ئەم کێشانەش تەنها و تەنها یەکێتی وپارتی نین، هەمووومان لەم ژوورە کە دانیشتووین، برای یەکین، هەڤاڵی یەکین، ڕەفیقی یەکین، دەزانین ڕێڕەوی ئەم وڵاتە چۆن بووە، کێ دەست تێوەردانی لە زانکۆ دەکرد، کێ تەسیسی هێزی ئاسایش و کێ تەسیسی هێزەکانی پێشمەرگەی دەکرد، من دەتوانم ئیدیعای ئەوە بکەم بەرهەم وەکو بەرهەم من نەبووم، بەڵام من بەشێکم لەو سیستمە، بۆیە دەبێ تەحەمولی ئەوەش بکەم، ئەو ڕەفیقانەی ئێمەش کە لە قەراری سیاسی ئەم وڵاتە بوون، وە قەراری حاسمیشیان بەدەست بووە، ناکرێ خۆیانی لێ بێبەری بکەن، من لێرەوە پەیامم بۆ ئەوان هەیە سوپاسی هەڵوێستیان دەکەم، کە دەڵێن حکومەت و حزب جیا ببێتەوە، دەستخۆشیان لێدەکەم بۆ ئەو هەڵوێستەی کەدەڵێن موڵك وماڵی حکومەت بگەڕێتەوە بۆی، بەڵام وەرن هاوکارمان بن تا بیکەین، نەك بەناوی ئەوەی کە نەکراوە یان کەمی لێکراوە، با ڕاست و چەپی بەسەردا بهێنین وبگەڕێنەوە بۆ دۆخێکی نەخوازراو، ئەمە قسەی قەناعەتی خۆمە ناتوانم بڵێم تەعبیر لەهەموو ڕەفیقێك وبرادەرێکم دەکەم، بەڵام پێم وایە ئەم مەنتقی ڕاستی مامەڵەکردنە، لەگەڵ ئەم مەوزوعانەدا، مەرجەعیەتی ئاسایشی گشتی کێیە کاکە؟، قانونێکمان بۆ ئێوە ناردووە، وا جوابت دەدەمەوە کاکە عەدنان، مەرجەعیەتی ئاسایشی گشتی بیکاتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران خۆی ببینێتەوە، ئەتوانم من جوابی قانونی تری بدەمێ، بەڵام واقعێك هەیە لەم وڵاتەدا، ئاسایش، دەزگا هەوالگریەکان، بەجۆرێك هاتوون، تۆ خۆت باش وریای چۆن بووە، دوو ئیدارەمان هەبووە، دوو حزب ئەو ئیدارەیان بەڕێوە بردووە، ئەو دوو حزبەش لە فەراغەوە نەهاتوون، ئەم دوو حزبە لەشاخەوە هاتوون، خاوەن کۆمەڵێك سەروەری و شۆڕش و قوربانیدان و خۆبەخت کردن بوون، حاڵەتێك لەم وڵاتە دروست بووە، بەدیلەکەی بەلای من کاك عەدنان، ئەوە نیە ڕاست و چەپی بەسەردا بهێنین، بەدیلەکەمان ئەوەیە چۆن بتوانین ئیدارەی ئەم وەزعە بکەین، ئاراستەی بکەین بیخەینە قاڵبێکی قانونی ، مەرجەعیەتی ئەو دەزگای ئاسایش و دەزگا هەوالگریەکان و دەزگا ئەمنیەکانی تر یەکلایی ببێتەوە، ئەگەر جەنابت یان هەر هەڤاڵێکی تری بەڕێز لەم پەرلەمانە خۆشەویستەی خۆمان نەخشە ڕێگایەکی هەیە، بۆ چارەسەری جدی وعەمەلی لەسەر ئەوە حەز دەکەم بەدڵنیاییەوە پێتان بڵێم من بەهاوکاری دەزانم، بە پشتیوانی دەزانم، وەکارێکی وا بکەین کە ئاراستەی نیقاشەکانمان بەو ئیتیجاهە بێت، نەك هەر وەسفی حاڵەتەکە بکەین، بەڵکو چ بکەین بۆ ئەوە، من پێت دەڵێم ئێمە وامان

کردووە، ئیمە قانونێکمان ناردووە بۆ پەرلەمان، بۆ تەوحیدی هێزی ئاسایش، هەندێ لە ڕەفیقەکانمان لێرە کە قسەیان لەگەڵ ئێمە کردووە، گلەیی دەکەن دەڵێن ئەو یاسایە باش نیە، جێگەی خۆیەتی لەم پەرلەمانە موناقەشەی بکەن تاوتوێی بکەن، هەمواری بکەن بۆ ئەوەی پابەند بین پێوەی، کاتی ئەوە هاتووە ئاسایش لەڕێگەی پرۆسەیەکی کراوە فەرمانبەرو ئەفسەرەکانی هەڵبژێردرێن وە بەپێوەرێکی پێزانراو، نەك بە واسیتەی ئەم حزب و ئەو حزب، هی هەموو هاوولاتیەکی خەم خۆری ئەم ولاتە بێت، ئەمە دەکرێت یان ناکرێت، بەقەناعەتی من دەکرێت، بەلام وەك کاك عومەر باسی کرد، ئیرادەی دەوێت، ئەو ئیرادەیە من لەلای خۆم و هەڤاڵەکانم هەیە، هەندێ ئاستەنگی گرنگیشمان لەڕێگایە، من پێم وایە ئێوە ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن هاوکار بن لەگەڵماندا، بۆ ئەوەی برەو بەوە بدەین، من دەمەوێت بەجدی قسەیەك بکەم، جەنابی سەرۆکی هەرێم زۆر تەئکید لەسەر ئەوە ئەکاتەوە یەکخستنەوەی هێزی ئاسایش و هێزی پێشمەرگە، ئێوەش پێم خۆشە، چ وەك پەرلەمان بێت یان وەك لایەنە سیاسیەکان بێت، لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمدا ئەو مەسەلەیە دووبارە بکەنەوەو تێڕوانینی ئەویش ببیستن، کە پاڵپشت و پشتیوانمان دەبێت بۆ ئەو کارە کە کارێکی گرنگە بە موئەسەسات کردنی دەزگا ئەمنیەکانی ئەم ولاتە، تێبینیتان لەسەری هەیە، باسی بکەین دوو دڵی نەکەین، چونکە ئەم پرسێکی هەرە هەستیارەی ئەم وەزعەی ولاتەکەمانە، سەبارەت بە تەعویزی نالیاو وەزعی نالیا لەچەند لایەك پرسیار کرا، من دووبارە دەڵێم، بەهەموو قەناعەت و بەهەموو هەست و نەست وئیرادەی سیاسی خۆمەوە، ئەو تاوانە مەحکوم دەکەم، من نەشم وتووە ئەمە فلان کەس کردوویەتی، وتوومە ئەمری قەبز دەرچووە بۆ ژمارەیەك خەڵك، دوو کەسیان لەوانە ناسراو بوون، یەکێکیان سەر بە دەزگای دژە تیرۆر بووە، ئەوی تریان ئەفسەرێکە لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوە واتای ئەوە نیە کە دەزگای دژە تیرۆر کردوویەتی، من بەکراوەیی قسە لەگەڵ ئێوە دەکەم، دەست بەجێ کە ئەو قسەیەم بیستووە، دوێنێ ئیوارەکەی بووە، بیستوومە لە حاکمی تەحقیقەوە کە بە پارێزگاری و ئەوانەی ڕاگەیاندبوو، بەرپرسی دەزگای دژە تیرۆر تەعاونی کردووە کە ئەو کابرایە بچێتە لای حاکم، ئیجرائاتی یاسایی خۆی لەگەڵدا بکات، ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگەش دووبارەی دەکەمەوە، لەگەڵ جەنابی وەزیری پێشمەرگە قسەم کردووە، دەست بەجێ ناردوویەتی بۆ سلێمانی تا تەحقیق لەوەش بکەن، ئیجرائاتی یاسایی ئەو خوشکە بەڕێزەمان بوو باسی کرد، کە کۆمەڵێك ئیجرائاتی یاسایی بکرێت، چی یاساییە ئەوە بکەین، من هیچ وەلامێکی ترم پێ نیە، ئەگەر بزانم بەتەواوەتی کێ کردوویەتی یان کێ نەیکردووە، ئەوە مەوزوعێکە، بەلام هەر کەسێك قسەیەك دەکات لەم بارەیەوە، من ئەوەندە دەڵێم لەلای خۆمەوە وەکو حکومەت پابەندم بەوەی کە تەحقیقێکی جدی لەوەی نالیاو لەمەسەلەکانی تر بکرێت، وە ئیجرائاتی یاسایی چی پێویستە بۆ پەلکێش کردنی بەرپرسانی ئەو ڕووداوە بڕۆنە ئەوێ، سەبارەت بەوەی کە تەعویز حکومەت بیدات یان نەیدات؟، لە بڕیارەکەی ئێوە هاتووە کە تەعویزی ماددی ومەعنەوی بکرێتەوە، ئێمە لیژنەیەکمان داناوە، من ئەوەندە دەڵێم، ئەگەر پێویستیش بکات لە حکومەتەوە تەعویزی بدەینەوە، لەماڵی خەڵك تەعویزی دەدەینەوە، لە ماڵی گشتی تەعویزی دەدەینەوە، من هیوادارم زۆر نەبات ئەو تاوانبارانە ملکەچی یاسا بن، لەبەردەمی دادگا قەراریان بۆ دەربچێت، پارەکەیان لێ بسێنینەوە، چونکە من حەزناکەم پارەی مەکتەب و خەستەخانە، بۆ پۆشینی تاوانی خەڵکی تر بەکار

بهێنین، ئیتر نازانم کوردییەکەم لەوە باشتر نیە، تا شەرحی بکەم چۆن دەبێت، بەڵام ئەوەی لە قەراری ئێوە هاتووە، ئێمە مولتەزیمین پێی، قەراری پەرلەمانە، واجبمانە جێبەجێی بکەین، سەبارەت بەوەی ئەو ڕووداوانە بوونەتە مایەی نیگەرانی لەدەرەوە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ گلەیی لە کوردستان دەکەن، ڕەخنە لەم ئەزموونەی کوردستان دەگرن، بەڵێ وایە زۆریش ناخۆشە، خۆزگە قەت ئەو ڕۆژەمان وای لێنەهاتایە، بەڵام لەئێوەش دەپرسم، لەقازانجی کێمانە بچووکترین ناکۆکی و ناخۆشی خۆمان دەنگی بێت لە بەغداد، لە ئەوروپا بێت، هەرچی عەیب و عارەکانمان بەرینە ئەوێ، ئێرە جێگای باسکردنی کەموکورتیەکانمانە، ئێرە جێگای باسی گلەیی و ڕەخنەکانمانە، من هیچ پاساوێك ناهێنمەوە بۆ بچووکترین پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پێم وایە میسداقیەتی ئێمە لەوە بوو کە میللەتێکی زوڵم لێکراوی چەوساوە بووین، ئەو ڕێکخراوانەی مافی مرۆڤ ڕۆژگارێك کە پشتیوانیان لە میللەتی کورد دەکرد، لەبەر چەوسانەوەکانی کە ڕووبەڕووی هاتووەتەوە، ئێستا بۆ من زۆر جێگای نیگەرانیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی و ئەم ئەزموونە جێگای پرسیار کردن وگلەیی کردن بن لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی منیشە، هی حکومەتیشە، هیوادارم ئێوەش هاوکارم بن بۆ ئەوەی ئەو دیاردانە بەشێوەیەکی جدی بنبڕ بکەن، بەشێوەیەکی وا نەڵێین ئەمانە درۆیەو ئەسڵ وئەساسی نیە، نەوەڵڵا لەم کەین و بەینەو لەم هەراو هۆریایە ئەنواعی بەزم وڕەزم بووە، بەڵام هەوڵمانداوە، من ئەمەوێت ئەوە بڵێم و شانازیش بەوە دەکەم، لەڕۆژی یەکەمی کارەساتەکەوە هەوڵی ئەوەمانداوە ئەم وەزعە لەدەست دەرنەچێت، ئەگەر بهاتایە کۆمەڵێك ئیجرائاتمان نەکردایە، کۆمەڵێك خۆڕاگریمان نەکردایە، ئەو هێزانەی چالاکی مەدەنی، ئاسایش، پێشمەرگە، زەبتی نەفسیان نەبوایە، من لەوە ئاگادار بووم، لەوانە بوو ڕووباری خوێن بڕێژرێت، ماڵوێرانیەکی گەورەی کارەساتێکی گەورەتریشمان تووش دەبوو، خوێنی هەر یەکێك لەو گەنجانە کارەساتێکە بۆ میللەتەکەمان، من لەلایەن خۆمەوە لەوانەیە گلەیم لێ بکرێت، لەلایەن هەندێ لە ڕەفیقەکانیشمەوە زۆریشتان دەیبیستنەوە کە پێمان دەڵێن حکومەت نەك فەراغی هەبووە، بەڵام حکومەت دەستی گرتۆتەوە، نەیهێشتووەو وای نەکردووەو وای نەکردووە، چونکە وەکو ئەڵێم داپڵۆسین و بەکارهێنانی توندوتیژی نیشانەی دەسەڵاتە، من پێم وایە حکومەت تا ڕادەیەکی باش بەزەبتی ئەعسابەوە لەو ئەزمەیەدا تەسەڕووفی کردووە، ئەگەر ئێوە وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی بەویژدان، بە ئینساف، وەرن تەقیمی ڕووداوەکان و ڕۆژ بەڕۆژی کارەساتەکان بکەن، سەعات بەسەعاتی حادیسەکان بکەن، لەلایەن زۆر لەو بەرپرسانەوە بە زەبتی ئەعسابەوە تەعامولکراوە، خۆشبەختانە دەڵێم کارەساتەکە زۆر لەوە گەورەتر دەبوو کە هەمووومان لێی دەترساین، من دووبارەشی دەکەمەوە بۆ ئەوەی قسەکانمان وەکو خۆی بکرێت، من نەموتووە خەڵك نەگیراوە، وتم خەڵك گیراوە، وتم 47 کەس گیراوە، هەر کە زانیویشمە یەکسەر ئەمرمان کردووە کە بەرەڵا بکرێن، وە لەهەموو دەزگاکان تەئکیدمان کردۆتەوە، کە نابێ کەس بەبێ ئەمری قانونی بگیرێت، من داوا لەئێوەش دەکەم، خەبەر دێت هەواڵ دێت ئەملا دێت، ئەولا دێت، ئاگادارمان بکەنەوە ئەگەر خروقاتێك لەوبابەتە هەبوو، وە ئیجرائاتی یاسایی، لەگەڵ هەر بەرپرسێك دەکەین کە ئەو کارە بکات، کاك کاروان، خۆی لێرەیە یان ڕۆیی، من حەز دەکەم هەندێ ئەوراقی داومەتێ، من حەز دەکەم ڕۆژێك خۆی تەشریف بێنێت یان من یەکێك دەنێرم قسەی لەگەڵ بکات، بزانین ئەو جۆرە تەعمیمی ئیتهاماتێك

لەسەر وەرەقە بەو نەوعە، ئەگەر هەر ئەوەندە بێت گەندەڵیەکان، وەڵڵا زۆر موشکیلە نیە، هەرچەندە جێگەی نیگەرانیە هەر گەندەڵیەك هەبێت، بەڵام ئەو وەسیقانە پێم وایە کە جوابی هەبێت، پێم خۆشە کاك کاروان پێش ئەوەی لەم کۆبوونەوەیە ئاوا باسی ئەوە بکات، حەزم دەکرد بێت بەدواداچوونێکی بۆ بکات، کاغەزێکی بۆ بنێرێت، داوا لەمن بکات، لە نووسینگەکەم بکات، بڵێت ئەم شتانە هەیە ئایا وەڵامی ئەم پرسیارانە چین؟ لەسەر ئەساسی ئەوە قسەی بکردایە، بەڵام ماڵی ئاوا بێت، خوشکە نەسرین باسی ئەوەی کرد، کێشەمان لەسەر سیستەمە، من تێدەگەم کێشە لەسەر سیستەمە، ئەم سیستەمە پێویستی بە پێداچوونەوەو چاکسازی هەیە، بەڵام لەچوارچێوەی دامەزراوە شەرعیەکانی ئەم وڵاتە، هەڵبژاردن ساڵ و نیوێکە کراوە، ئەگەر هەڵبژاردنی ترمان دەوێت دێمە سەر ئەوەش چۆنی بکەین، گۆڕانکاری چاکسازی بە قانون و بەنیزام دەکرێت، نەك بە تێکدان وهەڵتەکاندنی ئەم نیزامە، من پێشم وا نیە خەڵکی دڵسۆزو خەم خۆری ئەم وڵاتە ئەوەی بوێت، لەچوارچێوەی دامەزراوە شەرعیەکانماندا بەڵێ ئێمە پێویستیمان بە گۆڕانکاری هەیە، من دەیڵێمەوە هەندێکیمان کردووە، من سەربەرزم لەم کابینەیە لەگەڵ هاوڕێکانم لە ئەنجومەنی وەزیران کۆمەڵێکیمان کردووە، وە کۆمەڵێك وەعدیشمان داوە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگمان ناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو وەعد و بەڵێنانەی کە دابوومان لەکاتی هەڵبژاردن و باسکردنی، کاك نەریمان دووبارە پرسیارێکی بۆ ناردووم سوپاسی دەکەم، سەبارەت بەوەی نالیاو هاتنی بریندار بۆ ئێرە، من داواتان لێدەکەم بەدواداچوونی بۆ بکەن، لەلای خۆشمەوە وەکو حکومەت هەم لیژنەمان بۆداناوەو هەم بەدواداچوونیشی بۆ دەکەین، من دووبارەی دەکەمەوە تاوانیکە کە قابیلی تەبریر نیە، هەرکەسێك کە کردوویەتی یان ئەمری ئەوەی داوە، هەر جیهەتێك کردوویەتی پەلکێشی دادگا دەکرێت، ئەمڕۆش نەکرێت هەر ڕۆژێك دەکرێت، چونکە ئەم تەنها لەم وڵاتەدا نیە، ئەم جۆرە ناقانونیەو ئەو کەسانەی کەپێیان وایە بەقوەت دەتوانن دەمکوتی ڕۆژنامەگەری ئازاد بکەن، خۆ نەك لێرە، لەوڵاتانی تریش هەوڵیان داوە، بەڵام ئەنجام وەزعی خۆیان دیوەتەوە، من هیوادارم کاك نەریمان دڵنیا بیت لەوەی لەلای خۆمەوە بەهەموو هێزو توانام نەك هەر مەحکومی دەکەم، بەڵکو دژایەتی ئەو جۆرە کارانەمان کردووە، وە ئیجرائاتمان لەسەر کردووە، لەسەر ڕادیۆی دەنگیش لە کەلار من ئەوەی بزانم ئەمڕۆ بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان بەرپرسی ڕادیۆی دەنگی دیوە، نازانم ئەو هەواڵە لای من تازەیە، سۆراغی دەکەم، ئەگەر ئەمڕۆ خەڵکی تریش چووبن، لەوەختی ئیستراحەتەکەی ئێرەشدا سوئالێکمان لە گەرمیان کرد، لەکەلار کرد کە خەڵك گیراوە یان نەگیراوە؟، سورەتێکی پێچەوانەی ئەوەیان دەدا، بەڵام نە دەڵێم قسەکانی ئێوە ڕاست نیە، با بەدواداچوونی بۆ بکەین، بەڵام کەشوهەوایەکی گرژ هەیە، برادەرینە ئێمە سەریح قسە بکەین، خۆ لە وڵاتەکەمان باس لە کلتوری دیموکراسی وئازادی دەکەین، خۆ وڵاتەکەمان هەموو دەیناسین چۆنە؟، جاری وا هەیە ئەم ناکۆکیانە لەبواری سیاسیشەوە دەگوازرێتەوە بۆ بواری کۆمەڵایەتی من ترسەکەم لەمەیە، بواری عەشایەرێتی و بواری شار و شار چیەتی، ئەمە دیاردە خەتەرناکەکەیە، من هیوادارم ئەوە تێبگەن، لەلاتان ڕوون بێت، بەرنامەی ئێمە وەکو حکومەت هێورکردنەوەیە، بەرنامەی ئێمە وەکو حکومەت پابەند بوونە بە 17 خاڵەکەی ئێوەوە، کردووشمانە من کۆمەڵێك خاڵ بەخاڵ بۆ ئێوەم باسکرد، کە چیمان کردووە، بڕیارەکانمان چی بووە، ئیجرائاتەکانمان چی بووە، پێم وایە بەویژدانەوە

تەقیم دەکەن کە ئێمە بەدواداچوونی پێویستمان کردووە بۆ ئەو مەسەلانە، سەبارەت بە هاتنی هێز، ئەگەر باس لەجوابی قانونی بکەین، حەزیش دەکەم دەرفەتێك هەبێت، لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ یان پارێزەرێك بێت قسەتان لەگەڵ بکات لەوەزارەتی ناوخۆ، هێزی زێرەڤانی هێزێکە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، هێزی پێشمەرگە نیە، ئەگەر باس لەیاسا بکەین، وەزیری ناوخۆش بۆی هەیە هێز بجووڵێنێت، تەقدیرێك هەبووە، تەقدیری مەوقیفێك هەبووە، کە شڵەژانێك هەیە لە سلێمانی، فەراغێکی ئەمنی هەیە، مەترسی هەیە بۆ کۆمەڵێك بارەگاو بۆ کۆمەڵێك دەزگا، ئەم قەرارە دراوە، بەڵام کەزانیوومە، وامان کردووە لە جێگایەك ڕابووەستێ کەنەبێت بە مایەی وروژاندنی زیاتری ناو شاری سلێمانی، چونکە ئێمە هاوکات کە گەیشتووینەتەوە سلێمانی ڕێ وشوێنی ئەمنی وامان گرتۆتەبەر کە پێویستیمان بەو هێزە نەبووە، حەز دەکەم ئەوە وەکو حەقیقەتێك لەبەرچاوتان بێت، وەنەیکەین بە مەسەلەیەك ئەوە نیە بەم نەوعە هێز چۆن دەجووڵێت، پێچەوانەکەی بڵێین، خۆزیا وڵاتەکەمان ئەوەندە یەکخستنەوەی ئیدارەو، یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو هێزی ناوخۆ کە جووڵانی هێزی زێرەڤانی یان بەرگری کە لە ئیدارەی کۆنی سلێمانی هێزی بەرگری وفریاکەوتنی پێدەڵێن، ئەم دوو هێزە هەردووکی لەیەك وەختدا دروست بوون، وابزانم کاك نەریمان تۆ وەختی خۆی لە وەزارەتی ناوخۆ بوویت وا نەبوو لەکەلار، باشە خۆزیا وای لێبهاتایە، کە کەس باسی نەکردایە هێزێکی زاخۆ لە سلێمانی بێت، یان هێزێکی سلێمانی لەهەولێر بێت، لەکەلار بێت، ئەمە پێم وایە مەلەسەیەکی زۆر گرنگ ئەورووژێنێت، کە ئێمە بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەم وەزعانە بکەین، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە، ئەو هێزە کشایەوە، کەوتە ژێر ئومرەتی وەزیری پێشمەرگە، بەحوکمی ئەوەی بۆ ئیدارەی وەزعی ئەمنی ئەو وەختەی سلێمانی گەڕایەوە سلێمانی و زوو بەزوو دوای ئەوەی کە قسەمان کردووە، لەگەڵ زۆرکەسدا کە پێویستی نەماوە، هێزەکە گەڕایەوە بۆ جێگای خۆی، ئەگەر پێچەوانەی ئەوە وایە، تکام وایە باسی لێوە بکەین، حەز دەکەم حەقیقەتێکی تریش بەئێوە بڵێم هەروەکو خۆی بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێت هەندێ بارەگای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەهەولێر، هێزی بەرگری و فریاکەوتنی سلێمانی حیمایەتی دەکات، کێ بوو لەم خوشکە بەڕێزانە باسی ئاسایشی هەولێر کرد لە کۆیە؟، ئاسایشی سلێمانیش مابوو، ئێستا خەریکین ئەوانە هەمووی لە هەولێرن، مەبەستم پاشماوەکەی ئەم دوو ئیدارەییەو شەڕی ناوخۆیە، هەڵگرتن و بنبڕکردنی کارێکی بەردەوامی دەوێت، من هیچ ئەملاو ئەولاتان لەگەڵ ناکەم، سوورەتێکی وردی وڵاتەکەم بدەم بە ئێوە، باسی تەحەدا حەقیقیەکانتان لەگەڵ دەکەم، پێشتان دەڵێم چیمان کردووە، کردوومانە، خوشك وبرایان من دووبارەی دەکەمەوە، ئەوکارەساتەی ساڵی 1994، دوو ئیدارەیی، شەڕی ناوخۆ، تێکچوونی سلمی ئەمنی ئەم وڵاتە، تکایە لەهەمووتان، هەموومان نەهێڵین دووبارە ببێتەوە، چونکە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی نابێت، لە ساڵی 1964 ئەو ئینشیقاقەی ناو حەرەکەی کوردی بوو، ئەوە 40 ساڵە تا ئێستا برای لە برا کردووە، خزمی لە خزم کرد، حاڵەتێکی لەم وڵاتەدا نایەوە کە تا ئێستا سڕینەوەی ئاسەوارەکانی زەحمەتە، ساڵی 1994 ئەو حاڵەتە بوو، ئەگەر بێمە سەر ئەوەی تریش وەختی خۆی لەناو یەکێتیدا ئاڵای شۆڕش جیا بوویەوە، بەبێنەو بەرەو هەراو هوریا تا ئێستاش دەتوانم بڵێم ئاسەوارەکانی حەل نەبوون، ئێمە هەموومان هاووڵاتی ئەم وڵاتەین، هەموومان بەختەوەرین لەسایەی ئەم پەرلەمانەی خۆمان،

دەرفەتێکمان بۆ ڕەخساوە بەیەکەوە دایەلۆگێك بکەین، قسەیەك بکەین، بەیەکەوە چۆن بتوانین چارەسەری کێشەکانی وڵاتەکەمان بکەین، هیوادارم بەو ڕۆحیەتەوە لەیەکتری قبوڵ بکەین، من تێبینیەکانی ئێوە بەسنگ فراوانیەوە وەردەگرم، بەڵام ئەم ساتە وەختە مێژووییە، داواکاری چاکسازی، دووبارەی دەکەمەوە داواکارییەکی زۆر ڕەوایە، داواکارییەکی هەنووکەییە، بەڵام نەبێتە دەستکەلای سیاسی هیچ لایەك، مۆنۆپۆلی هیچ لایەك نیە، لایەنێك نیە چاکخوابێت و ئەوی تر گەندەڵستان بێت، بێین ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی دوورو درێژی کۆن نا، هی دوو ساڵ لەمەوبەر بهێنینەوە کایە؟، کێ لەکوێ بووە، کێ مەسئول بووە؟، کێ خاوەن بڕیار بووە؟، حەتا خۆ برادەرانی یەکگرتوو و کۆمەڵیش لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەکابینەی پێنجدا بەشدار بوون، ناکرێ خۆیانی لێ بێبەری بکەن، ناڵێم مەسئولیەتی ئەوان وەکو هی پارتی و یەکێتیە، بەڵام بەشدار بوون لەم سیستمە، پێویستیمان بەچاکسازی هەیە، وەرن لەسایەی ئەم پەرلەمانە پیرۆزەی خۆماندا با چاکسازی پێویستی بۆ بکەین، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکومەت لەزاخۆ تا خانەقین بڕ دەکات یان تەنها لە سلێمانی، هەندێ خەڵك هەیە دەڵێت لە سلێمانیش دەستی ناڕوات، باشە، من سەریح دەڵێم پێتان، ئەگەر کاك نێچیرڤان بارزانی لێت بپرسیایە لە کابینەی پێنجەم، دەیوت من لە سلێمانی ناتوانم کار بکەم، ئەمە زرووفەکەی وڵاتەکەمانە، من دەڵێم لەچاو کابینەی پێنجەم، بە پشتیوانی سەرۆکی هەرێمیش من بەویژدانەوە دەمەوێت قسە بکەم، ئەتوانم بڵێم من لەچاو کابینەی پێنجەم بەحوکمی ئەم زرووفەی کە هاتووەتە کایەوە، هەوڵمان داوە هەنگاوی زیاتر بنێین بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی، من لە هەولێر و دهۆکیش شتێك زیاتر لەجاری جاران ئیشمان پێ دەکرێت وکارمان پێ دەکرێت، موراعاتی ئەو حاڵەتەشمان کردووە، بەڵام دوو ئیدارەیی وەکو باسم کردووە بۆ ئێوە، دیاردەیەکە بەرجەستە بوونی حەقیقی هەیە، بەڵام چۆن چارەسەری بکەین، بەوەی کە ئێمە گیانی شارچیەتی قوڵ بکەینەوەو ئیدارە لەت بکەین، یان وەرن با بێین، چارەسەری حەقیقی بکەین و بەرەو چاکتری بەرین، زۆر باسی زانکۆی سەلاحەدین کرا، من دووبارەی دەکەمەوە ئەو بڕیارە بڕیاری حکومەت نەبوو، وەکو باس دەکرێت، ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان بە خوێندکارەکانی وتووە بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، هەندێکیان بەقسەیان کردووە، هەندێکی تریشیان بەقسەی نەکردووە، ڕێکخراوێکی حکومی نیە، دەستبەجێ کە بەو خەبەرەمان زانیووە، من خۆم لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ و کاك دلاوەر قسەمان کردووە، کاك دلاوەر بەیانی دەرکردووە، سەرۆکی زانکۆ و ئەنجومەنی زانکۆ بڕیاری خۆی داوە وەکو حکومەت، هیوادارم ئەمە ببێت بە بۆنەیەکیش بۆ تەئکید کردنەوە لەسەر حورمەتی زانکۆ و سەربەخۆیی زانکۆ، زۆرم پێ سەیرە یەکێکی وەکو دکتۆر دلاوەر کە پێم وایە عنصورێکی ئیسلاح خوازە، لەناو هەمووومان وا ناسراوە، ئەمڕۆ داوای دەست لەکار کێشانەوەی لێ بکەن، لەسەر ئەم حاڵەتەی کە ڕوویداوە، هەڵوێستی نەك هەر ڕوون بووە، بەڵکو لەڕوو بووە، هەڵوێستی من نەك هەر ڕوون بووە، لەڕوو بووە، ئێمە هەوڵمان داوە زانکۆ بپارێزین لەهەر دەستێوەردانێکی سیاسی و، من دووبارەشی دەکەمەوە، نابێ ئەو ڕەفیقانەمان لێمان عاجز بن، ئەوان هەموو قسەی خۆیان کرد، من بەسنگ فراوانیەوە وەرمگرت، ئێستاش دەڵێم ئەندامی پەرلەمان نابێ حەرەمی زانکۆ بشکێنێت، زانکۆ قەڵای پاستیل نیە، زانکۆی سلێمانی جێگای مەعریفەو جێگەی خوێندنە، گەنجەکانی زانکۆی سلێمانیش مافی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینیان

هەیەو لەسەر چاوی هەموومانن، بەڵام ئەندامی پەرلەمان، بەتایبەتی ئەوانەی کەداوای ڕیفۆرم دەکەن، داوای دوورخستنەوەی سیاسەت و دەستێوەردانی سیاسی وحزبی دەکەن لە کاروباری زانکۆکاندا، با ئەوان بە نموونەی جوان ئەوکارە بڕەخسێنن، نەك دەرفەتێك بکەنەوە ئەم بڕوات و دوای ئەویش ئەوی تر بڕوات، ئەوی تریش بێت و ئەوکات حەرەمی زانکۆی چی وسەربەخۆیی زانکۆی چی، وڵاتەکەشمان لێ وێران دەبێت، برایەك پرسیاری لێکردم ئایا نوێنەری خۆپیشاندەران سەردانی حکومەتیان کردووە، وەکو نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران نەهاتوون، بەڵام من لەلای خۆمەوە، چەندین کەس سەردانی بەردەرکی سەرایان کردووە، داخوازییەکانیان هەم ڕاستەخۆ بۆمان هات وەکو حکومەت هەم لەڕێگەی لیژنەی پەرلەمانیشەوە هاتە لامان، من دووبارەی دەکەمەوە ئەو خۆپیشاندەرانە خەڵکی دڵسۆز و بەئەمەکی ئەم وڵاتەن، بەچالاکی مەدەنی بەقانونی ڕای خۆیان دەردەبڕن، ڕاکانیان موحتەرەم و موقەدەرە، داخوازییەکانیان ئەوەی کەمن دیوومە، بەشی هەرە زۆری داخوازیی ڕەوای قابیلی جێبەجێ کردنە، هەندێکی ئاستەنگی دێتە ڕێ، بەڵام بە ئیرادەی سیاسی باشەوە دەتوانین جێبەجێی بکەین، من لێرەوە دەڵێم زۆرجار وتراوە بۆیە گوێیان لێناگیرێت، من دەڵێم گوێیان لێدەگرین، گوێمان لێگرتوون، نەك هەر ئەوە، وەڵامی ڕەسمیشمان داونەتەوە، بەڕاگەیاندراوێکی ڕەسمی، نێردراویش هەبووە لە بەردەرکی سەرا بۆ ئەو خۆپیشاندەرانە، بۆ ئەو لیژنەیە کە وتوومانە ئەمە وەڵامی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، نەك ئێستا بۆ هەرکاتێکی تریش بێت، ئێمە لەخزمەتی بیستنی تێبینیەکان و پێشنیازەکانیانین، کوڕی ئەم وڵاتەن، خەمخۆری ئەم وڵاتەن، واجبی منە وەکو سەرۆکی حکومەت، وەکو هاووڵاتیەکیش گوێ بیستیان بم، داخوازییە ڕەواکانیشیان بەپیریەوە بچین، کاك سەمیر پرسیارێکی کرد، پرسیارێکی گرنگە، ئەڵێت ئاماژەی خۆپیشاندان ئەوەیە دەزگا شەرعیەکان ئەتوانێ چاکسازی بکات، یان نا؟، من پێم وایە ئەمە پرسیارێکی زۆر جەوهەرییە، ئایا ئەم پەرلەمانە سوودی هەیە، ئایا ئەم قسەو باسانەی کە دەیکەین بایەخی هەیە، یان بڵێین نەخێر، با هەریەکەو ڕاکێش ڕاکێشی خۆی بکات، ئەوەیشی کە دەمانەوێت بیکەین، من پێم وایە وەڵامی جدی ئەم مەوزووعە ئەوەیە بڵێین، دەزگا شەرعیەکانمان ئەبێت جێگای بایەخمان بێت، بیپارێزین، بەدیلی شەرعیەتمان نیە؟، گلەییمان لێی هەیە؟، گلەییمان لە پەرلەمان هەیە؟، گلەییمان لەسەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە؟، ئەوە لێرە جێگای باسکردنە، گلەییتان لە حکومەت هەیە؟، گلەییتان لەسەرۆکی حکومەت هەیە؟، من سەربەرزم دێمە بەردەم پەرلەمانەکەی خۆمان و ئەم ڕەفیقە بەڕێزانە داوای دەست لەکارکێشانەوەم لێدەکەن، ئێمە ڕێگای چارەسەری کێشەکانە، نەك پێشێلکردنی شەرعیەت، گلەیی هەیە لەدەزگا شەرعیەکانمان، ئەو گلەییە لەم پەرلەمانە باس دەکرێت، یەکێ لە برادەران باسی ئەوەی فەرموو، ڕۆژێك تەرخان بکەین لە ئەنجومەنی وەزیران باسی داواکاری داواکاری خۆپیشاندەران بکەین، بەسەرچاو پێشنیازێکی زۆر بەجێیە، من هیوادارم خۆپیشاندەرانیش بێن لەم پەرلەمانە قسەی خۆیان بکەن، زۆر بەجێیە؟، با ئێمە فێری ئەوە بین، خۆ دونیا هەر ئەمڕۆ نیە، وڵاتی خۆمانە، سەیری وڵاتانی تر بکەن، دەستاودەست کردنی دەسەڵات کارێکی زۆر ئاساییە، ئەبێ وا فێربین، بەڕاستی لەدڵەوە من ئەو قسەیە دەکەم، کوڕو کچی خۆمانن، داواکارییان هەیە، پەرلەمان دەبێ گوێیان لێبگرێت، حکومەت دەبێ گوێیان لێ بگرێت، ئەوەی دەکرێت بڵێین دەکرێت، ئەوەشی کەناکرێت بڵێین ناکرێت،

لەبەر ئەم هۆیانەش ناکرێت، من بەو پێوەرە حەزدەکەم ئاماژەی پێبکەم، وە دەبێ کاریشی پێ بکەین، سەرچاوەی توندوتیژی لەولاتێکدا کە تەزکییەی حزبی وناعەدالەتی تێدایە، وەڵلا تەزکییەی حزبی کارێکی ناجۆرە، من هەندێ قسە لەوانەیە باش بێت نەکرێت، بەڵام ئەگەر لەسەر تەزکێی حزبی بێت، گلەیی زۆر لەلایەن رەفیقەکانی خۆمەوە لەسەر حزبەکەی خۆم لەسەرەوەیە کە کار بە تەزکییەی حزبی ناکەم، پێم وایە هەندێکتان شایەتی ئەوەم بۆ دەدەن، ئاگاتان لێیەتی، با تەزکییەی حزبی هەوڵ بدەین بنبڕی بکەین، بەڵام خۆ واسیتەو واسیتەکاری و خزم خزمێنە بەچی ڕێگری لێدەکەن، بەعزێ شت هەیە، کەلتوورە، خراپە، باس لەوە دەکەین تەعیناتمان هەیە، 25 هەزار دەرەجەی وەزیفیمان هەیە بۆ ئەمساڵ داوا لەپەرلەمان دەکەم، ئەنجومەنی ڕاژەمان زوو بەزوو بۆ پەسەند بکەن، بەڵام قەرارمان وایە، لە ئەنجومەنی وەزیران بەهەمان پێوەرەکانی ئەنجومەنی ڕاژە، بەشێوەیەکی کاتی لەڕێگای پارێزگاکان و فەرمانگە مەحەلیەکانەوە ئەو تەعیناتانە لەسەر بنەمای پێشبڕکێ بکەین، خەڵك بە مونافەسەو لەسەر ئەساسی ئەقدەمێت و حەقێتی کارەکانی خۆی بکات، دڵنیاشم لەوەی کە ئەوەمان کرد، هەندێ لە ئێوە دێن ئای فلان قائی مەقام، ئای فلان بەڕێوەبەری گشتی، پوورزاکەی خۆی داناو خزمەکەی خۆی دانا، یان بە تەزکییەی ئەم حزب یان ئەو حزب فلان کاری کرد، با ئێوە چاودێری بکەن، وەرن لەگەڵمان هاوکار بن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەفاف بچێت بەڕێوە، من لێرەشەوە وەکو پێم وتن، بەرنامەمان وایە لە ئەنجومەنی وەزیران، باس لەگۆڕانکاری دائیرەکان بکەین، فەرمانگە حکومیەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان بکەین، ئەوانەی کە ماوەیەکیان بەسەرچووە، گۆڕانکاری کارێکی پێویستە، با لەسەر بنەمای پێشبڕکێ و سی ڤی بێت، نەك لەسەر بنەمای ئەوەی کێ تەرشیحی ئەمە ئەکات یان نایکات، ئێمە کۆمەڵێك گۆڕانکاریمان کرد لەهەندێ دامودەزگادا خەڵکی ناحزبی چوویە ناویەوە، یەکێ لەو برادەرانە وتی لە وەزیرەوە تا فەڕاش هەمووی حزبییە، من دەڵێم وانیە، من بەوحاڵەتەی کەهەندێ لە برادەرانی گۆڕانمان کە پێیان دەوترا نان بڕاوەکان گەڕانەوە، من پێم وایە هەر نەبێ بەشێکی ئەو حەقیقەتە بەو جۆرە نیە، ئەمە دەبێت حکومەتی خەڵك بێت، بەڵێ حزب دەستی تێدایە، بەڵێ حزب حاڵەتێك هەیە لەم وڵاتە، بەڵام من دەڵێم ئێمە لەم ساڵ ونیوەی ڕابردوو هەوڵمان داوە جیاکردنەوەی حزب و حکومەت زیاتر بەرجەستە بکەین، بەڵام کاری زیاتری دەوێت، سەبارەت بەناعەدالەتیش باسم لەو بەرنامانەکرد کەئێمە پێمانەو دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین، ناعەدالەتی دیاردەیەکی ناشرینە، مایەی گلەیی خەڵکە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە وەکو حکومەت وە هیوادارم ئێوەش وەکو پەرلەمان هەر لەسەر ئەوە کۆك بن، هاوکاری خەڵکی هەژاری وڵاتەکەمان بکەین، بودجەی ئێمە پار بەشی سەرەکی بۆ خەڵکە هەژار ونەدارەکەی وڵاتەکەمان بوو، ئەمساڵیش دەرفەتی کارکردنە بۆ گەنجان وهەلی کارکردنە بۆ گەنجانی بێ کاری وڵاتەکەمان، بۆ خەڵکی هەژار و نەداری وڵاتەکەمان، با بەیەکەوە کار بکەین کە دەرامەتی ئەم وڵاتە بۆ خەڵکی کەم دەرامەتی ئەم وڵاتە بێت، عەدالەتی حەقیقی زیاتر بەرجەستە بکەین، هەنگاو بەهەنگاو، هۆکارەکانی پرۆسەی چاکسازی بۆ خاوە؟، چاکسازی سیاسی پێویستە، من لەمەدا ئەمەوێت هەڵوەستەیەك بکەم، سەردەمانێك بوو قسەوباس لەسەر ئەوە بوو خزمەتگوزارییەکان خراپە، ئاو نیە، کارەبا نیە، ئەمە نیە، ئەوە نیە، من دەتوانم بە ئامار قسە بکەم، ناڵێم کوردستانەکەی ئێمە بووەتە سوید، نەبووەتە ئەمریکا، زۆری ماوە،

بەڵام لەم ساڵەی ڕابردوودا بەتایبەتی لەهەندێ جێگادا کە گلەیی و ڕەخنە زۆر هەبوو لەسەر ئەدائی حکومەت و بەتایبەتی خزمەتگوزارییەکان، ئێمە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگمان ناوە، بۆ خزمەتگوزاری باشتر و ئاوەدانی و بووژاندنەوەی ئابووری، کەئەوە باش دەبێت دەڵێت پرسی چاکسازی سیاسی، زۆر باشە، ئەگەر قسەکە وابوو قۆناغی خزمەتگوزاریمان تێپەرکردووە، ئێستا بۆ قۆناغی چاکسازی نازانم ئەوە واتای ئەوەیە پرسی خزمەتگوزاری تەواو بووە، من دەڵێم نەخێر خزمەتگوزاری زۆر زیاترمان پێویستە، ئاوەدانی زۆر زیاترمان پێویستە، بەڵام با نیقاشەکەمان نیقاشێکی مەنهەجی بێت، من دەڵێم لەکوردستاندا پرسی چاکسازی سیاسی پێویستە، تێکەڵاوی حزب و حکومەت پێویستە کۆتایی پێ بێت، ئەوەی هەر حزبێك بێت و بڵێت شتێکم بەرێ لەداهاتی میللەت و بۆ ئەوەی حزبی خۆمی پێ بەڕێوە ببەم، دەزگای ڕاگەیاندنی خۆمی پێ بەڕێوە ببەم، هەڵبەتە ئەوە حزبەکانی حکومەت لەپێش حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنەوەیە، ئەمە حاڵەتێکی نادروستە لەهیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی دونیادا نیە، وەرن با بەیەکەوە بنبڕی بکەین، یەکێ لە برادەرەکان قسەیەکی جوانی کرد، وابزانم جەنابی دکتۆر ڕێباز بوو، کە باس لە بنبڕکردنی دەکەن، من ناتوانم وەعدی حلولی سحری بە ئێوە بدەم، بەڵام وەعدی ئەوەتان دەدەمێ کە ڕووبەڕووی هەموو ئەو دیاردە ناشرینانە ببینەوە، بە بەرنامەو بە ئامار و بەڕەقەم، ئێمە ساڵی پار، باسی پرسی چاکسازی دەکەین، هەموو دینارێك کەداومانە بەهەر حزبێك بە یەکێتی و پارتیشەوە، بە وەرەقە، بەقەرز لەسەریان بوەتە زیمە، بەقەرز ئیمزا کراوە، قەرزە مینحە نیە، چاوەڕوانی پەرلەمانی بەڕێزین کە بریارێکمان بۆ بدات لەسەر یاسای تەمویلی ئەحزاب، ئەمانە قەراری ئاسان نەبوون برادەرینە، جۆرەها و جۆر شەڕی تێدا بووە، جۆرەها جۆر ئاستەنگمان لەبەردەم بووە، بەڵام پێداگریمان لەسەرکردووەو کردووشمانە، بێجگە لەوەی کەوتم یەك ئامارم داوە بەئێوە بەس لە سلێمانی لە خەزێنەی سلێمانی، ئەتوانن هەندێ لەکارمەندەکانی ئەوێ بانگ بکەن، 17 – 18 ملیۆن دۆلار مانگانە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، بەو پارانەی کە لە حزب و ڕێکخراوو ڕاگەیاندنەکان گرتوومانەتەوە، هیوادارم بەهەندێ ئیجرائاتی تر کە هەمانە، دەستمان پێکردووە، هەندێ پارەی تریش بگەڕێنینەوە بەهەمان شێوە، پارەی خەڵکە، نانی خەڵکە، بەڵام لێتان ناشارمەوە کاکە ڕێباز، ئەوەی بەتەعبیری خۆی نان بڕاوی دەکەین، ئەنواعی موشکیلەت بۆ دەنێتەوە، سەیرە لەم خۆپیشاندانەی کە ڕووی دەدا هەندێ لەوانەی کە زەرەرمەند بوون لەمانە دەنگیان زۆر دلێرتر بووە، چاوەڕوانی چاکسازی لەئێمە دەکەن، خۆیان گەورەترین موستەفید بوون لەو پارەو لەو مینحەو لەو بێنەو بەرانە، ڕۆژێ لەڕۆژانیش یەك وەسڵیان نەداوە بەم حکومەتەو بە ڕەقابەی مالی، ئێستا داوای چاکسازی لەئێمە دەکەن، من پێم وایە پەرلەمانەکەی خۆمان ئەبێت بەدواداچوونی ئەمانە بکات، وەرن با بەئامار، وەرن باڕەقەم، وەرن با بە وەسیقە، تەحقیق لەو مەسەلانە بکەین، بزانین بەرهەم ساڵح و کابینەی شەشەم ئەم کارانەی کردووە، یان ئەم کابینەیە ڕووبەڕووی ئەم دیاردانە بووەتەوە، ڕووبەڕووی بووەتەوە بەقوەت و بەجورئەت وبەقەراریشەوە، نەك هەر ئەوەندەی قسەمان کردبێت، نەخێر بەپارە گەڕاندوومانەتەوە، کاکە صباح بەرزنجی، کۆمەڵێك پرسیاری کرد، پێم وایە هەندێکیان وەڵامم داوەتەوە، سەبارەت بەسنووری دەسەڵات، نا کاکە ڕێباز تۆ پرسیارەکانت زۆر بەجێ بوون من سوپاسی هەمووتان دەکەم پرسیاری بەجێتان کرد، من لێرەش چوومە دەرەوە هیچ لەدڵ ناگرم، بۆیە

کەسیش هیچ لەدڵ نەگرێت، هەموومان هەڤاڵی یەکین، لەبەردەم پەرلەماندا چ بڕیارێکتان هەبێت من ملکەچی بڕیاری ئێوەم، کاك صباح حەزدەکەم پێت بڵێم، تۆ وابزانم جەنابت من دەناسی، من حەزدەکەم بزانی موتەمەسیك نیم بە مەوقیعەکەمەوە، موتەمەسیکم بە خزمەتی وڵاتەکەمەوە، ئەگەر ئەو ئامۆژگاریانە، ئامۆژگاری دڵسۆزانەو خۆشەویستیە، من ئەمەوێت وا وەری بگرم، زۆر سوپاست دەکەم، ئەگەر هی ئەوە بێت فریای دین و دونیام بکەویت، من حەزدەکەم وای لێك نەدەیتەوە، ئەم مەوقیعە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە، کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بم، بەڵام ئەرکێکی گەورەشە، نەداوام کردووە، نە بەدوایدا چووم، لەهەموو جێگەیەکیش وتوومە، بە واجبێك ئەم کارە دەکەم، کەی زانیم پێم ناکرێت حەزدەکەم بڵێم پێتان ئەوەندە جورئەتم تێدایە بێمە بەردەمی ئێوە بڵێم خوشك وبرایان ئەوانەی کە وتمان دەیکەین، پێمان ناکرێت داوای لێبووردنتان لێدەکەم، یەکێکی تر بخەنە جێگاکەی من، حەزدەکەم دوور لە شێوازی تر با بڵێین حەقیقەتی مەوقیفی من لەمەدابووە، لەو ماوەی ڕابردووشدا لەجەریدەی هاووڵاتی هەندێ قسەم کرد، ئەو قسانە قەناعەتی منە، نەداوام کردووە، نە هۆگری پلەو پۆستم، نە بەتەماشم لەم کورسیە بمێنمەوە، مەسەلەن کاکە جەعفەر باسێکی فەرموو، کورسی ئەگەر بێت و بەکاری نەهێنی بۆ خزمەتی خەڵك عەیبدارت دەکات، وە ئەگەر گەیشتە ئەوە من سوپاست دەکەم، زوو پێم بڵێی بڵێیت ئێستا تۆ تێبینیەکت هەیە لەسەر ئەوە، بەڵام من قەناعەتم وایە، ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانی من وڕەفیقەکانم ئەوەیە ڕووبەڕووی ئەم ئەزمەیە ببینەوە، چارەسەری بکەین، برەو بەپرۆسەی چاکسازی بدەین، بەدڵنیاییەوە پێتان دەڵێم بزانم ئەو ئاستەنگانە ڕانامالدرێت، بەشی ئەوە جورئەتم هەیە، بەشی ئەوەش بێباکم لەوەی کە ئیمتیازی سوڵتە، بێمەوە بەردەمتان بڵێم ئەمە بۆ من نابێت یەکێکی تر تەکلیف بکەین، چونکە خوێنی لوتی منالێکی کورد، سەد بەرامبەری ئەم مەوقیعەی من لای من گرنگترە، حەزدەکەم ئەوە لەدڵەوە پێتان بڵێم، سەقفی زەمەنی بۆ یەکگرتنەوەی دەزگاکان، دەی یەڵڵا با هیمەت بکەین، قانونی یەکخستنەوەی ئاسایشتان لەبەردەستدایە، پەرلەمانی کوردستان لەجیاتی خەریکی گرژی و تیروتوانج گرتنە یەکتری بین، با خەریکی کۆمەڵە یاسایەکی جدی بین، بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکان، بە سەقفی زەمەنیشەوە، دەی دەرفەتە، فرسەتە، با ئێستا بیکەین، قانونی میزانیەتان لەبەردەستدایە کاکە صەباح، حەزم دەکرد من بێمە خزمەتتان باس لەقانونی میزانیە بکەین چۆن پارەی ئەم میللەتە بۆ خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتە تەرخان بکەین، من هیوادارم، من لەم جێگایە بم یان لێرە نەبم، ئەوە مەسەلە ئەساسیەکانی خەڵك بێت و ئێوە وەکو پەرلەمانی هەڵبژێردراوی ئەم وڵاتە بن، کێ بوو پرسی بۆچی نەتانتوانیوە دەزگاکانی حکومەت هەمووی یەك بخەن لەم ساڵ و نیوەدا؟ وەڵڵاهی کاکە من پێشتان دەڵێم ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی، نە وتوومە دەتوانین بیکەین، نە وەعدی واشم داوە، نە وتووشمە کردوومانە، هەنگاومان بۆناوە، کۆمەڵێك کارمان بۆ کردووە، بەڵام ئێستا ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان ناڕەزایی خەڵك گەنجەکانمان کەداوای یەکخستنەوەی ئیدارە دەکەن، نەك لەت بوونی ئیدارە، ئەمە دەرفەتێکە، هاندانێکە، پاڵپشتێکە با بیکەین، دەی یەڵڵا پەرلەمانی کوردستان وەرن هاوکارمان بن، قانونەکان، ڕێساکان، پەسند بکەین بۆ ئەوەی کاری جدی لەسەر بکەین و بەدواداچوونی بۆ بکەین، عەزیمە خان، سوپاست دەکەم بۆ پرسیارەکانت، من حەز دەکەم پێت بڵێم، داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانمان بەهەند

وەرگرتووەو بەجدی کاریشمان لەسەر کردووە، کۆمەڵێك شتی گرنگن بۆ وڵاتەکە، من هەروەها سەیری دەکەم، ئەو داخوازییانە پاڵپشتن بۆ پرۆسەی چاکسازی، برەودانە بە پرۆسەی چاکسازی، نەك ڕێگرییە لێی، دڵنیات دەکەم، لەلای خۆمەوە ڕەفیقەکانیشم هەروەها بەجدی وەری دەگرین ومامەڵەی لەگەڵ دەکەین، ئەگەر ئەم وەزعە بەردەوام بێت مەترسی گەورەی لێدەبێتەوە، منیش دەمەوێت ئەو تێبینیە لەسەری ڕابوەستم، لەهەمووی گرنگتر ناکۆکی سیاسیمان هەیە، بۆچوونی سیاسی جیاوازمان هەیە، تێڕوانینی جیاوازمان هەیە، تەبیعیشە، بەڵام ئەمە نەبێتە مایەی تێکچوونی ئاشتەوایی ئەهلی لەم وڵاتەدا، من ناو بەناو دەبیستم، تیروتوانجی بەینی هەولێر و سلێمانیش خەریکە دەبێتە مەسەلە، بابە ئەمە وڵاتەکەمان لەکوێ بووین هەنگاومان نا بەرەو چی؟، هەمووی دوو مانگ لەمەوبەر بوو، هەموو بەغداد و موعادەلاتی دەورووبەری عێراق لەسەر وەزعی کوردستان و بڕیاری کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی عێراق لەسەر دەستی ئێمە بوو، هەموو بێگانەو دەوروبەر دێن دەڕوانن کوردستانی خۆمان، ئەم پێگە پێشکەوتووە، گەشەسەندووە، سەقامگیرە ئێستا وامان لێبێت، ئاوا بەمجۆرە بەشەو ورۆژێك بگەینە ئەم حاڵەتە، منیش دەڵێم گەر وابێت مەترسی لێدەکەوێتەوە، بۆیە هیوام وایە ئەم دانیشتنەو دانیشتنی تری لەم بابەتە منیش لەخزمەتتانندام ڕەفیقەکانی تریشم هەروەها، ئێمە کارێك بکەین ئاشتەوایی ناوخۆی خۆمان بۆچوونەکانمان جیاواز دەبێت، لەگەڵ عەزیمە خاندا لەوانەیە تێڕوانینەکانمان نەگاتە یەکتری، بەڵام خوشك وبرا وهەڤاڵی یەکین، هەموو هاووڵاتی ئەم وڵاتەین لەسایەی ئەم پەرلەمانەدا کۆدەبینەوە، کێشەکانمان لێرە چارەسەر بکەین، من ئەم قسانەم بۆ ئەوە نیە لە حلول ڕابکەین، ئەم قسانەم بۆ ئەوەیە حلول بکەین، بەدوای چارەسەردا بگەڕێین نەك یەکتری تەخوین بکەین و تەشهیر بکەین، بەرنامەی چاکسازی کۆمەڵێك پرسیاری لەسەر کرا، من حەز دەکەم لەو بارەیەوە ئێمە کۆمەڵێك ئیشمان کردووە، کابینەی پێنجەم لەڕێگای کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی (پایس ۆتەر هاوس کوپرس)عەقدێکی ساڵانەی کردووە، بۆ تەقیمی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئەوە تەقیمەکەیان تەواو بووە، کۆمەڵێك پێشنیازی گرنگیان بۆ داوین، ئەو پێشنیازانە بوونەتە کۆمەڵێك ئەنزیمە، کۆمەڵێك ڕێسا ناردوومانە بۆ شورای هەرێم، ئەویش بۆی ناردووینەتەوە، لەم ڕۆژانەدا من هیوادارم کۆبوونەوەی ئەنجومەن یەکلایی بکاتەوە، یەکێ لەوانە قەواعیدی سلوکی وەزیفیە، یەکێ لەوانە کەشفی زیمەی مالیە، یەکێ لەوانە مەسەلەی شەفافیەتی مالیە لە کۆمەڵێك لە دەزگاکانی حکومەت، من حەز دەکەم پەرلەمانی کوردستان لەم مەسەلەیەدا بەداتاکانەوە، لەگەڵمان قسە بکات لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەتایبەتی لیژنەکانی ڕەقابەی مالی و نەزاهەت لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵمان هاوکار بن، چونکە بڕیاری گرنگن، ئەگەر سەد لەسەدیش جێبەجێ نەکرێن ڕێچکەیەك دەشکێنێ لەجۆری کاری حکومەت کە گرنگە، من هیوادارم بتوانین بەشێوەیەکی باش جێبەجێی بکەین، سەرگوڵ خان، پرسیاری کرد لەسەر تەحقیق کردن، لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان، بەڵێ تەحقیق هەیە لەسەر ئەدائی ئەجهیزە ئەمنیەکان، من لەلای خۆشمەوە وەکو سەرۆکی حکومەت، بەدواداچوونی هەندێ ئەجهیزە ئەمنیەکان و ئەجهیزەکانی تریشم کردووە، هەندێ قەناعەتم لەلا دروست بووە، بەڵام من نامەوێت ئەو قەناعەتانە لەسەر شتی شەخصی یان سەرپێیی بکەم، چاوەڕوانی ئەنجامەکانی لیژنەی تەحقیقین وکۆمەڵێك بڕیارمان لەسەر ئەوە بەندە، بە تەئکید خەلەلێك هەبووە، لەڕۆژی 2/17، ئەو خەلەلە

ئەبێت تەقیم بکرێت، ئەو کەسانەی لێی بەرپرسن موحاسەبە بکرێن و تەحقیقیشیان لەگەڵ بکرێت، بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەدواداچوونی ئەوە دەکەین، سەبارەت بە بارگرژییەکانی سلێمانی بۆ چارەسەری ناکەن تا بازاڕ ئارام ببێتەوە؟، من دووبارە ناڵێم لەبەر ئەوەی بازاڕ شڵەژاوە خۆمان بدزینەوە، لەداخوازییەکانی خۆپیشاندەران، پێچەوانەکەی دەڵێم خۆپیشاندەران داخوازی ڕەوایان هەیە، پێویستە گوێیان لێبگرین، پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکەین، بەڵام من هیوادارم هەمووشمان کە چۆن باس لە چاکسازی سیاسی، حکومی، ئیداری دەکەین، ئازادیشمان تا ئەو ڕادەیە ئازادییە کە تەئسیر نەکاتە سەر ئازادی و ڕزقی خەڵکی تر، سلێمانی بۆ چەند ساڵێکە بوئرەو ناوەندی ململانێی سیاسی جۆرەها و جۆرە، وە خەڵکی سلێمانی، بازاڕی سلێمانی، وەبەرهێنان لە سلێمانی، خزمەتگوزارییەکانی سلێمانی قوربانی ئەو حاڵەتە بوون، من هیوادارم بەهەمووومان، هەموو شارەکانی کوردستان پیرۆزە، غەدر لە سلێمانی نەکرێت، نەهێڵین هەموو ئەو کێشەو گیروگرفتانە، تەنها و تەنها لەسەر حسابی خەڵکی سلێمانی، داهاتی سلێمانی، ئەمنیەتی سلێمانی، بازاڕی سلێمانی بێت، من ئەوەندە دەڵێم بەهەمووتان، هەموو ئەندامانی پەرلەمان وەکو هەموو خەڵکێکی سلێمانی پەرۆشی خەڵکی سلێمانی دەبن، پێیان خۆش نیە ئەو حاڵەتە ببێت، کاك سالار پرسیاری لەسەر لاوان و خوێندکارانی زانکۆ کرد، منیش دەڵێم گەنجەکانمان هۆشیارن، من شانازی دەکەم شەوێك تا درەنگێك ئاوا لەم بابەتە، لەگەڵ کۆمەڵێك لە خۆپیشاندەرەکانی زانکۆ دانیشتم، وە قسەی زۆرمان کرد بەڕاشکاوی، بەوردی، لەڕوو، کۆمەڵێك قسەیان کرد، من شانازییان پێوە دەکەم، کۆمەڵێك ڕەخنەو گلەیی و بابەتیان هەبوو، منیش لەلای خۆمەوە کۆمەڵێك لەو بابەتانەمان بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوانە کوڕ و کچی ئێمەن، خوشك و براو برازاو کەسوکاری ئێمەن، بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم خوێندکارەکانی زانکۆ خەڵکی هۆشیارن، ئێمە لەم کابینەیە زۆر هەوڵمانداوە بایەخ بە خوێندنی باڵا بدەین، زۆر هەوڵمانداوە بایەخ بە گەنجانی وڵاتەکەمان بدەین، من سەربەرزم لەبەردەم ئێوە بڵێم بەرنامەی تواناسازیمان دەست پێکرد، یەك واسیتەو واسیتەکاری وتەزکیەی حزبی تێدا نەبوو، لەسەر بنەمای لێهاتوویی وپێشبڕکێی خەڵك وەرگیراوەو چووەتە دەرەوە، زۆربەی ئەوانەشی کەچوونەتە دەرەوە خەڵکی هەژارن، خەڵکی بنەماڵەی هەژارن، کەلەڕێگەی بەرنامەیەکی وا شەفافەوە نەبوایە لەوانە بوو ڕێگایان نەگاتە دەرەوە، بۆیە من شانازی بەو گەنجانەوە دەکەم، ئەمساڵ لەکابینەی شەشەمدا، زانکۆی هەڵەبجە، زانکۆی گەرمیان، زانکۆی زاخۆمان کردەوە، دەستمان پێکرد، دەستمان بە بیناکانی کرد، هەیکەلی ئیداریمان بۆ داناوە، بەپێشبڕکێ سەرۆکەکانیمان داناوە، بایەخمان زۆرداوە بە بواری خوێندنی باڵا، هەوڵمان ئەوەیە دەست تێوەردانی سیاسی و حزبی لەناو زانکۆکانمان بێنینە دەرەوە، ئاستی خوێندنی باڵا بەرز بکەینەوە، من ناڵێم هەموو کارەکانمان جێبەجێ کردووە، بەڵام گەنجەکانی زانکۆکانمان هیوادارم دڵنیابن لەوەی کە زۆر بەجدین بۆ خزمەتکردنیان و بەدەنگەوە چوونی داخوازییەکانیان، پەیام خان، ئەو هێزانەی لە سلێمانی و کفری ماونەتەوە ئەوانە هێزی مەحەلین، ئەگەر هێزی دەرەکین، حەزدەکەم پێم بڵێی، بەدواداچوونی بۆ دەکەین، من پێرێ بوو لەسلێمانی بووم، یەکێ لە بڕیارەکان ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە بەتەواوی لەشەقامەکانیش بکشێتەوە، وەکێشراوەتەوە، بەڵام لێتان ناشارمەوە ئەمە هیچ نیە، ئێمە باسمان لەحەلی ئەمنی نیە، ئەرکی سەرشانی ئێمە لەپاراستنی خەڵك بووە، پاراستنی موڵك و ماڵی خەڵك

بووە، نەهێڵین ئەو وەزعە لەدەست دەربچێت، وەزعێکی نەخوازراوی وەك 2/17ی لێ بقەومێتەوە، من دەڵێم بەویژدانەوە تەقیمی ئەو وەزعە بکەن، ئەو ماوەیە ئەو هێزانە زۆر بەزەبتی ئەعسابەوە کاریان کردووە، لەبەرامبەر کۆمەڵێك ئیستیفزازات و بێنەو بەرە بە ئەوپەڕی خۆ ڕاگرییەوە مامەڵەیان کردووە، خۆشبەختانە ڕووداوی ناخۆشتر لەوە نەقەوماوە، من دووبارەشی دەکەمەمەوە، دەستی ئەو خۆپیشاندەرانە دەگوشم، کە گوڵ و شیرینیان دەدا بەهێزەکانی ئاسایش، ئەوانە کوڕ و براو کەسی ئەوانن، کاك پێشەوا سوپاست دەکەم بۆ قسەکانت هیچ چارەیەکمان نیە، غەیری ئەوەی بەیەکەوە قسە بکەین، یەکێتی و پارتی خوێناوی ترین شەڕی ناوخۆمان لەبەیندا بوو، هیچ چارەیەکمان هەبوو غەیری دانیشتن و دایەلۆگ کردن بەیەکەوە، ڕێککەوتین بەیەکەوە، ئێستاش چەند ناکۆکیمان هەبێت، لەگەڵ ئەم ڕەفیقانەی گۆڕاند،ا یان ئەو ڕەفیقانەی ئەولا هەر کەسی ئەم وڵاتەین وهاووڵاتی ئەم وڵاتەین، هیچ چارەیەکمان نیە، غەیری دایەلۆگی نیشتمانی و پێکەوە قسە کردن نەبێت، من دێمە سەر ئەوەی کەچۆن قسە بکەین، چۆن دایەلۆگی نیشتمانی بکەین، چۆن گوێ لەیەکتری بگرین، چۆن لەسەر مێزی گفتوگۆ ئەو کارانەمان بکەین، من وابزانم وەڵامی کاك دکتۆر جەعفەرم دایەوە، سەبارەت بە 47 کەسەکە، من پێم وتی گیراون، بەڵام دەستبەجێ بەرەڵامان کردوون، من نەم وتووە لەم حاڵەتەی کە لەکوردستان هەبووە پێشێلککردنی یاسا نەبووە، هەبووە کاکە جەعفەر، بەڵام لێی بێدەنگ نەبووین، نەخێر، بێدەنگ نەبووین، من پێم وایە بەدواداچوونی زیاتریشی دەوێت، بۆ لیپرسینەوە لەو کەسانەی کە ئەو ئیجرائاتانەیان کردووە، بەڵام من هیوادارم جەنابت ئەوەش لە ئێمە قبوڵ بکەیت کە زۆر بەجدی بەدواداچوونم کردووە، من خۆم کۆبوونەوەم لەگەڵ حاکمەکان و ئیدعای عام کردووە، کە هەندێ تێبینی و سەرنجیان هەبووە، بەسوپاسەوە لێم وەرگرتوون، هەندێ ئیجرائاتماتن کردووە، لەکوێش کاری نایاسایی تر کرا، من بۆ هەریەکێ لە ئەندامانی پەرلەمان ئەوە بەڕێوەبەری نووسینگەکەی خۆم لەم کۆبوونەوەیە بەشدارە تکاتان لێدەکەم ئاگادارمان بکەنەوە، بەدواداچوونی تایبەتی بۆ دەکەین، سەبارەت بەو ئەمر قەبزانەی کە دەرچووە(المتهم بريء حتي تثبت ادانته)ئەوە قاعیدەیەکی یاساییە، ئەمر قەبز دەرچووە، ئیستقدام دەرچووە، هەندێکی کە دوێنێ بەدەست من گەشتووە، ئیجرائاتمان لەسەر کردووە، هەندێکی ماوە، بەدواداچوونی بۆ دەکەین، ئەوەی کە پێویستە بچێتە بەردەمی حاکم و تەحقیقی لەسەر بکرێت و بەدواداچوونی بۆ بکرێت، دەبێ بچێتە بەردەمی حاکم، ئەگەر نەکرا ئێمە بەیەکەوە دادەنیشینەوە، ئێوە خۆشتان پەرلەمانن، منیش سەرۆکی حکومەتم، ئەندامی سوڵتەی تەنفیزیم، بەیەکەوە وەرن با سۆراغی بکەین، بزانین بۆچی جێبەجێ ناکرێت؟، ئەبێ وابکەین کە جێبەجێ بکرێت، نەك هەر بۆ ئەوانە، بۆ هەرکەسێکی تریش کە ئەمر قەبزی دەربچێت، چونکە بەحاکمەکان وتووە هیچ دەستێوەردانێك قبوڵ ناکرێت، ئەتوانم بڵێم سەربەرزم بەوە حاکمانەش کە قبوڵی هیچ دەستێوەردانێك ناکەن، حەقە تەقدیری ئەو حاکم و ئەو ئیدعای عامانەش بکرێت، کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی سەربەخۆو دادپەروەرانە کار بکەن، من ئەوەی بزانم ئەمر قەبز دەرچووە کاکە جەعفەر، بەڵام هەندێکی تەنفیز نەکراوە، بەدواداچوونی هەیە، من دوێنێ هەندێ لەو ئەوراقانەم وەرگرتووە، بەدواداچوونی بۆ دەکەین، کێ لەم وەزعە بەرپرسیارە؟، ئۆپۆزسیۆن یان میدیای ئازاد، یان دەرەوە؟، وەڵڵا من نامەوێ تۆمەتی بەرپرسیارێتی لەم وەزعە بخەمە

ئەوەوە، من پێم وایە کۆمەڵێك هۆکار هەیە، لەیەك لەحزەی تەئریخیدا ئەو هۆکارانە کۆبووەتەوە ئەم حاڵەتەی لێ قەوماوە، بەلای منەوە لە هەمووی گرنگتر کێشە پەنگ خواردووەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە، ئەوە واتای ئەوە نیە لایەنی سیاسی نیە، کە بیەوێت ئەمە بەکار بهێنێت بۆ مەرامی سیاسی خۆی، بەڵام ئەگەر بێت و زەمینەی کارتێکردنی ئەو پەیام و ئەو ئەجندە سیاسیانە نەبێت لەناو کۆمەڵگاکەماندا، ئەو حاڵەتە دروست نابێت، بۆیە ئێمە لەجیاتی ئەوەی بەدوای هۆی دەرەکی و ئەو شتانەدا بگەڕێین من لەلای خۆمەوە وادەڵێم، کێشەکانی ناوخۆی خۆمان و کێشە پەنگ خواردوو و کەڵەکە بووەکان هەوڵ بدەین چارەسەریان بکەین، وابزانم یەکێ لەو خۆشکە بەڕێزانە بوو وتی بریندارەکانی براونەتە دەرەوە، چونکە مەترسیان لەسەرە، من هیوادارم وڵاتەکەمان وای لێنەهاتبێ، ئەو بریندارانە، وەزیرەکانی حکومەت، پارێزگاری سلێمانی، لایەنەکانی تر هەموو سەردانیان کردووە، دکتۆرە پەریهان باسی نەخۆشخانەی کرد، من دەستخۆشی لە کارمەندانی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکەم، لەو ئەزمەیەدا دەورێکی زۆر جوانیان هەبوو، بەدەم ئەو خەڵکەوە ڕۆشتوون، هەندێ لەو حاڵەتانەی کەڕوویداوە کاك عەدنان بوو وابزانم تەلەفۆنی بۆکردم، زوو بەزوو چارەسەر کرا، یەکێ لە کێشەکان ئەوە بوو هەندێ لەوانەی کە بریندار بوون، تەحقیقیان لەسەر بوو، بەناوی ئەوەوە مابوونەوە لە خەستەخانە، بەڵام زوو دوای ئەوەی جەنابی تەلەفۆنی کرد چارەسەری ئەو مەوزوعەش کرا، من مەبەستم لەڕوونکردنەوەی ئەم حەقیقەتە چیە؟، کێشە دروست دەبێت، بەڵام حەلیشی هەیە، بەزمانی لەیەك گەشتن و یەکتر ئاگادارکردن حەلی بکەین باشترە، ڕۆژێك دابندرێت بچینە ناو خەڵکەوە، وەڵڵاهی خۆشکی بەڕێزم، نازانم من ئەگەر وانیە پێم بڵێن وانیە؟، من لە مەکتەب زۆر دانانیشم، شانازیم بەوەوەیە کە لەوەتەی بووم بەسەرۆکی حکومەت شارو شارۆچکەی کوردستان نیە سەردانی نەکەم، سەردانی کەرکووك وخانەقینیشم کردووە، بەداخەوە تا ئێستا سەردانی سنجارم نەکردووە، مەتڵەبمە سەردانی سنجار بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وتم، ئەگەر دەرگات کراوە بێت، لەسەر تەلەفزیۆن قسە بکەیت، ڕۆژێك دابنێیت کە خەڵك بێت مواجەهەت بکەن، نەك جەنابت بچیت بۆ ناو خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر بەرهەم، فەرموو.

**بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد صالح(سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئەرکی سەرشانمە کە لەناو خەڵك بم، دەرگاشم کراوەیە، من ڕۆژانی(یەك شەممە، دوو شەممە، سێ شەممە، چوار شەممە) لەهەولێرم( پێنج شەممە و هەینی، شەممە) لە سلێمانی دەوام دەکەم، پێشم وایە، ئەگەر ببینی هەر هەفتەی لە شارو شارۆچکەیەکم بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانیوە، واجبمە ئەوە بکەم،

دەرگام کراوەیە، مەبەستمە لە خەڵك ببیستم، لە خەڵکیشم بیستووە، حەزدەکەم زیاتریش بێت، وە هیوادارم لە کێشەو گیروگرفتەکانیان باشتر بکەم، کاك حەمە سعید کۆمەڵێك پرسیاری چیە ئامیزی کرد، کۆمەڵێك مانا ئامێزی کرد، دیار بوو باشی بیر لێ کردبوویەوە، ئیدارەی ئەم وەزعە هەمووی لە ئەستۆی تۆیە وەکو سەرۆکی حکومەت، من وا سەیری دەکەم، ئەو مەبەستی وایە هەموو ئەم وەزعە لەسەر دەستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چڕ بۆتەوە، ئەگەر وابێت، ئەوە دان پیانانێکی یەکجار گەورەیە بۆ من، سوپاست دەکەم، بەلاّم ئەزانم ئەڵێی چی، من دەڵێم کاك حەمە سعید بەڵێ من وەکو سەرۆکی حکومەت بەرپرسیارێتیەکی لەبەر چاو، مەعنەوی و قانونی وسیاسی و تەنفیزیم لەسەر شانە، بەلاّم ئەم وەزعە هەر لای حکومەتیش نیە بە تەنیا، هەر لای سەرۆکی حکومەتیش نیە بە تەنیا، ئەوەی لەسەر شانی منە، من خاڵ بەخاڵ ئامادەم جوابی بدەمەوە، بڵێین چیمان کردووە؟، ئەتوانم بڵێم بە ویژدانێکی ئاسوودەوە، هۆکاری ڕاگرتنی ئەو وەزعە بووین، نەمانهێشتووە لەدەست دەربچێت، تۆ وابزانم پیاوێکی لە خواترسیشی، بە ویژدانەوە حەزدەکەم تەقیمی ئەو ماوەیە بکەی لە ناو ئەو وەزعە، چۆنمان مامەڵە کردووە؟، ئینجا ئەگەر پێتوایە تەنهاو تەنها موشکیلەکان هەموو لەم بەندە موخلیسەی ئێوە چڕ دەبێتەوە، من ئامادەم چی پێویستە با ئێستا قەراری لێ بدەین و بیکەین، بە قەراری دەست لە کارکێشانەوەشم، دوو دڵ مەبنەوە، ها، کاکە ڕێباز کۆمەڵێك قسەی فەرموو، کۆمەڵێك پرسیاری کرد، هەندێکیشم جواب دایەوە، سەبارەت بە تەقە کردن بەردەوام بووە لە دوای بڕیارە 17 خاڵیەکە، من ناڵێم نەبووە، یەعنی دووبارەشی دەکەمەوە، بڕیاری ئێمە پابەندبوون بە 17 خاڵیەکەوە، بەلاّم پۆلیس و ئاسایش ئەمری پێیە کە تەقە نەکات لە خۆپیشاندەر، خۆپیشاندەری مەدەنی، بەلاّم وەکو لە هەڵەبجەش دیتووتانە خوشك و برایان، پۆلیس شەهید بووە، ئایا ئێوە زامنن کەسی خراپکار نەچێتە ناو خۆپیشاندەرانەوە؟، ئایا زامنن؟، من ئەو ڕۆژە لە ڕانیە بووم، ئەوەش بەسەرهاتێکی سەیرە، ئەنواعی ڕاپۆرتی ئەمنیمان هەبوو، کەوا تیرۆریست هاتوون خۆیان بتەقێننەوە لە ناو خەڵکدا، ئەنواعی ڕاپۆرتی ئەمنی هەبوو کە کۆمەڵێك دەست دەیانەوێت حاڵەتێك بورووژێنن، چەند گەنجێك لەو شارە لەو ساتە وەختەی کەمن لەوێم وەکو سەرۆکی حکومەت بریندار ببن و بکوژرێن، بۆ ئەوەی ئەو بۆنەیە لەکەدار بکەن، کاك حەمە سەعید هەمووومان خەڵکی ئەم شارەین، ئەم وڵاتەین و ئاگامان لە یەکترییە، ئێمە مامەڵە لەم وەزعەدا تەنهاو تەنها لەگەڵ خۆپیشاندەری مەدەنی ناکەین، دەیانخەینە سەر سەرو سەرچاومان، داواکارییەکانیان داواکاری خەڵکە، بەرێزەوە سەیری دەکەین، تۆ زامنی بۆمن هەمووی وەکو یەکە؟، زامن نیت، لەبەر ئەوەی پۆلیس و ئاسایشیش کە تۆ ئەمنیەتی خەڵکی پێ دەسپێری دیفاع لە خۆی بکات، گەر تەقەی لێکرا، دیفاع لە خۆی نەکات؟، من ناتوانم وا بڵێم، ئەمری ئێمە بۆ ئەو خۆپیشاندەرە مافی خۆی پارێزراوە، ژیانی پارێزراوە، تەقەکردن لە خۆپیشاندەر نیە؟، ئەوە ئەمری ئێمەیە لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ئەمنیش ئەو ئەمرەمان تەئکید کردۆتەوە، سەبارەت بە خێمە سووتاندن، من تەئکید دەکەمەوە قەراری چۆڵکردنی سەرجادەکە هەبووە، نەك بەردەرکی سەرا، وە مەفروز بووە هێزی چالاکی مەدەنی بەبێ چەکیش بڕواتە ئەوێ تا ئەو کارە بکات، ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستی منە با ئەوە نەڵێین، چونکە ئەو بەرێزانە کۆمەڵێك زانیاری تریان خستە ڕوو، کە ئەو هێزە ڕۆشتوون لەوێ ئاگر کراوەتەوە، ئیتر ئەم پاڵی ناوەو ئەو پاڵی

ناوه، له ناو ئەم حاڵەتە كۆمەڵێك لەم خێمانە سووتاوه، من ناڵێم ئەوه حەقیقەتی وەزعەكەیە، بۆیە دەڵێم قسەیەك لە قسەكانی ئەمڕۆم كە كردم، لەم گرژی و لەم وەزعەی ئێستادا ئەنواعی دەست پەیدا دەبێت كە مەبەستیەتی ئەم ڕەوشە تێك بدات، پارێزگاری سلێمانی لیژنەیەكی داناوە بۆ تەحقیق كردن لەو ڕووداوە، چونكە تەواو بە پێچەوانەی بڕیاری لیژنەی ئەمنی بووە، كەچی بكرێت ئەو شەوە، كە نابێت نەك توندوتیژی، بەڵكو ئەو خەڵكە پێی بڵێیت كاكە گیان فەرموو بڕۆ سەر گۆڕەپانەكە، لەسەر جادەكە مەبە، چونكە ئەو جادەیە جێگای هاتوچۆی سەیارەو خەڵكە با نەبێت بەناخۆشی، بە زانیاری منیش ئەو شەوە كەس نەگیراوە، نازانم ئەوەی كە بەمن وتراوە بەپێی ڕاپۆرتی ڕەسمی كەس نەگیراوە ئەو شەوە، ئەگەر وانیە تكایە خەبەرمان بدەنێ بۆ ئەوەی بە دواداچوونی بۆ بكەین، من بیانووی دواكەوتن ناهێنمەوە بۆ چاكسازی، بەهیچ جۆرێك بیانوو ناهێنمەوە، بەڵێ ڕێگری هەیە لە چاكسازی كاكە كە تۆ ملیۆنەها دۆلار لە خەڵك بڕیتەوە، لەو كەسانە، یان ئەو ناوەندانەی كە موستەفید بوون لەم وەزعە، بێگومان ڕێگریت لێ دەكەن، بەڵام ئێمە بێباكین لەو ڕێگریانەو كردووشمانە، من بیانووی دواخستن ناهێنمەوە، بەڵام دەڵێم لەو ساڵ و سێ مانگەی ڕابردوودا بە نەزمێك كردبێتمان، بە ڕەوشێك كردبێتمان ئێستا دەبێ بە چەندین بەرامبەری جاران بیكەین، چونكە بۆ؟، خەڵكی وڵاتەكەمان داواكارییەتی وە دەڵێم ئەو داخوازییانەی خەڵك و ئەو نارەزاییانەی خەڵك پشتیوانە بۆ پرۆسەی چاكسازی، بۆیە با بێین بیكەین، پەریهان من دووبارەی دەكەمەوە ئەوەی من بیستوومەو ئەوەی من تەقیمم كردووە، فەرمانگەكانی تەندروستی لە سلێمانی بە تایبەتی كەمتەرخەم نەبوون، حەزیش دەكەم لەباری تەندروستیەوە شتێكت پێ بڵێم دوا ڕاپۆرتی ڕێكخراوەی (w.h.o) یان ڕێكخراوێكی تری نێودەوڵەتیە، بۆ تەقیمی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی لەسەرتاسەری عێراقدا، پارێزگای سلێمانی یەكەمی هێناوە، من دەستی دكتۆرەكان و كارمەندەكانی تەندروستی دەگوشم، لە چەندین بۆنەدا دیومن كە خزمەتگوزارو بەدواداچوونی خەڵك دەكەن، بەڵام لێم بپرسی تەندروستی لە كوردستان پێویستی بەپارەی زیاترە، ئەرێ وەڵڵا پێویستی بە پارەی زیاترە، هیوادارم كە پارەمان هەبێت بیخەینە بواری تەندروستیەوەو هەوڵ بدەین ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستیانە بەرینە حاڵەتێكی تر، خوشكە كوێستان دەڵێت(20) ڕۆژ بەسەر ڕووداوەكاندا تێپەڕی كردووەو كوشتن و بڕین بەردەوامەوە سەدان گیراوی نایاسایی هەیە، من حەزدەكەم خوشكە كوێستان پێم بڵێت لە كوێن؟، ناوم پێبدات كە سەدان كەسی نایاسایی گیراون، تەنها یەكێكم پێ بڵێت یان ناوەكەیم پێ بڵێت، وەعدت دەدەمێ كە خۆم بەدواداچوونی بۆ بكەم، من پێم وتی(47)كەس گیرابوون بە نایاسایی، بەبێ ئیجرائاتی یاسایی، دەست بەجێ كەپێمان زانیی بەرەڵامان كردن، لەهەر جێگایەكی تریش هەیە بە سوپاسەوە من ئامادەم بەدواداچوونی بۆ بكەین، كە ئەمەش من پێم وایە ئەم زانیارییە ناڕاستە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كوێستان خان، ئەگەر شتێكت هەیە دوایی بەنووسراو بۆی بنێرە، ئێستا پێی مەبڕە، با ئێمەش ببینین و مەمنوونیش دەبین، فەرموو كاك دكتۆر.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح(سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وتم(47) کەس گیرابوون بە نایاسایی، دەست بەجێ بەرەڵاکران، نەك ئێستا بابێتەوە، ئەوە دوو شتی جیاوازە، تۆ وتت سەدان کەسی گیراوی نایاسایی هەیە، من سوپاست دەکەم کە وات نەوتووە، بەسوپاسەوە من مەنموونم ئاگادارم بکەنەوە بەداواداچوونی بۆ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە پەریهان، فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان قوبلای:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحەکەم ئەوەیە، من بەعەکسەوە دەستخۆشیم لە کارمەندانی تەندروستی کرد، بەلاَم وتم لەلایەن حزبەوە نەخۆشەکان نێردراون بۆ دەرەوەی ولاَت، نەك لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستیەوە، کە ئەمە پێشێلکارییە، کە ئەمە هەیمەنەی حزب بەسەر وەزارەتدا دەسەپێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر، باشە کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وتم لە یەکەم ڕۆژەوە تاکو ئێستا بەسەدان کەس گیراون بە نایاسایی، ڕاستە بەربوون، بەلاَم سەدان کەس بەبێ بڕیاری دادگا گیراون، بەبێ ئەمری دادگا، بەس بەرەلاَ کراون، خۆ نەم وتووە ماونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. بەرهەم احمد صالح(سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەر حکومەت هەموو پارەیەك لەوەدا سەرف بکات کە خەڵك بنێرێتە دەرەوە بۆ نەخۆشی، لە جیاتی ئەوەی خەریکی شەڕە سیاسی بین، با پارەی خۆی سەرف بکات نەك هی حکومەت، توخوا ئەمە خراپە؟، باشە، من وەلاَمی ئەو پرسیارانەم دایەوە بە تەئکید مەشروعیەت نادەم بە سووتاندنی خێمە، وەکو وتم ئێمە بڕیارەکەی لیژنەی ئەمنی بەو شێوە بووە کە بۆم باسکردن، وە تەحقیقێکیش هەیە لەو بارەوە کە چۆن بکرێت؟، با ئێمە شتەکان لە سیاقی خۆیدا سەیر بکەین، ئایا دوو هێزی، دوو لەتی پۆلیس و پێشمەرگە کێ لێی بەرپرسیارە؟، وەڵلاَ ئەگەر پێتان وابێ ئەمە بەرپرسیارێتی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، من حەزدەکەم قسەی لەسەر بکەین، باسی ڕەوشی ولاَتەکەمان کردووە کە چۆن هاتووین، لە کوێوە هاتووین، بەرەو کوێ هاتووین، ئەبێت چیش بکەین؟، باسی ئەوەمان کردووە، ئەم دوو لەتی ئیدارەییە لە بواری مالیدا، کۆمەڵێك هەنگاومان ناوە بۆ ئەوەی یەکبگرێتەوەو ببێت بەیەك، بەلاَم هەنگاوی تری ماوە، هیوادارم زۆرتر و قوڵتر و خێراتر ئەم کارانە بکەین، جیاوازی مووچە لە نێوان بەغداد و کوردستان، ئێمە لەم بەینەدا کە یاسای میزانیە دێتە بەردەمتان، قانوونێکی تری عێراقی ، بڕیارێکی تری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیمان بۆ ناردوون بۆ پیاچوونەوەی مووچەکانی سەرەوە، بەوەی لە 10٪ی لێ کەم بکەنەوە، تەبعەن ئەندامانی پەرلەمانیش

مووچـەكانیان دەبێـت بـە موكافەئـەی شـەهری، قـەرارێكی تـری گـرنگ هەیـە كـە دراوەو ئێمـەش لێـرە پابەنـدی دەبین، پێداچوونەوەی تەقاعودەكانی ڕابردوو، ئەو هەموو پلە وەزیرو پلە خاصانەی كـە دوای مانگێك لە دەوام كردن لە 80٪ی مووچەو موخەصەصات وەردەگرێت، ئەوە كۆتایی پێدێت، حەزدەكەم پێتان بڵێم ئەوە بڕیارێكی خەتەرە، چونكە ئەنواعی خەڵك تێیدا زەرەمەند دەبێت، بەڵام دێن بە ناوی پرسی چاكسازییەوە دێن كۆمەڵێك وات و وژوو هەڵلاّ و هوریا دەكەن، بەڵام ئەوە پارەی خەڵكە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حكومەت، قەرارمان لێداوە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەو قـەرارەش جێبـەجێ بكەین، كە هیوادارم كە هاتە بەردەمتان لە پەرلەمان زوو بەزوو بۆمان پەسەند بكەن، من سوپاسی ئەو ڕەفیقانە دەكەم، هی ئەو هەڤاڵە بەڕێزانـە دەكـەم، ئـەو ئەنـدام پەرلەمانـە بەڕێزانـە دەكـەم كـە دەڵێن ئەمە كێشەی شەخصی نیە، من دڵنیام لەوەی كە كێشەی شەخصی نیە، من لەوانەیـە نـاكۆكی سیاسـیم، لەگەڵ زۆریان هەبێت، بەڵام دۆست و برادەرن و بەتەقدیرو ڕێزەوە سەیری هـەمووتان دەكـەم، باسمـان لـە چـاككردنی سیسـتم و كۆمـەڵێك شـوێنەوارو كۆمـەڵێك پاشماوەكـانی شـەڕی نـاوخۆو ئـەو وەزعانـەو بـرەودان بەپرسـی چاكسازی كـرد، مـن هیـوادارم لـەم جێگایـە بم یـان لێـرە نـەمێنێم، هاوكـاری دەنگـە دڵسۆزەكان بم بۆ ئەو بابەتە، هەندێ پرسیاری تر كرا، سەبارەت بەدامەزراندن، لە ساڵی 2010 بـۆ لـە بودجـە زیاترتـان دامەزرانـدووە، هیـوادارم لەمەیانـدا دەستخۆشـیمان لـێ بكـەن، هەوڵمانـداوە دەرفـەتی كـاركردن بـۆ گەنجـەكانمان بڕەخسـێنین، لـە بەرژەوەنـدی گشـتی سـاڵی رابـردوودا لـە بڕێـك، ژمارەیـەك میلاكاتی وەزیفیمان هەبوو، بەڵام ژمارەیەكی لەبەرچاو ئێمە تەقاعودیمان بـۆ هـاتووە، ئەگـەر لـە یـادم بێت ڕەقەمەكە لە (12876) فەرمانبەر خانەنشین بوون لە ساڵی رابردوودا، ئەو جێگایانەی كـە چـۆڵ بوون بە بڕیارێكی ئەنجومەنی وەزیران، چونكە خـەڵك بـێ كـارە، خـەڵك داوای كـار دەكـات، وامـان كـرد ئەوانــە پــڕ بكرێنــەوە، مــن دەڵــێم بەشــێكی زۆری لــە رێگــەی فەرمانگەكانــەوە كــراوە، لــە رێگــەی وەزارەتەكانـەوە كـراوە، وەكـو وەزارەتـی پـەروەردە، وەزارەتـی نـاوخۆ و لایەنـەكانی تـری، هەنـدێكیشـی بێگومان لەرێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە كراوە، ئەگەر لێم بپرسـن هـەمووی بـە دادپەروەرانـە كـراوە، مـن دەڵـێم نـەخێر، بـۆ؟ چـونكە سیاقێكی قـانونی و موئەسەسـاتمان نییـە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە، داوا لـە پەرلەمان دەكەم دووبارە ئەنجومەنی راژەمان زوو بە زوو بـۆ پەسـند بكـەن، بـا بیخەینـە كـارەوە، هـەتا ئەو كاتیش من داوا لە پەرلەمان دەكەم بۆ ئەم ژمارە تازەیەی دامەزراندن دوور لە واسـتەو واسـتەكاری و تەزكیـەو تەزكیـەكاری ئـەو كـارە بكـەین، لـە هـەموو فەرمانگـەكانی حكومـەت بـە ئـیعلان كـردن، بـە پێشبڕكێ نەپرسین كێی لە پشتەو كێ وەرەقەی بۆ هێناوە؟ ئەوە كێشـەیەكی زۆر گـەورە لـە كـۆڵ ئێمـە دەكاتــەوەو داواكــاریی خــەڵكیش جــێ بــەجێ دەكــات، خوشــك و برایــان شــەو درەنگــە، قســەش زۆر هەڵدەگرێت، پرسیاریش زۆر كرا، من دووبارە لەگەڵ هەموو رێزم بۆ ئەم پەرلەمانـە بـەڕێزەی خۆمـان، دەمەوێت بڵێم ڕێگە چارە، تاكە ڕێگە چارە بە دامەزراوە كردنـی حكومەتـە، یەكخسـتنەوەی حكومەتـە، یەكخستنەوەی ئیداراتە، نەك لەت كردنی، بە هەرپاساو، هەر بیانوویەك بێت، چـونكە لەلایـەك گلـەیی دەكرێت لە دوو بـەرەكی و دوو ئیـدارەیی، بـەڵام لـە لایـەكی تریشـەوە ڤێزەوەنـدەكانی دوو ئیـدارەتی و لەت بوونی كوردستان دەبووژێندرێتەوە، بۆیە مـن داوا لـەم پەرلەمانـە بـەڕێزە دەكـەم، وەكـو نوێنـەری هەڵبـژاردەی ئـەم خەڵكـە پێـداگری لەسـەر یـەك ریـزی حكومـەت و یـەك دەسـتەیی حكومـەت و یـەك

ئیدارەیی حەقیقی بەرجەستەیی ئەم حکومەتە بکەن، من پێموایە ئـەوە ڕێگـەی چارەسـەر کردنـی زۆر لە کێشە پەنگ خواردووەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە، جیا کردنەوەی حزب و حکومەتـە، بەسـەر بەرزییـەوە دەڵێم کۆمەڵێك هەنگاومان بۆ ناوە، بەڵام زیـاتری دەوێـت، پێموایـە دیـالۆگی نیشـتمانی لـەنێو خۆمـان، لەنێو هێزە سیاسیەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پەرلەمان، بـەڵێ، خۆپیشـاندەران کـە تـەعبیر لە خواست و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەن، پێکەوە قسە لەو بارودۆخـە بکـەین، کـە چـۆن بەرنامە ڕێژی بکەین، بۆ ئایندە لە دیالۆگێکی نیشتمانی، دووبارەش بە پاراسـتنی سـلمی ئـەهلی ئـەرکی سەرشانی هەموومانە نەهێڵین ئەو کارەساتانەی رابردوو دووبارە بێتەوە، بە هەر پاساوێك بێـت، زۆری ئێستا وەکو ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ کاڵ بێتەوە، ناڵێم بنبڕ بکرێـت، نـەهێڵین جارێکـی تـر، بـە هـەر پاساوێکی تر بێت ئەم بابەتە بێتەوە کایەوە، ئەنجامیش گەڕانەوەیە بۆ خەڵك، توانیمـان لەسـایەی ئـەم پەرلەمانە بەڕێزە بڕیار بـدەین و کێشـەکانمان یـەکلایی بکەینـەوە، زۆر باشـە، پرۆسـەیەکی چاکسـازیی هەمەلایـەن پـەیڕەو بکـەین زۆر باشـە، نـەمانتوانی وەکـو جـەنابی سـەرۆکی هـەرێمیش لـە پەیامەکـەی خۆیدا زۆر بە راشکاوانە باسی کـرد، گەڕانـەوە بـۆ خەڵکـە، دەسـتاو دەسـت کردنـی دەسـەڵات لـە ڕێگـەی سـندوقەکانی هەڵبژاردنـەوە، لێـرە ئێسـتا پرسـیارێکی بـەجێ دێتـە کایـەوە، کـێ هەڵبـژاردن دەکـات؟ گلەییتان هەیە دەڵێن ئـەم حکومەتـە ئەگـەر بیکـات تـەوزیر دەکـات، مـن خـۆم نـاو نـاهێنم، یـەکێك لـە رەفیقەکانمان وتی کاکە خۆمان لەویَ بووین دەزانین چۆن تەزویر دەکرێت، کە خـۆی شـارەزای تـەزویر بووە با بێت وردەکاری ئەو تەزویرە کەشف بکات، بۆ ئەوەی تزویر نەکرێت، هـەوڵ بـدەین پرسـیارێکی جددی بـورووژێنین، چـۆن ئێمـە کارێـك بکـەین ئینتیخابـاتێکی بـێ گـەردی شـەفاف نەزیـە لـەم وڵاتـە بکرێت؟ بە کۆمسیۆنی باڵای کوردستان دەکرێت، لەم پەرلەمانە بڕیاری لێ بدەن بە تەوافوق یا قەراری لەسەر بدەین، بیکەین، بڕیارمان لەوەیە کۆمسیۆنەکەی بەغدا بیکات، بەو وەزعەی کە لە بەغدا هەیـە، ئێوە نوێنـەری هەڵبـژێردراوی گەلـەن، قـەراری لـێ بـدەن بـە نەتیجـە ئینتیخابـاتێکی نـەزیهی بێگـەرد، لەوانەیە وەڵامدەرەوەی یەکلا کەرەوەی ئەم حاڵەتـە بێـت، پـێش ئـەوەش دەمـەوێت لێـرەوە بـە ئێـوەی رابگەیـەنم، وەخـتی خۆشـی لـە رایەگەنـدراوێکی رەسمـی خۆمانـدا باسمـان لـێ کـردووە، دەمانـەوێت بـە زووتـرین کـات دەسـت نیشـانی کـاتی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـان بکـەین، داوا لـە سـەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، بـۆ ئـەوەی ئێمـە دەسـت نیشـانی ئـەو کاتـە بکـەین، راوێـژ بکەین پێکەوە راوێژێك بێت رەئی هەموو لایەنەکان وەربگـرین بـۆ دەسـت نیشـان کردنـی ئـەو وەختـە، سەبارەت بەوەی کە هەڵبژاردنی پێش وەخت، ئەگەر زانیمـان ئـەوە کـارێکی باشـە ڕێ و شـوێنی قـانونی بگرینەبەر، بۆ زامن کردنی هەڵبژاردنێکی نەزیـە، هەڵبـژاردنێکی بـێ گـەردو گەڕانـەوە بـۆ خـەڵك، کـە سەرچاوەی هەموو شەرعیەت و هەموو دەسەڵاتەکانمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ نوقتەی نیزامی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی حكومەت لە بەرنامەی كار دەرچووەو باسی هەڵبژاردن و ئەنجومەنی پارێزگاكان دەكات، كە هیچ پەیوەندی بە 2/17 نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر بەردەوام بە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەكانت.

**بەڕێز د.بەرهەم صالح/ سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.

دووبارە سوپاسی گوێ بیستنی تێبینیەكانی ئێوە دەكەم، دەمەوێت پێتان بڵێمەوە وەكو چۆن راشمگەیاند بوو، ئەگەر بە دەست لە كاركێشانەوەی من بەندە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەم كێشانە چارەسەر دەكرێت، بەبێ دوو دڵی من ئامادەم، كارێكی تریش دەڵێم بۆ بەردەوام بوونم لەم كارانە لەگەڵ هەڤاڵەكانم لە ئەنجومەنی وەزیران، پێویستمان بە پشتیوانێكی جددی تر لەم پەرلەمانەو لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەم میللەتەوە هەیە، بە هەماهەنگی بەیەكەوە ئەو ئاستەنگەی لە رێمانەو بە تەواوی رایمالین، بۆ ئەوەی بەڕاستی پەرە بە چاكسازی بدەین، ئەگەر گەیشتمە ئەو قەناعەتە ئەم ئیشانە بە ئێمە ناكرێت، دڵنیاتان دەكەم بەبێ دوو دڵی دێمەوە بەردەم ئێوە، دەڵێم ئەم كارە بە من ناكرێت، من لەگەڵ جەنابی سەرۆكی هەرێمدا چەند جارێك باس و خواستی ئەم مەسەلانەمان كردووە، تەئكیدی ئەو لەسەر بە دامەزراوە كردنی حكومەت و بەرپا كردنی یەك ریزی ئیداری لەسەرتانسەری هەرێمی كوردستان، بەرپا كردنی ئەم دایەلۆگ و ئەم حیوارەیە لەنێوان هێزە سیاسیەكانی كوردستاندا، من هیوادارم هەموومان، جەنابی سەرۆكی هەرێم، ئێوەی پەرلەمانی كوردستان، ئێمەی حكومەت، لایەنە سیاسییەكان، كۆمەڵگای مەدەنی، خۆپیشاندەرەكان، هەموومان ئاراستەی قسەكانمان، ئاراستەی كارەكانمان، پاراستنی ئەزموونەكانمان بێت، پاراستنی دەستكەوتەكانمان بێت، بەڵام بەبێ دوو دڵیش رووبەڕوو بوونەوەی دیاردە ناشیرینەكان، كە جێگەی گلەیی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانن، بۆ ئەو مەبەستە من سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانم، هاووڵاتیەكی ئاسایی بم، بە دڵنیاییەوە هاوكارو پشتیوانی هەموو هەوڵێكی چاكسازیین، چونكە وڵاتەكەی ئێمە، بەڵێ سەربەرزین بە دەستكەوتەكان، بەڵام شایستەی باشترە، دەكرێت باشتری بۆ بكەین، من دووبارە سوپاسی دەرفەتەكان لێ دەكەم و چاوەڕوانی بڕیاری ئێوەی بەڕێزو خۆشەویستم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان، خوشكان، برایان، ئەندامان، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەڵامەكانم وەرنەگرتۆتەوە، بە نووسینشم داوە بە جەنابی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیكتیفا، كۆتایی بە وەڵامدانەوەی جەنابی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دێنین، وەخت درەنگە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە موداخەلەیان كرد سوپاسیان دەكەین، یەكە، یەكەی ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان،

دانیشتنی ئەمڕۆمان زۆر دانیشتنێکی گرنگ بوو، من سوپاسی یەکە یەکەی ئێوەی بەڕێز دەکەم، بە حەقیقەت ئەوە تەجروبەیەکی دیموکراسی زۆر بەهێزە، کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ لە پێش ئێوەی بەڕێز گوێی لێتان گرت، جوابی دایەوەو بەخۆشحاڵیشەوە ئامادەیە ئەو سیقەیەی کە بەڕێزان تەرحیان کرد لە حکومەتەکە سەحب بکاتن، ئێستا ئێمە بەپێی ماددەی (54) لە قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆمان هەیە دوای ئەوەی موناقەشە تەواو بێت دوای دوو رۆژ بخرێتە دەنگدانەوە، بەلاّم لێرە حەقی خۆمانە، چونکە ئەو حەقە بە ئێوەی بەڕێز دراوە، حەقی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیشە، ئەگەر ئێستا جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران موافیق بێت دەیخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، ئەمڕۆ تەصویتەکەی لەسەر دەکەین، روون کردنەوە تەواو، نەما، یەك سانیەش نییە، ئێستا سەحبی سیقە عەرز کراوە، ئیحتیرامامان بۆ رەئی ئەو بەڕێزانە هەیە، جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەمڕۆ دەیخەینە دەنگدانەوە، موافیقی، ئەندامانی بەڕێز، ئێوەی بەڕێز ئەمڕۆ، یان پاش دوو رۆژ بێت؟ ئەگەر ئەوەی لەگەڵە ئەمڕۆ دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەواتە ئەمڕۆ دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس، بەڕێزەوە ئەو بەڕێزانەی کە مەجموعەیەك خوشك و بران تەقدیمی تەلەبی سەحبی سیقە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، چونکە سەرۆکی حکومەت، یەعنی حکومەتەکەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە سەحبی سیقە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، کە سەرۆکەکەی رێزدار دکتۆر بەرهەم صالحە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (28) بەڕێز لەگەڵە سەحب سیقە بکات، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە بمێنێت وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رەفزی سەحبی سیقەکە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ (67) کەس لەگەڵە، زۆر سوپاس، بەڕێزان، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، تا ئاگادارتان دەکەینەوە، خوا ئاگادارتان بێت، خواحافیزتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی**

**پێنج شەممە رێکەوتی 17\3\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(7) ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2011/3/17

كاتژمێر (3،10)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2011/3/17 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە

ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (3،10)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2011/3/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت، كە بەپێی بڕگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێكهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەكانی خۆپیشاندەران.

2- گفتوگۆ كردنی باری كەركووك و شوێنە كوردستانیە دابڕاوە كێشە لەسەرەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (7)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2011/3/17، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (3)ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 17/3 /2011دا بەم شێوەیە بێت، بەڵام دانیشتنەكە بۆ گەیشتن بە تەوافوق دواخرا بۆ سەعات (3,10)ی پاش نیوەڕۆ.

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت، كە بەپێی بڕگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێكهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەكانی خۆپیشاندەران.

2- گفتوگۆ كردنی باری كەركووك و شوێنە كوردستانیە دابڕاوە كێشە لەسەرەكان.

ئێستا بۆ خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار/ بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت، كە بەپێی بڕگە (17)ی بڕیاری پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پێكهێنراوە، بۆ بەدواداچوون و گوێ گرتن لە داخوازییەكانی خۆپیشاندەران.

داوا لە هەردوو لیژنەی بەڕێز لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەت دەكەین، كەرەم بكەن بۆ سەر مەنصە، كەرەم بكە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار داهاتووە، خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بە داواكاری خۆپیشاندەران، ئێمە لە دانیشتنەكانی پێشتر گفتوگۆیەكی تێرو تەسەلمان كرد، بۆیە

مەفروز وایە ئێستا خستنەڕووی راپۆرتەکە، بەرەو رووی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی رەئی پەرلەمان لەسەر راپۆرتەکە وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەندە لە دانیشتنی پێشوو تەواو نەبوو، گفتوگۆیەکە تەواو بوو، بەس قسمی تری بەندەکە تەواو نەبوو، لەبەر ئەوە ئەگەر بێتو تەئجیل بکرێت، مەفروزە صیاغەتەکە وەکو خۆی بمێنێت بۆ جەلسەی پاشتر، لەبەر ئەوە دەستکاری صیاغەتەکەمان نەکرد، بە ئیعتیبار ئەو فەقەرەیە تەواو نەبووە، گفتوگۆیەکە تەواو بووە، ئەویتر بەردەوام دەبین لەسەر بەشی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەت کەرەم بکەن، لیژنەی یاساییش کەرەم بکەن، فەرموون بۆ ئێرە، کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی راپۆرتە هاوبەشەکەتان.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێستا دەیخەینەڕوو دەقی راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی یاساییە، کە لە کۆبوونەوەی رابردووی پەرلەمان بڕیاری لەسەر درا.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش لەبارەی داواکاری خۆپیشاندەران**

لیژنەی کاروباری یاسایی بە هاوبەش لەگەڵ لیژنەی پەرلەمانی تایبەت بە بەدواداچوون و گوێگرتن لە داخوازی خۆپیشاندەران لە رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 25/ رەشەمێ/ 2710ی کوردی بەرامبەر 2011/3/16ی زاینی کۆبۆوە، کە لەسەر فەرمانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (2)ی رۆژی 2011/3/4 بڕیاریدا کەوا لیژنەکەمان لەگەڵ لیژنەی ناوبراو کۆ ببنەوە، بە مەبەستی پۆلین کردن و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ بەدواداچوون و جێ بەجێ کردنی داواکاری خۆپیشاندەران، کە لە لایەن لیژنەی تایبەتی پەرلەمان کۆ کرابۆوەو خرایە بەردەم پەرلەمان.

دوای گفتوگۆو تاوتوێ کردن، لیژنەکان گەیشتنە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

یەکەم/ لیژنەی کاتیی کە بەپێی فەرمانی ژمارە (1) لە هەموو فراکسیۆنەکان پێکهێنراوە، هەستاوە بە کارەکانی و داخوازی خۆپیشاندەرانیان گەیاندووەتە پەرلەمان و راپۆرتیان ئامادە کردووەو لە ئەمڕۆوە هیچ بەرپرسیاریەتێکیان وەك لیژنە بۆ جێ بەجێ کردنی (17) خاڵەکە لە ئەستۆ نییەو ئەرك و کاریان کۆتایی پێ هاتووە.

دووەم/ لیژنەی دیالۆگی نیشتمانی لەلایەن پەرلەمانەوە بە بەشداری فراکسیۆنەکان پێك دەهێنرێت لە ماوەی (3) رۆژدا، بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران و مامۆستایان

و پسپۆڕان، وەك میكانیزمێك بۆ گرتنە ئەستۆی داواكاری خۆپیشاندەران و بەدواداچوونی جێ بەجێ كردنیان، ئەم لیژنەیە لە ماوەی بیست رۆژدا كارەكانی ئەنجام دەدات بە تەوافوقی نیشتمانی بۆ هەموو ئەو پرس و یاسایانەی رەهەندی گشتی و سیاسی و نیشتمانییان هەیە، بەتایبەتی خاڵی (1، 2، 4، 5، 8، 11، 16) لە داواكارییە بنەڕەتییەكانی خۆپیشاندەران.

سێیەم/ وەڵامدانەوەو جێ بەجێ كردنی داواكارییە هەنووكەییەكان:

1- بۆ جێ بەجێ كردنی خاڵی (1) لە تەوەری دووەم (دیالۆگی نیشتمانی) بڕیاری لەسەر دراوە.

2- بۆ جێ بەجێ كردنی خاڵی (2، 4، 6، 7، 8، 9، 10) لە داواكارییە هەنووكەییەكانی خۆپیشاندەران.

أ- دەست بەجێ بارودۆخی شارو شارۆچكەكان لە هەموو لاوە ئاسایی بكرێتەوەو دیاردەی چەكداری نەمێنێت. (لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان بەرپرسە لە بەدواداچوونی ئەم خاڵە).

ب- پێویستە لایەنە بەرپرسەكان پابەند بن بە جێ بەجێ كردنی بڕیاری ژمارە (1)ی 2011/2/23ی پەرلەمان، كە ئەم خاڵانەی داواكارییە هەنووكەییەكانی تێدایە.

ج- بانگهێشت كردنی بەرپرسانی ئەمنی سەرجەم ئەو شارانەی پەیوەستن بە رووداوەكانی (2/17)و دواتر پێش هاتنی وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە بۆ لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی پێشمەرگە، بۆ رووبەڕوو كردنەوەی پێشێلكارییەكان، كە لە ئەنجامی خۆپیشاندانەكان رووی داوە.

د- راستەوخۆ پاش ئاهەنگی نەورۆز وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە بانگهێشتی پەرلەمان بكرێن، بۆ پابەند كردنیان بە جێ بەجێ كردنی بڕیاری ژمارە (1)ی پەرلەمان و روون كردنەوەو لێپرسینەوە.

هـ- بۆ جێ بەجێ كردنی خاڵی (9)، حكومەت لیژنەیەك پێك بهێنێ، كە لە (10) رۆژ زیاتر نەبێ، بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم حزبەكان، بۆ كەمكردنەوەی بارەگای حزبەكان.

چوارەم/ داواكاری خۆپیشاندەران كە پەیوەستە بە حكومەت:

پەرلەمان لە ئێستاوە بەدواداچوونی حكومەت دەست پێ بكات بۆ جێ بەجێ كردنی داواكارییە هەنووكەییەكانی خۆپیشاندەران.

پێنجەم/ دانانی نەخشە رێگایەك لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو داواكارییە بنەڕەتیانەی خۆپیشاندەران، كە لەگەڵ یاساو دیموكراتیەت و كاری دامەزراوەییدا گونجاون.

شەشەم/ سەرۆكایەتی پەرلەمان داوا بكات لە ئەنجومەنی دادوەری هەڵسەنگاندن بۆ دادگاكانی هەرێم بكات و پێداویستی شارەكان بۆ دادوەر پڕ بكاتەوە، بە مەبەستی لێكۆڵینەوەو یەكلاكردنەوەی كێشەكانی 2011/2/17و رۆژانی دواتر.

حەوتەم/ لیژنەی لێكۆڵینەوەی باڵا، كە بەپێی بڕیاری ژمارە (1)ی پەرلەمان و حكومەت پێكهێنراوە، ئەنجامەكان لەگەڵ تەواو بوونیاندا بڵاو بكاتەوە بۆ رای گشتی.

هەشتەم/ ئەو پرۆژە یاسایانەی كە خواستی خۆپیشاندەرانن بەتایبەت، پرۆژەی یاسای دەستەی نەزاهە، ئەنجومەنی راژە، بیمەی تەندروستی، مافی بەدەستهێنانی زانیاری، گرنگیدان بە گەنجان، بودجەی پارتە سیاسیەكان، بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی خێزان، رێكخراوە ناحكومیەكان، خاوەن پێداویستیە

تایبەتیـــەکان، داواکـــاری گشـــتی، قەدەغـــە کردنـــی ڕێکخســـتنی حزبـــی لـــەناو هێـــزی پێشـــمەرگەو ناوخۆ..........هتد، بخرێتە ئەولەویەتی کارنامەی ئەم خولەی پەرلەمان. لەگەڵ ڕێزدا

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم ڕاپۆرتە کە پێشتر لە دانیشتنێك لەناو ئەم پەرلەمانە ڕاپۆرتەکانی لیژنەی تایبەت، کـە چـوو بوونـە لای خۆپیشـاندەران و ڕاپۆرتـەکانیان هێنـاو لێـرە خوێندرایـەوە، ڕاپـۆرتی لیژنەکـەش خوێندرایــەوە، ئاراســتەی لیژنــەی یاســایی و لیژنــە تایبەتەکــەو ســەرۆك فراکسـیۆنەکان کــرا، ئێســتا هەموویان بە عام تەوافوقیان لەسەر کردووەو ئیمزایان کردووە، یەك ئەندام تەحـەفوزی هەیـە لەسـەر چەند خاڵێك، هاتە بەر دەستتان، ئێسـتا ئـەوەی خوێندرایـەوە ئەگـەر کـەس مولاحـەزەی لەسـەر نییـە، کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، من ئەندامم لەو لیژنەیە، بەڵام ئیمزای مـن لەسـەر ئـەو ڕاپۆرتـە نییـە، کەسـیش ئاگاداری مـنی نەکردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتم ئاگادار کردەوە، کاك شێروان حەیدەری و کاك د.صباح بـەرزنجی، کـە ئەندامان بانگ بکەن و ئیمزای بکەن، لەوانەیە بزانـە لـەوێ نـەبووی، یـان چـۆنە، بـەڵام زۆرینـەی ئـەو بەڕێزانە، توخوا کاك گۆران ناوی ئەو بەڕێزانە بخوێنەوە کە ئیمزایان کردووەو لێرەن، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی لیژنەی یاسایی:

1-د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی.2- حاکم عەونی بەزاز.3- شێروان حەیـدەری. 4- عمـر عبـدالرحمن علـی.
5- عمر نورەدینی. 6- گۆران ئازاد محمد. 7- د.احمد ابراهیم علی 8- کاردۆ محمد پیرداود.

ئەوانە لە لیژنەی یاسایی ئامادە بوون و ئیمزایان کردووە.

ئەو ئەندامانەی لە لیژنەی تایبەت کە پێك هاتبوو بۆ بەدواداچوونی داواکاری خۆپیشاندەران:

1- د.صباح بەرزنجی. 2- گۆران ئازاد محمد. 3- فازل حسن اسماعیل. 4- د.احمد ابراهیم علی. 5- هاژە سلێمان مصطفی. 6- شێردڵ تحسین. 7- عمر صدیق محمد. 8- د.ڕێباز فتاح محمود. 9- بەفرین حسین خلیفە.

10- ئاشتی عزیز صالح تەحەفوزی لەگەڵ نووسی و ئیمزای کردووە، لەگـەڵ ئیمـزای سـەرجەم سـەرۆك فراکسیۆنەکان، ئەگەر پێویست دەکات ناوەکانیان بخوێنمەوە.

سەرجەم فراکسیۆنەکانیش:

1- عمـر عبـدالعزیز. 2- سـۆزان شـهاب. 3- شـێردڵ تحسـین. 4- کـاردۆ محمـد پـیرداود. 5- فـازل حسـین اسماعیـل. 6- عبـدالله حـاجی محمـود. 7- د.احمـد ابـراهیم علـی. 8- ئـارام شـاهین. 9- احمـد سـلێمان عبدالله(بلال). 10- یشار نجم الدین. 11- سالم تۆما. 12- عبدالقادر بازرگان. 13- امیر گۆگا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەندامی لیژنەی تایبەتم، بۆیان نەهێناوم، بەس لەگەڵی نیم، بۆیان نەهێناوم ئیمزای بکەم، بەلاّم لەگەڵدا نیم و ئیمزای ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوتت ئەگەر یەك تێبینی هەیە، بۆیە من هەڵستام، دەخرێتە موناقەشەوە، یان ئەگەر تێبینی لەسەر راپۆرت هەبێت، چونکە تێبینیم هەیە لەسەر راپۆرتەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ثائر نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەقصەدم بوو ئەوەی هات روون بکرێتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، کە تەوقیعم لەسەر ئەوە نییە، ئەوەش دەبێتەوە دیکۆمێنێتك، ئێمە لەگەڵ ئەو راپۆرتەینە، بەس کەس بە ئێمەی نەگوتووە، هەتا ئێمە تەوقیعی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئیمزای بکە دەیخەینە پرۆتۆکۆلەوە بەسەر چاو، بەڕێزان، ئێستا ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە، کاك زانا کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، یەکەمیان/ ئەو لیژنە تایبەتەی کە پێك هێنرا بوو، ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت هەفتەی رابردوو کاك گۆران دەستی لەکار کێشایەوە لە لیژنەکە، ئایا ئەم لیژنەیە ئەم هەفتەیە ئیمزا دەکاتەوە لەسەر ئەم راپۆرتە؟ یەعنی پێشتر دەستی لەکار کێشاوەتەوە، ئێستا لەسەر راپۆرتێکی تر ئیمزا دەکاتەوە؟ ئەگەر روخسەتم بدەیت، ئەمە خاڵی یەکەمیان.

خاڵی دووەمیان/ ئەگەر رێگام پێ بدرێ قسە بکەم قەیدی ناکات، بەس تکایە ئێمە بەم راپۆرتە لیژنەی تازە دروست دەکەینەوە، یان داواکارییەکان پەسند دەکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت لیژنە، چونکە پەرلەمان بڕیاری دابوو دەبێت لەناو پەرلەمان کۆتایی بە کارەکەی بێت، ئەمڕۆ ئیعلانیان کرد لە خاڵی یەکەم، کە کاری خۆیان ئەنجامداوە، ئیتر میکانیزمێکی تر بە دواچوونی کارەکان دەکات، لە ئەمڕۆوە کاری لیژنەکە تەواو دەبێت، کاك شاهۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە سەبارەت بەو راپۆرتە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، یەکەمیان/ سەبارەت بە ئالیەتی جێ بەجێ کردنی مەزموونی ئەم راپۆرتە لەلایەن حکومەتەوە زۆر گرنگە، ئێمە لەو راپۆرتە ئەوە دیاری بکەین ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر دەسەلاتی تەنفیزی، ئەگەر حزبە دەسەلاتدارەکان، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە هێزی چەکداریان هەیە، ئەگەر مەزموونی ئەو راپۆرتەیان جێ بەجێ نەکرد، دەبێت لە ئێستاوە ئالیەتێك دابنێین بۆ سزادان، لەبەر ئەوەی سەبارەت بە راپۆرتە (17) خاڵەکە، لە دوای راپۆرتی (17) خاڵەکە چەندین پێشێلکاری کراوە، پەرلەمان نەیتوانیوە، حکومەت و دەسەلاتی تەنفیزی و هێزە چەکدارەکان پابەند بکات بە جێ بەجێ کردنی (17) خاڵەکەوە، ئەمە تێبینی یەکەم.

تێبینی دووەم/ ئێمە وەکو بالاترین دەزگای تەشریعی و رەقابی خۆپیشاندەران و خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەمان لێ دەکەن، کە بڕیار دەربکەین، چاوەڕێی ئەوەمان لێ دەکەن کە داواکارییەکان پەسند بکەین، نەك لیژنە دروست بکەین بۆ پەسند کردنی داواکارییەکان، ئێمە دەکرێت لیژنە دروست بکەین بۆ جێ بەجێ کردن، بەلام ناکرێت لیژنە دروست بکەین بۆ پەسند کردن، بۆیە زۆر زۆر گرنگە بە سەریحی عیبارە لەم بڕیارەی کە پەرلەمان دەریدەکات، پەرلەمانی کوردستان داواکارییە بنەڕەتی و هەنووکەییەکانی خۆپیشاندەرانی پەسند کردووە، لە خاڵێکی تردا باس لە دروست کردنی لیژنەیەك بکرێت، بۆ میکانیزم و بۆ دیاری کردنی میکانیزمی جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەنیسبەت ئەمە ئێستا لیژنە دروست ناکەین، بۆ ئەوەی چی بکاتن، ئەوە بڕیارێکی پێ دەردەچێت، بۆ ئەوەی حکومەت مولزەم بێت ئەو کارە جێ بەجێ بکاتن، پەرلەمانیش لایەنی تەنفیزی نییە، وەکو جەنابت دەزانی تەشریعییەو رەقابیە، لەبەر ئەوە موتابەعە دەکات، کە دەڵێین موتابەعەی ئیش و کارەکانی حکومەت دەکات، بۆ جێ بەجێ کردنی، ئەگەر لە رێگەی لیژنەکانی تایبەتی پەرلەمان، نەك لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەوە دروست دەکەین، کە خروفاتێکتان بینی بە رێگای ئوسولی خۆی بهێننە ئێرە موناقەشەی لەسەر دەکەین، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر تێبینیم هەبوو وەکو کاك شاهۆ، بۆیە پرسیم، سوپاسی بەڕێزت دەکەم باسی ئەرکی پەرلەمان و ئەرکی جیهەتی ترت کرد، بۆیە من دەڵێم لە نوقتەی سێیەم، دووەم/ج، ئەگەر باش بیخوێنینەوە، وابزانم ئێمە لە کاری خۆمان پەرلەمان دەردەچین و تەدەخول دەکەین لە تەفاسیل و

تەقاریری ئیشی تر، ئێمە بۆمان هەیە وەزیر بانگ بکەین، داوای لێ بکەین و ئیجرائات وەربگرین، پاشان بەدواداچوون و تەحقیق بکەین لەوەی کە ئایا ئەو شتە کراوە، یان نا؟ بەلاَم من دەپرسم لە هیچ دنیا بووە پەرلەمان بانگی بەڕێوەبەرو ئەوە بکات.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئاگاداریت بۆ لیژنەکان بانگ دەکرێن، بۆ لیژنەی پەیوەندیدارە، لیژنەی پێشمەرگەیە، لیژنەی ناوخۆیە، بۆ لیژنەکان بانگ دەکرێن، زۆر تەبیعیی و یاساییە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی لەگەڵ جیهەتی پەیوەندیدار بەپێی تەسەلسولی خۆمان داواکارییەکان و مەتالیبمان تەقدیم بکەین، چونکە ئەمە دەبێتە تەحقیقێکی موباشیر، من تەسەور دەکەم بیگۆڕین، تەکلیفی جیهاتی پەیوەندیدار بکەین، کە بچن لەوێ ئەو لێکۆڵینەوەو پرسیارانە بکەن، پاشان کە بانگی وەزیرمان کرد لەوێ بەدواداچوون بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەنیسبەت (17) خاڵەکە هەندێ خروقات کراوە، واجیبی لیژنەی پەرلەمانە بەدواداچوونی خۆی بکات، ئەگەر لە شوێنێك خەرق هەبێت تەسبیتی بکات و لێی بپرسێ، لەوانەیە بۆچوونەکەی ئێمە خەرق بێت، بەلاَم ئەو تەوزیحێکی هەبێت، بۆ ئەوەیە وزوحێك هەبێت، حەقی لیژنەکانی پەرلەمانە، کە خەلکێك بەرپرسە بانگی بکاتە لیژنەکان و لێی بپرسێ ئەم شتەی روویداوە چۆن بووە؟ بۆ بووە؟ ئینجا راپۆرتی خۆی حازر بکات لەسەر رۆشنایی ئەو راپۆرتە حەرەکە دەکەین، کەرەم بکە، بەردەوام بە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەمیان/ دەگەڕێمەوە نوقتەی دووەم، لە نوقتەی دووەم لە کۆتاییەکەیدا هاتووە بەتایبەتی و چەند خاڵ هاتوون، لێرە من دەڵێم ئێمە وەکو پەرلەمانتار، وەکو پەرلەمان کە بڕیارێك دەردەکەین، دەبێت وریا بین، بۆ نموونە، ئێمە بە بڕیارێك ناتوانین بەڕاستی یاسایەکمان دەرکردووە لە نوقتەی شازدەیە هەڵپەساردنی کار کردن بە یاسای خۆپیشاندان..............هتد، هەموارکردنی یاسا هەیە، ئیقاف تەنفیز هەیە، هەموو هەیە، ئێمە کە لێرە بڕیار بدەین بە هەڵپەساردنی، من تەسەور دەکەم ئەمە ئیشی ئێمە نییە، ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە لە خاڵی چوار کە دەڵێن هەڵوەشاندنەوەی ئەم داواکارییەکانە، میلیشیاکانی حزب بۆ رێگەگرتن............هتد، بارەگای حزبی ئەمنی و ئەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاووڵاتیان سەلامەتیان هەن، من نازانم بە چ حەق ئێمە لە پەرلەمان دان بنێین بەوەی کە حزبەکان میلیشیایان هەیە، من ئەوە بیست ساڵە تێدەگەم وەزارەتێکی پێشمەرگایەتیمان هەیە، هی پێشمەرگە، هێزەکان سەر بەو وەزارەتەن، وەزارەتی ناوخۆ، یەکێکی تر تەعریفی تری بداتێ، با بۆ خۆی بداتێ، ئازادەو چۆن تەماشای دەکەن، ئێمە لێرە کە ئەو نەصە وەکو خۆی نووسراوە بڕیاریماندا ئیلزامی خۆمان بکەین بە

هەڵوەشاندنی ئەو میلیشیا حزبیانـە، واتـا ئێمـە ئیقـرار دەکـەین کـە ملیشـیاتی حزبـی لـەو کوردسـتانە هەیە.

دووەم/ من نازانم بەچ حەق، تکاتان لێ دەکەم، من گوتم هەر یەك وەکو خۆی حەقـە تەماشـای بکـات و گلەییشم لێی نییە، ئێمە بەچ حەق دێین مەسـئوولیەتی ئەمنیـەتی ئـەم خەڵکـە وەربگـرین، کـە بڵـێین نابێت حەرەست هەبێت، ماڵەکەت وا بێت، ئەمە تەدەخولە، با تەواوی بکەم رجاتان لێ دەکەم.

خاڵێکی تر، خاڵی یەکەم ئەمەی کە باسی دەستوور دەکات، ئەو نەصەی بەو شێوەیە نووسراوە، ئێمە لە پەرلەمان واتا ئیقرار دەکەین، دەستوورەکەمان هاوچەرخ نییە، دیموکراس نییە، تێیـدا گشـت مافـەکانی سیاسی و مەدەنی و یاسایی و هاونیشتمانییەکان بە رەسمی ناسراو نین و دەسـەڵاتەکان بـە ئاشـکرا جیـا نەکراوەتەوەو سەربەخۆ نین، میکانیزمی شیاو بۆ رێگا گـرتن لـە هـەر جـۆرە لاقـە کردنێکـی دەسـەڵات، ئەمە ئەگەر وەك دەڵێین بەتایبەتی وەکو خۆی، من تەسەور دەکەم..................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای بەڕێز، کاك عبدالسلام ئەو ناڵێ جێ بەجێ کرا، دەڵێ بۆ دیالۆگی نیشتمانی قسەی لەسەر بکرێت، قسەی لەسەر دەکرێتن، یەعنی دیالۆگی لەسەر دەکرێت، سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

مـن هـەر ئەوەنـدە دەڵـێم، یـەعنی ئەمـە بجێمـان هێشـتۆتەوە، جـارێکی تـر بـۆ ئـەو لیژنـەی دیـالۆگی نیشتمانییە، کە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکاندا دادەنیشێت، گفتوگۆ دەکات بۆ ئەو خالآنە، ئێمە بۆ ئەوەمان جێهێشتووە ئەرزیەت حازر کردن، بۆ دیـالۆگی نیشـتمانی لـە رێگـەی ئـەو لیژنەیـەوە بـاس لـەو خالآنـە دەکەن و گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ئەوەی کەپەسندە لەلایەن هەموو لایەکەوە ئەوە دەچێتە بـواری جـێ بەجێ کردنەوەو تەوافوقی لەسەر دەکرێت لـەناو ئـەم پەرلەمانەیـە، لەبـەر ئـەوە مـن هیـوادارم بـەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم راپۆرتە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە بە رێزگرتن لەو هەموو ئیمزایانەی کە کراوە، تکایە بیخەرە ناو پەسند کردن و دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دروست کردنی لیژنـەکەو بڕیاری پەرلەمان، ئێمە لە دانیشتنێکی زۆردا گەیشتینە چەند بڕیارێـك کە پەیوەندی هەم بە راپۆرتی لیژنەکە هەیە، هەم پەیوەندی بە خواستە هەنووکـەیی و بنەڕەتیـەکانی خۆپیشاندەران هەیە، دەمەوێت یەك راستی بڵێم، ئەویش ئەوەیە ئێمە دەبێت زۆر سەریح بین، لێرە لە پەرلەمان دانیشتووین ئامانجمان چارەسەر کردنـی کێشـەکانی کوردسـتانە بەگشتی، بەتایبـەت خواسـتی

خۆپیشاندەران لە کوردستاندا چ هەنووکەیی بێت، چ بنەڕەتی بێت، بۆیە دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەم خاڵی دووەمە زۆر زۆر رۆشنە، یەعنی زۆر رۆشنە لەوەی بۆ ئەوەی ئێمە هیچ تەماویەك نەکەینە ناو، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بکەوینە ناو گێروگازی گفتوگۆ کردنەوە، بەڵێ وەك میکانیزمێك بۆ گرتنە ئەستۆی داواکاریی خۆپیشاندەران و بەدواداچوونی و جێ بەجێ کردنیان، ئێمە گەیشتینە سازدانی یەکگرتوو لەناو هەموو سەرۆکی فراکسیۆنەکان و، هەردوو لیژنەکەش، بۆیە با مەجالی ئاراستەی تر نەدەین، بۆ ئەوەی شتەکان دوا بخەین و ئالۆز بکەین بە ئاراستەیەك کە خزمەتی تەجروبەکەو شەفامیش ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد شارەزووری.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی هەشتەم، بۆ ئەوەی دوایی نەکەوینە حاڵەتێکی ئەوەی بڵێین جێ بەجێ نەکرا، من قسەم لەسەر قەدەغە کردنی رێکخستنی حزبی ناو هێزی پێشمەرگە هەیە، ئەمە لە ساڵی 2007 لە خولی دووەمی پەرلەمان، یاسای ژمارە (38) یاسای پێ دەرچووە، بۆ ئەوەی جارێکی تر یاسای پێ دەرنەکرێتەوە، ئەوە واجیبی پەرلەمان و لیژنەکەی ئێمەیە بە دواداچوون، بۆ ئەوەی بەس ئەو نوقتەی نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە، ئەو یاسایە دەرچووە لە یاسای رێزلێنان و پێشمەرگەش ژمارە (38)ی ساڵی 2007 لە ماددەی (46 و 47)دا ئیشارەتی بەوە داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی کە ئێستاکە ئێمە دوا ئەنجام پێی گەیشتووین کارێکی موتەکامیلە، پێویست ناکات دەرفەت لەلایەن بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بدرێت بۆ تەفسیر کردن و تەئویل کردن، من تەئیدی بۆچوونەکانی خاتوو سۆزانی خاڵە شەهاب و برای بەڕێزم کاك کاردۆ دەکەم، کە تەفاسیلەکە وازیحە، دەکرێت ئێمە لە کۆتاییدا قسە لەسەر ئەوە بکەین دەستخۆشی لە لیژنەکان و لەو بەڕێزانە بکەین، کە دواجار گەیشتنە ئەو سازدانە، هەموومان بە یەك ئیرادەوە کار لەسەر جێ بەجێ کردنی بکەین و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەت قسەتان هەیە، ئاخیر کەس کاك گۆران قسە دەکات.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس تەوزیحێك لەسەر ئەو قسەی وابزانم دکتۆر شاهۆ بوو، یان دکتۆر زانا لەسەر لیژنەکە، لە لیژنەکە ئەم راپۆرتە حازر کرا، ئەمە ئەسڵی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمان بوو، دواتر

لیژنەکە داوای کرد ئەمە بخرێتە بەرنامەی کارەوەو تەوافوقاتی نێوان فراکسیۆنەکان دەرنگ کەوتـەوەو گەیشتەوە ئەمڕۆ، بـەخێر شـکاوەتەوە، ئێمـە ئـەو کاتـە لـە کۆنگرەیـەکی رۆژنامەنووسـی ئەگـەر دکتـۆر صباح پاڵپشتیم بکات، ئێمە کارەکانی خۆمان راگرت، لەو رۆژەوە ئێمە هـیچ کـارێکی ترمـان نـەکردووە، ئـەم راپۆرتـەش هـەمان ئـەو راپۆرتەیـە کـە سـەرەتا ئێمـە ئیتفاقمـان لەسـەر کـردووە، لەگـەڵ چـەند دەسـتکاری کردنێـك کـە حەدەسـەکان وای لـێ کـردووە، بـۆ نموونـە ئێمـە ئـەو کاتـە باسـی چـۆنیەتی بانگهێشت کردنی سەرۆکی حکومەت و چەند خاڵێکمان کـرد بـوو، بـەڵام ئـەوە بـوو سـەرۆکی حکومـەت هات هەندێ خاڵی لێ لادرا، بۆیە مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکە بەم شێوەیە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو لیژنەیە کاری خۆیان تەواو کردو شتەکانیان هێناو ئەمڕۆ لێرە بە رەسمی و بە رێکوپێکی کارەکـانی خۆیـان بـە ئامانەتـەوە تەسـلیمی ئێـوەی بـەڕێز دەکـەن، لێـرەوە کارەکانیـان تـەواو دەبێـت، بەڕێزان، ئێستا ئەو راپۆرتەی کە خوێندرایـەوە لەلایـەن لیژنـەی تایبەتـەوە بـەو دەقـەی خوێندرایـەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەسـتی بـەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پێنج بەڕێز لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسـند کـرا، بـەڕێزان، ئێسـتا وەکـو دووبارە بۆ ئەوەی روون بێت کـاری ئـەو بەڕێزانـە کـە بـەبڕیاری ژمـارە (1) لـە پەرلـەمانی کوردسـتان لیژنەیەك پێـك هێنـرا، بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی خـاڵی (17) چـوون خـەڵکیان بـینی و داخوازییـەکانیان هێنایەوە بۆ پەرلەمان، لێرە عەرز کراو تەبویب کرا، پاشان لیژنەی یاسایی و لیژنـەی تایبـەت دانیشـتن لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان تاکو ئەمڕۆ نەگەیشت بوونە یەك، ئـەمڕۆ ئـەم راپۆرتـەی خوێندرایـەوە، ئەمە کۆی گشت لایەنـەکان بـوو، هـەم لیژنـەکان، هـەم سـەرۆك فراکسیۆنەکان، ماعـەدا یـەك ئەنـدامی بەڕێز تەحەفوزی هەبوو، لەبەر ئەوە ئێستا خرایە دەنگدانەوە، ئەم خاڵانەی کـە خوێندرایـەوە دەبێتـە میکانیزمی بڕیاری ژمارە (1)ی پەرلەمانی کوردستان، کە لە 2011/2/23، واتا بە بڕیاری ژمـارە (2) میکانیزمێك بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (1) دادەنرێت، زۆر سوپاس، ئێستا دەچینە فەقـەرەی دووی بەرنامەی کار، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم بچنەوە جێگای خۆتـان، داوا لـە لیژنـەی پێشـمەرگەو لیژنەی ناوخۆ دەکەین کەرەم بکەن تەشریف بێنن بۆ ئێرە، فەرموون، کاك دکتۆر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.بشیر تۆفیق حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر یەك دەقیقە مەجالم بدەیی، یەك تەوزیح روون دەکەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو بەرنامـەی کـار نـەبێت، نـەخێر، رجائـەن، رجائـەن، ئیحـتیرامم زۆر بـۆ جـەنابت هەیـە، رجائـەن، موستەحیلە، لێرە نییـە، رجائـەن کـاك دکتـۆر، ئێسـتا خـاڵی یـەك تـەواو بـوو، دکتـۆر ئەگـەر وا بکـەیت جەلسەکە تێك دەچێتن، رجائەن، ئیحتیرامم بۆ جەنابت هەیە، دەتوانیت روون کردنـەوە بـدەیت لـەناو بەرنامەی کار، نەك بە جەنابت کێ دەربچێتن مەجالی بدەینێ، بـەیانێکی پـێ دەربکـە، رجائـەن، نییـە، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ کۆبوونەوەی هاوبەش**

لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی هاوبەشدا لە 2011/3/7 لەگەڵ لیژنـەی پێشـمەرگە، سـەبارەت بـە شـاری کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان ئەم راپۆرتەو چەند پێشنیارێك دەیخەینە بەرچاوی بەڕێزتان.

بەڕێزان، لەمێژە گەلی کوردستانی عێراق، بەتایبەتیش خەڵکی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان لـە ژێـر هەرەشەی سیاسەتی شۆڤینیانەی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق بوون، نەیاران بارودۆخی ئێستایان بە هـەل زانیوە بۆ گەیشتن بە پلان و ئامانجەکانیان، کە دژ بە گەلی کوردستانە، شـۆڤینیەکان دەیانـەوێ نێـوانی پێکهاتەکانی شاری کەرکووك تێك بـدەن، بـۆ ئـەوەی سیاسـەتی بـە عـەرەب کـردن و بـە بەعسـی کـردن دووبارە بکەنەوە.

وەك ئاشـکرایە لای هـەمووان لـە میـدیاکانیش بینیتـان ئەنجومـەنی سیاسـی عـەرەبی بـەیانێکی (18) خاڵیـان دەرکـرد، کـە زۆربـەی خاڵـەکانی بـە مەبەسـتی تێکـدانی ڕەوشـی شـاری کـەرکووك و ناوچـە دابڕاوەکانە، نوێنەری ئەو ئەنجومەنـە بـە ئاشـکرا دژایـەتی خـۆی لـە میـدیاکان راگەیانـد بەرامبـەر بـە خەڵکی بە شەرەفی کەرکووك و هەموو لایەنە کوردستانیەکان.

هەر بەوەش نەوەستان، بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی سووکایەتی بە ئاڵای کوردستان و نـاوی کوردسـتانیش بکات، بـیرو راوبۆچـوونێکی وایـان نیشـاندا بەرامبـەر بـە خـەڵکی راسـتەقینەی کـەرکووك، کـە رێـك لـە ئایدیۆلۆژیای بەعسەوە هاتبوو.

بەیانەکەی ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی زۆربەی خاڵەکانی دژی مافەکانی خەڵکی کەرکووکە، بە هـەموو پێکهاتەکانیەوە، بۆ نموونە، باس لە رەتکردنەوەی مـاددەی (140) دەکـات، کـە ئەمـەش بـە پێچـەوانەی دەستووری عێراقە، هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسە کوردەکان بچنە دەرەوە لە کەرکووك، ئەمە لە کاتێکدا ئەم هێزانە ئاسایش و ئارامی شـارەکەیان پاراسـتووە، هـەروەها داوایـەکی دیکەی ئەنجومەنی ناوبراو، کـە داوای دابـەش کردنـی کـەرکووك دەکـات، بـۆ چـوار بازنـەی هەڵبـژاردن، بەپێی ماددەی (23) لـە یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـان، مەبەسـت لـەو داوایـەش دروسـت کردنی دووبەرەکییە لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکووك، وەك ئەوەی کە ئەمانە لە یەك شاردا نەژین، ئەمە بێجگە لەوەی کە خەڵکی کەرکووك لە خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەریدا ئەم ماددەیان رەت کردەوە.

دوایەمین دیاردەو دەرکەوتەی سیاسی، ئەو نائارامیە سیاسیەیە کە رووی کردۆتە عێراق، کە دەگونجێت ئاسـاواری سیاسـی و ئـەمنی بـۆ سـەر کوردسـتان، بەتایبـەتی چارەنووسـی ناوچـە کوردسـتانیە کێشـە لەسـەرەکان بـەجێ بهێڵێـت و چارەنووسـیان بـە ئاقـارێکی مەترسـیداردا بـەرێت (انفلاتـی ئـەمنی + بەستنەوەی کەرکووك بە ناوەندەوەو دابڕینی لـە کوردسـتان)، هـەروەها دەکرێـت ئـەم دۆخـەی ئێسـتای عێراق دەرفەتێکی ڕەخساوی نـوێ بێـت، بـۆ چارەسـەر کردنـی چارەنووسـی ناوچـە کوردسـتانیە کێشـە لەسەرەکان.

لێرەوە پێویستە بەڕێزەوە بڕوانینە هەوڵی پێکهاتە ڕەسەنەکانی شارەکە لە ڕەتکردنەوەی ئەو پلانانە، بەتایبەتیش بڕا تورکمانەکان و عەرەبە ڕەسەنەکانی شارەکە، بەهەمان شێوەش یەك ڕێزی کوردو لایەنە سیاسیە کوردیەکان لەو بارەوە جێگای ستایشە، بۆیە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە لە بەیان نامەیەکدا ئیدانەی ئەو پلانە دارێژراوە بکات.

لە کۆتاییدا پێویستە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، کە وەزارەتی پێشمەرگەی ڕاسپارد بۆ تێك شکاندنی ئەو پلانە داڕێژراوە، لە ئامادەباشی دابن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر مەترسی و ئەگەرێك، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خەڵکەکەو دامودەزگاکانی شاری کەرکووك بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پلانەی کە لە حەویجەو مووسڵ ئەنجامیاندا لە شاری کەرکووکیش دووبارەی نەکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هێزێکی پێشمەرگەو زێرەڤانی لە ئامادەباشی دان لە دەوروبەری شاری کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان، بۆ هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەك، کە پلانگێڕان بیانەوێ ئەنجامی بدەن، سەرکەوێ ئیرادەی پێکهاتەکانی کەرکووك و ڕیسوا بن پلانگێڕان، لەگەڵ ڕێزمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەمەش پێشنیارەکانی هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەیە:

1- پێویستە هێزەکانمان لە کەرکوك بوونیان هەبێت، بەڵکو لە سەرجەم هێلە تەماسەکان لە گشت ناوچە داگیرکراوەکان تەواجودیان هەبێت.

2- هەروا جەخت لە نوێنەرانمان لە حکومەتی فیدراڵ بکرێتەوە، ڕۆڵیان کاراتر بێت لە زووتر جێ بەجێ کردنی ماددەی (140)، کە تایبەتە بە کەرکووك و هەموو ناوچە دابڕێنراوە کێشە لەسەرەکان.

3- پێویستە بەزووترین کات دیاردەی دوو ئیدارەیی لە کەرکووك کۆتایی پێ بهێنرێت، بۆ ئەوەی باشترو کاراتر، خزمەتی خەڵکەکەو کێشەکەمان لەو ناوچانە بکرێت.

4- پێویستە لە زووترین دەرفەتدا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە کوردستانیەکان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی باشتر دابنرێت، بۆ بەرەو پێش بردنی مەلەفی چارەسەری ئەم ناوچانەو دواجار گەڕانەوەی کارو بەرنامەکەیان بۆ هۆڵی پەرلەمان و تاوتوێ کردنی.

5- پێویستە کۆمەڵێك لەو بەرپرسانەی دامودەزگاکانی کەرکووك و دەوروبەری ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، بۆ ئەوەی خزمەتی باشتر پێشکەشی خەڵکی ئەم شوێنە بکرێت.

6- کار کردنی جدی و بە پەلە بۆ خزمەت کردنی دانیشتوانی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تر لە ڕووی خزمەتگوزاری و چاکسازی ئیداری و حزبایەتی کردن، لەو ناوچانە نەکرێت، بەڵکو نیشتمان پەروەری بکرێت.

7- لە پێناو ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیەکانی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان پێشنیار دەکەین پەلە بکرێت لە جێ بەجێ کردنی بڕیاری (17) خاڵەکەی پەرلەمانی کوردستان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، ئێستا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەن، ناویان تۆمار دەکەین، بەس تکایە دووبارە نەبێتن، فەرموو ناوت بڵێ، بەڕێزان،

ئێستا ئەم بەڕێزانە داوای قسە کردنیان کردووە، (فازل حسن، عمر عبدالعزیز، د.احمد ورتی، یشار نجم الدین، عبدالقادر بازرگان، بلال سلێمان، امیر گۆگا، سالم کاکۆ، هاژە سلێمان، سۆزان شهاب، دڵشاد شهاب، کاردۆ محمد، کوێستان محمد، پەریهان قوبلای، حمە سعید، بەفرین حسین، گوڵیزار قادر، دانا سعید، خورشید احمد، خلیل عوسمان، تارا ئەسعەدی، ئەڤین عمر، بێریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ کەریم، شاهۆ سعید، زانا رەئوف، سەرگول رضا، بەیان احمد، زەکیە سید صالح، ژیان عمر شریف، سالار محمود، سمیرە عبدالله، سەردار رشید، سەروەر عبدالرحمن، شلێر محمد، شڤان احمد، شلێر محی الدین، شوان کەریم، شەونم محمد، سیوەیل عوسمان، ڤیان عبدالرحیم، نەسرین جەمال، عبدالله علی، هاوڕاز خۆشناو، عمر نورەدینی، عمر هەورامی، قادر حسن، کەیلی ئەکرم، نیشتمان مرشد، دلێر محمود، ئاشتی عزیز، عبدالرحمن حسین، شێرزاد حافز، صباح بیت الله)، بەڕێزان، زۆرن، بۆیە تکایە دووبارە نەبێت و ئیلتیزام بە وەقت بکرێت، وەقت تەحدید دەکەین، کەسێك لە وەقتەکەی دەرباز بوو، تکایە کەپسی بکەن، بۆ هەر بەڕێزێك سێ دەقیقە تەحدید دەکەین، تاکو بتوانێت شتەکانی خۆی کەپس بکات و شەرحی بکات، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، کەرەم بکە کاك فازل.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی بەڕێز دەکەم، لەلایەڕە دوو لە دێری دووەم لەسەر مەسەلەی ئەو پۆلیس و ئاسایشانەی لە کەرکووکن، ئەو لایەنانەی داوا دەکەن بچنە دەرەوە، وا نووسراوە دەڵێت ئەمە لە کاتێکدا ئەم هێزانە ئاسایش و ئارامی شارەکەیان پاراستووە، جا ئەمە پێموایە پاساوێکی لاوازە، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری ئەم هێزانە خەڵکی کەرکووکن، هەر لەبەر ئەوە نییە کە ئەوێیان پاراستووە، ئەوانە خەڵکی ئەو شارەن بۆ بچنە دەرەوە؟ پێم باشە وا بنووسرێت، کە ناکرێت داوا لە خەڵکێك بکرێت لە شارەکەی خۆی بچێتە دەرەوە، نەك هەر لەبەر ئەوەی شارەکەیان پاراستووە.

لە دێری دوازدە، دوو شت نووسراوە، کە دەڵێت بە ئاقارێکی مەترسیداردا بەرێت (انفلاتی ئەمنی لەگەڵ بەستنەوەی کەرکوك بەناوەندەوەو دابڕینی لە کوردستان، پێموایە ئەوەش هەڵەیە، مەبەستم بۆیە هەڵەیە، چونکە ئێستا کەرکووك سەر بە هەرێمی کوردستان نییە، هەتا دایببڕن، بەڵکو بنووسرێت دەیانەوێت، یەعنی وا بنووسرێت رێگەگرتن لە گەڕاندنەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە لەبەر ئەوەی ئێستا سەر بە هەرێمی کوردستان نییە.

لە لاپەڕە چواریش لە پێشنیارەکان، پێم باشە ئەو پێشنیارە بکرێت، ئیزافە بکرێت، بەشداری پێ کردنی کارای پێکهاتەکانی تر لە ئیدارەی کەرکووك، یەعنی ئەم پێشنیارەش لەگەڵی ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر عبدالعزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم.

بەنیسبەت کێشەی کەرکووکەوە هەموومان دەزانین کە کێشەیەکی ئاڵۆزو چەندین ڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پێش هەموو شتێك ئیداری و ئینسانی و خەدەماتی هەیە، کە بە داخەوە یەکێکە لە شارە هەرە فەرامۆش کراوەکان، من لێرە چەند خاڵێك عەرز دەکەم کە گرنگەو ئاوڕی لێ بدەینەوە، یەکێکیان/ مەسەلەی مەبدەئی حیوارو دیالۆگ و کێشەی کەرکووك بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی ناو خودی کەرکووك و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەحکومەتی ناوەندیش و، لەنێوان حکومەتی هەرێم و ناوەندیش پێویستمان بەوە هەیە مەبدەئی حیوارو گفتوگۆ بکەینە ئەساس، ئێمە زۆر پێویستمان هەیە بەوەی لە خاڵێکی تردا عەرزی بکەم، کە سیاسەتێکی ڕۆشنمان هەبێت وەکو هەرێمی کوردستان لە دەزگا دەستووری و یاساییەکانمانەوە، دەزگای تەشریعی و تەنفیزی، موئەسەساتی مەعنی، سیاسەتێکی یەکگرتووی موەحەدی ڕۆشنمان هەبێت، سەبارەت بە کەرکووك لەوێوە ئەوە بکەینە مونەتەلەق، بیکەینە دەستپێك، یان هەنگاوی یەکەم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسیانەی لەسەر کەرکووکن، ئەو کێشانەی لە کەرکووك ڕوو دەدەن، ڕەنگە زۆر شت بووبێتە شیعارات، هەمیشە قسەی لەسەر دەکەین مەبدەئی حیوار خۆی یەکێکە لەوانە، پێکەوە ژیان و تەعایش و ڕێزگرتن لە یەکتر، بەلام بەڕاستی دەبێت بیکەینە مەبدەئێك، کە ئەساسەن پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی ناو کەرکووك، دەبێت بە بایەخ سەیر بکەین، چونکە لە کاتێکدا لایەنێك هەست بکات بەوەی کە غەدری لێ دەکرێت، لایەنەکانی تریش وابزانن براوەن، هەموو کەرکووك و دانیشتوانی کەرکووك زەرەر دەکەن، بۆیە دەبێت یەك دەنگی لەناو پێکهاتەکانی کەرکووك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڕەشە دەرەکیانەی لەسەر هەموو لایەن مەترسی هەیە، نەك لەسەر لایەنێك بە جیا، من پێم گرنگە، مەسەلەی بارودۆخی ئاسایش و ئارامی لە کەرکووکدا گرنگە بەنیسبەت ئێمەوە، کە هاوکارێکی باش بێت و ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو لایەنە، هیچ کارو کاردانەوەیەکی هەڵە قەبول نەکەین، چونکە بە دەمارگیری مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەبێت، لە هەر لایەنێکەوە بێت، بۆیە دەبێت ئەو زمانە زاڵ بکەین و گفتوگۆمان لەسەر کەرکووك، مەسەلەی ناتەواوی خزمەتگوزارییەکان و ڕۆڵی حکومەتی هەرێم، ڕەنگە زۆر قسەی لەسەر کرا بێت، من هەر ئەوەندە بە بیری خۆمان دەخەمەوە، کە زۆر گرنگە ڕۆڵی ئەساسیمان هەبێت لەوە.

مەسەلەی داواکارییە دەستووریەکان زۆر گرنگە، مەسەلەی ماددەی 140 دەبێت ئێمە بیکەینە خاڵی سەرەکی لە هەموو حیوارو گفتوگۆیەکانماندا کە دەیکەین، لەوێشەوە باسی مەجلیسی سیاسی عەرەبی کەرکووك، یان هەر لایەنێکی تر بۆ ڕەت کردنەوەی هەر شتێك کە ناخوا بۆ ئەو مەبدەئە دەستوورییانە بکەینە ئەساس، من پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، ئەو حەوت پێشنیارەیان، بەلام پێشنیارێکی تر ئیزافە دەکەم، کە لە کۆنگرەی بەغدا لە 2009/11/19، کە درێژ کەرەوەی کۆنگرەی (nsnke) نسنکی دووەم بوو لە خزمەتی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەو وەفدە بووین کە چووینە بەغدا، لەوێش پێشنیارم کرد کە ئێمە لیژنەیەکی هاوبەش لەنوێنەرانی کورد، لە کوردستانی کوردی بە عام لە کەرکووك و بەغداو، یەعنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و پەرلەمانتارانی بەغداو پەرلەمانتارانی هەرێم دروست بکەین، ئەوانە ببنە لیژنەیەك، ببنە میکانیزمێك، لەوێوە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنە سیاسیەکان، دەزگا یاسایی و

دەستوورییەکانمان بیانەوێت شتێك بگەیەنن بە ناوەند، ئەو لیژنەیە رەنگە شتێکی باش بێت، بەنیسبەت زمانی گفتوگۆ لەگەڵ دانیشتوانی شاری کەرکووك زۆر زۆر گرنگە بەنیسبەت ئێمەوە، کە دەبێت باس لەوە بکرێت کەرکووکیەکان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، کە ئەوە خاڵێکی ئەساسییە، یان هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی ماددەی 140یش، خەڵکانێکی دەرەوەی کەرکووك زۆر خۆیان دەکەنە خاوەنی کەرکووك، بەڵام دەبێت کەرکووکیەکان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، بە هەموو نیشتەجێیەکانی ئەوێوەوە بکەینە خاوەنی سەرەکی ئیشەکەی خۆیان، کە رەنگە ماددەی 140ی دەستووری عێراقیش هەنگاوێکی دوای تەتبیعی ئەو باسە بێت، کە ئەوان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوەی کە قسەکەی خۆی تەواو نەکرد بە نووسراو دەتوانێت بیداتە لیژنە، رێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

دیارە کەرکووك مەسەلەیەکی نەتەوەیی و گرنگە، پێویستی بە یەك هەڵوێستی هەموو لایەنەکان هەیە، مەسەلەن نەتەوەی نیشتمانییەکان، وابزانم خاڵی هاوبەش و چارەنووسسازە لەنێوان هەموو لایەنەکان، ناتوانین جیاواز بین تیایاندا، ئەو ناوچانە، دیارە ناوچە جێ ناکۆکەکان بایەخێکی ئیستیراتیجی و جەوهەریان هەیە بۆ ئێمە وەکو کوردستان و هەرێمی کوردستان، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بەداخەوە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق چەندین پلان و بەرنامەیان هەبووە بۆ گۆڕینی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دانیشتوانی کەرکووك، بەتایبەتی سیاسەتی تەعریب، کە ئاکامەکەی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکان بووە، ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەو سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لەدوای راپەرینەکەی ساڵی 1991 توانی بێتیان هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژن، بەڵام بەداخەوە ئەو ناوچانە مەحروم بوونەو بەردەوام لەژێر هەڕەشەی لەناوچوون دابوون، دوای ساڵی 2003 ئومێدەوار بوون خەڵکی ئەو ناوچانە هەناسەیەك هەڵمژن و بە پێچەوانەی ماددەی 58ی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراق بۆ ساڵی 2004 و پاشان ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی 2005، کە مەسەلەی ئەو ناوچانە چارەسەر بێت و یەکلا ببێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەم حکومەتی عێراق خۆی دزییەوە لە جێ بەجێ کردنی ئەو ماددانە، چ ماددەی 58، چ پاشان ماددەی 140، هەمیش هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە بەتایبەت کوردەکان لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوە پشتگوێ خران و وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نەدرایەوە، بەتایبەت ئەوەی کە لیژنەی هاوبەشیش ناوخۆ و پێشمەرگە ئاماژەیان پێ کردووە، حزبایەتی و دوو ئیدارەیی، ئەمە کارێکی سلبی زۆری کردۆتە سەر خزمەت کردن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بەو ناوچانە، دیارە ئێستا هەوڵ هەیە بۆ دواخستنی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 و جێ بەجێ نەکردنی ئەو ماددەیە، خزمەت نەکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن رەنگە لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراقدا، ئەوان دیسان جارێکی دیکە باجی

ئەوەشیان دابێت، هەوڵی هێشتنەوەی ئەو ناوچانە دەدرێت، یان ئەو ناوچانە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بەگشتی لە ناوچەیەکی فەیراناوی، لەناوچەیەکی ئەزمە، هەوڵی گەڕاندنەوە بۆ شێوازی تەعریب و کۆچ پێ کردن دەدرێت جارێکی دیکە، ڕووداوەکانی 2011/2/25ش لە حەوێجەو ڕیاز و قەرەتەپەو جەلەولاو کەرکووك و ئەو ناوچانە ڕوویاندا، بەڵگەی ئەوەن کە بارودۆخی ئەو ناوچانە هێشتا لە ژێر مەترسیدایە، بۆیە پێویستە ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق جێ بەجێ بکرێت و گفت و بەڵێنەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، کە بە لایەنی کوردستانی داوە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت، پێویستە داکۆکی لەوە بکرێت، کە گفت و بەڵێنەکانی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 جێ بە جێ بکات، بە هاوبەشی ئەو ناچانە ئیدارە بکرێت، تا کاتی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140و .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر شتێکت هەبوو بە نووسین بینێرە، ڕێزدار کاك یەشار کەرەم بکە.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە هێزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی دەکەین، سوپاسیان دەکەین، کە ئەوە کاری هەمیشەییانە لە کاتی گونجاودا بە هانای خەڵکی کەرکووك هاتن، زۆر پێمان خۆش بوو کە گوتیان ئێمە تەنها دیفاع لە کورد ناکەین، دیفاع لە تورکمانیش دەکەین، ئەوان بوونە قەڵغان و پەرژین لەبەردەم هێزەکانی عەرەبە شۆڤینیەکان، ئێمە کاتێك باسی شاری کەرکووك دەکەین، کەواتە باسی پێکەوە ژیانی گشت پێکهاتەکانی عێراق دەکەین، ئەو نەتەوەو ئاین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی کە لە عێراقدا هەن گشتیان لە کەرکووك و دەوروبەریدا کەم تا زۆر نیشتەجێن و ساڵانێکی زۆریان بەسەر بردووە بە ئاشتی و بە ئارامی ژیاون، هیچ کێشەیەك لەنێوانیاندا ڕووی نەداوە، بەهۆی جیاوازی نەتەوەو ئاین، مەگەر گشت کێشەکان و گرفتەکان لەم شارەدا ڕوو دەدات لە سایەی حزب و لایەنە سیاسیەکان، بەتایبەت ئەو حزب و لایەنە سیاسیە شۆڤینیانەی کە لەخۆیان زیاتر کەسی تر قەبول ناکەن و لە ڕاوبۆچوونی خۆیان زیاتر گشت بۆچوونێکیان پێ هەڵەیە، نەتەوەی تورکمان یەکێکە لە نەتەوە سەرەکیەکانی شاری کەرکووك، کاتێك دەڵێین نەتەوەی تورکمان، سێیەم نەتەوەیە لە عێراق، دووەم نەتەوەیە لە کوردستان، بێگومان زۆرینەی نەتەوەکەمان لەکەرکووك و دەوروبەریدا نیشتەجێن، دەبێت بەو پێوەرەش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئێمە کاتێك دەڵێین پێمان باشە ماددەی 140 جێ بەجێ بکرێت، هەوڵ دەدەین و یارمەتیدەر دەبین، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ناوەڕۆکی ماددەکە، کە بریتییە لە ئاسایی کردنەوەو سەرژمێری و ڕاپرسی، باوەڕی تەواومان بەکوردستانی بوونی شاری کەرکووك هەیە، بەڵگە مێژووییەکان زۆر ڕوون و ئاشکران و لەپاڵ ئەم ڕاستیە حاشە هەڵنگەرەشدا بەرژەوەندی نەتەوەی تورکمان لەوەدایە لە یەك قەوارەی سیاسی و جوگرافی یەك بگرن و پچڕ پچڕ دابەش نەکرێن بەسەر جوگرافیای وڵاتی عێراقدا، بەشێکی تورکمان لەهەولێرو بەشێکی تر لە تەلەعفەرو بەشێکی تری تورکمانیش لە کەرکووك جیا بمێنێتەوە، ئێمە تورکمانی شاری هەولێر توانیمانە نموونەیەکی باشی پێکەوە ژیان پێشکەش بە برایانمان لە کەرکووك بکەین، بۆ ئەوەی ببێتە

بەرچاو روونیەك بۆیان، بۆ بڕیاردانیان لەداهاتووی خۆیان، بێگومـان ئـازادن لەسـەر هـەر بڕیارێـك كـە دەیدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالقادر بازرگان كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام جميل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە شاری كـەركووك و شـوێنە دابڕاوەكـان لـە هـەرێمی كوردسـتان، ئێمـە هـەروەكو توركمـان و فراكسـیۆنی چاكسـازی توركمـان، تەئكیـد دەكـەین لـە تـەتبیق كردنـی مـاددەی 140ی دەسـتووری هەمیشەیی عێراق، چونكە پێش ئەوەی ماددەیەكی دەستووری بێ، یەعنی دەبێت تـەتبیق بێـت، پـێش ئەوە سوودی بۆ میللەتی توركمان هەیە، چونكە هەموومان دەزانـین لـە دەوروبـەری شـاری كـەركووك و لـەناو شـاری كـەركووك، یـەعنی توركمـانێكی زۆر هەیـە، گونـدێكی زۆر هەیـە، ئـەو گوندانـە لـە كـاتی حكومەتی عێراقی پێشوودا، مەسـەلەن ئـەو ئـەرازی زراعـی هـەبوو، ئەوانـە هـەموویان لـە ژێـر دەسـتی توركمان هاتوونەتە دەرەوە، تەقدیمی عەرەبەكانیان كردووە، ئێستاكە ئەگەر ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق تەتبیق بێـت، ئـەو ئـەرازی و موڵكانـە هـەمووی دەگەڕێتـەوە بـۆ میللـەتی توركمـان، هەروەها ئەگەر شاری كەركوك و ئەو شوێنانەی كـەوا دابـڕاون لـە هـەرێمی كوردسـتان، ئەگـەر ئەوانـە بگەڕێنەوە سەر هـەرێمی كوردسـتان، زروفی ئیقتیصـادی و ئیعمـاری و هـەموو خزمەتگوزاریـەكانی ئـەو شوێنانە بەهێز دەبێت، تەبیعی هەموومان چاك دەزانین كە هەرێمی كوردستان، هەرێمێكـە لـە شـەرقی ئەوسەت بە پێشكەوتووترین هەرێم دەژمێردرێت لە رووی ئیقتیصادییەوە، ئەگەر شـاری كـەركووكیش هاتە سەر هەرێمی كوردستان، یەعنی شاری كەركوك و دەوروبەرەكەی، ئەو كاتە ئیستیفادە دەكەن لەو پێشكەوتنەی ئێسـتا هەیـە لـەناو هـەرێمی كوردسـتاندا، هـەروەها لـە لایـەكی دیكـە بەنیسـبەت تـەتبیق كردنـی مـاددەی 140ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق، پێگـەی میللـەتی توركمـان لـەناو هـەرێمی كوردستانیشدا بەهێز دەبێت، چونكە دەزانین میللەتی توركمان لە كەركوك هەیـە ئـەو كـاتی پێگـەیان زۆر چاكتر دەبێت لەناو هەرێمی كوردستاندا، ئێمە زۆر تەئكید دەكەینـەوە لـە تـەتبیق كردنـی مـاددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێـراق، هـەموومان چـاك دەزانـین هەنـدێك ئـەتراقی عێراقـی ئێسـتا بـە تـەمان ئـەوە دوور بخەنـەوە، بـۆ تەقریبـەن پێـنج سـاڵ ئێمـە هـەوڵێكی تـر بـدەین، كـەوا لـە نـاو شـاری كەركوك ڕیفاندۆم هەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بيلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الـرحيم، سـەرەتا مـن دەمـەوێ دەسـت خۆشـی لـە هـەردوو لیژنـەی تایبەتمەنـد بكـەم، ڕاپۆرتێكی زۆر ڕێك و پێك و جێگای دەست خۆشیە بەڕاستی، دیارە كەركوك گرنگیەكی مێـژوویی بـۆ

ئێمەی خەڵکی کوردستان هەیە، هەر ئەو گرنگیەشە کە ئێمە لە دێر زەمانەوە، کۆمەڵێك ئارەق و خوێنمان لە پێناوی کەرکووکدا ڕشتووە، دیارە ئەم گرنگیدانەش هەروا بێ هوودە نەبووە هۆکاری سەرەکی هەبووە، ئەویش ئەوە بووە کە بە مافی خەڵکی هەرێمی کوردستانمان زانیوە، بە موڵکی کوردستانمان زانیوە، پێمان وابووە بەشێکە لە جوگرافیای کوردستان، وە بە تەئکیدیش وابووە، من پێموایە ئەگەر ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991 نەبوایە، ئەم خاکەی کە ئێستا هەولێرو سلێمانیشمان پێیان دەوتن مەنتیقەی ناکۆکی لەسەر، لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی تایبەتیشدا هاتووە، کە باس دەکات ناوچە کێشە لەسەرەکان، من پێموایە ئەو کەلیمەیە پێویستی بە گۆڕینە، پێی بوترێ ناوچە کێشە بۆ دروست کراوەکان، نەوەك ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەو کێشانەی کە بۆی دروست کراوە، بەڕاستی هەقیقەتەکە بۆی دروست کراوە نەوەك کێشە لەسەر بێت، دیارە بە تەئکید پێوستی بەوەش دەکات کە ئێمە لە کەرکووك هەموو ئەو نەتەوانەی لەوێن، وەکو چۆن لە کوردستان، لە هەرێمی کوردستان ئەو نەتەوانەی کە هەن تورکمان و عەرەب و برا مەسیحیەکان، هەر لایەنێکی تریش کەهەن، هەر نەتەوەیەکی تریش کە هەیە، ئێمە بەڕاستی پێویستیمان بەوە هەیە کە هێزمان هەبێ لە کەرکووك، وە بتوانین بە یەکەوە تەبابین، وە بتوانین ئەو تەباییەش واڵێ بکەین، نموونەی هەرێمی کوردستان بگوازینەوە بۆ کەرکووك و شوێنەکانی تریش، بە پێچەوانەی کە هێزە شۆڤینیەکان دەیڵێن، ئیدیعای خراپمان بۆ دەکەن، وەلەهەمان کاتیشدا هیوادارم هێزی پێشمەرگەی ئێمە، ببێتە نموونەی هێزێکی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ لە هەموو شوێنێك، وە بەتایبەتیش کەرکووك و ناوچەکانی کێشە بۆ دروست کراوەکانیش، ئەو هێزانەی ئێمە ببن بە نموونەیەکی وا کە لە ئایندەدا هەموو کەرکووکیش بە هێزی خۆی بزانێت، ئومێدەوارم ئێستاش وایان کردبێت، لە داهاتووشدا وا بکەن، وەبە تەئکید دووبارە، پێوستە ئێمە ئیش لەسەر ئەوە بکەین کە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، چونکە ماددەی 140 ماددەیەکی دەستووریە بۆ ئێمە، ڕێکارێکی یاسایی گونجاوە کە ئێمە بتوانین ئەو هەق و مافانە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بگەڕێنینەوە، دیارە کە دەڵێم خەڵکی هەرێمی کوردستان بە هەموو نەتەوەکانیەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا من چەند تێبینیەکم هەیە، بە سەریعی باسیان دەکەم بۆ ئەوەی فریا بکەوم لە کاتەکەی خۆم، لەسەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی تایبەت، وەکو پێشیش دەست خۆشیم لێیان کرد، دووبارە دەست خۆشیان لێ دەکەمەوە، بەڵام پێوست بوو لە خاڵی یەکەم کە باس لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکات لە کەرکووك، دەبوایە باسی ئەوەشیان بکردبایە کە بەڕاستی بە داخەوە دەڵێم، هێزەکانی ئێمە لە کەرکووك، دەبوایە پێش ئەوەی بچن بۆ کەرکووك، بە پێی یاسای ژمارە 1 ی ساڵی 2005 کاریان بکردبا، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، کەلە ماددەی 10 بڕگەی 11 دەڵێت، نەسی ماددەکە دەڵێت( سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە بە ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت)، ئەبوایە ئەم ڕەزامەندیە لە پەرلەمانی کوردستانەوە وەربگیرابوایە، بەداخەوە کە وەرنەگیراوە، بەڕاستی ئێمە لەگەڵ دەست خۆشی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك امیر کەرەمکە.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی تێبینی سەر ڕاپۆرتا لیژنا هاوبەش، ب ڕاستی سەیرە کو ناڤێ گەلێ کلدانی و سریانی و ئاشوری، هچ جۆرەك ل ناڤ ڕاپۆرتێ نەهاتیە دیار کرن، وەکو مەسیحی کو نەتەوەکن ئەم بشێین بێژین بەری 2500 سالاً ل کەرکووکێ ژیاین، هێڤی دارین ئەڤە ب پەلە بت، دوو، بۆ پتر خورد کرنا گیانێ تەبایی و برایەتی و پێکڤە ژیانێت، ناڤبەرا نەتەوەی و ئاینێت جودا جودا، ل عیراقێ و کوردستانێ، بۆچوونامە بۆ کەرکووکێ و دەڤەرێ دی، خۆ ناڤ خالآدا دبینیتەڤە هەلۆیستێ مەیە، ئێك، کەرکوك ل گۆڕ مێژوو و جوگرافی بەشەکا تەمام کری هەرێما کوردستانێیە، وە دکەڤن ناڤەندا تەنگەژەو قەیرانێت سیاسی بویە، دوو، وەك دەڤەرێن دیێن کوردستانێ جڤاکەك فرە ئاینی و نەتەوەیی ل کەرکووکێ هەیە، کو تەمام کەرا فرە ڕەنگیێ کوردستانێ و عیراقیە، سێ، پرسا کەرکووکێ و، پرسا عەدالەتێ و پرسا ئیستهقاقایا، کو توشی سیاسەتا تەتهیر عرقێ بویە، ناڤ و ناسنامەو شوین وارێت کەڤن دا هەتا 2003، چار، دیار کرنا پرسا کەرکووکێ و وەك پرسا ئاخێ، ئو مافا مولك دارییێیە، پتر دیار کرنا وی وەکی دەڤەرەکی پترۆلیە،

پێشنیار:

ئێك: داکۆکی کرن بۆ بجی هینانا مادا 140 ژ دەستووری عیراقێ.

دوو: گرنگیدان ب کەرکووکێ و ژ ئالیێ ئابووری و ڕەوشەنبیری و جڤاکی و سیاسی.

سێ: پەیدا کرنا ئەوپەڕێ تێگەهشتنێ، ناڤبەرا پێکهاتیێن کەرکووکێدا ژ کورد و تورکمان و کلدانی و سریانی و ئاشووری، وە عەرەبێت ڕەسەندا.

چار: دابین کرنا هەندەك زەمانات بۆ نەتەوەو ئاینێت دی یێ جودا جودا ل کەرکووکێ، دیار کرنا ئاستێ بەشداریێ وان ل پارێزگەها کەرکووکێ و ل سەر ئاستێ هەرێمێ.

پێنج: یەکخستنا گوتارا سیاسی و کوردستانێ دیر ژ موزایەداتێت سیاسی و بەشداری پێ کرنا ئاینێ دی، ل پرۆژێ کوردستانێدا ل کەرکووکێ.

شەش: دیر کرنا کەرکووکێ ژ ململانا سیاسی یا ناڤ خۆیا هەرێما کوردستانێ.

حەوت: نەهێلانا شینوارێ دوو ئیدارەیا کەرکووکێ ب زی ترین وەقت.

هەشت: بەرپا کرنا هەوەك نیشتیمانێ، یەعنی حەملا وەتەنیە ل دوڕ کەرکووکێ، وەك دیار کرنا ڕۆژەك نیشتیمانی کو تێدا ئاستێ زولم و ستەما ل مرۆڤ و ئاخا کەرکووکێ هاتیە کرن.

نەه: هاندانا سەرمایەدارێت کوردستانێ بۆ ئستیسمارات ل کەرکووکێ.

دە: سەرەدانێ بەردەوامی بەرپرسێ بلندێ کوردستانێ بۆ کەرکووکێ و ئو دیتنا هەمی ئالیا.

یازدە: بڕیارا چونا پێشمەرگەی بۆ دەڤەرێ کەرکووکێ و ڤی دەمی ئەنجامێت ئالۆزیێ کەڤێت سەر خەلکێ زۆر باش بوو، پشت ڕاست کرنا هەمی ئاکنجیێ دەڤەرا بۆ جداهی، وە پاشان بەردەوام دانوستاندن و تێگەهشتن دگەل هەمی ئالیێن پەیوەندیدار.

دوازدە: بەردەوامیا کۆمبینێ سیاسی و ئیجتماعی ل کەرکووکێ دگەل هەمی ئالیێن سیاسی نەتەوەیی و ئاینی، وەك زامن کرنا کو کەرکووك خالاً گەهشتنێیە بۆ هەمی کوردستانیا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە هاوبەشەکە دەکەم، وە پشتگیری لە پێشنیارەکانیان دەکەم، بەڕاستی دوای ئەوەی کە ئەو ڕەوشەی لە کەرکووك ڕوویداوە، هەندێك لە هێز و لایەنە شۆڤێنیەکان ویستیان کە ڕەوشی هێمنی ناو کەرکووك تێك بدەن، ئێمە سێ خاڵ هەیە کە تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە تەئکید لەسەر جێبەجێ کردنی، ماددەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی عیراق دەکەینەوە بە زووترین کات، وە بە تایبەتی بڕگەی 2 لە ماددەکەدا، کە باس لە تەتبیع و ئیحسا و ئیستیفتا دەکاتەوە، بۆ هەموو ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەتایبەتی کەرکووك، دووەم، ئێمە بە پێویستی دەزانین، بەڕاستی لە کاتی پێویستدا بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووك هەبێ، بۆ ئەوەی کە بتواندرێت شاری کەرکووك بپارێزرێت، وە جارێکی تر خەڵکی کەرکووك تووشی ئاوارەیی نەبنەوە، ئەمن و ئاسایشی ناو کەرکووك بە شێوەیەکی باشتر بپارێزرێت، بە تایبەتی لە دەستی شۆڤێنیەکان، سێیەم، ئێمە بەڕاستی تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەوڵێ جدی بدرێت بۆ نەهێشتنی ئەو کەم و کوڕیانەی کە لە ناو ئیدارەکانی کەرکووك هەیە، وە کار بۆ ئەوە بکرێت کە خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش بکرێت بە خەڵکی کەرکووك، بۆ ئەوەی بتواندرێت ئەو کەسانەی کە لەوێ خزمەتگوزاری باشیان پێشکەش نەکراوە، سوود مەند بن، بەتایبەتی ئەو کوردانەی کە ئاوارە بوون و گەڕاونەتەوە کەرکووك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکە دەکەم، لەگەڵ ڕەخنەی برای بەڕێزم کاك ئەمیر گرتی هیوادارم مەقصود نەبێ، وە دەست خۆشیان لێ دەکەم لە ئەرك و ماندوو بوونیان، دووەم، میللەتی ئێمە وەکو گەلی کلدانی و سریانی و ئاشووری، پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکانە، هەر لە زووەوە باجی خۆی داوە، زەرەرمەند بووە لەگشت حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقەوە، بۆیە من نامەوێ قسەی هاوکارانم تکرار بکەمەوە، بەلام دەمەوێ سێ پێشنیاری ورد بکەم، یەکەکیان شمول کردنی کەرکووك و ناوچەکانی تر، بە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانی حکومەتی عیراقی، کە زەختیان لەسەر دەکرێ، بەتایبەتی ئەو وەزارەتانەی کە لە لایەن وەزیرە کوردەکانەوە بەڕێوە دەبردرێن، بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچانەو، شمول کردنی خەڵکی ئێمەش بەو خزمەتگوزاریانە، هەروەها سپاردنی پۆست و مەسئولیەت بۆ خەڵکی ئێمە کە لەوێ بتوانن دەوری خۆیان ببین، کە بتوانن تەحەمولی مەسئولیەتی خۆیان بکەن، لە پەرەپێدانی ئەو ناوچانەو خزمەتکردنی وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەن، ئەوەی تر هەوڵ دان و کارکردن بۆ بتەو کردنی پەیوەندی نێوان ئەو نەتەوەو ئاینانەی کە لەوێن، بەتایبەتی پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچانە، بۆ

ئەوەی زیاتر ببێتە فاکتەرێك و هەوڵدەرێکی هێورکردنی ناوچەکەو، یەکلا کردنەوەیان لەسەر بنـەمای دەستوورەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشەکی دەمەوێ دەست خۆشی لەو بەڕێزانە بکەم، لە لیژنـەی نـاوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە، کە سەردانی ئەو هێزانەیان کردووە، ئەو ڕاپۆرتە بە پێزەیان پێشکەشی پەرلـەمانی کوردسـتان کـرد، لـە پێنـاو خزمـەتکردن بـە ئاینـدەی کـەرکووك و ناوچـە دابڕاوەکـان لـە هـەموو لایەنەکانەوە، بۆ تەرخانکرنی ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان، جێگەی نرخاندن و دەرفەتێکە بۆ دەست نیشان کردنی ڕێ و شوێنی گونجاو، بـە ئاراسـتەی بـەدیهێنانی ئاشـتەوایی تـەواوەتی گێڕانـەوەی مافـە لەدەسـت چـووەکانی نەتەوەکـەمان، وە هاووڵاتیـانی ئـەو ناوچـەیە، ڕاسـتە ڕێگـە چـارەی یاسـایی ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عیراقە، بەڵام بە خوێدنەوەو هەڵسەنگاندنی هەرسێ قۆناغەکـەی، ئاسایی کردنەوەو، سەرژمێری و، ڕاپرسی دەردەکەوێت، دوای تێپەڕ بوونی چەندین ساڵ بەسـەر وادەی جێبەجێ کردنی خاڵی یەکەم و، نیوەی قۆناغی یەکەمی ئاسایی کردنەوەدا پرۆسەکە خۆی نابینێتـەوە، ڕاستە بەرپرسیاری یەکەم حکومەتی ئیتیحادیە، لە هەر کـەم و کورتیـەك، لـە بـەدی نـەهێنانی بڕگـەو خاڵەکانی ماددەی 140 ی دەستوور، بـەڵام لـە چۆنیەتی مامەڵـە کـردن لەگـەڵ ئـەو پرسـەدا، دەبینـین هێشتا ئاسەواری زوڵم و زۆر و ئەو داگیرکاریەی سەردەمی ڕژێمـی بـەعس، لەسـەر خـاك و خـەڵکی ئـەو ناوچانە هەبووە، ناڕاستەو خۆ، هەندێك جاریش ڕاستەوخۆ پیادە دەبنەوە، بەتایبەتیش کوردسـتانیانی ئـەو دەڤـەرە، زۆرێـك لـە مافـەکانیان بـە زەوت کراوەتـی ماونەتـەوە، بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانـین، بـە دۆزینـەوەی میکـانیزمی هەنووکـەیی و بەرنامـەی هاوبەشـی کوردسـتانیان هەیـە، لەلایـەن دامـەزراوە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان و، هێزە سیاسـیەکانی کوردسـتان، لەلایـەك ڕێ گـرتن لـەو زوڵمەی کە دەکرێت، لەلایەکی تریشەوە ڕاپەڕاندنی ئـەرکی نیشـتیمانی و نەتەوەییـەکانمان بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ، ئـەویش تـەنیا لـە پێنـاو بـەدیهێنانی خواسـتی خەڵکـە ڕەسـەنەکەی کـەرکووك و ناوچـە دابڕێنـدراوەکان، گومـانی تێدانیـە کـەرکووك و ناوچـە دابڕێنـدراوەکان، بەشـێکی حاشـا هەڵنـەگرن لەکوردستان، بەڵام بۆئەوەی ئەم هەقیقەتە تەرجەمـە بکـەین، بـۆ بـارە یاسـایی و ئیدارەییەکـەی ئـەبێ چەند هەنگاوێکی خێـرا بـۆ ئـەم قۆناغـە نائاساییە بگرینەبـەر، یەکـەم، پشـتگیری مانـەوەی هێزەکانی پێشـمەرگە دەکـەین لەشـاری کـەرکووك، بـۆ ئـەوەی چـیدیکە ئـەوەی لـە حەویجـە ڕوویـداوە، بانـدە تیرۆرسـتیەکان هەڕەشـە لـە ژیـان و ئـارامی کـورد و تورکمـان و عـەرەبی ڕەسـەن و تـەواوی دانیشـتوانی کـەرکووك بکـەن، ئەمـە دەبـێ بـەردەوام بـێ، دووەم، هێـزە ئەمنیـەکان بەیـەك و یـەکگرتوویی، لـە چوارچێوەی یەك دەزگای ئەمنی و ڕێکخراودا پارێزگاری لەسەرو ماڵی گشتی و تایبەتی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، خەڵاس کاك دڵشاد کەرەمکە.

**بەڕێزدلشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە زۆر لە گوتنەکان گوتران، وە ئەوەی جێگای دڵخۆشیشەو دڵنیاشم مەساری کۆبوونەوەکەش بەو ئاراستەیە دا دەڕوات، خەڵکی کوردستان و خەڵکی کەرکووکیش بە تایبەت پێی دڵخۆش دەبن، کەوا پێکهاتەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە ئاین و نەتەوەو پێکهاتە سیاسیەکانیشەوە کۆك و هاودەنگ دەبن لەسەر پشتگیری و پاڵپشتی وە پاراستنی کوردستانی بوونی کەرکووك، کەرکووك ئەگەر ئەمڕۆ بە نیسبەتی هەندێ خەڵکەوە چ لە ساحەی جیهانیدا، چ لەناو عیراقدا، کێشەیەکی ئانی بێت، بەنیسبەتی ئێمەوە مێژووی ئەمڕۆ و ئاییندەشە، وە جارێکی تر بەو هەنگاوانەی کەوا، لایەنە سیاسیەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناویەتی لەم کێشە دواییانەی کەوا بۆ خەڵکی کورد، یاخود ئەو هەڕەشەی کەوا بۆسەر خەڵکی کەرکووك و بۆناوچە دابڕێندراوەکان دروست کران، جارێکی تر ئیسپات کرایەوە کەوا گەلی کوردستان دەست بەرداری کوردستانی بوونی کەرکووك و، ناوچەکانی نابێت هەروەکو لە مێژووشدا حازر نەبووە سازش لەسەر بستێکی ئەم خاکە بکات، من دەست خۆشی لە هەڤاڵانی بەڕێزم دەکەم لە لیژنەکان کەوا ئەرکی زۆریان کێشاوە، وەجێگای خۆیەتی کەوا ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان، سلاّوی ڕێز و تەقدیر و سەربەرزی بۆ ئەو گیان فیدایانەی کەوا هەموو مێژووی خۆشیان و خەبات و تەئریخی خۆشیان، لە پێناوی پاراستنی خاکی کوردستان دا بردووەتە سەر، ئەمەش لە سەنگەرەکانی دیفاع کردنن لەهێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی زێرەڤانی و گشت هێزەکانی تر کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵساون، پێموایە دوو هەنگاوی زۆر گرنگ نران، یەکێکیان ئەم بەدەنگەوە هاتن و خێرا هەنگاو نانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ناردنی هێزی پێشمەرگە، لە دیفاع کردن بۆ تێکڕای پێکهاتەکانی خەڵکی کەرکووك، خاڵی دووەمیش کە ئەهمیەتی کەمتر نیە، یەك هەڵوێستی پێکهاتە سیاسیەکان لەناو خودی شاری کەرکووکدا، من پێموایە ئەوەیان جوابێکی زۆر گەورەو یەکلا کەرەوە بوو، بۆ هەموو ناحەزانی گەلی کورد، وە گەلی کوردستان بەتێکڕا، کاتێك سەرجەم پێهاتە سیاسیەکان لەشاری کەرکووك، سەرباری هەبوونی چەندین خیلافات لەسەر کۆمەڵێك شتی سیاسی لە نێوانماندا، بەلاّم ئەو کۆبوونەوەی کەوا لە کەرکووك کرا، کەوا یەك دەنگی و یەك ڕیزی هەموو لایەنەکان، پێموایە ئەوە هەنگاوێکی پیرۆز و وەلاّمێکی گەورە بوو بۆ ناحەزانی گەلی کوردستان، لە خاڵەکان و لە گوتنی هەڤاڵانیشمدا هاتووە، کەوا پاڵپشتی خاڵەکان دەکەین، دوپاتی دەکەینەوە کەوا پیادە کردنی ڕێگا چارەیەکی عەمەلی و کرداری بوو، پیادە کردن و تەرجەمە کردنی ماددەی 140، وە لێرەشەوە ڕووی داوامان لە هاوکارانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی، وەزیرە بەڕێزەکانی کورد و کوردستانی، لە کاربەدەستەکانی ئێمە لە بەغدا، لە هەموو پلەو پایەکاندا، کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکان لەسەرووی هەموو ململانێیەکەوە دابنێن، وەکو ئارمانجێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی سەیری بکەن، وە ئەگەر ئێمە لە هیچ خاڵێکدا نەگەینەوە یەك، دەبێ خاڵی ئیلتیقای ئێمە بێت و یەکتری بگرینەوە، یەك تێبینیەکی بچووکم هەیە لەسەر خاڵەکانی کەلە پێشنیارەکاندا هاتووە، تکام وایە وەکو خۆی لە ناحیەی یاسایی و دەستووریەوە وەربگیرێت، لە خاڵی یەکەمدا هاتووە کەوا لە گشت ناوچە داگیر کراوەکان، ئەمە بە پێی دەستووری عیراقی فیدرال کە ئێمەش ڕەنگە بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ دابێت، ئەم ناوچانە ناو زەد کراون بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، یاخود ناوچە دابڕاوەکان، بۆیە من پێم باشە ئەو وشەی داگیر کراو، چونکە بە پێچەوانەی دەستوورە، لای بدەین و بکەینە کێشە بەسەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە کێشەی کەرکووك، کێشەیەکی ژیانی و ژیاریە بۆ گەلەکەمان، کێشەیەکە هەقە هێڵی سوور بێت، لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئێمە، پێموایە هەڕەشەو مەترسیەکانی سەر کەرکووك، پەیوەندی هەر

ئێستا نیـە، زادەی سـاڵی 2003یـە، سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد کـە مامەڵە لەگـەڵ ئـەو دۆزە دەکـات، دۆخەکە گەیشـتۆتە ئێسـتا، سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد، بەرپرسـیارە لـە جێبـەجێ نـەکردنی مـاددەی 140، چـونکە لەسـاڵی 2007 کـە دەبوایـە جێبـەجێ بکرێـت، هاوکێشـە سیاسـیەکان و هێزەکـانیش لـە قازانجی ئەوەدابوو کە فشار بخرێتەسەر هەموو لایەك، بۆ جێبەجێ کردنـی ئـەو ماددەیـە، کـە پێموایـە ئەمە نەکرا، ئەمـە جۆرێـك لـە بەرپرسـیارێتی دەخاتـە ئەسـتۆی ئـەم سـەرکردایەتیەی ئێمـە لـە یـەکلا کردنەوەی کێشە سیاسیەکانی کورد، خاڵکی تر ئەوەیە کە ئێمە لە سـاڵی 2009، کۆشـکی سـپی بـەڵێنی پێـداین کـە هاوکارمـان دەبێـت، لـە جێبـەجێ کردنـی مـاددەی 140، ئەگـەر ئێمـە یاسـای هەڵبـژاردن تێپەڕێنین، کە پێمان وابوو مەترسـیەکی گـەورە بـوو لەسـەر مـاددەی 140، ئێمـە مەترسـی ناوخۆمـان هەیـە، کـە کاریگـەری هەیـە لەسـەر کێشـەی کـورد، ئـیتر لـە هـەموو ئـەو ئاسـتانەی کـە دابـەش بـوون ڕەنگدانەوەی هەیە، هەتا لە ئاستی خزمەتگوزاری، لە ئاستی ئەوەی کە ئێمە نەمانتوانی لـە حیـوارێکی کـراوەی پیشـاندانی نموونەیـەکی سـەرکەوتوو لەگـەڵ پێکهاتـەکانی کـەرکووك ڕۆڵێـك ببینێـت، لەسـەر ئەوەی کە بتوانێـت مـاددەی 140 جێبـەجێ بکـەین، ئـەو هەڕەشـانەی لەسـەر کـەرکووکن، ئەگـەر قسـە لەسـەر حەویجـەو هـەتا ئیرهابیـەکان و کوتلـەی عـەرەبی بکـەن، مـن پێموایـە هەڕەشـەش بێـت، هەڕەشەیەکی زۆر گەورە نیە، بەڵکو هەڕەشەکان لە ناوەنـدە، نوێنـەرانی کـورد بەرپرسـیارن لـەوەی کـە کاتێك هەڕەشە دەبێت لەسەرە کەرکووك هەڵوێستی خۆیان بـە ڕاشـکاوی ڕابگەیـەنن، چ لـە ئەنجومـەنی نوێنەران بێت، چ لە حکومەتی فیدراڵی بێت، کە تا ئێستا هەڵوێستی ڕاشکاوانەمان نەبینیوە، لە کاتێکدا ئێمە زۆر باس لە مەترسیەکان دەکەین، وەهێزی چەکداریشمان بۆی ناردووە، من سـەرەڕای دەرخسـتنی هەموو ئەو ڕاستیانە، پێموایە پێویستە ئێمە بەڕاشکاوی ڕای بگەیەنین، وەبەتایبەتی فراکسیۆنی گۆڕان، ڕایدەگەیەنین کە داکۆکی کاری مافە ڕەواکان ودەستووری خەڵکی کوردستان دەبین، پێشمان وایە ئەرکی پەرلەمانە لە بەرامبەر ئەو دۆخەی ئێستا بڕیارێك دەربکات، بۆ ئەوەی هەموو مەترسـیەکانی نـاوخۆ و دەرەکی نەهێڵێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هـەروەك هـاوڕێم کـاك کـاردۆ باسـی کـرد، پرسـی کـەرکووك پرسـێکی چارەنووسسـازە بـۆ ئێمـە، هـەر کەمتەرخەمیەك لە مەسـەلە نیشـتیمانی و نەتەوایەتیـەکان هێڵـی سـوورە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، نزیکەی هەشت ساڵ تێ دەپەڕێت بەسەر پرۆسەی ئازاد کردنی عیراق، تا ئێستا یەك بستمان لـە ناوچـە دابڕێندراوەکان نەمان خستۆتەوە سەر هەرێمی کوردستان، تا ئێسـتا مـاددەی 140 جێبـەجێ نـەکراوە، من دەزانم کە دەسەڵاتدارانی عیراق، دەستیان هەبووە لەوەی کە ئـەم ماددەیـە جێبـەجێ نـەبێت، ڕاشـم وایە کە پشکێکی گەورە بەر بەرپرسانی ئێمە دەکەوێت لە بەغدا، کەمتەرخەمیان نواندووە بەداخـەوە، هەندێك جار لە هەندێ هەڵوێست و لە هەندێ پێشنیار و هەندێ لێدوان، کاریگەری پێچەوانە هـەبووە لە سەر ماددەی 140 ، من ئەمەوێ لەسەر ئەم چـەند خاڵـە بـە پەلـە چـەند ڕوون کردنەوەیـەك بـدەم،

لەسـەر خـاڵی دوو ئـەڵێین، هـەروا جـەخت لـە نوێنـەرانمان بکرێتـەوە، ئێمـە لـە خـولی پێشـووش و لـەم خولـەش چـەند دانیشـتنێکمان کـردووە، داوا دەکـەین جـەخت لـە نوێنـەرانمان بکرێتـەوە، بـەڵام ئـەم نوێنەرانەی ئێمە، وەکو باسـم کـرد کەمتەرخـەمیان نوانـدووە، بۆیـەش ئـەم خاڵـەمان نووسـیوە، بـەڵام ئەبێ بەدوای میکانیزمێك بگەڕێین، کە ئەم نوێنەرانەی ئێمە کاری باشتر بکەن، لەسەر مەسەلەی خاڵی دووەم، بەڵێ دوو ئیدارەیی کاریگەری زۆر سلبی هەبووە لەسەر مەسەلەی کەرکووك، دوو پۆلیسی، دوو ئاسایشی، دوو پەروەردەیی، جیاوازی مووچەی مامۆستاو فەرمانبەری، ئەوانەی کە لە ئیدارەی سلێمانی و هەولێرەوە پارەیان وەرگرتووە، ئەمانە ڕەوشی کەرکووکی بە ئاراستەیەکی زۆر خـراپ بـردووە، بۆیـە من پێموایە ئەبێ پەرلەمان بڕیارێك بـدات، هـەر زوو بـە بڕیـار ئـەم دوو ئیدارەییـە کۆتـایی پـێ بێـت، چـونکە ئـەوە ئێمـە دروسـتمان کـردووە لـە هەرێمـەوە، خـاڵی 5، پێویسـتە کۆمـەڵێك لـەو بەرپرسـانە بگۆڕدرێت، ئـەبێ بگۆڕدرێـت، بەشـێوەی دیموکراتیانـە یـەك، دوو هێشـتا پەرلـەمان لـە کۆبوونەوەدایـە گۆڕانکاری دەستی پێ کردووە لە کەرکووك، لەسەر چ ئەساسێك ئـەم گۆڕانکاریانـە دەسـتی پـێ کـردووە، پێویستە ئێمە کە مەرجەعی خەڵکی کوردستانین بۆ پرسە چارەنووسسازەکان، بزانین ئەو گۆڕانکاریانە لەسـەر چ ئەساسـێکە، ئایـا لەسـەر ئەساسـی حیزبایەتیـە یـان دیموکراتیـە یـان هـەر شـتێکی ترە،لەسـەر مەسـەلەی خـاڵی 6، بـەڵێ، مەسـەلەی خزمـەتگوزاری و چاکسـازی، مەسـەلەیەکە بەڕاسـتی ئـەبێ، یـەك نوێنەرەکانمان لە بەغدا ئیشی بۆ بکەن، دوو ئێمە ئیشی بۆ بکەین، بە تایبەتی ئاوارە گەڕاوەکان کـە لـە خراپترین گوزەرانن تا ئێستا لە مەلعەب شەعبن، یەك خاڵ کار لەسەر ئەوە بکەین، ئەو جیاوازیەی کـە پارە دەدرێت بە ئاوارە گەڕا وەکان، لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان، ئەبێ.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەریهان خان کەرەمکە.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش هـەروەکو هاوکـارانم کـاك کـاردۆ و کوێسـتان خـان باسـیان کـرد، مـاددەی 140 زۆر زۆر گرنگـە چـەندین جـار بـاس کـراوە، هـەتا ئێسـتا ئەمـە هەشـت ساڵە، هێشـتا قۆنـاغی ئاسـایی کردنەوەکـەشمان نـەکردووە، بـەڵام مـن لێـرە دەڵـێم کـێ بەرپرسـیارە، کـە مـاددەی 140 نەخرایـە ڕا پرسـیەوە؟، کـێ بەرپرسیارە کە قۆناغی ئاسایی کردنەوە نەکراوە؟، کێ بەرپرسیارە کە هەتا ئێستا جێبـەجێ نـەکراوە؟، ئێمە کەرکوك وەکو ئەزانین تورکمان و کوردو عەرەب و مەسیحی و یەزیـدی و ئەوانـە هـەتا قـەومیاتی تریشی تێدایە، بەڵام من لێرە دەپرسم ئایا ئێمە چیمان کردووە بۆ کەرکووك؟، بۆ ئەوەی بتـوانین ئـەو قەومیاتەی کە تیایدا دەژی هەست بە نەتەوایەتی خۆیان بکەن، هەست بـە فـەرق و جیـاوازی نـەکات؟، بۆ نموونە، ئەگەر بێینە سەر قەومیەتی تورکمان لەوێ، ئایا ئێمە ئیهتیمامان داوە بۆ ئەوەی هەسـتێکی وا لای برا تورکمانەکان دروست بکەین، کە ئەوان فەرقیان نیە لەگەڵ کوردەکان، لـەوەی کـە بـە لوغـەی خۆیان بخوێنن، بە لوغەی خۆیان بتوانن ئێمـە هاوکـاری جەریـدەکانیان بکـەین، بـە تەلەفزیۆنـەکانیان، لەبەر ئەوەی چەندین جار ئەوان لە ڕێگەی ئێمەوە داوایان کردووە، کە تەلەفزیۆنی تایبەتیان هەبێ بۆ خۆیـان و بـە لوغـەتی خۆیـان قسـەی پـێ بکـەن، ئێمـە ئـەوەمان نـەکردووە، هـەتا ئەگـەر بێینـە نـاو

پەرلەمانی کوردستانیش هەتاوەکو ئێستا ئێمە جەریدەیەکمان نیە بە تورکمانی بێتە ناو پەرلەمانی کوردستان وەکو جەریدەکانی تر، یەکێك لەو نموونانە سەر نووسەری جەریدەی سەرا چەندین جار داوای کردووە، کە هەتاوەکو ئێستا جەریدەکانی وەکو جەریدەکانی تریش بێتە ناو پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئیتیلاع بکەین لەسەر بارو دۆخی کەرکووك و قەومیاتی تریش، ئەوە من لەسەر زاری ئەو ئەم پێشنیارە دەکەم، ئەتوانن تەرحیشی بکەن دوایی لەگەڵ ئەوانە، من بەنیسبەت ئەم خاڵانەوە باسی دەکەم، نازانم ئەو پێویستە بە زووترین کات، یەعنی چۆن بە زووترین کات؟، ئەو بە (زووترین کات) لا ببڕێت باشترە، بەلاَم لێرە ئەگەر بکرێت بە بڕیار، کە دوو ئیدارەیی لێرە تەبعەن لەبەر ئەوەی لە هەرێمدا هەیە، تابعێکی داوە بە کەرکووکیش، نازانم ئەمەی کە لە خاڵی پێنجەم ئالۆ گۆڕیان پێ بکرێت، بە چ میکانیزمێك، بە میکانیزمی ئەوەی کە کورد و تورکمان و عەرەبی تیا ئەبێ لەو ئیدارانە، یان ئەوەتا هەم بە زۆرینەو کەمینە ئەقەلیەتەکان دابەش دەکرێت، بۆ ئەوەی میکانیزمەکە لێرە وازح و سەریح بێت، وە لێرەدا ئەڵێم ئەبێ ئێمە بۆ کەرکوك بڕیار بدرێت کە ماددەی 140، تەتبیق بکرێت لە خیلالی فەترەیەکی زەمەنی، بڵێن لەم ساڵە هەتاوەکو کۆتایی 2011، یان هەتاوەکو کۆتایی ئەم خولەی پەرلەمان، کە بڕیار بدرێت لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی جەخت بکەینە سەر نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بۆ ئەوەی بتوانێت تەتبیقی بکات، میکانیزمیشی بۆ دابندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەوەم کە ئێمە بە زووترین کات خزمەتگوزاری پێشکەشی کەرکووك بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە هەستی نەتەوایەتی ئەوان بە قوەت تربکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حەمە سەعید فەرموو، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزت کەس ڕێگەی لە ڕۆژنامەی برا تورکمانەکان نەگرتووە، وەمن خۆم شەخسیش موشارەکەم هەیە، دێتە ئێرانە، شتی وانیە، ئەگەر وایان وتبێتن بەڕاستی هەواڵەکە هەڵەیە، کەرەمکە کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، باسی گرنگی و ئەهەمیەت و ستراتیژی کەرکووك زۆر کرا، مەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە، دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، هەوڵ بدەین ئێمە هەمیشە کەوا مامەڵەمان کردووە ئاڵۆزتر نەبێت، بۆیە من پێموایە چارەسەری کێشەکان دەبێت لەبەر ڕۆشنایی دەستوور ویاسا تایبەتەکان بێت بە کەرکووك، وەك ماددەی 140، وە بەڕاستی هەوڵی دبلۆماسی و هەوڵی سیاسی بدرێت، بۆ ڕێگە گرتن لەهەر کێشەیەك و چارەسەرکردنی ئەگەر ڕوویدا، خاڵێکی تر، نوێنەرانی گەلی کوردستان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و حکومەتی عیراق، کاراتر بن، بۆ دیفاع کردن لەمافەکانی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك و چارەسەر کردنی کێشەکان، خاڵێکی تر کارا کردنی ئیدارەکانی کەرکووك بۆ ڕۆڵ بینین لە هەموو ڕویەکەوە، لە ڕووی ئەمنی و ئیداری و کۆمەلاَیەتیەوە، پێویستە ئیدارەی کەرکووك کارا بن، کە من پێموایە لە ئاستی پێویست و مەسئولیەتێکی گەورە دەبێ بن، خاڵێکی تر دیالۆگ، لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکووك بەجدی بکرێت، بۆ ئەوەی بە تەفاهوم و بە ئاشتی کێشەکان چارەسەر بکرێت، هەر لە ئاشتەوایی کۆمەلاَیەتیەوە، تا پێکەوە ژیان و، تا ڕێز لە

هەموو پێکهاتەکان و تامەسەلە سیاسیەکان، خاڵێکی تر ئیسلاحات، بەڕاستی ئیسلاحی بنەڕەتی و گشتگیر بکرێت، لە هەموو ئاستێکدا، هەر لە دوو ئیدارەیی تا مەسەلەکانی تری ناو کەرکووک، چونکە پێموایە ئیسلاحات کردن بەشێکی زۆری ئەم کێشانە چارەسەر دەکات، خاڵێکی تر پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی، لە کەرکووك پێشکەش بکرێت، کەبە داخەوە لە ئاستی پێویست دانیە، ئێستا لە ئاستی پێویستی و داخوازی و داواکاریەکانی کەرکووکدا بێت، خاڵێکی تر لە کاتی ڕوودانی کێشەکاندا، بەپێی پێویست کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکان بکرێت بۆ هەم ڕێگە گرتن لە کێشەکان تەشەنە نەکات، هەم لە دۆزینەوەی چارەسەرێك و هاو هەڵوێستی هەموو پێکهاتەکان و، هەموو لایەنە سیاسیەکان، وە تەئیدی ئەو پێشنیارەی مامۆستا عمر دەکەم، کە بۆ پێکهاتنی لیژنەیەك، یان هەر میکانیزمێك، یان هەر نەخشە ڕێگایەك، بۆ ئەو مەسەلەی کەرکووك و لە نێوان پێکهاتە تایبەتیەکان و، لە نێوان لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان، خاڵێکی تر، بڕیارێك یان هەڵوێستێکی پەرلەمان هەبێت بۆ کەرکووك و مەسەلەکانی، یەعنی ئەم پەرلەمانە بڕیارێك بدات، یان هەڵوێستێك بنوێنێت، بۆ مەسەلەی کەرکووك، چ لە ڕووی سیاسی، ئیداری، کۆمەڵایەتیەوە، من پێموایە بۆ هاو هەڵوێستی هەموو لایەنە سیاسیەکان و هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك، بەشێکی پەیوەندی بە کوردستانیشەوە هەیە، کە ئێمە لە کوردستان ئێستا خۆمان ئیدارەو دەسەڵاتمان هەیە، ئەتوانین ئەو مەسەلەیە لێرە خواستەکان و داواکارییەکانی ئەو پێکهاتانە و ئەو لایەنە سیاسیانەی کوردستان جێبەجێ بکەین، بۆ ئەوەی هاوهەڵوێستی ببێت لە کەرکووکدا، یەعنی بەشێك لە مەسەلەکانی کەرکووك پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بەفرین.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لێرەوە دەست خۆشی و ماندوو نەبوون بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەلماندوویانە کەوا داکۆکی کار و پارێزگاری خاکی ئەم نیشتمانەن، تەنازول کردنیش لە بستێك لە خاکی کوردستان جێگای قبوڵ کردن نیە، مەحالە، و توانیویانە سەرکەوتووانە پارێزگاری لە کەرکووك و تەواوی پێکهاتەکانی ناوچە دابڕاوەکان بکەن، لە هەر ئەگەرێکی مەترسی، چ لە لایەن بەعسیەکانەوە و چ لە لایەن عەرەبە شۆڤینیەکانەوە، ئینجا بۆیە ئێمە میللەتی کوردیش سەرجەم قوربانیدان و فیداکارییەکانمان لەسەر مەسەلەی دۆزی کورد بۆ گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بووە، جا بۆیە هەر ئێستا زیاتر ناوچە دابڕێنراوەکان پێویستیان بە یارمەتی پشتگیری کردنی شەقامی کوردی هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە هەرێمی کوردستان ئێستا بڕژابنایە سەر شەقامەکان بۆ پشتگیری کردن، هەم لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەم لە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان، بەڕێزان، ئێمە نابێ بۆ هەموو شتێك بە گومانەوە بۆ ڕووداوەکان بڕوانین، تەنانەت وای لێ هاتووە لە سێبەرەکانیش بە گومانین، جا من تکا ئەکەم کە لە ئێستا زیاتر پێویستیمان بە یەکگرتن و تەبایی و یەکخستنی گوتاری سیاسیمان هەیە، لەبەر ئەوەی هەر لەق بوونێك لە پەیوەندییەکانمان، بە زیانی میللەتی کورد

دەشـكێتەوە، بۆيـە مـن تەئكيـد دەكەمـەوە لـە خـاڵی چوارەمی راپـۆرتی لێژنـەی بـەڕێز، ئـەويش لـە كۆبوونــەوەی بــەرفراوانی ســەرجەم حيــزب و لايەنەسياســيەكان لــە ناوچــەی كــەركووك و ناوچــە دابڕێنراوەكـان بـۆ ئـەوەی دوور لـە ململانێيـە سياسـيەكان، دوور لـە ديـد و بۆچـوونە جياوازيـەكانن بۆچوونەكانيان يەك بخەن، چونكە ئەوانە خزمەت بە دۆزی كورد ناكات، پێويسـتە لەسـەر نوێنـەرانی ئێمە، و لەسەر بەرپرسانی كورد لەناوەند، بتـوانن كـاری زيـاتر بكـەن بـۆ چارەسـەركردنی گرفتـەكان و پەرلەمانی كوردستانيش هەميشە داكۆكارێكی سەرسەخت بێ بۆ ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار گوڵيزار.

**بەڕێز گوڵيزار قادر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی دەكەم لە راپۆرتی هاوبەش، كـەركووك بـۆ هـەمووومان گرنگـە، پێويسـتە هـەموومان يەك دەنگ بـين بـۆ كێشـەی كـەركووك، مـن دوو پێشـنيارم هەيـە، نامـەوێ قسـەی ئـەوانی تـر دووبـارە بكەمەوە، يەكەم، عيلاقەی سياسيمان لە كەركووك بێ هێزە، مـن داوا دەكـەم لێـرە بـەولاوە عيلاقـەمان توندتر بێ لەگەڵ برا عەرەبەكان و هەموو ئەوانەی تر كە لەوێنە، دووەم، ئـاوڕێكی جيـددی بدرێتـەوە لە كەركووك، بەڕاستی هەتا بڵێی، ئەوانە زۆر مەغدورن، خەڵكی كەركووك زۆر وێرانە، پێويستە زيـاتر يارمەتی بدرێ، وەكو خانەنشينی، وەكو تـەعين، وەكـو هـەر شـتێك كـە ئـەوان پێويسـتيانە لـە خزمـەت گوزاری و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دانا سعيد فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعيد صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستتان خۆش لێژنەی هاوبەش بۆ ئەو پێشنيارانە، پێم وايە هەندێ مەسەلە دەوروژێـنێ، بـەڵام حـەز دەكـەم پێشـنيارەكان زۆر دەقيـق نـين و ديـاريش نيـە ئاراسـتەی كـێ كـراوە؟، ئـەو پێشـنيارانە بـۆ كـێ دەنێردرێن؟، كێ مولزەمـە بـەوەی وەريبگـرێ و دواتـر ئيشـی لەسـەر بكـات؟، بەراسـتی پـێم وايـە ئـەوە نەقصێكی گەورەيە، ئەو پێشنيارانە دەبێ لێژنەی هاوبەش ئەو لايەنانە روون بكاتەوە، بزانين بـۆ كـوێ دەنێردرێ؟، لايەنێكی تری ئەو پێشنيارانە ئەوەيە كە هەست دەكەم هەندێكيان زياتر لە دروشم نزيـك دەبنەوە و، هەروەها ميكانيزمی جێبەجێ كردنيان، ئێمە نازانين چۆنە بەڕاستی؟، بۆ نموونە، لە خـاڵی 6 و خاڵی 3، خاڵی 6 باسی ئـەوە دەكـات كـە حيزبايـەتی نـەكرێت، بـەڵكو نيشـتمان پـەروەری بكرێـت، خاڵی 3 باسی ئەوە دەكات دياردەی دوو ئيدارەيی كۆتايی پێ بێت، ئەوانە هەموويان قسەی زۆر جوانن بەڕاستی، بەڵام ئايا بە پێشنيار ئـەو مەسـەلانە ئێمـە دەتـوانين حـەلی بكـەين؟، يـەعنی بەراسـتی ئێمـە دەبـێ ميكانيزمێكمـان هـەبێ و دەبـێ بەرنامەيـەكمان هـەبێ بـۆ ئـيش كـردن لەسـەر ئەوانـە، نـازانين ئاراستەی كێ كراوە بەڕاستی، كێ بيكات؟، حيزبەكان دەيكەن؟، ئيدارەی كـەركووك دەيكـات، پەرلـەمانی بەغدا دەيكات؟، نازانين بەڕاستی، ئەوە مەسەلەيەكی ترە، خـاڵی 5 بـاس لـەوە دەكـات، پێشـنياری ئـەوە

دەكات كۆمەڵێك بەرپرس بگۆڕدرێ، زۆر باشە، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە بگۆڕدرێ، بەڵام بۆ چی بگۆڕدرێن؟، ئایا ئەوانە مەوعیدیان تەواو بووە؟، كاتیان تەواو بووە؟، یاخود كەمتەرخەم بوون؟، بەڕاستی دەبێ بزانین لەبەر چییە؟، سەببەبەكەی چییە؟، بۆ چی بگۆڕدرێن ئەوانە؟، خاڵی 7 ، كە باس لەوە دەكات ئەو 17 خاڵەیەی پەرلەمان جێبەجێ بكرێ، بۆ ئەوەی ئەو مەترسیانە كەمتر بێتەوە لەسەر ناوچە كێشە لەسەرەكان، هەست دەكەم بەڕاستی هیچ پەیوەندی بەو بابەتەوە نیە، لەپاشان، ئەوە بڕیارە، یەعنی ئەوە بڕیاری لەسەر دراوە كە 17 خاڵەكە بڕیارە، بە خۆی قوەی ئیلزامی هەیە، حكومەت مولزەمە بەوەی كە جێبەجێی بكات، نازانم ئەو پێشنیارەی ئێستا لێرە هاتووتەوە بۆ كێیە؟، هەست دەكەم زۆر دەقیق نیە بەڕاستی، بۆیە من پێشنیار دەكەم لە جیاتی خاڵی 7، خاڵێكی تر دابنێین، لەبەر ئەوەی پێم وایە مەترسییەكان لەسەر كەركوك و لەسەر ئەو ناوچانە ئەوەیە كە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە گفتوگۆیەكی دروست لەگەڵ پێكهاتەكانی تر لەو ناوچەیە دروست بكەین و هەروەها نەمانتوانیوە، یەعنی جۆرێك لە دانوستانمان هەبێ لەگەڵ ئەوان، بۆیە من پێشنیار دەكەم خاڵی 7 بگۆڕدرێ بۆ دروست كردنی دیالۆگێكی نیشتمانی و، با بڵێین لە نێوان پێكهاتەكانی ئەو ناوچانە، كەركووك بێ، و كردنەوە دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە پێیان دەڵێین عەرەبە شۆڤینیەكان، یاخود جەبهەی توركمانی، بەڕاستی من پێم وایە ئەوانە نوێنەرایەتی ئەو، با بڵێن هەم توركمانەكان دەكەن بەشێوەیەكی ئەساسی و عەرەبە شۆڤینیەكانیش كە ئێمە وایان پێ دەڵێن، نوێنەرایەتی عەرەبەكان دەكەن، بۆیە زەروورییە ئێمە بتوانین بەڕاستی گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەوان دروست بكەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەوەی ئێستا كە لە رووی جەبهەی ئەمنییەوە پێشمەرگەمان لەوێیە بۆ مەسەلەی پاراستنی ئەو ناوچەیە، لە هەمان كاتیشدا پێویستە لە جەبهەی سیاسی و دیبلوماسیەوە بتوانین هەمان ئیش بكەین لەرێگەی گفتوگۆ لەگەڵیاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستخۆشیا لێژنە ناوەخۆ و راپۆرتا وان دەكەم، حەقیقەت من دڤێت ئەڤ لێرە ئاماژە بدەمە رێڤەبەریا كەركوك، ئەڤ رێڤەبەریە حیسابە لەسەر كوردستانێ، چونكە زۆربەی ئەڤێ كوردن، ڤێ رێبەرێی، ڤێ رێبەریا كو پارێزگاها دهۆكییەی چەند كەم و كاسێەت هەنە، من دەڤێت ئەز ئاماژە بدەمە ئەڤ كەم و كاسێەتە، ئەگەر ئەوە ئەگەرێت دەرەكینە نەك ئەگەرێت پەیوەندی بە رێڤەبەریا خۆ هەنە، ئەوان گەلەك كێشەیەت هەن، مەفروزە ئەڤ سەرڤا كێشە راست و پشتیڤانیا لێ بكەین و هاریكاریا بكەین بۆ چارەسەركردنا ئەڤ كێشەن یەك، كێشە دەسهەڵاتێ، بەدەر لە هەمی پارێزگاهێ دهۆكێ، رێڤەبەریا، یەعنی ئیدارە كەركووكێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دهۆك یان كەركووك؟؟ كەرەم بكە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئیدارە كەركووك، تەنێ هەندێ دەسهەلآت نینن، بەلكو هەمی دەسهەلآت ڤی هەمی كێشە ژ بەغدا وەرگرن، ئەڤەش وەختەكێ زۆر دڤێت، هەندێ جارا، ئەسلەن هەمێ جواب لە بەغدا نایەتەوە، ئەڤ كێشە دەبێتە هەلآویستی، یا دڤێ كێشە مەزاختنا بودجە پارێزگاها كەركووكێ، پارێزگاها كەركووكی لە سالآ 2010 و 2011 ، نزیكی 500 ملیۆن دۆلآرا یەت هەین، وەكی بودجە گەشە پێدانێ پارێزگاها و بودجە پترودۆلارێ، كێشە ئەڤ لێرە چییە؟، هەر پرۆژەیەكی ئیدارە پارێزگەها كەركووكی بێت جێبەجێ بكات، دەڤێت پرۆپۆزەلێكی پێشكەش بكات و رەوانەی بەغدا بكات و رەزامەندی پێ وەربگری، ئەڤەها دەبێتە جێهی راگرتن و تەئخیر بوونێ، بۆ نموونە، پارێزگاها كەركووك، رێكەڤت دگەلێ كۆمپانیایەكی وەكو مەحەتەیەكی بەرهەمهێنانێ ئەڤ كارە بێدانن، وەزارەتا كارەبا عیراقێ رەزامەندی لەسەریا دەربڕی، وەختی هاتیا وەزارەتی پلان دانانێ، وەزارەتی پلان دانانی قبول نەكرد ئەڤ پرۆژە بێتە ئەنجامدان، ئەڤە دەبێتە ئەگەر ئەڤە چەندێ، كو لاوازیا جێبەجێكردنا پرۆژەها پارێزگاها كەركووك و مەزاخەفتنا ئەڤێ بودجە و ئەڤە زەرەر كردنا خەلكی كەركووكێ دڤرێ، كێشە دامەزراندنێ، پێشی چەند رۆژەكا بۆ نموونە یەعنی، دامەزراندنا هەتا هەنكی، هەندێ كەسی لە بەغدا هەن بە عەقلیەتا شۆڤینیەتا بەعسی رەفتارێ دكەن، پێشی چەند رۆژەكا، وەزارەتا نەفتێ عیراقی، بڕیارێك دەری خست بە دامەزراندنا 570 كەسێ لە نەفتی شیمال، ئەڤ 570 كەسە تەنها 57 كەس كورد بوون، ئەڤە بە خۆی كێشەیەكە دەڤێت بێتە چارەسەر كرن، چونكە ئەڤە غەدرێكە لە خەلكی كەركووك دكەن، ئەڤە هەولێكە بۆ زیاتر تەعریب كردنا یا شارێ كەركووك، لەوما پێتەڤیا هەمێ كار بەدەستت كورد دبەغدا كار بكەن بۆ بەدەست كردنەڤا هەمان كێشە و نەهێلنەوە ئەڤ غەدرێ و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، رێزدار خلیل عوسمان فەرموو.**

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەلآ من لێرەوە بە فورسەتی دەزانم كە سلآو و رێز بۆ یەكە یەكەی ئەو سەرباز و ئەفسەر و پلەدارانەی كە هێزەكانی ئەم دوو لیوایەی كەركووك وسەرجەم هێزە ئەمنیەكان بنێرم كە ئەمرۆكە شەڕو و رۆژیان كردووتە سەر یەك لەسەنگەرەكانی پێشەوە بۆ پووچەڵ كردنەوەی سیناریۆكانی، شۆڤینیەكان و هەروەها پووچەڵ كردنەوەی پلانی تیرۆرستان لە كەركووك و ناوچە دابڕاوەكان، هەروەها داواكارم لە پەرلەمانی كوردستان هەروەكو ئێمە سەردانمان كردن و پەیامی ئەوانیشم پێیە كە پەرلەمانی كوردستان، حكومەتی هەرێمی كوردستان راسپێردرێ، كە هەر چی زووە، ئەو دوو لیوایە بە كەلو پەلی باشتر تەجهیزیان بكات و هەروەها پەلەش بكرێ لە پێكهێنانی ئەوەی كە بڕیارە بكرێ كە پێم وایە ئەو هێزانە ئەو فەترەیە نموونەیەكی جوانی هەرێمی كوردستانیان پێشانی خەلكی كەركووك و ڕۆڵەكانی كەركووك و شاری كەركووك داوە، بە هەموو پێكهاتە و بیر و بۆچوونە جیاوازەكانەوە، خالێكی تر كە هەر پەیامی ئەوانە، ئەویش بەڕاستی چاككردنی مووچەی ئەو سەرباز و ئەفسەر و**

پلەدارانەیە کە بەڕاستی موفارەنەیەکی زۆر کە موقارەنە ناکرێ لەگەڵ سوپای عیراقی کە پلەدارێکی وەکو عەمید لەو لیوایە بە ڕاستی ملیۆنێك و 220 هەزار مووچەی هەبێ، لە کاتێکدا سەربازێکی ئاسایی لە سوپای عیراقی، ملیۆنێك و 200 هەزار دینار مووچەیەتی، هەروەها من پێم باشە پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەك لەسەر ئەم هێنە دەربکات، دوای ئەم کۆبوونەوەیە، ئەویش جەخت لەسەر، یەکەم، ئەوە بکاتەوە کە تەنها ماددەی 140 تاکە ڕێگەی دەستووری و یاساییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و سەرجەم ناوچە دابڕاوەکان، دوو، جەخت بکرێتەوە لە قوولکردنەوەی گیانی برایەتی نێوان سەرجەم پێکهاتە ڕەسەنەکانی شاری کەرکووك بە هەموو نەتەوە و ئاینی و نەتەوایەتیەکانەوە، هەورەها ئاماژەش بەوە بکرێ کە ئەم هێزانە بەڕاستی تاوەکو ئێستا لە کەرکووك بوون و لە دەوروبەری کەرکووك بوون، ڕۆڵەکانی ئەم هێزانە، بەشی ڕۆڵەی کەرکووکن و ئەم هێزانە بەشێکن لە مەنزومەی دیفاعی عیراقی، بۆیە ناکرێ ئەم هێزانە جارێکی تر بجوولێنن بۆ ئەوەی پلانی شۆڤینیانەی دوژمنان لەوێ سەر بگرێ، خاڵێکی تر کە لە راپۆرتەکە هاتووە کە مولاحەزەیەکە بەڕاستی لەگەڵ کاك د.حسن تێبینیمان کرد، ئەمە لە دێری چوارەمدا هاتووە کە دەڵێ: هەڕەشەی سیاسەتی شۆڤینیانەی دەسەڵاتی ناوەندی عیراق، ئەمە ئەگەر ئەم دەسەڵاتەی ئێستا بێ، من پێم وا نیە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا لە ناوەندی عیراق هەمووی شۆڤینی بێ، و ئەگەر لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنی بێ، ئەوە پێویستە جوانتر صیاغە بکرێتەوە، خاڵێکی تر بەڕاستی تەئکید لەسەر کۆدەنگیەکی زیاتر لەناو هێزە سیاسیەکان دەکەمەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و هەروەها لە سەر ئەرزی واقیعی شاری کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و هەروەها سنوورێك بۆ میدیا حیزبی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعدی فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، نازانم ئەڤین خان پێش من بوو یان من بووم؟، لێرەوە وا بە باش دەزانم کە سڵاوی خۆم، سڵاوی گەرمی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئاراستەی یەکە یەکەی ئەو کەسانەی بە گیان فیدایی خۆیان ئێستا لە شوێنی تەماس وەستاون بە چاوەڕوانییەکی زۆر گەرمەوە، بە سۆز و هەستی جارانی نیشتمان پەروەری خۆیان، کە لە هەموو دڵ و دەروونی هەموو پێشمەرگەیەکی کۆنی کاتی شێخ مەحموود و کاتی شۆڕشی نوێ و گوڵان و هەموو کەسانێکی دڵسۆز، لەوێدا بەو یادەوە وەستاون کە کەرکووك شوێنێکە لەگەڵ ناوچەکانی تر دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، ئەم کارەی کە جێبەجێ نەبووە، خۆزگە لە 2003وە تا ئەمڕۆ، ئەمەی ئێستا زۆر بە ڕێك و پێکی ئیشی بۆ دەکرێ، هەر لەو کاتەشدا ئیشی بۆ کرابا، پشتگیری خۆم یەکەم شت لە لێژنەکە دەکەم کە بەڕاستی زۆر بە ڕێك و پێکی خاڵەکانی داڕشتووە، بەڵام وا ئیقتیراح دەکەم لێرەدا لە خاڵی دووەم، کە دەڵێت ڕۆڵیان کاراتر بێ، وا بکرێ کە لە حکومەتی فیدراڵ، سووربوونیان زیاتر لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەی 140، ئەوەی دەیبینم لەناو کەیسی کەرکووك، هەر لە وشەکەی خۆی وشەی کەرکووك کە تەماشا دەکەین، وشەیەکی ئارامی کۆنە تێیدا باوەشی کردووتەوە بۆ هەموو پێکهاتەکانی نیشتمانی، هەر لە کاتی ئاشوورییەکانەوە، لە کوردەکانەوە، لە

تورکەکانەوە، لە عەرەبە ڕەسەنەکان، لە برا مەسیحیەکان، هەموو شوێن و لانکەی هەمووانە لەوێدا، باس کردن لە شارە خۆشەویستەکەی کەرکووك بە سووربوون لەسەر ماددەی 140، کە لە دەستووردا دەستەبەر کراوە، هەر بە دەستوور هاتووتە کایەوە، لەو ڕێگایەوە بە یەکێتی پاراستن لە ئیحتیرام گرتن و ڕێز گرتنی پێکهاتەکانی ناو کەرکووك، لەگەڵ ماددەی 140، ئەوە ڕێگە چارەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە ئێمە پێی دەڵێین( کەیسی کەرکووك و شوێنە کێشە لەسەرەکان)، چاوی میللەتانی دەوروبەر هەردەم لەسەر ئەوەن کە لەو شارەدا، جگە لە ئیسلام و موسڵمانەکان، برا یەزیدیەکانمان و برا مەسیحیەکانمانە و برا ئاشوورییەکان، کە یەزیدی لە رووی مێژووییەوە زۆر کۆن لەوێن، جینۆسایدێکی زۆر بەرامبەریان کراوە و زۆر ناوچە هەیە لە ساڵانی 75 و دواتریش کە ناوەکانیشیان تەنانەت گۆڕاوە، وەکو گۆڕینی شنگاڵ و شێخان بەعشیقە و سمێل و فایدە ئەو ناوچانەی کە 90٪لەو شوێنانەن و چەندەها ساڵ لە ژێر حوکمێك بوون، حوکمی فاشیزم، ئێستا رۆژی ئەوە هاتووە، کە هەموو بەیەك دەنگی و بە یەك ڕەنگی هەموو هەوڵی ئەوە بدرێ کە کەرکووك تەنها دروشم و قسەکردنی بریقەدار نەبێ، بەڵکو ئەم کارەی ئێستا هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەڤین خان کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمڕۆ وەکو گەلی کوردستان، لە پێش کێشەیەکی گەورە و چارەنووس سازداین ئەویش کێشەی سەرهەڵدان و یەکریزی شۆفینی و کۆنە بەعسیەکانە بەرامبەر بە شاری کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تری هەرێمی کوردستان، هەروەها بەرامبەر بە ورێگا چارانەی کە خەڵکی کوردستان بە چارەسەریان زانیوە و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەو بەشانەی بە زۆر داگیرکراون لە کوردستان و لێ کراونەتەوە، بۆیە ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان باوەڕمان بە یەکرێزی و بە یەك ژیان و بە تەبایی هەیە لە کەرکووك و هەموو ئەو جێگایانەی تری کە ئایین و نەتەوە و مەزهەبەکانی تری تێدا دەژی، بەڵام شۆڤینیەکان ناهێڵن ژیان لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تر لە کوردستاندا بە ئارامی و ئاسوودە و پێکەوە ژیان بەسەر بەرین، بۆیە ئەبینین لە کەرکووکدا ئێستا ئەنجومەنێکیان پێك هێناوە کە ئەو ئەنجومەنە مانای ئەوە ئەگەینێ کە شۆڤینیەکان ئەمڕۆ یەکرێز بووینە و گەلە کۆمەیەکیان بەرامبەر بە شاری کەرکووك و چارەسەرییەکانی کە دانراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووك کردووە، کە ئەو ئەنجومەنەش پێك هاتوون، ئێستا ناوی خۆیان، پێشان ناویان ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی، ئێستا گۆڕیویانە بۆ ئەنجومەنی سیاسی عیراقی، بەیانێکیان دەرکردووە لە 18 خاڵە، ئەو 18 خاڵەش، 12 خاڵی دژ بە مەسەلەی کورد و خەڵکی کوردە لەو ناوچانەدا، کە ئەو خاڵانەش خۆیان لەوە دەگرنەوە، یەکەم: تەعدیل کردنەوەی دەستووری عیراقیە و لادانی ماددەی 140، هەروەها جێبەجێ کردنی ماددەی 23 لە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و کەرکووکدا و داخستنی سەرژمێریە لە کەرکووك و دابەش نەکردنی دەسەڵاتە لە نێوان مکوناتە سیاسیەکان و مکوناتە پێکهاتە ئەساسیەکانی کەرکووکن، بۆیە ئەم ئەنجومەنە دەبێنین لە 17 کیانی سیاسی پێکهاتووە، ئەم کیانە سیاسیانەش هەموو کۆنە

بەعسی و کۆنە شۆڤینیەکانی ناو شاری کەرکووك و دوەروبەرین، ئێمە ئەبێنین ئەم گەلە کۆمەیە کە لە ئێمە کراوە بەراستی بەرامبەر بە کەرکووك و هەموو ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان، کە بە زۆر لە ئیدارەی کەرکووك کراونەتەوە، هەڵبەتە ئەم ئەنجومەنەش چەند سەوابتێکی خۆی هەیە، ئەو سەوابتانەی کە بە هیچ شێوەیەك نایگۆڕێ، یەکەمیان ئەوەیە، ئەبێ ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێ و بە هیچ شێوەیەك کەرکووك نەگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەروەها تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە ئەبێ ماددەی 23 لە یاسای هەڵبژاردن جێبەجێ بکرێ، بۆیە ئەبینین شاری کەرکووك لە 28 تەمووزی ساڵی 2008 بە خۆپێشاندان ڕەتیان کردەوە و خۆیان ڕۆڵەکانی خۆیان ڕێشتبوو بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە نەیتیە جێبەجێ کردن لە کەرکووکدا، بۆیە من بە تەواوەتی پشتگیری لە پێشنیارەکانی ئەو لێژنە بەڕێزە ئەکەم، کە سەردانی هێزە پێشمەرگەکان و شاری کەرکووکیان کردبوو، هەروەها ئەڵێم داگیرکەران و دوژمنان ئەبینی لە سەدەی بیستەمدا بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیە، هەوڵی جیددیان دابوو بۆ ئەوەی کە ئەم شارە بە زۆر دابەش بکەن و لە کوردستانیدا ببڕن و بچووکی بکەنەوە لە رووی ئیدارییەوە، بە تایبەتی لەو رووەی کە ئیدارەی کورد نشینەکانە یاخود کە زۆربەی خەڵکەکەی کورد نشین بوون، بۆیە ئێمە ئەبێ، هەرچەندی خەڵکی ئەو ناوچانەش، یاخود ئەو ناوچانەی کە ئیدارییە لە کەرکووك کراونەتەوە، یاخود ئەو کوردانەی دانیشووی ئەصڵی، نەك تەنها کوردەکانیش، بەڵکو تورکمانەکانیش کە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بیریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك دەست خۆشی لە لێژنەی ناوەخۆ و پێشمەرگە دەکەم، حەز دەکەم هەستی خۆم باس بکەم بە نیسبەت کەرکووك، زۆر دڵخۆش بووم بەوەی کە هەموو لایەنە کوردستانیەکان یەك دەنگ بوون بەرامبەر ئەو مەترسییانەی کە رووبەرووی کەرکووك بووە، ئەوەش بووە هۆی سەرکەوتنمان بەسەر شۆڤینیەکان، بێگومان لە ئاکامی ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان، ئەمڕۆ تروسکەی هیوایەك لە هەرێمەکەمان، ئەویش هەرێمی کوردستانە دەنوێنێ، بۆتە بنەمایەك بۆ رزگاری و ئایندەی سەرتاسەری کوردستان، کە بەعسە شۆڤینیەکان جارێکی تر دەیانەوێ کوردستان بخەنە ژێر چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و لەهەر بوارێك و لە هەر شوێنێکدا بێ، بۆیە دەڵێم، رۆڵەکانی گەلەکەمان بۆ ئەوەی هوشیارتر بن و پیلانی داگیرکەران و دوژمنان بتوانن زەفەرمان پێ ببن و ترس بخەنە رێزەکانمان، مەرامە گلاوەکانی خۆیان بێننە دی، کەرکووك و ناوچە کوردستانیە دابڕاوەکان تا سەر نابێتە پارووەکی چەور، بە ئاسانی بتوانن قووتی بدەن، لە کەرکووکدا پێشمەرگەی کوردستان و هێزی پارێزەری سنوور و سەروەری مان و ژیانی یەك رەنگ و یەك دەنگ بەدەم بانگەوازی نیشتمانییەوە بچێ، من پێشنیاز دەکەم کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەگەڕێتەوە، چونکە من بە تاکە هێزی، دەتوانم بڵێم، ئەوانە بەرگری لە پلانەکانی ناحەزان بکەن لە کەرکووك، چونکە کەرکووك شارێکە لە شارە خۆشەویستەکانی کوردستان، هەروەها دوای

ئەوەی خۆشم پەیوەندیم کرد بەو دۆست و خزم و کەسانەی کە لە کەرکووك هەیە، زۆر دەترسن و داوا دەکەن کە هێزی پێشمەرگە بەرگریان لێ بکات، بۆیە مانەوەیان لە کەرکووك پێویستە، چونکە زۆر لە ناحەزان و شۆفینیەکان دەیانەوێت ژیانیان تێك بدەن، هەروەها داوا دەکەن بە زووترین کات ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ، چونکە نابێت ئێمە هەر چاوەڕێی ماددەی 140 بکەین، هەتا 20 ساڵی تریش، من حەز ناکەم بە هەندێ شوێن کە بەشێکن لە کوردستان بوترێت بەشە دابڕاوەکان، چونکە ئەم پارچانەی کوردستان بەشێکن لە ئێمە و هەر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ باوەشی کوردستانی دایك، پێشمەرگەش هەموو کات بە هانای کەرکووك هاتووە و دەبێت بەتایبەتی لە کاتی تانگانە دووبارە بەهانای بێتەوە، لەسەنگەری پارێزگاری کردن لە کەرکووك، هەموو خەڵکی کوردستان یەك ڕێزن، هەموو پێشمەرگەی کوردستان یەك لەشکرن، هەموو ڕەنگەکان یەك ئاڵا دەنەخشێنن، هەموو دەنگەکان یەك سروود دەڵێن، ئەویش کە دەڵێت، پێ بنێتە خاکمان دوژمنی کافر، دار و بەرد و خۆڵی لێ دەکەین بە ئاگر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدا کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کەریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ڕێز و سڵاوم بۆ هێزی پێشمەرگە و هەموو هێزەکانی تر هەیە کە ئەمڕۆ لە کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر ئەرکی نیشتمانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، نەك سیناریۆیەك بێت وەك لە هەندێ سایت و کەناڵی ئیعلامیدا ئاماژەی بۆ کرا، دووەم: دیارە تا ئێستا بەشێك لە قۆناغی یەکەمی ماددەی 140 کە ئاسایی کردنەوەیە، جێبەجێ نەکراوە، بە درەنگ داخستن یان جێبەجێ نەکردنی ئەو ماددەیە بە پێی دەستووری عیراق بە پلەی سەرەکی، دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی تەنفیزی ئیتیحادی، ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمەی کورد هیچ بەرپرسیاریەتیەکمان لە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیەدا نیە، لەبەر ئەوە پێویست دەکات نوێنەرانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا زیاتر هاودەنگ بن و زیاتر فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی تەنفیزی، دووەم: سەبارەت بە خاڵی سێی پێشنیازی لێژنەی هاوبەش، سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە دوو ئیدارەیی لە کەرکووك، نکوڵی ناکرێ کە حیزبایەتی ڕەنگدانەوەی خراپی هەبووە لەسەر کەرکووك، پێشنیاز دەکەم کە ئێستا دەست بە ئاڵوگۆڕ کراوە وەك لە خاڵی پێنجەمدا دیسان ئاماژەی پێکراوە، پێویستە هەموو لایەنەکان، هەموو ئەو دام و دەزگایانەی کە مۆرکی دوو ئیدارەییان پێوە دیارە لە کەرکووك تەبعەن، تەنسیق لەگەڵ یەکتردا بکەن، ببنە هاریکارێکی باش لەگەڵ پارێزگار و بەرپرسانی دیکەدا، چوارەم: تا زووە، دەستەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە پار بە قانون بڕیارمان لێ دا کە دابمەزرێ، تا ئەو ئەرکانە رابپەڕێنێ، کە بەو دەستەیە سپێردراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شاهۆ سەعید.

**بەڕێز د. شاهۆ سعيد فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانیم بۆ هێڵە گشتییەکانی راپۆرتی هەردوو لیژنە، لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە، من قسەی هاوڕێکانم دووبارە ناکەمەوە سەبارەت بەو مەترسییە دەرەکیانەی کە لەناوەند و لە ناوچە عەرەبیەکانەوە بۆ سەر کەرکووك هەیە، من ئەمەوێ زیاتر سەبارەت بەو مەترسیانە قسە بکەم، کە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەر کەرکووك لە ئارایە، هەڵبەتە مەترسییە دەرەکییەکان روونن، بەشێکیان پەیوەندیان بە عەقلیەتی شۆڤینی عروبیەوە هەیە، بەشێکیان پەیوەندیان بە دەست تێوەردانی ئیقلیمیەوە هەیە، بەشێکیان پەیوەندیان بەو ناهەوسەنگیە هەیە کە لە سوپای عیراق و لە هێزە چەکدارییەکان هەیە، کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان نیە، ئەگەر تێبینیەکانی خۆم چڕ بکەمەوە سەبارەت بەو مەترسیانەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە سەر بە کەرکووك هەیە، من حەز دەکەم باس لەوە بکەم کە هەر کێشەیەك لە کوردستاندا هەبێت، لە سلێمانی و لە هەولێر و لە دهۆکدا هەبێ، رەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر کەرکووکدا هەیە، ئەو قەیرانە سیاسیەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، واتە لە پارچە رزگارکراوەکەی هەرێمی کوردستاندا هەیە، رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر کەرکووك هەیە، هەمووومان ئەزانین لەم چەند رۆژەی رابووردودا لە هەرێمی کوردستاندا لەبەردەم مەترسی دوو ئیدارەیی، لەبەردەم مەترسی هێزی چەکداری حیزبیداین، لەبەردەم مەترسی ئاسایشی حیزبی داین، لەبەر مەترسی دوو پۆلیسیداین، هەموو ئەو مەترسییانەی کە لە هەولێر و لە سلێمانی لە دهۆك هەیە، رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر کەرکووك هەیە، خاڵێکی تر پەیوەندی بەو تیۆرەی ئێمەوە هەیە و بۆ ئەمنی قەومی کوردستان، من پێم وایە تاوەکو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە تیورەیەك بۆ ئەمنی قەومی کوردی دابمەزرێنین کە لەسەر بنەمای قەومی و نەتەوەیی بێ، نەك لەسەر بنەمای حیزبی، تاوەکو ئێستا ئێمە تەفزیلی ئەمنی حیزبیمان ناوە بەسەر ئەمنی نەتەوەیی، بۆیە زۆر گرنگە تیۆرەی ئەمنی نەتەویی کوردستان لەسەر بنەمای شوناسی کوردستانی بوونی دابمەزرێ، نەك شووناسی کورد بوون، چونکە شووناسی کورد بوون، شووناسێکی ئیتنیە، بەڵام شووناسی کوردستانی بوون، هەم شووناسێکە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون دامەزراوە و هەم شووناسێکە لەسەر بنەمای زەوی دامەزراوە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە لەناو هەرێمی کوردستاندا لە سلێمانی و لە هەولێر شووناسی هاووڵاتیبوون دابمەزرێنین، تاوەکو ئێستا لەناو هەرێمی کوردستاندا، هاووڵاتیبوون پلە بەندی کراوە، پلە بەندی کراوە لە نێوان هاووڵاتییەکی حیزبی و هاووڵاتییەکی غەیرە حیزبی، بۆیە زۆر بە ئاسانی ئەم پلە بەندییە کە شووناسی کوردستانی بوونی لەسەر دامەزراوە، لە کەرکووکدا رەنگی داوەتەوە و تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە قەناعەت بە زۆرینەی تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشور و مەسیحیەکانی کەرکووك بکەین، کە شووناسی کوردستانی بوون، شووناسێکی نەرم و نیانە و توانای ئەوەی هەیە کە هەموو پێکهاتەی..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری دەکەم لە ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان هەر بەیاننامەیەك یاخود بریارێك دەربکات بۆ ئیدانە کردنی هەر هێرشێك، یاخود هەر ئیهانە کردنێك یا هەر هەڕەشەیەك لەسەر پرسی ڕەوای کورد لە ناوچە جێ ناکۆکەکاندا، بەو بەیاننامەیە بتوانێت دەستپێشخەریەك ئەنجام بدات بۆ ئەوەی کە بتوانێت ڕێگەری بکات، جا ئەم هەڕەشەیە لە هەر چ لایەنێك بێت، لە هەر ئاستێکدا بێت، بەلاَم گرنگیش ئەوەیە بزانین کە لە پاڵ ئەو هەڕەشەیە هەندێ هێزی غەیری کوردستانی کە لە ناو ناوچە جێ ناکۆکیەکاندا دروست دەبێت، کە مەرجیش نیە کە لەم راپۆرتە تەنها باس لە کەرکووك دەکرێ، بێگومان ئێمە ناوچەی جێ ناکۆکی تر هەیە کە ئومێدەوارم لەو راپۆرتەدا جێی بکرێتەوە، ئەویش بەشێکە لە کوردستان، بەلاَم بە هۆی ئەو زروفە سیاسیەی کە ئێستا عیراق تێی کەوتووە، بەلاَم ئەبێ ئاماژەش بەوە بدرێ کە ئێمەش هەندێ جار دەست دەخەینە سەر برینەکانی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەرییەکان ئیشارەتی پێ بدەین، دەستخۆشی لە هەردوو لێژنەی ناوبراو دەکەم کە توانیویانە بەشێك لە برینەکان، بەشێك لە کێشەکان دەست نیشان بکەن، بەلاَم لە هەمان کاتدا پێویستیمان بەوە هەیە هەنگاوی جیددی بنێین بۆ چارەسەرکردنی، یەعنی یەکێك لەو نموونانە، بەراستی بە هەموو پێوەرێك کارەساتە ئێمە بڵێن ئەبێت دوو ئیدارەیی لە کەرکووکدا کۆتایی پێ بهێندرێ، لە کاتێکدا بەشێوەیەکی رەسمی بۆ یەك سات شاری کەرکووك لەسەر هەرێمی کوردستان هەژمار نەکراوە لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە، تاوەکو تۆ پێی بڵێی دوو ئیدارەیی کۆتایی پێ بێنێ، بەلاَم ئەگەر بشمانەوێ چارەسەرێکی بۆ بکەین، ئەبێ دوو ئیدارەیی بە فیعلی لە کوردستاندا کۆتایی پێ بهێندرێت، بۆ ئەوەی لە کەرکووکیشدا کۆتایی پێ بێت، تا وەکو لێرە چارەسەرە جیددیەکان نەدۆزینەوە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان دەستی راناگات بە کەرکووك، ئەوە ئەتوانێت دەستی رابگات بە کوردستان، خۆی چارەسەرەکان لێرەوە دەست پێ بکەین، ئومێدەوارم ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کەرکووك کرا لە لابردنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، وەکو لە راپۆرتی لێژنە هاوبەشەکەشدا هاتووە، ئومێدەوارم ئەمە وەکو کەبشی فیدا نەبن بۆ ئەوەی کە هەندێ هەڵەی سیاسی پێ چارەسەر بکرێ، بەڵکو لە پێناوی خزمەتکردندا بێت، یەعنی نوقتە بخەینە سەر ئەو حروفانەی کە هەن، بۆ ئەوەی کە چارەسەری گرفتەکان بکات نەك تەنها وەکو بەشێك لە پلەی یەك، چونکە ئەوەی کە لە لێدوانە ڕۆژنامەوانەییەکانی هەردوو بەڕێزەکە بوو، کەم تا زۆر ئاماژەیان بەوە دا کە ئەوان دەسەلاَتیان نەبووە، ڕێگرەکانیان بۆ شی بکەینەوە، ئایا ئەوە لە چییەوە دروست بوو؟ هەرێمی کوردستان چ کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو لاوازییە؟ بێگومان نابێت ئەو بەیاننامەیە، من ئومێدەوارم ئەو بەیاننامەیە، یاخود ئەو ڕوونکردنەوەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێت، هەرگیز ڕێگری نەکات لەوەی کە ئەو داوا ڕەوایانەی کە کورد، تورکمان، عەرەب، پێکهاتەکانی تر، لەو شێوازانەی کە دەیانەوێ داخوازییەکانی خۆیان بگەیەننە دەسەلاَتە فەرمییەکان، ئەو بەیاننامەیە نەبێتە ڕێگری ئەوان نەتوانن داواکارییەکانی خۆیان بگەیەنن، جا لە خۆپیشاندان بێت، یاخود بە هەر ئامرازێکی تر، چونکە ئەو دۆخەی کە ئێستا تێی کەوتووە شاری کەرکووك و ناوچە جێ ناکۆکەکان، بێگومان

دەرهاویشتەی ئەمرۆ نیە، مێژوویەکی ڕابردووی هەبووبێت، کە ڕەنگە کاریگەری هەبێت، من ئومێدەواریشم لە کۆتاییدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە چارەسەری ئەمنی نەکاتەوە ئەوەندە، بە قەت ئەوەی کە بیر لە چارەسەری سیاسی بکات، گرفتەکانی حەلێکی جەزری بۆ بدۆزێتەوە، هاوڕاشم لەگەڵ ڕای هاوکارم دکتۆر شاهۆ، کە ئێمە بە داخەوە تا ئێستا ئیئتروحەیەکی نیشتمانیمان نەبووە بەدەر لە ماددەی (140)، بۆ ئەوەی کە بتوانین گرفتەکان وەکو خۆی سەیر بکەین، وەکو خۆشیان چارەسەری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەرگوڵ، کەرەمکە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ قسەکردن لەسەر کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان، ئەوەی کە پێشتر لە مێژووی خەباتی کورددا خەباتی بۆ کراوە بۆ ئەو ناوچانە، شێوازێکی جیاواز بووە، ئەوەی کە ئێمە ئێستا جەختی لێ دەکەینەوە، خەباتەکە جیاوازە، بە شێوەی سیاسی و دەستووری دەبێ ئێمە لە هەوڵدابین، چونکە بە پێی ئەو ماددەیەی کە لە دەستووردا، لە ماددەی (140) بڕیار دراوە کە ئەو ناوچە کێشە لەسەرانە، یان ئەو ناوچە دابڕێنراوانە بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، دەبێ ئێمە هەوڵەکەمان بەو ئاراستەیەدا بێ کە ئەو ماددەیە لە دەستووردا تەسبیت بووە، لە دوای تەسبیت بوونی ئەو ماددەیە، ئایا ئێمە وەکو دەسەڵاتی کورد؟ ئایا ئێمە وەکو نوێنەرانمان لە بەغدا چیمان کردووە بە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە؟ من پشتگیری لەو پێشنیارانە دەکەم کە لیژنەی هاوبەش کردوویانە، بەڵام تەئکید لەسەر تێبینەیەکەی د.دانا دەکەمەوە سەبارەت بەوەی کە میکانیزمی ئەوان چیە بۆ ئەو چارەسەرانە؟ ئایا تەنها جەخت کردنەوە لە نوێنەرانمان کافیە کە ئێمە لە هەوڵی جێبەجێ کردنی ماددەی (140)دا بین؟ ئایا بەڕای ئەوان بوونی هێزەکانمان لە کەرکووك دەبێتە هۆی چارەسەرێك بۆ ئەوە؟ یان ئێمە پێویستمان بە حەلی دیبلۆماسی و حەلی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین؟ لە یەکێکی تر لە خاڵەکاندا، ئەوان باسی ئەوەیان کردووە دەرفەتێك هەبێ بۆ کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکان، ئەوە کرا و هەمووومان بینیمان سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ و هەموویان یەك دەنگن، بەڵام لایەنێکی تری ئەوەی کە ئێمە پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە، لەگەڵ لایەنەکانی تر کە لە کەرکووکن، تورکمانەکان و عەرەبەکان، ئێمە هەوڵی حیواری سیاسی و دیبلۆماسی بدەین لەگەڵ ئەواندا، بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە حەلێکی جەزری، لەبەر ئەوەی وەکو پێشتر وتم، دەقێکی دەستووریمان هەیە کە ئەو کێشانەی کە لە کەرکووك و ناوچەکانی تردا هەیە، بەو ماددەیە چارەسەر دەکرێ، سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی کە لە کەرکووك دا کران، بەرپرسەکانی دام و دەزگاکان کە ئەو لیژنەیە پێشنیاری کردووە، بینیمان ئەو پێشنیارە پێش ئەوەی کە ئەوان بیهێننە پەرلەمان، ئەو گۆڕانکارییە کرا، ئەو کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانیش کاتێك کرا، ئەوان هەموو یەك دەنگ بوون

لەسەر چارەسەری ئەو كێشەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەوان ڕۆڵیان نەبوو لەو گۆڕانكارییە، وەكو پێكهاتە سیاسییەكانی كەركووك، كە ئەوان هاوڕا بوون بۆ چارەسەر كردنی كێشەكە، خاڵێكی تر كە ئەوان باسیان كردووە، كێشەی دوو ئیدارەیی لە كەركووكدا، بەڕاستی ئەگەر ئەوە وەكو پێشتر هەمووومان ئاماژەمان پێ كرد، ئەگەر لە هەرێمی كوردستاندا كێشەیەك بووبێت و پێویستی بە چارەسەر هەبێ، ئەوە لە كەركووكدا دووبارە كێشەیەكی زیاترە، پێویستە لە خەمی چارەسەركردنیدا بین، بە میكانیزمێكی ڕوون و وازح ئێستا ئاماژەی پێ بدرێ لەو بەیاننامەی كە پەرلەمانی كوردستان، یان لەو یاداشتەی كە دەردەكرێ، ئەوەی كە باس دەكرێ، جێبەجێ كردنی ئەو ماددەیە لە دەسەڵاتی تەنفیزی حكومەتی ئیتیحادیە، ئێمە جەخت دەكەینەوە لەوەی كە ئێمە لەوێ دەسەڵاتمان هەیە وەكو كورد، پێگەمان هەیە لە ناو دەسەڵاتی تر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەیان، كەرەمكە.

**بەڕێز بەیان أحمد حسن كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی بەرێ هەر پێنگاڤەكی ئەم بهاوێژین، داخیلا هەرێمی كوردستانێ ئەم پێتڤینە ڕێكخستنا ناڤ ماڵیاخۆ بكەین، هەرگاڤا ماڵەمەیا ڕێكخستی بوو، ئەم دشێین، پێنگاڤێ باشتر بهاوێین، ئەم دشێین بەرامبەر تەحەدیاتا ڕاوەستین ب شێوەیەكێ باش، ئەڤە هەنێ دێبیتە خالا ئێكێ بۆ بەرەڤ پێش چوونێ، ئەم بشێین دەستكەڤتێت باشتر ب دەست خۆڤە بئینین، ئەڤ دەڤەرێت كو ناكۆكی ل سەرهەی، ئەم دشێین جارەكادی بزڤرینە گۆڕەپانا هەرێما كودرستانێ، بەڕێزان ب ڕاستی مێژوو دەرسەكێ نیشانامە دداتن، كو دونیا فرسەتن، هەر گاڤا مرۆڤێ ئیستیفادە لێ نەكر، سەر ئاستێ كەسی بیتن، سەر ئاستێ میللەتا بیتن، دێ ڤێ كاڤێ مرۆڤ دێ پەشیمان بیتن، ل بەر هندێ ئەڤرۆكە دەلیڤەیەكێ د دەستێمەدا هەی، فرسەتەكا بۆمە چێ بووی، دبیتن ئەم گەلەك باش سەر شۆلێ بكەین، پشتی ڕزگار كرنیا عیراقێ و هەتا نووكەیا، گەر ئەم ڕاوەستیانەكێ بكەین، موراجەعەیەكی بكەین، مە وەكو كورد لە كەركووكێ چ كریە، مە چ خەلەل هەبووینە؟ بلا ئەم ب جورئەت ڕەخنەیەكا ئاڤا كەر ل خۆ بگرین، ئەڤە مە كری هەتا نووكەو، ئەم ڕۆكە پێڤە ئەم بەرەوڤ پێش چووباینە، ئەڤرۆكە خەلكێ مە ناوچەی ناكۆك ل سەر هەی، پێتڤیت هندەك هەنگاوێت عەمەلی هەنە ب ڕاستی، چاڤەڕێی گەلەك بڕیارێ گرنگ و، وەقت ل سالحێ مەدا نینە، ڕۆژ ب ڕۆژێ وەقتێ مە دچیتن، ل بەر هەندێ ئەزیش دگەل هندێ دامە، سیاسەتەكا وازح مە هەبیتن، تێبینیامەژی ئەز تەئكیدێ ل ئاخافتنا د.دانای دكەم، ب ڕاستی دگەل دەست خۆشیامن بۆ لیژنێ، بۆ ئەوان پێشنیارێت وان كرین، فعلەن ئەم پێتڤینە تەحدید كرنێ، ئەم تەحدید بكەین تشتێت خۆ، ئەو پێنگاڤێت مە، ئەو ئیجرائاتێت ئەم دوێت بكەین، وازح بن ئەم كار ل سەر بكەین، چونكێ یامە گۆتی خەلكێت مە ئەڤرۆ، پێتڤی ئەم كارا بكەین، ئەڤرۆكە كێشا ل كەركیكێ هەی دوو نەوعێت كێشانا، ئێك، چارەسەریا وەزعێ ئەمنیە، كو دڤێتن ئەم چارەسەریەكا لەز بكەین، خالا دوویێ، ئەڤرۆكە ل كەركیكێ هەی، تەداولا دەسەڵاتێ دێتە كرنێ، كو ئەڤرۆكە بەحسێ هەی، ئەنجومەنێ پارێزگەهێ بۆ برایێ توركمان بیتن، ئەڤە تشتەكێ گەلەكێ باشە، چونكی كەركیك

جهێ پێگڤە ژیانێیە، کو ئەڤە تەبعەن حسا کوردایە، لیستا برایەتی ل وێرێ، ئەز بێژم مە چ زەمانات کرینە، مە چ دانوستاندن دگەل برایێ تورکمان کریە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زکیە سەید صالح، خاڵی بە نووسین بنێرە بۆ ئێرە، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ دەست خۆشیێ ل هەردوو لیژنێت ناڤ خۆ و پێشمەرگە دەکەم، کە سەرەدانا مەیدانیا پارێزگەها کەرکووکێ کریە، ڕاپۆرتەك ئامادە کری و، کو پێشنیارەکا خستیە بەردەستێ مە، لێ من ڤێرە هێڤی دخاست، چونکە بەرنامێ کاری ژی یا دیار کری، کو گفتوگۆ کرن دەربارەی کەرکووك و شوێنە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان، من هێڤی کر، کو ئەوێ لیژنێ حەتا بۆ مەسەلەیەکا مەعنەوی ژی با،سەرەدانا دەڤەرا یا موسل کردبا، چونکی ئەوی ژی دەڤەرەکێ کێشە ل سەر هەی، ئەم ئەگەر بهێین بەحسێ کەرکووکێ بکەین، کەرکووك ژلایێ یاسایی ڤە، دەستووری ڤە، کو هەموو هێزو و قوەتا کوردایا بویە، چونکو چارەسەریەکا دەستووری بۆ بینیتەڤە، چارەسەریا دەستووریا بۆ هاتیە دیتن، وە ل ماددێ 140 ێ دەستووری عیراقدا، میکانیزما یا جێبەجێ کرنا یا چارەسەرکردنا، کێشێ ژی هاتیە دانان، هەر وەکی سۆزان خانێ ئاماژە پێ کری، هێشتا مە نیڤەکا پێنگاڤا یا ئێکێ، میکانیزما جێبەجێ کرنێ هێشتا مە تەمام نەکریە، سەقفەکی زەمەنی ژی بۆ هاتبووە دانان، مخابن ئەوە چار ساڵ ب سەر سەقفێ زەمەنی ژی دەرباز بوو، هێشتا مە چ نەکری یە، ڤێ درکێدا پێدڤیە، یان ژی ئەزا پەرلەمانتار من دڤێت بزانم ل ڤێ درکێ کا ئاستەنگێت یێت ناڤخۆ ئو دەرڤەییێت جێبەجێ کرنا یا ماددێ 140 چنە؟، بۆ هندێ کو دیف وان ئاستەنگا بشێین ئەرکا دەسەلاتێ و، جەماوەری دابەش بکەین، بۆ هندێ کو دەنگیەکێ دروست بکەین، دا بشێین هەنگاڤا بهاوێژین بۆ هندێ ئەڤێ مادەیێ دەستووری جێبەجێ بکەین، ئەڤە وەکو دبێژن وەکو پێشنیارەك، یا دی هەروەکی کاك دانای ئاماژە پێ دای، ئەز نزانم خالا 7 ێ پێشنیارێ چ رەبتەك ب 17 خالێت، بڕیارا ئێکێ پەرلەمانێ کوردستانێ ڤە هەنە سالا 2011ێ، چونکو هندی من مولاحەزە کری، بەس خالا شەشێ دایە گرێدایە، د خالەکا بەحسێ هێزێت پێشمەرگێت کوردستانی دکەت، هەمی جۆرە ململانێ سیاسی و ناڤخۆیی، بۆ هندێ کو ئەوان هێزێت پێشمەرگێ ل ناڤخۆی کوردستانێ، ببەنە وان ناوچێت کێشە ل سەر بۆ زڤڕاندنا وان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ژیان عمر شریف، کەرەمکە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئێمە بیدایەت حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاس بکەین کە وەزارەتی پێشمەرگەی ڕاسپارد بۆ تێکشکاندنی ئەو پیلانە شۆفینییەی کە ئێستاش چاویان هەڵنایێت، بە هەرێمی کوردستان دەڵێن: شیمالی عیراق، ئێمە کە دەبێ ئەوڕۆ بەراوردێك بکەین لە نێوان ساڵەکانی نەوەتەکان و لەگەڵ ئێستا دەبینین سوپاس بۆ خوای گەورە لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری زۆر بەرچاو لەسەرجەم بوارە

جیاجیاکاندا بەدی دەکرێ، ئەویش لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و خزمەتگوزاریی و بەرهێنان و پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی، مەبەست لەوانە کە باسم کرد هەموو دەستکەوتی گەورەن، بەڵام کەچی دەبینین هێشتا خەڵکانێ لە ناو هەرێمی کوردستان، یان بەشێ لە هەرێم، گلەیی و گازندە و ڕەخنەیان لە دەسەڵات هەیە، ئەوانە هەموو مافی ڕەوای خۆیانە، بەڵام خەڵکی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان زیاتر لە نەوەد ساڵە، تەنها لەبەر ئەوەی کوردن شەهید دەکرێن، ئەنفال دەکرێن، تەعریب و تەرحیل دەکرێن، بەڵام دەبینین خەڵکی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان لەبەر هەستیاری بارو دۆخەکە، گلەیی و گازندەکانیان وەلاوە ناوە، بەڕاستی ئەوە جێی شانازییە بۆ هەموومان و دەبێت کە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان، ئەو هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرییە، وەکو تاجی شانازی لەسەر سەرمان بەرز بکەینەوە، ئێمە دەڵێین ماددەی (140) چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی دەکاتەوە، بەڕێزان هەموومان چاك دەزانین کە ئەگەر ئێمە هەر چاروەڕوانی کابینەکەی عەلاوی و جەعفەری و دوو کابینەی مالیکی بکەین، بڕوا بکەین، ئەگەر چاوەڕوانی (10) کابینەی تریش بکەین ماددەی (140) جێبەجێ ناکرێ، لەبەر ئەوە دەبێ فشارێکی زیاتر بخەینە سەر حکومەتی فیدراڵ بۆ جێبەجێ کردنی، با ڕێکاری دەستوورییەکان بەکار بێنین، پێویستە لەسەر حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتی پێشمەرگە مانەوەی خۆیان لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بکەنە ئەمری واقیع و ئەو سەنگەرانەی کە ئێستا هێزی پێشمەرگەی لێ یە، دەبێ بیکەین بە سەنگەر و قەڵغانی پاراستنی کوردستان، یان بیکەین بە گۆڕ بۆ دوژمنان و ناحەزانی میللەتەکەمان، من چەند پێشنیارێکم هەیە، یەکەم/ ئێمە کە کە داوای کوڕ و کچەکانمان.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار محمود، کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەو گرفتەی کە ئێستا و بۆ ئایندەش دەبینین لەبەر چاودا، من دەمەوێ چەند بروسکەیەکی مێژوویی ئاماژە پێ بدەم، چونکە دەبێتە پرۆتۆکۆڵ، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە کە ناوچەکە لەلایەن بەریتانیاوە داگیر کرا، لێژنەیەك پێك هێندرا بۆ ئیدارە دانی کەرکووك لە دوانزە کەس، ئەو لێژنەیە شەش کەسی کورد بوو، سیانی تورکمان، یەك یەهودی، یەك کلدان، یەك عەرەب، عەرەبەکە لەبەرامبەری نووسراوە عەرەبی سەحرا، لە ناو کەوانەیەکدا، هەروەها لە عیراقدا تا هاتنی بەعسییەکان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق نوێنەری کەرکووك (100) ئەندامی هەبووە، بە شانزە خول، (61) کەسی کورد بووە، (33) کەسیان تورکمان بوون، چواری عەرەب بووە، یەك یەهودی و یەك ئاشووری، هەروەها لە ساڵەکانی (22)وە تاوەکو ڕژێمی جمهووری، واتا تا سەرەتای هاتنی بەعسییەکان لە شەستەکان، (20) پارێزگار بۆ کەرکووك دانراوە، هەر بیستی کورد بووە، لەوە بە دوا (30) پارێزگار دانراوە هەمووی عەرەب بووە، لەو نێوەندەدا، لە هەدوو میانەکەدا تورکمان بێ بەش کراوە، لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، یەکێك لە ڕاپۆرتە گرنگەکان کە د.کەمال مەزهەر کردوویەتی

به کوردی، له کتـێبی (كركوك و توابعها حلـم التـأريخي و الضـمير)، ئـەوە دەخاتـە ڕوو، کـە دوای داگـیر کردنـی ناوچـەی کفـری و دووز و قەرەتەپـە، لەلایـەن سـووپای بـەریتانیاوە سـەرژمێرییەك کـراوە کـە دانیشـتووانەکەی بـە (70) هـەزار کـەس (نسـمة) دەستنیشـان کـردووە، (60) هـەزار کـورد، (4238) تورکمـان، (458) یـەهودی، (276) ئێرانـی، تـەنها (37) کـەس عـەرەب، هـەروەها لـە ڕاپـۆرتێکی تـری بەریتانیا کە ئەرشـیفە و ماوەتـەوە، سەربەسـت کـەرکووکی تەرجەمـەی کـردووە، د. نـوری تاڵـەبانی لـە کتێبی (منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومي)، دەردەخـات کـە ژمـارەی کـورد لـە کـەرکووك بـە تەنیا زیاتر بووە لە ژمارەی هەموو نەتەوەکان، (75) هـەزار کـورد، (10) هـەزار عـەرەب، (35) هـەزار تورکمـان، (600) کلـدان، (1400) جوولەکـە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئـەو مەسـەجانەم بـۆ ئـەوە هێنایەوە تا ئێمە تێبگەین لە ڕابردوودا چۆن بووین؟ ئێستاکە ئـەو موعادەلانـە بـە کوێ گەیشـتوون؟ ئێمە دەبێ چی بکەین لە ڕاستیدا؟ ئەو هێزەی کە خۆی لە لیوای (1) لە قەرەهەنجیر بـووە، لیـوای (3) لـە پـردێ بـووە، بەشـێکە لـە مەنزوومـەی دیفـاعی عیراقـی، زەرووره لـەو مەنتیقەیـە بمێنێتـەوە، هێـز نەنێردراوە، لە حدوودی پارێزگای کەرکووك بووە، پێویستە موخاتەبەی دونیای عەرەب بکەین کە ئەو زوڵمانەی لە ڕابردوو لێمان کراوە، وەکو خۆی تەرجەمە بکرێ، هەر هەوڵێك لە ئێستا بۆ ئایندە دەدرێ، بە تەبیعی وەربگیرێ، چونکە کورد پێشـتر لـە بەرامبـەر سیاسـەتی تـەعریب و تـەرحیل و تـەبعیس دا، نەهجێکی زانستیانەی نەبووە بۆ پێشاندانی ئەو غـەدرە، بۆیـە لـە (2005) کـاتێ ئینتیخابـات دەکـرێ، کورد زۆرینە بە دەست دەهێنێ، دەڵێن لـە سلێمانی و هـەولێرەوە خـەڵك بـراوە، یـان لـە جارێکی تـردا دەوترێ لـە کوردەکـانی ئێـران و سـوریا بـراون، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، پێویسـتە لەگـەڵ پێکهاتـەی تورکمان بە تایبەتی، لەگەڵ بەشـێکی تـر لـە ڕەسـەنەکان کـە بەتایبـەتی لـەو دواییـە هێـزی پێشـمەرگە جوولەی کرد بۆ باشووری عیراق، لە ناو ئەنجومەنی موحافەزەی کەرکووکدا تورکمانەکان موقاتەعـەیان نـەکرد، بەشـێك لـە عەرەبـەکان موقاتەعـەیان کـرد، ئـەوە دەبـێ مەسـەجێك بـێ کـە ئێمـە لەگـەڵ تورکمانەکان دا جۆرێك لە عەقدی ئیجتیماعی مۆر بکەین، خەڵکە ڕەسەنەکەی، حەقیقیەکەی تورکمان ببنە خاوەنی کیانی خۆیان لە وێنە، ڕێگەش بدرێ خۆیـان خـەڵکی خۆیـان هەڵبـژێرن، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان، ئەو ئەوراقانەی کە لەبەر دەستی مندایە، زیاد لە پێـنج هـەزار ئیمـزای دانیشـتووانی خـەڵکی سەعدیە و جەلەولایە، کە داوا دەکەن هێزی پێشمەرگە بمێنێتەوە، بۆیە کاتی ئـەوە هـاتووە پەرلـەمانی کوردسـتان بـە جیـددی تـر مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو کەیسـە بکـات و، بەنـدە لـە ڕاپۆرتێکدا کـە ئاراسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانم کردووە، داوام کردووە لیژنەی کـاتی مـاددەی (140) لـە پەرلـەمانی کوردسـتان دروست ببێ بۆ ئەو مەسەلەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەمیرە عبداللە، کەرەمکە.

**بەڕێز سميره عبدالله إسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بوونی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ زێرەڤانی لە كەركووك و دەوروبەری شارەكانی مووسڵیش دا بە ئیجابی لـە قەلـەم دەدرێ، چـونكە ماوەیەكـە كوردسـتان بـە گشـتی، كـەركووك و دەڤـەری مووسـڵ بـە تایبـەتی كەوتۆتە بارو دۆخێكی هەستیار و یەكلا كـەرەوە لـە نێـوان هەڕەشـە و گوڕەشـەی ناحـەزان و شـۆڤینیە قین لە دڵەكان، بۆ هەر چارەنووسی نەتەوەیی و لێدانی تەپڵی لە یەك ترازان، مەترسی پەیـدابوون لـە ئاشتەوایی و كۆمەڵایـەتی كـە پرسـێكە ئاراسـتەی نـەخوازراو ببـات، بۆیـە پێویست دەكات ئـەو ڕەوشـە بـدرێت بەرپرسـیارێتی گشـتی سـەبارەت بـە سـەركردایەتی كوردسـتان، بـۆ بینـینی ڕۆڵـی حەكیمانـە بـە مەستی هێور كردنەوە و مسۆگەر كردنی دادپەروەری و بەرقەرار كردنی یاسا لە نێوان تـەواوی چین و توێـژەكانی كۆمەڵگـە، بـۆ ئـەوەی هـەموو هـەوڵ و تواناكانمـان چـڕ بكرێتـەوە بـۆ هاتنـەدی ئـاواتی گەلەكـەمان، ئـەویش گەیشـتن بـە چارەنووسـی خۆمـان، داواش لـە سـەرۆكایەتی پەرلـەمانی كوردسـتان دەكەین، فشار بخرێتـە سـەر ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عـیراق بـۆ جێبـەجێ كردنـی مـاددەی (140)، كە دەبوایە بە (3) قۆناغ جێبەجێ بكرابایە، قۆنـاغی یەكـەم/ ئاسایش كردنـەوەی بـارودۆخی كارگێری و دانیشـتووان و مولكیـەت ئـەنجام بدرایـە، قۆنـاغی دووەم سـەرژمێری ئـەنجام بدرابایـە، هـی سـێیەمیش ڕیفراندۆم، هەتا ئێستا لەبەر چەند هۆكارێكی وڵاتانی هاوپەیمانی و هەرێمی، هۆكارەكـانی مەزهـەبی و شۆڤینی، نەرمی، مەتاتی دەستووری لەسەر ئاستی هەرێم بێت، یان وڵاتانی جیهانی و نێودەوڵـەتی، یـان ڕێكخراوەكـانی زانسـتیانی ئـەكادیمی تـا ئێسـتا قۆنـاغی یەكـەم جێبـەجێ نـەكراوە، داوا دەكـەین لـە زانكۆكـانی هـەرێم، كـە كـچ و كوڕەكانمـان لـە كـەركووك و دەڤـەری مووسـڵ لـە زانكۆیـەكانی هـەرێم وەربگیرێن، خاڵی سێشم/ هەست كردن بە پرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەیی و مێژوویی، بۆ بەشداری و هەوڵـدان لـە ڕاسـتەڕێ كردنـی ڕەوشـەكە بـە شـێوازی شارسـتانیانە و دیـالۆگ، چـونكە ئـەوە كلیلێكـی چارەسەری گرفتەكانمانە، بەرژەوەندی تەسكی حیزبـی و گـوێ نـەگرتن لـە پـەیامی خـەڵكی كـەركووك، وای كرد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق چەند كورسییەك لە دەست بدەین، ئەوەش دەبێتـە دەرسـێك بۆ هەڵبژاردنی ئایندەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەردار، كەرەمكە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منـیش وەكـو هاوكـارانم سـوپاس و دەستخۆشـی لـە ڕاپـۆرتی هاوبەشـی هـەردوو لێژنـە دەكـەم كـە كۆمەڵێك خـاڵ و موعالەجـەی باشـی لـە خـۆ گرتبـوو، ئـەو بـارگرژی و ئاڵۆزیـە سیاسـیەی كـە ڕووی لـە كـەركووك و ناوچـە كێشـە لەسـەرەكانی كوردسـتان كردبـوو، بەڕاسـتی یـەك ڕاسـتی و حەقیقـەتمان بـۆ دەردەخات، ئـەویش ئەوەیـە كـە دوژمنانمـان هەمیشـە لـە بۆسـەدان، بـەدوای فورسـەتێكدا دەگـەرێن كـە بیقۆزنەوە و پەلامارمان بدەن، دیارە ئەوە بەعسییەكان، شۆفێنییە عەرەبـەكان لـە چ هـەوڵێك دان بـۆ تێكدانی ئەو وەزعە سیاسیە موستەقیرەی كە لەو ناوچانەدا هـەبێت، تەنانـەت كـار گەیشـتە ئـەوەی كـە عبـدالرحمن مونشـید عاصـی، كـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی سیاسـی عـەرەبی یـە، ئێسـتا بـووە بـە عیراقـی،

تەصریحەکانی لەبەر چاوە کە زۆر حاقیدانە و شۆفێنییانە، سووکایەتی بە مێژووی کورد و ئێستای کورد و عەلەمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و ئاسایش دەکات کە سەقامگیری ناوچەکە دەپارێزن بەڕاستی، تەنانەت کوردستانی عیراق، یاخود هەرێمی کوردستانی عیراقیدا بە شیمالی عیراق ناو دەبەن، دیارە ئەوە ستراتیج و پلانی دوژمنانمانە لە ناوەوە، لە ڕووی دراوسێ و دەوڵەتانی ئیقلیمیشەوە مەعلوومە چ ئەجیندایەك و چ سیاسەتێك لە کاردایە، بۆیە دەبێ لە هەموو کات هۆشیار تر بین، دیارە یەك ڕیزیشمان، یەك ڕیزی و هاوهەڵوێستیمان بەراستی زامنی سەرکەوتنمانە، زامنی قورسکردنی ئەو سیاسەتە شۆفینیانەیە کە ئێستا پەیڕەو دەکرێ لە کەرکووك و ناوچەکانی تری کێشە لەسەر، بۆیە من لێرەوە داوا دەکەم هەموو لایەنە سیاسیەکان، هەموو بە موختەلیف ئیتیجاهاتی سیاسیمانەوە، بەڕاستی هاوهەڵوێست بین لەو مەسەلەیەدا، چونکە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی مێژووییە، لەسەر هەموومان، لەسەر هەموو حیزبە سیاسیەکان، وەکو وتم بە هەموو ئیتیجاهاتێکی سیاسییەوە، لەوانەیە مێژوو تۆماری بکات، ئەگەر هەڵوێستێکی باش و ڕوونمان نەبێت لەوڕۆوە، دیارە لە ڕابردوودا سیاسەتی قڕکردن، ئەنفال کردن، جینۆساید، خاپوور کردنی لادێ و شارەکان، شارۆچکەکان، کە ئەو سیاسەتە بەڕاستی لە ڕابردوودا دریغیان نەکردووە، ئێستاش من پێموایە ئیدامە دان و درێژە دانی هەمان سیاسەتی ڕابردوویانە، کە ئێستا بۆیان بکرێ ئیدامەی دەکەن، دیارە مایەی خۆشحاڵییە کە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا هیچ کاتێك سازش لەسەر کەرکووك و کوردستانیەتی کەرکووك و ئەو ناوچە کێشە لەسەرانە نەکراوە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان بە هەموو فراکسیۆن و بە هەموو ئیتیجاهێکەوە حەقە هەنگاوی جیددی تر، باشتر لە ناوەوە و لە دەرەوە بنێت....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەروەر عبدالرحمن، کەرەمکە.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەبەر ئەوەی کاتەکە کەمە، من بابەتەکەم بە ڕاپۆرتێکی دوور و درێژ نووسیوە و ئاراستەی بەڕێزتانی دەکەم، بەڵام بە کورتی ئەگەر چەند سەرە خەتێك بخەینە بەرچاو، دیارە ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو دواییە، بابەتێکی هەستیار بوون، مەترسیدار بوون، کەوا لە کەرکووك و ناوچەکانی تردا هاتنە کایەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە مایەی خۆشحاڵی بوو هەموو لایەنە سیاسیەکان بە یەك دەنگ لەو ڕاگەیاندنەی کەوا دەریان کرد، هەم شایەنی باسە کە پێویستە ستایشی دانیشتووانی کەرکووکیش بکەین لەو مەسەلەی کە بڕیار بوو خۆپیشاندان بکرێت، بەڵام پاشەکشەیان تێدا کرد، بەرژەوەندی نەتەوەییان خستە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، سەرباری ئەوەی کە باری گوزەرانیان لەوانەیە وەکو پێویست نەبێت، کەم و کووڕی هەبێ لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی دا، ئەوە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ، من باسی بەر لە ساڵی (2003) ناکەم کەوا ئەو هەموو کارەساتەی لەوێدا دروست بووە، بەڵکو لە دوای ساڵی (2003)ەوە هەمان بارودۆخ بۆ کوردەکان بەردەوامە، بۆ تورکمانەکان بەردەوامە، چونکە ئەگەر بێت و ئێمە تێی بڕوانین دەبینین ڕۆژانە بەهۆی شاڵاوی تیرۆریستییەکانەوە، بەعسییە شۆفێنییەکانەوە گەنجی کورد، بەرپرسان، ڕۆشنبیران تیرۆر دەکرێن و

دەکەونە بەر شالاوی تیرۆریستانەوە، ئەوەش پێموایە لە غیابی هێزی چەکداری کوردییە لەو ناوچانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێموایە بوونی هێزی کوردی لەو ناوچانە بۆ پێگە و بڕیاری کوردیش لە بەغدا زۆر گرنگە، کە دەتوانین وەکو وەرەقەیەکی فشار بەکاری بێنین لە کاتی داواکردنی مافە سیاسیەکان دا، چونکە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێ، جیاوازی و جیاکاری زۆر زۆرە لە نێوان دانیشتووانی ئەو ناوچانە دا، بۆ نموونە سەبارەت بە مولکیەتی زەوی، تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەوا جوتیارە کوردەکان و تورکمانەکان کێشەی مولکیەتی زەویان هەیە، سەبارەت بەوەی چونکە مولکیەتەکە یەکلا نەبۆتەوە، هەر بۆیە لە مەسەلەی پەین و پێداویستییەکانی تر و خانووی پلاستیکی و ئەوانە پێیان نابردرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ناوچانە بە پێی دەستوور پێیان دەڵێن ناوچە کێشە لەسەرەکان، یان ناکۆکی لەسەرەکان، ئەگەر بێت و بە پێی ئەوە بێت، ئێمە کێشەکانمان کەواتە لە نێوان هەرێمی کوردستان و مەرکەز دایە، بۆچی دەبێت لەو ناوچانە دا هێزی فرقەی (12) لە ناوچەکان بێت کە سەر بە مەرکەزە، بەڵام بۆی نەبێ هێزی پێشمەرگە کە هی هەرێمە لەو ناوچانە بێ، هەر بۆیە پێویستە پێشمەرگە لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دا لە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرینەوە بمێننەوە، کە پێموایە ئەوە سەرەتایەکی واقیعی کێشانی خەتی سنووری کوردستانە لەوێدا، بۆ ئەوەی بەرامبەر عەرەبە شۆفێنییەکان بوەستینەوە، چونکە ئەوانەی ئەوێ زۆربەی هەرە زۆریان چەکدارن، جا چ چەکداربوونیان بە هۆی سەردەمی بەعسەوە بێ، یاخود ئێستا کە لە ڕیزەکان ئەسناد و سەحوەدان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر نەمبڕیت من چەند پێشنیارێك دەکەم ئا لێرەدا بە چەند خاڵێك بە کورتی دەیخەمە ڕوو، یەك/ بە هەموو شێوەیەك بە هەموو لایەکمان پشتگیری لە مانەوەی هێزی....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر، کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆری لەلایەن کاك خورشید و سالار بۆ خزمەتگوزاریی بوو، کران، بەڵام یەك شت هەیە ئێمە ئەگەر وەکو کورد وتاری کوردی تۆزێ بگۆڕین، بە عەرەب بڵێین/ ئێمە و ئێوە وەکو یەك غەدرمان لێ کراوە، لە دوای حەربی عالەمی یەکەمەوە لە ئیتیفاقیاتی سایکس-بیکۆ، بەڕاستی ئەوە مەفرووزە وەکو لەوانەی لە مێژوودا دەخوێندرێ، چونکە کاتێ کە بەریتانیا تەقسیمی کردووە، ئیسرائیل و ئەوانەی دروست کردووە، ئێستا ئێمە بۆ عەرەب بە دوژمن دابنێین؟ نەخێر هەردوولامان وەکو یەك دوژمنایەتی بەرامبەرمان کراوە، ئێمە کەرکووك لێمان وەرگیراوەتەوە، کە ویلایەتی موسڵ خراوەتە سەر عیراق، بۆیە عیراق هەموو کەسێ دەزانێ چەند کیلۆمەترێك سەرووی بەغدا بووە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو شتانە وەکو پێشنیار وەربگیرێت و باسی لێوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شڤان أحمد، کەرەمکە.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەکی ئەو پێشنیارانەدا کە هاتووە، لەلاپەڕە (2) لە کۆتاییدا، پێویستە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، من پێمباشە پرۆتۆکۆلیەن بڵێین/ پێویستە دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی پیرۆزی خۆی ئەنجام داوە، دەستخۆشی لێ دەکەین، لە جیاتی بڵێین سوپاسی دەکەین، ئەو دەستخۆشییە بکرێتە سوپاسی دەکەین باشترە، ئەوە نوقتەیەك، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو تێبینیانەی کە هەمە، من بە پێویست دەزانم ڕێز و سلاو و خۆشەویستی خۆمان ئاراستەی یەکە یەکەی برا پێشمەرگەکان لە سنووری کەرکوك و دەوروبەر و هەموو ئەو سنوورانەی کە تێدا جێگیر بوونە بکەین لە هەموو پلە و پایەیەکدا، خاڵی یەکەمی ئەو پێشنیارەی کە لێژنەی هاوبەش دەستخۆشیان لێ دەکەین، بە چەند خاڵێك دایان ڕشتییە، من پێم باشە خاڵی یەکەم زۆر بە لاوازی دەبینم، پێویستە هێزەکانمان لە کەرکووك بوونیان هەبێت، زۆر لاواز دەبینم ئەوە بە حەقەتەن، من وادەبینم بنووسین/ پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە لە دەوروبەری کەرکووك جێگیر بن و لە هەموو شوێنە کێشە لەسەرەکان و کوردستان تەواجوودیان هەبێت، تەجهیز بکرێن بە هەموو شێوەیەك، وەکو پشتگیری و پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بینیمان لە سەردانێکی لێژنەی پێشمەرگەدا بۆ ئەو هێزە پێشمەرگەی کە لە دەوروبەری کەرکووك ئێستا جێگیرن، بینیمان ئەو هێزانە بە شێوەیەکی موەقەت لەوێن، یەعنی شێوەیەکی جێگیربوونی دایم بوونیان پێوە دیار نیە، بۆیە خەڵکەکە هێشتا ئەو مەترسییە هەیە کە ئەو جێگیرییە بەو مەواقیفییە بە تەئکید، سبەینێ دەڵێن بگەڕێنەوە، دووسبەی بگەڕێنەوە، بە بڕیارێك بگەڕێنەوە، ئەوە پێویستە مەسەلەی ماددەی (140) وەکو زۆر لە هەڤاڵانم ئیشارەتیان کرد، ئەو مەرحەلانەی کە بڕیاریان دابوو، کورد پێی ڕازی بوو، وەکو میکانیزمێك، بۆ چارەسەری بوو، ئەگەر چارەسەر نەبێت، دەبێ میکانیزمێکی تر ببیننەوە، میکانیزمی کە بەدیل، من دەبینم بوونی هێزی پێشمەرگەیە، جێگیر کردنی هێزی پێشمەرگەیە، لە کەرکووك و دەوروبەر و ئەو سنوورانەیە کە ببێتە عاملی زەغت بۆ زووتر جێبەجێ کردنی بڕیاری (140)، یانیش ببێتە ئەمری واقیع وەکو زۆر لە هەڤاڵان ئاماژەیان پێ کرد بۆ ئەو وەزعەی کە ئێستا لە کەرکووك دایە، خاڵی حەوت حەقەتەن تێ هەڵکێش کراوە لەو خاڵانەی کە تێیدا هاتوون، من دەبینم هەر خاڵێکی زیادە، هەر دەبێ ئەو، بە پێویستیشی نابینم تێیدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شلێر محی الدین، کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە پشتگیری خۆم بۆ پێشنیارەکانی لێژنەی هاوبەش دووپات دەکەمەوە، کە هەموویان، هەموو بڕادەرانیش، هەموو ئاماژەیان بەوەدا، پشتگیری خۆیان پێشان دا، لەبەر ئەوەی خاڵی زۆر گرنگن، هەمووی لە چارەسەری کێشەکانی ئەو ناوچەیەدان، من پشتگیری خۆم لێرە پێشان دەدەم کە بەوەی لە

چوونی یەکەمجاری هێزی پێشمەرگە بۆ شاری کەرکووك، لەبەر ئەوەی لە کاتێکی زۆر پێویست دابوو، شارەکە زۆر لە مەترسی دا بوو، لە هەمووی گرنگتر ئەوان توانیان ئەو دڵەڕاوکێ و مەترسییە لە خەڵك دوور بکەنەوە، ئێستا بۆ کێشە هەنووکیەیەکانی ئێستاش، جێگیربوونی ئەو هێزە زۆر زۆر پێویستە، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا مەترسی و هەڕەشە هەر هەیە لەسەر ئەو شارە و لەو ناوچانە، جگە لەوەی تاکو ئێستاش هێزێکی هاوبەش نیە، هەرچەندە ئەو فرقەی (12)ی سوپای عیراقی هێزەکانی عێراقی هێزی ئەمریکی بوونیان هەیە لەو ناوچانە، بەڵام هێزێکی هاوبەش نیە کە لە یەك لایەنەوە سەرپەرشتی بکرێت بۆ پاراستنی ناوچەکە، سەبارەت بەو کێڵگە نەوتیانە، کۆمپانیاکانی نەوت بە گشتی و کێڵگەکانی نەوت لەو ناوچانە پاراستنیان لە ئەستۆی هێزی سوپای عیراقیە، بەڵام چەندەها جار تووشی هەڕەشەی تیرۆرستان بوونەتەوەو پەلامار دراون و سووتێنراون و خەڵکی لێ ڕفێندراوە، بە تایبەتی ئێستا کە ئەو گرووپە تیرۆرستانە لە حەویجە دروست بووە، زیاتر مەترسی کەوتووەتە سەر کۆمپانیا نەوتیەکان، بۆیە لێرە پێشنیار دەکەم پاراستنی ئەو کۆمپانیا نەوتیانە لەژێر چاودێری هێزەکانی پێشمەرگە بێت، ئەوەی کە دووبارە منیش جەختی لەسەر دەکەمەوە و تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە جێ بەجێ کردنی ماددەی 140، ئەو ماددەیە سەرەڕای ئەوەی کە دەبووایە لە 2007 ەوە جێ بەجێ بکرێت، کێشەکانی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان چارەسەر بکرێت، هێشتا پلانی زۆر هەیە لەلایەن عەرەبە شۆڤینیەکان و لەلایەن ناحەزانی کورد کە دەیانەوێ پیلانێکی وا بکەن کە بارودۆخی کەرکووك تێك بدەن و هی ئەو ناوچانە تێك بدەن، بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە جێ بەجێ نەکرێت، ئێمە لێرەوە جەخت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بکەین کەوا ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەکە دەکەم، وێڕای ئەوەی کە چەند سەرنجێکی زمانەوانی و داڕشتنم هەیە لەسەری کە ئێستا وەختی نیە، هەروەها لە پێشنیارەکاندا لە خاڵی 3 هەروەك هاوکارم کاك د.زانا ئاماژەی پێیدا ڕاست کردنەوەی دەوێت بەڕاستی، چونکە وەکو کاك زانا باسی کرد، کەرکووك بەداخەوە کە لەسەر هەرێمی کوردستان نیە لەوێ ئیدارەکەی سەر بە مەرکەزە و سەر بە هەرێمی کوردستان نیە، لەبەرئەوە ناکرێت بڵێین دیاردەی دوو ئیدارەیی، دەبێ ڕاست بکرێتەوە، پێویستە بە زووترین کات ڕەنگدانەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان لەسەر کەرکووك کۆتایی پێ بهێندرێت، ئەوە ڕاست ترە ئەوەی تر لەڕووی یاساییشەوە ڕاست نیە، دێمە سەر پێشنیارەکەی کاك عمر بۆ دروست کردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتارانی کوتلە کوردستانیەکان لە بەغدا بۆ ئەوەی بە بەردەوامی ئاگاداری پرسی کەرکووك بن چ لە مەرکەز و چ لە هەر پێشهاتێکی تردا  کە پەیوەست بێت بە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانی ترەوە، دیارە ئەو وەختی ئەو بڕیارە هەر بڕیاری پەرلەمان نابێ، دەبێ بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ

ئەوانە لەهەر وەختێك دا هاتە سەر دروست كردنی ئەو لیژنەیەو بڕیاری دروست كردنی لیژنەكەی دا، هەروەكو مەهامەكانی ئەو كات دەتوانین قسەی لەسەر بكەین كە چیە ئەرك و مەهامی، من بە پێویستی دەزانم كە پەرلەمانی كوردستان بەیاننامەیەكی هەبێ یان یاداشتێكی هەبێت بە پێویستیشی دەزانم كە ئەم خاڵانەی بەڕوونی تیا هەبێ، یەكەم/ سوور بوون لەسەر جێ بەجێ كردنی ماددەی 140 ی دەستووری عیراق كە ئەوە بەڕاستی ڕێگایەكی دەستووری و قانونیە و هیچ كەسێك ناتوانێ ڕووبەڕووی بێتەوە، ڕێگری لێ بكات، چونكە ئەوە لە دەستووری ڕێكخراوەو دەنگیشی لەسەر دراوە، ماددەیەكی دەستووریەو من پێموایە دەبێ ئەوە بەدیقەت تیایا بێت، دووەم/ تەئكید لەسەر تەبایی و هاودەنگی و نەتەوەكانی كەركووك بكرێتەوە، ئەوە دەروازەیەكی گرنگە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین وەزعی كەركووك بەو ئاقارە بەرین كە بە ویست و خواستی گەلی كوردستانە بە گشتی، تەئكید لەسەر هاو هەڵوێستی لایەنە سیاسیەكان بكرێتەوە لە كەركووك كە بەڕاستی ئەو بەیاننامەی كە پێشتریش دەركرابوو، بەڕاستی جێی دەست خۆشیەو جێی خۆشحاڵیە كە وێڕای جیاوازی بیروبۆچوونیشمان لە دەرەوەی كەركووك و لەكوردستانیش دا لەوێ ئەو هاو هەڵوێستیە زۆر گرنگە، من پێموایە هەرهەڵوێستێكی جیاواز لەلایەن هەر لایەنێكی سیاسی لە كەركووك دا دەربكەوێ پێموابێ لایەنی بەرامبەر شۆڤینیەكانی عەرەب سوودی لێ دەبینن، چوارەم/ زۆر گرنگە ئێمە پشتگیری تەواوی پەرلەمان بۆ هەنگاوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەربڕین، هەروەها پەرلەمان پشتگیری تەواوی خۆی بۆ هێزی پێشمەرگە لەو سنوورانەی كە ناوچە دابڕێنراوەكان دابەش كراون دەربڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ ڕاپۆرتی لیژنە و پێشنیارەكانیان، داواكارم پەرلەمان دەوری ڕەقابی خۆی ببینێ لە جێ بەجێ كردنی ئەو خاڵانە لەلایەن حكومەتی كوردستانەوە، هەروەها هەروەكو ئەوەی كاك شوان باسی كرد بەیاننامەیەك هەبێ لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە جێگەی دەست خۆشی دەبێت بۆ تەئكید كردنەوە لەو خاڵانەی كە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ناو شاری كەركووك و ناوچە دابڕێندراوەكان دەست نیشان كراوە، هەندێ خاڵ وتێبینم دەست نیشان كردووە لەبابەت كوردستانیەتی كەركووكەوە بە نووسین دەیخەمە بەردەست بەڕێزتان، لەبەركەمی ماوەكە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم لە ئێستادا ئەوەی دەبینرێ هەزم نەكردنی ژمارەیەك لە شۆڤینیەكانە بۆ شەرعیەتی كەركووك، هەروەها شەرعیەتی ماددەی 140 كە ئەمە بۆوەتە بارگرژی لەناوچە دابڕێنراوەكان و شاری كەركووك بە تایبەتی، خەڵكی ئەو ناوچەیە بوون بە سووتەمەنی ئەو ڕاوبۆچوونانە وئەو بارگرژیەی لەو ناوچەیە دروست بووە، هەموو كێشەكە بووە بە هۆی ئازار پێگەیاندنی ئەو خەڵكانەی لەناوچەكەن، من لێرەوە داكۆكی لە هێزی پێشمەرگە و ناردنی هێزی پێشمەرگە دەكەم بۆ كەركووك و ناوچە دابڕاوەكان، چونكە بەڕاستی پاراستنی ئاسایشی شاری كەركووك و ئەو ناوچانە و هەروەها دامودەزگاكانی حكومەت

لەو ناوچانە ئەمە كارێكی زۆر زۆر باشە، چونكە دەبێ بەهۆی دابین كردنی ئەمن و ئاسایش بۆ خەڵكانی ناوچەكە وخەڵك سوودی لێ وەردەگرێ لەناوچەكەدا، هەروەها هێزی پێشمەرگە داكۆكی كارێكی تەواو دەبێت لەو ناوچەیە و پێویستە لەسنوورەكاندا بمێنێتەوە، هەروەها حكومەتی هەرێمی كوردستانیش پشتگیری لەوە بكات و پێم باشە پەرلەمان لێرەوە بەیاننامەیەكی ڕەسمی هەبێت بۆ پشتگیری كردن لە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچەیە، دەمەوێ لە كۆتایی دا بڵێم مێژوو ناشێوێندرێت، كوردستانیەتی كەركووك مەعلوم وئاشكرایە بۆ هەموو كەسێك، ناوچە دابڕێندراوەكان بە دۆكیۆمێنتە مێژوویی و یاسایی و نێودەوڵەتیەكان ئیسپات دەكرێن كە ئەو ناوچانە كوردستانین و هی گەلی كوردەو پێویستە گەلی كورد تیایدا بژی، بەڵام لەڕووی جێ بەجێ كردن و ئیش وكاری ئەو ناوچەیەوە پێویستە ئێمە لەگەڵ هەموو نەتەوەكانی لەو ناوچەیەدان بە یەكسانی و بە ئازادی بژین، تاوەكو هەموو خزمەتگوزاری و هەموو كارەكان لەو ناوچەیە سوودی بۆ هەموو لایەك هەبێ، بڕگەیەكی تر هەیە كە ئەمەوێ قسەی لەسەر بكەم، ئەوەش دابین كردنی بودجەیەكە، هەرچەندە شاری كەركووك بودجەی تایبەتی خۆی هەیە لەهەموو ساڵێك دا، بەڵام پێم باشە لە كاتێك دا كە بودجەی كوردستان لە پەرلەمان قسە و باسی لەسەر دەكرێت بودجەیەكی تایبەت بۆ ناوچە دابڕاوەكان دابین بكرێت بە تایبەتی بۆ سێكتەری پەروەردە و زانست، چونكە ئەوەی دەزانین لە كەركووكە، تا ئێستاش زۆربەی ئەو قوتابخانانەی كە بە كوردی لە كەركووك دا دەخوێنن لە خزمەتگوزاریەكان و لە جێگەی خوێندن بێ بەشن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەڵێم پێویست بوو هەفتەی ڕابردوو باس لە وەزعی كەركووكمان بكردبا، تەقریبەن ئێستا وەزعەكە هەندەك ئاسایی بووەتەوە، دوو/ حەز دەكەم ئەو دەست پێشخەریەی كە كۆبوونەوە كرا و ئەنجام درا لە پارێزگای كەركووك تەبعەن هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامیان دا، هەموو لایەنەكانیان كۆكردەوەو دەست خۆشیان لێ دەكەم، چەند خاڵێكیان بەدی هێنا بڵێین لەو كۆبوونەوانە زانیاریەو وەرمان گرتووە، یەك/ هیچ لایەنێك هەڕەشە لە هەڵسوڕاوانی یەكتری نەكات لە كەركووك، دوو/ ئەو هێزەی كە حسابی هیچ لایەنێك نەبێ تەنها هێزی كوردستان بێت، پێشمەرگەی كوردستان بیت، بەهێزی كوردستان دابندرێت تایەبت نەبێت بە هیچ لایەكەوە، سێ/ لیژنەیەكیان پێك هێناوە لەسەر هەموو لایەنە سیاسیەكان بە بەشداری هەندێ لە خەڵكی دەرەوە لەلایەنەكان، هەم بۆ بەشداری كردن و هەم بۆ چاودێر تێیدا بن، بەنیسبەت ئەو پێشنیارانەی كە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە دەست خۆشیان لێ دەكەین هاوكارم كاك دانا باسی كرد ئەو پێشنیارانە ئاراستەی كێ دەكرێت؟ منیش دەڵێم ئەگەر بكرێت ئاراستەی ئەو لیژنەیە بكرێت كە لە كەركووك ئەو لیژنەیە پێك هاتووە لە هەموو لایەنە سیاسیەكان، جگە لە لایەنی سیاسی لایەنی دیش بەشدارن، بەڵام لێرەدا خاڵی 7 مان

هەیە کە پەلە بکرێت لە بڕیاری 17 خاڵەکەی پەرلەمان، نازانم ئەوە پەیوەندی بە چ هەیە بە کەرکووکەوە؟ زکیە خانیش باسی کرد، دوو/ لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە کاك عمر و کاك شوانیش جەختی لەسەر کردەوە کە ئەگەر لیژنەیەك پێك بێت لە هەردوو پەرلەمان، وابوو ئەگەر هەر کێشەیەك هاتە پێش تاوتوێ بکرێت، باس لەوە کرا وەزعی کەرکووك و گۆڕنکاری بکرێت لە پۆستە ئیداریەکان، پارێزگاری کەرکووك بە هەڵبژاردن هاتووە و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بەهەمان شێوە، ئەو گۆڕانکاریانە نازانین یەعنی لەسەر چ ئەساسێك ئەو گۆڕانکاریانە کراوە؟ باس لە ماددەی 140 ناکەم لەبەرئەوەی زۆر باسی لێ کراوە و دەشزانین ماددەی 140 کە جێ بەجێ نەکرا لە ئەستۆی کێ یە و کێ جێ بەجێی نەکردووە و کەم تەرخەم بووە لێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئاگاداری پارێزگار بە هەڵبژاردنی گشتی نەهاتووە، لەناو ئەنجومەنەکە هەڵبـژێردراوە، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنەکەشە، یەعنی مەجلسی پارێزگای کەرکووك پارێزگاری هەڵبـژاردووە، سوپاس بۆ جەنابت، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان هەموو لایەك دەزانن کە کەرکووك ئەو شارەیە کە لە هەموو شارەکانی تر لە کوردستان بە تایبەتی و لە عیراقیش دا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ژمارە یەکە لە زەرەرمەندی و زیان لێ کەوتوویی، بەڵام بەداخەوە دەبووایە زۆر لەمەوپێشتر ئەم دانیشتنە بکرایە لەسەر کێشەی کەرکووك، چونکە کێشەی کەرکووك یان ئەو ناکۆکیانەی کەڕووبەڕووی دەبێتەوە تەنها لە دوێنێ و پێرێ و ئەمساڵ و دوو ساڵ نیە، دەبووایە زۆر لەوە پێشتر بۆ نموونە ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان سێ یاداشتمان پێشکەش کرد کە دەبووایە لە ساڵی ڕابردوو لە 2010 دا دانیشتنی بە پەلە بکرایە، چونکە چەندین کێشە لەو کاتەدا ڕووی دا بۆ نموونە لەبەرواری 2010/10/20 کە چەندین خێزانی کورد لە ناوچە جێ ناکۆکەکان کۆچیان پێ کرا، ئێمە داوامان کرد کە دانیشتن بکرێت بە پەلە لەسەر ئەم پرسە، پاشان لە 11/7 بە هەمان شێوە هەر پرسی کورد لە ناوچە دابڕێندراوەکان جارێکی تر هەر داوامان کرد، لە 12/12 جارێکی تر هەر داواکراوەتەوە، لە 2010 دا کە دەبووایە لەوکاتانە ئێمە دانیشتنمان بکردایە، تەئخیر نەبووایە بۆ ئەم کاتەی ئێستا، لەبەرئەوەی مافی خۆمانە بە هەموومانەوە بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوور پارێزگاری لە کەرکووك بکەین، ئەم پارێزگاری کردنەش لە چوارچێوەی دەستوور و مافە یاساییەکانی خۆمان دا ئێمە وەکو کورد دەتوانین دیفاع لە مافەکانی خۆمان بکەین، چونکە کێشەی کەرکووك هەموو کات خراوەتە ململانێیەکی سیاسیەوە سەرەڕای بیانوو هێنانەوەش کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی دیموگرافیە و هەموو ئەم کێشە دروست کراوانەش ئەجندایەکی سیاسی یان بۆ چوونێکی سیاسی لە پشت بووە، بەداخەوە لەبەر ئەوەی کەرکووك هەموو لایەك دەزانن کە بایەخێکی ستراتیجی هەیە، لەبەرئەوەی مەسەلەی کەرکووك، مەسەلەی خاك و سنوورە لەگەڵ ناوچەکانی تر، بۆیە هەمیشە کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆتە پرسێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، واتە کۆمەڵێك فاکتەر و هێزو لایەنی تر لەناو پرۆسەکەدا ئامادەییان هەیە واتە کێشەکە

هەر لەناوخۆی کوردستان نەماوەتەوە، بەداخەوە بەڵکو دەوڵەتە دراوسێکانیش بە پرۆژە و بە قسە یاخود بە تەدەخولاتی خۆیان هەموو کات تەدەخولیان کردووە لە کێشەکانی کەرکوك دا ئەگەر دەستیان نەبووبێ لە کپ کردنەوەی، بەڵکو زۆر زیاتر لەوە کێشەکانیان گەورەتر و ئاڵۆز تر کردووە، کەرکوك جگە لەوەی کە مەسەلەکەی یان کێشەکەی کێشەیەکی قەومیە، هەمیشە خاڵی ناکۆکی ناحەزەکانمان بووە لە بەغدا بەداخەوە، هەمیشە ئەو خاڵە بووە کە فرسەت دراوە بە دراوسێکانمان کە زۆرترین ئیستیفادەی لێ بکەن بۆ زیاتر گەورە بوونی کێشەکە، یاخود نەتوانرێ تارادەیەکی زۆر کێشەکان یەکلایی بکرێتەوە، هەموو لایەك دەزانین کە ڕیشەکێش کردنی کورد لە کەرکوك، ماوەیەکی زۆرە کە کوردەکانی ئێمە لە کەرکوك ڕیشەکێش دەکرێن و کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەگەر من بۆ نموونە لەڕابردوو دا باسی چەمچەماڵ و کەلار و کفری بکەم کە هەموو لایەکمان دەزانین چەمچەماڵ کە بە بڕیاری مەرسومێکی جمهوری بڕیاری مەجلسی........، ئەمەوێ هەر لێرە ئیشارەت بە هەندێك شت بکەم....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بە نووسین بینێرە، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی کەرکوك دەکەم، لەبەرامبەر ئەم ئاژاوانەی کە ماوەیەك لەمەوپێش ڕووی دا بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایش لە کەرکوك، ئومێدەوارم ئەم برایەتیە و یەك هەڵوێستییە نەقڵ بکرێت بۆ بەغدا و بۆ هەموو شارەکانی تری کوردستان، هەموومان دەزانین کە لە بچووکترین هەلدا لیستەکان زانیان پشێویەك لە کوردستاندا هەیە پلانی خۆیان دەست پێ کرد لە کەرکوك بۆ وەدەرنانی دامودەزگا کوردیەکان، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان لە عیراق ئەم هەلە بقۆزنەوەو بە هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگە لەم ناوچانەی کە ئێستا بۆی چووە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی دەردەسەریەکی تر نەبینەوە و ئەم هەلە لە کیس نەدەین، چونکە ئەمە ئۆباڵێکی تاریخیە و دەکەوێتە ئەستۆمان، کە باسی کەرکوك دەکرێت ئێستا باسی ئەمنیەتی شاری کەرکووکە، لێرەدا ناکرێت باسی ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە بکرێت و باسی هێزی پۆلیس نەکرێت، ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە بە هاوڕێیەتی دوو ئەندامی تری پەرلەمان لەدەرەوەی لیژنەکەی ئێمە کاك خلیل عثمان و کاك سالار کە سەردانی مەنتیقەکەمان بە بڕیارێکی پەرلەمان بۆ ناسینی دیموگرافیای کەرکوك و

ئەمنیەت و چۆنیەتی پلاندانانی سیاسی نەچووین، ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە چووین بۆ زانینی ئیرادەی هێزی پێشمەرگە، مانەوەی هێزی پێشمەرگە، ژیانی هێزی پێشمەرگە چووین، بەلآم بەداخەوە کەمتر ئەم مەسەلەیەم دیت بخرێتە بەرباس، کاك دکتۆر من نامەوێ لەسەر سۆز و عاتیفە قسە بکەم، بەلآم ناکرێت ژیانی پێشمەرگەیەك کە هەموو تەمەنی بۆ کوردایەتی بەخشیوە ئێستا بە 300 هەزار ئیدارە بکرێ و چاوەڕوانیشی بکەین لە بەرەکانی شەڕدا ڕابوەستێ، هەرچەندە خۆشبەختانە تووشی شەڕ نەبوون، بەلآم ئەم ئارامیەی ئێستا لە کەرکووك و لە ناوچەکانی تری کوردستاندا هەیە، ئیرادەی هێزی پێشمەرگەیە کە ئێستا بە ئیرادەیەکی پۆلآین لەوێ خۆی پاراستووە، ئەگەر حساب بکەین کرێی سادەترین خانوو لە کوردستان دا لە 250 هەزار دینار کەمتر نیە، بەلآم پێشمەرگەیەك 300 هەزار دینار وەردەگرێت، ڕەنگە هێزی پێشمەرگە لە هەموو حالەتێك دا چ ئەوانەی کە کەم ئەندام بوون تێیدا و تەمەنی خۆیان پێ بەخشیوە و چ ئەوانەی کە تەمەنیان چووەتە سەرەوەو خانەنشین کراون هەموویان چاوەڕوانی چاککردنی وەزعی نالەباری ژیانی خۆیانن، من تەنها یەك نموونە دەهێنمەوە، ناکرێت ئامر لیوایەکی هێزی پێشمەرگە دوای بەسەر بردنی 30ـ35 ساڵ تەمەنی گەنجایەتی لە پێشمەرگایەتی دا کەمتر بێت لە مووچەی سەربازێکی عیراقی کە تا ئێستاش ئەرکی سەرشانی خۆی نازانێ و تەنها بۆ بژێوی ژیان و بۆ پڕکردنەوەی میلاك هاتووەتە ناو جەیشی عیراقی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من پێش ئەوەی بچمە سەر ئەوە، حەز دەکەم لەسەر شتێك بوەستم حەزناکەم بە ڕەخنە دەست پێ بکەم، بەلآم جێگای خۆیەتی لێرە بە ڕەخنە دەستی پێ بکەم، ئێمە یاسای دەستەی ناوچە ناکۆکەکانمان وەکو یاسا دەرکرد، بەلآم بەداخەوە ئەو خەم ساردیەی کە هەیە لە حکومەتی هەرێم کە تا ئێستا سەرۆکی ئەم دەستەیە دیاری نەکراوە، بەڕاستی ئەوە جێگای لەسەر وەستانە و هەڵوەستە لەسەر کردنە، سەبارەت بە کەرکووك بەڕاستی بەڕێزان باری هەستیاری کەرکووك بەڕاستی دەبێ هەمووومان لەبیرمان بێت کە لە کەرکووك کێشە ئیداریەکان و کێشە خەدەمیەکان زۆر کەمتر نین لە شارەکانی تری عیراق بە گشتی و کوردستانیش، بۆیە ناڕەزایی خەڵك لە شارەکانی دی هەیە ئەگەر بە زۆر تر نەبێ کەمتر لە کەرکووك نیە، بۆیە ناکرێ ئێمە بە جدی لەسەر ئەوە نەوەستین کە خەمەکانی خەڵك ناکرێت کێشەکانی خەڵك بێ خزمەتگوزاری خەڵك ناکرێت بەمە پەردە پۆش بکرێت و بەڕاستی دەبێ کاری جدی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی کێشەکانی ئەم شارە چارەسەر بکرێت، بەڕێزان بەڕاستی کەرکووك وەکو تایبەتمەندیەتی خۆی، وەکو لە هەموو شارەکانی تری عیراق جیاوازە، وەکو شارێکی کە بەڕاستی خەڵکەکەی بە پلەی یەکەم وابزانم لەهەموو شارێکی دی عیراقی مەغدورە، شارێکە زۆر گرنگە، بەلآم خەڵکەکەی ئەو گرنگیەی پێ نەدراوە، جێگەی لەسەر ڕاوەستانە و بەڕاستی پێویستە هەموو

پێکهاتـەکانی کـەرکووك بـە هـەموو ئەحزابـەوەو بـە هـەموو لایەنەکانـەوە بەجدی لەسـەری بوەسـتن، یەعنی هەموو مونافەسـە حیزبیـەکان لـەویٚ بەڕاسـتی بوەسـتێنن، کـەرکووك بـە پێـی پێکهاتـەکان ئـەو مامەڵەیەی لەگەڵ بکرێت کە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان بگونجێ، کەس لەسەر کەس تەفزیل نـەکرێت و مامەڵەیەکی تەندروستانە بکرێت بـۆ ئـەوەی بەڕاسـتی ئێمـە ئـەوەی تـا ئێسـتا زەرەرمـان لێـی کـردووە، زەرەری لێ نەکـەین، بەڕاسـتی کـەرکووك ئامـانجی پێکـەوە ژیانـە، پێموایـە دەبـێ لـە ئامانجـە هـەرە سەرەکیەکان و هەرە گەورەکانی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك بێت و زۆر بە گرنـگ وەربگیردرێـت، مـن پێشنیارم هەیە ئەو پۆستە ئیداریانەی کە لە کەرکووك هەن بەڕاستی خـەڵکی کـەرکووك بـۆی دابنێـت، خەڵکی کەرکووك  ئەوانەی کە نەك پێشتر لە دەرەوەی کەرکووك بوون و یان لە شـوێنێکی تـر ژیـاون و هاتوونەتـەوە نـاو کـەرکووك، بـەڵکو ئـەو خەڵکـەی کـە بەبـەردەوامی لـەناو کـەرکووك ژیـاوە، چـونکە بەڕاستی وەکو دەڵێن (اهل مکة ادری بشعابها) ئەوە موعاناتێکی گەورە دروست دەکات، خـەڵکێك لەگـەڵ بیئەی ئەو شوێنە خۆی نـەگونجا بێـت، تێکـەڵ نـەبووبێ و لێـی نـەزانی، نـاتوانێ مامەڵـەی تەنـدروست لەگەڵ ئەو شارەدا بکات، لەبەرئەوە زۆر بەڕاستی پێم باشە پۆستە ئیداریەکان بدرێن بە ئـەو خەڵکـەی کە خۆیان دانیشتووی شاری کەرکووکن، سەبارەت بە ڕاپۆرتی هاوبەش من دەست خۆشی زۆرم هەیە بـۆ ڕاپۆرتی هاوبەش، بەڵام بەڕاستی منیش هـەر ئـەو قسـەیەی کـاك دانـا دووبـارە دەکەمـەوە هەنـدێ لـەو پێنشـیارانە نـازانین بـۆ کـێن دیـار نـین، میکانیزمـەکانی دیارنیـە، بـە تایبـەتی خـاڵی 2 و 3و 4و 5و 6..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سـەرەتا دەسـت خۆشـی لـە هـەردوو لیژنـە لیژنـەی پێشـمەرگە و لیژنـەی نـاوخۆ و هـەموو ئـەو هاوکارانەم دەکەم کە سەردانی هێزی پێشمەرگەیان کرد، هەروەها پشتیوانی ڕاپۆرتەکەشیان دەکەم، زۆر سوپاس و دەست خۆشـانەش لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەکـەم کـە لـەم ئەزموونەدا دەرکەوت کە ئێمە هێزێکی پێشمەرگەمان هەیە کە مایەی ئەوەیە کە دڵمان پێی خۆش بـێ و ئومێدمان پێی بێت کە لـە تـەحقیق کردنـی ئامـانجی دیفـاع کـردن لـە هـەرێمی کوردسـتان و ناوچـە دابڕاوەکان هاوکاریمان بکەن و بتوانن لـە ئاسـت ئـەم بەرپرسـیاریەتەدا بـن، هـەروەها دەرکـەوت کـە بـۆ مامەڵـە کـردن لەگـەڵ پرسـی کـەرکووك و ناوچـە دابڕێنراوەکـان دیـارە ڕوانگـەی یاسـایی و دەسـتووری دەکرێت ئێمە لەگەڵی بەردەوام بین، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە لە ڕاسـتی دا جگـە لەڕوانگـەی یاسـایی و دەسـتووری ئێمـە پێویسـتمان بـەوە  هەیـە لەڕوانگـەی سیاسـەتی هێـزەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم پرسـە هەسـتیار و خـاوەن بایەخـە سـتراتیجیە بکـەین، چـونکە لـە پشـت هـەر دەسـتوورێکەوەو لـە پشـت هـەر چارەسـەرێکی یاسـاییەوە پێویسـتی بـە ئیرادەیـەکی سیاسـی هەیـە، دیـارە ئـەو ئـیرادە سیاسـیەی کـە تـا ئێستاش خاوەن بڕیاری سیاسیە لەسـەر ئاسـتی عـیراق پێویسـتی بـەوە هەیـە کـە لەڕوانگـەی سیاسـەتی هێزەوە گفتوگۆی لەگـەڵ بکـرێ و مامەڵـەی لەگـەڵ بکـرێ و تـەنها لەڕوانگـەی یاسـایی و دەسـتووریەوە

پرسـەکە بـەجێ نەهێڵـدرێ، مـن دەمـەوێ بـاس لـەوەش بکـەم کـە تەئیـدی ئـەو بۆچـوونە و ئـەو خوێندنەوەیـە دەکـەم کـە پرسـی کـەرکووك و ناوچـە دابڕێنـدراوەکان کێشـەیەکی ئـاڵۆزە، لـەناوی دا چەندین فاکتەر و لایەنی ناوخۆ و دەرەکی و ئیقلیمی هەیە، بۆیە خوێندنەوە لەگەڵ ئـەم پرسـە تـەنها ڕەبتی بکەی بە ڕەوشی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە، هـەروەها مەسـئولیەتەکە تـەنها بگوازینـەوە بـۆ سەر سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان خوێندنەوەیەکە کە کورت دەهێنـێ، خوێندنـەوەیەکە کە ناتوانێ نیشانەکە بە دروستی بپێکێ، بۆیە ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە وەکو بۆمان دەرکـەوت کـە ئەم تەحەدیاتەی کە لەسەر کەرکووك و ناوچە دابڕێنـدراوەکان هەیـە تەحـەدیاتی جدین و هەڕەشـەی جدین، سیناریۆی هەڵبەستراو نین، بۆیە لە مامەڵەکردنیشیان دا لەگـەڵی پێویسـتە بیبەینـە ئـەو دیـوی موزایەدەی سیاسی و یەکتر تۆمەتبار کردنی سیاسی و ئەم پرسە گەورەیە نەکەین بە کەرەسەی سیاسی لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ، پێویسـتە ئەمـە ببێتـە پرسـێك کـە هـەموومان کـۆ بکاتـەوە، تـەوافوقی سیاسـی بهێنێتـە ئـاراوە، وەکـو چـۆن لـە مـاوەی ڕابـردوو هێنایـە ئـاراوە، بۆیـە دەمـەوێ ئامـاژە بـەوە بـدەم کـە ............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بە نووسین بۆمان بنووسە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر هەورامی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشـی لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی هاوبـەش دەکـەم، دەست خۆشـیانەیان لێ دەکـەم بـۆ ئـەوەی کەسەردانی کەرکووکیان کردو لە نزیکەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لـەو دۆخـەی کـە ئێسـتا لە کەرکووك هەیە ئاگادار بوون لێی و لەژێر ڕۆشنایی ئەو واقعەی کە هەیـە ڕاپۆرتێکیـان ئامـادە کـردو ڕاپۆرتەکەشیان دەرخەری ئەوەیە کە ئەو دەنگ و ئەو ناوەندانەی کە دەڵێن ئەوەی لە کـەرکووك هەیـە سیناریۆیە و بـە دۆری دەخاتـەوە، لێـرەوە دەسـت خۆشـی لـە هێـزی پێشـمەرگە و زێڕەڤـانی کوردسـتان دەکـەم سـەربەرزین بـەوەی کـە تـەواجودیان لـە کـەرکووك دا بۆتـە مایـەی سـەلامەتی و ئاسـایش بـۆ هاووڵاتیانی کەرکووك بە هەموو نەتەوە جیاجیاکان و بە هەموو ئایینـە جیاجیاکان، ئەمـەش نـەهج و تـەوەجوهی سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد بـووە لـە دوای پرۆسـەی ئـازادکردنی عـیراق بـۆ ئـەوەی بـە ئاشتەوایی و بە پێکەوە ژیان لە عیراقدا، خاڵێکی تر من سەرنج و تێبینیـەکانم لەسـەر ڕاپۆرتەکـە بـەم جۆرە تایبەت بە خاڵی 3 و 4 و 5 و 6 دەخەمە ڕوو، ئەویش ئەوەیە هۆکارەکانی جێ بـەجێ نـەبوونی مـاددەی 140 هـەروەکو بـرای بـەڕێزم کـاك عمـر نـوردەدینی ئامـاژەی پێیـدا تـەنها هـەرێمی کوردسـتان نەبوو، من ئەو موستەڵەحەی بـە ئیجازەی کـاك عبدالسلام ئـەو موسـتەڵەحەی بـەکاردێنم بـە عـەقڵی بچووکی خۆم لە ساڵی 2007 وام دەزانی تەنها هـەرێمی کوردسـتانە بـۆ ئـەوەی کـە مـاددەی 140 جـێ بـەجێ نـەبێ، بـەڵام ڕاپۆرتـەکانی (بیکهـر هـاملتن و کرایسـس گـرو) ئـەوەی دەرخسـت کـە چـەندین هەلومەرجی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی کە مـاددەی 140 جـێ بـەجێ نـەبێ، خـاڵی 6 مـن خۆشبەختم بەوەی کە بەرپرسان و حکومەتی هەرێمی  کوردستان، لەدوای پرۆسـەی ئـازادی و لـەدوای سـاڵی 2003 ەوە تێگەیشـتنێك و چوارچـێوەیەکی ڕوونیـان هێنـاوە بـۆ ئاسایشـی نەتـەوەیی و کـەم

کردنەوەو نەهێشتنی ئاسەواری دوو ئیدارەیی، هەوڵێکیش لە ئارادایە بۆ بێ دەنگ کردنی ئەو کەسانەی کە بەو ئاراستەیە دەڕۆن کەدوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا بێت، خۆشبەختانە ئەمە جارێکی تر سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لەناو کەرکووکی خۆشەویست دا بڕیاری پێکەوە کارکردن و یەکخستنی ئیدارەکان دەدەن، لە ئەخیردا ئەوە دەڵێم کە وەکو پێشنیار بۆ ئەوەی چۆن لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە مامەڵە بکرێت بەباوەڕی من، $1/$ پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەك لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاپۆرتە دەربکات، $2/$ لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەردەوام بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە کەرکووك هەیە، هەماهەنگ بن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی واقعی و دروست مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکرێت، یان ئەو پێشنیارەی برای بەڕێزم کاك سالار کردی بۆ ئەوەی لیژنەیەکی کاتی بۆ بەدواداچوونی پرۆسەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە و ڕاپۆرتەکەیان، سەرەتا یەك تێبینم هەیە هەرچەندە خۆشم ئەندامی لیژنەکە بووم، بەڵام بۆ تەوزیح کە لە خاڵی 1ی پێشنیارەکاندا دەڵێ هێزی پێشمەرگە لە خەتی تەماس جێگیر بکرێن، مەبەستمان لە خەتی تەماس، ئەو خەتەیە کە تەئرخیەن کوردستانە، نەك ئەوەی هەوڵ دراوە بکرێتە ئەمری واقع، لەبەرامبەر کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان پێشنیار دەکەم هەموو تاکێکی ئەم هەرێمە خۆی بە بەرپرس بزانێ و خەمی گەورەی هەموومان و کێشەی گەورەی هەموومان چارەسەری وەزعی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانە، پێوستە هەموومان بەخۆ دابچینەوە و لەخۆمان بپرسین ئایا لە قۆناغی ئێستادا چ ئەرکێك و چ پرسێك لە هەموو گرنگترە کەوا وا دەخوازێ هەموو هەوڵ و تواناکانمان بۆ چارەسەری تەرخان بکەین، ئایا لە کاتێك دا کە گەلەکەمان چەندین پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی بە هەڵواسراوی ماونەتەوە جائیزە پشتیان تێ بکەین و بە شتی ترەوە خۆمان مەشغوڵ نەکەین، بۆ چارەسەری گرفتە نێو خۆییەکانمان هەموو کاتێك دەرفەت هەیە و دەتوانین دەست پێ بکەین، بەڵام بۆ چارەسەری پرسی کەرکووکی دڵی گەورەی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی تر مەرج نیە هەموو کات هەلومەرج لەباربێ، ئەوەتا هەموومان بەچاوی خۆمان و بە گوێی خۆمان بینیمان و بیستمان کە عەرەبە شۆڤنیەکان بە ئاشکرا و بەڕاشکاوی پیلان و سیاسەتیان بەرامبەر بە گەلەکەمان و هەرێمەکەمان چۆنە، ئەوان نەك هەر بە کەرکووك ڕازی نین کوردستانی بێت، بەڵکو ئەگەر بۆیان بلوێ بۆ هیچ بستێکی کوردستانیش ئامادە نین هیچ تایبەتمەندیەکی بۆ دابنێن، بەڵکو وەکو هەمیشە ئەو شۆڤینیانە بە هەرێمەکەمان و وڵاتە خۆشەویستەکەمان دەڵێن شمال، بە ئاشکرا دڵخۆشی خۆیان لە نائارامیەکانی شاری سلێمانی ڕادەگەیەنن و تەمەناش دەکەن وەزعی هەموو هەرێمەکەمان تێك بچێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو لایەکمان بەهەموو سیاسەت و بۆچوونە جیاوازەکانمان بەیەك دەنگ و لەیەك سەنگەر بین بۆ چارەسەری پرسی

ناوچە دابڕاوەکانمان و تەفعیل کردنی ماددەی 140، بێ گومان مێژوو لەسەر ئەم پرس و بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانیانە لێمان خۆش نابن ئەگەر کەمتەرخەمی بنوێنین، بەڕێزان گرفتە نێوخۆییەکانمان دەتوانین لە هەر کات و زەمەنێکدا بە ئیرادەی زاتی خۆمان چارەسەریان بکەین، بۆیە تکامونایە بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە هیچ هەوڵێك سڵ نەکەینەوە، با دڵی دایکی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفال و هەموو بەیەك هەڵۆێستیمان شاد بکەین، با چیتر شتە سەرەکیەکانمان نەکەینە قوربانی شتە لاوەکانیان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەیلی خان فەرموو.

**بەڕێز کەیلی اکرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەم بۆ نیشاندانی یارمەتی بۆ برینندارانی کردەوە تیرۆرستیەکەی شاری کەرکوك کە لەم هەفتەی ڕابردوو ڕوویدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیار دەکەم، کە هەوڵ بدرێت ئەو بریندارانەی کە برینەکانیان سەختە و لەکوردستان چارەسەریان نیە، ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکرێن، بۆ ئەوەی تاکی کورد بەتایبەتی دانیشتوانی شاری کەرکوك هەست بکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخەمی ئەواندایە، بۆ ئەوەی ببێت بەهاندەرێك بۆ گیان بەخت کردن لەسەر مافە نەتەوەییەکانمان، هەروەها پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەم، ئەویش بەمانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چونکە بەمانەوەی ئەم هێزە لە شارەکەدا، کاری تیرۆرستی کەم دەبێتەوە، هەروەها دەبێت بە قەڵغانێك بۆ شۆڤێنیە داخ لەدڵەکان کە هەمیشە لە بەرنامە و پیلانداندا بۆ ئەوەی ناسنامەی کوردی ئەم شارە بشێوێنن، بە مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی بنبڕبوونی کردەوە تیرۆرستیەکان، بەدڵنیاییەوە کەدەڵێم بەتێپەڕبوونی کات، چونکە ڕاستیەك هەیە دەبێت بیزانین، ئەمەش ئەوەیە کەساڵانی ڕابردوو گروپە تیرۆرستیەکانی وەك( پیاوانی نەقشبەندی، دەوڵەتی ئیسلامی، کەتائیبی سەورەی عشرین، ئەنصارو ئیسلام) و چەندین گروپی تری تیرۆرستی، توانیان پێگەی خۆیان لەم شارە بەهێز بکەن، ئەویش بەهۆی بوونی ئەو بۆشاییە ئەمنیەی کە لەشارەکەدا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە شاری کەرکوك، کە شوێن پەنجەیان هەبوو لەپاراستنی شارەکە تا ڕادەیەکی بەرچاو، دەستخۆشیان لێدەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها بوونی هێزی ئاسایش لەشارەکەدا نابێتە هۆی پاراستنی شاری کەرکوك لەچنگ تیرۆریستان و شۆڤێنیەکان، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی شاری کەرکوك کە زیاتر پێویستی بەهێزی ئەمنی هەیە، کە مەبەستمان هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێك بێت بۆ هێزە ئەمنیەکان، چونکە بەتەنها بوونی هێزی ئەمنی لەشارەکەدا نابێتە هۆی پاراستنی ئارامی شارەکە، بەڵکو پێویستەو پێشنیار دەکەم، کە پشتێنەیەکی ئەمنی لەشێوەی چاڵ لەدەرەوەی شاری کەرکوك لێبدرێت، هەروەها ئەم پشتێنە ئەمنیە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرپەرشتی و ئیدارە بکرێت، ئەوکاتە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی یارمەتی تیرۆرست، لەڕووی چەك و تەقەمەنی بۆ ئەو گروپە تیرۆرستیانەی کە لەشاری

کەرکووك بوونیان هەیە، بۆیە پێویستە کاری جدی بۆ ئەم لایەنە بکرێت، چونکە خراپ بوونی هێمنی وئارامی شارەکە بەدڵنیاییەوە کار لە جێبەجێ نەبوونی ماددەی 140 دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت ڕێزدار نیشتمان مرشد، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لەهەردوو لیژنە بەڕێزەکە دەکەم، بەڕێزان کەرکووك شارێکی کوردستانیەو لەڕووی جوگرافیەوە بەشێکە لەهەرێمی کوردستان، هەروەها فرە نەتەوەیەو چەند پێکهاتەیەکی تیریشی تێدایە، لێرەوە من دەڵێم ماددەی 140 تاکە چارەسەرە بۆ کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەبێت ئێمە چاك بزانین کە عەرەبە شۆڤینیەکان قەت مل نادەن بەئاشتی ئیلا هیمەتی زۆر نەنوێنین، بۆیە ئێمە دوو ڕێگامان لەبەردەستدایە، ئەگەری شەڕ، ئەگەری ئاشتی، بەلاَم ئەگەری شەڕ بەلای من غەیر مەنتقیە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەشێکین لەحکومەتی عێراق وئاشتیخوازین، ڕێگای ئاشتیش ئەوەیە، کورد ئەبێت سەرنجی عەرەبە ڕەسەنەکان ئەوانەی هاومێژوون لەگەڵمان بۆلای خۆمان ڕابکێشین، لەبەر ئەوەی دووجۆر عەرەب هەیە، عەرەبی نیشتەجێ و عەرەبی هاوردە، وە کورد دەبێت یاسایەکی هەبێت ماف هەموو کەمینەکانیشی تێدا بەرقەرار بێت، هەروەها دەبێت کورد خزمەتگوزاری زۆر لەم شوێنانەدا پێشکەش بکات، هەروەها بڕێك پارە لە بودجە تەرخان بکات بۆ ئەوەی بتوانێ سەرنجی لایەنەکانی تریش بۆ خۆمان ڕابکێشین، چونکە لەوێ کورد سەرۆکی ناوچەکەیەو لەوێ حوکم دەکات، کورد دەبێت بیری تەسکی حزبایەتی بەلاوە بنێت، هەروەها هێزێك دروست بکات لەهەموو لایەنەکان پێك بێت بێ جیاوازی، وە زیاتر ئەمن و ئاسایش لەشاری کەرکووك بەهێز بکرێت و بەتایبەتی لە خەتی تەماس، بۆ هەر ڕووبەڕووبونەوەیەك کە بیانەوێت ئەنجامی بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە دۆکۆمێنتە مێژووییەکان سەلماندوویانە کە کەرکووك شارێکی کوردستانیە، بەتایبەتی دۆکۆمێنتەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، کە پێشتر بەشێك بووە لە ویلایەتی شارەزوور دوایی

بووه به ویلایەتی موصڵ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، هەوڵی زۆر دراوە کە سیمای کوردستانی بوونی کەرکوک کاڵ بکرێتەوە، بەڵام بەتایبەتی لەساڵی 1961 بەدواوە هەوڵی ئەوە دراوە، کە کەرکووك تەعریب بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دائیمەن ئەم شارە لە خزمەتگوزاری بێبەش بووە، ئەم شارە دائیمەن خەڵکەکەی تووشی سەرگەردانی و ئاوارەیی و دەردە سەری بووە، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسینەوە، ئەم شارە توانی هەڵبژاردنی خۆی بکات، تا ڕادەیەك بەخۆشی بژێت، لەبەر ئەوە زۆر لە عەرەبە شۆڤێنیەکان وناحەزەکانمان هەوڵیان داوە کە ئەم ئارامی و هێمنیەی کە لەشاری کەرکووکدا تا ڕادەیەك هەیە، بیشێوێنن، هەر ئەوەش بوو لەم کۆتاییەدا ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی سیاسی عەرەبەوە، کە باسی ئەوەی دەکرد وەك جاران کەرکووك ببێتەوە بەشاری تەئمیم و باسی ئەوەی دەکرد، هێزەکانی پارتی و یەکێتی و ئاسایش بچێتە دەرەوە لەشارەکەدا، بەراستی ئەوەی کە ئەو وتوویەتی تەنها مەوزوعی دوو حزب نیە، مەوزوع ئەوەیە کە کەرکووك شارێکی کوردستانی نیە، بۆیە ئێمەش تاکە نەخشە ڕێگا بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووك تەنها ماددەی (140)ە کە پێویستە کورد گرنگی پێبدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت گرنگی بەوەش بدەین کە باسی کەرکووك کێشەیەکی ئیقلیمیە، کێشەیەکی نێودەوڵەتیە، کێشەیەکی قووڵە وا بەئاسانی چارەسەر ناکرێت، پێویستی بە نەفەس درێژی هەیە، پێویستی بەخۆڕاگری هەیە، لەهەمان کاتدا من پشتگیری لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم، کە چووەتە سەر سنووری کوردستان کە ئەمە ئەڵبەتە داخوازی خەڵکی کەرکووك نەبووە، ئەمە داخوازی هەموو خەڵکی کوردستان و حزبەکان بووە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە داوای ئەوەمان دەکرد، کە هێزی پێشمەرگە دەبوایە لەساڵی 2003 بچوایەتە سەر چیای حەمرین و سەر سنووری کوردستان، ئینجا بچوایە بەشداری لە حکومەتی بەغداد بکردایە، ئەمە ئێستا هاتووەتە دی بەهەرشێوەیەك بووە با بیپارێزین، زیاتر ببێتە هۆی ئەوەی کێشەی کەرکووك چارەسەرکردنەکەی نزیك ببێتەوە، لەبەر ئەوە من بەشتێکی زۆر چاکی دەزانم کە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عەزیز، فەرموو

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوکوڵی لەوەدا نیە کە بەدرێژایی مێژووی کوردستان کەرکووکیش بەشێکە لە خەم و لەو گرفتە ئاڵۆزەی کە ڕووبەڕوی کوردستان دەبێتەوە، بۆیە هاوکارانم زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەیان کرد من

ناچمەوە سەری، ئەوەی کە پێویست بوو لێرەدا بۆ کەرکووك بوترێت، من بڕوام وایە کە لەپیلانی عەرەبە شۆڤێنیەکان بە هێز تر ئیرادەی خەڵکی کەرکووك خۆیەتی، چونکە ئەمە یەکەمجار نیە پیلان ڕووبەڕووی ئەم شارە ببێتەوە، یان ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد لەناو کەرکووکدا ببێتەوە، بۆیە چۆن ئەو ئیرادەی گەلە بەسەر ئەو پیلانانەدا سەرکەوتوون، بەدڵنیاییەوە ئەمە یەکەمجار نیە ڕابچڵەکێین، وە سەدەها جاریش ئێمە بەم پلانە، ئەگەر کار بکەین تووشی ئەو ڕاچڵەکینە دەبینەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە چی دەکەین بۆ کەرکووك؟ یان چیمان کردووە؟، ئەو ڕاپۆرتەی کە ئەو بەڕێزانە ئامادەیان کردووە، وێڕای دەستخۆشیم، بەڵام خاڵێك تێیدا بزرە، چۆنێك ئەو پێشنیازانەی کە جەنابتان فەرمووتان، چۆن بچێتە دۆخی جێبەجێکردنەوە؟، بۆیە لێرەدا من داوای ئەوە دەکەم، بە پشتگیری خۆم بۆ قسەکانی شەونم خان دەردەبڕم، کە پێویستە بودجەیەك دیاری بکرێت، بەتایبەت لەخاڵی شەشەم لە ڕاپۆرتەکەدا کە باسی فراوانکردنی خزمەتگوزاری و دەستی کۆمەك بۆ کەرکووك دەکات، ئایا ئەمە گەر تەرجومە نەکرێت بۆ بودجە، ئەمانە وەکو ڕاسپاردەو وەکو کۆمەڵێك دروشم نامێنێتەوە؟، کە ناچێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە، بۆیە من داواکارم ئەگەر لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستانیش بێت، بەشێك لەبەخشین بێت، بە قوربانیش بێت بۆ ئەو بودجەیە، ئێمە بتوانین خەمخۆری خۆمان تەرجەمە بکەین بۆ کۆمەڵێك هەنگاوی فیعلی کە ئەمانە بکرێت بە پڕۆژە لەناو کەرکووکدا، من خاڵێکی تر کە باس لە جێبەجێ نەکردنی خاڵی ماددەی 140 دەکرێت، هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە ماددەی 140 کۆمەڵێك ڕێگری لە پێشە هەموو ئەو شتانەی کە ڕوونە، کە دەیبینین کە پەیوەندی هەیە بە عێراقی فیدراڵەوە، ئەگەر پیلانی ژێر بەژێر هەیە، ئەگەر شتی تر هەیە، لەناواخنی بابەتەکەدا، من بڕوام وایە کاتی ئەوە هاتووەو پێویست بوو پێشتریش زۆر شەفافانە، لەگەڵ خەڵکی کەرکووکدا بوترایە کە پیلان هەیە لەسەر ئاستی دەرەکی، لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەفافانە، خەڵك بزانیت دۆخەکەی خۆی لەچ قۆناغێکدایە، نەك ئێستاکە لەدوای 8 ساڵ تێپەڕبوون جەنابی خاتوو (نەرمین عوسمان)جێگری لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە 2011/2/7دا لە وتەیەکیدا دەڵێت لەدوای 8 ساڵ تازە ئێمە لەسەرەتای جێبەجێکردنی ماددەی 140داین، ئایا ئێمە بەرلەوەی باس لەو ڕاچڵەکانانە بکەین کە عەرەبە شۆڤێنیەکان تووشی ئێمەی دەکەن، ئایا هەموو پانتاییەکانی دوای 2003، پانتایی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، لەبارێکی فراواندا نەبوو بۆ ئەوەی حکومەتی کوردی ئیشی جدی تێدا بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن حسین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین بابکر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وێڕای دەستخۆشی هەردوو لیژنەكە، من پێشنیارێكم هەیە بۆ هەردوو لیژنە، كە لە بڕگەی یەكەم پێویستە هێزەكانمان لەكەركووك..... ئەمەوێ لێرەدا ئەمەی بۆ زیاد بكەین، (شنگار, زمار، شێخان، خانەقین)ئەوانەشی بۆ زیاد بكەین، چونكە ئەوانەش هەرناوچەی دابڕاون، تاكو ئەوانیش وەكو ئەمانە، كەسانێك نوێنەری ئەوانیش بن تا نەڵێن ئێمەش ئیهمال كراوین، من هەموو قسەكانم كرا لەلایەن هاوڕێكانمەوە، بەڵام من پشتگیری قسەكانی كاك دكتۆر زانا دەكەم، كە ڕەنگدانەوەی دوو حكومەتی لە هەرێمی كوردستان، ڕەنگدانەوەی دوو حكومەتیشە لە كەركووك، پێویستە بەزووترین كات، ئەو دوو حكومەتە یەك بگرنەوە، تا بتوانین دوو حكومەتی كەركووكیش یەك بگرنەوە، وەكو پێویست خزمەتی گەلەكەمان بكەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار شێرزاد حافز، فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە من لە كۆتاییدا كەوتمە قسە، قسەكانی من زۆری كراوە، بەڵام من هەندێ خاڵ هەیە كە دەستنیشانی دەكەم، بەڕاستی پێم وایە ئەمە قازانجێكی باشی بۆ كەركووك و ناوچە دابڕاوەكان هەیە، بۆ ئەوەی كەركووك بەڕاستی دەربكەین لەدەستی ئەم حزب و ئەو حزب، ئەو یارمەتی بدات و ئەوی تر نەیدات، هەركەسەو بەجۆرێك، گەڕەكێ زەرد، گەڕەكێ سەوز، تا ئەمە نەمێنێت، با لیژنەیەك لە كەركووكی ڕەسەن، چ بەعەرەبە ڕەسەنەكان، چ برا توركمانەكان، چ كوردەكان، ئەمانە یەك لیژنە بن، ئەم لیژنەیە ڕاستەوخۆ ڕەبتی هەبێت بە حكومەتی هەرێمەوە، ئەو یارمەتیە داراییەی كە دەدرێت بەئەوان، ئەو پرۆژانەی كە دەكرێت بۆ شاری كەركووك، با لەڕێگای ئەو لیژنەیەوە بێت، ئینجا لیژنەكە لەهەموو حزبەكان پێك دێت، لە كێ پێك دێت ئەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە خەڵكی كەركووك بن و حزبایەتی لەو لیژنەیەدا نەكەن، هێزەكانی شار بە ئاسایش و پۆلیسەوە، ئەوانەی كە تا ئێستا دوولان، ئەوانە یەك بخرێن، پێم وایە لەو كاتەدا ئەتوانن باشتر سوود بە شارەكە بگەیەنن، تەبعەن بارەگای زۆری لێیە، لەهەر گەڕەكێك و بارەگایەكی حزبی هەیە، ئەو بارەگایانەش كەم بكرێنەوە، ڕەنگە ئەو حەساسیەتەی كە لەوێ دروست بووە، لەوانەیە كەمتر ببێتەوە، هەوڵ بدرێت قەرەهەنجیرو شوان كە كاتی خۆی لەسەر كەركووك بوون، لەسەر كوردستان نەبوون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە، کاك شێرزاد ڕەئی خۆت بڵێ، جوابی کەس مەدەرەوە، حەقت بەوانی ترەوە نەبێت، هەرکەسەو ڕەئی خۆیداوە، ڕەئەکەشیان جێگای ئیحترامە، بەڕێزتان لە لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆتان هێناوە، ئێستاش ڕەئی خۆت بدە، جارێکی تر ئەوانەی کە لیژنەن، بێنە ئێرە مەجالیان نادەین قسە بکەن، چونکە لە لیژنەکە ڕەئی خۆیان دەدەن، ئەگەر تەحەفوزی نەبێت، ئەمڕۆ ڕەئی خۆت بدە، ئەندامانیش بە ئازادانە ڕەئی خۆیان وت، ڕێزمان بۆ ڕەئی گشتتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی بتوانین پشتێنەیەکی ئەمنی بەدەووری کەرکوودا دروست بکەین، کە وابزانم ئەوە لە ئەرکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کەم دەکاتەوە، کۆمەڵێك دێ هەیە کە کاتی خۆی ئەمانە، هەندێ پارەیان پێدراوە، بۆ ئەوەی بچن دێیەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، ئەوە وەك پشتێنەیەکی زۆر باشە بۆ کەرکووك، تا ئێستا کەس نەچووەتەوە ئەو دێیانەوە، هەروا بە چۆڵی ماوەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوانە، ئەگەر خانوویان بۆ بکرێت، لەبابەت گوندەکانی (علی خێر، تەقتەق، مامە، چراغەڕووتە) کۆمەڵێك دێی تر هەیە کە دەڕواتە خوارەوە، ئەوە یەك پشتێنە لەوێ دروست دەکات، کوردەکانی کەرکووك، یان ئەوانەی تر کە هەوڵ دەدەن ئێستا وردە وردە بەرەو شۆراوو بەرەو لای هەولێر دێن، کە ئەمە وای کردووە، لەکەرکووکمان دوور دەخاتەوە، بۆیە ئەگەر ئەمانە وا لێبکرێت کەرکووکیەکان بچنەوە بەرەو خوار، بۆ تۆپزاوە، ئەگەر موجەمەعێکیان بۆ بکەین، ئەو موجەمەعە، هەوڵ بدرێت ئاسایشی تێدا بێت، پۆلیسی تێدا بێت، پێم وایە ئەوەش دەبێت بە پشتێنەیەکی زۆر باش بۆ خەڵکی کەرکووك، ئەخیر خاڵم، هەوڵ بدرێت بۆ دەورەی دووەم، نوێنەری پەرلەمانیان هەبێت خەڵکی کەرکووك، لە پەرلەمانی کوردستاندا، یان بۆ ئێستا هەوڵ بدەین ڕۆشنبیرەکانیان بانگ بکەین، چ لە لیژنەکان، چ لە شوێنەکانی تر، قسەیان لەگەڵ بکرێت، بزانین ئەوان چیان دەوێت، چونکە ئەوان داواکاری خۆیان دەزانن، لەکاتی خۆپیشاندانەکانی بەعسیە شۆڤێنیەکاندا، بەڕاستی ئەمە خاڵێکە حەقە بوترێت، هەندێ لایەن پێیان وتبوون کە ئاڵای گۆڕان هەڵ بکەن، ئەوان چوون شکاتیان لەلای پارێزگار کرد، ئەویش نەیهێشت ئەو ئاڵایە هەڵ بکەن، کە ئەوە شتێکی زۆر خراپە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کـەرکووك یـا بوویـە هێمایـە مەزلۆمیـەتیّ و مەغدوریـەتیّ، وە ئـەرکیّ سـەر ملێمـە هەمیانـە، ئـەڤیّ مەغدوریەتیّ و مەزلۆمیەتیّ ل سەر کەرکووکیّ و دەڤەرێت ڤە فەتییّ هـەڵبگرین، ل سـەردانا مـە وەکو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، هێزیّ پێشمەرگەییّ ل کەرکووکیّ، دەوروبەرێت ویّ، بۆمە ئیسپات بوو کە خەلکیّ ویّ کـەرکووکیّ و دەڤـەرێت دەوروبـەر چـەند خۆشـحالّ بـوون کـە هێـزا پێشـمەرگیّ ل وێرێیـە، چـونکی هێـزا پێشـمەرگیّ ل وێـریّ پالّـدەرەکا پاراسـتنا ئـەمن و ئاسایشـێیە، ئـەز داخـاز دکـەم هێـزا پێشمەرگیّ بمینەتەوەو ڤەچوونیّ وان داخـازا هـەمی خـەلکیّ دەڤەرێیـە، بـە کـورد، عـەرەبی ڕەسـەن و، تورکمان و، مەسیحی ڤە، بەڕێز سەرۆکیّ پەرلەمانیّ، ژ لاییّ گەلەك شۆڤێنیاو کەڤنە بەعسیا بزاڤ دێتـە دان، سیماو جوغرافیا باژێڕیّ کەرکووکیّ بێتە گۆڕین، بەلیّ ییّ دیف دیکۆمێنت و بەلگەنامەکان گەلـەك زۆرن، ئەگەر ئیجازە بدەن ل ڤێرەدا ئیشارەتیّ ب دوو، سیّ بەلگەناما ددەم، کتێبا کوردستانیەتیّ، بەپێی بەلگەنامە نێو دەوڵەتیەکان، کە دبێژیتن، لەنامەی مستەر بیل لـە29 ئایـاری سـالّی 1921، لـە نامـەی 1921/6/5، بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا بـاس لـە سـەفەرەکەی کـەرکووك و سـلێمانی، کەلـە کتێبەکەکی (العراق في رسائل مستر بيل) لە لاپەڕەی 292، 293 بلاّو کراوەتەوە، دوو ئامـاژەی یاسـایی و سیاسی ڕوونی تیایە، یەکـەمیان دەڵێـت (ان اهاليها اكراد كلهم) ئـەو ناوچـانە هـەمووی کـوردن، لـەو کاتەوەی ئەو سەفەرەی بۆ بەغداو کـەرکووك و سلێمانی بـە سـەفەری خـارجی عـیراق وەسـف کـرد، لـە بروسکەی(چەرچل) بۆ مەلیك فەیصل، دەڵێتن، (اننا وعدناكم بتأسيس دولة عربية وليس امبراطوريـة لذلك ان حدود دولـتكم لـن تتجاوز جبـل حمـرين الى مـا وراء فهـو كوردسـتان)، لـە یادەوەرەکـانی ڕۆژی 1915/3/14 لە لایەن (مستر راسل) کە دەڵێت، کاتیّ سوپای بەریتانیا سەرکەوتنی بەدەست هێنـا، لـە 1917 بەغـدای گـرت و بـەرەو سـەروو چـوو، بـە بروسـکە ئاگادارمـان کـردەوە، کـە لـە جبـل حـەمرین نەپەڕنەوە، باتووشی ڕووبەڕوونەبن لەگەلّ کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سوپاس بۆ هەموولایەکتان، بەحەقیقەت مەوزوعی کەرکووك بۆ هەموو کوردێك و کوردستانیەك گرنگە، من تەمەنام دەکرد بەرنامەکە شوێنەکانی تریشی لەسەر بووایە، لە سنجارەوە تـا مەندەلی و خانەقین و دوبزو مەخمورو باسی هەمووی بووایە، بەس هەمووی بەتەنها تەرکیزی کـردە سەر کەرکووك، کـە ئـەویش ڕەمزێکـە بـۆ هـەموو ئـەو شـوێنە کێشـە لەسـەرانە، ماددەی 58 لـەقانونی ئیدارەی دەوڵەت و مـاددەی 140 کـە بـووە ماددەیـەکی دەسـتووری، دیـارە هـەوڵێکی جدی هەیـە بـۆ ئەوەی ئەو شوێنانە بێتەوە، ئەو پەیمانانەشی کە دران لە (ئـەدۆر چاپلین) سـەفیری بـەریتانیا (نیگـرۆ پـۆنتی) سـەفیری ئـەمریکا، (ئـەیاد عـەلاوی) سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران بـوو، دوایـش (ابـراهيم جعفـەری)، بـەڕێز (نـوری مـالکی) کـە ئـەوە دوو دەورەیـە لـەم دواییـەدا کـە وەکـو ماددەیـەك دانـرا

لەبەرنامەی کاریان، لەبەرنامەی کاری پێشتریش هەوڵ هەبووە، پەیمانی زۆریش دراوە، دیارە کەوەعد لەبـەلاش نـەدراوە، هـەوڵ هـەبووە، بـەڵام خۆشمـان کەمتەرخـەمیمان هـەبووە، نـابێ ئـەوە بشارینەوە، نەواقسمان زۆر هەبووە، بێ تـەنزیمیمان زۆر هـەبووە، خـەم ساردیشـمان هـەبووە، جدیـەتیش هـەبووە، یـەعی کۆمـەڵێك ئەسـباب یـەکی گرتـووە، کـەتاکو ئێسـتا هـەر مـاوە، ئـەوەی کـە گرنگـە بوترێـت، ئـەو ڕیفراندۆمەی کە بۆ ئەو شوێنە کێشەدارانە دەکرێت، بۆ کەرکووك دەکرێت، لەسەر عـەرد نیـە، لەسـەر خاك نیە، پێویستە ئەمە لامان مەعلوم بێت، لەسەر ئیدارەکەیە، خاکی کوردستان کەس حـەقی ئـەوەی نیە، بیخاتە بەر ڕیفراندۆمەوە، هیچ حزبێك، هیچ لایـەنێك، هـیچ دەسـەڵاتێك، مێـژووی خـۆی هەیـە، ئیسپاتاتی خۆی هەیە، ئەمڕۆ ئەو شوێنە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان نیـە ڕۆژێـك هـەر دێتـەوە سـەر هەرێمی کوردستان، باشترین زرووفیش ئەم زمانەی ئێستە کە دروست بووە، هەر ئەتوانین بـەبێ شـەڕ، بەبێ گوللە، خەڵکەکە خۆی بیهێنێتەوە، خەڵك هێزێکی لەبن نەهاتووە، دەریایەکی هێزە، جوان ڕێکی بخـەیت هـەموو شـتێکی پـێ دەکرێـت، بـەبێ ئـەوەی شـەڕ بکـەین، بەڕێگایـەکی دیموکراسـی، بۆیـە بەدڵنیاییەوە کەس واز لەو شوێنانە ناهێنێت، هەر ئەبینین ڕۆژێك لەگەڵ کوردستان دەبێت، ئینجا دڵی کوردستانە، یان قودسی کوردستانە، هەر شتێك ناوی دەنێیت، کەرکووك شـوێنێکی پـیرۆزە، شـوێنەکانی تریش پیرۆزن، مەندەلیش پیرۆزە، خانەقینیش پیرۆزە، ئەبێت هـەمووومان وەکـو پێشـمەرگەیەك کـاری بۆ بکـەین، وە کاریشـی بـۆ دەکـەین، چوونی پێشمەرگە بـۆ ئـەو شـوێنانە هەسـت بەخەتـەریك دەکـرا، بـەپلان ئـەو ئەنجومـەنی سیاسـیەی ئێسـتا کـەناویان گۆڕیـوە، هـی عـەرەبی بـۆ هـی عێراقـی، ئـەوەی کەسەرپەرشتی دەکات، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز ئەو عبدالرحمن منشـد عاصیەی کـەناوتان هێنـا، دوو ساڵ حەبس بوو لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ ئیرهابیەکان، لەگەڵ قاعیدە دەستی هەبوو، بەدۆکۆمێنت گیرا، ئەمریکیـەکان بردیـان پاشـان بەواسـیتەی سـەرۆك هۆزەکـان ئـازاد کـرا، تەعاهودیشـی لـێ وەرگـیرا کەسیاسەت نەکات، شاهیدیش هەیـە کـە کـەفیلن و ئەمـە نابێـت سیاسـەت بکـات، بـەڵام وەزعـی عێـراق ئەوەیە کـە هەرکەسـێك بـەئارەزووی خـۆی، چۆن بیـەوێت بـەردی تێـدەگرێت، چوونی پێشـمەرگە بـۆ دەرئی ئەو خەتەرە بوو، گەر پێشمەرگە لەوێ بێت، لەکوردستان بێت نزیکی ئـەوێ بێـت، هـەر ڕۆژێـك خەتەر بۆ ئەوێ بێت ئەوان دەوری خۆیان دەبینن، ئەو خەتـەرە نـەمێنێت، دێتـەوە جێگـای خـۆی، کـە خەتەریش هەبوو دەچێت، هەمووشمان پێشمەرگەین لەگەڵ ئەو برا پێشمەرگانەی کـە لـەوێن، سـوپاس بۆ گشت پێکهاتەکانی ناو کەرکووکیش لەو ڕۆژە حەساسەدا هەموویان یەك هەڵوێست بوون پێکەوە کـۆ بوونـەوە، روغمـی هەنـدێك سـاردی لـەناو هەنـدێ لایـەنی سیاسـی، بـەڵام لـەوێ هـەموو بەیـەك دەنـگ ڕاوەسـتان، حـازر بـوون، بـۆ هـەموو فیداکارییـەك کـە ئـەویش جێگـای ڕێـزو تەقـدیرە، ڕێکخـراوی

(ئینتەرناشونال کرایزەز گروپ) بەڕێزان: خوشکان، برایان، ئەمانە بەپلان بە دەسیسە بەردەوام دژی حەقەکانی کورد کار دەکات، حەقە بیناسن، حەقە بیزانن، کێ پلانی بۆ داناوە، چۆن نەخشەی بۆ دەکەن؟، بەڕێزێکی ئەو ڕێکخراوی ( ئینتەرناشونال کرایزەز گروپ)ە لە سیمینارێکی مندا بوو وتی کورد نابێت پشت بە دەستوور ببەستێت، نابێت پشت بە زۆرینەو کەمینە ببەستێت، نابێ باسی ڕابردوو وجینۆساید و ئەو شتانە بکات، حەقی بەسەر ئەوەوە نەبێت کورد ئەبێت ڕێك بکەوێت، وتم باشە ئەوە پێم بڵی چۆن ڕێك دەکەوێت، تۆ کە بەدەستوور ئیعتراف نەکەیت، بە مێژووی ناوچەکەو جوگرافیای ناوچەکە ئیعتراف نەکەیت، بەزۆرینەو کەمینە ئیعتراف نەکەیت، بەو جینۆسایدەی کەبەسەرتدا هاتووە ئیعتراف نەکەیت و حەقت بەسەریەوە نەبێت، بەس وەرە پێم بڵێ ئەوە چۆن دەبێت؟، سوپاسی ئەو بەڕێزانەش دەکەم کەڕاپۆرتیان نووسیوە، ئەو بەرپرسانەی کەرکووك، لەگەڵ هەموو کەموکورتیەکدا کاریشیان کردووە، یەعنی هەموو کارەکە خەتای ئەوێ نیە، لەبەغدادیش بەپلان دژیان کار دەکرێت، خۆمان تاڕادەیەکی زۆر کەمتەرخەمین بەرامبەریان، ئەو لیژنەی کە دانراوە، بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بەو شێوە فەعالە کاری خۆی نەکردووە، کاری کردووە زۆریش، ئیستاش بە پلان هەر تەعریب دێتە ناو کەرکووك، بەپلان، بەدامەزراندن، لەمەرکەزەوە لە حکومەتی ئیتحادیەوە لەشەریکەی نەوت، لە شوێنەکانی تر لە پۆلیس، لەهەموو شوێنەکانی تر ڕۆژانە بەلێشاو دێنە ناو کەرکووك، من ژمارەکانم لایە بە ئیحصا لامانە کەچەند زۆرە و چەندیش دێت، بەحەقیقەت چارەسەر نەکراوە، ئەبێت بەدەقیقی بە دروستی واجبمانە کەدەوری خۆمان ببینین، پلانی وازح هەبێت کە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەکەین بۆ کەرکووك؟، ئێستاش بەردەوام پیلان هەیە بۆ لێدانی ئەو خەڵکەی ئێمە، لەو بەینەدا ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەوتارێکی دژی دەستووری عێراق، کە ماددەی 140 ماددەیەکی دەستووریە، ئەڵێت کەرکووك دەبێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، کەرکووك دەبێت هەتا 5 ساڵی تر دەستی لێ نەدرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوە وتارەکەی هەیە، ئێستا من دیراسەیەك لەبەردەستمدایە بەدەقیقی جوابی دەدەینەوە، بەنیسبەت دەزگا ئەمنیەکانی خۆمان ئێمە سوپاسیان دەکەین، بەحەقیقەت ئەو دەزگا ئەمنیانە نەبێت ئێستا نیوەی کوڕ وکچی ئەو شارە بەتایبەت کورد نەمابوون، دەوریان هەیە، بەڵام دەزگای ئەمنی ناتوانێ درعێکی پۆلایی دروست بکات لەشارێکی وەکو کەرکووکدا مولتەقای هەموو ڕێگاکانە کە ئیرهابیەك نەیەتە ناویەوە، ئیرهابی بۆ هەولێریش هات، بۆ سلێمانیش چوو، لە ئەوروپا و ئەمریکاش ئیرهابی جار بەجار ئەتوانێ خەرقێك بکات، بەڵام دەوری هەموو لایەك هەیە، من سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، ئەوەی کە دەمەوێت

بیلێم هەندێك غەڵەتی یاسایی هەیە، نیزاعاتی مولکیە هەیە، کە کەرکووك بەتایبەتی من بە ژمارە باسی دەکەم، یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دۆنمی کورد لەوەختی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا، لە کورد و تورکمان سەندراوە، دراوە بە عەرەبەکان، وەختێ لیژنەی نیزاعاتی مولکیە هەندێکی ئیلغا کردەوە، عەقدەکانی فەسخ کرد کە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی خۆیان، ماددەیەکی تریان دەرکرد کەماددەی 30 بوو لە یاساکە، ئەڵێت پێویستە لەوەزارەتی مەعنی پرسیار بکرێت؟، لە وەزارەتی کشتوکال، وەزارەتی نەوت، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی مالیە، کەئایا تۆ پێویستیت بەو زەوییە هەیە؟، کەوەختی خۆی هی کورد بووە لێی سەندراوەو دراوە بە عەرەبەکان، ئەگەر بڵێت بەڵی ئەوە تەواو، تەجمید دەکرێت، ئێستا هەمووی چەند هەزار دۆنمێك گەڕاوەتەوە، بۆیە دەبێت زۆر بەوردی ئیش بکرێت لەسەری، ئیرادەیەکی سیاسی بەقوەت نەبێت بەو یاسایانەو بە نیزاعاتی مولکیە چارەسەر ناکرێت، ئەوە یەکەم: دووەم: ئەگەر ئیرادەی سیاسیش نەبێت ئێمەی خەڵك ئەبێت خۆمان کەرکووك و ئەو شوێنانە ئازاد بکەین، دابنیشین لەوێ ئەمە شاری ئێمەیەو تەواو، یەعنی ئەبێ بەڕێگایەکی ئاشتی بێت، من ناڵێم بەگوللەو بەتۆپ و تەیارە، بەڵام خەڵکە مەدەنیە تەقەش ناکەم وسیلاحیش هەڵناگرم، دەچم لەماڵەکەی خۆم دادەنیشم، کاکە ئەمە ماڵی منە، قەینا، فەرموو جەنابت وەرە من بکوژە، ناهێڵم ئیدارە ئیش بکات، شەلی دەکەم، حەقی خۆمان بەو شێوە دەتوانین وەریبگرینەوە، ئێمە ئێستا ماوەیەکی تر لە حوکمی بەڕێز نوری مالکی کەوەعدی داوە جێبەجێی بکات، ئەبێت ئەو مەکتەبەی ئێمە کە پێی هەڵدەستێت، ئەبێت یەکەم شت ئێمە ئەبێت، لەگەڵ حکومەتی خۆمان زۆر وازح بین، حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرموو چی دەکەیت بۆ گەڕانەوەی ئەو شوێنانە، کە جەنابت تەنفیزیت فەرموو بیکە، ئەو لیژنانەی کە کارەکە دەکات، ئەو ئالیەتەی کە ئیشی پێدەکات بۆمان وازح بوو جارێکی تر دەیهێنین لێرە موناقەشەی دەکەین، من نامەوێت سەرتان بئێشێنم، زۆر لەسەری بڕۆم، حەزدەکەم بەئەمانەتەوە پێتان دەڵێم کێ لەسەر کەرکووك چی بوێت لەلای من هەیە، 158 بۆکس فایل لەوردەکاری کەرکووك لەلای من هەیە، لەمەکتەبە نەك لێرە لە شوێنێکی تر، ئەو بەڕێزانەشی کە کاریان کردووە، ئەمڕۆ گۆڕانکاری بەسەریاندا دەکرێت، من ڕێزێکی تایبەتم بۆیان هەیە، بەتاقەتی خۆیان کاریان کردووە، بەڵام لە بەغدادەوە دژیان کارکراوە، لەناوخۆمان فەراغێك هەبووە، ئێمە گێژمان کردوون، خەڵکیش و ئێمەش و حکومەتی ئیتحادی و ئیرهابی و عەرەبی تەعریب گێژیان کردبوون، بۆیە ئەوانیش لەخەتەکە دەرچوون، ئومێدمان ئەوەیە ئەو بەڕێزانەی کە دێنە جێگایان لەداهاتوو بتوانن شتێکی باش بکەن، بەڕێزان ئێستا موداخەلەکان تەواو بوو، ئەو پێشنیارانەی کەهاتن، ئەوەی بەنووسراو هات ئەوەی کە بەڕێزان یاداشتیان کرد، لیژنەکە حازری دەکات، بەراپۆرتێك بیدەن بەسەرۆکایەتی ئێمە بۆ

ئەم مەوزوعە دوای ئەوەی پێش چاومان ڕوون دەبێت، کاری خۆمان دەزانین کەچی دەکەین بۆ ئەو شوێنانە، لەوەختێکی دیاریکراو دانیشتنێکی بۆ دەکەین، دوای ئەوەی کە کۆتایی بەدانیشتنەکە دەهێنین، چەند وتەیەکم هەیە دەمەوێت بۆ ئێوەی بەڕێزی باس بکەم، ئێستا کۆتایی بەدانیشتنە ڕەسمیەکەمان دەهێنین، بەڕێزان کۆتاییمان پێهێنا، لەدانیشتنەکانی پێشوودا چەند ڕووداوێك ڕوویدا، لە ئەو دانیشتنەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دکتۆر بەرهەم لێرە بووە، دەستەواژەیەك بەکارهێنرا لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ڕاگەیاندنەکان، بەڵام بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز من ڕوونکردنەوەیەك لەو بارەیەوە دەدەم، هەروەها لەدانیشتنێکی دواتر کە بۆ دواخستنی دانیشتنەکەی پێشتر بوو، ئەویش لێك تێنەگەشتێنێك هەبوو لەسەر ئەوەش ڕوونکردنەوەیەك دەردەکەم بۆ ئەوەی هەموو کەسێك، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان، هەموو لایەنێك بزانێت کەجێگای ڕێزو ئیحترامن، وە هیچ شتێك بەرامبەر هیچ کەسێك، هیچ لایەنێك نەبووە، هەمووی بەیەك چاو سەیر دەکەین، بەڵام بەڕوونکردنەوەیەکی تایبەت وەکو سەرۆکی پەرلەمان، من دەریدەکەم بۆ ئەوەی هەموو ئەو بەڕێزانە ئیحتیرام و ڕازی بێت، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |